رۆمان

# کۆشان و چوراوگەی چێژ

دارا خونچە




# کۆشان و چۆڕاوگەی چێژ

**نووسەر: دارا خونچە**

**بابەت: رۆمان**

**چاپ و هەڵەچنین: نووسەر**

**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم**

**ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢**

**نەخشەسازیی و دەرهێنانی هونەریی: رۆژ دیزاین**

**چاپخانە: کتێبخانەی فێربوون**

**تیراژ: ٥٠٠ قل**

**نرخ: ١٠ هەزار دینار**

**- تەنێ نووسەر مافی لەچاپدانەوەی هەیە -**

گەشبینییم شوڕ شوڕ لەسەری دەڕژاوە.. ژیان لە پێش چاوانم تک تک تەڕبی و جوانییەکانی لێدەتکاوە.. لە کنە خۆم وەبوو کەسەکی زۆر ئارام و هێمن و لەسەرخۆم کەچی ڕێک بە پێچەوانەوە؛ هەروەک ئەوەی تەمەن هیچی وەبەرەوە نەمابی زۆر بە پەلە و بە هەڵپە ملم نابوو تا بە زووترین کات بە ئەنجام بگەم! ئامانجی هەرە گرنگ و لەپێشی من لەو دەمدا ئەوە بوو هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەو کیژە رووگەش و قەشەنگە ئەنجامبدەم کە لەڕادەبەدەر خۆشمدەویست و سەرتاپای بیرکردنەوەمی داگیرکردبوو.. کیژ چ کیژ!؟ لە جوانیی و نازدارییدا هاوکوفی نەبوو.. زۆر جاران لە هاوڕێ و دۆستانم لە خەڵکی لایدەشم دەبیست کە دەیانگۆت 'هێندە جوان و شیرینە.. نە بکەی نە بخۆی هەر تەمەشای بکەی!' یان دەیانگۆت 'لەو جۆرانەیە کە برای خۆشی حەیرانی دەبی'!

وەک دەبێژن دوو جۆرە حەزلێکردن هەن؛ یەکەمیان رووکەشانەیە و لە رێی روخسار و جوانییە جەستەییەکان و ورژانی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانەوە چێدەبی.. دووەمیشیان راشکاوانەیە و لە رێی تێهزرین و نیازپاکیی و هەڵسوکەوتی بەجێ و گونجان لەگەڵ یەک.. واتە؛ حەزلێکردن هەیە لە رێی چاوان و هەشە لە رێی دڵان! لێ ئەز سێیەمیشم خستبووە بانیان؛ ئەرێ.. خۆشەویستییش هەیە یەک ئاوێتەی تێکچڕژایە لە هەردوو جۆر، هەڵبەتە ئیمنەکە لە سەرەتادا تەنێ لە رێی جوانییە بێ ئەندازەکەیەوە بوو.. پاشانیش کە پێی ئاشنا بووم پاکیی و دڵسۆزیی و ئارامیی و سەنگینییەکەی وەها پەیوەست و پابەستیان کردم کە هەرگیز نەتانم دەستبەرداری ببم.. لێ لە بەرانبەر ئەوانەش یەک کێشەی زۆر گەورۆنەم لەگەڵی هەبوو.. ئەویش ئەوە بوو کە تا دەبێژی گەمژە و مەژیی پووچ بوو! هەرچی هێز و وزە و توانام هەبوون وەگەڕمخستبوون تا بتانم وردە وردە ئەو گەمژەییەی لێبتەکێنم.. کەچی لەپڕ رۆژەک ئەو پارچە نووسینەی بابی وەها تێمورکا وەها لە خرتۆڕێی وەردارم ئاتاری بەسەر پاتارمەوە نەهێشت:

«ئەتووش کە یەک تاکی لە مرۆگەل.. وەک من و هەر کەسەکی دیکە لێواولێوی لە ئەندێشە و هەست و سۆز و دلۆڤانیی.. لە هزر و هۆش و بیری جوان.. هەروا بێتەوە پڕاوپڕی لە کەموکوڕیی و هەڵە و هەرەس و نوشستیی.. لە ژاوەژاو و ئاریشە و کولوکۆڤان و تەڕە برین، رەنگە بکرێ رۆژەک لە رۆژان تەواو زاڵ و پڕ هەژموون بی لێ ئەرخەیانبە هێشتا هەر جێی بەزەیی پێداهاتنەوەی و پێویستت بە کۆمەک و هاریکاریی ئەوانیدی هەیە، کە ئەوەمان بە راشکاویی وەرگرت و ئەرێمان کرد.. ئیدی تێدەگەین رێگرتن لە فریوخواردن هێندە گرنگ نییە بە ئەندازەی ئەوەی کە پێویستە یەکەم جار و بەر لە هەر تشتەک؛ رێ لە خۆفریودان بگرین.. خۆ لە هەر ساویلکەیی و دەستەپاچەییەک رزگاربکەین.. بەرپەرچی هەموو ئەو لەمپەرانە بدەینەوە کە ژیان و مانمان لەبنوبۆتکەوە هەڵدەتەکێنن ئەوانیش 'دیدی دەستەمۆ.. دابی دواکەتن.. دین داسەپاندن.. درندەیی دەسەڵاتداران'.. ئەوجا ئەو دەم فرە هاسان دەتانین فریودەران لوولبدەین و لە رێی هونەر و رەوتی پڕژانەسەر خۆمان چێژ لە گەشانەوە و جوانییەکان وەربگرین و تاتایێ لە ئاسوودەیی سەرڕێژ ببین، لێ تکایە

**با هۆشیار بین.. چونکێ 'ئاسوودەیی هەمیشەیی' ئەگەر 'گۆڕین و وەرگۆڕین'ی لەگەڵدا نەبی ئەوە یەک مردنی لەسەرەخۆیە و هەرگیز ناگەینە ئاستی سەرفرازیی و هەمیشە دەبینە پێخۆری حەز و ئارەزووە سەرشێتەکانمان!**

**ئای لەو چارەنووس و بەدبەختیی و هۆشمەندییە بێ هۆشییەمان؛ چاو چاو.. بزانە تووشی چ بەزموورەزمەک بووینە:**

**ئەرێ هیچ ئاژەڵگەلەکی کەم هۆش هەن وەک رەگەزی مرۆگەل بە تایبەتییش وەک ژنان.. شەرم لە نەزانیی خۆیان تەنانەت شەرم لە لەشولاری خۆشیان بکەنەوە؟!**

**ئەرێ هیچ دڕندەگەلەک هەن هێندەی رەگەزی مرۆگەل بە تایبەتییش هێندەی پیاوان.. خەریکی لەنێوبردنی یەکدی بن.. ئاژەڵ و زیندەوەران قڕبکەن.. دار و درەختان داپپاچن.. گژوگیا و گوڵ و گوڵزاران بشێلن.. ئاو و ئاور.. با و باران.. دار و بەرد و سەرلەبەری ئاسمان و رێسمانێ پیس و گەنیی و ژاراویی بکەن؟!**

**دەی دەی هێندەش بەدبین و بێ هیوا و هومێد مەبە.. چونکێ ژیان هێندە خامۆش و تەنگ و تار نییە.. بایی ئەوەی وەبەرەوە هەیە رۆشناییەک و ئاسوودەییەکت پێ ببەخشی و هەندەک کاتی تێدا بگوزەرێنی.. لێ ئەوهاش نا کاتەک کە ناتانی کارەک ئەنجام بدەی یان کە تشتەکت لەدەستدەچی ئیدی بێژی 'دەی دەی.. کیری ئەوڕۆ بە قوونێ سبەینێ'! یان 'لە کێندەرێ پسا لەوێی گرێبدە'! بەڵکە بکۆشە خۆ نەدەیە دەست چارەنووس.. هۆکارەکانی پسانەکان پەیدۆز بکە تا ئیدی هەمیشە رێ لە پسان بگری.**

**سەرەنجام ئەتووش بێجگە لەوەی گیانەوەری مرۆڤیشی جا چ نێر چ مێ.. لەبەرهەندێ بە هیچ جۆر و بابەتەک هیچ چارەت نییە و هەر دەبی:**

**هەناسە هەڵبکێشی و هەناسە بدەیەوە..**

**ماچ بکەی و ماچت بکەن..**

**بخۆی و لە بنەوە پتک پتک وەدەری بنێییەوە..**

**بخۆیەوە و بمیزی..**

**بگێی و بتگێن..**

**بڕازێی و رابیەوە..**

**تێبکۆشی و تێتبکوشن و... تد.**

**لێ ئەو ئەندێشە و خولیایە سەیرەی کە فەلسەفەی پووچ لە مەژیی مرۆی ئاخنیوە و ناویاننـاوە 'جاویدانیی' هەرگیز پێیناگەی مەگەر ئەو دەمەی کە زانست پشتت لە زەوی دەدا و لە تێکڕای هەست و سۆزە مرۆییەکانت دادەشۆری و ئامێر ئاسا دەتچەرخێنی.. ئیدی تا بتەوێ تەمەنت درێژدەکاتەوە و دەتژێینی.. لێ بێ هەست و سۆز و بێ چێژوەرگرتن لە هیچ تشتەک هەر خەریکی سیکەسیک و تەقەتەق دەبی! خوازیاربە هەرگیز بەو رۆژە نەگەی!».**

**(بابی کیژە رووگەش و قەشەنگەکە)**

**ئەمن کاتەک ئەو کیژە رووگەش و قەشەنگەم ناسی چەند ساڵەک بوو بابی لە ژیاندا نەمابوو.. ئەو پارچە نووسینەشم هەر بە رێکەت لە نێو کەلوپەلە جێمایەکانی بابی دیتەوە کە پاش مەرگی لە کنە خۆی پاراستبوونی، ئەرێ.. ئیدی کێشەکەم هەر ئەوە نەبوو کە شۆخوشەنگیی و جوانییە لەڕادەبەدەرەکانی**

سەراوبنیان کردبووم بەڵکە ئەو پارچە نووسینە نەفرەتییەی بابیشی هاتەبان و بەوپەڕی بێ هومێدیی سپاردم.. بێ هومێدییەک هورٍ و گێژ و کاسی کردبووم! لە راستییشدا زۆر گلەییم لە خۆم نەبوو.. ئاخر کەسەک هێندە زیرەک و بلیمەت بووبی دەقی ئەوها وەپێز و نایابی نووسیبی کەچی پێینەکرابی هیچ گۆڕانکارییەک لەسەر کیژەکەی ئەنجامبدا و ئەوها بە گەمژەیی جێیهێشتبی.. ئێ ئەدی ئەمن چم پێدەکرا و کوو دەمتانی چاکی بکەم وەک ئەوەی خۆم دەمویست یان بە لایەنی کەم وەک ئەوەی کە پێویست بوو بگۆڕێ!؟ لێ سەرەڕای ئەوەش هەر چۆکم دانەدا و ماوەکی چاک هەر خەریکیبووم و بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەبێژن 'چاکی مەکە با خراو نەبی' زۆر متمانەم بە خۆ هەبوو کە دەتانم بیگۆڕم.. لێ پاش ماندییبوون و شەکەتییەکی ئێکجار زۆر هیچم بە هیچ نەکرد! ئیدی گومانی ئەوەشم دەکرد کە رەنگە بابی هەر لە خەفەتی ئەو گرفتەی وی گیانی سپاردبی یان رەنگە هەر لە راستییدا کیژی وی نەبووبی و نەیتانیبی وەک هەر بابەک یان وەک هەر کەسەکی بەخێوکەر کە زارۆکەک وەخۆدەگری هەژموونی لەسەری هەبووبی.

وەک دەیانگێڕاوە هەر کاتەک داکی یەک مانگ لەگەڵ بابی پێکەوە بان ئەوە سێ مانگ لێی زیز دەبوو و دەچۆوە کن دایوبابی خۆی.. لەبەرهەندێ زۆر وێدەچوو جاروبار یاریی (بن ئاو لێدان)ی کردبی و ئەو گەوهەرە رووکەشەشی لە قوڵایی دەریایەکان پەیدۆزکردبی کە پاشان ئەمن خزاندمە نێو لەپی خۆم.. نا ئەمن هیچ کارم بەوە نەبوو چونکی فرە ئاسایی بوو لە کنە من تەنانەت پێشم باش بوو ئەگەر کیژەکەشی وەک خۆی فێری یاریی بن ئاو لێدان کردبی.. ئاخر خودی ئەو یارییە یەک هونەری زۆر بەرزە و زیرەکیی و شارەزاییەکی فرە چاکیشی گەرەکە تەنانەت دەبی زۆر ئازاش بی لە بەرانبەر ئەو گشتە لەمپەر و ئاستەنگانەی کە حەز و ئارەزوو و هەست و نەستی مرۆڤەکان بە تایبەتییش ئی مێینەکان دەکوژن.. بێ گومان هەر کەس ئەوەی لە باردا نییە ئەو سەرچڵییە بنوێنی! خۆزیی وەدەبوو.. ئەگەر ئەویش هەندەک سۆز و ئارەزووی دەستبازیی لەگەڵ پیاوان هەبا و یەک قیچ هۆشیار با خۆ ئەو دەم ئەوها گێلوێل دەرنەدەچوو و پێویستی بە من نەدەکرد بەو جۆرە بە غەمی پەروەردەکردنی دابکەوم.. ئەفسووس کە ئەوها نەبوو! هەرکووەک هەبوو؛ بابی خۆی بووبی یان نا.. یان داکی لە پەنایەک لە پیاوەکی دیکەی لەبەرگرتبۆوە یان نا.. گرنگ ئەوە بوو کیژەکەیان فڕێدابووە نێو ئەو زەنەکە و خۆبەخۆ ئەمنیشیان بەرەو ئەو بنبەستە تەسکوترووسکە پاڵنابوو! ئیدی کە دەمدیت خۆشەویستییەکی بێ ئاکامە و لە مایەپووچیی پتر بترازێ هیچی دیکەی لێ ناچنمەوە تا دەهات جوغزی بێ هیواییەکەم فراوان و فروانتر دەبۆوە و پێبەپێی ئەوەش جوغزی خۆشەویستییەکەم تەسک و تەسکتر دەبۆوە.. سەرەنجام پاش ئەوەی بە تەواویی بە بنبەست گەیشتم پێم لە جەرگی خۆم نا و بە ئێکجاریی دەستبەرداری جوانترین و گەمژەترین کیژی سەر ئەو گۆی زەوییە بووم.

هەر کووەک هەبوو ئەو شکست و نوشتییەم تێپەڕاند.. ئەوە راستە تا گەیشتمە ئەو چرکەی کە سەرم زرمەی لە دیواری دەستلێکبەردان هەستاند ئێش و ئازار و حەسرەتەکی زۆرم چەشت.. دەتانم بێژم بە سفتوسۆترین قۆناغی ژیانم بوو.. هەر زۆر عەنتیکە بوو؛ پاش ئەو حەمکە کولوکۆڤان و ئازار و ئەشکەنجانە هیچ کاردانەوەکی لەسەرم جێنەهێشت! لێ پاشان هەستمکرد ئەوە لەبەرهەندێ بوو کە ئەمن لە بەرانبەر گەمژەیی هەڵوێستم وەرگرتبوو.. ئاخر ئەمن زۆر زۆر رکم لە گەمژەیی دەبۆوە.. تەنانەت لە سەردەمی نەوجەوانییشم هەر ئەوها بووم.. وەبیرمدێ لەسەر ئەوەی کە خودام بە گەمژە دەزانی هەڵوێستم لە بەرانبەری وەرگرت و دەستبەرداری بووم! لەوان دەمان هێشتا هەر کرچوکاڵ بووم و ئی ئەوە نەبووم بتانم وەک قۆناغەکانی پاشترێم

بخوێنمەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر دین و خودا بکەم و سەرەنجام بە شێوەکی زانستییانە بەو راستییە بگەم کە خۆمان خودامان چێکردیە نەک بە پێچەوانەوە.. کە ئەو کات دینیش دەبتە فت لەسەر فت، ئەو رۆژەم هەرگیز لە یاد ناچی و هەنووکەشی لەگەڵ دابی هەر کە وەبیرمدێتەوە تێر تێر پێدەکەنم تا لەخۆدەبمەوە؛ پاش ئەوەی لە پەرستگەکەی نێزیک ماڵێ لە ستایش و نزایان بوومەوە چوومە دەرێ و رووی خۆم لە ئاسمانێ کرد:

«خودایە ئەتوو زۆر زۆر گەمژەی! ئاخر گەمژەیی لەوە گەورەتر چ هەیە کە ئەتوو خۆت مرۆڤ بەو شێوە جوان و هەستیارە ئافەریدە دەکەی کەچی هەر خۆشت فرێیدەدەیە نێو دۆزەخ! لەوەش گەمژەییتر ئەوەیە کە هەمیشە خۆت تووشی ناکۆکییەکی گەورە دەکەی؛ ئاخر ئەتوو خۆت دەبێژی پێش ئەوەی هەر کەسەک ئافەریدە بکەی بەرنامەی سەرجەم کار و کردەوە و سەرهاتەکان و تێکڕای ژیانی هەر لە رۆژی بوونیەوە تا مردنی دادەنێی و تۆماریان دەکەی.. کەواتە مرۆڤەکان هەر هەڵسوکەوت و کردەوەکی باش یان خراپ بنوێنن هەر بە فەرمانی تووە و ناتانن لێی لابدەن.. لە لایەکی دیکە بە پێی رێباز و رێنمایی و فرمایشەکانت مرۆڤەکان تەنێ دوو بژاردەیان لەبەردەستە؛ یان ئەوەتە دەبی دەست لە ژیان بەربدەن و هەر خەریکی ستایشکردن و پەرستنت بن و سەرەنجام ئەتووش بە بەهەشتی بەرینیان شاد بکەی! یان ئەوەتە دەبی ژیان هەڵبژێرن و بە گومڕایی و سەرگەردانیی بەرانگژت ببنەوە و ئیدی ئەتووش بە دۆزەخیان بسپێری! جا ئەمن لەبەر ئەو گەمژەییەت و زۆری دیکەشت چیدیکە ئەتوو ناپەرستم و بە ئێکجاریی دەستبەردارت دەبم! دە برۆ دەی هەی لە هیچ هیچتر.. وەلبە لەبەر چاوانم!».

وازهینانم لەو کیژە رووگەش و قەشەنگە بڕیارەکی زۆر قورس بوو و زۆریش کۆشام تا تانیم دەستبەرداری ببم.. لێ ئەوە بووە یەک وانە و یەک ئەزموونی زۆر چاک لە ژیانم.. واتە فێری هەڵوێست وەرگرتن و خۆڕاگرتنی کردم.. ئیدی لەو دەمەوە تا نووکە هەر تشتەک بێزاری کردبم یان هەستمکردبی سوودی لێ نابینم و کاتم لێ وەفیرۆدەدا ئەوە راستەوخۆ و یەکسەر دەستبەرداری بوومە.. بە تایبەتییش لەو دواییانە کە سەردەم گەلەک گۆڕایە؛ سەردەمی شکست و داڕووخانەکی گشتگیر و سەرتاسەرییە.. ئێستا هەر ئیش و کارەکی مادیی و هەر شێوە خەبات و تێکۆشان و مێکۆشانەکی هزریی و رامیاریی یان پیشەیی و جەماوەریی تەنانەت هەر پەیوەندییەکی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیش جا گشتیی بی یان تایبەتیی کە دەچیە نێوی و خەریکیدەبی پاش ماوەکی کەم دەبینی قازانج سەری مایە دەخوا و هەر زووبەزوو لێی وەڕس و بێزار دەبی و پەنجەی پەژێوانیی دەگەزی، ئێستا خەڵک بە شێوەکی گشتیی لە بێ هومێدیی و لە نێو بۆشاییەکی گەورەدا دەژین.. هەڵبەتە نەمانی هیوا و نەبوونی ئاسۆیەکی گەش جوایەزییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ مەرگ.. خۆ زۆر جار مەرگ.. مەبەستم لە خۆکوژیی نییە.. گەلەک باشترە لەوەی بێ هومێدیی و بێ ئامانجیی کووڕت بکەنەوە و بتخەنە بن باری گومڕابوون و ئەنجامدانی رەفتاری ناجۆر و نابەجێ!

❊ ❊ ❊

پێشترێ دەردەسەریی و چەرمەسەرییەکی زۆرم چێشتبوو.. لەبەرئەوە باش لەگەڵ ئازار و نەهامەتییەکان راهاتبووم.. بەراورد بەو خەڵکەی کە ژیانم لەگەڵیان دەگوزەراند کەسەکی لاواز و بێ بار نەبووم و پتر بەرگەم دەگرت.. گوڕ و هاڵاوی کارەساتەکان نەیاندەتانی بە هاسانیی بە لەنجە و سەمایانم بخەن و بە پێش

**خۆیانم بدەن.. لێ بارودۆخەکان لە سەرجەم بوارەکان فرە نالەبارتر و خراوتر بوون و تا دەهات گرفت و ئاریشەکان پتر تێکدەچڕژانە نێو یەک و شەپۆلیان دەدا.. هیچ دەریبەکی رۆشن یان تەنانەت کلاورۆژنەکی زۆر گچکەشم وەدینەدەکرد و بەدبینیی و بێ ئاسۆییم گەیشتبوونە چڵەپۆپە.**

**لە هەلومەرجەکی وەهادا ژمارەکی زۆر کەم لە کەسانی دەگمەن هەن کە دەتانن چۆک دانەدەن و چاوەڕێی راپەڕین و وەرگۆڕانەک بکەن کە لە ئایندەدا رووبدا.. دیارە باشترین کار و چالاکیی ئەو کەسانەش لە بارودۆخەکی لەو چەشنە هەر ئەوەیە کە خەریکی خۆپەروەردەکردن و خۆ هۆشیارکردنەوە بن.. دەکرێ ئەوەش 'خوێندنەوە و لێکۆلینەوە' بی یان 'بەرزکردنەوەی پلە و ئاستی خوێندەواریی' بە پێی پێویستیی هەر کەسەک.. ئیدی ئەمنیش دوور لە وەخۆداهەڵگۆتن زۆر بە خەستیی ملی خۆم بەبەر هەردووکیان وەنا:**

**باش بوو لەوەی دووەم کە بەرزکردنەوەی پلە و ئاستی خوێندەوارییە.. کاتی خۆم زۆر وەفیرۆنەدا و هەر زوو دەستبەرداری بووم.. هەڵبەتە ئەمنیش وەک هەر کەسەکی دژ بە خۆپەرستیی زۆر رکم لەو 'من منۆکێ'یە دەبتەوە کە هەر بێژم ئەمن ئەوهام کرد و ئەمن شانم ئەوها و باڵم ئەوها و... تد.. لێ ناشکرێ لەو تشتانە نەدوێم کە بە باش و بە راستیان دەزانم و لە خۆمدا هەن.. ئەوەم زۆر پێ باشترە لەوەی لە پێناو ئەوەی خۆم بە کەسەکی خاکیی و خۆنەویست پێشانبدەم دەمامک بپۆشم و هەم خۆم و هەم خەڵکیش لەخشتەببەم و نەتانم ئازادانە خۆم دەرببڕم.. دەی هەر کەسەک ئازادە قسەی بەرانبەرەکەی بە چ شێوەک وەردەگری.. ئەمنیش نامەوێ درێژەدادڕیی بکەم و رێک هەر وەک خۆم دەدوێم؛ ئاخر ئامانجی من لە خوێندن ئەوە بوو ئاستی رۆشنبیریی خۆمی پێ بەرزبکەمەوە نەک تەنێ بڕوانامەک وەدەستبینم تا کارەکی مادیی پێ پەیدابکەم یان خۆمی پێ بابدەم.. ئەمن وەک خۆم نەک تەنێ تشتی تازەی لێ فێرنەدەبووم بەڵکە ئەوەی دەشمزانی لەبیریدەبردمەوە.. واتە تەنێ کات وەکوشتدانەکی بێ واتا بوو و دەرفەتی نەدەدام وەک پێشانم خەریکی خوێندنەوەی ئاسایی خۆم بم و گرنگیی بە تۆژینەوە و پڕۆژەکانم بدەم.. بە کورتییەکەی فرەگۆیی نییە ئەگەر بێژم ئێستا نێوەندەکانی خوێندن و ئەکادیمیا هەروەک ئەو بابە خۆ بە زۆرزان و سەرڕەق و مەژیی پووچانەن کە دەیانەوێ رۆڵەکانیان ملکەچی خواستەکانی خۆیان بکەن و لە کۆتاییشدا وەک کۆیلەگەلەک نان و گان و سانەوەکیان پێ ببەخشن و هیچی دیکە!**

**لەوەی یەکەمیش کە خوێندنەوە و لێکۆلینەوەیە.. زۆر لە جاران باشتر و بە شێوەکی بەرنامەڕێژ خووی خۆم دا خوێندنەوە و جاروبارەکیش تشتەکم دەنووسی و بڵاومدەکردەوە. هیچ کێشەم لەگەڵ کەمیی پارە و بژێوی ژیان و گوزەرانم نەبوو چونکێ وردە وردە بەرهەمی کاری قورسی چەند ساڵەی پێشترێم دەخوارد، کار و پیشەم ببووە خوێندنەوە و وەدوواچوونی بەرهەمە رۆشنبیرییەکان.. زۆربەی کاتەکانم هەر لە سبەینانەوە کە نۆ و دە لە خەوێ رادەبووم تا درەنگانی شەوێ هەر خەریکدەبووم.. نێزیکەی دوو ساڵان بەو شێوە و زۆر بە چڕیی هەر خوێندمەوە و هەر خوێندمەوە، پاشان هەستمکرد وردە وردە لێی بێزار دەبم.. لەبەرئەوە نا کە حەزی خوێندنەوەم نەمابوو یان ئیدی حەزم لێی نەدەکرد بەڵکە لەبەرئەوەی کە هەستمدەکرد نووسینەکان پڕانییان دووبارە و چەندبارەن و نەمدەتانی زانیاریی و رامانی تازەیان لێهەڵبکرێنم.. واتە ئەو بابەتانەی ئەمن حەزم لێیانبوو یان بە نایابم دەزانین زۆربەی زۆریانم خوێندبوونەوە.. ئارەزووی خوێندنەوەی ئەو نووسین و پەرتووکانەشم نەبوو کە بە شێوازی ئەکادیمیایی نووسرابوون و دەنووسران چونکێ زۆربەی هەرە زۆریان وەک 'ئامادەکردن' یان 'وەرگێڕان' بوون.. نووسەرانی ئەو جۆرە نووسینانە یان هەر بە رووکەش نووسەرن و خاوەنی**

را و رامانی خۆیان نین یان ملکەچی ئەو هزر و تێڕوانینە باوانەن کە کەلکیان پێوەنەمایە بگرە ئێستا هەندەکیان بە پێی سەردەمی تازە دژەمرۆیین.. ئیدی نە دەوێرن خۆیان دەرببڕن و قسەکی جودا و باش بکەن نە لایەنگریی لەو هزرە باش و بەجێیانەش دەکەن کە وەها زوو لەکارناکەون.. وەک نموونە؛ هزری پشت تێکۆشان لە پێناو وەدەستهینانی 'نان و ئازادیی' هەرچەندە لەمێژە هەیە و زۆر باویشە لێ تا ئەو ئامانجە بە تەواویی وەدەستنەیێ لەکارناکەوی لێ پێویستیشە بە پێی باڵاکردنی ئاستی فەرهەنگیی مرۆڤەکان و خواستەکانی سەردەم تازەکاریی تێدا بکرێ. با بێمەوە سەر بابەتەکەی خۆمان؛ ئاخر ئەمن کە بتانم سەرچاوە یەکەمینەکان پەیدابکەم و بیانخوێنمەوە چ پێویستییەکم بەو ئەکادیمیایە زەبوون و چەقەچەقکەرە هەیە تێڕوانینی نووسەرانی دیکە دووبارە و چەندبارە بکاتەوە و بە شێوازەکی فرە هەراسانکەر سەرچاوان ڕێز بکا و هیچ تشتەکی تازە بە خوێنەران نەبەخشی؟ ڕەنگە هەندەک کەس هەبن بێژن ئەدی ئەو سەرچاوە یەکەمینانەش هەر بەرهەمی ئەکادیمیا نین؟! زۆر بە سادەیی دەتانم بێژم نا.. چونکێ کەسانەکی زۆر هەن بەرهەمەکانیان وەک سەرچاوە زۆر باشن و لە هیچ ئەکادیمیایەکیش دەرنەچوونە.. ئەوانەشی هەندەک تەمەنی خۆیان لە نێو ژۆرە ساردوسڕ و بێ گیانەکانی ئەکادیمیا گوزەراندیە و خاوەنی سەرچاوەی باشیشن هەردەم کێشەی زۆر گەورەیان لەگەڵ ئەکادیمیا هەبووە جا یان بە پڕەپڕ خۆیان لەبەردەستی قوتارکردیە یان ئەگەر ئەکادیمیا سەرکوتی نەکردبان یان بە لایەنی کەم ئەو هەموو کاتەی لێ وەفیرۆنەدابان ئەوە بەرهەمەکانیان هەم زۆر پتر و هەم زۆر باشتر و نایابتر دەبوون، بە کورتییەکەی بە پێی ئەزموون و لێکدانەوەی خۆم پێمویە دوا ئامانجی ئەکادیمیا هەر ئەوەیە کە بێژی 'هەرگیز لە قسەی مامۆستایانت دەرمەچوو.. لێگەڕێ با ئەوان هەمیشە مامۆستات بن و ئەتووش هەر شاگردیان بە تا هیچت پێنامینێ و پەکتدەکەوی.. ئەوجا هەنگێ ئەتووش دەتانی ببیە مامۆستا.. جا بەرانگژی هیچ تشتەکی جێکەوتە مەبەوە کە کەتوارییە چونکێ ئەوە چارەنووسە و بەو شێوە نووسرایە.. کۆششکردن و خۆماندییکردنیش لە پێناو گۆڕینی چارەنووس و دیاردە باوەکان تەنێ کات وەفیرۆدانە و ئارامیی و ئارەزووەکانت دەشێوێنن و لە چێژوچەشە مادییەکانت دووردەخەنەوە یان هەر بە تەواویی داتدەبڕن'!

ئیدی تەنێ تشتەک لە کنە من مایەی بایەخپێدان بوو و پێی دەژیام خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمانان بوو.. کاتە هەرە خۆشەکانی ژیانیشم ئەوە بوون کە خەریکی خوێندنەوەی هۆنراوان دەبووم یان لەگەڵ مۆسیقا سەرمەست دەبووم.. زۆر جارانیش دەچوومە کەنار دەریایان و خۆم لە نێو (دەنگ و ئاوازی قیرەقیڕ و قریوەقریوی قاز و قورینگ و سیوانکە و مراویان.. جیکەجیک و جریوەجریوی شالوور و پەڕندانی دیکە.. شەبەنگدان و درەخشانەوەی بەژنوباڵای رووتی ماسیی ئاسای سەیرانکەرانی سەر لمی دەو ئاوەکان و باوەشی شەپۆلە هێمن و ئارامەکان) نوقمدەکرد و خۆم لەبیردەکرد.

* * *

بەرەبەری زەردەی ڕۆژاوایێ بوو.. پلەی گەرمای کەنار دەریایەکە وردە وردە دادەبەزی؛ بە نیازی گەڕانەوە خۆم گەیاندە وێستگەکە و سواری شەمەندەفەرەک بووم.. لەو فارگۆنەی ئەمن تێیچووم تەنێ دوو جێ لە دوو ڕێزە کورسییەکەی دەستە چەپی مابوون؛ یەکەمیان لە دەستە راستی ژنەک بوو کە کۆڵەپشتەک و هەندەک تشتی

دیکەی لێدانابوو.. دووەمیشیان راستەوخۆ لە پشت یەکەمیان بوو و چووم لەوێ جێی خۆم گرت.. واتە ژنەکە کەتبووە ریزی لای پەنجەرەکە و ئەمنیش هاوتەریب و لە پشتی وی لە ریزی نێوەوە لە جێی دووەم روونیشتبووم و لە تەنیشتەوە بە هاسانیی لای راستیم دەدیت. کە وەرێکەتین دیتم هەندەک کاغەزی لە کۆڵەپشتەکەی دەرهینا و زۆر بە گەرموگوڕیی دەستی بە نووسین کرد، گەلەک حەزمدەکرد دیسان ئەو چاوە گەش و برۆیە گەورانەی ببینمەوە کە لە کاتی چوونە نێو شەمەندەفەرەکە برووسکە ئاسا زۆر سەرنجمیان راکێشابوو و نیگایەکانمیان قووتدابوون.. هەر لەبەرئەوە نا دوو چاوی لەو جۆرە حەز و ئارەزووی نێرەوزییمیان ورژاندبوو بەڵکە بە پلەی یەکەم لەبەرئەوەی شادمانییەک سەراپای جەستەمی تەنیبۆوە.. چون هەستمدەکرد لە پشت ئەو چاوە گەش و کشتانەیدا هزر و هۆشمەندییەکی فرە رۆشن دەدرەخشێنەوە.. تا دەمەکی چاک چاوەکم هەر لەسەر جوانییەکانی بوو لێ سەبارەت بە چاوانی هیچ دەرفەتەک نەرەخسا و هەر بە ئەنجام نەگەیشتم.. بەرەبەرە ساردبوومەوە و ناهومێدییەک دایگرتم.. ئیدی دەستبەرداری چاوگێڕان و مۆزەمۆزەکەم بووم و دەستم بە خوێندنەوەی ئەو رۆمانە کرد کە هێشتا سەت لاپەڕەکم مابوو تەواوبیکەم، لە هندورێ خۆم زۆر نیگەرانی ئەوە بووم زوو لە شەمەندەفەرەکە دابەزی و هەرگیز نەیبینمەوە.. لەبەرهەندێ بە درێژایی رێیەکە هاییەکم هەر لێی بوو و نەمدەتانی فەرامۆشی بکەم.. پاش ئەوەی نێزیکەی یەک کاتژمێرم لە نێو دوودڵیی و پەرێشانیی گوزەراند دیتم لە وێستگەک کە چەند وێستگەک پێش ئیمنەکە بوو بە پەلە خۆی خڕەکردەوە تا دابەزی.. هەر چاوەکم کردە چار چاو و زۆر بە هووردیی لە نیگایانم گرت.. هەر کە بە نیازی هەستانەوە و دەرچوونی رووی وەرسووڕاند و پڕ بە قەوارەی چاوانم چاوانیم بە پڕاوپڕیی دیتن؛ لە جێی خۆم هێدمگرتیی بووم و جوولەم لەبەربڕا.. ئۆهـ لەو چاوانە! ئۆهـ لەو جۆتە چاوە پڕ تیشک و پڕ ئەفسوونە چیان پێکردم! سەرەڕای حەپەسانەکی لەڕادەبەدەر وەک ئاوی سەر ئاورەکی وەتین قوڵپمدەدا! ئەوەی لێی دەترسام هەر ئەوە بوو کە ئیدی ئەو جۆتە چاوە یان راستتر بێژم ئەو جۆتە ستێرکە گەشەم لەدەستدەرچوون و هچیشم لەدەستنەهات.. تا لە دەرکەکەش دەرچوو و شەمەندەفەرەکەش وەرێکەتەوە یەک چرکە چیە نەمتانی چاوانم لەسەری بترووکێنم!

ئەو دەمەی تەواو دڵنیابوومەوە تازە رۆیی و ئیدی هەرگیز نایبینمەوە تووشی هەناسبڕکێیەکی توند بووم و حەجمانم لەبەربڕا، پاشان هەستمکرد تاقە تشتەک کە رەنگە بتانی ژانوژووی ئەو دابڕانەم لە لایەنی دەروونییەوە یەک قیچ سووک بکا و هەندەک هێورم بکاتەوە هەر ئەوەیە کە بچم لە جێیەکەی وی روونیشم! تەکانەکم دا و خۆم وەرسووڕاندە کورسییەکەی پێشە خۆم؛ چ ببینم باشە!؟ دیتم ئەو کاغەزانەی کە پڕیکردبوونەوە لەوێی لەبیرکردبوون! وەک ئەوەی بەهادارترین تشتی سەر ئەو زەوییەم دۆزیبیتەوە زۆر بە ناسکیی و بە نەرمونیانیی خستمنە سەر پەنجانم و زۆر بە هووردیی دەستم بە خوێندنەوەیان کرد:

«لە پێدەشت و گەرمەسێرێ چاوانم بە ژیان پشکفتبوون.. زۆر بە تیرۆژێ قرس و وەڕس دەبووم.. لەبەرهەندێ لێرەش - لەگەڵ ئەوەی هەمیشە هەر ساردە و تەنێ چەند مانگەک گەرمە.. ئەویش تیشک و تاوەکی ئەوتۆی نییە.. لێ هێشتا هەر هیچ حەزم لە کەشی گەرم نییە - کە تاو لێمدەدا لەشم دادەهێزرێ و پێی شپرزە دەبم.. لەو مانگانەی کەژی هاوینێ کە قیچەک گەرم دادێ کتومت وەک گوڵە لاولاوێ تەنێ بەرەبەری هێواران کە بایەکی فێنک بەسەر جەستەم دادەگەرێ ئەوجا دەکرێمەوە و وردە وردە دەگەشێمەوە.

ماوەک بوو هەستمدەکرد تیشکی تاوێم گەرەکە.. ئەورۆ سبەینەکەی زوو لە گەرمان واگاهاتم.. پاش ئەوەی نانی چێشتێم خوارد و ئەو پارچە هۆزانەی کە شەوێ خەریکیبووم هەندەک دەستکارییم کرد و چێشتەنگاوەکی درەنگ پاکنووسم کرد.. قاپە وێسکیەکی نایاب و هەندەک بەفر و مێوە و دەندکم پێچاوە و بەرەو کەناری دەریایێ شۆڕمکردەوە.. کە گەیشتم هێندە گەرمام بوو؛ وەک کوو پارچە پەڕۆیەکی تەڕ بکوشی ئاوی لێدەچۆڕێتەوە ئەمنیشت بکوشیبا ئەوها ئارەقەم لێدەچۆڕاوە.. جلکەکانم کە شڵپەیان دەهات لە ئارەقە هەموویانم داکەندن بێجگە لە مایۆ و مەمدانەکەم.. ناچارمام لەسەر لمەکە کە داخببۆوە هەڵیانبخەم. زوو زوو خۆم لە نێو ئاوەکە نقومدەکرد تا لە سەرمان لەرزم هاتێ.. ئیدی خۆشم وەک جلکەکانم لەبەر تاوەکە هەڵخست.. هەر خەریکی ئەو خۆنقومکردن و خۆهەڵخستنە بووم تا پاش نیوڕانەکی درەنگ.. هەر کە هەتاوەکەم بەزاند و خۆم لە نێو شەپۆلی فێنکایی بزرکرد هەندەک ئەندێشەی خۆش خۆش و سۆزورژێن قووتیاندام، لەپڕ چاوانم فڕینە سەر ژن و پیاوەکی جوان و قەرەج ئاسا کە لە نێزیکە من دانیشتوون.. ژنەکە زۆر نەرم و ناسک و نازەنین دیاربوو.. هەرچەندە لە ئاکار و سەرجەمی شێوەیان دەتگۆت خوشک و برانە لێ دیاربوو خۆشەویست یان هاوسەری یەک بن... ئەوان ئاسایی بوون لێ ئەمن نا؛ بە هۆی ئەو کەش و بارەی خۆم کە سەرنجم دەدانێ و زنجیرەی ئەندێشەکانمیان دەپچڕاند هەندەک پێیان هەراسان ببووم!

نازانم.. ئەمن هەر کاتەک کە ماوەک لە نێو ئارامیی و ئاسوودەییەکانی خۆم نوقم دەبم و پاشان کە دەمەوێ وەک بیرەوەرییەک بەسەریاندابچمەوە دەبینم تێکڕای ئەندێشە و خەون و تێهزرین راستییەکانم لێ ئاوێتەی یەک دەبن و ناتانم لە یەکیان هاوێر بکەم.. کەچی لەوەی ئەورۆ کە روویدا یەک کێشەم نییە تەنانەت تا ئەو چرکەش کە ئێستا تێیدامە دەتانم هەموو تشتەکان بە دەنگ و رەنگ و جوولەکانەوە وەک فیلمەک لێبدەمەوە بێ ئەوەی یەک گرتەشی لێبپەڕێنم... دەی با چیرۆکەی نەدەمێ؛ تا دەهات ژنەکە و پیاوەکە پتر لە تۆڕی دیدەکانم دەهاڵان.. لە چڕوچاویانڕا خوێندمەوە حەز بە تێکەڵبوونم دەکەن.. هەر کە ئەمنیش وەک ئەوان خەندەکم خستە سەر لێوان و بە زمانی جەستە شادمانیی خۆم بە روویان دەربڕی پیاوەکە یەکسەر گۆتی: "کووی.. چاکی ئەتوو؟" ئیدی هەرسێکمان وەنێو قسان وەربووین و خۆبەخۆ رایەخەکانمان خستنە تەنیشت یەک و وەک یەک خێزان پێکەوە روونیشتین و دەستمان بە پڕکردن و هەڵقوڕاندنی جامەکانمان کرد.

لە ماوەکی زۆر کەم شەرمەک کە لە نێوانمان هەبوو شکا و وەک هاوڕێگەلەکی لە یەک نێزیک کاتەکانمان زۆر بە ئاسوودەیی لەگەڵ یەک دەگوزەراندن، ئەمن لەگەڵ ژنەکە هێندە ئاوێتەی یەک ببووین ناوەناوە لە کاتی قسەکردن دەستەکمان بە پەرچەم و سینگوبەرۆکی یەک دادەهینا و یەکدیمان لە هەمێز دەگرت، خۆم مایۆ و مەمدانەکی ئاساییم لەبەربوو لێ ئەو ژنە مایۆیەکی لەبەربوو هەر هێندەی قەیتانەک دەبوو.. وەها لە نێوگەڵی ختم ببوو هەموو مووی بەری لەولاو و ئەولایەوە دیاربوو.. مووەکی گروازەی رەنگ زەردی سۆرباوی زۆر جوان و ناسک.. رێک دەتگۆت مووی مامزێیە.. لە باتی مەمدانیش پەڕۆکەکی گوڵگوڵیی رەنگ هەناریی تەنک و درێژی لە نێوەڕاستەوە لە پشتی ملیەوە بەسەر مەمکە چووکەکانی کە کتومت لە شێوەی دوو هەرمیی خڕکەڵە و گوپن و گەیی خۆیان دەنواند شۆڕکردبۆوە و هەردوو سەرەکەی لە لاکەمەرانیەوە بردبوونە پشتەوە و لەسەر قوونەجۆرەی گرێیەکی لێدابوون، دابونەریت و سیستەمی ئێرە هەندەک پارێزگارە و ژنان لەو جێیە گشتییانە زۆر ئازاد نین لە خۆرووتکردنەوە و ناتانن وەک ژنانی هەندەک وڵاتی دیکە مەمکۆڵانی خۆیان رووت بکەن و ئازادانە بەر تاو و بەر بایان بدەن و بیانخەنە بەرچاوانی خەڵک، کاتەک کە بە شێلانەکی نەرم و لەسەرەخۆ

دەستی بەسەر سینگ و بەرۆک و لەشولاری خۆی دادەخشاند و جاروبارەک پەڕۆکەکەی سەر مەمانی هەندەک لادەدا تا تاویان بەربکەون و پاشانیش بە نەرمونیانییەکی زۆرەوە دەیکوشین.. بە تایبەتییش کە گۆیەکانیانی وەک دوو دنکە گێلاس دەختستنە نێوان پەنجانی و قیچەک ختووکەی دەدان.. ئەمن یەک بە ژنایەتیی خۆم ئارەزووی سێکسییم بەرزدەبۆوە و دەچووە ئاسمانێ! جا بیهینە بەرچاوان.. گریمان پیاوەک لەو دەمە و لەو بار و دۆخەیدا بیبینی دەبی کووکوویی گڕبگری و چی بەسەربێ! کاتەکم زانی پیاوەکە بە جوولەجوول کەت.. دیاربوو حەزیلێبوو دڵێنییم لەگەڵ بکا.. یان چوسوانم.. رەنگە حەزیکردبی هەندەک شادمانم بکا؛ لەپڕ دەستەکی خستە سەر رانم و گۆتی:

- پێویستە خۆزگە بە خۆت بخوازی.. ئەتوو گەللەک بە بەختی کە کەسەکی رۆژهەڵاتیی.. ئای کە ئەمنیش گەللەک شادمان دەبووم ئەگەر وەک توو بام.. (پێش ئەوەی دەستی هەڵبگری بە خێرایی پڕمدا دەستی و لە خۆم دوورخستەوە و گۆتم):

- نا نا.. ناشێ بگاتە ئەو ئاستە.. ئەوە زۆر ئاساییە کە ئەمن و ئەو خانمە جاروبارەک باوەشی سۆز و میهرەبانیی لە یەک دەگرین.. ئەگەر بە قسەش لە یەکمان نەخواستبی ئەوە بە چاو یەکدیمان خوێندەوە کە پێویستە لە رێی سووکە دەستبازییەک یان لەهەمێزگرتن و راموسینەک پەیامی سۆزی هاوڕییانە بە یەکدی بگەینین.. زۆریش ئاساییە وەک دوو کەس کە یەکدیمان لە کن شیرینە هەندەک چێژوچەشە لە یەک وەربگرین.. وەشمانکرد.. لێ ئەتوو یەک لایەنە و هەر لە خۆتەوە دەتەوێ دەستدرێژیی بکەیە سەرم.. خۆ ئەگەر دەرفەتی پتریشت بدەمێ ئەوە هێرش لەدوو هێرش دەکەیە سەرم.. رەنگە ئەگەر لەو دەو دەریایە رێ بە گانکردن درابا ئەوە پەلاماریشت دەدام و سواریشم دەبووی! دەزانم زۆربەی زۆری پیاوانی ئەو سەردەمە هەر وان.. سەرەنجام کە ئارەزووە سێکسییەکانتان دادەمرکێننەوە وەک پەڕۆیەکی پیس تەمەشامان دەکەن! (هەردووکیان ویستیان قسە بکەن.. لێ ئەمن دەرفەتم نەدان):

- نا نا.. تکایە ئەنگۆ راوەستن تا ئەمن تەواو دەبم:

رۆژهەڵاتیی! ئەوە ئەتوو چ دەبێژی! کەسایەتیی مرۆڤ بە گفتار و رەفتار پێوانە و پێناسە دەکرێ نەک بە نێوچە و رەنگ و رەگەز و رووکارەکان، ئەتوو پێتوەیە رۆژهەڵاتییەکان سادە و بەڕێز و دەروون پاگژن.. ئەوە لە مەژیی توودا واتە نەزان و پاشداما و ساویلکەن و لە گشت بوارەکانی ژیان لە پاشن.. رەنگە وەهاش بیربکەیەوە کە باشترە ئەوانە بە پێی سیستەمی ژیانی باوی ئێرە رابهیندرێن و وەکاربربردرێن بەڵکە خۆشیان بکارن چێژەک و سوودەکی لێببینن و وردە وردە بەرەو پێشەوە بچن! نا کاکە گیان نا.. مرۆڤی پاشداما و پێشڤەرۆ یان چاک و خراپ لەوپەڕی تا ئەوپەڕی جیهان هەن.. لێرە و لە هەموو جێیەک.. بە تایبەتییش لەو سەردەمەی ئێستا پەیوەندییەکی فراوان لە نێوان مرۆڤەکان هەیە و هاوکاتیش دەکرێ چاک و خراپیان بە هاسانیی لە یەک هاوێر بکرێن، هەڵبەتە لە نێو میللەتان لە تێکڕای جیهان چەوسێنەر و خۆپەرستەکان لە یەک بەرەن و چەوساوە و ئازادییخوازەکانیش لە بەرەکەی دیکەن.. ئەوانەی لە نێوان هەردوو بەرەشن کەمتر بە لای بەرەی دووەم دادەشکێن و زۆربەی کاتەکان لە لایەن بەرەی یەکەمەوە وەکاردەبردرێن.

جا پێویست ناکا سەرنجی من بە گوزارشتی رۆژهەڵاتیی رابکێشی تا حەز و ئارەزووە نەخۆشەکانت بەسەر مندا قولپ بکەیەوە.. ئەمن خۆم سەر بە هیچ نێوچەک نیم.. داکم خەڵکی رۆژهەڵاتە و بابم رۆژاواییە و دایوبابی

ئەوانیش هەر یەکەو سەر بە میللەت و دەڤەری جودا جودای هەردوو لان، لەگەڵ ئەوەش.. ئەگەر ناسنامە و تێکڕای پێشینەکانی ژیانیشم سەر بە یەک نێوچە بن هێشتا هەر سنووری جوداکاریی ناکێشم تا خۆمی تێدا زیندان بکەم، ئەمن خەڵکی جیهانم و نامەوێ ببمە رەگەزپەرست.. (ئیدی خانمەکە نەیتانی لەوە پتر خۆی بگری.. ئەمن وەمزانی رەنگە لایەنگرییم بکا.. کەچی بە نەرمونیانییەکەوە گۆتی):

- نا گیانەکەم نا.. ببوورە.. ئەو پیاوە لەو جۆرە نییە.. ئەو یارۆی منە و کورەکی فرە نایاب و مرۆدۆستە.. وێدەچی ئەتووی زۆر خۆشگەرەک بی.. جا چی تێدایە.. ئەگەر ئەتووش حەزبکەی.. بەر جەستەی وی بکەوی تەنانەت ماچوموچەکیش بکەن! خۆ جیهان بەسەرمان دانارمێ! ئەمن دڵنیام ئەگەر رێگرییە نەخوازرا و باوەکان نەبن هیچ ژنەک نییە لە هیچ دەم و هیچ جێیەک حەزی لێنەبی پشکۆی ئارەزووە گیانیی و جەستەییەکانی بگەشێنتەوە. مرۆڤ مێژووەکی زۆر خامۆش و نەرێنیی هەیە لەو بارەوە؛ کەسانەکی زۆر هەبوون لە ژیانیاندا تا مردن هەر هەست و سۆز و حەزەکانی خۆیان و خەڵکانی دیکەیان سەرکوتکردن.. پاشانیش تەنێ چەند پارچە ئێسکەکیان لە پاش بەجێما.. ئەوانە لە زیان پتر بترازێ چ سوودەکیان هەبوو؟! جا زۆر باشترە خۆمان لە پەتای ئەوان بپارێزین.. با ئازاد بین.. تا ئەوپەرێ کە دەکرێ رزگاربین.. لێ بە مەرجەک ئەوە نەگاتە ئاستی توندوتیژیی... (بەو شێوە بە درێژەدان بە قسەکانی و خستنەرووی هەندەک رامانی دیکەی لە بن هەژموونی خۆی متێکردم!).

سەرەنجام هەندەک تێروانینی بەجێ و پڕ کاریگەرم لە ئاخافتنەکەیدا هەڵکراند؛ لە راستییدا وشەکانی رێک دەتگۆت کۆمەڵە هەتوانەکی ئەفسوونیین و لە پێناو پاگژکردنەوەی قرێژی مەژیی من ئامادەکرابوون.. بە کردەنییش هەستمکرد تەڕ و تازەی کردمەوە، ئیدی هەژموونی خۆم لەدەستدا و یەکسەر لە باوەشێم وەرینا و ماچبارانم کرد.. تا تێر تێر نەبووم لێی بەرمنەدا.. لەیرەوە وەدوایێ هەر پتر و پتر یەکدیمان لە هەمێز دەگرت و پتر ئاوێزانی یەکدی دەبووین.. لەگەڵ پیاوەکەش وردە وردە ...

(ئێستا گەیشتمە ئەو وێستگەی کە دەبی لێی دابەزم.. لە دەرفەتەکی دیکە بەشی دووەمیش دەخەمە سەر کاغەز)».

شادمانییەکی لەرادەبەدەر دایگرتم.. چەند ئاسوودە بووم بەوەی بە هەڵەدا نەچووبووم لەوەی کە لەگەڵ یەکەمین نیگای دیتنیم زانیم هزر و هۆشمەندییەکی فرە رۆشن لە پشت ئەو چاوە گەش و کشتانەیدا دەدرەخشێنەوە! ئەدی ئێستا چ لەو کاغەزانە بکەم؟! پاش بینەوبەردەکی زۆر لەگەڵ خۆم بە باشم نەزانی رادەستی کارمەندانی هێڵی شەمەندەفەرەکەیان بکەم تا بتانن بیانگەیننەوە دەست خاوەنەکەی چونکێ دڵنیابووم لەوەی گرنگییان پێ نادەن و لە پەنایەک فرێیاندەدەن! لە روانگەی ئەوان تەنێ تشتی گرانبەهای مادیی بە نرخە نەک چەند پارچە کاغەزەک جا با نایابترین کاری وێژەیی و هزرییشیان تێدابن، دوایێ رەنگە ئەو ژنە وەدوویاندا نەگەرێ و هەر پێویستیشی پێیان نەبی.. جا ئەو کە توانایەکی ئەوها مەزنی هەبی بتانی لە نێو شەمەندەفەر و لە ماوەکی ئەوها کورت چیرۆکەکی ئەوها جوان و ناوازە بنووسی.. ئەوە هیچ گومانی تێدانییە لە کەشی ئارامی نێو ماڵێ دەتانی زۆر لەوە جوانتری بنووستەوە، بە هەر پاساوەک هەبوو چیرۆکەکەم لە کنە خۆم پاراست.

زۆر کۆشام لە ڕێی ئەو کاغەزانەوە جارەکی دیکە بە دیداری شادببمەوە و بەشی دووەمی چیرۆکەکەشی ببینم، زۆربەی هاوڕێ و دۆستانم هاییدارکردنەوە کە ئەمن زۆر سەرسامم بە هونەر و خەریکە لە نێو چیرۆک و ڕۆمانان دەتاوێمەوە! هەر کێیەک گێی لێم رابگرتبا ئەو چیرۆکەم ئەڕای دەخوێندەوە و پاشانیش گفتوگۆ و راڤە و لێتۆژینەوەی دوورودرێژمان لەسەری دەکرد و وەدوو ناوی نووسەرەکەشیدا دەگەڕاین. سەرەنجام سەروسۆراغی هەر پەیدانەبوو و هیچم بە هیچ نەکرد.. لێ لە نێو ئەو کۆششانە و بە هۆی ئەو مشتومڕە هونەریی و وێژەییانەی دەمانکردن زۆر بە خەستیی و بە گەرموگوڕیی تا رادەی ئاڵوودەبوون هۆگری چیرۆک بووم و بە تەواویی ئولفەتم پێوەگرت. بێجگە لە خوێندنەوەی ڕۆمان و پەرتووکی چیرۆکان و چیرۆکەکانی نێو گۆڤاران خۆم دەگەیاندە هەر کەسەکیش کە لە هونەری گێڕانەوەی چیرۆک و سەربردان لێزان و ڕەوانبێژ بوو.. ئەوەش گرنگ نەبوو لە کنە من کەسەکە نووسەرە یان نا! دوور لە چیرۆک هیچ کەس و جێدەم و هیچ تشتەکم نەدەناسی تەنانەت ئەو کاتانەش کە لەو سەردەم دەمگوزەراندن هەمیشە وەهام هەستدەکرد ئەوە خەریکی گێڕانەوە یان نووسینی چیرۆکەکی درێژم! ئیدی ئەو سەرمەستیی و سەوداسەرییەم و ئەو بار و ڕەوش و کەتوارە تازەم زۆر درێژەیان کێشا تا ڕۆژەکیان هاوڕێیەکم گۆتی:

- جا کە چیرۆک ئەوها ژیانتی داگیرکردیە دەرفەت بدە با چاکەکت لەگەڵ بکەم؛ بە کەسەکی وەهات دەناسێنم بە بن چیرۆکانت بگری.. چیرۆک و سەربردەی هێندە زۆرن بەشی تێکڕای ژیانی خۆت و نەوەکانیشت دەکەن.. جا هەمووشی سەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی و هاوڕێیەکانیەتی.. زۆر هونەریی و هەستەوەر و نایابن.. هەر چیرۆکەکی دەیگێڕتەوە وەتلێدەکا دەوت دابخەی و بێ هیچ جووله و دەنگەک گێرابدێری تا کۆتایی دێ...(نەمهێشت قسەکەی تەواو بکا):

- ئۆوو.. ئەمن سەت لە سەت پێمخۆشە و زۆریش حەزدەکەم، ئەگەر ئەتوو کارەکی ئەوها چاک و مەزن لەگەڵە من بکەی زۆر سوپاسگوزارت دەبم، دەی زۆر باشە.. ئەو کەسە لە کێندەرە.. کەنگێ دەتانین بچین بیبینین؟؟

- ئەوەیان هەندەک سەختە.. چون ئێستا لە خەستەخانەیە.. چەند هەفتەک لەوەوبەر ترومبێلەک خۆی پێدادا و بە سەختیی زامدار بوو، نا غەمت نەبی.. خۆشبەختانە لە نەشتەرگەرییەکانی دەرچووە.. لێ بە پێی راپۆرتی پزیشکەکانی دەبی ماوەکی زۆر لە خەستەخانە بمینێتەوە.. ڕەنگە ئەوە چەند مەهەک بخایەنی تا بە تەواویی چاکدەبتەوە و دەگەرێتەوە ماڵێ.

- زۆر بە داخەوە.. واتە تا چاکدەبتەوە ناتانی هیچ تشتەک بکا.. جا تا ئەو کاتە خۆ ئەمن دیق دەکەم! باشە.. ناکرێ بیبینم؟ ئەگەر ئەو بیەوێ.. ئەمن ئامادەم تا لە خەستەخانە دەردەچی یاوەری بم.. ئەگەر تەندروستییەکەشی دەرفەتی بدا و گوڕاحی ئەوەی هەبی گفتوگۆی هەندەک تشت بکا ئەوە زۆر چێتریش.. ئەمن ئامادەم و دەتانم ئەوە بکەم..

- ئەرێ.. دەتانی، لێ ئەو هاوڕێ و دۆستی گەللەک زۆرن.. هەر یەکەکیان دەیگری ئامادەیە نەک هەر تا لە خەستەخانە دەردەچی بەڵکە تا کۆتایی ژیانیشی هاییداری بی، ئاخر ئەو سەرکردەکی زۆر هۆشیار و ژێهاتییە.. پیاوەکی سادە و خاکییە.. دەموودووی فرە شیرینە و لە رووی کردەییشەوە شیرینتر!

- "سەرکردە!" مەبەستت چییە!؟

- نا هاوڕێ.. بە هەڵە لێم تێمەگە.. ئەو سەرکردەی 'نێو گەل'ە نەک ئی 'نێو گەڵ' و 'گەندەڵیی' و تشتی لەو بابەتانە.. زۆر ناکۆک و دژبەری پارتی و دەسەڵاتە. ئەو وەک توو نییە کە تەنێ بە گفتار باوەڕت بە پارتی و پارتیایەتی نییە.. وەکیدیش؛ خۆت لە هەموو تشتەک وەدووردەگری و هیچ چالاکییەکت نییە و هیچ پێنگاڤەک لە دژیان ناهاوێژی. هەرچەندە ئەو لە سەردەمی نەوجەوانیی و هەڕەتی لاوییدا هەر خەریکی کاری رامیاریی و بەرخۆدان بووە لە نێو پارتیەکان.. لێ لەمێژە لە ڕێی تێگەیشتن و ڕۆشنبیرییەکی تۆکمە و لەسەر بنەمای خواست و ئامانجە رەوایەکانی گەل شاپی لە پارتی وەک شێوازەکی ڕێکخراوبوون هەڵدایە.. ئەو تەنێ گیانی بەرگریی و یەکبوون لە نێو خەڵک دەچینی لە پێناو گەیشتن بە تەواوی ئاسوودەییەکانیان.. تا ئێستاش راشکاوانە درێژە بە کۆششی خۆی دەدا، هەنووکە سەرپەرشتیی بزاڤەکی بەرفرەی پووچکردنەوەی هەڵبژاردنەکان و ریسواکردنی دەسەڵات و پارتیەکان دەکا، جا ئەگەر بتەوێ لە نێزیکەوە لەگەڵ کەسایەتییەکی لەو جۆرە ئاشنا ببی کە سەرتاپای ژیانی چیرۆکگەلەکی دانسقەی پڕ لە چێژوچەشەیە.. ئەوە پێویستە کارەکی وەها بکەی بتانی سەرنجی رابکێشی و هەندەک خۆتی لێ نێزیک بکەیەوە.

- نا.. هیچ غەمی ئەوەت نەبی.. ئەگەر ئەو تا ئەو ئاستە کەسایەتییەکی جوان و نایابە و لە رووی هونەرییشەوە بەهرەمەندە ئەوە دڵنیام دەتانم خۆمی لەگەڵ بگونجێنم، دە باشە.. کەنگێ دەتانین بچینە کنی و بە دیداری شادمان ببین؟

- زۆر چاکە.. ئەمن هەر بە نیازم لەو رۆژانەی دادێن سەردانەکی ئەو ئامۆزایە خۆشتڤییەم بکەم.

- دیارە ئامۆزاشتە؟

- نا نا، "ئامۆزا" ناوەکی خوازرایە.. وەک خۆت دەیزانی لە سەردەمی شۆڕش ناوی چەکدارەکانیان دەگۆڕین؛ کاتەک کە ئەو پەیوەندیی بە هێزی چەکداریی شۆڕشەوە دەکا دوودڵ دەبی لە هەڵبژاردنی ناوەکی تازە و چەند رۆژەک بێ ناو دەمینێتەوە.. لەبەرهەندێ بەرپرسی یەکەکەیان هەر لە خۆیەوە بە "ئامۆزا" ناویدەبا.. ئیدی ئەو ئامۆزایەی پێوەدەنووسێ و دەبتە ناوە شۆڕشگێڕییەکەی و تا ئێستاش هەر لێی رزگارنەبووە.. دەی ئەوە گرنگ نییە، ئەرێ.. دەکرێ پێکەوە بچین ببینین.. ئەگەر دەرفەتت هەبی دەتانی سبەی نا دووسبەی لەو کاتانە بێیە ئێرە و پێکەوە بچینە دیداری..

- زۆر سوپاس.. بە دڵنیاییەوە دێم و پێکەوە دەچین.. ئیدی ئەو کاتەی کە ئەو دەناسم هەر بە ئێکجاریی ئەتوو لەبیردەکەم.. هاهاها...

- نا نا.. راست دەکەی.. پێکەنینی ناوێ.. ئەنگۆی نووسەر و مووسەر هەر ئەوهان و تەنێ وەدوو تشتی خۆتان غاردەدەن... (پێش ئەوەی بەجێیبهێلم گۆتی: "کە چووینە ئەوێ باشترە چیرۆکەکی باشت پێ بی تا ئەگەر دەرفەتەکی لەبار رەخسا بیخوێنیەوە و لەسەری بدوێن.. هەڵبەتە ئەویش زۆر حەزی لە چیرۆک و مشتومڕی ویژەیی هەیە").

ئەو دوو رۆژە زۆر بە قورسیی تێپەڕین، نەمدەزانی چ چیرۆکەک شیاوی ئەوەیە لەگەڵ خۆمی ببەم؛ ئی خۆم یان ئی خەڵکی.. کورت یان درێژ.. بڵاوبۆوە یان بڵاونەبۆوە.. شێوازی تازە یان کلاسیکیی.. کۆمیدیی یان تراژیدیی و... تد، سەرەنجام پاش بینەوبەردەکی زۆر لەگەڵ خۆم چیرۆکەکەی "خانمی نێو شەمەندەفەرەکە"م لە تەنکەی باغەڵێم نا و لەگەڵ هاوڕێیەکەم وەڕێکەتین.

❊ ❊ ❊

**کەسی پێگەیشتیی دەکرێ لە یەکەم دیتندا بە هاسانیی بیناسی.. چونکێ هەمیشە وەک راستییەکی بەرجەستە دەردەکەوێ و پێویست بەوە ناکا خۆت بە ناسینیەوە خەریکبکەی. بێ هیچ پێشەکیی و پارێزییەک لەگەڵ "ئامۆزا"یێ وەنێو قسان وەربووین.. بێ شەرم و بێ پێچوپەنا یەکدیمان دەدواند.. هەر دەتگۆت هاوەڵی منداڵیی یەکین، زۆر بە خێرایی و لە ماوەکی زۆر کورت ئاشنای یەک بووین. لەو دیدارەدا نێزیکەی سێ کاتژمێرمان لەگەڵی گوزەراند لێ لە کنە من بە چاو ترووکانەک تێپەڕی! دەربارەی زۆر تشت دواین لێ زۆر نەچووینە نێو بابەتی هونەریی و وێژەیی تا بتانم چیرۆکەکەی خانمە چاو گەش و کشتەکەی نێو شەمەندەفەرەکەی لۆ بخوێنمەوە.. ئیدی پاش ئەوەی رێکەتین سبەینێ لە هەمان کات بە دیداری شادببمەوە لەگەڵ هاوڕێیەکەم بەجێمانهێشت.**

**لە دیداری دووەم بە تەنێ چوومە کنی.. دیسان هەر بابەت بوو بابەتی رادەکێشا تا گەیاندمانە درەنگانی شەوێ.. لە کۆتاییدا دەرفەتەکم وەرگرت و چیرۆکی "گۆڕین"یم خوێندەوە.. هەر کە لێبوومەوە یەکسەر گۆتی:**

**- ئەوە ناوەکەیتی: "یەکەمین دەرووی چێژ".**

**- نیازت ئەوەیە بێژی ئەوە ناوەکی چاکە لۆ ئەو چیرۆکە؟ (ئەوەی هەرگیز بە مەژیی و ئەندێشەی مندا نەدەهات ئەوە بوو کە بە شێوەکی زۆر هێمنانە گۆتی):**

**- نا.. مەبەستەکەم دیارە؛ "یەکەمین دەرووی چێژ" ناوی ئەو چیرۆکەیە.. ئەمن بەشی دووەمیشیم هەیە.. رۆژەک دادێ بیبینی!**

**لەگەڵ ژنەوتنی ئەو وشانە چاوانم چوونە پشتی سەرم.. هێندە سەرسوڕهێنەر بوو لە کنم تەناتەت وەیلێکردم ئەوەم هەر لەبیربچێتەوە کە لەوەتەی ئەو چیرۆکەم دیتیە فرە تامەزرۆی ئەوە بوومە بەشی دووەمیشی ببینم! چەندی هینام و بردم تا بزانم؛ ئەو چیرۆکەی لە کێندەر دیتیە؟ ئایە بڵاوبوویتەوە یان لە چ بڵاڤۆکەک خوێندیتیەوە؟ پەیوەندیی ئەو بە نووسەری ئەو چیرۆکەوە چیە؟ لێ هچی نەدرکاند تەنێ ئەوەندە نەبی کە پاش ئەوەی چیرۆکەکەی لێوەرگرتم و هێدی هێدی دەڤیکرد خستیەوە نێو دەستم و گۆتی:**

**- تکایە ئەوە هەر بەو شێوە دەڤکراییە بپارێزە.. واتە با بڵاونەکرێتەوە، زۆر بە داخەوە کە خاوەنی چیرۆکەکی ئەوها هونەریی و پڕ لە ئەفراندن زۆر بە خراپیی ئاڵوودەی دەرمان بووە و شەو و رۆژ لەسەر شەقام و لە نێو باخچەکان بەسەردەبا! هەرچەندە ئەمن کاتم کەمە و ئێستاش وەک دەیبینی لە چ بارودۆخەکی خرپدام.. لێ چەند هاوڕێیەکی خۆم راسپاردینە تا یارمەتیی بدەن بەڵکە بیگەڕێننەوە سەر رەوتی ژیانی ئاسایی خۆی.. جا تکایە ئێستا واز لەو گرفتە بهینە ..کە کاتی خۆی هات هەر تشتەکت دەبێژمێ.**

**ویستم پتری بیدوێنم لێ دەرفەتی نەدا و هیچی دیکەم لێهەڵنەکڕاند.. ئیدی ئەمنیش بە ناچاریی دەستبەردار بووم. هەر لەو دانیشتنەشماندا گفتوگۆیەکی دوورودرێژمان لە بارەی هونەر و وێژەوە کرد.. پاشان ئەو هەندەک لە ئەزموونی رامیاریی خۆی دوا لێ ئەمن نەمتانی زۆر لە ئی خۆم بدوێم چونکێ بەراورد بە ئی وی درۆپەک بوو لە بەرانبەر دەریایەک! هەرچەندە ئەمنیش ئەزموونم زۆر بوو لێ هەرگیز لە رووی رامیارییەوە بە بەراورد**

بە هیچ کەسەک ئەوها خۆم بە لاوازیی نەدیتبوو وەک ئەوەی لە بەرانبەرە وی دیتم! شەرمەکی توند دایگرتم.. لەبەرهەندێ زوو زوو بامدەداوە سەر چیرۆک و سەرهاتان کەچی ئەویش هەر دەیبردمەوە سەر کێشە رامیارییەکان تا لە نکاو بە شێوازەکی زۆر راشکاوانە و بە دەنگەکی سەختگیر و سەنگینییەکەوە هاتەگۆ:

- زۆر چاکە.. دڵنیام کە چیدی دەرفەتی دەربازبوونت نەما.. ئێستا دەتبینم و بە رۆشنیی لێم دیارە ئیدی ئەتوو لە ئێستارا لە نێو رێکخراوەکەماندا تێدەکۆشی و لە ئایندەکی نێزیکیش ئەرکی سەرپەرشتیی و رێکخەریی تێدا دەگریە ئەستۆ! لێ دڵنیابە هەر دەمەک ئاشکرابیی کە سووچی خۆتی تێدابووە پێشترێ پێمانەوە پەیوەست نەبووی ئەوە سزای خۆت وەردەگری! پێویستم بە هیچ بەرسڤەک نییە چونکێ دەزانم دەتەوێ چ بێژی! ئێستا با واز لە بابەتی رامیاریی بهینین و بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە ئەتووی ناچارکرد وەدوو مندا بگەڕێی و ئەمنیشی وەها لێکرد بڕیاربدەم لە نێو تێکڕای هاوڕێ و دۆستانم تەنێ ئەتوو هەڵبژێرم تا شەوان چەندی کاتت دەبی یاوەرم بی تا ئەو دەمەی لێرە دەردەچم..

- گەللەک سوپاس.. قسەکانت هاوشانی راستیین و هەموو  نیشانەکانت بە جوانیی پێکا.. ئەوە یەکەمین جارمە لە ژیانمدا ببینم کەسەک لە خۆم باشتر ناخم دەخوێنتەوە و دەشزانی چ تشتەکم گەرەکە.. ئەتوو خەریکە دەمخەیەوە سەر رێی...

- نا نا هاوڕێ.. تکایە راوەستە، ژنە چیرۆکنووسەکەی نێو شەمەندەفەرەکە نەک هەر پێشترێ ئەتووی نەخوێندبۆوە تەنانەت ئەتووشی نەدەناسی کەچی دیارە کە لاپەڕەکی درەخشانی لە ژیانتدا کردیتەوە! تکایە تەمەشایەکی منیش بکە؛ لەگەڵ ئەوەی دەتانم بێژم باش باشت دەناسم و خوازیاریشم تێکڕای ژیانت لە گەشانەوەدا بی لێ رەنگە نەتانم یەک پنتی خامۆشیش چیە لە ژیانتدا بگەشێنمەوە.. لێمگەڕێ با کۆتایی بە قسەکەم بهینم:
ئەمن دەزانم توانای وێژەیی و هونەریی توو زۆر زۆر پترە لە ئی من.. ئێستا ئەتوو شیای ئەوەی لە زانکۆگەلەک وانە بدەیەوە کە پڕ بن لە هزر و زانست و زانیاریی.. نەک ئەو زانکۆیە باوانەی ئێستا کە لە رێی ئەکادیمیای بێ بەها و بێ هەڵوێست خوێندن و پەروەردەیان داگیرکردیە.. بەڵکە زانکۆگەلەک کە لە بن سێبەری تەلخی وەبەرهینانی سەرمایەداریی و دامودەزگەکانی دەوڵەت نەبن، خەڵکی وەک توو گەرەکە بە جۆرەک بەرخورد لەگەڵ خوێندکاران بکەن کە هەردوو لا لە یەکدی فێربن، بە داخەوە ئەو بەهایە لە نێو سیستەمی ئێستادا نییە.. دەبی هەر تشتەک بە پێی ئەو گۆتە ژەنگاوییە بەڕێوەببردرێ "کەسی شیا لە جێی شیا و لە کاتی شیا" ئەوەش بێ هیچ لەبەرچاوگرتنەکی کردەییانەی ئەزموون و توانایەکان، نێوەرۆکی پووچی ئەو پارچە کاغەزەی پێیدەگۆترێ بڕوانامە زۆرترین گرنگیی هەیە لە سیستەمی ئەکادیمیایی، سەرەڕای هەموو ئەوانەش کار پەیداکردن و دامەزران بە پێی یاسا و رێسای بەرژەوەندییەکانی خاوەنکاران بەڕێوەدەچن کە خۆیان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لێژنەکان رێکدەخەن تا بڕیار لەسەر خواستەکانی کارخوازان بدەن! دەرفەتم بدە با دوو نموونە دەربارەی ئاستی رۆشنبیریی و رەفتاری خاوەن بڕوانامان بخەمەڕوو کە بڕوانامەکانیان ناتانن خودی خۆیان لە تەپوتۆزی سەردەمە کەون و ژەنگاوییەکان بپارێزن:

یەکەم: ژنەکی پارێزەر.. هاوسەرە زەنگینەکەی بە دژیی یاسا و رێسایەکان هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنەکی دیکە کرد.. هیچ کێشەکی لەگەڵی نەبوو! لێ پاشان هاوسەرەکەی بە هەر هۆیەکەوە هەبووە پێیگۆتبوو: "هەستدەکەم

تشتەکی زۆر نامرۆییانە و پاشدامایییانەیە ئەمن لە نێوان دوو ژندا دەڕازێم.. لەبەرهەندێ چیدی ناتانم و واز لە تووو دەهینم"! سەرەنجام ژنەی خاوەن بڕوانامەی یاسایی و پارێزەریی کە دەزانی هاوسەرەکەی بە راستیەتی.. لە داخان خۆی دەسوتێنی و قنیاتی لەبەردەبڕێ!

دووەم: پیاوەکی پزیشک بێجگە لەوەی 'خەستەخانەی تایبەتیی'ی خۆی هەبوو لە خەستەخانەکی کەرتی گشتییش بەڕێوەبەر بوو.. زۆر ناودار بووە بەوەی کە لە 'پیشە مرۆیی!'ەکەی یارمەتیی هەر کەسەک بە تایبەتییش هەژاران دەدا! پاش ئەوەی لە هاوسەرەکەی جوادەبتەوە و خەستەخانەکەی خۆی دەفرۆشی و واز لە کارەکەشی لە خەستەخانە گشتییەکە دەهینی هەردوو منداڵەکەیان دەفڕێنی و خۆی بزر دەکا.. تا ئێستاش کەس نازانی لە چ وڵاتەک دەژی!

هەڵبەتە ئەمن ئەو دوو نموونە بە گشتیی ناکەم و دەزانم زۆر کارمەند و پیشەگەری دڵسۆز و ژیهاتییش هەن.. لێ لەبەرئەوەی تا دێ پەروەردە و فێربوون لە بنەمایە مرۆڤپەروەرییەکەیان رووتدەکرێنەوە تا نموونەکی باش پەیدۆزدەکەی بە دەیان و بگرە بە سەدانی خراپیش هەڵدەتۆقن.. کێ هەیە رۆژانە ئاخ و داخ و حەسرەت بە دەست ئەوانەوە هەڵنەکێشی؟!

- ببوورە هاوڕێ.. ئێستا ئەمنیش پێویستە یەک دوو قسە بکەم.. لێ نامەوێ لێرە راتبگرم.. تکایە تەندروستیی خۆت و کەمیی کات لەبەرچاو بگرە.. باشترە هەندەک بە کورتیی بدوێین تا زووتر بگەینە پنتی ئامانج.. ئەرێ فەرموو..

- ئەرێ.. دەبینی؛ ژیان کۆمەڵە بازنەکی تێکهەڵکێشرایە.. بزانە کوو بابەتەکان لەدوو یەک ڕێزدەبەستن.. خۆبەخۆ بەرەو ناجێ پاڵیاندازین! هەرکووەک هەیە کاری مە ئەوەیە ئەو بازنانە بپسێنین.. بە واتایەکی دی.. هەرا و نافەرمانییگەلەکی دوور لە توندوتیژیی چێبکەین تا دەگەینە ئەو جێیەی کە دەتانین توانایە هزریی و جەستەییەکانمان وەک ئەوەی پێویستە وەکاربەین تا ژیان و گوزەرانەکی شکۆمەندانە لۆ خۆمان و سەرلەبەری گیاندارانی دی وەدەستبخەین و ژینگەکەمان بە پاکژیی بپارێزین، نەک ئەو ژیانەی کە بە پێی ویستی سیستەمی لیبرالی ئاژاوەگێڕ لە نێو بازنە و شێوە ئەندازەییە هێڵکارییەکانی دیکە زیندانمان دەکا تا وەک ئەوەی دەخوازن بمانئاژۆن! جا بیهینە بەرچاوانی خۆت 'ئەمن.. ئەتوو.. ئەو.. ئەمە.. ئەنگۆ.. ئەوان' هیچ کەسەکمان لە باری هەنووکەماندا بێجگە لە کۆشانی دژبەری رامیاریی ناتانین هیچ چالاکییەکی پێکڤەیی و بەکۆمەڵ ئەنجامبدەین کە تێیدا پەژێوان نەبین چونکێ هەموو کار و کردەکان دەسەپێندرێن و خۆمان هەڵیاننابژێرین، لەبەرئەوە بە کورتییەکەی ئەتوو کە ئەو توانایە هونەرییە چاک و وەپێزەت هەیە دەتانی لە چەندین کاری تایبەتی خۆت کەلکی لێوەرگری و کەشکەلانی ئاسمانی پێ بهەژێنی.. لۆ نموونە؛ ژیان و مان و غەم و ئازار و کۆش و کۆشان و خەون و رامان و هزر و ئەندێشەکانی خۆمان و هاوڕێیانمان سەرچاوەگەلەکی زۆر چاکن و دەتانی بە شەنوکەوەکی هونەرییانەی تازە خەرمانەکی گەورە و نایابیان لەبەر هەڵبگریەوە.

- تکا دەکەم لێرە رابوەستی هاوڕێ.. هەستدەکەم ئازاری جەستەت زۆرە و پێویستت بە سانەوە هەیە.. دەزانم ئێستا لێتگەڕێم تا سپێدەش هەر کۆڵنادەی.. ئاخر هێشتا یەک مانگ تێنەپەڕیە بەسەر ڤەگەڕیانت لە لێواری مەرگ.. ناکرێ و ناشێ ئەوها خۆت ماندیی و شەکەت بکەی.. (پاش ئەوەی هەندەک قسەی دیکەی کردن گۆتم) تێگەیشتم لەوەی کە پێویست بوو بیزانم.. جا هیچت هێشتەوە.. هەرچی لە مەژیی من هەبوو و دەبووایە

خۆم دەریانببڕم گشتی بە کورتیی و بە پوختیی لەسەر زاری توو بە گۆڕێ وەرکران! ئەوەی ئەتوو گۆتت بە سوپاس یان ستایش یان هیچ تشتەکی دیکە قەرەبوو ناکرێتەوە.. ئێستا دەبی ئەمن بڕۆم و پێویستە ئەتووش پشیی خۆت بدەی و بسێیەوە.. غەمت نەبی سبەی شەوێ بە دڵنیاییەوە دێمەوە جا بتەوێ یان نا، گرنگترین تشت لە کنە من ئێستا ئەوەیە؛ ئەگەر بتانی و تەندروستییت دەرفەتت بدا هەر شەوەی سەربردەک سەرهاتەک لەو کەرستەگەلەی ئاماژەت پێی دا کە ئی ئەوەن بکرێنە چیرۆکگەلەکی زۆر جوان و هونەریی بگێڕیەوە و ئەمنیش راستەوخۆ تۆماریان بکەم.. ئەوەش گەلەک ئەمن شادمان دەکا.. ئیدی هەموو شەوێ کە دەگەمەوە ماڵێ تا بە جوانیی هەمووی نەخەمە سەر کاغەز ناچمە نێو جێ.. جا رۆژی دادێ کە شەوەکەی دێمەوە بە داڕشتن و رێنووس و روونووسەکی زۆر جوانەوە دەیخەمەوە بەردەستانت.. ئەوە بێجگە لەوەی هەر پێویستییەکیشت هەبی بە شادمانییەوە لەگەڵە خۆمی دەهینم. هەڵبەتە ئەمن نامەوێ کاتی توو زۆر بگرم و وەک بەرنامەکی هەر شەوە پابەندت بکەم.. واتە هەر شەوەک کە حەزناکەی و گوڕاحی ئەوەت نابی یان مێوانەکت دەبی یان بە هەر هۆکارەکی دیکە کە ناتانی ئەو کاتە بە من ببەخشی تکایە هاییدارم بکەوە کە ئەو شەوە نەیێم.. (بە ئاماژەی سەرجوولاندن و گەشانەوەی چاوە پڕشنگدارەکانی دیاربوو زۆر شادمان بوو بە قسەکانم.. ئیدی بێ ئەوەی هیچ قسەک بکا بە رووەکی پڕ لە هومێد و زەردەخەنەکی ناسک خەنییکردم و دەستە میهرەبانەکانی لە نێو دەستم نا و بە شەوشادەکی گەرم وەڕێیکردم).

لە دیداری شەوی سێیەممان بەرنامەکەی بەو شێوە رێکخست؛ هەر شەو کە دەگەمە ئەوێ سەرەتا تا حەزدەکەین یان بە پێویستی دەزانین خۆمان بە مژارە رامیاریی و کۆمەڵایەتییەکان یان هەر بابەتەک کە پێویست دەکا خەریکبکەین.. ئەوجا پشییدان و یاری شەترەنج یان دامە یان هەر یارییەکی دیکە کە پێمانخۆشە و لەوێ دەگونجێ.. لە کۆتاییشدا واتە لە درەنگانی شەوێ چیرۆکەک یان هەر سەرهات و سەربردەکی چیرۆکئامێز وەگێڕی و ئیدی ئەمنیش بەرەو لانە عەنتیکەکەی خۆم واتە ماڵە نانەریتییەکەم بزڤڕم. سەرەنجام لە دوا کاتەکانی ئەو دیدارەی شەوی سێیەمدا یەکەمین سەربردەی خۆی گێڕاوە کە دەربارەی دەستلێکبەردانی بوو لەگەڵ 'کیژە پلکە خوێنشیرینەکەی'.. بەوەش رێک وەک 'یەکەمین دەرووی چێژ'ی خانمە چاو گەش و کشتەکەی نێو شەمەندەفەرەکە یەکەمین دەرووی چێژی بە رووی مندا کردەوە:

# بەشی یەکەم

## - ١ -

کەس نەیدەتانی لە شیرینیی شان لە شانی کیژە پلکە خوێنشیرینەکەم بدا.. هەر لە دیدی من نا بەڵکە لای هەر کەسەک کە دوو چاوی پێوەبا و حەزی لە دیتنی جوانییەکان با.. هێندە شیرین بوو رێک دەتگۆت هەنگینی نێو قەدی داران یان نێو کون و کەلەبەری شاخانە! لە سەردەمی زارۆکیی و نەوجەوانییم گەلەک حەزم لە شیرینیی بوو؛ کامم بە هەر تشتەکی شیرینەوە دەکرد و ئاڵوودەی هەر هەموو جۆرەکانیان ببووم.. واتە سەرمیان لە نێو شیرینیی بکوڵاندبا هێشتا هەر ئۆخەم نەدەهات! هەر تشتەک بە ئاستەم پەیوەندییەکی بە شیرینییەوە هەبا فرە خۆشەویست و لەبەردڵان بوو لە کنە من.. ئەتوو سەرنجی خۆتی بدێ؛ تەنانەت وشەی (مێژوو)ش کە بە (مێوژ) دەچی فرە شیرین ببوو لە کنم و چەند تەختەکی لە مێشکم داگیرکردبوو! هەر لە پێناو پتر تێگەیشتن لە تشتە شیرینەکانیش دەستم بە توێژینەوە و خوێندنەوەی مێژووی شیرینیی و شیرەمەنییەکان کرد.. ئەوەش وەیلێکردم زۆر خولیای مێژوو ببم و گەلەک حەز بە سەربردە و سەرهاتان بکەم.. لێ ئەفسووس.. هەر زوو هەستم بەوە کرد کە هیچ تشتەکی شیرین لە تۆماری مێژوو و گێڕانەوەکاندا نییە.. ئاخر هەرگیز بویەر و سەرهاتەکان وەک خۆیان ناگێڕدرێنەوە و هەمیشە وەک خواردنی فرۆشگەکان فرتوفێڵیان لەگەڵ دەکرێ و بە چنگان داودەرمانی چێژبەخشیان پێوەردەکەن! ئەگەر نەبێژم هەموو ئەوە دەتانم بێژم زۆربەی هەرە زۆری گێڕەرەوەکان و مێژوونووسەکان بە گوێرەی تێروانیینەکانی خۆیان سەربردە و یادەوەریی و رووداوەکان دەگێڕنەوە و دەیانشێوێنن.. ئەوەش تەنێ لە پێناو هەندەک خواست و ئارەزووی پووچی کەسیی و لایەنداریی، بەوەش خۆیان لە زۆنگاوی گەندەڵیی و ناپاکیی نوقم دەکەن.. واتە چەواشکارانە راستییەکان هەڵدەگێڕنەوە و درۆیەکانیش بە راست دەخەنەڕوو.. ئەو کەسانەشیان کە خۆیان بە پێشڤەڕۆ و هاوچەرخ و نەوەی سەردەم و نازانم چی و چی دەزانن و لە رێی وەکاربردنی هەندەک واژە و دەستەواژەی رووکەشی وەک 'بێلایەنیی.. خۆ دابڕین لە ئایدیۆلۆژیا.. پسپۆڕیی و ئەکادیمیایی.. شێوە و شێوازەکانی بەراوردکاریی و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە و شیکاریی و... تد' زۆر بە خۆیان دەنازن کە گوایە مێژوونووس و گێڕەرەوەی سەردەمن و زۆر پیشەییانە و راستگۆیانە تشتەکان وەک خۆیان دەنووسن و دەگێڕنەوە.. لێ لە راستییدا کارەکانی ئەوانیش لە شێواندن و درۆی زل و چەقەچەق و چەنەبازیی پتر بترازێ هیچی دیکە نین.

جا با درێژەی نەدەمێ.. وێدەچی ئەو درێژدادڕیی و ئەو هەموو شێر و ریوی هینانەوەشم هەر لە پێناو ئەوە بی کە بێژم؛ ئەز دەخوازم زۆر بە کورتیی و بە پوختیی چیرۆکی دەستلێکبەردانم لەگەڵ کیژە پلکە خوێنشیرینەکەم بێ پێچوپەنا و کتومت وەک خۆی وەگێڕم.. لێ لەبەرئەوەی پێویستە پیچەکیش لە خۆمان و چۆنیەتیی چێبوونی پەیوەندییەکەمان و هۆکارەکانی کێشە و گرفتەکانیشمان بدوێم هەندەک درێژ دەبتەوە:

خۆشەویستییەکی تا دەبێژی سادە و ساکار و ساویلکانە؛ هەر کاتەک وەبیرمدێتەوە زۆر زگم بە خۆمان و جۆر و شێوەی ئەڤیندارییەکەمان دەسۆتێ و ئاور لە ناخم بەردەبی! ئاخر کەنگێ سۆز و خۆشەویستیی پێویستی بەو گشتە دیوارە هەیە؛ دیواری پاکیی و بە رەوشتیی لە روانگەی گشتیی و پاشدامایی.. دیواری رێزگرتن و

نەبەزاندنی داب و نەریت و ئۆل و تشتە باوەکان.. دیواری تێکۆشان و شۆڕشگێڕیی.. ئیدی دیوار لەدوو دیوار تەنانەت لە پێناو دڵنیابوون لە پتەویی دیوارەکان و دانەڕمانیان دیواری پاڵپشتمان لە پشت هەر دیوارەکیان هەڵدەنا!! بە کورتییەکەی ئەوەی دەمانکرد دڵداریی نەبوو بەڵکە دیواردیوارنێ بوو! هەرکووەک هەبوو ئەوە حەزحەزۆکێ و سۆزدارییەکەی مە بوو.. با چیدی برینانم نەکولێنەوە و لە بابەتەکەشمان دوورنەکەوینەوە:
کیژە پلکە خوێنشیرینەکەم لە نێوان شەش برایان تەنێ لەگەڵ یەکەکیان دەسازا کە وەک خۆی کەسەکی رێکوپێک و لەسەرخۆ بوو لێ ئەویش هەر زوو لێی دادەبڕێ و وەک جەنگاوەرەکی ئازادییخواز پەیوەندیی بە شۆڕشەوە دەکا و پاشانیش لە نەبەردییەکی زۆر مەزن و داستانئامێزانەدا زۆر ئازایانە گیانی خۆی دەبەخشی، ئیدی کیژە پلک تاقانە خوشک دەبی لە نێوان پێنج برای نەزان و پاشداما.. سەرەڕای ئەوەش پازدە ئامۆزای دڕندە و دێو ئاسای هەبوو و هەر یەکەکیشیان مرخی خۆی لێخۆشکردبوو کە لە پێشەڕۆژ ببتە هاوسەری، لەبەرهەندێ نەمدەتانی زۆر خۆمی لێ نێزیک بکەمەوە و پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵی هەبی.. تەنێ وەک کەسەکی باش و خوێنشیرین خۆشمدەویست و لە راستییشدا هیچ هەست و سۆزەک بە لایەنە ئەڤیندارییەکە لە نێوماندا نەبوو.. لێ لە بەدبەختیی و چارەنووسی خراوی خۆمان بە چەند مانگەک پێش ئەوەی بدەمە شاخ و ببمە شۆڕشگێڕ تووشی داوی خۆشەویستیی بووین! سەرەنجام هەر زوو کێشە و گرفت رووی تێکردین.. ئەمن ئامادەبووم هەموو تشتەک لە پێناو گەیشتنمان بە یەکدی ببەخشم.. لێ هەرگیز نەمدەتانی لە پێناو وی دەسبەرداری چالاکییە رامیاریی و شۆڕشگێڕییەکانم ببم، لە راستییدا بارودۆخەکەشمان لە لایەک بە هۆی ئەو دیوارانەی ئاماژەم پێکردن لە لایەکی دیکەش بە هۆی ئەو هەموو دێوودرنجەی کە دەویان لە ئازدار حەیرانێ داپچڕاندبوو.. ئی ئەوە نەبوو و نەدەگونجا کات بە خۆشەویستییەکەمان بدەین تا هەم وردە وردە بە تێپەڕینی کات کێشە و گرفتەکانمان چارەسەر بکەین هەم لە درێژەپێدانی ئەو ماوە هەستیارە پڕ لە سۆز و کەفوکولەی خۆشەویستیی لە حەز و ئارەزووەکانمان بەهرەمەند بین و چێژەکی خۆش لە پەیوەندییە سۆزدارییەکەمان وەربگرین.. بە کورتییەکەی تا دەهات وەک ئەڤینداری قەڵەندەر و بەلەنگازەکانی نێو داستانەکان شادمانیی و ئاسوودەیی هەر لەبەرمان هەڵدەهاتن و غەم و خەفەت و حەسرەتیش هەر پتر بەردەرییان پێدەگرتین! ئیدی رۆژەک کورتە دەرفەتەکم وەرگرت و بە راشکاویی پێمگۆت:

- دەزانم ئەتوو ئەمنت فرە خۆشگەرەکە و ئەمنیش هەر بە هەمان شێوە، وەک هەستیشدەکەم لە خۆم پتر حەزدەکەی هەر ئێستا بێمە خوازبێنییت و بە پەلە بیبڕێنینەوە.. لێ خۆت باش دەیزانی کە برا و ئامۆزایەکانت ناهێڵن هێندە بە هاسانیی بە ئامانجی خۆمان بگەین و رەنگە گەلەک پرسگرێک و تەنگاسییمان لۆ چێبکەن، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئەمن چیدی ناتانم لە شار بمینێمەوە چونکێ هەروەک خۆشت هاییت لێیە ئێستا هەندەک لە پیاوانی رژێم دەزانن ئەمن خەریکی کاری رامیاریی و رێکخراوەییم و دەیانەوێ دەستگیرم بکەن.. جا بە کورتییەکەی باشترین و لەبارترین رێی هاوسەرگیرییمان هەر ئەوەیە کە پێکەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە بکەین و لەوێ زەماوەندی خۆمان بکەین.. بەوەش بێجگە لەوەی شکۆمەندانە لە پێناو میللەتەکەی خۆمان درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین ئەتووش لەبەردەستی برا و ئامۆزایەکانت قوتاردەبی.. هاوکاتی ئەوەش دەتانین بە ئازادیی خۆمان لە پێناو یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان تێبکۆشین.. ئیدی ئەوە تا هەفتەکی دیکەش هەرکووەک هەیە خۆم دەپارێزم و چاوەڕێی بڕیاری تۆو دەکەم.. لێ بە دڵنیاییەوە هەفتەی دادێ ئەمن لێرە نامینێم و لەو شاخانە چەکی شۆڕشم لە شانە.

بێ گومان هەر کەسەک خۆشەویستیی کردبێ دەزانێ دەستلێکبەردان دەردەکی چەند گران و گورچکبڕە. سەرەنجام ڕۆژەکیان زۆر بە ڕاشکاویی گۆتی:

- سەت لە سەت لەگەڵ نەخشەکەی توو دام.. کا لۆ ئەوێ ڕۆژێ کە بمانتانیبا جێبەجێی بکەین و بە باوەشی یەک شادمان ببین! لێ داکم بە هیچ جۆرەک ڕازیی نییە ڕوو لە شاخ بکەم.. هەرچەندە ئەمن دەتانم تا دەچمە بن گری چاوەڕێی توو بکەم و هەمیشە سەرم لە ڕێت دابێ.. لێ هەرگیز نامەوێ بێ قسەی داکیشم یەک بست چیە هەنگاو بنێم، سەرەڕای ئەوانەش پێویست ناکا ئەمە هێندە لە نێو ئەندێشە خۆشەکانی خۆمان بژین و وەبزانین دەتانین بە گوڕی گەرمی ئەڤینە پڕ لە سۆزەکەمان تەمی پاشدامایی پێنج برایە نێرسالارەکەم بڕەوێنینەوە و ئەوهایان لێبکەین خۆیان ڕێی شاخمان پێشانبدەن! ئاخر خۆ ئەوان برایە جوانەمەرگە بیر ڕۆشن و ئازا و بوێرەکەم نین.. (وەک ئەوەی تازە جوانەمەرگی برای گیانی لەدەستدابێ لە هاڕژنی گریانێی دا.. ئیدی هەر خەریکی دڵنەوایی کردنەوەی بووم.. تا بە تەواویی هێورمکردەوە بەرد شەقیبرد!).

هێندەی لە توانامدا هەبوو ویستم پێی بسەلمێنم کە بێجگە لە دانەشاخ هیچ چارەکی دیکەمان نییە.. لێ ئەو هەر پێداگریی لەسەر قسەکەی خۆی کرد و نەهاتە ڕایێ.. پاش ئەوەی هیچ هومێدەکم نەما و بە تەواویی دەستم لێی شوشت لەوەی کە ڕەگەڵم بکەوی؛ ئەمنیش نەمتانی خۆم ڕادەستی هەست و سۆزەک بکەم کە سەرەنجام دەمخاتە نێو ئەو بنبەستەی دەبێ بە ناچاریی سازش لەسەر ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانم بکەم.. ئیدی زۆر بە ڕەپوڕاستیی لەدەستیمنا.. نازانم کوو تانیم ئەوها بە ڕەقیی لە بەرانبەری بدوێم:

- ئەمنیش دەتانم بە سای هەندەک خزم و ناسیاری چەتە و خۆفرۆش خۆم لە دەستگیرکردن قوتاربکەم و وەک هەموو ئەو خەڵکەش کاغەزەکی خۆفرۆشیی بن دیواران چێبکەم و سەرشۆڕانە لە نێو باغەڵی نازدار حەیرانێ لێی تێهەڵکەمە حەیرانان.. یان هیچ نەبێ دەتانم پاش هاوسەرگیریمان وەک ئەو کەسانەی لە سەربازیی دەرەڤن و نووکە لە نێو 'پتخ'ن - پتخ کورتکراوەی 'پارتیی ترسنۆکان و خۆپارێزان' بوو وەک گاڵتەجاڕیی - کاتی خۆم وەفێڕۆ بدەم و لە پەناوپەسیوی ئەو گوندانەی نێزیک شاری خۆ حەشاربدەم و یەک شەو چیە بێ باوەشی توو سەر بە سەرینێ نەکەم.. لێ داوای بووردنت لێدەکەم ئەمن خۆشەویستیی یەک میللەت بە خۆشەویستیی یەک تاقە کەس ناگۆڕمەوە! جا چیدی چاوەڕێی من مەکە و وەبزانە هەر هەمان کوڕە پلکەکەی جارانی پێش ئەو چەند مانگ خۆشەویستییە ناکام و بێ ئاکامەم. (زۆر عەنتیکەیە؛ کە کەسەکت لە کن شیرین بوو لە دەمی گریەوزارییشیدا هەر لە کنت شیرینە! دیسان گوڕ گوڕ فرمێسکی داباراند و بەسەر کوڵمە تورت و گەشەکانی ڕێچکەیان بەست... پێش ئەوەی ئەمنیش بگەمە دۆخی گریان بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ ڕێز لە قسە شۆڕشگێڕییەکانم بگرم.. لەبەرهەندێ بە پەلەپەل دوو ماچانم لە کوڵمانی کردن و ئیدی خۆم قوتارکرد و بە ئێکجاریی بەجێمهێشت.. لێ لەو کاتەوە تا ئێستاکەشی لەگەڵدابێ ئەمن هەرگیز بڕوا ناکەم فرمێسکی شیرین ڕوخساران بە هیچ جۆرەک سوور بێ.. ئاخر ئەمن بە خودێ ئەو دوو لێوانەی خۆم فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتی ویم هەڵمژین و بە زاری خۆم چێژمکردن شیرین شیرین بوون! جا با هەر خەڵک تەنانەت زانایانیش لە گوپی خۆیان بدەن و بێژن فرمێسک سوورە و شیرین نییە!).

هیچ لەوە ناخۆشتر و بە سفتوسۆتر نییە کە ئەتوو بە پێی هزر و تێڕوانین و ئەندێشەی خۆت تشتەکت لە مەژیی خۆت وێناکردبی کەچی لەپڕ ببینی خراپ سەرچیغ چووی و راستییەکە بە پێچەوانەوە تشتەکی دیکەیە و تا بن ملان بە هەڵەدا چووی! لە کاتی خەباتی نێو شار هەندەک جار لە هندوری خۆمدا وەها لە هزران رادەچووم کە ئەو قسە و قسەلۆک و پڕوپاگەندانەی دژ بە شۆڕش و شۆڕشگێڕان دەکرێن رەنگە راست بن! کەچی هەر دەمودەست و زۆر بە سووک و هاسانیی بڕوام بە خۆ دەهینا کە پێویست ناکا قسەی دوژمنان کارمان تێبکەن و ئەوانە پڕوپاگەندەی دەوڵەمەندان و بەکرێگیراوانی نێوخۆن چون ئەوان هیچ بەرژەوەندییەکیان لەگەڵ شۆڕش نییە، بێ هیچ لێوردبوونەوە و وەدوواداچوونەک ناومان لەو پڕوپاگەندانە نابوو 'شۆڕشی چەواشە' و دەمانگۆت ئەگەر گریمان شۆڕش هەندەک هەڵە و کەموکوڕییشی هەبی ئەوە تا ئەو کاتەی کە رێیەکی راست و پیرۆزمان گرتیتەبەر و لێی لانادەین هەمیشە دەتانین بە هاسانیی چارەیان بکەین!

کاتەک کە باری رامیاریی و کۆمەڵایەتی ناسەقامگیر دەبی هیچ تشتەک وەک خۆی نامینێ و خەڵک بە شێوەکی گشیی لە بێسەروبەریی و گێلەوێژەدا دەژین و ئیدی دیاردەگەلی زۆر نائاسایی و ناوازە روودەدەن.. ئاخر ئەوە کەنگێ و بە چ پێوانە و پێوەرەک رێی تێدەچوو نەوجەوانەکی وەک من کە تەمەنم تەنێ پازدە ساڵ بوو بە کاری رامیاریی و رێکخراوەییە خەریکبیم.. ئەویش لە جێیەک کە نەبوونی ئازادییەکان ژیان و مانی هەر کەسەکی لە مەترسییەکەوە بە مەترسییەکی دیکەوە دەسپارد و نێوانی مەرگ و کەسەکی دژبەری رامیاریی لە یەک داوە موو پتری تێنەدەپەڕاند! ئیدی بارودۆخەکە لەو نێوچانە ئەوها بوو.. کەسانەکی زۆر کەم هەبوون بیر لەوە بکەنەوە کە نابی زارۆکان و نەوجەوانان بە چالاکیی رامیارییەوە پەیوەست ببن یان پێداگریی لەسەر ئەوە بکەن کە هەرگیز ناشێ و ناکرێ بە هیچ جۆر و شێوەک چەکدار بکرێن.. داروودەستەی 'مافەکانی مرۆڤ'یش مێشەک مێوانیان نەبوو و هەر لە پشت مێزەکانی خۆیان دەڕازان.. نەیاندەتانی دارەک لەسەر بەردەک دابنێن.. خۆ ئێستاشیان هیچ لە پێشانیان باشتر نییە.. تا ئەو بایەش لەو کونەی بێ واتە تا خەڵاتی ئاشتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و نازانم چی و چی بە دڕندەترین و شەڕخوازترین کەسانی ئەو جیهانە ببەخشرێن هەر ئەوها دەبن ئەگەر خراپتریش نەبن! جا بە کورتییەکەی.. شۆڕش و خەباتی چەکداریی هێندە لە کنە من خۆشەویست و بەرز و مەزن بوون رۆژەکیان بەو تەمەنە گچکەمەوە کە هێشتا هیچم لەگەڵ کیژە پلەکە خوێنشیرینەکەم نەبوو و نەشیدەزانی ئەمن خەریکی کاری رامیارییم.. خۆم لە داک و بابم دزیەوە و رێی هات و نەهاتی شۆڕشم گرتەبەر! لێ بەو پێیەی کە هێشتا خوێندکار بووم پێیانگۆتم باشترە ڤەگەڕم و خوێندنەکەی خۆم تەواوبکەم.. هەروا گۆتیان ئەتوو وەک کەسەکی زیرەک و هۆشیار کە لە رێکخستنیش کاردەکەی دەکرێ شۆڕش زۆر زۆر پتر لە نێو شارەکان سوودت لێ ببینی! ئەرێ.. لەبەرئەوەیان نەبوو کە تەمەنم لە خوار هەژدەیە و ناکرێ ببمە چەکدار.. بەڵکە نیگەرانی ئەوە بوون کە بگەڕێمەوە درێژە بە کاری مەترسییداری رێکخستنی نهێنیی نێو شارەکان بدەم تا پتر سوود بە شۆڕش بگەینم! ئیدی دەرفەتیان نەدا چەک هەڵبگرم و گەڕامەوە شاری.. هەر باش بوو بێجگە لە داک و بابم کەس بەو بەزمەمی نەزانی دەنا زۆر لەگین بوو هەر سەریشم تێبچی. پاش چەند ساڵەک لە چوونەوە بەر خوێندن و درێژەدان بە کاری رامیاریی و رێکخراوەییم لە رێی کەسەکی خۆفرۆشەوە لە کن رژێم ئاشکرابووم کە لە رێکخراوەکی نهێنیی کاردەکەم.. خۆشبەختانە زوو پێمزانی و نەکەتمە بەردەستیان.. ئیدی پاش ئەوەی وەک گۆتم کیژە پلکە خوێنشیرینەکەم بێ هومێدی کردم و

بە تەواویی دەستم لێی شوشت لەوەی کە ڕەگەڵم بکەوی.. دیسان رووم لە شاخ کردەوە.. باش بوو ئەو جارە بە هۆی ئەوەی مەترسیی گرتنم لەسەر بوو شۆڕش هیچ پاساوەکی نەبوو تا ڕێ لە چەکداربوونم بگری و بێ سێ و دوو وەریانگرتم.

لە شار ئاشتی و لە شاخ شەڕ؛ لە نێو شارەکان لەگەڵ ڕێکخستنەکانی پارتیە بەرهەڵستکارەکانی دیکە گرفتەکی ئەوتۆمان نەبوو و بگرە هەندەک جار هاوکار و یارمەتییدەری یەکدیش بووین.. واتە دژبەرانی رژێم جۆرەک لە هەماهەنگییمان هەبوو لە نێو شارەکان.. لێ لە شاخ بێجگە لە شەڕی رژێم کە زۆر سەرسەختانە و بێ هیچ جوایەزییەک دوژمنی هەر لایەکمان بوو و هەموومان پێماندەگۆت 'دوژمنی سەرەکیی'.. شەڕی نێوخۆش گەرم بوو و بە یەکدیمان دەگۆت 'دوژمنی لاوەکیی'! ئیدی دوژمنە سەرەکییەکە 'واتە رژێم' زۆر سوودی لەو تێرِوانین و ناولێنان و بەرخوردەمان دەدیت؛ لەگەڵ ئەوەی زۆر سەرسەختانە دوژمنی گشتمان بوو لێ لە پێناو ناکۆکیی خستنە نێوانمان و تێکبەردانمان ناوەناوە لە ڕێی تاکتیکە لەخشتەبەرەکانی بە ناوی 'گفتوگۆ.. دانوسان.. پێکهاتن.. ڕێکەتن.. ئاشتبوونەوە.. گۆڕانکاریی رامیاریی و تشتی دیکەی لەو بابەتانە' هەر جارەو لایەنەکی وەکاردەبرد و دەیکردە دوژمنی شۆڕش! هەڵبەتە ئەو دەستەواژانەش هەر پتر لایەنەکان دایاندەتراشین تا بە گۆکردنیان سەرنجی خەڵک و لایەنگرانیان رابکێشن و وەهای پێشانبدەن کە دوژمن وەک لایەن و هێزی گەورە ناچارە لەگەڵیان دابنیشی و ئەو کارەش لە پێناو وەدەستهینانی ئامانجەکانی میللەت دەکەن.. ئەگینا رژێم ئەو دەستەواژانەی هەر بە رووکەش وەکاردەبردن چون هەر لە بنچینەدا دانی بە بوونی هیچیان دانەدەنا وەک لایەن.. سەرەنجام لە کۆتایی گەڕی هەر دانیشتن و گفتوگۆیەکی لەگەڵ هەر لایەنەک تاقە چارەسەری وی هەر ئەوە بوو کە ئەو لایەنە ببنە کۆمەڵە چەکدارەکی کرێگرتەی سەر بە خۆی و لە بارتەقای ئەوەش پارە و چەکی باشیان پێببەخشی! خۆ لایەنەکانیش زۆر باش ئەوەیان دەزانی.. لێ ئەوانیش هەر یەکەیان بە پێی هزر و ئەندێشەکانی خۆی خواست و ئامانجی خۆی هەبوو؛ هەبوو دەیویست چەکدارەکانی پشییەک بدەن و هەندەک چەک و پارە وەدەستبخەن.. هەبوو دەیویست خۆی بە لایەنەکانی دیکە پێشانبدا کە هێز و کاریگەریی هەیە لەسەر گۆڕەپانی شەڕ.. هەبوو دەیویست خۆی بەو وڵاتانە پێشانبدا کە دوژمنی رژێم بوون تا کاتەک کە لەگەڵ رژێم بە هیچ ناگا ئەوان بتانن بیکڕن و یارمەتییەکی بدەن.. هەبوو دەیویست لایەنەکانی دیکەی پێ لاواز بکا و تەنێ خۆی گۆڕەپانەکە قۆرخ بکا.. تەنانەت هەبوو ئامادەبوو بە هەموو شێوەک خۆی رادەستی رژێم بکا لێ بە مەرجەک وەک هێزەکی رامیاریی کوتە دەسەڵاتەکی زۆر گچکەی هەبی یان بە لایەنی کەم رژێم هەمان بەرخورد لەگەڵ وی نەکا وەک ئەوەی لەگەڵ ئەو چەکدارگەلانەی خۆی دەیکا کە دوور و نێزیک هیچ پەیوەندییەکیان بە کاری رامیارییەوە نییە و تەنێ لە پێناو پارە چەکدارن و ئامادەن هەر تشتەک بکەن! سەرەڕای ئەوانە و زۆر خواست و ویستی سەیروسەمەرەی دیکە ئەو ئامانجە یان راستتر بێژین ئەو ئەندێشە نەزۆکەش هەبوو کە بەڵکە ئێهـ رژێم نیازی باش بی و هەندەک گۆڕابی.. واتە بیەوێ واز لە دیکتاتۆریەت بهینی و بە کردەیی لەگەڵ دژبەرانی ڕێکبکەوی و وردە وردە لە ئایندەدا سیستەمەکی وەک دیموکراسییە باوە پەڕپووتەکە چێبکەن و هەر لایەنە و چمکەکی دەسەڵاتی وەبەربکەوی و ئیدی زۆرینەی خەڵک بە خۆشیی یان بە ناخۆشیی بخەنە ژێر هەژموونی خۆیان و تێکڕای ئامانجە راشکاوەکانی گەلیش وەک 'مافی سەربەخۆیی گەلان.. کەمکردنەوەی جوایەزیی چینایەتیی و هەنگاونان بەرەو یەکسانیی.. ئازادییە جۆراوجۆرەکان.. یەکسانیی ژنان و پیاوان، سەروەریی یاسا.. پاراستنی ژینگە و ئاژەڵان.. مافەکانی مرۆڤ چ

وەک تاک چ وەک کۆمەڵ.. گەشکردنی ئابووری.. دوورخستنەوەی دین لە دەسەڵات و سەپاندنی بەسەر کۆمەڵ.. دامەزرانی دەوڵەتی شارستانیی و پێشکەتنی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و... تد' بە فەرامۆشیی بسپێرن و مەژیی نەوە تازەکانیش بە 'لیبرالیزم.. خاوەنداریەتیی تایبەت.. رەگەزپەرستیی شاراوە و نەشاراوە.. دین و دابونەریت.. تاکگەرایی.. نێرسالاریی.. لۆژیکی هێز و پارە.. زانست و تەکنەلۆژیای وێرانکەر و گێژکەر.. ئاکامی جەنگەکان و شەڕی بایۆلۆژیی و... تد' بشۆنەوە.. بە کورتییەکەی دیکتاتۆریەتی گشتگیر و وەهێزی یەک کەس بە گەلە دیکتاتۆرەکی گچکە گچکەی رامیاربازان یان راستترە بێژین بە دیکتاتۆریەتی سەرمایە و کۆمپانیایەکان بگۆڕنەوە!

بە تەمەن لە هەموو ئەو شۆڕشگێڕانە گچکەتر بووم کە پێکەوە بووین، هەرچەندە ئەمن تازە چەکم هەڵگرتبوو و هێشتا هیچ بەرپرسیارییەکم وەرنەگرتبوو.. لێ بە هۆی ئەزموونی پێشترێم کە لە شار سەرپەرشتیی بیست و پێنج ئەندامی رێکخستنم دەکرد و زۆر جاریش خۆپێشاندانمان ئەنجامدەدا.. جارەکیشیان تێیدا برینداربووم، هەروا پێش دانەشاخ لە نێو ئەو هاوڕێیانەی یەکدییمان دەناسیی و پەیوەندیی رێکخراوەییمان پێکەوە هەبوو دەستە چەکدارەکی نێو شاریشمان هەبوو کە خۆم بەرپرسیان بووم.. باش بوو زوو لەبەر پاراستنی گیانی هاوڕێیان لە سەرکردایەتیی شۆڕشەوە بڕیاردرا چالاکیی عەسکەریی لە نێو شارەکان رابگیردرێ.. دەنا هیچ گومانی تێدانەبوو ئەمەش هەموومان تێدەچووین، بە شێوەکی گشتیی هەندەک ئەزموونم هەبوو.. خراپ نەبوو؛ ئیدی وەک هەر کەسەکی بەرپرس پرسوڕایان پێدەکرم. لە سێبەری گەوەرە شاخەکی نێزیک بارەگەکەمان دانیشتبووم و خەریکی خوێندنەوەی بابەتەک بووم لەسەر 'شەڕی نێوخۆ'.. بەرپرسی یەکەمی بارەگەکەمان هاتە کنم.. پاش ئەوەی کەمەک گفتوگۆی ئەو بابەتەمان کرد کە دەمخوێندەوە.. دیاربوو تێڕوانینی لەسەر شەڕی نێوخۆ زۆر نەرێنیی بوو و زۆریش دوور بوو لە هەستی مرۆڤپەروەریی؛ پێیوەبوو شەڕی نێوخۆ لە هەندەک قۆناغ و بە پێی بارودۆخی هەر وڵات و نێوچەک پێویستییەکی شۆڕشگێڕیی و مێژوویە و زۆر باشە لۆ پاکسازییکردنی هێزە نەیارەکانی شۆڕش. زۆر نیگەران بوو بە تێڕوانییەکانی من کە تەواو پێچەوانەی ئی وی بوون.. پاشان گۆتی:

- هاوڕێ ئەمن هاتم پێتبێژم سبەینێ چالاکییەکی عەسکەرییمان هەیە.. جا ئەتووش دەتانی تێیدا بەشداربی.. (حەزم بە هیچ شەڕەک نەدەکرد کە دڵنیا نەبووبم شەڕەکە پێویست یان شۆڕشگێڕانە نییە.. کە بە هووردیی تێیهزریم لە هندوڕی خۆم گۆتم 'ئەوان کە نەخشەی چالاکییەکەیان داڕێژتیە هەڵبەتە پێیانوەیە پێویستە و هەر لەو گۆڕەی بڕیاری سەرپێیی نادەن.. پاشانیش ئەوان ئەزموونیان پترە و هەر خۆشیان باشتری لێدەزانن لە من'.. ئیدی یەکسەر و بێ هیچ دوودڵییەک گۆتم: "ئەرێ.. بێ گومان ئەمن ئامادەم") چالاکییەکە بە کورتاسیی بەو شێوەیە: دەستەک لە پارتیە لادەرەکە دزەیان کردیتە نێوچەکە و ئێستا لەو چیایانەی خوارێ جموجۆڵیان هەیە.. پێویستە چەند دەستە چەکدارەک بنێرینە سەریان و لە نێوچەکەیان وەدەرنێین.. ئەگەر نەکشانەوە دەبی بە توندیی لێیانبدرێ چونکێ ناکرێ هەر لەو گۆڕەی بەرشەقی جوولە و چالاکییەکانی مە بەرتەسک بکەنەوە، جا ئەتوو وەک کادیرەک پێویستە ئەوشۆ پاش ئەوەی هێزەکەمان لە نیازی ئەنجامدانی ئەو چالاکییە هاییدار دەکەینەوە هانیان بدەی کە چالاکییەکی پێویست و رەوایە و لە رووی دەروونییشەوە ئامادەیان بکەی.. 'بەرپرسی کۆمەڵایەتی' و چەند هاوڕێیەکی دیکەشمان بە هەمان شێوە هاییدار کردیتەوە.. ئیدی هومێدەوارین خرتان بتانن نەخشی پێویستی خۆتان بگێڕن.

پاش ئەوەی کەمەک سەبارەت بە نەخشەی چالاکییەکە دواین و گەڕاوە بارەگەکە.. لە کنە خۆم بڕیارمدا کە هەرگیز ناکرێ ئەمن بەشداریی شەڕی نێوخۆ بکەم.. کوو دەکرێ شەڕی پارتیەک بکەم کە وەک خۆمان دژبەری ڕژێمە!؟ هەردوو لامان وەک بەرنامە دوو پارتی چەپ بووین.. لێ ئەمە خۆمان بە پارتیەکی چەپی ڕاستەقینە دەزانی و ئەوانیش پارتیەکی چەپی لادەر. پاشان کە بە هووردیی بیرمکردەوە هەستمکرد ئەگەر نەچمە ئەو شەڕە ئەوە پێگەکەم لە لای شەڕخوازانی شەڕی نێوخۆ کە بە هۆی ململانێی کەسیی و پارتیایەتیی زۆربەی بەرپرسانی گشت لایەنەکان دایسابوو لاواز دەبی و ئیدی لە هیچ تشتەکی دیکە متمانەم پێناکەن و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کارکەنارم دەکەن.. لێ ئەوەیانم زۆر لە کن گرنگ نەبوو.. بەڵکە کێشە گەورەکەی من لەو دەمدا ئەوە بوو کە باش دەمزانی بەرپرسی کۆمەڵایەتی و زۆربەی کادیرانی بارەگەکەمان ملکەچی چاک و خراپی بڕیارەکانی بەرپرسانن و ئیدی هاوڕێیان زۆر خراپ هاندەدەن و ئاوری شەڕەکە خۆشتر دەکەن.. لەبەرهەندێ ناچار ڕای خۆم گۆڕی و بڕیارمدا بەشداریی بکەم لێ کارەکی وەها بکەم کە ڕێژەی بەشدارییکردنی چەکدارەکان لە شەڕەکە کەم بکەمەوە.. ئەوانەی ناتانم وەیانلێبکەن بەشداریی نەکەن بە لانی کەم بتانم تێیانبگەیەنم ئەو شەڕە زۆر ناڕەوا و کەونەپەرستانەیە تا ساردیان بکەمەوە لەوەی دەستیان بچتە کوشتنی کەسانەک کە تاوانبار نین بەڵکە وەک مە شۆڕشگێڕن با بیروباوەڕیشیان جواد بی.. هەر هیچ نەبی ئەوانیش خەڵکانەکی چەوساوەن لەو میللەتە و چەکدارگەلەکی خۆبەخشن دژ بەو ڕژێمە فاشییە.. هەروا بتانم بەوە سەرنجیان ڕابکێشم کە بێجگە لە ڕژێم و دەستەگەرە شەڕخوازە پاوانخوازەکان و بازرگانانی جەنگ هیچ کەس و هیچ لایەک سوود لە کوشتنی کەسانی شۆڕشگێڕ نابینن جا لە هەر لایەک بن.

تا شەودرەنگان بێجگە لەوەی سێ هاوڕێی زۆر ئازا و جەربەزەم وەلێکرد کە بڕیاربدەن نەچنە ئەو شەڕە.. بڕوام بە هەندەکی دیکەشیان هینا ئەگەر چووشن بە نیازی کوشتن تەقەیان لێنەکەن و خوێنی ئەو خەڵکە شۆڕشگێڕە نەڕێژن... هاییم لەوە نەبوو کە بەرپرسە کۆمەڵایەتییەکەمان هەموو قسەکانی منی گەیاندبووە بەرپرسە بڕیاردەرەکانی چالاکییەکە.. سبەینەکەی کە خەریکی خۆئامادەکردن بووین یەکەک لە بەرپرسەکان گاسی منی کرد و گۆتی:

- ئەوهای بە باش دەزانین و بڕیارماندا کە پێویست ناکا ئەتوو لەگەڵیان بچی چونکێ هەر دە پازدە چەکدارەکی پارتیە لادەرەکەن.. خۆشت دەیزانی ئەوانە شەڕکەری هێندە وەهێز نین.. خۆیان بە خەڵکەکی ئاشتیخواز دەزانن.. هاهاها! دوو تەقەیان لێبکەی تێیدەقوچێنن.. جا پێویست ناکا ئەو هەموو چەکدارە بەسەریاندا بگێڕین.. (بە لامبییەکی زۆرەوە بەرانگژی بوومەوە و گوتمێ: "بێ گومان دەبی ئەمن بچم.. ئەمن پێویستە هەندەک ئەزموونی شەڕ پەیدابکەم".. ئیدی ئەویش خۆی لۆ نەگیرا و زۆر بە ڕەقیی لەدەستمینا):

- نا نەخێر.. ئەتوو هێشتا نەچوویە شەڕەکە کۆمەڵەک هاوڕێت لێهەگەڕاندینەوە.. ئەدی ئەگەر لەگەڵیان بچی چ دەکەی!؟ بێ گومان هەر لە نیوەی ڕێیێ خریان پەژێوان دەکەیەوە.. ئیدی بە مایەپووچیی دەگەڕێنەوە.. (خۆم مشتومالڵ کرد کە بەرسڤی بدەمەوە لێ نەیهێشت و گۆتی) دەرفەت بدە کاکە.. با ئەمن ئامۆژگارییەکت بکەم؛ ئەتوو هێشتا هەرزەکاری لە بابەتی ڕامیاریی و ململانێی پارتیایەتی.. باشترە خۆت بە دەردی 'هاوڕێیە لادەر و ئاژاوەگێڕەکانی نێو خۆمان' نەبەی.. (بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی من بکا یەکسەر ڕووی خۆی وەرسووڕاند و ڕۆیی! مەبەستیشی لە هاوڕێیە لادەر و ئاژاوەگێڕەکان ئەوانە بوون کە بە توندیی پێیان لەسەر ئەوە داگرتبوو ڕێکخراوەکەمان درێژە بە ڕێبازی خۆی بدا و لە پێناو ئامانجەکانی گەل بە تایبەتییش ماف و

ئازادییەکانی چینە هەژار و ستەمکێشەکان تێبکۆشی.. لێ رەوتە کۆنەپارێز و میللییگەراییەکەی نێو خۆمان لە پیلانەکی ڤێزەون پاکتاویان کردبوون).

هەڵبەتە ئەمن بەو نیازە دەمویست لەگەڵیان بچم تا شەڕەکە بە ڤورسیی ئەنجامنەدرێ و بێ زیان تێبپەرێندرێ.. لێ دەرفەتیان نەدا تێیدا بەشداربم.. ئەوەش زۆر باش بوو لۆ خۆم کە نەبووە تۆمارەکی خراپ لە مێژووی شۆرشگێرییمدا.. دەتانم ناز بەوەوە بکەم کە تا کۆتایی شۆڕش یەک فیشەکم لە شەڕی نێوخۆ نەتەڤاند، ئیدی بە داخەوە لەو شەڕەدا کەسەکی وان و هاوڕێیەکی مە گیانیان بەخشی.. دەشێ بێژین 'ئەوان لە پێناو هیچ تێچوون!'. خۆ بە پێی تێروانینی باوی بارودۆخی ئەوسای نێو شۆڕش دەبووایە ئەمنیش وەک زۆربەی زۆری هاوڕێیان بەشداریی لە شەڕی نێوخۆ بکەم.. لێ نەمکرد و متمانەی خۆم تا رادەیەکی زۆر لە کن بەرپرسەکان لەدەستدا.. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کاتەک کە بەرنامەی چالاکییەکی دیکەیان دارێژت هیچ ئەرکەکم پێ نەسپێرن و تەنێ وەک چەکدارەک بەشداریی تێدا بکەم.. تەنانەت بڕیاری چالاکییەکە و نەخشەکەشیم بە شێوەکی ناڕاستەوخۆ و لە رێی برادەرایەتییەوە لە هاوڕێیەکی نێزیکم بیست نەک لە رێی رێکخراوەیی و رێوشوێنی ئامادەکاریی نەخشەی عەسکەریی، بە کورتییەکەی.. چالاکییەکە چوونە نێو هاوینەواری شارۆچکەک بوو کە دوژمن تێیدا زۆر وەهێز بوو.. دەبووایە لە سێ ڤۆڵەوە هێرش بکەین تا بگەینە وێ. ئامانج ئەوە بوو هەژموونی شۆڕش بە دوژمن پێشانبدەین و پەیامی شۆڕشیش بگەیەنینە میللەتەکەی خۆمان و لەوە دڵنیایان بکەینەوە کە شۆڕش هێزەکی مەزنی هەیە و دەتانی لە پەلاماری رژێم بیانپارێزی.. لە پێناو سەلماندنی ئەوەش نەخشەکە وەها دارێژدرابوو کە چەند کەسەکی سەر بە رژێم وەک دیلی شەڕ بگرین و پاشان بە زیندانییەکانی خۆمان بیانگۆڕینەوە جا چ ئی شۆڕش بن چ ئەو کەسە بێلایەنانە بن کە لە هێرشەکانی رژێم رەشبگیر کرابوون. وەک هەر هاوڕێیەک بەوپەڕی خۆشیی و شادمانییەوە خەریکی خۆسازدان بووم.. کاتەکم زانی بەرپرسی کۆمەڵایەتی هاتە کنم.. هەستمکرد زۆر دەترسێ.. بە هۆی ئەوەی کە دەیزانی ئەمن زۆر نهێنییپارێزم و ڤسەی کەس لە کن کەس نادرکێنم.. واتە ڤسە هینان و بردن کاری من نییە.. یەکسەر و بێ هیچ تەمومژەک گۆتی:

- نازانم.. ئەو بەرپرسانەی مە کوو ئەوها بیردەکەنەوە!؟ جوایەزیی بە هیچ ناکەن و رەچاوی پێگەی هیچ هاوڕێیەک ناکەن.. ئاخر کەنگێ ئەوە راستە؟ دەیانەوێ تەنانەت کادیرانی وەک من و تووش ببەنە ئەو چالاکییە مەترسییدارانە و لە پێشەوەی شەڕەکان سینگی خۆمان بە گوللە وەنێین؟ توو سەری خۆت ئەوە شۆڕشە!؟ لەبەرچی ئەوان لەوە تێنەگەن کە کادیران بزوێنەری شۆڕشن و لە بەرپرسە عەسکەرییەکان زۆر گرنگترن لۆ شۆڕش، ئەگەر هەر ئەوها بماننێرنە ئەو شەڕە سەختانە ئەوە گشتمان تێدەچین و هێزەکەشمان دەبتە هێزەکی بێ باوەڕی عەسکەریی وەک سوپایە زەبەلاحە فشۆڵەکەی رژێم... (ئیدی داشی من سواربوو و نەمهێشت ڤسەکەی تەواوبکا):

- نا.. نا هاوڕێ.. چێترین و جوانترین تشت لە شۆڕشەکەی مە ئەوەیە کە هەمووومان چەکداری شەڕکەرین بێ هیچ جوداهییەک! ئەمە لە پێناو ئەوە یاخییبووینە تا خەڵک لە کۆیلەیی و بندەستیی رزگاربکەین نەک کۆیلەگەلەکی دیکە ئافەریدە بکەین و لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆمان وەکوشتیان بدەین، وێدەچی ئەتوو نیگەرانی کادیران نەبی بەڵکە لە غەمی پاراستنی خۆت بی.. (ویستی ڤسەکەم پێببڕی لێ هاوارم لەسەری کرد و درێژەم دایێ) باشترین شۆڕشی چەکداریی ئەوەیە کە کادیرەکانی هەردەم لە هێڵی

پێشەوەی هەموو نەبەردییەکاندا بن و لە هیچ رووەکەوە هیچ جوایەزییەک لە نێوان شۆڕشگێڕەکاندا نەبی.. نازانم ئەتوو بە چ تێڕوانینەک و بە چ مافەک باسی پاراستنی کادیرە ترسنۆک و ملکەچەکانی خۆمانم لۆ دەکەی.. هەڵبەتە ئەمن بایی ئەوە رێزیان لێدەگرم کە هەمووەمان پێکەوە لە هەمان سەنگەری دژ بە رژێمین، نا هاورێ.. ئەگەر راستییت دەوێ ئەوە دەتانم بێژم ئەتوو کەسەکی زۆر ترسنۆکی.. ئەگەر ترسنۆک نەبای هاندەری شەڕی نێوخۆ نەدەبووی.. وەک هەندەک هاورێ گێڕایانەوە؛ لەو شەڕەی دواییێ لەگەڵ پارتیە چەپە کلاسیکییەکە ئەتوو و چەند بەرپرسەک لە ترسان خۆتان دابووە دوایێ و تەنێ ئەو هاورێیە دڵسۆزانە جەنگابوون کە بە هۆی ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییەکان هێشتا بە شێوەکی ئەوتۆ پەروەردە نەبووینە و نازانن شەڕی نێوخۆ تا چ رادەک کەونەپەرستانە و نامرۆییانەیە.. تا چەند کارتێکردنی خراپی هەیە لەسەر بزاڤەکەمان.. سەرەنجام بێجگە لە زیانە هەنووکەییەکانی تۆی رق و تۆڵەش لە نێو میللەتەکەمان دەچینی و ناتەباییەکان چڕتر دەکاتەوە و خوێنڕژانی پتریشی وەدوودادێ.. (ئیدی نوقەی لێوە نەهات و بە پەلە خۆی لەبەردەستم قوتارکرد).

لە سێ قۆڵەوە گەیشتینە نێزیکی خانییەکانی هاوینەوارەکە.. نەخشەکە ئەوها بوو کە بەشی یەکەمی قۆڵی دووەم هێرش بکەنە سەر پاسەوانەکانی ئەو رێیە سەرەکییەی کە دەچۆوە نێو شارۆچکەکە و هاوینەوارەکە.. پاش گرتنیان و پاکتاوکردنیان لەوێ سەنگەری خۆیان بگرن.. ئەوەش تا ئەگەر دوژمن لەوێوە هێزی جوولاند پێشیان لێبگرن و دەرفەتیان نەدەن بگەنە لای مە.. بڕیاربوو ئەمەش کە قۆڵی یەکەم بووین لەگەڵ قۆڵی سێیەم و بەشی دووەمی قۆڵی دووەم هەر یەکەمان لە هێڵی خۆیەوە و هەمووەمان پێکەوە لە کاتی خۆمان پێشڕەویی بکەین تا لە هاوینەوارەکە یەکدەگرینەوە، لێ بە هۆی ئەوەی بەشی یەکەمی قۆڵی دووەم ماوەکی چاک بەر لە دەستپێکردنی هێرشەکەیان ئاشکرابوون بە ناچاریی تووشی شەڕەکی دەستەویەخە بوون و نەیانتانی ئامانجەکەی خۆیان بپێکن.. ئیدی لەشکرگەکانی دوژمنەوە لە هەموو لایەکەوە و زۆر بە چڕیی بەر تەقەیان داین و دەرفەتی هیچ پێشڕەوییەکیان نەداین.. بە هەڵدانی 'گوللەی رۆشنکردنەوە' ئەو کاتە تاریکەیان لێکردینە رۆژی رۆناک.. ئیدی هەر ئەوەندەمان پێکرا لە بن رەوەزە بەردەکان خۆ بە زەوییەوە بنووسێنین.

بەرپرسە عەسکەرییەکەی قۆڵی مە کەسەکی پیر و بە ئەزموون بوو و کەونە شۆڕشگێڕی لایەنەکی دیکە بوو و لەمێژ نەبوو بە مە پەیوەست ببوو.. لێ هێندە ئازا و چاپووک نەدەهاتە بەرچاوان.. هاواری دەکرد و دەیگۆت: "هیچ نییە تەنگاو مەبن.. بەس خۆتان لەگەڵ زەوی تەخت بکەن و جوولەجوول مەکەن، هیچ نییە و هیچیان پێ لەگەڵە مە ناکرێ... بەس لە هەر دەرفەتەک کە ئەو رۆناکییە دادەمری برووسکە ئاسا خۆتان بگەیەننە ئەو لێژاییەی پشتەوەمان... ئامادەبن و تا ئەمن ئاماژەتان نەدەمێ لە جێی خۆتان نەجوولێن..."، ئەمن لەوان دەماندا هیچ ترسەکی ئەوتۆم نەبوو چونکێ دەمزانی چەکدارانی دوژمن ناتانن و ناوێرن داکێشێنە خوارێ و هیچ رووناداا.. حەزمدەکرد هەر تەمەشای ئاسمانێ بکەم؛ لە هەر لایەکەوە تەمەشامدەکرد یەک پارچە رۆناکیی گەش و رۆشن بوو.. دەتگۆت جێژنەی سەری سالانە.. دیمەنی گورزە رۆشناییە یەک لەدوو یەکەکان و کوژانەوەیان تابلۆگەلەکی زۆر هونەریی و سەرنجڕاکێشی دەنواند لە کنە من.. دەمویست چاوانم وەک کامیرایەکی سینەمایی وەکاربهینم و گرتەکان لە مەژیی خۆم تۆماربکەم تا لە پێشەڕۆژ لە نووسینی چیرۆک و هۆنراوان سوودیان لێوەربگرم.

کە ئاوڕمداوە دوایێ دیتم ئەوە کاک بەرپرسی کۆمەڵایەتییەو قارەمانانە خۆی تەختی زەوی کردیە و تەنانەت رووومەتیشی پێوە قرمساندبوو.. لە ترسان وەک مشکی بەر چەپۆکی پشیلە هەڵدەلەرزی! ئەمنیش سوخرمەکم خێواندێ و گۆتمێ: "هێی هاوڕێ.. هاییت لە زەوییەکە بی کونی نەکەی!" لێ هیچ خۆی نەجوولاند.. سوخرمەکی دیکەم لێیدا و بە دەنگەکی بەرزتر دوام تا هاوڕێیانیش بیبیستن: "هێی لاوکۆ.. هێی قارەمانی شەڕی نێوخۆ.. هەر سەرت قیتبکەوە سەر.. تا هیچ نەبی هاییت لە هاوڕێیان بی کە کەنگێ دەجوولێن و دەکشێینەوە.. رەنگە هەر هەنووکە لە گچکەترین هەل بڕیاری پاشەکشێ وەربگرین.. ئەگەر وەها نەکەی ئەوە بە تەنێ بەجێدەمینێی لێرە" ئەوجا یەک قیچ سەری خۆی قیتکردەوە. بە کورتییەکەی دەرفەتەک رەخسا و زۆر بە خێرایی پاشەکشێمان کرد (لەوان سەردەمان بە 'هەڵاتن'مان دەگۆت 'پاشەکشێ' و پێمان کەمیی و نەنگیی بوو بێژین هەڵاتین!).. ئیدی وردە وردە کشاینەوە تا گەیشتینە جێیەکی دوورەدەستی دوژمن.. پاش ئەوەی پشییەکماندا بەرەو ئەو دوو ترومبێلە لاندگرۆزەرە ملمان نا کە پێشترێ لەوان دەران حەشارماندابوون.. کە گەیشتین یەکسەر گڕماندان و وەڕێکەتین، دوو قۆڵەکەی دیکەش کە پاشان زانیمان هیچ زیانەکیان نەبووە هەر یەکەو بە ئاراستەکی جودا خۆیان گەیاندبۆوە نێوچە رزگارکرایەکان.

تاریک و رۆنی سپێدە گەیشتینەوە دەڤەرەکەی خۆمان.. ئیدی ترسمان نەما و پێشبینیی ئەوەشمان نەدەکرد دوژمن وەدووماندا بێ.. لێ پاش دەمەک کە گەیشتینە دامەنی دێیەکی بنار زنجیرە چیایەک لەپڕ دوو کۆپتەر دابەزینە سەرمان.. هاوکاتی دابەزینمان لە ترومبێلەکان گوللەبارانیان کردین و هەردوو ترومبێلەکەیان هەر لەوێ ئاورتێبەردان.. ئیدی تا ئەوان سووڕانەوە ناچارماین بە پەلە بچینە نێو دێیەکە و دوو دوو و سێ سێ خۆمان خزاندە نێو خانییەکان و بەرانبەریان دامەزراین.. تەنێ هاوڕێیە قارەمانەکەی بەرپرسی کۆمەڵایەتی نەبی کە بە تەنێ بەرەو نێزکترین هۆڵەبانی ئاژەڵان تێیقوچاند و تا کۆتایی شەڕەکە نەماندیتەوە، کۆپتەرەکان لەدوو یەک دەسووڕانەوە و بێ جوایێزیی دەستریژیان لە مە و لە ئاکنجیانی دێیەکە دەکرد.. لە سەرەتادا بڕیارماندا تەقە نەکەین تا پتر شێتگیر نەبن کە دێییەکە وێران بکەن و خەڵکەکە بەربکەون.. لێ کە دیتمان هەر وازناهینن و هێرشەکە توندتر دەکەن ناچارماین بە 'ئارپیچی' و 'تکتاریۆف' و 'کلاشینکۆف'ان بەرپەرچمان دانەوە - ئەوە یەکەمین شەڕم بوو لە نێو شۆڕش و لە شاخ.. یەکەمین جاریشم بوو بە کلاشینکۆف تەقە لە کۆپتەر بکەم - ئیدی چیدی نەدەوێران بەو ئەندازە نەوی ببنەوە کە گوللەکانیان هیچ تشتەک بپێکن.. پاش ماوەکی کەم بە ناچاریی دەستبەردارمان بوون بێ ئەوەی هیچ زیانەکی گیانیی بە خۆمان و بە خەڵکەکە بگا.

کاتەک کە خەریکبووین لە گوندەکە دەردەچووین یەکەک لە هاوڕێیان بە دەنگەکی زۆر بەرز هاواریکرد: "هاوڕێیان.. بەرپرسی کۆمەڵایەتی دیار نییە".. هیچ کەسەک هیچی دەربارەی نەدەزانی.. هاوڕێیەکی دیکە گۆتی: "دەبی وەدوویدا بگەڕێین.. هومێدەوارم هیچی بەسەرنەهاتبی.. لێ ئەمن دەترسێم لە جێیەک بریندار بووبی یان گیانی بەخشیبی".. ئەمنیش لەسەرەخۆ گۆتم: "نا نا هاوڕێیان.. ئەو هاوڕێیەمان ئەو کەسە نییە گیانی خۆی ببەخشی (بە دەست ئاماژەکم بەو هۆڵەبانەی بەر ئاوایی کرد کە ئەو لەگەڵ هاتنی کۆپتەرەکان خۆی گەیاندە ئەوێ) بڕۆن.. دەتانن لەو هۆڵەبانەی ئاژەڵان بیبیننەوە!".. هاوڕێیەک چوو و پاش دەمەک پێکەوە هاتنەوە!

سەرەنجام هۆرتە هۆرتە بەرەو بارەگەکەمان ڤەگەڕیاین کە لە نێوقەدی چیایەک و جێیەکی فرە سەرنجڕاکێش و ئەفسوونیی چێکرابوو.. دەتگۆت ئەو جێیە بە خواستی هونەرمەند و نەخشەدارێژەکی فرە جوانناس و شارەزا و ژێهاتیی دەستنیشان کرایە.. هەر ئی ئەوە بوو بالکێشترین جێی گەشتیاریی جیهانیی لێچێبکرێ.. نەک جێی کۆمەڵە چەکدارەک بی کە نەیاندەتانی تەنانەت ڕێز لە ژینگەکەی بگرن و ئازاری گیانەوەرانی دەڤەرەکە نەدەن، جا لەوەش خراوتر و پڕ دەردەسەرییتر ئەوە بوو؛ ئەمن وەک خۆم بە هۆی کەسەکەکی لەخۆڕازیی و گەمژە بە ناوی 'ئەندامی نووسینگەی رامیاریی' کە هەمیشە لەوێ بوو و ڕێک وەک خاوەن چێشتخانەکی زۆر پیسکە و چاوچنۆک دەهاتە بەرچاوانم.. ئەو بارەگەم لێببووە زیندانەکی تەسکوتریسک و زۆر ناخۆش و بێزەوەر!

- ٣ -

زۆرن ئەو کەسانەی بە هۆی ئارەزووە نێرگزییەکانیان و خۆدانەدەستی ڕەوتی باوی ژیان و گوزەرانی پڕ لە چێژی ئاژەڵییانە ناکارن خەریکی خۆهۆشیارکردنەوە و خۆڕۆشنکردنەوە بن، ئەوانە هەمیشە دەخوازن لە ڕێی پتر پیرۆزکردن و شکۆدارکردنی مەزنان خۆیان هەڵبنێن، ئێرەییان بە کەسە هۆشمەندەکانی هاوتەمەنانی خۆیان دێ و بە هیچ جۆر و شێوەک دان بە توانستە جوانەکانیان و جێپەنجانیان دانانێن.. لەبەرئەوەی ناتانن ڕاستەوخۆ بەرانگژیان ببنەوە.. پەنا دەبەنەبەر ستایشکردن و پیرۆزکردن و مەزنکردنی ئەو مەزنانەی بە هۆی کارە وەبرِستەکانیان مەزنیی خۆیان سەلماندیە، خۆ مەزنانیش مەرج نییە هەمیشە هەر بە مەزنیی بمینێنەوە.. ئەگەر هەنووکە لە ژیاندابان و هەر لەسەر هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانیان بمابان ئەوە هەرگیز نەیاندەهێشت ئەو جۆرە کۆلەوارانە لە کارەکانیان بدوێن و ستایشیان بکەن.. ئاخر ئەوان لە سەردەمی خۆیان لە پێناو ئەوە مەزن بوون تا ڕۆژەکی جوانتر و گەشاوەتر ئافەریدە بکەن نەک پاش مەرگیان بازرگانییان پێوەبکرێ و ئامانج و ئەنجامی کارەکانیان بەرەواژیبکرێنەوە و ببنە بابەتی چەقچەقی ئەو تەمبەڵ و تەوەزەلە هیچ لەبارنەبووانەی کە پێیانوەیە ئاگادار و شارەزان لە کارە فەرهەنگییەکان و هەمیشە بە ناوی ڕەخنە و هەڵسەگاندن کوڕ و مۆڕان دەگێڕن و لاپەڕان ڕەشدەکەنەوە!

ماوەکی باش هەر لە هەمان بارەگە مامەوە و زۆر بێزار ببووم.. هەمیشە جمەی دەهات لە چەکدارانی خۆمان و دەڤەرە جۆراوجۆرەکان؛ هەندەکیان هەمیشە هەر لەوێ بوون و لە پاشملە پێیاندەگۆتن دەستوپێی بەرپرسان یان چەکداری بارەگەنشین یان نانخۆری هەمیشەیی.. ئەوانە بە خۆپەرست و ترسنۆک تەمەشا دەکران.. هەندەکیشیان وەک دەستە و کۆمەڵەی گچکە گچکە یان هێزی گەورە چەند ڕۆژەک یان هەفتە و پتریش دەمانەوە و پاشان دەردەچوون.. هەندەکیشیان یەک یەک یان دوو دوو وەک کارگوزاری هاوردن و بردنی پەیام و ڕاسپاردە و پێداویستییەکانی شۆڕش دەهاتن و دەچوون و دەگەڕانەوە. بەو پێیەی بارەگەکە نێوەندی ڕێکخراو و سەرپەشتییکردنی شۆڕش بوو لە دەڤەرەکانی پارێزگایەکی گەورە هەردەم چەند ئەندامەکی سەرکردایەتی لێبوو و ماوەماوەش کۆبوونەوەی گرنگ و هەمەچەشنیان لەسەر کاروبارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتیەکانی دیکە تێیدا ئەنجامدەدا.. بەو هۆیەوە هەردەم جەنجاڵ و پڕ جوولە و نائارام بوو.. لێ ژیانی نێو بارەگە بە تایبەتییش ئی ئەوها گەورە ئەو خۆشییەشی تێدابوو کە بێجگە لەوەی دەتتانی گرنگیی

بە تەندروستیی خۆت بدەی و رۆژانە جەمە خواردنەکی باشت هەبوو.. دەتتانی کەسانی نێزیک لە خۆشت لە رووی هزریی و رامیارییەوە تێیدا پەیدابکەی و هەستبکەی هەمیشە لە چالاکیی و گەشەکردن دای.. ئەمن لە نێویاندا کەسەکی زۆر نایابم پەیداکردبوو.. رۆژانە پێکەوە ئەرکەکانی خۆمان زۆر بە رێکوپێکیی ئەنجامدەدا و کاتەکانی حەسانەوەشمان بە پێچەوانەی زۆربەی هاوڕێیان بە خوێندنەوە و دوان لە بارەی هزر و رامیاریی و کاری وێژەیی و هونەرییەوە بەسەردەبرد.

ئەو هاوڕێیە نایابەم هەندەک لە من قسە رەوانتر بوو و شەرمیشی لە هیچ کەسەک نەدەکرد لە دەربڕینی رای خۆی.. هەر ئەویش بوو کارتێکردم کە تۆکمەتر ببمە کەسەکی لە کنە خۆم وەبی سەرڕاست و راستبێژ. رۆژەکیان پێکەوە لە کۆڕەک دانیشتبووین - کۆڕەکە ئی هەمان ئەو ئەندامەی نووسینگەی رامیاریی بوو کە ببووە هۆی ئەوەی بارەگەکەم لێببتە زیندان - بابەتەکەی هەمووی هەر ئەوە بوو کە لە رێی گێڕانەوەی ئەزموونی کەسانی مەزن و ژێهاتیی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەر باسی زیرەکیی و مەزنیی خۆی دەکرد. لە کۆتاییدا هاوڕێیەکەم دەرفەتی بەشدارییکردنی وەرگرت و گۆتی:

- هاوڕێ.. ئەتوو هەمیشە دەربارەی فەیلەسووفان و بیرمەندان و کەسانی دیکەی لەو بابەتانە و ئەو شۆڕشگێڕە نەبەردانەی کە گیانیان بەخشی دەدوێی.. پاشانیش زۆر بە هاسانیی خۆت لە رێزی ئەوان دادەنێی.. لێ تا ئێستا هیچ تشتەکی سەرنجڕاکێش و جودامان لە خۆت نەدیتیە کە جێی تێڕامان و لەسەروەستان بی!؟... (ئیدی وەک ئەوەی کەسەک تەقەی لێکردبی یەکسەر هاواریکرد و بەو شێوە و شێوازە بەرسڤیداوە):

- راوەستە.. راوەستە (ئەوجا هەندەک بە نەرمیی دوا) راوەستە کاکی برا.. ئەتوو.. ئێستا بەژنی خۆت دیتیە؟ (بە دەست ئاماژەی بە سەر تا خواری جەستەی هاوڕێیەکەم کرد) ئەمن دە هێندەی بەرزیی ئەو بەژنەت پەرتووکم خوێندیتەوە.. ئەتوو کوو دەتانی ئەو جۆرە قسانە لە بەرانبەرە من بکەی!؟ ئەگەر دەتەوێ گێ لە من بگری و سوودەک لە ئامۆژگارییەکانی برای گەورەی خۆت وەربگری.. ئەوە دەبێژم زۆر باشترە بچی لۆ خۆت پەرتووکان بخوێنیەوە لەباتی ئەو قسە بێسەروبەرانە.

هەندەک لە هاوڕێیە بەردەست و گەمژەکان کە هەردەم وەک گەلە پاسەوانەک لۆ خۆی وەکاریدەبردن گاڵتەجاڕانە و بە دەنگەکی بەرز لە قاقای پێکەنیان دا.. لێ ئەوە هیچ کارتێکردنەکی لەسەر هاوڕێیەکەم دانەنا.. بە پێچەوانەوە زۆر بە هێمنیی و بە شێوەکی نەرم لایەنی بەرانبەری ناچارکرد بێ قسەپێبڕین دەرفەتی بدا بەرسڤی بداتەوە:

- لە راستییدا ئەمن بڕوا ناکەم بەو ئەندازە پەرتووکت خوێندبیتەوە.. ئەگەر ئێستاش جاروبارەک بخوێنیەوە ئەوە هەر لە پێناو ئەوەیە هەندەک ناو و ژمارە و بەروار لەبەربکەی تا خۆتی پێ با بدەی و لاوازیی توانای خۆتی پێ حەشاربدەی، ئەگەر یەک قیچ توانات هەبی ئەوە وەرامەکی بەجێی پرسیارەکەی من دەدەیەوە نەک ئامۆژگاریی من بکەی کە ئەگەر توانام لە توو پتر نەبی کەمتر نییە.. لێ ئەمن هەرگیز ستایشی مەزنانی سەردەمی خۆیان ناکەم تا خۆمیان پێ دەربخەم.. سوند بەو نیشتیمانەش کە ئەتوو تەقەت تێیدا نەکردیە هەرگیز نامەوێ وەک توو ببمە ئەندامی دامەزرای 'نووسینگەی رامیاریی' - ئەندامی دامەزرا بەو کەسانەیان دەگۆت کە بە هۆی کەسایەتییە ملکەچ و ماستاوچییێتیەکەیان بە بێ کۆبوونەوەکانی رایەڵەی رێکخراوەیی لە لایەن سەرۆکی پارتیەوە بەربژێر دەکران و پاشان بە شێوەکی رووکەشانە لە هەڵبژاردنەکی ساختەکارانەدا

هەڵدەبژێردران - ئەوەش دەریدەخا ئەتوو تا چەند سوودت لەو پەرتووکانە وەرگرتیە؛ وەک ئەوەی ئێستا دەتبینین.. لەگەڵ ئەوەی لە رووی جەستەییەوە لە زۆربەی هاوڕێیان ساغتر و وەهێزتری کەچی ئەتوو تاقە کەسی لێرە هەسپت هەیە و چەکدارەکیشت بە هەسپەوان دامەزراندیە! هەروا لە نێو ئەو چیایە چۆل و هۆل و بەرز و سەختانە کە بێجگە لە هێزەکانی خۆمان و قاچاغچییەکان هیچ کەسەک نایانگاتێ.. کۆمەڵە چەکدارەکت لە خۆت خڕکردیتەوە و هەمیشە وەک گەلە پاسەوان و بەردەستەک لەدووت دەڕۆن! ئیدی ئەتوو نازانم چ جۆرە شۆڕشگێڕەکی و بە چ فەرهەنگەک پەروەردە بووی؟! لەوەتەی ئەتوو دەناسم.. ئەمن تەنێ هەردوو پەرتووکی 'خەباتی من'ی رەگەزپەرسترین و چەوسێنەرترین کەسی جیهان و 'میر'ی نووسەرە میرپەرستەکە و چەند پەرتووکەکی دیکەی لەو بابەتانەم لە دەستی توو دیتیە...

بە درێژەکێشانی ئەو قسانەی هاوڕێیەکەم تا دەهات کاک ئەندامی 'نووسینگەی رامیاریی' تووڕە و تووڕەتر دەبووە.. قورمز ئاسا سۆر هەڵگەڕابوو و ئارەقە لە دەموچاوی دەچۆڕاوە.. نەیدەزانی چ بکا.. ئاخر پەیمانی دابووێ قسەی پێنەبڕێ.. لێ کاتەکمان زانی پاسەوانەکانی هێرشیان کردە سەر هاوڕێیەکەم و هەر بە پاڵدان دووریانخستەوە! بە دڵنیاییەوە نهێنییەک لە نێوان خۆی و پاسەوانەکانیدا هەبووە ئەگینا هەرگیز بێ ئاماژەدانی خۆی ئەو هێرشە کتوپڕەیان نەدەکردە سەری، ئیدی کۆڕەکە تێکچوو.. لێ لەو رۆژەوە هەر کاتەک هاوڕێیە نایابەکەم لەوێ با ئەو بەرپرسە نابەرپرسە نەیدەوێرا ستایشی مەزنان بکا و بە 'پیرۆزترین' و 'شکۆدارترین' و چەندین دەستەواژەی دیکەی لەو بابەتانە بەسەریاندا بێتەخوارێ تا لە پاڵیاندا خۆی بە مەزن و ژێهاتیی پیشانبدا!

- ٤ -

هاوڕێیە نایابەکەم تا رادەی بێهوودەیی بێزار و وەڕس ببوو.. هیچ هومێدەکی بەوە نەمابوو ئەو شۆڕشە سەربگری، زۆر جار کە پێکەوە دادەنیشتین زۆر بە توندیی رەخنەی دەگرت.. رەخنەکانیشی لە روانگەی منەوە تێکڕایان زۆر بەجێ بوون. هیچ ترس و گومانەکی لەوە نەبوو کە ئەمن قسەکانی بگۆزمەوە یان خراپ وەکاریانببەم.. ئەوە بوو رۆژەکیان زۆر لەسەرەخۆ و بە هێمنیی لە بنی کودیلەی دا و گۆتی:

- کێشەکە لەوەدایە ئەوانەی سەرپەرشتیی ئەو شۆڕشە دەکەن یان نەخشی سەرەکیی تێدا دەگێڕن بنەمایە چینایەتییەکەیان دوور و نێزیک هیچ پەیوەندییەکی بە هەژاران و چەوساوان و ئامانجەکانیانەوە نییە و هەستە نیشتیمانیی و نەتەوەپەروەرییەکەشیان زۆر پاشداما و رەگەزپەرستانەیە. ئەوانە زۆربەیان بە بنەچە لە تۆرمەی ئاغا و شێخ و پیاوانی دینیی و بنەماڵە زەنگینەکانن و پەروەردەی فەرهەنگی دینیی و دەرەبەگیین.. هەرە باشەکانیان رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانیانن کە تەنێ قسەیان هەیە و هەمیشە وەدوو بەرژەوەندییە کەسییەکانیان غاردەدەن و سەرەنجام هیچ چاریان نییە و بە شێوەکی گشتیی هەر رەوتگەلەکی هەلپەرستیان لێدەردەچی، لەبەرئەوە زۆر ئەستەمە ئەو شۆڕشە سەربگری.. ئەگەر گریمان بە هۆی سەرچڵییەکانی دیکتاتۆر یان بارودۆخەکی ناوازە سەریگرت ئەوە ئەو کات هیچ یەکەکیان لە بەرپرسە بالایەکانی پارتیی دەسەلاتدار چێتر نابن رەنگە دڕندەتریش دەربچن، ئەمن هاوڕاتم رووخان یان سازشکردن یان هەر ملکەچکردنەکی ناچاریانەی رژێم.. ستەمە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکە هەندەک سووک دەکا لێ

ئازادییە چڤاکییەکان و کێشەی بژێوی ژیان و یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکانی ژنان و گرنگییدان بە زارۆکان و گەنجان هەروەک خۆیان دەمینێنەوە و لە باشترین باردا بە پێی گەشەسەندن و پێشکەتنی ژیان تەنێ شێوە و شێوازەکانیان دەگۆڕێن، خۆ مانگەشەو سەر لە هێوارێ دیارە.. تەمەشا.. تەنێ لە چارچیوەی ئەو قیپچە دەسەڵاتەی لە نێو ئەو شاخوداخ و سەرسنوورانە هەمانە رێک بە دژی هەژاران و رەنجدەران لایەنگریی لە بەرژوەندییەکانی ئاغا و خێڵ و پیاوە دەوڵەمەند و دینییەکان دەکەین!

لە لایەکی دیکەش نەک هەر هیچ هەڵوێست و کردەوەکمان نییە لە بەرانبەر ئەو جەور و ستەمە دڕندەییە پیاوسالاریی و نێرسالارییەی کە ئێستا لەو گوندانە هەیە.. بەڵکە هەر خودی خۆشمان نیوەی کۆمەڵمان بە فەرامۆشیی سپاردیە تەنانەت ژنانەک کە دەیانەوێ شۆڕش بکەن زۆر ملکەچانە لە ژێر هەژمونی دابونەریتی داڕزا و کەونەپەرستانەی دینیی رێیان لێدەگرین.. یان ژنانەک کە لە رێکخستنەکانمان لە نێو شارەکان ئاشکرادەبن و دێنە نێو شۆڕش ئەوە لەجیاتی ئەوەی گرنگییان پێبدەین و دەستگیرۆییان بکەین کە بتانن هەم نەخشی خۆیان لە نێو شۆڕش هەبی هەم لە پێناو یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان تێبکۆشن.. هەر خۆمان ناچاریاندەکەین بچن لە گوندەکان دابنیشن و ببنە کارەکەری شۆڕشگێڕە پیاوەکان.. یان لە باشترین باریاندا کە ژنانەک خوشک یان هاوسەر یان خزمی نێزیکمانن لە بارەگەکان دایاندەنێین و وەک کۆیلەی کارەکەریی نێومالان دایاندەمەزرێنین.. ئیدی هاورێ ئەمن لەبەرئەوانە و زۆری دیکەش هەرگیز بڕوا ناکەم بە هۆی ئەو شۆڕشە چەکدارییە پەرپووتەمان بە هیچ جێیەک بگەین یان گچکەترین ئامانجی ریشەیی وەدەستبینین.. واتە هەرگیز ناتانین هیچ بە هیچ بکەین ئەگەر... (هاوکات لەگەڵ هەناسەهەڵکێشانی دەرفەتەکم قۆزتەوە و گۆتم):

- زۆر راستە هاورێ.. لێ ئەمن پێموەیە ئەگەر بەرانگژی ئەو رێبەر و سەرکردانە ببینەوە و پشت بە خەڵکی خۆمان و ئەو شۆڕشگێڕە ئازا و چاونەترسانە ببەستین ئەوە ئەو کات دەتانین شۆڕشەکەمان بەو ئاراستەدا ببەین کە خۆمان دەمانەوێ یان ئەوەی گەل دەیخوازێ.. بێجگە لەوەش... (بە جوولاندنی سەری هەستمکرد دەیەوێ دەربارەی هەندەک تشتی گرنگ بئاخڤی.. لێ لەو دەم چەکدارەکی بارەگەنشین لەوانەی تەنێ کاریان دووزمانیی و بەردەستییکردنی بەرپرسان بوو هاتە لامان.. ناچار بابەتەکەم گۆڕی و پاش ماوەکی کەم هەرسێکمان پێکەوە گەڕاینەوە کن هاوڕێیان کە لە پێش بارەگەکە خڕببوونەوە و خەریکی گۆرانی چڕین و کات رابواردنی خۆیان بوون).

خۆ ئەمنیش تا سەر ئێسکان لە هەڵسوکەوتەکانی بەرپرسان بێزار ببووم و وەک هاوڕێیە نایابەکەشم ناهومێد ببووم.. لێ بەو ئاستەی وی نا، سەرەنجام لەسەر بنچینەی ئەو تێڕوانینانەی لەو دەم هەمبوون داوامکرد تێکۆشانی خۆم بگۆزمەوە نێو ئەو هێزانەی کە هەردەم لە چالاکییدا بوون و داستان و نەبەردیی مەزن مەزنیان تۆماردەکردن تا ئەمنیش بتانم لە تەک ئەو تێکۆشەرانە خەبات بکەم کە بە واتای وشە شۆڕشگێڕ بوون هەروا لەو خەڵکانەش نێزیک ببمەوە کە لە گوندەکانی دەرێی نێوچە ئازادکرایەکان دەژیان. لە ماوەکی کەم رەزامەندییم وەرگرت.. هەرچەندە لە سەرینی ئەوەی زۆر دژی شەڕی نێوخۆم بووم ئەمنیان هێندە وەدڵ نەبوو و جێی گومان بووم لە کنیان لێ بە هۆی ئەوەی وەک گۆتم ئەزموونەکی باشی کاری رێکخراوەییم هەبوو.. ناچار بوون وەک کادیرەکی رامیاریی و بەرپرسی رێکخراوەیی سی تا چل هاوڕێیەکم پێ بسپێرن. ئیدی وەک شۆڕشگێڕەکی زۆر لەخۆڕازیی و بە گوڕوتین و خوێنگەرم وەک دەبێژن 'لەگەڵ کەس نەدەهاتە رایێ!' یان 'گێی

شێرێی بگرتبا له بنەوەڕا دەریدەهینا!' بەو هێزانه پەیوەست بووم که له هێڵەکانی پێشەوەی بەرانگژبوونەوەی دوژمندا بوون.

که خۆم له ڕیزی شۆڕشگێڕەکانی شەڕی دەستەویەخەی دژ به ڕژێم دیتەوه و چالاکیی لەدوو چالاکیی ئەنجاممان دەدان.. فره فره ئاسوودە بووم و هەر هومێدی گەورۆنه و گەورۆنەتر چەکەرەیان دەکرد له کنم، کەچی به تێپەڕینی کات ورده ورده کەسایەتی و ئاستی هۆشمەندیی و هەڵسوکەوتی پڕانیی شۆڕشگێڕانم لۆ وەدەردەکەتن.. له ڕاستییدا به شێوەکی گشتیی ئی ئەوه نەبوون بتانی به شۆڕشگێڕ ناویانببەی.. تێکڕای ئەو خەون و ئەندێشه جوانانەی که له شار ڕوخساری شۆڕش و شۆڕشگێڕانم پێ نەخشاندبوون و وەک ڕاستییەک له مەژییمدا چەسپابوون بوونه یەک پارچه گومان و نیگەرانیی و به تەواویی وەرگۆڕان. ئیدی له ڕێی ناسینی هاوڕێیانەکی زۆر و کەسانەکی زۆر له پارتی و لایەنەکانی دیکه و خەڵکی نێوچه جوداجودایەکان به تایبەتییش خەڵکی ئەو گوندانەی به ئاوری شەڕ و پێکدادانەکان گڕیانگرتبوو.. شۆڕشم زۆر چاک ناسی و هەروەک شەڕۆشۆڕەکی بێ هوودە و بێ ئامانج دەهاته بەرچاوانم! واته 'شۆڕش'م لێببووه 'شەوەزەنگ'ەکی ئەنگوستەچاو و هیچ ترووسکەکی ئاسۆبەخشم تێیدا وەدینەکرد.

هەستمکرد تازه کار له کار ترازایه و ئیدی زۆر درەنگه.. لێ هێشتا هەر وەدوو دەریچەکدا دەگەڕام که شۆڕشی تێدا ڕزگاربکەین و به واتای وشه لەسەر ئەو بنەگه هزریی و فەلسەفییەی جارانی ڕێچکەی خۆی بگرتەوه که له شار دامانڕێژتبوو! ئاخر له ڕێکخستنەکانی نێو شارەکان زۆر به دەگمەن ڕێکدەکەت کەسەک ببینی هەر لەو گۆڕەی و بێ هیچ بنچینه و تێڕوانینەکی رامیاریی خەریکی کاری ڕێکخراوەیی و رامیاریی بی.. کەچی له شاخ خەڵکانەکی زۆر له کەسایەتیی جۆراوجۆر و به ئامانجی جوراوجۆر چەکداری شۆڕش بوون بێ ئەوەی فریان بەسەر کاری رامیاریی و شۆڕشەوه هەبی؛ 'بەڕێوەبەری گەوره' یەک لەو نموونه عەنتیکانەی لەو جۆره بوو.. تەنانەت ئەو کەسانەی به کەلکی شۆڕشیش نەدەهاتن نەیاندەویست ئەو له نێو ڕیزەکانی شۆڕش بمینێتەوه!

- ٥ -

یەکەم جار که هاوڕێ 'بەڕێوەبەری گەوره'م دیت به پیاوەکی زۆر لەسەرخۆ و گران و سەنگین هاته بەرچاوانم.. پیاوەکی فره هێژا و ژیهاتیی! له قسەکردنیش دیاربوو ڕۆشنبیرییەکی گشتیی و بەرفرەی هەبوو به تایبەتییش له رووی هزریی و فەلسەفییەوه.. شەرمم له خۆم دەکردەوه که ئەمن بەرپرسی ڕێکخراوەیی ئەویشم! سەرم سوڕمابوو و له خۆم دەپرسی؛ لەبەرچی ئەویان نەکردیته بەرپرسی ڕێکخراوەیی یان رامیاریی!؟ کەچی پاشان دیتم زۆرینەی هاوڕێیان بێ ڕێزییان پێدەکرد و زۆر جاریش پێیان رادەبوارد و دەیانکرده یەک تەپوتۆز لەسەری تا دەیانگریاند! زۆر خۆی له من نێزیک دەکردەوه و ئەمنیش زۆرم پێخۆشبوو؛ که دەمانویست به نیازی نانخواردن بەسەر ماڵان دابەشببین خۆی دەخسته تەک من و پێکەوه دەچووین.. زۆر جاران هاوڕێیان به شێوەکی سەیر پێیاندەگۆتم: "ها هاوڕێ.. لەگەڵ کاک بەڕێوەبەری گەوره کووی!؟" ئەمنیش هەر به سادەیی وەرامەدەدانەوه و دەمگۆت: "زۆر باشین پێکەوه".. نەمدەزانی نیازیان چیه لەو پرسیاره!

جارەکیان درەنگانە شەوەک گەیشتینە لادێیەکی دەو زێیەک.. لەبەرئەوەی مەترسیی هەبوو کە ڕەنگە هێزەکانی دوژمن جموجۆڵەک لە نێوچەکە ئەنجامبدەن بڕیاردرا هەر دوو کەسمان بچینە ماڵەک و پێویستییەکانی نوستن وەربگرین و لە پەنا گردۆلکەک کە لە نێزیک ئاواییەکە بوو یەکبگرینەوە و تا ڕۆژ دەبتەوە لەوێ پشییەک بدەین و سەرخەوەک بشکێنین، ئەمن و هاوڕێ بەڕێوەبەری گەورە پێکەوە چووینە ماڵەک و دوو پەتوو و رایەخەکمان وەرگرت و خۆمان گەیاندە جێیەکە.. هەر کە رایەخەکەم راخست یەکسەر گۆتی:

- هاوڕێ.. راستە هێشتا هەر هاوینە لێ ئێرە دەو زێیە.. دەزانی شەوان تا بەرەبەری سپێدەش هەر ساردتر دادێ.. باشترە هەردوو پەتووەکە بکەینە یەک و هەردووکمان خۆمانی پێداپۆشین.

خۆی وەها پێشاندەدا کە سەرمای بی.. کە چووینە بن جێ ئەمن لەسەر گازەرەی پشت راکشام و ئەویش لەسەر تەنیشت و روو لە من.. وەها خۆی بە من وەنووساندبوو هەردەتگۆت ئەوە دوو هاوسەرین و پێکەوە رازاینە، هێندە ماندیی بووین ئەمن هەر زوو خەوملێکەت، نازانم چەندی پێچوو.. کاتەکم زانی لە گانە خەونەکی زۆر بەچێژ کە وەمدەزانی لە باوەشی کیژەکی زۆر نازدار و نازەنیندام واگاهاتم.. کەچی دیتم ئەوە کاک بەڕێوەبەری گەورەیە دەستی هینایتە نێولگانم و خەریکە گەمە لەگەڵ گەڵوگونم دەکا و کیرمی وەک داری رەق لێکردیە! تا دەمەک خۆم کڕکرد کەچی ئەو تا دەهات زۆر پەرۆشتر خەریکی دەستبازیی خۆی بوو.. ویستم بە شێوەک بیوەستێنم کە شەرم لە خۆی نەکاتەوە؛ لەگەڵ خۆجوولاندن بە ئانیشکەک دەستیم لابرد و بە ئاراستەی وی خۆم خستە سەر تەنشت.. لێ پاش ماوەک دیسان بەزمەکەی خۆی دەستپێکردەوە.. ئەو جارە بە توندیی دەستیم لادا و یەک دوو سیخورمەشم خێواندە کەلەکەی.. ئیدی ناچار پشتی تێکردم و جوولەی لە خۆی بڕی.

زۆری پێنەچوو ئەو جارە دیتم ئەوە سمتی بە تەواویی بە کۆشمەوە وەنووساندیە و خەریکە لە گەڵوگونمی دەخشێنی، گەلەک بێ شەرم بوو.. هەر دەمەو بە جۆرەک خۆی لە لەشم دەخشاند.. ئیدی نەیهێشت خەوم لێبکەویتەوە تا کازیوەی دا.. باش بوو خاڵی ئێشکگرتنەکە قیچەک لێمان دوور بوو و هەستیان بە جوولەجوولەکانمان نەدەکرد، هەر کە یەکەم کەسم دیت لە خەو رابوو زۆرم پێخۆشبوو و ئەمنیش دووەم کەس قیتبوومەوە و خۆم لە دەستی قوتارکرد، هەڵبەتە ئەمن لە کنە خۆم وەبوو کەسەکی زۆر ئارام و لێبووردەم.. هەروا لە روانگەی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک زۆر پێم ئاسایی بوو کە مرۆڤ ئارەزووی سێکسیی جودا جودای هەبی، هەر کەسەک مافی خۆیتی هاوڕەگەزخواز بی یان نا.. جا نێر بی یان مێ.. لێ ئەو دەیویست ناچارم بکا تشتەکی لەگەڵ بکەم کە ئەمن حەزم لێی نەبوو یان بە لایەنی کەم ئەمن خۆم بە شۆڕشگێڕ و پێشەنگی نێو کۆمەڵ دەزانی و نەمدەویست لە پێناو سێکس یان هەر حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندییەکی دیکەی تایبەت کاتی خۆم بکوژم یان قسەوقسەلۆکی خەڵک هەراسانم بکا و ئاکامەکەشی بەوە بگا کە بە ناچاریی دەستبەرداری شۆڕش و تێکۆشان ببم، لەبەرئەوە زۆر لێی تووڕە ببووم و سەرەنجام تووشی ئەو هەڵەی کردم کە سەرم خستە بن گێی و هەندەک بە رەقیی هێرشم کردە سەری.. لێ ئەو لە شەرمەزارییان خۆی کڕکردبوو و هیچ کاردانەوەکی نەبوو.. ئەوەش وەیلێکردم هەندەک زگم پێی بسوتێ! ئەمن زۆر بە نزمیی قسەم دەکرد تا هاوڕێیان واگانەبێن.. لێ ئەو هاوڕێیەی کە یەکەم کەس لە خەو رابوو هەستی پێمانکردبوو و لەپڕ گەیشتە سەرمان و بە شێنەیی چرپاندیە بن گێم:

- تکایە لێیگەڕێ هاوڕێ.. ئەو هاوڕێیەمان هەمان بەزمی لەگەڵ زۆربەمان هەبووە.. لەمێژە ئەو خووەی هەیە و ناتانی دەستبەرداری ببی. تکایە جارێ زووە.. با هاوڕێیان لە خەو نەکەین، ئیدی جارەکی دیکە ناتانی ئەو رەفتارانە لە بەرانبەر توو بنوێنی، تکایە چیدی لەو بارەوە مەدوێ.. هەر ئەوهای بینە بەرچاوانی خۆت هاوڕێ گیان کە هیچ روونەدایە!

لەگەڵ وەدەرکەتنی هەتاو هەموو هاوڕێیان لە خەو رابوون. پاش دڵنیابوونەوە لەوەی دوژمن لەوان دەران نییە ورده ورده بە نیازی نانی چێشتێ شۆڕمانکردەوە نێو لادێیەکە. لێ بەڕێوەبەری گەورە نەک هەر خۆی لە من دابڕی و لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکە رۆیشت بەڵکە هەر رووی خۆشی بە من پێشاننەدا! ئەمنیش ناچارمام رایەخەکە و دوو پەتووەکە وەشاندابدەم و وەتەنێ بچمەوە هەمان ماڵ، ئیدی کە لەگەڵ کوڕە لاوی ماڵەکە دانیشتین یەکسەر گۆتی:

- وێدەچی کاک بەڕێوەبەری گەورە شەوادی هەمان کاروباری ئاسایی خۆی لەگەڵە تووش بەڕێوەبردبی.. دیارە هەر لەبەرهەندێ شەرمیکردیە لەگەڵە توو بگەڕێتەوە ئێرە!؟

کە ئەوەم ژنەوت زۆر پێی تێکچووم و وەبن ئارەقەی خستم، ئاخر ئەوە.. هەرگیز ناکرێ و ناشێ.. تەنانەت خەڵکی ئەو گوندانەش بەو کارە بزانن! لە دڵی خۆم گۆتم تڕحێێێێێو تەڕ شۆڕش دەکەین! ناچار بابەتەکەم بە لایەکی دیکەدا برد و بە پڕەپڕ نانەکەم خوارد و وەدەرکەتم. پاشان لە قسەی هاوڕێیان لۆم وەدەرکەت کە ئەو بەڕێوەبەرە کاتی خۆی کە لە شار بووە فڕی بەسەر شۆڕش و کاری رامیارییەوە نەبووە؛ بەڕێوەبەری خوێندنگەک بووە لێ لەبەرئەوەی ئاشکرابووە کە کە چەند خوێندکارەکی بەسەر خۆی داگێڕایە لە کارەکەی دەریانکردیە، پاشان خزمەکی خۆی کە ئەفسەری پۆلیس بووە وەک پۆلیسی پاسەوان لە پڕۆژەکی میریی دایدەمەزرێنی، شەوەک کە لەگەڵ پۆلیسەکی دیکە پاسەوان دەبن.. دوو چەکداری شۆڕش بەسەریاندادەن.. هاوپیشەکەی کە دەستدەکاتەوە دەیکوژن.. ئەویش بە چەکەوە خۆی رادەستدەکا.. لە ترسی پیاوانی رژێم هەر دەمودەست بەگەڵیان دەکەوی و بە ناچاریی دەبتە شۆڕشگێڕ! ئیدی بەو جۆرە درێژە بە شۆڕش دەدا.

هێندەی ئەمن هاییم لێبوو لە پاش ئەو بەرخوردەی لەگەڵە من کردی چەندین جار لەسەر ئەو رەفتارانەی چەکیان کردبوو هەروا پێانگۆتبوو بچی خۆی رادەستی رژێم بکاتەوە.. لێ ئەو لەبەرئەوەی نەیوێرابوو رێ دابگری و بگەڕێتەوە.. بڕیاریاندابوو ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتانە دووبارە بکاتەوە ئەوە بە شاپان لە شۆڕش وەدەریدەنێن.. ئیدی ناچاربوو ورده ورده واز لەو رەفتارانەی بهێنی.

ئەمن بە شێوازەک گۆش ببووم کە ئەگەر بە پێی تێگەیشتنی خۆمان کەسەکمان پێ خراپ بوو ئەوە پێویستە وەها هەڵسوکەوتی لە تەک بکەین کە بتانین بیگەڕێنینەوە سەر رێی راست.. واتە چەندی دەتانین چاکی بکەین نەک رەفتاری وەهای لە بەرانبەر بنوێین کە خراپتر ببی یان رێی چوونەوە نێو دوژمنی پێشانبدەین.. لێ بە داخەوە ئەوە نەبووین! ئەگەر باسی ئەوەش بکەم کە چیان لەو هاوڕێیانە دەکرد کە لەسەر رەخنەگرتن و خستنەڕووی گەندەڵیی و ستەمکارییەکانی بەرپرسان یان لەسەر تێڕوانین و بیروڕای جودای رامیاریی و رێکخراوەیی دەستبەسەر کرابوون.. ئەوە هەر تەواو نابی.. لێ باشە ئەگەر بە کورتییش بی هەندەکی لێ بخەمەڕوو:

ئازار و ئەشکەنجەکی هێندە ڕەمەکییانەیان دەدان کە لە نێو دیکتاتۆرترین و ستەمگەرترین ڕژێمیش رووینەدابی.. واتە هیچ یاسا و ڕێسایەکی تایبەت بە دیل و دەستبەسەران لەبەرچاو نەدەگیردرا! تەنانەت هەندەک جار بێ هیچ دادوەرییەک گوللەبارانیان دەکردن! هاوڕێیەکمان پاش گوزەراندنی دوازدە ساڵی ڕێک لە تێکۆشانەکی خۆنەویستانە و زۆر دڵسۆزانە لە نێو ئەو پارتیە تەنێ لەسەر ئەوە دەستبەسەریان کردبوو کە پاش ئەوەی بێ هومێد ببوو لە پارتی ویستبووی بە پێی تێڕوانینەکانی خۆی و کۆمەڵەک لە هاوڕێیانی ڕێکخراوەکی تازە دابنێن و لێیان جودابینەوە؛ ئەشکەنجەکی زۆر دڕندانەیان دابوو و دوو مانگ لە زینداناییان پەستابوو.. لێ بە هۆی ئەوەی خزمەکی بەرپرسەکی باڵا دەبی لە نێو شۆڕش بەختی یار دەبی و نایکوژن.. جا پێش ئەوەی ئازادی بکەن پێیان گوتبوو 'یان ئەوەتە دەچی خۆت رادەستی ڕژێم دەکەیەوە یان ئەوەتە لەو گوندانە دادەنیشی کە لە بندەستی خۆمانن.. لێ بە مەرجەک بە هیچ شێوەک توخنی کاری رامیاریی نەکەوی.. ئەگەر نا ئەو جارە ناتگرین بەڵکە دێین بە یەک گوللە ساردتدەکەینەوە'! ئیدی ناچارمابوو لە گوندەک دابنیشی.. پاش ماوەکی کەم هێزەکی ڕژێم هێرش دەکاتە سەر ئەوێ و ئەو و کۆمەڵە کەسەکی گوندەکە دەگرن و خڕیان بنبزر دەکەن، ئەوە ساڵەک پێش ئەوەی ببمە شۆڕشگێڕ ڕوویدابوو.. کە گەیشتمە نێو شاخ ئەو سەرهاتە و چەندینی دیکەی لەو بابەتانەم بیستن هەروا زۆری دیکەش بەبەر چاوانی خۆمەوە ڕوویاندا.. ئیدی ئەوە هەویرەکەو ئاوەکی زۆر دەکێشی.. ئەگەر لە هەموویان بدوێم و هیچیان نەپەڕێنم ئەوە بە پەرتووکەکیش تەواو نابی.

ئەرێ.. ئەوە بارودۆخی ئەو هاوڕێیانە بوو کە نەیاندەتانی لە بەرانبەر هەژمووونی سەرکوتگەرانە و قۆرخکارانەی هێڵی باڵادەستی نێو شۆڕش بێدەنگ بن بەڵکە دەیانویست بە پێی تێڕوانین و بیروباوەڕی جودای خۆیان درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن و ئازادیی ڕێکخراوەیی و رامیاریی لە نێو شۆڕش بچەسپێنن.. واتە ئازادیی بیروباوەڕ لە لای شۆڕش ڕێک لەسەر ئەو بنچینە دامەزرابوو کە دەبێژی 'یان لەگەڵمی یان دوژمنمی!' تەنانەت لە بەرانبەر ئاکنجیانی ئەو نێوچانەش کە لەبەردەستمان بوون یا دەستمان پێیان ڕادەگەیشتن هەر بە هەمان شێوە بوو.. لە بەرانبەر دیلەکانیش کە دەبووایە وەک ئەرکەکی شۆڕشگێڕانە هەوڵسوکەوتەکی مرۆڤپەروەرانەمان هەبی و لاسایی ڕەفتارەکانی دوژمن نەکەینەوە.. کەچی کاتەک کە چەکدارەک یان کەسەکی دوژمنمان دەستگیر دەکرد جا بە ساغیی با یان بە برینداریی ئەوە تا بە یەکەک لە بارەگەکان دەگەیەندرا بێ هیچ لێپرسینەوە و لێکۆلینەوەک قێزەونترین سووکایەتییان پێدەکرد.. هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆی ئەشکەنجەی دەروونیی و جەستەیی دەدا.. جوابەزییان لە نێوان دڕندەترین و بێ وەیترین کەس نەدەکرد تەنانەت کەسانەکیش کە بە گومان دەگیران بە هەمان شێوە دایاندەپاچین! هەر دەستبەسەرەک دەبووایە لە سەرەتادا بەر شەق و شاپ و تشتی دیکەش بدرێ و شکۆمەندییە مرۆییەکەی لە بن پێیان بندرێ! پاشانیش یەک دوو بەرپرس بە پێی گوڕاح و ئارەزووی خۆیان و لە چارچێوەی بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیان زۆر تاکڕەوانە بڕیاریاندەدا و بە شێوەکی زۆر هەڕەمەکییانە و بە ناوی 'دادگەی شۆڕش!' سزایان دەدا! ئەو ڕەفتارە نابەجێ و ستەمگەرانەم یەکەمین جار لە هاوڕێگەلەکی هێزەکەی خۆمان لە بەرانبەر دەستبەسەرەک دیت کە بە ناوی 'چەتەی بێ چەک' دەستگیرکرابوو! هەر لە ڕێی بەرخوردکردنی ڕۆژانەشم لەگەڵیان وردە وردە تێدەگەیشم کە وا خەریکە 'هێز و توندوتیژیی جەستەیی' بە تەواویی جێ بە 'هزر و رامیاریی شۆڕشگێڕیی' لێژدەکا و بەرەو هەڵدێر شۆڕیدەکاتەوە:

لە دەو بەستەکی بەرین و دوورودرێژ بووین.. تیلماسکە ئاوەکی باریکی پێدادەهات.. لەبەرئەوەی بەستەکە رووتەن بوو و رێی هاتوچۆی گوندییانیشی بەسەرەوە بوو هەندەک دوور لە ئاوەکە و لە نێزیک هەندەک تەڕاش و تاشەبەردان دانیشتبووین تا ئەگەر تشتەک روویدا زوو فریابکەوین سەنگەری خۆمان بگرین، کاتەکمان زانی دەستە چەکدارەک هەر لە هێزەکەی خۆمان لە خوارێرا گەیشتنەوە کنمان و تێکەڵمان بوونەوە، پیاوەکیان لەگەڵ خۆیان هاوردبوو؛ دەستیان لە پشتەوە بەستبوو و گۆتیان ئەوە 'چەتەی بێ چەک'ە - بەو کەسە دەگۆترا چەتەی بێ چەک بێ ئەوەی چەک هەڵبگری پێناسەکی چەکداری خۆفرۆشی لە لای بەرپرسەکی چەتەکان دروستدەکرد تا لە سەربازیی و چوونە بەرەی جەنگ رزگاربیی - کە خۆم لێی نێزیک کردەوە و بە رێزەوە چاکوخۆشییەکم لەگەڵی کرد هەندەک لە هاوڕێیان دایانە قاقای پێکەنین و پێیان سەیر بوو بەو شێوازە رەفتار لەگەڵ خۆفرۆشەک دەکەم! ئیدی دامیانە بەر تیروتانجان لێ ئەمن گرنگییم پێنەدان.. پاش ئەوەی دەستیم کردەوە مەتارە ئاوەکەی خۆم دایێ و هەندەکی خواردەوە.. بێجگە لە دڵنەواییکردنی زۆر بە نەرمیی باسی ئەوەم لەگەڵ کرد کە زۆر هەڵەیە هیچ کەسەک تەنانەت بە ناویش خۆی بە رژێم بفرۆشی و... تد، هەر لەو قسانەدا بووم لەگەڵی لەپڕ سێ کۆپەتەر وەدەرکەتن.. بە پەلە خۆمان لە پەنا تەڕاش و تاشەبەردەکان حەشاردا.. دوو سێ جارەک لەو نێوە بەسەرماندا سووڕانەوە.. لێ دیاربوو هیچیان وەدینەکرد و رۆیشتن.. هەر کە کۆپتەرەکان لە چاوان بزربوون و بارەکە ئاسایی بۆوە کۆمەڵە هاوڕێیەکی لێدەربچی ئەوانیدی هەموویان هێرشیان کردە سەر پیاوە دەستگیرکرایەکە و کەتنە سەری.. هەر بابا بوو شەق و شاپ و پێلەقەکی لێدەدا و یەک دوو جوونی مزریشی پێدەدا.. ئەوە گوایە تۆڵەی هاتنی کۆپتەرەکان لەو دەکەنەوە! بێجگە لەوەی زۆر پێم سەیر بوو ویژدانیشم زۆر ئازاریدەدام.. ئاخر ئەمنەک کە هەر لە بنەڕەتەوە بڕوام بە ئەشکەنجەدان نەبوو کەچی لە پێشە خۆم و بەو چاوانەی خۆم کۆمەڵە کەسەکی بە ناو شۆڕشگێڕم دیتن ئەشکەنجەی کەسەکیان دەدا کە تەنێ لە پێناو خۆڕزگارکردنی لە سەربازیی و پاراستنی گیانی خۆی ملەکەچی ئەوە ببوو پێناسەکی چەتە خۆفرۆشەکان لۆ خۆی چێبکا! خۆ ئەگەر سووچبارکرایەکی گەورەش با هەر بڕوام بە ئەشکەنجەدان نەبوو.. هەڵبەتە زۆربەی یاسا و رێسایەکان زۆر خراپ و پەڕپووت بوون بە تایبەتییش لەو رووەوە.. لێ بە لایەنی کەم ئەوەیان تێداهەبوو کە کەسی سووچبارکرا تاوانبار نییە و نابی ئەشکەنجە بدرێ بەڵکە دەبی دادگەیی بکرێ ئەوجا بە پێی تاوانە سەلمێندرایەکانی بە تاوانبار دابندرێ و سزای خۆی وەربگری کەچی نە لە نێو رژێم نە لە نێو شۆڕش ئەو رێکارە یاساییە سەرەتاییە پەیڕەو نەدەکرا! تووڕەییم لەسەری دەڕژاوە.. بە هۆی ئەوەی بەرپرسی رێکخراوەیی بووم هەندەک قسەم دەیخوارد.. بە هاوارکردن لەسەریان لە بن دەستیانم دەرهانی و هەندەک دابەزیمە سەریان.. یەکەک لەوان هاوڕێ 'هێستر' بوو کە زەلامەکی چارشانەی تێکسمڕا و وەهێز بوو و تا ئەو دەمیش نەمدەزانی لەبەرچی ئەوها ناویدەبەن.. هەرچەندە کەسەکی بڕەک گێل و نەزان دیاربوو لێ پشتگیریی لە قسەکانم کرد و ئەو پیاوەی لە دەستی من وەرگرت و گۆتی:

- هاورێ ئامۆزا ڕاست دەکا.. خۆ درندەو وەبەردەست نەکەتیە، وەرە کاکە وەرە.. ئێستا ئەمن دەیبەمە ئەو دەو ئاوە با لۆ خۆی ئاوەک بخواتەوە و پشییەک بدا.. ئەوجا پیاوم دەوێ با دەستی لۆ ببا!

لەسەر ئەو ڕەفتارەی هاوڕێیان لە بەرانبەر پیاوەکە لەگەڵ بەرپرسیی عەسکەریی تووشی مشتومڕ و شەڕە قسەکی وەها بووین هێندەی نەما چەک لە یەک رابکێشین.. ئەگەر چەند هاوڕێیەک نەبان کە کەسانەکی لەسەرخۆ و هۆشیار بوون و هەردووکمانیان ئارامکردەوە.. ڕەنگە کێشەکە بەوەندە کۆتایی نەهاتبا. کاتەکم زانی قیژەکی گەورەم بیست.. زانیم دیسان هەر بەزمەکەیە.. یەکسەر ئەوەم بە مەژییدا هات کە ڕەنگە هاوڕێ هێستر لۆ لێدان ئەوی دوورخستبێتەوە.. بە پەلە خۆم گەیاندە کنیان.. دیتم ئەوە دیسان خەریکن لێیدەدەن.. کە ئەمنیان دیت لێی دوورکەتنەوە لێ کەلکیان بڕیبوو؛ هێندەیان لێدابوو خۆی لەسەر قوونان ڕانەدەگرت.. دەمووچاویان کردبووە تەپلەک و لە چەندین جێ جغارەیان لەسەر کوژاندبۆوە.. هەندەک بە توندیی هاوارم لەسەریانکرد و یەک دوو جوونیشم بە هاوڕێ هێستر دا.. ملی خۆی حیزکردەوە و دوورکەتەوە.. ئیدی نەمهێشت لە خۆم داببڕێ و تا ناردمانە بنکەکانی سەرێش دەرفەتم نەدان چیدی بێڕێزیی پێبکەن.

بە گوزەراندنی ماوەکی کەم لەگەڵ ئەو هێزە ئەزموونەکی زۆر چاکم پەیداکردبوو لەسەر ڕاهێنانی جەستە و فێربوونی خۆراگریی لە بەرانبەر برسییەتی و کەمخۆراکیی.. زۆر ڕۆیشتن وماندیببوون.. کەمخەویی و نەسانەوە.. گەرما و سەرما.. نەبوونی پێخەف و نوستن لەسەر زەوی.. خراپیی جلکوبەرگ.. بێ دەرمانیی و نەبوونی پێداویستییە تەندروستییەکان و... تد.. ئاخر ئەو هێزە چونکێ لە سنووری نێوان نێوچە ئازادکرایەکان و نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دوژمن بوو هەمیشە لە بەرانگژبوونەوە و شەڕی دەستەویەخەدا بوو.. جا ئەمنیش هێندە لەخۆڕازیی و لەخۆڕادیتیی بووم حەزمدەکرد هەمیشە لە پێشەوەی شەڕەکاندا بم و لە ڕێڕۆیشتن و گەڕیانیشدا هەر وەک 'ڕێبەر' پێشەنگ و پێشڕەو بم - ڕێبەر واتە ڕێپێشاندەر.. بەو کەسەیان دەگۆت کە شارەزای ڕێیەکان بوو و لە پێشەوە دەڕۆیشت، 'چاوساغ'یشان پێدەگۆت - بێجگە لەوەش چون هێزەکەمان هەر هەمووی لە چەکداری شەڕکەر و زۆر ئازا پێکهاتبوو ئەوەی وەبەرەوە نەبوو پێشبڕکێی هزریی و رامیاریی تێدا بکرێ و هەر بارودۆخەکەش ئی ئەوە نەبوو.. ئیدی ئەمنیش تەبای هەمووان تێکڕای توانستەکانی خۆم لە پێشبڕکێی ئازایەتیی نواندن و ئەنجامدانی کارە عەسکەرییەکان خستبوونەگەڕ.. وردە وردە وەملێهات توانای خۆم بە شێوەکی گشتیی لە هیچیان بە کەمتر نەبینم.. تەنێ تشتەک کە وەدەستم نەهێنابوو و لەسەر دڵ و دەروونم و ببووە گرێیەکی زۆر گەورۆنە ئەویش ئەوە بوو کە لە ڕێڕۆیشتن نەمدەتانی لە هاوڕێ 'هێستر'ی ببمەوەوە! ئەو هاوڕێیە زۆر جار سەربردەی ژیانی خۆی لۆ من دەگێڕاوە کە لە گوند لەدالکبووە و هەرگیز لە شاری نەژیایە.. ئیدی بەوە قیچەک دڵم ئارام دەبۆوە کە لە مەژیی خۆمدا دەمگۆت زۆر ئاساییە نەتانم لە ڕێیان بە پێش کەسەک بکەوم کە هەموو ژیانی لە گوند و ئەو شاخوداخانە بەسەربردیە بە تایبەتییش کەسەکی ئەوها زلحۆرت و فیلەتەن.. لێ هێشتا هەر دڵم بە تەواویی ئاوی نەدەخواردەوە دەمگۆت دەبێ هەر ڕۆژەک دابێ بیبەزێنم. ڕۆژەکیان هێزەکی دیکەمان کە سنووری کار و چالاکییەکانی زۆر لە ئی مە دوور نەبوو و پتر کەتبووە نێوچە ئازادکرایەکان.. برووسکەکی بە پەلەیان نارد کە بە زووترین کات بە هانایانەوە بچین چونکێ دوژمن هەندەک پێشڕەویی کردیە و بە نیازی هێرشەکی گەورەشە، ئەوەش یەکەم جارمان نەبوو بەڵکە لە هەر جێیەک هێزەکانمان گرفتی بەرەنگاربوونەوەیان هەبا یەکسەر لەدوو مەیان دەنارد.. وەیلێهاتبوو لە نێو شۆڕش بە 'هێزی فریاکەتن' ناومان دەرکردبوو.. تەنانەت زۆر جار لە پەیوەندیی

'بێسیم'ی نێوان یەکەکانی هێزەکانی دوژمنیش ئەو ناوەمان دەبیست! پاش ئەوەی نێوچەکەمان بە هەندەک لە چەکدارەکانمان سپارد کە تا دەگەڕێینەوە ناوەناوە تەقوتۆقەک بکەن و دوژمن خەریکبکەن تا هەستنەکەن نێوچەکە چۆلە و ئیدی هێرش بکەن و داگیری بکەن.. زۆربەی زۆری هێزەکەمان بەرەو لای ئەوان وەڕێکەتین.. لێ ئەگەر بە نێو دۆڵ و ڕێی تەختانییدا بچووباین ئەوە ڕێیەکەمان زۆر درێژ دەبۆوە و کاتەکی زۆر زۆری دەخایەند.. لەبەرهەندێ ڕێیەکی قەدبڕمان گرتەبەر کە بەسەر زنجیرە چیایەکی زۆر بەرز دەکەت لێ بە ماوەکی زۆر کەم و هەر بە ئاودیوبوون لێی دەگەیشتینە نێوچەکەیان، کە بیرم لە سەختیی ڕێیەکە کردەوە یەکسەر ئەوەم بە مەژییدا هات کە با ئەو جارەش لە پێشبڕکێی ڕێڕۆیشتن خۆم لەگەڵ هاوڕێ هێستر تاقیبکەمەوە.. هەرچەندە زۆر جار شکستم لە بەرانبەری خواردبوو لێ هەر بڕیارمدا:

یەکەم جارم بوو بەسەر چیایەکی ئەوها ڕک و سەخت بکەوم.. ڕێچکەکان دیاربوون لێ لە بزنەڕێیان باشتر نەبوون.. هەندەک کات دەبایە خۆت بخەیە سەر دەستان و وەک بزن هەڵبشاخێی، لە نێوەڕاستی ڕیزی هاوڕێیان بووم.. هەر زوو زوو دەرفەتەکم وەردەگرت و خۆم لەوەی پێشە خۆم تیدەکردەوە و وەپێشیدەکەتم تا گەیشتمە پێشی پێشەوە لێ هێشتا هەر کەسەکم لە پێش مابوو ئەویش هاوڕێ هێستر بوو.. زۆر سەیر بوو.. کە لە نێوخۆمان بە 'هێستر' گاسمان دەکرد نەک هەر پێی ناخۆش نەبوو بەڵکە نازیشی پێوەدەکرد.. لێ کە تێکەڵی هاوڕێیانی نێوچەکانی دیکە دەبووین سووکە شەرمەکی لە ناوەکەی خۆی دەکرد! هەڵبەتە تێڕوانینی پاشدامایيانەی لەو بابەتە باو بوو کە کەسەک کەموکوڕییەکی جەستەیی یان دەروونیی هەبا ناوی ئاژەڵەکیان لێدەنا کە هەم سووکایەتیی بوو بە کەسەکە هەم بە ئاژەڵەکە.. لێ ئەوەیان بەو شێوە نەبوو.. هەرچەندە ئەویش هەندەک گێلۆکە و ناهۆشیار بوو لێ هەر لەبەرئەوە ناویاننابوو هێستر چونکێ توانا و هێزەکی زۆری جەستەیی هەبوو و لە ڕێیاندا هەر ملیدەنا و لە هیچ نەدەگەڕاوە! چەندی دەمکرد و نەمدەکرد نەمدەتانی بە پێشی بکەوم، ئەو ڕێچکەی ڕێزمان لەسەری بەستبوو زۆر پێچاوپێچ بوو.. واتە دەبووایە ماوەکی دووردرێژ ببڕێ تا لە پێچەکدا چەند شەقاوەک هەورازتر ببیەوە.. هەموو جەستەم ئارەقەی لێدەچۆڕاوە.. بە کورتییەکەی زۆر زۆرم خۆ ماندییکرد تا بە پێشی بکەوم کەچی هیچ سوودی نەبوو چونکێ ئەو کەمتر ڕێچکەوڕێچکە دەڕۆیی بەڵکە لە زۆر سەرەپێچاندا ڕاستەوخۆ و بە ئاسۆیی بە چەند شەقاوەک خۆی دەگەیاندە سەرەپێچەکی دیکە.. ئەوەش بە هیچ جۆرەک بە من نەدەکرا.. دیاربوو لەو گۆڕەی نەبوو ناویاننابوو هێستر.. هەر لە ڕاستییشدا لە هێستر وەهێزتر بوو! سەرەنجام لە چوون و لە گەڕانەوەشمان زۆر جاران خۆم تاقیکردەوە لێ لە مایەپووچی پتر هیچی دیکەم پێنەبرا.. ئیدی ئەوە بووە شکستەکی مێژوویی وەها کە نەتانم جارەکی دیکە بیر لەوە بکەمەوە لە ڕێیان مل لەبەر ملی بنێم.

ئەو هاوڕێ هێسترە لە رووی بەژنوبالا و توانا جەستییەکانەوە ڕێک دەتگۆت بە تایبەت لۆ ئەوە ئافەریدە بووە کە ببتە چەکداری هێزەکی 'پارتیزانیی'.. بێجگە لەوەی زەلامەکی زۆر کەتە و وەخۆوە بوو.. کە شەقاوانی دەهاوێشتن هەر دەگۆت دێوە و خۆی لە دار و بەرد و ئاو و بەفر و بەرزیی و نزمیی و هیچ لەمپەر و بەربەستەک نەدەپاراست و هەر ملی دەنا، ئەوەی ئەمن دەمدیت تەنێ کێشەی ئەوەی هەبوو کە هەندەک شەوکۆر بوو.. ئەویش کاتەک هەستمپێکرد کە شەوەکیان هەر لە سنووری نێوچەی چالاکییەکانی خۆمان دەچووینە گوندەک کە چەند رۆژەک بوو دوژمن لەگەڵ زەوی تەختیکردبوو و کەسی تێدانەمابوو.. ویستمان بچین بزانین ئەگەر بە کەلکی ئەوە بێ جاروبارەک وەک جێیەکی خۆحەشاردان وەکاریبهێنین؛ شەوەزەنگەکی ئەنگوستەچاو

بوو.. هاوڕێ هێستر لە پێش من و هاوڕێیەکی دیکە دەڕۆیی.. لە ڕێیەکە زۆر باش دەڕۆی لێ کە گەیشتینە نێو گوندەکە هەر چیەک دەکەتە پێشی خۆی لێی لانەدەدا و ملی لێدەنا.. جا یان سەرانگرێ دەبوو یان بەردەبۆوە و زرمەی لە زەوی هەڵدەستاند.. بە چەند هەنگاوەک خۆم گەیاندێ و پێمگۆت: "ئەوە پەلەی چیتە هاوڕێ.. دە خۆ لەو تشتانە لابدە کە دەکەونە پێشت با هێندە بەرنەبیەوە.." لە وەڵامدا گۆتی: "پەلەم نییە هاوڕێ.. لێ هەر خۆم ڤیچەک شەوکۆرم.. بەس هیچ نییە گێی مەدێ.." کە ئەوەم بیست زۆر نیگەرانی ئەو بارەی بووم لەبەرهەندێ لەو دەم دڵم نەهات چیدیکە لەسەری بڕۆم، پاش ئەوەی گەیشتینە تەنیشت خوێندنگەی گوندەکە کە خاپوور ببوو و تەنێ هەندەکی بە پێوە مابوو.. کاتەکمان زانی هاوڕێ هێستر شڵپەکی لێوەهات.. لەبەر تاریکیی هەر هێندە هەستمانپێکرد کە تارمایی جەستەی لەسەر زەوییەکە دیارنەما.. ئیدی هاواری لێهەستا و گۆتی: "کورە هاوڕێیان کەتمە نێو بیری گووی"! کە بە پەلە چووینە سەری و دامانە بەر تیشکی چەرخەکانمان دیتمان تا بن پیلانی لە نێو گووی نوقم بووە! دەستەکانی بەرزکردبۆوە لێ هێشتا نیو مەترەکی مابوو بگاتە ئاستی سەر زەوی و هەر هاواری دەکرد.. چەند کەسەکەمان بە پەلە لەسەر لێوی بیرەکە خۆمان خستە سەر زگ و پڕماندا دەستانی تا پتر نقوم نەبی.. ئیدی ئەوانیدیش دوو پژدێنیان شۆڕکردەوە و بە هەموومان رامانکێشا.. لێ چونکێ کێشی زۆر قورس بوو تا دەرمانهاورد هێندە ماندیی و شەکەتی کردین ئارەقەی رەش و شینی پێدەردایین!

هاوکاتی ئەوەی وردە وردە کات تێدەپەڕی تا گەیشتینە جستانێ ئەمنیش تا دەهات هەر چار پەل و تێکڕای دەمار و ماسوولکەکانی لەشم هەر وەهێزتر و پتەوتر دەبوون.. بەوەش وەملێهات گەلەک چاپووک و خۆشبەز ببم و هەر چرتەم دەهات لە ڕێیان.. لێ چونکێ هێندە لە پێشبڕکێکردن لەگەڵ ئەو هاوڕێ هێسترە ترسابووم هەر کە وەیادمدەهاتەوە.. وەک ئەوەی کارەساتەکی زۆر ناخۆشت وەیاددێتەوە و چارەسەرەکەشت هەر ئەوەیە یەکسەر لەبیرببکەی.. ئەمنیش هەر ئەوەم دەکرد! کەچی رۆژەکیان ڕێڕۆیشتنەکی نێو بەفرێمان هاتەپێش و یەکسەر لە هندوڕی خۆمدا گۆتم 'ئەری خۆم ئەمن هەرگیز پێشبڕکێی نێو بەفرێم لەگەڵ وی نەکردیە.. بەڵکە ئێهـ کە ئەو زەلامەکی قورسە ئەو توانایەی نەبی لە نێو بەفرێ.. دەبا ئەوەشی لەگەڵ تاقیبکەمەوە..' لێ پاشان کە بە هووردیی تێیهزریم نازانم کوو بوو لەپڕ ئەوەم وەبیرهاتەوە کە جارەکیان هاوڕێ هێستر لە گێڕانەوەی سەرهاتەکی خۆی باسی ئەوەی کرد زۆر جاران لە گوندەکەی ئەوان هێندە بەفر دەباری بە هەفتە و دوو هەفتەش نەدەتاواوە.. هەروا زۆر جاران لەگەڵ گەنجانی گوندەکەیان پێشبڕکێی سەیر سەیریان لە نێو بەفرێ کردیە.. وەک نموونە؛ پێشبڕکێی ئەوەیان کردیە کە کێ دەتانی بچتە سەر بەرزترین شاخی نێزیک گوندەکەیان و پێشی هەمووان بگەڕێتەوە ئەوە لە کاتەکدا کە بەفر لە چۆکان بووە.. سەرەنجامیش هەر خۆی بردیتیەوە و هەر یەکەمیش بووە! ئیدی یەکسەر پەژێوان بوومەوە و ئەو خۆتاقیکردنەوم لەگەڵی بە ئەندێشەکی زۆر پووچ و نەزۆک هاتە بەرچاوان و بە ئێکجاریی بڕیارمدا هەرگیز جارەکی دیکە شەڕی خۆتڕێن لەگەڵ ئەو هاوڕێ هێسترە نەکەم کە هیچ کەسەک لە ڕێڕۆیشتن لێی ناباتەوە! لێ تازە هەر دەبی ئەو سەربردەی 'ڕێڕۆیشتنی نێو بەفرێ'ش وەگێڕم کە ئاماژەم پێیدا.. با بزانین وەک ئەوەی لەسەر خاک و دار و بەرد و قوڕ و قوڕاو و چڵپاوێ تۆزێ دەکرد.. لەسەر بەفرێش هەر ئەوها بوو یان نا؟:

بە نیازی بەشدارییکردنمان لە کۆبوونەوەکی بەرفراوان بەرەو دەڤەرە ئازادکرایە دوورەدەستەکان کشاین، لە چیایەکی زۆر سەخت و رک بەسەردەکەتین کە بەفر کڕیکردبوو و تەنێ لە هەندەک جێیان بە ئاستەم سەرچڵی

درەختەکان دیاربوون.. ناوەناوە هاوڕێیەک لە بەفر رۆدەچوو و تا بن پیلان نوقم دەبوو و ناچار دەستیمان دەگرت و دەرماندەهانیەوە، ئەمن پێشترێ لە بەفری ئەوها ئەستوورم نەدابوو لێ لەبەرئەوەی گەنجەک بووم کێشم زۆر سووک بوو و دەشمزانی کوو پێ لەسەر بەفر دابنێم و رۆنەچم سەرەڕای ئەوەش هەر خۆشم پێیەکانم لەچاوە خۆم زۆر گەورە و پانن.. هەمیشە لەو جۆرە رێیانە رەچەشکێن بووم.. واتە لە پێشەوەی هەموان بەفرم دەشکاند و رێیەکەم خۆشدەکرد.. لێ کێشەکەم ئەوە بوو پاش دەمەکی کەم پێیەکانم وەها سڕدەبوون وەک ئەوەی گیانیان لەبەر ببڕێ هیچ هەستم پێیان نەدەکرد، هەر لەو چیایەدا کە تازە بنارەکەیمان بڕیبوو و نێزیکی نێوقەدی ببووین لە گەوەڕە شاخەک کە پانتاییەکی زۆری بەفر نەیگرتبۆوە لاماندا تا قیچەک بسێینەوە.. ئەوێ لەچاو نێو بەفرەکە فرە گەرم و خۆش بوو.. پاش ئەوەی بەلەک و پێیەکانم لە بەفر داتەکاندن دیتم تاکە کەوشەکم لە پێ نەمابوو! ئەو پێم تەواو بەستبووی و جوولەی لێبڕابوو.. هەندەک دەستم لێیخشاند تا گەرم داهات و بە جوولە کەتەوە، هەر لە بیرکردنەوەی ئەوەدا بووم کە چ بکەم و کوو دەتانم ئەو رێیە بە پێخواسیی ببڕم! هاوکاتی ئەوەی لە مەژیی خۆمدا دەمگۆت 'هەی تڕحێێێو.. چاک نەبوو ئەو هەڵەم نەکرد پێشبڕکێی لەگەڵ هاوڕێ هێستر بکەم!' وەیادمهاتەوە کە جارەکیان گۆتی 'ئەمن هەردەم جۆتە کەوشەک وەک یەدەگ لە نێو کۆڵەپشتەکەم هەیە.." ئیدی بە پەلە خۆم گەیاندێ و بە دزییەکەوە پێمگۆت:

- کەوشەکم لە پێ نەمایە هاوڕێ.. نازانم.. گۆتم ئەگەر ئەتوو کەوشەکی یەدەگت هەبی؟ (لە وەرامدا بە دەنگە گڕ و گەورەکەی خۆی لە کن هاوڕێیان ئاشکرایکردم):

- بە داخەوە هاوڕێ گیان.. جۆتە کەوشەکی چاکم پێ بوو بەس پێرێ هاوڕێیەکم پێویستی بوو و دامێ.. لێ گێی مەدێ.. ئەمن کوو دەهێلم ئەتوو بێ کەوش بی.. ئێستا دەچم لۆت دەهینمەوە (یەکسەر بەرەو خوارێ ملینا! ئەمنیش تا نەچی بە پەلە گۆتم):

- نا نا ناکرێ هاوڕێ.. تازە کەوش نابیندرێتەوە.. دواییش ئەو چوونەخوارێ و بەسەرکەتنەوە زۆر ماندییت دەکا و کەوشەک ئەوە ناهینی لە نێو ئەو بەفرە و بە تەنێ خۆت تووشی مەترسییەک بکەی.. (هەر ئاوڕیشی لێنەدامەوە و شۆڕبکردەوە!).

پاش ماوەک کە گەڕاوە تاکە کەوشەکی وەدەستەوەبوو و گۆتی: "باش بوو هاوڕێ بەختت هەبوو.. هەر لەو نێزیکانە دیتمەوە"! (پاش ئەوەی سوپاسەکی زۆرم کرد جۆتە گۆریەکی ئەستوور و خاوێنم پێبوو لەگەڵ کەوشەکان لەپێمکردن، کە چیایەکەمان بڕی و ئاودیوبووین گوندەکی یەکماڵەمان لێوەدەرکەت.. ئەمن و چەند هاوڕێیەک کە لە پێشەوە دەڕۆیشتین ماوەکی چاک پێشی ئەوانی دیکە گەیشتین.. دیاربوو ماڵەکە وەک نیمچە بارەگەکی خۆمان بوو، زۆر زۆر ماندیی و شەکەت بووین.. هەر دەمودەست ئاورەکی چاکمان کردەوە.. سۆبەکە کە هێندەی بۆشکە گەورەکانی نەفت دەبوو بە نێڵەنێڵ کەت.. ئەوانیدیش وردە وردە تاک تاک و دوو دوو دەگەیشتن.. هاوڕێ هێستر خۆی دابووە دوایێ تا ئەگەر هاوڕێیەک پەکیبکەوی یارمەتیی بدا.. هەر وەشبوو.. کە گەیشت دیتمان خۆی دابووە بن پیلی هاوڕێیەک کە سەرما خراپ لێیدابوو و هەر ئەوەتە هەناسەی دەهات.. بە لەنگەلەنگ گەیاندیە ژۆرێ و لە نێزیک سۆبەکەی دانا و بە هاوڕێیانی گۆت خێرا فریای بکەون .. ئەوجا گاسەکی منی کرد و گۆتی):

- تکایە تا دەرێ وەرە هاورێ.. (تووشی پەشۆکانەکی گەورەی کردم.. بیرم هەر لۆ ئەوە چوو کە رەنگە هاورێیەکمان بەجێمابی و لە نێو بەفرەکە تشتەکی بەسەرهاتبی.. کەچی کە وەدوویدا چووم دیتم لە تارمەکە راوەستا و تاکە کەوشەکی هەلگرت و گۆتی):

- هاورێ گیان.. ئەو تاکە کەوشەی دامە توو ئی خۆم بوو و وێمدەوە.. جا بزانە ئەگەر لەو مالە جۆتە کەوشەک لۆ خۆت پەیدابکەی! (هەر خەریکبوو مەژییم رابوەستی.. ئەتوو برۆنێ؛ هاورێ هێسترەک کە ئەمن بە کەسەکی گێل و نەزانم دەزانی و هۆشمەندییەکەشی هەر ئەوە بوو کە ئەشکەنجەی چەتەکی بێ چەکی دا کەچی وەک دیتم تا ئەو ئاستە لە بەرانبەر هاورێیەکی خۆی دلسۆز دەردەچی کە تاکە کەوشەکی پێی خۆی دەداتێ و خۆشی ئەو رێیە دوورودرێژ و سەخت و بەفراوییە بە تاکە کەوشەک دەبرێ! ئەتوو بزانە ئەو لەیەکچوونە سەیرە؛ بە هۆی ئەوەی وەک گوتم پێیەکانم بە پێی بەژنوبالام لە ئەندازەی خۆیان پان و گەورۆنەتر بوون جۆر و ژمارەی کەوشەکانمان رێک وەک یەک بوون.. واتە کە تاکە کەوشەکەی ویم لەپێکرد هیچ هەستم پێی نەکرد کە ئی خۆم نییە! بروام نەدەکرد هیچ یەکەک لەو هاورێیانەی لەگەلمان بوون بتانی دلسۆزی و ئازایەتییەکی لەو جۆرە بنوێنی تەنانەت بە خۆشمەوە.. ئەمن مەگەر تەنێ بمتانیبا لە بەرانبەر هاورێیەک کە بریندار دەبی یان نەخۆش دەکەوی یان هاورێیەکی پیر کە پەکیدەکەوی کارەکی لەو جۆرە بکەم! هەر ئەوەم لەدەستهات باوەشەکی تێوەربهینم دوو ماچانی لەسەر کولمانی بکەم و بێژم):

- لە راستییدا پێویستە ئەتوو باشترین خەلاتی دلسۆزیی و ئازایەتیت بدرێتێ لە نێو شۆرش! (ئیدی بە سوپاس و رێزگرتنەکی زۆرەوە تاکە کەوشەکەیم وێداوە، کە دەستیم گرت و چووینەوە ژۆرێ دیتمان هاورێیان کێشەیان لەسەر ئەوە هەبوو کە بە چ شێوەک چارەسەری ئەو هاورێیە بکرێ کە سەرما لێیدابوو.. ببوونە دوو بەش؛ هەندەکیان دەیانگۆت 'دەبی رووتیبکەینەوە و زۆر لە نێزیکەوە بیدەینە بەر هالاوی ئاورەکە تا لەشی لە بن ئارەقە دەخووسێ پاشانیش لە دوو پەتووی چاکی وەرپێچین.. ئیدی زوو زوو ئەوە دووبارە بکەینەوە تا چاکدەبتەوە'.. ئەوانیدیکەش دەیانگۆت 'باش نییە زۆر لە ئاور نێزیک بکرێتەوە بەلکە دەبی بە ئاوی شیرتێن جەستەی نەرم و خاو بکەینەوە تا بە تەواویی بەسەرخۆدێتەوە.. ئەوجا وردە وردە لە ئاورەکەی نێزیک بکەینەوە'.. لەپڕ هاورێ هێستر جوایەز لە هەردوو رایەکە هاتەگۆ و هەمدیس دلسۆزیی و ئازایەتیی خۆی خستەوەروو):

- ئەمن نازانم ئەو دوو رایە کێهانیان باشترە لێ ئەوەیان لە هەردووکیان باشترە کە بە زووترین کات بیگەینینە 'خەستەخانەی شۆرش'.. لۆ ئەوەش ئەمن ئامادەم هەر هەنووکە بە شانی خۆمی دابدەم تا دەیگەینمە وێ.. (هەموو هاورێیان دەستخۆشییان لێکرد لێ گۆتیان خەستەخانەکە زۆر دوورە و بە هاسانیی ناگاتە وێ.. باشترە هەر لێرە بە پێی یەک لەو دوو رایە هەرچی لەدەستماندێ لۆی بکەین.. ئەمنیش گۆتم):

- هاورێیان.. وەبزانم ئێستا کاتی ئەو بینەوبەردە نییە.. ئەو هاورێیە هەر ئێستا پێویستی بە چارەسەرە.. زۆر باشترە بێ هیچ دوودلییەک گێ لە بە ئەزموونترین هاورێی خۆمان رابگرین و لەو دوو رایە کێهانی پەسند کرد با ئەو بی.. (بە دەست ئاماژەم بەو هاورێیە کرد کە لە هەموومان باخۆشتر بوو و زۆربەی ژیانی خۆی لە نێو بەفر و چیایەکان گوزەراندبوو و دەمزانی ئەزموونی زۆرە لەو رووەوە، کە ئەویش دیتی هەموویان

پێشنیارەکەی منیان پێ باشە.. دەستی بە قسان کرد و سەرەنجام ڕای دووەمی پەسندکرد، ئیدی هاوکاتی ئەوەی ئاو گەرم کرا و چار پێنج هاورێ خەریکی چارەسەرەکە بوون.. درێژەی بە قسەکانی دا):

- سەرمای بەفرێ زۆر پیسە هاورێیان.. پێشان ئەو سەرما لێدانەیان بە 'گەرماوی ژنان' چارەسەر دەکرد.. هەرچەندە ئەمن بە چاوی خۆم ئەو چارەسەرەم نەدیتیە لێ لە سەردەمی نەوجەوانییم زۆر جار بیستیتم.. ئەوەش هەر قسە نەبوو بەڵکە ڕاست بووە و هەر کەسەک لەو گوندانە ئەوها سەرما لێیدابا بەو شێوە چارەسەر دەکرا... (یەکەک لە هاورێیان پرسی):

- ئەو گەرماوی ژنانە کوو بووە هاورێ؟

- ئەو گەرماوی ژنانە ئەوە بووە کە چار ژن بە جەستەی خۆیان گەرماوەکیان لۆ چێدەکرد.. واتە کە کەسەک سەرما لێیدەدا و جوولەی لەبەردەبڕا - مەبەستم لە کەسەک لە پیاوانە چونکی مەگەر بە دەگمەن دەنا ژنان ئەوهایان بەسەرنەدەهات – ژنەکی مەمک گەورە بە ڕووتیی لەسەر پشت ڕادەکشا و پیاوەکیان بە ڕووتیی و لەسەر پشت بە جۆرەک دەخستە سەر ژنەکە کە هەردوو لاپەراسووەکانی پشتی بکەونە نێوان مەمکۆڵانی تا تەزووی گەرمیی بخەنە نێو هەناوی.. دوو ژنی دیکەش هەر بە ڕووتیی لەسەر تەنیشت و هەر یەکەو لە لایەک خۆیان بە هەردوو لاتەنیشتی پیاوەکە وەدەنووساند.. چارەم ژنیش خۆی ڕووتدەکردەوە و لەسەر زگ لەسەر پیاوەکە ڕادەکشا.. هەروەک خۆتان دەزانن لەشولاری ژنان چەند گەرمە.. زۆری پێنەدەچوو ئەو پیاوە هەموو جەستەی نەرم نەرم و خاو خاو دەبۆوە.. هەر کە بە جوولە دەهاتەوە ژنەکان گەرماوەکەیان تێکدەدا و بە پەلە پیاوەکەیان لە هەندەک خوریی وەردەپێچا و لە نێو جێیەکی گەرم گەرم دایاندەپۆشی ئیدی پاشان بە تەواویی وەخۆدەهاتەوە و وەک گیزی ساغی لێدەهات. جا ببینن ئەو گەرماوی ژنانە لەوان سەردەمان چارەسەرەکی چەندە مرۆڤدۆستانە بووە!!! هەرگیز ئێستا کە گوایە ڤۆناغەکی زۆر شارستانییترە هیچ ژنەک ئامادە نابی ئەوە بکا.. مەرجیش نەبووە ئەو ژنانەی کە گەرماوەکە چێدەکەن کەسی نێزیکی ئەو کەسە بن کە سەرما لێیدەدا بەڵکە زۆربەی جارەکان کەسەکە ڕێبوارەکی نەناس بووە و هەر بە ڕێکەت و بە نەشارەزایی خۆی لە نێزیک گوندەک ئەوها سەرما لێیدەدا و ئیدی خەڵکی گوند بیانناسیبا یان نا بە فریای دەکەتن و بەو هەست و سۆز و هزرە زۆر مرۆڤپەروەرییە گەرماوی ژنانیان لۆ چێدەکرد و لە مەرگ ڕزگاریاندەکرد! جا ئەوە لەو سەردەم بەو جۆرە بووە.. لێ لەو سەردەمەی کە ئەمن گەنج بووم کەس ئامادە نەبوو ئەو کارە بکا.. هەڵبەتە ئێستاش هەر هیچ! بە داخەوە لەوەتەی ئەمن وەبیرمدێ تا دێ ئەو هەستە مرۆییانە کەمتر و کەمتر دەبنەوە.. (هەر وەک شۆخییەکیش گۆتی) لێ تکایە هاورێیان.. کەس نەچی بە ئەنقەست خۆی لە سەرمای بەفرێ بدا و مرخی خۆی لەوە خۆشبکا کە گەرماوی ژنانی لۆ چێدەکەن! نا نا دڵنیابن لەمێژە ئەو میللەتەی مە دەستبەرداری ئەو نەریتە جوانە بووە و هیچ ژنەک ئەوە ناکا.. جا هەر کەسەک بە هیوای ئەوە بی گەرماوی ژنانی لۆ چێبکەن ئەوە تەنێ خۆی دەترێنی! (ئەگەر غەمی ئەو هاورێیە لە گۆڕێ نەبا کە سەرمای بەفرێ لە پەلوپۆی خستبوو ئەوە دەبووە یەک بەزموورەزمی هێندە خۆش نەبیتەوە، لەپڕ هاورێ هێستر بە دەنگە گڕ و گەورەکەی خۆی سەرنجی هەموانی ڕاکێشا و بەو هاورێیەی گۆت):

- ئەرێ هاورێ.. لێ ئەمن پێم باشە ئەگەر باسی چارەسەری 'لێدانی نێو بەفرێ'شیان لۆ بکەی.. دڵنیام زۆربەیان نایزانن.. ئێستا ئەوان نازانن ئەمن بە شەق و شاپان ئەو هاورێیەم لە مەرگ ڕزگارکردیە!

(هەموویان سەریان سوڕما لەو قسە و هەندەکیشیان هەر بە فشەفشەکی بێ واتایان زانی.. لێ ئەو هاوڕێیە بە ئەزموونە بە فریای کەت):

- ئەرێ هاوڕێیان.. هاوڕێ هێستر راست دەکا.. ئەمنیش خۆم ئەوەم بەسەرهاتیە؛ ئەوە لەمێژە تازە چەکی شۆڕشگێڕییم لە شان کردبوو.. رۆژەکیان بەدەو بەفربارین و باهۆزەوە بە چیایەک هەڵدەگەڕاین.. تا گەیشتینە سەرێ هەموو جەستەمان بە بن ئارەقەی کەتبوو.. بەرپرسی هێزەکەمان هەموومانی خڕکردەوە و گۆتی: "دەزانم زۆرماندیی و شەکەتن لێ ئەگەر رابوەستین ئەوە سەرما لێماندەدا و رەقدەبینەوە جا نامەوێ و نابی هیچ کەسەک تەنانەت یەک خولەکیش چیە رابوەستی.. دەی هاوڕێیان بجوولێن.. دەبی بە زووترین کات خۆمان بگەینینە ئەو گوندەی ئەودیوی".. لەبەرئەوەی هەورازە سەختەکەمان بڕیبوو و ئیدی سەر چیایەکە رووبەرەکی نیمچە تەختایی بوو وردە وردە ئارەقەکەمان هیشک دەبۆوە و سەرما پتر هێرشی لۆ دەهینایین.. لەپڕ هەستمکرد ئەو چوستیی و چالاکییەی جارانم نەما و جاروبارەک لە جێی خۆم دەچەقیم و نەمدەتانی شەقاوان باوێم.. بەرپرسەکەمان هەستییپێکردم و بە پەلە خۆی گەیاندە تەنیشتم و بەدەو رۆیشتنەوە هەر دەیگۆت: "بڕۆ هاوڕێ.. رانەوەستی".. لێ ئەمن بە دەست خۆم نەبوو و دەمنادەم هێزم نەدەما و دەبووایە رابوەستم.. لە دوا جاردا کە قیچەک پتر راوەستام بەرپرسەکەمان هێرشی کردە سەرم و ئەمنی دا بەر شەق و شولاقان! زۆرم پێ سەیربوو و نەمدەزانی لەبەرچی لێیدام.. لێ ئەگەر زۆر خراپتریشی لێدابام هەر دەستم لەبەری راستنەکردەوە چونکێ رێزەکی زۆر لە نێوانمان هەبوو و زۆریشم خۆشدەویست! دوو هاوڕێی زۆر خۆشەویستم کە هەردەم پێکەوە بووین لێمان نێزیک بوون و ئەو بەزمی لێدانەیان دیت.. یەکسەر هێرشیان کردە سەر بەرپرسەکەمان.. لێ هاوڕێیەکی دیکە یەکسەر پێشی لێگرتن و هاواریکرد: "نا هاوڕێیان نا نەکەن.. دیارە ئەو هاوڕێیە سەرما لێیدایە.. ئەویش هەر لەبەرئەوە لێیدا تا بە جوولەی بخا.. ئەگەر نا ئەوە لە جێی خۆی رەقدەبتەوە و گیانی لەبەردەبڕێ"! ئیدی ئەمن و دوو هاوڕێیەکەی دیکەم بێ ئەوەی رابوەستین هەر بە هەلەکەسەمایان داوای بووردنمان لە بەرپرسەکەمان کرد و دەستمان بە رۆیشتن کردەوە، جا ئەوە چارەسەری 'لێدانی نێو بەفرێ' بوو، ئەرێ.. هاوڕێ هێستر زۆر راست دەکا و دیارە ئەویش هەر بەو شێوە چارەسەری ئەو هاوڕێیەی کردیە و نەیهێشتیە جوولەی لێببڕێ.. ئێستا پێویستە هەموومان زۆر سوپاسی بکەین..

لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی ئەو قسانەی هاوڕێیە بە ئەزموونەکەمان چارەسەری هاوڕێیەکەشمان سەریگرت و وردە وردە بە جوولە هاتەوە.. پاشان جلکەکانیان لەبەرکرد و بە پێی خۆی چوو لە تەنیشت سۆبەکە دانیشت، پاش ئەوەی هەموومان سوپاسی هاوڕێ هێسترمان کرد هەر کەسەو لە راستە خۆی بە شۆخییەوە قسەکی فڕێدا؛ یەکەکیان کە هەمیشە بە شەڕە قسە شۆخیی لەگەڵ ئەو هاوڕێیە دەکرد کە سەرما لێیدابوو گۆتی: "دەک داوەشێی هاوڕێ.. ئەتوو کوو بزانی ئەوها خۆت بدەیە بەردەستی ئەو هێسترە تا ئەوها وەبەر لەقە و لووشکانت بدا!".. هاوڕێیەکی دیکە گۆتی: "ئێ ئێ.. تازە لۆم وەدەردەکەوی.. دیارە ئەو هاوڕێیە پێشترێ ئەو بەزمەی گەرماوی ژنانی بیستیە لۆیە ئەوها خۆی و ئەمەشی بەو دەردە برد.. گەرماوی ژنانت دەوێ.. دە بیخۆ دەی!!" ئیدی زۆر قسەی دیکەی لەو بابەتە کران و کاتەکی زۆر خۆش و ئاسوودەمان گوزەراند. پێش ئەوەی ئەوێ بەجێبهێلین خانەخوێیەکەمان جۆتە کەوشەکی کەونی لۆ پەیداکردم و ئەویش هەم وەک شۆخییەک هەم وەک پلارتێگرتنەکیش لە هەموومان گۆتی:

- ئا ئا.. نەکەن چیدی خۆتان لە سەرمای بەفرێ بدەن.. وەک دەیزانن ئەمە بێجگە لە داکم هیچ ژنەکمان لە ماڵێ نییە تا بتانین گەرماوی ژنانتان لۆ چێبکەین.. ئێ داکیشم.. راستە هێشتا جحێڵە.. لێ بە تەنێ ئەوەی لۆ ناکرێ.. تەنانەت ئەگەر سێ ژنی دیکەش پەیدابین هەر نایکا چونکێ جارەکیان گەرماوی ژنانیشی چێنەکردبوو بەڵکە تەنێ پشتی ئەو هاوڕێ هێسترەی شێلابوو کە وەک کوڕی خۆی تەمەشای دەکا و خۆشیدەوێ کەچی هەزار و یەک قسە و قسەلۆکیان لۆ چێکردین... (داکی قسەکەی پێ بڕی و گۆتی):

- کورە ڕۆڵە گیان دە لێیانگەڕێ.. ئەو قسە چیە دەیکەی.. ئەمن هەموویان یەک بە یەکیان بە کوڕی خۆم دەزانم.. ئەوانەی قسە و قسەلۆکیشیان لۆ هەڵبەستین.. ئەمن پێم ناخۆش نییە.. با هەر لۆ خۆیان پەتکان بەریدەنەوە! (دەستەکی لە ملی هاوڕێ هێستر کرد) هەنووکەش ئەوە هەر کوڕی شیرینی خۆمە.. (هاوکات لەگەڵ ئەوەی دوو ماچانی لە سەری کرد گۆتی) ئەنگۆ نازانن کوڕی خۆم شتۆ پیاوە.. نازانن جوامێرەکی چەند ئازا و مەردە.. ئەنگۆ هەمووتان بە لایەک ئەویش بە لایەک! هەر ئێستا دیتتان کوو گیانی ئەو هاوڕێیەی رزگارکرد! خۆ شۆڕشگێڕیی هەر بە قسە نابی.. هەموو تشتەک بە ئیشە ئیش نەک بە ریش.. ئەگەر بە ریش بی بزن ریشی لە هەمووتان درێژترە! (ئیدی دیسان بووە پێکەنین و گەڕەلاوژێ.. پاش ئەوەی نانەکمان خوارد و هەندەک هێز و شنگمان وەبەرهاتەوە زۆر بە ئاسوودەییەوە ماڵاواییمان لەو دوو خانەخوێیە خوێنشیرینەمان کرد و ملی ڕێمان گرتەوە):

سەرەنجام.. پاش بڕینی ڕێیەکی دووردرێژ و سەخت کە هەر بەفر بوو و جاروبارەک تووشی هیشکایی دەبووین بە کۆبوونەکە راگەیشتین، ئیدی هەر لەو ڕێیە و لە گەڕانەوەشدا کە بە ڕێیەکی دیکەدا هاتینەوە نێوچەکەی خۆمان زۆر تشتی سەرنجڕاکێشم لەو هاوڕێ هێسترە دیتن.. لێ هێشتا هێندە باشم نەدەناسی وەک ئەوەی کە جارەکیان لە جێیەک یەکمانگرتەوە و تەنێ خۆم و خۆی دووبەدوو لە کاتی گەڕانەوەمان بەرەو نێوچەکەی خۆمان دەرفەتم دایێ بە ئارەزووی خۆی و بە دووردرێژیی سەرهاتەکانی خۆی بگێڕێتەوە:

- ٧ -

نازانم کوو بوو هاوڕێ هێستر بیستبوویەوە کە ئەمن بە هەندەک کاری ڕێکخراوەیی دەچمە ئەو نێوچانەی کە هێزەکانی شۆڕش تێیاندا لاوازە و تەنێ یەک هاوڕێ لەگەڵ خۆم دەبەم، هاتە کنم و گۆتی: "هاوڕێ ئەگەر چوویە خوارێ تکایە ئەمنیش لەگەڵ خۆت ببە.. خوارێ هەندەک مەترسییدارە با هیچ نەبی دوو کەست لەگەڵ بی".. هەرچەندە دەرفەتی ئەوەی تێداهەبوو ئەویش لەگەڵ خۆم ببەم لێ پێویستی نەدەکرد.. هەروا سووکە گومانەکیشم لێی هەبوو لەوەی کە کەسەکی زۆر سەرەڕۆ و بێسەروبەرە و ڕەنگە تەنێ لە پێناو نەوس یان هەندەک خۆشیی خۆی تووشی کێشە و بەزمەکم بکا و ژیانم بکەوتە مەترسیی.. ئاخر کوڕەکی زۆر نەوسن و زۆرخۆر بوو و بە هیچ تشتەک تێرنەدەبوو.. هەر لەبەرئەوەی ئەمن کەمخۆر بووم تەواو متووم ببوو و وەهای پێشاندەدا ئەمنی زۆر خۆشدەوێ.. هەردەم لە کاتی دابەشبوونمان لە ماڵان خۆی ڕەگەڵ من دەخست یان لە هەر دەم و جەمەک کە خواردنەکیان دابەشدەکرد بەشی من و خۆی پێکەوە وەردەگرت لۆ ئەوەی هەندەک لە بەشەکەی منیش بخوا.. هیچ خواردنەکی نەدەجووی و هەر قووتیدەدا تا وێڕابگا زۆرترین بەش بخوا! جاروبارەکیش کە نەخۆش دەکەتم یەک بست چیە لێم دوورنەدەکەتەوە و زۆر یارمەتیی دەدام چونکێ دەیزانی پارووی چەوری لێ

پەیدادەبی.. لەگەڵ هەر هاوڕێیەکی دیکەش هەر وەهابوو ئەگەر دەرفەتی بدابا.. خۆ جارەکیان هەر لەسەر ئەو نەوسنیی و زۆرخۆرییەی هێندەی نامێنێ لە چالاکییەکیدا بیکوژن؛ هەر کووەک هەیە فەرمان لە بەرپرسەکانی خۆی وەردەگری تا بچی بە تەنێ هێرش بکاتە سەر بازگەکی گچکەی رژێم کە لە دەرێی شارۆچکەکە بووە.. جا ئەگەر دەستیان نەکردەوە ئەوە بیانگری و راپێچیان بکا.. ئەگەر نا ئەوە بیانکوژێ و چەکەکانیان بهینی! پێش نیوەشەو بە پەنادزە خۆی دەگەینتە نێزیک بازگەکە کە پێکدێ لە خاڵەکی پاسەوانیی لەسەر شەقامەکە کە پاسەوانەکی تێدایە.. هەروا ژوورەکیش لە پشتەوە کە هەندەک دوورە لە شەقامەکە.. لێ نازانی چی تێدایە.. لە پشتەوەڕا خۆی دەگەینتە ژوورەکە بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکا.. دەبینی ئەوە دوو چەکدار لەوێ لە تەنیشت یەک نوستینە و چەکەکانیشیان لە نێو لەپی دەستیان دایە.. دەیەوێ بێ دەنگدان پڕیانبداتێ و چەکیان بکا.. لێ کە چاوی بە سۆبە و هێلەکە و نان و روون دەکەوی پەژێوان دەبتەوە و دەستدەکا بە درروستکردنی هێلکەوڕوون.. دەیەوێ تێر بخوا ئەوجا چالاکییەکەی ئەنجامبدا.. لەگەڵ قرچەقرچ و بۆنی هێلکەوڕوونەکە پاسەوانەکیان واگادێ و بە پەشۆکایی چەکەکەی لە نێو دەستی خۆی توند دەکا و دەیەوێ تەقەی لێبکا.. لێ ئەو دەرفەتی نادا فریای هیچ بکەوی و بە خێرایی برووسکە خۆی هەڵدەداتە سەری و دەستەک لەسەر دەوی دادەنێ و بە یەک نێزە خپی دەکا.. ئەوەکەی دیکەش بێ ئەوەی واگابێ هەندەک دەجوولێ.. لە غەمی ئەوەی نەوەک ئەویش واگابێ و هێلکەوڕوونەکەی لێ تێکبدا دەستەک دەخاتە سەر دەوی و ئەویش هەر لە خەودا بە یەک دوو نێزان تەواویدەکا.. پاش ئەوەی زۆر وەکاوەخۆ تێر تێر هێلکەوڕوونی خۆی دەخوا چەکەکانیان لێدەکاتەوە و دەمانچەکیش کە بە قەدی یەکەکیان وەدەبی بە رووتی لەبەر پشتی خۆی دەنێ.. ئەوجا لە پشتەوەڕا لە جێییەکی زۆر زاڵ بەسەر خاڵی پاسەوانییەکە هێرش دەکا و پاسەوانەکە دەنگدەدا تا چەکەکەی دابنێ.. ئەویش کە دەبینی دەرفەتی هیچ جووڵە و بەرانگژبوونەوەکی نییە بێ دەستکردنەوە و بە هاسانیی چەکەکەی فڕێدەدا و خۆی رادەستی دەکا.. ئیدی هەرسێ کلاشینکۆفەکە بێ فیشەک لەگەڵ ئامێرەکی (بێسیم)ی گەوەری پەیوەندیی هەمووی لە پاسەوانەکە باردەکا و بە پێشە خۆی دەدا تا دەگاتەوە نێو هاوڕێیان بێ ئەوەی هیچ پشییەک بدا!

هەر کووەک هەبوو رازییم کرد بەوەی کە پێمگۆت 'ئەو کەسەی لەگەڵە خۆمی دەبەم تەنێ تا جێیەک لەگەڵم دەگەڕێتەوە کە تەواوەک دوورە لەو نێوچەی خۆمان و ئیدی لەوێ ئەویش کاری خۆی هەیە و بەرەو لایەکی دیکەدا دەڕوا.. جا پێش ئەوەی بڕۆم بەرپرسی عەسکەریی تێدەگەینم کە با مۆڵەتت بداتێ.. واتە هاوکاتی ئەوەی ئەمن دەگەمە ئەوێ ئەتووش بگەیە ئەوێ.. لەوێش پێکەوە وردە وردە دەگەڕێینەوە.. دەربارەی خواردنیش غەمت نەبی بچینە هەر جێیەک بەسەر بۆسەدا دەکەوین!' - 'بۆسە' وەک گوزارشتەکی باوی نێو خۆمانی لێهاتبوو ئەویش بەو واتایەی کە رووداو و گۆڕانەکی گرنگ و ناوازەیە لە خواردن.. لەبەرئەوەی هەمیشە کێشەی کەمخۆراکیی و نەبونی خواردنی باشمان هەبوو کە بە رێکەت لە ماڵان تووشی خواردنەکی باش و ناوازە دەبووین بە تایبەتییش گۆشتی لەگەڵ با ئەوە دەمانگوت 'بەسەر بۆسەدا کەتین'! -، بە کورتییەکەی پاش تەواوکردنی کارەکانم و هاوکاتی ئەوەی ئەمن گەیشتمە ئەو جێیەی کە دەستنیشانمکردبوو هاوڕێ هێستریش رێک لەو کاتەدا گەیشتە ئەوێ.. دیاربوو تەواو شادمان بوو بە دیتنەوەم لەوێ. لە هەر جێیەک کە بەسەر بۆسەدا دەکەتین جوان جوان خۆی دادمەزراند و زۆر چاک دەستی خۆی دەوەشاند.. واتە هێندەی دەخوارد دۆخین و پژدێنی لۆ شلدەکردنەوە! زۆر بڕوای بە من هەبوو و حەزیدەکرد هەرچی راز و نهێنیی هەیە لە کنە

من باسبکا.. هەر کاتەک کە ملی ڕێمان دەگرت دەستی بە گێڕانەوەی سەرهاتان دەکرد.. زۆر بە ڕاشکاویی چەندین بابەتی وەک ژیانی زارۆکیی و نەوجەوانیی.. بارودۆخ و پێگەی خانەوادەکەی.. شادیی و غەم و حەسرەت.. مێبازیی و ئەڤینداریی.. هۆکاری چەکهەڵگرتن.. هەڵسوکەوتەکانی لە نێو شۆڕش و بێزاربوون لە شۆڕشگێڕیی... هەر هەمووی وەگۆڕێ وەرکردن:

پاش ئەوەی باسی هاتنەبوون و ئارەزووە پاک و بێگەردەکانی جیهانی زارۆکیی خۆی کرد و هەندەک بە درێژیی سەبارەت بە گوندەکەیان و کێشە و گرفتەکانی دوا.. گۆتی:

- کاکە ئەمن لە سەرەتادا زۆر زیرەک بووم لە خوێندن.. لە تەمەنی هەشت ساڵیی چوومە بەر خوێندن؛ لە پۆلی یەک تا چار هەر یەکەم دەبووم.. بەس لە پۆلی پێنج سێ ساڵ لەسەر یەک کەتم و سەرەنجام لە خوێندن دەریانکردم.. ئیدی بابم ناردمییە بەر بەرخان، هەرچەندە سەروسەربردەی من زۆر دووردرێژە لێ هەر حەزدەکەم ئەوە بزانی کە لەبەرچی چار سالان یەکەم بووم و پاشانیش بە سێ ساڵ نەمتانی یەک پۆل ببڕم؛ ئەمن تاقانەی دایوبابی خۆم بووم.. لە چار ساڵی یەکەمدا بابم زۆر گرنگیی پێدەدام لێ لەگەڵ سەرەتای چوونە پۆلی پێنج ئاغای گوندەکەمان زۆر نامەردانە داکمی هەڵگرت.. واتە داکم ڕەدووی ئاغا کەت.. ئیدی بووە دوژمنداریمان و بابم بەری بەوە نەما چیدی گرنگییم پێ بدا.. ئەو ساڵم هەر لەدەستچوو... (هەندەک بێدەنگ بوو.. چاوانی پڕ ئاو بوون.. هەستمکرد لە ناخەوە دەگرییێ لێ لە شەرمان نەیدەهێشت فرمێسکەکانی بڕژێن.. پاش ئەوەی هەندەک دڵنەواییم داوە.. گۆتم):

- بە داخەوە کە لەو سەرەتایەی تەمەنت ئەوهات بەسەرهاتیە و خوێندنەکەشت لەدەستچووە، ئەدی پاشان دوژمندارییەکەتان چی لێهاتەوە؟ (پاش ئەوەی ئاخەکی هێندە پڕ لە حەسرەتی هەڵکێشا کە بۆنسۆی لێدەهات.. وەقسەکەتەوە):

- ئەمن زۆر باش وەبیرم نایێ.. لێ وەک دەگێڕنەوە سەرەتا ئاغا لۆ ماوەی چەند هەفتەک داکمی لەگەڵ خۆی بردە گوندەکی دیکە.. کەچی پاشان زۆر ناپیاوانە و بێ ئەوەی هیچ ڕێزەک لۆ بابم و بنەماڵەکەمان دابنێ دێتەوە و لە گوندی لێی دادەنیشی، شەوەک بابم و مامم بەسەریاندادەن و کوڕەکی ئاغا دەکوژن و خۆشی بریندار دەکەن.. مامەکەی منیش دەکوژرێ.. ئیدی ردێن سپییانی گوند و نێوچەکە دەکەونە نێوانیان و ئاورەکە دادەمرکێنن و پێکیاندەهێنن.. لێ بابم چیدی چاوی بەرایی نەدەدا لەوێ دابنیشی و دەچی لە گوندەکی دوور دوو خانیی پەیدادەکا یەک لۆ خۆمان و ئەویدکەش لۆ ژنمامم و دوو منداڵەکەی.. ئیدی بارمانکردە وێ، دیارە بابم لەبەرئەوە ئەو گوندەی هەڵبژاردبوو چونکێ ئاغایەکەی ئەوێ دوژمندار بووە لەگەڵ ئاغای گوندەکەی مە.. ئەویش لەسەر ئەوەی کە هاوسەری پسمامی ئاغایەکەی مە ڕەدووی کوڕی ئاغای ئەو گوندە دەکەوی.. تەنانەت ئەو ژنەی بە کیژەکەیەوە هەڵگرتبوو! ئەمن و ئەو کیژە ڕێک ئاوزای یەکدین و هەردووکمان لەو دەم لە بەر مەمکان بووین.. ئەو بەزمەش وەک دەگێڕنەوە هەمووی لەسەر ئەوە بووە کە ژنەکە لە جوانیی وێنەی نەبووە و لە هەموو نێوچەکە دەنگیدایتەوە کەچی بە پێچەوانەوە هاوسەرەکەی واتە پسمامی ئاغایەکەی مە زۆر ناشیرین و ڕەزاقورس و بەدکار بووە ئیدی ئەویش لە داخان ڕەدووکەتبوو. جا با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان؛ هەرچەندە ئەو کاتەی بارمانکردە ئەو گوندە مێگەلە مەڕەکی گەورەمان هەبوو و گوزەرانمان زۆر باش بوو لێ ژیان و پەیوەندییەکانمان زۆر لاواز و ناخۆش ببوون چونکێ لە کەسوکاری خۆمان دابڕابووین.. هەر لەو

گونده سێ ساڵان له پۆلی پێنج دانیشتم.. هەر وەک گوتم پاشان چوومە بەر بەرخان و تا بوومە چەکداری شۆڕشیش هەر بەرخەوان بووم، (هەڵوەستەکی کرد و ئەمنیش دەرفەتەکم وەرگرت):

- ئەدی چ هۆیەک وەیلێکردی پەیوەندیی بە شۆڕشەوە بکەی؟ بیستیتم پێش ئەوەی چەک هەڵبگری لە ڕێکخستندا بووی؟ (هەندەک داما و دەستی بە قسان کردەوە):

- هاوڕێ.. بێ گومان ئەتوو زۆر جێی بڕوای منی و لە نێوان هەموو ئەو بەرپرسانەی کە دەیانبینین ئەمن تەنێ ئەتوو بە دڵسۆزی خۆم دەزانم.. لەبەرهەندێ دەمەوێ لەو بارەوە بە ڕاشکاویی هەندەک نهێنیی خۆمت لۆ باسبکەم تا ئەگەر سبەینێ گیانم بەخشی هیچ نەبی ئەو نهێنییانە لەگەڵ خۆم نەبەمە نێو گۆڕ؛ لە ڕاستییدا ئەمن هەرگیز لە ڕێکخستن نەبوومە و هەنووکەشی لەگەڵدابی نازانم ڕێکخستن چیە و واتای چیە و ئەو خەڵکە لەبەر چ لە ڕێکخستن دان؟! لێ ئەوەی کە لە سەرەتای پەیوەستبوونم بە شۆڕش لە کن هاوڕێیان گوتم ئەمن لەبەرئەوە چەکم لەشانکرد چونکێ لە ڕێکخستن ئاشکرابووم و پیاوانی ڕژێم لەدووم بوون تا بمگرن.. ئەوە هەر لۆ ئەوەم بوو هۆکارە ڕاستییەکە وەشێرم.. هیچ سوندت لەسەر من نییە هاوڕێ.. بڕوا بکە پێش چەکداربوونم فرم بەسەر خەبات و شۆڕشەوە نەبووە.. لە کنت عەنتیکە نەبی کە دەبێژم ژنمامم ئەمنی کردە شۆڕشگێڕ! وەک باسمکرد زۆر بێکەس بووین لەو گوندە.. لەبەرهەندێ لەو دەم زۆر هۆگری دۆتمامێ و پسمامێ ببووم؛ پسمام یەک ساڵ و نیو لە من گچکەتر بوو و لەگەڵ دۆتمامێش ئەمن یەک قیچ باخۆشتر بووم.. زۆربەی کاتەکانم لە ماڵی وان بەسەردەبرد.. وەیلێهات شەوانیش نەدەچوومەوە ماڵی خۆمان.. ژنمامیشم کە دۆتمامی داکم بوو شەوان لە نێوان خۆی منداڵەکانی دەینواندم، لە تەمەنی شازدە ساڵییدا بووم.. لە نیوەشەوەکدا کە لە خەونەکی خۆش واگاهاتم دیتم ئەوە لە نێو باوەشی ژنمامێ دام و خەریکە توند توند دەمکوشی؛ دەستەکی لە ملم کردبوو و بە دەستەکەی دیکەشی گەمەی لەگەڵ نێوگەڵم دەکرد.. ئەمنیش تەواو ئارەزووم هەستابوو و زۆر زۆرم پێخۆشبوو.. هەر کە رووم وەرسووڕاندێ و زانی پێمخۆشە ئەو جارە توندتر باوەشی تێوەرهینام و خستمیە نێو لنگانی خۆی.. ئێخەی کراسەکەی دادڕیە خوارێ و سەرمی خستە سەر سینگی بە جۆرەک کە دەموچاوم کەتبووە لێژایی نێوان هەردوو مەمکانی.. بڕوابکە خەریکبوو لە خۆشییان شێتدەبووم.. درۆیە.. ئەگەر خۆشی هەبی هەر ئەوەیە دەنا هیچ!! دەمنادەم وەها هەڵیدەکوشیمە بار یەک دەمگۆ ئێستا نا ئێستا پەرسووانم تێکدەشکێنی.. هەر لە ڕێی ئەو دەستبازیی و راموسانەوە ئەمن لە ماوەکی زۆر کەم خۆم پیسکرد.. کاتەکم زانی ئەویش زۆر بە توندیی لەرزیگرت و پاشان خاوبۆوە.. لەوان دەمان نەمدەزانی ئەوە چیە.. پاشان تێگەشتم کە ئەو لەرزین و خاوبوبوونەوەی ژنان گەیشتنە بە ترۆپکی ئارەزووی سێکسیی.. هەر بەو شێوە لە باوەشی یەک ماینەوە تا لە خەو ڕابووین، هەر ئەو ڕۆژەش بە بابمی گوت:

- وەک دەبینی کوڕە گەورەکەم (مەبەستی من بوو) زۆر متووی برازایەکانت بووە.. هەرسێکیان لە هاوتەمەنانی زێدی خۆیان دابڕانە و کەسیان لەو گوندە نییە.. زۆر زۆر زگم پێیان دەسوتێ.. با لەنەوپاش ئەویش هەر بە ئێکجاریی لەگەڵە وان بی.. بەس لەبەرئەوەی ئیدی گەورەبوونە پێم باش نییە شەوان پێکەوە بنوون.. هەر لەو ژوورەی تەنیشتمان جێیەکی بە تەنێی لۆ چێدەکەم. (بابم بێ هیچ وەرامەک ڕازیی بوو).

ڕاستەوخۆ هەر پاش پێشنیارە بڕیار ئاسایەکەی مامۆژنێ جێوبالینگانی من گۆزتراوە ماڵی وان، شەوەکەی هەر کە دەمی نوستنان داهات ئەمنی ناردە جێیە تازەکەم و هەر دەمودەست دۆتمام و پسمامیشی خستنە شیرین

خەوێ.. هێشتا خەوم لێنەکەتبوو لێم وەژۆر کەت و هاتە گژم.. ئیدی وەک کوو ئەو ئەمنی خەنییکرد ئەمنیش بە هەمان جۆر و باشتریش.. ئەو کاتانەی لەرزی دەگرت دەیویست یەک بە خۆی بقیژێنی و لە هاواران بدا لێ لە ترسی واگاهاتنی منداڵەکانی دانی وەخۆیدا دەگرت.. بڕوابکە هاوڕێ هێندە تامەزرۆ بوو هێندە تامەزرۆ بوو هەر خەریکبوو بمخوا.. تا سبەینەکەی پێنج ڕەپانی سستکردەوە! بە خۆشی دەمنادەم لەرزیدەهاتێ و خاوەدبۆوە.. هەر دەتگۆت لەرزوتای گرتیە.. سەرت نەیەشینم هەردووکمان لە خەنییخۆشییان لێببووینەوە! (زۆرم پێ سەیر بوو کە ئەوها بەو ڕاشکاوییە قسان دەکا.. وەهام دەهاتە بەرچاوان کە سەرمەست بی.. دوایێ هەر خۆم ئەو گومانەم وەلا نا و لە هندوڕی خۆمدا دەمگۆ ئاخر شۆڕشگێڕیی و لەو جێیە مەترسیدارە و سەرمەستیی؟! کەسیش نا هاوڕێ هێستر؟! دەرفەتەکم وەرگرت و بە پەلە گۆتم):

- ئەدی پاشان؟ (هەرچەندە لە شەرمان سۆر ببۆوە لێ هەستمدەکرد هێشتا هەر دەیەوێ نهێنیی پتر وەگوڕێ وەربکا.. ئیدی درێژەی دایێ):

- دە ڕاوەستە ئەتوو هاوڕێ.. با لۆت وەگێڕم؛ دوو ساڵانم ئەوها بردەسەر.. بە برای خۆم بێژم سەری سێیەی بە دۆتمامێش فێر بووم! هەر زۆر عەنتیکە ئەوە ڕوویدا هاوڕێ؛ دۆتمام هەر کتومت وەکی داکێی جوان و قەشەنگ بوو و زۆریشم خۆشدەویست.. هەندەک جار دەمویست سەرنجی ڕابکێشم تا دەستبازیی لەگەڵ بکەم.. لێ ئەو خۆی وەها پێشاندەدا کە حەزناکا.. هەستمدەکرد ئەمنی لە شێوەی بابی خۆی دەهاتە بەرچاوان و ناشێ ئەوە لەگەڵ من بکا.. زۆر جاران دەیگۆتە ژنمامێم 'دایە پسمام زۆر بە بابم دەچی.. لە من و برایەکەشم گەورەترە.. تازە دەبی هەر لەگەڵ خۆمان بی و لە جێی بابمانە.. نا نا برای گەورەمانە! وەنییە؟'.. هەر لە ڕاستییشدا لە ئاکاردا زۆر چوویمەوە سەر بابی.. داکیشی هاوکات کە دەیگۆت 'ئەدی هەر وەیە ڕۆڵە شیرینەکەم' هەر لە پێشە وان تەنانەت ئەگەر بابیشم لەوێ با زۆر ئۆێنبازانە دەستەکی بەسەرم دادەهینا و هەر وەک کوو داک بۆنی کوڕی خۆی دەکا و ماچی دەکا ئەویش ئەوها بۆنی دەکردم و بە خێرایی دوو ماچی توند توندی لەسەر کوڵمانم دەکرد.. ئیدی ڕەنگەکی دەهینا و ڕەنگی دەبرد ئەوجا ڕوخساری گەرم دادەهات و نەرمە ئارەقەکی دەردەدا.. لێ تەنێ ئەمن دەمزانی کە دەیەوێ بەو ماچە درۆزنانەی سۆز و ئەندێشە سێکسییەکانی خۆی دابمرکێنتەوە! کە شەویش دادەهات بە یادی ئەو ماچانە بێ هیچ شلەژانەک و وەکاوەخۆ دەیدامە بەر ماچان لێ ئەو جارە ماچی کوڵم نا بەڵکە لە دەو و لێوانمەوە دەستپێدەکرد تا دەگەیشتە نێوگەڵم.. ئیدی لەوێ گیردەبوو و بە ماچ و مژتن و لێستنەوە بەردەبووە سەر و قەدی کیر و گون و بەرگونانم تا کولوکۆی خۆی بە تەواویی دادەمرکاند! (هەرگیز نەمدەزانی ئەو دەعبایە ئەوەندە ساختەچی و لێزان بی لەو هەڵسوکەوتە سێکسییانە.. هەر وەک نمایشکاری فیلمە سێکسییەکانم دەهاتە بەرچاوان! گێڕانەوەکەی زۆر هونەرییانە بوو و تەواو سەرنجی ڕاکێشابووم.. هەر حەزمدەکرد گێی خۆمی لۆ شل بکەم و بزانم کۆتاییەکەی بە کێندەرێ دەگا.. ئیدی گۆتم):

- ئێی.. دە ئەتوو هەندەک باسی دۆتمامێت بکە.. یەکەم وەیەکگەیشتنتان لەگەڵە وی کوو بوو؟

- دۆتمام.. هەر زۆر عەنتیکە بوو هاوڕێ.. بڕوا بکە هەنووکەش کە وەبیرمدێتەوە پێکەنینم دێ.. (قاقایەکی درێژی لێدا.. هەستمکرد بەو قاقالێدانەی هەندەک شەرمی لە خۆی کردەوە لێ هەر دەستی بە قسان کردەوە):

- دڵم گەللەک پڕە هاوڕێ.. ئاخر ئەمن لە کێندەرێ و شۆڕش و خەبات لە کێندەرێ! هەرچەندە خۆ زۆربەی زۆری هاوڕێیان لە من ئازاتر و بە رەوشتتر و دڵسۆزتر نین و هێندەی منیش تێناگەن.. لێ ئەتوو وەرە هاوڕێ.. ئاخر خەفەتە گەورەکە لەوە دایە کە داک و کیژەکی یەک لە یەک جوانتر و نەرمونیانتر و خۆشترت ئەوها لە ختوخۆڕایی لەدەستبچی و شۆڕشیش قورەکەت لۆ خەستتر بکاتەوە! بڕوابکە ئەگەر نەیگێڕمەوە دڵم شەق دەبا هاوڕێ.. جا کەسەکی لە توو دڵسۆزتر و چێترم لە کێندەر وەدەستدەکەوی تا رازی دڵی خۆمی لە کن بدرکێنم.. (بە سەرلەقاندنەوە ئەرێیەکم لۆ کرد) بە کورتییەکەی هاوڕێ؛ ئەوە رۆژەک پیاوەک لە گوندی مردبوو و بابم و ژنمام لە پرسەکە بوون.. پاش نیوڕانەکی گەرم بوو.. ئەمن خۆم بەرەبەری نیوڕانان کە گەرما دادەهات بەرخەکانم دەهاوردەوە ماڵێ و تا درەنگان کە فێنک دادەهات ئەوجا رامدەدانەوە دەرێ.. پسمام بە ماڵێ نەدەکەتەوە و رۆژ تا هێوارێ لەگەڵ منداڵان و نەوجەوانانی گوند هەر خەریکی یاریکردن بوو.. واتە تەنێ خۆم و دۆتمام لە ماڵێ بووین.. با پێش ئەوەی باسی بەزمی خۆم و دۆتمامێ بکەم باسی ئەو کیژەش بکەم کە لە خەفەتی ئەوەی نەیهێشت دەستبازیی لەگەڵ بکەم چوومە گژ دۆتمامێ:

ئەو کیژەم هێندە خۆشنەدەویست بەس لەبەرئەوەی زۆر تەڕوبڕ و سێکسیی بوو جۆرە خۆشەویستییەک لە نێوانمان چێببوو.. بە کورتییەکەی وەیلێهات داخوازییم کرد و مارەشم کرد.. ئەو کیژە؛ ئەها کە باسمکرد 'هاوسەری پسمامی ئاغای گوندەکەمان رەدووی کوڕی ئاغای گوندە نووەکەمان کەتبوو و منداڵەکەی بەرمەمکانیشی لەگەڵە خۆی بردبوو..' جا ئەو منداڵە هەمان ئەو کیژەیە کە ئێستا لێیدەدوێم.. تووشی کێشەکی زۆر هاتم لەسەر ئەو کیژە.. لە لایەک ئاغای گوندەکەی خۆمان و پسمامەکەی کە دەکاتە بابی ئەو کیژە گەفی کوشتنیان لێکردم ئەگەر بیگۆزمەوە.. لە لایەکی دیش ژنمام رازیی نەدەبوو بیگۆزمەوە چونکێ ئەو کاتەی کیژەکەم مارەکرد لەمێژبوو لەگەڵ ژنمامێ پێک فێربووین و نەیدەویست ئەمنی لەدەستبچی تەنانەت ئەگەر تۆبزیی بابم نەبا ئەوە نەیدەهێشت مارەکردنەکەش سەربگری و هەر لەسەر ئەوەش چەند مانگەکە قسەی لەگەڵ بابم نەکرد! پاشانیش دۆتمام بە هەمان شێوەی ژنمامێ. بە کورتییەکەی وەک باسمکرد لە گوند پرسە بوو و ژنان و پیاوانی گوند هەر هەمووی خەریکی پرسەکە بوون.. ئەمن و دۆتمام دوو بە دوو لە ماڵێ مابووینەوە.. ویستم دەستەکی لۆ ببەم یان یەک دوو ماچی لێبکەم لێ لە ترسی ئەوەی نەوەک لۆ ژنمامێ بگێڕتەوە ئەو ئازایەتییەم لەخۆڕانەدیت.. پاشان دەزگیرانەکەم وەبیرهاتەوە.. بیرمکردەوە کە رەنگە ئەویش بە هۆی ئەو پرسە ئێستا بە تەنێ لە ماڵێ بی.. یەکسەر بڕیارمدا بچم بەڵکە بتانم بیبینم و دەستبازییەکی لەگەڵ بکەم.. لە هندورێ خۆم گۆتم ئێ چی تێدایە مارەبڕی خۆمە.. خۆ ئەگەر خۆشی بداتەدەست ئەوە زۆر باشتر و ئاوێی لێ ناخۆمەوە! کە چووم و دیتم زۆر خەریکیبووم تا یەک دوو ماچم بداتێ کەچی زۆر بە توندیی بەرپەرچیدامەوە و هیچ دەرفەتەکی نەدامێ و لە کۆتاییشدا سۆلەکانی لێم راستکردنەوە و گۆتی:

- تا نەمگۆزیەوە هەرگیز ناتانی ئەوە بکەی.. پتریش لێم بێیە پێشێ هەموو دەموچاو و سەروگێلاکت بەو سۆلانە دەقۆپێنم!

ئیدی بە باشترم زانی خۆم بە لێدان نەدەم و ناچار وازم لێی هانی.. بەس ئەو لەشولارە نازدارەی کە دەتگۆت گوڵە شلێرە و تازە شکۆفەی دایە وەیلێکردم ئارەزووی دەستبازییم بفڕیتە ئاسمانێ و بە تەواویی گڕبگرم.. هەر خەریکبوو شێت و هار دەبووم هاوڕێ! بە گەرموگوڕییەکی ئەوها بەرەو دۆتمامێ گەڕامەوە ئیدی لە دەستە خۆم نەمابووم و بڕیارمدا هەرکووەک هەیە دەبی ماچوموچەکی هەر لەگەڵ بکەم.. کە گەیشتمەوە ماڵێ بە فێری

یاریی 'قاقایانێ' کە زۆر حەزیلێبوو هانیمە بەرانبەرە خۆم.. مەمکەکانی هێندە جوان و قوت لە نێو ئەو مەکسییە تەسک و تەنکەی بەری دەرپەڕیبوون کە تەنانەت گۆی مەمانیشی تێیاندا دیار و بەرجەستە ببوون.. نەمدەزانی چ بیانووەک بیینمەوە تا دەستەکیان بگەینمێ.. چاوەکم هەر لەسەر سینگ و بەرۆکی بوو.. کاتەکم زانی یەک 'مێشە سەیانە'ی گەورە لەسەر بەرزایی مەمکی نیشتەوە.. ئەمنیش لۆ ئەوەی بە نیازی خۆم بگەم خۆم وەها مشتومالێکرد وەک ئەوە کە دەمەوێ مێشەکە لەسەر سینگی دەربکەم.. هاوکات لەگەڵ دەست لێدانەکی خێرا لە مەمکی کە وەک کارەبا رایچلەکاندم و تەزووەکی بە هورژم بە مەژییمدا هات و لە بنی پێیانم دەرچوو مێشەکە فڕی و بەسەر سووچەکی دەلاقەکەی تەنیشتمان نیشتەوە.. هەستمکرد هیچ لەو خۆنواندنەی من تێنەگەیشت کە نیازم دەستدان بوو لە مەمکی! ئیدی گۆتم:

- ئەو مێشە پیسە ئەگەر وەدەرینەنێین وازناهینی..

هەر دەمودەست ڤیتبۆوە و چوو دوو پەڕۆی هاوردن و یەکەکی دا دەستی من و گۆتی با لە ژۆرێ وەدەرنێین.. ئیدی کەتینە هەڵتەکاندنی پەڕۆ لە مێشەکە.. کاتەکم زانی پەڕۆیەکەی ئەو بە تاقە وێنەکەی بابی کەت کە لەسەر دیوارەکە بە بزمارەک راگیرکرابوو.. وێنەکە بەربۆوە.. بەس باش بوو جامەکەی نەشکا.. بزمارەکە لە داوی وێنەکە نەببۆوە چونکێ گرێکۆرەکی توندی لێدرابوو.. دۆتمام چوو بەردەکی هاورد و ویستی بزمارەکە لە ئاستی جاران دابکوتیتەوە لێ جێیەکە بڵند بوو و دەستی وێنەدەگەیی.. ئەمن لەو درێژتر بووم و دەستم دەگەیشتە ئەو ئاستە.. لەبەرهەندێ گۆتی:

- وەرە ئەمن وێنەکە رادەگرم و ئەتووش لە سەرەوە بزمارەکە دابکوتە..

هەستمکرد ئەوە دەرفەتەکی زۆر چاکە لۆ ئەوەی هەندەک خۆمی لێبخشێنم.. ئەو روو لە دیوار وێنەکەی بە دیوارەکە وەنووساند و ئەمنیش بە نیازی بزمارداکوتینەکە رووم کەتە پشتی ئەو.. ئیدی سمتی ئەو و کۆشی من خۆبەخۆ لە یەک نێزیک بوونەوە تا پێکوەنووسان.. هەر لە پێناو ئەوەی کاتەکە درێژتر بکەمەوە بە ئەنقەست دەمگۆ:

- ئێرە.. نا ئێرە باشە.. ڤیچەک وێنەکە بەرزتر بکەوە.. نا ڤیچەک نەویتری بکەوە و... تد.. هاوکاتیش هەر خۆم لێیدەخشاند تا بە تەواوی ئارەزووم هەستا.. شەرواڵەکی زۆر فشم لەبەربوو و زۆر بە جوانیی کیرم کەتبووە کەلەنی نێوان هەردوو گردی سمتی.. کە جاروبارەک نەرمە تەکانەکم دەدا هەر خەریکبوو شێتدەبووم هاوڕێ.. هەستمکرد ئەویش لە منی پێ خۆشتر بوو چون دەمدیت خۆی دەخستە سەر پەنجەی پێیانی تا هەندەک بەرزببتەوە و سمتی بە تەواویی بخێوێنتە نێو کۆشم.. بێجگە لەوە جاروبارەکیش بە نەرمە جوولەک سمتی بادەدا و دەیگۆت:

- غەمت نەبی ئەمن وێنەکەم بە جوانیی گرتیە.. ئەتووش پەلە مەکە.. هێدی هێدی کاری خۆت بکە تا بزمارەکە بە جوانیی دادەکوتی!

لێ هێشتا تەواو دڵنیا نەبووم و زۆر لەوە دەترسام خۆنەداتەدەست.. لێ تازە سمت و کۆش وەها پێکەوە چڕمسابوون بە بوومەلەرزەش لێکنەدەبوونەوە! ئیدی وەیلێهات خەریکی داکوتینی دوو بزمار بووم؛ بزماری وێنەکە لەسەر دیواری قوڕ و بزماری خۆشم لە نێوان دوو تۆپەڵە پەمۆی گەرم و نەرم... هیچ سوندت لەسەرم نییە بزمارەکەی خۆم زۆر لە ئی وێنەکە رەقتر ببوو.. کاتەکم زانی بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەستی راستی

هانیە پشتەوە و پڕیدا کیرم و توند توند گرتی! هێندە ترسام خەریکبوو زراوم بڕژێ.. لە هندوڕی خۆمدا گۆتم هەر هەنووکە تێر جوونم دەکا و ئەوجا داکیشیم لێ هاردەکا و رەنگە پاشان بابیشم بەو بەزمەم بزانتەوە.. جا هەنگێ قوڕی کێندرێ بەسەری خۆدا بکەم!؟ کەچی بە پێچەوانەوە کاتەکم زانی دەستی خۆی لێ نەرمکرد و وردە وردە لە لاقوونانی خۆی خشاند... ئۆۆۆهـ.. خەریکبوو لە خۆشیان لە شەقەی باڵ بدەم! دیاربوو ئەویش لە خۆشیی خۆی هایی لە هیچ نەمابوو و لە پڕ وێنەکەی لە دەست بەربۆوە و شە پەی لێوەهات.. وەمزانی ئیدی یەکسەر خۆی لۆ دادەهینتەوە و دەستبەردارم دەبی.. کەچی وەک ئەوەی هیچ رووینەدابی رووی خۆی وەرسووڕاندمێ و بە هەموو هێزی خۆی لە هەمێزی گرتم! وەی وەی چی لێکردم هاوڕێ؛ کاتەک لێوانی خستە سەر لێوانم هەر خەریکبوو بیانقرتێنی.. داکی تەنێ بە توندیی دەیمژتن کەچی ئەو هاوکات لەگەڵ مژتنیان گەزەشی لێدەدان و هەر دەیویست بە کرۆژتن بیانکرۆژێ و قووتیان بدا!! ئیدی ئەمنیش هەر لە چاوترووکانەک دامەنی مەکەسیەکەیم گرت و لە لای سەرێیرا دەبەریم داکەند.. بە ئاستەمەک پشتەوشکێنم کردەوە و دەستەکم خستە بن پشتی و دەستەکەی دیکەشم لە نێوانی بن رانان و لاسمتانی ئالاند و هەندەک بەرزمکردەوە و هەر لە جێی خۆی کە بن پێمان دۆشەکەکی ئیسفەنج بوو لەسەر پشت تەختی زەویم کرد.. وێنەکەی بابی لە بن پشتی خرتەخرتەکی لێوەهات.. لێ لەبەرئەوەی هێندە رۆچووبووە نێو چێژ و خۆشییەکانی خۆی بێجگە لە بەرکەتنی جەستەی من هەستی بە هیچ تشتەکی دیکە نەدەکرد.. جا وێنەی چی و بابی چی و تەڕەماشی چی!!! دەستی راستم خستە نێوگەڵی و بە پەنجەی نێوەنجییم گەمەم لەگەڵ میتکەی قوزی دەکرد و دەستی چەپەشم لە بن ملیەوەڕا هانیبۆوە سەر سینگی و ختووکەی گۆی مەمکی چەپیم دەدا.. گۆی مەمکی راستیشیم خستبووە نێوان لێوانم و وەک 'بەرخە مێژکە' لۆم دەمژت - بەرخە مێژکە ئەوەیە کە داکی نامینێ و هەرگیز ئەوە وەخۆوە نابینی مەڕەک بۆنی پێوەبکا و بە شێوەکی ئاسایی لۆی رابوەستی تا گوانی بمژێ.. جا کە مەڕەکی لۆ دەگرن یان کە مەڕەک وەدەزانی بەرخی خۆیتی و هەندەک لۆی رادەوەستی زۆر بە توندی گوانی دەمژێ و هەرگیز ناشزانی تێربوون چیە - هەر شێتم کرد شێت هاوڕێ! هەرگیز هاوار و نارەناری ئەوها سۆزورژێنم نەبیستبوو.. هەندەک کات پڕ بە قوڕگی خۆی دەیقیژاند و ناچاردەبووم دەستەک بخەمە سەر دەوی تا دەنگی نەڕوا.. (پێشترێ هیچ کاتەک ئەو هاوڕێ هێسترەم ئەوها بێ چاوەڕوو نەدیتبوو.. هەرگیز ئەوها بێ شەرموشۆ نەدوابوو لە بەرانبەرە من، کوو شەرمی نەدەکرد؟ نەمدەزانی!!) بە کورتییەکەی پێش ئەوەی لەرز بیگری و تەواوببی هەندەک جوولا و جامی وێنەکە لە بن پشتی قرچەکی لێوەهات.. ئەمنیش گۆتم:

- ئەوە چ بوو ئەو قرچە؟

- هیچ نییە نی.. ئەوە جامی وێنەکە بوو شکا.. دە دەی دەست و دەوت رامەگرە هەی بە حەیرانت بم!

پاش ماوەکی زۆر کەم لەرزی هاتێ.. یەک بە خۆی هاواری دەکرد تا بە تەواویی کلوکۆی دامرکا، ئیدی پاش متبوونەکی کەم بە بێدەنگیی و نەرمونیانییەکەوە خۆی خستە سەر زگ و هەندەک تفی لە کونی قوونی خۆی دا و گۆتی:

- دەی ئەوجا ئەتوو.. با بزانم.. با بتبینم و نەتناسم!

ئیدی ئەمنیش لۆم خستەسەری.. هەرچەندە زۆر تەسک بوو و لە سەرەتادا خەریکبوو سەری کیرم بقرتێنی لێ پاشان هێزم وەبەر خۆ دا و بە چەند تەکانەک تا بنانێم بردێ.. لەبەر خۆشیی خۆم هێندە هاییم لە زیڕەزیڕ

**و قیژەقیژی ئەو نەبوو.. هەرگیز گانی ئەوها خۆش و بەچێژم لە خەونیش نەدیتبوو.. لەبەرئەوە هەستمکرد خەریکە بە خێرایی تەواودەبم.. هەرچەندە ئەزموونەکی زۆرم لەگەڵ داکی هەبوو.. زۆر جار کە دەمویست چێژی پتری لێببینم دانم بە خۆدا دەگرت و نەمدەهێشت زوو ئاوم بێتەوە.. لێ کەنگێ ئەو ناسکە کیژە تورت و تازە و تەڕوبڕ و قوونخڕە بە داکی بەراورد دەکرێ و ئی ئەوەیە خۆتی لەبەر رابگری!! بە تایبەتییش لە قوونڕا!!! ئیدی خۆم پێ بەرزەفت نەکرا و هەر بە چەند تەکانەکی دیکە کار لە کار ترازا و لەپاولەپ لەسەر پشتی تەختبووم.. تا چار پێنج خولەکیش تێپەڕی هەر ئۆخەم نەدەکرد لە نێویدا دەربهینم! ئەویش هەر بە هەمان شێوە؛ ئەوها خۆی لە بنم کرکردبوو و هەستی لە خۆی بڕیبوو تا لەسەری لانەکەتم هەر دەتگۆت گیانی لەبەر بڕایە، هەر کە لەسەر لاکەتم بە پەلەپەل هەستاوە و مەکسیەکەی بەسەر خۆیدا هەڵکێشا و چوو هەندەک کەتیرەی هاورد و لە جێیە شکایەکانی جامی وێنەکەی دا و چاکیکردەوە.. ئیدی پاش ئەوەی دەستەکی بە دەموچاوی خۆیدا خشاند و دوو سێ ماچی بە ناسکیی لەسەر لێوانم نەخشاند تەمەشای وێنەکەی کرد و گۆتی:**

**- دەک بە حەیرانت بم بابە گیان.. ئەگەر ئەو وێنەی توو نەبووایە و لە کاتی هەڵواسینەوەیدا بە ئاماژەی چاوە رەش و جوانەکانت بە منت نەگۆتبا 'هەرگیز نەکەی بێ دڵیی خۆت بکەی ئەی کیژە بێ نازەکەم' هەر لەو دەمیشدا پسمامی پڕ لە جۆش و خرۆش - کە کتومت بە خۆت دەچی و لە پاش مەرگیشت کانییە شیرینەکەی ژیانی تووی لە هیشکبوون و کۆربوونەوە پاراست - لێرە نەبا.. ئەوە هەرگیز بەو هەموو چێژوچەشە شیرین و خۆشە نەدەگەیشم.**

**دە ئەتوو تەمەشای ئەو ساختەچییە بکە؛ دەیویست وەها پێشانبدا کە ئەوە بابی داوای لێکردیە ئەوها خۆی باوێتە بنە من! لێ لەو دەم هەرچەندی مەژیی خۆم کوشی و خۆم هینا و برد هیچ لەوە تێنەگەیشتم مەبەستی چیە لەوە کە دەبێژی 'لە پاش مەرگیشت کانییە شیرینەکەی ژیانی تووی لە هیشکبوون و کۆربوونەوە پاراست'؟! ئاخر هیچ رێی تێنەدەچوو مەبەستی لەوە بی کە ئەمن پەیوەندیی سێکسییم لە تەک داکی وی هەیە! چونکێ هیچ گومانەکم لۆ ئەوە نەدەبرد کە بەوەی زانیبی.. سەرەنجام هەر سەرم لێدەرنەکرد! ئیدی هەندەک خۆی لێم نێزیک کردەوە و دەستی چەپەی لە ملم وەرهینا.. پاش ئەوەی ماچەکی تەڕ تەڕی لەسەر لێوانم وەجیهێشت ویستی لێم دووربکەویتەوە کەچی نەیتانی دەستبەردارم ببی و دیسان لێوانی... (قسەکەیم پێ بڕی و زۆر بە تووڕەیی گۆتم):**

**- دە بەسە بەس.. هەر بە تەواویی لەبەرت بردە دەرێ! (زۆر بەسەرخۆیدا شکاوە.. لێ پاشان زۆر لێم پاڕاوە کە هێندەی نەمایە و با بگاتە کۆتایی ئەوجا باسی دەستگیرانەکەشی دەکا و چیرۆکی هاتنیشی لۆ نێو شۆڕش دەگێڕتەوە، ناچار دەرفەتەکی دیکەم داێ و دەستیپێکردەوە):**

**- هەر کە دیسان لێوانی خستنەوە سەر لێوانم.. ئیدی دووبارە ئارەزوومان فڕی.. هەر بە پەلە وێنەکەی بە دیوار هەڵپەسارد و بە هەمان شێوەی جاران و لە نۆژەنڕا تێهەڵچووینەوە.. لێ هەڵبەتە دووبارەکردنەوەی گان لە پاش ماوەکی کورت هەندەک درێژە دەکێشی و بە خێرایی ئارەزووت دانامرکێتەوە.. ئیدی ئەو جارە هەر زۆر خۆشتر و بەچێژتر بوو لۆ هەردووکمان.. ئەوەی هەرگیز نەمانکردبوو بە یەکدیمان کرد!**

**بە کورتییەکەی.. داک و کیژ لەوێ رۆژێ و لە هەردوو رۆژەکەی دیکەی پرسەکە لە بنیان هینام.. بڕوابکە هەر چۆڕبڕیان کردم؛ بە رۆژ دۆتمام کڵاوانی لۆ ژنمامێ دەدوری و بە شەویش ژنمام لۆ دۆتمامێ! ئەمنیش لە کنە**

خۆم وەبوو کڵاوان لۆ هەردووکیان دەدورم.. کەچی دۆتمام زۆر لە ژنمامێ ئۆینبازتر و زۆریش لە من ساختەچیتر بوو؛ رۆژەکیان هەر ئەمن و ئەو بووین.. نازانم لەبەرچی ئەو باسە هاتەگۆڕێ و ئەمن گۆتم:

- دەزانی ئەمن داکی تووم زۆر زۆر خۆشدەوێ و هەر وەدەزانم داکی خۆمە.. لە راستییشدا هەر داکمە.. (کەچی ئەو بە پێکەنینەکی گاڵتەجاڕانە گۆتی):

- نا نا.. نەکەی خۆت لەخشتە ببەی.. ئەمن لەمێژە ئەوە دەزانم کە ماوەکی زۆر پێش ئەوەی رۆژان ئەوها لەگەڵ من بکەی شەوان ئەوهات لەگەڵ داکم کردیە و تا هەنووکەشی لەگەڵ دابی هەر وەدەکەن!!! هاییتان لە خۆ بی باشترە با منداڵەکیشتان نەبی!!!

ئیدی هەر خۆشی نەخشەی ئەوەی داڕێژت کە با ئەمن و ئەو وەها پێشانبدەین رکمان لە یەک دەبتەوە و هەر چەند رۆژەکیش جارەک شەڕەک لەگەڵ یەک بکەین تا هیچ کەسەک بە تایبەتییش داکی گومانمان لێنەکا و بتانین لۆ خۆمان هەر بە دزیی خەریکی بەزموڕەزمی خۆمان بین. یەکەم جارم بوو هەستمکرد دۆتمام زۆر لەوە زیرەکترە کە ئەمن لێی تێدەگەیشتم.. جا بە کورتییەکەی پاش ئەوەی هەندەک ستایشم کرد و نەخشەکەمان بە هەندەک فرتوفێڵی دیکە تۆکمەتر کرد بە ماچەکی درێژ درێژیش مۆرەکی تۆخ تۆخمان لێیدا.. ئیدی زۆر بە هووردیی و بە رێکوپێکی خەریکی جێبەجێکردنی بووین.

هەر لەو سەروبەندەدا کە ئیدی ئەمنیش ببوومە زەلامەکی تەواو.. ژنمام و دۆتمام لە ترسی ئەوەی نەوەک رۆژەک لە رۆژان دەزگیرانەکەم بگۆزمەوە و ئەمنیان لەدەستبچی.. پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە ئەو کیژە لە لایەن برازای ئاغای گوندە نووەکەمان - واتە پسمامی زڕبابی کیژەکە کە هەر بە 'مێشە' ناویاندەبرد - کون کرایە و هەر دەمەکیش حەزبکا دەچتە گژی! ئەو قسە نەک هەر لە نێو خەڵکی ئەو گوندە بەڵکە لە نێو هەموو خەڵکی نێوچەکەش بڵاوببۆوە.. بە هۆی ئەوەش کە ژنمام کەسایەتییەکی وەهای هەبوو قسەی بە هەند وەردەگیرا خەڵک هەموو بڕوایان کردبوو، رۆژەک بابم وەک ئەوەی نەخشەکی زۆر گرنگی دانابی بە دزیی پێیگۆتم:

- کوڕم ئەوە ئەتوو گەورەبووی و دەمی ژنهینانتە، بە پێی ئەو قسانەی دەربارەی دەزگیرانەکەت دەیکەن جا ئەگەر وەبی یان نا ئەوە بە کەڵکی توو نەمایە و ئەگەر ببتە ژنت ئەوە ئابڕوومان پێوەدەچی، جا ئەوە هەر لە دەستمان چووە.. ئێستا هەلەکی چاکە لەو رێیەوە تۆڵەی هەڵگرتنی داکت لە ماڵە باوانی ئەو کیژە بکەینەوە و ئابڕوویان ببەین.. جا دەمەوێ بەو جۆرە ئامانجی خۆمان بپێکین؛ ئەمن لەنەوپاش بە جۆرەک نەرمیی لۆ ماڵە باوانی دەنوێنم تا رازییان دەکەم کیژەکەیان بگۆزیەوە.. هەڵبەتە ئەوانیش ئێستا لە پاش ئەو قسانەی لەسەر کیژەکەیان بڵاوبوویتەوە پێیانخۆشە زوو لە کۆڵیان ببتەوە جا ببتە هاوسەری هەر کەسەک لە کنیان گرنگ نییە.. کە بەزموڕەزمی گۆزتنەوەکەش تەواودەبی و شەوێ دەگاتە بەردەستت برۆ گژی و کاری خۆتی لەگەڵ بکە.. جا ئەگەر کون کرابوو یان نا ئەوە هەر بیکە هەرا لەسەری کە پێشترێ کون کرایە! ئیدی لۆ سبەینەکەی دەیدەینە دەست چەند ردێن سپییەکی گوندی تا رادەستی داکی بکەنەوە، ئەوجا پاشان برازایە نازدارەکەی خۆمت لێ ماردەدەکەم.. هەر پاش گۆزتنەوەشی دەمەوێ یەکسەر بچیە نێو شۆڕش و ئەو ئاغایە هیچوپووچەی داکە بەدڕەوشتەکەی هەڵگرت کە مامیشت هەر بە گوللەی ئەو کوژرا لەنێوببەی.. بەس پیاوبە.. رۆژ رۆژی ئەوەیە ئازایەتی و مەردایەتیی خۆت بنوێنی.. کووم پێگۆتی دەبی کتومت ئەوهای جێبەجێ بکەی ها!

هەرچەندە ئەمن هیچ بیری تۆڵەکردنەوە لە مەژییمدا نەمابوو لێ دەمزانی بەشی یەکەمی نەخشەکەی بابم واتە گۆزتنەوەی دەزگیرانەکەم و دەستهەڵگرتن لێی هەر سەردەگری چونکێ ژنەمیشم پێی باش دەبی.. دەبووایە ئەمنیش ئەوە بکەم تا نە دۆتمامم لەدەستبچی نە ژنمام.. بەس هیچ پێم باش نەبوو دۆتمامێ مارەبکەم چونکێ ئەو دەم ژنمامم لەدەستدەچوو.. هەروا زۆر دژی ئەوەش بووم کە ببمە چەکدار و ئاغا بکوژم چونکێ بێجگە لەوەی دووبارە داکم ماڵوێران دەبۆوە لە باوەشی ژنمامێ و دۆتەکەشی دووردەکەتمەوە.. بەوەش ئەوپەڕەکەی هەر ئەوەم لەدەستدەهات کە دۆتمامێ بخوازم و لەگەڵە خۆمی ببەم و لە یەکەک لەو گوندانەی بن دەستی شۆڕش ماڵەکی لۆ چێکەم و ئیدی لەوەش هەر ژنمامم لەدەستدەچوو و لەو هەموو ناز و جوانییانەی بێبەش دەبووم، سەرەنجام بە کورتییەکەی بە پێی نەخشەکەی بابم دەزگیرانەکەم گۆزتەوە.. هەرچەندە بە بەراورد بە سێکسی فرە بەچێژوچەشەی دۆتمامێ و ژنمامێ چێژەکی ئەوتۆی پێنەبەخشیم لێ تا رۆژبۆوە بە هەموو شێوەک هەر خەریکیبووم.. لە راستییدا خراپیش نەبوو چونکێ چێژ گۆڕینیش زۆر خۆشە بە تایبەتییش لەگەڵ کیژەکی ئەوها کە هەرچەندە زۆر دڕ و هەرەپاس بوو لێ زۆر ناسک و جوان و نایاب بوو لۆ نێو جێ.. (پاش ئەوەی ئاخەکی پڕ لە ناسۆری هەڵکێشا گۆتی) بەس کیژەکی زۆر بێ وەی بوو و زۆریش زگم پێی سوتا.. ئەوەی لێیان لە هەرا دابوو کە گوایە کون کرایە ئەوها دەرنەچوو و پاکیزە بوو! 'مێشە'ی قوربەسەریش هەر ناوەکەی خۆی بە خۆیەوە بوو و هیچ پەیوەندییەکی بەو کیژەوە نەبوو! ئاخر ئەو لەبەرئەوە ناویاننابوو 'مێشە' چونکێ پیاوەکی هێندە خاووخلیچک و دەست و پێ سپی و بێ دەسەڵات بوو نەیدەتانی مێشومەگەزیش لە خۆی پاس بکا چ جای کونکردنی کیژەکی ئەوها! ئەوە زۆر راستە ئەمن جێبەجێکەر بووم لەو ئابڕووبردن و مادایەی بەسەر ئەو کیژەمان هانی لێ سووچە گەورەکە بە پلەی یەک دۆتمامم و ژنمامم بوون و بە پلەی دووش بابم بوو، هەرکووەک هەبوو هەر بە پێی بڕیارەکەی بابم گۆبەندەکەمان لۆ هەڵبەست و رەوانەی کن داکیمان کردەوە و ماڵەباوانیمان پێ ریسوا و شەرمەزار کرد.. (کە ئەوەم لێی ژنەوت هەر زۆر لێی پەست بووم.. ویستم لە دەوی بدەمەوە و نەهێڵم چیدی درێژە بەو قسە قۆڕانەی بدا کە پڕن لە چەوسانەوە و سووکایەتییکردن بە ژنان و ئەگەر دادگەکی رەوا هەبی ئی ئەوەن لەسەریان دادگەیی بکرێ و سزای خۆی وەربگری.. لێ کە لێبوردبوومەوە پێم باشتر بوو دان بە خۆدا بگرم تا هەموو نهێنییەکانی ئاشکرادەکا بەڵکە هیچ نەبی لە دەرفەتەکدا بتانم وەک کۆمەڵە بەڵگەک لە دژی وەکاریانبیەم تا لە شۆڕش وەدەریبنێن، جا درێژەی پێداوە و گۆتی):

- ئیدی پاش دە پازدە رۆژەک لە شەوەکی زۆر خۆش و سۆزورژێن کە ژنمامم بە رووتیی لە نێو باوەشم خۆی گرمۆڵە کردبوو پێمگۆت: "دەزانی بابم بڕیارەکی زۆر خراپی دایە.. دەیەوێ ئەمن دۆتمامێ مارەبکەم؟ جا تا زووە غەمەکی لێ بخۆ دەنا ئەمنت لەدەستدەچی" هەروا سەرجەمی ئەو قسانەشم لۆ گێڕاوە کە بابم لۆ منی کردن.. ئیدی ئەویش چووبوو هەر راستوڕاست و بە رەقیی لە دەستی بابمی ئابوو:

- لۆ بابەتی مارەکردنی کیژەکەم وازبهێنە باشترە چونکێ وەک خۆت دەیبینی ئەوان رکیان لە یەک دەبتەوە و هەموو رۆژێ هەر شەڕ و هەرایانە (کەس بەوەی نەزانیبوو کە ئەو نێوان ناخۆشیی و شەڕەی من و دۆتمامێ ساختەیە و لە لایەن خودی دۆتمامێوە نەخشەکەی کێشرایە).. ئەمنیش زۆرم پێخۆشە لۆ یەکدی بن و زۆریشم خۆ ماندییکرد تا دڵیان بچتە سەر یەکدی لێ تەواو لێیان بێ هومێد بوومە و هەرگیز بڕوا ناکەم بتانن پێکەوە بحەوێنەوە.. ئێ خۆ هاوسەرگیرییش بە تۆبزیی نابی.. ئەتوو هەر خۆت بینەوە بەرچاوانی خۆت کە کاتی خۆی هاوسەرەکەت بێ ئەوەی ئەتووی بووێ بە تۆبزیی لێتیان مارەکرد.. وەک خۆت دیتت کە هەر دڵی

بە تووە دانەوراوە تا سەرەنجام رەدووکەت.. جا ئی ئەوان هەر لە لایەکیش نییە بەڵکە هەردووکیان یەکدیان ناوێ.. لەبەرئەوە نابی و ناکرێ چارەنووسی کورەکەشت وەک ئی خۆت لێبکەی و ئەمنیش نامەوێ چارەنووسی کیژەکەم وەکی ئی ژنەکەتی لێبێ و نۆش بێتە سەر دەی! ئەوە راستە ئەو کورِی تووە لێ کورِی گەورەی منیشە و پەروەردەی دەستی خۆمە.. کورەکی زۆر ئازا و بوێری لێدەرچووە.. نەتدیت کوو لە پێناو سەربەرزیی توو وازی لە دەزگیرانەکەی خۆی هانی و زۆر مەردانە تۆڵەی لێکردنەوە.. جا ئەوەندە بەسەو ئەوە هەر لۆ خۆی کوشتنی ئاغایە و ئیدی پێویست ناکا بە هیچ شێوەک بیر لەوە بکەیەوە بینێریە نێو شۆرِش و بیکەیە چەکدار تا لۆ پارووە نانەک لە سەت دەرکان بدا ئەوجا یەکەک دەریی لێبکاتەوە و هەندەک پاشماوەی خۆی فرِێبداتە پێشی و لە پاشملەش سەت جاران بە سندان و بە قوزەڵقورتی بکا.. بێجگە لەوەش کە دەبتە چەکدار ئیدی کورِی مە نامینێ و دەبتە کورِی شۆرِش و چارەنووسیشی هەر ئەوە دەبی کە رۆژەک لەو چۆڵ و هەردانە بە بێکەسیی و دوور لە چاوی خزم و کەسان لە ترێ سەی دەچی! نا.. ئەمن هیچ جوایەزییەک لە نێوان ئەو و کورەکەی خۆم ناکەم و تا ئەمنیش هەناسە بدەم هەرگیز ناهێلم سەرگەردان و پەرِاگەندە ببی، دوایێش ئەمن ناتانم ئەوەت لێ بشارمەوە کە ئەوان خوشک و برای یەکن؛ خۆت دەیزانی ئەوان ئاوزای یەکن.. ئەو دەمەی کیژەکەم لەبەر مەمکان بوو کە هاوسەرەکەت نەخۆش دەکەت ئەمن ناچاردەبووم مەمک بدەمە هەردووکیان.. ئەوەش زۆر جار روویدا و گومانم نییە کە خۆشت باشت لەبیرە.. واتە ئەوانە خوشک برای شیریین و بە یەکدی ناشێن، لۆ ژنهینانیشی ئەوە غەمی منە و لۆ خۆمی لێگەرِێ؛ هەرچی کیژی گوند هەیە وا لۆی شێت دەبن.. ئەمن هەر لە بەرەبابی خۆمان یەک گەلە کیژمان هەیە.. بەس کورِی گەورەی خۆم پەنجە لەسەر هەر یەکەکیان دابنێ جا با ئەو کیژە لە هەر هەموویان نازدارتر و شۆخوشەنگتر و کابانتر بی ئەمن وەدەکەم هەر لۆ سبەینەکەی بە کراسی بەری خۆی بێتە بەر ماڵێ! (ئەو قسانەی ژنمامێم بابمیان تەختکردبوو.. هەرچەندە لۆ ماوەی چەند مانگەک هەندەک منجرِیی کرد لێ هەر باری ژنمامێی نەبرد.. ئیدی نەک هەر دەستبەرداری مارەکردنی دۆتمامێ بوو لە من بەڵکە چیدیکە نەیدەوێرا باسی چوونە نێو شۆرِشیش بکا):

بە هاورِێی خۆم بێژم؛ ئیدی ئەمن بێ هیچ گیروگرفتەک وەک ترومبێلی ئاورکوژاندنەوە شەوانە و رۆژانە هەر لە راژەدا بووم.. بە شەو خەریکی کوژاندنەوەی ئاوری نێوگەلی ژنمامێ بووم و بە رۆژیش ئی دۆتمامێ! جا ئەمن و دۆتمام لە کێندەرێ و کووکوویی دەرفەتی ژوانمان دەرِەخساند و یەکدیمان خەنییدەکرد ئەوە بابەتەکی دوورودرێژە و نامەوێ سەری تووی پێوە بیەشێنم. رۆژەکیان هەر لەپرِ ژنمامم نەخۆش کەت.. پاش هاتوچۆیەکی زۆری خەستەخانەکان دکتۆرەک پێیگۆتبوو 'نێو لەش و هەناوت یەکپارچە تووشی هەوکردن و سوتانەوە بووە و دەبی لە خەستەخانە بنووی'.. خۆشبەختانە تووشی ئەو دکتۆرە باشە دەبی و هەرچی نەخۆشیی هەبوو لە نێو لەش و هەناوی بە نەخۆشییەکانی منداڵدانیشەوە هەر هەمووی لۆ چارەسەرکردبوون.. نە ئەمن و نە ئەویش هیچ شارەزاییەکمان لەسەر نەخۆشییەکانی منداڵنەبوون نەبوو و ئەوەشمان نەدەزانی کە هەر لەبەر ئەو نەخۆشییانەی بووە پاش ئەو دوو منداڵەی نە لە مامم نە لە منیش منداڵی نەبووە. پاش چاکبوونەوەی وەک جاران بەزمی شەوانەی خۆمان دەستپێکردەوە، بارودۆخەکەمان بە شێوەکی ئاسایی و بێ گرفت دەگوزەرا.. لێ زۆری پێنەچوو دیسان نەخۆش کەتەوە.. سەرەتا گرنگیی پێنەدا و هەر وەیدەزانی رەنگە نەخۆشییەکەی جارانی بی.. کەچی رۆژەک پێیگۆتم:

- ئەمن هەستدەکەم ئەوە نەخۆشیی نەبی.. خۆت دەیزانی ئەمن ئەزموونی منداڵبوونم هەیە.. وەها هەستدەکەم زگم هەبی!

پاش ئەوەی چووە کن دکتۆر وەدەرکەت کە زگی هەیە! زۆر لە دکتۆر پاڕابۆوە تا کۆرپەکەی لەبارببا لێ سەرینەگرتبوو.. بازدان و خۆبەردانەوەشی زۆر تاقیکردەوە تا کۆرپەکە لەبارببا لێ هەر سوودی نەبوو.. ئیدی تا دەهات زگەکەی هەر گەورە دەبوو.. ئەو جیهانە پان و بەرینەمان لێ ویکهاتبۆوە و نەماندەزانی چ بکەین.. نازانم ئەمن ئێستاش سەرم لێدەرنەچوو لەبەرچی یاسای دژی کۆرپە لەباربردن هەیە! جارەک هاوڕێیەکم کە دیاربوو زۆر زیرەک بوو دەیگۆت لە هەر وڵاتەک بە ئارەزووی خۆیان ماوەکیان دانایە کە نابی پاش ئەو ماوە کۆرپە لەباربردرێ.. ناوی لەو یاسایە نابوو یاسای دژە ئازادیی و دژە ژن.. لە راستییدا قسەکەی زۆر راست بوو.. ئێ کە ژن بە خۆی بڕیاربدا منداڵی ناوێ لەبەرچی یاسای ئەوها بێ واتا رێی لێبگری.. نازانم ئەمن ئێستاش پێم باشە کە ژن لە هەر کاتەک بیەوێ بتانی کۆرپەکەی لەباربیا.. (هەڵبەتە ئەو هاوڕێ هێسترە لە روانگەی ماف و ئازادییخوازییەوە نەبوو کە پێویستە ژن ئازاد بی لەو بڕیارە و هەر کاتەک بیەوێ بتانی کۆرپەکەی لەباربیا بەڵکە بە هۆی کێشەی ئاشکرابوونی خۆی و مامۆژنێی ئەو تێڕوانینەی لۆ دروستبببوو!) هەرکووەک هەبوو سەرەنجام تەنێ ئەو رێیەمان لە پێش مابوو کە رەگەڵ شۆڕش بکەوم تا بتانم بەرپرسەکی ئەوها ببینمەوە کە بتانی لە رێی دکتۆرەکانی شۆڕشەوە کۆرپەکە لەباربەین.. ئەگەر نەشکرا ئەوە لەو گوندانەی کە بارەگەی شۆڕشی لێیە جێیەکمان لۆ پەیدابکا تا منداڵەکەی لەوێ ببی و هیچ کەسەک پێی نەزانی و دوایێش چارەک لە منداڵەکە بکەین.. ئیدی لەگەڵ ژنمامێ بڕیارماندا و هەر بە زیرەکیی و هووردبینیی خۆشی نەخشەکی زۆر چاکی لۆ کێشام کە زوو خۆم بگەینمە کن بابم و بێژم:

- زۆر داوای بووردنت لێدەکەم بابە گیان کە کاتی خۆی بە گێی تووم نەکرد و چەکم هەڵنەگرت.. ئاخر ئەو دەم گچکە بووم و نەمدەزانی کە ئابڕووچوون هێندە گران و قورسە.. ئێستا تەواو هەستدەکەم و چیدی خۆم لەبەر ئەو تیروتانجانە راناگرم.. لە هەر جێیەک دادەنیشم و سادەترین قسە دەکەم یەکسەر رەدووکەتنی داکم بە چاوان دادەدەنەوە، ئیدی ئەمن دەڕۆم دەچمە نێو شۆڕش.. سوند بە هەرچی کەسی مەرد هەیە تا ئەو ئاغایەت لۆ نەکوژم سەر و ردێنم نەتراشم.. (هەستمکرد ئەوە بابم وەک گوڵەکی زۆر تێنیی کە ئاوی بە بن وەردەکەی دەگەشێتەوە ئەویش ئەوها دەگەشاوە.. لەپڕ هەستاوە و ماچەکی لە نێوچاوانم کرد و سەرمی بە سینگیەوە نووساند و گۆتی):

- ئافەرین کوڕی خۆم.. ئەمن دەمزانی ئەتوو کەسەکی ئازا و بە زاخی و هەر کووڕی بابی خۆتی و کە گەورە دەبی هەر تێدەگەی و نایدۆڕێنی، بڕۆ و ئەتوو مافی خۆتە و دڵنیاشبە هەر سەردەکەوی.

شاردنەوەی ئەو هەموو تشتە لە دۆتمامێ کە هێندە زۆرزان بوو کلی لە چاوان دەدزی زۆر قورس بوو لێ هەر نەمهێشت هەست بە هیچ بکا.. پێش ئەوەی چەک هەڵبگرم دۆتمامم بەوە رازییکرد کە پاش چەند مانگەکی دیکە دێمەوە و مارەیدەکەم، پسمامیش کەلکی ئەوەی پێوەنەبوو هیچ پرس و رایەکی پێبکرێ چونکێ زەلامەکی گێلۆکەی لێدەرچووبوو و بە قسەی داکی گەروگونیشی تەواونەبوو یان راستتر و رۆشنتر بێژم کیری رەپ نەدەبوو.. بەس خواردنی هەبا هیچی دیکەی نەدەویست، سەرت نەیەشێنم چەکم هەڵگرت و پاش یەک مانگ ئەوجا تانیم بەرپرسەکی ئەوها ببینمەوە کە جێیەک لۆ ژنمامێ پەیدابکا تا لەوێ کۆرپەکەی لەباربەن و

کەس پێی نەزانی.. هەڵبەتە ئەوەش بێ بەرانبەر نەبوو بەڵکە مەرجەکەی ئەوە بووە کە دەبووایە چەند چالاکییەکی گرنگی لۆ ئەنجام بدەم هەروا هەرێی ئەوەشم پێیدا کە پاش رزگاربوونی ژنمامێ لە کۆرپەکەی تا یەک ساڵ هەر راسپاردەکی هەبی لۆی جێبەجێ بکەم، هەر پاش رێکەتنەکە بە زووترین کات خۆم گەیاندەوە ژنمامێ.. زگی زۆر گەورە ببوو لێ باش بوو هێشتا کەس پێی نەزانیبوو کە زگی هەیە چونکێ ژنمامم لەو ژنانە بوو کە دەبێژن 'زگ بە نێکان هەڵدەگری' واتە زگی دەرناپەڕی و زۆر درەنگ بارداریيەکەی وەدەردەکەوی.

کە بە تەنێ لەگەڵ بابم دانیشتم پێمگۆت: "بابە.. هەموو تشتەکم رێکخستیە و هێندەی نەمایە دەست لە ئاغا بوەشێنم.. بەس کێشەکەم ئەوەیە کە شۆڕش لەسەری کردیمە دەبی بچم ماوەک لە نێوچە ئازادکرایەکانی سەرسنوور خولەکی پەروەردەکردن ببینم.. لەوێش زۆربەی هاوڕێیانم بنەگەکیان هەیە لۆ حەسانەوە جا ئەمنیش دەمەوێ لۆ ئەو ماوەیە ژنمامم لەگەڵ بی.. غەمت نەبی هەر پاش ئەوە یەکەم کارم هێرشکردنە سەر ئاغا دەبی.. خۆ رەنگە هەر لە ماوەی خولەکەش بتانم دەرفەتەک وەربگرم و ئەو کارە بکەم.. تا بەو دەستانەی خۆم..." (نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم گۆتی):

- جا ئەوە کەنگێ کێشەیە کوڕم.. برۆ براژنێ لەگەڵ خۆت ببە تا ئیشەکەت تەواو دەبی.. رەنگە ئەوە باشتریش بی چونکێ پاش ئەوە بە تەواویی دەبیە کوڕی شۆڕش و بڕوای ئەوەت پێدەکەن چەند چەکدارەکیشت بخەنە بەردەست.. ئەو کاتیش هاسانتر دەتانی تۆڵەی خۆت بکەیەوە.. (زۆر بە شادمانییەوە بەستە پارەکی لە باغەڵێم نا و ماچەکی لە نێوچاوانم کرد!).

هەرگیز نەدەکرا بێ بەستنی ژوانەک لەگەڵ دۆتمامێ دەمودەست وەرێبکەوین.. لەبەرئەوە دوو رۆژی دیکە مامەوە تا لەگەڵ دۆتمامێ دەرفەتەکمان وەرگرت و لە باوەشی یەکدی خۆمان خەنییکرد.. دیسان بەڵێنی مارەکردنەکەم لۆ دووپاتکردەوە، ئیدی لەگەڵ ژنمامێ ملی رێمان گرت تا گەیشتینە ئەو جێیەی کە بەرپرسەکە دەستنیشانی کردبوو.. لەوێش شەوان تا سپێدان هەر خەریکیدەبووم لێ هەر لە دوایێ و نەمدەوێرا توخنی پیشەوەی بکەوم، باش بوو.. بێجگە لەوەی لە ماوەکی کەم هەندەک چالاکییم لۆ بەرپرسەکە ئەنجامدا زۆر بە هاسانییش کۆرپەکەیان لەباربرد، پاشان بردمە گوندەکی دیکە تا چاکبۆوە و بە تەواویی هاتەوە سەرخۆی، لەو رۆژانەی لەوێم بەسەربردن هیچ تشتەکم بەوە نەدەچوو کە ئەمن شۆڕشگێڕ بم بەڵکە یان خەریکی جێبەجێکردنی راسپاردەی بەرپرسەکە بووم یان خەریکی ژنمامە ژنم بووم! هەر لەوێش شەوەک چووم بە نیازی کوشتن تەقەم لە ئاغا کرد لێ گوللەکان جێی کارێیان نەگرتبوو و نەمرد.. گرنگ ئەوە بوو نیوە مردییم کرد.. پاش ئەوەی لە خەستەخانە دەریانکردبوو لەسەر قونان خۆی رانەدەگرت و ئیدی بە ئێکجاریی کەتە نێو جێ.. لە هەمووشی خۆشتر ئەوە بوو نەیوێرا چیدی بگەڕێتەوە گوند و بنەماڵەکەشیان هەر هەموویان باریان کردە شاری.. ئیدی بابم هەر دەمودەست بە سەربەرزیی ڤەگەڕیا گوندەکەی خۆمان و هەروەک جاران دەستی بە ژیان و گوزەرانی خۆی کردەوە.

سەرەنجام بێ ئەوەی هیچ کەسەک بەو نهێنییانە بزانی ژنمامم بردەوە گوندەکەی کەونەکەی خۆمان، ئیدی لە بەرانبەر هەمووان؛ لە بەرانبەر بابم و خەڵکی گوند و نێوچەکە و شۆڕشیش داشم سواربوو.. باس هەر باسی ئازایەتیی من بوو! لێ لە بەرانبەر دۆتمامێ و ژنمامێ هەندەک نیگەران بووم.. نەمدەزانی دەبی چ بکەم.. دەستم لە هیچیان بەرنەدەبوو.. لە کۆتاییدا بڕیارمدا هەر ئەوها لەگەڵ هەردووکیان بم و خۆشم لەوە ببوێرم

کە دۆتمامێ مارە بکەم.. خۆ لە راستییشدا ترسم لە هیچیان نەمابوو و دڵنیابووم ژنامیش لە پێناو خۆی هیچ نهێنییەکی من نە لە کن بابم نە لە کن هیچ کەسەک ئاشکراناکا.. بابیشم بە هۆی ئەو دەستوەشاندنەم لە ئاغا و شادبوونەوەی بە گوندەکەی لە سای سەری من زۆر رێزی لێدەگرتم و هەرچییەکم بگۆتبا نەیدەگۆ نا، هەر کە دەچوومەوە گوند لە دەرفەتی جوداجودا هەردووکیانم تەختدەکرد.. وەیلێهات ژنامیشم بەوەی زانی کە بە هەمان شێوە خەریکی دۆتمامێشم.. هەرچەندە هەندەک لاملیی کرد لێ هیچی لەدەستنەدەهات.. ئیدی لە یەک کات و پێکەوە بە ئارەزووی خۆم خەریکی هەردووکیان دەبووم! تاقە گرفتم لەو دەم ئەوە بوو حەزمچووبووە پێشەوە بە تایبەتییش ئی دۆتمامێ.. کورە راستییت دەوێ ئی ژنامێش چونکێ لەگەڵ ئەوەی تەمەنی بەراورد بە من زۆر گەورەتر بوو لێ گەلەک تەڕ و خۆش بوو.. سەت ئاسکە کیژی دەهینا، هەرکووەک هەبوو داودەرمانی رێگرتن لە منداڵبوونم لۆ هەردووکیان پەیداکرد.. بە کورتییەکەی دۆتمامیشم کونکرد و وەک جاری جارانیش گەڕامەوە سەر ژنامێش. رۆژەکیان بیرمکردەوە خۆ ئێستا نە ژنام و نە دۆتمامیش هیچیان بەرانبەر من پێناکرێ.. ئەگەر دۆتمامێ مارە بکەم و بیگۆزمەوە کە دڵنیام بابیشم زۆر پێی خۆش دەبی هیچ گرفتەکم نامینێ.. واتە بێ ئەوەی هیچ کەسەک بتانی قسە و قسەلۆکم لەسەر چێبکا بێ هیچ ترس و نیگەرانییەک بە ئارەزووی خۆم خەریکی هەردووکیان دەبم.. ئیدی ئەوە بووە نەخشەی داهاتییم.

شۆڕشگێڕایەتییەکەی ئەو دەمم زۆر خۆش بوو.. هەر زوو زوو دەگەڕامەوە گوندی و یەک دوو شەو دەمامەوە.. نێزیکەی دوو مانگانم بەو شێوە گوزەراند.. کاتەک بە تەواوی بڕیارمدا دۆتمامێ مارەبکەم و بیگۆزمەوە ژنامم زۆر پێی خۆش بوو چون هەم کیژەکەی دەبووە خاوەن مێرد و جێی خۆی دەگرت هەمیش ئەمنی وەک مێردەکی نهێنیی و هەمیشەیی بە تەواویی لۆ مسۆگەر دەبوو، شەوەکیان کە لە نێو باوەشم لە ئاسوودەییەکانی خۆی نوقم ببوو گۆتی: "ئیدی ئەمن بە هیچ شێوەک هەست بە بێ مێردیی ناکەم بەڵکە سێکسکردنیشم لەگەڵ تووە.. لەگەڵ گەنجەکی جوانکیلە و ئەوها گەرموگوڕ و وەهێز و کیر گەورۆنەی وەک توو.. زۆر پێ خۆشتر و بەچێژترە لەوەی لەگەڵ مامت هەمبوو"! بابیشم زۆر ئاسوودە بوو بەو بڕیارەم چونکێ برازایە نازدارەکەی زۆر خۆشدەویست و زۆر حەزیدەکرد رۆژەک لە رۆژان ببتە بووکی خۆی.. هەر لەو سەروبەندەشدا خۆشی دەستەکی بە خۆیدا هینابۆوە و خەریکبوو زڕداکەک لۆ من پەیدابکا.. کەچی زۆر بە داخەوە ئەو رژێمە دڕندە لە هەموومانی تێکدا؛ هێرشەکی زۆر گەورەی کردە سەر نێوچەکە و هەر کێی وەبەردەستکەت گرتی و گوندەکی زۆریشی تەختی زەوی کرد.. ئەوانەی لەودەم لەوێ نەبوون بەختیان هەبوو و لۆ خۆیان قوتاربوون.. هەندەکیشان خزمی چەکدارە خۆفرۆشەکان بوون و رزگاریانکردن.. ماڵی مەش - باب و ژنام و دۆتمام و پسمام - هەموویان بە هەمان شێوە بە هۆی خۆفرۆشەک کە خزمی ژنامێ بوو رزگاربوون و بردبوونیانە شاری.. لێ لەوێ بە هۆی ئەوەی پیاوانی رژێم پێنانزانیبوو کە ئەو خۆفرۆشە ئەوانی پەنادایە.. ئەویش زۆر ترسابوو و چووبوو ژنامم و دۆتمامی خەڵاتی دوو کەس لە وان کردبوو تا بابم و پسمامم نەگرن.. لێ پاش ئەوەی مارەیان کردبوون و ببوونە هاوسەریان هەر وازیان لە بابم و پسمامم نەهانیبوو و رۆژەک هەردووکیان دەستگیرکردبوون و بنبزریان کردبوون.. تا ئێستاش هیچ سۆراغەکیان نییە.

جا هاورێ.. شۆڕشی چی و شۆڕشگێڕیی چی! ئەوە سەربردەی چەکهەڵگرتن و سەرەتای شۆڕشگێڕیی من بوو، ئێستاش بێجگە لەوەی ئەوانم هەموو لەدەستچوونە لای رژێمیشم فت بووە چون تێکڕای دارودەستەی میریی دەزانن ئەمن کێم و چەند کەسم لێیان کوشتیە.. هەر بە گێلایەتیی خۆشم چەندین کەس و ماڵباتی وەک ئەو

ئاغایەم لە خۆ کردە دوژمن کە پاشان لە شاری بوونە چەتەی گەورە گەورە و هەر کاتەک وەبەردەستیان بکەوم پارچەپارچەم دەکەن، لە نێو شۆڕش و ئەو گوندانەش بە هۆی شەڕی نێوخۆ و کوشتاری خەڵکانەک کە دژی شۆڕش بوون تەنانەت بە هۆی ملمانێ و پاکسازیی نێوان بەرپرسانی شۆڕشیش چەندین دوژمنی ئاشکرا و نهێنییم لۆ پەیدابووە.. لەبەرئەوە تازە بە تەواویی بوویمە کوڕی شۆڕش و هیچ چارەم نییە و هەر دەبێ بیدەمەدوێ تا لە جێیەک بە گوللەک ساردمدەکەنەوە، خەفەتی گەورەی من ئەوەیە شۆڕش و بەرپرسەکان تەنێ کاتەک ئەمنیان لۆ گرنگە کە شەڕ و کوشتن لە گۆڕێیە دەنا وەکیدی نرخی یەک چەکداری سادەشم لۆ دانانێن، بڕوابکە هێندە لەو شۆڕشە تەرەماشە وەڕس و بێزار بوومە ئەگەر لە ترسی گیانی خۆم نەبێ هەر ئێستا دەچم خۆ رادەستی رژێم دەکەمەوە.. لێ ئەوەشیان هەر ناکرێ و زۆر نابەجێیە.. ئاخر ئەگەر ترسی گرتن و سێدارەشم نەبێ هەر چاوانم بەرایی نادەن لەوێ لە پێش چاوانی خۆم سواری دۆتمامێ و ژنمامێ ببن و ئەمنیش زەقەی چاوانم بێ و ملی خۆ حیزبکەمەوە! جا هاوڕێ بێجگە لە هەموو ئەوانەش وەک دەیبینی ئەمن زۆر بێ پشتوپەنام لە نێو شۆڕش... (سەیر ئەوە بوو بەو هەموو دەبەنگیی و دڕندەییەی خۆی دەیویست ئەمن گرنگیی پێبدەم و لە کن بەرپرسە باڵادەستەکان پشتگیریی لێبکەم و بە قازانجی ئەو قسان بکەم! لە پاش ئەو هەموو سەرهاتە دووروودرێژ و وەڕسکەرانەی هێشتا هەر دەیویست درێژە بە قسەکانی بدا.. لێ ئەوە لۆ من بەس بوو؛ تەواو تێگەیشتم کە کەسەکی چەند دڕندە و نامرۆڤە! لەبەرئەوە ئیدی نەمهێشت پتر درێژەدادڕیی بکا و دەرفەتم نەدا چیدیکە زمانی بگەڕێ تا گەیشتینەوە نێوچەکەی خۆمان).

هەر رێک بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەمن دەمویست بیسەلمێنم ئەو دڕندە ئی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی نییە و پێویستە لە دادوەرییەک سزا بدرێ و دەربکرێ.. لێ کەسانی وەک 'بەرپرسی ئەو بارەگەی یەکەم جار لێی بوومە شۆڕشگێڕ' و 'بەپرسی کۆمەڵایەتی' و 'ئەندامی نووسینگەی رامیاریی' و 'بەرپرسی یەکەم هێزی عەسکەریی کە ئەمن پێیەوە پەیوەستبووم' و زۆر بەرپرس و سەرکردەی دیکە چونکێ کاری تایبەتی خۆیان پێی هەبوو ئەو دڕندەیان بە نموونەی باشترین و ئازاترین شۆڕشگێڕ دەخستەڕوو و پشتگیرییان لێیدەکرد.. ئیدی هەر پلە و پایە عەسکەرییەکەیان بەرز و بەرزتر دەکردەوە!!!

پاش ئەوەی ئەو هاوڕێ هێسترەم بەو جۆرە ناسی کە چ رەفتارەکی لە بەرانبەر ژنان هەبووە و تا دەشهات نموونەی لەو بابەتە هەر پتر و پتر دەبوو و پێگە و دەسەڵاتیشیان هەر وەهێز و وەهێزتر دەبوو لە نێو شۆڕش.. بێجگە لەوەی بەدبینیی و بێ هومێدیی هەر هەناسەسوارتریان دەکردم تووشی جۆرەک لە داخرایی و گۆشەگیرییش ببووم.. هەمیشە بیرمدەکردەوە و هەر خەریکی لێکۆڵینەوە رۆچوون بووم لەسەر ئەو ئەو مژار و پرسە، سەرەنجام بەوە گەیشتم کە؛ تا ئەو کاتەی شۆڕش - نەک هەر ئەوەی مە بەڵکە یەکسانییخوازترین شۆڕشیش - پێویستی بەوە هەیە بە چەک ملمانێ لەگەڵ دوژمنانی بکا و چەکهەڵگرتن و بەرانگژبوونەوەش کە ژیان و ژینگەکی فرە قورسی هەیە و پێویستی بە ماسوولکەی وەهێزە.. ئەوە هیچ گومانی تێدانییە هەر پیاوان کە تا ئێستا بێ رکابەریی ژنان خاوەنی وەهێزترین ماسوولکەن دەبنە خاوەنی شۆڕش و ژنانیش هەر پاشکۆیەکی بێ نرخ دەبن.. جا ئەو شۆڕشەی کە بە فیتی پیاوسالاران هەڵدەگیرسێ با هەر بە ناوی پێشڤەڕۆیی و خواستی سەردەمی تازە و دانانان بە یەکسانیی نێر و مێ و خستنەبازاڕی چەندین دەستەواژەی وەک ژنناسیی هاوچەرخ و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای تازە و هزر و رامیاریی راستەقینەی یەکسانییخوازیی و... تد خۆی بخاتەڕوو تەنانەت ئەگەر بکارێ ژنانیش بە ئەندازەی پیاوان لە جوولانەوە چەکدارییەکەی

وەکاربیا.. لێ هێشتا هەر شکست دەهینی چونکێ خەباتی یەکسانیی‌خوازیی ژنان لە نێو شۆڕشی چەکداریی هەر تەنێ بە بیروباوەڕی چاک و وەکاربردنی دوا بەرهەمی تەکنەلۆژیای چەک - کە شۆڕش دەستی بە کەمەکیان رادەگا - ئەنجامنادرێ بەڵکە هێزی بازوو و زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەشی گەرەکە.. لێ هەرگیز دەست و پەنجەی ناسکی ئێستای ژنان ئەوەی لە باردا نییە ئەگەر هەر یەکەکیشیان بە ئەندازەی 'شۆڕشگێڕترین کەسی جیهان' هۆشمەندیی شۆڕشگێڕانەی هەبی و وەک ئەویش پێداگر و خۆڕاگر بی لە تێکۆشان!

کەواتە ئەگەر هێشتا هەر چەک دوا ئامرازی شۆڕشە ئەوە دەبی ئەو ژن و پیاوانەی کە دەستدەدەنە چەک پێش هەر تشتەک ژنایەتی و پیاوەتییان لە کن نەمابی و لە منداڵییەوە وەک یەک چەشنە مرۆڤی ئازاد پەروەردە کرابن و ئاستی توانای جەستەیی و هزرییان رێک وەک یەک بن و پارەوپووڵ نەناسن و نێرسالاریی و مێسالاریی و دین و دابونەریت و ئەفسانەکانیان تووڕهەڵدابن و وەک یەک هێزی تێکەڵاو پێکەوە بن و سێکسکردن وەک خارن و ڤەخارن بی لە نێوانیان و وەچە نەخەنەوە تا ئەو دەمەی شۆڕش سەردەکەوی، ئەگەر نا ئەوە شۆڕشەکە ئەگەر تا باڵاترین ئاستیش سەر بە بیروباوەڕی یەکسانیی‌خوازانە بی؛ یان ئەوەتە هەر لە کاتی جوولانەوە چەکدارییەکە لە ئامانجەکان پەژێوان دەبتەوە یان ئەوەتە کە دەگاتە دەسەڵات خۆبەخۆ ئامانجەکان کاڵدەبنەوە تا هیچیان نامینێن هەڵبەتە بێجگە لەو ماف و ئازادییە سادانەی ژنان کە بە پێی پێشڤەچوونی ژیان و لە دەرێی شۆڕش دەبنە خواستی سەردەم و خۆبەخۆ جێکەوتە دەبن.

لە کۆتاییدا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کێشەکە لە شۆڕش نییە کە یەکسانیی‌خوازیی بە رووکەش وەردەگری.. هەروا لە پێنەگەیشتنی ژنانیش نییە کە توانای ئەوەیان نییە وەک پیاوان تێبکۆشن.. بەڵکە لە خودی پیاوانە کە ناتانن رێبدەن ژنان ببنە هاوشانیان تەنانەت هەرە یەکسانیی‌خوازەکانیشیان بێجگە لە کەمایەتییەکی زۆر کەمیان.. جا ئەوەش بە پێی کەتوارە جڤاکییەکە و گونجانی تاکتیکەکانیان؛ هەندەکیان شۆڕشەکی توندڕەوانە هەڵدەگیرسێنن و رووکەشانە دروشمە یەکسانیی‌خوازییەکە بەرزدەکەنەوە.. هەندەکیشیان شۆڕشەکی ئاسایی لێ دووروودرێژ بەرپادەکەن و نایانەوێ نە شیش بسوتێ نە کەباب، ئەوانەی یەکەم هەر زوو نەک سەری خۆیان بەڵکە سەری میللەتیش لە بەرد دەدەن! لێ ئەوانەی دووەم چونکێ شۆڕشەکەیان زۆر درێژە دەکێشی ئیدی خۆیان و میللەت تا ئاستی رزیببوون بۆگەنیی دەکەن!

جا شۆڕشەکەی مە لەو بابەتەی دووەم بوو و بە هیچ شێوەک ئی ئەوە نەبوو ژنان بتانن لە پرسە یەکسانیی‌خوازییەکە نەخشی خۆیان ببینن تەنانەت هەر لە بنچینەدا ژنی زۆر زۆر کەم تێدابوو.. ئاخر کەرستەکە هەر ئەوە بوو کەسانی وەک هاوڕێ هێستر بایەخ و برەویان لە نێو ئەو شۆڕشە هەبی چونکێ کەسانی هۆشیاری نێو میللەت ئامادەییان تێدانەبوو یان هەر ئەو توانایەیان نەبوو ئەرکە هەرە قورسەکەی شۆڕش کە چەکداریی بوو بخەنە ئەستۆی خۆیان و ببنە زۆرینە لە نێو شۆڕش تەنانەت لەوانەش کە ژمارەکی کەمیان دەبوونە شۆڕشگێڕ دەچوون بە بارەگەکان وەدەنووسان و بە کردەیی لە نێو خەڵک و گۆڕەپانی چالاکییەکان نەبوون.. ئیدی شۆڕشی ئەوها بێجگە لەوەی دەیان کێشە و گرفتی کەمەرشکێن تێیدا سەرهەڵدەدەن لە نائامادەیی ژنانیش هەر بە تاقی تەنێ سێکس وێرانی دەکا؛ لە دەرێی بازنەی شۆڕش و لە رێی هەڵسوکەوت و رەفتاری شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ جەماوەر جۆرە مێبازییەکی زۆر دڕندانە و دژە ژنیی پەیدابیوو.. وەک نموونە ئەو شێوازەی 'هاوڕێ هێستر' و چەندین شێوازی نامرۆییانە دیکەش هەبوون و زۆر بە بەرفراوانیی هەژموونی خۆیان داسەپاندبوو.. لە نێوخۆی شۆڕشیش لە لایەکیان چەندین جۆری هاوڕەگەزخوازیی بە پێی

ئاستی فەرهەنگیی خەڵکەکە پەیدابببوون کە هەر هەموویان زۆر پاشدامابیانە و نامرۆییانە بوون.. ئەوەی تەنێ گانکەر بوو و گانی نەدەدا زۆر جێ شەرم نەبوو و زۆر بەر نەفرەت نەدەکەت تەنانەت زۆر جاران و لە هەندەک جێیان بە تایبەتییش لە نێو هاوڕێیانی خۆی نازی پێوەدەکرد! لێ ئەوەی بە هەردوو لا هاوڕەگەزخواز بوو زۆر سووکایەتیی و بێ ڕێزیی پێدەکرا! ئەوەشی تەنیا گاندەر بوو هەر تۆپتۆپانێیان پێدەکرد و بە هیچ شێوەک بە مرۆڤیان دانەدەنا ئەوەش وەک 'بەڕێوەبەری گەورە'! لە لایەکی دیکەش هەرچەندە ژن زۆر کەم بوون لێ هەندەکیان بە تایبەتییش ئەوەی خزمە نێرە نێزیکەکەی گیانی لەدەستدەدا ئیدی بێ ئەوەی هیچ ئامادەییەکی تێداهەبی تووشی داوی شۆڕش دەبوو جا لە گوندەک بژیابا یان لە نێزیک بنکەکی شۆڕش ماڵەکیان لۆ چێبکردبا هەر بە تەواویی دەیانکردە سۆزانیی.. نموونەی ئەوەش 'خانمی تاقانە' بوو.. جا ئەمن هەر خۆم لە ڕێی بەرپرسە عەسکەرییەکەی هێزەکەمان کە دەیانگۆتێ 'شینە شاهۆ' سەرهاتەکم لەگەڵ ئەو خانمە هەیە و با ئەویش وەگێڕم:

- ٨ -

هێندەمان نەمابوو بگەینە ئەو گوندەی 'خانمی تاقانە'ی لێبوو، زۆربەی هەر زۆری هاوڕێیان نەیاندەزانی ناوی گوندەکە چیە.. هەموو هەر دەیانگۆت گوندەکەی خانمی تاقانە یان گوندی تاقانە! بە نیازی پشییدان و چاوەڕێکردنی دەستەکی دیکەی هەر ئەو هێزەی خۆمان لەو جێیە دانیشیتن کە بڕیاربوو لەوێ یەکبگرینەوە و پێکەوە بچینە گوندەکە.. دیتم سێ لە هاوڕێیان هەندەک دوورکەتنەوە و لە پەنا تیشەبەردەکی گەورە چارمەشقیی لێی دانیشتن.. ئەمنیش بێ ئەوەی هەستپێبکەن چووم لە پشتە وان لە پەنایەک دانیشتم.. کاتەکم زانی باسی خانمی تاقانەیان دەکرد و هەر یەکە و بە جۆرەک بە بەژنوباڵایدا دەهاتەخوارێ.. یەکەکیان زۆر بە گەرمیی دەیگۆت:

- کورە کاکە خۆ ئەمن دەزانم تا بەرپرس هەبن هەرگیز خانمی تاقانە وەبەر من ناکەوی لێ هەر پێمخۆشە چاوانم بەو چاوە کەسک و گەشانەی بکەون.. دەزانن چ لەشولارەکی جوان و سێکسیی هەیە هاوڕێیان؟! توو سەری خۆتان لە کن کەس باسیمەکەن؛ چەند ڕۆژەک پێش ئێستا کاکم گۆتی 'ئەگەر ئەو جارە چووینە ئەوێ ئەتووش لەگەڵە خۆ دەبەم و ئم...' (مەبەستی لەو 'ئم'ە ئەوەبوو کە شینە شاهۆ دەرفەتی دەدا تشتەک لەگەڵ خانمی تاقانە بکا و بە لایەنی کەم دەستبازییەکی تێدادەبی. پاشان یەکەکی دیکەیان گۆتی):

- بڕوا بکەن ئەمن.. جارەکی دیکە لەگەڵی ناچم جا با هەر داوام لێبکا! کاکە ئەمن هەر جارەکی لەگەڵی چووبم ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی لە نانخواردنێ دەبینەوە یەکسەر دەمنێرتە کن هاوڕێیان ئەوە گوایە متمانەی بە من هەیە کە هاییم لێیانبی! ئیدی ئامۆزایە ترسنۆک و خۆرییەکەی خۆی و مامۆستایە سەر قوونەگایەکە (مەبەستی لە بەرپرسی ڕامیاریی هێزەکەمان بوو) چاوانی خۆیان پاندەکەنەوە و بەس ئەوان لە کنە خۆی دەهێلیتەوە.. داخۆ هەر جارەی چەند کڵاوان لۆ مێردە گەوادەکەی دەدورن.. جا هەر نەچم زۆر زۆر باشترە، بڕوابکەن هاوڕێیان کە ئەو ژنە دەبینم هەر خەریکە وەخۆدادەکەم.. ئەوجا کاکیشم هەموو جارێ بە قسەی حیز حیز لەخشتەمدەبا و دەبێژی 'ئەمن هەمبی نەمبی هەر ئەتووی.. بێجگە لە توو ناتانم پشت بە کەسی دی

ببەستم هاوڕێ.. جا تکایە بڕۆ وریای هاوڕێیانبەو با گرفتەک چێنەکەن..' ئیدی ئەمنیش دڵم شەقدەبا و لە داخان دەبی بچم لە پەنایەک کولوکۆی خۆم بە 'بەڕێوەبەری گەورە' دابمرکێنمەوە.. (سێیەمیشیان کە بە سروشتی خۆی کەسکی دەنگ گەورە بوو زۆر بە نزمیی و بە چپەچپەوە دەدوا.. لە کنە خۆی وەبوو بە دزییەوە ئاماۆژگارییان دەکا لێ هێشتا لە کەسەکی ئاسایی دەنگ بەرزتربوو و قسەکانی ویم زۆر باشتر دەبیستن):

- کورە ئەوە ئەنگۆ شێتبوونە یان مێشکی خۆتان لەدەستدایە؛ دە فەرموو دەی.. کەر لە کێندەرێ کەتیەو کوندە لە کێندەرێ دڕایە! کورە ئەنگۆ دیارە زۆر گێل و نەزانن.. ئاخر خانمی تاقانە لە کێندەرێ و ئەنگۆ لە کێندەرێ! کورە کاکە ئەوە کیژە ئاغایە.. کیژە ئاغا! لەگەڵ پیاوی گەورە نەبی هەر داشنانیشی.. بڕوابکەن ئەمن هاییم لێبووە بەرپرسەکی زۆر گەورۆنە لە سەرکردایەتییەوە بە دزییەوە و بە خۆ و بە تاقە یەک چەکدار هاتیتەخوارێ و ئەو هەموو ڕێیەی بە تایبەتیی لۆ کن ئەو خانمە نازدارە بڕیە.. ئیدی بە هەر بیانووەک هەبووە خۆی گەیاندیتێ و دوو شەوانیشی لە کن مایتەوە! ئەوە ئەنگۆ باسی چ دەکەن.. کاکە با ئەمن بە کورتیی و بە پوختیی لۆتان لە بنی کودیلەکەی بدەم؛ ئەنگۆ خۆتان دەزانن ئەمن کوڕی ئەو نێوچەم.. بڕوابکەن نهێنیی ئەوهام لەسەر ئەو خانمی تاقانەیە لە کن هەیە ئەگەر لۆتان باسبکەم هەر سەرتان سووڕدەمینێ.. (دوو هاوڕێیەکەی دیکە لێی نێزیکدەبنەوە و هەرچی سوند هەیە دەیخۆن تا باسی ئەو نهێنییانە بکا و ئەوانیش لە کن هیچ کەسەکی نەدرکێنن، ئیدی دایەدوێ):

- ئەوە کاتی خۆی بابی ئەو خانمی تاقانەیە ئاغای ئەو گوندە بووە، وەک دەگێڕنەوە یەکەک بووە لەو ئاغایانەی کە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ سەرکردایەتی هەبووە.. خزم و کەسەکی زۆریشی هەبووە لە نێو رژێم و دەستی دەڕۆیی، هەر بە نیازی پەیداکردنی خەڵک و پەیوەستکردنیان بە شۆڕش هەمیشە مێوندارایی پیاوە گەورەکانی دامودەزگەکانی میریی دەکرد.. لەو نێوەشدا یەکەک لەو پیاوە گەورانە کە فەرمانبەرەکی پلە بەرز بووە شێتی جوانییەکانی کیژەکەی دەبی.. لە بنەوەش زۆر بە نهێنیی بەرپرسەکی گەورە بووە لە دارودەستەی ئاسایشی رژێم.. هەر لە پێناو ئەوەی بە خانمی تاقانە بگا هەموو پڕۆژەکی ئاوەدانکردنەوە لۆ ئەو گوندە ڕێکدەخا و هەر خۆشی سەرپەرشتییان دەکا؛ خوێندنگە و پەرستگەکی گەورەیان لۆ چێدەکا.. بیری ئاویان لۆ لێدەدا.. کارەبایان لۆ رادەکێشی.. تەنانەت ڕێوبانیشیان لۆ تەخت و چەگلرێژ دەکا.. تەمەشاکەن کوو تەنێ یەک قوز کۆرە گوندەک ئەوها دەبوژێنتەوە! پەیوەندییەکی وەها لەگەڵ بابی خانمێ چێدەکا موو بە نێوانیان وەناچی.. هەر لە ڕێی ویش پەیوەستی کاری ڕێکخستن و شۆڕش دەبی.. واتە دەبتە سیخوڕی دووسەرەی رژێم و شۆڕش بێ ئەوەی هیچیان پێبیزانن، پاشان خوازبێنیی خانمی تاقانە دەکا لێ بابی رازیی نابی چونکێ خانم زۆر بە توندیی رەتیدەکاتەوە.. سەرەنجام ئەویش دەچی هەموو نهێنییەکانی بابی خانمێ لە کن بەرپرسی سەرەوەی خۆی لە دەزگەی ئاسایشی رژێم ئاشکرادەکا بەڵکە بتانی بەو شێوە هەم ملکەچی بکا و بیکاتە پیاوی خۆیان هەم بە باوەشی خانمێش بگا.. ئەگەر نا ئەوە فڕێبیداتە زیندانێ و خانمێش بە تۆبزیی لە خۆی مارەبکا.

بابی خانمی تاقانە هەر ملکەچ نابی تا رۆژەک دێن و قۆڵبەستی دەکەن و دەیبەن.. ئاخر لەو سەردەمدا رژێم زۆر باڵادەست بووە لەو نێوچانە.. لێ ئەو زۆر ئازایانە گێ بە ئازار و ئەشکەنجەدان و تەنانەت سێدارەش نادا و هیچ نهێنییەکی شۆڕشیش نادرکێنی، پاش ماوەک هاوسەرەکەی بە ناچاریی 'وەک دەبێژن ناچاریی وەتلێدەکا سەر بە کونی ماریشدا بکەی!' کیژە ناسک و نازدارەکەی رەگەڵ خۆی دەدا و لە ڕێی هەندەک خزمیەوە کە

کاربەدەست بوونە لە پارێزگا و شارەوانییەکان خۆی دەگەینێتە کن کاربەدەستەکی زۆر گەورەی دەزگەی ئاسایش.. لێ ئەویش هەر کە خانمی تاقانە بەو هەموو جوانییەوە دەبینی حەزی دەچێتێ و مرخی خۆی لێی خۆشدەکا! ئەو ژنە قەلەندەر و بێچارە تازە تووش ببوو و ئامادەبوو لە پێناو بەربوونی هاوسەرەکەی هەموو تشتەک بکا؛ ئیدی کیژەکەی ناچار دەکا هەندەک خۆی لەو کاربەدەستە هەڵبسووی و تا سەرنجی رابکێشی و کارەکەیان رایی بکا.. ئەویش دەرفەتی خۆی وەردەگری و هەر دەمودەست و بێ پەردە تێیاندەگەینی کە ئەگەر خانمی تاقانە پێی رازیی ببی ئەوە زۆر بە هاسانیی بابی بەردەدا و ئەو کەسەش بە توندیی سزادەدا کە وەگرتیدایە، کێشەکە درێژە دەکێشی چونکێ خانمی تاقانە بەویش رازیی نابی.. سەرەنجام ئەویش دەخەنە زیندان و بابیشی لەنێودەبەن، کاتەک ئەو کاربەدەستە زۆر گەورە تەواو لەوە بێ هومێد دەبی خانمی تاقانە مێردی پێ بکا بە مەرجەک ئازادی دەکا کە شوو بە گێلەپیاوەکی بەردەستی خۆی بکا کە خزمەکی دووری داکی خانمی تاقانەیە.. ئەو پیلانەشی لە پێناو ئەوە دەبی کە بتانی جاروبارەک خۆی بگەینێتێ و لەگەڵی رابوێری، بە کورتییەکەی پیلانەکەی سەردەگری و دەبتە مێردی هاوبەشی خانمی تاقانە واتە گێلەپیاوەکە دەبتە مێردی فەرمیی و خۆشی مێردی نافەرمیی! نەک هەر ئەوە بەڵکە ناوەناوە هەندەک لە هاورێیەکانیشی - کە پلەیان لە خۆی بەرزترە و ئیشی پێیاندەکەوی - بە نێوگەڵی خانمی تاقانە مێوانداریی دەکا!

جا بیهننە بەرچاوانی خۆتان.. ئەو خانمە تاقانە خانومانەی ئێستا دەیبینن کە مردییانیش بە هەلەکەسەمایان دەخا دەبی لەوان دەمان چ ناسک و نازدارەک بووبی و کوکوبی بەرگەی ئەو هەموو درندە کیر ئەستوورانەی گرتبی! ئاخخخخ.. ئەوە نیشتیمانپەروەریی و چەپایەتییەکەی مەیە! ئەو پیاوە لەسەر چ گیانی بەخشی کەچی ئێستا هەر کەس ناویشی ناهینی! پاش ئەوەش کە شۆرش هێزی پەیداکرد و ئەو نێوچانەی پتر کەتنە بن دەست.. بەرپرسە 'دۆخین لە ملەکان'مان کەمتریان بە کیژەکەی نەکرد! (دۆخین لە مل بەو کەسەیان دەگۆت کە دۆخینی لە ملی دەبەست تا هەردەم ئامادە بی و بتانی لە کاتی پێویست بە خێرایی دۆخینەکەی لە ملی بترازێنی و خەریکی مێبازیی یان نێربازیی خۆی بی) ئەوەش بەو ناوەی کە گوایە نابی کیژی کەسەکی ئەوها مەزن بەو شێوازە سووکایەتیی پێبکرێ و دەبی لە دەستی پیاوانی رژێم رزگاربکرێ و سەربەرزانە ژیانی خۆی لە زێدی خۆی و بابە قارەمانەکەی بگوزەرێنی و پارێزگاریی لێبکەن! سەرتان نەیەشینم.. زۆر بە هاسانیی خانمی تاقانەیان هیناوە گوندی و گێلەپیاوەکەشی هەر لەگەڵ بوو.. بێجگە لەوەی هەموو زەوییەکانی بابیان لۆ گەراندەوە خانییەکی گەورەشیان لە شێوەی کۆشک و تەلاری شاری لۆ چێکرد تەنانەت هەندەک لە زەوییە دێمیی و بەراوەکانی جۆتیارە هەژار و بێکەسەکانی گوندیشیان بە بیانووی سەیروسەمەرە داگیرکرد و دایانە وی.. بە کورتییەکەی کردیانە خانی نێو دیوەخانەکەیان، ئیدی لەو کاتەوە تا ئێستا هەر بەرپرسەک رێی دەکەوێتە ئەو گوندە ئەوە هەر لە نێو ئەو دیوەخانەدا 'نان و گان و سانەوەی'ی خۆی مسۆگەرە و خانمی تاقانە کلاوەکی دیکە دەخاتە سەر سەری هاوسەرە گێلەپیاوەکەی! جا تکایە لۆ خۆتان پیاو بن.. خانمی تاقانە خواردنی خەڵکی وەک وە نییە.. واتە تا نەبنە بەرپرسی گەورە ئەوە هەرگیز بیر لەو مەکەنەوە و زۆر باشترە گوێ و بلێسەی خۆتان هەر بە بەرێوەبەری گەورە و کەسانی وەک وی بکوژێننەوە... (ئەو زانیارییانە لۆ من زۆر پێویستبوون لێ ئەو دەستە چەکدارەی ئاماژەم پێیکرد گەیشتن و ئەوانیش ناچار کۆتاییان بە بابەتەکە هینا و هەموومان بەرەو گوند شۆرمانکردەوە).

**که گەیشتینە نێو گوندەکە شەو داهاتبوو.. هاوڕێ شینە شاهۆ گاسیکردم و گۆتی: "هاوڕێ ئەتوو لەگەڵ من وەرە.. دەچینە ماڵەک هەندەک کێشە و گرفتیان هەیە پێویستە ئەتووش لەوێ بی".. ئەمنیش بێ هیچ وەدوواداچوونەک لەگەڵ وی و ئامۆزایەکەی و - وەک هاوڕێیەکە گۆتەنی - مامۆستایە سەر قوونەگایەکە و ئەو هاوڕێیەش کە گۆتی 'ئەگەر ئەو جارە چووینە ئەوێ ئەتووش لەگەڵە خۆ دەبەم و ئم...' وەڕێکەتین، ئەرێ.. کە گەیشتین دیوەخانی خانمی تاقانە دەرچوو.. لێ خانم چ خانم! ئەگەر ئەو قسانەم لەسەری نەبیستبان ئەوە بێ گومان ئەمنیش هەروەک هاوڕێیان شێت و شەیدای دەبووم یان بە لایەنی کەم هەندەک گرتە و دیمەنی شۆخوشەنگیی و جوانییە لەڕادەبەدەرەکانیم لەسەر لاپەڕەکانی مەژییم تۆماردەکردن تا لۆ خۆم لەو کاتانەی بە تەنێ دەبم ئەندێشەبازانە گیانی رۆمانسییانەی تەریفەیی و تامەزرۆیی خۆمیان پێ ئاوبدەم، هەر کووەک بوو پێم لە جەرگی خۆم نا و رووی خۆم لێی وەرگێڕا و لەبیر خۆم بردەوە، پاش نانخواردن گێلەپیاوەکەی هاوسەری خانمی تاقانە رووی لە شینە شاهۆیێ کرد و گۆتی:**

**- دەزانی ئەوە ماوەکە 'مامە ریوی' خەریکی خاوێنکردنەوەی ئەو زەوییە بەراوانەی لەمەڕ بابی خانمی تاقانەیە کە دەکەونە لای سەرێی گوندی.. گوایە ئەوە کاتی خۆی لێی داگیرکرایە و ئێستاش بە پشتی شۆڕش دایتیانەوە و وەناویدەهینی... (خانمی تاقانە لە لای بنەبانێ زۆر خانمانە دانیشتبوو.. یەکسەر قسەکەی بە گێلەی هاوسەری بڕی و بە تووڕەیی پێیگۆت):**

**- دەوت تێکنێ هەی گێلە.. دیسان شەکری خۆت شکاند.. ئەدی ئەمن پێمنەگۆتی ئەتوو هەر لە خۆتەوە بە پێخواسیی وەنێونەکەوی.. لۆ وەدەزانی هاوڕێ شینە شاهۆ هایی لەو تشتانە نییە هەی گەلحۆ! هەستە.. هەستە خێرا بڕۆ ئەو 'قۆچان'انەم لۆ بینە.. با پێشانی هاوڕێی بدەم.. (گێلەپیاو ملی خۆی حیزکردەوە و بە پەلە چوو قۆچانەکانی هینا.. کەچی هاوڕێ قۆچانەکانی لێوەرنەگرت و بە شێوەکی نیمچە پاڕانەوە رووی لە خانمی تاقانە کرد و گۆتی):**

**- جا خانم.. توو سەری خۆت ئەو جوونانەمان پێ مەدە! ئەمن کەنگێ ئەوها بێ بڕوا بوویمە بە توو تا قۆچانانم پێشانبدەی.. (رووی لە ئامۆزایەکەی کرد) هەستە بڕۆن.. بڕۆن بە پەلە ئەو مامە رێوییەم لۆ پەلبەست بکەن.. لێ تا دێم جوان جوانی تێبگەینن.. خۆت دەزانی لە کێندەرێی دەبەستنەوە و کووکوویی تێیدەگەینن! هەر ئەوەمان مابوو! ئەندام و لایەنگری ئەوهامان هەبی بچی مافی گوندنشینان بخوا و لە نێوان هەموانیش مافی نەوەکانی ئەو پیاوە مەزنانە کە ئەو شۆڕشەیان پێگەیاندیە و لە پێناویدا گیانی خۆیان بەخشیە!! (ئامۆزایەکەی لەگەڵ هاوڕێیەکەی دیکە رۆیشتن و هەر ئەمن و ئەو و مامۆستایە سەر قوونەگایەکە ماینەوە.. رووی لە هەردووکمان کرد) ئەنگۆش هەردووکتان بڕۆن هاییداری هاوڕێیان بن و تێانبەگەینن کە مامە ریوی چ کەتن و کارەکی نابەجێی کردیە.. بێ گومان پێویستە سزایەکی باش بدرێ، جا خۆتان دەزانن ئەوە دوو رۆژە ئەمن نەنوستیمە.. هەر لێرە سەرخەوەک دەشکێنم و پاش دەمەکی دیکە ئەمنیش دەگەمە کنتان، بەس پێش ئەوەی بڕۆن (رووی لە من کرد) ئەمن لۆ ئەوە ئەتووم لەگەڵ خۆم هینا ئێرە تا بە چاوانی خۆت ببینی و هاییدار بی کە هەندەک کەسی نابەرپرسی وەک مامە ریویمان هەیە.. ئاخر ئەو ریویە لە کنە خۆی وەیە کادیرەکی خۆمانە کەچی بەو شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ خانەوادەکی شۆڕشگێڕی ئەوها دەکا.. جا پێویستە ئەو کێشە بە جوانیی بکەیە راپۆرتەک و لۆ جێیە پێویستەکانی رێکخستەکانی سەرێی بنێری.. (کە ئەو قسانەم بیست چاوانم چوونە پشتی سەرم.. لە تووڕەییان خەریکبوو هەموو جەستەم هەڵدەلەرزی.. ئەویش**

هەستیپێکرد کە بە هیچ شێوەک لەگەڵ قسەکانی نیم.. لێ دانم وەخۆمدا گرت و بە تۆبزیی لەخۆکردنەوە هەندەک خۆم هێورکردەوە. کە لێبوردبوومەوە؛ هەستمکرد ئەو کێشە فرە گەورەترە لەوەی کە ئەمن بتانم لەو دەمودەستە چارەسەری بکەم.. ئەو ئاوە لە سەرەتادا گەورەکان لە سەرێرا رژاندیتان.. ئێستا ئاساییە ئەو گرگنانەی خوارێ بەو شێوە پێێ لێبخشێنن.. لەبەرهەندێ دەمزانی تاقە سوار تۆزێ ناکا و باشترە شەڕی خۆترێنیش نەکەم! ویستم بە شێوازەکی نەرم بێژم کە 'ئەمن لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوت و قسانەتدا نیم و بەرپرسیارییش مەخە ئەستۆی من و تەنێ خۆت بەرپرسی لە کاری خۆت.. بە رای منیش دەکەی باشترە دەست لە مامە ریوی نەدەی و... تد' هاوکات لەگەڵ هەستانەوم هەر کە دەوم کردەوە و گۆتم):

- ئاخر هاوڕێ...(نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم یەک پێ هەستاوە و بە پێکەنینەوە دەستەکی لە ملم کرد و بە دەستەکەی دیکەی دەستی گرتم و هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەمنی بەرەو دەرێ دەبرد گۆتی):

- زۆرت پێچوو تا بە قسە هاتی هاوڕێ گیان! قسەی توو بەسەرچاوان.. ئەتوو رێزی زۆرت لە کنە من هەیە.. ئەمن دەزانم ئەتوو مەبەستت چیە و مافی خۆشتە وەک بەرپرسی رێکخراوەیی قسەی خۆت هەبی.. (هەر کە گەیشتینە دەرێ کاتەکم زانی دەمانچەکەی لەسەر سەرم دانا و بە دەنگەکی نزم گۆتی) یەک جوولە بکەی تەواوتدەکەم.. ئەمن بە دەیان کەسی وەکی تووم تراندیە هەی خۆڕی.. لۆ خۆت پیاوبی باشە.. ئەگەر مەبەستت مامە ریوییە ئەوە هیچ کێشە نییە و هەر ئێستا مامۆستا دەنێرم کە وازیلێبهینن و ئەتووش وەک ئەوەی ئەمن دەمەوێ راپۆرتەکە بنووسی و ئیدی بەردەک لەسەر ئەو بابەتە دابنێی و لە کن هیچ کەسەک باسینەکەی! ئەگەر مەبەستیشت ئەوەیە لە نێوگەڵی خانمێ ببیە هاوبەشم (دەمانچەکەی هەندەک لادا و بە سووکیی دەستی چەپەی خستە سەرشانم) ئەوە فەرموو با بچینەوە ژوورێ و بە گوڕی هەرچی پیاوی مەرد هەیە پێشی خۆم دەتنێرمە کنی! (هیچ گومانی تێدانەبوو ئەگەر لەو دەم گچکەترین لاملییم بکردبا بە یەک گوللە ساردیدەکردمەوە و پاشانیش بە ناوی دەستدرێژیکردن لۆ سەر خانمی تاقانە ناویشی دەزڕاندم! لەبەرهەندێ نەمدەزانی چ بڕیارەک بدەم! بێ هیچ نیازەک و بە ناچاریی وەپێشیکەتم و چووینەوە ژوورێ، ئیدی بە مامۆستایە سەر قوونەگایەکەی گۆت):

- مامۆستا.. وەبزانم لە نێو قەرەباڵغیی ئەو هەموو هاوڕێیە لەوێ زۆر قورسە هاوڕێ بتانی راپۆرتەکەی خۆی بە جوانیی بنووسی.. لەبەرئەوە پێم باشترە هەر لێرە بینووسی.. ئێرە باشتر و رۆناکترە.. دوایێش نووسینی راپۆرتی ئەوها هەندەک گرانە و دەبی هەندەک قسەی دەوی خانمێشی وەک بەڵگە تێدا تۆماربکرێن.. (هەر کە ئەوەی گۆت خانمی تاقانە یەکسەر بە بێدەنگیی بەرەو ژۆرەکی دیکە خشی کە کەتبووە لای پشتەوەی خانییەکە و دەرکەکەی لەدوو خۆی داخست) جا رەنگە ئەو راپۆرتنووسینە زۆری پێبچی.. (ئەمن لەو دەم نەمدەزانی دەستەواژەی 'راپۆرت نووسین' لە کن خانمی تاقانە و ژنانی لە بابەتی وی و ئەو هاوڕێیانەی خەریکی مێبازیی بوون واتای 'گانکردن' دەگەینی!) باشترە ئەتوو بە تەنێ برۆی لەوێ هاییەکت لە هاوڕێیان بی.. ئەمنیش هەروەک گۆتم سەرخەوەکی دەشکێنم.. پاش یەک دوو کاتژمێری دیکە وەرەوە.. تا هەنگێ هاوڕێش راپۆرتەکەی تەواودەکا و ئەوجا هەرسێکمان پێکەوە دەچین سەردانەکی 'وەستا کۆرە'ش دەکەین. (کە مامۆستایە سەر قوونەگایەکە رۆیشت شینە شاهۆ دانیشتینەوە و تفەنگەکەی لە نێو کۆشی خۆی دانا و دەمانچەکەشی هەر بە رووتیی وەدەستەوە بوو، ئەمن هەر وەمدەزانی کە بە راستیی دەیەوێ هەر ئێستا ئەو راپۆرتە بنووسم.. لە مەژیی خۆمدا گۆتم ئەگەر زۆرم لێبکا و بیەوێ بە پێی ئارەزووی خۆی راپۆرتەکەم پێ

بنووسی ئەوە لێی وەدەستدێم و یان ئەمن دەبم یان ئەو.. پاشان بیرمکردەوە باشە کوو دەبی ئەمن دەستم بچتە خوێنی هاوڕێیەکی خۆم با ئەو هاوڕێیە ستەمکار و بێ ڕەوشتیش بی! ئایە بە کوشتن ئەو کێشە چارەسەر دەبی؟ هەر خۆم بەرسقی خۆم داوە کە دەبی ئەو جۆرە کەسانە چاکبکرێن یان ڕێزەکانی شۆڕشیان لێ پاکبکرێنەوە، بڕیارمدا دەبی هەر کووەک هەیە ئێستا خۆم لەبەردەستی ڕزگاربکەم و پاشانیش لە دەرفەتەکدا سکاڵای خۆم لە کن نێوەندی ڕێکخراو بکەم، ویستم دیسان بە نەرمیی بیدوێنم و کارەکی وەها بکەم تا وازملێبهینی و بچمە کن هاوڕێیان.. هەر کە گۆتم):

- هاوڕێ تکایە وازملێبینە و با بچمە لای هاوڕێیان و... (نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم یەکسەر دەمانچەکەی بەرەو رووم راگرتەوە و هاواریکرد):

- چەکەکەت فڕێدە پێشم تا جامی سەرتم نەهینایتە خوارێ هەی خۆڕی.. (زانیم ئەگەر چەک دانەنێم لەدەستیدێ بمکوژی.. پاش ئەوەی چەکەکەم دانا گۆتی) هەستە.. هەستە و یەکراست و بێ خۆگنخاندن بڕۆ ئەو ژۆرەی خانمێ و لەوێ ڕاپۆرتەکەی خۆت بە جوانیی بنووسە! (ئەمن هێشتا هەر وەمدەزانی دەیەوێ ڕاپۆرتەکە بنووسم ئەگەر نا ئەوە بە تۆبزیی.. ئیدی بە ناچاریی ملی خۆم حیزکردەوە و بەرەو ژۆرەکەی خانمی تاقانە چووم.. کە دەرکەکەم کردەوە و چوومە ژۆرێ.. چ ببینم؟! هەرگیز و بە درێژایی ژیانی خۆم ژۆری ئەوها ڕۆمانسیی و دڵفرێنم نەدیتبوو.. جا وەرە و لە ژۆرەکی ئەوها و خانمەک بەو هەمووە جوانییەی خۆیەوە لە پشت مێزەکی پڕاوپڕ لە خواردن و خواردنەوە و بخوور و چرای ڕەنگاوڕەنگ دانیشتبی و لە نێو کراسەکی ناسک و تەنک و ڕەنگ هەناریی دابی و بە سینگ و بەرۆکەکی بەرز و تا سەر گۆی مەمانی رووت بی.. دەبی چت لێبەسەربێ و بە چ شێوەک بتانی خۆتی لەبەر ڕابگری؟!!!).

هێدی هێدی و بە بێدەنگیی چووم لە تەنیشتی دانشتم و نوقەم لە خۆ بڕی، نازانم.. هەر بێ ویستی خۆم هەگبە گچکەکەی دەستم کە یەک دوو پەرتووک و هەندەک پەڕ و پێنووسی تێدابوو بە ئاستەمەک جووڵاند.. لەپڕ دەستی چەپی هینا و هەگبەکەی لە دەستم ڕاپچکاند و بە دەستی ڕاستیشی پەنجەکی خستەسەری و بە ناز و لەخۆباییبوونەکەوە گۆتی:

- ڕاپۆرت لە نێو ئەوە نانووسرێ گیانەکەم! (هەگبەکەی فڕێدا سەر زەوی و بە هەمان پەنجەی ئاماژەی بە نێوگەڵی خۆی کرد) ئا لە نێو ئێرە دەنووسرێ گیانەکەم! (ئەمن یەک بە خۆم لە چرکەکاتی ئەوها ورژێنەر و ئارەزووبزوێن ناتانم گلەیی لە کەس بکەم کە ئیدی بەرگەی هیچ ناگری و بە هاسانیی خۆی ڕادەستدەکا.. لە ڕاستییدا ئەمنیش پاش شەڕەکی سەخت لەگەڵ خۆم سەرەنجام بڕیارمدا خۆمی ڕادەستبکەم.. خەریکبوو هەرچی هێز و وزە و خرۆشان هەیە لە جەستەم خڕدەبوونەوە و دادەڕژانە نێوگەڵم.. ئاخر دەمویست ڕاپۆرتەکی وەهای لۆ بنووسم کە هەرگیز لە ژیانمدا ڕاپۆرتی ئەوها جوان و گەشم نەنووسیبی.. کەچی لەپڕ زەنگی مەترسییەکی فرە مەزنم لە دووڕا ببیست و ڕاچلەکیم.. وەک ئەوەی بە هەمووە هێزی خۆت کولنگەک لە بەردەکی ڕەقوتەقی قەد شاخەک دەوەشێنی و دنگەکی گەورە و وەهێزی لێوەدێ سەری منیش دنگەکی ئەوهای لێ هەستا و وەلایداخستم.. هەستمکرد چەند چرکەک لەخۆچووم! هەر کە وەخۆهاتمەوە دیتم خانمی تاقانە پریدامێ.. ئیدی لەو پڕکێش و لە من خۆپچڕنەوە.. ئەمن مشک و ئەو پشیلە.. لەو قولینچک لۆ ئەو قولینچکی ژۆرەکە ڕاکەڕاکمان بوو.. لە سووچەکدا کە خەریکبوو ڕەتمدەبرد بەرزەفتی کردم و توند سینگمی گرت.. دیاربوو بە

تەواویی بێ هومێد ببوو لەوەی کە خۆمی رادەستبکەم.. یەک پاڵپێوەنام پشتاوپشت سەرانگرێ بووم تا رمبەم لە دەرکەی ژۆرەکە هەستاند و خۆم پێیگرتەوە.. دەرفەتەکی چاک بوو لۆ من تا خۆم دەربازبکەم.. هەر بە پەلە دەسکی دەرکەکەم گرت و کردمەوە و ملم نا.. کەچی ئەو جارە لوولەی تڤەنگی شینە شاهۆیێ کەتە سەر سەرم.. هاوکات لەگەڵ ئەوەی بە سەری لوولەی تڤەنگەکەی ئاراستەی پێگرتم کە بەرەو دەرکەی ژۆری دانیشتنەکە برۆم و وەدەرمبنێ گۆتی):

- وەدیارە ئەتوو هیچ پیاوەتییەکت لە جەستەدا نییە هەی گێلەی لە بابێ گێلەی.. تکایە ئەمن ئامادەنیم گوللەی خۆم لە ناپیاوەکی وەک توو خەرجبکەم.. دەی دەرێ هەی خۆڕی لە خۆڕیان... تفففففف.. بەس هاییداربە ها.. نەکەی بە هیچ شێوەک لە کن هیچ کەسەک باسمبکەی.. ئەگەر نا ئەو جارە لە گوو دەرخوارددان پتر هیچی دیکەت لەگەڵ ناکەم هاااا.. (دەرکەکەم کردەوە و سەری لوولەی تفەنگەکەی خێواندە پشتی ملم و بەرەو دەرێ پاڵپێوەنام و دەرکەکەی داخستەوە).

زۆر بەسەرخۆدا شکامەوە.. خەریکبوو لە خەفەتان شێتدەبووم، ویستم لێی بگەڕێمەوە و هەر بە قسەی خۆش خۆش خۆمی لێ نێزیک بکەمەوە تا لە دەرفەتەک پڕبیدەمێ چەکی بکەم و تۆڵەی خۆم و هاوڕێیان و هەموو شۆرش و میللەتی لێبکەمەوە.. پاشان هەر لەبەرخۆمەوە گۆتم 'کورە دە برۆ هەی لە گێلەپیاوەکەی هاوسەری خانمی تاقانە گێلووێلتر.. چاک نەبوو بێ راپۆرتنووسین و بێ خۆدۆڕاندن رزگاربووی و نەیانکوشتی!!!' ئیدی کەلکی ئەوەشم پێوەنەمابوو بە چەککرایی بچمەوە نێو هاوڕێیان و سبەینێش چاوانم بە چاوانی ئەو پیاوکوژە بکەونەوە کە هەموو شۆڕشی بە یەک گان نەدەگۆڕیەوە! ناچار هەر بەو شەوە و بە پەنادزە لە گوندی دەرچووم و بەرەو نێوەندی رێکخراو ملم نا.. سبەینەکەی بەرەبەری هێوارێ گەیشتم، پاش ئەوەی سەرهاتەکەم وشە بە وشە گێڕاوە.. گۆتم ئێستا لەوانەیە دەستخۆشییم لێبکەن.. کەچی گۆتیان:

- هەرچەندە هەستناکەین هاوڕێ شینە شاهۆ ئێکجار بەو شێوە بی.. لێ ئەگەر گریمان قسەکانت لە سەتا سەتیش هەمووی راست بن ئەوە هەر نابی لە کن هیچ کەسەک باسیانبکەی.. چونکێ ئەوە چ لە نێو خەڵک چ لە نێو هاوڕێیان ئابڕووی شۆڕشی پێدەچی و دوژمنان و ئەو پارتیە ناحەزانەش گەورەی دەکەن و هێندەی دیکەی بەسەردەنێن، جا پێویستە و دەبی هەڵە و کەموکوڕیی یان نهێنیی هاوڕێیانی خۆمان بپارێزین.. لێ غەم مەخۆ و دڵنیابە ئەویش بە بارتەقای هەڵەکانی خۆی سزادەدرێ.. (مشتومڕ و بینەوبەردەکی زۆرم لەگەڵیان کرد.. لێ سوودەکی ئەوتۆی نەبوو، هەر بەڵێنیان پێدەدام کە سزایدەدەن.. کەچی هەر هیچ دەرنەچوو! دوو سێ هەفتەک لەوێ مامەوە تا رۆژەکیان گاسیانکردم و گۆتیان):

- هاوڕێ ئەتوو کادیرەکی هۆشیاری لێ زۆر سەختە بتانی لەگەڵ هاوڕێیانی شەڕکەر خۆت بگونجێنی.. ئاخر لەو قۆناغەی شۆڕش زۆر پێویستمان بەوانیش هەیە.. خۆشت دەیزانی سروشتی عەسکەریی هەر وەهایە و پڕ لە هەڵە و کەموکوڕیی و توندوتیژییە.. لەبەرئەوە بڕیارماندا ئەتوو بچی لە گوندەکان خەریکی کاری رێکخستن بی باشترە.. واتە دەتنێرینە بەشی رێکخستن.. (دیسانیش بەڵێنیان پێدامەوە کە ئەو بەرپرسە و چەندینی دیکەش کە هەمان هەڵسوکەوتیان هەیە سزادەدرێن لێ دەبی چاوەڕێبین تا دەرفەتەکی باش دەرەخسێ)!

سەرەنجام لە هەردوو لای هاوکێشەکەی شۆڕش زۆر بێزار ببووم.. واتە نە نێوەندی ڕێکخراو و سەرکردایەتی جێی هومێدی من مابوون نە هێزە چەکدارەکانی نێو جەرگەی شەڕ و چالاکییەکان.. لێ هەر پێم باش بوو بەشی ڕێکخستنیش تاقیبکەمەوە چونکێ لە راستییدا هەر ئەوێ باشترین و لەبارترین جێ بوو کە بکارین بزاڤەکی ئەوتۆی تێدا چێبکەین شۆڕش بخاتەوە سەر ڕێچکە راستەکەی خۆی؛ جا یان ئەوەتە لە ڕێی چاکسازیی و پاکسازیی ڕێکخراوەییەوە سەرکردایەتیی شۆڕش ناچاربکەین سەرجەم هێزە چەکدارەکان لەسەر شێوازەکی تازە ڕێکبخاتەوە کە بە راستیی ببتە یەک لەشکری پابەست بە گەل و هیچ بەرپرسەکی عەسکەریی یان رامیاریی نەتانی بە ئارەزووی خۆی و بە پێی بەرژەوەندییە کەسیی و چەتەگەرییەکانی خۆی وەکارییبا.. یان ئەوەتە ئەو بزاڤە جێی سەرکردایەتی بگرتەوە هەر راستەوخۆ خۆی سەرپەرشتیی هەردوو لایەنی ڕێکخراوەیی و عەسکەریی بکا.. ئەگەر نا ئەوە وەک ڕێکخراوەکی تازەی 'چینایەتی و نەتەوەیی'ی هەژاران و رەنجدەران و سەرجەم چەوساوان خۆمان لەوان جودابکەینەوە، هەڵبەتە ئەو ململانێیە لە نێو سەرکردایەتیش وەدەرکەتبوو لێ دیارنەبوو سەرەنجامەکەی بە کێندەر دەگا.. لە نێو شاریش جموجۆڵەکی لەو بابەتە هەبوو و هەر خۆشم پێش دەرچوونم شانەکم لە پێنج کەس لەسەر هەمان تێڕوانین چێکردبوو تا بتانین بە پێی خۆمان چاکسازیی لە ڕێکخستن و سەرجەم شۆڕش بکەین. ئیدی هەروەک ئەوەی لە نێوەندی ڕێکخراو پێشنیاریان کردبوو رەزامەندییم دەربڕی و بە بەشی ڕێکخستنی نێوچەکەی خۆمان پەیوەست بووم.

پاش چەند مانگەک هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیان هەستم بەوە کرد بارودۆخی ئەوانیش لە ئی عەسکەرییەکە باشتر نییە بەڵکە لە هەندەک رووەوە زۆر خراپتریشە؛ هەموو تشتەک بوون بەس بەشی ڕێکخستن و ڕێکخراوبوون نەبوون! لەجیاتی ئەوەی بە پێی بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی پارتی و لە ڕێی کۆڕ و کۆبوونەوەی هەمەجۆر و سازدانی خولی تایبەت هێزەکانی شۆڕش و خەڵکی نێوچەکە ڕێکبخەن و هۆشیاریان بکەنەوە کار و پیشەیان هەر ئەوە بوو کە زانیاریی لەسەر رژێم و پێگە و جوولەی هێزەکانی دیکە و خەڵکی نێوچەکە خڕبکەنەوە و بیدەنە هێزە عەسکەرییەکان و سەرەوەی خۆشیانی لێ هاییداربکەنەوە.. لە پاڵ ئەوەش ئەو کەسانەی لە ڕێکخستنەکانی شار ئاشکرادەبوون و دەهاتنەدەرێ وەک شۆڕشگێڕی تازە بەسەر هێزە عەسکەرییەکانیان دابەشدەکردن.. هەروا لە ڕێی کەسە هەلپەرست و ماستاوچییەکانیشیانەوە هەردەم لە کۆششی ئەوەدا بوون ڕێکخستنەکانی نێو شار - کە لە کاری ڕێکخستن و ئاراستە چینایەتی و شۆڕشگێڕییەکان توندوتۆلتر و راشکاوانەتر بوون - بخەنە ژێر رکێفی خۆیان و بە ئاراستەی رەوتی لادەر و میلیگەرایی نێو سەرکردایەتیان ببەن و بە گیانی شەڕخوازیی و خولیای درێژەدان بە شەڕی کەونەپەرستانەی نێوخۆ و پاکتاوکردنی پارتیەکانی دیکە رایانبهێنن، هەستیان بە هەر کەسەک بکردبا کە رەخنە دەگری و لە ئازادیی دەربڕین و تێڕوانینی جودا دەدوێ یان بۆنی دژبەریی و دروستکردنی دەستە و کۆمەڵی جودای لێدێ ئەوە لە هەموو بەرپرسیارییەکیان دادەماڵی و دەیانخستە پەراوێزەوە.. دەبووایە هەر کەسەک ملکەچی تێڕوانین و ویستەکانی ئەوان بی ئەگەر نا ئەوە بە جۆرەک بێزاریان دەکرد تا بە ناچاریی خۆی رادەستی رژێم بکاتەوە یان لە نێوچە ئازادکرایەکان دابنیشی و لە کاری رامیاریی دابڕێ.. ئەگەر بەرانگژیشیان ببایەوە ئەوە کێشە لەدوو کێشەیان لۆ چێدەکرد تا پاکتاویان دەکرد!

ئەمن لۆ چ چووبووم و تووشی چ ببووم! ئەو بارودۆخانەی نێو بەشی رێکخستن هەر بە تەواویی وەڕس و بێزاریان کردبووم، بە هۆی ئەوەی کە ئەمن لەگەڵ ئەو کار و کردەوانەیان زۆر ناتەبا بووم و قسەی خۆم دەکرد و رەخنەمدەگرت و دەمویست کار لەسەر هەندەک لە کادیرەکان بکەم تا بتانین بەرانگژیان ببینەوە و بارودۆخەکە بەرەو باشتر بگۆڕین.. گومانەکی زۆریان خستبووە سەرم و دەیانویست لە هەر کار و چالاکییەک کارکەنارم بکەن.. لە هەڵسوکەوتی رۆژانەشیان لە نێو خەڵک زۆر خۆپەرست و بەرژەوەندخواز بوون؛ بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەبووایە پەیوەندییەکی باش و وەهێزیان لەگەڵ خەڵکە هەژار و رەنجدەرەکان هەبی و چارەسەری کێشە و گرفتەکانیان بکەن.. باشترین پەیوەندییان لەگەڵ ئاغا و پیاوانی دینیی و کوڕانی خێل و خانەوادە و بنەماڵە زەنگین و ناودارەکان هەبوو و بە پێی بەرژەوندییەکانی ئەوان دەجوڵانەوە و لە هەر کێشەکیش بە تایبەتیی لە کێشەی زەوییوزار دژایەتیی خەڵکە هەژار و چەوساوەکانیان دەکرد و دارکارییان دەکردن تەنانەت دەستیان لە کوشتنیشیان نەدەپاراست.. ئیدی لە دیوەخانەکانی ئەوان جێی خۆیان گەرمکردبوو و بێجگە لەوەی لایەنگرانیان بە خواردنی باش چاویان دەنووساندن ئەگەر کاری تایبەتیشیان پێیان هەبا ئەوە دابەستییشیان لۆ دەکوشتنەوە.. کوڕیش ئەو کوڕە بوو کە هێز و پێگە عەسکەرییەکەی خۆی وەکارببا و خەریکی مێبازیی بی جا بە خۆشیی یان بە تۆبزیی! ئارەزووبازیی سێکسیی هێندە بەربڵاو بوو لە نێو ئەوانە وەیلێهاتبوو هێزەکانی دیکەی شۆڕش هەروەک شۆخییکردنەک ناویان لە 'بەشی رێکخستن' نابوو 'بەشی تێکخستن'! بە کورتییەکەی تەواو لەوە تێگەیشتم کە هەرگیز ئەو باردۆخە ئی ئەوە نییە هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ئەنجامبدرێ چون بێجگە لەوەی ئەو شێوازە کار و هەڵسوکەوتە چەتەگەرییەی نێو شۆڕش زۆر باو بوو و باڵی بەسەر تەواوی بزووتنەوە چەکدارییەکەدا کێشابوو رەخنە و رەخنەلەخۆگرتنیش تەنێ دوو دەستەواژەی رووکەش بوون.. راپۆرت و سکاڵای خەڵکانی ناڕازییش نەدەگەیشنە جێی خۆیان و ئەگەر بشگەیشتبان هیچ وەدوواچوون و لێپێچینەوەکیان لەسەر نەدەکران و تەنێ ئاوردانی بنکە و بارەگەکانیان پێ خۆشدەکردن!

نەبوونی هیچ ئاسۆ و دەرفەتەکی گۆڕانکاریی و دروستنەبوونی هیچ جوولە و بزووتنەوەکی راشکاوانە هەرگیز لە کنە من هەرسنەدەکران و تەواو نیگەران و دڵتەنگیان کردبووم، تاقە هیوایەک مامبوو ئەوە بوو کە ئەو بیرۆکەی من و خەڵکانی وەک من لە نێو سەرکردایەتیی شۆڕشیش هەبوو و پێشبینیی ئەوەم دەکرد کە رەنگە لە پێشەرۆژەکی نێزیک بتەقتەوە و گۆڕانەک لەگەڵە خۆی بهینی! چاوڕاوان بووم.. لێ چاوەڕوانییەکی پڕ لە ئازار و بە سفتوسۆ. لەوان دەمان زۆربەی کاتەکانی خۆم لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر نێزیکم دەگوزاراند.. نێزیک لە تێڕوانین و بیروباوەڕ تەنانەت هیچ نهێنییەکیش لە نێوانماندا نەمابوو و ئەویش بە هەمان شێوە چاوەڕێی هەمان تەقینەوە بوو.. لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم بە نیازی سانەوە و پشییدانەکی کورت لەسەر ئەوە رێکەتین لەدوو ماڵێمان بنێرین و بێنە سەردانمان.

- ١٠ -

ئەوان لە نێو شارەوە دەهاتن.. لە پێناو ئەوەی رێییەکەیان کورت بکەینەوە و هاتن و چوونەوەکەیان هاسانتر و بێ مەترسیی بەڕێوەبچی گوندەکی نێزیک شارمان دەستنیشانکرد تا لەوێ بە دیداریان شادمان ببین، پاش ئەوەی لە رێی نامەی 'چوکلێتیی'ەوە لەگەڵ ماڵێمان لەسەر هوردەکارییەکان رێکەتین و کاتی دیدەنییەکەمان

نێزیک بۆوە بە دڵ و دەروونەکی زۆر ئاسوودە وەرکەتین، گوندەکی فرە دڵگیر و جوان بوو؛ جۆگە ئاوەک لە باکووریەوە شۆڕدبۆوە سەری و لە لای ڕۆژهەڵاتیەوە بەسەری دادەگەڕا و لە دامەنیدا دەردەچوو.. ئەو نێوەی یەک پارچە کردبووە دارستان و کەسک دەچۆوە.. هەستتدەکرد ژیان لەوێ زۆر زندیی و پڕ لە گوڕ و جوولەیە و خەڵک بە گشتیی بە هومێد و ئاسۆیەک دەژین کە لێواولێوە لە جوانییەکان. تا بەرەبەری زەردەی ڕۆژاوایێ لە لای سەرێی گوندەکە و لەسەر ئاوەکە خۆمان خەریککرد تا بە تاریکیی وەڕێبکەوین و بگەینە نێو گوند چون ئەگەر بە ڕۆناکیی چووباین یەک بنکەی گەورەی سوپای ڕژێم لەوان دەران بوو و دەیاندیتین. دوو کەسی گوندەکە 'مامۆستای زانا' و 'باش باغەوان' لە کات و نەخشەی چوونەکەمان هاییدار بوون و هەر بە سای ئەوانیش دیدەنییەکەمان ڕێکخرابوو.. هێشتا نەگەیشتبووینە نێو گوند باش باغەوان بە پیلمانەوە هات تا لە سەیەکان پاسمان بکا و بە بێدەنگیی بچینە نێوی.

ناسناوی 'باش باغەوان' وەک دەیانگێڕاوە بە هۆی ئەوە بەسەری دابڕابوو کە پێش دەرچوونی لە شار لە گەڕەکەک ژیایە کێشەی کەمیی ئاوی هەبووە کەچی ئەو دوو باغی گەورە و زۆر ڕازاوەی لە پشت و پێشی خانییەکەیان چێکردبوو.. هەرچەندە ئەو مافی کەسی نەدەخوارد و هەر هێندەی دراوسێیەکانی ئاوی وەکاردەبرد لێ چونکێ دەیزانی کوو دەست بە ئاوەوە بگری و وەفیرۆینەدا دەیتانی هەردوو باغەکەشی ئاودێر بکا.. کەچی هەر لێی کەتبوونە گلەیی و گازندان و بە تیروتانجەوە ئەو ناوەیان وەدووخستبوو! باش باغەوان شۆڕشگێڕانی هێندە خۆشدەویست تا ڕادەی ئەوەی کە ئەگەر گیانیشی لە پێناویان دانابا هەر پێی کەم بوو.. جا ئەمنی لە هەمووان پتر خۆشدەویست چونکێ بێجگە لە شۆڕشگێڕییەکەم لە سەردەمی نەوجەوانییمان سێ ساڵ هاوپۆڵ بووین و زۆر هاوڕێی یەک بووین، لە شێوەدا قوتیلەکی خڕ و قشت و ژیکەلە بوو.. فرە ئێسکسووک و خوێنشیرین بوو و دڵسۆزیی و خاکییەکەشی هەر لەو لای دابنێ.. لێ بە داخەوە هێشتا بڕوای بە دین مابوو و زۆر کات پەیڕەوی سرووتەکانیشی دەکردن. پێشترێ یەک جار هاوسەرەکەیم دیتبوو و نەمدەزانی ناوی چیە لێ باش باغەوان هەر بە 'نازدارحەیران' ناویدەبرد و ئەویش هەر بە 'باغەوان گیان' گاسی دەکرد.. ژنەک بوو یەک پارچە لە جوانیی و نەرمونیانیی.. خوێندەوارییەکی کەمی هەبوو لێ باش خووی خۆی دابووە خوێندنەوەی پەرتووکان و هەر بە خۆرسک و سروشتی خۆشی فڕی بەسەر دینەوە نەبوو.. ئەوهام هەستدەکرد هەڵسوکەوتی باش باغەوانێ لەگەڵی وەیلێکردبوو گۆڕانکارییەکی زۆر جوانی بەسەردا بێ. پاش نانخواردن دیتم هاوڕێیەکەم زۆر شادمان بوو بەوەی کە لە تەک دوو کەسی ئەوها بەڕێز و هێژا روونیشتیە.. ئیدی هەر ناوەناوە دەیهیانەوە سەر بابەتی دینیی و بە شێوازەکی جوان و لێزانانەش باسەکانی لە یەک دەبەستنەوە و وردە وردە ڕووی ناشیرینی دینەکانی دەخستنەڕوو.. باش باغەوانیش کە دەیدیت هێرش دەکرێتە سەر دین سەرەتا هەندەک تەنگاو دەبوو و بەرگریی دەکرد.. لێ پاشان کە دەیزانی لەو جۆرە قسانە دەرەقەتی هاوڕێیەکەم نایێ یەکسەر بابەتەکەی دەگۆڕی و دەیکردە شۆخیی:

- کورە خۆ ئەتووش هەر وەک هاوڕێ 'ئامۆزا' زۆر سەرلێشوا و گومڕای.. ئەرێ ئەرێ.. دەزانم ئەنگۆ هەمووتان یەک بابەتن.. جا خۆ ئەمن لەمێژە دەستم لەنگۆ شوشتیە و هیچ پێویست ناکا ئەو قسەوقسەلۆکانەمان لۆ بکەن.. (پاشان هەر لەبەرخۆیەوە دەستی بە ورتەورتان کرد) بەس کورە وەرە وەرە ئەتوو بزانە.. نازانم ئەو ژنەی من کوو ئەوها وەدوو ئەو بێ دینییەی ئەوان کەتیە! هەر دەرێی بە یەک مەمک فرچکیان گرتیە و خوشک

**و برای یەکدینە.. لە راستییدا ئەمن ژنەکی ئەوهام نەدەویست.. بەس چ دەکەی تووشیان کردم 'سوپاس لۆ پەروەردەگاری مەزنمان'.. (هاوسەرەکەی لێی قیتبۆوە و گۆتی):**

**- پیففففف.. کورە باغەوان گیان.. هەی خودایەکەت بتگری و پەیامبەرەکەت لە تۆقی سەرکت بدا.. ئەدی وەبیرتنایێ لەو کاتانەی کە لە ژوان یەکدیمان دەدیت جارەکیان پێمگۆتی ئەمن هەرگیز دینداریم نەکردیە و ناشیکەم.. جارەکیدیش پێمگۆتی نە دەمەوێ فێرە دینداریی ببم و نەدەشمەوێ رۆژەک لە رۆژان بیزانم.. ئەتووش هەروەک ئەوەی روونت لە لەشی بدەن گیانەکەم گۆتت 'ئەوە هیچ کێشە نییە' و پتر و پتر لە نێو باوەشی خۆت بزرتکردم.. دواییش بە داخەوە چ زوو لە باوەشانت دابڕاندم! ئاخر لەبەرچی ئەوها گرفتارت کردم؟!... (هەرچەندە لە دوو رستەکەی دواییی قسەکەی نەگەیشم لێ سەبارەت بە قسەکانی دیکەی ئەمن پێمخۆشنەبوو چون باش نەبوو هەموومان پێکەوە هێرش بکەینە سەر باش باغەوانێ و لەسەری بکەینە تەپوتۆز.. لەبەرهەندێ خۆم تێهەڵقورتاند و هاتمەگۆ):**

**- جا ئەو تشتۆکانە لەوان دەمان هەر دەبن.. ئێ خۆ خەڵکی دینداریش دڵیان هەیە و لە ئەڤین و ئەڤینداریی بێبەریی نین، هەموومان بیستیتمان کە زۆر پیاوی دینیی هەبووینە لە پێناو ژنان لە دین وەرگەڕاینە! ئێ ئاساییە باش باغەوانیش لەو دەم لە پێناو کەسەکی وەک توو پەژێوان بووبیتەوە و وەرگەڕابی!؟ (باش باغەوان هەڵیدایێ):**

**- کورە هاوڕێ.. ئەوە هەر لۆ خۆی ئەوها حەزی لەو قسانەیە.. ئەگەر ئێستا هەموو راز و نهێنییە تایبەتییەکانیشمان بە گوڕێ وەربکا گێی لێنییە.. بەس دەیەوێ وەهای پێشانبدا کە ئەمن و ئەو پێش مارەکردنیش هەر ئەوها وەک ئێستا یەکدیمان خۆشویستیە و ئەوەی ناشێ بیکەین کردیتمان.. ئاخر دە بڕەکی لێبگرەوە هەی نازدارحەیرانە جوانەکەی خۆم.. ئێ خۆ نابی ئەوها لە پێش چاوانی ئەو بێ دینە گومڕایانە هەموو تشتەک هەر بە گۆڕێ وەربکەی! ئەهـ کە عەنتیکەیە.. هەر دەرێی لە نێو کۆمۆنیستان دانیشتینە!**

**- ئەوجا دانیشتن لە نێو کۆمۆنیستان چ کێشەکی تێداهەیە گیانەکەم؟ توو جوانیی خۆت.. ئی کۆمۆنیستان باشتر نییە لەوەی مە؟ لە نێو وان کە کیژ و کوڕەک حەزیان لۆ یەکدی دەجوولێ هەر زۆر بە هاسانیی و بێ هیچ گیروگرفتەک دەگەنە یەکدی! ئاخر ئەتوو هێندەی نەمابوو لەسەر من دوو سێ بەرەبابان لە یەک بکەیە دوژمن و لەنێویانببەی.. باش بوو هاوڕێیە کۆمۆنیستەکان هاتنە نێوان و ئاوەکیان بە ئاورەکە داکرد و ئەمن و ئەتویان ..... ....... ..... دە بێژە چ لێکرد؟ (هەڵوەستەیەکی کرد) ئەمن و ئەتوویان.. چ لێکرد؟ دە بێژە دەی.. چ لێکرد؟**

**- کچێ ئەمن و ئەتوویان کردە ئاور و بەنزین.. (رووی کردە من) توو سەری خۆت وەنییە هاوڕێ؟ (ئەمە نوقەمان لە خۆمان بڕیبوو و حەزماندەکرد ئەوان بکەونە بەرانبەر یەک).**

**- ئاخر، نا نا.. دە راستییەکە بێژە.. ئەدی ئەتوو نەتدەگۆت دین لە راستیی پتر بترازێ هیچی دیکە نابێژی و دیندارەکان هەردەم راستگۆن و قسان هەڵناگێڕنەوە!**

**- باشە بابە باشە.. ئەمن و ئەتویان خستە باوەشی یەکدی.. ئێستا کرمەکەت داکەت؟!**

**- ئەدی کوو.. ئەوهام دەوێ.**

**- دە بە سەری ئەو دوو هاوڕێیە نازدارە ئەمەیان کردە ئاور و بەنزین.**

**- نا.. خستە باوەشی یەک.**

**- نا.. کردە ئاور و بەنزین.**

**- نا خستە باوەشی یەک.**

**- نا کردە ئاور و بەنزین.. (هاوڕێیەکەم کە دیتی ئەوە درێژە دەکێشی و لەبەریەک داناهێنن چاوەکی لە من چوقاند و هاتەگۆ):**

**- باشە باش.. ئەنگۆ هەردووکتان هەر ڕاست دەکەن.. ئێ خۆ ئاور و بەنزینیش بێ باوەشی یەک ناتانن سوتانەکی جوان دروستبکەن وەک ئەوەی کە ئەنگۆ لۆ یەکدی دەسوتێن.. ئاور و بەنزینیش کە یەکیان گرت بە هیچ لە یەک نابنەوە، ئێ ئەنگۆش؛ لە ڕاستییدا 'کورتێ و کەژێ لێکدەهەژێ' (هەردووکیان هەندەک مت بوون.. نەمزانی داخۆ باش باغەوان لە دوا ڕستەی قسەکەی هاوڕێیەکەم باش تێنگەیشتبوو یان هەر دەیویست بابەتەکە بگۆڕی و دڵی نازدارحەیرانەکەی خۆی خۆشبکا کە بەو شێوە دوا):**

**- تەمەشا نازدارحەیران گیان.. تەمەشا کوو دەرفەتت دا ئەو بێ باوەڕە گومڕایانە ئەوها پێمان ڕابوێرن، ئاخر ئەمن ڕەنگە هەر دوو پەنجە لەوان کورتتر بم.. بڕوا بکە دوو پەنجەش نابی.. بزانە کوو ئەوها خۆیان بە باڵابەرزتر و قۆزتر دەزانن لە من! کورە بە گۆڕی داکم ئەنگۆش وەکی من ژنەکی ئەوها ناسک و نازدارتان هەبی نەک دوو پەنجە پێنج پەنجەش لە من کورتتر دەبنەوە دەی.. (نازدارحەیرانیش ئۆینبازانە هەڵیدایێ):**

**- نا نا.. باغەوان گیان.. هەر گێشی مەدێ.. زێڕ چەندی گچکەتر بی هێندە جوانتر دەنوێنی! (تەپەتەپەک لە دیوارەکەی پشتمانەوە هات و باش باغەوان بە پەلە گۆتی: "ئەوە مامۆستای زانایە.. مامۆستای زانایە" لەگەڵ خۆ گورجکردنەوەی وەدەرکەت.. دەمەکی باشی پێچوو.. کاتەکمان زانی لەودیوی دەرکەی ژۆرێ فەرموو فەرمووەکی کرد و لەگەڵ مامۆستای زانایێ وەژۆرکەتن.. پاش چاکوخۆشییکردن لەگەڵی چەندی فەرموو فەرموومان لێیکرد لێ هەر دانەنیشت و هەر بە پێوە گۆتی):**

**- لە ڕاستییدا شەو درەنگە و کاتی دانیشتن نییە.. هەر هاتم چاوەکم پێتان بکەوی و پێمخۆشبوو بە دیدارتان شادمان ببم، لۆ سبەینێ با باش باغەوان پێش تاریک و ڕۆنێ بتانهێنتە ماڵی مە.. غەمی هیچتان نەبی.. سبەینێ کاتی نیوڕانەکەی بە دیداری کەسوکارتان شاد دەبن.. ئەمن و باش باغەوان ئەو کات بەجێتاندەهێڵین چونکێ ئەو پاش نیوڕانەکەی دەچی 'دکتۆری سۆر' دەبینی و پێش هێواری دێتەوە.. ئەمنیش بە هەندەک کاروباری خەڵکی گوندی سەرقاڵدەبم.. جا هەر پێویستییەک ئامادەیە و غەمی هیچتان نەبی، دە باشە.. ئەنگۆش ماندیین و پێویستە پشیی خۆتان بدەن.. سبەینێ چاوەڕێتانم.. ئەو ماڵە هەر ئاوادان بی.. (کە مامۆستای زانا ڕۆیشت باش باغەوان زۆر بە ڕکەوە گۆتی):**

**- دەک ماڵت بە قوڕ نەگیرێ مامۆستای زانا! ئاخر لەبەرچی ئەوها گرفتارت کردم! دە ئەتوو وەرە بزانە.. ئەمن لەسەر وی و پارتیەکەی وی هەموو کەسوکار و دۆست و برادەرەکانم لەخۆکردن.. کەچی لە پاش ئەو هەموو ڕەتاندنەم دوو پیاوی خۆیان ناردیە تا ئەمن بە قۆڵبەستکرایی بگەیننە سەرێ.. ئەوە چیە؟ گوایە ئەمن هێشتا لە بنەوە ئیش لەگەڵ پارتیەکی دیکە دەکەم.. دەک داوەشێن دەی!**

- ئەیەڕۆ باغەوان گیان ئەوە چ دەبێژی.. ئەدی سەرەنجام.. ئەدی مامۆستای زانا چی پێگۆتن.. ناکا ئەویش خۆی بێدەنگ کردبی یان وێدەچی هەر لە بنەوە دەستی خۆی تێداهەبی! دە بێژە بزانم ئەو هەڵوێستی چ بوو بەرانبەریان؟ دەترسێم هەر لەبەرهەندێ بی بتنێرتە کن دکتۆری سۆر و لەوێش بتگرن...

- کچێ نا نا ئەتووش.. بە پێی قسەی خۆی ئەوانی قەرداریش کردیتەوە؛ گوایە پێیگۆتینە 'باش باغەوان جێی بڕوا و هەڵبژاردەی خۆمە و پیاویش نییە بتانی دەست لەوی بدا مەگەر بەسەر لاشەی مندا تێپەڕن.. ئەگەر جارەکی دیکەش هەر کەسەک شاشیی ئەوها بکا دەبی ئەو قۆڵبەست بکرێ نەک باش باغەوان' جا نازانم.. (ئەمنیش خۆم فجوڕی نێو بابەتەکە کرد و گۆتم):

- ئەرێ وەیە.. ئەمن دڵنیام ئەو قسانەی کردیە.. خۆ ئەمن و ئەو هاوڕێیەم کە قسە لەسەر مامۆستای زانایێ دەکەین و دەبێژین ئەو خراپ دەکا کە دین تێکەڵ کاری رامیاریی دەکا و دەیەوێ لە رێی دینەوە خەڵک لۆ خۆی رابکێشی.. ئەوە واتای ئەوە نییە کەسەکی خراپ و بێ هەڵویستە لە بەرانبەر توو یان بەرگرییت لێناکا و دڵسۆزت نییە... (نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم):

- نا نا.. ئەو کەسەکی دڵسۆز و دیندارە.. خۆ وەکی وە نییە بڕوای بە هیچ تشتەک نەبی هەی بێ باوەڕینە، بەس ئەمن گلەییم لەوە هەیە کە چەند ساڵ پێش ئێستا پێمگۆت با ئەمن لۆ خۆم بگەڕێمەوە شاری و لەبەردەستی ئەو ستەمکارە بێ دینانەی وەک وە رزگاربیم کە ئێستا دەیانەوێ هەر لەختوخۆڕا قۆڵبەستم بکەن و گۆبەندەکم لۆ هەڵبەستن.. هیچ کێشە نەبوو.. ئێستا سەتان کەسی وەک من هەن لە سەربازیی رەڤینە و لە شاری خۆیان حەشاردایە.. کەچی ئەو نەیهێشت و لە هەموو کەسوکارەکەمی دوورخستمەوە و ئەوها گیرۆدە و گرفتاری کردم.. (نازدارحەیران گۆتی):

- کەواتە ئەتوو بێ بێ غەم بە باغەوان گیان.. ئەو کە ئێستا ئەوها بەرگریی لێکردی.. ئەوە هیچ کێشە نییە و هەر گێشی مەدێ.. بەس ئەمن نەمزانی لۆ دەتنێرتە کن دکتۆری سۆر؟ خۆ ئەویش دکتۆرە.. رەنگە لۆ بابەتی نەخۆشییەکەی شەوانت بی؟ (نە ئەمن و نە هاوڕێیەکەم لەو پرسیارەی نەگەیشتین).

- وائهووووووو وەئهو.. ئەویش هەر لەسەر فاکوفیکی خۆیتی (هەندەک بە تووڕیی) نەخۆشیی چ؟ ئەمن کەنگێ نەخۆش کەتیمە.. بە گۆڕی داکم نەخۆشیی بە لای مندا بێ پارچەپارچەی دەکەم.. ئەدی کوو! (ئەوجا هەندەک بە نەرمیی) ئاخر دەبی ئەتوو تێبگەی دڵەکەم.. ئەو کە بەرگرییم لێدەکا ئەرکیشم بەسەردا دەسەپێنی.. نازانم گۆتی هەندەک راسپاردەم هەیە دەبی بیگەینیە دکتۆری سۆر.. نا غەمت نەبی هەر لۆ هێوارێ دێمەوە.. ئەمن کوو دەتانم لە توو دووربم هەی گیانی رەوانم..

- ئێ دە باشە.. با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان؛ ئەمن گۆتم ئەتوو زێڕی زێڕ هەی باغەوانی دڵ و گیان.. زێڕیش چەندی گچکەتر بی هێندە جوانتر و درەخشانتر دەنوێنی..

ئیدی ئەمن هەستمکرد کە شەو درەنگی کردیە.. ئەگەر لێیانگەڕێین تا رۆژیش دادێ ئەو بەزمە خۆشانەی ئەوان هەر تەواونابن و با کاتی نوستنێشیان لێنەگرین.. لەبەرهەندێ یەکسەر بابەتەکەم گۆڕی و گۆتم:

- ببوورن.. بێ گومان دانیشتن لەگەڵ وە زۆر خۆشە لێ وەک دەبیینن شەو تەواو درەنگی کردیە.. تا سبەینێش دانیشین ئەو بابەتە خۆشانەی وە هەر کۆتاییان نایێ.. جا زۆر باشترە ئەنگۆ بچن بنوون و با شەوەکەشتان

لێتێکنەدەین.. ئەوە ئەمن (لەگەڵ هەستانەوەم خەریکی خۆپێچانەوە بووم) دەچم ئێشکی خۆم دەگرم پاشانیش با... (باش باغەوان نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم و گۆتی):

- ئەوە ئەتوو چ دەبێژی.. بە سەری ئەو نازدارحەیرانەی خۆم ئەمن ئەوشۆ هەر نانووم.. ئەوشۆ خۆم میرئاوم.. دەبی بچم ئاو لۆ هەموو ئەو باخچە و ماخچانەی بەر گوندی بەربدەمەوە، دوایێش ئەو گوندەی مە ئێشکگر و مێشکگری پێناوێ هاوڕێ.. کەسی خراپمان تێدانییە.. هەر ئەوەندە بەسە کە بگەیە گوندی و ئەو عەسکەرە بەدبەختانەی ئەوبەری پێی نەزانن.. تێبینیشم کرد ئەوان هاییان لێنەبوو کە ئەنگۆ هاتن.. حەزدەکەن بێ غەم یەک هەفتە بمینێنەوە.. جا ئەگەر مەترسیی هەبی کوو ئەمە دڵمان بەرایی دەدا لە گوندیتان بهێلینەوە.. ئەنگۆ گیان و دڵی مەن.. جا لۆ خۆتان بێ غەم بنوون تا سبەینێ..

- جا ئەتوو بڕۆی.. ئەمە کوو لێرە بمینێینەوە... (دیسان قسەکەمی پێ بڕیم و گۆتی):

- کورە هاوڕێ ئەوە ئەتوو کوو قسەی ئەوها دەکەی! (توند دەستمی گرت و داینیشاندمەوە) هەر بەسە بەس.. چیدی با گێم لەو قسانە نەبی.. (هاوڕێیەکەم هەڵیدایێ و گۆتی):

- ئاخر... (باش باغەوان یەکسەر بە دەستەک دەستی گرت و دەستەکەی دیکەشی خستە سەر دەوی و گۆتی):

- ئەتوو هەر قسان مەکە.. ئەتوو لەوەتی هیوارێوە هەر قسەی گەورە گەورەمان لۆ دەکەی و باسی مافی ژنان و منانمان لۆ دەکەی کەچی شەرم دەکەن ئەگەر ئەمن لێرە نەبم لێرە بمینێنەوە.. یان گوایە پێتان وەیە ڕێز لە دابونەریتی کەونەپەرستانەی مە دەگرن! هەی هەی.. (ئەو جارە هاوسەرەکەی هاتەگۆ):

- باغەوان گیان.. لێبانگەڕێ ئەمن لە گوندەکەی خۆمان زۆر شۆڕشگێڕی ئەوهام دەدیتن کە لە قسان هیچیان تێدا نەدەهێشتەوە.. وێدەچی ئەوانەش هەر وەها بن.. دەنا کوو ئەوها شەرم لە ژنان دەکەن یان ڕاستتر بێژم بەو جۆرە تەمەشای ژن دەکەن! ئەمن وەها مەزەندە دەکەم کە کەونەپەرستییە دینییەکەی توو زۆر باشتر بی لەو قسە جوان و ڕەنگاوڕەنگانەی ئەوان.. وەنییە توو سەری خۆت؟ (بە پێکەنین و ئۆینبازییەکەوە) نا نا مەڕۆ باغەوان گیان.. پێکەوە ئێشکیان لێدەگرین.. هەر ئێشکیان لێدەگرین تا لۆ خۆیان خەویان لێدەکەوی ئەوجا پاشان ئەمەش بە دزیی ئەوان شۆڕیدەکەینەوە لۆ نێو باغان و هەر خەریکی ئاودان دەبین لۆ خۆمان! هاهاهاها... (ئیدی تەپوتۆزەکە هەمووی کەتە سەر من و هاوڕێیەکەم و یەک قسەمان لۆ نەکرا).

- نا نا نازدارەکەی خۆم.. ئەوەش مەکە بەزمی خۆت.. ئەوها بڕوا شەوەکە تەواودەبی.. ئەوجا سبەینێش باخچەکان هەمووی لە تێنان هیشک دەبن.. (یەکسەر هەستایە سەر پێ.. ئەمەش لەدوو وی هەستاینەوە و گۆتم):

- ئەتوو بڕۆی ئەمەش وەدووتدا دێین.. هەر سێکمان لۆ خۆمان لە نێو باخچەکان دەنووین و بە نۆرەش هەم ئێشک دەگرین هەم باخچەکانیش ئاودەدەین.

- نا هاوڕێ نا.. ئەنگۆ نازانن باخچان ئاوبدەن و هیچ ئێشکگرتنیشی پێناوێ.. پێمگۆتن ئەوشۆ ئەمن میرئاوم.. کەواتە تا سبەینێ هەر بێدارم.. جا چیدیکە کلکان بامەدەن و ئەمن وا دەڕۆم.. پیاویشم دەوێ وەدووومدا بێ.. دەی شەوتان شاد.. (ئیدی هیچمان لۆ نەماوە و دەرفەتی ئەوەشی نەهێشتەوە تا سەری ڕەزامەندیی لۆ بلەقێنین و شەوباشەکی لێبکەین، نازداحەیران بە پەلە گۆتی):

- راوەستە راوەستە باغەوان گیان.. خۆ ئەوە ئەمن ناگریتەوە.. واتە ئەمن لۆ خۆم دەتانم لەدووت بێم.. ئەتوو بەس ناوی پیاوت هینا.. گۆتت 'پیاویشم دەوێ وەدوومدا بێ' کەواتە هەر دەمەکیدی ئەمنیش شۆڕیدەکەمەوە و دێم.. باشە گیان.. (باش باغەوان هەڵوەستەکی کرد و پەنجەکی بەرزکردەوە لێ هیچ قسەکی لۆ نەهات بیکا.. پاشان بە نەرمیی گۆتی):

- توو سەری خۆت ئەوها لەگەڵە من مەکە گوڵەکەم.. ئەوە راستە و دەزانم کە تا سبەینێ بە تەنێ دەبی و دڵت توند دەبی.. بەس هەر ئەوشۆیە و پێش تارک و رۆنێ لێرەم.. سبەینێ کە ئەوان مێوانی ماڵی مامۆستای زانایێ دەبن تەنێ خۆم و خۆت لە ماڵێ دەمینێینەوە ئەوجا لۆ خۆمان هەر جلیت جلیتانێ دەکەین! بەس زۆر سەرقاڵم نەکەی خۆم لەبیربچێتەوە هاا!.. ئاخر دەبی پاش نیوڕانێ بچە ئەو گوندەی.. (لەپڕ ڤیتبۆوە و وەدەرکەت.. لە پشت دەرییەکەش هەر پرتەپرتی دەهات لێ هیچی لێتێنەگەیشتین، ئیدی هاوسەرەکەی هەر دەمودەست دوو جێی جوانی لۆمان رایەخست و قاپەکانی مێوەی خڕکردنەوە و هەمووی خستنە سەر سێنییەکە و لەگەڵ بردنییان گۆتی هەنووکە دێمەوە.. ئەمنیش گۆتم):

- نا نا براژن.. ئەمە هیچمان پێویست نییە.. ئەتوو لۆ خۆت بڕۆ بنوو ئەوشۆ ئەتوومان زۆر ماندییکرد.. (کەچی ئەو هێندە گێی بە قسەکەم نەدا و هاوکاتی ئەوەی دیسان گۆتی هەنووکە دێمەوە وەدەرکەت و ئەمەی لە چاوەڕوانیی بەجێهێشت.. پاش دە خولەکەک وەدەرکەتەوە.. لێ چ ببینین!!؛ جلکەکی دەبەرکردبوو هەر دەتگۆت لۆ شەوی بووک و زاوایی خۆی رازاندیتەوە.. نازانین کێڕا ئەوها ئەو هەموو ماکیاژەی کردبوو و ئەوها جوان لەخۆیخەڤتبوو!؛ مەکسییەکی رەنگ شیریی و تەنک تەنک و بە پرپرەی لەبەربوو.. هێندە تەنک بوو مایۆیەکەی لە بنەوە تەنانەت رەنگەکەشی کە پەمبەکی تۆخ بوو زۆر بە رۆنیی دیاربوو! سینگ و بەرۆکی بە جۆرەک رووت بوو کە مەکسییەکەی هەر تا سەر گۆی مەمانی داپۆشتبوو.. یەک نەرمە با لە سینگی بدابا ئەتوو بێژە تا خوار گۆی مەمانی وەدەردەکەتن ئەمن دەبێژم تا بن مەمانی و پتریش.. مەمک چ مەمک سپی سپی وەک کافوور.. قوت قوت وەک دوندی چیا.. پڕ پڕ هەر دەتگۆت خەریکە دەیانەوێ بتەقن! سێنییەکی پڕ لە مێوەی لەسەر دەست و باسکە ناسک و پڕ لە بازنەکەی دانابوو.. هەر کە گەیشتە پێشمان بە جۆرەک خۆی داهیناوە لۆ دانانی سێنییەکە هەموو بەروباغەڵێمان بە تەواویی دیت.. هەرگیز گۆی مەمکی هێندە گەورەم نەدیتبوو؛ رەنگەکی سۆرباوی گەش گەشی هەبوو و لە نێوەندی بازنەکی دوو هێندەی خۆی بە هەمان رەنگ و هەندەک تاریکتر لەسەر نێوەندی مەمکی و هەندەک بە لای سەرێوە هەڵتۆقیبوو.. جۆتە مەمکەکی نائاسایی بوون واتە پەیکەرە گشتییەکەی تەرز و شێوە ئەندازەییەکی فرە ڤنج و ڤشتیان هەبوو و بە جۆرەکی زۆر جوان و جوایەز لە ئی هەر ژنەکی دیکە لەسەر سینگی بەرجەستە ببوون.. بە کورتییەکەی هێندە جوان و بالکێش بوون لە کنە من ئەگەر بڕوام بە دین و هەبوونی خودا هەبا ئەوە دەمگۆت 'هەبی و نەبی ئەوە خودا لۆ خۆی چێکردینە'! پاش دانانی سێنییەکە ڤیچەک کشاوە دوایێ و چۆکی داداوە و روونشت.. لەگەڵ روونشتنی دامەنی مەکسییەکەی کە زۆر فراوان و بە ڤلیش بوو بە جۆرەک هەڵدا و خستیەوە نێو کۆشی پێوپل و بەلەکە سپی و خڕپنەکانی تا سەر رانانی وەدرکەتن.. ئیدی ئەمەش بە هۆی کاردانەوەی ئەو گرتە و دیمەنانەی دیتنمان لە شەرمان فزەمان لێبڕابوو! ئیدی خۆی خەریکی ئامادەکردنی مێوەکان کرد؛ یەک لەدوو یەک پەلکی لێدەکردنەوە و کووزی دەکردن و دایدەنانەوە.. دیاربوو هەر بە ئەنقەست هەندەک دوور لە سێنییە دانیشتبوو.. لەگەڵ هەڵگرتن یان دانانەوەی هەر مێوەکیان هەندەک خۆی دادەهیناوە و بە هەمان شێوە مەمک و بەرباغەڵێمان بە تەواویی

**دەدیتنەوە... هاییم لەوە نەمابوو هاوڕێیەکەم لە چ بارودۆخەک دایە و چی لێ بەسەرهاتیە.. ئەمن هەر ئەوەم پێدەکرا خۆم بەرزەفت بکەم! کار لەوە ترازابوو بێژم ئەمن شۆڕشگێڕم و نابی و ناکرێ تەنانەت لە بەرانبەر ئاسمانی ئەوهاش ئارەزووم بورژێ! لێ هەر کە باش باغەوانم وەبیردەهاتەوە پتر و پتر شەرمم لە خۆ دەکردەوە.. سەرەنجام لە دەرفەتەکدا بەرانگژی خۆم بوومەوە و هەرچی هێز و توانام هەبوون خڕمکردنەوە و هەندەک خۆم مشتومالکرد):**

**- براژن توو سەری خۆت وازبینە.. ئەمە تازە مێوەمان خوارد.. با پتر ماندییت نەکەین.. ئەوە هەر زۆر زۆرە.. شەویش تەواو درەنگی کردیە.. (پێش ئەوەی بڕوا کە هێشا هەر لە جێی خۆی دانیشبوو گۆتی):**

**- باشە ئەمن دەچم دەنووم.. داوای بووردنتان لێدەکەم ئەگەر قسەکی هەڵەم لە رووی بەڕێزتان کردبی.. ئەو قسانەی پێشتریشم هەمووی لۆ خۆشیی و گاڵتە بوون.. ئێ چ بکەم هاوسەرەکەم هەندەک بێکەلک و مردۆخە.. زۆر جار ناچاردەبم هەندەک شۆخیی لەگەڵ مێوانان بکەم.. (هاوڕێیەکەم یەکسەر هەڵیدایێ):**

**- نا نا بە پێچەوانەوە.. ئەنگۆ هەردووکتان زۆر بەڕێزن.. ئەوە کوو دڵت دێ بە باش باغەوانی هاوڕێمان بێژی بێکەلک و مردۆخ! (ئەمنیش بە هەمان شێوە جەختم لەسەر قسەکەی هاوڕێیەکەم کردەوە و پتریش بە شانوباڵی باش باغەوانێم هەڵدا.. کەچی لەپڕ قسەکەمی پێ بڕیم و گۆتی):**

**- نا کاکە نا.. ئەنگۆ نازانن، لە رووتان بە پەرژین بی.. دەبا یەک شەو وەک من ژنی ئەو بن ئەوجا هەنگێ دەزانن کە چەند بێکەلک و ناکردەیە! (کە دیتی تووشی سەرسوڕمانەکی گەورە بووین بزەکی شادمانیی دەموچاوی داگرت.. هەستمکرد زۆر بەوە ئاسوودەیە کە بە تەواویی لە قسەکەی تێگەیشتین و نیشانەکەی خۆی پێکا!) ببوورن با ئەنگۆش بە دەردی خۆم گیرۆدە نەکەم.. ئەمن دەچم لەو ژوورەی بەرانبەرتان دەنووم.. لێ توو سەری خۆتان ئەگەر هەر تشتەکتان پێویست بوو.. شەرم مەکەن لۆ هەر تشتەک.. تەنێ یەک جار گاسم بکەن ئەمن واگادیێم و بەسەر ئەو دوو چاوانەم ئامادە دەبم جا هەرچییەکتان بووێ، هەر ئەمن بە تاقی تەنێ لەو خانووبەرە گەورەدام.. دەزانم هاوسەرە مردۆخەکەشم تا سبەینێ هەر نایێتەوە، ئەگەر ئاودەستیشتان پێویست بوو هەر لە نێزیک ژووری نوستنەکەمانە.. (هاوکات لەگەڵ هەستانەوە و شەوباشکردنەکی پڕ لە ناز وەک ئەوەی بیەوێ خۆی گورجبکاتەوە لۆ رۆیشتن دامەنی مەکسییەکەی بە جۆرەک هەڵدا ئەو جارە لە رانانی تێپەڕی و نێوگەڵیشی هەندەک وەدەرکەت! ئیدی تاوس ئاسا بەرەو دەرکەکە هەنگاوی نا و دەرچوو.. هەردووکمان چاوانمان لە مۆڵەق مان و تا دەمەکی چاک هیچ قسەکمان لۆ نەکرا! هاوڕێیەکەم بە ئحمەئحمەکەوە دەستەکی گەیاندمێ و گۆتی):**

**- ئەوە چ بوو هاوڕێ!!!؟ (ئەمنیش کە بە تەواویی رۆچووبوومە کەش و بارەکی فرە سۆزورژێنانە و وەک ئەوەی لە خەو بێداریکردبمەوە و خەونەکی زۆر خۆشی لێتێکدابم بە پەلەپەل و پەشۆکاییەکەوە گۆتم):**

**- ها.. ئ ئ ئەوە.. ن نا نازانم... (هەندەک هاتمەوە سەرخۆ) لە راستییدا تشتەکی زۆر سەیر بوو.. لێ هاوڕێ.. بە پێی ئەو قسانەی کە کردنی وەک 'دواییش بە داخەوە چ زوو لە باوەشانت دابڕاندم! ئاخر لەبەرچی ئەوها گرفتارت کردم؟' هەروا 'دەترسێم لۆ بابەتی نەخۆشییەکەی شەوانت بی؟' و بە تایبەتییش لەو دواییانە کە گۆتی 'لە رووتان بە پەرژین بی.. دەبا یەک شەو وەک من ژنی ئەو بن ئەوجا هەنگێ دەزانن کە چەند بێکەلک و ناکردەیە!'.. سەرەڕای ئەوانەش ئەو هەموو خۆڕازاندنەوە و جەستە دەرخستنەی بەو شێوازە کە**

دەەتگۆت نمایشکاری فیلمی رۆمانسییە! هەبی و نەبی کێشەی نێوجێی لەگەڵ باش باغەوانێ هەیە.. نازانم سەرم سوڕمایە! خۆ باش باغەوانیش هێشتا هەر گەنجە و وێناچی توانای سێکسکردنی نەمابی..

- راستە هاورێ.. ئەمنیش هەر وەهای لۆ دەچم.. لێ ئەفسووس.. بە راستیی فرە نازداریشە.. جوانییەکانی یەک گەلە ژنی لۆ خۆی داگیرکردیە، کورە خۆ هەر بە بارەبارێ دیاربوو دەیخورا! ئەدی ئەوەت نەبیست کە دەیگۆت ئەوە ئەمن لەو ژۆرە دەنووم و کەسیش لێرە نییە و هاوسەرە مردۆخەکەشم نایێتەوە و هەرچییەکتان دەوێ گاسم بکەن ئەمن ئامادەم بەسەرچاوان...، ئەمن تەواو دڵنیام دەق هەوە.. دیارە کە برسیی سێکسە و داخۆ چ گرفتەکی سێکسیی لەگەڵ باش باغەوانێ هەیە؟

- جا چ بکەین هاورێ.. واز لە جوانییەکەی بینە.. ئەتوو بێژە ئەمە چمان لەدەستدێ؟! نازانم.. ئەگەر هاورێیەتیی باش باغەوانێ نەبا ئەوە ئاسایی بوو بە جۆرەک لە جۆرەکان تاقیبکەینەوە.. ئەو دەم گرفتەکەمان لۆ وەدەردەکەت و رەنگە بشمانتانیبا ئامۆژگارییەکی بکەین و چارەیەکیشی لۆ ببینینەوە.. (دیاربوو هاورێیەکەم قسەکەمی زۆر پێخۆشبوو لۆیە یەکسەر گۆتی):

- زۆر راستە.. لێ ئەمن بە پێچەوانەی دەبینم.. واتە لەبەرئەوەی باش باغەوان هاورێمانە بە تایبەتییش هاورێیەکی دێرینی تووە لەسەرمان پێویستە دڵسۆزییەک لە بەرانبەری بنوێنین.. واتە پێمباشە هاوسەرەکەی تاقیبکەینەوە.. بەڵکە ئەگەر گرفتەکیان هەبی بتانین یارمەتییەکیان بدەین...

زۆر غەمخۆرانە خۆی پێشاندەدا.. لە هندورێ خۆمدا سووکە هەستەکم دەکرد کە حەزی لەو گۆنگەرەیە بەڵکە ئێهـ لەو نێوەدا دەرفەتی دەستبازییەک بڕەخسێ یان بە لایەنی کەم کە لەگەڵی دادەنیشین و باسی ئەو گرفتە سێکسییەی لەگەڵ دەکەین چێژ و خۆشییەکی لێوەربگری! بە کورتییەکەی پاش قسەکردن و بینەوبەردەکی زۆر لەسەر ئەوە رێکەتین کە هاورێیەکەم بچتە ئاودەست کە ئاوی لێنییە - ئاودەستەکانی ئەو گوندانە ئاویان لێنەبوو و دەبایە مەسینە ئاوەک لەگەڵە خۆت ببەی - ئیدی گاسی بکا و داوای مەسینە ئاوەکی لێبکا.. تا بزانین چ روودەدا.. بزانین ئایە ئەو ژنە هیچ نیازەکی لەو بابەتەی لەگەڵ مە هەیە؟ ئەگەر بە گرفتەکەمان زانی ئەوە بە پێی توانا بتانین یارمەتییەکی بدەین.

پێش ئەوەی هاورێیەکەم بچی ئەو راسپاردە فرە شۆڕشگێڕییە جێبەجێ بکا!!! بیرم لەوە دەکردەوە سەرنەکەتنمان دەبتە هۆی لەدەستدانی هاورێیەتیمان لەگەڵ باش باغەوانێ و رەنگە ببتە هۆی ئابڕووچوونیشمان لە دەڤەرەکە، شەرمەکی گەورە دایگرتبووم و هەستمدەکرد هاورێیەکەشم گێی لە تەپەتەپی دڵم دەبی! هەرکووەک هەبوو پێم لە جەرگی خۆم نا.. لێ لە ترسان بە هاورێیەکەم گۆت کە چوویەدەرێ دەرکەکە باش پێوەدە و هەر تشتەکی خراپیش روویدا ئەمن تێوەرنەدەی.. با هەردووکمان تووش نەبین.. هیچ نەبی با ئەو دەم ئەمن کێشەکە پینەبکەم و زیانەکە لە نیوەی بگەرێتەوە باشترە! ئیدی رێکەتین و چوو...

لە شەرمان و لە ترسان لە دەرکەکە دوورکەتمەوە و چووم لە بنەبانی ژۆرەکە خۆم کرکرد - ئاخر ترسی تێکچوونی پەیوەندییم لەگەڵ باش باغەوانێ یان ترسی ئابڕووچوون لە نێو ئاکنجیانی دەڤەرەکە زۆر لە ترسی شەڕ گەورەتر بوون لە کنە من - نەمدەزانی چ بکەم.. لۆ ئەوەی نیگەرانیی و بێ ئۆقرەییەکەم هەندەک سووکبکەم خۆم خەریکی خواردنی مێوەکان کرد.. هەندەک دەم پەنجەم لە کونی گێی خۆم دەئاخنی تا هیچ نەژنەوم... زۆر زۆری پێچوو.. پاش ماوەکی چاک کە لەبەر نیگەرانییەکانی خۆم نازانم چەند بوو لێ بە

مەزەندەی خۆم رەنگە دە تا پازدە خولەکەک دەبوو ئەوجا وەژۆرکەتەوە؛ شڕوشەپڕێو.. سۆر سۆر هەڵگەڕابوو.. بە هەناسەسواریی و پەشۆکاییی هاتە تەکم و بە دەنگەکی نزم و بە چرپەچرپ گۆتی:

- ککک کورە خۆ وەبوو هاوڕێ! (قسەی دیکەی لۆ نەکرا.. پاش ئەوەی هەناسەکی هەڵکێشا و هەندەک هاتەوە سەرخۆی.. ئەمن گۆتم):

- ئێ.. چ بوو.. دە وەگێڕە بزانم چ بووە؟ خۆ لەسەرمان ناکەوی؟ دە بێژە دەی هاوڕێ..

- کورە نا نا هاوڕێ لەسەرمان ناکەوێ.. لێ چ بێژم .. هەر کە ئەمن گاسم کرد و داوای مەسینە ئاوەکەم لێکرد.. یەکسەر گۆتی:

- ببوورە هاوڕێ گیان.. ئەوە مەسینەکە لێرەیە.. وەرە ژۆرێ تا پڕیدەکەم.. فەرموو هاوڕێ.. وەرە گیان.. وەرە ژۆرێ.. (سەرەتا شەرمم کرد و نەمویست بچم.. دیسان گاسیکردم) وەرە هاوڕێ گیان وەرە.. شەرم مەکە.. (ئەمنیش بڕیارەکی شۆڕشگێرانەم دا و وەژۆرکەتم! ژۆرەکە تاریک تاریک بوو.. تەنێ تارماییەکم دیت راستبۆوە و هاوکات براچەی چەرخەک لە نێو دەستی دەهات و خەریکبوو چرایەکی گچکەی دادەگیرساند.. هەر کە ژۆرەکە رۆشن بۆوە.. چ ببینم هاوڕێ؛ تەنێ یەک پارچە جلکی تەنک تەنک و لە شێوەی کەوێی بەسەر شانی دادابوو.. سەرتاپای رووی پێشەوەی گشتی لەو گۆڕەی بوون.. واتە هەر لە سینگ و مەمانیەوە تا سەر زگ و بەرزگ و لاقولەتەری و تا سەر پێیانی هەر هەمووی رووتوقووت بوون.. تەنێ مایۆیەکی پەمبەی دوو پەنجەیی لەبەربوو، رووی خۆم وەرگێڕا لێ تیچاوەکم هەر لەسەربیبوو.. هاوکات لەگەڵ ئەوەی گۆتی: "راوەستە هاوڕێ.. هەر ئێستا مەسینەکە پڕدەکەم" دیتم خەریکە چرایەکی گەورەتر کە لەسەر تاخلچەیەکی بڵند بوو دادەگیرسێنی.. بە دەستە خۆم نەبوو رووی خۆم وەرسووڕاندێ.. ئەو جارە پشتی کەتبووە من و هەردوو دەستی بەرزکردبوونەوە تا چرایەکە دابگیرسێنێ.. کاتەکم زانی پارچە جلکەکەی سەر شانی کەتەخوارێ و تەنێ مایۆیەکەی دەبەرما! هەستمکرد بە ئەنقسەت وەهایکرد.. کە چاوانم کەتنە سەر ئەو سمتە سفتوسۆڵەی هاییم لە خۆ برا.. وەی وەی چ سمتەک بوو هاوڕێ!؟ خەریکبوو بە پێچەوانەی ئەو هزر و فەلسەفەیەی بڕوامان پێی هەیە بڕوا بهینم بەوەی کە ئەو سمتە کاری کردەی سروشت نییە! وەک ئەوەی هیچ روونەدابی و بێ ئەوەی هیچ خۆی تێکبدا یان خۆی داپۆشتەوە بە شێوەکی زۆر ئاسایی و بە دەنگەکی زۆر ناسک و ورژێنەرانە گۆتی: "ببوورە هاوڕێ گیان" ئیدی تا ئەو هێدی هێدی و بە شێنەیی چرایەکەی داگیرساند ئەمنیش بێ ئەوەی خۆم بمەوێ چلچرای چاوانم هەر لە خۆیانەوە داگیرسان و نیگایانم وەک گورزە رۆشناییەکی چڕ بەسەر هەردوو قۆپیی سمتە خڕ و پڕ و ناسکەکەی هەڵدەقۆزینەوە و هەستمدەکرد وا خەریکە چاوانم بەسەریاندا دەتاوێنەوە! هەر کە دەستانی هینانە خوارێ و بەسەر پشتەقوون و هەردوو لاسمتانیدا خشاندن و لە کۆتاییدا بە سەری پەنجانی بە نەرمیی هەڵیکوشین و رووی تێکردم.. هەستمکرد هەناسەم راوەستابی.. بە چەند شەقاوەک گەیشتە پێشم و لنگی چەپی خستە نێو لینگانم و گۆتی: "وە حەیرانت دەبم هاوڕێ.. دەرفەتەکی چاکە و با لەدەستینەدەین"! یەکسەر دەستەکی خستە سەر پشتەسەرم و هەندەک سەرمی شۆڕکردەوە و ماچەکی توند توند و پڕ بە دەوی خۆی لە لێوانم کرد.. ئیدی هاوڕێ خۆ ئەتوو ئەمن باش دەناسی! (هەڵوەستەکی کرد.. خەریکبوو شێتدەبووم .. بە پەلە گۆتم):

- ئێ ئێ.. ئێ دوایێ.. ئەدی ئەتو چتکرد.. دە بێژە.. تکایە بێژە هاوڕێ..

- چمکرد؟! وەک گۆتم ئەتوو ئەمن باش دەناسی هاورێ.. ئێ ئەمە لەدوو تشتەکی دیکە بووین.. هەر لۆیە یەکسەر دەستیم گرت و لە خۆم دوورخستەوە.. لێ ئەو لە کۆششی خۆی نەدەکەت و هەر دەپاڕاوە.. هەر وازینەهینا تا خۆم لێی تووڕە نەکرد.. کە دیتی ئەو کۆشش و پاڕانەوەی هیچ سوودەکی نییە زۆر بێ هومێدانە دەستی بە گریانێ کرد.. گریانەک هەر دەتگۆت کەسەکی نێزیکی لێ مردیە! هەر بەدەو گریان و نووزانەوەوە گۆتی:

- هەر کەسەک لە جێی من بی خۆی لۆ ناگیرێ هاورێ.. ئەتوو دەزانی ئەوە چەند ساڵە بە ناو هاوسەرم هەیە کەچی هیچی پێناکرێ.. بڕوا بکە سێ ساڵ پتر دەبی ئەو پیاوەی من لە پیاوەتیی کەتیە.. (پاشان هەندەک هێوربۆوە و بە ناچاریی مەکسییەکی بەسەرخۆیدا هەڵکێشا.. ئیدی هاورێ دڵم وەک برێشکەی سەر ئاور لۆی هەڵدەقرچا.. لێ بە داخەوە لەبەر بەڵێنەکەمان و هاوڕێیەتیی باش باغەوانێ و باوەڕەکەشم هەر لەولای راوەستی نەمتانی ئارەزووە گڕتییەکەی دابمرکێنمەوە.. ئیدی چم پێ نەما و کەتمە لاوانەوە و دڵدانەوەی.. ئیدی گۆتمێ):

- تکایە ئەتوو ئەمن ئەوها مەبینە کە تەنێ چەکدارەکی رووت و بێ بار بم.. ئەمن توانای مادییم زۆرە و یەکەکم لە خانەوادە زەنگینەکانی شاری... (بە کورتییەکەی بەوە ئاساییم کردەوە کە هەرێی ئەوەم پێدا باش باغەوانێ دەنێرمە پایتەخت لۆ چارەسەر.. لەوێش چارەی نەکرێ دەینێرمە دەرێی وڵات.. هەروا پێشمگۆت):

- ئەو هاوڕێیەشم هەر وەکی خۆمە و ئەمە هەردووکمان برای تووین.. دڵنیابە ئەو تشتە نە لە کن باش باغەوانێ نە لە کن هیچ کەسەکی دیکە نادرکێنین.. هەر ئەوەهای بینە پێش چاوانی خۆت کە هیچ روونەدایە.. ئەوجا ئەمن ئێستا دەچمەوە کن هاوڕێیەکەم و لەگەڵە ویش لەو بابەتە دەدوێین لۆ ئەوەی نەخشەک دابنێین کە کەنگێ و بە چ شێوەک باش باغەوانێ بنێرین.. غەمت نەبی بە جۆرەکی ئەوهاش لەوی دەگەیەنین کە زانیتمان نەخۆشە و دەمانەوێ یارمەتییەکی بدەین و بچی خۆی چارەسەربکا.. (لە دوا جاریشدا پێمگۆت):

- دە باشە ئێستا دەچمەوە کن هاوڕێیەکەم و ئەتووش هەندەک خۆت ئاسایی بکەوە و پاش دەمەکی دیکە وەرەوە وێندەرێ.. ئەوجا هەرسێکمان پێکەوە نەخشەکە بە جوانیی دادەڕێژین.. (پاش ئەو قسانەم بە شادمانییەکەوە سەری ئەرێی لۆ لەقاندم و زۆری سوپاسی کردم.. ئیدی بەو شێوە بەجێمهێشت..).

- دەستت خۆشبی هاورێ، بە راستیی کارەکی چاکت کردیە.. ئەمن دڵنیام هەر ئەوەت کردیە کە گۆتت.. ئەتوو هەمیشە زۆر جێی بڕوای منی هاورێ، با چاوەڕێ بکەین بزانین کەنگێ ئەو ژنە دێ و ئیدی بە ئێکجاریی دەبیە ئەو کەسەی لە خۆم پتر متمانەت پێبکەم! (ماوەکی چاک هەر خەریکی ئەو قسانە بووین.. کاتەکمان زانی زۆر بە نەرمیی لە دەرکەکە درا.. کە هاوڕێیەکەم کردیەوە خۆی بوو؛ لە نێو جلکەکی سەرتاپا رەش.. شەرمن شەرمن بە بێدەنگیی وەژۆرکەت و هات لە تەنیشتە من دانیشت، جا پێویست ناکا باسی ئەوە بکەم ژنەکی ئەوها جوان و قەشەنگ و بەو رەنگە سپی و رۆنەی خۆی لە پاش گرفتەکی ئەوها لە شەرمان سۆر سۆر دابگەڕێ جلکی رەشی چەند لێدێ و چەند جوانتر و دڵگیرتر و شیرینتری دەکا! پاش دەمەک بێدەنگیی هەرسێکمان وەک ئەوەی لە دادوەرییەک دانشتبین و نۆرەی قسەکردنی ئەو هاتبی هاوکاتی چەند جوولەکی فرە سەرنجڕاکێش گۆتی):

- داوای بووردنەکی زۆرتان لێدەکەم، بە راستیی ئەنگۆ سەلماندتان زۆر لە برا لەپێشترن لۆ من.. ئاخر برا کە دەبینی خوشکەکەی لە پشت سەری هاوسەرەکەی کارەکی ئەوها دەکا ئەوە ئیدی نەک هەر حەز لە چارەی ناکا و ناتانی وەک ئەوەی ئەنگۆ بیردەکەنەوە بیر لە چارەسەری کێشەکەی بکاتەوە بەڵکە ئەگەر لۆی بکرێ کاردانەوەی زۆر خراپیش لە بەرانبەری دەنوێنی! لەگەڵ ڕێزم لۆ هۆردوکتان زۆربەی زۆری پیاوەکان هەر ئەوهان.. ئەوەتە مامۆستای زانا سەرەڕای ئەوەی خۆی بە دینداره‌کی نەرمونیان و کراوە دەخاتەڕوو و خۆی بە لێپرسراوەکی گەورەی پارتیەکەی وەش دادەنێ.. کەچی هاوسەرەکەی وەک کۆیلەک دەچەوسێنتەوە.. هەر ئەویش بوو نەهێشت ئەمە لۆ خۆمان بگەڕێینەوە شاری.. هەر لە سایەی سەری ئەو پیاوە ساختەکارەش بوو هاوسەرەکەم ئەوها لە پیاوەتیی کەت؛ سێ ساڵ پێش ئێستا رۆژەک کە خەریکی داربڕین و خاوێنکردنەوەی باخچەکەی وی بوو بەربۆوە و لکە دارەکی تیژ لە گون و موسڵدانی چەقی.. ئیدی لە هەنگێوە ئەو هاوسەرە نازدارەم لە پیاوەتیی کەتیە.. ئەنگۆش لە برای خۆم لەپێشترن.. بڕوابکەن لە سێ چار مانگان یەک جار دەپەڕێ ئەویش بە هەزار دەردەسەریی! سەرەنجام هەر ئەوەش بوو وەی لە من کرد ئەوها بە پەند بچم.. (لەگەڵ ئاخ هەڵکێشانەک کە هەستتدەکرد بۆنسۆی لێدێ چاوە فستقییەکانی پڕ گریان بوون و پاشان وردە وردە فرمێسک لەسەر کوڵمەکانی رێژیان بەست.. ئای کە چەند سەختە لە کاتی دیتنی لەشولار و دیمەنەکی ئەوها جوان و قەشەنگ هەست بە گڕی ئازارەکی ناخبرژێن بکەی! خەریکبوو هەست و نەستی هۆزانڤانیی بمگری..) ئیدی تازە چ بکەم و چم لەدەستدێ.. هەر ئەوە نەبی کە دووبارە و چەندبارە داوای بووردنتان لێبکەم لەوەی کە سەرەنجام ئەنگۆشم بەو دەردەی خۆم گرفتار کرد.

- نا نا خانم.. نە ئەتوو بە پەند چووی و نە ئەمەش گرفتار بووینە.. ئەتوو خوشکی بەڕێزی مەی.. ئەمە هەستدەکەین ئەتوو بوێرییەکی زۆر چاکت تێدایە.. دوایێش ئەتوو هاوسەری باش باغەوانی کە وەک هەر هاوڕێیەکی خۆمان هیچ جوایەزییەکی پێناکەین، دەربارەی نەخۆشییەکەشی ئەوە ئەرکی سەرشانمانە و هەر دەبی چارەسەری بکەین.. بە پێچەوانەوە پێویستە ئەمە داوای بووردن لە توو بکەین کە ئەو هاوڕێیەم لە پێناوی توو خواستەکەی تووی جێبەجێ کرد! (کە ئەو قسەم کرد هاوڕێیەکەم و ئەویش هەردووکیان رەنگیان سپی هەڵگەڕا و پەشۆکان!!! لێ ئەمن هەستم بە خۆم نەکرد کە هیچ قسەکی هەڵەم کردبی.. بەڵکە پاشان هاوڕێیەکەم گێڕایەوە کە لە باتی بێژم 'خواستەکەی تووی جێبەجێ نەکرد' بە هەڵە گۆتبووم 'خواستەکەی تووی جێبەجێ کرد - واتە دڵی تووی نەشکاند و گانی خۆتان کرد -' کەچی ئەمن لە کنە خۆم پەشۆکانەکەی ئەوانم بەوە لێکداوە کە بە هینانەگۆڕی ئەو باسە شەرم لە رووی من دەکەن یان رەنگە لە غەمی ئەوەدا بن نەکا سبەینێ باش باغەوان بەو بەزمەی ئەوشۆ بزانتەوە.. ئیدی درێژەم بە قسەکانم دا) ئەوە راستە کە زۆربەی خەڵک ئەوها لە شۆڕشگێڕان دەگەن کە زۆر مێبازن و ئەگەر لۆیان بلوێ لەسەر بزنێش پازنادەن! لێ ئێکجار ئەوهاش نییە.. ئەوەتە وەک دەبیینی ئەمن و ئەو هاوڕێیەم و بە سەدان هاوڕێی دیکەش دژی پیاوسالاریی و نێرسالاریین.. واتە هەر تەنێ لە پێناو ئەوە چەکمان هەڵنەگرتیە کە نیشتیمان رزگاربکەین بەڵکە لە غەمی کێشە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیش داین و لە پێناو یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوانیش تێدەکۆشین و دەمانەوێ ئەوانەش هەمووی چارەسەربکەین.. (زۆر قسەی دیکەشم کردن.. ئەوانیش هەردووکیان هەر سەریان دەلەقاند و ناوەناوەش بە رستەکی کورت ئەمنیان گەرمتر دەکرد.. تا سەرەنجام نەخشەی ناردنی

**باش باغەوانیمان لۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی بە شێوەکی جوان و ڕێکوپێک داڕێژت.. لەپڕ هاوڕێیەکەم گۆتی):**

**- ئێستا کاتەکە زۆر درەنگی کرد.. چەند کاتژمێرەکی دیکە رۆناکی دەکا.. جا تا باش باغەوان نەهاتیتەوە با ئەمەش سەرخەوەک بشکێنین.. با ئەویش هەست بە هیچ نەکا.. (نازدارحەیران یەکسەر هەستایە سەرپێیان و ئەو جارە زۆر بە ڕێزەوە شەوباشەکی لێکردین.. لێ لە قسەی خۆی هەر نەکەتبوو؛ رووی لە هاوڕێیەکەم کرد و گۆتی):**

**- ئەوە ئەو جارە بە راستیی مەسینە ئاوەکەم لۆ پڕکردی! لە پێش دەرکەکە دامنایە.. ئای لەو مەسینە ئاوە نەفرەتییە چ ئاوەکی پێ ڕێژتین! (ئیدی لە دەرکەکە وەدەرکەت.. هاوڕێیەکەشم ئەو جارە هەر بە راستیی بە نیازی چوونە ئاودەست لەدووی چووە دەرێ و پاش دەمەکی کەم هاتەوە بەس نەمزانی ئایە لە دەرێ هیچ قسەکی لەگەڵ کرد یان نا.. ئیدی نوستین تا باش باغەوان هاتەوە، پاش ئەوەی لە خەو واگایهینان و هەندەک قسەی خۆش و گاڵتەئامێزانەی کرد گۆتی):**

**- هاوڕێیان نان ئامادەیە.. با نانەکەمان بخۆین.. تا خەڵکی گوندی لە خەو بێدارنەبووینەوە دەتانبەمە ماڵی ماٶستای زانایێ.. باشترە کەس نەزانی ئەنگۆ لە گوندینە.**

**تا بەرەبەری نیوڕانێ هەر خەریکی مشتومڕ بووین لەگەڵ ماٶستای زانایێ - ئەمن و هاوڕێیەکەم لە لایەک و ئەویش بە تەنێ لە لایەک -، لە کۆتایی قسەکانمان راستەوخۆ و بێ پێچوپەنا پێمگۆت:**

**- هاوڕێ گیان.. کە ئەتوو بڕوات بە دین نەمایە لەبەرچی دەتەوێ ئەوها لە بن پەردەی دینیی ئەو خەڵکە هەژارە هەڵبخەڵەتێنی؟! ئاخر ئەو کارەی توو سەرەنجام هەر وەک ئی ئەو ژنەیە کە پارەی نێولنگانی لە پەرستگە و کاری دینیی خەرجدەکا! راستە ئی توو بابەتەکەی جودایە لێ هەر هەمان تێڕوانین و بەرخوردە.. واتە ئەتوو دەتەوێ لە ڕێی دینەوە کەسانەک لۆ پارتیەکەت هەڵبخەڵەتێنی و پاشان بیانکەیە شۆڕشگێڕ و بێ دین.. لێ ئەوە لە کەسایەتیی توو ناوەشێتەوە بەڵکە ئەوە کاری رامیاربازەکانە کە دەیانەوێ بە کاری ناڕەوا بە ئامانجی رەوا بگەن.. کە بێ گومان ئامانجەکەش هەر ناڕەوا دەردەچی و وەک ئی ئەو ژنەی لێدی کە ئاماژەم پێیکرد.. (لە وەرامدا گۆتی):**

**- نا.. ئەوە کاری رامیاریی خۆی ئەوهایە.. ئەنگۆ باش لەوە تێناگەن و هێشتا مایتتان.. ئەو خەڵکە ئەوها نەبی بە قسەی نێو پەرتووکان نایێنە رایێ.. بەو شێوازەی من زۆر بە هاسانیی دەتانی خەڵک لە خۆت خڕبکەیەوە ئیدی پاشان وردە وردە لۆ خۆیان دەگۆڕێن وەک ئەوەی ئەمە دەمانەوێ، ئەگەر بە پێی ئەو ڕێچکەیەی ئەنگۆ دەتانەوێ بچینەدوێ.. ئەوە پاشی ماوەکی دیکە کەسمان پێوەنامینێ و وەک پارتیەکانی دیکە لاواز و بێ جەماوەر دەمینێینەوە.. ئاخر ئەوها نابی.. دەبی ئەمە جەماوەرەکی زۆر و وەهێز دروستبکەین.. ئەدی باش باغەوانی هاوڕێم لۆی باسنەکردن کە چ جەماوەرەکم لەو نێوچەیە هەڵخڕاندیە.. بڕوابکەن ئەگەر پێویست بکا هەر ئێستا بە یەک فیکە دەتانم ئەو جەماوەرەی خۆم وەها لێبکەم ئەو سەربازگانەی ئەو نێزیکانە هەر هەمووی لە ماوەی یەک کاتژمێر بگرن... (مشتومڕەکەمان زۆر درێژەی کێشا.. کاتەکمان زانی هەستاوە و گۆتی):**

- ببوورن ئەمن ئێستا دەبی بەجێتانبێڵم.. زۆرم پێناچی و زوو دەگەڕێمەوە، بەس غەمتان نەبی ئەمن دەزانم کوو خەباتی خۆم دەکەم. هەڵبەتە ئێستا برسییشتان بووە.. باشترە تا ئەمن دێمەوە ئەنگۆ فراڤینی خۆتان بخۆن.. رەنگە تا هەنگێ ماڵێشتان وەدەربکەون.. (لێ ئەمە پێمانگۆت نا هێشتا برسییمان نەبووە.. ئەوهاش خۆشترە کە هەمووومان پێکەوە نانەکە بخۆین.. جا چاوەڕێت دەکەین تا ئەتوو دەگەڕێیەوە و ئەوانیش دەگەن.. ئیدی مامۆستای زانا دەرچوو).

لەگەڵ هاتنەوەی وی کەسوکارەکەی مەش گەیشتن. مانگەک پێشترێ کارەبای گوندەکە بڕابوو و بەڕێوەبەرایەتیی کارەباش فەرامۆشی کردبوو و چاکی نەکردبۆوە.. خەڵکی شاری بەو گەرمییە رانەهاتبوون و بێ ئامێری فێنککەرەوە نەدەحەوانەوە.. لەبەرهەندێ چووین لە باخچەکەی پەنا ماڵێیان دانیشتین.. ئەوێ باشتر بوو چون هەم فێنکتر بوو هەم جێیەکی لاچەپیش بوو و کەسی بەسەردا نەدەهات، هەر لەو دەمیش باش باغەوان هات و ماوەکی چاک هەمووانی بە قسە خۆش و شیرینەکانی خۆی خەریککرد، پاش نانخواردن مامۆستای زانا گۆتی:

- ئەوجا ئەمن و باش باغەوان بەجێتاندێڵین و ئەنگوش دەرفەتی خۆتان وەرگرن.. لەمێژە یەکدیتان نەدیتیە و رەنگە هەندەک راز و قسەی تایبەتی خۆشتان هەبی.. لە راستییدا ئەمن زۆرم پێخۆشبوو ئەوشۆ لە کنمان بمینێنەوە.. بەس هەروەک گۆتتان کە ناتانن و نامینێنەوە ئەوە باشترە بە رۆناکیی بگەنەوە شاری.. ئێستا ئەمە دەڕۆین و یەک دوو کاتژمێر پێش هێوارێ ئەمن خۆم دێمەوە و ترومبێلەکیش لەگەڵە خۆ دەهینم لۆ گەڕانەوەتان.. غەمی هیچتان نەبی.. لێخوڕی ترومبێلەکەش هەر ئی خۆنە و ئامۆزازامە.. (ئیدی ئەمەش بە قسەی خۆش خۆش کاتەکی فرە شادمان و ئاسوودەمان لەگەڵ ماڵێمان گوزەراند؛ هێندە شەیدای دیداری روخساری یەک بووین هێندە تامەزرۆی قسە و دەمودووی یەک بووین دوو رۆژی دیکەش لە جێی خۆمان نەبزووتباین هەر تێر نەدەبووین، مامۆستای زانا بەرەبەری هێوارێ هاتەوە و گۆتی):

- هومێدەوارم کاتەکی خۆشتان بەسەربردبی.. جا وەک دەیبینن هێندەی نەمایە رۆژ ئاوا ببی.. باشترە هەر ئێستا وەڕێبکەون تا پێش ئەوەی تاریک دابێ لە بازگەکان تێپەڕببن و گەیشتبنەوە نێو شاری.. (رێک وەک ئەوە هاتە بەرچاوانم کە لە ئاهەنگەکی زۆر خۆش داین و یەکەک لە سەرپەرشتیارانی ئاهەنگەکە دێ و دەبێژی 'داوای بووردن لە هەمووتان دەکەین بە هۆی روودانی هەندەک کێشە و گرفتی هونەریی ناچارین کۆتایی بە ئاهەنگەکەمان بهینین و دووبارە ببوورن و سەرچاوانمان هاتن'! پاشان رووی لە لێخوڕی ترومبێلەکە کرد و گۆتی):

- بەس دەمەوێ بە رێیەکی چاک و دوور لە مەترسیی بیانگەیەنیەوە بەر دەریی ماڵە خۆیان.. تا نەچنە ژۆرێش نەگەڕێیەوە ها! (کە ئەوان رۆیشتن و لەگەڵ مامۆستای زانایێ بە تەنێ ماینەوە چووینەوە ژۆرەکەی خۆی و دەستمان بە باسوخواسەکانی خۆمان کردەوە.. لێ لەبەرئەوەی بە قسەکانی پێش نیوڕانێی مە هەندەک تەنگاو ببوو و هێشتا لە دڵی دەرنەچووبوو دیسان تووشی هەمان مشتومڕی کردینەوە، کاتەکمان زانی باش باغەوان بە ورتەورتەوە وەدەرکەتەوە.. پەرتووکەکی بە دەستەوە بوو.. پاش چاکوخۆشیی هەر بە پێوە گۆتی):

- ئەو پەرتووکە گەللەک خۆشبوو مامۆستای زانا.. بە راستیی پێویستە هەموو باوەڕدارەک بیخوێنتەوە.. نازانم ئەتوو ئەو پەرتووکە چاک چاکانە لە کێندەرێ پەیدادەکەی؟! بەس لە راستییدا مامۆستا لە رووت نەبی ئەو

پەرتووکانە کە ئەتوو دەیانخوێنیەوە و ئەمەی پێ پەروەردە دەکەی.. نازانم.. ئەمن وای لۆ دەچم زۆر لەو شۆڕش و مۆڕشە دووربی کە ئەتوو هەموومانت تێوەردایە.. هاهاها.. نا نا نازانم.. ئەتوو خۆت باشتری لێدەزانی، ئێستا ئەگەر هەتبێ دەمەوێ پەرتووکەکی دیکەی ئەوها چاکم بدەیێ؟

پاش ئەوەی مامۆستای زانا لە بەرسڤی باش باغەوانێ گۆتی: "دین بە جێی خۆی و نیشتیمان و شۆڕشیش بە جێی خۆی" ئیدی هەر خەریکی بڕوبیانوو هیناوە و درۆدەلەسە هەڵبەستن بوو تا پێی بسەلمێنی کە تێکۆشان و شۆڕشکردن ئەرکەکی گرنگ و پڕ بایەخی دینییە.. لێ لەبەر سەرقاڵبوونی بە مە زوو وازیلێهێنا و دەرفەتیشی پێدا خۆی بچی لە پەرتووکخانەکەی پەرتووکەک هەڵببژێری.. گۆتی:

- دە ئەو پەرتووکە لە نێو دەلاقەکە دانێوە.. تەمەشای ئەوانی دیکەش بکە بزانە کێهانت پێ باشە ئەوی ببە.. (دەلاقەکەی مامۆستای زانایێ پەرتووکخانەکی گەورە بوو.. کردبوویە دوو بەش؛ بە جۆرەک چێبکرابوو تەنێ بەشی پێشەوەی دیاربوو کە کۆمەڵە پەرتووکەکی دینیی و بابەتی جۆراوجۆری تێدابوو.. بەشی پشتەوەشی کە رووەکەی بە پارچە کارتۆنەک گیرابوو و بە پەردەکیش داپۆشرابوو پڕبوو لە پەرتووکی دژەدینیی و مارکسیی و چەپگەریی! ئەگەر خۆی نەیگۆتبا کەس هەستی بەو بەشی دووەمەی پەرتووکخانەکەی نەدەکرد.. لێ نازانم کوو باش باغەوان هەستییپێکرد! دیتم خەریکبوو یەک بە یەک پەرتووکەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکردن.. مامۆستای زانا هایی لە هیچ نەبوو و لەگەڵ هاوڕێیەکەم لە گەرمەی قسانداا بوون.. لەپڕ باش باغەوان وازی لە پەرتووکخانەکە هینا و هاتە پێش مامۆستای زانایێ و سێ پەرتووکیشی وەدەستەوەبوو.. هەستمکرد لە تووڕەییان وەها پف هەڵمابوو پلت لییدابا دەتەقی.. دووانیانی فرێدایە پێشی و گۆتی):

- ئەوانە زۆر کێشە نین هاوڕێ مامۆستای زانا! (یەکەکیان 'کورتە باسەکی ماتێریالیزمی دیالەکتیک' بوو و ئەویدیکەش 'مانیفێستی کۆمۆنیست') ئەوانە هەرکووەک هەیە هەموو کەسەک دەیانخوێننەوە و دەکرێ هەر دیندارەکیش بیانخوێننەوە تا بتانی دوژمنانی دینەکەی خۆی بناسی، لێ هاوڕێ ئەوە.. ئەوە ئەوە.. هەروەک خۆتان دەبێژن پەرتووکەکی زۆر نایاب و وەپێزە!!! (کە بەرگی پەرتووکەکەی پێشاندایین دیتمان ئەو پەرتووکە سەرنجڕاکێش و پڕ کاریگەرەیە کە تازە دەرچووبوو.. هەر کەسەک بیخوێندباوە؛ ئەوەی باوەڕە دینییەکەی لاواز با ئەوە بە تەواویی دینەکەی لە بەرچاوانی دەخست.. ئەوەی دینداری تەواویش با ئەوە یان وەهای لێدەکرد واز لە دین بهێنی یان ئەوەتە زۆر پێی تووڕە ببی و بە توندیی دژی رابوەستی، مامۆستای زانا هەندەک خۆی مشتومالکرد و ویستی پەرتووکەی پێ دابنێتەوە.. هاوکات بێبەرییبوونی خۆشی لە پەرتووکەکە خستەڕوو کە گوایە ئەوە ئی خۆی نییە بەڵکە ئی هاوڕێیەکی خۆیتی و لە کنە وی دانایە تا لەو خوارەوە دەگەڕێتەوە.. هەروا گۆتیشی 'هەر لە خۆوە هەندەک قسەی بێسەروبەریشی لەسەر نووسییە') نا نا هاوڕێ مامۆستای زانا.. ئەو پەرتووکەت لە هاوڕێیەکت لۆ هاتیە و ئەمنیش ئەو هاوڕێیەت باش دەناسم کە کەسەکی چەند ستەمکار و بێ دینە.. دواییش پێشکێشی خۆتیشی کردیە وەنییە! ئەها تەمەشا لەسەر لاپەڕەی یەکەم چی نووسیە:

«پێشکێشە بە هاوڕێ 'مامۆستای زانا'ی تێکۆشەر.

هاوڕێ گیان.. ئەوە دوو دانەت لەو پەرتووکە لۆ دەنێرم، پەرتووکەکی زۆر نایاب و وەپێزە و هەمان ئەو تێڕوانیانەی تووشی تێدایە کە لە نێو خۆمان لەسەر دین لێیان دەدوای، نەک هەر زۆر بە جوانیی

کەونە پەرستیی دینیی دەخاتەڕوو بەڵکە هەندەک دەقی دینییش لە بنوبۆتکەوە هەڵدەتەکێنی. هیوادارم بتانی بیخەیە بەردەستی گەنجانی دەڤەرەکەتان بەڵکە لەو 'ئەفیون'ە پیسە رزگاربین.. دڵنیام ئەو پەرتووکە ئەگەر بە تەواوییش رزگاریاننەکا ئەوە دین لە پێش چاوانیان دەخا. لێ تکایە لەبیرتنەچی دانەکەی دیکە بدە گەنجەکان نەک ئەوە کە بە خۆتم پێشکێش کردیە.. با ریسکەمان لێ نەبیتەوە خوری! لەگەڵ رێزم. هاوڕێت/ میرەی بازگر.».

بە درێژایی خوێندنەوەی ئەو نامەیە تا دەهات مامۆستای زانا رەنگی تێکدەچوو و جاروبارەکیش تیچاوەکی دەدا من و هاوڕێیەکەم بەو واتایەی کە باش باغەوانێ هێوربکەینەوە.. لێ باش باغەوان لەبەر قسەکانی خۆی و ئاستی هەڵچوونەکەی هایی لە قسەی کەس نەبوو یان هەر نەیدەویست گێ لە کەس بگری:

- لۆ مامۆستا لۆ! ئاخر لەبەرچی ئەوها گرفتارت کردین هەی هاوڕێ مامۆستای زانا!؟ ترحێو لەو مامۆستایەی! دەک خودا لەنێوتبا هاوڕێ مامۆستای نازانا! (ئیدی ئەمن لە کنە خۆم وەبوو رێزەک لە من دەگری.. یەک پێ هەستامەوە تا ئاوەک بەو ئاورە دابکەم یان هیچ نەبی پەرتووکەکەی لێوەربگرمەوە و هەندەک هێوری بکەمەوە.. لێی چوومە پێش و هاوکاتی ئەوەی دەستەکم خستە سەر دەستی بە نەرمیی پێمگۆت):

- نا هەڤاڵ گیان نا.. ئەوها نابی.. ئەتوو دەبی سینگت فراوان بی.. ئاخر ئەوها نابی.. تکایە وەرە دانیشە.. کێشە بەو جۆرە... (لەپڕ خۆی لە دەستم راپچکاند و گۆتی: "بەرمدە بەرمدە".. وەک ناڕەزایەتییەکیش دەوەلاچکەی کردمەوە):

- 'ئەوها نابی.. ئەوها نابی.. ئەتوو دەبی سینگت فراوان بی'! چما چی تێدا هێشتیتەوە تا ئەمن سینگم فراوان بی!!! (هاوکات لەگەڵ فڕێدانی پەرتووکەکە لۆ پێش مامۆستای زانایێ زۆر بە تووڕەیی گۆتی) دە بەو خوایەی بشمکوژن لە قسەی خۆم پەژێوان نابمەوە.. ئەنگۆش هەردووکتان.. بڕۆن.. بڕۆن ئاوئاو بچن و جارەکی دیکە نەتانبینمەوە.. هەمووتان هەر یەک چاپ و بابەتن! بەو خودایەی وا لەسەر سەرمانە جارەکی دیکە هەر یەکەک لەنگۆ بە پێش شوورەیماڵەکەشم دابێ یان ئەمن دەبم یان ئەو.. (ئیدی بە گورجیی لە دەرکەکە وەدەرکەت و بە ئێکجاریی نەماندیتەوە).

هاوڕێیەکەم زۆر پتر لە مامۆستای زانایێ پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بچین دڵی باش باغەوانێ چاکبکەینەوە.. مامۆستا مافی خۆی بوو چونکێ ئەگەر باش باغەوان لەگەڵی پێکنەهاتباوە ئەوە زۆر مەترسییدار دەبوو لۆ وی چونکێ تاکتیکە نارەوایەکانی لە کن خەڵکی دەڤەرەکە لێ ئاشکرادەکرد و کەسایەتییە رووکەشییەکەی خۆی لەدەستدەدا.. لێ فرە پێم عەنتیکە بوو کە لەبەرچی هاوڕێیەکەم ئەوها وەتەنگ ئەو پێکهاتنەوەی ئەوان بوو!؟ ئایە لە دڵسۆزیی خۆی بوو لۆ ئەوان؟ یان لەبەر بەرژەوەندیی پارتیەکەمان بوو لە نێوچەکە؟ یان لە غەمی نازدارحەیرانی هاوسەری باش باغەوانێ بوو؟ یان هەر لۆ دیتنەوەی جوانییەکانی نازدارحەیرانێ بوو؟! یان و یان... چەندی دەمهینا و دەمبرد سەرم لێیدەرنەدەکرد! ئێ خۆ ئەمنیش زۆر زۆرم پێ ناخۆش بوو باش باغەوانمان لێ بڕەنجێ.. ئاخر بێجگە لەوەی کەونە هاوڕێیەکی خۆم لەدەستدەدا جارەکی دیکە نازدارحەیرانیشم نەدەدیتەوە! ئەرێ دیتنەوەی نازدارحەیرانێ؛ بڕوام نەدەکرد هیچ پیاوەکی هیشک و دڵمردییش هەبی ئەگەر تەنێ یەک جار ئەوی دیتبی حەزنەکا یان نەیەوێ چاوانی بە دیداری رۆشن بکاتەوە! بە کورتییەکەی زۆریان کۆشا لێ ئەمن هەر ملم نەدا.. چونکێ باش باغەوانم باش دەناسی و دەمزانی ئەو

تووڕەبوونەی وی ئی ئەوە نەبوو جارەکی دیکە بتانی لەگەڵمان بە تایبەتییش لەگەڵ مامۆستای زانایێ چاک ببتەوە! بێجگە لەوەش کاتی گەڕانەوەمان داهاتبوو و دەشمزانی ئەو کێشە کاتەکی زۆرمان لەدەستدەدا و هەر کوتانەوەی ئاسنی ساردیش دەبی، ئیدی هەر ئەو شەوە خۆم و هاوڕێیەکەم مامۆستای زانامان بە هەناسەساردیی بەجێهێشت و خۆشمان بە دڵساردیی و هۆرتە هۆرتە بەرەو نێوچەکەی خۆمان گەڕاینەوە.

- ١١ -

کە گەیشتینەوە 'بەشی تێکخستن' ئەو تەقینەوەی چاوەڕێی بووین تازە روویدابوو، ئیدی ئەمن هەر دەمودەست نەخشەکی وەهام داڕێژت کە بە هەر جۆرەک هەیە لەگەڵیان تێکبدەم و خۆم بگەینمە 'نێوەندی رێکسختن' تا لەوێ هاوڕێیانەک ببینم کە پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردایەتی هەیە و رەنگە جۆرە رایەڵەکی رێکخراوەییشان بەو بزاڤە تازەوە هەبی کە هێشتا خۆی رانەگەیاندبوو کەچی ببووە جێی هومێدی خەڵکەکی زۆر.. لێ هاوڕێیەکەم لەبەرئەوەی لەمێژبوو لە نێو ئەو بەشەدا بوو و بە کۆمەڵەک پەیوەندیی بەوان و بە خەڵکی دەڤەرەکەش بەسترابۆوە هاسان نەبوو و نەیدەتانی لە پڕ ئەوێ بەجێبهێلی و پێکەوە بڕۆین. پاش چەند رۆژەک هەرچی رەخنەی رامیاریی و رێکخراوەییم هەبوون هەموویم لە راپۆرتەک رووبەڕووی 'بەرپرسی بەشی تێکخستن' کردەوە.. هەروا راستەوخۆ رەخنەم لە خودی خۆشی گرتبوو کە رەفتارەکی دەرەبەگییانەی هەیە و رێک وەک ئاغایەک هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوڕێیان و خەڵکی نێوچەکە دەکا و بێ ئەوەی هیچ کار و چالاکییەک ئەنجامبدا هەمیشە لە ماڵە دەوڵەمەندەکان لێی رادەکشێ و خەریکی خواردنی چاک و کات رابواردنی خۆیتی، رەخنە رامیاریی و رێکخراوەییەکان هێندە گرنگ نەبوون لە کنە وی چونکێ زۆری لەو کێشانە دیتبوون و لێیان لووس ببوو و هەروەک بەرپرسەکی سەرڕەق و لەخۆبایی وەرامی ئەو رەخنانەی دەدانەوە.. لێ ئەو رەخنانەی لە هەڵسوکەوتەکانی گرتبوومن چونکێ هەستیدەکرد زۆر راست و لە جێی خۆیانن و رێک وێنای کەسایەتیی وی دەنەخشێنن و یەکەمین جاریشە بەو شێوە راشکاوییە رەخنەی ئەوها رووبەڕووی دەبنەوە.. زۆر زۆر پێیان تووڕە و قەڵس ببوو.. ئیدی قسەک لەو یەک لە من لێمان بووە مشتومڕ و شەڕە قسەکی زۆر ناخۆش لێ ئەمن دەرووەستی نەهاتم چونکێ بێجگە لە هاوڕێیە نێزیکەکەم کەسم لەگەڵ نەبوو.. هاوڕێیەکی دیکەش خۆی بە هاوڕای مە دادەنا لێ ئەگەر هەڵوێستوەرگرتن لە هەناسەکێشانیش هاسانتر با ئەو هەر وەرینەدەگرت.. ئەوانی دیکە هەر هەموویان زۆر خۆگونجێنەرانە و ملکەچانە لایەنگری قسە و تێڕوانینەکانی ویان کرد ئەوە لە کاتەکدا پێشترێ زۆر جاران لەسەر هەمان ئەو بابەتانە قسەم لەگەڵ کردبوون زۆربەیان هاوڕا و هاوهەڵوێستم بوون! لێ ئەمن نە لۆ وی نە لۆ هیچ کەسەکیانم دانەهینا و بە پێی تێڕوانینەکانی خۆم زۆر بە توندیی بەرانگژیان بوومەوە.. سەرەنجام ئەوە بیانوویەکی باش بوو لۆ من و یەکسەر ئەوێم بەجێهێشت و رێی نێوەندی رێکخستنم گرتەوەبەر. پاش ئەوەی گەیشتم و هەندەک حەسامەوە چەند هاوڕێیەکی ناسیار و نێزیکی خۆم لەوێ دیتنەوە لێ زۆرەک لەو هاوڕێیانەی ئەمن دەمناسین بە هاوڕێیە نایابەکەشمەوە لەوێ نەمابوون و بە دەڤەری دیکەوە پەیوەست ببوون.. وردە وردە سەرهاتەکەی خۆم لۆ ئەو چەند هاوڕێیەم گێڕاوە.. لە دەرفەتەکدا یەکەکیان کە زۆر لە یەکدی نێزیک بووین و دە پازدە ساڵەک لە من بە تەمەنتر بوو و زۆریش بە ئەزموونتر بوو لە کاروبارەکانی شۆڕش.. بەدەو پیاسەکردنەوە لە سەربانی بارەگەکە هەندەک زانیاریی گرنگی

پێبەخشیم لەسەر ململانێ و تەڤینەوەکەی نێو سەرکردایەتی و جوودابوونەوەی بزاڤە تازەکە هەروا باسی ئەو هاوڕێیانەشی کرد کە لە دەڤەرەکەی مە پێیانەوە پەیوەست بوونە.. پاشانیش هاتە سەر کێشەکەی من گۆتی:

- لە راستییدا جێی داخە کە لە نێو ئەو شۆڕشەدا کەسانی وەک توو بەو کێشە و ململانێیە پوچ پووچانە خەریکدەکەن.. لێ گێی مەدێ هاوڕێ چونکێ ئەوەی ئەتوو دەیکەی لە پێناوی سەرخستنی راستیی و لەسەر باوەڕی خۆتە.. ئەتوو بڕۆنێ (ئاماژەی بە هاوڕێیەکی هەندەک لە خۆی بە تەمەنتر کرد کە لە پەنا دیوارەک راکشابوو) ئەو گەمبۆزە دەبینی؛ ئەوە دەبێژنێ 'دکتۆری راستیی'.. هەڵبەتە ئەتووش دەیزانی کە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لە نێو شۆڕش بە دکتۆر ناویاندەبەن بڕوانامەی پزیشکییان نییە تەنانەت زۆرەکیان پەرستاریش نین و هەر خۆیان خۆیان فێرە دەرزییلێدان کردیە و چارەسەری نەخۆش و برینداران دەکەن! لێ ئەوەیان بە راستیی دکتۆرە و دەرچووی زانکۆیە لەبەرهەندێ ئەوها ناویدەبەن.. دکتۆرە راستییەکان زۆربەیان لە بنکەکان بوون.. ئەوەیان هەندەک ناوازە بوو و هەر خۆی داوایکردبوو لە بەرەکانی پێشەوە بی، جا ئەو دکتۆرە لە یەکەک لە بەشە تێکخستنەکان کادیر بووە.. پاش ئەوەی لەگەڵ جێگری بەرپرسی بەشەکە بە یەکدی فێردەبن بە دزییەوە وەک دوو خۆشەویست هەڵسوکەوت دەکەن و زۆر متووی یەک دەبن .. ئیدی بێ یەکدی هەڵناکەن و هەر ناوەناوەش دەرفەتەک وەردەگرن و لۆ یەکدی تێکدەخەن! رۆژەکیان لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەی بە راسپاردەکی رێکخراوەیی دەیاننێرنە لایەک کە دوو هەفتەک دەخایەنی.. ئیدی دکتۆری راستیی لەو ماوەدا کە لە هاوڕێیە خۆشەویستەکەی دادەبڕێ و بێ توتن دەمینێتەوە - بێ توتنیی هەروەک خۆت دەیزانی مەبەستم بێ گانییە - هەشت نۆ دە رۆژەک بە ناچاریی بە بێ توتنیی دەیگوزەرێنی لێ پاشان چیدی خۆی لۆ ناگیرێ.. درەنگە شەوەک لەگەڵ هاوڕێیەکەی لە کاولە خانییەک کە خەریکدەبن بنوون خۆی وەها پێشاندەدا کە گوایە پشت و هەموو لەشی رەق بوونە.. داوا لە هاوڕێیەکەی دەکا تا بیشێلی.. کە لە سەر زگ لۆی رادەکشی و هاوڕێیەکەی بە پێیان بەسەر پشتی دەکەوی.. دەست بە نکەنکان دەکا و دەبێژی:

- ڤیچەک خوراتر هاوڕێ.. ئەیەیەیەی.. ئەی باوەڕۆ.. ئەیییی.. ئەی لەبەر ئەو پێیانەت بمرم هاوڕێ.. خوارتر خوراتر هاوڕێ.. دە خوارتر خوارتر هاوڕێ.. (هەر خوارتر خوارتری پێ دەکا تا دەیگەینتە سەر قوون و لاڕانانی خۆی.. ئەوجا دەبێژی):

- هۆپ هاوڕێ.. دانیشە.. دە دانیشە هاوڕێ.. (هاوڕێیەکەی سەری سوڕدەمێنێ و دەبێژی):

- ئێ کوو.. ئاخر نابی دکتۆر.. کوو دانیشم؟!

- کورە دە دانیشە هەی مردییت نەمری.. ئەوێشم هەمووی رەق بووە.. با برەک گرانایییت بکەویتە سەر سمت و ئەو لاڕانانەم و بەڵکە هەندەک نەرمببنەوە.. (هاوڕێیەکەی ناچار لەبەر دڵی وی لاقانی دەخاتە لاتەنیشتانی دکتۆر و لەسەر سمت و نەرمایی لاڕانانی دادەنیشی.. هەر دەمودەست بە هۆی تینی گەرمیی ئەو سمتە نەرم و خڕکەڵەی دکتۆر هەندەک ئارەزووی دەورژێ و دەکەویتە جوولەجوول.. ئێ دکتۆریش زۆر بە وردە و لێزانە لەو بارەوە و هەست بەو دۆخەی هاوڕێیەکەی دەکا - ئێ ئەوە ئیشی خۆی بوو و دەیزانی کاتی هاتیە - ئیدی هەلەکە لە کیس نادا و یەکسەر دەست دەباتە پشتەوە و کیری هاوڕێیەکەی هەر لە نێو شەرواڵەکەی توند دەگری و هاوکات ئەولاو ئەولای پێدەکا و دەبێژی):

- ئۆوووو هاورێ.. دیاره ئەتووش بە خۆڕایی نامشێلی و داواکارییت هەیە؟ (هەر بە لێزانییەکەی خۆی برووسکە ئاسا بێ ئەوەی هاورێیەکەی لەسەر خۆی لابدا شەروالەکەی کە دۆخینەکەی لاستیکە دادەکێشتە خوارێ و سمتی بە رووتیی دەکەویتە نێو کۆشی هاورێیەکەی.. ئیدی ئەویش لە بارەکی ئەوها کە زۆر لەمێژە کەسەکی بە رووتیی لەگەڵە خۆی نەدیتیە و خەریکە سووی دەبتەوە لۆ گانەک.. لەو چۆلاییە و بەو شەوە قوونەکی ئەرمونۆڵ و سۆر و سپی بە رووتیی لە نێو کۆشی دایە و کیریشی وەک داری رەق ئامادەیە خۆ لە هەر کونەک بکوتی.. ئیدی خۆی لۆ ناگیرێ و یەکڕاست تێیدەپەستی و تا بنانیی دەباتێ.. پاش ئەوەی بە چەند تێنان و دەرهینان و ژەنینەک لە ماوەکی زۆر کەم کولوکۆی چەند ساڵەی خۆی دادەرژێ و هەناوی پڕدەکا.. ئیدی دکتۆری راستیی ڤیتدەبتەوە و دەبێژی):

- دەی راکشێ هاورێ با ئەوجا نۆرەی من بی؟! (هاورێیەکەی کە هەرگیز پێشترێ تشتی ئەوهای نەکردیە زۆر لێی تووڕە دەبی و هاوکات لەگەڵ ئەوەی تێر جوونی دەکا پڕدەداتە چەکەکەی و لێبڕادەکێشی.. پاش ئەوەی چەکی دەکا و دوو سێ قۆنداغە تفەنگیشیی دەخێوێنتێ هەر بەو شەوە و بێ چەک لەوێی بەجێدەهێلی و بەرەو بەشی تێکخستن دەگەڕێتەوە.. لەوێش هوورد و درشتی سەرهاتەکەیان لۆ هاورێیانی دەگێڕتەوە.. پاش چەند رۆژەک دکتۆری بێ چارەش بە شەرمەزارییەوە دەگەڕێتەوە کنیان.. ئیدی کۆبوونەوەکیان لەسەر سازدەکەن و دکتۆری راستیی لۆ ئێرە رەوان دەکەن و هاورێیەکەشی هەندەک سەرزەنشت دەکەن لێ هیچ سزایەکی نادەن ئەوە گوایە سووچی ئەو نەبووە و پاساوی ئەوەی لۆ دەهیننەوە کە چەکداری قوربەسەری شۆڕش لۆ خۆی خەریکە لە برسان چاوی دەردێ جا خواردنەکی ئەوها خۆشی لە پێش دابنێن هیچ چاری نییە و هەر دەبی بیخوا!).

- (دەرفەتەکم وەرگرت و گۆتم): وەی لەوەی.. چاو چاو؛ وەک ئەوەی باوە بە پێی شێوە و سەروسەکوتی بی هەرگیز لەوە ناچی کاری وەهای لێبوەشێتەوە! ئەرێ.. ئەوە نموونەکی چاکە لۆ ئەو کەسانەی هێشتا هەر لەسەر بنچینەی شێوە و بەژنوبالا بڕیار لەسەر چاکیی و خراپیی مرۆڤەکان دەدەن. ئێ پاشان.. ئەدی لێرە چیان پێگۆت؟

- پاشانی چی هاورێ.. لێرەش دکتۆری راستیی ریسوادەکەن و بە 'هەڵپەساردن' لە پلەی کادیرییەکەی سزای دەدەن. ئەو داخەی هەر لە دڵ دەرناچی کە بێ بەرانبەر دەگایرێ.. سەرەڕای ئەوەش هاورێیە خۆشەویستەکەی بەشی تێکخستنیشی لەدەستدەچی.. ئیدی زۆر زۆر تامەزرۆی گانکردنەک دەبی.. ئاخر دکتۆری راستیی پێشترێ لە رێکخستنەکانی شار بووە و هاوسەریشی هەبووە لێ کە ئاشکرادەبی تێیدەتەقێنی و دەبتە شۆڕشگێڕ.. هاوسەرەکەشی دەگیرێ و بنبزر دەکرێ و تا هەنووکەش هەر بێ سۆراغە. هەر لەو ماوانەش تووشی بە تووشی هاورێیەکی ئێرەش دەبی؛ ئەو هاورێیە ئەوەندە ساختەچی و داوێن پیسە کەسی لە بابەتی دکتۆر لە ئاسمانێش بی دەیقۆزێتەوە.. کەچی دکتۆری بەدبەخت بێ ماندییبوون و لەسەر زەوی بە پێی خۆی دێتە بەردەستی.. بە کورتییەکەی دەچتە بن کلێشەی دکتۆر و قسەک لەو قسەک لەوی دەکەونە دانوساندن.. لەبەرئەوەی دکتۆر زۆر برسیی و تامەزرۆی گان دەبی 'دوو بە یەک' لەگەڵی پێکدێ! ئەو رێکەتنەشیان ئەوها دەبی کە یەکەم جار دکتۆر دوو گانان بداتە وی ئەوجا پاشان ئەویش گانەکی بداتێ! پاش ئەوەی هاورێیە ساختەچییەکە دوو شەوان لەسەر یەک لە کاتی ئێشکگرییەکەی دوو گانی خۆی دەکا دەبێژی:

- جوان گێم لێبگره هەی دکتۆری تەڕەماشان.. ئەمن سەتی وەک تووم بردیته سەر ئاویٚ و ئاویشم نەداینیٚ.. دڵنیابە داوای گان و مانان لە من بکەی هەڕووون بە هەپڕوونت دەکەم.. جا بێدەنگیی لێبکەی زۆر باشترە لۆ خۆت.. هەر پێدرێژییەکیش بکەی ئەوە وەک کوو ئێستا ئابڕووت چووە دەچم لە کن نێوەندی ڕێکخستن و دار و بەردی ئێرە باسیدەکەم و دووبارە ئابڕووت دەبەمەوە.. زۆر لەوەش دڵنیابە کەسەکی وەک من کە چەندین خزمی نێزیکم بەرپرسی گەورە گەورەی نێو شۆڕشن لەسەر کەسەکی بێکەسی وەک توو سزا نادەن و هەر ئەتووش دەیدۆڕێنی.. (هەر لۆ چاوترساندنیشی دوو سێ شاپی تەڕیش دەخێوێنتە دوڕ قوونی، کەچی دکتۆری مەژیی پووچ وەها بیردەکاتەوە کە ئەو تازە هەر ئابڕووی چووە چووە.. با بچی لە نێوەندی ڕێکخستن سکاڵای لێبکا بەڵکە سزای بدەن و ئەوەش نەبتە گرێیەکی گەورە لەسەر دڵ و دەروونی.. زۆر خۆی بە لێزان و ئەزموونداز دێتە بەرچاوان و وەدەزانی لە کێشەی لەو جۆرە ئەو کەسەی پێشتریٚ سکاڵا دەکا ئەگەری بردنەوەی پتر دەبی یان بە لایەنی کەم ئەگەر نەشیباتەوە ئیدی سکاڵاکەر سزانادریٚ.. پاش ئەوەی سکاڵایەکەی دەکا ئەنجامەکەی ئەوە دەبی کە تەنێ یەک هەفتە هاوڕێیە ساختەچییەکە چەکدەکەن و خۆشی دوو مانگ بە دەستبەسەریی سزادەدەن تا بتانی لەو ماوەدا خۆی بگۆڕی و واز لەو ڕەوشتەی بهینی ئەگەر نا ئەوە لە شۆڕش دەریدەکەن! جا هاوڕیٚ وەک دەبینی ئێستا دەیان کێشەی لەو بابەتە و خراپتریش لە نێو ڕێزەکانمان هەن و هیچیان پەیوەندییان بە ململانێی هزریی و رامیارییەوە نییە و بە تەواویی جەستەی شۆڕشیان داڕزاندیە.. سەت خۆزیە کێشەکانمان هەمووی وەک ئەوەی توو دەبوون.. ئەو هەڵوێستەی توو هەم جێی ڕێز و ستایشە لە لای شۆڕشگێڕە سەرڕاست و دڵسۆزەکان هەم باشترین جوولەیە لە پێناو خەملاندنی ئاسۆیەکی ڕۆشن لۆ گۆڕانکاریی و خستنەوەسەر ڕێی شۆڕش بە ئاراستەی وەدیهنانی ئامانجەکانی گەل.. لێ ئەوەش کار و تێکۆشانی زۆری گەرەکە و هومێدەوارم لێی ساردنەبینەوە. هاوڕیٚ ئێستا کاتی نانخواردنە و با بچین نانەکەمان بخۆین.. دەکریٚ کاتەکی دیکە بە درێژیی لە بابەتانە بدوێن).

* * *

چەند ڕۆژەک پاشتریٚ سکاڵای خۆم لەسەر بەرپرسی بەشی تێکخستن کرد، دیارە نیازی من هەر ئەوە بوو تا بتانم لەویٚ بمینێمەوە و وردە وردە کارەکانی خۆم ئەنجامبدەم، هەروەک جاری بەریٚ هیچ سزایەکی بەرانبەرەکەمیان نەدا بەڵکە ئەمنیان سەرزەنشت کرد و بە هەڵپەساردن و مانگەک مانەوەم لەویٚ سزایان دام! ئەوەش لەسەر ئەوەی گوایە ئەمن هەر خۆم سەر بە کێشە و گرفتم و لە هیچ جێیەک ناحەوێمەوە و ناتانم بە پێی پێویست ڕێز لە بەرپرسی سەرێی خۆم بگرم! لێ باش بوو ئەمن نیشانەکەی خۆم پێکا واتە مانەوەکەم لەویٚ مسۆگەر بوو!

دیسان دوو بە دوو لەگەڵ هاوڕێیە زۆر نێزیک و بە ئەزموونەکە دانیشتین و گۆتی:

- ئێی هاوڕیٚ.. ئەنجامی سکاڵایەکەتم زانی، لە ڕاستییدا ئەوانە زۆر بێ ڕەوشتن.. ئاخر ئەوانە ئی ئەوە نین گێ لە سکاڵا و ڕەخنەی هیچ کەسەک ڕابگرن کە هێندەی سەری نووکە دەرزییەک زیانی لۆ بەرپرسان هەبی.. ئەگەر بشزانن کەسەکە ڕاستگۆیانە لەدوو ئامانجەکانی میللەتە ئەوە هەر هیچ و فەرامۆشی دەکەن.. لەبەرهەندیٚ پێمخۆشنەبوو هوورد و درشتی کێشەکەی خۆت وەگۆڕیٚ وەرکردبوو.. دەی هەرکووەک هەیە گرنگ

نییە.. دەبی ئەتوو سەربەرز بی بەوەی کە لە پێناو راستیی و تێڕوانینی خۆت سزایانداى (بە پێکەنینەوە) ئێ خۆ ئی توو هیچ نەبی وەک ئی دکتۆری راستیی و ئەو کەسانە نییە کە لەسەر ئارەزووبازیی سزا دەدرێن.. هەرچەندە ئارەزووبازییش مافەکی مرۆڤە لێ بەو شێوە و هەموو تشتەکی لە پێناو دابنێی ئەوە کاری شۆڕشگێڕان نییە..

- زۆر راستە هاوڕێ.. جا خۆت ئەمن باش دەناسی.. نەک هەر بەو کێشە نیگەران نیم کە هیچ سووچی منی تێدانییە بەڵکە ئەگەر سووچی منیشی تێداهەبی ئەوە هەر خۆمی پێ ناخۆمەوە چونکێ کارکردنی رامیاریی بێ هەڵە و ئەزموون وەرگرتن لێی کاری کردەنیی نییە و زۆر ئەستەمە ئەنجامی ئەرێنیی لێوەدەستبێ. با واز لەوە بینین هاوڕێ.. ئەمن حەزدەکەم بزانم ئێستا ئەتوو هیچ پەیوەندییەکی رێکخراوەییت بەو بزاڤە نووە هەیە یان هیچ کەسەکیان دەناسی لەو نێوە بتانین بیبینین؟

- نا هیچ پەیوەندییەکەم پێیانەوە نییە.. هەڵبەتە دەزانم دەتەوێ بزانی لۆ؟ لەبەر دوو هۆ.. ئەوانیش یەکەم: ئەمن خزم و کەسی بەرپرس و مەرپرسم زۆرن لە نێو شۆڕش و بە هۆی ناوبانگی ئەو برایەشم کە گیانیبەخشی هەموویان چاوانیان لەسەر منە.. دواییش هەر راستەوخۆ لە 'نووسینگەی رامیارییە'وە هاییدار کرایمەوە کە خۆم بەو سەرلێشێوایانە - وەک ئەوان دەبێژن - تووشی دەردەسەریی نەکەم.. واتە چاودێرییەکی وەهام لەسەرە کە ناتانم هیچ پەیوەندییەکی رێکخراوەیی لەگەڵ ئەندامانی ئەو بزاڤە ببەستم.. هێندە سەرکوتگەر و دژە ئازادیین تەنانەت لێپێچینەوە لەسەر پەیوەندیی و هەڵسوکەوتە ئاساییەکانی رۆژانەی ژیانیشم دەکەن! واتە لەگەڵ بەستنی سادەترین پەیوەندییم بەو رێکخراوە دەبی یەکسەر ئەو دەڤەرانە بەجێبهێلم بەوانەوە پەیوەستببم.. ئەوەش لەو دەمەدا لۆ من باش نییە و ناگونجێ. دووەمیش: هێشتا ئەمن لە رووی هزریی و رامیارییەوە لەو رێکخراوە دڵنیا نیم و نازانم بە چ لایەکدا دەکەوی.. یەکێتییەکی هزریی دیار و ئاشکرای نییە و دەستەگەریی زۆری تێدایە و بەرنامەکی رۆن و راشکاوی نییە.. سەرەڕای ئەوەش هاییم لێێە خەڵکەکی زۆر بە هۆی بێ توانایییان یان کێشەی کەسیی و ململانێ لەسەر پلە و پایەی بەرپرسیی ئەو هەلەیان قۆزتیتەوە و پێیانەوە پەیوەست بوونە هەروا هەندەک کەسیش وەک دەست و دووزمانیی خۆیان خزاندیتە نێویان.. بە کورتییەکەی چارەنووسیان زۆر رۆشن نییە و هەندەک تەمومژاوییە. دەربارەی ئەوەش کە هیچ کەسەکیان بناسم لەو نێوە.. جا کەسیان هێشتیە!؟ ئەوەی بە پەلە تانی خۆی ڤوتاربکا ئەوە باش بوو.. ئەوانەی دیکەش هەر کێی بە ئاستەم بۆنی ئەوانی لێدەهات یان ئەوەتە وان لە ژێر پیسترین ئەشکەنجەدا دەنارێنن کە زۆر لە ئەشکەنجەی دڕاندانەی زیندانەکانی رژێمی تێپەڕاندیە! یان ئەوەتە وان لە نێو بە ناو زیندانەکانی شۆڕش و لەگەڵ ئەو دیلانە زیندان کرانە کە چەکداری خۆفرۆش یان سەرباز و چەکداری سوپای میلیی رژێمن! خۆ تازە نییە ئەتوو ئەوانە دەناسی هاوڕێ؟!

- لەگەڵ زۆربەی تێڕوانینەکانت دام هاوڕێ.. بە تایبەتییش کە ئەو رێکخراوە بەرنامەکی رۆن و راشکاوی نییە.. لێ ئەمن هەر پێم باشترە بتانین پەیوەندییەکیان لەگەڵ ببەستین و تەنانەت ئەگەر بتانین لە رووی رێکخراوەییشەوە کاریان لەگەڵ بکەین.. چونکێ سەرەڕای هەر رەخنە و تێبینییەکمان لەسەریان بزاڤەکی تازەن و لە رووی تیۆرییەوە خۆیان بە بەرگرییکەری ئامانجە چینایەتییەکانی کرێکاران و رەنجدەران دەزانن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە رەوتەکی پێشڤەرۆن و باوەڕیان بە ئازادیی بێ بەند و مەرجی رامیاریی و رێکخراوبوون هەیە هەروا دژ بە شەڕی نێوخۆ و پاوانکردنی گۆڕەپانی رامیاریی و سەربازیین.. ئەوانەش

**هەمووی نیشانە و ئاکاری زۆر چاک و پێویستن لۆ هێزەکی رامیاریی ئەگەر لە ژێر رۆشنایی هزر و رێبازەکی یەکسانیخوازانە و نەتەوەییانە و مرۆڤپەروەرانە پێشڕەویی و سەرپەرشتیی بکرێ. ئەمن وەهای دەبینم پەیوەستبوونمان پێیانەوە ئەرکەکی زۆر شۆڕشگێڕانەیە.. ئەرێ بە راست.. ناکرێ یان ناتانین بە شێوەکی نهێنیی پەیوەندیی لە تەک ئەو زیندانییانەی باستکردن ببەستین.. تا بەڵکە بتانین دەرفەتی هەڵاتن و رزگاربوونیان لۆ بڕەخسێنین؟**

**- ئەمن رێز لە هەموو رایەکانت دەگرم هاوڕێ.. چەندی لە تواناشمدا هەبی هاریکارییت دەکەم.. لێ لە بارەی زیندانییەکان لەگەڵتدا نیم چونکێ نەک خەڵکی وەک من و توو کە هیچ نەبی لەبەرئەوەی دڵسۆز و پیاوی بەرپرسان نین زۆر بە هووردیی چاودێرییمان دەکەن و ناتانین هیچ جوولەک بکەین.. بەڵکە هیچ هاوڕێیەک تەنانەت خەڵکی ئەو گوندانەش ناوێرن بە تەنیشت ئەو زیندانانەدا بڕۆن.. هەر کەسەک بە ئاستەم لێیان نێزیک ببتەوە ئەوە پەلکێشی زیندانێی دەکەن و بە توندترین شێوە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەن و کێشە و گرفتی گەورە گەورەی لۆ چێدەکەن و سزایدەدەن.. لەبەرئەوە بیر لەوە نەکەیەوە باشترە، سەبارەت بە خۆشم وەک گۆتم جارێ نامەوێ پەیوەندییم پێیانەوە هەبی.. ئەمن دەتانم ئەتوو بە هەندەک لە هاوڕێیانی ئەوان بناسێنم.. لێ لەو نێوە نین بەڵکە لەو گوندانەی ئەوبەرین کە دەکەوێتە سنووری نێوانی مە و پارتیەکانی دیکە.. ئەگەر پێت باشە ئەوە نامەکیان لۆ دەنووسم و هەر خۆت ببیە و سەردانەکی کورتیان بکە.. هیچ غەمت نەبی نامەی من بە دەست هەر یەکەکیان بگا وەک نێزیکترین هاوڕێ دەبیە جێی بڕوایان، ئیدی پاش ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستی و زانیاریی چاک لە بارەی بزاڤەکە وەردەگری وەرەوە و لێرە بە نهێنیی کار لە نێو ئەو گەنجانە بکە.. (پاش ئەوەی شادمانیی خۆم بەو پێشنیارەی دەربڕی و ماوەی هەفتەک هەر خەریکی قسە و باسی چڕوپڕ بووین لەسەر ئەو بزاڤە نووە.. رۆژەکیان نامەکەی نووسی و دایە دەستم.. کاتەک پێناسەی ئەو هاوڕێیانەی لۆ کردم کە بڕیاربوو پەیوەندییان پێوەبکەم.. یەکەکیان هاوڕێیەکی نێزیکی خۆم دەرچوو! زۆر دڵخۆش بووم بەوە.. ناوی گوندەکان و هەندەک زانیارییشی لەسەر رێیەکان دامێ.. نامەکەم لە بەرکم نا و پێمگۆت):**

**- باشە خۆ ئەمە هیچ بیرمان لەوە نەکردیتەوە کە ئەمن لە باری هەڵپەساردن و مانەوە دام لێرە.. بە چ شێوەک داوا لە نێوەندی رێکخستن بکەم کە دەمەوێ سەردانی ئەو دەڤەرە بکەم؟ نازانم وێناچی بە هاسانیی رێم بدەن.. ئەتوو بیرت لۆ هیچ تشتەکی ئەوها دەچی کە رێی تێبچی لۆ ئەو سەردانەی من؟**

**- نا نا غەمی ئەوەت نەبی.. بیرم لەوەش کردیتەوە؛ نەخشەکم داڕێژتیە کە زۆر بە هاسانیی رێت بدەن و هیچ گومانەکیش لە سەردانەکەت نەکەن! ئەتوو خزمە بەرپرسە هیچوپووچەکەی خۆت باش وەبیردێ کە لە شەڕی نێوخۆ تێچوو.. ئەو رێزی زۆری لە کن بەرپرسە قارەمانەکانی شەڕی کەونەپەرستانەی نێوخۆ هەبوو چونکێ چەتە و پیاوکوژی خۆیان بوو.. بێ گومان دەشزانی کە ئەو خزمەتان هەر لەو دەڤەرە کوژرا کە ئێستا ئەتوو لۆی دەچی و گۆڕەکەشی هەر لە گۆڕستانی هەمان ئەو گوندەیە کە ئەو هاوڕێیانەی لێن.. جا هیچ لەوە باشتر نییە.. لەو چەند رۆژەی دادێ هەر باسی ئازایەتی و نەبەردییەکانی ئەو لە کن بەرپرسانی ئێرە گەرم بکە و وەهای پێشانبدە کە زۆر سەرسامی بە کارە شۆڕشگێڕییەکانی و زۆر یادی دەکەی! پاشانیش دەتانی بێ ئەوەی هەست بە هیچ بکەن بە سووک و هاسانیی داوای مۆڵەتەک بکەی کە دەتەوێ بچیە سەر گۆڕەکەی!**

- دەستخۆش هاوڕێ.. بە راستیی نەخشەکی زۆر باشە.. ئەگەر هەر ئەوها بێتەدووێ و بتانین نەخشەی ئەوها چاک لۆ ئەو گرفتانە ببینینەوە کە دێنە پێشمان ئەوە کارەکانمان زۆر هاسان دەبن.. (لە ماوەی چەند رۆژەک نەخشەکەم زۆر بە هووردیی جێبەجێکرد و وەک ئەوەی ویستمان سەریگرت.. ئیدی وەڕێکەتم).

گەیشتمە گوندەکە.. وەهام لە خەڵکەکە گەیاند کە لۆ سەردانی گۆڕی خزمەکەم هاتیمە، یەکەم جار ئەو هاوڕێیەم دیت کە خۆم دەمناسی و پاشانیش چەند هاوڕێیەکی دیکەشم بە نهێنیی دیتن.. لە ماوەی چەند رۆژەک بێجگە لە وەرگرتنی زانیارییەکان رایەڵە و شیرازەیی رێکخراوەیی و بەرنامەی کارەکانم لەگەڵیان رێکخست و ئیدی خەریکبووم خۆم سازدەدا تا بەرەو نێوەندی رێکخستن بگەڕێمەوە.. کەچی هەر ئەو رۆژە نامەکی گچکەم لەو هاوڕێیەوە وەدەست گەیشت کە بە کەسەکی گوندەکانی ئەوێ ناردبووی.. کە نامەکەم کردەوە دیتم نووسیبووی:

«هاوڕێی بەڕێز کاک (.......).. تکایە بە هیچ شێوەک نەگەڕێیەوە.. چونکێ بڕیارە هەر کە گەیشتیەوە ئێرە بتگرن.. گوایە ئەتوو سەر بەو بزاڤە نووەی.. وێدەچی ئەوە لە رێی گیرانی هاوڕێیەکەوە کە هەر پاش رۆیشتنی توو دەستگیرکرا ناوت کەتبێتە نێو ناوان و بڕیاری دەستگیرکردنتیان دابی.. هەرچەندە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەو بزاڤەوە نییە تەنێ ئەوە نەبی کە کەسەکی بە هەڵوێست و راستگۆیە و ناتانی لە بەرانبەر ستەم و ناڕاستییەکان خۆی بێدەنگ بکا و قسان نەکا.. لێ دەبێژن ئەشکەنجەکی زۆر پیسیان دایە و هەموو جەستەیان تێکشکاندیە.. ئەویش هەر لە ژێر ئەو گوشارە هەر لەخۆوە ناوی زۆر کەسی دایە بێ ئەوەی بزانی کار لەگەڵ ئەو بزاڤە دەکەن یان نا! جا دووبارەی دەکەمەوە کە نەکەی بێیەوە.. دەبی هەموو گریمانەک لە پێش خۆت دابنێی.. دەکرێ گومان بخەیە سەر هاوڕێیە تازەکانی ئەوێشت.. هەروا دەبی لەوێش زۆر هاییت لە خۆ بی چونکێ لەدەستیاندێ لۆ پاکتاوکردنی خەڵکی ئەو بزاڤە هێرش بکەنە سەر ئەو دەڤەرەی ئەوێش... رەنگە زۆر راستتر و باشتر بی کە هەر لەوێ نەمینێی و خۆت بگەیێنیە ئەو هاوڕێیانەی کە لە بەری پارتیەکانی دی جێی خۆیان کردیتەوە.. ئەتوو کە نەتانی بگەڕێیەوە ئێرە و هەستیش ناکەم لەوێ پێویستییەکیان بە توو هەبی ئەوە هەر بیپەڕیەوە ئەوبەر باشترە کە بێ گومان لەوێ دەتانی باشتر کار و تێکۆشانی خۆت ئەنجامبدەی، ئەگەر چوویە ئەوبەر تکایە خۆت لە ململانێیە دەستەگەرییەکان بپارێزە، جارەکیان لەگەڵ توو باسی هەندەک هاوڕێی ئەوێم کرد.. دڵنیام سوود لەوان دەبینی ئەگەر بتانی پەیوەندییان لەگەڵ چێبکەی. غەمی منت نەبی.. رۆژەک هەر دادێ بتانبینمەوە. هاوڕێت (......)».

پێشبینییەکەی راست دەرچوو؛ هەر پاش دوو هەفتەک هێرشیان کردە سەر دەڤەرەکە.. لێ ئەمە کە پێشترێ زانیبوومان هێرش دەکەن.. ئەو هاوڕێیانەی کە ئاشکرابووین یان گومانیان خستبووە سەرمان بەر لە هێرشەکە هەموومان پەڕیبووینەوە ئەوبەر و بە هاوڕێیانی خۆمانەوە پەیوەست بووین.

- ١٢ -

لێرە لە نێو ئەو بزاڤە نووە وەهام دەهاتە بەرچاوان کە پەیوەندییەکانی نێوخۆمان زۆر هاوڕێیانەتر و زۆر مرۆییانەتر بن؛ لەو سەرەتایەماندا لە ژیان و هەڵسوکەوتکردنمان لەگەڵ یەکدی یەکسانییەکی چاکمان لە

نێوان خۆمان چێکردبوو به جۆرەک که هەستمان به هیچ هەڵاواردنەک نەدەکرد.. نه جوایەزیی له خواردن و جلوبەرگ نه جوایەزیی خۆسەپێنەرانەی پله و پایەی عەسکەریی و رامیاریی نه جوایەزیی کەونەپەرستانەی شارچییەتی و نێوچەگەریی... زۆر راشکاوانەش بڕیاری ئەوەمان دابوو که به هیچ جۆر و شێوەک شەڕی نێوخۆ نەکەین.. لێ بارودۆخەکی فره فره سەخت و دژوارمان هەبوو.. چون تازه دەسته سەرەتاییەکانی هێزی چەکدارییمان دادەمەزراند و ئاوری شۆڕشمان سەرلەنوێ دادەگیرساندەوە.. هەروا هیچ بنەما و پێگەکی جڤاکیی و جەماوەرییمان لەو دەڤەرانه نەبوو.. خەڵکی گوندەکان به هۆی ئەوەی ئەمه له نێو پارتیەکی زۆر شەڕکەرەوە هاتبووین لێمان دەترسان! ئاخر ئەو پارتیەی پێشانمان چەندین دروشمی بێزەوەری لەو بابەتەی هەبوو 'ئەگەر کەس نەبوو شەڕی لەگەڵ بکەی ئەوه له خۆت بدەوە'! به کورتییەکەی ناوبانگی به دڕندەیی دەرکردبوو به تایبەتییش له شەڕی نێوخۆ تەنانەت سەرکردەکی هێنده خوێنڕێژیان هەبوو چەکداری له شاخەوە دەنارده شار تا پاکتاوی لایەنگران و هاوڕێیانی لایەنه دژبەرەکانی دیکەی رژێم بکا! ئیدی ئاکنجیانی دەڤەرەکه هیچ هەست و سۆز و خۆشەویستییەکیان لۆمان نەبوو و به چاوەکی دوژمنکارانه لێمانیان دەڕۆنی.. بێ جلوبەرگ و بێ پاره و خواردنی پێویست بووین.. که پارچه جلکەکمان وەدەست دەکەت پارچەکەی بەرمان فڕێدەدا چونکێ هێنده ئەسپێ و رشکی لێدابوو به کەلکی ئەوه نەدەهات بیشۆی و له جێیەک بیشاریەوه تا جارەکی دیکه دەبەربیکەی.. تەنانەت چەکی پێویستیشمان نەبوو و زۆرەک له هاوڕێیان هەر بێ چەک بوون.

نێوچەکی فره عەنتیکه و بالکێش بوو له رووی پێکهاتەی جوگرافیای رامیاریی و سەربازییەوە.. زۆربەی زۆری پارتی و رێکخراوه دژبەرەکان لەوێ هەبوون و هەر یەکه و به رێژەک پێگه و بوونی خۆیان تێیدا هەبوو.. هەروەک ئەوبەری نێوچەی ئازادکرا و نێوچەی رووبەڕووبوونەی نێوان هێزەکانی شۆڕش و رژێمی هەبوون.. هەروا هەندەک جێی هاوبەش یان تێکەڵاوی نێوان شۆڕش و چەکداره بەکرێگیرایەکانی رژێمیشی هەبوون! ئەو باره نامۆیەی تێکەڵاویی و پێکەوەژیانەی شۆڕش و ئەو جۆره چەکدارانەی رژێم که هیچ لایەکیان رێگرییان له یەک نەدەکرد و پەلاماری یەکدیان نەدەدا زۆر به قورسیی لۆ مه هەرسدەکرا.. زۆر جار لەو جێیانه شۆڕشگێڕانی لایەنەکانی دیکه بێ ئێشکگرتن لێی دەنوستن.. به لای مەوه زۆر سەیر بوو و زۆر مەترسیداریش دەهاته بەرچاوانمان! که پێماندەگۆتن کوو دەبێ ئەوها له نێو ئەو هەموو چەکداره خۆفرۆشەی رژێم بێ ئێشکگر بن؟! زۆر به سادەیی دەیانگۆت غەمتان نەبی.. ئەو چەکداره باشانه خۆیان ئێشکگرمانن! لێ ئەمه هەر بڕوامان نەدەهات و ئێشکگرمان هەر لۆ خۆمان دادەنا.. سەرەتا گومانی ئەوەمان هەبوو که یان ئەوەته شۆڕش لەو دەڤەره وەک تاکتیکەک ئەو پەیوەندییەی به جۆرەک له جۆرەکان رێکخستیه یان ئەوەته هەندەک له بەرپرسی لایەنەکان ژێرەوژێر دەستیان لەگەڵ رژێم هەیە، پاشان ورده ورده تێگەیشتین که خەڵکی ئەو نێوچەیه تەنێ له پێناو بەرژەوەندییه مادییەکانی خۆیان چەکی رژێمیان هەڵگرتیه و وەک خەڵکی هەر نێوچەکی دیکه هەستی نیشتیمانپەروەیی و نەتەوەپەرەرییشیان هەیه و ئیدی لەگەڵ پارتیەکان رێکەتینه که رێ له یەکدی نەگرن و شەڕی یەک نەکەن.. رژێمیش ئەوەی لۆ وەدەرکەتبوو که ئەگەر گوشار بخاته سەر ئەو چەکدارانەی تا شەڕی شۆڕشگێڕان بکەن ئەوه نایکەن و کێشەکه گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبی و ئیدی شۆڕش به هاسانیی دەست بەسەر ئەو جێیانه دادەگری و ئەو چەکدارانەشی دەکەونه بەرەی شۆڕش.. بەوەش مەترسیی دەکەویته سەر ئەو جێیانەش که لەوێ نێزیکن.. لەبەرهەندێ ئەوانیش به پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بێدەنگییان لەو رێکەتنەی نێوان شۆڕش و ئەو چەکدارانەیان کردبوو!

دەومان لە زۆر پرسی گەورە گەورە دەکوتی.. وەک؛ هەڵسەنگاندنی شۆڕشە گەورەکانی جیهان.. سۆشیالیزم.. بیردۆزی سێ جیهانیی.. سۆشیال ئیمپریالیزم.. شۆڕشی گەلانی بندەست.. نەخشەی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی.. نەخشەکانی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و جیهانی سەرمایەداریی.. جیهانگیریی و... تد.. زۆربەی هەرە زۆری ئەزموونەکانی بزاڤە کۆمۆنیست و سۆشیال دیموکرات و نەتەوەیی و میللییەکانمان بە ناتەواو دەزانین یان هەر رەتماندەکردنەوە، هەرچەندە بە هۆی هەبوونی دەستە و کۆمەڵی جودا جودا لە نێومان هێشتا لەسەر یەک دروشم کۆک نەبووین لێ بە شێوەکی گشتیی دروشمی رووخاندنی رژێم و بنیاتنانی سۆشیالیزم - سۆشیالیزمەک کە وێنەی نەبوو لە جیهان! - دروشمی نێوکۆییمان بوو، بە کورتییەکەی لە گفتار زۆر چاک و گەورە و شۆڕشگێڕ خۆمان پێشاندەدا کەچی لە رەفتار زۆر گچکە و بێ هێز و بێ باندۆر بووین، دۆستایەتی و پەیوەندەییەکانمان لەگەڵ هیچ لایەنەک باش نەبوو.. لە هەموو دەڤەرەکە تەنێ یەک بنکەی گچکەمان هەبوو ئەویش زۆر دوورەدەست و لاپەڕ بوو.. ماوەکی زۆر زەخیرەی بنکەکەمان لە لایەن پارتیەکی دیکەوە لۆ دابین دەکرا کەچی هەردەم لە رووی رامیارییەوە بە ئاشکرایی هێرشمان دەکردە سەری و بە چەپی لادەر ناوماندەبرد!

لە سەرەتای جێخۆشکردن و جێگربوونمان بە شێوەکی بەرچاو و خێرا لە بوژانەوە و گەشەکردندا بووین.. لێ بە هۆی لاوازیی یەکێتیی هزریی و رامیارییمان و نەبوونی سەرکردایەتییەکی لێزان و لێوەشاوە بە تایبەتییش نەبوونی رابەرەکی بە ئەزموون و بە توانا کە هەمووان پێیەوە پابەند بن.. بەرە بەرە ناکۆکیی و ململانێیە نێوخۆییەکانمان دەتەقینەوە تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە بە تەواویی بێسەروبەر و شپرزە ببین؛ بەسەر چەندین دەستە و کۆمەڵی جودا جودا دابەش ببووین بە جۆرەک کە هەر بەشەکمان تێروانین و کار و جوولە و تەنانەت قسەشی لە نێو خەڵک و پارتیەکان جوایەز بوو.. تەنێ لە یەک تشت کە لە سەتا سەت تێیدا هاوبەش بووین ئەویش ناوی رێکخراوەکەمان بوو، کار گەیشتبووە ئەوەی زۆر جار کە دوو دەستە چەکداری خۆمان تووشی یەک دەبووین کتومت وەک ئەوە دەهاتە بەرچاوان کە دوو پارتین و رکمان لە چارەی یەکدی دەبتەوە! شەوەک دوو دەستە چەکداری خۆمان لە جێیەک پێکەوە دەنوون.. لایەکیان کەسەکی دەستبەسەریان لەگەڵ بووە - کەسەکە هەر چەکداری خۆمان بوو و بە ناوی ئەوەی کە دەستی لەگەڵ رژێم هەیە دەستبەسەر کرابوو - کەچی لایەکەی دیکە دەرفەتیان لۆ ئەو کەسە رەخساندبوو هەڵبێ تەنانەت ئەگەر خۆی رادەستی رژێمیش بکاتەوە! بە کورتییەکەی یەک گێلەوێژەی رامیاریی و رێکخراوەیی و عەسکەریی بوو کەس بە کەس نەبوو، لە دەرێی گۆڕەپانی راستەوخۆی خەباتیش لە هەندەک وڵات نوێنەرمان هەبوو.. لە وڵاتی دراوسێش کە ئەوانیش رژێمەکەیان داگیرکەر بوو و تا سەر ئێسکان کەونەپەرست و دژەمرۆیی بوو لێ لەبەرئەوەی شەڕیان لەگەڵ رژێمە ستەمگەر و داگیرکەرەکەی مە هەبوو لە چارچێوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتی و لایەنە دژبەرەکان رێیان دابوو ئەمەش وەک رێکخراوەکەی خۆمان بارەگەکمان لەوێ هەبی.. لێ بارودۆخەکەمان لەوێش زۆر زۆر بێسەروبەرتر و خراپتر بوو لە ئی نێوخۆ؛ کۆمەڵە بەرپرسەکمان هەبوو لەوێ هەمیشە هەر لە جێی گەرم و نەرم و بێ ماندیبوون دەگەڕان و ئامادەبوون نەک هەر رێبازەکەیان بەڵکە هەموو شۆڕشیش لە پێناو پلە و پایە و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دابنێن.. ململانێیەکان زۆر نابەجێتر و توندوتیژانەتر بوون لەوێ.. لەسەر سادەترین جوایەزیی بیروڕا سەروگێلاکی یەکدیان دەشکاند! جاری وەها هەبوو لەسەر تشتی هێندە پڕوپووچ وەشەڕدەهاتن هیچ بەهایەکی نەبوو و زۆر زۆر جێی شەرمەزاریی بوو لە نێو بزاڤەک ئەوە

رووبدا که خۆی به چەپ و پێشڤەڕۆ و نوێنەری کرێکاران و چەوساوان دەزانی. هەرچەندە ئەمە لە ڕێکخراوەکەی خۆمان پەیوەندییەکەمان لەسەر ئەو بنچینە داڕێژتبوو که دەکرێ دوژمنی دوژمنت دۆستت بی و بە شێوەکی تاکتیکیی سوودی لێببیندرێ.. لێ بێ ئەوەی خۆمان بمانەوێ و تێیدا بەشدار بین لە چارچیوە گشتییەکەدا لە رووی رامیارییەوە ببووینە بەشەک لەو پەیوەندییە گومانکارییەی نێوان دژبەران و رژێمە دراوسێیە ستەمگەرەکە.. هەڵبەتە ئەمە بە هیچ شێوەک بەشداریی هیچ چالاکییەکی سەربازیی ئەوانمان نەکرد و پێویستە ئەو مێژووەش لەیادنەکەین کە هیچ یەکەک لە دوژمنەکان نەیانتانی ڕێکخراوەکەی مە و چەند پارتی و ڕێکخراوەکی دیکە وەکارببەن واتە بە هیچ جۆر و شێوەک نەبوونە هۆکاری ئەو تاوان و کۆمەڵکوژییانەی بەسەر میللەتەکەمانیان هانی.. لێ زۆربەی پارتی و لایەنە دژبەرەکانی دیکە وەک کەوا سۆری بەر لەشکری دادگیرکەرانیان لێهاتبوو و هەر ئەوەش بووە یەکەک لەو هۆیانەی کە سوپایە دڕندەکەی رژێم و چەتە خۆفرۆشەکانیان پتر بیانوو بە میللەت بگرن و هێرش و پەلامارەکانیان توندتر و بەرفروانتر بکەن و بە شێوەکی زۆر هۆڤییانە بە هەزاران خەڵک پێکەوە بە گازی کوشندەی جۆراوجۆر کۆمەڵکوژ بکەن و بە سەتان گوند و شارەدێ و شارۆچکە تەختی زەوی بکەن و ئاکنجیانیشان کۆمەڵ کۆمەڵ بنبزر بکەن و پاشانیش لە دەیان گۆڕی بەکۆمەڵ بە ساغیی بیانخەنە ژێر خاک... بە کورتییەکەی ئەو کارەساتانە بوونە لەکەکی پیس بە نێوچاوانی زۆربەی هێزە دژبەرەکارەکانیش.. کۆمەڵی نێودەوڵەتییش لەو دەم لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە رامیاریی و ئابوورییەکانی دەسەڵاتەکانیان نەک هەر بێدەنگییان لە ئاست ئەو هەموو کارەساتە دژەمرۆییانە کرد بەڵکە هەر خودی توانایە سەربازیی و مادییەکانی رژێمیش لە لایەن ئەوانەوە دابین دەکران!

هەر لە سۆنگەی ئەو بارودۆخە خراپانەی نێوخۆمان بە تایبەتییش نەبوونی هیچ یەکێتیەکی هزریی و رامیاریی و تەنانەت عەسکەرییش لە لایەک و دابڕانمان لە جەماوەر بە گشتیی و دەستڕانەگەیشتمان بەو خەڵکەی کە لە نێویاندا سەرمانهەڵدابوو لە لایەکی دیکەوە.. هەر زوو بەو راستییە گەیشتم کە ڕێکخراوەکەمان هێلکەکی پیسە و هەرگیز ناتروکێ.. تەواو بێ هومێد ببووم لەوەی کە ئەو شۆڕشە رۆژەک لە رۆژان هیچ ئامانجەک وەدەستبێنی.. لێ لە روانگەی ئەوەی کە مانەوەی ئەو شۆڕشە ئەگەر زۆر لاوازیش بی یان تەنانەت ئەگەر کۆمەڵە چەکدارەکی زۆر کەمیش بین و بتانین خۆڕابگرین و بمێنیینەوە ئەوە ورە و هێز و هۆمیدەکی زۆر دەداتە جەماوەر.. هەروا لەو روانگەشەوە کە هیچ بزاڤ و شۆڕشەک ناتانی بێ هەبوون و پاڵپشتیی هێزەکی چەکدار لە بارودۆخەکی ئەوها کە رژێم لەوپەڕی هەژموون و دڕندەیی خۆیدا بوو سەرهەڵبدا و گەشە بکا.. درێژەدانم بەو شۆڕشە چەکدارییە زۆر زۆر بە پێویست دەزانی.. لەبەرهەندێ کەتمە مرومۆی ئەوەی سەنگەری خۆم بگۆزمەوە نێو لایەنەکی دیکە کە بە لایەنی کەم هەندەک لە هزر و تێڕوانینە رامیارییەکانم نێزیک بی و بتانم تێیدا بێجگە لە ئەرکە چەکدارییەکە پتر گرنگیی بە خۆپەروەردەکردنی رامیاریی و رۆشنبیریی خۆشم بدەم و ئەگەر دەرفەتیش برەخسێ ئەوە لە لایەنی هزریی و وێژەییشەوە راشکاوانەتر دەست لۆ نووسین ببەم، ئەوە بوو رۆژەک لە بۆنەکدا ژنەکی چەکداری پارتیەکی دیکەم ناسی کە بێجگە لەوەی هەردووکمان ئەندامی دەستەی ئامادەکاریی بۆنەکە بووین؛ ئەو شانۆگەرییەکی پانتۆمایمی پێشکەش کرد و ئەمنیش دوو پارچە نووسینی خۆم خوێندەوە.. بە پێی تێگەیشتنی ئەو کاتەم شانۆگەرییەکە زۆر سەرنجی راکێشام و لە کنە خۆم وەهای لێتێگەیشم کە لایەنە هونەرییەکەی زۆر جوان و وەپێز بوو.. بە کورتییەکەی ئەوە بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی فەرهەنگییانە لە نێوان من و ئەو ژنە دروست ببی و ببینە هاوڕێ.. پاشانیش لە ڕێی

تێکەڵبوونم بە هاوڕێیانی ئەوان هاوسەری ژنەکەشم ناسی و ئەویش بووە هاوڕێیەکی نێزیکم.. ئیدی هەر لە ڕێی ئەو دوو کەسە و بەرپرسەکی عەسکەرییانەوە بە هێزە چەکدارەکەیانەوە پەیوەست بووم و سەنگەری خۆم گۆزتەوە نێویان.

- ١٣ -

ئێرە جیهانەکی زۆر جوایەز بوو لە کنم.. هیچ پێشینەکی هاوڕێیەتی و ڕێکخراوەییم لەگەڵیان نەبوو تەنێ چەند کەسەکم لێدەناسین.. چەندین میللەت و خاوەن پێشینەی چەندین دین و ئاینزای جودا جودا ترنجابوونە بار یەک.. هەر وەهام هەستدەکرد لە نیشتیمانی خۆم شۆڕشگێرەکی نێونەتەوەیی بم! بێجگە لەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هاوڕێیان زۆر نەرمونیان و شارستانییانە بوون و هەمووان لە تێکڕای مافەکان یەکسان و وەک یەک بوون.. هەبوونی ڕێژەکی بەرچاویش لە شۆڕشگێڕی ژن و هەڵسوکەوتکردنی ئازادانەیان ئاستی نەرمونیانیی و ئاشتیخوازیی و یەکسانییخوازیی تا رادەکی چاک بردبووە سەرێ. زۆری نەبرد جەنگی دڕندانە و کاولکارانەی نێوان رژێم و وڵاتی دراوسێ کۆتایی هات.. هەڵبەتە ئەو پارتیەش لە روانگەی ئەوەی کە جەنگەکی کۆنەپەرستانەیە و دژ بە خەڵکی هەردوو لا و تەواوی مرۆڤایەتییە دروشمی راوەستانی جەنگی بەرزکردبۆوە و پێی باش بوو جەنگەکە دەستبەجێ کۆتایی پێبێ، هەرچەندە رژێم پێش وەستانی جەنگ لە شەڕەکانی دژ بە شۆڕش و خەڵکی گوندەکان کۆکوژییەکی زۆری ئەنجامدابوو لێ هێشتا هەر نەیتانیبوو نێوچە ئازادکرایەکان داگیربکاتەوە.. کە ئاوربەستەکە راگەیاندرا و دەستی ئاواڵە بوو ئیدی سەرجەمی سوپایە زەبەلاح و بە ئەزموونەکەی خڕکردەوە و هێرشەکی سەرتاسەریی و زۆر گەورە و زۆر دڕندانەی کردە سەر دەڤەرە ئازادکرایەکان و لە شەڕەکی چڕوپڕ و بێ پسانەوەدا دار و بەرد و ئاسمانی گڕتێبەردا.. ئیدی بە ناچاریی لە نێوچەکان کشاینەوە و تا دوا خاڵەکانی سەرسنوورەکان خۆمان نەگرتەوە... هاوکات لەگەڵ گەیشتمان بە سەرسنوورەکان بڕیارەک لە لایەن شۆڕشەوە دەرچوو کە هەر کەسەک ناتانی درێژە بە خەباتی چەکداریی بدا ئەوە با چەکەکەی دابنێ و خۆی رادەستی وڵاتە دراوسێیەکان بکا.. ئەو کەسانەشی کە دەیانەوێ درێژە بە شۆڕش بدەن ئەوە با لەو سەرسنوورانە خۆیان ڕێکبخەنەوە و لە نۆژەنەڕا دەست بە شۆڕشی پارتیزانیی دەکەینەوە، لەو خاڵە سنوورییەی کە هێزەکەی مە و چەند هێزەکی دیکە لێی خڕببووینەوە زۆربەی زۆری هاوڕێیان چەکەکانیان دانان و لە کەش و بارەکی پڕ لە غەم و بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە ماڵاویان لێکردین و پەڕاگەندەی وڵاتان بوون.. چەند چاڵەکمان هەڵکەند و چەکەکانی ئەوانمان تێیاندا حەشاردان.. ئیدی ئەوانەی کە مابووینەوە هەر لە سنوورەکانی ئەو وڵاتانە لە هاتوچۆدا بووین تا پاشان لەگەڵ هێزەکانی خاڵە سنوورییەکانی دیکە یەکمانگرتەوە و لە نێوچەکی شاخاویی و سەخت جێی خۆمان کردەوە و وەک نێوچەکی ئازادکرا لێی جێگیربووین، ئەو جارە لەوێ کە تازە رژێم بڕیاری لێبووردنی گشتیی دەرکردبوو.. بێجگە لە هەردوو بژاردەکەی پێشترێ 'مانەوە و درێژەدان بە شۆڕش یان خۆڕادەستکرن بە وڵاتان' بژاردەی خۆڕادەستکردنەوە بە رژێمیش خرایە پێش هاوڕێیان.. دیسان هاوڕێیانەکی زۆر بەجێیانهێشتین.. هەندەکیان خۆیان رادەستی رژێم کردەوە و هەندەکیشیان بەرەو وڵاتان ملیان نا.. ئیدی ژمارەکی زۆر کەم مابووینەوە.. هیچ سەرژمێرییەک لەبەردەست نەبوو لێ مەزەندە دەکرا هەر لە سەتا دەی کۆی هێزەکانمان مابینەوە.

دیسان بارودۆخ و شۆڕشەکی فرە سەخت و پڕ دەدردەسەریی.. پڕانییمان لە سەرسنوورەکان بووین و بەشەکی کەمیش لۆ ماوەک زۆر بە نهێنیی لە نێزیک شار و شارۆچکەکان مابوونەوە.. لێ پاشان بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری گوندەکان چۆلکرابوون و هێزەکانی رژێمیش بەشی هەرە زۆریان داگیرکردبوونەوە نەیاندەتانی خۆیان بگەیننە ئاوەدانیی و خواردن و جلوبەرگ و پێداویستییەکانیان دابینبکەن.. ئیدی هەندەکیان بە نهێنیی چوونە نێو شار و شارۆچکەکان و ئەوانی دیش بە ناچاریی خۆیان گەیاندە لای خۆمان، تەنێ ئەو کاتانەی بەفر نێوچەکانی دادەپۆشی ئەگینا هەمیشە هێرش و مەترسیی رژێممان لەسەربوو کە دەیویست ئەو نێوچە گچکەش لە دەستمان دەربهینی.. لێ هەر پاراستمان و نەمانهێشت یەک بست بێتە پێش، گرنگیی مانەوەی ئەو نێوچە لە دەستی شۆڕش لەوەدا نەبوو کە دیسان لەوێوە لە نۆژەنڕا تێهەڵچینەوە و وردە وردە هێز پەیدابکەینەوە و شۆڕش وەک جاران ببوژێنینەوە چونکێ هێزەکی کەم و دووردەست لە جەماوەر مابووینەوە و ئەو نەخشە و بەرنامە لەو کات زۆر سەخت و ئەستەم بوو بیری لێبکرێتەوە.. بەڵکە گرنگییەکەی لەوەدا بوو کە بتانین لەوێ بەرگریی لە مانەوەی خۆمان بکەین و نێوچەکە بکەینە نێوەندی هەڵسووڕاندنی رێکخستنە نهێنییەکانی نێو شار و پەناگەک لۆ ئەوانەی لە نێو رژێم ئاشکرادەبن.. هاوکات خۆڕاگرتن و جێگیربوونمان لە نێوچەکە هومێد و ئاسۆیەکی گەورەشی بە جەماوەر دەبەخشی.

تا رادەکی زۆر لە جەماوەر دابڕابووین.. تەنێ هەندەک هاوڕێ نەبن کە لە نێوان شار و شاخ کاریان دەکرد و دەهاتن و دەچوون و خەڵکیان دەدیت.. ئەمن خۆشم داوامکرد کە ئەمنیش لەبارم لۆ ئەو کارە و دەتانم نەخشی خۆم هەبی یان هەر لە نێو شار بە نهێنیی کاربکەم.. لێ رەتیانکردەوە چونکێ ئەمن هەندەک ناکۆکییم لەگەڵ هێڵی باو و گشتیی هزر و رامیاریی پارتی هەبوو و دەمویست بە راستیی ببتە پارتیی چینە چەوساوەکان هەروا دەمگۆت ئەو شۆڕشە چەکدارییەش بەو شێوە نامگەیننتە هیچ جێیەک و پێویستە بە شێوەکی شۆڕشگێڕانەتر خەباتی خۆمان بگۆزینەوە نێو شارەکان نەک کۆمەڵە کەسەکی بیرۆکراس و عەسکەرتار لە پشت ئەو چیایانە دەست وەخۆدا شۆڕبکەنەوە و بڕیاری تاکڕەوانە و سەیروسەمەرە دەربکەن. کە خەڵکی ئاساییمان دەدیت زۆر دەگەشاینەوە چونکێ زۆر کەم دەماندیتن.. ئەوەی دەماندیتن هەر قاچاغچییەکان بوون کە هەرگیز مرۆڤ ئەگەر یەک قیچ ویژدانی هەبی و مرۆییانە لە ژیان بڕوانی بە دیتنیان ئاسوودە نابی و بە پێچەوانەوە دڵگران و نیگەرانیش دەبی! کێشەی ئەوەشمان هەبوو کە ناوەناوە چەند هاوڕێیەکیان بە مەبەستی خوێندن یان بە ناوی نەخۆشیی یان بە ناوی ئەوەی کە لەمێژە لە شۆڕش دان و پێویستیان بە پشییدان هەیە دەناردنە ولاتانی دەرێ.. کۆمەڵەک مەرج و نۆرەیان دانابوو.. لێ هەر هاوڕێیەک خۆی لەگەڵ بەرپرسەکان و سەرکردایەتی نەگونجاندبا و کێشەی تێڕوانینی جودای لەگەڵ پارتی هەبا یان خۆی زۆر بە دڵسۆزی پارتی پێشاننەدابا ئەوە ئەگەر هەموو مەرجەکانیشی تێدابا نۆرەکەیان هەر دوادەخست یان هەر نەیاندەنارد! جارجارەش هاوڕێی وەهایان دەنارد دەرێ کە لە رووی هزریی و رامیارییەوە زۆر جوایەز بوو لەگەڵ هێڵی گشتی پارتی و ململانێشی دەکرد ئەوەش تەنێ لە پێناو ئەوەی لە کۆڵ پارتی بکەنەوە و کارتێکردن لەسەر هاوڕێیانی دیکە دانەنێ! دەنگۆی ئەوەش زۆر بوو کە هەندەک بەرپرسی ئەو ناردنە دەرێیە لە پێناو هەندەک بەرژەوەندیی مادیی و پەیوەندییە جڤاکییەکان و تەنانەت پەیوەندییە سێکسییەکانیش کەسوکاری بەرپرسەکانی پارتیەکانی دیکە و خانەوادە ئاوارەکانیان بە ناوی پارتی دەناردنە دەرێ! شۆڕشگێڕە ژنانەکانیش بە هۆی ئەو بارە سەختەی هێرشەکانی رژێم و کشانەوە و گیرخواردنمان لە سەرسنوورەکان و هاوکات نەبوونی تێڕوانینەنەکی تەواو

یەکسانییخوازانە و شۆڕشگێڕانەش لە نێو شۆڕش تا بتانی پێداگریی لەسەر ئەوە بکا کە ژنانیش وەک پیاوان دەتانن لە بارودۆخە زۆر سەختەکان خۆڕابگرن و بمینێنەوە و درێژە بە خەبات بدەن.. هەموویان وەرێکران و تەنێ تاکوتەرایەکیان مابوونەوە.. ئیدی نەمانی ژن لە نێو شۆڕش و نەمانی گوندەکان و دابڕان لە جەماوەر و ئەو هەموو بارودۆخە قورس و سەختانە وەی لە هەندەک لە هاوڕێیان کردبوو نەتانن تا سەر خۆڕابگرن و تووشی گۆشەگیریی و نەخۆشیی دەروونیی ببن و هەندەکیشیان بە دزیی پەنا ببەنە بەر پەیوەندیی سۆزداریی و سێکسیی کە زۆربەی هەرە زۆریان هاوڕەگەزخوازیی نێوان نێر و نێر بوون.. ئەوەش لەوان سەردەمان و بە پێی فەرهەنگی باوی ئەو کات و هەژموونی زاڵی کەونەپەرستانەی دین و دابونەریتە داڕزایەکان ڕەنگدانەوەکی نەرێنیی و مەترسییداری هەبوو چ لەسەر کاری شۆڕشگێڕیی چ لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێیە فەرهەنگییەکانی نێو کۆمەڵ بە گشتیی و نێوان تاک و کۆمەڵ بە تایبەتیی:

- بڕوامان بە فرەژنیی نەبوو.. لێ هاوڕێیەکی بەرپرس بە هۆی دووریی لە هاوسەرەکەی توانای لەبەربڕابوو.. خۆیڕانەگرت و بێ ئەوەی دەست لە هاوسەرەکەی بەربدا لە مۆڵەتەکدا چووبوو هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنەکی دیکە کردبوو.. ئیدی لە هەموو بەرپرسیاریی و کارەکی پارتی هەڵپەسێردرا و کۆمەڵەک هاوڕێی وەخۆوە خەریککردبوو و هەر زوو زوو کۆبوونەوەکیان لەسەر سازدەدا!
- بەرپرسەکی عەسکەریی زۆر ئازا و چاونەترسمان هەبوو لەوانەی لەبەر ئازایی و وەهێزییەکەیان پێیاندەگۆتن 'نێرەکەر'! زۆربەی هاوڕێیان دەیانزانی هەڵسوکەوتی سێکسیی هاوڕەگەزخوازیی لەگەڵ هاوڕێیەکی دەستەکەی خۆی دەکا و پارتیش لەبەر چەندین هۆکار نەیدەتانی هیچ هەڵوێستەک لە بەرانبەری بنوێنی!
- بەرپرسەکی عەسکەریی و رامیاریی زۆر قۆزمان هەبوو.. تووشی نەخۆشیی نێرگزیی ببوو.. کاتەک خۆی دەڕازاندەوە یان خۆی دەشوشت ئەگەر پێتنەگۆتبا پیرۆزە و زۆر جوان بووی ئەوە هەموو پەیوەندییەکی خۆی لەگەڵت دەبڕی و تەنانەت چاکوچۆنییشی لەگەڵت نەدەکرد! ئەویش پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکە دامەزراندبوو لێ زۆر بە نهێنیی و هاوڕێیانەکی زۆر کەم بەوەیان دەزانی!
- کۆمەڵە هاوڕێیەک دوو مانگی ڕێک خەریکی وەدوواداچوون و لێکۆلینەوە و کۆبوونەوە بوون لەسەر یەک گانی هاوڕێیەک! ئەو هاوڕێیە کەسەکی زۆر هۆشیار و رامیاریی بوو.. لێ برسییبوونە سێکسییەکەی تەنگی پێهەڵچنیبوو.. وردە وردە بە چیرۆک و قسەو باسی سێکسیی خەریکی هاوڕێیەک دەبی کە ڕەوشت و سروشتەکی سادە و ساکاری هەبوو.. بە بیانووی ئەوەی کە لە کاتی خۆشوشتن پشتی خۆی پێ خاوێن ناکرێتەوە داوای لێدەکا پشتی بشوا.. پاش چەند جارەک پشت شوشتن و شەرم شکان لە یەکدی لە دوا جار کە هاوڕێیەکەی پشتی دەشوا کیری هەندەک ڕەپ دەبی و داوی لێدەکا سینگ و بەرۆک و پیشەوەشی بشوا.. هاوڕێیە سادەکەش کە خەریکدەبی پیشەوەشی بشوا.. بە هۆی ئەوەی دەستی وەبەر کیری دەکەوی ئەویش لای خۆیەوە ئارەزووی دەبزوێ.. هاوڕێیە زۆر رامیارییەکەش زۆرزانە و یەکسەر هەستیپێدەکا.. وردە وردە لێی نێزیک دەبتەوە و خۆی لێدەخشێنی تا لەپڕ دەستی دەگری و دەیخاتە سەر کیری خۆی.. لەگەڵ باوەشلێدانی داوای لێدەکا کە با لۆ خۆیان بە نۆرە خەریکی یەک بن؟ ئەویش پاش ئەوەی بە ترسەکی زۆرەوە رازیی دەبی مایۆیەکەی دادەکەنی و قوونی خۆی لۆ وەردەسوڕێنی.. هەر کە ئەویش تێیدەخا و چەند جارەک لەسەری دەژەنی و خەریکدەبی ئاوی بێتەوە لەپڕ هاوڕێیەکی دیکە دەگاتە سەریان.. لێ ئەو کە خەریکە ئاوی بێتەوە ناتانی دەستیلێبەربدا و بە چەند ژەنینەکی دیکە کلوکۆی چەندین ساڵەی بێ گانیی خۆی پێ دادەڕێژێ ئەوجا لەسەری لادەکەوی.. ئیدی لۆ

ئەوەی هاوڕێی سێیەم لۆ ئەوانی دیکە نەگێڕتەوە داوای لێدەکەن با ئەویش بەشداربی لەو کارەیان.. لێ بەختیان یار نابی و هاوڕێیەکە تێر جوونیان دەکا و چالاکییە زۆر گرنگ و 'شۆڕشگێ'ڕییەکەیان لێتێکدەدا و دەچی لە کۆبوونەوەکی پارتی باسیدەکا.. ئیدی هەردووکیان گاسدەکەن تا لە پاش زنجیرە کۆبوونەوەک ناچاریاندەکەن بە دەوی خۆیان دانی پێدا بنێن و هوورد و درشتی چالاکییە زۆر گرنگەکەیان بگێڕنەوە.. پاشانیش هەردووکیان بە هەڵپەساردن سزادەدەن.. هاوڕێیە سادە و ساکارەکە زۆر بەو بەسەرهاتە تێکدەچی تا رۆژەکیان بێ پرسی پارتی سەری خۆی هەڵدەگری و روو لە هەندەران دەکا!

ئیدی زۆری دیکە و هەر ناوەناوەش قسە و چالاکیی تازەترمان دەژنەوی:

● هاوڕێیەک دەستی لۆ هاوڕێیەکی دیکە برد.. باش بوو زوو هاوڕێیانیان نێوانیان کردن ئەگەر نا تەقەیان لە یەک دەکرد و کوشتنی تێدەکەت!

● هاوڵاتییەک لەو گوندانە - چەند گوندەکی گچکە لە دەڤەرەکە مابوون - سکاڵای لە هاوڕێیەک کرد لەسەر ئەوەی دەستدرێژیی کردیتە سەر هاوسەرەکەی!

● ژنە چەکدارەکان ژمارەکی زۆر کەمیان مابوونەوە.. یەکەکیان زۆر تێکۆشەر و ئازا و هۆشمەند بوو.. کەسایەتییەکی زۆر جوانی هەبوو.. لە رووی جەستەییەوە کەسەکی زۆر ئاسایی بوو.. لێ ئەو بەدبەختە لەبەرئەوەی لە رووی جوانیی باوەوە ناشیرین و رەزاگران بوو ببووە بنیشتەخۆشەی بن ددانان؛ هاوڕێیەک گۆتبووی: "هەر کەرتکە شاخەکە و لەو نێوە دێت و دەچی.. ئەگەر ئەمن خودا بوومایە هەر رۆژەی هەزاری ئەوهام دروستدەکرد"! کەچی هاوڕێیەکی دیکە لەبەرئەوەی لەمێژبوو لە ژن دابڕابوو و زۆر جار هەر خۆی دەیگۆت دوازدە ساڵ پتر دەبی دەستم بە دەستی هیچ ژنەک نەکەتیە.. کە باس دەهاتە سەر ئەو ژنە دەیگۆت: "ئەی براڕۆۆۆ چەند جوانە.. یەک سینگی هەیە چ سینگ.. پفففففففف... بڕوابکەن سینگی ئەوها جوان لە سەرتاپای جیهان نییە و پەیدانابی!!"!...

● دوو هاوڕێ کە بە نموونەی بەرێزیی و رەوشتبەرزیی ناویاندەرکردبوو لۆ خۆیان لە بنەوە رێکەتبوون و کەس پێیانی نەدەزانی.. رۆژەک لە کاتی ئێشگریی بەسەر یەکەوەیان دەگرن! ئەوانیش سزادەدەن و لە یەکیان دوورخەنەوە.. لێ هەر تەمبێ نابن تا ناچار بەرەو هەندەران تێیدەقوچێنن!

● هاوڕێیەکی زۆر شۆڕشگێڕ و ماندییەناس پێش ئەوەی خۆی رادەستی رژێم بکاتەوە گۆتبووی: "ئەمن لێرە هیچ گرفتەکم نییە لێ چیدی ناتانم بێ گان بیگوزەرێنم"!

● هاوڕێیەک ماوەکی چاک راهینانی وەرزشیی بە کۆمەڵە هاوڕێیەک کردبوو ئەویش تەنێ لە پێناو ئەوەی کە یەکەکیان زۆر لووسکە و جوان بوو و مرخیی خۆی لێخۆشکردبوو.. تا جەستەی بە رووتیی ببینی و بتانی پەیوەندییەکی سێکسیی لەگەڵ چێبکا!

● هاوڕێیەک گۆتبوویە هاوڕێیەکی خۆی: "بڕوابکە هاوڕێ.. ئەوە چەند مانگەک دەبی ئەمن کیرم نەنیشتیتەوە.. چەندی دەکەم و ناکەم نانیشیتەوە و نانیشیتەوە.. نازانم.. هێندە بێزاری کردیمە هێندە بێزاری کردیمە خەریکە لە بنەوەڕا دەریبهینم و هەر بە رەپیی بیبەم لە پێش هاوڕێیە بەرپرسەکەمانی دابچەقێنم و بێژم دەوجا لۆ خۆت لە من دڵنیابە و هیچ لە لای منەوە رووناداا"!

● ناوەناوە خانەوادەک یان چەند خانەوادەک لەبەردەستی رژێم هەڵدەهاتن و خۆیان دەگەیاندە بارەگەکانمان.. ئیدی هەر بەرپرسەو دەیویست بە ناوی لێپێچینەوە و پاراستنی ئاسایشی پارتی یان

یارمەتییدان و هاوکارییکردنیان کۆبوونەوەکیان لەگەڵ بکا تا بتانی بە لایەنی کەم لە نێزیکەوە چاوانی بە لەشولاری مێینەکانیان رۆشن بکاتەوە!

ئەوانە و زۆری دیکەش لە نێو پارتیەکەی مە هەبوون.. لە نێو پارتیەکانی دیکەش کەمتر یان زۆرتر بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر روویاندەدا، بیستمانەوە شۆڕشگێڕەکی پارتیەکی دیکە هەبوو هەر بە هاوڕێیانی پارتیەکەی خۆی ئۆخەی نەکردبوو بەڵکە عالۆریی ببوو و بە شۆڕشگێڕانی پارتیەکانی دیکەش فێرببوو! هەر لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەی رۆژەکیان لە نێوان پارتیەکەی وی و پارتیەکی دیکە بووە یەک شەڕە تەقەی زۆر گەورە.. ئیدی دەنگوباسەکە پەڕیەوە نێو وڵاتان و هێندەی نەمابوو وڵاتە زلهێزە جیهانییەکان بێنە سەر هێڵ و شەڕەکە لە نێوان خۆیان بکەنە شەڕی بریکاریی!

سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕیی و لادان و بارودۆخە ناهەموارانەی هەمانبوون مانەوە و درێژەدان بەو شۆڕش و بەرخۆدانە لەگەڵ ئەوەی زۆر لاواز و گچکەش بوو.. بایەخ و گرنگییەکی زۆری خۆی هەبوو چونکێ لە لایەک راستەوخۆ سەرپەرشتیی کاری رێکخراوەیی هێزە بەرهەلستکارەکانی نێو شارەکانی دەکرد لە لایەکی دیکەش پشتوپەنایەکی زۆر گرنگ و بە بایەخ بوو لۆ بەرزڕاگرتنی ورە و هومێدی جەماوەرە نارازییەکەی نێو شارەکان.. هەروا شەڕی نێوخۆش نەمابوو و ئیدی هەموو پارتیەکان لە چارچیوەی یەک بەرەدا هەمیشە بە پێی بارودۆخە رامیارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان خەریکی داڕێژتنی نەخشەی تازە بوون لە بەرانگژبوونەوەی رژێم.. لێ لەگەڵ ئەوانەش زۆربەی شۆڕشگێڕان تا رادەکی زۆر بێ هومێد ببوون و تووشی بەدبینییەکی گەورە ببوون، هەڵبەتە رەوش و بارودۆخەکی ئەوها سەخت و پڕ مەترسیی کە هیچ ئاسۆیەکی رۆشنی تێدا وەدینەدەکرا مرۆڤی زۆر جەربەزە و هۆشیاری گەرەک بوو.. دەتانم بێژم وەک ئەوەی لە هەر سەردەمەک کۆمەڵەک خەڵک هەن زۆر خۆنەویستانە و زۆر دڵسۆزانە مۆم ئاسا لە پێناو گەلەکەی خۆیان دەسوتێن و دڕ بە تاریکیی و شەوەزەنگ دەدەن.. شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمیش بە شێوەکی گشتیی بە هەمان شێوە لێبڕواترین و دڵسۆزترین کەسانی نێو گەلەکەی خۆیان بوون.. ئاخر ئەوەی لە شەڕدا نەبی شیری تیژە.. ئەمن دڵنیام ئەوانەی بە چاویلەکەی ئێستا لە رابردیی دەڕۆنن یان ئەوانەی پارتیایەتی و نێوچەگەریی و ئایدیۆلۆژیای هیشک وەک تەمەکی چڕ بەرچاویانی گرتیە و لە کەپووی خۆیان پتر بترازێ هیچی دیکە نابینن و هەر کەسەک لەگەڵیان نەبی دوژمنیانە و هاوکاتیش بە رەنگی رووکەشانەی سەردەم خۆیان دەڕازێننەوە جا لە هەر نێوچە و وڵاتەک بن.. ئەگەر لەو سەردەم بژیابان ئەوە رێک وەک زۆرینەی ملکەچ وەدوو بەرژەوەندییە مادییەکان و بژێوی ژیانی خۆیان دەکەتن و دەبوونە کلکی دەسەڵات.. ئاخر لەو سەردەمەی ئەو شۆڕشگێڕانە تێیدا دەژیان تەنێ بە قسە خۆش بوو بتانی لە پێناو رزگارکردنی میللەتەک لە کۆیلەیی گیانی خۆت بخەیە سەر دەستی خۆت کەچی زۆربەی زۆری هەر ئەو میللەتە نەک هەر هاندەر و پشتوپەنا نەبوون بەڵکە دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتبوو با نەیبا.. تەنانەت زۆر جار کەسوکاری شۆڕشگێڕانیش دەهاتن و دەیانگۆت لە لایەن کاربەدەستانی رژێمەوە مەترسیی لەنێوبردنیان لەسەرە و دەیانویست لە رێی ورژاندنی هەست و سۆزی پەیوەندییە خانەوادەیی و خزمایەتییەکان یان بە هەر شێوەک هەیە کوڕەکانیان ناچاربکەن لەگەڵیان بچنەوە و خۆیان رادەستی رژێم بکەنەوە.. ئەوە سەرەڕای ئەوەی خەڵکەکی زۆریش هەبوون خۆیان فرۆشتبوو و لە پشت رژێم راوەستابوون و دوژمنایەتییان دەکردین.. هەندەکیشیان هەر راستەوخۆ بە پێش سوپایە دڕندەکەی رژێم دەکەتن و هێندە بە توندیی بەرانگژمان دەبوونەوە ئەگەر زۆر سەرسەختانە یارییمان بە گیانی خۆمان نەکردایە و دەستیان پێمان

رابگەیشتبا ئەوە نەک هەر کەسمانیان بە ساغیی قوتارنەدەکرد و تەفروتونایان دەکردین بەڵکە دار و بەردی نێوچەکەشیان هەڵدەپڕوکاند!

- ١٤ -

هەر کاتەک سواری شەپۆلی ئەندێشان دەبووم و فەلسەفییانە دە هزران رادەچووم و هەڵوەستەم لەسەر بوون و ژیان و سیستەمی بەڕێوەچوونی مرۆڤ دەکرد و مێژووم بە شێوەکی گشتیی شەنوکەو دەکرد؛ تووشی بەدبینییەکی گەورە دەبووم کە داخۆ لەبەرچی دەبی مرۆڤ بەو شێوە بژی و هەر بە دەستی خۆی ئەو هەموو دەردەسەرییە بەسەر خۆیدا دەهینی و وەک دڕندەترین گیانەوەر هەڵسوکەوت دەکا؟! هەرچەندی دەمهینا و دەمبرد هیچ سەرم لێیدەرنەدەکرد و خەریکدەبوو مەژییم بتەقی.. لێ ئەوەم زۆر باش بوو کە هێزەکی زۆر ئەفسانەییم تێداهەبوو و دەمتانی لە ماوەکی زۆر کەم دەستبەرداری ئەو هزر و ئەندێشانە ببم و بگەڕێمەوە سەر بوونە بەرجەستەکان و پێی خۆم لەسەر زەوی دابچەقێنم و پڕ بە گەرووی خۆم هاواربکەم و بێژم 'ئەدی ئەوە نییە ئەمن بە هەموو هەستەکانمەوە بەرخورد لەگەڵ بوون و رەوشی ژیان دەکەم و دەمەوێ دوا بزمار لە تابووتی دوا رژێمە دیکتاتۆرییەکان و دوا سیستەمە چەوسێنەرەکان بدەم'! ئیدی زۆر بە گەرموگوڕیی و پڕ لە جوولە و چالاکیی شەقاوانم دەهاوێشتن، بێجگە لەو دەمانەی بە ئێشکگریی و کاروبارە عەسکەرییەکانی دیکەم دەگوزەراندن یەک چرکە کاتی خۆم وەفیڕۆنەدەدا.. هەمیشە هەر خەریکی خوێندنەوە و نووسین و زمان و کاری رۆژنامەگەریی و گفتوگۆ و مشتومڕی رامیاریی و وێژەیی و بوارە فەرهەنگییەکانی دیکە بووم.. ناوەناوەش کە هاوڕێیەکی تازەم لەوانە پەیدادەکرد کە لە بەشی رێکخستنی پەیوەندییە رامیاریی و رێکخراوەییەکانی نێوان شار و شاخ کاریاندەکرد یان کاریانکردبوو زۆر ئاسوودە دەبووم.. کاتەک لە نێو ئەوانیش کەسەکی ئەوهام دەدیت کە ئەزموون و زانیارییەکی باشی هەیە لە کاروبارەکانی شۆڕش هەر لە خۆشییان خەنییدەبووم و وەک پەروانە وەدوو رۆشناییەکانیدا دەسووڕامەوە! هەرچەندە هەندەکیان تەنێ ئی ئەوە بوون لێیان فێرببی و زانیارییان لێوەربگری نەک رەنگ و رەوشتیان بگری.. لێ کەسی وەک 'پیاوە شەکرستانییەکە'شی تێداهەبوو کە دەتگوت تەنێ لۆ هزر و کاروباری شۆڕش و رامیاریی ئافەریدە کرایە.. هەستمدەکرد ئەو پیاوە توانستی هەڵگرتن و داکردنی زانیاریی لەڕادەبەدەرە و مەژییەکی هێندە گەورەی هەیە جێی هەموو تشتەکی تێدا دەبتەوە.. کەسەکی ئارام و بە راستیی بیر رۆشن بوو.. ئی ئەوە بوو دەنگ و رەنگ و رەوشت و هەموو تشتەکی بگری:

نا نا.. بە هیچ جۆرەک نەمدەتانی بڕوا بە خۆ بینم کە ئەو پیاوە شەکرستانییە لە ئەنجامی ئاڵووش و حەزی گانگانۆکێی نێوان ژنەک و پیاوەک وەپاشکەتبی.. نا هەرگیز! کە لێیوردەدەبوومەوە هەر وەهام دەهاتە بەرچاوان کە ئەو پیاوە هەبی و نەبی هەر لەو دەشت و هەردانە لە جێیەک لە دوڕ ناخی زەویڕا هەڵتۆقیبی یان رەنگە هەر کلۆبەفرەک بووبی لەو ئاسمانانە لە شێوەی مرۆڤەک داباریبیتە سەر زەوی! بارودۆخەکەی من ئی ئەوە بوو زۆر لەوەش جوانتری ببینم؛ چونکێ ئەمن لە دەمەکدا ئەو پیاوە گەنم رەنگە چارشانە بەژن مامنێوەندییە ریش سپییە پەپوولە ئاسایەم ناسی سالانەک بوو ژیانەکی پڕ چەرمەسەرییم لە نێو چەکدارگەلەکی پڕ ئەزموون و پڕ چالاکیی دەگوزەراند کە چەکەکانیان لە بیست و چار کاتژمێردا بیست و پێنج کاتژمێر سواربوون! چ وەشێرم؛ ئەمنیش وەک هەر یەکەک لەو چەکدارانە بووم؛ هەڵبەتە ئەگەر ئێسکیشم نەدەشکاند ئەوە گۆشتم

هەر دەخوارد! لێ چ دەکەی.. هەروەک کوو لە سەردەمانی زوو دزینی چەک لە کەسەک بێ ئەوەی هەستیپێبکا نیشانەی خورتیی و ئازایەتی بوو و چەکدزان رێزەکی تایبەتیان هەبوو لە نێو خەڵک.. لەوان سەردەمانیش ئەو ئێسکشکێنەر و گۆشتخۆرانە رۆڵە هەر ئازا و هۆشیار و تێکۆشەرەکانی میللەت بوون!

ئیدی هەر بابەتەو بابەت رادەکێشی و ئەگەر وەهای بدەمەدووێ ئەوە بە هیچ راناگەم.. جا با دوور نەچم و بەرەو پیاوە شەکرستانییەکە وەگەڕێم؛ ئەو پیاوە کە دەدوا هێند بە جوانیی و نەرمونیانیی ئەو وشانەی لە زار دەهاتنەدەرێ کە وەهات هەستدەکرد ئەوە شەکرەسێوانت لۆ هەڵداوێ.. کە دەجوولاوەش هێندە نەرمونیان و ئێسکسووک بوو هیچ بارگرانییەکی نەدەخستە سەر هیچ کەسەک تەنانەت وەهات هەستدەکرد هیچ قورساییەکی لەسەر زەویش نەبی! لێ ئەفسووس.. لەگەڵ ئەوەی ئەمن فرە فرە بە تاسووق بووم بیدوێنم کەچی ئەو فرە فرە کەمدوو بوو.. ناوەناوەش لێمان دەبووە هەناره شیرینە.. دیاربوو بە ئیشوکاری نهێنیی پارتی دەرۆی، ئەو پارتیە لەڕادەبەدەر نهێنییپارێز بوو.. بە جۆرەک کە سادەترین زانیارییش هەر نهێنیی بوو لە کنە وی؛ رۆژەکیان هاوڕێیەک گونیەپیازەک لە بارەگەک دەگۆزتەوە بارەگەکی دی.. دۆستەکی هاریکاریی دەکا لێ نازانی گونیەکە چی تێدایە.. لێی دەپرسی ئەوە چیە هاوڕێ؟ هاوڕێش دەبێژی 'ئەوە نهێنیی پارتیە و ناکرێ بە کەسی بێژم'! ئیدی لە رێێ گونیەکە کون دەبی و پیازەکە قل قل دەکەوی! دۆستەکەی دەبێژی 'هاوڕێ نهێنییەکەی پارتی پیاز دەرچوو'!؟ ئەویش دەبێژی 'کاکە پارتی گۆتی ئەوە نهێنییە و بڕایەوە.. ئێستاش هەر نهێنیی پارتیە و هەر دەبی بە نهێنییش بگاتەجێ چونکێ نهێنیی پارتیە'!! هەرچەندە دیاربوو سەرکردایەتیی پارتی ئەو پیاوەیان هیچ خۆشنەدەویست لێ لەبەرئەوەی هێندە بە توانا بوو و زۆر زۆر جێی متمانە بوو هەر زوو زوو بە کاروباری پارتی دەیاننارده جێیان.. هێندە دڵسۆز و نهێنییپارێز بوو تەنانەت جارەک وەک نوێنەری پارتی ناردبوویانە کن سەرۆکی رژێمیش!

رۆژەکیان کە ئەویش لەوێ بوو کۆڕەکی بە ناو رۆشنبیریی و رامیاریی لە لایەن هاوڕێیەکی تازە شۆڕشگێڕ کە دەیانگۆتێ 'بابی ئامۆزا' پێشکێش کرا.. بە پێی قسەکانی دیاربوو ئەوەی پێیدەگۆترێ 'خوێندنی بەرز' ئەویشی تەواوکردبوو.. هەرچەندە لەو دەم خوێندنی بەرز ئاستەکی تا رادەک باشی هەبوو و هێشتا سیستەمە چەوسێنەرەکان نەیانتانیبوو هێندە بێ نرخ و پووچی بکەنەوە کە خوێندکاران تەنێ لە پێناو وەدەستهێنانی بڕوانامە و پەیداکردنی کار و نازناو بیخوێنن و بە هیچ شێوەک بە لای فێربوون و خۆهۆشیارکردنەوەدا نەچن و هەرگیز بڕوانامەکانیان لە پێناو بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ و گەشەپێدانی ژیان وەکارنەبەن.. لێ ئەو زۆر زۆر بە بڕوانامەکەی خۆی دەنازی وەک ئەوەی چووبیتە نێو ئەستێرەکی زۆر دوور و بە کۆمەڵە داهێنانەکی تازە و زۆر گرنگەوە ڤەگەڕیابی! جا دیاربوو پیاوە شەکرستانییەکە زۆر بە قسەکانی بێزار و وەڕس ببوو.. هەر کە کۆڕەکە کۆتاییهات بە پەلە چووەدەرێ و بەرەو چۆمی بەر بارەگەکەمان شۆڕبکرەوە.. ئەمنیش بە دەرفەتەکی چاکم زانی و خۆم گەیاندێ؛ دوو بە دوو لە دەو چۆمەکە دانیشتین.. لەبەرئەوەی زۆر تامەزرۆری دواندنی بووم یەکسەر لە رێی باسی کۆڕەکە کەتمە پرسیارکردن.. ئەمن وەها خووم پێوەگرتبوو کە هەمیشە لە نێواخنی پرسیاردا سەرڕاستانە رامانی خۆشم دەربڕم تەنانەت ئەگەر پرسیارلێکرا کەسەکی ئەزموونداریش و لێزانیش با.. چونکێ نەمدەویست نە شاگردیی نە مامۆستایی جێیان لە نێو پرسیاراندا ببتەوە و بە پێی بەرسڤی بەرانبەرەکەم خۆم بگونجێنم.. هەروا نەمدەویست بەرانبەرەکەشم بە شاردنەوە و دەرنەبڕینی را و بۆچوونەکانی خۆم خەریکبکەم و ئەویش بەو هۆیەوە خۆی لە بەرسڤان بپارێزی.. بە کورتییەکەی لێمپرسی:

- له راستییدا ئەمن ئەو هاوڕێ کۆڕگێڕەمان باش ناناسم.. هیچیشی لێتێنەگەیشتم.. هەنووکەش نەمزانی رای خۆی چ بوو لەو بابەتانەی که لێیاندەدوا! ئەتوو هیچ تشتەکت له تێڕوانینی ئەو هەڵکڕاند؟ ئێ خۆ ئەوانەی له کۆڕەکه دانیشتبووین به شێوەکی گشتیی کەم تا زۆرەک به تێڕوانینی ئەو بیرمەند و فەیلەسووفانه ئاشنابووین که ئەو هەر لەو گۆڕەی به ناوی نموونەهینانەوە هەڵیدەڕێژتنه سەر یەک! ڕەنگه ئەو کۆڕە قیچەک لۆ ئەو کەسانه باش بی که تازە خەریکی 'ئا و بێ'ی رامیارییین. ئەمن نازانم ئەو پارتیه خەریکی چیه!؟ هەرچی هات و گۆتی ئەمن مۆسیقاژەنم دمبکەکەی دەداتە دەستی!

هاوکات لەگەڵ هەڵتەکاندنی برۆ پڕ و ئەستوورەکانی زەردەخەنەکی هێند ناسک و جوانی لەسەر کۆڵم و روومەته گەشەکانی نەخشاند.. گۆتم هەر ئێستا بەرسڤەکی بەجێ و پڕ به پیستم دەداتەوە.. کەچی چ بزانم دێتەوە سەر باسی ئەو قورەی که پێشترێ لۆ من گیرابۆوە! ئیدی زاری کردەوە و زۆر به شێنەیی گۆتی:

- ئەهـ که به هەڵەدا چووبووم! لۆ هاوڕێ.. چما ئەتوو کوڕی ئەو هاوڕێیه کۆڕگێڕەمان نی؟! بڕوابکه هەر له کاتی کۆڕەکەوە تا ئێستا هەر بیرم لەوە دەکردەوە که هەرگیز نابی و ناشێ ئەو هاوڕێ 'ئامۆزا'یه کوڕی ئەو 'بابی ئامۆزا'یه بی..

- ئەها.. تێتگەیشتم هاوڕێ.. لێ ئەمن نازانم کاتی خۆی کێ بوو ئەو قورەی لۆ من گرتەوە و ئەوها بەو شێوە بڵاوبۆوە.. زۆرم پێ ناخۆشه که ئێستاکەشی لەگەڵ دابی زۆرەک له هاوڕێیان هەر وەدەزانن ئەمن کوڕی ئەوم!

- ئێستا ئەمن لۆت ئاشکرادەکەم هاوڕێ؛ رۆژەکیان پێش هاتنەدەرێی بابی ئامۆزا.. هاوڕێ 'تەحینخۆر'.. دەیناسی کێیه؟..

- ئەرێ دەیناسم.. لێ ئەوە نازانم لەبەرچی دەیبێژنێ تەحینخۆر؟

- دە باشه با جارێ پێش باسی بابی ئامۆزا سەرهاتی هاوڕێ تەحینخۆرت به کورتیی لۆ وەگێرم؛ ئەو هاوڕێیه رۆژەک له گوندەک دەچته ماڵەک و تەنێ منداڵەک له ماڵ دەبی.. له منداڵەکه دەپرسی 'هیچتان هەیه بیخۆم؟' ئەویش هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەبێژی 'ئەرێ.. تەحینمان هەیه' یەکسەر دەچێ هەندەک نان و یەک جامی گەورەی پڕ تەحین دەخاتە سەر سینییەک و له پێشی دادەنێ.. ئیدی ئەویش هێندە برسیی دەبی دەکەویتە سەری تا چۆڕپڕی دەکا.. ئەوجا له منداڵەکه دەپرسی 'ئەرێ ئەوە کوو بوو ئەو هەموو تەحینەت لۆ من هینا؟ له داکت ناترسێی بێتەوە پێیناخۆشبی؟' ئەویش دەبێژی 'نا.. ئەو تەحینه مشکی له نێو مردار ببۆوە.. داکم گۆتی ئەوە لۆ شۆڕشگێڕەکان باشه.. که هاتن له پێشیان دانێ'!!! پاشان ئەویش ئەو بەزمەی خۆی وەک سەرهاتەکی زۆر بێزەوەر و ناخۆش له کن هاوڕێیانی دەگێڕتەوە.. ئیدی لەو کاتەوە ناویدەنێن تەحینخۆر! جا رۆژەک پێش گەیشتنی بابی ئامۆزا ئەو هاوڕێ تەحینخۆرە دەم نا دەمەک هەر دەیگۆت 'سبەینێ بابی ئامۆزا دەگا.. سبەینێ بابی ئامۆزا دەگا..' ئیدی هەر نەیدەبڕیەوە.. ئەمنیش به زمانی سوتام گۆتم 'ئەرێ هاوڕێ پێمنابێژی ئەو بابی ئامۆزایه کێیه؟' ئەویش زۆر پوختە کڵاوەکی لەسەرنام و گۆتی 'ئۆوو ئەوە کوو نازانی کێیه؟! ئەوە بابی ئەو هاوڕێ ئامۆزایەی خۆمانە که ماوەک پێش ئێستا به تووی گۆت 'هاوڕێ گای به گونان مەناسە'! خۆ به خۆشت دەبینی چەند زرنگه.. ئەوجا بابیت نەدیتیه بابی... بڕوا بکه هاوڕێ ئامۆزا ناگاتە گۆزینگی پێی ئەویش.. جا که دەگاتە ئێرە دەبی هاییمان له خۆ بی ئەگینا هەر به یەک پاروو قووتماندەدا! ئەو خانەوادە هەموویان هەر ئەوهان.. کوڕەکانی دیکەی.. کیژەکانی.. هاوسەرەکەی.. کورە

خزمەکانیشی هەموویان هەر ئەوها یەک لە یەک زیرەکتر و بزۆزترن! بێجگە لەوەش هێندە شیرینن هێندە شیرینن هەر ئێژی لە رەگەزی قامیشەشەکر و ئەو تشتانەن!' ئیدی ئەمنیش پوختە بڕوامکرد کە ئەتوو کوڕی وی.. هەروا... (کە دیتی رووگرژ و نیگەران بووم یەکسەر وازی لە قسەکانی هینا).

ئەمن هاوڕێ تەحینخۆرم زۆر خۆشدەویست و کەسەکی قسە شیرین بوو.. هەراسانبوونەکەم لەبەرئەوە نەبوو کە زانیم ئەوە هاوڕێ تەحینخۆر بووە کاتی خۆی ئەو قورەی لۆ من گرتیتەوە و ئەمنی کردیتە کوڕی ئەو بابی ئامۆزایە.. بەڵکە زۆر لەسەر دڵم گران بوو کە ئەو قسەی خۆم 'هاوڕێ گای بە گونان مەناسە' لە دەوی ئەو پیاوە شەکرستانییە بیستەوە.. هەروا ئەوەشم لۆ وەدەرکەت کە دیارە کاتی خۆی ئەو قسەی من زۆر نابەجێ بووە لە بەرانبەرە وی لۆیە ئەوها لە نێو هاوڕێیان بوویتە قسەی سەرزاران، هەرچەندە زۆر پەژێوان بووم کە ئەو قسەم بەو شێوە و بەو وشانە دەربڕیبوو لێ لەوە پەژێوان نەبووم کە لەو دەم لە بەرانبەر قسەکەی وی قسەی خۆم کردبوو.. بە کورتییەکەی چیرۆکی ئەو سەرهاتەم بەو شێوە بوو:

«دوو مانگەک دەبوو لە تەک هاوڕێیەکم لە خوولەکدا خەریکی فێربوونی وەکارهینانی ئامێرەکانی چاپکردن بووین، هاوڕێیە شەکرستانییەکەم ئەمەی لە کاتی راهیناندا دیتبوو کە کوو ئامێرەکانمان وەکاردەهینان.. رۆژەکیان.. نازانم ئەمن زۆر پێم سەیر بوو.. هەر لەخۆوە بە هاوڕێیەکەمی گۆت:

- دەزانی هاوڕێ پەنجەکانی توو هەر ئێژی 'قازمە'ن کە بەو ئامێرانەیدا دەکوتی.. لێ هاوڕێ ئامۆزا دەستوپلی زۆر نەرمە و هەستدەکەم زۆر باش فێردەبی! (زۆرم پێ ناخۆش بوو کە ئەو قسەی کرد چونکێ هاوڕێیەکەم زۆر زۆر خۆی ماندیی دەکرد و زۆر لە منیش باشتر فێرببوو.. ئەمن هێندە گرنگییم بە فێربوونی ئامێرەکان نەدەدا و کاتەکانم پتر بە خوێندنەوە و نووسین بەسەردەبرد.. هەر حەزیشمدەکرد ئەگەر لە پێشەڕۆژ لە راگەیاندن کاربکەم کاری نووسین بکەم، ئیدی نەمتانی دان وەخۆدا بگرم و یەکسەر گۆتم):

- هاوڕێ گای بە گونان مەناسە! (ئەوە بە واتای ئەوەی کە لە ناسین و هەڵسەنگانی هەر کەسەک لە هەر کارەک.. کردەوە و دڵسۆزیی و راشکاویی لە کارەکە و ئەنجامەکەی گرنگترن نەک شێوە و شێواز و تشتە رووکەشەکان، هەرچەندە یەکسەر لە وەکاربردنی ئەو وشانە و شێوازی قسەکەم پەژێوان بوومەوە.. لێ ئەوەم بە مافی خۆم زانی بەرگریی لە هاوڕێیەکەم بکەم تا بە هۆی رەقیی دەست و پەنجانی بەسەر خۆیدا نەشکێتەوە هەروا قسەکەشم ئەو واتایە بگەینێ کە لەبەرئەوەی ئەو زۆر راشکاوترە لە فێربوونی کارەکە زۆر لە من باشتر فێربووە.. لە راستییشدا پاش تەواوبوونی خولەکە هەر ئەوها دەرچوو و بە بەراورد بە من بووە کارمەندەکی زۆر زۆر چاک و چالاک لە وەکارهینانی ئامێرەکانی راگەیاندن و وەک مامۆستایەکی منیشی لێهات لەو رووەوە، لێ ئەمن چ بزانم.. کە پاشان هاوڕێیەکم تێیگەیاندم.. هاوڕێیە شەکرستانییەکەم لەو کات کە دیتبووی هاوڕێیەکەم لە من باشتر فێربووە لە مەژیی خۆیدا ویستبووی بەو جۆرە ئەمن هانبدا تا باشتر فێرببم! هەرکووەک هەبوو ئەمن بەو قسە رەقەم زۆر شەرمم لە خۆم دەکردەوە و زۆر بەسەر خۆدا شکابوومەوە.. دیارە سینگرفراوانیی ئەو هاوڕێیە شەکرستانییەم و پاشانیش کە لە کن هەندەک لە هاوڕێیانم ستایشی منی کردبوو کە گوایە ئەمن کەسەکی زۆر راستگۆ و سەرڕاست و زیرەکم شەرم و بەسەرخۆداشکانەوەکەم هەندەک کاڵببۆوە)».

جا دووبارەکردنەوەی ئەو قسەی من لەسەر زاری وی وەک ئەوە بوو لۆ من چنگە خێیەک بەسەر برینەکی ساڕێژنەبووم دابکرێ و تووشی ئەو رووگرژبوون و نیگەرانییەی کردم.. لێ کە دەستەکی خستەسەر شانم زانیم تەواو هەستی بە نالەباریی دۆخەکەی من کردیە.. ئیدی دەرفەتی هیچی نەدام و یەکسەر گۆتی:

- دڵ لە دڵ مەدە هاوڕێ.. هیچ تێکنەگەیشتنەک لە نێوان دوو هاوڕێ کە نیازی خراپی لە پشتەوە نییە و هەر لەخۆوە روودەدا هەرگیز ناتانی هیچ گرفت و ئاریشەک چێبکا ئەگەر یەک قیچ دڵمان فراوان بی! با بچینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان هاوڕێ.. (وەهام هەستکرد دیەوێ لە رێی وەرامدانەوەی پرسیارەکەم ئەو بابەتەم لەبیرببەتەوە):

- هاوڕێ.. ئەمن زۆر باش لەو بابی ئامۆزایە تێگەیشتم؛ ئەو بێجگە لەوەی کە دەیویست 'هیچ پێ نەبوون'ی خۆی لە پەنای ئەو کەسە مەزنانە کە تەنێ لە سەردەمانی خۆیان مەزن بوون بشێرتەوە.. دەیویست وەهاش پێشانبدا کە ئەویش لە رێزی ئەو کەسە مەزنانەیە و پێویست ناکا کاتی خۆی بە رۆنکردنەوەی تێڕوانینە چرۆپڕەکانی خۆی وەفیرۆبدا بەڵکە ئەوە ئەرکی سەرشانی خەڵکانی دیکەیە کۆڕ و کۆبوونەوە لەسەر قسەکانی وی سازبدەن و لە تێڕوانینە گرنگ و پڕ بە بایەخەکانی بدوێن و بیانکەنە رێبازی جوولانەوە و کارەکانیان! هەروا دەیخواست بە ئامادەبووان بێژێ کە پێویستە خەڵکی خوێندەوار.. خوێندەواری وەک خۆی! ببنە سەرپەرشتیار و سەرکردە و گشت 'سەر'کان و خەڵکی دیکەش مێگەل ئاسا وەدوویان بکەون! سەبارەت بە پارتیش.. تکایە با ئەوە تەنێ لە نێوانی خۆمان بی! نەک هەر پارتیەکەی مە بەڵکە گشتیان و هەر خودی پارتیایەتیش دەق ئەو جۆرە کەسانەی وەک ئەویان دەوێ.. ئەوەش دەزانی لەبەرچی هاوڕێ؟ چونکێ پارتی هەر ئەوەیە و هەر ئەوەش دەبی کە دەیبینین.. واتە پارتی وەک ئەوەی ئەمە دەیخوازین کە دەبی داکی منداڵەکی تەواو و بێ کەموکوریی بی.. لێ ئەو منداڵە هەرگیز لە پارتی لە داک نابی!!! (نە ئەمن قسە و نە ئەو.. بەرەو بارەگەکەمان هەڵکشاین).

زۆر شادمان بووم بەو هەڵسەنگاندنەی کە دەربارەی بابی ئامۆزایێ کردی، ئەوەی زۆر لە کنە من گرنگ و بایەخدار بوو ئەو تێڕوانینەی بوو دەربارەی پارتی و پارتیایەتی.. هەر فرە دڵخۆش و ئاسوودە بووم بەوەی کە ئەمنیش بەو تەمەنە گچکەی خۆم لەوان دەمان هەمان بیرۆکە و تێڕوانینی هاوڕێیەکی ئەوها پڕ ئەزموونم هەیە سەبارەت بە 'پارتی'.. لێ ئیمنەکە هێشتا هەر خاو بوو و لە چارچێوەی گفتار و بیردۆزیی تێنەپەڕیبوو.. ئاخر نەمدەتانی و هەر دەرفەتی ئەوەش نەبوو لەو دەڤەرە داخرایە و لە نێو ئەو بارودۆخە تەسکەی پارتیایەتی کۆڕ و کۆبوونەوەی لەسەر سازبدەم و وەک کارەکی کردەنیی راشکاوانە کاری لەسەر بکەم.. هەڵبەتە پاشان هەر بە هۆی کۆششەکانم لەسەر بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئەو خولیا و تێڕوانینەم و ململانێیەکانی دیکەم لەگەڵ پارتی لە لایەن 'سەرکردایەتیی پارتی'وە بڕیاردرا لە شۆڕش دەربکرێم! ئەگەر پشتگیریی کۆمەڵە هاوڕێیەکی دڵسۆزم نەبا ئەوە بڕیارەکەیان جێبەجێدەکرد و دەبایە ئەمنیش وەک ئەو هاوڕێیانەی سەرەتای نوشستییەکەمان بچم لە کونج و پەنایەک لە یەکەک لەو وڵاتانەی ئەودیو سنوورەکان چادرەک هەڵدەم و خەریکی خۆژیاندن بم یان وەک زۆرەک لە هاوڕێیان پەڕاگەندەی وڵاتانی دوور ببم و بتاوێمەوە.. یان دوا چارەم ئەوە دەبوو ملکەچ بکەم و خۆم بە چارەنووسی نادیاری پارتی و شۆڕشەوە شۆڕبکەمەوە! خۆڕادەستکردنەوەش بە رژێم لۆ من هەر نەدەکرا چونکێ بە هیچ جۆر و شێوەک بڕوام بەوە نەبوو وەک ئەو کەسانەی کە بە هۆی چاولێکەریی و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە باوەکان یان بە هۆی خوێنگەرمیی

**گەنجانە دەبوونە شۆڕشگێڕ هەر ڕۆژەو لەسەر پەتەک یاریی بکەم.. ئاخر ئەمن بە تێگەیشتن و باوەڕەکی توندەوە ئەو ڕێیەم گرتبووەبەر و بڕیارمدابوو یان تێدەچم یان دەبی ئەو ڕژێمە بڕووخێنین کە هیچ جۆرە چەوسانەوە و دڕندەیی و کۆمکوژییەک نەمابوو بەرانبەر گەلەکەمان بە گشتیی و چینە هەژار و کرێکارییەکان بە تایبەتیی ئەنجامینەدابی!**

**پێش ئەوەی بگەینە نێو بارەگەکە.. هەڵوێستەکی کرد.. زانیم کە دەیەوێ تشتەک بێژم ئەگەر زۆر بە کورتییش بی؛ ئەمنیش تەنێ هەر ئەوەندەم پێ گۆترا و هەر هێندەش دەرفەتم هەبوو:**

**- ئیدی لەنەوپاش ناوی توو لە کنە من گۆڕا و بووە 'شەکرستانیی'.. چونکێ ئەمن تا ئێستا لە شەکر پتر بترازێ هیچی دیکەم لە توو نەدیتیە.. (ئەویش بزەکی شەکرپڕژێنی بە ڕوومدا کرد و گەیشتینەوە نێو بارەگەکە، ئیدی لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەر جارەک کە ئەوم وەبیردێتەوە تەنێ چێژی شەکر دەکەم بە هەموو جۆرەکانیەوە.. لێ هاوکات ئەو قسەشم 'هاوڕێ گای بە گونان مەناسە' هەر وەبیردێتەوە و هەر جارەش نەرمە ئارەقەکی شەرمەزاریی دەردەدەم و هەندەک بەسەر خۆدا دەشکێمەوە!).**

**- ١٥ -**

**هەر کە شانۆگەرییە ڕامیارییە جیهانییەکە گەیشتنە سەر ئەوەی کە دەبی ئەو ڕژێمە زۆر لاواز و بێ توانا بکرێ و سەرەنجامیش لە دەرفەتەکی لەبار بڕووخێندرێ.. هێزە بەرهەلستکارەکانی سەر سنوورەکان بە شێوەکی هووردبینانەتر و بە بەرنامەوە کەتنە جموجۆل و هێندەی لە توانایاندا هەبوو ڕێکخستنەکانی نێو شار و شارۆچکەکانیان ئامادەی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینی جەماوەریی کرد و هێندکیشیان بە شێوەی دەستەگەلی چەکدار ڕێکخستن و هەندەک لە چەکدارانی شاخیشیان ڕەوانەی نێو شارەکان کردن تا لە هەر کات و لە هەر جێ و دەڤەرەک دەرفەت دەڕەخسێ پێکەوە هێرش بکەنە سەر ڕژێم و ئەوانی دیکەی شاخیش یەکسەر بە هانایانەوە بچن و ڕاپەرینەکی جەماوەریی و سەرتاسەریی بەرپا بکەن.. هاوکات بێجگە لەوەی ڕادیۆیەکیان لۆ هاندانی جەماوەر ئامادەکردبوو بە نهێنییش پەیوەندییان بە چەکدارە بەکرێگیرایەکانی ڕژێمەوە کرد و داوای پەیوستبوون و هاوکارییان لێکردن هەروا هەڕەشەی ئەوەشیان لێکردن ئەگەر هاوکاریش نەبن ئەوە با بەرگریی لە ڕژێم نەکەن و شەڕی شۆڕشگێڕان و خەڵک نەکەن، تا دەهات هێزەکانی ڕژێم تووشی شپرزەیی دەبوون.. پاش ماوەک پریشکی ڕاپەڕین لە لایەن دەستەگەلە چەکدارەکانی نێو شارەکان چەخماخەی دا.. ئیدی ئەو پریشکە زۆر بە خێرایی تێکڕای جەماوەری زۆرەک لە شار و شارۆچکە و نێوچەکانی گرتەوە و هاوکاتیش هێزە چەکدارەکانی شۆڕش ڕێک بە پێی نەخشەکە لە شاخاکەنەوە دابەزین و بە پەلە خۆیان گەیاندە نێو شار و شارۆچکەکان و سەرپەرشتیی ڕاپەڕینیان گرتە ئەستۆ.. بە کورتییەکەی لە ماوەی دوو هەفتەکدا هێزەکانی ڕژێم لە هەندەک شار و شارۆچکە وەدەرنران، لێ لەبەرئەوەی زلهێزە کەڵەگایەکەی جیهان کە سەرپەرشتیی شانۆگەرییەکەی دەکرد بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی پێی باش نەبوو لەو کات ڕژێم بڕووخێندرێ و ترسیشی لەوە هەبوو هێزە شۆڕشگێڕەکانی خەڵک دەسەلات بگرنە دەست یەکسەر چرای کەسکی لۆ ڕژێم داگیرساند.. هاوکاتیش بە هۆی ئەوەی بێسەروبەرییەکی زۆر هەبوو لە نێو هێزەکانی شۆڕش و ئەزموونی بەڕێوەبردنی**

**دەسەڵاتدارییان نەبوو.. دیسان ئەو چەند شارەی کە رزگارکرابوون لە لایەن رژێمەوە داگیرکرانەوە و کۆڕەوەی جەماوەریی بەرەو وڵاتە دراوسێییەکان روویدا.. لێ تازە خەڵک چاویان کرابۆوە و هەرگیز نەیاندەتانی ملکەچیی رژێم ببنەوە.. پاش ئەوەی جەماوەر رووی لە شارەکان کردەوە هێزەکانی شۆڕش لە ماوەی چەند مانگەک وردە وردە چوونەوە نێو شارەکان و راپەڕینی دووەم دەستپێیکرد و رژێم ناچارکرا لە چەند شارەک بکشێتەوە و بکەونەوە بن دەستی شۆڕش.**

## بەشی دووەم

- ١٦ -

هەروەک لە سەردەمی شاخەوە تەواو هومێدم بە پارتی و پارتیایەتی لەقببوو لە نێو شاریش تا دەهات ئەوەم لە کن بەرجەستەتر دەبۆوە تا وەیلێهات نەک هەر بە ئێکجاریی باوەڕم پێی نەما بەڵکە بە ڕێگر و لەمپەرەکی گەورەشم دادەنا لە پێش بزووتنەوەکی تازە و سەردەمییانە کە لە بەرەی چین و توێژە چەوساوەکانی گەلدا بی، هاوکات بە دیتنی دەسەڵاتی زۆر زۆر خراپ و عەسکەرتارییانەی پارتیەکانیش کە لە چەند شارەک جێی ڕژێمیان گرتبۆوە و زۆر دوور بوون لە ئامانجە راستەقینەکانی میللەت.. گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ناکرێ و هەرگیز ئەوە لە من ناوەشێتەوە کە دوونێ شۆڕشگێڕ بووم و ئەوڕۆ لە ڕیزی دەسەڵات بم ئەویش دەسەڵاتەکی چەوسێنەر و دژەگەلیی! پاش ئەوەی کە هەستمکرد ئیدی هەرگیز ڕژێم ناتانی بگەڕێتەوە چەکەکەم بە ڕووی پارتی داداوە و بە ئێکجاریی وازم لە چەکداریی و پارتی و پارتیایەتی هینا.. باش بوو نەمهێشت یەک پڕووشکی کار و هەڵسوکەوتی چەوسێنەرانە و گەندەڵکارانەی دەسەڵاتم بەربکەوێ.. ئاخر ئەمن پێموەبوو هەموو دەسەڵاتەکان چەوسێنەرن و تەنێ ئاستەکانی چەوسێنەرییان جوایەزن، هەرکووەک هەبوو دەسەڵاتە نووەکە بە شێوەکی گشتیی لە دەسەڵاتی پێشان باشتر بوو.. خۆ ئەویش لە بەرانبەر مافە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتییش ئی چینە بەشمەینەتەکان هەر هەمان بابەت بوو لێ بە هۆی گۆڕانی قۆناغەکە و دەرهاویشتە تازەکانی کەتوارە رامیارییەکە نەیدەتانی وەک دەسەڵاتە دڕندەییەکەی جاران هەڵسوکەوت بکا، ئیدی لەو دەم بە هۆی نەفرەتی زۆری جەماوەر لە ڕژێمە دڕندەکەی پێشان ڕۆژ ڕۆژێ چەسپاندن و سەپاندنی دەسەڵاتە نووەکە بوو.. هەڵبەتە باشترین و بەجێترین ئەرکی سەرشانی کەسانی وەک من لە بارودۆخەکی ئەوهادا.. بێجگە لە تێکۆشان لە پێناو وەدەستهینانی هەموو مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان و چەسپاندنیان بە شێوەکی مرۆڤپەروەرانە و دوور لە ڕەگەزپەرستیی کە ڕاپەڕینەکەش پتر لە پێناو هەندێ بوو.. هەر ئەوە بوو درێژە بە تێکۆشانە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی فەرهەنگیی و پێشکەتنخوازیی بدەین تا تێکڕای کۆمەڵ پێبەپێ لە ژیان و گوزەرانەکی شارستانیانەتر و باشتر و باشتر بەهرەمەند بن.

لە تەک هەندەک چالاکیی سەربەخۆ و ناپارتییانەی رامیاریی دەستم بە کاری نووسین و ڕۆژنامەگەرییش کرد، هەر لە چارچیوەی تێکەڵبوونیشم بە وێژەوان و هونەرمەندان و ئەو خەڵکانەی پێیاندەگۆتن ڕۆشنبیر.. هاوڕێیەکی وێژەوانی پێش چوونە شاخم دیتەوە کە سەروسەربردەکی سەیرم لەگەڵی هەبوو.. یەکەک لەو سەرگوزشتانەی کە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە ئەوە بوو کە جارەکیان راستەوخۆ پێش هەڵگرتنی چەکی شۆڕش خۆم لێیکردە 'لێکۆڵەری وێژەیی!':

«هێشتا نەچووبوومە شاخ جاروبار هۆزانانم دەنووسی، شەوەک نەمزانی کوو بوو.. تشتەک بە هەر جۆر و شێوەک هەبوو لە کەلەنی پەنجانم بەربۆوە؛ هەموو شتەک بوو تەنێ هۆزان نەبوو! خەریکبوو بیدڕێنم.. دوایی گۆتم با دیسان بەسەریدا بچمەوە... کە چەند جارەکی دیکە خوێندمەوە هەستمکرد هەر زۆر زۆر بە هۆزانی

هۆزانڤانەک دەچی کە ناوبانگەکی باشی هەبوو لەوێ سەردەمێ.. ئیدی ئەمنیش هەر لۆ خۆشیی زۆر پوختە ناوی هۆزانڤانەکەم لە بنی نووسی و بێ هیچ نیازەک لە تەنکەی باغەڵێم نا:

ئەو هاوڕێیە ویژەوانەم لەرادەبەدەر خۆی خەریکی خوێندنەوە و نووسین و دوان لە بابەتی ویژەیی و هونەریی کردبوو.. دە دوازدە بەهارەکیش لە من گەورەتر بوو، وەک ئەوەی کورسییەکی بە کرێ گرتبی هەمیشە لە چایخانەی 'هێوارانی باشوور' بوو.. رۆژەکیان سەرلەهێوارەکی زوو دیتم بە تەنێ دانیشتبوو.. هەر کە چاوی بە من کەت یەک پێ راستبۆوە و بە پیلمەوە هات و توند توند دەستمی گرت و لە تەنیشتە خۆی داینیشاندم، ئیدی هەر بە رێکەت و بێ هیچ پێشەکییەک دەستیکرد بە ستایشکردنی هەمان ئەو هۆزانڤانەی کە ئەمن کردبوومە نووسەری هۆزان یان راستتر بێژم 'مۆزان'ەکەی خۆم.. لێ ستایشەکی ناوێژەیی و درێژەدادڕ و وەڕسکەر.. هەر نەیبڕیەوە و هەر نەیبڕیەوە.. بە جۆرەک کە تەواو هەراسان و بێزاری کردم تا گەیاندیە سەری کەپووم.. باشترین چارەم هەر ئەوە بوو خۆ لەبەردەستی قوتاربکەم.. لەپڕ هەستامە سەرپێیان و گۆتم:

- ئەمن دەبی بڕۆم.. (ئەویش یەک پێ ڤیتبۆوە و کۆمەڵە سوندەکی بە گیان و بە سەری هۆزانڤانەکە خوارد کە کوو دەبی ئەمن بڕۆم لە کاتەکدا کە ئەو لەو هۆزانڤانە مەزن و پایەبەرز و پایەدار و پەیامبەر و پەیامبەخشە... دەدوێ! نا هیچ چار نەبوو.. بە تۆبزیی داینیشاندمەوە و دوو چای دیکەی گاسکرد.. دیسان هەر هەمان قەوانی لێداوە.. هەر کەسەک دەهات لە نێزیکمان دادەنیشت یەکسەر هەراسان دەبوو و دانیشتنەکەی لێدەبووە ژارەمار؛ ئەوانەی نەناس بوون مۆڕەکیان دەکرد و دووردەکەتنەوە یان هەر چایخانەکەیان بەجێدەهێشت.. ئەوانەی ناسیار و هاوڕێشمان بوون هەر یەکەیان بە شێوازەک بیانووەکی دەهیناوە و تێیدەقوچاند! هیچ چارەم نەما.. ئەو هەر قسەی بێسەروبەری دەترشاندنە سەریەک و ئەمنیش هەر لە هزری ئەوە دابووم کە بە چ جۆرەک خۆ لە دەستی دەربازبکەم.. لەپڕ 'مۆزان'ە بۆرەی تەنکەی باغەڵێم وەبیرهاتەوە.. هەر رێک لە جێی خۆی وەفریامکەت؛ هەندەک خۆم توندکردەوە و بێ سێ و دوو گۆتم:

- جا کاکە گیان.. ئەو هۆزانڤانە پایەبەرزە بلیمەتە هێژای زۆر لەوە پترە کە بەو شێوە سادە و ساکارە لێی بدوێین! دواییش باشترە ئەتوو لە کن خەڵکی دیکە ستایشی بکەی کە پێی ئاشنا نین یان ئەوانەی چاویان پێی هەڵنایێ نەک لە کن منەک کە خۆم شێت و شەیدای ئەوم.. ئایە ئەتوو دەزانی ئەمن شارەزاییەکی زۆر زۆر پترم لە تۆو هەیە لەسەر وی؟! (تووشی حەپەسانەکی لەرادەبەدەر بوو.. خەریکبوو زار هەڵبینی و بئاخڤی.. ئەمنیش لە تۆڵەی خۆم و لە پێناو ئەوەی دەرییەک ببینمەوە و لێیەوە قوتاربم.. دەرفەتم نەدا و درێژەم بە قسەکەی خۆم دا) ئایە ئەتوو دەزانی ئەمن ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەم لەسەر هۆزانەکانی وی.. هەر ئێستا هۆزانەکی بڵاونەکراوەی ویم بە دەستنووسی خۆی لە کنە و بە نیازیشم هەڵسەنگاندنەکی تێروپڕی لەسەر بنووسم.. هەر کە بڵاویکردەوە ئەمنیش یەکسەر هەڵسەنگاندنەکەم دادەبەزێنم.. بڕوابکە هەر لەبەر ئەفراندنە زۆر وەپێزەکانی وی هەموو وەدوواچوون و لێکۆلینەوەکانی دیکەم لەسەر هۆزان و هۆزانڤانەکانی دیکە وەپاشخستیە...

هەرگیز ئەمن نەبووم.. نازانم کوو ئەوها ئەو قسانەم پێ هەڵبەسترا؟! چارم نەبوو.. ئاخر خەریکبوو دەگەیشتە سەر ئێسکم، هەرچەندە هیچ قسەکی دیکەم پێ نەمابوو بیکەم لێ وەها خۆم پێشاندا کە درێژە بە

قسەکانم دەدەم.. باش بوو لەو دەم ئەویش فرە تەنگاو ببوو.. دیتم هەر لە جێی خۆی ڤیتدەبۆوە و دادەنیشتەوە.. خەریکبوو دەستانی دەلەرزین.. لەپڕ بە پەلەپڕووزێ و پچڕپچڕییەکەوە گۆتی:

- ئـ ئـ ئا ت توو سەری خۆت بە راستیتە!! کورە کورە ئـ ئـ ئاخر کوو وەیە، دە توو سەری خۆت ئەو هۆزانە بدە من.. دە دەبا ئەمن لەسەری بنووسم.. دەبینی کە چ چ چەند ئەوم خۆشدەوێ.. یان با پێکەوە لەسەری بنووسین..(هیچ دەرفەتی نەدا کە بزانی بەرسڤی من چییە) نا نا ببوورە هەر ئەمن خۆم دەینووسم، ئێ دە دە توو سەری خۆت دەریبینە با بیخوێنمەوە (ئەمنیش هەندەک خۆم گران کرد و پاشان گۆتم):

- ئاخر هەروەک خۆت دەیزانی شتی ئەوها وەدەست کەس ناکەوی! ئەمن بە هەزار تکا تا بە هۆی برادەرەکی نێزیکی خۆی وەدەستم کەتیە.. نا نا نایدەم.. خۆ ئەمن لەو گۆڕەی وەدەستم نەکەتیە تا بە سووک و سانیی بیدەمە دەست توو و ئەتووش بچی بە خەڵکی پێشانبدەی.. (ئیدی چووە ئاسمانان و هاتەوە خوارێ.. پەیمانی پێدام کە ئەگەر بیدەمێ بە کەسی پێشاننادا و هەر ئێستا هەڵدەستی و دەیبا لە ماڵێ لە دوڕ چەکمەجەکی دەنێ و خشت دایدەخا و لە خۆی پتر بترازێ هیچ کەسەک نایبینی).

- نا نا ناکرێ.. لێ کێشە نییە دەتانی جارەک بیخوێنیەوە لێرە.. (ویستم بزانم دەربارەی هۆزانەکە چ دەبێژێ و چ پەتکەک بەردەداتەوە! دەستم بردە نێو باغەڵم و 'مۆزان'ە بۆرم دەرهینا.. هەندەک بە ڕێزەوە دەستەکم پێداهینا و دامەدەستی.. سەرەتا تەمەشای لای بنەوەی کاغەزەکەی کرد و بە دیتنی ناوی هۆزانڤانەکە رووی گەشاوە.. لەگەڵ خوێندنەوەی وەک کۆلکە خوێندەوار و کۆلەوارەکی دینیی خۆی دەهینا و دەبرد و پەنجەی لەسەر وشە و دێرەکان رادەکێشا و ناوەناوەش 'هەلا هەلا'یەکی دەکێشا تا تەواویکرد.. ئەوجا بە جوانیی دەڤی کردەوە و ماچەکی لێکرد و بە نێوچاوانی خۆی وەنا و دە باغەڵێی هاوێشت.. کە دیتی ئەمن دەستم بە روویەوە نەنا هەر خەریکبوو لە خۆشییان باڵبگری.. پاشان گۆتی):

- تەمەشا.. ئەوە هۆزانە کاکە گیان.. بە راستیی هۆزانی جوان و پڕ داهینان هەر لە خۆی دێ.. هۆزانی جوانیش هەر بە دەست هۆزانڤانی گەنج و بە توانای وەک توو دەکەوی... (ئەوە لە کاتەکدا هێشتا ئەمن هیچ هۆزانەکم بڵاونەکردبۆوە و هیچ هۆزانەکیشم بەو پێشاننەدابوو! پاش ئەوەی ئەو ستایشکردنە پووچ و بێ واتایەی لە کورتیی بڕیەوە ئیدی ئەو پەلەی بوو بەجێمبهێلی.. بە کورتیییەکەی 'مۆزان'ە بۆر کاری خۆی کرد و لە دەستی ڤوتاربووم).

زۆری پێنەچوو ئەمن بە هۆی ئاشکرابوونم لە ڕێکخستنەکانی نێو شار کە دەبووایە روو بکەمە شاخ و دەشمزانی نایبینمەوە.. باسی ئەو بەزمەم لۆ هاوڕێیەکی خۆم کرد و پێمگۆت بچتە کنی و تێیبگەینی کە ئەو نووسینەی ئەمن دابوومێ هۆزانی هۆزانڤانەکە نەبوو بەڵکە 'مۆزان'ەکی خۆم بوو و نەکا بچی تشتەکی لەسەر بنووسی و بڵاویبکاتەوە!».

پاش هەفت ساڵان کە هاتینەوە نێو شارەکان ئەو جارە لە چایخانەی 'سپێدانی باکوور' دیتمەوە؛ لەگەڵ ئەوەی چەند پەرتووکی دیکەشی بە چاپ گەیاندبوون لێ هیچ گەشە و پێشڤەچوونەکی ئەوتۆی وەخۆوە نەدیتبوو و هەڵسوکەوتەکانی پێشانیشی هەر بەرنەدابوون.. سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵەک هەرزە وێژەوانی سەرگەردان و سەراسووی لە خۆی خڕکردبۆوە کە دیاربوو فڕیان بەسەر وێژەوە نەبوو و لە هەموو تشتەکان هەر سەرچیغ چووبوون. لەبەرئەوەی لەمێژبوو لە یەک دابڕابووین کە دەمدیت بە هەر جۆرەک هەبوو خۆم لەبەر مێچکەمێچک

و فشەفش و قسە لووس و خزەکانی رادەگرت و قیڕسیم لە هەندەک کاتگوزەراندن و هەراسانبوون دەکرد! هێوارەکیان هەر لە هەمان چایخانە دیتمەوە.. ئەو جارە پارچە نووسینەکی خۆی وەدەستەوەبوو.. لە نێو کۆمەڵەک لەو تەرزە وێژەوانانەی ئاماژەم پێیان دا دانیشتبوو و نووسینەکەی بە دەنگەکی بەرز دەخوێندەوە و هیچ کۆپڵەکی نەبوو یەک دوو وشەی پەلکەزێڕینەی تێدانەبی.. هەستی بە من نەکردبوو لەگەڵ هاوڕێیەکم کە ئەویش هەر دەیناسی لە پشتەوە و بڕەک دوور لەوان دانیشتبووین.. بە سەرسوڕمانەکەوە گۆتمە هاوڕێیەکەم:

- ئەرێ ئەوە چیە.. خۆ ئێرەی هەر بەڕاستیی کردیتە هۆڵی کۆڕگێڕان! ئەوە لۆ ئەوها ئابڕووی ئەو 'پەلکەزێڕینە' قوڕبەسەرەی بردیە!؟ خەریکە دار و دیواری ئەو چایخانەش بەو پەلکەزێڕینە کارتۆنییەی دادەپۆشی!

- کورە هەر مەپرسە هاوڕێ.. بڕوابکە لە نێو ئەو پارچە نووسینەی دەستی کە لەبەرئەوەی بە هیچ ناچی ناوینایە 'دەق' سی و پێنج جار ئەو پەلکەزێڕینە دامایەی لە خرتۆرێ وەردایە، هەر چەند رۆژەک جارەک ئەو گەڕەلاوژێیە لێرە سازدەکا و ئەو پەلکەزێڕینە بەستەزمانە بە خاویی و بە کوراییی و بە برژاییی دەرخواردمان دەدا و لێمانی کردیتە پەلکە قوزەڵقورت.. (هاوڕێیەکەم دیاربوو هەندەک هەڵچووبوو.. ئەمن نەمدەزانی گاڵتەی لەگەڵی هەیە.. گۆتی: "راوەستە هەنووکە ئیشی دەبینم".. یەکسەر هاواری کردێ):

- کورە 'پەلکەتێڕینە'.. 'پەلکەتێڕینە'.. وەرە وەرە.. ئەوە نابینی (ئاماژەی بە من کرد) هاوڕێیە دێرینەکەت لێرەیە.. ئەوە دیارە نایناسیەوە؟! (یەک پێ هەستا و بە پەلە بەرەو رووومان هات.. تا گەیشتە کنمان هاوڕێیەکەم هەر لە شۆخیی خۆی نەکەت) ئێ ئەتوو هەر لەدوو ناوداران و مەزنان ناگەڕێی!؟ بڕوابکە لەو هاوڕێیە ناودار و مەزن و دڵسۆز و دێرینە بترازێ کەسەکی دیکە بە کەلکت نایێ... (ئەمن هەندەک بەسەرخۆدا شکامەوە.. نەمدەزانی تا ئەو ئاستە پێی رادەبوێرن.. چاوەکم لە هاوڕێیەکەم چوقاند کە با ئەو قسانە نەکا.. ئیدی کاکی وێژەوان بە 'ئەهۆوو ئەهۆوو'کردن خۆی گەیاندە کنمان و یەکسەر باوەشەکی تێوەرینام و وەبەر ماچانی دام.. رەنگە دە ماچانی پتر لێکردبم):

- ئەوە ئەتوو چ ئێژی کاکە.. ئەمن کوو ئەو هاوڕێیە دێرین و دڵسۆزەی خۆم ناناسمەوە! ئەها (دوو ماچی دیکەی پڕ بە دەوی لێکردم) ئەدیکوو.. ئەدی هەر ئەو کاک ئامۆزایە و هاوڕێیەکانی نەبوون دوونێ ئەو نیشتیمانە خۆشەویستەیان لۆ رزگارکردین! کورە ئەنگۆ ئەو هاوڕێیە باش ناناسن! ئەمن دەزانم ئەوە لە نێو شار و لە شاخیش چی کردیە و چەند مەرد و بە توانایە.. (هیچی لە بارەی منەوە نەزانی دەنا هەمووی وەگۆڕێ وەردەکردن.. هەر درێژەی دایێ و نەیدەبڕیەوە.. بە هیچ شێوەکیش لە ستایشکردنم نەدەوەستا.. ئیدی بە ناچاریی و هەر راستەوخۆ پێمگۆت: "تکایە بەسە.. نامەوێ ستایشم بکەی" لێ هەر وازینەهێنا و دەرفەتی کەسیشی نەدەدا.. لەباتی ئەوەی وەک هاوڕێیەکەم گۆتی 'ئیشی دەبینم' ئەو ئیشی مەی دیت! پاش ئەوەی تەواو بێزاری کردین و کەلکی دانیشتنەکەی بڕی لەگەڵ هاوڕێیەکەم دەرفەتەکمان وەرگرت و بە پەلەپڕووزێ خۆمان لەبەردەستی قوتارکرد، ئیدی هەر جارەکی دیکە کە دەمدیتەوە وەک قیڕ و بنیشت پێموەدەنووسا و بە هیچ جۆرەرک لێمنەدەبۆوە.. وەملێهاتبوو لەبەر وی نەوێرم هاتوچۆی ئەو چایخانە بکەم! رۆژەکیان ناچاریکردم لە بەرانبەرە خۆمی دابنێم و بێژم):

- کاکە داد لە دەستە توو.. ئاخر دە بەسە وازملێبینە.. ئەوەندە لێرە و لەوێ ستایشم مەکە و هێندەش وەدووم مەکەوە، بڕوا بکە ئەمن نە ئەو مەزنەم و نە ئەو ناودارەم کە ئەتوو دەتەوێ.. خۆ مەرج نییە ئەوەی لە شاخ شۆڕشگێڕ بووبی ئیدی ئەوە بی کە ئەتوو بیریلێدەکەیەوە.. بە کورتییەکەی با ئەوەش باش بزانی.. ئەگەر ئەتوو هەر بەو شێوە لە من نێزیک ببیەوە ئەوە ڕۆژەک دادێ ئەتووش وەک من تووشی مەترسیی دەبی چونکێ ئەمن چەند دژی ڕژێم بووم پێشان ئێستا بە هەمان ئەندازە - ڕەنگە یەک قیچ کەمتر - دژی ئەو دەسەڵاتە نووەشم.. ئەگەر بتانن و ترسیان نەبی هەر ئێستا پەلپەلم دەکەن.. (کە ئەوەم گۆت یەکسەر لەگەڵ بەرزبوونەوەی بڕۆیە ڕەش و گەورەکانی چاوانی زەق بوونەوە.. لەوەڕا زانیم کە بڕوای پێکردم چونکێ کە چاوان و بڕۆیانی بەو شێوە دەجوولاندن ئەوە نیشانەی ئەوەبوو کە بڕوا بە قسەکەت دەکا.. هەستمکرد بەو قسەم زۆر ترسا.. ئیدی لەو دەمەوە ببڕای ببڕ نەمدیتەوە!).

پەلکەتێڕینە لە بەرانبەر هۆزانڤانە وەناوبانگەکەش هەر بەختی یار نەبوو چونکێ ئەویش نە دەنگی ما نە ڕەنگی.. ئاخر پاش ڕاپەڕین ئیدی سەردەمی ئەوە نەما هۆزانڤانان وەک پێشان لە ترسی سەرکوتی ڕژێم پەنا ببەنە بەر تەمومژ و خوازە؛ پێشان ئەگەر چەند وشەگەلەکی وەک 'شاخ.. بەرگی بۆر.. گورگ.. هەڵۆ... تد'ت وەکاربردبا کە هێما و ئاماژە بوون لۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕان.. ئەوە دەبوویە هۆزانڤانەکی ئازا و وەناوبانگ.. ئەو هۆزانڤانەشمان هەر بەو جۆرە نووسینە ڕاهاتبوو ئیدی نەیدەتانی خۆی نووبکاتەوە.. بێجگە لەوەش بە هۆی ئاڵوودەبوونی بە یەکەک لە پارتیەکان بە نیازی خۆژیاندن تووشی جۆرەک لە بێهوودەیی ببوو تا وردە وردە بە تەواویی داتەپی. جا ئەو هەموو ماندیبوونەی هاوڕێ پەلکەتێڕینە بەو هۆزانڤانە هەمووی وەفیڕۆچوون و 'کلاشی دڕا و هیچی پێ نەبڕا'! لێ لەبەرئەوەی تەمەنەکی زۆری لەو بەزمە بەسەربردبوو و تازە نەیدەتانی دەستبەرداری پیشەکەی ببی.. ئەو جارە بایداوە سەر ستایشکردن و پیرۆزکردنی بەرپرس و کەسە رامیارییەکان جا مەزن بن یان نا گرفتی ئەو نەبوو بەڵکە گرنگ ئەوە بوو ناودار بن! ئیدی وردە وردە وەیلێهات هەر ڕۆژەو دەیانکردە بەرپرسی دەزگەکی ڕۆشنبیریی یان سەرنووسەری ڕۆژنامە یان گۆڤارەکی سەر بە پارتی یان سێبەری پارتی.. واتە ببووە شەپیوورژەنی پارتییەکان و دەرباری دیوانی بەرپرسەکان و هیچ ڕێز و بەهایەکی لە لای خەڵک نەمابوو.. تا سەرەنجام بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ بە گرگنیی خۆی کۆچی دوایی کرد کەچی دەسەڵاتداران تا ئێستاش ساڵانە وەک ڕۆناکبیرەکی مەزن یادیدەکەنەوە واتە بە مردییێتیش هەر لە دژی فەرهەنگی پێشڤەڕۆیی و ڕۆشنبیرە ئازاد و دژەباوەکان وەکاریدەبەن و سوودی لێدەبینن!!!

هەرچەندە فرە سەختە بڕوا بەوە بهێندرێ کە ڕۆژەک لە ڕۆژان ڕەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی وێژە و هونەر ڕابوەستی.. لێ بارودۆخی فەرهەنگیی پاش 'سەردەمی پەلکەتێڕینە' فرە فرە نالەبار و نەخوازرا بوو؛ نەوەکی ڕۆشنبیری گەنج پەیدابوون سەت خۆزییت بە ڕۆشنبیرانی لە بابەتی پەلکەتێڕینە دەخواست.. ئاخر هەر هیچ نەبی ئەوان تشتەکیان لە زمان و فەرهەنگی میللەتەکەی خۆیان و میللەتانی دیکەش دەزانی.. کەچی نەوە ڕۆشنبیرە تازەکە لەگەڵ ئەوەی بە بەراورد بە ڕۆشنبیرانی پێشان لە کاری رامیاریی هیشکی پارتیایەتی دوور بوون و زۆرەکیان خەریکبوون بڕوانامەیان لە زۆر بوار تەنانەت لە زمانە وەهێزەکانی جیهانیش وەدەستدەهینا.. لێ لە کرداردا زۆر کۆڵەوار بوون.. بێجگە لەوەی نەیاندەتانی بە هیچ زمانەکی دیکە بخوێننەوە تشتەکی ئەوتۆیان لە ڕێزمان و ڕێنووسی زمانەکەی خۆشیان نەدەزانی؛ جوایەزییان لە نێوان پیتی درێژ و کورت نەدەکرد و بە یەک شێوە دەیاننوسی.. لە نێو یەک بابەت یەک وشەی زۆر سادەیان بە دوو سێ

شێوە دەنووسی.. خاڵبەندییان وەک جوانکاریی وەرگرتبوو و بە ئارەزووی خۆیان خاڵ و دوو پنت و ویرگوڵ و نیشانەی سەرسوڕمان و نیشانەکانی دیکەیان ڕێزدەکردن! بێجگە لەوە زۆر لە کنیان گرنگ بوو هەردەم نەزانینی خۆیان لە پەنای ستایشکردنی نووسەر و هونەرمەندە ناودارەکان بشارنەوە کە پڕانییان بەرهەمەکانیان لۆ ئەو سەردەمانەی دوایێ گرنگیی خۆیان لەدەستدابوون.. یان زۆر جار بە هۆزانەکی هۆزانڤانەکی کەون وەدەنووسان کە سێ بەش لە چار بەشی وشەکانی پتر وشەی قورس و ئاڵۆزی زمانانی دیکە بوون و بێ ئەوەی هیچی لێتێبگەن هەر لەو گۆڕەی واتا و لێکدانەوەی سەیر سەیریان دادەتاشی! هەڵبەتە ئەو ئاوە پێشترێ نووسەرانەکی دیار ڕێژتبوویان و تەنێ لە پێناو ناودارکردنی خۆیان و خۆژیاندنیان لەسەر بەرهەمی خەڵکانی دیکە ئەو کارانەیان کردبوون و ببوونە هۆیەکی کاریگەر لۆ کات وەفیرۆدانی خوێنەران و سەرنجڕاکێشانی خەڵکانەک کە لە ناخەوە گاڵتەیان بە هۆزان دەهات و لە رووکەشیشدا هۆزاندۆست و لێکۆڵەر و هەڵسنگێنەر و هۆزانڤانیش بوون! سەرەڕای ئەوانەش لە هەر کەسەکی ئەو نەوە تازەت بپرسیبا چەند زاراوە و بن زاراوە لە زمانەکەتدا هەیە ئەوە هیچی لێنەدەزانی و بە ئارەزووی خۆی ژمارەی فرێدەدا!

ئەو جۆرە ستایشکردنەی ئەویدی لە پێناو خۆ مەزن پێشاندان لە نێو وێژەدا لە کۆتاییەکانی سەردەمی پەلکەتێرینە و نەوەی پاش وی دەستپێکرد و تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.. ئیدی وەک نەریتەکی باو لە نێو فەرهەنگی میللەت هەمیشە وێژەوانانەکی گەنج دێنە پێش و چەند ساڵەک کاتی خۆیان لە ستایشکردن و هەڵنانی وێژەوانان و هونەرمەندە ناودار و مەزنەکان وەفیرۆدەدەن.. لێ کە دەبینن هیچ بە هیچ ناکەن و تازەش ناتانن پیشەکەیان بگۆڕن و دەڤیان پێوەگرتیە هەڵدەستن لە ستایشکردنی وێژەوانان و هونەرمەندانەوە وەردەسووڕێنە سەر ستایشکردنی بەرپرسان و رامیاربازان و بەوەش کار و پیشەکی مادیی پەیدادەکەن و هەر لەو گۆڕەی لەسەر کێشی ساختەچی و ماستاوچی دەبنە 'رامیارچی'یەکی تازە بابەت! هەڵبەتە بە پێچەوانەشەوە هەمیشە هەندەک کەسی توندڕەو و سەررەڤی رامیارییش هەن پاش تەمەنەک کە وردە وردە لە میللەت دادەبڕێن و تووشی گۆشەگیریی و داخوران و داڕووخان دەبن.. ئەوانیش کە ناتانن دەستبەرداری مێژووەکەیان ببن بە ناچاریی روو لە کاری رۆشنبیریی دەکەن تا لەوێوە پێگەکی جەماوەریی و مادیی لۆ خۆیان پەیدابکەن.. ئیدی لەو نێوەدا ئەوانیش بە هەمان شێوە دووچاری نەخۆشیی ستایشکردنی مەزنان دەبن!

ئەو بابەتە کەسانە و جۆر و شێوازی ستایشکردنەکانیان زۆر نیگەران و دڵگرانیان دەکردم.. لەبەرهەندێ بە ناچاریی دەبووایە وەدووی خەڵکانەکی رۆشنبیر و رامیاریی ئەوهادا بگەڕێم کە پاک و سەرڕاست و دڵسۆزن لەگەڵ خۆیان و میللەتەکەیان.. تا هیچ نەبی هەندەک غەم و خەفەتەکانی خۆمیان لە کن هەڵبڕێژم.. یەک لەو کەسانەش ئەو هاوڕێیەم بوو کە لە شاخ ناومنابوو 'پیاوە شەکرستانییەکە'.. چار نەبوو هەر دەبووایە بچم دڵ و دەروونی خۆم هەندەک بە قسە شەکرپڕژێنەکانی وی هێوربکەمەوە و لۆ ماوەک نیگەرانییەکانم لە بەرانبەر ستایشکەران بە فەرامۆشیی بسپێرم.

پیاوە شەکرستانییەکە راستەوخۆ پاش راپەڕین وازی لە پارتی هێنابوو و تێکەڵی دەسەڵاتیش نەببوو.. سەربەرزانە و ئازادانە خۆی دەژیاند چونکێ نەیدەتانی هیچ بەرپرسیارییەک وەربگرێ و بە پارەی دزرای گەڵ کە لە لایەن پارتیەکانەوە دەستی بەسەرداگیرابوو خۆی بژیێنێ، هەر لە گەڕەکەکەی خۆیان لەسەر شۆستەی شەقامەکی جەنجاڵ مێزەکی دانابوو و شمەکی وەک گۆریە و دەستر و دەستەوانە و کەمەربەند و ئەو تشتانەی دەفرۆشت، هێندە دوور نەبوو لە نێوەندی بازێڕێ و هەر بە پیادەڕۆیی خۆم گەیاندە کنی.. پاش ئەوەی بە هەندەک یادگاریی سەردەمی شاخ خۆمان سەرمەستکرد و هەندەک کاتی خۆشمان بەسەربرد زۆر بە گەرمیی کەتینە نێو باسوخواسی بارودۆخە رامیاریی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەم.. کاتەکم زانی کیژەک کە پرێسکەکی وەدەستەوە بوو بەرەو رووومان هات و خۆی گەیاندە تەنیشت هاوڕێیەکەم و کەتنە قسە.. دیاربوو کیژی خۆی دەرچوو.. هەندەک خواردنی لە ماڵێ ئامادەکردبوو و لۆی هێنابوو.. ئەوە یەکەم جارم بوو بە دیداری ئەو کیژە شاد ببم.. کیژ چ کیژ؟!!! هەرچەندە تەمەنی گچکە بوو و تازە بناغەی مەمکانی دانابوو.. لێ هێندە نازدار و نەرمونیان بوو هیشکترین و کەللەرەقترین پیاوی نەرم و کەمۆ دەکرد! هەر کتومت دەتگۆت تاوسە.. ئەگەر بڕوام بە سوند هەبایە سەت سوندم دەخوارد کە ئەوە تاوسە و بە هەڵە لە شێوەی مرۆڤ ئافەریدە بووە! ئیدی لە کنە خۆم ناومنا 'کیژە تاوس ئاسایەکە'.. هەر لە مەژیی خۆشمدا گۆتم زۆر باشترە تا هیچ هەڵەکم نەکردیە و لە بەرانبەر خۆی و بابی تووشی شەرمەزاریی نەبوومە بە زووترین کات ئەوێ بەجێبهێلم.. هەندەک پەلەمکرد لێ پێش ئەوەی بڕۆم.. هەرچەندە هیچ پێویستم بە گۆریە نەبوو لێ هەر ویستم سوودەک بە هاوڕێیەکەم بگەینم.. دەستم لۆ جۆرە گۆریەک درێژکرد و گۆتم: "بەستە گۆریەکم لەوەیان بدێ" ئەویش گۆتی: "بە داخەوە.. لەوەیان هەر ئەو جۆتەمان مایە".. ئیدی کیژە تاوس ئاسایەکە وەک ئەوەی بیەوێ بە باڵەکانی باوەشینمان بکا زۆر بە نەرمیی باڵەکانی هەڵتەکاند و زاری کردەوە کە ئەویش وەک بابی هەر شەکری لە زاری دەباری:

- بابە گیان.. زۆرمان لەو گۆریە هەیە.. راوەستە هەر ئێستا دەچم چەند بەستەک دەهینم و دەگەڕێمەوە.. (خەریکی رۆیشتن بوو.. هەرچەندە بابی پێیگۆت: "نا پێویست ناکا کیژم.. خۆت ماندیی مەکە بەو گەرمایە.. هەر ئەو جۆتەی دەدەمێ یان گۆریەفرۆشی دیکە زۆرن لەو نێوە با لەوانی بکڕی".. کەچی ئەو بە چەند قسەکی شیرین بابی رازییکرد و لە شەقەی باڵی دا).

هێندە گەرما نەبوو.. لێ جوانییە لەڕادەبەدەرەکەی ئەو تاوسە باڵ نەخشینە کە ئەمن پێش رۆیشتنی لە نێو دەریایەک شەرم و نیگەرانیی لە بەرانبەر بابی سەرنجانم دەدایێ.. بە بن ئارەقەی خستبووم! خەریکبووم بە هەندەک باسی رامیاریی کە بە خۆشم نەمدەزانی چم دەگۆت.. جوانییەکانی لە مەژیی خۆم دەربکەم تا لەو شەرم و شپرزەبوونە رزگاربیم.. کەچی زۆری نەبرد و نەیهێشت ئارەقەکەم هیشک ببتەوە دیتم وا لە دووڕا باڵەکانی لەیەکدەدا و بە هەڵداوان دێتەوە.. تا نێزیکتر دەبۆوە هەر هەناسەم سوار و سوارتر دەبۆوە.. ئارەقەکی هێندە زۆرم دەردا لە سەر و ردێنیشم دەچووڕاوە! هەر کە گەیشت بەستە گۆریەکی لۆ درێژکردم و گۆتی:

- فەرموو کاکە.. ئەو گۆریە چەند جۆرەکی هەیە.. ئەمن هەرە باشەکەیانم لۆ هاوردی.. هەر لەو جۆرەی کە خۆت گۆتت.

- زۆر زۆر سوپاس.. مانديیشمان كردى.. (چاك بوو هەر ئەوەندەشم لۆ گۆترا.. ئاخر تەنانەت دەستی خۆشم لۆ بەرزەفت نەدەكرا! كە بەستە گۆریەكەم لێوەرگرت تەواو دیاربوو كە دەستم دەلەرزی! دڵنیابووم بابیشی هەستی بەوە كردبوو كە لەسەرخۆ نیم و لە دۆخەكی خراپدام چونكێ بە نەرمییەكەوە گۆتی):

- ئەوە چیە هاوڕێ.. لۆ وەها بە بن ئارەقەی كەتی.. خۆ لە كوورەی كارناكەی؟!

ئیدی نەمزانی چم گۆت و چم كرد.. هەر تەنێ ئەوەندم وەبیردێ كە دەیویست پارەكەم لێوەرنەگری و ئەمنیش بە تۆبزیی پارەكەم لەدەستینا و خۆم قوتاركرد، ئاخ كە چەند حەزمدەكرد لە پاش چەند هەنگاوەک لە بەجێهێشتنیان ئاوڕەک بدەمەوە و جارەكی دیكە ئەو یەک پارچە لە جوانییە ببینمەوە لێ ئەفسووس تازە كار لە كار ترازبوو.. نا نا.. كەلكی ئەوەم پێوەنەمابوو! ئیدی هەر لەبەرخۆمەوە بیرم لەوە دەكردەوە كە؛ باشە ئەوە گریمان ئەمن نەخۆشیی جوانپەرستییم هەیە و بەو جوامێرییەی خۆم و بەو هەموو ئەزموونە رامیاریی و شۆڕشگێڕییەمەوە بە دیتنی ئەو كیژۆڵە جوانە ئەوها گرفتار و شەپرێو بووم.. ئەدی دەبی ئەو كوڕە گەنج و نەوجەوانانە كە بە دیداری دەگەن كوو خۆیان لەبەری رابگرن و نەتاوێنەوە؟! سەرەنجام لەو دەم لەوە پترم لێهەڵنەكرِاند كە ئەوەی ناوەناوە دەمانبیستەوە 'ئەها نەوجەوانەكیان فڕاند'، 'ئەو كوڕە هیچ سەروسۆراغەكی نەما'، 'چەند رۆژ پێش ئێستا گەنجەكیان بنبزر كرد'، و... تد ئەوانە هیچی راست نەبن.. بەڵكە هەبی و نەبی دەبی ئەوانە بە هۆی دیداری ئەو تاوسە جوان و قشت و قەشەنگە و تاوسانی دیكەوە ئەوها تەرە و سەرگەرداں بووبن و بەرەو هەندەران پەرتەوازە بووبن.. یان هەر لەگەڵ یەكەم دیداریان لەگەڵ ئەو تاوسانە بووبنە دلۆپە ئاوەک و رۆچووبنە نێو زەوی!

پاش دوو سێ رۆژەک كە بە تەواویی بەسەرخۆ هاتبوومەوە دیسان هەر لەبەرخۆمەوە بیرم لەوە كردەوە كە؛ باشە ئەوە گۆتمان قسەی خەڵک بە هیچ شێوەک راست نییە كە دەبێژن 'ئەوە پارتیەكانن بە پێی بەرنامە دژە مرۆییەكانیان ئەو كوڕە گەنج و نەوجەوانانە ئەوها تووشی ئەو گرفت و دەردەسەرییانە دەكەن' بەڵكە ئەوە كیژە تاوس ئاسایەكانن بەو دەردەیان دەبەن! ئێ باشە ئەدی كێ ئەو كیژە گەنج و نەوجەوانانە دەفڕێنی و كووكوویی ئەوها بنبزریان دەكەن!؟ ئاخر شوونبزربوونی كیژان لە هەر جێیەكی ئەو جیهانە هێشتا زۆر قورس و سەختە لۆ خێزان و بنەماڵەكانیان ناشێ هیچ پارتیەک تەنێ لە پێناو ئەندامگیریی و پتركردنی ژمارەیان دەست لۆ تشتی ئەوها ببا! لێ هەرچەندی دەمكرد و نەمدەكرد هیچ سەرم لێیدەرنەدەكرد.. ئیدی ئەوە ببووە گرێیەكی زۆر گەورە لەسەر دڵم و چەندین مانگم بە وەدوواچوون و بەرسڤدانەوەی ئەو پرسیارە گوزەراند! نا.. ئەوەشیان هیچ سوودەكی نەبوو.. نەک هەر هیچم لێهەڵنەكرِاند بەڵكە تەواو بێ هومێدیش ببووم لەوەی كە بتانم بە هیچ ئەنجامەک بگەم! كەچی رۆژەک هەر بە رێكەت لە رێی سەرهەڵگرتنی كیژەک بەرسڤەكەم وەدەستكەت.. لێ خۆشم بێ ئەوەی هاییم لە هیچ هەبی ببوومە پاڵەوانی سەرگوزشتەی سەرهەڵگرتنی ئەو كیژە!

- ١٨ -

له مۆزەمۆزی گەنجانە و ئەڤینداریی هێندە هێڕوهوڕ بووم تا رادەی ئەوەی کە گونی خۆم و گێزەرم لە یەکدی نەدەکردنەوە.. بە کورتییەکەی زۆر سەرسووک و بێ ئاریشە ژیانم دەگوزەراند، لە باخچە گچکەکەی دەرێی شوورەی خانییەکەی خۆم دانیشتبووم و داخزیبوومە نێو ئەندێشەکی زۆر قوڵ و هاییم لە هیچ هیچ نەبوو.. کاتەکم زانی کیژەک لێم هاتە پێشێ و گۆتی: "خۆشمدەوێی" و برووسکە ئاسا خۆی بزرکرد.. هێندە لە قوڵایی ناخیەوە ئەو وشەی دەرپەڕاند هەر لە جێی خۆم گێژ و هوڕی کردم و نوقەی لێبڕیم! چار پێنج رۆژەک تا هاوڕێیەکم بە نیازی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی داکم پێویستییەکانی گەشتەکی دەرێی لۆ رێکخستم بە هیچ جۆرەک نەموێرا بچمە دەرێ و وەک جاران لە نێو باخچەکەی پێشەوە دابنیشم.. ئاخر ئەو 'خۆشمدەوێی'یەی ئەمن ژنەوتم هەرگیز گەمەی پێ نەدەکرا و هەر لەو گۆڕەی هەڵنەتۆقیبوو! سی و پێنج رۆژی گەشتەکەم هەر لە مەژییم دەزرینگاوە.. هەستمدەکرد دار و دیواری ئەوێشی خستبووە لەرزە.. ئیدی لەو 'خۆشمدەوێی'یە پتر بترازێ هیچ هیچی دیکەم نەدەژنەوی...

ئەو ماوەی لەوێ لەگەڵ داکم بووم هێندەی سی مانگ دەبوو لە کنە من.. بە هەر دەردەسەریی و خۆخواردنەوەک هەبوو تەواومکرد و گەڕاینەوە، هەر کە گەیشتمەوە پرسیاری ئەو کیژەم کرد کەچی گۆتیان ئەویش بزرە! هیچ کەسەک نەما سۆراغی لێنەکەم.. لێ هەر ئەو بەرسڤەیان راست بوو لە کنە من کە دەیانگۆت مانگەک دەبی بزرە... وەکیدی هەر کەسەو لۆ خۆی لە ئاشەکی لێدەکرد؛ هەبوو دەیگۆت 'بێ گومان هەر ئەو پارتیە دزیتی کە منداڵان و گەنجان هەڵدەخەڵەتێنی و دەیانباتە چیای چونکێ لەو رۆژەوەی بزربووە ئەو هاوڕێیەی زانکۆشی کە سەر بە هەمان پارتیە ئەویش دیار نەمایە'.. هەندەکی دیکە دەیانگۆت 'ماوەک بوو لەگەڵ چەند بەرپرسەک دەهات و دەچوو.. ئەوانە دڕندەن.. بێ گومان کاری خراپیان لەگەڵ کردیە و داخۆ لە کێندەرێ کوشتیتیان و فرێیاندایە!'.. کەسە نێزێکەکانیشم کە ئەو تشتانە نهێنیی نەبوون لە نێوانمان پاش ئەوەی گومانیان لۆ چەند تشتەکی دیکە دەبرد دەیانگۆت 'کێ دەزانی.. لەوانەیە هەر لەسەر ئەو 'خۆشمدەوێی'یەی کە بە تووی گۆت.. هەر ماڵی خۆیان بە دزیی خنکاندبیان و لە جێیەک لە بن زەوییان نابی..' و... تد.

هاوڕێیەکی کیژی هەبوو کە دراوسێمان بوو دەرکە بە دەرکە.. رۆژانە لەگەڵ وی پێکەوە هاتوچۆی زانکۆیان دەکرد.. کە هەستی بەو بارودۆخە خراپ و شپرزەی من کردبوو بە ئەسپاییەکەوە لێم نێزیک بۆوە و بە دزییەکەوە پێیگۆتم:

- مامۆستا ئەمن زۆر بڕوام بە توو هەیە لۆیە دەتانم ئەو نهێنییەت لە کن بدرکێنم ئەگەر پەیمانم بدەیێ لە کن کەس باسینەکەی؟ (هەستمکرد رەنگە ئەو لە هەمووان باشتری لێبزانی.. پاش ئەوەی دڵنیامکردەوە لەوەی کە ئەگەر بێ پێچوپەنا لۆم باسبکا ئەوە هەرگیز قسەکانی لە کنە من دەرناچن... ئیدی گۆتی):

- هەرچەندە ئەو هاوڕێیەی من پێش بزربوونی هیچی لەو بارەوە بە من نەگۆت لێ ئەمن دڵنیام کە رۆیشتیتە شاخ و ئێستا چەکدارە.. چونکێ ئەو هەمیشە باسی باشیی ئەو پارتیەی شاخی دەکرد.. لە زانکۆش هەردەم لەگەڵ کیژەکی لایەنگری هەمان ئەو پارتیە پێکەوەبوون و زۆر جارانیش لە وانەکانیان نەدەچوونە پۆل بەس نەمدەزانی لۆ کێندەرێ دەچوون.. ئێستا هەردووکیان بزرن.. چەند رۆژەکیش پێش بزربوونی کە دوا دیدارم بوو لەگەڵی بە منی گۆت 'خۆزگە ئەمنیش وەکی ئەو کیژە چاونەترسانە شۆڕشگێڕەک دەبووم لەو چیایانە و سەرفرازانە دەژیام.. ئای کە چەند تامەزرۆی ئەوەم رۆژەک لە رۆژان بەو ئاواتە بگەم.. ئەها باش بوو

وەبیرمهاتەوە.. لەو رۆژانە چیرۆکەکم بڵاودەبتەوە.. بەس بە ناوی خۆم نا بەڵکە بە ناوی 'کیژە تامەزرۆیەکە'یە.. تکایە لەنەوپاش بە تامەزرۆ گاسم بکە!...' (ئەو قسە لە هەمووان پتر ڕێی تێدەچوو.. ئەوە سەرەداوەکی چاک بوو لۆ من.. ئیدی ناوەکەی لە کنە من بووە 'کیژە تامەزرۆیەکە' و لە هەر گۆڤار و بلاڤۆکەکی وێژەیی یان ئەوانەی کە دەمزانی بابەتی وێژەیی بڵاودەکەنەوە وەدوو ئەو ناوە خوازرایەدا دەگەڕیام).

پاش چەند رۆژەک کە گەڕامەوە سەر کارەکەم کە لە رۆژنامەک بەرپرسی بەشی وێژەیی و هونەریی بووم.. هەرچەندە هەرگیز پێشبینیی ئەوەم نەدەکرد ئەو کیژە چیرۆکەکەی لەو رۆژنامەی مە بڵاوکردبیتەوە لێ ئەمن هێندە عەوداڵی سۆراغەکی وی بووم وەدوو گچکەترین ئەگەریش دادەچووم.. پێش هەر تشتەک تەماشی لستی بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەو ماوەی گەشەتەکەم کرد.. لەپڕ چیرۆکەک بە ناونیشانی 'جوانییەکانی حەیرانی جوانییەکی رۆشنتری کردم!' سەرنجی راکێشام و لە بەرانبەریشی نووسرابوو 'کیژە تامەزرۆیەکە'.. یەکسەر دڵم بە قرتەقرت کەت و خەریکبوو هەناسەم رابوەستی.. ئیدی بە پەلە ئەو ژمارەی رۆژنامەکەم پەیداکرد و زۆر بە هووردیی کەتمە سەر چیرۆکەکە:

«جوانییەکانی حەیرانی جوانییەکی رۆشنتری کردم!

کیژە تامەزرۆیەکە

هەر رۆژەو دوو جار لە چوون و هاتنەوە کۆڵانەکەیان قووتیدەدام و دایدەهێزیم، هیچ خۆشەویستییەکم لۆی نەبوو.. چەند بە تەمای برای خۆم بووم هەر هێندەش بە تەمای وی بووم.. لێ جوانیی و ئارامیيە سەرنجراکێشەکەی ئی ئەوە نەبوون خۆیان لەبەر رابگری، ئەو رێیە سەرەکییەی کە ئەمن بە پاس پێیدا دەرۆیشتم لۆ خوێندنگەکەم لە رۆژاواوە بەرەو رۆژهەڵات دەرۆیشت و ماڵی وانیش لە کۆڵانەکی لای سەرێی سەر ئەو رێیە یەکەم نا دووەم خانیی پشتیان کەتبووە رۆژهەڵات.. خانییەکانی ئەوێ نوو بوون و شوورەشیان نەوی بوون.. سەرەڕای باخچە رازاوە گەورەکەی نێو خانییەکەی نیوەی شۆستە پانەکەی پێش شوورەی خانییەکەشی کردبووە باخچەکی زۆر جوان و خنجیلانە، ئەگەر باران و سەرما نەبا ئەوە زۆر جاران لە نێو یەکەک لە باخچەکانی دەبیندرا.. کە دەرۆیشتم دەمدیت هەر خەریکی پەروەردەکردنی گوڵ و فریز و دارودەرەختەکانی بوو.. لە کاتی گەڕانەوەشمدا زۆر جار دەمدیت بە ئارامیی لەسەر کورسییەک روونشتیە و تشتەکی بە دەستەوەیە و دەخوێنتەوە یان ئەوەتە خەریکی پیاسەکردنە، سبەینان لە رێزی پشت لێخوڕی پاسەکە و لە گەڕانەوەشدا لە رێزەکەی دیکە دادەنیشتم لۆ ئەوەی لە هەردوو سەردا کە پاسەکە بە تەنیشت کۆڵانەکەیان رەتدەبوو لە نێزیکترەوە بیبینم.. هەرچەندە لە گەڕانەوەکەم لە نێزیکترەوە دەمدیت چونکێ پاسەکە بە بەری لای کۆڵانەکەیاندا دەهاتەوە لێ کاتی چوونەکەم فرە پێ خۆشتر بوو چونکێ وێستگەی پاسەکە رێک لە بەرانبەر کۆڵانەکەیان بوو و تا چەند کەسەکی ئەوێ و هاوپۆلەکەم کە دراوسێی وی بوو سواردەبوون ئەمن بە کامی دڵی خۆم تێر تێر جوانییەکانیم هەڵدەمژتن.. ئیدی لەوان دەمان ئەوها لە نێو شەپۆڵی حەزەکانی خۆم نوقم دەبووم و هێندە بە بیر و ئەندێشە رۆمانسییەکانی خۆمەوە سەرمەست دەبووم هەرگیز هاییم لەوە نەدەبوو کە هاوپۆلەکەم کەنگێ و کووکوویی دێتە نێو پاسەکە و لە تەنیشتم دادەنیشی و سپێدە باشم لێدەکا تەنانەت پاسەکەش بە هەموو سەرنشینەکانیەوە ئاوری بگرتبا هەر تەقەی سەرم دەهات! جا تا دەستەکی نەختبایە

سەر شانم و دەوی بە کونی گێم وەنەنابا داوی ئەندێشە مزرەکانم نەدەپچڕا و سەرمەستییەکەم بەرینەدەدام.. هەر جارەو بە چپەچپ بە قسەکی لەو چەشنە واگای دەهینامەوە: 'ها گیانە.. وا دیارە شەوادی خەوەکەت زۆر خۆش بووە و خەونی خۆش خۆشت دیتیە.. توو سەری خۆت دە لۆم وەگێرە شەوادی خەونت بە چ کوڕەکی جوان و قۆزەوە دیت؟'، نیوە ساڵی یەکەمی دوا پۆلی ئامادەییم هەر بەو جۆرە و تەنێ بەو چەند خولەکە دیتنە کەمەی ئەو رۆژانەی ئەوم تێیاندا دەدیت بەسەربرد.. بە هەر دەردەسەریی و خۆچیرکردنەوەک هەبوو ماوەی پشییدانی نیوە ساڵێم تەواوکرد و دیسان لە نۆژەنرا بوژامەوە.. لێ ئەو جارە هەستمدەکرد ئیدی ئەو کورتە دیدارانە هەرگیز تێرایی ئەو حەمکە حەز و ئارەزووانەی من ناکەن و ئەگەر هەر ئەوهاش بێتەدووێ ئەوە لە وانەکانم سەرناکەوم و رەنگە هەر دین و دەلۆ و سەرگەردانیش ببم..

زۆر سەیرە! هیچ جۆرە پەیوەندییەکی خۆشەویستییت لەگەڵ کەسەک نەبی کەچی ئارەزووی دیتنیت وردە وردە هەر بەرز و بەرزتر ببتەوە تا دەگاتە ئەو ئاستەی بە جۆرەک شپرزە و شەپرێوت بکا کە سەرجەمی ژیانت سەراوبن بکا!؟ پاش ماوەکی زۆر لە تێهزرین لەو کێشە ئەو راستییەم پشتڕاستکردەوە کە دەبێژی 'پێویستییەکان داهینان چێدەکەن'؛ لە سەرەتادا هاوپۆلەکەم رازییکرد کە بە پێیان هاتوچۆی خوێندنگە بکەین ئەوجا بڕوام بە داکیشم هینا کە خوێندنگەکەمان نێزیکە و حەزدەکەم لەگەڵ هاوپۆلەکەم بە پێیان هاتوچۆ بکەین و بەوەش پارەی کرێی پاسەکەشم لۆ دەمینێتەوە! بە هاوپۆلەکەشم گۆت 'وەک دەزانی ئەمن لە بیرکاریی زیرەکم.. جا کات راگرتنەکەی هاتوچۆمان لۆ خۆم لێگەرێ.. غەمت نەبی ئەمن هەموو رۆژێ لە کاتی خۆی دێم لە دەرکە دەدەم و پێکەوە دەرۆین'.. نەخشەکەم رێک وەک خۆی سەریگرت؛ ماڵیان لە تەنیشت ماڵی ئەو کوڕە قۆز و نازدارە بوو.. ئیدی ئەمنیش هەندەک زوو دەردەچووم.. کە دەگەیشتمە کۆڵانەکە ئەگەر بەختم یار با و لە دەرێ با ئەوە تا دەچووم لە دەرکەی ماڵی هاوپۆلەکەم دەدا و دەهاتە دەرێ تێر تێر لە نێزیکەوە تەمەشای ئەو روخسارە گەش و جوانە و ئەو بەژنوباڵایە قۆز و جوولە قشتانەیم دەکرد.. لێ ئەو هەروەک ئەوە بوو مێشیش مێوانی نەبی! ئەوجا ئەمن چم دابوو لەوە.. گرنگ ئەوە بوو ئەمن خۆم لە جوانییەکانی پڕ پڕ دەکرد.. کاتی هاتنەوەش بە هامان شێوە ئەگەر لەوێ با بە بیانووی ئەوەی کە تینییم بووە داوای ئاوەکم لە هاپۆلەکەم دەکرد.. ئیدی لەبەر دەرێی ماڵەکەیان رادەوەستام و تا ئەو ئاوەکەی دەهینا دیسان خۆم پڕ پڕ دەکردەوە و بە دڵ و دەروونەکی خۆش و پڕ لە ئاسوودەیی بەرەو ماڵێ شۆڕمدەکردەوە.. هەر خۆم وەها دەهاتە بەرچاوان کە ترومبێلەکم و رۆژانە دوو جاران خۆم پڕ بەنزین دەکەم.. یان جوانتر بێژم هەر وەهام هەستدەکرد کە هاوسەرەکی پڕ بە دڵ و شیرینم هەیە و رۆژانە دوو جاران دەست لە ملان و ئاوێزانی دەبم و هەرچی پێشم خۆشە لەگەڵی دەکەم.. هەڵبەتە ئەو جارانەش کە نەمدەدیت ئیدی چ لە خوێندگە چ لە ماڵێ هیچم بەسەر هیچەوە نەدەبوو و کاتەکانم زۆر بە سەختیی تێدەپەڕین.. لێ ئەو رۆژانەی دەمدیت هەر بەدەو رێوە چ لە چوونم تا دەگەیشتمە خوێندنگەکە چ لە هاتنەوەم تا دەگەیشتمەوە ماڵێ هێندە دەکەتمە نێو هەست و نەست و ئەندێشە سۆزورژێن و ئارەزووە سێکسییەکانم نێوگەڵم تەڕ تەڕ دەبوو و ئاوی لێدەچۆڕاوە ئیدی پاشان ناچارمام رۆژانە 'سانتی'یەک ببەستم تا هەر رۆژ مایۆیەکەم نەگۆڕم! هەرچەندە هیچ خوێندکارەک نییە رۆژی پشیی پێ خۆش نەبی لێ ئەمن دوژمنم ببووە ئەو رۆژە هەروا ئەو رۆژانەش کە نەمدەدیت.. زۆر نیگەران و تووڕە دەبووم و کەس نەیدەوێرا خۆیم تێبگەینی.. هەر ئەوە نەبوو لەگەڵە خۆشم وەشەڕبێم! لێ زۆربەی

ڕۆژەکان بە دیداری شادمان دەبووم واتە بە شێوەکی گشتیی کاتەکانم زۆر بە ئاسوودەیی بەسەردەبردن.. ئەوەش وەیلێکردبووم زۆر زۆر باش بیم لە وانەکانم و سەرەنجام لە سەری ساڵ هەشتا و هەشت لە سەتم هینا!

سەرەڕای هەموو ئەوانەش هێشتا وەک هەست و سۆزی کیژان لۆ کوڕانی خوازیاری خۆیان خۆشمنەدەویست! نازانم؛ نە ئەوهام هەستدەکرد جوانییە ئەفسوونییەکانی وی لە چاوانی من زۆر لەوە کاریگەرتر و مەزنترن تەنێ بکرێنە هۆیەک لۆ دامرکاندنەوەی ئالووشە جەستەییەکان.. واتە هەستمدەکرد بە تەواویی لەوەیان تێپەڕکردبێ هەر تەنێ خۆشەویستییەکی سادەی نێوان کیژەک و کوڕەکیان لێ چێبکرێ.. نە هەر ئەمن خۆم جۆرەک لە نەخۆشیی دەلۆیی و شێتوشووریم هەبوو؟ کاتەک کە هاوپۆلەکەم هەستیکرد زۆر تەمەشای ئەو کوڕە دەکەم و رەنگە هەست و سۆزەکم بەرانبەری هەبێ.. بێ پێچوپەنا پێیگۆتم:

- زۆر تەمەشای ئەو کوڕە نەکەی باشە.. ئەوە خواردنی توو نییە گیانە، دەزانی ئەو کوڕە زۆر زۆر رۆشنبیرە دوایێش بێ دینیشە و تەمەنیشی لە توو زۆر گەورەترە.. بڕوابکە ئەگەر هەست بکا ئەتوو بە چاوەکی ئەوها تەمەشای دەکەی بە تایبەتییش بەو ماکیاژە کلاسیکیی و بەو جلکانەتەوە کە کتومت بە دۆڵمەی پێچرا دەچی.. زۆر لێت تووڕە دەبی و رەنگە هەر بە یەک زەردەخەنەی ترش و تاڵ بتتاوێنتەوە! ئەتوو ئەو مامۆستایەی خوشکی دەبینی کە ئێستا ئەوها رێکپۆش و جوان و کراوە دیارە.. ئەوە پێشان نەیدەهێشت هیچ جێیەکی جەستەی دیاربێ و زۆر مڕومۆچ بوو هەر دەتگۆت قوڕەپەستە.. ئەوە هەر لە ژێر کۆشش و کاریگەرییەکانی وی ئەوها گۆڕایە... (بەو قسانەی وەیلێکردم هەر بە ئێکجاریی لە خولیای خۆشویستنی دووربکەومەوە.. جا ئەمن چم دابوو لەوە.. گرنگ ئەوە بوو نەهێلم هەست بە هیچ بکا و وردە وردە جوانییەکانی لێ بدزم و لە کنە خۆم تەفەتیان بکەم تا جوانییم هێندە هێندە زۆر دەبی لەسەرم دەڕژێتەوە و بەشی هەموو تەمەنم دەکا)!

ئەو چەند مانگەی زیندانی ماڵێ تا لە زانکۆ وەرگیرام کات لە کنە من راوەستابوو.. بینە پێش چاوانی خۆت؛ دەبی ئەو چەند مانگە چ ژان و ئازارەکی پڕ لە کولوکۆڤانم لە دووریی دیداری روخسار و بەژنوباڵای ئەو جوامێرە چەشتبی؟! پاش ئەوەی چەند رۆژەک بە پاس هاتوچۆی زانکۆم کرد و خەریکبوو چاوە برسیی و پڕ تامەزرۆیەکانم بە هەمان شێوەی جاران بە جوانییەکانی دەگەشانەوە.. هەر وەمدەزانی وەک ئەوەی ئەفسانە پووچەکان باسیدەکەن کە مرۆڤ زندیی دەبتەوە ئەوە ئەمنیش زندیی بوویمەوە و خەریکە چاوانم بە تەواویی دەپشکوێن.. کەچی لەپڕ برایەکم کە ترومبێلەکی هەبوو قوڕەکی خەست خەستی لۆ گرتمەوە.. گۆتی:

- دەزانم زانکۆیەکەت زۆر دوورە و بە دوو پاس و هەندەک بە پێ رۆیشتنیش ئەوجا دەگەی.. ئەمن لەنەوپاش بە ترومبێل دەتبەم و دەتهینمەوە باشە.. (بە شۆخییەوە) چت دەوێ لێخوڕیشت لۆ پەیدابوو! (دەرفەتی هیچ کلک بادانەکەم نەبوو چونکێ بێجگە لەوەی برایەکەم زۆر کەللەڕەق بوو زۆر نابەجێش بوو ئەو پێشنیارە رەتبکەمەوە چون لە روانگەی وی و هەموو کەسەکیش چاکەیەکە لەگەڵم دەکا و لە قازانجی منە.. نەمدەزانی چ بکەم و ئۆقرەم لەبەربڕابوو.. چەند رۆژەک وەک ئەوەی لەسەر زگ رامبکێشن بە ترومبێل هاتوچۆی پێکردم و هەرگیز بە لای کۆڵانی جوانییەکانیشدا نەدەڕۆیشت، دەبێژن ئەڤین هەموو تشتەکت پێ دەکا.. ئەوەی من ئەڤینیش نەبوو لێ لە ئەڤین بزوێنەرتر و نایابتر و بە بایەختر و پڕ چێژتر بوو لۆ من.. هەر لۆیە زوو تانیم پارێزی لێوەرگرم و زۆر بە هاسانیی بەرپێنەک بدەمە بەر برایەکەم و پشتی سەری بە زەوی دابدەم؛ هەر بە چەند قسەکی لووس رازییمکرد کە با هاوپۆلەکەی پێشانم کە ئەویش لە زانکۆ لەگەڵمە لەسەر رێی

**خۆمان هەڵبگرین و لەگەڵ خۆمانیش بیهێنینەوە.. ئەویش بەو بیانووەی کەماڵەکی هەژارن و ترومبێلیان نییە و تەنانەت بابە پیرەکەی بە هەزار دەردەسەریی تا کرێی پاسەکەی لۆ پەیدادەکا.. ئیدی رازییمکرد و وەک جاران لە دورینەوەی جوانییەکان بەهرەمەند بوومەوە، کە لە چوون و هاتنەوە لە پێش ماڵی هاوپۆلەکەم دەماندیت و لەگەڵ برایەکەشم سپێدەباشەک یان چاکوخۆشییەکی گەرموگوڕیان لە یەک دەکرد زۆر رێزدار و لەسەرخۆ دەهاتە بەرچاوانم و ئەوهام هەستدەکرد لە هەموو رووەکەوە ئەزموندار و جوانمەرد و بە توانا بێ، رۆژەک هەر بە نیازی ئەوەی بزانم رای برایەکەم چیە لەسەری گۆتم):**

**- دەزانی کاکە ئەو کورە زۆر عەنتیکەیە.. هەر بە خانەنشینان دەچێ.. هەمیشە لە نێو ئەو دوو باخچەیەی دێ و دەچێ.. ئەوە چیە ئەوها بە بێکاریی و هەمیشە هەر لە ماڵێ دانیشتیە؟! (هەستمکرد قسەکەمی هەندەک پێناخۆشبوو و یەکسەر گۆتی):**

**- نا نا خوشکی خۆم.. ئەوهای لێتێمەگە، ئەوە کورەکی زۆر بەرێز و هۆشمەندە.. راستە ئەوەی زۆر خراپە کە کەسەکی بێ دینە و دابونەریتەکانی خۆمانیش لەبەرچاوان ناگری.. لێ کەسەکی زۆر پاکە و زۆر یارمەتیی خەڵکیش دەدا.. جارەک ئیشەکم پێیکەت زۆر هاوکاریی کردم.. دوایێ لۆت دەگێرمەوە.. ئەتوو ئەوهای مەبینە.. ئەو دانی هێواران خەریکی کاری رۆژنامەنووسییە و نووسەرەکی زۆر چاکە.. پێش راپەرینیش شۆرشگێر بووە.. هەموو ژیانی خۆی لە نێو کاری رامیاریی و خوێندنەوە بەسەربردیە.. وەکی ئەو نووسەرانە نییە کە لۆ پارە دەنووسن و مێچکەمێچک لەبەر بەرپرسان دەکەن و هەر رۆژەو ستایشی یەکەک دەکەن! ئەوی هیچ نەبی لە کنە وی پارەیە.. گوزەرانیشی خراپ نییە.. بێجگە لەو خانییەی تێیدا دەژی بابی خانییەکی دیکەشی لۆ بەجێهێشتیە و بژێویی خۆی بە کرێیەکەی دابین دەکا و هەڵپەی خۆدەوڵەمەندترکردنیشی نییە.. وەکی مە نییە کە رۆژ و شەومان بەسەر یەک وەنایە و هەر غارەغارمانە و کەچی بە هیچیش ناگەین... ئاخخخ خۆزیە ئەمنیش دەمتانی وەک وی بژیابام...**

**ئەمن هەر بە جوانییەکانی سەرسام بووم و هەر ئەوەش لۆ من گرنگ بوو.. کارم بەوە نەبوو کە پێشینەی چیە و رەوشتی باشە یان نا.. زیرەک و زەنگینە یان نا.. لێ ئەو هەموو پێناسانەی برایەکەم کە زۆربەیان هەر باسی چاکیی وی بوون فرە شیرینتریان کرد لە کنم.. تەنانەت بێ دینیی و دژە دابونەریت بوونەکەشی نەیانتانی بە هیچ شێوەک نیگەرانم بکەن چونکێ جوانییەکانی لە کنە من نەک هەر ئەو تشتانەی کە پەیوەستن بە ئازادیی بیروڕا بەڵکە هەر تشتەکی کرێتیشی جواندەکرد! پاش چەند مانگەکیش کاتەک کە جوانییەکانی پێنووسەکی لەدەستمنا و بە خولیای نووسینی هۆزان و چیرۆکان ئالوودەی کردم دیتم پێویستم بە خوێندنەوە و خۆماندییکردنەکی پتر هەیە.. بە هۆی خوێندنەوەش خۆبەخۆ دەرفەتی ئەوەم لۆ رەخسا بە شێوەکی رەخنەگرانە رۆبچمە نێو دین و سەرەنجام لە ماوەکی کەم هەمان هەڵوێستی ئەو کورە جوان و نایابەم وەرگرت.. ئیدی ئەگەر ئەو پێیوەبوو دین تلیاکی گەلانە ئەوە لە کنە من وەیلێهات بە ژارەمار و زەڕنیخیشی بزانم بە تایبەتییش لۆ ژنان.. پێبەپێی ئەوەش لە ژێر کارتێکردنی هاورێیەکی دیکەی زانکۆم وردە وردە هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتیمانییش لە مەژییمدا چەکەرەی دەکرد و دابونەریتە دارزیی و پاشڤەرۆیەکانیشم لە بەرچاوان کەتن، ئیدی ئەوانە وەهایان لێکردم هەستبکەم وا خەریکە هێدی هێدی خۆشەویستییەکی پڕ هەژموون زۆر بە چڕیی رەگ و ریشەی خۆی لە نێو دڵ و دەروونم دادەکوتی.. تا دەهات وەک کەسەک کە**

ئەندێشە داگیریکردبی ڕۆدەچووم نێو ناخی خۆم و خۆم پرسیارباران دەکرد کە ئایە ئەمن چ تشتەکی دیکە لەو کوڕە دەخوازم و دەمەوێ کووکوویی بی:

- جوانیی بی؟

- ئەوە خەریکە هووردوهەڕام دەکا!

- خۆشەویستیی بی؟

- ئەوە خەریکە دڵم لە بنوبۆتکەوە دەردەهینی و لۆ خۆی دەیبا!

- هاوهزریی بی؟

- ئەوە خۆی ئاسا هەرچی دین و دابونەریتە پێمەوە نەما!

- ڕەوشتی جوان و هەڵوێستی باش بی؟

- هەر کەسەی زاری دەکاتەوە هەر ستایشی دەکا و هەر ستایشی دەکا و هەر ستایشی دەکا!

تەنانەت هەنکی یەک سەرە دەرزیش چیە دەرفەتی تێدا نەما.. بڕیاری چی و تەڕەماشی چی؟! تازە بڕیار و مڕیار لە دەستە خۆم نەمابوو! هەر تەنێ و تەنێ ئەوەم لۆ مابۆوە کە کەنگێ و کووکوویی پێی ڕابگەیەنم 'خۆشمدەوێی.. خۆشمدەوێی.. خۆشمدەوێی'! سەرەنجام پاش ئەوەی هەرچی هێز و توانام هەبوو گشتیم وەگەڕخست کەچی هەر تەنێ یەک جار وێڕاگەیشتم پێبێژم "خۆشمدەوێی"!

داوای بووردنەکی گەورەت لێدەکەم ئەی کوڕە جوان و قشت و قۆزەکە، بڕوابکە سووچی منی تێدانەبوو.. ئەوە تەنێ داکە نەساغ و خۆشەویستەکەت بوو بێ ئەوەی هەستیپێبکا ئەتووی لە چاوانم دابڕی.. هەر لەو سەروبەندەشدا پەیمانم دابوو زنجیری بندەستیی بپچڕێنم و باوەش بە چیایە سەرکەشەکاندا بکەم و هەرگیز بێ ئازادیی نەگەڕێمەوە.. ئیدی تەنێ هەر بەوە ڕاگەیشتم پوختەی گەوهەری گشت جوانییەکانت لە دوڕ دڵ و دەروونی خۆم هەڵبگرم و ڕەدووی نیشتیمان بکەوم!

بە نیازی دیدار.. دیداری خۆت و جوانییەکانت لە نیشتیمانەکی ئازاد و سەربەخۆ و سەرفراز!».

مەینەت.. حەسرەت.. جوانناسیی.. هیوا و هومێدی زۆر باڵا.. هەست و سۆزی بێ ئەندازە مرۆییانە.. هەر هەمووی هێندە بە جوانیی لەو چیرۆکە تێکچرژابوونە نێو یەک و ئاوێتەی یەک ببوون تا تەواومکرد بە بن ئارەقەی ڕەش و شین کەتم.. دار و دیواری ژۆرەکە لە پێش چاوانم دەسووڕا.. دیتم خۆم لەسەر کورسییەکە لۆ ڕانەدەگیرا و خەریکبوو دەبووڕامەوە.. هاوکارەکەم هەستی بە بارودۆخەکەم کرد.. لە دەموچاویڕا خوێندمەوە کە پێشترێ هایی لە بنج و بناوانی ئەو بابەتە هەبی.. لێ ئەوەی زۆر خراپ بوو کە هەرگیز تشتی لەو بابەتانەی بە هاسانیی نەدەدرکاند.. ئیدی باوەشی تێگرتم و نەیهێشت لەسەر کورسییەکە بەربیمەوە و داینامە سەر زەوییەکە.. تێکڕای جەستەم بە تەواویی شلوشەکوت و کەلەلا ببوو.. پاشان وەک تەڕک تەختی زەوییەکە بووم.. هێشتا بە تەواویی لەخۆنەچووم.. لێ ئەو وەیدەزانی تەواو لێبوویمەوە و هیچ هاییم لە خۆ نییە.. ئیدی بە ئارەزووی خۆی وەنێوکەت:

- دەک داوەشێی زەلام.. کورە دە وەرە ئەتوو بزانە.. کیژەکی ئەوها نایاب و نازدار و ناوازە بەو گشتە جوانییەی خۆیەوە ئەوها لۆت بسوتێ کەچی ئەتووش لەبەر خۆبزرکردن لە نێو پەرتووک و ڕۆژنامان.. لەبەر ساویلکەیی و ئەندێشەبازییە وێژەیی و هونەرییەکانت.. ئەوها بە هێڕوهوڕیی دابچی! کورە ئاخر نەبووە نە؛

گەوجایەتی بگاتە ئەو ئاستە بە شەپازللە نەبی واگانەیێی.. کوو ئەوها لە دەستە خۆت دا هەی گێژوویژ! دە بیخۆ دەی.. دەوجا هەر برۆ لۆ خۆت لە نێو پەرتووکان بنوو.. با بزانین بە چ دەگەی...

* * *

سەرباری ئەوەی هەردووکیان تووشی نیگەرانییەکی زۆریان کردبووم؛ 'کیژە تاوس ئاسایەکە' بە هۆ ئەوەی کە ئیدی نەمتانی لە پاش مردنی بابی بیبینمەوە و هەندەک غەمی یەکەک لە نێزیکترین هاورێیەکانم لەسەر سووک بکا.. 'کیژە تامەزرۆیەکە'ش بە هۆی ئەوەی کە بە تەواویی هومێدی بە دیدار گەیشتنەوەیم بڕابوو.. رەوشی ئازادیی دەربڕین و تێکڕای ئازادییەکانی دیکەشم هەر بەرەو خراپ و خراپتر دەچوون.. بە هۆی کاری رۆژنامەگەریی و نووسینە توند و رەخنەییەکانم و بەشدارییکردنم لە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانیش تا دەهات پارتیەکان ئاسایشی ژیانمیان تێکدەدا و پتر و پتر گوشاریان دەخستە سەرم.. زۆر جار بە هۆی پێشینە رامیاریی و شۆڕشگێڕییەکەم - نەک بە هۆی ئاکار و رەوشتی چاک ئەگەر هەمبووبی - کە کەسایەتی و پێگەکی لۆ چێکردبووم و هەندەک لە بەرپرسەکان لەبەرچاویان دەگرت.. چاوپۆشییان لێدەکردم یان راستتر بێژم نەیاندەتانی وەها بە هاسانیی دەستم لێبوەشێنن ئەگینا ئەمنیشیان وەک خەڵکانی دی زۆر بە هاسانیی قڕچوبڕ دەکرد، بە کورتییەکەی زۆر کات بە نهێنیی دەچوومەوەماڵەکەی خۆم و هەروەک چەکدارەکی پێشانی شانە نهێنییەکانی نێو شار دەژیام چونکێ کێشەکە هەر ئەوە نەبوو رێ لە کار و چالاکیی رامیارییت دەگرن و لە کار و ژیان کارکەنار و نانبڕات دەکەن یان چاوانت لێ سۆر دەکەنەوە و ئازار و ئەشکەنجەت دەدەن و دەتگرن و لە زیندانێت دەپەستن.. بەڵکە تیرۆرکردنیش لە کنیان ببووە ئاوخواردنەوە بە تایبەتییش لە کن هێز و گرۆیە دینییەکان کە خۆم زۆر کێشەم لەگەڵیان هەبوو.. لە هەموو لایەکانەوە ئابلووقە درابووم و هێرشیان دەکردە سەرم.. سەرەنجام هەر هەموو پێشهاتەکان پتر و پتر ئامادەیان دەکردم تا نیشتیمان بەجێبهێڵم.. خۆشم گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی کە بەرهەمی بەرانگژبوونەوەکانم هێندە ناهێنی تا خۆمی لەسەر وەکوشت بدەم.. سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵە هاورێیەکم هەر یەکەیان بە جۆرەک لە لایەن دەسەڵات و پارتیەکانەوە گوشاریان خرابووە سەر و مەترسیی گەورە کەتبووە سەر ژیانیان و دەبووایە وەک ئەرکەکی هاورێیانە لە دەربازکردنیان لۆ دەرێی نیشتیمان یارمەتییان بدەم.. هەڵبەتە ئەوانیش کە تەمەشای بارودۆخی منیان دەکرد لە ئی ئەوان باشتر نییە بەڵکە خراپتریشە و هەمیشە دەسەڵاتداران کێشە و گرفتی گەورە گەورەم لۆ چێدەکەن زۆر جار پێشنیاریان دەکرد با هەموومان پێکەوە خۆ قوتاربکەین.. یەکەک لەو هاورێیانەش مۆسیقاژەنەک بوو کە زۆرم خۆشدەویست.. ئەو زۆر حەزیدەکرد پێکەوە دەربچین و لە هەمووان پتر هانیدەدام.. لێ هەروەک ئاماژەم پێیدا ئەمن بە هۆی پێشینەکەم دەمتانی هەندەک خۆ بپارێزم و بێجگە لەوەش هێشتا بە تەواویی بڕیارمنەدابوو نیشتیمان بەجێبهێڵم.

ئەو مۆسیقاژەنەی هاوڕێم وانەی فێرکردنی مۆسیقاشی دەگوتەوە.. لە پیشەکەی خۆی و بە شێوەکی گشتییش کەسەکی زۆر شارەزا و بە توانا بوو لێ بێ ئەوەی خۆی هایی لێبی 'کەس'ەکی دیکەیان لەبەرگرتبۆوە! ئەوەیان هەر زۆر بالکێشە؛ کەسەکت لێ دروستبکەن و بە خۆشت نەزانی.. هاوکاتیش هەر بەو هۆیەوە کێشە و گرفتی وەهات لۆ چێبکەن بێجگە لەوەی خۆت بخەنە سەر لێواری مەرگ منداڵەکانیشت رووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسیی بکەن! با بزانین کوو؟!:

یەکەم جارم بوو لە خولەکی فێربوونی مۆسیقا بەشدار ببم.. بەو هاوڕێیە مۆسیقاژەنەمەوە کە مامۆستامان بوو سێزدە کەس بووین.. تەمەنی پازدەساڵیی تا چل و پێنج ساڵییمان تێدابوو.. هەمووومان پێکەوە بێجگە لە نەوجەوانەکی تەمەن پازدە ساڵ وەک مۆسیقایەکی زۆر هارمۆنیی زۆر بە رێکوپێکیی و بە جوانیی خێوابووینە بار یەک.. ئەو نەوجەوانە وێدەچوو لە خولی دیکە بەشداریی کردبی.. ئاستەکی زۆر زۆر باشی هەبوو و لە هەمووومان باشتر فێری مۆسیقاژەندن ببوو.. ئیدی ناومانناب وو 'جێپەنجە'ی مامۆستا.. لێ کەسەکی هێندە چەقاوەسوو و رەوشت نزم بوو لە یەک کاتدا سووکایەتیی بە چەندین کەس دەکرد.. هەمووومانی بە قسە بێ کەلک و بێسەروبەر و ناشیرینەکانی هەراسان و نیگەران کردبوو و بە هیچ تشتەک وەگیر نەدەهات.. جار وەبوو گاڵتەی خۆی دەخستە سەر مامۆستایەکەشمان! لە ئاکاری دەموچاو و پرچ و رەنگ و پەیکەری بەژنوباڵا و سەرلەبەری شێوەکەی هەر کتومت مامۆستایەکەمان بوو.. واتە کتومت مامۆستایەکەمان بوو بە گچکەیی.. وەی لۆ دەچووم خزمی بی لێ هەرگیز نەمدەتانی بڕوا وەخۆ بهینم لەبەرهەندێ دەرفەتی دەداتێ ئەوها بەو جۆرە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ بکا.. نەمدەزانی لەبەرچیە ئەوها لۆ ئەو نەوجەوانە رووخایە و رێ لە هیچ هەڵسوکەوتەکی ناجۆری ناگری؟

لەمێژبوو ئەو مامۆستایە هاوڕێیەکی نێزیکم بوو.. لێ هەرگیز ئەو بێدەنگییەی ویم بەرانبەر بە جێپەنجەکەی بە مەژییدا نەدەچوو و لێم ببووە مەتەڵ.. هەر دانم وەخۆدا دەگرت و بە روویم دانەدەداوە تا رۆژەکیان تەنێ لەبەرئەوەی مامۆستا پێیگوت: 'ئافەرین.. زۆر باش فێربووی.. لێ لە کاتی ژەندنی کەمان نابی ئانیشکت هێندە بەرز بکەیەوە".. زۆر بە شێوەکی ناشیرین جرتەکی لۆ مامۆستا کێشا و لێیدا و چووەدەرێ! هەمووومان لە جێی خۆمان سارد بووین و لە بەرانبەر مامۆستاش کە رێزی زۆرمان لۆ خۆی و پیشەکەی هەبوو زۆر بەسەر خۆماندا شکاینەوە و مامۆستاش لە شەرمان خەریکبوو ببتە یەک پشکە ئاو و رۆبچتە بن زەوی.. ئیدی هیچ چارەم نەما و هەر راستەوخۆ پاش تەواوبوونی وانەکەمان مامۆستام جوداکردەوە و بە پێنان بە جەرگی خۆم گۆتم:

- مامۆستا.. نازانم ئەو جێپەنجەی توو... (نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم و گۆتی):

- ببوورە هاوڕێ.. دەزانم، ئەمن بە تەواویی لە هەست و ئازارەکانی هەمووتان تێدەگەم بەرانبەر بەو.. دڵنیابە کە ئەمن لە هەمووتان پتر ئازاری پێ دەچێژم.. باش دەزانم ئەو بێدەنگییەی من گرفت و هەراسانییەکی گەورەی لۆ هەمووتان چێکردیە.. ئەوەش بەسەرم داسەپایە کە ئەوها بم چونکێ بە پەروەردەکردنی پابەستکرامە! لێ ئێستا کە بە تەواویی لەبەری بردیتە دەرێ ئیدی ئەگەر ئەنگۆش بتانن دان وەخۆدا بگرن ئەمن لەگەڵ ئەوەی زۆریشم لەسەردەکەوی چیدی ناتانم ئەوها بێدەنگ ببم و هەر دەبی بە زووترین کات چارەسەری بکەم.. (پاش ئەوەی هەناسەکی دوورودرێژ و پڕ لە حەسرەت کزەی لە ناخی هەستاند درێژەی بە قسەکانی دا و گۆتی):

هاورێ گیان.. دیارە پێویست ناکا لەوە بدوێم کە ئەتوو وەک نێزیکترین هاورێم لەمێژە لەوەت تێپەڕاندیە هیچ تشتەکم لە کنە توو نهێنیی بی.. هەروا نەدرکاندنی ئەو نهێنییەشم تەنێ لەبەرهەندێ بووە کە دلم نەهاتیە سەری تووی پێوە بیەشێنم.. جا ئێستا بارەکە تەواو پێچەوانە بوویتەوە و کار لە کار ترازایە؛ دەزانم درکاندنی ئەو نهێنییەم لە خۆم پتر غەمبارت دەکا.. لێ ئەوە ژیانەو هەردەم مەرگ سەرەدیقانێی لەگەڵ دەکا.. ئێستا کاتی ئەوە هاتیە ئەو نهێنییەم لە کن یەکەک لە نێزیکترین هاورێیەکانم بدرکێنم.. هەڵبەتە ئەو نەوجەوانە کە ئەنگۆ دەیبیژنێ جێپەنجەی من.. ئەگەر ئەو رەوشت و هەڵسوکەوتە خراپانەشی نەبووایە هەر دەبووایە رۆژەک لە رۆژان نێزیکترین کەسم بزانی چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە و لەبەرچی لە نێو ژیانی من دایە، بە کورتییەکەی.. ئەو نهێنییە پەیوەستە بە 'نەرمونیانترین پیاو' کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە هاتنەبوون و هەبوونی جێپەنجەکەم و ئەو بێدەنگییەی من لە بەرانبەری! لێ ئێستا کاتەکە درەنگی کرد.. ئەمن پێم باشترە سبەینێ هەندەک زوو بێی و هەر لێرە پێش دەستپێکردنی وانەکان بە دوورودرێژیی لۆت باسبکەم؟ (لێ نا.. ئەمن لەسەر ئاو و ئاور بووم.. هەستمکرد کە نهێنییەکی زۆر گەورەیە و رەنگە دواخستنی زیانی پێ بگەیەنی.. لەبەرهەندێ دەرفەتم نەدایێ تەنێ بە ئاشکراکردنی سەرەداوەک لە چاوەڕانییمدا رابگری تا سبەینێ... بە پێداگرتنەکی زۆرەوە پێمگۆت تا تەواوی نهێنییەکە ئاشکرانەکا و سەرلەبەری سەرهاتەکە نەگێڕتەوە یان بە لایەنی کەم بێ زانینی کرۆکی بابەتەکە لێرە هەڵناستم.. هەرکووەک هەبوو ناچارمکرد دەست بە قسان بکاتەوە):

- لەمێژە ئەو 'نەرمونیانترین پیاو'ە نایابە دەناسم.. رێک ئەو رۆژەی توخمی بوونی جێپەنجەکەمم چاند لۆ یەکەمین جار بە دیداری شادمان بووم، ئەو پیاوە لە نەرمونیانییدا ئاو بە پاژنەی پێی ناگا! گریمان ئەگەر دڕۆپە ئاوەک بخەیە سەر پارچە شووشەکی تەخت و لە لایەکەوە پەنجەتی لۆ ببەی ئەوە نەرموشلییەکەی وەیلێدەکا بەرەو لایەکی دیکە دەرفەت لۆ خۆی بڕەخسێنی.. کەچی ئەو پیاوە کاتەک پەنجەی لۆ رادەکێشی لە نەرمونیانیی ئاو تێپەدەپەڕێنی چونکێ نەک بەرەو هیچ لایەک ناڕوا بەڵکە بە خۆلارکردنەوەیەکەوە خۆی دەخێوێنتە سەر لێواری پەنجەت و نەرمە چێژەکی فێنک و خۆشی پێ دەبەخشی! بڕوا ناکەم بەرانگژبوونەوە لە فەرهەنگی ئەودا هەبووبی تەنانەت هەر زانیبی واتای وشەکەش چیە! ئای کە چەند جوان و بالکێشە مرۆڤەک ببینی زۆر لە ئاو تەڕتر و نەرمونیاتر بی! بە تایبەتییش ئەو مرۆڤە لە رەگەزی پیاوان بی نەک ژنان کە زۆربەی زۆریان هەر بە هۆی سروشت و ژیانی پێکهاتە جەستەییەکەی خۆیان تەڕ و نەرمونیانن!

پێش وەرگیرانم لە پەیمانگە هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە رۆژەک لە رۆژان ببمە مۆسیقاژەن، زۆر حەزم لە چەک و چەکداریی بوو.. هەر بە شێوەکی سروشتیی کەسەکی بە جوولەجوول و توندوتیژ و درِدۆنگ بووم کە هەڵبەتە ئەوە هۆکاری پەروەردەیی کۆمەڵایەتیشی لە پشتە.. لە منداڵییمدا زۆر جار هەر لۆ ئەوەی شەڕەک هەڵبگیرسێنم دەچووم بە تۆبزیی تشتم لە منداڵە فرۆشیارەکان دەستاند و پارەم نەدەدانێ! لە کاتی نەوجەوانییم هەندەک دەستی میکانیکییم هەبوو.. کە لەگەڵ هاورێیەکم فۆرمی خوێندنی کارە پیشەییەکانمان پڕکردەوە هەر لەبەر دڵی وی کە حەزی لە مۆسیقا بوو فۆرمی خوێندنی هونەرە جوانەکانیشمان لە بەشی مۆسیقا پڕکردەوە.. هێشتا لە هیچیان وەرنەگیرابووم رۆژەک بە دزیی ماڵێ خۆم گەیاندە نێوچەکانی بن دەستی شۆڕشگێڕان و پێیانەوە پەیوەست بووم.. لێ یەک هەفتە تێنەپەڕیبوو و هێشتا هەر چەکیشیان نەدابوومێ بابم هات و بە هەر جۆرەک هەبوو لەگەڵ خۆی بردمیەوە، بە پێچەوانەی حەزی خۆم لە خوێندنی هونەرە جوانەکان

وەرگیرام.. بە هەر جۆرەک هەبوو بەشی مۆسیقام تەواوکرد.. لێ ئەو خوێندنە نەک هەر هیچ کارتێکردنەکی نەبوو لەسەرم لەوەی هێمن و نەرم و ناسکم بکا بەڵکە تا دەهات پەلتر و نارەووەستتر دەبووم.. هەرچەندە زۆر باش فێری ژەندنی مۆسیقا ببووم و لە لایەنە بیردۆزییەکەشی توانایەکی ئەوتۆم پەیداکردبوو کە بتانم وانەی مۆسیقا بدەمەوە.. لێ هیچ جێیەکی ئەوها نەبوو لێی دابمەزرێم، پاشان لەبەرئەوەی باری مادییمان زۆر خراپ تێکچووبوو بە ناچاریی و بە هەر جۆرەک هەبوو دەستم بە کردنەوەی خولی فێربوونی مۆسیقا کرد.

لە خولەکدا کە یازدە فێرخوازم هەبوو سێیانیان ژن بوون.. دووانیان کە کیژ بوون و خوشکی یەک بوون زۆر ساردوسڕ و کەمدوو بوون.. لێ سێیەمیان بێجگە لەوەی زۆر چوست و چالاک و خوێنگەرم بوو و گەلەک حەزی لە تێکەڵبوون بوو زۆر بە سۆز و میهرەبانیش دیاربوو.. ئەو پیاوە نایاب و نەرمونیانەشم هەر لە رێی ئەو ژنەوە ناسی کە هاوسەری بوو، حەزم لە یەکەک لە دوو خوشکەکە چەقیبوو.. ئەمن لە ئاست ژنان زۆر شەرمن بووم.. هەرگیز لە خۆم رانەدەدیت بتانم لێی بچمە پێش و پێشانیبدەم کە حەزم لێیتی.. ناچار پەنام بردە بەر ژنە هاوسەردارەکە.. زۆر جار لە کاتی حەسانەوە یان پاش تەواوبوونی وانەکان دەرفەتەکم وەردەگرت و بە بیانووی چاخواردنەوەوە گاسی ژنەکەم دەکرد و لە پەنایەک یان لە نێو باخچەکەی ئەو جێیەی کە خولەکەم تێیدا کردبۆوە دوو بە دوو دادەنیشتین.. ئەو زۆر حەزیلێبوو باسی پەیوەندییەکانی نێوان خۆی و هاوسەرەکەی بکا.. جارەکیان گۆتی "هاوسەرەکەی من هەرچەندە ئاسنگەرە لێ هێندە نەرموونیانە تا رادەی خاووخلیچکیی! رێک بە پێچەوانەی تووە کە مۆسیقاژەنەکی نەرم و ناسکی کەچی کەسەکی پڕ جوولە و زۆر گورجوگۆڵ و گەرموگوڕی.. خۆزیە ئەویش قیچەک بە توو دەچوو...".. ئەمنیش هەموو جارێ لە سەرەتادا بە دوان لە مۆسیقا و گۆرانی دەستمپێدەکرد و پاشانیش بە شێوەکی خشکەیی دەمهیناوە سەر کیژەکە.. تا وەیلێهات بە تەوایی تێمگەیاند کە حەزم چوویتە ئەو کیژە و داوام لێیکرد کارەکی وەها بکا لە یەکدیمان نێزیک بکاتەوە، هەستمدەکرد ئەوەی لەدەستیدەهات دەیکرد.. لێ کیژەکە زۆر خۆپارێز و ساردوسڕ بوو لەگەڵم و چەندی دەمانکرد هیچ هەست و سۆزەکی لە بەرانبەرم پێشاننەدەدا.. بە پێچەوانەوە وەیلێهات لە کاتی ئاساییدا هیچ قسەکی لەگەڵم نەدەکرد تەنانەت پرسیار و وەدووداچوونەکانی کاتی وانەکانیشی زۆر زۆر کەم کردبوونەوە.. رۆژەک کە هێشتا خولەکە مانگەک پتری مابوو تەواوبی گۆتی:

- زۆر سوپاست دەکەم مامۆستا.. ئەمن زۆر سوودم لەو نامیلکەیەی 'نۆتەکانی مۆسیقا' وەرگرت.. بێ گومان سوودی پتریشی لێدەبینم.. لۆیە بە چاکم زانی لەبەریبگرمەوە.. جا با ئەوەی خۆت بدەمەوە.. زۆر سوپاس.. (نامیلکەکەی لە دەستم نا و لەگەڵ خوشکەکەی وەدەرکەتن، پاش ئەوەی پڕ بە سییەکانم بۆنەکی نامیلکەکەم کرد و هەستم بە ئاسوودەییەکی ئێکجار زۆر کرد.. هەر لە خۆمەوە و بێ هیچ نیازەک نامیلکەکەم لە یەک کردەوە دیتم پارچە کاغەزەکی سۆرباوی لە نێو دایە.. بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر هیوایەکی زۆر خۆش لە دڵم چەکەرەی کرد.. کەچی دیتم لێی نووسرابوو):

«داوای بووردنت لێدەکەم مامۆستا.. ئەمن هاتم فێری مۆسیقا ببم نەک خۆشەویستیی! زۆر سوپاست دەکەم لەوەی کە تا رادەکی چاک مۆسیقات فێرکردین.. بەس تکایە مۆسیقا مەکە بە پرد لۆ گەیشتن بە ئارەزووە خۆپەرستییە کەسییەکانی خۆت!».

ئیدی هەر ئەو رۆیشتنە رۆیشتن و جارەکی دیکە نەمدیتنەوە!

نەهاتنەوە و نەدیتنەوەی ئەو کیژە زۆر نیگەران و غەمباری کردم.. لێ ژنەکە زۆر دڵی دەدامەوە.. جوانییەکی زۆر گەرمی هەبوو و هەڵسووکەوتە خۆشەکەشی لەگەڵم تا ئاستەکی باش بۆشایی وی لۆ پڕکردبوومەوە، کە پێکەوە دادەنیشتین قسەکانمان هەمووی هەر باسی پەیوەندییەکانی خۆی و هاوسەرەکەی بوو، رۆژەک هەر لە تەنیشت ژۆری خولەکەمان خۆمان دابووە بەر هەتاو و چاماندەخواردەوە.. لە نێو جلوبەرگە رەنگاورەنگەکانی و ئەو گشتە زێڕ و پرپرە و ماکیاژکردنە جوان و ناسکەی کە هەمووی پێکەوە وەک گورزە رەنگەک دەهاتە بەرچاوان و زۆر جوانیشی لێدەهات.. کاتەکم زانی زەنگەزۆرەک پاش ئەوەی چەند جارەک بەسەر سەریدا سووڕاوە ویستی لەسەر دەستی کە پیاڵە چایەکەی پێ هەڵگرتبوو بنیشتەوە.. ئەمنیش بە جوولەکی زۆر خێرا و زۆر بە توندیی شەقەکم لە زەنگەزۆرەکە دا.. کە دیتی بە مێزەکە کەت و کەتە سەر زەوی زۆر سەرسام بوو بەو جوولە گورجوگۆڵەی من و گۆتی:

- دەک ئەو دەستە جوانانەت خۆشبن مامۆستا.. خۆزیی ئەو هاوسەرەی منیش وەکی توو ئەوها چوست و چالاک و گەرموگوڕ دەبوو و ئەوها لە کاتی پێویست بە کەلکم دەهات.

- سوپاس.. جا کوو بە کەلکت نایێ خانم.. مەبەستت چیە لە کاتی پێویست؟

- کوڕە چوسوانم.. لە هیچ کاتەک بە کەلکم نایێ.. (هەندەک لێم هاتە پێش و بە دزییەکەوە گۆتی) ئەتووش لە کەسەکی نێزیکی خۆم لەپێشتری.. بڕوابکە مامۆستا زۆر جار لە نێو باوەشی هاوسەرەکەم کە ئەمن لەوپەڕی هەست و ئارەزووی خۆمدا بوومە.. لێ هەستم بە هیچ خۆشییەک نەکردیە و هەر وەمزانیە ئەوە خۆم لەسەر کورسییەکی رەقوتەق گرمۆڵە کردیە! ئەوە چیە.. گوایە ئەو ژنی زۆر خۆشدەوێ و دڵی نایێ توند لە باوەشم بگری و رامبکوشی! هێندە خاووخلیچکە هێندە خاووخلیچکە تا ئەو بەکاوەخۆ تەکانەک دەدا ئەمن ساردەبمەوە و ناتانم بە ئارەزووی خۆم بگەم... (لە شەرمان سۆر سۆر هەڵگەڕا.. هەستمکرد لە قسەکردنەکەی پەژێوان بووبیتەوە.. لۆیە لە سەرەتادا هەر زوو بابەتەکەم گۆڕی تا پتر بە شەرمدا نەچی و بەسەر خۆیدا نەشکێتەوە.. لێ هاوکات بیریشم لۆ ئەوە چوو کە رەنگە مرخی خۆی لە من خۆشکردبی و بیەوێ رۆژەک لە رۆژان خۆی بخاتە نێو باوەشم تا توند توند رایبکوشم و هەموو جەستەی تێکبترچێنمە سەر یەک.. دەنا فرە ئەستەمە ژنەکی هاوسەردار بەو شێوە لەگەڵ رەبەنەک بدوێ بە تایبەتییش کە مامۆستای بی و ئەوها راشکاوانەش باسی نێوجێ و ئارەزووە جەستەییەکانی خۆی بکا! با لێت نەشارمەوە ئەمنیش خۆشییەک سەرتاپای گیان و جەستەمی داگرتبوو لۆیە بە دەستە خۆم نەبوو پاش دەمەک بابەتەکەم هیناوە گۆڕێ و وردە وردە ئاورەکەم خۆشترکرد):

- لە راستییدا بە پێی قسەکانت ئەو هاوسەرەی توو پیاوەکی زۆر باش و میهرەبانە.. وەهای لۆ دەچم ئەو زۆر رێز لە توو دەگری و دەرفەتەکی زۆر ئازادی لۆ توو فەراهەم کردیە.. ئەوەش زۆر گرنگە کە پیاو ئەوها بی بەرانبەر بە ژن، لەوانەیە رۆشنبیرییە سێکسییەکەی هەندەک لاواز بی.. لێ دەکرێ چاکی بکەی.. خۆ رەنگە ئەتووش باش نەزانی ئارەزووەکانی وی بورژێنی.. هەر پیاوەو بە جۆرەک ئارەزووی دەبزوێ.. ئەمن هەندەک کاسێتی ڤیدیۆییم هەیە لەو بارەوە.. ئەگەر حەزبکەی دەتانم لۆت بهینم و سوودیان لێببینی.. هەروا دەتانم ببمە هاوڕێی هاوسەرەکەشت تا ئەگەر بزانم لەو رووەوە پێویستییەکی بە من هەبی وردە وردە یارمەتیی بدەم.. (بە دەنگەکی نزم تێیگەیاندم کە: "ئێرە جێی ئەو قسانە نییە.. رەنگە هاییمان لێنەبی و یەکەک گێبیستی

**قسەکانمان ببی.. با بچینە دەرێ باشترە.. تا دەگەینە بازاڕەکە وەدەو ڕێوە ئەو قسانە دەکەین" هەر کە پێمان ئاودیوی دەرێ کرد.. گۆتی):**

**- مامۆستا گیان.. ئەو ڤیدیۆیانەی ئەتوو باسیاندەکەی زۆریانم دیتیە و هەموو دیمەنە سێکسییەکانم لەگەلی تاقیکردیتەوە بەس هیچ سوودیان نەبوو.. ئەتوو کەسەکی پێشکەتنخوازی.. لە رووت نەبی؛ بڕوابکە نەک هەر لێستنەوە و مژین و لەدەونان خۆم فێری قوڕگیش کرد لۆی.. کەچی هەر کەلکی نەبوو! بە کورتییەکەی نەخۆشییەکەی وی ئەوەیە کە زۆری دەوێ تا ئارەزووی هەڵدەستی.. هەر کە ئارەزووشی هەڵدەستی لە ماوەی چەند چرکەک ئاوی دێتەوە و ئەمنیش بە هیچ ڕاناگەم و لەو گۆڕەی دەمینێمەوە! لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە نە دەیەوێ بچتە کن پزیشک و چارەسەری خۆی بکا نە بڕواشی بە وەکاربردنی داودەرمانی ئارەزوو ورژاندن هەیە! (پێشترێ هیچ ژنەک ئەوها ئەو جۆرە قسانەی لەگەڵم نەکردبوو لۆیە لە بنەوە ئارەزووم تەواو گڕیگرتبوو.. لێ چ دەکەی.. بە ناچاریی دانم وەخۆدا گرت.. بە نەرمییەکەوە گۆتم):**

**- جا ئەوە هەر زۆر هاسانە.. ئەمن فێری داودەرمان خواردنی دەکەم.. هەرچەندە ئەوە ماوەکی دەوێ تا دەبمە برادەری و دەگاتە رادەی ئەوەی بتانین ئەو قسانە پێکەوە بکەین.**

**- ئەوەش وەیە.. راستە ئەوە زۆر درێژە دەکێشی، ئێ باشە.. هەرکووەک هەیە.. با هەر لە سبەینێوە دەستپێبکەین باشترە.. هەر کە چوومەوە دەبێژمێ سبەی هێواری بە ناوی ئەوەی کە مامۆستامی خواردنەکت لۆ چێدەکەم و مێوانداریت دەکەم.. نا دڵنیابە ئەو لەو رووانە کەسەکی زۆر باشە و رێز لە هەموو کەسەک دەگری بە تایبەتییش هاوڕێیانی من.. بەس بزانی هاوڕێی منی لەسەر سەری خۆیت دادەنێ. ئەوجا سبەی هێوارێ.. خۆ لە راستییدا لۆ سبەی نیوڕانێ بی زۆر باشترە چونکێ هاوسەرەکەم سبەینان دەچتە سەر کار و نیوڕانان کاتژمێر یەک لۆ فراڤینێ دێتەوە ماڵێ و پاشان دووبارە دەچتەوە سەر کارەکەی.. ئەتوو پێت کووە.. نیوڕانەکەی دەرفەتت دەبی؟ (پاش ئەوەی سەری ئەرێم لۆ لەقاند.. گۆتی) زۆر باشە.. بەس حەزدەکەم سبەینێ هەندەک زووتر بێی.. کاتژمێر یازدە باشە.. لۆ ئەوەی پێش هاتنەوەی هاوسەرەکەم بتانین لۆ خۆمان هەندەک قسان بکەین، دە باشە ئەمن دەڕۆم.. کاتەکی خۆش و بە هیوای دیدار.. (لەبەرئەوەی مێوانداریییەکەم هێندە پێخۆشبوو لەو دەم بیرم لەوە نەکردەوە ئەو کە هاوسەرەکەی کاتژمێر یەک دەگاتەوە ماڵێ لەبەرچی داوا لە من دەکا کاتژمێر یازدە بگەمە ماڵەکەیان؟! نەمدەزانی دەیەوێ لەو دوو کاتژمێرە باسی چم لەگەڵ بکا!؟ ئایە ئەو لۆ دیتن و پەیوەندیی چێکردن لەگەڵ هاوسەرەکەی میوانداریم دەکا.. یان لۆ قسەکردن و کات بەسەربردنی لەگەڵ من؟؟ یان لۆ... نەمدەزانی!).**

**هەستمکرد مامۆستا زۆرماندیە و وەها دێتە بەرچاوان باری دەروونیشی باش نەبی.. لەپڕ هەناسەکی هەڵکێشا و گۆتی:**

**- هاوڕێ.. ئیدی ئەورۆ کاتمان نەما و خۆت دەزانی منداڵەکانیشم بە تەنێن و چاوەڕێمن.. تا لێرەش نەیانگۆتیە دایدەیخەین با خۆمان بڕۆین (ئەو جارە بێ هیچ لاملییەک هەستامەوە و چووینە دەرێ، وێستگەی پاسەکەی من نێزیک بوو.. کە گەیشتینە ئەوێ گۆتی):**

**- دەی سبەینێ هەمووت لۆ دەگێڕمەوە.. خۆ باشترە پاش تەواوکردنی وانەکانمان بی نەک پێش دەستپێکردنیان، بەس تکایە ئەو سەرهاتانەم هەمووی لە کنە خۆت یاداشت بکە.. هەڵبەتە بێ ناوی خۆم..**

چونکێ دڵنیام ئەوانە لە پێشەڕۆژ وەک مێژوویەکی شاراوەی ژیانی ئێستای کۆمەڵ سوودی خۆیان دەبی.. (هەر یەکەو بەرەو ماڵی خۆمان لە یەک جودابووینەوە. ڕۆژی دوایێ لە هەمان دەم و جێی کە لەسەری ڕێکەتین دەستپێکردەوە):

- هاوڕێ.. دەمەوێ ئەوڕۆ زۆر بە کورتیی و تەنێ ئەوەی پێویستە لۆت بگێڕمەوە.. چونکێ ئەگەر وەک دوونێ بکەم ئەوە زۆر درێژدەبتەوە و هەر تەواونابی. سەرت نەیەشێنم.. کاتژمێر یازدە و نیو گەیشتمە ماڵەکەیان.. کە دیتم هێندە بە جوانیی خۆی ڕازاندبۆوە خەریکبوو نەیناسمەوە.. پاش چاکوخۆشییەکی گەرم کە دانیشتم هاتە تەنیشتم و هەر ئەوەتە شانمان بەر یەک نەدەکەتن.. بۆنوبەرامەکی هێندە خۆش و ئارەزوو ورژێنی لێدەهات تەواو سەرمەستی کردبووم.. نیگایانم خۆبەخۆ کەتنە لێستنەوەی جوانییەکانی.. وەهام هەستدەکرد ئەوە لە نێو باغەکی پڕ لە سێو و نارنج و ترنج پیاسان دەکەم و لۆم نییە دەستکاریی هیچیش بکەم! لەپڕ لە بن چاوانیەوە سەرنجەکی خێرای تێگرتم و بە نازکردنەکەوە وەهای پێشاندا کە هەندەک لێم تووڕەیە.. پاشان خۆی ئاساییکردەوە و هاوکات لەگەڵ دەست خستنە سەر دەستم.. گۆتی: "درەنگ گەیشتی مامۆستا.. زۆر چاوەڕێم کردی خەریکبوو دڵم بتەقی" ئەمن لەبەر بەرکەتنی دەستی و خشاندنی بە نەرم و ناسکییەکەوە لەسەر دەستم هاییم لە هیچ نەما و هەر نەشمتانی بیر لە بەرسڤدانەوەی قسەکەی بکەمەوە! پتر خۆی لێم نێزیک کردەوە تا شانی لە شانم گیرکرد و بێ هیچ شەرمەک گۆتی: "حەزدەکەم پێش ئەوەی هاوسەرەکەم بێتەوە ئەگەر بتانی یارمەتییم بدەی لەوەی وەک گۆتت کە کوو بتانم یان فێر ببم ئارەزووی پیاو بورژێنم.. واتە ئەگەر بکرێ دەمەوێ ئەو تاقیکردنەوە لەگەڵ توو ئەنجام بدەم؟!" (هەرچەندە کە ئەو قسەم بیست زۆر حەزمدەکرد هەر دەمودەست رووتی بکەمەوە و بە ئارەزووی دڵێ خۆمی لەگەڵ بکەم.. لێ کە ستایشکردنی پێشترێیم دەربارەی هاوسەرەکەی وەبیرهاتەوە بە تووڕەییەوە دەستیم لادا و هەندەک لێی دوورکەتمەوە.. وەبیرمنایێ بە چ شێوەک پێمگۆت کە نابی و ناتانم ئەوە بکەم.. ئیدی سەری لە کۆشی خۆی نا و زۆر بە تاو کەتە گریان و فرمێسک داباراندن بە جۆرەک کە وێنەدەچوو بە هیچ کرببتەوە.. هەر نەیبڕیەوە تا ناچاریکردم دڵنەوایی بکەم.. هەر کە سەری هەڵبڕی و چاوە کەسکە پڕ لە فرمێسکەکانی و سۆرهەڵگەڕانی دەموچاویم دیتن لەگەڵ ئەوەی بە شێوەکی نێرسالارانە بەزەییم پێیداهاتەوە.. لێ زۆر جوانتر و ناسکتر هاتە بەرچاوانم.. لەو دەم لە جوانییەکانی پتر بترازێ هیچی دیکەم بە مەژییدا نەدەهات.. ئیدی نەمتانی لەوە پتر خۆڕابگرم.. نەمزانی ئەوە کوو ڕوویدا کە خەریکبووم بە نەرمونیانییەکەوە دەستم بە کوڵمانی دادەهینا و فرمێسکەکانیم دەسترین! دیاربوو ئەویش لە دەرفەتەکی ئەوها دەگەڕا و لەپڕ سەرمی خستە نێو دەستانی و لێوە گەرمەکانی خستە سەر لێوانم و پڕ بە دەوی خۆی هەڵیمژین و گۆمەکەی بە تەواویی شلەقاند.. ئێستاکەشی لەگەڵ دابی نەمانزانی کوو ڕووتببووینەوە و چمانکرد... کاتەک بە خۆمان زانی کلوکۆی خۆمان بە یەکدی داڕێژتبوو! تا هاوسەرەکەی هاتەوە جارەکی دیکەش فێرمکردەوە کە کوو ئارەزووی پیاو بورژێنی! بە کورتییەکەی تا تەڕاییمان لە یەک نەبڕی دەستبەرداری یەک نەبووین!! هەی تڕحێو لەو فێرکارە.. لە ڕاستییدا بە پێچەوانەوە ئەو زۆر لێزانتر بوو لە من لە سۆزورژاندن تەنانەت فێری هەموو شێوازەکانی جۆتبوونیشی کردم بە هەموو جێیەکانەوە! لێ لەو دەم هیچ بیرم لۆ ئەوە نەچوو لەبەرچی لە هەردوو جارەکە ناچاریکردم لە پێشەوەی تەواوببم!؟

کە هاوسەرەکەی هاتەوە و هەندەک قسەمان کرد.. لە هندوری خۆمدا سەت تفم لە خۆم کرد کە کوو ئەمن ئەو هەڵە گەورەم بەرانبەر ئەو پیاوە نەرمونیان و ڕێکوپێک و نایابە ئەنجامدا؛ لە تێگەیشتندا وەک دەبێژن هەر زانین و زانیاریی لێدەباری! لە جوانییدا لەو پیاوانە بوو کە ژنان شەڕی لەسەر دەکەن و سەرەنجام هەرە زیرەک و ئازایەکەیان دەیباتەوە! ئەو لە کار هاتبۆوە و دەبووایە پاش نانخواردن هەندەک بسێتەوە.. کەچی بڕوابکە یەک خولەک چیە دانەنیشت.. بەدەو قسەکردنەوە دەستی بە خڕکردنەوەی قاپ و قاچاغ و خاوێننکردنەوەی مێزی نانخواردنەکە کرد.. خانمیش دیاربوو مەستی گانەکان ببوو و هێشتا بەرینەدابوو.. زۆر بە کەمیی قسەی دەکرد و لۆ خۆی بێدەنگ و بە ئارامیی لاقی هاوشتبووە سەر لاقی و وەک خانمە ژنەکی نێو دیوەخانان لێی دانیشتبوو.. دەم نا دەمەک هاوسەرەکەی قسەکی لەو بابەتەی دەکرد 'گوڵەکەم.. ماندیی دیاری.. ئاخر مامۆستا مێوانمانە.. کوو دەبی ئەوها هیچ قسەک نەکەی و بە غەمباریی لێی دابنیشی.. وەنییە گوڵەکەم...' کەچی خانم تەنێ دەیگۆت 'وەیە'و هیچی دیکە نا! ئەو پیاوە نەرمونیان و راشکاوە بە شێوەکی هێندە خاکیی قسەی لەگەڵ من دەکرد هەر دەتگۆت ئەوە دە ساڵە هاوڕێمە، پاشان کە دیتم ئەوە خەریکە قاپەکانیش دەشوا زۆر پێمناخۆشبوو و پێمگۆت: "هاوڕێ لەو قاپانە بگەڕێ.. با ئەمن بیانشۆم" ئەویش گۆتی: "نا نا.. مامۆستا.. قاپ شوشتن کارەکی گران نییە.. هەر ئێستا هەموویان دەشۆم".. هەستمکرد هەر لۆ ئەوەی هاوسەرەکەی بە قسە بهینی گۆتی: "قاپ شوشتن هیچ نییە مامۆستا.. ئەمن هەمیشە هەر خۆم دەیکەم.. بەس ئەو خانمە جوانەی من رۆژەک لەسەر ئەو قاپ شوشتنەی من قسەکی کرد بێ ئەوەی خۆی هەستیپێبکا جوونەک بوو بە هەموو ژنانی دا! دە تۆو سەری خۆت ئەتوو خۆت لۆی وەگێڕە خانم کە چت گۆت؟" خانم گۆتی:

- ئەرێ وەبوو مامۆستا.. ئەتووش دەیزانی ئەمن زۆر حەزم لە چوونەدەرە.. بەس ئەو کەمتر پێی خۆشە و هەر حەزی لێیە گرنگیی بە ماڵێ بدا و زۆرترین کات لە ماڵێ بەسەربیا، رۆژەک کە گەڕامەوە ماڵێ دیتم ئەو ماڵەی کردبووە گوڵ! هەموو کەلوپەلەکانی ماڵ دەتگۆت تازە کڕدراینە و داندراینە تەنانەت داروديواری ئەو ماڵە هەمووی بریسکەیان دەداوە.. خواردنەکی زۆر چاکیشی دروستکردبوو.. ئەمنیش بە زمانی سوتام گۆتم 'دەستەکانت خۆش بی.. بەس ئەمن و ئەتوو لەو تشتانە پێچەوانەی یەکدین.. لە راستییدا باشتر بوو ئەتوو ژن بووای و ئەمنیش پیاو!' ئیدی ئەو قسەی لەسەرم گەورە کرد و تا ئێستاش هەر بە چاوانم دادەداتەوە کە ئەمن وەها لە ژن دەڕۆنم کە هەر دەبی کارەکەری ماڵ بی.. بەس دیارە کە ئەمن مەبەستم ئەوە نەبوو.. ئەرێ ئەمنیش هەر لەگەڵ قسەکانی ویم.. ئاخر ئەو هاوسەرەی من دڵەکی زۆر جوانی هەیە و لە روانگەی یەکسانییخوازییەوە ئەو تێڕوانینانەی هەیە.. بەس چ بکەم.. تازە ئەو قسەم لەسەر بوویتە ماڵ.. هەڵبەتە رۆژەک هەر دادێ شێوە و شێوازی نانخواردن هێندە پێشدەکەون پێویستمان بە قاپ نامینێ.. جا بژی خواردنی ئامادە و بمری قاپ.. هاهاها!!! (هاوسەرەکەی زۆر شادمان بوو بەوەی کە دیتی خانمەکەی پێدەکەنی. ئەو پیاوە جوانە کە دیتی ئەمنیش خۆم ئامادە دەکەم تا لەگەڵ وی کە دەیەوێ بگەڕێتەوە سەر کارەکەی دەربچم.. گۆتی: "مامۆستا ئەمن دەبی زوو بگەمەوە سەر کارەکەم.. لێ ئەتوو پەلە مەکە.. ئەمن دەزانم هێشتا زووە لۆ دەرچوونتان چونکێ هەموو جارێ خانم کە لۆ خولەکە دێ زۆر پاشی من دەردەچی و پێشڕادەگا.. جا ئەمن دەڕۆم.. ئەنگۆش پاشان وەکاوەخۆ کەنگێ ویستتان هەنگێ بڕۆن" بێ ئەوەی دەرفەتم بدا هیچ قسەک بکەم یەکسەر دۆقەکی گەرمی لەگەڵ کردم و ئاودیوی دەرێ بوو و دەرکەکەی لەدوو خۆی داخست).

هەر کە هاوسەرەکەی رۆیی.. خۆی ماندییتر و داهێزراتر پیشاندا و گۆتی: "مامۆستا.. ئەمن وەها هەستدەکەم ئەورۆ هەندەک نەخۆش بم.. لۆیە ئەمن ناتانم ئەورۆ بێم.. ئەتووش تا کاتی خولەکەت دادێ جارێ وا دانیشتی و ئێرەش وەک ماڵی خۆتە" هیچ کاتی ئەوەم نەبوو گرنگیی بەو قسەی بدەم چونکێ ئەوەی لەودەم گرنگ بوو لە کنە من و مەژییمی داگیرکردبوو ئەوە بوو کە کوو ئەو ژنە دووچاری ئەو هەڵە گەورەی کردم بەرانبەر بەو پیاوە مەزنە!؟ زۆر نیگەران و بێزار ببووم.. لۆیە نەمویست ئەو باسە بهینمە گۆڕێ.. ئەویش بە هیچ جۆرەک بە لایدا نەدەچوو چونکێ هەستیدەکرد بەو کارەی زۆر دڵگران و تووڕەم، هەرکووەک بوو.. نەمتانی چیدی ئۆقرە بگرم و بە زووترین کات و بە شێوەکی زۆر سارد ماڵاواییم لێکرد و بەرەو دەرێ ملم نا. لێ پێش ئەوەی لە دەرکە وەدەرکەوم گۆتی:

- ببوورە مامۆستا.. لە راستییدا نەک هەر ئەورۆ رەنگە هەر بە ئێکجاریی نەتانم بێم چونکێ لە ئێستاوە تا چەند هەفتەکی دیکە بە هەندەک تشتی دیکە سەرقاڵ دەبم.. (بە هیچ شێوەک گوڕاحی ئەوەم نەبوو بە قسە بەرسڤی بدەمەوە.. هەر بە سەرلەقاندنەکەوە ئەرێیەکم کرد و بەجێمهێشت).

بە درێژایی رێیەکە هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە لەبەرچی ئەورۆ نەهات؟ یان ئایە دەبی راست بکا چیدی نەیێتە ئەو خولە و بتانی بێ دیتنی من ئۆقرە بگری؟ پێش دەرچوونی هاوسەرەکەی وەهام بیردەکردەوە رەنگە لەنەوپاش بیەوێ هەر چەند رۆژەک جارەک بەسەر خۆیمدا بگێڕی لێ کە ئەمن ئەوە ناکەم ئیدی وردە وردە ئەو کێشە گەورە دەبی تا بە ئێکجاریی نێوانمان تێکدەچی و بە هۆی گڕی ئاوری نێولنگانی مۆسیقا فێربوونەکەی لەدەستدەچی و چیدی یەکدی نابینینەوە.. کەچی بە پێچەوانەوە رۆژان هات و رۆژان رۆیی.. دە هەفتەی رێک ئەمن ئەو ژنەم نەدیتەوە.

ئەو دەمەی هاتەوە لەمێژبوو خولەکەمان تەواوببوو.. خەریکی سازدانەوەی خولەکی دیکە بووم، هەر وەک جاران خۆی لە نێو جلوبەرگەکی رەنگاوڕەنگ رازاندبۆوە.. گەللەک لە جاران ناسکتر و جوانتر هاتە بەرچاوانم لێ ئەو رووخۆشیی و لێو بە خەندەییەی جارانی نەمابوو، هەر کە جودایکردمەوە بێ هیچ پێشەکییەک گۆتی:

- ئیدی ئێستا 'مامۆستا' نەمای! (دەستەکی لەسەر زگی خۆی دانا) پیرۆزە کە ئێستا بابی کۆرپە نازدارەکەمانی! (کاغەزەکی دەفکرای لە نێو هەگبەکەی شانی دەرهینا و لەدەستینام.. ئەمن وەها تێگەیشتم کە راپۆرتی پزیشک بی وەک بەڵگەیەک کە بارداره.. خۆم مشتوماڵ کرد تا بێژم جا ئەوە کۆرپەی خۆت و هاوسەرەکەتە و چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە.. کەچی کە کاغەزەکەم لە یەک کردەوە؛ دیتم ئەوە راپۆرتی پزیشکە دەربارەی ئەوەی کە هاوسەرەکەی هەرگیز منداڵی نابی! ماوەکی زۆر هێدمگرتیی بووم و هیچ قسەکم پێنەکرا.. کە هەستی بە شلەژانم کرد گۆتی):

- نا.. هیچ پێویست ناکا نیگەران ببی.. بێجگە لە خۆم و لە خۆت هیچ کەسەک بەوە نازانی و هەرگیز ناشهێلم کەس پێبیزانی.. خۆ دەمتانی ئەو نهێنییە لە کنە توو نەدرکێنم و ئەتووش هەرگیز بیرت لۆ ئەوە نەچی کە ئەو کۆرپەیەم لەبەر توو گرتیتەوە، ئەمن لە هەموو تشتەک لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆم ئاسوودەم بە تایبەتییش لە نیوجێ و جۆتبوون.. لێ ئەمن کە لە پێناو خۆم و هاوسەرەکەم و مانەوەمان لەگەڵ یەک ئەو کارە خراپەم لەگەڵ توو کرد.. نامەوێ باب منداڵی خۆی نەناسی و کارە خراپەکەم ببتە دووان! ئەمن دڵنیام کە ئەتوو لەبەرئەوەی لە لایەک هاوسەرەکەی منت زۆر خۆشدەوێ و هاییم لێیە لەو کاتەوەی دەیناسی تا

ئێستا چار جار لەسەر کارەکەی سەردانت کردیە و زۆر هۆگری بووی و بە پیاوەکی نایابیشی دەزانی کە لە راستییشدا هەر ئەوهایە.. لە لایەکی دیکەش لەبەر پاراستنی ناو و ئابڕووی خۆت لەوەی کە زگی قوتابییەکی خۆت پڕکردیە.. هەرگیز بڕوا ناکەم ئەو نهێنییە بدرکێنی کە بە درکاندنی لە زیان پتر بترازێ هیچ سوودەکی دیکەت پێ ناگا، دواییش ئەتوو هاوسەرت نەمایە و تەنێ بابی کیژانی.. لە ئایندەیەکی نێزیک دەبیە بابی کوڕیش! هەڵبەتە ئەوەی لەگەڵ منت کرد کارەکی خراپ نەبوو لۆ تووو.. ئەمن هەر لە یەکەم ڕۆژێ ناسینت ئەگەر وەبیرت بێ کە لە ئاهەنگەکە یەکدیمان دیت زانیم کە کوڕت نییە.. جوانییەکەت هەر لەولای رابوەستی کە ئەگەر ئەو هاوسەرە 'نایاب'ەم نەبا هەرگیز قوتارمنەدەکردی! جا ئەوە کەنگێ کارەکی خراپە لۆ تووو کە ئەمن کوڕەکت لەبەربگرمەوە خۆم و هاوسەرەکەم لە بێ منداڵیی رزگاربیین و ئەتووش ببیە خاوەن کوڕ؟!

بەو قسەی تووشی سەرسوڕمان و واقوڕمانەکی زۆر گەورە بووم.. هەرچەندە هیچ قسەکم لۆ نەدەکرا لێ ئەگەر تانیبام قسەکیش بکەم هەر دەرفەتی نەدەدام.. کاتەکم زانی زۆر بە خێرایی کاغەزەکەی لە دەستم راپچکاند و گۆتی:

- جا ئەمن دەبی بڕۆم.. چیدیکە ناتبینمەوە، لۆ خۆشت ئازادی هەروەک جاران 'ئەڤینداریی!' لەگەڵ هاوسەرە نایابەکەم بکەی و لەسەر کارەکەی سەردانی بکەی! لێ نە لۆت هەیە باسی منی لە کن بکەی نە بە هیچ شێوەک دەتانی بێیە ماڵەکەمان.. بەڵێنیشت دەدەمێ هەر کە کوڕەکەمان بوو دەیهینم تا لەگەڵ بابە راستییەکەی یەکدی ببینن! (بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ قسە یا بەرسڤەکی من بکا هەر لە چاوترووکانەک خۆی لەبەرچاوانم بزرکرد و نەمدیتەوە تا ئەو کاتەی کوڕەکەم لە تەمەنی یەک مانگیی دیت کە ئێستا لە تەمەنی پازدە ساڵیی دایە.. وەک دەیبینی گچکەترین فێرخوازە لە خولەکەمان و هەر هەمووتانی وەڕس و بێزار کردیە! (دیسان پاش ئەوەی هەناسەکی دووروودرێژ و پڕ لە حەسرەت کزەی لە ناخی هەستاند.. بە ئاخ هەڵکێشانەکەوە گۆتی):

- جا هاوڕێ.. ئەوە پازدە ساڵە ئەمن خوێن و خیزاو بە دەست ئەو بەزمەوە دەخۆمەوە؛ تا تەمەنی بووە چاردە ساڵ لە حەژمەتی دووربوون و کەم دیتنی ژیانەکی زۆر ناخۆش و پڕ لە سفتوسۆم تێپەڕاند.. زۆر جار تەنێ لە پێناو دیتنی دەچووم لە نێزیک ماڵیان لە فرۆشگەک یان لەسەر ڕێی خوێندنگەکەی یان لە پەنا ئەو دیوارەی کە پیر و کەنەفەتەکانی گەڕەکەکەیان لێی دادەنیشتن خۆم مەلاس دەدا تا دەمدیت.. ئەویش بێ ئەوەی هیچ قسەکی لەگەڵ بکەم.. هەرچەندە زۆر رکم لە چارەی خاوەنی ئەو فرۆشگەی نێزیک ماڵیان دەبۆوە لێ بە ناچاریی خۆم لەگەڵی کردبووە برادەر.. ڕۆژەکیان کە ئەو کاتە تەمەنی هەشت ساڵان دەبوو هاتە فرۆشگەکە.. پاش ئەوەی کێکەکی هەڵگرت دەستی لە بەرکی نا تا پارەکە بدا کەچی هەموو بەرکەکانی گەڕا پارەکەی نەدیتەوە.. هەستمکرد تەنگاو بوو و سۆر هەڵگەڕا.. فرۆشیارەکە پێیگۆت کێکەکە دابنێ و بڕۆ پارەکە بینە ئەوجا دەتدەمێ.. ئەمنیش خۆم لۆ نەگیرا و پارەکەم لەباتی دا و کێکەکەم دایێ.. زۆر زۆر پێی دڵخۆش بوو.. هەر بە غار چوو پارەکەی هینا و بە سوپاسکردنەوە دەستی درێژکرد تا پارەکەم وێداتەوە.. تووشی هەڵوێستەکی زۆر ناخۆشی کردم.. هەر لە ترسی ئەوەی نەوەک بچی لە کن داکی و بابە رووکەشەکەی باسیبکا و ئاشکرابیم بە بێدەنگیی پارەکەم لێوەرگرتەوە! لە تەمەنی چاردە ساڵییشی ڕۆژەک داکی بە تەنێ هاتە لام و گۆتی:

- ئیدی کوڕەکەمان گەورە بووە و ئێستا چاردە ساڵە.. دەزانم حەزدەکەی لە نێزیکەوە بیبینی و رۆژانە هەندەک لە کنت بی، داوای بووردنت لێدەکەم لەبەرئەوەی ئەمن و بابە رووکەشەکەی کە بە دەستە خۆمان نییە لەرادەبەدەر خۆشماندەوێ زۆر نازمان دایتێ و سەرەنجام نەمانتانی بە شێوەکی دروست پەروەردەی بکەین.. هەندەک هەراسانکەر و سەربزێو دەرچووە.. جا پێم باشە ئەتووش بەشداریی لە پەروەردەکردنیدا بکەی.. رەنگە ئەو نەتانی ناز لەسەر توو بکا و بە قسەت نەکا، با هەر بە ناوی بەشدارییکردن لە خولی مۆسیقا لە کنە خۆت رۆژانە چەند کاتژمێرەک هاییت لێبی.. ئیدی هەم دەتانی وردە وردە لە هەموو رووەکەوە پەروەردەی بکەی هەم دەتانی فێری مۆسیقاشی بکەی کە فێربوونی مۆسیقا لۆ هەر کەسەک هەر پێویستە بە تایبەتییش لۆ وی کە زۆر قەرداری مۆسیقایە و ئەگەر مۆسیقایەکەی توو نەبایە ئەوە هەر بوونیشی نەدەبوو!

ئەرێ.. پار ئەو دەمانە بوو ئەو جێپەنجەی من - واتە کوڕەکەمان - بێ ئەوەی بزانی کوڕی منە کە ئێستاش هەر نایزانی لە خولەکی مۆسیقا بەشدارییکرد، دوو کیژە جمکەکەی خۆشم کە داکیان بەسەر ئەوانەوە چوو هەر نێزیکەی دوو ساڵەک لەو گەورەترن.. ئەوانیش هەر لە خولەکە بوون، چەند ئەستەمە هاوڕێ منداڵی خۆت لە تەمەنی چاردە ساڵییەوە بناسی! سەرت نەیەشێنم هەر تەنێ دوو سێ رۆژێ سەرەتامان خۆش بوو لەگەڵ کوڕەکەم.. ئەو دەم وەک ئێستای نەبوو.. بڕوابکە گۆڕانکارییەکی زۆرم بەسەر داهینایە تا ئەوهای لێهاتیە.. ئێستاکەی بە سەت ئاوان شورایتەوە لەچاو ئەو دەم! هەموومان بە دادەداد بووین لەبەردەستی.. تەنێ لەگەڵ کیژەکانم گرفتی نەبوو.. هەر لە پاش چەند هەفتەک هەستمکرد ئەوە حەزی چوویتە یەکەکیان و دەیەوێ دەستبازیی لەگەڵ بکا؛ رۆژەک لە کاتی پشییدان دیتم ئەوە لە پەنایەک باوەشیان لە یەک وەرهینایە و یەکدی ماچدەکەن.. هەر کە هەستی بە من کرد زۆر ساختەچییانە ویستی وەها پێشانی من بدا کە ئەوە شەڕ بوو لەگەڵ کیژەکەم کردی نەک لەباوەشگرتن.. بە مستان کەتە سەر کیژەکەم و گۆتی: "ئەوە هەر لەو گۆڕەی جوونم پێدەدا"! ئیدی ئەمنیش هەر لەو رۆژەوە بە ناچاریی کیژەکانم لە خولەکە دەرهینان و خوشک و برام لە یەک جوداکردنەوە تا سواری یەک نەبن!! هەر لە ماڵێ هەروەک دوو کیژەکەی دیکەم بەرنامەکی تایبەتم لۆ دانان و نەمهێشت لە وانەکانیان دابڕێن. ئێستاکەشی لەگەڵ دابی نەموێرایە ئەو چەقاوەسوویی و هەڵسوکەوتانەی کوڕەکەمان لە کن داکی باسبکەم.. چونکێ زۆری خۆشدەوێ و رەنگە گێڕاوەوەنەوەی ئەو قسانە ببنە هۆی ئەوەی نەهێلی چیدیکە بیبینمەوە، لە هەمووشی عەنتیکەتر ئەوەبوو پاش چەند رۆژەک لەوەی کە دوو کیژەکەم لە خولەکە دەرهینان بابە رووکەشەکەی کوڕەکەمان پێیگۆتم: "زۆر پێم سەیرە کەسەکی وەک توو کە زۆر بڕوات بە یەکسانیی ژن و پیاو و مافی خۆشەویستیی نێوان کیژان و کوڕان هەیە.. کەچی لەو رۆژانە کوڕەکەمان گۆتی ئەو مامۆستایە بەس لەبەرئەوەی کیژەکانی ببوونە هاوڕێم لە خولەکەی دەرهینان"! ئیدی ئەمن کە نەدەکرا راستییەکەی لۆ رۆن بکەمەوە.. بە ناچاریی پاساوەکی لاوازم لۆ هیناوە یان راستترە بێژم درۆیەکم کرد: "نا.. نا، دڵنیابە تشتی ئەوها روونەدایە.. ئەوە لەبەرئەوەی کیژەکانی من داکیان نەمایە و هەندەک بە ناز پەروەردەم کردینە زۆر ئەستەم بوو بتانن لە خولەکە خۆ بگونجێنن.. لۆیە پێم باشتربوو هەر لە ماڵێ بەرنامەی تایبەتیان لۆ دابنێم.. دیارە مۆسیقاش وەکی هیچ تشتەک نییە ئەگەر کەش و دۆخەکی لەبار لۆ فێرخواز نەڕەخسێنی هەرگیز فێرنابی"! پیاوی نایاب هیچ وەرامی نەدامەوە لێ تەنێ بە تەماشکردنەکی واتادار بە بن ئارەقەی خستم و بە پەلەپەل خۆم لەبەردەستی قوتارکرد!

جا هاوڕێ.. هەرچەندە ئەمن لە سەرەتادا بە تووم گۆت ناهێلم چیدی جێپەنجەکەم ئەوها سووکایەتییتان پێ بکا و دەبی چارەکی بکەم.. لێ هەستناکەم هێشتا هیچم لەدەستبێ و لەسەر هیچ ساغ نەبوویمەوە.. ئاخر دەست لۆ هەر تشتەک دەبەم گرفتەکی گەورەی وەدوودادێ.. تەواو سەرملێشێوایە و نازانم دەبی چ بکەم؟! ئەگەر بەرزەفتی بکەم و نەهێلم بە پێی ئارەزووە خراپ و ناجۆرەکانی بجوولێتەوە ئەوە داکی لێم تووڕەدەبی و گرفتانم لۆ چێدەکا.. ئەگەر لە خولەکەش دەریبکەم ئەوە هەر زۆر خراپتر و رەنگە هەر نەهێلی چارەکی دیکە بیبینمەوە.. هەرگیز ناشتانم ئازاری بابە رووکەشەکەی بدەم واتە بچم لە ڕێی بەڵگەی پزیشکییەوە بیسەلمێنم کە ئەو کوڕە کوڕی ئەو نییە و ئی منە.. ئەگەر گوللەکیش بە نێوچاوانیی خۆم وەدەنێم و خۆم لەنێودەبەم ئەویش هەر چارە نییە...، نازانم.. سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەر لەو رۆژانە بیستمەوە کە ئەوە ماوەکە داکی لە یەکەک لە دەزگە بەدناوەکانی ئاسایش کار دەکا.. ئیدی ئێستا هەر ناوێرم لە پیستی خۆم بجوولێمەوە و فزە لە بەرانبەریدا بکەم. سەرەنجام تووشی کونەڕەشەی خۆم بوویمە و هەموو لایەکم لێگیرایە، جا نازانم ئەتوو کووی تێدەگەی و بە رای توو دەبی ئەمن چ بکەم؟

لە کاتەکی زۆر باش ئەو پرسوڕایەی بە من کرد.. ئەگەر ماوەکی دیکە بەسەر کێشەکەی تێپەڕیبا ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەویشمان لەدەستدەدا! چونکێ تەنێ ئەوەی کە داکی جێپەنجەکەی ببووە کرێگرتەی دەزگەی ئاسایش بەس بوو لۆ ئەوەی ژیانی کەسەکی وەک مامۆستا کە نەیار و بەرهەڵستکارەکی سەرسەختی ئەو سیستەم و دەسەلاتە گەندەڵە بوو بکەوتە بەر مەترسییەکی گەورە.. ئاخر ئەوان هەر لەو گۆڕەی و بە بیانووی زۆر پووچ و نابەجێ ئازار و ئەشکەنجەی هەر کەسەکیان دەدا تەنێ لەبەرئەوەی لایەنگریان نەبوون و تێڕوانینی جودایان هەبوو تەنانەت خەڵکەکی زۆریشیان بنبزر و تیرۆر کردبوو.. جا وەرە مامۆستایەکی بێ پشت و پەنا و زۆر ناڕازیی لە لایەک بابی نهێنیی منداڵەکی داک دووڕوو و ساختەچی بی و لە لایەکی دیکەش بابی چار فەریکە کیژان بی.. هەر زۆر بە هاسانیی دەیانتانی بە 'بێڕەوشتیی!' و تشتی لەو بابەتانە سووچباری بکەن و تووشی کارەساتی گورچکبڕی بکەن. ئیدی لێرەوە بابەتەکە زۆر مەترسییدار بوو و ئی ئەوەی نەبوو لەوێ باسکرێ و هیچ کەسەک بیبیستی.. لەبەرهەندێ پێمگۆت تا دەچینەوە ماڵێ باشترە بەردەک لەسەر ئەو بابەتە دابنێین! لەبەر منداڵەکانی چووینە ماڵی ئەوان.. بە کورتییەکەی پاش ئەوەی بە دووروودرێژیی لە بابەتەکە و پێشهاتە چاوەڕوانکرایەکان وردبووینەوە گەیشتینە ئەوەی کە ژیان و مانی لە مەترسییەکی زۆر گەورە دان و باشترین چارەش هەر ئەوەیە کە خۆی و هەر چار منداڵەکەی بە زووترین کات وڵات بەجێبهێڵن و خۆیان بگەیەننە دەرێ جا هەر وڵاتەک بی.. ئیدی بڕیارماندا تا قاچاغچییەک پەیدادەکەین و دەردەچن هەر لە سبەینێوە ماڵەکەیان بەجێبهێڵن و لە ماڵی هاوڕێیەک خۆیان حەشاربدەن، شەودرەنگان چوومەوە ماڵێ و سبەینەکەی خۆم گەیاندە ماڵی هاوڕێیە نایابەکەم - ئەو هاوڕێیەی کە لە سەرەتای چەکهەڵگرتنم رۆژەکیان لە کۆڕەک بەرانگژی ئەندامەکی نووسینگەی رامیاریی بۆوە -.

ئەو هاوڕێیە نایابەم هەرووەک خۆمان لە پارتی و پارتیایەتی دوورکەتبۆوە و تێکەڵی دەسەڵاتیش نەببوو.. بارودۆخەکەی وی هەندەک جوایەز بوو؛ بە هۆی زەنگینییەکەی و بەشداریی خزم و کەسە نێزیکەکانی لە پێگە بەرزەکانی دەسەڵات و پارتیەکان نەیدەتانی وەک مە بەرانگژی بەرپرسان و دەسەڵاتدارن ببتەوە.. لێ لە رووی مادییەوە هەر کەسەکی هەژار رووی لێبنابا بێ هومێدی نەدەکرد.. بە نهێنییش یارمەتییەکی زۆری چالاکییە رۆشنبیریی و بەرهەلستکارییەکان دەدا بە تایبەتییش ئەگەر ئەمن داوام لێکردبا.. بێجگە لەوەش

خەڵکەکی زۆری لە ئازار و ئەشکەنجە و ستەمی بەرپرسان دەپاراست تەنانەت چەندین کەسیشی لە مەترسی کوشتن و تیرۆرکردن رزگارکردبوو. پاش ئەوەی قاوەکمان خواردەوە و کێشەکەی مامۆستای مۆسیقاژەنم بە هووردیی تێگەیاند و داواکارییەکەم خستەڕوو.. هەستمکرد تەواوەک رووی گرژ بوو و گۆتی:

- جا هاوڕێ ئەوە کەنگێ راستە ئەتوو ئەوها لەگەڵە من دەدوێی!؟ راستییەکە ئەوە بوو بێ پرسکردن هەموویانت بهینابا و ئیدی تەنێ هێندەت لەسەر بوو کێشەکەیانم تێبگەینی.. بەس ئەمن لە توو ناگرم چونکێ لەوەتەی لە شاخی هاتینەوە دەوڵەمەندییەکەی من بوویتە تەمومژەکی چڕ لەسەر چاوانت و ناهێلی ئەمن بە تەواویی ببینی! (بە پێکەنینەکەوە) ئەتوو هێشتا هەر دەتەوێ وەهای پێشانبدەی کە رابەرانی شۆڕشە یەکسانییخوازەکان پڕۆلیتاریای نێو کارگەکان بوون و هەر لە حەژمەتی هەژاریی خۆشیان بوو راپەڕین! ئاخر هاوڕێ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و شۆڕش هەر بەوە ناکرێ بتەوێ خەڵک بهینیە سەر شەقام کەچی زۆربەیان نەزانن داوای چ دەکەن و لەبەر لاوازیی و بێ توانایی خۆشیان نەتانن پێداگریی لەسەر ئامانجەکانیان بکەن! دەی چیدی درێژەی نادەمێ چونکێ زۆر جاری دیکە قسەمان لەسەر ئەو بابەتانە کردیە.. ئەوەی لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە هەر ئێستا بڕۆ و بیانهینە ئێرە.. تا ئەتووش دێیەوە ئەمن جێیەکیان لۆ ئامادە دەکەم.. ئاخر ئەمن هێندەی یەک گوند هەر خانوبەرەم لێرە هەیە ئەگەر کەسانی وەک ئەو مامۆستایە سوودیان لێنەبینن کێ سوودیان لێببینی!؟ ئەها.. باش بوو وەبیرمهاتەوە هاوڕێ؛ پێشترێ لەگەڵ توو زۆر قسەمان لەسەر مێژوو کردیە.. باشە کە لەوە هاوڕاین! لەو ماوانە کەسەکی زۆر رێکوپێک و سەنگینیان هینا کنم و گۆتیان ئەوە مێژوونووسەکی زۆر باش و سەرڕاستە و ئێستا لە ترسی گرتن پێویستی بە پەنادانە و هیچی لە توو ناوێ تەنێ ئەوە نەبی ماوەک بیپارێزی تا کێشەکەی لەبیر دوژمنەکانی دەچێتەوە! هەرکووەک هەبوو بە پەلە ژوورەکی باشم بە هەموو پیداویستییەکانیەوە لە نێزیک خۆمان لۆ دابینکرد.. لێ هاوڕێ بڕوابکە لەوەتەی لێرەیە کەم رۆژ هەبووە سەرەکی لێنەدەم و پرسیاری کێشەکەی لێنەکەم ئەویش هەر لە پێناو ئەوەی تا بتانم پتر یارمەتیی بدەم.. ئەوە دیارە کە مێژوونووسە و کەسەکی زۆر باشیشە.. لێ چەندی دەکەم و ناکەم هیچ تشتەک نادرکێنی و ئێستا و ئێستاش نازانم کێشەکەی چیە و لەبەرچی و لە ترسی کێ خۆی پەنادایە و بەرنامەی ئایندەی چیە! جا کە هاتیەوە ئەگەر حەزتکرد ئەوە سەرەکی لێبدە.. رەنگە ئەتوو باشتر لە زمانی ئەو جۆرە کەسانە تێبگەی و بتانی تشتەکی لێهەڵبکرێنی.. جا ئەو دەم لەوانەیە بتانین بە پێی پێویست نەخشەکی لۆ بکێشین و چارەسەری کێشەکەی بکەین.. (هەرچەندە قسەم هەبوو لەسەر ئەو رەخنانەی کە لە کۆتایی قسەکانی سەبارەت بە کێشەکەی مامۆستای مۆسیقاژەن لە منی گرتن لێ خۆم لە وەرامدانەوە بوارد چونکێ پتر سەرنجم کەتبووە سەر مێژوونووسە سەرڕاستەکە و گۆتم):

- بێ گومان پاش هینانی مامۆستا و منداڵەکانی هەر دەبی سەرەکی لێبدەم.. وێدەچی کەسەکی لەو بابەتە بە راستیی پێویستی بە کۆمەک و دەستگیرۆیی مە هەبی.. لێ لەو رۆژانە زۆر سەرقاڵم و رەنگە جارێ دەرفەتم نەبی بە شێوەکی پێویست لەگەڵی دابنیشم.. هەروەک خۆت باستکرد دیارە کە کەسەکی هاسان نییە و دەبی کاتەکی باشی لۆ تەرخان بکەم.. (پاش ئەوەی رێکەتین پەلەی لێکردم کە زوو بڕۆم.. ئەمنیش ناچار وەرێکەتم).

بە هەڵەدا نەچووبووین؛ تەنێ سێ رۆژ پاش ئەوەی ماڵی مامۆستای مۆسیقاژەن لە کن هاوڕێیە نایابەکەم جێی خۆیان گرت دەستە چەکدارەک بە جلوبەرگی ئاسایی کە لە رێی درواسێیەکانیان لۆم وەدەرکەت ئاسایشی نهێنیی

بوون و بە نیازی دەستگیرکردنیان بەسەر ماڵەکەیان دادابوون! بە زووترین کات خۆم گەیاندە ماموٚستای مۆسیقاژەن و تێمگەیاند کە لەدووی دەگەڕێن و بە هیچ شێوەک نە خۆی نە منداڵەکانی لەو ماڵە نووەیان دەرنەچن، هەر بەو نیازەش چوومە کن هاوڕێیە نایابەکەم و ئەویش ئەرخەیانی کردم کە ماموٚستا و منداڵەکانی تا لە کنە وی بن ژیانیان پارێزرایە و کەس ناتانی دەستیان لۆ ببا.. هەروا گۆتی:

- ئەمن پەلە ناکەم لە دەرکردنیان.. تا لە سەتا سەت دڵنیا نەبم دەگەنە جێی خۆیان نایانێرم.... هەروا دەمەوێ کێندەرێ بە باش دەزانن رێک بیانێرمە ئەوێ و مەترسیی گرتن و ناردنەوەیان لەسەر نەبی، هەرچەندە دیارە کە ئەو ماموٚستایە کەسەکی چاکە و ئی ئەوەیە یارمەتیی بدرێ لێ دەبی هاییشامان لەوە هەبی کە هەندەک کەس پاش ئەوەی یارمەتییان دەدەی و لە دەرێ جێی خۆیان دەگرن قسەوقسەلۆکی زۆر بێ واتامان لۆ هەڵدەبەستن.. وەک نموونە یەکەک لەوانە گۆتبووی کە زۆر دڵنیایە ئەمن سەر بە دەسەڵاتم ئەگەر نا ئەوە ناهێڵن ئەوها دەوڵەمەند ببم! لەوەش خراپتر گۆتبووی ئەوانە چەتەگەلەکن ژێربەژێر لەگەڵ بەرپرسان هاوبەشن و جاروبارەکیش کەسانەکی وەک من بێ بەرانبەر دەنێرنە دەرێ تا بازاڕی خۆیان گەرم بکەن و خۆیان لە کن خەڵک خۆشەویست بکەن جا ئەو تشتانەش بە چاکە و یارمەتیی مرۆیی بەسەر خەڵکیدا دەفرۆشنەوە!..." (هەر ئەو رۆژەش دیدارەکەمی لەگەڵ مێژوونووسەکە رێکخست).

- ٢٠ -

بە زمانی خۆم نەبی؛ زۆر جار هاوڕێیان پێیاندەگۆتم 'ئەتوو لە قسەکردن کەسەکی زۆر رەوانبێژ و سەرنجراکێشی تەنانەت دەتانی بەردیش نەرم بکەی!' کەچی بە دەست ئەو مێژوونووسە زیرەک و ئارامە گیرمخواردبوو و نەک هەر وێنەدەچوو بتانم نهێنییەکانی پێ بدرکێنم بەڵکە گومانم هەبوو بتانم بە قسەشی بهینم! زۆر خۆم هینا و برد.. شێرەکم لەوێ دەهیناوە ریوییەک لەولا تا بە شێوازەکی تاکتیکبازانە پرسیارەکی پلاستیکییانەم دەپێچاوە و ئاراستەم دەکرد.. کەچی ئەو بە یەکەک لەو واژە کورتانە 'ئا.. نا.. با..' ریسەکەمی دەکردەوە خوریی و 'هیچ'ی پێ 'جاران'ی 'هیچ' دەکردم! چەندین جار لەگەڵی دانیشتم.. هەر جارەکیش لە سەرەتای قسەکانمدا زۆر خۆم بە باڵادەست و داشسوار دەهاتە بەرچاوان و وەمدەزانی دەتانم زۆر بە هاسانیی تشتەک بە تشتەک بکەم لێ سەرەنجام هەر بە شکست و دۆڕان کۆتایی دەهات، لە دوا جاردا کە زانی ئەمن خوێنەرەکی باشی مێژووم و پەرتووکە بلاڤنەکرییەکەی ئەویشم کە خۆی وێدابووم زۆر بە هووردیی خوێندیتەوە.. ئەوجا هەندەک نەرمیکرد و جاروبارەک دەدوا.. ئیدی کەم کەمە تشتەکم لێیهەڵدەکڕاند لێ هێشتا وەک ئەوە بوو بەرسڤی 'هەڵە و راست' یان 'بۆشایی پڕکردنەوە'ی تاقیکردنەوەی وانەکانی خوێندن بداتەوە! زۆری ویست تا تانیم پێشنیاری چوونە دەرێی لەگەڵ بکەم و تێبیگەینم لە دەرێ زۆر بە هاسانیی دەرفەتی وەچاپگەیاندنی پەرتووکەکەی لۆ دەرەخسێ.. هەرێی ئەوەشم پێیدا غەمی رێی دەرچوونەکەی نەبی و هەمووی لەسەر خۆم دەبی.. هەروا بە تەواویی دڵنیامکردەوە کە هەرچییەک لە کنە من بدرکێنی وەک نهێنییەکی فرە گرنگ دەپارێزرێ و ناهێڵم هیچ مەترسییەک بکەوتە سەر ژیانی.. بە کورتییەکەی پاش کۆشانەکی ئێکجار زۆر ئەوجا تانیم بە پێی پێویست بە قسەی بخەم و سەروسەربردەی خۆی دەربارەی مێژوو وەگێڕێ:

- دیداری سەرۆکی هەر پارتیەک ئەگەر لەسەر خواستی خۆی بی ئەوە زۆر بە هاسانیی و بێ هیچ گرفتەک تێدەپەڕی، سەرۆکی پارتی ئەگەر تشتەکی زۆر پێویست ناچاری نەکا دەرفەتی دیتن بە هەر کەسەک نادا.. کە دیدەنیی هەر کەسەکیش دەکا زۆر گرگنانە و بە پێی بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی ناخە بۆگەنەکەی خۆی کە گوایە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی گەل و پارتی تاکتیکییانە هەڵسوکەوت دەکا بە پێخواسیی بە نێو درۆیان دەکەوێ.. ئەگەر رایەکی جودا یان بەرانگژبوونەوەیەکیش لە کەسی بەرانبەر ببینی ئەوە زۆر بە نەرمیی بە کۆمەڵەک بەڵێنی سەرزارەکیی و درۆی پتر و پتر بەهار دەهینتە سەر چۆکان.. لێ ئەگەر دیدارەکە لەسەر خواستی بەرانبەرەکەی بی ئەوە هێندە لەخۆبایی دەبی لە کەپووی خۆی پتر بترازێ هیچی دیکە نابینی! نەک هەر تەنێ لە کاروباری رامیاریی کە بە پیشەی بێ ئەولا و ئەولای تایبەت بە خۆی دەزانی لە هەموو بوارەکانی دیکەش هەر خۆی بە پیتۆڵ و پێشڕەو و پاڵەوان و مامۆستا و ئامۆژگاریکەر و... تد دادەنێ تەنانەت ئەگەر بەرانبەرەکەی بێژی 'ئەمن لە گووخواردان ئەزموونەکی زۆر و چاکم هەیە'! ئەوە زۆر بە پەلە پێشی لێدەگرتەوە و دەیسەلمێنی کە خودی گووخواردن خۆی دایهینایە و زۆریش تێکۆشایە تا بەرجەستە و سەقامگیری کردیە لە نێو پارتیەکەی بە تایبەتیی و لە نێو کۆمەڵیش بە گشتیی! ئەگەر دەسەڵاتی هەبی و لۆی بگونجێ دوژمنی سەرسەختی را و تێڕوانینی جودایە.. هەر کەسەک بێژی ئەتوو لەو بارەوە تایبەتمەند نی و لێی نازانی.. ئەوە یەکسەر تووڕە دەبی و دەبێژی 'کێشکەی ئەو ساڵ دەبێژتە کێشکەی پار ئەتوو جریوەجریوی نازانی'!

پێشترێ سێ دیدارم لەگەڵ سەرۆکی ئەو پارتیە ئەنجامدابوو کە هەرسێکیان لەسەر خواستی ئەو بوون و زۆر نەرمیی نواند تا رازییکردم لە لیژنەی نووسینی مێژووی پارتیەکەیان بەشدار ببم و ببمە سەرۆکی لێژنەکە و مێژووەکەش رێک وەک خۆی بنووسین، دیداری ئەو جارەم لەسەر خواستی خۆم بوو و ئەو داوای دیتنی منی نەکردبوو.. وەیدەزانی ئەمنیش وەک هەر مێژوونووسەکی دیکە ملکەچی پێگە و ناو و ناوبانگی خۆمم و لە پێناو هەندەک ویستی خۆپەرستانە و دابینکردنی ژیانەکی بە ناو ئاسوودە و خۆشگوزەران ئامادەم یان ئامادە دەبم مێژوو وەک ئەوەی دەسەڵاتداران پێویستیانە بنووسم نەک وەک ئەوەی کە هەیە، ئەو تەنێ ئەمنی لە رێی هەندەک بابەتمەوە دەناسی کە پەیوەست بوون بە مێژووی دروستبوونی نووسینی مێژوو و خستنەڕووی روانگە هزریی و فەلسەفییەکانی رێبازەکانی مێژوونووسین و جوایەزییەکانیان و بەرهەمە دیار و کاریگەرەکانیان و رەنگدانەوەیان لەسەر فەرهەنگی جودا جودای مرۆڤەکان و رەوتی ژیان بە گشتیی.. لێ لەو پەرتووکەکەم 'مێژوو وەک خۆی' وەک دەیبینی بە پشتبەستن بە چەندین بەڵگە و بیردۆزی زانستییانە بەو دەرەنجامە گەیشتیمە کە سەرجەمی ئەو مێژووەی تا ئێستا نووسرانە زۆر دوورن لە مێژوو.. چونکێ هەرگیز باس لە سەرهات و کار و نەخشی خەڵک بە تایبەتییش چین و توێژە چەساوە و ستەمکێشەکان لە دروستکردنی ژیان و درێژەپێدانی ناکەن.. واتە بێجگە لە وەشانوباڵ هەڵدانی کۆمەڵە دەسەڵاتدارەکی ستەمکار هیچی دیکە ناخەنەڕوو.. جا بە تەواویی تێڕوانینی خۆم دەربارەی مێژوو و رەنگدانەوە نەرێنییەکانی لەسەر کۆمەڵ خستیتەڕوو و هەڵوێستی خۆشم زۆر راشکاوانە دەربڕیە.. خۆ ئەگەر ئەو پەرتووکەمی بدیتبا ئەوە هەرگیز رووی لە من نەدەنا ببمە سەرۆکی لێژنەی نووسینی مێژووەکەیان و ئەمنیش تووشی ئەو بەزمە نەدەبووم لەگەڵ وی! لەگەڵ روونشتنی لەسەر کورسییەکەی کە رێک بە کورسیی شایەکانی سەردەمی قۆپچە دەچوو قەپۆزی خۆی لە ئاسمانێ کرد و بە پلارتێگرتنەکەوە گۆتی:

- هەر کە ناوی تووم بیست و گۆتیان دەیەوێ دیدەنییم بکا.. نەمزانی لەبەرچی یەکسەر بیرم لۆ ئەوە چوو کە پرۆژەکەتان تەواوکردبی و دەبی ئێستا بە پەلە وەبکەم دەزگەی باڵای ئەکادیمیای وڵات خەڵاتەکی چاکتان پێ ببەخشی!!! کەچی نا.. وەبیرمهاتەوە کە هەر پێرێ بوو تەمەشایەکی بەرنامەکەتانم کرد.. دیتم 'هێشتا کوڕە گێلەکەی پاشا بە زاوا نەبووە'! هاهاهاهاها!!! ئەتوو چیرۆکی 'کوڕە گێلەکەی پاشا'ت بیستیە؟

- ئەرێ بێ گومان.. لێ دەمەوێ لە دەوی خۆتی بژنەوم.

- باشە؛ «دەگێڕنەوە پاشایەک کوڕەکی تاقانە و زۆر گێلی هەبووە، لەبەر ئەوەی زۆر حەزیلێبووە پێش مردنی نەوەی خۆی ببینی.. هەر زوو کیژەکی زۆر جوان و نازاداری لۆ دەخوازی، ساڵانەک تێدەپەڕی بووکەکەی منداڵی نابی.. پاش ئەوەی چەندین پزیشک دڵنیای دەکەنەوە کە ئەو کوڕە نەخۆشیی منداڵنەبوونی هەیە و چارەسەریشی نییە.. ئیدی لێی بێ هومێد دەبن.. کەچی لەپڕ بووکەکەی زگ پەیدادەکا و کوڕەکی دەبی! پاشا لە خۆشییان ئاهەنگەکی زۆر گەورە بەو بۆنەوە سازدەکا؛ لە دەسپێکی ئاهەنگەکە پاشا زۆر بە ناز و لەخۆباییبوونەوە و زۆر بە درێژەدادڕیی باس لە جوانیی و ڕەسەنایەتیی نەوەکەی دەکا تا هەموو خەڵکەکە بێزار و وەڕس دەکا، کە نۆرە دێتە سەر کوڕە گێلەکەی تا قسەک لۆ ئامادەبووان بکا.. ئەویش بە ناز و سەربەرزییەکەوە دەبێژی: "زۆر زۆر سوپاس باوە گیان.. بەس ئەی خەڵکینە.. ئایە ئەنگۆ دەزانن ئەمن هێشتا بە زاواش نەبوویمە ئەو کوڕە جوان و ڕەسەنەم بووە.. ئەوجا چاوەڕێ بن با بە زاوا بم بزانن کوڕەکی چەند جوانتر و ڕەسەنترم دەبی!..." ئیدی پاشا بە هەردوو دەستان لە سەری خۆی دەدا و ئاهەنگەکە تێکدەچی.. سەرەنجام فەرماندەدا کوڕە گێلەکەی فڕێبدەنە زیندان تا گیانی لەبەردەبڕێ!» (بە تووڕەیی و بە دەنگەکی هێندە بەرز) جا ئەتووش لە پاش ئەو هەموو ماندییبوونەمان پێتەوە هێشتا بە زاوا نەبووی ئەوها ئابڕووی پارتی و مێژووی سەرکردە و کادیرەکانمانت بردیە ئەدی ئەو کاتەی بە زاوا دەبی بە چ شێوەک ریسوامان دەکەی!!! (بە دەنگەکی تووندتر و تووڕەتر درێژەی پێدا):

- لەگەڵ توومە.. باش گێ بگرە ها.. ئەمن هێشتا نازانم هۆی هاتنی توو لۆ ئێرە چیە.. بەس باش دەزانم کە ئەتوو دەتەوێ تێڕوانینەکانی خۆت لە نێو لیژنەکە بسەپێنی و مێژووی پارتی بە ئارەزووی خۆت و بە بەرەواژیی بنووسی.. واتە هەرچی خاڵە چاک و گەش و ڕۆشنەکانی مێژووی پارتی هەن بە پاساوی پاراستنی ئاشتی و ماشتی و لەبەرچاوگرتنی ئەویدیکە و تەڕەماش و ترخێنە و تشتی پڕوپووچی دیکە وەلایان بخەی و پەردەکی ئەستووریان بەسەردابدەی.. هەرچی لاوازیی و نوشستیی و خاڵە نەرێنییەکانیشمان هەن.. کە ئەمن دڵنیام هیچمان نییە و تەنێ لە مەژیی ساویلکەیی توو و دوژمناندا هەن.. بە پاساوی 'بێلایەنیی و ڕاستگۆیی لە مێژوو' و 'مێژوو وەک خۆی' و تشتی قۆڕی دیکەی لەو بابەتانە کە لە مەژیی پووچی توو و ڕۆشنبیرە چەپەکان دەخولێنەوە تۆماریان بکەی و مێژووی دووورودرێژی خەبات و تێکۆشانی من و پارتیەکەم لەکەدار بکەی! (هاوکات لەگەڵ دەست هەڵبڕین و پەنجە ڕاوەشاندنی لێم گۆتی) دەبی باش بزانی کە ئەوەت لۆ ناچتە سەر، ئەمن ئەو هەموو توانستە مادییەم خستە بەردەستت و ئەتووم کردە سەرۆکی لیژنەی نووسینی مێژووی پارتی کەچی ئەتوو دەتەوێ هەر لەو گۆڕەی گووی تێبکەی! جا با زۆران لۆ کەمان نەبێژم؛ ئەگەر لۆ خۆت هۆش دەهینییەوە بەر خۆت و وەکی ئەندامانی دیکەی لیژنەکە ژیرانە هەڵسوکەوت دەکەی ئەوە باشە.. ئەگەر نا ئەوە هەر لە ئێستاوە لە لیژنەکە وەدەرتدەنێم.. مەرج بی یەک فزەشت لە پاشەملە لە دەو بێتەدەرێ تەنەکەت بە کلکی وەدەکەم و هەرچی منداڵە هوورتکەی پارتی هەیە وەدووتدەخەم!

هەرچەندە ئەمن لۆ ئەوە چووبوومە دیداری وی کە وازهینانی خۆمی وێڕابگەیەنم و هەموو ئەو دەسەڵات و توانستە مادییانەشی کە لە لیژنەکە بە منی بەخشیبوو رادەستی بکەمەوە.. چونکێ گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی کە هەرگیز ناتانم لە نێو ئەو هەموو مشەخۆرە گەندەڵەی لە لیژنەکە لە منی خڕکردبۆوە کە زۆربەی هەرە زۆریان فریان بەسەر مێژووەوە نەبوو کارەکی وەها بکەم مێژوو وەک خۆی بنووسرێ.. لەبەرهەندێ هیچ پێویست نەبوو لە نووسینی مێژوویەکی ئەوها پڕ لە درۆ بەشدار ببم و تا دەشمرم هەر ویژدانی خۆم ئەشکەنجە بدەم، لێ هەر خودی ئەو قسانەی ئەو بێجگە لەوەی زۆر برینداریکردم و هەرگیز پێشترێ سووکایەتی ئەوها گەورەم پێنەکرابوو دەرکردنەکی راستەوخۆش بوو و ئەو دەستی خۆی وەپێشخست، دیاربوو لەوە دڵنیایان کردبۆوە ئەگەر ئەمن بەو شێوە لە لیژنەکە بمینێمەوە ناهێلم ئەو مێژووە بەو جۆرە بنووسرێ کە ئەو دەیەوێ، ئەوە ئەمن هیچ قسەکم نەکردبوو ئەوهای پێکردم ئەدی ئەگەر لە سەرەتادا ئەمن قسەم بکردبا و داوای وازهینان و هۆکارەکەیم بکردبا چی پێدەکردم؟! تووڕەبوونم لەو قسە و سووکایەتییپێکردنە ئی ئەوە نەبوو بتانم وەک هەموو ئەو کەسانەی دەچنە دیداری ملی خۆم حیزبکەمەوە و بە 'بەڵێ گەورەم.. بەڵێ گەورەم' بکشێمەوە دوایێ و سەرشۆڕانە وەدەربکەوم.. ئیدی وەقسەهاتم و گۆتم:

- لە راستییدا پێش ئەوەی ئەتوو بڕیاری دەرکردنم بدەی لەو لیژنە ئەمن خۆم بڕیاری وازهینانم دابوو.. لێ ئەو جوون و سووکایەتییانەی توو بە من و بە مێژوو نەک لۆ توو کە خۆت بە پێشڕەوی خەڵک دەزانی لۆ هیچ کەسەک باش نییە.. ئەگەر هەر ئەوهاش بیدەیەدوێ ئەوە سەرەنجام وەک هەر دیکتاتۆرەکی دیکە فڕێدەدرێیە سەر گووفەکی مێژوو.. (لەگەڵ دەستوەنانی بە دوگمەک دوو چەکدار وەژۆرکەتن و هەر یەکەو بن پیلەکیان گرتم و راستیانکردمەوە.. چاوەڕێی فەرمانی ئەویان دەکرد.. ئەویش وەک ئەوەی لە شەڕەکی چارەنووسساز کەسەکی وەدیلگرتبی فەرمانی دا و گۆتی):

- بیبەن.. ئەو گەمژەی کوڕی گەمژەیە ببەن.. بیبەنە 'ژۆری کوتەک'.. لەوێش خۆتان دەزانن کاری خۆتان چیە! (هەر ئەوەندەم خۆشبوو تا لە دەرکەکە وەدەریاننام.. ئیدی دوو سێ کەسی دیکەشم لێپەیدابوون و هەر بە مست و شاپ و پێلەقان گەیاندمیانە ژۆرەکە.. لەوێش تا ماندییبوون تێیانهەڵدام، بێجگە لە کاتژمێرەکەی دەستم و پێنووسەکەم هەرچی پێمبوو لێیانستاندم.. دیسان کەتنەوە سەرم.. بە جۆرەک ئەشکەنجەیان دەدام هەرگیز بە فیلمیش نەمدیتبوو.. کاتەکم زانی سەرۆک وەژۆرکەت و گۆتی):

- لێیگەڕێن.. لەو مێژوو تەرەماشە بگەڕێن.. با بچی مێژوو وەک خۆی بنووسی، روو لە من بکە.. لەگەڵ توومە هەی مێژوو ترخێنە؛ ئەوە ئەمن مێژووی تێهەڵدانی توو‌م نووسی و مێژووش هەر ئەمن و سەرۆکی وەک من دروستیدەکەن نەک ناکەسبەچەکی وەک توو.. دە بڕۆ لۆ خۆت ئەو تێهەڵدانە مێژووییەت بە راستگۆیی و وەک خۆی بنووسە.. بەس ئەوەش دەربارەی خۆت وەک راستییەک و لەسەر زاری خۆتەوە بنووسە 'ئەمن زۆر بێ چاوەڕوو بووم بەرانبەر بە سەرۆک لێ ئەو دڵی زۆر گەورە بوو و تەنێ بە تێهەڵدانەکی کەم ئازادیکردم!'.. (رووی لە پاسەوانەکان کرد) دەی ئێستا بەرەڵاییکەن.. نا راوەستن.. باشترە لە پای ئەو قسە قۆڕانەی تا درەنگانی شەوێ بیهێلنەوە و لۆ خۆتان ئازادن چی لەگەڵ دەکەن بیکەن! پاشان بە دوو شاپی تەڕ.. بە دوو شاپی وەها وەدەرێیبنێن کە لە مێژوودا دەنگبداتەوە.. با ئەو دوو شاپەش لۆ خۆی لە 'مێژوو وەک خۆی'دا بنووسی!

**هەر کە سەرۆک چووەدەرێ.. هێرشیان کردەوە سەرم و تا درەنگانی شەوێ هەر تۆپتۆپانێیان پێدەکردم! هیچ ئەشکەنجەک نەما لەسەرم تاقینەکەنەوە.. هەر ئەوەندە مابوو بمگێن! لە راستییدا خۆ یەکەکیان زۆر داخ لە دڵ بوو لێم و گۆتیە ئەوانیدی:**

**- دەبا هەر یەکەو دەستەکیشی بگێین؟ (بەس باش بوو چەکدارەکی دیکەیان کە لە هەمووان بە تەمەنتر بوو و وێدەچوو بەرپرسیشیان بی.. گۆتی):**

**- نا نا.. قسەی ئەوها قۆڕ مەکە.. خۆ دوژمنمان نەکەتیتە بندەستی تا بیگێین!!! (واتە ئەگەر دوژمن بام ئەوە لە کنە ویش ئاسایی بوو بمگێن! لێ هەرکووەک هەبوو ئەمن بە هۆی قسەکەی ئەو نەگایرام و رزگاربووم!).**

**بە کورتییەکەی درەنگانی شەوێ لە بارەگەکەیان دوورخستمەوە و لە جێیەکی تاریک و چۆل دوو شاپە تەڕ و مێژوویەکەشیان لێدام.. چەند مەترەک لە هەوا پەلمکوتا تا دەواودەو کەتمە سەر زەوی و ئیدی بەجێیانهێشتم، لێ هەر بەوە نەوەستان و زۆر کێشە و گرفتی دیکەیان لۆ چێکردم تا بە ناچاریی لە رێی هەندەک هاوڕێمەوە خۆم گەیاندە ئێرە، جا ئەگەر ئەتووش چالاکوانی ئەوە رازیی نابم یەک وشەی من لەو زۆرە ببەیەدەرێ.. ئەمن هەموو قسەکانت یاداشت دەکەم تا ئەگەر گرفتەکت لۆ چێکردم خەڵک پێی بزانن و وەک مێژوویەک بمینێتەوە! ئاخر چالاکوانی ئێستا لە نێو ئەو سیستەمەدا تەنێ دەرکەوانی دەسەڵاتدارانن و کاریان هەر ئەوەیە پێش ئەوەی چالاکییەکانی ئازادیخوازان دەرکە بە دەسەڵاتداران بگرن ئاشکرایانبکەن و پووچیانبکەنەوە.. سەردەمەکی زۆر خراپە کە تێیکەتینە.. زۆربەی هەرە زۆری چالاکوانان بێجگە لەوەی کۆلەوارن لە بێکاریی خۆیان تووشی ئەو کارە بوونە و گرنگترین تشتیش لە کنیان ئەوەیە ناویان دەربکەوی تا لە دەرفەتەکدا لە کن دەسەڵاتداران کارەکی خۆفرۆشیی پێ پەیدابکەن! لێ ئەگەر ئەتوو کەسەکی ئازادیخوازی و تاقە هاندەرت لە دیتنی من هەر ئەوەیە کە دڵت لۆ ئازادیی لێدەدا ئەوە فەرموو وەک ئەوەی خۆت هەرێت پێدام یارمەتییم بدە بگەمە وڵاتەکی دیکە تا بتانم لەوێوە مێژووی گەلەکەم و تەواوی مرۆڤایەتی وەک خۆی بڵاوبکەمەوە؟ یان بە لایەنی کەم رادەستی یەکەک لە رێکخراوە بە ناو بەرگرییکەرەکان لە ئازادیی دەربڕین و مافەکانی مرۆڤم بکە تا لەو دەردەسەریی و خۆحەشاردانەی ئێستام رزگاربکەن؟**

**هیچ چارم نەما تەنێ ئەوە نەبی کە بێژم: "خۆت ئامادە بکە.. ئەرخەیانبە هەر دەرفەتەکم لۆ برەخسێ لەسەری بازنادەم و دەتنێرمە دەرێ.. لێ پەلەم لێمەکە چونکێ ئەمن دەمەوێ بتنێرمە وڵاتەک کە بە کەلکی خۆت و کارەکانت بێ". کە لە کنە وی دەرچووم خۆم گەیاندە هاوڕێیە نایابەکەم و پێمگۆت زۆر ماندیی و شەکەتم.. ئەگەر دەرفەتت هەیە حەزدەکەم هەندەک بخۆینەوە.. ئەویش گۆتی باشە ئەمنیش حەزدەکەم، ئیدی بەدەو خواردنەوەوە پوختەی قسەکانی مێژوونووسە سەرڕاستەکەم لۆ گێڕاوە و پاشان پێمگۆت:**

**- تازە هەر دەبی یارمەتیی ویش بدەین.. ئەمن پێم باشە لەگەڵ مامۆستای مۆسیقاژەن پێکەوە برۆن، لە راستییدا هەرێم بە هاوڕێیەکی دیکەشم دایە کە هاوکاریی بکەم لێ ویستم پشت بە خۆی ببەستی و خۆی پارەی رێیەکەی پەیدابکا.. تشتەکانی دیکەش هەر خۆم لۆی رێکدەخەم.. ئەو هاوڕێیەم کیژەکی گەنجە و نووسەرەکی**

توندڕەویشە.. ئەتووش نووسینی ویت خوێندیتەوە و جارەکیش دیتیتت.. ئەها جارەک پار لەو دەمانە بوو لە کۆڕەکدا بە تووم ناساند؟

- نازانم.. ئێستا وەبیرمنایێ.

- دەی.. ئەگەر دەرفەتت هەبوو ڕۆژەک دەیبینی، هەڵبەتە ئەمن دەربارەی مامۆستا و مێژوونووسەکەش هەر پێم باشە خۆیان پارەی خۆیان بدەن.. ئەگەر پارەکەشیان بەشی نەکرد ئەوە ئەو دەم دەتانین یارمەتییان بدەین... (قسەکەمی پێ بڕیم و گۆتی):

- نا هاوڕێ.. واز لەو تشتانە بهینە.. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەوان پێویستیان بە یارمەتیی مە هەیە و پێویستە ئەمەش درێخیی نەکەین، ئاخر ئەو جۆرە کەسانە کە دەگەنە دەرێ پتر چاویان دەکرێتەوە و دەتانن لە پێشەڕۆژ باشتر لە ڕاژەی میللەتەکەی خۆیاندا بن.. کەسانی لەو بابەتانە هەمیشە لە رووی مادییەوە هەژارن.. جا ئەگەر پارەکیشان هەبی باشترە لە کنیان بمینێ چونکێ لە دەرێش پێویستیان دەبی.. ئەو جۆرە هاوکارییانەش لۆ من هیچ نین.. ئەتوو خۆتی لێببەدەرێ.. واتە خەرجیی هەرسێکیان هەمووی ئەمن دەیدەم و بڕاوە.. لێ نەمزانی ئەو هاوڕێیە نووسەرە توندڕەوەت کێیە و پێشینەکەی چیە و لەبەرچی توندڕەوە؟ نا.. زۆر ئاساییە و هەر دەبی وەک زۆربەی هاوڕێیەکانت توندڕەو بی! دەی هەرکووەک هەیە حەزدەکەم ئەگەر ڕۆژەک دەرفەتت هەبی هەندەک باسی ئەویشم لۆ بکەی؟

- ئەرێ.. دەزانم ئەتوو ئەو جۆرە هاوکارییانەت لەدەستدێ و زۆریشت کردیە.. هەڵبەتە ئەوەش جێی خۆی دەگری و ئەو میللەتەی مەش زۆر پێویستی بە کەسانی وەک توو هەیە. سەبارەت بەو هاوڕێیەشم بێ گومان دەرفەتم دەبی لۆت باسبکەم و زۆر بە پێویستیشی دەزانم بیناسی چونکێ کیژەکی زۆر باشە و ماوەکە وەک نووسەرەکی چاک جێی خۆی کردیتەوە. جا ئەمن دەبی ئێستا بچم هەندەک هاوڕێی خۆم ببینم.. سبەینێ کاتەک دەرەخسێنین و بە پێی پێویست باسیدەکەم. (سبەینەکەی بە تەلەفۆن کاتەکمان ڕێکخست و پاش ئەوەی هەندەک دەربارەی مامۆستای مۆسیقاژەن و مێژوونووسە سەڕاستەکە دواین هاتینە سەر باسی ئەو کیژە باش و وشت و وریایە کە لە ڕاستییدا ئەمن سەرسام بووم بە گەشەکردنە خێرایەکەی!):

- ٢١ -

ئەو کیژە پێشتر لە گەڕەکەکەی خۆمان دەژیا.. هێشتا نە هاوڕێم بوو و نە ببووە نووسەریش.. زۆر جار دەمدیت دەهاتەوە کەونە گەرەکێ و سەردانی هاوڕێ و دراوسێیەکانی پێشانی دەکرد.. هەمیشە لەگەڵ دەستەخوشکەکی دەهات کە لە شێوە و جوولە و قسەکردنی ڕێک وەک خۆی بوو.. هەر کەسەکی لایدە ئەو دوو کیژەی بدیتبا وەیدەزانی خوشکی یەکن و جمکەشن! وەها خێوابوونە بار یەک هەر کتومت دەتگۆت ئەویندارى یەکودوون، هەردووکیان فرە ناسک و هووردیلە و جوان و نەرمونیان بوون.. دراوسێیەکم هەبوو هەم برادەرم بوو هەم بۆرە خزمایەتییەکیشم لەگەڵی هەیە و هیچ شەرمیش لە نێوانمان نەبوو.. دەیزانی ئەمن بە جوانییەکانی ئەو دوو کیژە سەرسامم.. زۆر جار کە ئەمنی دەدیت دەیگۆت 'ئەهـ کە بەختت نەبوو.. هەر ئێستا پێشی توو دوو کۆترە تەقلەبازە دندووک قولابییە سەر بە شەپقە پێ بە کورکەکان لێرە نیشتنەوە لێ مندالە ناڕەوەست و لاسارەکان

هەراسانیان کردن و ئەوانیش لە شەقەی باڵیان دا و بزربوون.. زۆر بە داخەوە کە نەتدیتن'! جا ئەو دوو دەستەخوشکە لە هەر دەم و جێیەک کە وەیەکدەگەیشتن وەها ئاوێزانی یەکدی دەبوون و هێندە باڵکێشانە نیگایان لە یەک گیردەکرد و بە لەشولاری یەکدیدا دەهاتنەخوارێ تا دەڕۆیشتن ئەو کەش و بارەی ئەوێیان یەکپارچە لە سۆز و میهرەبانیی دەگرت و هەرچی چاو هەبوون لەواندەران پێیانەوە خەریکدەبوون.. هەر هێندەیان دەما دەو لە نێو دەوی یەکدی بنێن و ئازادانە و بە بێ شەرم تابلۆیە هەرە راستەقینەکەی ئارەزووبازیی کتومت وەک خۆی وەبەر چاوانی هەمووانەوە بنەخشێنن! وەلی ئەفسووس رەوشی شەوەزەنگی پڕ لە سەرکوت و ستەمی دابونەریت و فەرهەنگی نێرەوزیی و هەژموونی قێزەونی دین و ئەفسانە سووک و چرووکەکان دەرفەتی ئەوەیان نەدەدان و ناچار دانیان وەخۆدا دەگرت! هەر یەکەکیان کە تووشی گرفت و تەنگاوییەک دەهات ئەویدیکە بە هەمان جۆر بارودۆخەکەی دەشلەژا.. کە یەکیان نەخۆشییەکی دەگرت ئەویدیکەش راستەوخۆ گوڕاحی تێکدەچوو و بە هەمان شێوە دەکەتە نێوجێ.. هەمیشە پێکەوە دەچوونە خەستەخانە لێ تەنێ یەکەکیان دەچووە کن دکتۆر و باسی نەخۆشییەکەی خۆی دەکرد.. ئیدی کە دکتۆر داودەرمانەکەی دەنووسی ئەوان دەچوون لە کن دەرمانفرۆشەکی ناسیاریان دوو هێندەیان لێدەکڕی و هاوکاتی ئەوەی هەردووکیان وەکاریاندەبرد بە پێکەنینەوە ئەو چەند واژە و دەستەواژەیان کە لە شێوەی دێرە هۆنراوەک رێکخستبوو دەگۆتەوە: 'ئەی دکتۆری چاوچنۆک و وەبەردبوو! پارەی مفتی نەخۆشەکت لەدەستچوو!'.. ئیدی بە جۆرەک ئاوێتە و متووی یەک ببوون لە هەموو خۆشیی و ناخۆشییەک رەنگدانەوەیان لەسەر یەکدی چێدەکرد تەنانەت وەیلێهاتبوو کە یەکەکیان لە دەرێ لەبەر با و باران و سەرما با ئەوە ئەویدیکە لە ژوورێ خۆی دەپێچاوە و چەترەکی دەخستە سەر سەری خۆی!

زۆر رکم لەوە دەبتەوە کە دەبینم کەسەک خەریکە چاودێریی ژیانی تایبەتی کەسەکی دیکە دەکا و دەیەوێ هەرچی راز و نهێنیی ئەو کەسە هەیە کە هیچ پەیوەست نین بەو ئاشکرایانبکا و بیانکاتە قسەوقسەلۆک و گرفتانی لۆ چێبکا.. جا نازانم داخۆ ترسی ئاشکرابوونی نهێنییە رێکخراوەییەکانی سەردەمی رژێم بوو ئەوهای لێکردبووم بە ئاشکرابوونی هەر نهێنییەک هەراسان ببم.. یان لەبەرئەوە بوو هەر خۆم گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی خۆتێهەڵقورتاندن لە ژیانی تایبەتی کەسەکان و ئاشکراکردنی راز و نهێنێنەکانیان کارەکی کرێت و نەرێنییە.. یان هەر خۆم کەمووکوڕیی و سەرهاتی پەلەتیقەیی و پڕ نهێنییم زۆر بوون و بە ئاشکرابوونیان نیگەران دەبووم و ترسم لێدەنیشت؟! ئێستا و ئێستاش هەر سەرم لێی دەرنەکرد و نەمزانی لەبەرچییە! زۆر سەیر بوو.. نازانم ئەو ئاشنایی و پێکەوەگونجان و متووبوونەی ئەو دوو دەستەخوشکە کوو ئەوها کەسەکی وەک منی بە گەرمیی خولیای ئەوە کردبوو کە حەزبکەم چاودێرییان بکەم و تەنانەت بمەوێ هەموو راز و نهێنییەکانیشیان بزانم! لە بیرکردنەوەی خۆمدا بەوە دڵی خۆم دەداوە کە ئەگەر راز و نهێنییەکانیشیان بزانم ئەوە هەر لە کنە خۆم دەبی و هەرگیز هیچ تشتەکی وان لە کن هیچ کەسەک نادرکێنم و ناهێلم بەو هۆیەوە تووشی هیچ زیان و تەنگاسیی و ئاستەنگەک ببن.

کیژەکی ماڵە دراوسێیەکم هەبوو هاوپۆلی ئەو جۆتە کیژە ناسک و نازدارە بوو.. بە هۆی ئەوەی کە ئەمن گرنگییم بە نووسین و بە زمان دەدا بابی ئەو کیژە داوای لێکردم کە ئەگەر دەرفەتم هەبی لە وانەی زمان یارمەتیی کیژەکەی بدەم؛ لە ماوەی دوو مانگەکدا پەیوەندییمان وەک خوێندکار و مامۆستا زۆر خۆش و وەهێز

ببوو.. رۆژەک پێمگۆت وەک دەبێژن ئەو جۆتە کیژە ناسک و هووردیلەی هاوپۆلت زۆر زیرەکن لە وانەی زمان.. نازانم ئەتوو لەبەرچی ناتانی سوود لەوان وەربگری؟ لە وەرامدا گۆتی:

- بەس مامۆستا ئەوانە کەس هاوڕێیەتییان ناکا چونکێ زۆر کەس دەبێژن رەوشتیان باش نییە و خۆشیان پەیوەندییان لەگەڵ خەڵک زۆر ساردە و هەر خەریکی یەکدینە! ئەمن زۆر خۆمیان لێ نێزیک دەکەمەوە و زۆر قسەی چاکیشان لۆ دەکەم بەس هەر ئەو دەمەیەو کە هەستانەوە هەمووی لە کۆشیان بەردەبتەوە، راستە زیرەکن بەس کەس ناتانی سوودیان لێوەربگری.. زۆر هاوڕێشم ئامۆژگارییم دەکەن کە خۆیان لێنەدەم و لێیان نێزیک نەبمەوە ئەگەر نا ئەوە ئەمنیش وەکی وانم لێدێ! ...

ئەمن نە هیچ تشتەکم لێیان دیتبوو نە هیچیشم لەسەریان بیستبوو.. بە هیچ جۆر و شێوەکیش بیرم لۆ ئەوە نەدەچوو ئارەزووی هاوڕەگەزخوازییان هەبی یان ئەو رەفتارەیان لێبوەشێتەوە.. ئاخر دوو کیژی لەو تەمەنە ناشێ هێشتا لە پیاوان تێربووبن چ جای ئەوەی دەست لۆ هاوڕەگەزخوازیی ببەن! بە پێی هەڵسوکەوتەکانیان پێشبینیی ئەوەم نەدەکرد وەک سروشتی بایۆلۆژیی و دەروونییان ئەو ئارەزووەیان هەبی.. بێجگە لەوەش بڕوامنەدەکرد ئەوان ئەوها زوو بتانن بەرانگژی هەژموونی نێرسالاریی و جوایەزییەکان و نایەکسانیی نێوان نێر و مێ ببنەوە، ئەوە راستە هەندەک کیژ هەن بە هۆی ئەوەی دەستیان بە پیاوان راناگا ئۆقرەیان لێدەبڕێ و جاروبارەک کە دەرفەتەک دەڕەخسێ بە دزییەوە خۆ لە یەکدی دەخشێنن و خرۆش و ئارەزووە سێکسییەکانیان هەندەک بە یەکدی دادەمرکێننەوە.. واتە ئەگەر پیاویان دەستبکەوی ئەو کارە لەگەڵ رەگەزی خۆیان ناکەن.. ئەو جۆرەیان پێیدەگۆترێ 'پانپانۆکێ'.. لێ ئەو دیاردە فرە کەمە و ئەو کیژانەشی کە ئەوها دەکەن و لێیان ئاشکرادەبی لە کن هاوەڵانیان بە سووک تەمەشا دەکرێن.. ئەو پانپانۆکێیەش زۆر دوورە لەو هاوڕەگەزخوازییەی ژنان کە حەزیان لە لەشولاری پیاوان و هەڵسوکەوتە سێکسییەکانیان نییە و چێژ لە جۆتبوون لەگەڵ پیاوان وەرناگرن، هەرکووەک هەیە.. لەمێژە هاوڕەگەزبازیی چ ئی 'مێ و مێ' چ ئی 'نێر و نێر' بە ئەنقەست کرایتە یەک کێشەی زۆر گەورەی نێوان مرۆڤەکان!

ئەو تاقە خوێندکارەم رۆژەکیان درەنگتر لە کاتی ئاسایی خۆی گەیشت.. پاش ئەوەی بە پەلەپڕووزێ خۆی گەیاندە کنم کۆمەڵەک کاغەزی لەدەستمنا و گۆتی: "ببوورە مامۆستا.. لەبەر بەرسڤدانەوەی پرسیارەکانی هەفتەی رابردیی هەندەک درەنگ گەیشتم" ئەمنیش گۆتم: "نا.. زۆر ئاساییە و هیچ نیگەران مەبە".. هاوکات لەگەڵ چوونم لۆ ژوورەکەی پشتەوە تا پێنووسەکەم بهینم چاوەکم بە کاغەزەکاندا خشاند؛ دیتم یەکەکیان نامەکەو لۆ ئەو جۆتە کیژەی هاوپۆلی نووسرایە! وێدەچوو لە پەلەپەلییان بە هەڵە لە نێو ئەو کاغەزانەی دانابی.. دەمزانی ئەگەر نامەکەی بدەمەوە یان پاشان پێش رۆیشتنی هەر لەگەڵ کاغەزەکان بە بێدەنگیی بیدەمەوە ئەوە لە هەردوو باردا هەر تووشی شەرمەزاریی دەبی و بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە.. لەبەرهەندێ بە پەلە دەقمکرد و لە نێو بەرکی خۆم نا.. لە کنە خۆم بڕیارمدا پاش وانەکە نامەکە دەدڕێنم و فڕێیدەدەم ئیدی ئەویش هەر وەدەزانی نامەکەی لێ بزربووە، کە وانەکەمان کۆتاییهات و ئەو رۆیشت تووشی دوودڵییەکی زۆر گەورە بووم لەوەی کە ئایە نامەکە بخوێنمەوە یان نا؟! یەکسەر بڕیارمدا لەبەرئەوەی کە ئەوە تشتەکی فرە تایبەتمەندە نابی و ناکرێ بیخوێنمەوە.. لێ پاشان پەژێوان بوومەوە چونکێ بێجگە لەوەی وەک پێشترێ گۆتم زۆر حەزمدەکرد تشتەک دەربارەی ئەو جۆتە کیژە بزانم.. ئەوەشم بە مەژییدا هات کە 'زۆر باشترە بیخوێنمەوە

بەڵکە ئەگەر گرفتەکیان هەبی ئەوە بتانم ناڕاستەوخۆ یارمەتییەکیان بدەم'.. ئیدی پێموەبوو بیانووەکی بەجێیە و دەستم بە خوێندنەوەی کرد.. پاش پێشەکییەکی ئاسایی نووسیبووی:

«... باش دەزانن کە ئەمن ئەنگۆم زۆر خۆشدەوێ و حەزدەکەم پەیوەندییمان زۆر زۆرتریش بی لۆ ئەوەی بتانین سوودەک لە یەک وەربگرین لێ ئەمن زۆرم پێ ناخۆشە کە خەڵک بە بەدڕەوشتتان دەزانن.. لۆیە ئەگەر بە رای من دەکەن واز لەو خۆ لەیەک هەڵسوونەتان بهینن باشترە چونکێ هەموو خەڵک باش دەزانن کە ئەنگۆ هەمیشە پێکەوەن و هەر خەریکی یەکدیشن.. ئاخر نازانم ئەنگۆ چ چێژەک لەو پانپانۆکێیە وەردەگرن کە دەیکەن! ئێ خۆ کوڕ بڕان نییە.. چ زۆرە کوڕ زۆرە.. ئەنگۆ داک و بابیشتان زۆر باشن و بڕواناکەم رێ لە خۆشەویستییتان بگرن ئەگەر هەر یەکەو لۆ خۆتان قلەکتان هەبی. تکایە وازبینن با چیدی خەڵک قسەتان لەسەر نەکەن، بڕواکەن گەلەک قسەتان لەسەر دەکەن.. ئەمن ئێستا کە بەو نامە پەیوەندییتان پێوەدەکەم لەبەرئەوەیە کە نامەوێ لۆ گەیاندنی ئەو قسانەم لەگەڵتان دابنیشم چونکێ ئەگەر خەڵک لەگەڵ وەم ببینن ئەمنیش هەر بە بێ رەوشت تەمەشا دەکەن، تکایە.. تکایە بەسە.».

پاش زانینی ئەو نهێنییە لە رێی وەکاربردنی هەندەک پەیوەندیی دیکەوە دڵنیابوومەوە لەوەی کە ئەرێ ئەو جۆتە کیژە هاوڕەگەزخوازن و لە نێزیکیشەوە هاییدار بووم تا نیوەی ساڵی قۆناغی یەکەمی زانکۆش هەر لەسەر ئەو بەزمەی خۆیان مابوون.. هەردووکیان لە کۆلیژی وێژە وەرگیرابوون.. هەمیشە لەو کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییانە دەمدیتن کە لە کۆلیژەکەیان سازدەدران و زۆر جاریش بە پرسیار و دەربڕینی تێڕوانینەکانی خۆیان بەشدارییان تێدادەکردن، لە دەرفەتەکدا خۆبەخۆ پەیوەندییەکی هاوڕێیانە لە نێوانمان چێبوو.. پاش کۆمەڵەک دانیشتن و خۆماندییکردنەکی زۆر لەگەڵ ئەوەیان کە پێشترێ لە گەڕەکەمان بوو وەملێکرد بە تەواوی گرنگیی بە خوێندنەوە و خۆپەروەدەکردنی خۆی بدا و لەو نێوەشدا وردە وردە بووە هاوڕێیەکی نێزیکم.. کەچی لەپڕ دیتم خەریکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەستەخوشکەکەی بەرەو خراپیی دەڕۆیشت تا سەرەنجام گەیشتنە ئەو رادەی دژایەتیی یەک بکەن و نێوانیشیان تێکبچی! بەرەبەرە هۆشیارتر دەبۆوە تا گەیشتە ئەو ئاستەی بە شێوازەکی جوان دەستی بە نووسین و کاری رۆژنامەنووسیی کرد.. ئەمنیش هەر پتر هانمدەدا.. دەمدیت بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەشە دەکا.. زۆری نەبرد لە چارچێوەی بەرگرییکردن لە ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی تێڕاوانینەکانی خۆی بنچینەی دروستکردنی کەسایەتییەکی سەربەخۆ و بە هەڵوێستی لۆ خۆی داڕشت و بە شێوەکی بابەتییانە و خۆبەخۆ بووە دوژمنی سەرسەختی کاری ئەکادیمیایی و پرۆفێشناڵیی و ئەو کەسانەش کە ئەو دوو دەستەواژەیان کردبووە لەمپەر و بەربەست لە بەرانبەر ئەو کەسانەی لێبڕاوانە خەریکی کاری فەرهەنگیی بوون تا نەتانن بە ئازادیی گوزارشت لە تێڕامان و بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن و ناچاریانبکەن ملکەچ و پابەستی ئەو دەق و تێزە هیشک و باوانە بن کە پێشترێ بیرمەندان وێژەوانانەک یان دەزگە و رەوتگەلەک بە گوێرەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەرهەمیانهینابوون، نووسینە توند و رەخنەییەکانی تا دەهات وەپێزتر دەبوون و ئازادانەتریش رای خۆی تێیاندا دەردەبڕی و هێرشی سەختی دەکردە سەر شێوە کلاسیکییەکەی رێبازی پەروەدە و شێوازە کارگێڕیەکەی و بیرۆکراسییەت و گەندەڵیی و سیستەمی میریی بە گشتیی.. بە کورتییەکەی نووسەرەکی زۆر توند و راشکاوانەی لێدەرچووبوو.. ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی رێکخراوەکانی خوێندکاران کە هەر هەموویان سەر بە پارتیەکان بوون تەنانەت مامۆستایە ملکەچەکانیش دژایەتیی بکەن.

زۆر خۆم بە دەستەخوشکەکەشی ماندییکرد لێ ئەو هیچی وەرنەدەگرت و هەر خەریکی خۆجوانکردن و جلکوبەرگ گۆڕین و مۆدەی تازە و تازەتر بوو.. ئەو دوو گوزارشتە قوڕبەسەرەی ئەکادیمیا و پرۆفێشناڵی هەمیشە لەسەر زاری بوو.. لەگەڵ ئەوەی نەیدەزانی بە تەواویی واتایان چیە بە نازپێکردن و پۆزلێدانەوە لە هەموو رستەکدا وەکاریدەبردن جا پێویست با یان نا! ئیدی ببووە جێبەجێکەری بەرنامە رامیارییەکانی رێکخراوی خوێندکارانی پارتیەکەشی.. بە هۆی خۆڕازاندنەوە و دەرخستنی جوانییەکانیشی لە هەموو دیزان ببووە ئەسکوو.. زوو زوو زانکۆی بەجێدەهێشت و وەک بووکەشووشەکی جوان کۆبوونەوەکانی بە ناو کاروباری رۆشنبیریی وەزارەتی رۆشنیریی دەڕازاندەوە و بەرپرسان کاتی خۆیانیان پێی رادەبوارد. ئیدی ئەو 'ئەکادیمیا و پرۆفێشناڵ'ە وەها مێشکی داپۆشتبوو هەردەتگۆت دەربارەکی دیوەخانەکەی 'ئەفلاتوون'ە و مافی هاوڵاتیبوون و دەنگدانیشی نییە چونکێ ژنە! رۆژەکیان رێکخراوی خوێندکارانی پارتیەکەی بە هاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیریی کۆڕەکیان زۆر بە گرنگیی بە و گەورەیی لە رووی خەرجیی و پرۆپاگەندە و دابینکردنی باشترین هۆڵی شارەکە بە ناوی 'کاری ئەکادیمیایی و پرۆفێشناڵیی لە نێوەندی رۆشنبیریی' لۆ رێکخست و کەسانەکیشیان لە داروودەستەی میریی و پارتیەوە لۆ خرکردبۆوە تا هۆڵەکە بە پڕیی پێشانبدەن! بێجگە لەوەی زۆر بە لاوازیی و نەزانیی وەنێوکەتبوو لە سەرتاپای کۆڕەکەشی کە وێدەچوو کۆلکە مامۆستایەک بە لنگاوقووچیی فێریکردبی.. هەر دەیویست وەها پێشانبدا کە 'کاری ئەکادیمیایی و پرۆفێشیناڵیی' تایبەتن بەو دەزگە و نێوەند و دامەزراوانە کە رێبازەکی دیار و چارچێوەداریان هەن و پەیوەستن بە کاری بەکۆمەڵی دەستەبژێرە رۆناکبیرییەکان و هەرگیز تاک ناتانی بە تەنێ ئەنجامی بدا! هیچ رستەکیشی لەوە قوتارنەدەبوو کە تێیدا نەبێژێ 'ئەمن کەسەکی ئەکادیمیاییم و دەمەوێ بە شێوازەکی پرۆفێشناڵییانە بابەتەکەم بخەمەڕوو'.. سەرەڕای ئەوانەش لە جێیەکدا گۆتی:

«... لۆ نموونە کاتەک ئەمە باسی سەرکردەی مەزنی میللەت دەکەین کە خۆی لە خۆیدا رێباز و فەلسەفەکی پیرۆزە لە نێو میللەت.. دەبی بە زانایی و بە پارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین.. ئەمن وەک کەسەکی ئەکادیمیایی و پرۆفێشیناڵ پێموایە دەبی لە سەرەتادا بە شێوازەکی ئەکادیمیاییانە شەنوکەوی بکەین و زۆر بە هووردیی و پرۆفێشناڵییانە دەستی لۆ ببەین.. ئەوجا رەهەندە گرنگەکانی ئافەریدەبوونی پەیدۆز بکەین تا بتانین وەک مێژوو و فەلسەفەکەی مافی خۆی بدەینێ.. نەک هەر کەسەو لەخۆوە بە ناوی تێڕوانینی رەخنەگرانەوە قسە هەڵبزوڕکێنی چونکێ ئەوە کاری تاک و تەنانەت کاری خەڵکیش نییە کە چ دەبێژن و لە بەرکی خۆیان قسە بە گۆڕێ وەربکەن و ژار دژی پیاوە مەزنەکانمان بڵاوبکەنەوە.. بەڵکە ئەوە کاری لێژنە و دامەزراوەی گەورە گەورەی لێتۆژنەوەیە و ئەمنیش بە پێی خۆم ئێستا لە کۆششی ئەوەدام بە یارمەتیی و هاوکاریی مامۆستایانی تایبەتمەند دەزگەکی ئەکادیمیایی و پرۆفێشناڵیی لەو بوارەوە دابمەزرێنم...».

کۆڕەکەی هەمووی هەر چەند قسەکی ئەوها بوو و هەر دە پازدە خولەکەکیشی خایەند.. لە کۆتاییشدا گۆتی: "ئەمن دەمەوێ لێرەدا کۆتایی بە کۆڕەکەم بهینم چونکێ هەستدەکەم پرسیارەکی زۆرم لێدەکرێ و با ئامادەبووانییش بەشداریی تێدا بکەن" زۆر وێدەچوو بەر لە کۆڕەکە داروودەستەی پارتی کەسانەکی زۆریان ئامادەکردبی کە ستایشی بکەن و بە پرسیاری سادە سادە کۆڕەکەی لۆ تەواوبکەن، ئەمنیش کە لە تەنیشت هاوڕێیەکەم واتە کیژە نووسەرە توندڕەوەکە دانیشتبووم هەر زوو هانمدابوو کە با بە چەند قسەک بەشداریی

بکا.. سەرەنجام لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانی کەونە دەستەخۆشکەکەی ناوی خۆی نووسی و یەکەم دەرفەتی قسەکردن وەبەر وی کەت و گۆتی:

«سەرەتا دەبێژم ناوی بابەتی کۆڕەکە و ئەو چەند قسەی کە وێدەچی ئەزبەرتکردبن ئاسمان و ڕێسمان لە یەک دوور بوون، ئەو دوو دەستەواژەی ئەکادیمیا و پڕۆفێشناڵ کە ئەتوو و ڕۆشنبیرە چەقبەستییەکان و دەسەڵاتداران خۆتانی پێ بادەدەن و دژ بە ڕۆشنبیران وەکاریدەبەن بە هیچ جۆر و شێوەک ئەو واتایانە ناگەیەنن کە باستکردن.. ئەتوو هەر لە خۆتەوە تەنێ لە پێناو بەرژەوەندیی تەسکی پارتیایەتی و بە نیازی ستایشکردنی سەرکردەکان دەتەوێ بە پیسترکردنی ئەو دوو دەستەواژە پووچە دژی ئازادیی تاکەکان قسە بکەی و رای گشتیی خەڵکیش بە پووچ و ژار بڵاوکردنەوە بخەیە بەرچاوان!! نا.. ئیدی ڕۆژی ئەو کەس و لایەنانە بەسەرچوو کە بە هۆی هیچ لەبارنەبوویی خۆیان و ترسان لە ئازادیی دەربڕین دەیانەوێ خۆیان لە پەنای ئەو دەستەواژە پووچەڵانە حەشاربدەن...».

چەندی کۆڕگێڕەکە گۆتی تکایە پرسیارەکەت بکە.. دەرفەتی تێبینیی درێژمان نییە تکایە.. تکایە کاتەکە بەشی هەمووان ناکا... لێ ئەو هەر درێژەی پێدەدا و تا دەهات گەرمتریش دەبوو.. قسەی وەهای دەکرد وەک گوللە بە رووی کەونە دەستەخۆشکەکەی و بەرپرس و کادیرانی پارتیەکەیان دەتەقیەوە و زۆرەک لە ئامادەبووانیش هەر چەپڵەیان لۆ لێدەدا.. کاتەکمان زانی چەند پاسەوانەک هاتن و پیلیان گرت و ویستیان بیبەنە دەرێ.. لێ بەشەکی زۆر لە ئامادەبووان هێرشیان کردە سەریان.. ئیدی کۆڕەکەیان تێکدا و بە دروشمی 'بژی با.. بژی با' و بە فیکەفیک و چەپڵەڕێزان لەدوو هاوڕێیەکەم هۆڵەکەیان بەجێهێشت.

سەرەنجام ئەو هاوڕێیەم بە هۆی نووسین و جوولەکانی لە لایەن هەموو ئەو مامۆستا و خوێندکار و فەرمانبەرانەی کە لە نێو زانکۆیەکە سەر بە پارتی و دەسەڵات بوون زۆر بە توندیی دژایەتی دەکرا.. زۆر هەراسانیان کردبوو و هەر زوو زووش لە لایەن دەزگە بە ناو ئاسایشپارێزەکان لێپێچینەوە و لێکۆلینەوەیان لەگەڵ دەکرد و ئارامیی و ئاسایشی ژیانیان بە تەواویی شێواندبوو.. لە لایەکی دیکەش هەر خۆی زۆر لە زانکۆ و سادەیی نێوەڕۆکی وانەکان و ڕێبازی کلاسیکیی و لاوازی خوێندن بێزار ببوو.. ئیدی خوێندنەوەی دەرێی وانەکانی زانکۆ و پڕۆژەی تۆژینەوە و نووسینەکانی خۆی زۆر پێ گرنگتر بوو لەوەی کاتی خۆی بە خۆڕایی بە خوێندنی زانکۆ بکوژی.. لەبەرهەندێ هەر کە ساڵی دووەمی تەواوکرد وازیلێهێنا و بەرنامەکی تۆکمەتری دانا لۆ پتر خۆپێگەیاندن و نووسینی باشتر، پاش ئەوەی بەرهەمەکانی گەشانەوەکی پتریان وەخۆوە دیت و تێڕوانینە رەخنەییەکانی وردە وردە کارتێکردنی خۆیان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی خوێنەرە گەنجەکان و گیانی بەرانگژبوونەوە دادەنا.. واتە پاش ئەوەی نووسینەکانی بوونە کۆسپ و گرفت لە پێش دەرباران و بە ناو ڕۆشنبیرانی پارتیەکان و دەسەڵاتداران بە شێوەکی گشتیی ئیدی لە هەموو لایەکی ژیان سەرکوت و گۆشەگیریان کرد و تەنانەت ڕووبەڕووی مەترسیی مەرگیشیان کردەوە لێ هەر دەستبەرداری خەباتی خۆی نەدەبوو و لە جاران گەرموگورتر درێژەی بە تێکۆشانی فەرهەنگیی خۆی دەدا! پێشترێ بیستبووم بابی ئەو کیژە ئەو کاتەی چەکی شۆڕشگێڕیی لەشانکردبوو گۆتبووی 'ئیدی تەنێ سەرکەتنی شۆڕش یان مەرگ دەتانێ ئەو چەکەم لە شان بکەنەوە!' سەرەنجام پاش دە ساڵ شۆڕگێڕیی لە کاتی ڕامالینی ڕژێم لە نەبەردییەکدا گیانی خۆی سپاردبوو، کیژەکەشی لەسەر هەمان ئەو جۆرە بڕیاروەرگرتنەی بابی لە سەرەتای ئەوەی کە وەک نووسەرەک وەدەرکەت بە منی گۆت: "ئەمن تازە نووسین بوویتە بەشەکی دانەبڕا و گرنگ لە ژیانمدا و هەرگیز

ناتانم دەستبەرداری ببم مەگەر لە زیندانەکان دامبزڕێنن یان ڕۆژەک بە یەک گوللە ساردمبکەنەوە"! (لە کۆتاییدا هاوڕێیە نایابەکەم تەنێ گۆتی):

- ئەرێ ئەرێ.. ئێستا بە بیرم دێتەوە کە پێشترێ هەندەک نووسینی ئەو کیژەم خوێندیتەوە لێ لەو دواییانە بە هۆی سەرقاڵییم بەو پرۆژانەی خۆم هاییم لێینەبووە کە وەها گەشەیکردیە..

- ئەرێ زۆر بە خێرایی گەشەیکرد. ئیدی پاش ئەوەی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیەکی توندیان خستەسەر و هەر ڕۆژەو بە بیانووەک گرفتەکیان لۆ چێدەکرد دوو بە دوو لەگەڵی دانیشتم و پێمگۆت:

- هەندەک هاییت لە خۆ بی باشترە چونکێ چەتەکانی ئەو دەسەڵاتە هەرچی ناشێ و ڕێی تێناچی لەدەستیاندێ بیکەن! کەواتە خۆپاراستن و درێژەدان بە خەبات باشترە لەوەی دەرفەتیان بدەی بە هاسانیی لەنێوتببەن و لە تێکۆشانت دابڕن.

- سوپاسی هەست و ئەو غەمخۆرییەت دەکەم مامۆستا.. لێ هایی لەخۆبوون.. نازانم چ بێژم.. ئێ خۆپاراستن هەر ئەوەیە کە وەک هەندەک هاوڕێم پێشنیاریان لۆ کردم؛ ئەگەر روو لە هەندەران بکەم دەتانم لەوێ هەم خۆم پتر پێشبخەم و سەربەرزانە کارەک لۆ ژیانی خۆم بکەم هەمیش وردە وردە بە بەرهەمی باش باش جێپەنجەی خۆم لە بردنەپێشی فەرهەنگی پێشڤەڕۆیانەی میللەتەکەم بنەخشێنم.. لێ نازانم.. نازانم ئەوە چەند لۆ من راستە و کووکوویی ئەوە دەگونجێ و دەکرێ!؟

- ئەرێ.. ئەوە لۆ توو زۆر راستە و بە هاسانییش دەگونجێ و دەکرێ.. (ئەو قسەی منی هەندەک پێ سەیر بوو.. لێ لەبەرئەوەی زۆر متمانەی بە من هەبوو و دەیزانی ئەمن هەر لەخۆوە قسە ناکەم یەکسەر گۆتی):

- ئێ دە باشە مامۆستا.. ئەوە گریمان ئەمنیش پێم راستە و دەمەوێ برۆمە دەرێ.. ئەدی کێ هەیە یارمەتییم بدا و کوو دەتانم ئەو ڕێیە ببڕم؟

بە کورتییەکەی ناچارمام هەرێی پێبدەم کە خۆم یارمەتیی دەدەم! ئەرێ پەژێوان نەبووم لە یارمەتییدانی.. لێ پاشان کە بە هووردیی بیرمکردەوە بە چاکم زانی پارەی ڕێیەکە خۆی پەیدابیکا.. ئێ خۆ ئەمن هەیتم و دەتانم بە پارەی خۆم بینێرم.. لێ گۆتم با پشت بە خۆی ببەستی باشترە و لەو تەمەنە فێری ئەوە نەبی چاوانی لە دەستی کەسانی دیکە بن و هەر لە بۆش لێبخورێ! هەڵبەتە کیژەک بابی نەمابی و لەو تەمەنەدا بی زۆر سەختە بتانی ئەو گۆژمە پارانە پەیدابکا.. لێ ئەمن دەزانم زۆر چوست و چالاکە و هەر لە نەوجەوانییەوە دەستی بە کارکردن کردیە هەروا خانەوادەکەشیان لە رووی مادییەوە خراپ نین.. ئەگەر پارەشی لەبەر ببرێ ئەوە خۆم هاوکاریی دەکەم.. (ئیدی لەگەڵ هاوڕێیە نایابەکەم بەوە کۆتاییمان بەو بابەتە هینا کە تا ئەو سێ کەسەن و پتر نەبوونە.. هەروا تا دووچاری گرفتی دیکە نەبوونە با دەستوبرد بکەین و زوو وەرێیانبکەین).

کاتەکی خراپ بوو.. تا دەهات رێی چوونەدەرێ قورستر و پڕ مەترسییدارتر دەبۆوە.. کیژە نووسەرە توندڕوەکەش سەرەنجام کەتبووە باری خۆحەشاردان، مانگەک پتربوو خەریکبووین لێ رێیەکی ئەوتۆ هەر رێکنەدەکەت بە کەلکی وان بێ.. ئاخر دەبووایە رێیەکی باش و مسۆگەر پەیدابکەین چونکێ ئەگەر لەو سەرسنوووارانە بگیرابان ئەوە دەکەتنە بەردەستی دەسەڵاتداران و ئیدی ئەوەی خراپە پێیاندەکردن، خۆ بارودۆخەکەی منیش زۆر لە ئی وان خراپتر بوو و تا دەشهات خراپتر دەبوو.. دەشمزانی ئەو کار و جوولەجوولەی لە نێو نیشتیمان دەیکەم ئەگەر بچمە دەرێ زۆر باشترم پێدەکرێ و ئەنجامی باشتریش وەدەستدەهینم.. ئەمن دەمویست پێش ئەوەی بە تەواویی ناچارم بکەن نیشتیمان بەجێبهێلم لەگەڵ هاوڕێیانم بناغەکی وەهێز و پتەو لۆ بزاڤەکەمان چێبکەین.

بزاڤەکەمان وەک ئامانج بە شێوەکی گشتیی لە چار تەوەری سەرەکیی دەخولاوە:

یەکەم: پووچکردنەوەی پارتی و پارتیایەتی و هەر جۆرە رێکخراوبوونەکی بانفەرمایی رامیاریی و کۆمەڵایەتی و دوورخستنەوەی جەماوەر لێیان.

دووەم: دابەزاندنی ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەر هەڵبژاردنەک کە دەسەڵاتدارن ئەنجامیدەدەن تا بە ئێکجاریی کۆتایی بە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی دێ و هەڵبژاردنی راسەوخۆی دەستەی جێبەجێکردنی کار جێی دەگریتەوە.

سێیەم: دروستکردنی رای گشتیی کە هێز و توانایەکی ئەوتۆی هەبی دەسەڵاتداران نەتانن نادیدەی بگرن.. ئەوەش لە رێی کاری هەرەوەزیی و خۆبەخشی رێکخراوەگەلەکی پیشەیی و جەماوەریی سەربەخۆ لێ بە مەرجەک دوور بن لە کار و فەرهەنگی رامیاریی هەر پارتی و لایەنەک جا چ لە دەسەڵاتداران بن چ لە دژبەران.

چارەم: فەراهەمکردن و بەرجەستەکردنی تێکڕای ئازادییەکانی دەربڕین لە سادەترینیانەوە کە ئازادیی جلپۆشین و ئاریشت و جوانکاریی جەستەیە تا بەرفراوترین پانتاییەکانی کە ئازادیی رۆژنامەگەریی و میدیایە.

پێنجەم: بەرفراوانکردن و رێکخراوکردنی هەر جۆرە نارەزایەتییەک لە پێناو وەدستهینانی زۆرترین ماف و ئازادییەکانی میللەت بە گشتیی و چین و توێژە هەژار و رەنجدەرەکان بە تایبەتیی.

نیمچە رێکخراوەکی سەرەتاییمان بە پێی ئەو ویست و ئامانجانە دامەزراندبوو کە تەواو پێچەوانەی پارتیایەتی و بەستەڵەکی هزریی و تەسکبینیی ئایدیۆلۆژیایی بوو.. لە رووی رێکخستنیشەوە بە شێوەی ئاسۆیی ئاوامانکردبوو واتە سوودی لە شێوە رێکخراوبوونەکانی ئەنجوومەن و کاری هەرەوەزیی و بەکۆمەڵی رێزبەندییە پیشەیی و رۆشنبیریی و جەماوەرییەکان وەرگرتبوو جا چ لەسەر ئاستی نێوچەیی چ لەسەر ئاستی گشتیی و سەراسەریی.. بڕیاربوو پتر کاری لەسەر بکەین و لە دەرفەتەکی نێزیک کارنامەکی پوختی لەسەر گەڵاڵە بکەین و وەک کۆششەکی ئەزموونگەریی لە نێو خۆمان بخەینە واری جێبەجێکردنەوە.. لێ ئەمن وەک خۆم بە تێپەڕینی کات تا دەهات ئاسایشی ژیانم پتر دەکەتە بەر مەترسیی و دڵنیابووم ئەگەر زوو فریای خۆم نەکەوم و روو لە دەرێ نەکەم ئەوە دەسەڵاتداران تووشی چارەنووسەکی نادیارم دەکەن.. هاوڕێیانیشم هەر ئەوهایان دەبینی و پێیان باش بوو بە زووترین کات خۆم قوتاربکەم.. مامۆستای مۆسیقاژەن و نووسەرە توندڕوەکە زۆر هانیان دەدام و گەلەک پێیانخۆشبوو لەگەڵ من دەربچن.. هاوڕێیە نایابەکەشم لە هەموویان پتر پێی لەسەر دەرچوونم دادەگرت و جارەکیان زۆر راشکاوانە پێیگۆتم 'ئەگەر ئەتوو دەربچی ئەوە ئەمن زۆر سەرسووک و ئاسوودە دەبم.. هەر بە تەواویی دەسێمەوە و ئیدی لە کۆڵ ئەو نەرمیی نواندن و خۆگونجاندنە

دەبمەوە و هێندە ناچار نابم بەو شێوازە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرپرسان بکەم.. هەروا دڵنیاشم لەوەی کە ئەتوو لە دەرێ باشتر دەتانی کاری رامیاریی و فەرهەنگیی خۆت ئەنجامبدەی و هەر خۆشت پتر لۆ ئەوێ دەشێی! بێجگە لەوەش خەڵکی لای خۆمان ئەوانەی لە دەرێ دەژین زۆر پێویستیان بە کەسانی وەک توو هەیە...".

پاش ئەوەی بە تەواویی بڕیارمدا روو لە دەرێ بکەم خەریکبووم ئەو هاوڕێ و دۆستانەم بەسەردەکردنەوە کە دەبووایە وەک دوا جار بە دیداری یەک شاد ببین و راسپاردە و پەیمانی پێویست لە یەک وەربگرین.. هیچ چار نەبوو و هەر دەبووایە کیژە پلکە خوێنشیرینەکەشم ببینم تا وەک کاتی لێکدابڕانمان و رووکردنە شاخ و چەکهەڵگرتنەکەم ئەو جارەش هەندەک فرمێسکم لۆ داببارێنی و ئەمنیش بە ماچی ماڵاوایی چێژەک لە فرمێسکە شیرینەکانی بکەم! جا خۆ هەر ئەمن نەبووم ئەوهای لێبەسەرهینابم بەڵکە کوڕەکانی هەر چار مامەکانیشی بە جوانییەکانی خۆی گیرۆدە کردبوو.. هەموویانی وەلێکردبوون لە دوو بەرەدا بکەونە سەنگەر لەیەکگرتن و ببنە دوژمنی سەرسەختی یەکدی؛ هەر زوو زوو بەر دەرکێیان لە یەکدی دەگرت و یەکدیان کەلوکرۆم دەکرد، برایەکانیشی کەسیان بەو برایە ئازایەیان نەچووبوون کە گیانی بەخشیبوو.. هێندە ترسنۆک بوون هەردەم لای بەسەرکەتییان بوون! واتە کەسیان ئی ئەوە نەبوون هیچ جۆرە پەیوەندییەکم لەگەڵیان هەبی.. هیچ دەرفەتەک نەمابوو تا بیر لەوە بکەمەوە کە ئەمن رۆژەک لە رۆژان ئەوم خۆشویستیە، شەڕی پسمامان تا دەهات تیرتر دەبوو و لە هەردوو بەرەشدا بریندارى سەخت هەبوون.. هەر لایەو ببوونە چەکداری یەکەک لەو دوو لایەنەی کە خەریکی شەڕ و ملشکاندنی و یەکدی بوون.. پاش ئەوەی نیشتیمان بە تەواوی بەسەر دوو دەڤەرەکە دابەشکرا و چەکداری هیچ لایەک نەیدەتانی بپەڕتەوە لایەکەی دیکە ئیدی ئەوانیش چیدی دەستیان بە یەک رانەدەگەیشت.. واتە شەڕی کەونەپەرستانەی براکوژیی و خوشککوژیی تەنێ یەک خاڵی باشی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە شەڕی ئامۆزاکوژیی راگرت! بە داخەکی گەللەک گرانەوە بە هۆی پتربوون و تەشەنەسەندنی خێراتری مەترسییەکانی سەر ژیانم بە هیچ جۆر و شێوەک دەرفەتی ئەوەم نەما بتانم لۆ دوا جار بە دیداری کیژە پلکێ شادمان ببم تا لێوانم بای هێندە بە فرمێسکە شیرینەکانی تێراو و پاراو بکەم بەشی چەند ساڵەک ئاوارەیی و دەربەدەریی بکا! ئیدی بە ناچاریی و بە پەلە 'مێژوونووسە سەرڕاستەکە و نووسەرە توندڕەوەکە و مامۆستای مۆسیقاژەن و هەر چار کیژەکەی'م رەگەڵ خۆ دا و رێی هاتونەهاتی هەندەرانمان گرتەبەر.. سەرەنجام پاش دەردەسەریی و چەرمەسەرییەکی بێ ئەندازە لە بڕینی سنوورەکانی ئەو هەموو وڵاتانەی پێیاندا تێپەڕین هەر هەشتمان پێکەوە و بێ لێکدابڕان گەیشتینە ئێروکانە، هەرچەندە گەلەک بویەر و سەرهاتی هەم تراژیدیی هەم کۆمیدییمان دیتن چ ئەوانەی بەسەر خۆماندا هاتن چ ئەوانەی بەسەر خەڵکانی دیکەی لە بابەتی خۆمان.. هەر یەکەیان هی ئەوەن لە رێی رشتە ویژەیی و هونەرییەکان چەندین داهێنانی زۆر بە پێزیان لێچێبکرێن.. لێ لە راستییدا لەبەرئەوەی سەرهاتگەلەکی هێندە ئازاربەخش و جەرگبڕن ئەمن خۆم ئەگەر بە ناچاریی نەبی یان راستتر بێژم ئەگەر زۆر ناچار نەکرێم هەرگیز ئەو دڵ و دەروونەی من ئی ئەوە نییە و خۆی لەبەر ئەوە راناگری تەنانەت یەک قلیشیان بهینمە سەر زمان! ئاخر ئەو کارەساتانە ئەوانە نەبوون کە ئەتوو لە ئەنجامی بەرانگژبوونەوەی دەسەڵاتداران و پەیوەستبوون بە شۆڕش و جوولانەوەی چەکداریی لە پێناو ئامانجەکانی خۆت و میللەتەکەت بەسەرهاتبن و لە کنت ئاسایی بن.. بینە بەرچاوی خۆت؛ خەڵکەک تەنێ لە پێناو ئەوەی بگاتە جێیەک گیانی تێدا بپارێزرێ و پاروە نانەک هەبی

بیخوا.. ئەوها سەرگەردان ببن و قاچاغچی بیانکڕێ و بیانفرۆشی و بگیرێن و سووکایەتییان پێبکرێ و ئازار و ئەشکەنجە بدرێن و بکوژرێن و بە کۆمەڵ لە نێو دەریایان ببنە خۆراکی ماسی و قرژاران! نا.. ئەمن تەنێ کاتەک دەتانم ئەو سەرهاتەنە بگێڕمەوە یان بنووسم کە تەمەن ژیانم پێ لێژ دەکا و ئیدی دەبی بە ناچاریی دەستی خۆم بە پێش مەرگ بخەم و هێندەی لە تواناما هەبی وەک خۆیان تۆماریان بکەم.. لێ ئەوەش وەک رووداو و سەرهاتگەلەکی بەڵگەدار و مێژوویی نەک وەک بەرهەمی وێژەیی و هونەریی.. بە داخەوە کە نووسەران و هونەرمەندانەکی زۆر هەن بێ ئەوەی هیچ توانا و حەز و خولیایەکی هونەریی ئەوتۆیان هەبی یان هیچ هاندەرەکی هزریی و هیچ روانگە و رامانەک لە پشتەوەیان هەبی تا بتانن هەست و سۆز و ئەندێشەکانیان بە شێوەکی هونەرییانە لە بابەتگەلەکی ئەوها بتەقێننەوە هەر لەو گۆڕەی خۆ لە هەموو تشتەک هەڵدەقورتێنن.. واتە تەنێ لەبەرئەوەی لە ژیانی خۆیاندا کارەساتگەلەک یان تشتگەلەکی ناوازە و سەرنجڕاکێشیان دیتە یان لە خەڵکیان بیستیە ئیدی بێ ئەوەی هیچ سەرەداوەکی ئەفراندنیان لە هەناودا هەبی بە ئارەزووی خۆیان سەرهات و بویەرەکان دەشێوێنن و دوور لە هزر و رامان و ئەندێشەی هونەرییانە و زۆر بە کرچوکاڵیی دەرخواردی خوێنەران و بینەرانیان دەدەن و سەرەنجام بێ ئەوەی هیچ پەیامەک بگەینن تێکڕای خەڵک لە بێزاریی و وەڕسیی هەڵدەکێشن!

## بەشی سێیەم

- ٢٣ -

زۆر بە شێوە و شێوازی ژیانی خەڵکی ئێرە و پەیوەندییەکانی نێوانیان نامۆ نەبووم چون بێجگە لەوەی پێشتریّ زۆرم لەسەر ئەو وڵاتانە خوێندبۆوە زۆر هاوڕێشم هەبوون تێیاندا ژیابوون و بەرچاوڕۆنییەکیان دابوومێ. بە پێچەوانەی زۆربەی زۆری پەنابەران ئەوەی گرنگیی نەبوو لە کنە من هەڵپەی پارە پەیداکردن و ژیانی باشی مادییانە بوو، لە هەموو تشتەک بایەخدارتر لۆ من ئەوە بوو یەکەم جار و بە زووترین کات مافی نیشتەجێبوون کە مافی هەر کەسەکە بیەویّ لە هەر کونجەکی جیهان بژی وەدەستبینم تا نەکەومەوە بەردەستی چەتە رامیاربازەکانی لای خۆمان.. پاشانیش فێربوونی زمان کە بتانم پێی بخوێنمەوە و زانیاریی پێوەربگرم نەک پێی بخوێنم و بڕوانامە وەدەستبینم.. ئاخر خوێندن لێرەش بە هەمان دەرد چووبوو و بگرە خراپتریش؛ نەک هەر دەرچووی ئامادەیی بەڵکە دەرچووی زانکۆش ئەگەر نامەکی ئاسایی بنووسیبا و کۆمپیوتەری لەبەردەست نەبا.. کە بەرنامەی راستکردنەوەی رێزمان و رێنووس و زۆر تشتی دیکە و تەنانەت راستکردنەوەی رستەشی تێدایە.. ئەوە دەیان هەڵەی تێدا دەکرد! جا پەروەردەکی ئەوها ئەگەر لە پاش ئەو هەمووە ساڵە نەتانی فێری نامەنووسینت بکا ئەوە بێ گومان بێجگە لە کات وەفێڕۆدانی پڕۆفێشناڵییانە و ئەکادیمیاییانە فێری هیچی دیکەت ناکا! باش بوو خۆشبەختانە زوو مافی پەنابەریم وەرگرت.. لێ ئەوەی هیچ گرنگیی پێنەدەدرا لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە پەنابەران بوون.. بە هیچ شێوەک لە روانگەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بێ دەرەتانیی و سەرکوتگەریی رامیارییەوە تەمەشای ئەو کێشانەیان نەدەکردن کە داواکارانی مافی پەنابەریی بە هۆیانەوە ئاوارە ببوون بەڵکە ئەوەی گرنگ بوو لە کنە وان تەنێ پەیداکردنی دەستی هەرزانی کار بوو.. هەر لە گۆترە و بە پێی پێویستیی خۆیان مافیان بە هەندەکیان دەدان و هەندەکیشان لە ژێر هەڵسوکەوتی بیرۆکراسییانەی خۆیان لە چاوەڕوانیی دادەڕزاندن! لە تەک خوێندنی زمان هەندەک کاری خۆبەخش و کاتییم لە رێکخراو و فەرمانگە پەنابەرییەکان پەیداکرد تا لە لایەک سوودەک بە پەنابەران بگەینم لە لایەکی دیکەش فەرمانگەی پەیداکردنی کار وازملێبینن و نەمکەنە کرێکارەکی کۆیلەکاری کارگەکان یان ئەو کارانەی کە مافەکانی کرێکارانیان زۆر تێدا پێشێلدەکرێن.

کاتەک زمانەکەم گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەمتانی بە شێوەکی ئاسایی پێی بخوێنمەوە و هەندەک نووسینی پێ وەربگێڕمە سەر زمانی خۆم.. کارە خۆبەخشییەکانم زۆر کەمکردنەوە.. لۆ خەرجیی ژیانی خۆشم دەستم بە کاری ئازادی وەرگێڕانی نووسین کرد لە نووسینگە و فەرمانگەکان، پاشان هەر زوو هەندەک لەو پارەم راکێشا کە لە کن چەند خزم و هاوڕێیەکم دامنابوو تا لە هەندەک پرۆژەی وەها وەبەرببهینن کە خەڵک تێیاندا سوودمەندی یەکەم بن و خۆشیان قازانجەکی لێبکەن.. ئیدی خانییەکی باشم پێی کڕی کە لە شێوەی دوو خانیی چێکرابوو.. یەکیان کە گەورەتر و فراوانتر بوو خۆم چوومە نێوی و ئەویدیکەشم بەکرێ دا، ئەو بەزموڕەزمانە

ماوەکی زۆریان کوشتم تا ژیانەکی ئاساییم دابینکرد.. وەیلێهات کاری سەرەکییم بۆوە خوێندنەوە و نووسین هەروا پەرەپێدانی رێکخراوەکەشمان.

ورده ورده خۆم له نێونده رۆشنبیرییەکان نێزیک دەکردەوە.. دەچوومه کۆڕ و کۆبوونەوەکان و جاروباریش له هەندەک هەڵمەت و یادەوەریی و گردبوونەوە و خۆپێشاندانی پێویستی رەوەندی میللەتەکەی خۆن و ئی گشتییش بەشدارییم دەکرد.. لێ نەک وەک هەندەک کەسی بێکار و هەلپەرست کە بە ناوی چالاکوانییەوە له هەموو دیزەک ئەسکوو بوون و تەنانەت لەسەر ئێسکوپرووسکی کارەسات و بویەرەکان دەژیان.. لەسەر پشتی ناڕەزایی دەربڕین و ماندیبوونی خەڵک خۆیان دەردەخست و دەرفەتی گەشت و گەڕانیان پێ پەیدادەکرد.. له پێناو ودەستخستنی پێگە یان کار و پیشەکی مشەخۆرانە ملکەچی ئەو رێکخراوە بە ناو سەربەخۆ و نامیرییانە دەبوون کە دەستکەلای دەستی سیستەمە چەوسێنەرە نێوخۆیی و جیهانییەکانن.. سەرنجی بەرپرسە نابەرپرسەکانی نێو دەسەلات و پارتی و رێکخراوە رامیارییەکانیان پێ رادەکێشا تا خۆیانیان بفرۆشنێ... سەرەنجام ئابڕووی چالاکوانان و داکۆکییکەرانیان بردبوو و ناڕەزایی دەربڕینیان هێندە سووک و بێ بەها کردبوو لەبەرچاوی خەڵکیان خستبوو!

ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە سەرگەرمییەکی زۆر خۆش بوون لۆ من و زۆر چێژم لێدەدیتن.. بێجگە لەوەی ببوونە هۆیەک لۆ ئەوەی خەڵکەکی تازە بناسم جاروبار کەونە هاوڕێ و ناسیارانیشم دەدیتنەوە و بە یەکدی شاددەبووینەوە.. ئەوەی له هەمووی باڵکێشتر بوو بە هۆی ئەوەی کە خەڵکی لای خۆمان زۆر کەم بووین و هەموومان ناچاربووین پەیوەندیی لەگەڵ یەک دروستبکەین و هاوکاتیش لەمێژبوو جۆرە ئازادییەکی وەدەستهاتبوو.. ئیدی زۆر باشتر دەمانتانی رەوشت و هەڵسوکەوتی پاشدامایی و دژەمرۆییانەی میریی و سیستەمە ئاخۆران و باخۆرانەکەی نیشتیمان بناسین؛ هەر کەسەو چەندین چیرۆکی سەیروسەمەرە و پڕ له کارەساتی هەبوو.. لەوێ بە هۆی سەرکوتگەریی دەسەڵاتداران ئەگەر کەسەک زۆر لێت نێزیک نەبا نەیدەوێرا سەرهاتەکانی خۆی له کنت باسبکا.. لێ بە هۆی ئەوەی لەو زیندانە ئازاد ببووین کە ناوی نیشتیمان بوو هەر کەسەو بە جۆرەک له جۆرەکان قسەی دڵی خۆی دەکرد بە تایبەتییش ئەو کەسانەی مافی پەنابەرییان وەردەگرت و ترسی گەڕاندنەوەیان نەدەما هەرچی له بن بەرێ هەیانبوو دەیانخستنە سەر بەرێ و بێ ترس هەموو تشتەکانی خۆیان بە گۆڕێ وەردەکردن.. سەرهات و سەربردەی فرە جەرگبڕ و ئازاربەخشم دەژنەوی لێ هاوکات چێژبەخشیش بوون وەک ئەوەی وەدیار فیلمگەلەکی زۆر هونەریی و وەهێزی تراژیدیی دانیشتبی! ئەوەی خەڵک دەربارەی کێشە و کارەساتەکانی ژیانی یەکدی و بە تایبەتییش ژیانی خەڵکە ئازادییخواز و بەرهەلستکارەکان دەیانزانی زۆر زۆر کەمتر بوون لەوەی رووياندابوون و له نهێنیی هێوەتر چووبوون و کرابوونە بڤە؛ لۆ نموونە دوو کەسی وەک 'کاکە کیژانیی و خانێ کوڕانیی' کە ئەمن له لای خۆمان ئەوانم دیتبوون و دەمناسین لێ هەر تەنێ ئەوەندەم دەربارەیان دەزانی کە 'ئەوانە دژبەری دەسەڵاتن و خانەوادەکی زۆر ئاسوودەن پێکەوە.. پاشان خانێ کوڕانیی بەسەر منداڵبوونەوە گیان لەدەستدەدا و کاکە کیژانییش زۆر خراپ له رووی دەروونییەوە تێکدەشکێ و وەیلێدێ خەڵک پێی رادەبوێرن.. دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە هەر لەخۆوە جوون بە بەرپرسان دەدا و هێرش دەکاتە سەر سیستەم و دەسەڵاتەکەیان!' کەچی لێرە زۆر زۆر پتر بە سەربردە و سەرهاتەکانی ژیانی ئەو دوو کەسە ئاشنا بووم.. ئەوەش سەرەتا له رێی کەسەکەوە کە ئەویشم هەر لێرە ناسیی و پاشانیش بووە یەکەک له هاوڕێیە هەرە نێزیکەکانم..

**ئەو هاوڕێیەم لە کۆڕەکی تایبەت بە هۆزان خوێندنەوە ناسی کە تێیدا هۆزانەکی بە ناوی 'راچەنین' خوێندەوە؛ هەرچەندە هۆزانەکەی دەچۆوە نێو خانەی وێژە و هونەری کەتوارگەرایی و هەر لە نێو رەهەندی هونەری رووکەشیی و سەرپێییانەی تێڕوانینی وشکە رامیاریی دەخولاوە لێ ئاستەکی بەرزی وێژەیی هەبوو و بە شێوازەکی زۆر جوان و هونەرییانەش دایرێژتبوو.. لە رووی بابەتیشەوە باسی لەو تاسان و راچەنینانە دەکرد کە خەڵک لەو دەم بە هۆی روودانی کارەسات و نەهامەتییەکانی شەڕ و کاولکاریی و برسییەتییەوە بەسەریانهاتبوو.. ئەوەش هەست و سۆزی هەموو ئامادەبووانی ورژاند و هۆزانەکەی زۆر زۆر دەنگیداوە.. بەوەش ناوبانگەکی زۆری پەیداکرد.. لێ بە ناوەکی زۆر سەیر؛ لەبەرئەوەی لە لایەک هەر خۆی سروشتەکەی ئەوهابوو کە پەیوەندییبەستن لەگەڵی هاسان نەبوو و ئەگەر پێویستی نەکردبا هەر لەو گۆڕەی تێکەڵی خەڵک نەدەبوو واتە تەنێ چەند هاوڕێیەکی هەبوو و کەم کەس هەبوون ناوی بزانن.. لە لایەکی دیکەش بە هۆی ئەوەی پرچەکی زۆر زۆر گڤی هووردی هەبوو کە بە هیچ شێوەک دانەدەهات و هەر بژدەبۆوە هەمیشە کڵاوەکی قوتی قوچەکیی لەسەردەکرد ئیدی بە ناوی 'هۆزنڤانە کڵاوقوتەکە' ناو دەردەکا! کەسەکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو بەو کڵاوە قوتەیەوە.. هەر لەخۆوە حەزمدەکرد ببتە هاوڕێم.. لێ پاش ماوەکی زۆر ئەوجا تانیم سەرنجی رابکێشم و ببینە هاوڕێی یەکدی.. ئیدی زوو زوو لەگەڵ کڵاوقوتێ یەکدیمان دەدیت.. رۆژەکیان پاش ئەوەی لە کۆڕەک هاتینەدەرێ رێکەتین بە پێیان بگەڕێینەوە ماڵێ.. لە یەک نێوچە دەژیاین و هەر بیست سی خولەکەک نێوانمان بوو.. هەر بەدەو رێیەکە کەتینە نێو باسوخواسی جۆراوجۆر و لە دەرفەتەکدا لێمپرسی:**

**- ئەرێ کاتی خۆی 'کاکە کیژانیی'ەک هەبوو.. رەنگە ئەتووش بیناسی.. دەبێژن ئەویش لێرەیە.. هیچ دەنگوباسەکی نازانێ؟ (بە ئاخ و داخ هەڵکێشانەکەوە گۆتی):**

**- ئەرێ.. باشی دەناسم، زۆر بە داخەوە.. لەمێژە ئەمنیش وەدوویدا دەگەڕێم لێ تا ئێستا هیچ سۆراغەکیم وەچنگ نەکەتیە، ئەتوو دەزانی هاوڕێ.. ئەو کاکە کیژانییە و هاوسەرە جوانەمەرگەکەشی دوو مرۆڤی هەرە جوان و ئازادییخوازی ئەو وڵاتە کاولبووەی خۆمان بوون؟! ...**

**پاش ئەوەی هەندەک قسەی دیکەی کردن هەستمکرد زۆر دەربارەیان دەزانی و زۆریشی لە دڵ دایە.. ئەمنیش هەندەک هانم دا تا پتر بدوێ.. ئیدی وەک ئەوەی چیرۆکەکی زۆر هونەرییانە بگێڕتەوە درێژەیپێدا:**

**- ٢٤ -**

**چونکێ ژن لە کنە وی هێندە تایبەتمەند و جودا بوو هەرگیز نەیدەیتانی دڵی خراپترینەکانیشیان بڕەنجێنی یان بە هیچ جۆر و شێوەک نیگەرانیان بکا.. جا لە روانگەی ویەوە خراپ یان ناشیرینیان تێدانەبوو! شێوە و جوولە و هەڵسوکەوتیان.. نەرمونیانیی و جوانیی و ناسکیی و نازدارییان.. ئارامیی و ئاشتیخوازییان... رووبەری مەژیی کاکە کیژانییان بە تەواویی داگیرکردبوو.. هەر کەسەک بە ئاستەم بە خراپە باسی هەر ژنەکی بکردبا لێی تووڕە دەبوو.. وەیلێهاتبوو کەس نەیدەوێرا لە کنە وی باسی ژنان بکا.**

**وەک دەیانگێڕاوە لە دەمی زارۆکییدا تەنێ یاریی بە بووکۆکە و لانک و یارییە کیژانەییەکان دەکرد - هەڵبەتە لە کنە من زۆر سەیرە کە تا ئێستاش لە زۆربەی جیهان و بە شێوەکی گشتیی زۆر یاریی کوڕانە و یاریی**

کیژانە هەن لە یەک جودان! - یارییەکانیشی تەنێ لە تەک کیژاندا بوو.. وەک دەگێڕنەوە جارەکیان لە کاتی یارییکردن لەگەڵ هەندەک کیژ شۆخییەکی لەگەڵ دەکەن؛ یەکەکیان دەبێژی 'کوڕ لە نێو کیژان.. باب قالۆچان' پاشان بە دەنگەکی بەرز هاوار دەکا 'کوڕ لە نێو کیژان..' ئەوانی دیکەش هەموویان پێکەوە وەک کۆڕسەکی ڕێکوپێک و بە هارمۆنییەکی زۆر خۆشەوە دەبێژن 'باب قالۆچان'.. هەر دووبارە و چەندبارەی دەکەنەوە تا کاکە کیژانیی لە ناخەوە تووڕە دەکەن.. کەچی هەر دان وەخۆیدا دەگری.. پاش ئەوەی تەواو دەبن زۆر بە هێمنیی و لەسەرەخۆ دەبێژی 'دەی کێشە نییە.. با بابی من قالۆچە بی'! کە ئەو قسەی بە بابە دڵرەق و پیاوسالارەکەی دەگاتەوە چەند زللە و شاپەکی لێدەدا و چیدی ناهێلی بچێتەوە نێو کیژان.. ئیدی هەر بە دزیی دەچێتە نێویان و کیژەکانیش زگیان پێی دەسوتێ و چیدی ئەو جۆرە شۆخییەی لەگەڵ ناکەن. لە دەمی نەوجەوانییشیدا کیژە هاوتەمەنەکانی لە هەر جێیەک بان ئەویش بە ئاشکرا یان بە دزیی خۆی دەگەیاندە ئەوێ.. لە هەموو هەڵسوکەوتەک هەر لاسایی ئەوانی دەکردەوە.. سەرەنجام وەیلێدێ کوڕە گەنجەکانی ئاوزای خۆی هەر بە 'کاکە کیژانیی' ناوییبەن تا بە ئێکجاریی ئەو ناوەی بەسەر دادەبڕێ.. ئەوەش بابی پتر تووڕەکردبوو.. دەیانگۆت هەر هەڵدەستا و دادەنیشت دوو سێ شەپازللەی دەخێواندێ.. هەر بە 'کاکە خۆڕێ'یش گاسی دەکرد!

دەردەسەرییەکی زۆر تێدەپەڕێنی تا گەورە دەبی و خۆی دەبێتە خاوەنی خۆی، پاش ئەوەی خولیای خوێندنەوە دەبی و هەندەک پەرتووکی چەپڕەوەکان دەخوێنێتەوە و یەکسانیی ژنان و پیاوان زانستییانەتر و جوانتر لە مەژییدا دەچەسپێ.. هەر بە ئێکجاریی ژن دەبێتە خۆشەویسترین ئافەریدەی سەر ئەو رووی زەوییە لە کنە وی.. دەبێتە پەرجووەکی هێندە پڕ لە راز و نهێنیی هەمیشە هەر خەریکی خوێندنەوە و شرۆڤەکردن و شیکارکردنی دەبی.. هەر ئەوەش وەیلێدەکا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە تەک بابی 'خانێ کوڕانیی' ببەستی کە کەسەکی چەپ و یەکسانییخواز بووە و یەکەک بووە لەوانەی بە داکۆکییکەرەکی سەرسەخت لە ژنان ناسرابوو.. هەر لە چارچێوەی ئەو پەیوەندییەشیدا بە تەواویی دڵی دەچێتە سەر 'خانێ کوڕانیی' کە پێشتریش لە کاتی یارییکردندا لە نێو کیژان مرخی خۆی لێخۆشکردبوو.. ئیدی دەکەونە داوی خۆشەویستیی و سەرەنجام زۆری پێناچی زەماوەندی خۆیان دەکەن و خێزانەکی ئاسوودە پێکدەینن.

خانێ کوڕانیی بە هۆی ئەوەی بابی وەک هەر یەکەک لە کوڕەکانی ڕێی هیچ ئازادییەکی لێنەدەگرت.. هەروەک کوڕەکی زۆر ئازاد و ئازا و بە شێوە کیژانەییەکەی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد.. خانمەکی زۆر سەربەست و هەرەپاس و سەرچڵی لێدەرچووبوو.. هەر لەبەرهەندێش بە خانێ کوڕانیی ناسرابوو.. لە جوانییدا کەم وێنە بوو؛ شۆڕەژنەکی شۆخوشەنگ.. بەژنوبالایەک هەر دەتگۆت شەنگەبییە.. گۆنا بەرز و لێو پڕ و چاو هێلکەیی.. دەمووچاوەکی خڕ و سۆر و سپی.. کەپووەکی قیچەک سەر بەرز و کەوانەیی بەرەو سەرێ.. لەو کەپووانەی کە پیاوی مێباز لە لاتەنیشتەوە بە ئاستەم بیبینی خۆی پیس دەکا! دەست و پەلەکی بە هێز و درێژی هەبوو.. لە باری ئاساییدا تاوس ئاسا ڕێیدەکرد.. کە پەلەی با هەر دەتگۆت سووسکەیە لاقانی داوێ.. لە غاردانێش هەروەک هەسپ قۆشمەی دەکرد.. لە نەوجەوانییدا وەک هەر کوڕەک بازبازانێی دەکرد.. شەڕی دەکرد و لە چەندین جێ سەری شکابوو، جارەکیان کوڕەکی ئاوازی خۆی کە تەمەنی سێزدە چاردە ساڵان بووە و هەمیشە کێشەی لەگەڵی هەبووە.. ویستبووی شەڕی پێ بفرۆشی و سوود لەو جەنجاڵییە وەربگری کە بە هۆی شاییەکەوە لە نێزیک ماڵی خانێ کوڕانی پەیدابووبوو.. پێیوەبووە ئەگەر جوونەکی پێبدا و هەڵبێ ئەوە خانێ شەرم دەکا

لەبەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە وەدووی بکەوی.. کەچی هەر کە جوونەکەی پێدەدا خانێ کوڕانیی کۆڵان بە کۆڵان وەدووی دەکەوی تا دەیگری.. کوڕە بە جۆرەک تەنگاو دەبی هێندەی نامینێ لە ترسان وەخۆیدا بمیزی.. ئەویش پێیگۆتبوو 'نا مەترسێ.. ئەو جارە لێتدەبوورم.. بەس بە مەرجەک لە قیلمقازێم بکەی و بە پێش شاییەکەدا بمبەیەوە تا دەمگەیێنیەوە پێش ماڵێ'.. کوڕەکە بە سوپاسەوە رازیی ببوو.. ئیدی خانێ سواری شانی دەبی تا پێش شاییەکە و لەوێش بە دەستەک پرچی دەگری و بە دەستەکەی دیکەی چەند زللەک لە بنی گێی دەدا و پاشان خۆی لەسەر شانی هەڵدەداتە خوارێ.. دوو سێ شاپی چاک و تەڕیش دەخێوێنتە دوڕ قوونی و پێیدەبێژی 'دەی لێرەت نەبینم.. ئەگەر نا هەرچی خراپە بەسەرتدەهینم' ئیدی کوڕەکە تێیدەقوچێنی!

کاکە کیژانیی و خانێ کوڕانیی دوو هاوسەری زۆر شادمان بوون.. تا دەو دەکەیەوە پێکەوە ئاسوودە بوون.. بێجگە لە کاتی کارکردنیان کە هەر یەکەو لە فەرمانگەک کاریان دەکرد یەک بست چیە لە یەک دوورنەدەکەتنەوە و یەک خولەکیش چیە بێ یەکدی ئۆقرەیان نەدەگرت. کاکە کیژانیی هێندە بە جوانیی و ناسکیی ژنان ئاڵوودە ببوو وەیلێهاتبوو تەنێ لەو بارەوە خوێندنەوە و شرۆڤەکاریی دەکرد.. پێشترێ زۆر خەریکی نووسین نەببوو و تەنێ چەند کورتە چیرۆکەکی هەبوو و پارچە هۆزانەکی جوانیشی لۆ خانێ نووسیبوو.. سەرەنجام دەستی بە نووسینی لێکۆلینەوەکی بەرفراوان کردبوو بە ناوی 'جوانیی ژنان تەپۆلکەکە لە رەهاییا'.. لەگەڵ ئەوەی خۆی بە چەپ دەزانی لێ بە پێچەوانەی وان کە پێیانوەیە 'جوانیی تشتەکی رێژەییە و لە تێڕوانینی کەسەکان رەهایە'.. ئەو جوانیی بە تشتەکی رەها و نەگۆڕ دەزانی! هەر رۆژەو چەند لاپەڕەکی لەو بارەوە پڕدەکردەوە. ئامۆزایەکی هەبوو.. هەر دەمەک کە پێکەوە دادەنیشتن و باسی جوانیی دەهاتە گۆڕێ.. لەبەرئەوەی هەرگیز هاوڕا نەدەبوون هێندە بە توندیی دەکەتنە بەر یەک و بەرسڤی یەکیان دەداوە زۆری نەدەما دەست لە خنخنۆکی یەک بنێن! رۆژەک ئامۆزایەکەی پاش ئەوەی تەواو لەو قسانەی بێزار و وەڕس دەبی دەبێژی:

- دە باشە کاکە گیان.. با نوکتەکی زۆر خۆشت لەسەر جوانیی ژنان لۆ بگێڕمەوە؟ (کاکە کیژانییش لەبەرئەوەی زۆر پێی خۆشە هەر تشتەک لەسەر جوانیی ژنان هەیە بیزانی.. زۆر بە شادمانییەوە سەری ئەرێی لۆ دەلەقێنی.. ئەویش دەبێژی):

- ئەوە کەسەک ئەتوو ئاسا زۆر سەرسام دەبی بە جوانیی ژنان و هەمیشە پرسیار لە خۆی دەکا کە دەبی چ هۆیەک هەبی ئەو گشتە جوانییە لە ژنان خڕکرابیتەوە؟ بەس ئەو وەک توو نەبوو و کەسەکی خواپەرست و دیندار بووە.. رۆژەکیان پرسیار لە خودای خۆی دەکا کە لەبەرچی ژنان هێندە جوان و ناسکن؟ زۆر لێی دەپاڕێتەوە لێ خودا هیچ بەرسڤەکی ناداتەوە.. ئەویش هەر وازناهینی و یەخەی بەرنادا تا رۆژەک خودا بێزار دەبی و بە دەنگەکی گڕ و گەورەوە دەبێژی:

- ها ئادەم.. ئەوە چ منگەمنگتە!؟ دە بێژە بزانم چت دەوێ دەی؟ (ئیدی ئەویش لە ترسان و لە خۆشیان هەموو لەشی هەڵدەلەرزی و دەوی تێکدەئاڵێ و بە پەلەپڕووزێ دەبێژی):

- ئۆۆۆهـ خخخوایە گیان ببە گگگەورەی خۆت بببمبەخشە، بەس ببزانم لەبببەرچی ژژژژنت ئەوها ججججوان درررووستکککردیە؟

- ئممم! پرسیارەکی جوانە ئادەم، ئەوە لەبەرئەوە ژنم ئەوها جوان دروستکردیە تا پیاو بتانی خۆشیبووێ! ئاخر ئەگەر ئەوها جوانم دروستنەکردبا ئەوە هەرگیزاو هەرگیز پیاو نەیدەتانی دەعبایەکی ئەوها نەزان و گێل و گەلحۆ و بێ هۆش و بێ ئاوەز و سووک و چرووک و ساویلکە و دەبەنگ و پووچ و بێ مێشکی وەک ژنی خۆشبووێ! (کە ئەوە لە خوا دەبیستی هەندەک هێوردەبێتەوە و ترسی دەشکێ.. لە دڵی خۆی دەبێژی خۆ ئەوە بەرسڤی دامەوە و هیچیشی لێنەکردم.. دەبا ئەو پرسیارەشی لێبکەم بزانم چ دەبی.. هەر لەو بینەوبەردەدا دەبی لەگەڵ خۆی.. کاتەک هەستدەکا ڕەنگە ئێستا خوا لێی دووربکەویتەوە و بڕوا.. هەر بە پەلە دەبێژی):

- دە تووو گەورەیی و شکۆمەندیی خۆت خوایە.. تەنێ یەک پرسیاری دیکەم هەیە با ئەویشت لێبکەم؟

- دەی خێراکە ئادەم کاتم کەمە.

- ئەدی باشە لەبەرچی ژنت ئەوها بێ هۆش دروستکردیە ئەی خودای مەزن؟

- ئممم.. ئەوە پرسیارەکی زۆر جوانترە ئادەم، لەبەرئەوە ژنم ئەوها بێ هۆش دروستکردیە تا پیاوی خۆشبووێ.. ئەگەر ئەوها بێ هۆشم دروستنەکردبا ئەوە هەرگیزاو هەرگیز ژن نەیدەتانی دەعبایەکی ئەوها دڕندە و هیشک و بێ چاوەڕوو و بێ چێژوچەشە و ساردوسڕ و ڕەقوتەق و پیس و بێزەوەر و ناشیرین و ناڕەزای وەک پیاوی خۆشبووێ!

ئیدی کاکە کیژانیی لەگەڵ ئەوەی بڕوای بە هیچ دین و خوایەک نەبوو لێ بەشی یەکەمی بەرسڤی پرسیاری یەکەمی زۆر پێ خۆش دەبی چونکێ دان بە جوانیی ژندا دەنێ.. هەروا بەشی دووەمی بەرسڤی پرسیاری دووەمیشی لە ڕوانگەی خۆیەوە زۆر پێ خۆش دەبی کە پیاو ئەو هەموو خراپیی و کەمووڕییەی هەیە کەچی ئەو تشتە جوانەی پێیدەگۆترێ ژن هێندە لێبووردە و خۆنەویستە دەتانی ئەو تشتە بێ ئەندازە خراپ و ناشیرینەی خۆشبووێ کە پێیدەگۆترێ پیاو! لێ ئەوەی کە گوایە ژن نەزان و بێ هۆشە هێندە پەست و تووڕەی دەکا تا ڕادەی ئەوەی کە لەگەڵ ئامۆزایەکەی بیکاتە شەڕ و بە یێکجاریی نێوانیان تێکبچی!

کاکە کیژانیی لە ڕادەبەدەر خانێ کوڕانیی خۆشدەویست.. هەر جارەک کە پێکەوە دادەنیشتن پێیدەگۆت 'خانێ گیان.. ئەمن لەو جیهانە پان و بەرینە لە توو پتر بترازێ هیچ تشتەکی دیکەم نییە.. ئیدی ناهێلم هیچ کەسەک بە سادەترین شێوەش نیگەران و دڵگرانت بکا.. ئەگەر پێویست بکا ئامادەم گیانیشم لە پێناوتدا ببەخشم' لە ڕاستییشدا ئەو قسەی لە ناخەوە دەکرد و هەر گفتار نەبوو بەڵکە بە ڕەفتاریش جێبەجێی دەکرد.. هەر کەسەک گچکەترین گرفتی لەگەڵ خانێ هەبا یان بە ئاستەمەک بە چاوەکی خراپ تەمەشای ژنانی بکردبا ئەوە دەمودەست پەیوەندیی خۆی لەگەلی دەپچڕاند! ڕۆژەکیان هەردووکیان کە هەر یەکەو لە فەرمانگەکەی خۆی لەسەر کار دەبن.. هێشتا چەند کاتژمێرەک دەمینێ تەواو ببن خانێ خۆی دەگەینتە فەرمانگەکەی کاکە کیژانیی و پاش ئەوەی دوو بە دوو دادەنیشن دەبێژی:

- بەڕێوەبەرە هیچووچەکەمانم ڕەوانەی خەستەخانەکرد (کاکە دەحەپەسێ و دەبێژی):

- چ بووە خانێ گیان؟ هەرچەندە نازانم لەسەر چیە بەس دەک ئەو دەستانەت خۆش بن.. چاکت لێیدا ها؟ (خانێش بە ساردییەکەوە وەک ئەوەی تشتەکی ئەوتۆ ڕووینەدابی دەبێژی):

- ئەرێ باشم لێیدا، ئەمن دەمزانی ئەو کابرایە گەمژەیە.. بێ ئەوەی هیچ بڕوانامە و ئەزموونەکی هەبی تەنێ لەبەرئەوەی بەکرێگیرای یەکەک لە پارتیەکانی دەسەڵاتە کردیتیانە بەرێوەبەری فەرمانگەکی ئەوها گەورە.. بەس هەرگیز نەمدەزانی ئەوها خوڕی و هیچوپووچ بی! ئەو دەبەنگە.. لەبەرئەوەی دەیدیت ئەمن ژنەکی کراوەم و لە ماف و ئازادییەکانی ژنان دەدوێم و شەرم لە هیچ ناکەم تەنانەت ئەگەر باسی خۆشەویستیی و سێکسیش بێتە گۆڕێ قسەی خۆم هەر دەکەم.. لە بیرکردنەوەی پووچی خۆی وەهای لێکدابۆوە کە ئەمن 'ئیشمە!' و حەزم لێیە لەگەڵی راببوێرم! زۆر پێم سەیر بوو.. ئەورۆ پاش ئەوەی هەندەک لە فەرمانبەرانی بەشەکەی مەی بەولا و بەولایدا ناردە دەرێ و ئەوانی دیکەش بێ ئەوەی نەخۆش بن مۆڵەتی نەساغیی دانێ.. کە کەسی لێ نەما هاتە ژوورەکەی من و وردە وردە خۆی لێم نێزیک دەکردەوە و بەڵێنی عەنتیکە عەنتیکەی دەدامێ تا سەرەنجام ویستی دەستدرێژییم بکاتەسەر.. ئەمنیش سێ و دووم لێنەکرد و دامە بەر بۆکسان و هەموو دەموچاویم قۆپاند.. تا لەو گۆڕەشم تەخت نەکرد وازمنەهینا.. چایچییەکەمان پێشی هەمووان گەیشتە سەرمان و دوا بۆکسی منی دیت کە وەشاندمێ لێ ئەوهای لە فەرمانبەرانی بەشەکانی دیکە گەیاند کە بەرێوەبەر پێی خلیسکایە و بەربوویتەوە.. بێجگە لەو کەسی دیکە ئەمنی لەوێ نەدیت و نەیانزانی ئەمن ئەوهام لە بەرێوەبەر کردیە چونکێ پێش ئەوەی فەرمانبەرەکان بێنە وێ ئەمن خۆم گەیاندبووە نێوان هەردوو بنمیچی ژوورەکەم کە وەک کۆگەکی گچکە وەکاریدەبەین.. قادرمەکەشم هەڵکێشابوو تا کەس نەتانی بێتە سەرێ.. ئیدی خۆم لەوێ خۆم حەشار دا تا بەرێوەبەریان بە نیازی بردنە خەستەخانە بردە دەرێ و ئەوێیان چۆلکرد.. ئەوجا ئەمنیش بە بێدەنگیی هاتمەدەرێ و بێ ئەوەی کەس بمبینی ئەوێم بەجێهشت.

پاش ئەوەی کاکە کیژانیی مۆڵەتی چەند رۆژەک لە کارەکەی وەردەگری لە فەرمانگەکە دەردەچن.. کاتەک کە لە بازاڕگەکەی نێزیک فەرمانگەکە بەرەو جێی تەکسییەکان دەرۆن تا تەکسییەک بگرن و بەرەو ماڵ بچنەوە.. ترومبێلەکی پڕ لە چەکدار دێ و لە تەنیشتیان رادەگری.. دوو سێ کەسیان بە پەلە دادەبەزن و هەڵدەکوتنە سەر خانێ کوڕانیی تا سواری ترومبێلەکەیان بکەن و بیفڕێنن.. لێ کە دەبینن پیاوەکی لەگەڵە و هەردووکیان زۆر بە توندیی بەرانگژیان دەبنەوە و ناتانن ئەو کارە بکەن.. دەشزانن ئەگەر ئەو هێرش و بینەوبەردەیان لەو نێو ئەو بازاڕە پتر درێژە بکێشی ئەوە خەڵک لێیان خڕدەبنەوە.. بە نیازی ئەوەی بە سووکیی خانێ بریندار بکەن و بیترسێنن تەقەی لێدەکەن.. لێ کاکە برووسکە ئاسا خۆی دەخاتە پێشی و گوللەک بەر لاقی دەکەوی و چەکدارەکان هەڵدێن.. خانێ کە دەبینی گوللەکە جێی کارێی نەگرتیە هەروا دەشیزانی ئەگەر بیباتە خەستەخانە و بکەونە بەردەستی پۆلیس کە چەکداری پارتیەکانن تووشی دەستگیرکردن و مەترسیی دەبن.. هەر بە پەلە تەکسییەک دەگری و کاکە بەرەو ماڵی بابی خۆی دەفڕێنی.. هەر لە لەوێ لە رێی پزیشکەکی ناسیاریان تیماری دەکەن، خانێ ناوێری چیدی بگەڕێتەوە فەرمانگەکەی و واز لە کارەکەی دەهینی.. ئیدی هەردوو لایان؛ خانێ و کاکە لە ترسی گرتن و گەورەترکردنی کێشەکە لە لایەن بەرپرسان و بەرێوەبەرە گەمژەکەش لە ترسی ئەوەی نەوەک خانێ لە کن فەرمانبەرەکان باسی ئەو دەستدرێژییەی بکا.. بێدەنگیی لێدەکەن و کێشەکە کۆتایی پێدێ.

کاکە کیژانیی زۆر کاری لەسەر لێکۆلینەوەکەی کردبوو و تەواو ئامادەی چاپی کردبوو.. لێ بە هۆی ئەوەی پەرتووکەکەی کۆمەڵە بابەتەکی بڤەی لەسەر دین و دەسەڵات تێدابوو دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هەر دەستی دەستی پێدەکەن و کارەکەی لۆ رایی ناکەن.

کارەسات و کێشە گەورەکەی کاکە لەوێوە دەستپێدەکا کە خانێی هاوسەری باردار دەبی و لە سەروبەندی منداڵبوونەکەی نەخۆش دەکەوی و دەکەویتە خەستەخانان، بە هۆی بێ ویژدانیی پزیشک و کارمەندان و بێسەروبەریی و خراپیی باری تەندروستیی لە خەستەخانەکان.. هەرچەندە منداڵەکەی بە تەندروستییەکەی چاکەوە دێتەبوون لێ خۆی زۆر بەداخەوە بەسەر منداڵبوونەکەیەوە گیان لەدەستدەدا و کاکە ماڵوێران و رەنجەڕۆ دەکا، ئیدی کاکە نێزیکەی یەک مانگ وەک ئەوەی هۆشی لەدەستدابی هەر کەسەک باسی خانێی بکردبا جا هاوغەمیی دەربڕین با یان ستایشکردنی ئەو هەر تێر جوونی دەکرد.. ئەگەر خۆی لەبەردەستی قوتارنەکردبا ئەوە پڕیدەدایێ و لێیدەدا! پاشان وردە وردە هەندەک دێتەوە سەرخۆی لێ هەر شێت ئاسا هەڵسوکەوت دەکا.. کەچی هێشتا هەر لێکۆڵینەوەکەی لەبیرنەچووبۆوە و دەستبەرداری نەببوو.. بەڵکە هەر پتر کاری لەسەر دەکرد و پێشەکییەکی جوانیشی لۆ نووسیبوو کە تێیدا هۆکارەکانی ئەو گیانسپاردنەی خانێی هاوسەری تێدا رۆنکردبۆوە هەروا زۆر بە توندیی و بە بەڵگەوە دابەزیبووە سەر سیستەمی دەسەڵات کە بەرپرسیارە لە گەندەڵیی و باری خراپی دامودەزگە تەندروستییەکان و بە هیچ جۆرەک گرنگیی بە تەندروستیی و گیانی شارۆمەندان نادا.

هەموو هێز و توانایەکانی خۆی خستبووەگەڕ تا بتانی پەرتووکەی بە چاپ بگەینی و بڵاویبکاتەوە.. دەزگەکی چاپ و وەشاندن پێیگۆتبوو 'باشترە ئەو پەرتووکە هەر بشاریەوە و کەس نەیبینی تا رۆژی خۆی دادێ.. دڵنیابە ئەگەر ئێستا ئەو پەرتووکە چاپ و بڵاوبکەینەوە.. ئەوە خۆت هەر هیچ کە لە گیانی خۆت بێزاری و فیڕسیا لە خۆت.. بێجگە لەوەی دەزگەکەمان دادەخەن رووبەڕووی گرفت و مەترسیی گەورەش دەبینەوە'! وەیلێهات هەموو دەزگەکان بەو کێشەیان زانیبوو؛ هەر کە ناوی پەرتووکەکە و نووسەرەکەیان دەبیست یان ئەوەتە بێ خوێندنەوەی نێوەڕۆکەکەی بە جۆرەک لە جۆرەکان خۆیان لێی دەدزییەوە.. یان ئەوەتە بە کۆمەڵە بیانووەکی نابەجێ و بێسەروبەر رەتیاندەکردەوە! ئەوەش وەیلێکردبوو سەرەڕای ئەو باری نیمچە شێتبوونەی خۆی پتر بشلەژێ و ببتە کەسەکی نائاسایی و زۆربەی شەوان بە ماڵێ نەکەویتەوە! هەمیشە پەرتووکە چاپ نەکرایەکەی لەگەڵە خۆی دەگێڕا.. لە هەر کات و جێیەک بیتانیبا کەسەک پەیدابکا و گێی لێبگری ئەوە هەندەکی لۆ دەخوێندەوە بە تایبەتییش پێشەکییەکەی.. پاشانیش کۆمەڵە رەخنەکی بەجێی دەگرت و دادەبەزیە سەر داروبەرد و یەک بە یەکی بەرپرسە گەورەکانی وەبەر جوونان دەدا، هەموویان لەبەردەستی بەدادەداد بوون.. چەندین جار بە چاو لێ سۆرکردنەوە و ترساندن ویستبوویان دەوکوتی بکەن لێ ئەو نەک هەر هیچ گرنگیی پێنەدەدان بەڵکە پتر دەیدانە بەر رەخنە و جوونان.. هێزەکانی ئاسایش چەندین جار پیاوی خۆیان بە جلوبەرگی ئاسایی ناردبووە سەری و بە لێدان لێیاندەدا.. لێ هیچ سوودی نەببوو.. ئیدی ناچارمابوون ناوەناوە بە کێشەی هەڵبەستە و بێ بنەما سووچباری بکەن و فرێیبدەنە زیندانەکان و ئازار و ئەشکەنجەی بدەن، بە هۆی ئەوەی هەمیشە دەیانگرت و بەریاندەدا متمانەی بە هیچ کەسەک نەمابوو و زۆر جار پێش ئەوەی قسە لۆ کەسەک بکا یان پەرتووکەکەی لۆ بخوێنێتەوە پێدەیگۆت 'تکایە پاش ئەوەی وەگرتمدەدەی بابی خانێش هاییدار بکەوە کە گیرایمە!'.

لەبەرئەوەی دایوبابی کاکە کیژانیی و بنەماڵەکەیان بەرژەوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتداران هەبوو هیچ گرنگییەکیان پێنەدەدا بەڵکە هەر حەزیشیاندەکرد رۆژەک لە رۆژان لەنێوبچی و لە کۆڵیان ببتەوە.. لێ ماڵە خەزووری ژۆرەکیان لە ماڵەکەی خۆیان لۆ جوداکردبۆوە و داڵدەی کیژەکەشیان دابوو و بێ هیچ کەموکوڕییەک

وەک منداڵی خۆیان بەخێویاندەکرد.. زۆر بەو بارەی کاکە کیژانیی تێکچووبوون و زۆر غەمیان پێی دەخوارد.. ماوەکی چاکیان بەو شێوە لەگەڵ کاکە بەسەربرد کە پێبەپێ خراپتر دەبوو.. سەرەنجام بابی خانێ بڕیاریدا بینێرتە دەرێ؛ تا هەم لەبەردەستی شەقاوەکانی ئاسایش رزگارببی هەم لە یەکەک لەو وڵاتانەی کە هەندەک گرنگیی بە باری دەروونیی مرۆڤ دەدەن چارەسەرەکی بکەن.. ئیدی بە پارەی خۆی رێیەکی مسۆگەری لە رێیە قاچاغەکان لۆ پەیدادەکا.. سەرەتا کاکە رەتیدەکاتەوە بچتەدەرێ.. زۆر لەگەڵی ماندییدەبی تا دەتانی رازیبکا ئەویش بەو فێرەی کە ئەگەر بگاتە دەرێ ئەوە بە هاسانیی دەتانی پەرتووکەکەی بڵاوبکاتەوە، لە رێێ زۆر گرفتان لۆ قاچاغچییەکان و ئەو کەسانەش چێدەکا کە پێکەوە بەرەو دەرێ وەرێکەتبوون چون لە کاتی پێویست خۆی نەدەشاردەوە و گرنگیی بەو رێنماییانە نەدەدا کە دەبووایە جێبەجێیان بکا.. لێ ببووە سەرگەرگەرمییەکی چاکیش لۆیان؛ بە درێژایی رێیەکە لە هەر جێیەک کە دەمانەوە کاکە کیژانیی پەرتووکە دەستنووسەکەی دەردەهینا و هەندەکی لۆ دەخوێندنەوە و ناوەناوەش سەربردەی خۆی و خانێ و گرتن و لێدانەکانی لۆ دەگێڕانەوە و کاتەکەیان بەو بەزمانەی وی بە هاسانیی تێدەپەڕاند.. سەرەنجام هەرکووەک دەبی کاکە کیژانیی دەگا و لێرە دەگیرسێتەوە.

* * *

- ببوورە هاوڕێ.. دەزانم زۆر نیگەرانی بە ژنەوتنی ئەو سەرهاتە لێ تازە هیچ ناکرێ.. بە داخەوە لۆ کەسەکی ئەوها کە بە واتای وشە مرۆڤە.. خەفەتەکە لەوە دایە کە تا ئێستا کەس سۆراغی نازانی.. داخۆ ئێستا لە چ پەناوپەسیوەک کەتیە و چەند بێ ناز ژیان دەگوزەرێنێ و کووکوویی بوویتە پێخوری ئەو سیستەمە کە تەنێ مادە دەناسی و بە ملیۆنان کەسی وەک کاکە کیژانیی لە بنە خۆی پلیشاندیتەوە! (هەر بەدەو ئەو باسوخواسانە نێزیکی ماڵی وان بووینەوە.. یەک دوو کۆڵانەک پێش ئەوەی بگەین چاکوخۆشیی لەگەڵ کەسەک کرد.. نەمزانی لەبەرچی ئەمن هەر لەو گۆڕەی حەزم بە چارەی نەکرد! هەر کە لێی رەتبووین گۆتی):

- ئەو زەلامەت دیت.. ئەوە هەر کارەساتەکە لۆ خۆی.. دیتت چەند قسە لووس و خۆڕەپێشکەر بوو.. ئەگەر لەگەڵی هاییت لە خۆ نەبی ئەوە یان دەرفەتت لێوەردەگری و وەک کۆرە مارەک پێتوەدەدا یان دەتکڕی و دەتفرۆشی بێ ئەوەی بە خۆت بزانی! لە زۆر کەسم دەبیست کە ئەو زەلامە کرێگرتەی یەکەک لە پارتیەکانە.. لێ هەر بڕوام نەکرد تا خۆم بە چاوانی خۆم نەمدیت کە چ گۆبەندەکی خراپی بەسەر خانەوادەکی خزمی خۆیان هینا لێرە! خۆشم جۆرە پەیوەندییەکم لە تەک ئەو خانەوادە هەبوو و لە نیشتیمانیش دووربەدووریی دەمناسین.. ئێستاکەش هەر هاوڕێیەتییەکم لەگەڵ کیژەکەیان هەیە... (کە گەیشتینە پێش دەرکەی ماڵەکەی گۆتی) دە فەرموو هاوڕێ.. حەزدەکەم چایەک پێکەوە بخۆینەوە؟ (بێ ئەوەی چاوەڕێی وەرامی من بکا یەکسەر دەستی گرتم و گۆتی) فەرموو هاوڕێ.. دەزانم ئەتووش حەزت لەو چیرۆک و سەربردە و سەرهاتانە هەیە.. چایک دەخۆینەوە ئەوجا سەرگوزشتەی ئەو خانەوادە بەلەنگاز و دامایەشت بە هووردیی لۆ دەگێڕمەوە.. دە فەرموو.. (ئیدی چارم نەما و لەگەڵی وەژۆرکەتم.. پاش چایخواردنەوەکە دەستی بە گێڕانەوەی سەرهاتی ئەوانیش کرد):

خەونەکانی لە زەریا دوورەکانیش قووڵتر و فراوانتر بوون، قسە و لێکدانەوەی ئەوهای دەکردن نە لە ئەندێشەی هیچ هۆنەر و چیرۆکنووسەک پەیدۆزت دەکردن نە هەرگیز بە هزر و ئەندێشەی هیچ فەیلەسووفەکی بێ چەقەچەق یان زۆرگۆدا دەهاتن.. بە جۆرەکی لێهاتبوو ئەگەر بتگۆتبا 'دەزانی ئەو ساڵ بەرهەمی هەنگینمان گەلەک زۆر دەبی.. وەرە با چەند کەسەک خڕبکەینەوە و بە هەرەوەزیی کارگەیەکی ئامادەکردنی هەنگین لەسەر بڵندترین لووتکە چیا دابنێین و بە بۆڕی بەسەر تێکڕای ماڵەکان دابەشیبکەین؟' ئەوە یەکسەر دەیگۆت 'ئەهـ کە پڕۆژەکی گەلەک چاکە.. دەتانین بە هاسانیش تێیدا سەربکەوین، دە باشە با خەڵک هاییدار بکەینەوە تا هاوکاریمان بکەن.. نا گرنگ نییە ئەگەر یارمەتییشمان نەدەن.. یان ئەوجا لۆ ئەوان ماندیی بکەین با هەر خۆم و خۆت ئەنجامیبدەین.. هەر زۆر هاسانە.. ئەمن دڵنیام دەتانین بەوپەڕی باشیی دایبمەزرێنین و هەر تەنێ خۆشمان وەک گوڵ بەڕێوەیببەین...'!!!

پاش ئەوەی زۆر بەو خەون و ئەندێشە عەنتیکانەی ماندیی و وەڕس دەبی و تێدەگا کە هیچیان جێبەجێ نابن.. ئیدی کەلکەڵەی تێکۆشان و مێکۆشان مەژیی داگیردەکا تا لە کۆتاییدا لە چارچێوەی شێوە ڕێکخراوبوونی پارتیایەتی تووشی داوی کاری رامیاریی دەبی.. هەر لە ماوەکی فرە کەمدا بە تەواویی ئاڵوودەی دەبی.. زۆر بە ڕاشکاویی و دڵسۆزانە کاتەکی زۆری تێدا وەفیرۆدەدا.. لێ لەبەرئەوەی زۆر خۆنەویست و سەرڕاست بووە نەیتانیبوو لەگەڵ رامیاربازان خۆ بگونجێنی و وەک ئەوان وەدوو پلە و پایە و گەندەڵیی بکەوی.. سەرەنجام ناتانی بە تاکەی خۆشی هەستی؛ هەموو ئەو هاوڕێیانەی لە ئاستی ویدا بوون بە پلەی جۆراوجۆر ببوونە بەرپرس یان لە نێو دامودەزگەکانی میریی لە پێگەی گەورە گەورە دامەزرابوون.. ئەویش تەنێ لەسەر ئەوەی خووی خۆی دابووە نووسینی رەخنەگرانە هەر رۆژەو لە لایەن هاوڕێیەکیەوە گرفتەکی لابەلای لۆ چێدەکرا و فڕێیاندەدا زیندانێ.. لە دوا جاردا بە شێوەکی وەها دڕندانە ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن تێکڕای جەستەی تێکدەشکێنن.. یەک ساڵی ڕێک لە نێوجێ دەکەوی بێ ئەوەی دامودەزگەک یان کەسەک هەبی یارمەتیی بدا و برینەکانی تیمار بکا.

کاتەک کە تەندروستیی خۆی هەندەک بەرەو چاکیی دەچی کیژەکەیان کە دە ساڵانەک دەبی نەخۆشییەکی کتوپڕ دەگری و پزیشکەکان دەبێژن 'ئەو نەخۆشییە لە دەرێی وڵات نەبی چارەسەر ناکرێ'.. هەڵبەتە هیچ دامودەزگەکی میریی هاوکاریی کەسەکی ئەوها ناکا کە دژبەری سیستەمەکەیان بی.. کەسوکارەکی ئەوهاشی نەبووە بتانن یارمەتیی بدەن.. لێ خۆی و هاوسەرەکەی لەبەرئەوەی کیژەکەیان تاقانە بوو و بە هەزار دەردەسەریی و دکتۆر و داودەرمانان پەیدایانکردبوو و بێ ئەندازە خۆشیاندەویست و زۆر دڵیان پێیەوەبووە بڕیاریاندابوو هەرچی هەیانە و نیانە لە پێناوی دابنێن.. سەرەنجام بە ناچاریی خانییەکەی خۆیان دەفرۆشن و تەنێ خۆی و کیژەکەی بە قاچاغ ڕێی دەرێ دەگرنەبەر چونکێ پارەکەیان بەشی ئەوەی نەدەکر هاوسەرەکەشی لەگەڵیان دەربچی. کە دەگەن هەر زوو نەخۆشیی کیژەکەیان چارەسەردەکرێ و مافی نیشتەجێبوونیش وەردەگرن.. هەرچەندە تەندروستیی خۆی لە ژێر کارتێکردنی ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی کە دابوویان باش نەبوو لێ خەریکبوو ژیان و گوزەرانیان دەبوژاوە، کیژەکەیان هێندە ناسک و جوان ببوو هەر دەتگۆت ناسکە ڕێواسی بن بەردووکانە.. دەستی بە خوێندن کرد و زۆریش زیرەک بوو تێیدا

چونکێ بابی لە پاش ئەو هەموو شکستیی و بەشمەینەتییانەی خۆی تەنێ دڵی بەوە خۆشبوو کە مرۆڤەکی نموونەیی لە کیژەکەی چێبکا.. زۆر گرنگیی پێدەدا و لە هەموو بوارەک دەرفەتی لۆ دەڕەخساند تا کەسەکی وەهای لێدەربچی کە وەک مرۆڤەکی ئازاد لە هەموو ماف و حەز و ویستەکانی بەهرەمەند بی.. لێ داخی گەورە و گرانی وی ئەوە بوو تا پێنج ساڵی ڕێک نەیتانی هاوسەرەکەی رابکێشی!

لە ماوەی ئەو پێنج ساڵە تا رادەکی باش خۆی فێری زمانی ئێرە کردبوو بە ئاخافتن و خوێندنەوە و نووسینەوە.. لە زمانەکەی خۆشی لە هەردوو بواری هۆنراوە و چیرۆکان زۆر گەشەیکردبوو.. لێ ئەفسووس تا تانیان دەزگە بیرۆکراسیی و رەگەزپەرست و دژەمرۆییەکەی کاروباری پەنابەریی سەر بە وەزارەتی نێوخۆ رازییبکەن رێ بە هاوسەرەکەی بدا بگاتە کنیان خەریکبوو خۆی بە تەواویی بڕستی لەبەردەبڕا چونکێ کۆمەڵە نەخۆشییەکی قورسی لێوەدەرکەتبوو و هێدی هێدی بنکۆڵیان دەکرد.. سەرەنجام نەخۆشییەکانی تەنێ یەک ساڵ دەرفەتیان داێ لە نێو باوەشی هاوسەرەکەی بنووی.. ئیدی مەرگی ناوادە لوولیدا و نەیهێشت وەک ئەوەی دەیویست کەسەکی نموونەیی لە کیژەکەی چێبکا و ئارەقەی ماندیبوونەکانی لە بن سێبەرکەیدا بسترێ، بە پێی راپۆرتی پزیشکەکان هۆکاری مردنەکەی ئەوە بووە کە هەموو نێو هەناوی بە مادەکی ژاراویی و کوژەر ئالوودە ببوو، بە کورتییەکەی ئەو خانەوادە هەمان ئەو خانەوادە بوو کە دەمەک پێش ئێستا لە دەرێ زەلامەکمان دیت و گوتم گۆبەندەکی زۆر خراپی بەسەر خانەوادەکی خزمی خۆیان هینا.. جا ئەو زەلامە پێش ئەوەی ئاوارەی هەندەران ببی لە دەزگەی ئاسایش بە شێوەی نهێنیی کاری کردبوو و هەر لەو رێیەشەوە زانیبووی پیاوەکەی ئەو خانەوادە کە ئامۆزای خۆی بوو پێش ئەوەی لە زیندان ئازاد بکرێ ژارخوارد کرابوو لێ بێدەنگیی لێکردبوو تا لێرە پاش مردنی ئەوجا لە کن هاوسەرەکەی گۆتبووی 'ئەو کەسانەی لەوان دەمان دەستگیر دەکران و دەیاننارده ئەو زیندانەی کە هاوسەرەکەتی لێ بەندکرابوو بە نیازی لەنێوبردن دەیانناردنە ئەوێ.. جا هەر زیندانییەک لەوێ یان لە ژێر ئەشکەنجەدان دەکوژرا یان پێش ئازادکردنی 'زەڕنیخ'یان دەرخوارد دەدا تا جەستەی ژاراویی ببی و وردە وردە خۆی لەنێوبچی'!

کیژەکەی ئەو خانەوادە بەلەنگاز و دامایە پاش مردنی بابی ئیدی ئەو گرنگیپێدان و چاودێرییکردنەی جارانی نەما و وردە وردە لە وانەکانی خراپ و خراپتر دەبوو.. لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە بە هۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ هاوڕێیەکانی ئالوودەی دەرمانخواردن ببوو.. هەروا لە رێی وەکارهێنانی بەرنامە نەرێنییەکانی سەر ئینتەرنێت لەو تەمەنە ناسکەی خۆی بە شێوازەکی زۆر ناتەندروست و توندڕەوانە فێری دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی ببوو.. داکیشی هەر لۆ خۆی ژنەکی کەم ئاست و خاووخلیچک بوو.. لەگەڵ ئەوەی هاوسەرەکەی زۆر رێزی لێدەگرت و زۆر خۆشی لەگەڵ ماندییکردبوو تا هۆشیارتری بکاتەوە لێ هەر نەیتانیبوو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لەسەر چێبکا.. ئیدی ئەو ژنە بەو کۆستەی مردنی هاوسەرەکەی لە وڵاتەکی ئەوها و دوور لە کەسوکاری خۆی هەر بە ئێکجاریی بێ بارتر و سەرکزتر ببوو.. واتە نەک هەر نەیدەزانی بە پێی پێویست سەرپەرشتیی کیژەکەی بکا بەڵکە لەوەش بێ هایی بوو کە خەریکی چیە و چ دەکا، کیژەکەی بێجگە لە خوێندنەکەی زۆر خولی وەک شانۆ و وەرزش و سەما و لەو بابەتانەشی وەرگرتبوو.. لێ پاش مردنی بابی هەر بە رووکەش خەریکی ئەو خولانە بوو بە تایبەتییش لە خولی سەمایەکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی فێری ئەوە ببوون خۆیان لە وانەکەیان دەدزییەوە و دەچوون لە ماڵی هاوڕێیەکیان بە پێی ئارەزووە هەرزەییەکانیان

کاتی خۆیان بە دەرمانخواردن و هەڵسوکەوتی سێکسیی وەک ئەوەی لە فیلمە سۆز ورژێنەرەکان دەبیندرێن بەسەردەبرد.. بە کورتییەکەی بە تەواویی لە خوێندن و پەروەردەبوونەکی ئاسایی و ئەرێنیی دوورکەتبۆوە.

ئەو کیژە بێجگە لەوەی زۆر ناسک و دەستوپێ سپی بوو.. بە هۆی ئەو جۆرە پەیوەندییە نەرێنییانەشی وەیلێهاتبوو تووشی لادانەکی زۆر ببێ و و ژیانی یەک پارچە ببێتە ئەندێشە و تا سەر ئێسکان گومڕا ببێ.. هێندە توندڕەوانە لە قوونڕا سێکسیی کردبوو نێو کوونی قوونی یەک پارچە ببووە گۆشتپارە و زۆر بە سەختیی و بە ئازارەوە دەیتانی پیسایی بکا.. کەچی هێندە ساویلەکە بوو نەیدەزانی ئەوە زەبری کیرە تووشی ئەو نەخۆشییەی کردیە.. هەر ئەوهای هەستدەکرد کە لە کاتی گانگردن تشتەک لە نێو قوونی بەجێمابێ! ڕۆژەکیان لە تەک هاوڕێیەکی خۆی لەو بە ناو خولی سەمایە پێکەوە دەگەڕێنەوە و هەر لە ماڵی خۆیان مێوانداریی هاوڕێیەکەی دەکا تا پێکەوە تشتەک بخۆن.. لێ لەبەر ئازاری کونی قوونی نەیدەتانی لەسەر قوونان دابنیشی.. ئیدی بە پێی مێشکە سادە و ساکارەکەی خۆی ئەوە بە دەرفەتەکی چاک دەزانی کە بە ئامادەبوونی هاوڕێیەکەی لە کن داکی باسی ئازاری قونی بکا تا ئەگەر داکی بەوە نیگەران بوو ئەوە خۆی و هاوڕێیەکەی دڵی بدەنەوە.. ئیدی هەندەک نازونووزان دەکا و بە شێوەکی ئاسایی بە داکی دەبێژی:

- دایە.. دەزانی ئەمن هەستدەکەم تشتەک لە نێو قوونم بەجێمابێ و تا دێ گەورەتریش دەبێ.. جا نازانم ئەوە ئی چیە؟ (داکی سەرەتا زۆر سەری سوڕدەمینێ پاشان زۆر بە تووڕەیی هاواری لەسەر دەکا):

- ئەوە چ دەبێژی ئەتوو هەی بێ ڕەوشت؟! تشتەک لە نێو قوونت بەجێمایە و نازانی ئی چیە!! ئەوە ئەتوو شێت بووی... (دەستانی دەخاتە سەر هەردوو چۆکی کیژەکەی و لاقانی لێکدەترازێنی لۆ ئەوەی تەمەشای نێوگەڵی بکا بزانی چیلێهاتیە یان چیانلێکردیە.. چونکێ لە مەژیی ئەودا قوون ئی ئەو کارانە نییە تا تشەکی بەسەربێ.. لە کنە وی هەر تەنێ پەردەی کیژێنیی گرنگ بوو.. کەچی بێ هایی بوو لەوەی کە قوزی کیژەکەیان کردیتە دۆلکە و لەمێژیشە لە دواییڕا خەریکینە) با بزانم چت بەسەرهاتیە هەی بێ ئابڕوو؟ (کیژەکە زۆر دەترسێ لەبەرهەندێ بیردەکاتەوە کە باشترە ڕاشکاوانە باسیبکا.. ئیدی لەسەرەخۆ دەبێژی):

- نا نا دایە.. پێشەوەم هیچی لێنەهاتیە.. ئەمن گۆتم قوونم.. زۆر دەیەشی.. کە پەنجەی تێڕادەکەم تشتەک وەبەر پەنجەم دەکەوی و هەستدەکەم تشتەکی وەک 'سەرەکیر'ەکی تێیدا بەجێمابێ.. (داکی چاوانی دەچنە پشتی سەری لێ خۆی رادەگری تا قسەکانی تەواوبکا و لۆی دەربکەوی بزانی چیانلێکردیە) نا دایە.. ئی کەسییان نییە.. ئەوان هەموویان زۆر نەرمونیانن لەگەڵم و کووی ئەمن دەمەوێ ئەوهام لۆ دەکەن.. ئەمن دەزانم هەر ئی ئەو کوڕە هیچوپووچەیە کە ئەتوو دەتگۆت کەسەکی باشە.. ئاخر دایە ئەو کیری زۆر ئەستوورە جا سەرەکەشی زۆر گەورۆنەیە و هەموو جارێ بە تۆبزیی لە قوونم دەپەستی.. دوا جار کە دەریهینا هاوارەکی لێهەستا.. نازانم... لەو ڕۆژەوە نەمهێشتیە توخنم بکەوی.. غەم مەخۆ دایە هەر چاکدەبتەوە.. ئەگەر ئەتوو لەگەڵم بێی لۆ خەستەخانە ئەوە بە هاسانیی وەک خۆی لێدەکەنەوە... (ئیدی داکی بە قیژەقیژ و هاتوهاوارەوە بە هەردوو دەستان لە سەری خۆی دەدا.. هەروەک پشیلەکی دڕ کە هەموو لایەکت لێگرتبێ و تەنگاوت کردبێ.. پڕیدەداتێ و بە هەردوو دەستی پرچی دەڕنتەوە و بە جنجرۆکان هەندەک دەموچاوی دادەڕووشێنی.. هاوڕێیەکەی کیژەکەش هەر زوو لە ترسان بەجێیاندەهێلی و تەلەفۆن لۆ پۆلیس دەکا.. ئیدی پۆلیس دێن و هەردووکیان دەبەن؛ کیژەکە لۆ خەستەخانە و داکیشی لۆ پۆلیسخانە).

پاش ئەوەی چارەسەری برینەکانی کیژەکە دەکەن ماوەکی چاک لە فەرمانگەکی چاودێریی دژ بە توندوتیژیی پەنای دەدەن و بەخێویدەکەن.. تا بە تەواویی لەوە دڵنیادەبن کە جارەکی دیکە داکی دەستدرێژیی ناکاتەسەر ئەوجا بە کۆمەڵەک ئامۆژگاریی و رێنمایی رادەستیدەکەنەوە، ئیدی هەرچی هیوا و رۆناهیی هەبوو لە دڵی ئەو داکەدا دەکوژێتەوە و هیچ هومێدەکی بە کیژەکەی نامینێ.. شەرمیدەکرد لە کن هەر کەسەک کە بەو کێشەی زانیبوو هەر سەری خۆشی هەڵبپریی.. وەیلێدی کەلکەلەی ئەوەی بکەویتە سەری کە کیژەکەی بەجێبهێلی و بگەڕێتەوە نیشتمان، هەر لەو دەمیش ئەو زەلامە واتە خزمەکەیان گەڕابۆوە نێو پارتیەکەی.. ئەو جارە لە دەرێ وەک کرێگرتەکی نهێنیی کاردەکا و راپۆرت لەسەر ئەو پانابەرانە دەنووسی کە لە دەست پارتیەکەی وی ئاوارە ببوون.. پاش ئەوەی بەو مادایەی کیژ و داکێ دەزانی راپۆرتەکیان لەسەر دەنووسی.. ئیدی بە پیلانی پارتیەکەی بە پەلە خۆی دەگەینتە کنیان و دەچتە بن کلێشەی ئامۆژاژنێ و پێیدەبێژی:

- تازە ئەتوو هاوسەرەکەت هەر چووە چووە.. هەر ئەویش بوو لێرە کیژەکەتی ئەوها پەروەردەکرد تا بەو دەردە بچی و ئەتووش ئەوها لە کن هەموو خزم و دۆست و دوژمنان بە پەند بچی و سەرشۆڕ ببی.. زۆر باشترە خۆت لە کیژەکی ئەوها بێبەریی بکەی.. دڵنیابە تا ئەو کیژە لە کنت بمینێ و هەر ئەوهاش لێرە لەو وڵاتە بی کە تەنێ جێی بێ رەوشتانە و لۆ ژنان هیچ باش نییە ئەوە هەر شەرمەزارتر و سەرشۆڕترت دەکا! ئەگەر ئەتوو بە گێی من بکەی ئەوە وەدەکەم پارتیمان لە وڵاتی خۆمان ژیانەکی چاکت لۆ دابین بکا.. لێ بە مەرجەک کیژەکەت لێرە بەرەڵابکەی و تەنێ خۆت بگەڕێیەوە.. لەوێش غەمت نەبی تشتەکی وەهات لۆ رێکدەخەم بە ناوی ئەوەی کە هاوسەرە جوانەمەرگەکەی توو تێکۆشەرەکی مەزن و ئەندامەکی بەرزی پارتی بووە لە تەلەفزیۆن چاوپێکەتنەکت لەگەڵ سازبدەن.. ئەمن هەر خۆم هەموو پرسیار و بەرسڤەکانت لۆ ئامادە دەکەم.. گرنگ ئەوەیە لە چاوپێکەتنەکە وەها بدوێی کە پاش ئەوەی هاوسەرەکەت تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە دەبی پارتی بە نیازی چارەسەکردن دەینێرتە دەرێ لێ بە داخەوە نەخۆشییەکەی لەوە تێپەڕیبوو چارەسەر بکرێ و هەر بەو هۆیەوە گیانی پاکی خۆی دەبەخشی، ئیدی نانت دەکەویتە روونێ؛ خانییەکی چاکت دەدەنێ و تا دەشمری مووچەکی چاکت لۆ دەبڕنەوە و لۆ خۆت بە سەربەرزیی لە نێو کەسوکار و خزمانی خۆت دەژی، هەر کە چووشیەوە ئەوها لە خزمان بگەیەنە کە 'رۆژەکیان کیژەکەم لەگەڵ دەستەخوشکەکی خۆی و کوڕەکی هاوپۆلی خۆیان لە فرۆشگەکەی خوێندنگەکەیان دادەنیشین و کوڕەکە دەیەوێ دەستدرێژیی بکاتە سەر دەستەخوشکەکەی.. کیژەکەی منیش لەبەرئەوەی زۆر رەوشت بەرز و بوێر و ئازایە بەرگریی لێدەکا و بەرانگژی کوڕەکە دەبتەوە و چەند بەرداغەک لە سەری دەشکێنی و تەختی زەوی دەکا! لەسەر ئەوە ماوەک بەندی دەکەن و پاشان دەیخەنە بن چاودێریی پۆلیس.. ئاخر لەو وڵاتانە جوایەزیی لە نێوان کیژان و کوڕان ناکەن ئەگەر کیژەکیش لە کوڕەک بدا پۆلیس دەیگری.. جا ویستم لەگەڵ خۆمی بهینمەوە لێ چەندی کردم نەیانهێشت و گۆتیان تا ماوەکی دیکە دەوڵەت بەرپرسیارە لە پاراستنی ژیانی'.. ئیدی بەو شێوە ئەو ئابڕووچوونەمان تێدا بزردەبی و ئەوەش لۆ توو و لۆ هەردوو بنەماڵەکەشمان باشترە و خۆشت لێرە رزگاردەبی و ژیان و گوزەرانەکی چاک لە نێو کەسوکاری خۆمان بەسەردەبەی...

بارودۆخەکەی داکی ئەو کیژە زۆر لەبار بوو لۆ ئەوەی ئەو پیلان و قسە لووسانە زۆر بە هاسانیی وەربگری.. هەر زۆر بە پەلە و بە هەمان ئەو شێوەی کە خزمەکەی نەخشەی لۆ کێشابوو گەڕاوە نیشتیمان و لە

تەلەفزیۆن چاوپێکەتنەکەیان لەگەڵ کرد و بە پێی خواستی خۆشی ژیان و گوزەرانەکی باشیان لۆ دابینکرد.. پاش ماوەکیش هاوسەرەکی ڤیت و ڤۆزی پەیدادەکا!

سەرەنجام ئەو کیژە لە پاش ئەو سەرهاتەی و دابڕان لە داکی تووشی ژیانەکی زۆر سەخت و ناخۆش دەبی و بەرەو چارەنووسەکی نادیار ملدەنێ، ئیدی ئەو خزمەیان بە ناوی ئەوەی ئامۆزای بابی ئەو کیژەیە خۆی لێ نێزیک دەکاتەوە بە ئارەزووی خۆی لەگەڵی رادەبوێری و زۆر جاریش وەک سۆزانییەک بە کرێی دەدا و پارەی پێ پەیدادەکا.. پاش ماوەک دیسان هەر بە پیلانی پارتیەکەی زۆر خەریکیدەبی کە ئەویش وەک خۆی بکاتە راپۆرتنووس یان وەیلێبکا بچی پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ ئەو پەنابەرانە چێبکا کە دژبەری ئەوانن تا نهێنییەکانیان ئاشکرابکا.. لێ ئەو هەم لەبەر دەرمانخواردن و بەزموورەزمی رابواردنی خۆی زۆر بێ بار دەبی و بە کەلکی ئەو کارانە نایێ.. هەم لەو سەروبەندیش رۆژەکیان بە رێکەت پەیوەندیی لە تەک هەندەک کەسی نێو رێکخراوە مرۆدۆستەکان لۆ دروستدەبی و ئیدی دەکەویتە ژێر کارتێکردنی ئەوان و وردە وردە دەگەڕێتەوە سەر رێچکەی ژیانی ئاسایی خۆی، ئەو جارە بە هۆی پەندوەرگرتنی لەو شکستەی بەسەریهاتبوو زۆر بە گرنگیپێدان و بڕوابەخۆبوونەکی زۆرەوە روو لە خوێندن دەکاتەوە.. سەرەنجام پێبەپێ قوناغەکانی خوێندن دەبڕی و بڕوانامەکی بەرز لە هونەری سەمای جیهانیی وەدەستدەهینی.. پاش ماوەک کارکردن لە بوراەکەی خۆی دەبتە یەکەک لە باشترین و ناودارترین سەماکەرەکان لە سەر ئاستی هەموو جیهان. هەرچەندە ئەگەر بابی بمابا زۆر دڵی بەو پێگە بەرزەی کیژەکەی ئاوی نەدەخواردەوە چونکێ ئەو دەیویست ئەگەر نەبتە بیرمەندەک یان رۆناکبیرەکی مەزن ئەوە بە لایەنی کەم ببتە کەسەکی رامیاریی گەورە و وەک چرایەک لۆ ئامانجەکانی گەلەکەی و سەرجەمی مرۆڤایەتی دابگیرسێ.. لێ سەرەنجام تانی سەری خۆی و بابی بەرزبکاتەوە و بیسەلمێنی هونەرمەندانی میلەتەکەی ویش وەک ئی هەر میللەتەکی دیکە مرۆڤپەروەرن و دەتانن هونەری جیهانیی بەرەپێشەوەببەن؛ ئەوەبوو لە بەشدارییکردنی لە نمایشەکدا لە میهرەگانی سالانەی نێودەوڵەتیی سەما خەڵاتی یەکەمی وەدەستهینا.. هەر لە ئاهەنگی وەرگرتنی خەڵاتەکەشی کە زۆربەی دەزگە میدیاییە جیهانییەکان بڵاویانکردەوە ژیاننامەی خۆی بە کورتیی خوێندەوە کە تێیدا زۆر بوێرانە و بە راشکاویی باسی لە شکستییەکانی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی کرد.. هەروا ئەو مێژووە ساختەشی کە لۆ بابیان دروستکردبوو راستکردەوە.. زۆر بە جوانیی ئەوەی رۆنکردەوە کە بابی پاش تێکۆشانەکی زۆر گیانی خۆی لە پێناو میللەتەکەی خۆی بەخشی و هەر بە هۆی بەرگرییکردنیشی لە راستییەکان و لە مافەکانی مرۆڤ لەنێویانبرد.. هەموو ئەو کەس و لایەنانەشی ریسوا و شەرمەزار کرد کە بە درێژایی ژیانی ئازار و ئەشکەنجەی بابیان دابوو و دوا جاریش بە ژاردەرخواردان تیرۆریان کرد.. لە کۆتاییشدا بەڵێنی بە هەموو خەڵکی وڵاتەکەی خۆی و جیهان دا کە سەرجەم نووسینەکانی بابی لە پەرتووکەک و لەسەر ئەرکی خۆی بە چاپ دەگەینی و لە پێشەکییەکەشیدا بە درێژیی باس لە ژیاننامەی بابی دەکا و قازانجی پەرتووکەکەش دەبەخشیتە ئەو دەزگە و رێکخراوانە کە بێ بەرانبەر هاوکاریی میللەتە چەوساوەکان و کەسانی هەژار و بێ دەرەتان دەکەن.

* * *

ئەو دوو سەرهاتە کارەساتبارە بەو شێوە گێڕانەوە جوان و هونەرییەی هاوڕێ کلاوقوتێ فرە کاریان تێکردم؛ لە لایەک چێژەکی فرە خۆشم لێدیتن لە لایەکی دیکەش زۆر نیگەران و دڵپڕ بووم پێیان.. پاش ئەوەی دەستخۆشییەکی زۆرم لێیکرد پێشنیاری ئەوەم کرد کە پێویستە وەک ئەرکەکی سەرشانمان ئەو سەرهاتانە و خۆشم کۆمەڵەک سەرهات و چیرۆکی لەو بابەتانەم لە کن هەن هەموویان خڕبکەینەوە و لە پەرتووکەک بە چاپیان بگەینین یان زۆر باشتر و جوانتر دەبی ئەگەر وەک کەرستگەلەکی هونەریی لە نێو ڕۆمانەک وەکاربهێندرێن کە دڵنیام لە هەر ڕۆمانەکی دیکە چێتر دەردەچی و دەبتە داهینانەکی زۆر وەپێز و دانسقەی هەم وێژەیی و هەم مێژوویی.. هەروا گۆتیشم:

ئەوەی دووەم کە سەرهاتی خانەوادەک و کیژەکەیانە فرە فرە گرنگ و بایەخدارە چون بێجگە لەوەی ئەوان وەک سەتان خانەوادەی دیکە بە هۆی سەرکوتگەریی دووچاری کارەساتی جەرگبڕی لەو جۆرانە بوونە و پێویستە نەوە تازەکان هاییداری ئەو مێژووە بن.. لایەنە وێژەیی و هونەرییەکەشی کە بەو شێوازە جوان و باڵکێشە لە شکست و سەرکەتن و وەئامانجگەیشتن دەدوێ ئاسۆیەکی گەش و ورەکی زۆر بەو گەنجانە دەبەخشی کە تازە وێڕادەگەن، ئەوەی یەکەمیش کە سەرهاتی کاکە کیژانیی و خانەوادەکەیتی هیچی کەمتر نییە لەوەی دووەم.. لێ لەوەیان هێشتا چارەنووسی کاکە کیژانیی نادیارە و باشترە چارەنووسی ئەویش بزانین و بە هەمان شێوە داڕێژتن ئەویش بنووسین و بیخەینە سەری.. هەرچەندە لەوڕۆدا بە ئەنجام نەگەیشتن و خۆ لادان لە ئامۆژگاریی و دیارنەکردنی ڕێگەچارە و هێشتنەوەی دەق بە کراوەیی شێوازەکی تازەیە لە نووسین و جۆرەک لە جوولە و زیندیێتیی بە دەقەکە دەبەخشی و لە ئەنجامی بنبەست ڕزگاریدەکا.. واتە پرسیارگەلەک لە کن خوێنەر بەجێدەهێلی و هانیدەدا تێبهزری و وەدوو بەرسڤەکان بکەوی.. لێ ئەمن وەهای دەبینم ئەو سەرهاتە جودایە و زۆریش هەستیارە.. پێویستە بێجگە لە هەردوو کایەی هونەریی و هزریی کار لەسەر لایەنە مێژووییەکەشی بکرێ و بابەتەکە لە نیوەیدا نەپچڕێ.. واتە بێ زانینی چارەنووسی کاکە کیژانی چیرۆکەکە ناتەواو و نیوەچڵ دەردەچی و ڕەنگە بەدبینییەکی زۆریش لە کن خوێنەر دروستبکا و خراپ حەژمەتیان بدا.. ئاخر ناکرێ خوێنەر لە دووڕیانەک بەجێبهێلدرێ و تووشی سەرگەردانیی ببی..

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی ئاماژەم پێدان پێش ئەوەی هاوڕێیەکەم بەجێبهێلم هەرێی ئەوەم پێیدا کە وەدوو چارەنووسی کاکە کیژانیی دەکەوم و تا پەیدۆزیشی نەکەم کۆڵنادەم.



سۆراغکردنی کاکە کیژانیی ببووە خولیایەکی گەورەی من.. هیچ هاوڕێ و کەسەک نەمابوو چارەنووسی وی لێنەپرسم.. زۆر دڵم بەوە دەکوشرا کە گومانی نەمانیم دەکرد، چەندین مانگ تێپەڕین.. هیچ سەرەداوەکم وەچنگ نەکەت.. زۆر بێ هومێد ببووم و خەریکبوو تەواو بگەمە ئەو بڕوایەی کە گیانی سپاردبی و هیچ کەسەکی لای خۆمان پێی نەزانیبی.. کەچی ڕۆژەک بە نیازی ئامادەبوونم لە کۆڕەکی وێژەیی کە لە قاوەخانەی پێش هۆڵی کۆڕگێڕانەکە دانیشتبووم و لە چاوەڕوانیی کاتی چوونەژۆرێ خەریکی قاوەخواردنەوە بووم.. چەند کورسییەک لە هێوەی من کیژەک لەگەڵ دوو کەسی دیکە دانیشتبوون و زۆر سەرنجی ڕاکێشام.. ئەوەی هەرگیز

لەو دەم بە مەژییمدا نەدەچوو کاکە کیژانیی و خانێ کوڕانیی بوون.. لێ ئەو کیژە یەکسەر ئەوانی وەبیرهینامەوە.. ئاخر کتومت دەتگۆت خانێ کوڕانییە و لەگەڵە وی بە یەک زگ لە دالک بوونە و جمکن.. ئەگەر بە جوانەمەرگبوونی خانێم نەزانیبا ئەوە بێ هیچ گومانەک دەمگۆت خۆیتی.. لەبەرهەندێ تەواو لەوە دڵنیابوومەوە کە ئەوە کیژە تاقانەکەیانە؛ بێجگە لەوەی هەموو جوانییەکانی خانێی لەخۆگرتبوو گەلەک وشت و وریا دەهاتە بەرچاوان.. زۆر سەربەست و پڕ هەژموون دیاربوو.. هێندە بەلەز و رەوان دەدوا ئەو دوو کەسەی لەگەڵی بوون تەنێ بە 'ئەرێ ئەرێ و وەیە وەیە' رادەگەیشتن! زۆر کۆشام تا دان وەخۆدا بگرم لێ خۆم پێ بەرزەفت نەکرا و ناچار بەرەو کنیان خشیم.. بە هەر جۆرەک هەبوو خۆم پێناساندن و کەتینە نێو قسان؛ ئەرێ.. بە هەڵەدا نەچووبووم.. کیژە تاقانەکەی خانێ کوڕانیی و کاکە کیژانیی بوو.. لە خۆشییان نەمدەزانی بیرم لە چ دەکردەوە و چم دەکرد! لە هندوڕێ خۆم دەمگۆت 'نا نا هەوە.. خۆ ئەوەش فیلم نییە تا دەرهێنەری گەمژە بە ئارەزووی خۆی و هەر لەخۆوە رێکەتی نابەجێی دروستکردبێ'! هەر لەو دەمیش لە بەدبەختیی خۆم کاتی دەستپێکردنی کۆڕەکە داهات.. لێ ئەمن لەو چەند خولەکەی پێش چوونە نێو هۆڵەکە ئامانجی خۆم پێکا و بەوە راگەیشتم کە زانیم بابی هێشتا لە ژیاندایە و لێرە دەژی.. پاش کۆڕەکەش لەبەرئەوەی دوو کەسی لەگەڵ بوون و خۆشی دەیویست زوو بگەڕێتەوە و بگاتەوە شارەکەی خۆیان دەرفەتی ئەوە نەبوو بە پێی پێویست قسەی لەگەڵ بکەم و زۆر بچمە نێو باسی سەربردەی ژیانی ئێرەی کاکەی بابی لێ باش بوو پێش ئەوەی بڕۆن ژمارەی تەلەفۆنمان گۆڕیەوە.

دەمویست تا زانیارییەکی باش لەسەر کاکە کیژانیی پەیدانەکەم و نەیبینم ئەو یەکدی ناسینەم لەگەڵ کیژەکەی بە هاوڕێ کڵاوقوتێ نەبێژم، چەند جارەک لەگەڵ خانمێ بە تەلەفۆن قسەمان کرد و هەندەک سەرگوزشتەی بابی و ئاوارەبوونەکەی لۆ گێڕامەوە هەروا چیرۆکی گەیشتنی خۆشی بەو وڵاتە.. تا دەهات نێوانمان خۆشتر دەبوو و وەک دوو هاوڕێی تازە کە دەکەونە بەر دڵی یەک پەلەمان بوو باسی زۆرترین تشت لۆ یەکدی بکەین.. لە دوا پەیوەندییمان داوام لێیکرد کە زۆر حەزدەکەم قسە لەگەڵ کاکەی بابی بکەم و هەر کاتەکیش دەرفەتی هەبی بتانم بچمە کنی و بە دیداری شادمان ببم.. کەچی لە وەرامدا گۆتی:

- نا نا.. داوای بووردن دەکەم کە نە دەتانی قسەی لەگەڵ بکەی نە دەشتانی ببینی! ئەوەش لە دەستە مندا نییە و زۆریشم پێ ناخۆشە.. نازانم کووت لۆ رۆنبکەمەوە.. لە راستییدا بابم بێجگە لەوەی گرفتەکی گەورەی دەروونیی هەیە دووچاری جۆرەک لە نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بووە واتە زۆربەی یادەوەرییەکانی لەبیرچووە تەنانەت خۆشەویستترین تشتی ئەو کە پەرتووکەکەیتی زۆر بە کەمیی بەبیریدێتەوە.. سەرەڕای ئەوانەش تووشی گرفتەکی گەورەتریش بووە.. ئەویش ئەوەیە کە هەر پاش ساڵەک لە گەیشتنە ئێرە ژنەک کە سەرپەرشتیی تەندروستیی و کاروباری خەستەخانەکەی دەکا لەبەری دەبتە خاکوخۆڵ و بە هەموو جۆرەک لە راژەیدا دەبی تا سەرەنجام دڵیان دەکەویتە سەر یەکدی و هاوسەرگیریی دەکەن، بابم هەر ئەوەندەی خۆشدەبی تا دەبتە هاوسەری.. ئیدی ئەو ژنە بابم دەکاتە ئەنگوستیلەک و لە پەنجەی خۆی دەکا.. ئەوە راستە تا ئێستاکەشی لەگەڵدابی لە رووی تەندروستیی و ژیانەوە زۆر وەکەلکی هاتیە و ئەگەر ئەو نەبا رەنگە چارەنووسەکی خراپتر چاوەڕێی کردبا.. لێ نەک بەو جۆرەش کە وەیلێکردیە لە هەموو تشتەک دابڕێ تەنانەت لە پەیوەندییەکانیشی ئازاد نەبی.. ناهێلی پەیوەندیی لە تەک هیچ کەسەکی لای خۆمان هەبی تەنانەت بە تەلەفۆنیش.. هەرچەندە بابیشم نیگەرانە بەوە لێ رەنگە خۆشت بیناسی کە کووە لە بەرانبەر

ژنان و ناتانی به هیچ شێوەک بێدڵییان بکا تەنانەت ئەگەر خراپیش بن و زۆریش ئازاری بدەن! جا لۆ ئێستا دووباره داوای بووردن دەکەم که هەر پەیوەندییەک لەگەڵ بابم تووشی گرفت و دەردەسەریی دەکا..

- زۆر وەداخەوە دادە گیان (ئەمن هەر بە دادە ناومدەبرد)، ئەوە زۆر ناخۆشە لۆ من.. باشە دەرفەتی ئەوەش نابی بە دزیی بیبینم؟

- نا نا ئەوەش نابی ببوورە، نازانم.. ئەمن هەستدەکەم بەڕێزت زۆر دڵسۆزی لۆ بابم و ئەو بارودۆخەی وی ئازارت دەدا.. لێ غەمت نەبی کاک ئامۆزا.. ئەمن ئێستا نەخشەکم وەدەستەوەیە.. ئەویش ئەوەیە کە یان ئەو ژنە هەموو ئازادییەک بە بابم بدا یان ئەوەتە دەستبەرداری یەک ببن و بە تەواویی رزگاریبکەم.. دڵنیاشم دەتانم نەخشەکەم جێبەجێ بکەم.. بەس ئەوە رەنگە هەندەک کاتی بووێ.. جا نیگەران مەبە و رۆژەک هەر دادێ کە بتانی بیبینی، ئێستا گرنگترین تشت لە کنە من ئەوەیە کە پەرتووکەکەی بە چاپ بگەینم.. هەڵبەتە هەر لەبەرئەوە نا کە ئی بابمە بەڵکە ئەمن هەر خۆشم هاوڕێی پەرتووکانم و حەز بە خوووندنەوە و کاری رۆشنبیریی و بابەتە وێژەیی و هونەرییەکان دەکەم و دەمەوێ ئەو کارە جوانەی بابیشم بکەویتە بەر دیدەی خوێنەران.. ئەو کاتەی کە لە شارەکەی خۆتان لە کۆڕەکە بە یەک ئاشنا بووین ئەوە هەر لە پێناو کۆڕەکە نەبوو کە لەوێ بووم بەڵکە بە پلەی یەکەم بە نیازی چاپکردنی پەرتووکەکەی بابم هاتبووم کە تەنێ لەوێ ئەو دەرفەتەم لۆ رەخسایە.. لێ ئێستا کارەکە لە سەرەتا دایە واتە ئەوە نییە کە تشتەکان هەموو ئامادە بن و پەرتووکەکە لە قۆناغی چاپخانە و راکێشان بی بەڵکە نە چاپکردنی دەقەکە و نە شێوەی بەرگ و نەخش و هێڵکاریی نێواخنەکەی هیچی نەکرایە.. جا نازانم کاک ئامۆزا.. خۆت دەیزانی ئەمن دوورم لەوێ و ئەو هاتوچۆیەش زۆر سەختە لۆ من.. هەستدەکەم بە هۆی جوایەزیی زمانەکەش زۆر قورسە کارەکە بە نامە و نامەکاریی ئەنجامبدرێ واتە دەبی کەسەک لە نێزیکەوە هایی لێبی و سەرپەرشتیی بکا.. لە راستییدا لەبەرئەوەی ئەمن خۆم دەرفەتم گەلەک کەمە و ئەو هاوڕێیانەشم کە لەو شارەی وە دەژین شارەزاییەکی زۆریان لەو تشتانە نییە.. نازانم.. جارەک بە پێی قسەکانت هەستمکرد شارەزاییەکت هەبی لە چاپ و چاپکردنی پەرتووک.. جا ئەگەر دەرفەتت هەبی بتانی لەوێ یارمەتییەکم بدەی واتە سەرپەرشتیی چاپکردنەکەی بکەی ئەوە هاوکارییەکی زۆر باش و گرنگ دەبی لۆ من و دڵسۆزیی نواندنەکی گەورەشە لۆ بابم..

- وەی بەسەر ئەو دوو چاوانەم.. هەر لە راستییدا گرنگترین و تاقە مەبەستی منیش لە دیتنی بابت هەر ئەوە بوو کە بتانم بە پێی توانا هەر یارمەتییەکی پێویست بی دریخیی نەکەم... (پاش ئەوەی ئەو کەس و جێیانەی پێ ناساندم کە بڕیاربوو کار لەسەر هووردەکارییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە بکەن.. لە خۆشییان دەمویست قسەکانمان زوو کۆتاییان پێبێ تا بە زووترین کات فریای کارەکان بکەوم) زۆر باشە.. سەرچاوان.. هەر لە ئێستاڕا خەریکدەبم.. لێ حەزدەکەم ئەوەش بزانی کە ئەمن چەند رێزم لۆ بابت هەیە و چەند خۆشمدەوێ.. بڕوا بکە هەر لەو روانگەوە ئەتووشم هێندەی بابت خۆشدەوێ.. بێجگە لەوەش ئەمن ئازایەتی و جوانییەکانی داکی جوانەمەرگت لە چاوە جوانەکانی توودا دەبینمەوە.. ئافەرین لۆ ئەو بابەت کە نەیهێشت وەجاغی داکە جوانەمەرگەکەت کوێر ببتەوە.. هومێدەوارم هەرگیز رێچکەی خانێ کوڕانیی بەرنەدەی.. (وەک ئەوەی بیەوێ شۆخییەکم لەگەڵ بکا گۆتی):

- زۆر سوپاسی هەستی بەڕێزت دەکەم کاک 'ئامۆزا کیژانیی' گیان! هاهاهاهاها.. ببوورە ئەو ناسناوەی تووم لەسەر کێشی ناسناوەکانی داک و بابم لۆ هات! دەی با بزانین... دووبارە زۆر سوپاس و بە نیازی دیدار.. (هەر کە ئەو قاقایە سۆز ورژێنەرە و ئەو وشە جوانانەیم ژنەوتن موچڕکەکی وەهام بە لەشدا هات خەریکبوو لە خۆشییان و لە ئاسوودەییان وەخۆمدا بکەم! تەنێ هێندەم وەبیردێ کە ئەمنیش گۆتم):

- زۆر باشە ئەمن بەو ناسناوە رازییم.. لێ ئەتووش لە ئێستاڕا لە کنە من بوویە 'دادە کوڕانیی' ئەوەش کارەکی باشە کە دەتانین هەردوو ناسناوی داک و بابت بپارێزین.. (وەبیرمنایێ دوا وشەم چ بوو و کووکوویی کۆتاییمان بە قسەکانمان هینا!).

ئیدی بەوپەڕی تواناوە خەریکی سەرپەرشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەی کاکە کیژانیی بووم (جوانیی ژنان تەپۆلکەکە لە رەهایی!). چاوەڕێکردنی کیژەکی وەک 'دادە کوڕانیی' کارەکی هێندە سانا نەبوو جا هەر چاوەڕوانییەکت لێی هەبا.. وەیلێکردبووم هەمیشە لە تەک ئەندێشەکانی خۆمدا بژیم! زۆر سەیر بوو.. خەریکبوو هەر لەو گۆڕەی و تەنێ بە هۆی ئەو ناسناوە نەفرەتییانە نەخشەی تشتەکی نێزیک لە بابەتی هاوسەرگیریی دابڕێژین! ئاخر دادە کوڕانیی بە تەمەن بە کیژی من دەشیا! خۆم بە خۆمم دەگۆت دەی دەبا سندان لە خۆم و لە تەمەنەکەم بدا.. خۆ هیچ نەبی پەیوەندیی لەتەک کیژەکی ئەوها جوان و نازادر و ژیر و هۆشمەند هەر خۆشە جا هەر جۆرە پەیوەندییەک بی.. دەی ڤیرسیا بەڵکە ئەمنیش بە دەردی کاکە کیژانیی دەچم و هەر لە راستییدا دەبمە 'ئامۆزا کیژانیی'! پاشان هەر خۆم بەرسڤی خۆم دەداوە و دەمگۆت نا نا.. ئەمن ئەوها نیم و ئەوهاش نابم و ئەوەش هەرگیز ناشێ و ناگونجێ.. ئاخر ئەمن چم لە نەوجەوانەکی ئەوها دایە! ئێ ئەمن خەریکی خەبات و تێکۆشان و رێکخراوەکی تازەم و بەرپرسیارییەکی گەورەم لە ئەستۆ دایە! ئەوە راستە کە ئەمن کوشتەی جوانییم و ئەگەر لە پێناوی جوانیی ..... نا باشترە هەر لێرە بیبڕمەوە چونکێ هەستناکەم تا کۆتایی ژیانیشم ئەو ناکۆکییانەم وازملێبهینن.. دەی با بزانین کوو دەبی..

- ٢٧ -

کاتی ئەوە هاتبوو هاوڕێیەکەم 'کڵاوقوت' لە پەیدۆزبوونی کاکە کیژانیی هاییدار بکەمەوە.. بێجگە لەوە پێویستیشم پێی هەبوو چونکێ ئەو شارەزاییەکی باشتری هەبوو لە من سەبارەت بە رێوشوێنی چاپ و بڵاوکردنەوە، پێش ئەوەی ئەمن وێڕابگەم پەیوەندیی پێوەبکەم ئەو خۆی تەلەفۆنی کرد.. پاش چاکوخۆشیی و هەندەک قسەی دیکە گۆتی:

- هیچ چار نییە ئەو جارە.. تا مێواندارییەکم نەکەی هەرگیز هیچت لۆ ناگێڕمەوە.. لەو چەند رۆژەی بەریی لە جێیەک سەرهاتەکی زۆر زۆر گرنگ و پڕ بایەخم بیست.. ئی دوو کەسیشە نەک یەک... (هەر نەیدەبڕیەوە.. هێندە بە گرنگییەوە باسیدەکرد و هێندە دووبارەی کردوە تا ناچاریکردم هەرێی بدەمێ مێوانداریيەکی بکەم لێ بەو مەرجەی هەر دەمودەست لە تەلەفۆن بیگێڕتەوە.. ئیدی دەستییپێکرد):

- باشە هاوڕێ.. راوەستە پێشەکییەک باسبکەم ئەوجا دێمە سەر خودی سەرهاتەکە؛ خۆت دەیزانی ئەمن خوشکەکم هەیە لە شارۆچکەکی دوور لەو سەرەوانە دەژی.. چەند رۆژ پێش ئێستا سەردانەکم کرد.. دوو کەسی

فره جوان و نایابم لەویّ ناسی کە بە هۆی دراوسێیەتییەوە پەیوەندییەکی خۆشیان لەگەڵ خوشکەکەم و هاوسەرەکەی هەیە، ئەو دوو کەسە کە ژنەک و پیاوەکن هەردووکیشیان نووسەرن.. ماوەکیش پێش ئەوەی بگەنە ئێرە یەکیدیان دەناسی.. لێرەش پتر لە یەک نێزیک دەبنەوە تا سەرەنجام ئەوە ماوەک دەبی خۆشەویستی یەکدین، سەرهاتی ئەو دوو کەسە راستەوخۆ ئی پێش دەرچوونیانە لە نیشتیمان.. ژیان و مانیان لەوپەڕی مەترسییدا بووە.. ئەگەر یارمەتیی ئەو هاوڕێیەیان نەبا کە لەگەڵە خۆی رزگاریاندەکا تا دەگەنە ئێرە ئەوە بێ گومان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە لەنێودەبردران... (کە ئەو قسەی کرد یەکسەر زانیم ئەو دوو کەسە 'کیژە نووسەرە توندڕەوەکە' و 'مێژوونووسە سەرڕاستەکە'ن.. ئاخر بێجگە لەوەی ئەوان لە هەمان ئەو شارۆچکەی خوشکەکەی وی بوون هاییم لەوەش هەبوو کە لەو دواییانە وەک دوو خۆشەویست پێکەوە دەژیان.. ئەمن خۆم هەردووکیان و مامۆستای مۆسیقاژەن و هەر چار کیژەکەیم پێکەوە رزگارکردن و گەیاندمنە ئێرە.. ئیدی تەواو دڵنیابووم کە ئەو دوو کەسە لە سەتا سەت هەر ئەوانن.. لەبەرهەندێ چیدی دەرفەتم نەدایێ پتر درێژە بە قسەکانی بدا و یەکسەر وەستاندم):

- نا هاوڕێ پێویست ناکا بیگێڕیەوە.. چونکێ ئەمن سەرهاتی ئەو دوو کەسە و ئی خۆشم زۆر لە توو باشتر دەزانم! لەبەرئەوە ئێستا دەبی بە پێچەوانەوە ئەمن بیگێڕمەوە و ئەتوو مێوانداریی من بکەی نەک ئەمن ئی توو...

- ئەوە چیە هاوڕێ.. دیسان دەستت بە شۆخییان کردەوە.. یان وێدەچی لێت تێکچووبی.. یان لەوانەیە لە مێوانداریییەکە بترسێی؟!

- کورە هاوڕێ.. شۆخیی چی و ترسان لە مێوانداریی چی.. ئەوانە هاوڕێی خۆمن خۆم.. لێ ئەوە ماوەکی چاکە پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵیاندا نەمایە چونکێ لە لایەک وەک پێشانیان نەماینە؛ هەردووکیان ئێستا زۆر سەرسامن بە فەرهەنگی باوی ئێرە و خۆیان لەگەڵ ئەو ژیانە خۆشگوزەرانییە رووکەش و سادەی ئێرە گونجاندیە.. لە لایەکی دیکەش لەبەرئەوەی ئەوان زۆر دوورن لێرە دەرفەتی ئەو هاتوچۆیەم نییە تا زوو زوو بیانبینم.. هەرچەندە دوو کەسی باشن و خراپ نین لێ ئێستا ئەو کەسە جوان و نایابانەش نین کە ئەتوو باسیاندەکەی.. ئەوانە لەو رۆشنبیرانەن تا لە نێزیکەوە لەگەڵیان نەژی ناتانی بیانناسی.. تکایە وازبینەو با کاتی خۆمان بە پێناسەکردنی ئەوان نەکوژین، لێ مەرج بی ئەمنیش تا پێشوەخت هەرێی مێوانداریییەکم نەدەیێ هەرگیز دەنگوباسی کاکە کیژانییت لۆ باسناکەم کە لەو چەند رۆژەی دواییێ لە رێی پەیدۆزکردنی کیژەکەی واتە 'دادە کوڕانیی' زانیاریی تەواوم لەسەر سەرجەمی سەرهاتەکانی ژیانی ئێرەی پەیداکردیە.. (هەر کە سۆراغی کاکە کیژانیی بیست ئەوان و سەرهاتەکەیانی لەبیرکرد و دەستی بە یەک بەزمورەزم و هەراوهۆریا کرد هەر نەبیتەوە.. دەیویست ناچارمبکا بە هاسانیی و هەر لە تەلەفۆنەوە سەربردەکەی لۆ بگێڕمەوە.. لێ هیچم لۆ نەدرکاند بەڵکە بە پێچەوانەوە ناچارمکرد دان بە خۆیدا بگری و سبەینەکەی پاش نیوڕانێ لە ماڵەکەی خۆی بیبینم و لۆی بگێڕمەوە لێ بە مەرجەک خارن و ڤەخارنەکی چاکم لۆ چێبکا و بە ئارەزووی خۆشم دوو پەرتووک لە پەرتووکخانەی ماڵەکەی لۆ خۆم هەڵبگرم، سەرەنجام ناچار بوو بێتە رایێ.. ئیدی سبەینەکەی پاش ئەوەی داواکارییەکانمی جێبەجێکردن بە دوورودرێژیی چیرۆکی دیتنی دادە کوڕانیی و پەیدابوونی سەروسۆراغی کاکە کیژانییم لۆ وەگێڕا و لە خەنییخۆشییان پەرتووکەکی دیکەی پێشکەشکردم!).

ڕۆژان هاتن و ڕۆژان ڕۆیشتن.. سەرهاتی 'مامۆستای مۆسیقاژەن و جێپەنجەکەی'شم لۆ وەگێڕا.. هێندە سەرسام بوو پێی سێ ڕۆژی ڕێک بە وەدوواچوون و پرسیارە بێ کۆتاییەکانی خەریکیکردم. نێزیکەی مانگەک پاش هەنگێش هەر ئەو مامۆستای مۆسیقاژەنە لێرە لەو وڵاتە بەزمورەزمەکی زۆر خۆش و سەرنجڕاکێشی لە ئاهەنگی 'هەفتەی سەرۆک' بەسەرهاتبوو.. ڕۆژەکیان ئەویشم زۆر بە کورتیی و بە سادەیی لۆ گێڕاوە.. هەرچەندە تەنێ بە گێڕانەوەی بویەرە گرنگەکانی نێوی ڕاگەیشتم ئەویش زۆر سەرپێییانە و دوور لە ڕەگەزە هونەرییەکانی چیرۆک و تەنانەت بێ هیچ ڕەوانبێژییەکی گێڕانەوەی سەرهاتانیش.. کەچی هاوڕێ کڵاوقوت هێندە پێی سەرسام بوو هەر بە تەواویی حەجمانی لەبەرڕبرابوو.. ئیدی زۆر بە حەزەوە گۆتی: "ئەمن هەستدەکەم ئەو سەرهاتە زۆر قووڵ و پڕ واتایە ئەگەر وەک خۆی و بە شێوەکی هوورد و هونەرییانە بگێڕدرێتەوە ئەوە زۆر وەچێژ و وەپێز دەردەچی.. تکایە با بە زووترین کات بچینە کن مامۆستا و ئەو سەرهاتە لە دەوی خۆی بژنەوین'.. ئەمن ویستم بێژم 'باشە.. چەند ڕۆژەکی دیکە دەرفەتەک دەرخسێنین و دەچین'.. کەچی دیتم هێندە بە پەلە بوو هەر دەتگۆت لەسەر ئاو و ئاورە! هەرکووەک هەبوو ناچاریکردم هەر دەمودەست دیدارەک لەگەڵ مامۆستا ڕێکبخەم و بچینە کنی! پاش ئەوەی بە یەکدیم ناساندن و هەندەک کاتمان پێکەوە بەسەربرد مامۆستا زۆر بە جوانیی و بە دوورودرێژیی سەرهاتەکەی گێڕاوە و ئەمەش هاوکات لەگەڵ گێڕانەوەکەی هەر یەکەمان بە شێوازی خۆمان هەموویمان بە نووسین تۆمارکرد. هەر لەو سەروبەندیش زۆر خەریکی ئەوە بووین کە بە هەر شێوەک هەیە دادە کوڕانیی ڕازیبکەین تا دیدارەکی کاکە کیژانییمان لۆ ڕێکبخا.. لێ ئەو هەر سەری نەدەهینابەر و هەر جارەو بڕوبیانوویەکی دەدیتەوە.. زوو زووش هەرێی دەداینێ کە ماوەکی دیکە داوایەکەمان جێبەجێ دەکا.. واتە هاوڕێ کڵاوقوتیشم وەگژیوەنابوو.. هەرچەندە ئەو دادە کوڕانیی نەدیتبوو لێ ئەمن وەمکرد چەند جارەک بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکا و هەر جارەش ئەو دوایەی لێ دووپات بکاتەوە.. کەچی دادە کوڕانیی وەک ئەوەی لەگەڵە منی دەکرد هەر هەرێی بەویش دەدا لێ پاشان فەرامۆشی دەکرد و قسەکەی بەجێنەدەهینا.. وەیلێهات زۆر لێی بێ هومێد ببووین لێ هەر لە کۆششی خۆمان نەدەکەتین!

دیاربوو هەردووکمان فرە حەزمان لەو جۆرە سەرهات و سەربردانە هەبوو بە تایبەتییش ئی ئەو کەسانەی کە دژبەری پارتیەکان و دەسەڵاتداران بوون و لە کاتی بەرانگژبوونەوەکانیان زۆر دەردەسەرییان دیتبوو و هەمیشە لە پێناو ڕاستییەکان و ماف و ئازادییە جۆراوجۆرەکان جێپەنجەیان دیاربوون، بە جۆرەک خولیای ئەو سەرهات و سەربردانە ببووین کە وەک سەرگەرمییەک زۆر چێژمان لێدەدیتن و پێشبڕکێ و ململانێشمان لەسەریان دەکرد کە کێهانامان دەتانین سەرهاتی باشتر و گرنگتر و وەهێزتر پەیدابکەین! لە کنە خۆم گومانم لەوە پەیداکردبوو ئەو سەربردە و سەرهاتانەی ئەو دەیگێڕانەوە خۆیان ئەوها ڕوویاندابن!؟ هەستمدەکرد هەر لەخۆوە ترش و خێیان زۆر پێوەردەکا و ئەوها بەچێژ و باڵکێشیان دەکا! هەرچەندە ئەوەشم لەبەرچاو گرتبوو کە ڕەنگە ئەو هەستەم لەبەرئەوە لۆ چێبووبی کە ئەمن هەندەک جار کار و تشتی خۆم لە ئی کەسانی دیکە بە کەمتر دەبینم یان ڕەنگە هەر لەبەرئەوە بی کە ئەمن هەردەم بە هێوی ئامانجی گەورەتر و چێتر دەژیم و حەز بە کار و چالاکیی بەرز و باڵاتر دەکەم.. لێ هێشتا هەر بەو بیانووانە دڵم ئاوی نەدەخواردەوە و نەمدەتانی ئەو هەستە لە کنە خۆم بڕەوێنمەوە کە ڕەنگە کارەکانی وی چێتر بن یان بە لایەنی کەم لە ڕووی دارێژتن و ڕەوانبێژیی جوانتر و نایابتر بن، وەیلێهاتبوو زۆر جار مشتومڕ و بینەوبەردەکی زۆرمان لەسەر ئەوە دەکرد کە بایەخ و گرنگیی ئەوانەی من پترن یان ئی وی.. یان ئی کێهانمان لە لایەنی وێژەییەوە وەپێزترن! ڕۆژەکیان

هەر بە نیازی ساغکردنەوەی ئەو گومان و تێڕوانینانەی هەردووکمان لەسەر شێوەی داڕێژتنی سەربردە و سەرهاتەکان و شێوازی گێڕانەوەیان پێشنیارەکم لۆ هاوڕێیەکەم کرد:

- باشە هاوڕێ.. وەرە با تشتەک بکەین؛ واز لەوە بینە کە ئەو سەربردە و سەرهاتانەی دەیانگێڕینەوە ئی کێهانمان وەک دەق و بابەت بایەخدارترن.. چونکێ لەوەیاندا پێوانە و پێوەرەکی جێگیر و ناوکۆیی نییە و هەر دەبی ئەتوو بێژی هەفت ئەمنیش بێژم هەشت و بە هیچ نەگەین.. لێ با خۆمان لەوە تاقیبکەینەوە کە کێهانمان جوانتر و رەوانتر دایاندەڕێژین و دەیانگێڕینەوە؛ هەردووکمان سەرهاتی مامۆستای مۆسیقاژەن و جێپەنجەکەی دەزانین.. ئەو سەرهاتەی نا کە لە نیشتیمان بەسەریهاتبوو و ئێستاکانێش بە هۆی دووریی لە کوڕەکەی و بابە رووکەشەکەی کوڕەکەی ژیانەکی پڕ لە کوللەمەرگیی دەگوزەرێنی و سەرەڕای ئەوەش هایی لەوە نییە کوڕەکەی بوویتە بەچکە خۆفرۆش و خەریکن وردە وردە فێرە راوی دەکەن! بەڵکە سەرهاتەکەی ئێرەی کە لە 'هەفتەی سەرۆک' بەسەریهاتبوو و بە خۆی لۆ هەردووکمانی گێڕاوە و ئەمەش بێ ئەوەی نیازی هیچ کێبڕکێ و ململانێییەکمان هەبی هەر یەکەو بە شێوازی خۆمان خستمانە سەر کاغەز و کەسیشمان ئی یەکدیمان نەدیتیە.. جا با هەردوو نووسین بەراورد بکەین بزانین ئی کێهانمان جوانتر داڕێژدرایە و پتر گوزارشت لە سەرهاتەکە دەکا؟ (پێشنیارەکەمی زۆر پێ باش بوو و لەسەر هووردەکارییەکنیش رێکەتین، پاش چەند رۆژەک لەو کات و جێیەی کە دامانئنابوو ئامادەبووین. ئەمن نووسینەکەی خۆم رێک لە زمانی مامۆستای مۆسیقاژەنەوە داڕێژتبوو و زۆریش بەسەریدا زاڵ بووم چون هەمووم لەبەربوو و هیچ پێویستم بەوە نەبوو لەسەر کاغەز بیخوێنمەوە مەگەر بە دەگمەن لە هەندەک جێیاندا! هەرکووەک هەبوو ئەمن یەکەم جار دەستم بە خوێندنەوەی دەقەکەی خۆم کرد):

لە نێوەڕاستی شار ئاهەنگەکی گەورەیان بە بۆنەی 'هەفتەی سەرۆک' دەگێڕا؛ شار تەواو خرۆشابوو.. هێندە جەنجاڵ بوو دەرزیت هەڵدابا بە زەوی نەدەکەت، بنکەی تیپەکەمان نێزیک بوو لەو باغە بەرفراوانەی ئاهەنگەکەیان لێدەگێڕا.. پێنج ئەندامی تیپەکەمان لەوێ یەکدیمان گرتەوە.. پاش ئەوەی بە نیازی خۆئامادەکردن لۆ ئاهەنگی 'رۆژی جیهانیی مۆسیقا' کە دەبووایە پاش دە رۆژی دیکە سازیبدەین.. هەندەک راهینانمان لەسەر پارچە مۆسیقایەکی تازە کرد.. هاوڕێیەکمان بە بێزارییەکەوە گۆتی:

- ئەرێ دەزانن ئەو ماندیبوونەی ئەمە دەیکەین هیچ سوودەکی نییە و تەنێ ئاسنی ساردە دەیکوتینەوە.. فەرموون هەموو ساڵێ بەو دەردەسەریی و هەژارییەی خۆمان جوانترین و هونەرییترین کۆنسێرتی مۆسیقا ساز و ئامادە دەکەین.. کەچی سەت کەس خڕنابیتەوە و ساڵ بە ساڵێش ژمارەی ئامادەبووان کەمتر دەبنەوە.. لێ بڕۆنن.. بزانن کوو بە هەزاران کەس لە ئاهەنگی ئەو سەرۆکە گەندەڵ و چەوسێنەرە ئامادە دەبن و کارەکانیشیان هەر شێواندنی مۆسیقای سەتان ساڵ لەمەوبەرن! (هاوڕێیەکی دیکەمان لێی وەرگرتەوە و گۆتی):

- زۆر راستە هاوڕێ.. سەرەڕای ئەوەش ئەوانەی لە کۆنسێرتەکانمان ئامادە دەبن بێجگە لە ژمارەکی زۆر کەمیان کە بە راستیی گوێگری مۆسیقان و چێژی لێدەبینن.. ئەوانی دیکە خڕیان لە بابەتی ئامادەبووانی ئاهەنگی هەفتەی سەرۆکن و هەر فشەشیان بە مۆسیقا و هونەر دێ.. خۆ ئەگەر ئەو چەند هاوڕێیە مێینەشمان لەگەڵدا نەبی ئەوە دڵنیام نیو ئەوەندەش خەڵک نایەن! (ئەمنیش لەوان نیگەرانتر و بێزارتر بووم بەو رەوشەی لێیدوان.. لێ بە باشم زانی هەندەک ورەیان وەبەربدەم و پێشنیارەکی خۆشم بخەمەڕوو):

- هەردووکتان ڕاست دەکەن.. لێ پێویستیشە هاییمان لەوە هەبێ کە ئێستا سەردەمەکە گۆڕایە و خەڵک لەبەر سەرقاڵبوونیان بە ژیان ناپەرژێنە سەر ئەوەی بێنە کۆنسێرتەکان بەڵکە لە ڕێی 'سی دی' و ئامرازە تازەکان و بەرنامە ئینتەرنێتییەکان گێ لە کۆنسێرت و بەرهەمە مۆسیقاییەکانی دیکە رادەگرن.. لێ ئەگەر ئەنگۆ مەبەستان ئەوەیە راستەوخۆ لە نێو خەڵک بین و بەرهەمەکانمانیان پێشکەش بکەین ئەوە دەبێ هۆڵەکان بەجێبهێلین و لە دەرێ و لە نێو باغەکان کۆنسێرت ئەنجامبدەین، ئێستا ئەو خەڵکە زۆرەی کە لە ئاهەنگی ئەو سەرۆک و مەرۆکانە خڕدەبنەوە زۆربەی هەر زۆریان ئەوەیان لۆ گرنگ نییە کە هەفتەی سەرۆکە یان سندانی سەرۆکە یان هەر تشتەکە بەڵکە گرنگ ئەوەیە کاتی خۆیان لەگەڵ هاوڕێیانی خۆیان لە کەشی دەرێ و لە نێو باغان بە ئاسوودەیی بەسەرببەن، ئەمن لۆ ئەورۆ پێشنیار دەکەم هەر ئێستا با بە ئامێرەکانی خۆمانەوە دەربچین و بچین لە جێیەکی نێزیک لەو ئاهەنگی هەفتەی سەرۆکە دابمەزرێین و دەست بە مۆسیقاژەنین بکەین و خەڵک لە خۆمان خڕبکەینەوە.. ناوەناوەش رایبدرێین کە ئەوە ئاهەنگی هونەردۆستانە.. بەوەش لە دوو سەر قازانج دەکەین؛ لە لایەک دەتانین خەڵک لەو ئاهەنگە بێزەوەرەی سەرۆک دووربخەینەوە و لە لایەکی دیکەش خۆمان لە نێو خەڵک دەبین و دەتانین هەست و سۆزیان بەرانبەر بە هونەری راستەقینە و زیندیی ببزوێنین.. ئیدی وردە وردە ئەو شێوازە ئاهەنگە بکەینە نەریتەکی هەمیشەیی لە نێو خەڵک.

هەموویان بێ هیچ تێبینییەک لەگەڵم هاوڕابوون.. پاش بڕیاردان بە خێرایی خۆمان ئامادەکرد و هەر بە پەلە لە بنکەکەمان دەرکەتین و خۆمان گەیاندە نێزیک ئاهەنگەکەی هەفتەی سەرۆک، لە جێیەکی لەبار دەگەڕاین تا لێی دامەزرێین و دەستپێبکەین.. لەپڕ دیتمان ترومبێلەکی گۆزتنەوەی کەلوپولی ئاهەنگگێڕان هات و لە تەنیشتمان راوەستا و کەسەکی لێدابەزی کە مایکرۆفۆنەکی وەدەستەوە بوو.. هاوڕێیەکمان گۆتی:

- ئەها تەمەشاکەن ئەوە یەکەکە لە بەکرێگیرایەکانی سەرۆک.. با بزانین چ پەتکەک بەردەداتەوە؟! (کەچی بە پێچەوانەوە دیتمان پاش ئەوەی مایکرۆفۆنەکەی داگیرساند گۆتی):

- ژنان.. پیاوان.. ئامادەبووانی خۆشەویست.. ئەمە ئاهەنگەکی دیکەمان هەیە بە ناوی (ئاهەنگی هەفتەی گووکردن)! ئاهەنگی هەموو کەسەکە.. لەو ئاهەنگەدا ڕێز لە گووکردن دەگرین چونکێ گووکردن زۆر گرنگە و کەسمان بێ گووکردن ناژین.. ئەگەر بمانەوێ پتر بژین پێویستە هەمیشە بێژین بژی گوو.. بژی گووکردن! ئاهەنگەکەی مە (دەستەکی لۆ کۆتایی ڕێڕەوک کە لە دەستە چەپمان بوو درێژکرد) هەر لە کۆتایی ئەو ڕێڕەوە کە پێچدەکەیەوە گۆڕەپانەکی گەورەی لێیە.. ئاهەنگەکەمان لەوێیە.. جا هەر کەسەک حەزبکا دەتانی بێتە ئەوێ. (پێش ئەوەی سواری ترومبێلەکەی ببتەوە هاوڕێیەکمان گۆتی):

- هاوڕێیان، ئەوە زۆر باشە.. دڵنیام ئێستا ئەو خەڵکە زۆربەیان دەچنە کنە وان.. با زوو خۆمان بگەینینە ئەوێ و بە مۆسیقا بەشداریی لە ئاهەنگەکەیان بکەین؟ (هەر کە هەموومان ڕەزامەندییمان دەربڕی ئەمن یەکسەر خۆم گەیاندە بانگڕادێرەکە و پێمگۆت):

- ئەمە تیپەکی مۆسیقاین و ئامادەین بێین مۆسیقاتان لۆ بژەنین؟ (لەگەڵ سواربوونەوەی ترومبێلەکەی بە پەلە گۆتی):

- زۆر باشە.. خێراکەن سواربن با بتانبەم (خۆمان هەڵدا نێو ترومبێلەکەی.. کە گەیشتین دیتمان ئەوە لە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکە یەک پەیکەری گەورەی 'گوو'یان لەسەر چارپایەکی ئاسنین و پتەوی نیو بەژن بەرز

دانایە و لە تەنیشت ئەویش چاردیوارەکیان لە شێوەی ئاودەست دانابوو و بە گەورەیی لەسەریان نووسیبوو 'جێی ترکردن'! بیست تا سی کەسەک لەوێ بوون.. کۆمەڵە کەسەکی کەتە و وەهێزیش لە سنووری گۆڕەپانەکە بە شێوەکی بازنەیی ڕێزیان بەستبوو و وێدەچوو پاسەوان بن، هێشتا بە تەواویی نەگەیشتبووینە نێویان لە مایکرۆفۆنەکەیانەوە تەنێ گێمان لە دەنگی 'تر'ان دەبوو.. کە تێکەلیان بووین کۆمەڵە خەڵکەکی دیکەش گەیشتن.. یەکەک لە بەڕێوەبەرانی ئاهەنگەکەیان گۆتی):

- ژنان.. پیاوان.. ئامادەبووانی خۆشەویست.. خۆشهاتن لۆ ئاهەنگی گووکردن.. ئاهەنگی هەر هەموو تێکڕامان.. تکایە هێمنیی بپارێزن و هەر یەکەتان با بە نۆرە بچتە نێو ئەو ئاودەستە و لۆ ڕێزگرتن لە گوو و گووکردن یەک ڕێژنە تڕی گەورە بەربدا.

ئیدی خەڵکەکە هەندەکیان ڕێزیان بەست.. هەر کە دەنگی تڕان پتر بوو ئەواندیکەش زۆربەیان شەرمیان شکا و چوونە ڕێزەکە.. ئەو بانگڕادێرەی یەکەمجار دیتمان هاتە لای من و گۆتی: "تکایە ئەنگۆ بڕۆنە سەر ئەو سەکۆیە و مۆسیقای خۆتان بژەنن" سەکۆیەکی پلاستیکیی پتەو و درێژکۆلەی چەماوە کە پانییەکەی هەر مەترەک دەبوو و نیو مەترەکیش بەرز بوو و هەندەک لە هێوەی پەیکەری گووەکە و لە تەنیشت ئاودەستەکە دایانمەزراندبوو.. هەر پێنجمان چووینە سەری و دەستمان بە مۆسیقاژەندن کرد.. ئیدی دەنگی بەرزی تڕەکان و دەنگی مۆسیقا ئاوێتەی یەک بوون.. هەر کەسەک کە لە دووڕا گێی لێدەبوو دەهات و بە ئاهەنگەکە پەیوەست دەبوو.. دەنگی تڕەکان و موسیقاکەمان بە شێوەکی زۆر جوان دابەشکردبوو؛ لە کاتی تڕەکان بە خێرایی دەنگی مۆسیقایەکەمان رادەگرت یان زۆر نزممان دەکرد واتە دەرفەتمان دەدا دەنگی تڕەکان بە باشیی ببیسترێن.. هەندەک کاتیش مۆسیقایەکەمان بە پێی رەزمی تڕەکان دەگونجاند.. بە کورتییەکەی هارمۆنییەکی پڕ لە جۆش و خرۆشمان چێکردبوو، تا دەهات خەڵک پتر دەهاتن و ئاهەنگەکە جەنجاڵتر دەبوو.. سەرنجەکی خەڵکەکەم دا دیتم دە پازدە ژنەک هەندەک لە دوور پێکەوە راوەستابوون.. دوو کەسم لێیان ناسیەوە کە لە ڕێکخراوەکی توندڕەوی ژنان کاریان دەکرد.. بە نیازی ئەوەی داوایان لێبکەم بێنە نێومان و بەشداریی بکەن خۆم گەیاندە لای یەکەکیان کە دیاربوو سەرپەرشتیاریان بوو.. بە خێرایی تێمگەیاند گرنترین ئامانجمان لەو ئاهەنگە ئەوەیە کە دەمانەوێ ئەو خەڵکەی لە ئاهەنگی هەفتەی سەرۆکن بەرەو ئێرەیان رابکێشین و ئاهەنگەکەی ئەوان تێکبدەین و خۆمان بەزموڕەزمەک سازبکەین و کاتەکی ئاسوودە بگوزەرێنین.. ئەویش زۆر بە پێخۆشبوونەوە گۆتی:

- ئێ زۆر باشە، ئەمەش ئەو کۆمەڵە ژنە کە هەمووماں لە یەک ڕێکخراوین هەر بەو نیازە هاتینە ئێرە کە بتانین لە دەرفەتەک ئەو هەفتەی سەرۆکە ریسوا بکەین.. باشە دێینە نێوتان و زۆر پێم چاکە وتەکی کورتیشمان هەبی.. بەس نازانم بە چ شێوەک و کوو دەستپێبکەم؟ ئاهەنگەکەتان زۆر سەیرە!!! (یەکسەر کەتمە نێو بیرکردنەوەکی زۆر قۆل و بە خێرایی بیرۆکەکم لۆ هات و پێمگۆت):

- زۆر چاکە، باشترین تشت لە ئاهەنگەکی ئەوها کە لۆ ڕێکخرواەکەشتان بە سوود دەبی.. ئەوەیە کە باس لە 'هەفتەی مەمکان' بکەن.. سوودەکانی مەمک بخەنەڕوو.. باس لە گرنگییەکانی خودی مەمک بکەن لەو هەفتەی گووکردنە و هەندەک تشتی دیکەش کە بە پێویستیان دەزانی دەریانببڕی! هەروا ئەگەر لە پاش تەواوکردنی قسەکانیشت ئەو ئازایەتییە لەخۆڕابیینن مەمکەکانتان لە سوخمەکانتان دەربکەن و داوا لە هەموو ژنەکانی

ئێرەش بکەن بێنە ڕێزەکەتان و ئەوانیش مەمکی خۆیان دەربکەن و هەمووتان لۆ نموونە هاواربکەن 'چیتان دەوێ ژنەکان.. ئازادیی لۆ مەمکەکان'! ئەوە زۆر باش دەبی و هەموو ئەو خەڵکە لۆ خۆمان رادەکێشین کە لە ئاهەنگی هەفتەی سەرۆکن.. (هەر کە سەری ئەرێی لەقاند و گۆتی ئەوە باشترین نەخشەیە و وەدەکەین.. پێمگۆت هەر لێرە بن تا دەچم جێیەکتان لە پێش خۆمان لۆ چێدەکەم و گاستان دەکەم.. بە خێرایی خۆم گەیاندە یەکەک لە ڕێکخەرەکانی ئاهەنگەکە و بابەتەکەم تێگەیاند.. ئەویش زۆر بە شادمانییەوە و هەر بە پەلە سەکۆیەکیان لە سندوقەکانی کەلوپەلەکانیان لە پێش تیپی مۆسیقایەکە لۆ دروستکردن و مایکرۆفۆنەکی گەورەشیان لە پێشی دامەزراند.. خۆم بە مۆسیقاژەندنەکە پەیوەست کردەوە و ئاماژەکم لۆ ژنەکە کرد بێن.. کە گەیشتنە کنمان مۆسیقایەکەمان ڕاگرت.. پاش ئەوەی شوێنی خۆیان گرت و بەرپرسەکەیان لە نێوەندی ژنەکان و ڕووبەڕووی خەڵک لە پاش بەرزبوونەوەی دەنگی چەند ڕێژنە ترەک دەستی بە قسان کرد):

"بەڕێزان.. ئامادەبووانی خۆشەویست.. ئەمن بە ناوی ئەو کۆمەڵە ژنە کە هەموومان سەر بە ڕێکخراوەکی یەکسانییخوازیی ژنانین قسان دەکەم: هەڵبەتە ئەورۆ کە ئێمە بە بۆنەی 'ئازادیی مەمکان' کۆمەڵە چالاکییەکمان ئەنجامداوە ئێستا زۆر شادمانین و گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە کە لەو ئاهەنگەی 'هەفتەی گووکردن'ە بەشداریی دەکەین.. گرنگییەکەش لەوە دایە کە هەفتەی گووکردن بێ ئازادیی مەمکەکان هیچ واتایەک نابەخشی.. چونکێ یەکەم گووکردنی هەر مرۆڤەک لەسەر رووی ئەو جیهانە بە هۆی مەمکەکان پەیدابووە.. هەر شیری مەمکەکان بوون یەکەم گووکردنی مرۆڤەکانی دروستکرد، جا با لە جۆش و خرۆشی ئەو ئاهەنگە پڕ شکۆیەتان دانەبڕم.. بژی هەفتەی مەمکان ئەوجا بژی هەفتەی گووکردن!".

هاوکات لەگەڵ دەنگی چەپڵەڕێزان دەستی بردە نێو باغەڵی خۆی و مەمکەکانی لە سوخمەکەی دەرکردن و ئەو ژنانەی لەگەڵیشیبوون بە هەمان شێوەی مەمکەکانیان دەرکردن.. ئیدی دەنگی چەپڵەڕێزانەکی گەرمتر و دەنگی مۆسیقا و دەنگی تڕان تێکەڵی یەکبوون و شەپۆلی دەنگەکان ئاسمانی ئەو نێوەیان دەلەراندەوە.. ئەو جارە بە دەنگەکی بەرزتر داوای لە هەموو ژنەکانی ئەوێ کرد پەیوەست بن پێیانەوە.. زۆرەک لە ژنەکان بە ڕێزەکەیان پەیوەست بوون و مەمکی خۆیان ڕووتدەکردن تا بازنەکی گەورەیان لە مەمکان دروستکرد و هەموویان پێکەوە هاواریان دەکرد 'چیتان دەوێ ژنەکان.. ئازادیی لۆ مەمکەکان'! ئیدی ئاهەنگەکە درێژەی کێشا و تا دەشهات گەورە و گەورەتر دەبوو.. کاتەکمان زانی پۆلیس و پاسەوانە بەکرێگیراوەکانی سەرۆک و دەسەڵاتداران گەیشتن؛ دەیانویست بێ هاییدارکردنەوە هەڵبکوتنە سەرمان.. لێ پاسەوانەکانمان بە پەلە بە مەبەستی پاراستنی ئاهەنگەکە زۆر بە ڕێکوپێکیی و بە پتەویی ئامادەبووانیان خستە نێو بازنەی خۆیان و دەبە ئاوەکانیان لە پۆلیسەکان بەرزکردنەوە و نەیانهێشت بێنە پێش.

پاش ماوەک پۆلیسەکان لەگەڵ دوو کەس لە ڕێکخەرەکانی ئاهەنگەکە قسەیان کرد و پێیانگۆتبوون 'ئەو ئاهەنگە بێ مۆڵەتە و دەبی هەر ئێستا کۆتایی پێبهێنن.. ئەگەر نا ئەوە بە زۆر پێتان تێکدەدەین' کەچی ئەوان خەڵکەکەیان پتر هاندا کە گرنگیی بە پۆلیس نەدەن و ئەگەر هێرشیش بکەن ئەوە لێیاندەدەین.. هاوکاتی ئەوەش پاسەوانی پتریان لە گەنجە چاونەترسەکان ڕێکخست، لەوان دەماندا خەڵک بە لێشاو بە ئاهەنگەکەمان پەیوەست دەبوون و تا دەهات مەمکانی ڕووت پتر دەبوون.. دەنگی تڕان و دەنگی مۆسیقا و دروشمەکانی ژنان بەرز و بەرزتر دەبوونەوە، وەیلێهات گۆڕەپانەکە جمەی دەهات و بازنەی خەڵکەکە هەر فراوان و فراوانتر دەبۆوە.. پۆلیسەکان ناچار وردە وردە دەکشانەوە دوایێ.. پاش ماوەک هێرشەکی کتوپڕیان

کرد.. لێ دەیان دەبە ئاویان پێکەت و تێکشکان و گەڕانەوە.. ئاهەنگەکە تەواو گەرم ببوو.. خەڵکەکە هێندە زۆر ببوون ئەو جارە لەجیاتی جێی ئاهەنگەکەی هەفتەی سەرۆک لێرە دەرزیت هەڵدابا بە زەوی نەدەکەت.. تەنانەت ڕێ و ڕێچکۆڵەکانی ئەو ناوە هەمووی پڕ پڕ ببوون.. ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی شیرازەی کۆنترۆڵی پاسەوانەکانمان تێکبچی، هەرچەندە ماوەکی زۆر بوو ئاهەنگەکە هەر درێژەی هەبوو لێ خەریکبوو بێسەروبەریی لە نێو ئاهەنگەکە پەیدادەبوو و ڕیزی پاسەوانەکان دیارنەدەما.. ناوەناوەش هەر لە نێو خەڵکەکە دەنگۆیەک پەیدادەبوو و دەیانگۆت 'پۆلیس هات' و بەوە خەڵکەکەیان دەترساند، ئیدی وەیلێهات ئەو هاتەهاتە بووە ڕاستیی.. پێش ئەوەی پۆلیسەکان هێرش بکەن هەندەک کەس کە بە پێی جلوبەرگەکانیان وێدەچوو خەڵکی دیندار بن بە نێو خەڵکەکە وەربوون و هێرشیان کردە سەر ژنە مەمک رووتەکان.. زۆر بە ئاشکرایی دیاربوو کە پۆلیسەکان بە ورژاندنی هەست و سۆزی دینیی ئەو کەسانەیان هاندابوون کە ئاهەنگەکە تێکبدەن چونکێ لەگەڵ هێرشەکەیان دروشمی دینییان دەگۆتەوە.. ئیدی ئەوەی وەبەردەستیان دەکەت بە بن دەست و پێی خۆیانیان دەخستن.. بووە شەڕ و تێکهەڵپژانەکی گەورە و کەس نەیدەیزانی کامە خەڵکە و کامە هێرشکەرە.. پۆلیسیش لەدوو وان هێرشەکی بەرفراوانیان کرد و شەڕەکەیان گەورەتر کرد و ئاهەنگەکەیان بە تەواویی تێکدا.. خەڵکەکی زۆر بریندار بوون و هەندەکیشیان گرتن.. ئیدی خەڵک پەرتەیان لێکرد و هەر یەکە و بە لایەکدا خۆی قوتارکرد...

ئەمن لەگەڵ هاوڕێیەکم بە ئاراستەی ئاهەنگەکەی هەفتەی سەرۆک هەڵاتین، هەرچەندە زیانەکانمان لەو ئاهەنگی هەفتەی گووکردنە کە پاشان بیستمانەوە بێجگە لەوەی دەیان کەس بریندار ببوون کە خۆشبەختانە هەموویان برینەکانیان زۆر سووک بوون.. مەمەکانەکی زۆر ئازاردران و بە دەیان مەمکدانی ڕەنگاوڕەنگیش لە گۆڕەپانی ئاهەنگەکە بەجێمابوون.. زۆر بە داخەوە سێ کەسیش هەر لەوێ هێندەیان لێدابوون تا گوویان وەخۆدا نەکردبوو دەستبەرداریان نەببوون! لێ بە شێوەکی گشتیی ئاهەنگەکەمان سەرکەتنەکی گەورەی وەدەستهینا و بووە داستانەکی مەزنی مێژوویی.. بە کورتییەکەی ئاهەنگی هەفتەی سەرۆکمان بە جۆرەک تێکوپێکدا کە جارەکی دیکە نەوێرن هێندە بە هاسانیی ئاهەنگی لەو بابەتە لە نێو باغەکانی شار سازبکەنەوە.. ئەمن بە چاوانی خۆم دیتم بێجگە لە پۆلیس و پاسەوانەکانیان هیچ کەسەکی دیکە لە ئاهەنگەکەی هەفتەی سەرۆک نەمابوو، سەبارەت بە تیپەکەی خۆشمان سوودەکی زۆر چاکی پێگەیاندین.. ئیدی هەر لەو ڕۆژەوە بڕیارماندا ئەو شێوازە ئاهەنگە وەک نەریتەک پەیڕەو بکەین و هەر لە نێو خەڵک و لە نێو باغەکان و جێیە جەنجاڵەکانی شار ئاهەنگەکانی خۆمان سازبکەین... کەواتە هەر بژی ئاهەنگی هەفتەی گووکردن.. هەر بژی ئاهەنگی مەمکان.. هەر بمری ئاهەنگی هەفتەی سەرۆکی دزان!

* * *

هەر کە لە خوێندنەوەی دەقی نووسینەکەم بوومەوە کڵاوقوت لەسەرەخۆ و بە بێدەنگیی دەقەکەی خۆی لە نێو خورجێنەکەی دەرکرد و لە دوڕ دەستمی نا.. پاش ئەوەی دوو سێ جار نێولەپانی لە شێوەی چەپڵە لێکدان گۆتی:

**- ئەگەر دەرفەتەک رەخسا چاوەکیش بەوەی من دابخشێنە.. هەر تا بزانی دارێژتنەکەی کووە.. نا پێویست ناکا ئەمن وەک پێشبڕکێیەک لە بەرانبەر ئەوەی توو بیخوێنمەوە چونکێ دڵنیام لە ئی من جوانترە و هەر ئێستاش دان بەوە دادەنێم کە ئەتوو سەربردە و سەرهاتەکان وەک خۆیان و باشتر و هونەرییانەتر دادەرێژی.. لێ ئەوە واتای ئەوە نییە لە لایەنی دەق و بابەتەوە لە سەربردە و سەرهاتەکانی من بایەخدارتر بن.. (هەرچەندە ئەو دانپێنانەی ویم لە دڵەوە پێخۆشبوو لێ بەو شێوەش نا کە هیچ بەرگرییەکی نەکرد چونکێ ئەمن لە کنە خۆم هەمیشە وەهام هەستدەکرد ورەبەرزیی و گیانی ململانێ توانستی کەسەکان بەرزتردەکەنەوە و پێبەپێش بەرهەمەکانیان پێیانەوە وەپێزتردەبن.. بە تایبەتییش لۆ ئەو کە حەزمدەکرد هەردەم ورەی وەک پۆڵا پتەو بی و لە ململانێش کۆڵنەدەرانە بەرگەبگری.. ئاخر بێجگە لەوەی خەریکبوو دەبووە یەکەک لە هاورێیە هەر نێزیکەکانم کارە رامیاریی و رێکخراوەییەکانیشی ئەگەر لە هەندەک رووەوە وەک ئی من نەبوون لێ هەستمدەکرد لە هەندەک رووی دیکەوە باشتر بن.. ئیدی گۆتم):**

**- نا نا.. ئێکجار ئەوهاش نییە هاورێ.. ئەوە تێروانینی خۆتە و مەرج نییە راستییت پێکابی.. پاشان ئەمنیش وەها هەستدەکەم کە دارشتن و گێرانەوەکانی تووش لە هەندەک رووەوە زۆر لە ئی من باشتر بن... (پاش چەند قسەکی دیکەی لەو بابەتە یەکسەر چوومە سەر بابەتەکی دیکە کە هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتەمانەوە نەبوو کە لێی دەدواین.. ئەوەش لە پێناو ئەوەی تا بە هۆی ئەو دانپێدانانەی تووشی نیگەرانییەک نەبی):**

**- ئەرێ بە راست.. ئەمن هەستدەکەم بڕەک سارد بین لە وەدوواچوونی سەرهاتی کاکە کیژانیی و چاپکردنی پەرتووکەکەی لە لایەن دادەی کیژی.. چێترە هەندەک دەستوبردی لێبکەین.. (بە ناوهینانی ئەو دووانە هەموو تشتەکی لەبیرچۆوە.. ئیدی بەدەو رێی ماڵێوە درێژەم بەو بابەتە دا و لە کۆتاییەکەیدا گۆتم):**

**- هاورێ گیان.. ئیدی ئەمن تەواو بێزار بوویمە لەو منجەمنج و بینەوبەردەی دادە کورانیی چ لە وەپاشخستنی دیتنی کاکەی بابی چ لە چاپکردنی پەرتووکەکە.. تکایە لەنەوپاش ئەتوو ئەرکی سەرپەرشتییکردنی وەچاپگەیاندنی ئەو پەرتووکە بگرە ئەستۆی خۆت.. (هەندەک ئەولا و ئەولای کرد.. لێ ئەمنیش زۆر چوست و چاپووکانە وەگیرم هاورد.. هەموو لایەکانم لێی گرت و دەرفەتم نەدا پەل لۆ هیچ لایەک بکوتی کە بتانی تێیدا پێداگریی بکا هاوکاتیش هەر بە ئەنقەست بە خشکەیی بابەتەکەم وەرگۆڕیە سەر باسی کەسایەتیی دادە کورانیی و لەوێشەوە بەرەو وێناکردنی جوانییەکانی.. هەرچەندە پێناسەکردن و پێشاندانی ئەو حەمکە جوانییە لەرادەبەدەر و ناوازەی دادە کورانیی وەک خۆی کارەکی فرە سەخت و ئەستەم بوو کەچی ئەمن دوو هێندەی دیکەشم بەسەروەنا! سەرەنجام هەرکووەک هەبوو رازییمکرد لێ لە راستییدا دڵنیا نەبووم لەوەی ئایە رازیبوونەکەی لەبەرئەوە بوو کە دەیەوێ وەک ئەرکەکی هاورێیانە هاوکارییم بکا یان پێداهەڵگۆتنەکەم بە دادە کورانیی سەرمەستیی کرد و حەزی دیتنی دادە کورانیی لە مەژیی دا و تەختیکرد!؟!؟ دیندارەکان کە پرسیارەکی لەو بابەتەیان دێتە پێشێ کە وەرامەکەی بە تەواویی نازانن تووشی ئاستەنگییەکی گەورە دەبن و حەوسەڵەی ئەوەیان نابی لێیوردبینەوە و وەدوو وەرامەکەیدا بگەرێن بەڵکە یەکسەر دەبێژن 'هەر پەروەردەگاری گەورەمان خۆی ئەوە دەزانی'! واتە هەر خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە مەژییان پووچە و هەر خۆشیان دەرفەتی تێهزیرین بە هەندەک ئەفسانەی پرۆپووچ لە خۆیان دەبڕن! لێ ئەمن هیچ دەعبایەکی وەک پەروەدەگارم لە سەرێی مرۆڤ نەدەدیت تا وەبزانم زانیارییەکان گشتی لە کنە وین و لەباتی هەمووان**

بیردەکاتەوە.. واتە مەژیی خۆم وەکاربرد و بە پێی تێگەیشتنی خۆم وەرامی پرسیارەکەی خۆم بەو شێوە داوە 'دەستنیشانکردنی هۆکاری رازیبوونەکەی کلاوقوتێ زۆر سەختە لێ هیچ وێناچی ئەوەی یەکەمیان بی واتە هاوکارییکردنی من بی' جا چەند راستم پێکابوو ئەوە گرنگ نەبوو چون بە ئازادیی خۆم بەرسڤی خۆم لە کنە خۆم دەربڕی.. ئیدی دیسان باسەکەم بە لایەکی دیکەدا برد و گۆتم):

- هەروەک خۆت دەیزانی ئەمنیش لەمێژە مافی هاونیشتیمانیی ئێرەم هەیە.. هەڵبەتە ئەمن ئەو مافە بە گاڵتەپێکردنەکی بێزەوەر دەزانم کە سیستەمی جوداخوازیی لە هەموو جیهان بەرانبەر بە مرۆڤەکان وەکاریدەبەن.. راستییەکە ئەوەیە هەر مرۆڤەک بتانی لە هەر جێیەک بیەوێ بژی لێی بژی و هەر پارچەکی جیهانیش نیشتیمانی هەموو مرۆڤەکان بی.. لێ ئەوە بەو واتایە نییە ئەو گەلانەی تا ئێستا نیشتیمانەکانیان داگیرکرانە و مافە نەتەوەییەکانیان پێشێلکرانە بە هۆی هزر و روانگەی جیهانیبوون و نێونەتەوەییبوون دەستبەرداری مافەکانیان بن و لە پێناویاندا تێنەکۆشن.. چونکێ پێشێلکردنی ئەو مافانە بێجگە لەوەی کۆمەڵەک میللەت لە ژیان دادەبڕن و دووچاری کۆچ و رەوی ناچارییان دەکەن ژیان و ئاسوودەیی سەرجەمی جیهانیش دەشێوێنن و بە دەستتێوەردانی چەوسێنەرانیش وەدەستهینانی ماف و ئازادییە کۆمەڵاتییەکانی تێکڕای گەلانیش زۆر سەختتر و ئەستەمتر دەبی. هەرکووەک هەیە ئێستا ئەمن دەتانم سەردانی زێدەکەی خۆم بکەم چونکێ پارچە کاغەزەکی بێ واتام هەیە کە گوایە ئەمن هاوڵاتیی ئێرەم.. بارودۆخەکی چەند ناحەز و نامۆیە.. تەمەشا؛ لۆ ئەوەی سەردانی زێدی خۆت بکەی و دەسەڵاتداران لەوێ نەتانن ژیانت لێبستیننەوە دەبی مافی هاوڵاتییبوون لە وڵاتانی دیکە وەدەستبینی! دەی هەرکووەک هەیە.. ئەمن پاش هەفتەکی دیکە بە باوەشی ئەو نیشتیمانە شاددەبمەوە کە کاتی دەرچوونم لێی هەر کە پێم لە سنوورەکەی ترازا ئاوڕەکم لێیداوە تا هێزم هەبوو سێ تفم لێی کرد.. هەنووکەش پێش ئەوەی پێ بخەمە نێو سنوورەکەی دیسان تا هێزم هەیە سێ تفی دیکەی لێدەکەم لێ ئەو تفانە لە خاکوخۆڵ و سروشت و گیانداران و خەڵکە هەژار و دامایەکەی نا بەڵکە لەو کەسە سووک و چرووکانەی کە لە سەتا یەکی خەڵکن و بە ناوی دەسەڵات وەک مێش و مەگەز بەسەر نیشتیمان نیشتینەوە و هەمیشە بەسەری دادەڕێن و دەرفەتی خەڵک نادەن تیکە نانەکی بێ ئاریشە و بە پوخت و خاوێنیی و لێ بخۆن و چۆڕە ئاوەکی بە پاگژیی لێ بخۆنەوە تەنانەت رێنادەن تێر بە سییەکانی خۆشیان هەناسەکی پاکی لێهەڵبمژن..

هەر بە بابەتی لەو جۆرانە درێژەمان بە قسەکانمان دا تا گەیشتینە نێزیک ماڵەکەی وی.. لەپڕ ئەوەم بە مەژییدا هات کە کاتەکی زۆر لەبارە لۆ ئەوەی سەرهاتی 'ژنەکە و پیاوە جوانەکە'ی لۆ وەگێڕم.. ئەو سەرهاتەی کە خۆشم تێیدا بوومە سەرهاتەکی دیکە.. ماوەک بوو هەر کە وەبیرمدەهاتەوە لە ناخەوە دەیکرۆژتم و هەلاهەلای دەکردم لێ هەر خۆم راگرتبوو و لۆ هیچ کەسەکم نەگێڕابۆوە.. ئیدی خەریکبوو کات نەدەما چونکێ دەمویست پێش ئەوەی سەردانی نیشتیمان بکەم لۆ کەسەکی وەگێڕم تا باری دەروونییم هەندەک بێتەوە سەرخۆ.. لەبەرهەندێ پەلەمکرد و لە دەرفەتەکدا گۆتم:

- دەزانی هاوڕێ ئەمن لەو ماوانەی دواییدا تشتی وەهام بیستیە هەر بە تەواویی ئەو نیشتیمانە نانیشتیمانەم لەبەرچاوان کەتیە.. جا تا نەرۆیشتیمەوە و بەسەر غەم و خەفەتان دانەکەتیمە با ئەوشۆ ئەو سەرهاتەت لۆ بگێڕمەوە و لەسەر دڵم نەبتە گرێ.. ئاخر وەک دەبێژن 'غەم هەڵێنەرێژی داتدەرێژی'.. تکایە با ئێستا بچینە ماڵەکەی من.. بڕوا بکە سەرهاتەکی زۆر ناوازە و دەگمەن و جەرگبڕە.. هەروەک خۆت دەیزانی ئەمن

کون بە کون لەدوو ئەو جۆرە سەرهاتانە دەگەڕێم کەچی ئەو جارە ئەوەیان هەر بە پێی خۆی هاتە بەردەستم.. جا بە کورتییەکەی ئەو سەرهاتە سەرەڕای کارەساتە پڕ ئازارەکانی نێوی هەر لەو گۆڕەی ئەمنیشی لە خۆی لوولدا و سەرهاتەکی تازەی لێچێکردم کە تا ئەو چرکەی ئێستاشم هەر پێیەوە دەتلێمەوە.. (هەستمکرد بەو پەسن و پێناسەکردنە زۆر سەرنجیم راکێشابی و زۆر زۆریشی پێ خۆشە سەرهاتەکی لەو شێوە لە من بژنەوەی.. کەچی دیتم وەک ئەوەی بیەوێ خۆی لەسەرم گران بکا گۆتی):

- ئاخر.. بەو شەوەی.. وەک دەیبینی دەرنگە و...

- نا نا.. ئاخر و ماخری پێناوێ و خۆشت لەسەرمان گران مەکە.. چونکێ باش ئەوە دەزانم ئیدی تازە تا ئەو سەرهاتەت لۆ نەگێڕمەوە هەرگیز ئەوشۆ لەبەردەستت قوتارنابم.. لێ کێشەکەی توو ئەوەیە دەتەوێ بە یەک پەلار دوو نیشانان بپێکی! دەی پێویست ناکا ناچارم بکەی.. مێواندارییەکەشت هەر لەسەر خۆم.. غەمت نەبی خواردنی ئامادەم هەیە.. لێ خواردن چ خواردن!؟ نا نا.. نە ئی بازاڕ و خواردنگەکانە نە خۆشم چێمکردیە.. خۆشترین و بەچێژترین خواردنە لە کن من و لە کن تووش.. کفتەیە کفتە هەی بەدبەخت!؛ ئەوە هاوێیەکم دوونێ لە نیشتیمان ڤەگەڕیا.. دەیزانی ئەمن زۆر زۆر حەزم لە کفتەیە چونکێ زۆر جار باسی خۆشیی و بەچێژیی کفتەی داکێم لۆ کردبوو.. پێش ئەوەی بێتەوە هەستابوو کفتەکی چاکی بە داکێی چێکردبوو.. هێندە بە جوانی پێچابوویەوە کە گەیاندیە دەستم و کردمەوە دەتگۆت تازە لێندرایە.. هەروا چەند دەسکە تەڕەکی سروشتیی و خۆمانەی وەک تەڕەتوولە و توور و کەرەوز و ئەوانەشی هینابوون کە داکی لە باخچەکەی خۆیان چنیبوونی و هەمووی جێ جێ لە دوڕ تەپەدۆرەکی پڕ بەفر ئاخنیبوون.. هەر دوونێ هەندەکم لە کفتەکە گەرمکردەوە بڕوابکە خواردنی ئەوها بەچێژ هەرگیز نەبووە تا کەس پێی بزانی! جا ئەتوو نەبی ئامادە نیم بیدەمە هیچ کەسەک ئەگەر دوڕ چاوانیشم بی.. (ئیدی وەملێکرد هەر بە سووک و سانایی رێی ماڵی خۆی بگۆڕی و بەرەو ماڵەکەی من هەڵگەڕێین.. جا ئەو چی دەویست؛ سەرهاتەکی ئەوها و بەو مێوانداریيشەوە!! ئیدی ئەگەر ئەمنیش پەژێوان ببامایەوە یان کاتەکەم بگۆڕیبا.. ئەو جارە ئەو رازیی نەدەبوو! تا گەیشتینە ماڵێ باس هەر باسی کفتە و ئەو تەڕانە بوون کە تۆیەکانیان دەستکاریی نەکرانە و بێ پەینی کیمیایی و لە نێو خاکەکی پاکژ وەبەرهەمهاتینە کە بێجگە لەوەی زۆر ئاودار و بەچێژن چەندین دەرد و نەخۆشییش لەنێودەبەن، پاش ئەوەی گەیشتین و تێروپڕ کفتەمان بەو تەڕانەوە خوارد زۆر پەلەی لێکردم تا دەست بە گێڕانەوەی سەرهاتەکە بکەم):

- ٢٨ -

«هەر دەڕۆیی و جوانیی لێدەتکاوە، لەو جۆرە جوانانە بوو وەک دەبێژن "خوشکی خۆشی حەیرانی دەبی!"، سەرەڕای ئێسکسووکیی و خوێنشیرینییەکەی.. قسەخۆشیی و هەڵسوکەوت و جوولە ناسکەکانی هێندەی دیکە جوان و قشت و ژیکەلەیان کردبوو، بە کورتییەکەی هێندە شیرین بوو هێندە شیرین بوو هەر شەکری لێدەپژا!».

ئەوەی سەرێ قسەی ئەو ژنە بوو کە پاش ئەوەی چەند نووسینەکی منی کەتبووە بەرچاوی بە نامە پەیوەندیی پێوەکردم و لە بەشەکی نامەکەیدا نووسیبووی:

«ئەوە ئەمن هەفتەمین ساڵە لەدوو کەسەک دەگەڕێم ئەو نهێنییانەم بە شێوەکی جوان لۆ بنووسی کە بە هیچ جۆر و شێوەک لە کن هیچ کەسەکم نەدرکاندینە، ئێستا پێویستە ئەو نهێنییانەی ژیانی خۆم و دڵخوازە جوانەمەرگەکەم و میللەتەکەشم وەک بەڵگەنامەکی مێژوویی بە تۆمارکرایی لۆ نەوەکانمان بمینێنەوە.. دڵنیاشم ئەو کەسە تەنێ ئەتووی کە ئەمن وەدوویدا دەگەڕێم، جا تکایە بە هەر شێوەک هەیە دەمەوێ بتبینم.. هیچ دەرفەتی تێدانییە و هەر دەبی کەسەکی وەکی توو ببینم!»

ئیدی لە پاش نامەگۆڕینەوەیەکی زۆر ئەوجا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەو ژنە بە راستیتی و پێویستیشی بە منە.. لێ ترسەکم هەر لیی هەبوو لەبەرهەندێ رێوشوێنەکم هەر لۆ خۆم دانا تا ئەگەر وەنەبوو و تووشی گرفتەکی کردم بتانم بە تاکەی خۆم هەستم و خۆم دەربازبکەم. هەرکووەک هەبوو خۆم گەیاندە ماڵەکەی و چوومە ژۆرێ.. چاکوخۆشییەکی هێندە گەرمی لەگەڵ کردم وەک هاوڕێیەکی زۆر کۆن و نێزیکم هاتە بەرچاوان.. هەستمدەکرد هیچ خۆپارێزیی و شەرمەکمان لە نێواندا نییە.. لەپڕ سەرنجم کەتە سەر منداڵەکی شەش هەفت ساڵان کە لە نێزیکە خۆی دانیشتبوو و گەمەی دەکرد.. دیاربوو لە رووی جەستەییەوە گۆج بوو و هەر لەبەرخۆشیەوە قسەی دەکرد و زمانی خۆمان و ئێرەی تێکەڵاوکردبوو.. لێ هێندە جوان بوو هێندە جوان بوو هەر کە دەتدیت ئەگەر ناچاریان نەکردبای بە هیچ شێوەک حەزتنەدەکرد چاوانی لەسەر لاببەی.. پاش ئەوەی ژنەکە گۆتی: "زۆر ئاسوودەم بە هاتنت کاکە گیان.. لێ باشترە واز لە سەرنجدانی ئەو منداڵە بهینی چونکێ بڕواناکەم کاتەک دابێ لە تەماشکردنی تێربیی"! ئەوجا بە ناچاریی هەندەک چاوانم لەسەری لابردن! هەرچەندە دەشمزانی کە زۆر نارێک و نابەجێیە ئەو پرسیارەی لێبکەم کە ئایە ئەو زارۆکە فرە جوانە هی کێیە و لەبەرچی ئەوهای بەسەرهاتیە؟! لێ نەمتانی دان وەخۆدا بگرم و پرسیارەکەم هەر کرد.. ئەویش گۆتی: "ئێستا دێن دەیبەن و لۆ ماوەک خەریکی فێرکردن و پەروەردەکردنی دەبن و پاشان دەیهیننەوە.. ئەوەش بەرنامەکی رۆژانەیە، ئەو منداڵە کوڕی من و ئەو دڵخوازە جوانەمەرگەمە کە ئەویش زۆر لەوە جوانتر و ژیکەلەتر بوو.. ئەو تاقە پەیوولەمان لە سەروبەندی ئەو نهێنییانە ئافەریدە بووە کە لە نامەکانم سووکە ئاماژەکم پێیاندابوو... دوایێ بە درێژیی لۆت باسدەکەم"، لەپڕ کەسەکە هات؛ هاوکاتی ئەوەی منداڵەکەی ئامادە دەکرد تا لەگەڵە خۆی ببیا ئەمن هەر چاوانم لەسەری بوون و لە هندوڕی خۆشم زۆر بە چڕیی رۆچووبوومە بیرکردنەوە لەو دەرەنجامانەی کە لە نامەکانی خستبوونیەڕوو.. وەک نموونە ئەوانە دوو کۆپلە بوون لێیان:

«... 'توندڕەویی دینیی و باڵادەستیی پارتیایەتی و بەستەڵەکی ئایدیۆلۆژیی' هەر تشتەکی چاک و ئەرێنیی لە نێو میللەت وێران دەکەن.. ئەو سێ پەتایە لە هەر جێیەک بدا ئەوە خەڵکەکەی هێندە بە هاسانیی لە بنی دەرناچن؛ ئەگەر نێوچەکەیان یەک دوورگە بی لەسەر دەریایەک نەفت مەلە بکا.. ئەوە بێجگە لەو شەڕوشۆڕ و کارەساتانەی لۆیان چێدەکەن ناتانن تەنانەت بە پێی پێویستی خۆیان لەو بڕە سووتەمەنییەش بەهرەمەند بن لە نەفتەکەیان کە زستانان پێویستیانە لۆ خۆگەرمکردنەوە! ئەگەر نێوچەکەیان یەک دوورگە بی لەسەر دەریایەک ئاوی شیرین مەلە بکا.. ئەوە رۆژانە بە هۆی نەبوونی ئاوی پاگژی خواردنەوە تووشی چەندین نەخۆشیی کوشندە و مەرگهێنەر دەبنەوە! ئەگەر نێوچەکەیان باشترین و تازەترین ئامێر و دەزگەی تەکنەلۆژیی

بەرهەمبهینی.. ئەوە لە ڕێی گەندەڵییە یاسایی و نایاسییەکانیان تاکەکانی میللەتەکە ئامێر ئاسا هەڵدەسووڕێنن و هەر ڕاکەڕاکیان پێدەکەن و تێکڕای ئاسوودەییەکانیان لێدادەشۆرن! ئەگەر و ئەگەر و... تد، تێکڕای کەسە بە هەڵوێست و مرۆدۆست و ئازادیخوازەکانی نێو سیستەمی دیموکراسیی دەبێ لە پاداشتی نواندنی ئەوەی دەیبێژنێ 'کارە جوان و چاکەکانی سیستەمەکەیان!' بە کارکەنارکردن و سەرکوتکردن و برسییەتی سوپاسگوزار بن.. ئەگەر نا ئەوە تووشی ئازار و ئەشکەنجە و تەنانەت لەنێوبردنیش دەبنەوە! دەسەڵاتداران ڕێک وەک ئەفسانە قۆڕ و سوایە دینییەکە کە دەبێژێ 'خودا لە مێروو دەهریی ببێ باڵی لێدەڕسکێنێ' ئەوانیش کە لە میللەت تووڕە دەبن گۆڤەندی وەهایان لۆ سازدەکەن هەر بە شەکر و شەکراوەکەی دەیانخکێنن! ...».

«... جوانیی جەستە کە چاک و خراپی پیاوان حەزیلێدەکەن و خوازیاری دەبن.. لۆ زۆربەی هەرە زۆری ژنان کارەساتەکی گەورەیە! ژنی جوان هەر لە منداڵییەوە تا دەیخەنە باوەشی پیاوەکی پارەدار و نێرسالار یان بەرپرسەکی دڕندە هێندە لەبەری دێن و دەچن و بە بەژن و باڵایدا دێنەخوارێ تا وەیلێدەکەن؛ ئەگەر بەختی یار بی و شەڕوشۆڕی لەسەر بەرپانەکەن و تووشی گرفتگەلی دیکەی نەکەن.. زۆر بە خۆی بنازی و خۆی لە هەر خۆپەروەردەکردن و خۆهۆشیارکردنەوەک دووربخاتەوە.. سەرەنجام کەسەکی گەمژە و دەستوپێ سپیی لێدەردەچی و دەبتە خاتوونی تایبەت بە نێوچێ و تەنێ خەریکی لاق فشکردنەوە دەبی! زۆر جار هەر ئەو جوانییە لۆ پیاوانیش بە هەمان شێوە دەبتە کێشە و دەردەسەرییەکی زۆر گەورە.. شەڕ و بگرەوبەردەکی ئەوهای لەسەر چێدەکەن تیری تێنەچی! ...».

کە منداڵەکەیان برد و هەر تەنێ خۆم و خۆی ماینەوە هەندەک باسی متمانە و بڕوابوونی خۆی بە من و هۆیەکانی درکاندنی نهێنییەکانی کرد.. هەروا باسی پێویستبوونی بڵاوکردنەوەشیانی کرد.. پاشان هەندەک نهێنیی دیکەشی درکاند کە لێرە جێی باسکردنیان نییە یان لە ڕاستییدا هەر نازانم مۆڵەتی ئەوەم هەیە لە جێی دیکە باسیانبکەم یان نا چونکێ لەو دەم دەرفەتی ئەوە نەڕەخسا پرسیاری ئەوەی لێبکەم پاشانیش لەبیرمچوو ئەوە بکەم. لە درێژەی قسەکانیدا گۆتی:

- هەڵبەتە پاش ئەوەی قسەکانم تەواودەکەم و ئەتوو بە جوانیی دایاندەڕێژیەوە پێویست ناکا بیانبینم چونکێ زۆر بڕوام بە توانایە وێژەییەکەت و دەسپاکییەکەشت هەیە بەڵکە یەکسەر بڵاویانبکەوە.. لێ تکایە پاش بڵاوبوونەوە وێنەکی لەبەربگرەوە و لۆم بنێرە.. تا ئەمنیش لە کۆتاییەکەیدا پەراوێزەکی لۆ بنووسم و تێیدا خاڵ بە خاڵی هەموو ئەو نهێنییانە بخەمەڕوو کە ئێستا نایاندرکێنم هەروا ناوی ڕاستیی هەموو ئەو کەسانەشی تێدا ڕێزبکەم کە پەیوەستن بە سەرهاتەکان و ئەو کارەساتانەی کە بەسەر خۆم و ئەوان و کەسوکارەکەم و میللەتەکەمدا هاتن.. ئەوجا پاش بیست و هەشتساڵی دیکە دووبارە بە پەراوێزەکەمەوە بڵاویدەکەمەوە.. واتە دەمەوێ لەو ماوەدا بێدەنگیی هەڵبژێرم! ئاخر ناکرێ ئێستا بە ئاشکراکردنی هەندەک نهێنیی ژیان و مانی کۆمەڵە کەسەکی بێوەی بخەمە بەر مەترسیی و هاوکاتی ئەوە خۆشم تووشی ڕاونان و خۆحەشاردان و مەترسیی دیکە ببمەوە.. ئاخر ئەوان لێرەش دەتانن بە زەبری پارە لە ڕێی سیخوڕەکانیانەوە ئەوە بکەن! بەڵکە ئەمنیش مافی خۆمە کە دەمەوێ لەو بیست و هەشت ساڵەی دادێ بارتەقای گشت ئەو حەژمەت و چەرمەسەرییانەی ژیانی سی و دوو ساڵەی ڕابردییم قەرەبووی سەرلەبەری خۆشیی و ئاسوودەییە لەدەستچووەکان بکەمەوە و هەندەک چێژوچەشە لە ژیان وەربگرم.. ژیان وەک ئەوەی کە کەسەک لە پاش

تەمەنی پەنجاساڵیی دەیخوازی و دەبێژی لەدەستمچوو کە لە تەمەنی نەوجەوانیی و گەنجییم ئەوها و ئەوهام نەکرد! جا ئەو کاتەی کە سەرهاتەکانم وەک خۆیان و بە هەموو نهێنییەکانیانەوە بڵاودەبنەوە ئەمن تەمەنم دەبێتە شێست ساڵ و ئیدی ئەگەر بشمکوژن گرنگ نییە.. ئەو دەمیش ئەو منداڵە جوانە لە سی ساڵ تێدەپەڕی و لەوپەڕی توانا و جوامێرییدا دەبی و باش تێدەگا کە ئەمن یان کەسانی وەک من لەسەر چ کوژران یان دەکوژرێن.. جا ئەگەر تێیدا هەبی ئەویش بە پێی خۆی تێکۆشانی خۆی دەکا و دەتانی هۆیەکانی کارەساتەکان و کوشتنەکان تێکڕایان بکوژێ و بنەبڕیان بکا، تکایە هەرچی لە منی دەژنەوی وەک خۆی بینووسە.. دیارە مەبەستم لە لایەنە ویژەیی و هونەرییەکەی نییە و ئەوەیان خۆت باشتری لێدەزانی و ئازادی کووی دادەڕێژی.. لێ ئەگەر هەر زانیارییەکی وەک 'ناو.. جێ.. تەمەن.. کات.. پیشە' یان هەر زانیارییەکی دیکەی لەو بابەتانەت لە نێو قسەکانم ژنەوت ئەوە هەموویان بگۆڕە.. سەرهاتەکەش بە ناوەکی نهێنیی بڵاوبکەوە..
(ئیدی بەدەو قاوەخواردنەوە دەستی بە گێڕانەوەی دەقی سەربردە و سەرهاتەکانی کرد):

هێشتا ئەمن بە دیداری شاد نەببووم سەربردەی سەردەمی منداڵیی و نەوجەوانیی ئەویان لۆ دەگێڕامەوە و دەیانگۆت هیچ کەسەک لە منداڵباز و نێربازەکانی گەڕەکەکەیان نەمابوو پێی فێرنەبووبی.. ڕۆژانە لە پەناوپەسیو و کەلاوە خانییەکان ئارەزووە سێکسییەکانی خۆیانیان پێ دادەمرکاندەوە.. چەندی گەورەتر دەبوو جوانییەکەی پتر دەگەشاوە.. تا وەیلێهات لە گەڕەکەکانی دیکەشەوە لۆی دەهاتن و دەیانبرد.. ناوەناوەش شەڕە گەڕەکیشی لەسەر بەرپادەبوو.. شەڕی وەها تیر و شیری تێنەدەچوو! سەرەنجام هەر دەمەو لەبەر دامەنی شەقاوەکی ئازا و براوە بوو.. ئیدی لەو دەست لۆ ئەو دەست تا گەیشتە سەر کۆشی پیاوەک کە بەرپرسی پاسەوانەکانی بارەگەی سەرکردایەتیی پارتیەکەی مە بوو و لە کنە خۆی وەک کارەکەر دایمەزراند.. لێ چ کارەکەرییەک؛ سەت خۆزیی بە ژیانی پێشانی.. لەوێ لە دەستی کوڕە دۆخین لە مل و عالۆرییەکانی چەند گەڕەکەک ڕزگاربببوو.. کەچی لە نێو بارەگەکەی مە هەر لە تاریکوڕۆنی سپێدانەوە تا کاتی نوستنان هەر لەسەر پێیان خەریکی کارەکەرییەکی زۆر قورس دەبوو و درەنگانی شەوێش چەند کاتژمێرەک وەک بێگاریی خەریکی 'کاری نێوجێ' دەبوو لۆ کاکی بەرپرس و چەند کەسەک لە مێوانەکانی و چەکدارە بەردەستەکانیشی!

تا تەمەنی گەیشتە بیست و سێ ساڵییش هەر ئەوە کاری بوو، ئەو دەم ئەمن دوو ساڵ دەبوو پەیوەندیی سێکسییم لەگەڵ ئەندامەکی نووسینگەی ڕامیاریی هەبوو کە خزمەکی نێزیکی سەرۆکی پارتییەکەمان بوو و دوو تەمەنی منیشی هەبوو.. ئەوەش هۆیە هەرە گرنگەکە بوو کە پێیەوە کرامە بەرزترین ئەندامی ژن و گەنجترین ئەندام لە نێو سەرکردایەتی کە تەمەنم بیست و پێنج ساڵ بوو، هەرچەندە لە لایەک زۆر ئاسوودە بووم بەوەی کە ببوومە ئەندامی سەرکردایەتی و نانم کەتبووە نێو ڕوونێ.. لێ لە لایەکی دیکە زۆر ناخۆش بوو لۆ من چونکێ بە تەواویی بەو پەیوەندییە سێکسییەی ئەو پیرە گەندەڵە بەسترابووومەوە و نەمدەوێرا لە لە پیستی خۆم بجووڵێمەوە و تەمەشای یەک کوڕی گەنج بکەم.. سەرەڕای ئەوەش بە هۆی ئەوەی هەر خۆی پیاوەکی نابووت و بێ هێز بوو لە سێکسکردن و تەمەنەکیشی هەبوو وردە وردە وەیلێهات لە ماوەی یەک مانگدا تەنێ یەک گانی پێدەکرا ئەویش بە هەزار دەردەسەریی.. لێ ئەوەی باش بوو لە هاوسەرە جوانەمەرگبووەکەی کوڕەکی هەبوو و ئیدی نەیدەویست منداڵی دیکەی ببی، سەرت نەیەشێنم پڕ بە دڵ و زۆر بە توندیی ئارەزووم کەتبووە سەر ئەو کوڕە گەنجە جوانە بەدبەختە کارەکەرەی کە جوانییەکی لەرادەبەدەری هەبوو و تا دەهات ئۆقرەی لێدەبڕیم.. وەملێهاتبوو هەموو پارتی و مارتیم بە فەرامۆشیی سپاردبوو! هیچ کەسەک بیری لۆ ئەوە

نەدەچوو یان هەر ڕێی تێنەدەچوو گومان لەوە بکا ئەمن حەیرانی کەسەکی ئەوها ببم کە سووک و چرووکیان کردیە لە نێو کۆمەڵ! لە پێناو ئەوەی بە خواستی خۆشم بگەم لە هەڵسوکەوتکردنم لەگەڵ ئەو کوڕە بە ئەنقەست وەهام پیشاندەدا کە زۆر رکم لێدەبتەوە و زۆر بێزڕێزیشی پێدەکەم.. ئیدی بەو جۆرە نەخشەی خۆم داڕێژت کە ناوەناوە ئەو کوڕە گەنجە بنێرم بچی هەندەک لەو کەلوپەلانەی چێکردنی خواردنم لۆ بکڕی کە نایابن و لە بازاڕ کەم وەدەستدەکەتن و لۆم بهینتە ماڵێ، خانییەکەم لە نێزیک ماڵی یارۆیە بەسەردابڕایەکەم واتە خزمە نێزیکەکەی سەرۆک بوو.. کرێیەکەی لەسەر پارتی بوو و لە رووکەشیش لە کن ئەندامان گوایە ئەوە بنکەی رێکخراوی ژنانی سەر بە پارتیەکەمانە و ئەمن سەرپەرشتیی ئەو رێکخراوە دەکەم کە بێجگە لە چەند ژنەکی سۆزانیی بەر دەرکی بەرپرسەکان هیچ ئەندامەکی دیکەمان نەبوو.

چەند جارەک ئەو کەلوپەلانەی لۆ هینام و هیچ رەوتارەکی نائاساییم لەگەڵی نەکرد.. هەر دانم وەخۆدا دەگرت لۆ ئەوەی ئەو کارەی شێوەکی ئاسایی وەربگری و وەها هەستبکەن کە لە راستییدا ئەو تشتانەم پێویستن.. ئەو دەمانەی دەهات و هەندەک لە کنم دادەنیشت زۆر بە رێزەوە هەڵسوکەوتم لە تەکیدا دەکرد و دەمویست بە جۆرەک سەرنجی رابکێشم کە هەستبکا حەزلێدەکەم لێ چەندی دەمکرد و نەمدەکرد هیچ هەستی پێنەدەکرد.. ئاخر بەدبەختەکی ئەوها کوو دەیتانی هەست بە نیازی کەسەکی وەک من بکا کە ئەندامی سەرکردایەتی بووم و لە پێش چاوی وی لە پێگەکی زۆر بەرزدا بووم.. بەوەش ئەگەر ئارەزووەکیشی لە بەرانبەرم جوولابا هەر نەیدەتانی بوێریی ئەوە بکا دەستپێشخەرییەک بنوێنی، جارەکیان پێمگۆت: "لەنەوپاش کە دێی نابی کەس بتبینی کە دەشرۆی هەروا.. چونکێ لەبەر ئاسایشی ژیانی خۆم نابی کەس بزانێ کێ دێتە ئێرە و چەند دەمینێتەوە" ئیدی تەواو بڕوای کردبوو و زۆر بە پەنادزە دەهات و دەچوو و نەیدەهێشت هیچ کەسەک پێی بزانی!

پاش ئەوەی تەواو دڵنیاببوومەوە لەوەی کە چاوانی کەسم لەسەر نییە و کەسیش هیچ گومانەک لەو هاتوچۆیەی ئەو ناکا رۆژەکیان دوو بە دوو پێکەوە دانیشتین و چاوانم لە نێو چاوانی نا.. وەمدەزانی ئەگەر زوو تشتەکی لەگەڵ نەکەم لەدەستمدەچی و رەنگە پاشانیش کێشە و گرفت دروستببن و هەر نەتانم بە خواستی خۆم بگەم.. ئیدی بێ هیچ پێشەکییەک پێمگۆت: "زۆر حەزدەکەم ئەتوو لە دڵەوە حەزبکەی لەگەڵم جۆت ببی.. لێ ئەگەر حەزیش نەکەی ئەوە هەر دەبی ئارەزووی من دابمرکێنیەوە ئەگەر نا ئەوە دەبی بەسەر تەرمەکەم پازبدەی ئەوجا لێرە دەربچی! هیچ چارەم نەمایە.. جا تکایە خێرا دایکەنە و با درەنگ دانەیێ"..

بێ ئەوەی هیچ قسەک بکا یەکسەر جلەکانی دەبەرکردەوە.. چ ببینم!؟ رێک ئەو وێنە زۆر جوان و رۆمانسییە رووتەم دیت کە دەیبێژنێ 'ئادەم!'.. ئەوەی وێنەکێشان و تابلۆکێشان هەر لە خۆیانەوە بە پێی ئەفسانەی پووچی باوەڕی بە ناو 'دینە ئیبراهیمییەکان!' دەیکێشن! خۆشم رێک وەک ئەو ژنە هاتە بەرچاو کە لە هەمان وێنە دایە و ئەویش هەر بە پێی هەمان ئەفسانەی پووچ دەیبێژنێ 'حەوا!' و گوایە هاوسەری 'ئادەم!' بووە! نازانم کوو ئەوها تانیم بە خێرایی خۆڕووتبکەمەوە و دەستپێشخەریی لە خۆلێخشاندنی بکەم.. هەر کە ئەویش هەمێزی لۆ گرتمەوە و بە تەواویی کەتمە نێو باوەشی خەریکبوو لە خۆشییان بتاوێمەوە و ببمە یەک دڵۆپە ئاو! ئاخر ئەوە یەکەم جارم بوو خۆم لە نێو باوەشی کوڕەکی ئەوها گەنج و زۆر خورت و بە گوڕ.. کوڕەکی ئەوها جوان و زۆر قشت و قۆز ببینم! سەرەڕای ئەوەش بە خواستی خۆم دەستنیشانم کردبوو و تا ئەوپەڕی رادەی خۆشەویستییش بە نهێنییەوە خۆشمدەویست! ئەتووش لە برای خۆم پتری.. بڕوابکە تا ئەو دەم

نەمدەزانی سێکسکردن ئەفسوونەکی ئەوها پڕ چێژوچەشەیە!!! بە کورتییەکەی تۆڵەی سەردەرێ و بەردەرێم کردەوە.. تۆڵەی هەموو ئەو کاتە پڕ لە جۆش و خرۆشە لەدەستچووانەم کردەوە کە بە دەیان جار لە نێو باوەشە ساردوسڕەکەی خزمە نێزیکەکەی سەرۆک خەریکدەبوو بگەمە ترۆپکی ئارەزوو کەچی لەپڕ دەماری پیاوەتیی سستدەبۆوە و رێک وەک ئەو کەسە دادەهێزرام کە لە خەونەکی فرە شیرین و خوەش لە نێو باوەشی کەسەکی خوازیاری خۆی خەریکە دەگاتە ئەوپەڕی چێژ و لەپڕ بێداردەبتەوە.. ئیدی لە هندوری خۆمدا دەمگۆت 'دەک داوەشێی و هەزاران تفیش لە خۆت و لە پارتیەکەت و لەو نیشتیمانەش کە ئەتووی تێدا سەرکردەیە'!

کە بە کامی دڵی خۆم گەیشتم و دڵنیابووم ئەویش لە منی پێ خۆشتر بوو.. ئیدی ئەوە مابۆوە کوو بتانین درێژە بەو پەیوەندییەمان بدەین.. سەرەنجام لەسەر ئەوە رێکەتین کە هەر بەو شێوە و بە نهێنییپارێزییەکی تۆکمەتر و بە تاکتیکگەلەکی باشتر درێژە بەو بەزموڕەزمەمان بدەین و ناوەناوە خۆمان لە نێو باوەشی یەکدی خەنیبکەین، پێش ئەوەی لە باوەشی یەکدی جودابیینەوە و بڕوا.. گۆتی:

- جا خانم.. کە ئەمن ئەوها سووک و چرووک ریسوا کرامە هومێدەوارم لەوە تێبەگەی کە هەر لە بنچینەدا ئەوها نەبوومە بەڵکە ئەوە جوانییەکەم بوو ئەوها بەدبەختی کردم.. ئەگینا ئەمنیش کەسەکی ئاساییم و وەک زۆربەی هەرە زۆری پیاوان حەز لە رەگەزی بەرانبەر دەکەم، حەزدەکەم ئەوەش بزانی ئەوە ئەتوو یەکەم کەسی لە ژیانم وەک مرۆڤەک رێزم لێدەگری.. لێ یەکەم کەسی نی سێکست لەگەڵم کرد بەڵکە یەکەم ژنی! ئەمن هەر لە سەرەتای نەوجەوانیمەوە لە کۆمەڵ دابڕامە.. لەو کاتەوە ئەگەر بە دەگمەن دەنا وازم لە چوونەدەر و نێو خەڵک هینایە.. هەنووکەش کە بە فەرمانی توو جاروبار لۆ تشت کڕین دەچمە بازاڕ دەموچاوی خۆم جوان جوان دەپێچم تا کەس نەمناستەوە کە کوڕە جوانە دۆڕایەکەم.. هەروا پێویستە ئەوەش بزانی ئەمن هاییم لەو پەیوەندییەی توو و خزمەکەی سەرۆکی پارتیەکەتان هەیە.. جا وەک ئەوەی کە ئەو بە توو فێربووە کوڕەکەی ویش بە من فێربووە.. هەر لە پاش ماوەکی کەم لە دەستوەکاربوونمەوە تا ئەو دواییانەش هەموو شەوێ بێ ویستی خۆم و بە تۆبزیی دوو دەست ئەمنی دەگا.. جا بەو کیرە گەورەیەی کە هەموو جارێ لە بندەستی دەمردم و دەژیامەوە.. لە راستییدا کە یەکەم جار کیریم بە چورچیی دیت خەنیبووم چونکێ زۆر گچکە دیاربوو.. لە دڵی خۆمدا گۆتم ئەوە زۆر باشە و ئازارم نادا.. لێ کە لۆیم رەپکرد دیتم لە ئی هەمووان گەورەترە.. بەو جۆرە کەسانە دەبێژن 'کیر لە زگ' واتە کیریان لە کاتی رەپبوون چار پێنج جار بە ئەندازەی خۆیان گەورەتر دەبن.. وەک کیری ئاسایی نین کە لە کاتی رەپبوون ڤیچەک لە خۆیان گەورەتر دەبن، بەس باشە ئەوە ماوەکە تووشی لەجێچوونی بڕبڕەکانی پشتی و نەخۆشیی وەها بووە ئەگەر بە دەگمەن دەنا کیری هەڵناستی و گانی پێناکرێ ئیدی لە خەفەتان بە تۆبزیی ئەمن دەخاتە سەرخۆی و لە قوونڕا ئارەزووی بە من دادەمرکێنمەوە، ببوورە ئەو قسەم بەو واتایە نییە کە ئەتووش وەک من سووک و بێ نرخ کرای و هەرگیز ئەمن ئەوهات نارۆنمێ.. بەڵکە ئەتوو زۆر گەورە و بە نرخی لە کنە من و هەنووکە ئەمن لە کانگەی دڵمەوە ئەتووم خۆشدەوێ.. ئەمن هەرگیز بڕوام نەدەکرد رۆژەک لە رۆژان ژنەک لە باوەشی خۆمدا ببینم بە تایبەتییش ژنەکی ئەوها بەڕێز و رۆشنبیری وەک توو! ئەرێ.. ئەوە ئازایەتیی توو و مرۆڤبوونی توو بوو بەو ئاواتەی گەیاندم.. (لەو دەم کە خۆم لە نێو باوەشی گرمۆلە کردبوو لەپڕ توند توند بە خۆیەوە کوشیمی و ماچەکی هێندە توندی لێکردم خەریکبوو لێوەکانم بپچڕێنی! پاش ئەوەی جلکەکانمان دەبەرکردن گۆتی):

- پێش ئەوەی بڕۆم حەزدەکەم لەوەشت هاییدار بکەمەوە کە بەرپرسیی کۆمەڵایەتیی پارتیەکەتان یەکەکە لە کەسە هەرە چاکەکانی نێو پارتیەکەتان و زۆر سوودم لێدیتیە.. تاقە کەسە کە دەیەوێ ئەمن بتانم وەک مرۆڤ بیربکەمەوە و خۆم لە کۆیلایەتیی ئەو پارتیە رزگاربکەم.. زۆر تشت لەو فێربوومە.. ئای کە کەسەکی چەند چاکە.. مرۆڤی ئەوها رۆشنبیر و سەرڕاست و چاونەترسم لە ژیانی خۆمدا نەدیتیە.. نازانم کوو کەسەکی ئەوها لە نێو ئەو پارتیە جێی دەبتەوە یان کوو تا ئێستا لە نێو پارتیەکی ئەوها مایتەوە کە ئەمن زۆربەی هەرە زۆریانم وەک رەوە گورگەکی برسیی دیتە پێش چاوان.. هەر ئەو بەرپرسەشتان ئێستا خەریکە نەخشەی رزگارکردنم لەو پارتیە و لەو کۆمەڵە لۆ دادەنێ.. ئەگەر لۆی بگونجێ رەنگە لەو زووانە رەوانەی دەرێم بکا، لێ نازانم.. ئەتوو ئێستا وەها جێی خۆت لە نێو دەروونمدا گرتیە کە هەرگیز نەتانم دەستبەردارت ببم.. باشە کوو دەتانم ئەوها بە سووک و هاسانیی لە نێو ئەو گەلە گورگەدا بە تەنێت بەجێبهێلم و روو لە هەندەران بکەم!؟ نا نا.. هەرگیز بڕواناکەم.. (لەپڕ دەستی بردە نێو باغەڵم و مەمکی چەپەمی دەرهینا.. پاش ئەوەی دوو سێ جار زمانی پێداهینا و هەندەکی مژی لێوەکانی لە لێوەکانم توندکردنەوە ئیدی هاییم لەوە نەما کە ئەو زۆر درەنگی بەسەرداهاتیە و دەبوو زوو وەرێبکەم.. هەر بە پەلە جلکەکانیم لەبەر داکەندن و دیسان لە نۆژەنرا تێهەڵچووینەوە؛ هەر لەسەر زەوییەکە و لەسەر ئەو کاشییە رەق و رووت و ساردانە بە رووتوقووتیی بە یەکدی وەنووساین و جارەکی دیکەش هەرچی تین و گەرموگوڕیی لە جەستەماندا هەبوون هەمووومان دارژاندنە نێو یەکدی و تا ماوەکی چاک وەها ئاوێتەی یەک ببووین خۆمان لەبیرکردبوو کە دوو جەستەین.. پاش ئەوەی تەراییمان لەبەر بڕا وردە وردە و زۆر بە سەختیی هەر کەسەو پارچەکانی جەستەی خۆمان دۆزیەوە و خۆمان لە یەک جوداکردەوە، ئیدی ئەو کوڕە جوانە لە پاش سەرکەتنی لەو داستانە مێژوویی و مەزنە بێ ئەوەی دوژمنان هیچ هەستەکی پێ بکەن بێ هیچ زیانەک سەربەرزانە گەڕایەوە بارەگەکەی خۆی!!! نەسرەوتن تا تێکخستن.. هەر بژی کۆنفیدرالیزمی سێکسیی!!!).

کار لەوە ترازا ئیدی لەبەر برسیەتیی سێکسیی خەریکی ئەندێشە سۆزورژێنەکان و دەستپەڕان بم و هەمیشە بە ئاخ و ئۆف و حەسرەتان هەڵوەدای یەک گانی کوڕەکی خورت ببم و سووم ببتەوە؛ هەر چەند رۆژەک جارەک دەمناردە بازاڕ و بە چەند کەلوپەلەکی سادەوە دەهاتەوە.. لێ خۆی پڕ لە هێز و وزە و زۆر وەبڕست.. ئەمنیش تشتەکانم فڕێدەدا ناندینەکە و بە پڕتاو هێز و وزە و بڕستەکەیم هەڵدەمژی تا چۆڕم لەبەردەبڕی، سێ مانگی رێکمان بەو شێوە بەسەربرد.. خەڵک سی رۆژ یان کەمتریش لە مانگی هەنگینیی بەسەردەبا ئی مە گەیشتبووە نۆهەت رۆژ! زۆر بە توندیی پارێزییمان لە منداڵبوون دەکرد.. ئیدی لەبەرئەوەی هەرگیز نەماندەتانی دەستبەرداری یەک ببین بڕیارماندا پێکەوە نیشتیمان بەجێبهێلین، نەمدەویست بەرپرسە کۆمەڵایەتییەکەش بزانی پێکەوەین و دەمانەوێ پێکەوەش دەربچین چونکێ گومانم هەبوو لەوەی بتانی ئەو نهێنییەی مە بپارێزی، نەخشەی رێیەکی دیکەمان دانا تا پێکەوە دەربچین.. وردە وردە کارمان لەسەری دەکرد کەچی رۆژەک لەپڕ هەستمکرد زگم هەیە.. بە دزییەوە خۆم گەیاندە لای پزیشکەک و ئەویش دڵنیای کردمەوە کە هەمە.. داودەرمان نەما وەکارینەبەم و رۆژانەش چەند جارەک لەسەر قادرمەی ماڵێ خۆم فڕێدەدا خوارێ لێ هیچ سوودەکی نەبوو و هەر لەبەرمنەدەچوو.. تا دەهات زگم بەرزتردەبۆوە.. ترسی ئەوەمان گەیشتبووێ لە لایەک خەڵک پێیبزانن.. لە لایەکی دیکەش منداڵبوون بە بێ هاوسەر لە کن کەسوکار و پارتیەکەشم کارەکی زۆر نابەجێ بوو بێ کێشە و مەترسیی گەورە لێی دەرنەدەچووم.. لێ لە کنیان ئاسایی بوو و هەموشیان

راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەیانزانی ئەمن چم و چ دەکەم لە نێو پارتیەکی ئەوها! سەرەنجام بە ناچاریی نەخشەکەمان گۆڕی تا بە پەلە و بە ڕێیەکی باش و مسۆگەر دەربچین.. لێ ئەوەش پارەی پتری دەویست و ئەمەش ئەو پارەمان نەبوو.. ئەوە راست بوو مانگانە پارەکی باشم لەو پارتیە گەندەڵە وەدەستدەکەت لێ لەبەرئەوەی پێشترێ تووشی جۆرەک لە بەدبینیی و بێسەروبەریی ببووم و هیچ نەخشە و پرۆژەکم نەبوو زۆر بە دەستبلاویی پارەکانم خەرجدەکردن و نەمتانیبوو تشتەکی ئەوتۆ پاشەکەفت بکەم.. بە کورتییەکەی بڕیارماندا یەکەم جار و بە پەلە ئەمن بە تەنێ دەربچم و پاشانیش ئەو بە ڕێیەکی هەرزان.. ئیدی دوو بەش لە سێ بەشی کۆی پارەی هەردووکمان لە دەستی قاچاغچییەکی مسۆگەر کرد و ئەمن بە تەنێ پێی دەرچووم و گەیشتمە ئێرە. با پتر سەرت نەیەشێنم.. نێزیکەی یەک مانگ و نیو تێپەڕی هێشتا هیچ دەنگوباسەکی ئەوم نەبوو.. (هەڵوەستەکی کرد و چاوانی پڕ فرمێسک بوون.. دەموچاوی وەک پەنگر سۆرهەڵگەڕا و لەپڕ فرمێسک لەسەر کوڵمەکانی ڕێژیان بەست و لە هاڕژنی گریانێی دا.. ئەمنیش لە بنەوە باش گرمگرتبوو و خەریکبوو لەگەڵ وی دەست بە گریانێ بکەم لێ هەر دانم وەخۆدا گرت.. پاش دەمەک لە دڵنەواییکردنی بە هەر جۆرەک هەبوو کڕمکردەوە.. ئیدی گۆتی):

داوای بووردنت لێدەکەم کە بوومە مایەی دڵتەنگییت، بە کورتییەکەی پاش کۆشش و ماندیبوونەکی ئێکجار زۆر نامەکی زۆر کورتم لە چەکدارەکی سەر بە پارتیەکەمان بەو شێوە پێگەیشت: "پاش چەند رۆژەک لە دەرچوونی توو ئەویش ملی ڕێی گرتەبەر لێ لەسەر سنوور گرتیان و رادەستی پارتیان کردەوە.. لەسەر ئەوەی گومانی ئەوەیان لێێ هەبوو کە هاوکاریی دەرچوونی تووی کردیە ئازار و ئەشکەنجەکی ئێکجار زۆریان دا.. تا ماوەی یەک هەفتەش هەر خۆی راگرت و هیچی نەدرکاند.. لێ پاشان کە ئازار و ئەشکەنجەکەیان پترکرد و سەرتاپای جەستەیان تێکشکاند دانی بە هەر هەموو تشتەکدا هینا.. ئیدی بێ تیمارکردن و بێ خواردن هەر لە ژۆرەکی بارەگەکە دەرکەیان لەسەری داخست تا وردە وردە لە جێی خۆی هیشک بۆوە.. زۆر بە داخەوە پاش بیست و پێنج رۆژ لە دەرچوونت گیانی پەپوولە ئاسای خۆی لەدەستدا".. (دیسان زۆر بە توندیی لە پڕمەی گریانێی داوە.. هەر کڕنەبۆوە تا ئیدی ئەمنیش خۆم پێ ڕانەگیرا و وردە وردە لە تەکیدا فرمێسکانم داباراندن! کە ئەمنی بەو شێوە دیت لە سەرەتادا گریانەکەی بە جۆرەک خەستبۆوە کە هەموو جەستەی لەگەڵی هەڵدەپەڕی لێ پاشان کە هەستیکرد کەسەک لە تەکیدا هاوپرس و هاوغەمیتی هەندەک هێوربۆوە و گوشادییەک بە دڵیدا گەڕا و وردە وردە هاتەوە سەرخۆی.. لە کۆتاییشدا گۆتی) جا ئەو منداڵەش کە هاتەبوون بە هۆی ناکامییەکەی چەند مانگەک هەر بە ڕێی خەستەخانانەوە بووم.. سەرەنجام بە پێی راپۆرتی پزیشکەکان لۆمان وەدەرکەت هۆکاری ئەو گۆجییەی ئەوەیە کە ئەو کاتەی ویستیتمان لەباربببەین زۆر ئازاری پێگەیشتیە.. لێ ئەوەیان زۆر دڵخۆشکەرە کە لە دوا جاردا پزیشکە تایبەتەکەی گۆتی دڵنیاتدەکەمەوە ئەو منداڵە پاش دوو ساڵی دیکە بە تەواویی چاکدەبتەوە و هیچ کێشەکی نامینێ.

ئیدی پاشان کەتینە نێو باسوخواسی ئاسایی.. ئەمن هەر بە ئەنقەست باسەکانم درێژدەکردنەوە تا منداڵەکە بێتەوە و جارەکی دیکە ببینمەوە چونکێ هەرگیز نەمدەتانی بێ دیتنەوەی وی ئەوێ بەجێبهێڵم. هەر لەو کاتەوەی منداڵەکە هاتەوە و تا ئەوێشم بەجێهێشت هەمیشە هەر چاوەکم لەسەریبوو تەنانەت لە کاتی ماڵاواکردنیش کە بەرەو دەرکەکە دەچووم پاشەوپاش رۆیشتم تا دەرفەتی دیتنی لەدەستنەدەم.. لەبەرهەندێ هەر کە پێیانم ئاودیوی دەرێ کرد و دەرکەکەم داخستەوە پشتاوپشت رەتمبرد و زرمەم لە زوییەکە هەستاند..

وەها بەربوومەوە هێندەی نەما هەموو شان و ئەسکوردم تێکبشکێن! لە شەرمی ئەوەی نەوەک خانم هەستپێبکردبی و بێتە دەرێ بە پەلە هەستامەوە و تێمتەقاند، تا ئێرە تەنێ یەک کێشەم هەبوو ئەویش بیستنی ئەو کارەساتە جەرگبڕانە بوون کە بەسەر ئەو خانەوادەدا هاتبوون.. بە جۆرەک هەراسان و بێ باریان کردم نەمزانی کووکوویی و بە کێندەرێدا گەڕامەوە و چەندم پێچوو تا گەیشتمەوە ماڵێ و بێهۆشکەتنەکەم لەسەر قەنەفەکەی ماڵێ چەندی خایەند!

سەرهاتەکەی خۆم لێرەوە دەستپێبکرد کە وەخۆهاتمەوە؛ هیچ کوون قوژبنەکی ئەو ماڵە نەما نەگەڕێم کەچی نە هەگبەکەم دیتەوە نە ئەو کاغەزانەش کە سەرجەمی قسەکانی ئەو خانمەم تێیاندا نووسیبوون.. چەندی بیرمکردەوە و خۆم دەکوشی لێ هیچ سوودی نەبوو و سەرەنجام هەر نەمزانی لە ماڵی خانمێم لەبیرکردبوون یان لە رێیێ لێمکەتبوون!! خەریکبوو لە خەفەتان مەژێیم دەتەقی.. بە هەردوو باردا هەر کێشەی زۆر گەورە بوون لۆ من.. نا هەرگیز نەمدەوێرا بە نیازی وەرگرتنی کاغەزەکان روو لە ماڵەکەی بکەمەوە.. ئاخر وەک ئەوەی ئەمن لە دانیشتنەکەم لەگەڵی ئەوم ناسی لەو بڕوایەدا نەبووم ئەو بێسەروبەرییەی منی پێ هەرس بکرێ و بە دڵنیاییەوە زۆر لێم تووڕە دەبوو و هاوڕێیەتییەکەشمان تێکدەچوو.. ئەوەی دووەمیشیان هەر زۆر مەترسیدار بوو کە کاغەزەکانم لە رێیێ لێ بزربووبن چونکێ ئەگەر لێشم تووڕە نەبا کە گریمانەکی زۆر پووچ بوو لە کنە من.. هەرگیز نەمدەتانی دووبارە خۆ لەبەر گێڕانەوەی ئەو سەرهاتە کارەساتئامێزەی رابگرم! لە هەموو ژیانی خۆم لە بەرانبەر هیچ تشتەک ئەوها دەستەوەستان نەببووم.. بە کورتییەکەی بە هیچ جۆر و شێوەک نەموێرا پەیوەندیی پێوەبکەمەوە و بڕواشم نەدەکرد هەرگیز ئەو ئازایەتییە لە خۆ راببینم.. لەبەرهەندێ بڕیارمدا تەنێ ئەو قسانەی بڵاوبکەمەوە کە لە یادم مابوون لێ پاش گۆڕینی زانیارییەکانی نێوی وەک ناو و جێ و کات و ئەو تشتانە کە خۆی داوایکرد بیانگۆڕم. جا ئەو دەقەی سەرێ کە گێڕامەوە رێک وەک خۆی نییە و زۆر کەمتریشە لەوەی گێڕایەوە لێ هەر هێندەم لێی وەبیرهاتەوە.. گرنگ ئەوەیە نێوەرۆکەی وەک خۆیتی، ئیدی ناچارم پێش ئەوەی بڵاوبکەمەوە نامەکی لۆ بنووسم - هەرچەندە ئەو گۆتی بڕوای بە توانایەکانی من هەیە کە باشی دەنووسم و نایەوێ بیبینی و یەکسەر بڵاوبکەمەوە - بێ ئەوەی هاییداری بکەمەوە کاغەزەکانم بزرکردیە داوای لێبکەم و لێی بپاڕێمەوە کە ئەگەر هیچ کەموکوڕییەک لە دەقەکە هەیە ئەوە با گیانی لێبووردەیی خۆی بەسەرمدا ببارێنی و لە نامەکدا هەڵەکانی نووسینی ئەو سەرهاتە راست و کەتوارییەی نێو ئەو ژیانە پڕ لە هەڵەیە راستبکاتەوە تا چاکیان بکەم و بڵاوبکەمەوە.. جا ئەگەر وەرامەکەی نەرێنیی بی و لێم تووڕە ببی یان پەیوەندیی لەگەڵم بپچڕێنی ئەوە دەبتە غەم و داخەکی گەورە و هەرگیز لەبیرمناچتەوە.. لێ ئەگەر وەرامەکەی ئەرێنیی بی و هەڵە و کەموکوڕییەکانی دەقەکە راستبکاتەوە ئەوە زۆر ئاسوودە دەبم بەوەی کە هەم سەرهاتەکە وەک خۆی و بە گشت جوانییەکانیەوە دەگەیێنمە خوێنەران هەم پەیوەندییەکەشم لەگەڵ ژنەکی ئەوها هۆشمەند و یاخی کە زۆر بە توندیی هەڵوێستی لە بەرانبەر دەسەڵاتداران و ژیانی ملکەچیی وەرگرتیە درێژەپێدەدەم و قووڵتری دەکەمەوە.. ئەوە سەرەڕای ئەوەش کە ئەمن کوشتەی هەر جوانییەکم و ئیدی دەشێ لە جوانییە زۆر دەگمەن و نائاساییەکانی ئەو شۆڕە ژنەش بەهرەمەند ببم.. جا ئەوە گرنگ نییە کە ئەویش لە نێو گۆمی لیخنی پارتی بە هەندەک ڤایرۆسی پارتیایەتی ئاڵوودە بووە.. چونکێ هێشتا بای ئەوەندە رۆشناییەک لە چاوانی وەدیدەکەم کە بتانی بەرپێیانی خۆی پێببینی و لە تەک خۆمان بەرەو هەتاو هەنگاو بنێ!

❊ ❊ ❊

**سەرەنجام ئێستا دەمەوێ بزانم ئەتوو کووی لێدەڕۆنی و پێشنیارت چیە لەو بارەوە؟ (پاش دەمەک لە بێدەنگیی یەکڕاست هەستایە سەرپێیان و گۆتی):**

**- زۆر درەنگی کرد هاوڕێ ئامۆزا.. ئێستا دەبی ئەمن بڕۆم.. ئەو سەرهاتە بێجگە لەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە بابەتەکی گەلەک چیرۆکئامێزە و زۆر هونەرییشە.. لێ نابی هەر ئەوها سەرپێییانە لێی بڕۆنی بەڵکە دەبی زۆر بە گرنگییەوە بەرخوردی لەگەڵ بکەی چونکێ زۆر هەستیار و مەترسییدارە.. ناکرێ بێ لێکۆلینەوە و هووردبوونەوە لە گشت لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی بە پەلەپڕووزێ بڕیاری بڵاوکردنەوەی بدەی و پاشانیش پەنجەی پەژێوانیی بگەزی! بێجگە لەوەش پێویستە پێش هەموو تشتەک ئەوە لەبەرچاو بگری کە ئەتوو خاوەنی هزر و بیروباوەڕەکی و لە پێناو ئامانجگەلەک خەریکی کاری رامیاریی و پێویستت بە هاتوچۆی نێوان ئێرە و نیشتیمان هەیە.. ئەوە راستە رووداانی ئەو سەرهاتە و دەیان و سەتانی دیکەی هاوچەشن کێشەگەلەکی زۆر بنچینەیی خۆمان و میللەتەکەمان و سەرجەمی مرۆڤایەتین لێ سەرەنجام ئەوەیان تەنێ یەک سەرهاتە و هەڵەکی زۆر گەورەیە لە پێناو بڵاوکردنەوەی یەک سەرهات مەترسیی بخەیە سەر ئاسایشی ژیانت و خۆت لە نیشتیمان قاچاغ بکەی، جا بە رای من ئەو بابەتە کاتی پتری گەرەکە و پەلەی لێمەکە.. باشترە جارێ بچی گەشتەکەت بکەی، دەتانین سبەینێ پێکەوە دانیشتنەکی تایبەتی لەسەر بکەین تا بە جۆرەک دایبرێژیەوە کە بە هیچ شێوەک نەزاندرێ ئی ئەو ژنەیە چونکێ بە ئاشکرابوونی نهێنییەکانی وەک خۆی گۆتەنی ژیان و مانی خەڵکی دیکە تووشی مەترسیی دەکا کە سەرەنجام ئەتووش ئاشکرادەبی و تووشی هەمان مەترسیی دەبی.. سەبارەت بەوەش کە ئەو دەیەوێ زوو سەرهاتەکەی بڵاوبتەوە بە باشی دەزانم لەگەڵ گەیشتنت بە نیشتیمان ئەمن وەک هەڵگری راسپاردەی توو بچمە کنی و تشتەکی لەو بابەتەی پێڕابگەینم 'بە داخەوە کە کاک ئامۆزا گەشتەکی بە پەلەی هاتەپێش و گۆتی پێبیێژە داوای بووردنی لێدەکەم کە نەمتانی زوو سەرهاتەکەی بڵاوبکەمەوە لێ هەر کە هاتمەوە بە زووترین کات بڵاویدەکەمەوە'.. هەروا دەربارەی ئەوەش کە ناتەوێ بەوە بزانی دەقی گێڕانەوەکەی ئەوت بزرکردیە و دەشتەوێ وەدەستیبخەیەوە؛ ئەوە هەندەک پرسیاری وەها رێکدەخەین تا کە دەچمە کنی بتانم بە جۆرەک بیدوێنم کە ناچار ببی یان حەز بکا سەرهاتەکەی لۆ منیش بگێرتەوە.. ئیدی کە هاتیەوە هەردوو دەق تێکهەڵکێش دەکەین تا وەک نێوەرۆک و لایەنە هونەرییەکەی دەقەکی جوان و نایابی لێدەربچی هاوکات هیچ کەسەکیش نەتانی گومانی ئەوە بکا کە سەرهاتی ئەو ژنەیە یان ئەتوو هیچ پەیوەندییەکت پێیەوە هەیە.. (تێڕوانین و پێشنیارەکەی زۆر جوان و لە جێی خۆیان بوون.. لەبەرهەندێ یەکسەر رەزامەندیی خۆم دەربڕی و بە سوپاسەکی زۆر و بە ئاسوودەییەوە تا سەری کۆڵانێ لەگەڵی چووم و وەڕێمکرد).**

# بەشی چارەم

## - ٢٩ -

یەکەم جارم بوو بگەڕێمەوە نیشتیمان؛ ئەو زێدەی مافی هاونیشتیمانییبوون تێیدا وەک 'مافەکانی مرۆڤ'ی نەتەوە یەکگرتییەکانی لێ بەسەرهاتبوو و تا رادەی ریسوابوون سووکایەتی پێدەکرا! دوو رۆژان کە هێشتا کەم کەس بە گەڕانەوەکەمی زانیبوو کاتەکی ئارام و ئاسوودەم لە ماڵی خوشکەکەم بەسەربرد، بارودۆخی ماڵی وانم زۆر ئاسایی دەهاتە بەرچاوان، هەر کە رۆژی سێیەم داهات.. ئۆهـ لە سێیەم رۆژ کە کاتەکی چەند تەنگ و تار و دژوارم تێیدا بەسەربرد! هەرچەندە پێشترێ رۆژانی زۆر سەخت و قورسم بەسەریەکەوەنابوو.. لێ هەستمدەکرد ئەوەیان سەختترین و قورسترین رۆژ بی لە تێکڕای تەمەنم:

هەر دەنگۆت رۆژی 'بووک گۆزتنەوە'ی سەردەمی نەریتە بۆگەن و داڕزایەکەی پێشانە کە دەیانگۆت 'شین و شایی.. دەستەوایی' واتە ئەگەر کەسەک بێتە شین یان شایی توو ئەوە دەبی ئەتووش بچیە شین و شایی ئەو جا نێوانتان خۆش بی یان نا تەنانەت ئەگەر قسەش لەگەڵ یەک نەکەن! لەو جۆرە گۆڤەند و بووک گۆزتنەوەدا کیژەکە وەک کەلوپەلەکی پێویست و رێک وەک ئەوەی کڕدرابی دەگۆزرێتەوە ماڵی زاوا.. بێجگە لەو کەسانەی کە لێیان دەگێڕدرێتەوە و تەنێ رۆژی ئاهەنگەکە ئامادە دەبن.. خزم و ناسیارە نێزیکەکان بەسەر ماڵە بابی زاوا وەردەبن و بە ناوی یارمەتییدان و شادمانیی دەربڕین چەند رۆژەک پێش بووک گۆزتنەوەکە بێ پرس و بە ئارەزووی خۆیان لەو ماڵە تەڕاتێن دەکەن و ئاتاری بەسەر پاتاریەوە ناهێڵن تەنانەت ئارامیی لەبەر ماڵە دراوسێیەکانیش دەبڕن.. واز لەو دۆر و زوڕنایە یەک ئاواز و یەک رەزم و دەنگ بەرز و وەڕسکەرەش هەر بینە کە کوو خەڵک وڕ و کاس دەکا.. ئەوە بێجگە لەو شایی و هەڵپەڕکێیە 'سەربازیی'ە هەراسانکەرەی سەرەتا کە تێیدا تەنێ پیاوەکان دەستی یەک دەگرن و وەک راهینانی سەربازیی زۆر بە خێرایی خۆ هەڵدەکوتن و زۆر پیاوسالارانە هەڵیدەسووڕێنن.. پاشانیش ژنان وەک پاشکۆیەک لە ژێر فەرمانی پیاوان و هەر لۆ خۆشیی پیاوان دێنە نێو شاییەکە و دەبتە رەشبەڵەک.. تەنێ چێژ و خۆشییەک کە دەیبینن ئەوەیە کاتەک ئەو ژن و پیاوانەی دەستی یەکیان گرتیە و هەڵدەپەڕن تەنیشتیان لە یەک دەخشێنن و بە دزییەوە هەندەک دەستی یەک دەکوشن.. واتە نە دەوێرن باوەشەک لە یەکدی بدەن نە ماچوومووچ و قسەکی خۆش لەگەڵ یەک بکەن.. زۆرەک لە کیژەکانیش لە ترسی باب و برا و خزمە نێزیکەکانیان ناوێرن بچنە نێو شاییەکە.. ئەگەر بشچن ئەوە مەگەر کوو دەنا هەر دەبی دەستی خزمەکی نێزیک یان ناسیارەک بگرن یان دەبی هەر لە دەستی ژنان بن.. زۆربەی کوڕە گەنجەکانیش ئەوانەی دەوڵەمەند نین یان پێگەکی کۆمەڵایەتیی وەهێزیان نییە کیژان ناچنە دەستیان و دەبی هەر لۆ خۆیان بە هەناسەساردیی بیخولێننەوە.. یان زۆر جار وەک 'ژن بە ژن'ی لێدێ؛ کە کوڕەک بە هەزار دەردەسەریی خۆی دەگەیەنتە دەستی کیژەک ئەو کات ئاسایی دەبی برای کیژەکەش بچتە دەستی خوشکی ئەو کوڕە! هەندەک جاریش هەر لەسەر ئەو چوونەدەست و نەچوونەدەستەی ژنان.. کە دەبی هەر پیاوان دەستپێشخەریی بکەن بچنە دەستی ژنان.. کوڕەکان بەرانگژی یەک

دەبنەوە و گوو لە شاییەکە دەکەن واتە دەیکەنە یەک شەڕوشۆڕ و فرتەنە بە لایەنی کەم سەر و قەپۆزی چەند کەسەک دەشکێن و سەرەنجام خەلکەکە زۆر خۆشبەخت دەبن ئەگەر شاییەکە زوو تێکبچی و کەسی تێدا نەکوژرێ.. زۆر جاریش ئەو کێشانە پەردەستینن و رۆژانی پاش ئاهەنگە شەڕ و پێکدادانی گەورە گەورە بەرپادەبن!

هەر چاک بوو هاوین بوو دەنا ئەو هەموو کەسە کە بەسەرم وەرببوون هەرگیز جێیان نەدەبۆوە؛ ژوورەکان هەمووی تەنانەت حەوشە و سەربانیش هەر پڕببوون، کەسی وەهای تێدابوو تەنێ چاکوخۆشییشمان لەگەلْ یەک هەبوو.. هەشبوون نە ئەمن پێشترێ ئەوانم دیتبوو نە ئەوانیش ئەمن! ئیدی ئەگەر هەندەک رووخۆش بوومایە لەگەڵیان ئەوە دەبووایە تا دەگەڕێمەوە کاتەکانم هەر لە میوانداریی ئەوان بگوزەراندبا.. لە راستییدا حەزم بە دیتنی نێوچەوانی زۆربەی هەر زۆریان نەدەکرد.. هەرچەندە فەرامۆشیشم کردبوون و بە رووگرژییەکیشەوە بەرخوردم لەگەڵیان دەکرد لێ هێشتا هەر زۆر هەراسانیان دەکردم و کاتەکی زۆریشان دەکوشتم، بە کورتییەکەی هەر هێندەم لەدەستهات کە نەهێلم وەک ئەوەی ئەوان دەیانخواست ئەوهای لێبێ. لە هەڵسوکەوت و قسەکانیان ئەوەم دەخوێندەوە کە خەڵک زۆر گۆڕابن.. لێ چ گۆڕانەک؛ جوانییەکانیان هەڵوەریبوون یان ناشیرینیان کردبوون.. ناشیرینییەکانیشیان ناشیرینتر ببوون!

کە پرسیاری هاوڕێ و خۆشەویستەکانی خۆم لێدەکردن.. ئەو کەسانەی ئەز پێم جوان و بە هەڵوێست و بەخشندە بوون.. لە بەرانبەر هەر یەکەکیان بە پێی تێگەیشتنی خۆیان بەرسڤەکیان هەبوو.. وەک ئەو نموونانە:

- جا ئەوە کەنگێ ئی ئەوەیە لێی بپرسی!؟ کێ ئەو کەساس و مردۆخە دەناسی!؟ بڕوابکە وەها سووک و چرووک بووە.. وەها کەتیتە بن دەست و پێیان تەنانەت مندالەکانی خۆشی رێزی لێناگرن! هەر لە لستی مردییانی دابنێ باشترە!
- ئەها.. ئەتوو مەبەستت کوڕە زۆرگۆ و هەرەپاسەکەیە.. کاکە ئەوە پاش ئەوەی چەند جارەک فڕێیاندا زیندانێ لەسەر ئەوەی کە زۆر دەودرێژیی دەکرد بەرانبەر دین و بەرپرسەکان و رەخنەی توندی لەسەر دەنووسین.. چەند جارەکیش هەر وەبەرچاوی خەڵکەوە شاپترێنیان کرد.. ئیدی سەری خۆی شۆڕکرد و ئێستا ئەوانیش وەک پاشا دەیژیێنن!
- لە راستییدا هەر جوان نییە لۆ توو لە کەسەکی وەها بپرسی! کاکە گیان.. نازانم کوو باسی ئەو ملحیزە بێ ئابڕووەت لۆ بکەم.. ئەو بێ رەوشتە بێجگە لەوەی هەر خۆی لە کاتی گەنجیی کەسەکی داوێنپیس بووە.. لەو دواییانە کیژەکانی خۆشی کەلک برپبوون! دەیویست ئەو نیشتیمانە خاوێن و پڕ لە ئابڕووەی خۆمان وەک وڵاتە بێ رەوشتەکان لێبکا.. واتە دەیویست سەماخانە هەبی و ژنان و پیاوان لە مەلەوانگەکان تەڤلی هەڤ ببن و لە هەموو فرۆشگەک مەی بفرۆشرێ و بە کورتییەکەی خەڵک لەسەر شەقام و کۆڵانان بخۆنەوە و سواری یەکدی ببن! بەس باش بوو هەر زوو کردیانە پیاو.. لێ هەرەوەک دەبێژن 'قوونەک فێرە ترِین بی هەر دەترِێ' پاش ماوەک دیسان دەستییپێکردەوە.. بەس ئەو جارە وەک دەبێژن کلکی خۆی لەگەڵ کوڕە بەرپرسەکان کردیتە یەک و وەک نوێنەر ناردیتیانە دەرێ.. لەوێش بێجگە لە کاری پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لە سۆزانییخانەکانیش کاردەکا!
- ...

داکم کە لەسەر لێواری گۆڕ بوو.. دەیگۆت 'نەکەی یارمەتیی ئەو هەژار و دەستکورتانە بدەی ها.. چونکێ ئەوانە بێ ئەمەک و ناکەسبەچەن و هیچیان لەبەرچاوان نییە'! (ئەوە لە کاتەکدا لە سەردەمی منداڵییم ئامۆژگاریی دەکردم و دەیگۆت 'کوڕم ئەوە بکە گوارە لە گێت؛ کە گەورە بووی و بوویە خاوەن ماڵ هەر کەسەک هاتە بەر دەرکەت بە ناهومێدیی وەڕێینەکەی'!).

برایە گەورەکەم.. کە دەرفەتەکی وەرگرت و جودایکردمەوە.. پێیگۆتم 'ئەوەی ئەتوو دەیکەی.. ئەوها نابی، ئاخر هەر ئابڕوومان دەچی ئەتوو لەو هەموو برایە لە کن خوشکێ بمینییەوە.. خوشکێش چ خوشک.. پێشترێ رەدووکەتبی! تکایە تا کەسی دیکە نەهاتیە با زووو ئەو مێوانانە وەڕێبکەین و بچینە ماڵی مە یان ماڵی هەر یەکەک لە برایەکانمان' (کەچی هەر ئەویش بوو لە کاتی نەوجەوانییم ئامۆژگاریی دەکردم کە بە هیچ جۆر و شێوەک جوایەزیی لە نێوان خوشک و برایەکانم و هیچ نێر و مێیەک نەکەم'!).

کیژی ئامۆزایەکم.. ئەو کاتەی ئەمن رووم لە دەرێ کرد کەسەکی زۆر رووخۆش و ڤەکریی بوو.. هەرگیز سەرپۆشی نەدەپۆشی.. کەچی چ ببینم؛ چڕوچاوی لێدەربچی سەرتاپای جەستەی داپۆشتبوو.. لە نێو ئەو هەموو خەڵکە بە مڕومۆچیی دانیشتبوو و دەم نا دەمەک رووی لە ئاسمانێ دەکرد و لە بن لێوانیەوە ورتەورتەکی دەکرد.. کە ئاوەک یان تشتەکی دەخواردەوە دەستەکی دەختە پێش دەوی تا کەس نەیبینی! کەچی دوایێ پێیانگۆتم 'ئەوە درۆ دەکا و دەیەوێ وەها پێشانبدا کە پاک و بە رەوشتە.. وەکیدیش لە بنەوە هەموو کوڕوکاری گەڕەکێی خەنییکردینە'!

کەسەک کە پێشترێ بە ناچاریی لەگەڵی ببوومە برادەر.. هەرگیز حەزینەدەکرد بچمە ماڵەکەیان نەوەک قسە لەگەڵ خوشکەکانی بکەم.. ئەو کات ئەوان گچکە بوون و ئی ئەوە نەبوون تا جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ پیاوان ببەستن کە بۆنی خۆشەویستیی لێبێ.. کەچی ئەو جارە کە دیتمەوە بێجگە لەوەی هەر بە سەری من سوندی دەخوارد دەیگۆت ئەمن زۆر لە توو تووڕە بوویمە! ئەوە گوایە کوو ئەمن کە گەڕایمەوە یەکەم جار لام نەدایتە ماڵی وان و چوویمە ماڵی خوشک و برایەکانم! هەروا گۆتی 'هەر لە سبەینێوە تا دەڕۆیەوە دەبی جێی مانەوەی سەرەکییت لە ماڵی خۆمان بی.. خۆت دەزانی ئەمن داک و بابم نەماینە و برایەکانیشم هەموویان گەڕاینەوە گوندی.. خانییەکی گەورە و گران هەر تەنێ خۆم و چار خوشکەکەمین.. ئەوانیش زۆر بیرتدەکەن و هەمیشە ناوی توویان لەسەر زار بووە.. هیچ چار نییە و دەبی هەر لە کنە خۆمان بی تا دەڕۆیەوە.. لۆ هاییداریشت ئەو هەینییە نا هەینییەکی دی ژن لۆ برازایەکم دەگوێزینەوە و دەبی خۆت میرکوڕ بی لەوێ'.. (رووی خۆی لە هاوڕێیەکم کرد و گۆتی) 'خانم ئەتووش ئەوە لە ئێستاڕا پێتردەگەینم دەبی ئەتووش هەر بێی'.. (پێش دەرچوونم لۆ دەرێ ئەو و ئەمن و ئەو خانمە هەرسێکمان پێکەوە لە رۆژنامەک کارمان دەکرد، ئەمن هەر زوو وازمهینا.. هەرچەندە لەو ماوەی لەوێ کارمکرد ئەندامی دەستەی نووسەران نەبووم و لە نێوەرۆکی رامیاریی رۆژنامەکە بەرپرسیار نەبووم و کاری سەرەکییم بەرێوەبردنی لاپەڕەی وێژەیی و هونەریی بوو.. لێ هەر ویژدانم ئازاری دەدام چونکێ لە رۆژنامەیەک کارمدەکرد کە خۆی بە پێشڤەڕۆ و چەپ و لایەنگری هەژاران و چەوساوان دەزانی کەچی بێجگە لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو وتارە رامیارییە قۆڕ و پووچانە کە تەنێ دەسەڵاتپەرستیی و هەلپەرستیی لێدەچۆڕاوە زۆر جار مانشێتی رۆژنامەکەشیان بە بۆنەیەکی دینیی یان دابونەریتەکی کەونەپەرستانە دەڕازاندەوە.. لە هەمووشی گرفتتر و ناخۆشتر ئەوە بوو دەیانویست لاپەڕەی وێژەیی و هونەریی بکەمە ئەلبوومی وێنەی ئەو ئەندام و لایەنگرانەی پارتیەکەیان کە گیانیان بەخشیبوو یان

بەو پەخشان و هۆنراوانە بیرإزێنمەوە کە فڕیان بە وێژە و هونەرەوە نەبوو و تەنێ دروشمی رامیاریی و هزریی بوون و بە شانوباڵی پارتییاندا هەڵدەدا.. ئەو خانمەی هاوڕێشم ماوەک پاش من هەر لەسەر ئەو کێشانە دەستبەرداریان ببوو، پاش مە ئەویش کە تازە دەستی لە کاری قاچاغچیەتی گیرببوو؛ نەک هەر لە رۆژنامەکە بەڵکە بە ئێکجاریی وازی لە کاری راگەیاندن و نووسین و تەنانەت خوێندنەوەش هینابوو).

برادەرەکی دیکەم کە ئەویش هەر بە هۆی ئیشوکارەوە ناسیبووم.. ژیان و گوزەرانەکی باشی هەبوو لێ زۆر پارەپەرست و قرچۆک بوو؛ جارەکیان ماوەک بەر لە دەرچوونم پارەی هیشکەم لێبڕابوو و دەشمزانی ئەو هەیتی.. داخوازی پارەکی کەمم لێی کرد ئەویش تەنێ لۆ یەک هەفتە.. کەچی گۆتی 'ئێستا پارەم لە دەست نییە لەوانەیە پاش چەند مانگەکی دیکە بێتە دەستم'! گوایە تەنێ لۆ ئەوە هاتبوو تا چاوانی بە دیدارم بگەشێنەوە.. هەر لەبەرم دەهات و دەچوو و دەیگۆت 'تازە ئەمن کەسی خۆم دیتەوە! لە ئاسمانان لەدووت دەگەڕام کەچی لەسەر زەوی پەیدۆزم کردی! کورە هاوڕێ تەنێ دیتنەوەت هەموو تشتەکە لۆ من.. هەروەک خۆت دەیزانی ئەمن ژیان و گوزەرانم باشە.. ئێستا پرۆژەکی ناردن و هاوردنی وەهام لەبەردەستە دە پشتی دیکەش لە قازانجەکەی بخۆین هەر کۆتایی نایێ.. بەس ئەگەر ئەتوو ئەو چاکەم لەگەڵ بکەی لە دەرێ نووسینگەکم بە ناوی خۆت لۆ بکەیەوە.. ئەوە سەرمایە و کارکردن و سەرپەرشتییکردن هەمووی لۆ خۆمی لێگەڕێ و دەتکەمە برابەش و قازانجمان بە نیوەیی.. ئیدی هەر خۆشمان نازانین کووکویی پارەمان بەسەر دادەباری و کوو پاروومان دەکەویتە روونێ'!

لەو هەموو خەڵکەی کە لەو سێیەم رۆژە هاتبوونە سەردانم تەنێ یەک کەسم بە جوایەز هاتە بەرچاوان و بە دیتنی ئاسوودە بووم ئەویش ئەو خانمە بوو کە گۆتم لە رۆژنامەک پێکەوە بووین و هاوڕێم بوو؛ هیچ قسەکی نەدەکرد.. سەری لەو حەشاماتە قسەلووس و زۆرگۆیە سووڕمابوو.. زۆر بێزار ببوو لۆیە هەر زوو گۆتی دەبی ئەمن برۆم.. پێش ئەوەی لە بەردەرکەی حەوشەکە وەرێیبکەم گۆتی 'ببوورە کە دانیشتنەکە ئی ئەوە نەبوو ئەمن قسەی تێدا بکەم.. هەستم بە بێزاریی و نیگەرانیی تووش کرد.. دەی ئەگەر دەرفەتتان هەبوو زۆر حەزدەکەم بتبینمەوە.. بەس ئەگەر لە ماڵی مە یان لە دەرێ بی باشترە چونکێ دڵنیام کنت هەر چۆل نابی و ئێرەش جێی قسەی من و تووی تێدا نابتەوە.. واتە قسە دەربارەی راگەیاندن و رامیاریی و بابەتی رۆشنبیریی و ئەو تشتانە'.. هەر هێندە دەرفەت هەبوو بێژم 'نا نا تێتدەگەم.. داوای بووردن دەکەم.. خۆت دەیزانی ئەوە ژیان و پەیوەندییەکانی نێو ئەو خەڵکەی خۆمانە.. زۆر شادمان بووم بە دیتنەوەت.. بێ گومان لە زووترین دەرفەت یەکدی دەبینینەوە.. زۆر باشە خۆم پەیوەندییت پێوەدەکەم'.

پاشان وردە وردە چەند هاوڕێیەکی دیکەشم دیتنەوە کە بەرەو دوایێ نەگۆڕابوون.. بەڵکە بە پێچەوانەوە لە زۆر رووەوە گەشەشیان کردبوو، لە ناخەوە حەزمدەکرد کەونە خۆشەویستەکەم واتە پلکزایە خوێنشیرینەکەشم ببینمەوە.. لێ ئەوەیان زۆر قورس بوو.. بێجگە لەوەی ماڵیان بە هۆی شەڕی نێوخۆوە کەتبووە شارەکی دیکە پێشم باش نەبوو ئەمن بچمە کنی چونکێ هیچ هاوڕێیەتی و پەیوەندییەکم لەگەڵ برایەکانی نەمابوو.. ئەگەر بچووبام دەیانزانی تەنێ لۆ دیتنی خوشکەکەیان چوویمە و حەزیان بەوە نەدەکرد.. نەشمویست هاییداری بکەمەوە کە گەڕایمەوە چونکێ ئەو دەم رەنگە بە خۆی نەوەستابا و هەر سەردانەکی بکردبام بەوەش ئامۆزایەکانی تووشی کێشە و گرفتیان دەکرد.. ئاخر هەر لەسەر وی دوژمنداریی کەتبوونە نێوانیان و هەر ئەوەش وەیلێکردبوون بەسەر دوو پارتیە دەسەڵاتدارەکە دابەش ببن و سەرەنجام هەر لایەو کەتبوونە شارەک!

چەند جارەک بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ ئەو خانمە هاوپیشەی پیشانم کرد و هەندەک باسی بارودۆخی ژیانی ئەو دەم و سەربردەکانی پیشانی خۆمانمان کرد.. هەستمدەکرد تێڕوانینەکانمان وەک جاران لە زۆر رووەوە لە یەک نێزیکن، لە دوا پەیوەندییمان لۆ ماڵی خۆیان میوانداریی کردم.. کە چووم خۆی و منداڵە چار پێنج ساڵانەکەی لە ماڵ بوون.. پاش چاخواردنەوەیەک و هەندەک نوکتە و قسەی خۆش لە درێژەی قسەکانماندا گۆتی:

- بێ گومان هاییت لێیە کە کەونە سەرنووسەرەکەی پیشانی لەمەڕ خۆمان ئێستا ئەندامی نووسینگەی رامیارییە و راگری کۆلیژیشە.. وەبیرت دێ کە پێکەوە کارمان دەکرد و ئەو تازە بە بڕیاری پارتی کرابووە سەرنووسەری رۆژنامەکە.. ئەو کات ئەتووش لەوێ بووی کە کوو شکاندمەوە و پێمگۆت 'ئەمن ناتانم ئەتوو بە سەرنووسەر دابنێم.. ئاخر هەر دوونێ بوو لە سەردەمی شۆڕشی شاخ.. لەو کاتانەی پێکەوە لە رێکخستەکانی نێو شار کارمان دەکرد ئەتوو نەتدەزانی تەنانەت راپۆرتەکیش بنووسی.. راپۆرتەکانی تووش هەر ئەمن بە دەستی خۆم دەمنووسین.. ئەتوو تازە بە تازە فێری راپۆرتنووسین دەبی ئەویش راپۆرتی نێو کاری خەبات و تێکۆشان نا بەلکە راپۆرتدانی سیخوڕیی لەسەر خەڵکی رەخنەگر و ناڕازیی.. ناوەناوەش هەندەک قسەی بەرپرسە هەلپەرست و رامیاربازەکان دەکەیە وتاری بێ پێز و کرچوکاڵ...' (ئەمنیش گۆتم):

- راستە وەبوو.. ئەدی ئەوە کوو لەو دواییانە ئەوها خۆی گەیاندە ئەو ئاستە و لەو دوو کارە دایانمەزراند؟

- کورە هاوڕێ کاری چی و دامەزرانی چی.. ئەوە کاری هیچوپووچیین! پاش ئەوەی خوشکە زۆر جوان و مەژیی پووچەکەی خستە نێو باوەشی کوڕە لەخۆباییەکەی سکرتێری پارتیەکەیان ئیدی پارتیش وەک کاری ئاسایی خۆی لە بارتەقای خەباتە ماستاوچیەتییەکەیدا خۆی دەخورێنی؛ واتە رێیان لۆ خۆشکرد و لە ماوەکی کەم کردیانە ئەندامی نووسینگەی رامیاریی.. پاشانیش هەر لە رێی پارتی و ئەو بە ناو دەسەڵاتە هەر بەناو خستیانە بەر خوێندن و بە فرتوفێڵ و ساختەکاریی بڕوانامەی دکتۆرایان لۆ چێکرد.. وەک خۆشت دەیزانی لە زانکۆیەکانی ئێرە هەر لەسەر بنچینەی ملکەچبوون لۆ پارتی و هاوڕێیەتیکردنی بەرپرسان و خزمخزمانێ پلە و پایەکان بەرزدەکرێنەوە.. سەرت نەیەشێنم زۆر بە سووک و سانایی کردیانە راگری کۆلیژیش! جا هاوڕێ واز لەوە بینە.. ئەمن لەو پیشەکییە درێژەم کە ویستم هەندەک پێشینەی ویت وەبیربینمەوە نیازم ئەوە بوو کە گرفتەکی خۆمت لۆ باسبکەم ئەویش پەیوەندیی بە کارەکی گرنگەوە هەیە.. دڵنیاشم کە ئەتوو دەتانی یارمەتییم بدەی لەو رووەوە..

- فەرموو.. بێ گومان هەرچی بە من بکرێ ئەوە بەسەرچاوان.. (نازانم.. دیاربوو دەیویست بە پەلە و بە کورتیی بابەتەکە بخاتەڕوو.. گۆتی):

- بە کورتییەکەی ئەمن بەری چەند مانگەک وتارەکی رەخنەئامێزم دەربارەی گەندەڵیی لە نێو زانکۆدا نووسی کە تێیدا لە پلەبەرزبوونەوەی ئەو دکتۆرانەش دوابووم کە کوو ئەوها هەر لەو گۆڕەی دەیانکەنە راگری کۆلیژ.. ناوی کەسم نەهینابوو لێ بە شێوەکی ناڕاستەوخۆ باسی ئەو دکتۆرەی لەمەڕ خۆمانیش دەکەم.. کەچی لە هیچ رۆژنامەک بڵاویاننەکردەوە.. هەڵبەتە هەموویان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەر بە پارتیەکانن.. هاییداریشی ئەو تاقە رۆژنامە سەربەخۆیەی کە هەبوو لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە داخرا و نەما.. حەزیشناکەم لە رۆژنامەکانی بە ناو بەرهەڵسکاران بڵاویبکەمەوە چونکێ ئەوان وەکاریدەهینن و نان و روونەکی لۆ خۆیان پێ

دەخۆن.. رۆژنامەکانی لایەنە دینییەکانیش ئەوە هەر هیچ چون ناکرێ لە ڕێی تاریکییەوە رۆناکیی بچنیەوە یان لەسەر زەمینی بێ بڕستی ئەندێشەبازترین فەلسەفەی جیهان درەختی کەسکی ژیان بنێژێ! لە دەوی خۆمەوە نەبی وتارەکی چاکە.. هەڵبەتە لە خستنەڕووی هەر زانیاریی و راستییەک بەڵگە و ژێدەری پێویستم وەکاربردیە.. لێ لەو جێیەی کە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە دکتۆر دەکەم نووسیتم '... وەک نموونە هاوڕێیەکی خۆم لەوانە.. لەبەرئەوەی توانای نووسینی راپۆرتی نەبوو.. ئەمن خۆم راپۆرتەکانیم لۆ دەنووسی و ...تد' راپۆرتەکانم لەبەردەست نەبوو تا وەک بەڵگەک وەکاربیبەم.. دوو رۆژنامە ئەوەیان کردبووە بیانووەک لۆ بڵاونەکردنەوەی.. هەرچەندە لەو قسەمدا پێشێلی رەوشتی رۆژنامەنووسییم نەکردیە لێ ئەگەر وێنەکی راپۆرتەکانم بخستایەڕوو ئەوە وتارەکەمی وەهێزتر دەکرد، ئەگەر لەبیرت مابی.. لەمێژە.. ئەو کاتانەی کە لە رۆژنامەکە پێکەوە کارماندەکرد جارەک ئەتوو گۆتت: "راپۆرتەکانی توو و راپۆرتەکانی ویش کە هەر خۆت دەتنووسین هەمووی لە جێیەک پارێزرانە و دەشزانم لە کن کێن" جا ئەگەر بتانی ئێستا پەیدایان بکەی زۆر گرنگن لۆ وتارەکەم، وەبیرمدێ لە یەکەک لە راپۆرتەکانی خۆم تێبینییەکم بەو شێوە لۆ نێوەندی رێکخستن نووسیبوو '... ئەو هاوڕێیە زۆر بێکەڵکە لۆ ئەو بەرپرسیارییە و کارەکی خراپە ئەو هەموو ئەندامەی رێکخستن لەبەردەستی وین چونکێ تەنانەت نازانی راپۆرتەکیش بنووسی و هەر ئەمن خۆم راپۆرتەکانی لۆ دەنووسم.. لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم ئەو لابدەن و هاوڕێیەکی بە توانا لە جێیەکەی دابنێن.'، جا نازانم ئێستا پێت پەیدادەبن یان نا؟ (ئەو کارە لۆ من قورس نەبوو بوو چونکێ دەمزانی ئەو راپۆرتانە لە کن کێن و دەمتانی بە هاسانییش لێی وەربگرم.. لۆیە یەکسەر گۆتم):

- بەسەرچاوان.. هەر زۆر زۆر هاسانە ئەوە.. ئەگەر چەند رۆژەک دەرفەتم بدەیێ ئەوە دەیخەمە نێو دەستانت. (لە خۆشییان پێی نەدەکەتە زەوی.. یەکسەر راستبۆوە و پڕیدامێ و دوو ماچی توندی لەسەر هەردوو کوڵمانم کرد (هەرچەندە ئەو دوو ماچە لەپڕ و چاوەڕێنەکرایە موچڕکەکی زۆر خۆش و بەچێژی بە سەرتاپای لەشمدا هانی لێ نە هیچ وەرامەکم هەبوو نە بەسەر خۆشمدا هانی)، ئیدی پاش نانخواردن و هەندەک باس و قسەی دیکە بەجێمهێشت).

رۆژی پێش ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی برازای هاوپیشەکەی پێشانمان و قاچاغچیەکەی ئێستامان راپۆرتەکانم پەیداکردن.. پەیوەندییم بەو خانمەی هاوڕێمەوە کرد و کات و جێی دیدارمان دانا.. رۆژی پاشترێ دانی هێوارێ پێش دەستپێکردنی ئاهەنگەکە دیتم.. پاش ئەوەی راپۆرتەکانم لە نێو دەستانی نا کە زۆر زۆر پێی شادمان بوو.. گۆتم:

- دیارە کە زۆر دڵت خۆشە.. وێدەچی ئەتووش بتەوێ بچیە ئەو ئاهەنگە وەنییە.. هەرچەندە ئەمن هیچ حەزناکەم لە ئاهەنگەکی ئەوها بەشداربم لێ چەندین جاری دیکە لێی دووپاتکردمەوە کە هەر دەبی ئامادەبم.. جا ئەمن دەبی بچم.. نازانم.. ئەگەر ئەتووش دەچی ئەوە زۆر حەزدەکەم پێکەوە بڕۆین؟ بڕوابکە بە تەنێ بچم هەر دڵم دەتەقی لەوێ.. (بە پێکەنینەکی ناسکەوە گۆتی):

- وێدەچی بتەوێ لە بارتەقای پەیداکردنی ئەو راپۆرتانە وەکارمبهێنی هاوڕێ! (کە دیتی قسەکەیم پێناخۆشبوو یەکسەر گۆتی):

- زۆر داوای بووردن دەکەم هاوڕێ.. شۆخییم کرد.. ئەمن دڵنیام کە هەرگیز تشتی ئەوها لە تۆو ناوەشێتەوە.. دە ئاخر ئەوها نابی هاوڕێ.. ئەتوو شۆخییکردنیش هەر بە راست وەردەگری! ئێ خۆت ئەمن دەناسی؛ کە بە پێکەنینەوە قسە دەکەم ئەوە واتە شۆخییە، لە راستییدا ئەمن نیازم نەبوو لۆ ئەو ئاهەنگە بچم.. هەروەک دەیبینی جلوبەرگەکەشم بە کەلکی چوونە ئاهەنگ نایێ.. لێ لە پێناو تۆو گرنگ نییە و لۆ نێو ئاوریش بی هەر لەگەڵت دێم! وەک کوو ئەتوو لەو هاتنەوەت هەستدەکەی کە هاوڕێت لێرە نەمایە.. ئەگەر ماشبن زۆر کەمن.. ئەمن خراپتریش، جا هاوڕێیەکی وەکی تووم جارەکی دیکە لە کێندەرێ لۆ پەیدادەبتەوە.. ئەمن غەمی ئەوەمە پاش ماوەکی دیکە بەجێماندەهێلیەوە و داخوا جارەکی دیکە کەنگێ دەتبینمەوە.. رەنگە هەر نەتبینمەوە.. کێ دەزانی؟ دە باشە هاوڕێ پێکەوە دەچین.. (دیسان بە پێکەنینەوە گۆتی):

- بەس با لە ئێستاڕا ئەوە بزانی کە ئەمن ناتانم لەوێ بە تەنێ دابنیشم.. بڕوا بکە یەک بست لێم دووربکەویەوە لەوێ بە هەموویان رادەگەیەنم کە ئەتوو ئەڤینداری منی! (نازانم.. ئەمنیش هەر بێ بیرکردنەوە و هەر لەو گۆڕەی بە پێکەنینەوە ئەوەم بەسەر دەودا هات):

- جا سەت خۆزگە ئەمن نەخشەکی لەو بابەتە یان بڕیاری هاوسەرگیرییم هەبا، بڕوابکە داکی نەک زارۆکەک داکی پێنج زارۆکانیش بای هەر دەمخواستی.. جا لە تووم باشتر و نایابتر لە کێندەرێ وەدەستدەکەوی!؟

- ئەییەرۆ! کورە هاوڕێیە شیرینەکەم.. بە شۆخییم بوو شۆخیی.. ئەمن کوو دەتانم لە کن خەڵکی ئەو قسە بکەم!؟

- ئەرێ ئەرێ.. خۆت پێتگۆتم کە ئەتوو بە پێکەنینەوە قسەدەکەی ئەوە واتای ئەوەیە شۆخیی دەکەی.. دە ئەمنیش وەک تۆو هەر بە پێکەنینەوە ئەو شۆخییەم کرد.. (ئیدی هەردووکمان ماوەکی چاک پێکەنین و وردە وردەش لۆ ئاهەنگەکە شۆڕمانکردەوە).

کە گەیشتینە ئاهەنگەکە و لە پشت مێزەک دانیشتین کەونە هاوپیشەکەمان و خوشکەکانی بەسەرمان وەربوون! ئەوانیش زۆر لە برایەکەیان زۆرگۆتر و قسەلووستر بوون.. زۆر ئۆینبازانە دەدوان.. گەلەک عەنتیکە و سەرنجڕاکێش بوون.. هەر کتومت وەک ئەوە دەهاتە بەرچاوان کە ئەوە کاکەی برایان کوتاڵفرۆشە و چار پارچەی جوان و درەخشان و گرانبەهای خستیتە بەردەستانم و چاوەڕێیە بزانی کێهانیان پەسند دەکەم و پارەکەی دەدەمێ! هەر جێیەکی جەستەم کەتبووە بەر تیری نیگای یەکەکیان.. گەورەکەیان کە زۆر جوان و نازادار بوو هەر خەریکبوو سوارم دەبوو! خانمی هاوڕێم بە ناچاریی جێی خۆی لۆ چۆلکردن و دوو سێ کورسی دوور لە من بە بێدەنگیی و حەپەسایی دانیشتبوو.. وەبیرم نایێ باسی چم دەکرد لێ لە کاتی قسەکردن چەند چرکەک رووم لەوی کرد.. هەستمکرد هەر بە ئەنقەست وەهای پێشاندا لە قسەکەم تێنەگەیی و لەپڕ گۆتی:

- ها گیان.. چت گۆت گیان؟ (هەر کە چار خوشکەکە ئەو وشەی 'گیان'ەیان بیست وەیانزانی ئەو خۆشەویستمە! هەر یەکەو بە جۆرەک لە جێی خۆی سارد بوو.. ئیدی کەتنە لچ لێهەڵێنان و چاوبادان لە هەردووکمان و وردە وردە خزین و لێمان دوورکەتنەوە، خانمیش یەک پێکەنینی گرتبوو کەتبووە سەر پشت.. هەر خەریکبوو دەپسا.. هەر بە پێکەنینەوە گۆتی):

- ها هاوڕێ.. شۆخییەکەم کووبوو ئەو جارە.. باش کاری خۆی کرد ها! دیتت کوو بە فریات کەتم.. جا ئەمن نەبام کوو لەبەردەستیان رزگاردەبووی! (بێدەنگبوونم نیشانەی دانان بوو بە قسەکەی).

سەرەڕای ئەوەش هەر وازیاننەدەهینا؛ هەر جارەک بە لاماندا تێدەپەڕین مۆڕەیان لێدەکردین و لچەکیان لە من هەڵدەقورچاند و گەشکەکیشیان بە خانمێ دەگرت! تەواو بێزاریان کردبووین.. شایی و هاتوهاوار و دۆر و زوڕنایەکەش هەر بە ئێکجاری وەڕسیان کردبووین، کاتەکمان زانی بە پارەکی زۆر بە ناوی من و خانمێ 'شاباش'یان کردین و بە پەندیان بردین! هەر گومانمان لۆ چار خوشکەکە دەچوو ئەوەیان کردبێ چونکێ لۆیان وەدەرکەتبوو کە خواردنی ئەوان نیم و بێ هومێد ببوون لێم.. دەیانویست بەو شێوە هەراسانمان بکەن ئاخر دەیانزانی ئەمن و خانم دژی شاباشکردنین چون لە کاتی دانیشتنەکەمان نازانم کووبوو ئەو بابەتە هاتە گۆڕێ و ئەمن گۆتم شاباشکردن واتە بێ نرخکردنی مرۆڤ بە پارە، چەندین جار شاباشکردنەکەیان لەسەر یەک دووبارە کردەوە؛ لە شەرمان ئارەقەی رەش و شینمان دەرکردبوو.. هەر هێندەمان لۆ کرا بە پەنادزە تێپبقوچێنین و خۆمان دەربازبکەین!

گەیشتینەوە نێزیک ئەو جێیەی یەکدیمان لێی دیت و ئیدی لەوێ لە یەک دابڕاین، پێش ئەوەی بەرەو ماڵێ بیمەوە چوومە ئینتەرنێتخانەک.. هەر کە ئیمەیڵەکەم کردەوە؛ دیتم هاوڕێ کڵاوقوت نامەکی ناردبوو.

* * *

«ئەو کاتەت باش هاوڕێیە شیرینەکەم.. هومێدەوارم باش و ساغ بی.

● پاش چوونەوەت چوومە ماڵی ئەو خانمەی کە دەتەوێ سەرهاتەکەی لۆ بڵاوبکەیەوە.. نووسینەکەت لە ماڵی وی نەبوو واتە بزرت کردیە.. لێ ئەوەیان زۆر باش بوو کە تانیم وەیلێبکەم سەرهاتەکەی لۆ منیش بگێڕتەوە و هەمووشی بنووسم.. غەمت نەبی هەر کە هاتیەوە دەتانی بە سووکە دەستکارییەک بڵاویبکەیەوە.

● لە راستییدا وەخۆم نەوەستام تا دێیەوە ئەوجا ئەو سەرهاتەت لۆ بگێڕمەوە کە لەمێژە خەریکی نووسینیم و تازە تەواومکردیە؛ سەرهاتەکە ئی هاوڕێیەکمە و ئەمن راستەوخۆ لە دەوی ئەوەوە دەیگێڕمەوە لێ شێوازی داڕشتنەکەی و لایەنە هونەرییەکانی هەمووی ئی خۆمە، بڕوا ناکەم لە ژیانمدا هیچ درامایەکی ئەوهام دیتبی.. هەر فرە فرە بالکێشە، پێموەیە ئەوەیان لەوانەی تووشی تێپەڕاندبی... چیدیکە ستایشی ناکەم.. تکایە لە نامەی هاوپێچ بیبینە. بە هیوای کاتەکی خۆش و ئاسوودە.».

هاوپێچەکەم کردەوە.. سەرەتا ویستم زۆر بە خێرایی چاوەکی پێدابخشێم و پاشان لە ماڵێ دانیشتنەکی تایبەتی لۆ بکەم.. کەچی نەمتانی وازیلێبهێنم و هەر لەوێ دەستم بە خوێندنەوەی کرد:

\- ٣٠ -

لە سەرەتای دوا ساڵی خوێندنم لە زمان کە پۆلەکەمان خوێندکاری جۆراوجۆری میللەتانی تێدابوو رۆژەکیان مامۆستایەکەمان گۆتی: "ئێستا لەو قۆناغەدا هەمووتان خەریکە باش فێری زمانەکە دەبن.. حەزدەکەم هەر یەکەو سەرهاتەکی کورتی نێو وڵاتەکەی خۆی بگێڕتەوە..." یەکەک لە خوێندکارەکان لە گێڕانەوەی سەرهاتەکدا گۆتی:

- له وڵاتەکەی مە کەسەک هەبووە بە ناوی 'مام پیتۆل' و یەکەک لە قسە جوانەکانی ئەوە بوو گۆتبووی:
"کە حیلەی ماین دەژنەوی دوو سێ جار کڕنووش ببە.. دەنا هەرگیز نە دەزانی نەرمونیانی چیە نە دەتانی ئاسوودەیی پەیدۆز بکەی! کە زەڕەی نێرەکەریش دەژنەوی ئارەزووەکانت بەرهەڵبدە.. دەنا هەرگیز نە دەزانی دین چیە نە دەتانی نەبوونی خودا بسەلمێنی!".
هەر لەسەر ئەوە شاروەدەریان کردبوو و سەرەنجام لە ئاوارەیی سەریناوە! پاش پەنجا ساڵ ژنەک کە نەوەی ئەو 'مام پتۆل'ە بوو و مامۆستای خۆم بوو لە وانەی مێژوو.. جاروبارەک بابەتەکی مێژوویی دەنووسی و بڵاویدەکردەوە، هەرچەندە خۆی کەسەکی پارێزگار و دیندارەکی ئاسایی بوو و وەک باپیری بێ دین نەبوو.. لێ لە بابەتەکیدا کە باسی لەو قسەی باپیری کردبوو.. رەخنەی لەوە گرتبوو کە ستەمەکی گەورەیان لێکردیە و نابی ئیدی خەڵک لەسەر بیروباوەڕی خۆیان لەنێوببردرێن یان تەنانەت ئازار و ئەشکەنجەش بدرێن.. لەسەرهەندێ دوو جار ئەو مامۆستایە دەکوژن! جاری یەکەم بەوەی کە تەقەیان لێکرد و کوشتیان.. جار دووەمیش بەوەی کە گۆتیان لەبەرئەوە کوشتمان چونکێ کەسەکی بێ رەوشت بوو.. واتە سۆزانیی بوو! (مامۆستایەکەمان گۆتی):

- کەواتە؛ خۆی لە راستییدا سۆزانیی نەبوو.. لێ ئەوە گریمان سۆزانییش بوو.. بە رای توو سەیر نییە کە سۆزانییبوون ببتە هۆی کوشتن؟

- ئەرێ.. سۆزانییبوون ئی ئەوە نییە هیچ کەسەکی لەسەر بکوژرێ.. بەس لەوان سەردەمان ئەوها بوو... (خوێندکارەکی دیکە کە کەسەکی دینیی بوو و دیاربوو نەیدەوێرا راستەوخۆ بێژی 'دەبی سۆزانییەکان بکوژرێن' هەڵیدایێ و گۆتی):

- رەنگە کوشتن هەندەک قورس بی لەسەر ئەوە.. لێ پێویستە زۆر بە توندیی رێ لە سۆزانییەکان بگیردرێ و بە زووترین کات کۆمەڵیان لێ پاکبکرێتەوە.. ئەوانە لە میکرۆب پیسترن.. (ئیدی گفتوگۆیەکە زۆر بە گەرمیی درێژەی کێشا.. هەر کێی قسەی دەکرد هەر دژی ئەو کوڕە دیندارە بوو.. بە کورتییەکەی کردیانە یەک تەپوتۆز لەسەری تا بێدەنگیان کرد، پاشان باسەکە هەر لەسەر قسەکەی 'مام پیتۆل' چووە سەر 'ماین' و وێکچوواندنی بە 'ژن'! ئەمن هەستمکرد مامۆستایەکەمان زۆر بە بابەتەکە دڵخۆش بوو لێ لەبەر نێوەرۆکەکەی نا بەڵکە لەبەرئەوەی دەیدیت خوێندکارەکانی بە چاکیی بە زمانەکە قسە دەکەن و تا ئاستەکی زۆر باش فێربوونە.. ئیدی وردە وردە هانیدەدان و بابەتەکەی گەرمتر دەکرد! کەچی خوێندکارەکان هاییان لەو هەست و نیازەی مامۆستا نەبوو و زۆر بە گەرموگوڕیی لە بابەتەکە وریببوون؛ زۆربەیان پێیانوەبوو ماین و ژن زۆر بە یەکدی دەچن و هەردووکیان لە جوانییدا وێنەیان کەمە و فرە نەرمونیانیش خویادەکەن.. لە ئەنجامی هەبوونی ئەو جوانیی و نەرمونیانییەشیان هەم سەرهاتی فرە شیرین و خوەشیان لەگەڵ پیاوان هەیە هەم سەرهاتی فرە تفت و تاڵیش!

هەرچەندە مرۆڤ و بوونەکەی لە نێو ئەو گەردوونە پڕ نهێنییەدا هەر بە ئەنقەست وەک پەرجووەک لە ئەندێشە و ئەفسانەگەلەکی بێ بنەما وەرپێچرایە.. لێ هەموو دەقە زانستییەکان بە پێچەوانەی دەقە دینیی و ئەفسانەییەکان و بە پێێ رێکارە بێ پەروایەکانی گەشەسەندن و وەرگۆڕانی رەچەلەکەکان ئەوە دەپەژرێنن کە بنەچەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر جۆرەک لە ئاژەڵ.. واتە ئەوە راست نییە کە مرۆڤ بەو شێوەی ئێستای لە

لایەن خواوە دروستکرایە.. بەڵکە ئەوە هەر خودی مرۆڤ خۆی بووە لە سەردەمە کەونەکان لەبەرئەوەی لە رووی زانستییەوە زۆر کۆڵەوار بووە لە رێی ئەندێشەبازیی و داتاشینی هەندەک ئەفسانەوە خوای لۆ خۆی دروستکردیە و پاشانیش لە پێناو هەندەک بەرژەوەندیی بەرتەسک و خودپەرستانە بابەتەکەی هەڵگێڕایەتەوە و وەهای پێشاندایە کە خودایەکەی مرۆڤی دروستکردیە.. ئیدی تا ئێستاش بەشەکی زۆر لە مرۆڤەکان بەو ناکۆکییە ئاڵۆودە و گیرۆدە بوونە و دینەکانیش هەر پاشماوەی ئەوەن.. واتە بە پێی زانستەکانی سەردەم راستییەکە ئەوەیە کە نەوە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە ئاژەڵ وەپاشکەتینە.. لەبەرهەندێ زۆر ئاساییە کە مرۆڤ و ئاژەڵانی دیکە هەندەک هەڵسوکەوتییان بچنەوە سەر یەک.. لێ ئەمن هەر لە خۆمەوە هەرگیزیش بەوە ئاسوودە نەبوومە و نەمویستیە مرۆڤ بە هیچ گیانەوەرەک بچووێنم.. رۆنتر بێژم؛ کاتەک ئاکار و هەڵسوکەوتەکی مرۆیەک وەک ئی ئاژەڵەک یان هەر گیانەوەرەک دەبینم.. ئەگەر زۆر بە دەگمەن و زۆر بە ناچاریی نەبووبی دەنا هەمیشە خۆم لەوە بواردیە بە یەکدیان بچووێنم.. ئەوەش تەنێ لەبەرئەوەی کە مرۆڤ لە هەموو گیانەوەرەکان تەنانەت لە دڕندەکانیشیان دڕندەترە! ئاخر لە پێناو سادەترین ویست و خواستە خۆپەرستییەکانی خۆی هەمیشە ستەمی نەک تەنێ لە گیانەوەران بەڵکە لە رووەکان و تەنانەت لە خودی رەگەزەکەی خۆشی کردیە و دەکا! هەر زۆر ناجۆر و نابەجێ بووە لە کنە من لەو رووانەوە بە ئاژەڵانیان بچووێنم، جا ئەو سەرهاتەی ئێستا لەبەردەستمە ئەو "وێکچوون"ەی زۆر تێدایە لێ ئەمن زۆربەیان دەپەرێنم چونکێ بە ناشیرینییەکانی مرۆڤەکان جوانییەکانی ئاژەڵەکان لەکەدار دەکەن.. تەنێ رێ بە هەندەک لەو شێوە و هەڵسوکەوتانەی مرۆڤەکان دەدەم جێی خۆیان بگرن لە نێو سەرهاتەکەدا کە بە شێوە یان بە هەڵسوکەوتە جوانەکانی ئاژەڵەکان دەچن هەروا بە پیچەوانەشەوە.. واتە هیچ جۆرە سووکایەتییکردنەکیان تێدانییە بە هیچ ئاژەڵەک.. لێ ئەگەر تێڕوانین و لێکدانەوەکانم لەو رووەوە هەڵە دەرچوون ئەوە داوای بووردنەکی زۆر لە تێکڕای ئاژەڵان دەکەم:

کە گەیشتمە ماڵی هاوڕێیەکەم؛ ژنەک و پیاوەکی دیکەی لێبوو.. وێدەچوو ئەڤینداری یەکدی بن، پیاوەکە خەڵکی لای خۆن بوو.. لێ نەمدەزانی ژنەکە چ میللەتەکە و ئی کێندەرە.. چونکێ هیچ قسەکی نەدەکرد، نە هیچ سوندەکت لەسەر من هەیە نە بڕواشم بە هیچ سوندەک هەیە.. بڕوابکە ئەگەر هەندەک بە هووردیی دیقەتت بدابا؛ شان و ملانی.. پشت و لاسمتانی.. سینگ و بەرۆک و لاقولەتەری... رێک لە ئی ماین دەچوون! هەڵبەتە وەیەکچوواندنی ژنی جوان بە ماین لەوەوە سەرچاوەی گرتیە کە ماین زۆر جوان و قەشەنگە لە دیدی مرۆیەکان، لە کن پیاوان بنچینەکەی لۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەردەمانەک فەرهەنگی دین و دابونەریتە داڕزییەکانی کۆمەڵ پەیوەندییە ئەڤینداریيەکانی نێوان ژنان و پیاوانیان هێندە دژوار و ئەستەم کردبوو کە نەتانن بە هاسانیی خۆ بگەیننە یەکدی.. ئیدی پیاوانیش لە بن گوشاری سەرکوتی ئاڵووشە سێکسییەکانیان هزر و ئەندێشەی سۆزدارییان لۆ مێینەی هەر گیانەوەرەک دەورژا بە تایبەتیش لۆ ماین کە زۆر جوان و نەرمونیانە و بژ و پشت و سمت و گوڵەندامی هەندەک بە ئی ژن دەچن. کاتەک کە هاوڕێیەکەم و پیاوەکە ژنەکەیان دەدواند؛ بێ ئەوەی هیچ ورتەیەکی لێوەبێ تەنێ جوولەکی ناوازەی دەکرد و هەندەک سەری بەرزدەکردەوە.. هەر کتومت دەتگۆت ئەو جوانەماینە چوست و چالاک و ژیکەلەیە کە گەمەی لە تەکدا دەکەی و لەگەڵ سەربەرزکردنەوەی بژە نەرم و ئاوریشمییەکەی شەپۆلان دەدا و چەپکە پڕشنگەک بەسەر لاملان و لاشانانیدا پەخشدەکاتەوە.

لە قسەکانیان ئەوەم هەڵکڕاند کە ئەو ژنە نەساغە و هەر لەبەرهەندێش لەگەڵ پیاوەکە میوانی هاوڕێیەکەمن تا هەندەک ئامۆژگاریی و ڕێنوێنیی پزیشکیی بداتێ، ئاخر هاوڕێیەکەم پزیشکەکی زۆر شارەزا و ژێهاتییە لە پیشەکەی خۆی.. ئەو کات سێ چار مانگەک دەبوو بە هۆی بێزاربوونی لەرادەبەدەری لە سیستەمی بیرۆکراسیی خەستەخانەکان و هەڵسوکەوتی بازرگانانە و نامرۆییانەی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی بە ئێکجاریی وازی لە کارەکەی هینابوو، هەرچەندە لە نێو سیستەمی باوی کار کە سەرمایەدارییە زۆربەی زۆری پیشەکارەکانی وەک بازرگان و پارێزەر و فیتەر و بۆڕیچی و کارەباچی تەنانەت خاوەن فرۆشگەکانی لاکۆلانانیش زۆر چاوچنۆکن و هەروەک پزیشکەکان چەندی لەدەستیانبێ بە خراپترین شێوە خەڵک دەڕووتێننەوە و هەر خودی سیستەمەکەش دەرفەتیان لۆ دەڕەخسێنی کە ئەوها بن.. لێ کاری پزیشکیی بێ ویژدانانەترین و نامرۆییانەترین پیشەیە لە نێویاندا چون وەک ئەوەی ئەمن دەیبینم و هەستیپدەکەم زۆربەی زۆری پزیشکەکان تەنێ لە پێناو قاچاندنەوەی پارە دەست لە ژیان و مانی مرۆڤەکان وەردەدن.. هەموومان ئەوە دەزانین کە ڕۆژانە زۆر نەخۆش هەن تەنێ لەبەر نەبوونی پارەی پێویست چارەسەری تەواویان لۆ ناکرێ و گیانیان لەدەستدەدەن.. یان هەمووما دەیبینین ئەو کەسانەی پارەیان زۆرە یان رامیارباز و دەسەلاتدارن لە ڕێی چاکترین پزیشک و خەستەخانە و دەرمان و پێشکەفتییترین دەزگە و ئامێری ساغلەمیی باشترین چارەسەریان لۆ دەکرێ و تەمەنیان درێژتر دەکرێتەوە.. خەڵکانی هەژار و بێ پارەش کە نەخۆش دەکەون هەر زووبەزوو مەرگ راپێچیان دەکا یان بە هۆی چارەسەرە هەرزان و خراپەکان تا دەمرن هەر بە ئازاری نەخۆشییەکانیانەوە دەتلێنەوە! جا ئەو هاوڕێیە پزیشکەی من کە لە دەگمەنە باشەکانە بە هۆی سەرڕاستیی و شارەزاییە زۆرەکەی و گرنگیدانی راشکاوانەی بە کارەکەی ئێستاکەش خەڵک هەر وازیلێناهینن و لە ماڵێ دەچنە کنی و ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی یاسا و ڕێسایەکانی کاری تەندروستیی هێندەی لەدەستیبێ بە خۆڕایی یارمەتییان دەدا. زۆر حەزمدەکرد بزانم ئەو ژنە کێیە و چیە و لەبەرچی هیچ قسەک ناکا.. لێ جوانییەکەی وەها داگیریکردبووم ئەوانەی هەموو لەبیربردبوومەوە.. تا ڕۆیشتیشن بێ ئەوەی کەس هەستیپێبکا چاوەکم هەر لەسەریبوو!

هەر کە ئەمن و هاوڕێیەکەم تەنێ خۆم و خۆی ماینەوە.. لێمپرسی:

- ئەوە چ بوو ئەو جوانەماینە دکتۆر!؟ هەر دەنگۆ مانی لە قسەکردن گرتیە.. ئای کە چەند حەزمدەکرد گێم لە دەنگی با، وێدەچوو خەڵکی لای خۆمان نەبی وەنییە؟ ئەدی ئەو پیاوە جوان و جوامێرە کێ بوو لەگەڵی؟

- سەرهاتی ئەو دووانە زۆر دوورودرێژە هاوڕێ.. بە کورتییەکەی؛ ئەو ژنە یان وەک دەبێژن ئەو کیژە چونکێ هێشتا هاوسەرگیریی نەکردیە.. وەک خۆت گۆتەنی هەر کتومت جوانەماینەکە لۆ خۆی! لە نێو بنەماڵەکی قەرەج چاوانی کردیتەوە - قەرەج لە روانگەی ئەو خەڵکە نەزان و کۆلەوار و رەگەزپەرستانە نا کە بە خەڵکی خراپ و دز و جەردەیان دەزانن و بە شێوازەکی زۆر ساویلکانە خۆ لەوە گێل دەکەن کە لە راستییدا گرفتەکە لە لایەن دەسەلاتدارانی وڵاتان دروستکرایە.. واتە لە ڕێی کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکی سنووربەندکردنی دەڤەرەکان و دنەدانی جوداکاریی لە نێوان ڕەگەزەکان و دینەکان جیهانیان کردیتە زیندانەکی گەورە و ناهێلن خەڵک ئازادانە هاتوچۆ بکەن و لە کێندەرێ دەیانەوێ لێی بژین.. قەرەجەکان لە هەمووان پتر دژ بەو سنووربەندیی و جوداکارییانەن و هەر بەو هۆیەشەوە زۆر بە توندیی دەیانچەوسێننەوە.. خۆ ئەوانیش هیچیان لە مرۆیەکانی دیکە کەمتر نییە لێ بە هۆی ئەو ملکەچنەبوونەیان و بەشنەکردنی داهاتی ئەو

بەرهەمانەی خۆیان دروستیاندەکەن دووچاری هەژاریی و دواکەتن بوونە و هەندەکیان جاروبارەک لە پێناو وەدەستخستنی پارووە نانەک دزییەکی کەم دەکەن کە بەراورد بە دزییە بێ هەژمارەکانی رامیاربازە دەسەڵاتدارەکان و سەرمایەداران هەر هیچ هیچ نییە.. کەچی ئەو سیستەمە ستەمکارە بە هۆی میدیایە چەواشەکارییەکانی بە دەیان جار لەسەریان گەورە دەکەن! - با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان؛ پاش ئەوەی خانەوادەکەیان بە ناچاریی واز لە قەرەجیی دەهێنن و لێرە دەگیرسێنەوە داک و بابی بە درێژەدان بە کارەگەلەکی وزەپڕووکێن ژیانەکی باش لۆ خۆیان چێدەکەن.. واتە ئەو کیژە هەر لە منداڵییەوە بە ژیان و گوزەرانەکی باش پەروەردە دەبێ.

چەند مانگەک پێش ئێستا.. پاش ئەوەی ترومبێلەکەی لە نێزیک فرۆشگەک رادەگری و دەیەوێ لۆ کڕینی هەندەک پێویستیی لە شەقامەک بپەڕتەوە.. ترومبێلەک زۆر بە خێرایی دەگاتەسەری و لێیدەدا.. ئەگەر ئەو پیاوەی کە تازە لەگەڵی بوو.. کە ئەویش لەودەم لە هەمان جێ و رووبەڕووی وی دەپەڕیەوە.. فریای نەکەتبا و لۆ لای خۆی رانەکێشابا ئەوە لێدانەکە زۆر توندتر دەبوو و هەر دەمودەست دەمرد، ئەو فریاکەتنە لۆ ماوەکی زۆر بووە دەردەسەرییەکی گەورە لۆ ئەو پیاوە.. پاش وەدوواداچوون و لێکۆلینەوەکی ئێکجار زۆر لە لایەن پۆلیس و دادگەکان ئەوجا ساغبۆوە کە ئەگەر پیاوەکە نەبا کیژەکە رزگارنەدەبوو.. ئیدی بەو هۆیەوە داک و بابی کیژەکە دەبنە دوو هاوڕێی زۆر نێزیکی پیاوەکە و ئەویش وەک یەکەک لە ناسیار و کەسوکارەکانی ئەوان زوو زوو دەچووە سەردانی کیژەکەیان لە خەستەخانە.. پاشانیش کە کیژەکە دێتەوەسەرخۆ و دەزانی پیاوەکە ئەوی لە مردن رزگارکردیە دڵی دەچتەسەری.. هەرچەندە پیاوەکە تەواوەک لەویش گەورەترە لێ هەر لە ماوەکی زۆر کەم دەگەنە ئەوەی پەیمانی خۆشەویستیی ببەستن.. لێ کیژەکە لە سەرەتای بویەرەکە زمانی لە گۆ دەکەوی و ماوەکی زۆر کەمە قیچەک وەزمان هاتیتەو.. جا هەر لەبەرئەوە بوو کە ئەتوو نەتتانی گێت لە دەنگی ببی چونکێ شەرم دەکا بەو جۆرە شەپڕێوە قسان بکا کە دەیکا.. لێ ئەمن دڵنیام پاش ماوەکی دیکە ئەو گرفتەی قسەکردنیشی نامینێ و بە تەواویی چاکدەبتەوە، ئێستاش بڕیارە پاش ئەوەی بە تەواویی بە ئاخاڤین دێتەوە ئاهەنگی هاوسەریی سازبکەن و ئەو جوانەماینە بە تەواویی بکەویتە باوەشی ئەو پیاوە کە پێشتریش ئەزموونەکی زۆری لەگەڵ جوانەماین هەیە!

- (دەرفەتەکم وەرگرت و گۆتم): ئەزموونی چ دکتۆر.. جامباز بووە یان خەریکی مەیتەرخانە بووە.. یان هەر ماین و جوانەماینی هەبووە؟

- با ئەوە تەنێ لە نێوان خۆمان بی هاوڕێ؛ ئەو پیاوە کاتی خۆی لە خانەوادەکی زۆر هەژار لە گوندەکی لاچەپ ژیایە، بابی مێوەفرۆش بووە و بە گێدرێژ و عارەبانە لە گوندەکان کاری خۆی ئەنجامدایە، هێشتا ئەو هەر نەوجەوانەک بووە داک و بابی لەدوو یەک گیان لەدەستدەدەن.. خۆی تاقانە بووە و ئیدی بە تەنێ دەمینێتەوە و هەر لە کونە خانییەکەی خۆیان درێژە بە ژیانی پڕ لە دەردەسەریی خۆی دەدا لێ ملکەچی ئەوە نابی کەس بەخێوی بکا و هەمان کاری بابی درێژەپێدەدا.. وردە وردە ژیانی دەبوژێتەوە و وەک کوڕەکی ژیر و ئیشکەر ژیانی خۆی دەگوزەرێنی لێ پاش ماوەک گێدرێژەکەی لەمەڕ بابی پیر دەبی و چیدی توانای بارهەڵگرتنی نامینێ.. ناچار دەچی پیرە ماینەک بە جوانەماینەکەوە دەکڕی تا کارەکەی پێ ئەنجامبدا، ئیدی ئەو کات دەبتە گەنجەکی تەواو و کاتی ئەوەی دادێ ئەویش هاوسەرەک لۆ خۆی پەیدابکا.. لێ بە هۆی ئەوەی کە ژنخواستن لۆ کوڕەکی ئەوها هەژار و بەشمەینەت زۆر سەخت و ئەستەم بووە.. پاڵەپەستۆی بێ ژنیی

ناچاریدەکا ئاڵۆوشە سێکسییەکانی خۆی بەو جوانەماینە دابمرکێنێتەوە کە ماوەک بوو وەخێویدەکرد، جوانەماین وردە وردە گەورە دەبی لێ ئەو هەر نایخاتە بن عارەبانە و ئیشی پێناکا.. تەنێ جاروبارەک هەر لۆ راهینان و وەهێزکردنی لە بەرئاوایی غارغارانێ و قۆشمەی پێدەکا.. هێندە خۆشەویست دەبی لە کنی تەنانەت رۆژانە دەچی لە دەشتودەران باشترین و تەڕترین گیاوگۆری لۆ پەیدادەکا.. بە کورتییەکەی جاروبارەکیش خۆی دەگەینتە پیرە ماینێش و هەم رەپی خۆی پێ سستدەکاتەوە هەم کلوکۆی ویش دادەمرکێنێتەوە! لە هەمووی خۆشتر و عەنتیکەتر ئەوە بووە جارەکیان خۆی گێڕایەوە و گۆتی:

"دیاربوو پیرە ماین ئەزموونی گانکردنی زۆر بوو.. وێدەچوو زۆر پیاوی دیکەی وەک من کاری خۆیان لەگەڵ کردبی.. هەندەک جار کە ئارەزووی گانکردنی دەبزوا و ئەمنی دەدیت وەک ئەوەی نێرەکەرەک ببینی تەمەشای دەکردم و لەوچەلەوچی لۆ دەکردم! زۆر دەترسام رۆژەک خەڵک ئەو لەوچەلەوچەی ببینن و ئابڕووم پێیەوە بچی.. لێ باش بوو هەر لە پشتیرەکە و ئەو کاتانەی کورتانەکەم لە پشتی دەکردەوە ئەو جوولە سێکسییەی لۆ دەکردم ئەویش جاروبارەک.. ئاخر پیرە ماینیش تا دەهات هەر پیرتر و بێ بارتر دەبوو و زۆر ئارەزووی گانکردنی نەمابوو.. زۆر سەیر بوو هەر دەتگۆ ئەویش دەیزانی دەبی بە دزییەوە گان بکەین! ئێستاکەشی لەگەڵ دابی زۆر سوپاسی دەکەم کە تا سەریناوە کارەکی وەهای نەکرد لە کن کەس ئاشکرابم!".

سەرەنجام پیرە ماین نامینێ و کاری مێوەفرۆشییەکەی لێتێکدەچی.. لێ هێشتا هەر دڵی نەدەهات جوانەماینەکەی بخاتە بن عارەبانە.. ناچار لۆ راپەراندنی کارەکەی هەڵدەستی نێرەکەرەک دەکڕی.. لێ نێرەکەرەکی گون بڕا تا نەتانی دەستدرێژیی بکاتە سەر جوانەماینەکەی.. ئاخر جوانەماین لۆ وی لە هەموو تشتەک خۆشەویستتر بوو و هەرگیز نەیدەتانی بە دەستی خۆی 'مێرد!'ەکی دیکەی لۆ پەیدابکا.. هەر چاوانیشی بەراییان نەدەدا نێرەکەرەک لە پێش خۆی ئەو کیرە ئەستوور و گەورەی تێبنێ و کەلکی ئەوی پێوە نەهێڵی! هەر خۆشی ئەوەشی لۆ گێڕامەوە و گۆتی:

"بڕوا بکە هاوڕێ.. هێندە خۆش بوو هێندە خۆش بوو هەر نەبووە و هەر ناشبێتەوە.. فێری پاشێ و پێشێم کردبوو.. لە پێشێم دەردەهینا و لە پاشێم دەنا.. لە پاشێم دەردەهیناوە و لە پێشێم دەناوە.. هەرچەندە پاشێ و پێشێی ئەو هەردووکیان هەر لە پاشەوە بوون لێ هەر یەکەو چێژی خۆی هەبوو و یەک لە یەکێ خۆشتربوون.. هەر لۆ من نا لۆ ئەویش.. بێ گومان ئەوەش لۆ من زۆر زۆر خۆشبوو و ویژدانیشم زۆر ئاسوودە دەبوو کە هەستمدەکرد ئەویش چێژی لێدەبینی و کلوکۆی دادەمرکێتەوە.. ئیدی درێژەم بەو تێنان و دەرهینانە دەدا تا چۆڕی لەبەر دەبڕیم.. هەندەک شەو دوو جار دەچوومە گژی.. نازانم لەبەرچی ئەو دووەم جاری پێخۆشنەبوو.. لێ هەستمدەکرد لەبەر دڵی من هەر لۆم رادەوەستا و خۆی لە بنم کڕدەکرد تا کلوکۆم دادەمرکا! بە کورتییەکەی زۆر زۆرم خۆشدەویست و زۆریش پێکەوە ئاسوودە بووین... ئاخر هاوڕێ.. با ئەو دەم هەموو جیهان ژن با.. کە ئەمن هەر دەستم پێیان رانەدەگەیشت سوودی چیان دەبوو لۆ من؟ راستییەکەشت دەوێ.. لەوەتەی لەو دابڕایمە تا ئێستێش کە لێرە لەو وڵاتە دەژیم یەک گانم نەکردیە نیو هێندەی گانی ئەو جوانەماینە خۆش و بەچێژ بی!".

ئیدی جوانەماین وەک خانمی نێومالی ئاغا و پیاوە زەنگینە خێلەکییەکان بێ ئەوەی هیچ ئیشوکارەک بکا ژیانەکی زۆر زۆر خۆشی دەگوزەراند.. ناو و ناوبانگەکی زۆری لە نێوچەکە پەیداکردبوو.. باس هەر باسی

جوانەماینێ بوو، پیاوانی گوند پڕانییان بەوە تەنگاو ببوون و زۆر لەوەش کەتبوونە گومان کە ئەو پیاوە لۆ ئیش بە جوانەماینەکەی ناکا و هێندەش خۆشیدەوێ.. لێ کەس بە چاوانی خۆی نەیدیتبوو کاری سێکسیی لەگەڵ بکا، پیاوە دیندارەکان بە تایبەتییش گەورە پیاوی دینیی گوندەکە دەکەونە دژایەتییکردنی.. لێ لە راستییدا دژایەتییەکەیان لەسەر ئەوە نەبووە کە ئەو پیاوە خەریکی جوانەماینەکەیە چونکێ خۆشیان زۆربەی گوندییان ئاژەڵانیان دەگا تەنانەت هەندەک ژنیش لەوانەی لۆیان دەگونجا بە دزییەوە گەمەیان لەگەڵ کیری گێدرێژان دەکرد و لە نێوگەڵی خۆیان دەخشاندن تا کلوکۆی بێ گانییان پێ دابمرکێننەوە! ئەوەش دەقی قسەی خۆیتی لەو بارەوە کە گۆتی:

"خۆ هەر ئەمن نەبووم ئەوها بووم.. بەڵکە زۆرەک لە پیاوەکان هەر بە ئاشکرایی ئاژەڵانیان دەگا تەنانەت هەندەک لە ژنانیش بە ئاژەڵە نێرەکان فێرببوون.. وەک دەیانگێڕاوە 'ژنەک لە گوندەکی هەر ئەو نێوچەی خۆمان فێرببوو کیری نێرەکەرەکەی خۆیانی رەپدەکرد و پەڕۆکەکی گەورەی بە توندیی لە نێوەندی دەبەست و خۆی دەخستە بن کەرەکە و لە خۆی دەنا.. واتە نیوەی کیری کەرەکەی تا سەر پەڕۆکەکە لە قوزی خۆی دەنا و ئاڵووشی خۆی پێ دادەمرکاندەوە.. جارەکیان کە زۆر تامەزرۆ دەبی.. کاتەک کە نیوەی کیری کەرەکە لە خۆی دەنێ گرێی پەڕۆکەکە شلدەکاتەوە تا هەندەک پتر بچتە نێو قوزی.. هەر لەو دەمەش کەرەکە تەکانەک دەداتە خۆی و پەڕۆکەکە دەکەوی و تا بنانیی دەباتێ.. واتە کیری کەرەکە بە تەواویی و بەو وەهێزیی و درێژییەیەوە کە تا دەگاتە بن گونانی ئەستوورتر دەبتەوە هەمووی دەچتە نێو قوزی و تا دەگاتە نێو هەناوی هەمووی هەڵدەزڕێنی.. ئیدی ژنەکە هەر دەمودەست گیانی لەبەر دەبڕێ و دەچتە ریزی گیانبەخشانی گان!' جا باسی نێربازیی و منداڵبازییشت هەر لۆ ناکەم.. ئەو دیاردە هەر لە سەردەمانی زۆر زۆر زووەوە تا هەنووکەش زۆر بە فراوانی هەر هەبووە و هەر هەیە.. واتە ئەو هەویرە ئاو زۆر دەکێشی و پێویست ناک زۆر وەدوویدا بچین، بە کورتییەکەی هەر کەسەک چ پیاو چ منداڵ لەو گوند و نێوچانەی خۆمان ئەگەر زۆر زۆر هایی لە خۆی نەبووبی و چەندین شەڕی لەسەر ئەو کێشە نەکردبی ئەوە بە ساغی دەرنەچووە! ئیدی ئەوە 'قەیرانی گان'ە و لە تێکڕای وڵاتانی جیهان کەم تا زۆر هەر هەیە و تەنانەت لەو سەردەمانەی دواییێش ژیان و گیانی هەزاران و ملیۆنان کەسی سەراوبن کردیە!".

ئەرێ.. هەروەک گۆتم دژایەتیکردنی ئەو پیاوە لەسەر ئەوە نەبووە کە جوانەماینەکەی خۆی دەگێ.. بەڵکە لەسەر ئەوە بووە کە قسەی دژی دین دەکرد و گەنجەکانی لە دین و پەرستگە و پیاوانی دینیی دووردەخستنەوە... لێ ئەو 'قەیرانی گان'ەش کە ئەو پیاوە لێی دوا بە پلەی سەرەکیی و لە بنچینەدا لە لایەن دینەکان و پەیڕەوکارەکانیانەوە چێکرایە.. ئاخر بێجگە لەوەی پیاوە دینییەکان لە ڕێی خوێندنەوە و لێکدانەوە و راڤەکاریی تایبەتی خۆیان سەتان ئامۆژگاریی و راسپاردە و داهینان و پابەندییان لە ژێر رۆشنایی دەقە دینییەکان هەڵهێنجایە و هەڵدەهێجن و بەسەر خەڵکیان داسەپاندینە و دایاندەسەپێنن.. هەر خودی دەقە دینییەکانیش زۆر بە رۆشنیی و بە ئاشکرایی دەیان و سەتان یاسا و ڕێسایان تێدایە کە هەر هەموویان لێکنێزکبوونەوەی نێر و مێ و بەریەککەتن و ماچ و راموسان و گانکردن لە چارچیوەی جۆراوجۆر دەگرن یان هەر لەبنەوەڕا قەدەغەیان دەکەن.. هەر بە ناوی پیرۆزیی ئەو دەقە دینییانەش.. کە گوایە قسەی خودان! نابی و ناکرێ هیچ کەسەک بە هیچ جۆر و شێوەک نەک هەر بە پێی پێداویستییەکانی سەردەم دەستکارییان بکا و بیانگونجێنی بەڵکە نابی و ناکرێ قسە و رەخنەشی لەسەریان هەبی! واتە تەنێ کارەک کە

دەکرێ لەگەڵ ئەو دەقانە بکرێ هەر ئەوەیە کە دەبی بێ سێ و دوو و ڕێک وەک خۆیان بە سوپاسەوە پەیڕەو و جێبەجێ بکرێن! واتە قەیرانی گان قەیرانی هەبوونی دەسەڵاتی وەهێزی دینەکانە.. لە پێناو پشتڕاستکردنەوەی ئەوەش دەکرێ بێژین؛ ئەگەر هەر بە شێوەکی سەرپێی تەمەشایەکی ئەو وڵاتانە بکەین دەبینین کە تا چ ئاستەک دین لە دەسەڵات و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خەڵک و لە خۆهەڵقورتاندن لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و رووشاندنی شکۆمەندیی تاکەکان دوورخرابیتەوە.. ئەوە بە هەمان شێوە تا ئەو ئاستەش قەیرانی گانیان تێدا کەم بوویتەوە.

سەرت نەیەشینم.. هەر بە پیلانی گەورە پیاوە دینییەکەی گوند و داروودەستەکەی شەوەک جوانەماین.. کە ئیدی ببووە ماینەکی تەواو و زۆر جوان و وەهێز.. دەدزن و دەیبەن لە پەنایەک دەیکوژن.. واتە پیاوی دینیی بووە تیرۆریستی ئاژەڵی بەستەزمان! ئیدی ئەو پیاوەش کە هێشتا بە تیرۆرکردنی خۆشەویستەکەی نازانی گوندی نێوچەکە نامینێ لەدووی نەگەڕێ لێ هیچ سۆراغەکی دەستناکەوی تا ڕۆژەک هاوڕێیەکی دڵنیای دەکاتەوە کە هەر خەڵکی ئاوایی جوانەماینەکەیان کوشتیە و دەرخواردی سەیانیشیان دایە.. واتە ئێسکوپروسکیشی نەمایە، یەک هەفتەی ڕێک وەک پرسەگرتن واز لە کارەکەی دەهینی! پاش ماوەک کە بە تەواویی هومێدبڕ دەبی لەوەی جارەکی دیکە بیبینتەوە هەندەک هێوردەبتەوە.. هاوکات بە هۆی ئەوەی لە سێکسکردنیش دادەبڕێ و ورد وردە ئاڵووشە سێکسییەکانی هورژمی لۆ دەهینن.. خۆی لۆ ناگیرێ و بە پیرە ماکەرەکی بەرەڵا فێردەبی.. ئەو پیرە ماکەرە هەر لە نێزیک گوندەکە لە دەو گۆماوەک دەژی.. ئیدی هەر چەند شەوەک جارەک خۆی دەگەینتێ و هەر بە تاریکیی کاری خۆی لەگەڵ دەکا و دەگەڕێتەوە گوند.. تا شەوەک شوانەکانی گوند هەستیپێدەکەن و لەسەر ماکەرەکە دەیگرن.. هەر لەوێ تێر تێری لێدەدەن تا شلوکوتی دەکەن.. بە تایبەتییش ئەو شوانانەی گێدرێژیان نەبووە پتری لێدەدەن چونکێ دەستی لۆ ئابڕووی ئەوان درێژکردیە! یەکەک لە سەرشوانەکان کە شوانەکانی دیکە هەمووی ڕێزی لێدەگرن و خزمی گەورە پیاوی دینیی گوندەکەشە زۆر رکی لەو پیاوە دەبتەوە.. کێشەکە گەورە دەکا.. هەموویان خڕدەکاتەوە و دەبێژی 'وازی لێبینن، ئاخر دەبی لە خوای بترسێین! نابی ئەمە هەر لە خۆمانەوە لێبیدەین.. دەبی بچین پرس بە گەورە پیاوی دینیی و ڕێدێن سپیانی گوند بکەین چونکێ ئەوە بێجگە لە کەر گاین جوون بە خوا و بە دینەکەشمان دەدا.. ئەگەر ئەوان رازیبوون ئەوە هێندەی لێدەدەین هێندەی لێدەدەین تا قنیاتی لەبەر دەبڕین' هەموو شوانەکان هاوڕای دەبن و کاتی چێشتەنگاوان پیاوەکە دەبەنەوە گوند تا بڕیاری لەسەر بدەن، ئیدی گەورە پیاوی دینییش لە ڕۆژەکی ئەوها دەگەڕا؛ پاش ئەوەی هەندەک جوونی مزری پێدەدا بە هینانەوەی چەندین پەیام و ڕێنمایی و راسپاردەی خودا و پەیامبەران سەرنجی هەمووان بە تایبەتییش ئی ردێن سپیانی گوند بەوە رادەکێشی کە ئەو پیاوە لە دین وەرگەڕایە.. ئیدی فەرمان دەدا کە بە دارکارییکردنەکی چاکەوە لە گوند وەدەربینێن.. هەروا دەبێژی لێ دەبی ئەمە وەک خودای خۆمان بەزەییمان هەبی.. واتە ئەگەر ڕۆژەک لە ڕۆژان وازی لەو بێ ڕەوشتییەی هینا و بە تەواویی ڤەگەڕیا سەر دینەکەی خۆی ئەوە دەتانن ڕێی پێبدەن بێتەوە.. ئەگەر نا ئەوە هەرگیز ناکرێ و نابی پێ بە گوند بنێتەوە!

ئیدی هەر بابایەو هێرش دەکاتە سەر پیاوەکە و چەند مست و پێلەقەکی دەخێوێنتێ.. پاشان بە ڕاکێشان لەسەر زەوی لە پەرستگەکەی دووردەخەنەوە و دیسان دەکەونەوەسەری.. باش دەبی یەکەک لە ئامادەبووانی ئەوێ بە زووترین کات خۆی دەگەینتە یەکەک لە دەستەکانی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ و بە پەلە

سەرهاتەکەیان لۆ دەگێڕتەوە و دەبێژی ئەگەر زوو فریای نەکەون ئەوە لەوانەیە هەر لە بن لێدانێ بیکوژن.. ئەوانیش چەند کەسەکیان بە پەلە دەچن پیاوەکە لەبەردەستیان رزگاردەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیبەنە شاری، لەوێش بەڕێوەبەرەکەیان کە ژنەکی زۆر مرۆڤدۆست دەبی بەزەیی پێیدادێتەوە و هەر لە کنە خۆیان بە پاسەوان دایدەمەزرێنی، ئیدی چەند ژۆرەکی گچکەی فەرمانگەی رێکخراوەکە دەبتە جێی کار و ژیان و هەموو تشتەکی ئەو پیاوە، یەک ساڵی رێک لە ترسان و لە شەرمان دەرێی فەرمانگەکە نابینی.. پاشان کەم کەمە دەچتە دەرێ لێ خەڵکی گوندەکە هەر جارەک کە لە بازاڕ یان لە هەر جێیەک دەیبینن تێر جوونی دەکەن و بە شێوازی جۆراوجۆر سووکایەتیی پێدەکەن، دوای چەند ساڵەک لەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییەی هەر لە رێی ئەو رێکخراوەی کە کاری تێدا دەکرد هەندەک هاسانکاریی لۆ دەکرێ و رێی هەندەران دەگرتبەر و دەگاتە ئێرە، جا ئێستا تێگەیشتی ئەزموونی پێشترێی لەگەڵ جوانەماینێ کوو بووە هاوڕێ! لێ توو سەری خۆت نەکەی سەرهاتی ئەو پیاوە لە کن هیچ کەسەک بگێڕیەوە.. بڕواناکەم لێرە بێجگە لە من کەسی دیکە ئەو سەرهاتە بزانی چون خۆشی گۆتی ئەتوو یەکەم کەسی لەو وڵاتە ئەو سەرهاتە دەبیستی، هێندەی ئەمن هاییدار بم لەوەتەی گەیشتیتە ئێرەش ئەوە چەند ساڵەکە هەمیشە هەر خەریکی کارکردن و خوێندن و فێربوونی زمان بووە.. ئێستاش پاش ئەو بەسەرهاتەی ئێرەی خەریکە دەکەویتە نێو باغەڵی جوانەماینەکی دیکە! لێ ئەو جارە جوانەماینەک لە توخمی مرۆڤ! ئەمن پێش ئەوەی روو لەو وڵاتە بکەم ئەو پیاوەم لە رێی هاوڕێیەکم ناسی کە پێکەوە لە هەمان ئەو فەرمانگە بوون کە باسمکرد.. ئەو دەم و لێرەش کە دووبارە دیتمەوە بەو سەرهاتەیم نەزانیبوو.. لێ کە ئەو بەزمەی لەگەڵ ئەو کیژە جوانەماینە بەسەرهات و پێویستیان بە من هەبوو.. وەک پزیشکەک زۆر یارمەتییم دان و هێندەی لۆم کرایە درێخییم نەکردیە.. ئەوەش وەیکرد ببمە جێی متمانەی و باسی هەموو نهێنییەکانی خۆیم لۆ بکا.. ئیدی بە دوورودرێژیی و زۆر بە هووردیی ئەو سەرهاتەی پێشانی خۆی لۆ گێڕامەوە، لە کۆتاییدا هەر ئەوە مایەوە بێژم هومێدەوارم ئەو پیاوە تاتایێ بە ئاسوودەیی لە نێو باوەشی ئەو جوانەماینەی دووەم بژی و ئەتووش کە دەیانبینی با چاوانت هەر پتەپتیان لێوەبێ.. هاهاها!

*  *  *

هەر لە نێو هاوپێچەکەدا لە بنەوە دیتم هەندەک را و تێڕوانینی خۆی لەسەر سەرهاتەکە نووسیبوو لێ نەمتانی بیخوێنمەوە چونکێ کاتەکە زۆر درەنگی کردبوو و دەبووایە زوو خۆم بگەینمەوە ماڵێ و پێشوازیی لەو دوو هاوڕێیەمان بکەم کە لە شارەکی دیکەوە هاتبوون و بڕیاربوو بێنە کنم و شەوەکەی کۆبوونەوەک لەسەر هەندەک بابەتی رامیاریی و رێکخراوەیی سازبدەین.. تا سبەینەکەی کە رۆیشتن ئەوجا تانیم بگەڕێمەوە سەری.

«جا هاورێ.. وەک دەیبینی ئێستا تەنێ چار کەس بەو سەرهاتە دەزانین؛ خۆم و هاوڕێیەکەم و دکتۆرەکە.. ئەوە ئەتووش چارەم! تکایە لە کنە خۆتی بپارێزە تا ئەو کاتەی دەتانین لە دەرفەتەکدا بیدەینە رۆماننووسەک یان دەرهێنەرەکی سینەمایی بەڵکە بەرهەمەکی ناوازەی ویژەیی یان هونەریی لێ چێبکەن و هەر کەسەک بەو مێژووە ئاشنا ببی لێ بێ ئەوەی شوناسی هیچ کەسەکی نێو سەرهاتەکەی تێدا ئاشکرابکرێ و باندۆری لابەلا و نەرێنیی چێبکا، ئەمن پێموەیە بێجگە لەوەی سەرهاتەکی زۆر سەرنجراکێش و پڕ لە هونەرە تۆمارەکی زۆر بایەخداریشە لە مێژوو و هووردەکارییەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی کە سەرهاتەکە تێیدا روویدایە.. واتە مێژووەکی زۆر تازە و نووە و هێشتا هیچ تۆزەکی لەسەر نەنیشتیە تا بە ناو مێژوونووسەکان بە ئارەزووی خۆیان و بە پێی بەرژەوەندییەکانیان دەستکاریی بکەن و بیگۆڕن! یەک مێژووە رێک وەک خۆی و زۆر دڵنیام لەوەی ئەگەر بگاتە دەستی کەسەکی شارەزا و ژیهاتیی ئەوە دەتانی جوانترین و ناوازەترین بەرهەمی هونەریی لێ چێبکا.».

بالکێشیی ئەو سەرهاتە لە هەردوو رووە ئەرێنیی و نەرێنییەکەی وەیلێکردم نەکارم یەک وشەش چیە بهینمە گۆ.. لە لایەک فرە غەمبار و نیگەرانی کردم بەوەی کە هێشتا لە بەرانبەر ئەو حەمکە پێشقەچوونە زانستییە مەزنانەی جیهان ئەو فەرهەنگە زۆر پاشداما و دارزایە ململانێی خۆی دەکا و زۆریش وەهێزە.. هەر کەسەک بە هووردیی سەرنج بداتە ئەو سەرهاتە و لێی تێبگا ئەوە هەر دەبی قوڕ لۆ مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئاژەڵان بپیوی! جا وەرە رەوینەوەی ئەو فەرهەنگە بێزەوەر و بۆگەنییە چ کۆشان و ماندیبوونەکی گەورۆنە و چەند کاتی گەرەکە!؟ لە لایەکەی دیکەش فرە ئاسوودە و شادمانی کردم بەوەی کە ئەو پیاوە هەر کووەک هەبووە رزگاربووە و ئەو کیژە جوانەماینەشی لە مەرگ گێڕایتەوە و پاش مانگەکی دیکەش بە تەواویی چاک دەبتەوە و بە ئێکجاریی دەکەونە باوەشی یەکودوو.

هەر بە پەلە کورتەنامەکم بەو شێوە لۆ نووسی:

«زۆر سوپاس و دەستەکانت خۆشبن هاوڕێ، سەرهاتەکی زۆر نایابە و زۆر جوانیشت داڕێژتیە.. لێ جارێ ناتانم هیچ قسەکی لەسەر بکەم چون پێویستە جارەکی دیکە بە هووردیی بەسەریدا بچمەوە. کاتەکی خۆش و پڕ لە کامەرانیی.».

ئیدی روونووسەکم لەبەرگرتەوە و لە لستی سەرهاتە گرنگەکان دامکرد. ئەو رۆژ و رۆژانی دواتر زۆر زۆر سەرقاڵ بووم.. هەر لە سبەینانەوە تا دەرەنگانی شەوێ هەر بە دیداری هاوڕێیان و کۆڕ و کۆبوونەوان خەریکبووم کە گشتیان پەیوەست بوون بە باسوخواسی رامیاریی و رێخۆشکردن و خۆئامادەکردن لۆ دامەزراندنی تەڤگەڕە تازەکەمان.. ئیدی هەر دەرفەتەکی ئەوتۆم لۆ نەدەڕەخسا تا خوێندنەوەکی گشتگیر و هەمەلایەنە لۆ ئەو سەرهاتە بکەم.. ئاخر ئەوە هەر سەرهاتەکی ئاسایی نەبوو بەڵکە تراژیدیایەک بوو و دەبوو لە سەردەمانەکی زۆر زۆر زوو روویدابا نەک کۆمەڵە قۆناغ و سەردەمەکی بەسەردا تێبپەڕی و لەو دواییانەدا خۆیمان پێشانبدا! بێجگە لەوەش پێشترێ هەرێم دابووە خانمە هاوپیشەکەی بەرێم کە پاش سێ رۆژ یان ئەوپەڕەکەی چار رۆژی دیکە دەیبینمەوە کەچی ئەویشم هەر لۆ نەکرا و پاش یەک هەفتەی رێک ئەوجا بە دیداری شادبوومەوە.

لە ماوەی چار پێنج رۆژەک چەند کۆبوونەوەکی چڕوپڕم لەگەڵ خانمێ ئەنجامدا.. ئەمن لەبەر سەرقاڵبوونم بە بابەتە رامیارییەکان و باسەکانی بزاڤە تازەکەمان لەگەڵی بابەتە رۆژنامەوانییەکەی ویم لەبیرچووبۆوە و ئەویش هیچ باسینەدەکرد، گفتوگۆیەکی زۆرمان لەسەر رێچکەی هزریی بزاڤەکە و ئامانجەکانی و رێڕەوە رامیارییەکەی و رێوشوێنی دامەزراندنی و پەیکەری رێکخراوبوونەکەی کرد.. سەرەنجام تێڕوانینەکانمان زۆر لە یەک نێزیک بوون و لەسەر زۆربەی زۆریان هاوڕا بووین، پاش ئەوەی بڕیاری پێکەوە کارکردنمان دا ئامادەیی خۆی دەربڕی کە تا رێکخراوەکەمان بە فەرمیی رادەگەیندرێ هێڵەکی رێکخستن دروستبکا و هەر خۆشی سەرپەرشتیی بکا و راستەوخۆش لە رێی منەوە پەیوەست و هەماهەنگ بی لەگەڵ ئەو هێڵانەی کە هاوڕێیانی دی دروستیانکردبوون یان خەریکبوو دروستیاندەکردن. ئیدی لە دوا رۆژی گەڕانەوەم بەرەو دەرێ و لە دوا دانیشتنم لەگەڵی پاش ئەوەی تشتەکی ئەوتۆمان نەما لێبیدوێین ئەوجا بابەتەکەی ئەوم وەبیرهاتەوە.. بە داوای بووردنەکی زۆرەوە پرسیارم لێی کرد کە سەرەنجامی بابەتەکەی بە کێندەرێ گەیشت.. لە وەرمدا گۆتی: "نا.. داوای بووردنی ناوێ.. لە راستییدا بە هۆی ئەو بابەتە گرنگانەی لەو رۆژانەی دواییێ لێیان دواین خەریکبوو خۆشم بابەتەکەم لەبیربکەم، ئەرێ.. لە دوا جاردا بە هەمان نێوەرۆک هەندەک دەستکارییم کرد تا بیانووەکانی بڵاونەکردنەوەی ببڕم.. هەروا لەو جێیانەی پێویست بوون ئاماژەم بە هەندەک لە راپۆرتەکان دا و هەمووشیانم لەگەڵی هاوپێچکردن.. لۆ کۆمەڵە رۆژنامەیەکم نارد.. کەچی دیسان هیچیان بڵاویاننەکردەوە! وێدەچی هیچ پاساوەکی بڵاونەکرنەوەیان نەمابی لەبەرهەندێ هەر وەرامیشیان نەدامەوە!"، ئەمن لەسەر گەڕانەوە بووم و دەبووایە کاتژمێر شەشی هێوارێ بگەمە فڕۆکەخانەکە.. دەرفەتی ئەوەم نەمابوو وەبکەم لە رێی هەندەک هاوڕێی رۆژنامەنووسم بابەتەکەی لۆ بڵاوبکەمەوە.. لەبەرهەندێ ناچارمام بابەتەکەی و بەڵگەکان و وێنەکی بچووکی خۆشی هەموویان لەسەر لاپتۆپەکەم دابکەم.. هەر دەمودەست لۆ هاوڕێییەکم نارد کە لە ماڵپەڕەکی سەربەخۆ لە دەرێ کاریدەکرد، پاش ئەوەی دڵنیامکردەوە کە بابەتەکەی بە زووترین کات بڵاودەبێتەوە ماڵاواییم لێکرد و خۆم گەیاندەوە ماڵێ.. لەوێش بە پەلە وەڕێکەتم تا بە فڕۆکەکە رابگەم.

پاش ئەوەی سی و یەک شەوم لەگەڵ ئەو ئامۆزایە رند و جوانمەردە گوزەراند کە تێیدا بێجگە لەو هەموو دوڕ و گەوهەرەی لە دووڕ سەربردە و سەرهاتەکانی چنیمنەوە هێندەی سی و یەکساڵی پەیوەندیی نێوان دوو کەسی زۆر خۆشەویستی یەکدیش چێژم لە دانیشتنە بەسوودەکانی وەرگرت.. چەند کاتژمێرەک بەرلەوەی بچم لە سی و دووەمین شەو بە دیداری شادمان ببم لە رێی تەلەفۆنەوە پەیامەکم وەدەستگەیشت:

«دەم باش خوارزای خۆشەویست و لەبەردڵان شیرین.

تکایە ئەوشۆ و تا دوو هەفتەی دیکەش مەیێ.. چونکێ دەمەوێ لەو ماوەدا هیچ پەیوەندییەک سەرقاڵم نەکا تا زۆر بە دڵوداو و بە وردییەوە ئەو بەرگرییناەمم بنووسم کە پێشترێ بە کورتیی لێیدوام.. ئێستاش هەر بە کورتیی ئەوەشت پێڕابگەینم؛ ئەو بەرگرییناەمەی من کە بەرگرییە لە خودی خۆم تەنێ لە پێناو ئەوەیە کە چیدی بە هۆی تێکۆشان حەز و ئارەزووەکانی ژیانی خۆم فەرامۆش نەکەم واتە ئیدی بە چێژەوە دەرسکێم.. لێ ئەمن دڵنیام تازە بەوە راهاتیمە کە مادە لە کنە من تەنێ هەر هێندە پێویستە تا زۆر بە سادەیی جەمە خۆراکەکانمی پێ دابینبکەم و چەند جلکەکی سادە و ساکار لە سەرما و گەرما بماپارێزن و کونجەک هەبی لێی بسێمەوە و تێیدا بحەوێمەوە.. سەبارەت بە سێکسیش رێک وەک ئەو کەسە میللەتپەروەر و مرۆڤپەروەرە دەگمەنانەم لێهاتیە کە دەماری ئارەزووی گانکردنیان لە سەرچاوەکەیەوە واتە لە بەشی کاروباری سێکس لە دوڕ مێشکیانەوە کوژاندیتەوە.. لێ ئەمن یەک جوایەزییم هەیە لەو بارەوە لەگەڵ ئەوان ئەویش ئەوەیە کە ئەمن بە تەواویی نەمکوژاندیتەوە واتە رەچاوی مافی مرۆڤم کردیە.. ئاخر ناکرێ دەست بە رووی ئەو ژنانەوە بنێم کە لە ناخەوە و بە راستیی و بێ هیچ بەرانبەرەک پێویستیان بە سۆز و باوەشی من هەیە.. لێ وەک خۆم.. هەرچەندە هێشتا بەبەرمەوە مایە و لە رووی جەستەییەوە هەر لە هەرەتی جاران دام.. لەمێژە لەوەم تێپەڕاندییە خۆم داواکەر یان دەستپێشخەری سێکسکردن بم! واتە وەک ئەو پیاوە حەپۆل و شەرمنانەم لێهاتیە کە تا ژنان سواری پشتی ملیان نەبن جوولە ناکەن و خۆ لە هوورە نابەن! کەواتە ئەدی ئەو بەرگرییناەمە سەیروسەمەرەم لە چی کە خۆم سوودەکی ئەوتۆی لێنابینم.. واتە نێزیکە لەوەی بێژین نە نان نە خان نە گان!؟ ئایە ئەوەشم هەر وەک هەموو جوولە و کارەکانی دیکەم لە پێناو ئەوانیدیکەیە کە خۆم ئاسا لە نێو خەبات تاواینەوە و وردە وردە دادەچۆڕێن و ئیدی بە خوێندنەوەی ئەو بەرگرییناەمە هەندەک بەزەییان بە خۆیاندا بێتەوە و چیدی دوژمنداریی ئارەزووەکانیان نەکەن؟ نا نا هەر تەنێ ئەوە نییە بەڵکە خۆشم تا ئەوپەڕی ئاسوودەیی چێژی لێدەبینم! جا سوود وەخۆگەیاندن لەوە گرنگتر و مەزنتر چ هەیە!

ئێستا تشتەکی ئەوتۆم پێنەما هێژای گۆتن بی.. لێ هەر بە هۆی ئەو دەربڕینەمەوە 'خۆشم تا ئەوپەڕی ئاسوودەیی چێژی لێدەبینم' ئەوەم وەیادهاتەوە کە رەنگە یەکەک لە خاڵەکانی ئەوپەڕی ئاسوودەیی توو هێشتا هەر ئەوە بی کە جارەکی دیکە دیداری 'خانمە چیرۆکنووسەکەی نێو شەمەندەفەرەکە' و تێڕامان لە چاوە گەش و کشتەکانی خەنییتبکەن! تکایە هەڕوو بیبینە.. بێ گومان لەبیرتە کە پێمگۆتی و ئێستا دەزانی ماڵی ئەو خانمە لە کێندەرە و بارودۆخی دەروونیشی گەلەک چاکە.. جا زۆر پێویست و بە جێیە ئەگەر بتانی لە ماوەی ئەو دوو هەفتەدا کە یەک نابینین و ناتانین دەردەدڵی خۆمان لە کنە یەک بە گۆڕێ وەربکەین دەرفەتەک برەخسێنی بچی بیبینی و 'چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەیی' تاقیبکەیەوە.. ئیدی ئەوە ژیان و مەرگە و تکایە با ئەو هەلەت لەدەستنەچی!

تکایە با پەیوەندیی تەلەفۆنییشمان نەبی! بە نیازی دیدار لە پاش دوو هەفتەی دیکە».

سەرەتا هەندەک بە ئاسایی هاتە بەرچاوانم لێ کە بە وردیی لە راز و نهێنییەکانی وشە و رستەکانی وریم و رۆچووم نێویان تووشی ئەندێشگەلەکی بەربڵاویان کردم:

وەی لەوە!؟ ئەوە چ بوو ئەو نامە نەفرەتییە.. لەبەرچی ئەوها بە کتوپڕیی!؟ ئێ خۆ زۆر جاری دیکە بە هۆی سەرقاڵبوونی بە مێوانانی دیکەی شەوبێرییمان لە دانیشتنەکانمان دەکرد لێ پێشوەخت و بە لایەنی کەم لە شەوی پێشترێ هاییداری دەکردمەوە نەک وەک ئێستا ئەوها لەپڕ بە تەلەفۆن و دوو هەفتەش!؟ باشە ئەو

بەرگرییینامە... هەر زۆر عەنتیکەیە.. ئێ خۆ کات بڕان نەبوو.. خۆ ئەمن هەر تەنێ چەند کاتژمێرەکی کەمم لە کاتی وی دەگرت.. لەبەرچی بە رۆژ نایئووسی!؟ نازانم.. ئێ نەدەبوو رەچاوی کات و باری دەروونییم و هاتوچۆیەک کە خووم پێوەگرتیە بکا؟! ئاخر کوو دەتانم دوو هەفتە لەسەر یەک هێژاترین هاوڕێی خۆم نەبینم.. بە تایبەتییش کە لەو دواییانە لەگەڵ هەر دانیشتن و باسوخواسەکی و لەگەڵ گێڕانەوەی هەر سەربردە و سەرهاتەکی تا دەهات هەر لە کنم شیرین و شیرینتر دەبوو، لە راستییدا درۆ نییە ئەگەر بێژم ئێستا ئەمن بە بارتەقای داکم ئەوم خۆشدەوێ کورە بگرە پتریش ئەگەر ژنبوونەکەی وەک داک لێدەربکەی چونکێ ژن گەلەک بە رۆڵەکەی شەکەت و کەلەلا دەبی بە تایبەتییش لەو کاتەی کۆرپەکەی دەبی تا ئاستی لەبەریەکهەڵزڕان و گێرووێڕبوون و مەرگ رووبەڕووی مەترسیی دەبتەوە! ئەرێ باش بوو وەبیرمهاتەوە؛ هەر لەو چەند دیدارەی دواییمان هەم بە واتای ئەوەی کە دەیەوێ خۆشەویستیی خۆی لە بەرانبەرم بنوێنی هەم بە هۆی کاردانەوەی هەندەک سەربردەی خۆش و ناخۆشی داکم کە لەو دەم گێڕامنەوە.. ناوی لە من نا 'خوارزا'.. ئیدی رێک بەو دەربڕینە گۆتی 'ئێستا ئەمن دوو خوشکم هەن.. ئاخر ئەو تاقە خوشکەی من رێک بە داکت دەچی و هەر کتومت ئێژی جمکن.. لە بەژنوباڵا.. لە رەنگوڕوو و شۆخوشەنگییان.. لەوەی هەردووکیان زۆر بوێرانە و چاونەترسانە رەدووی خوازیار و بژاردەی خۆیان کەتن.. لە زیرەکیی و بزۆزییان.. جا لە چیان نا؟ خۆ هەردوو لاش ئی هەمان شار و هەمان گەڕەکین.. جا ئەمن نازانم.. لێ هیچ گومانی تێدانییە یان داکی من و باپیر (بابی داک)ی توو لە دەرفەتەکدا دزەیان کردیە و خۆیان گەیاندیتە یەکدی یان بابی من و داپیر (داکی داک)ی توو.. بە کورتییەکەی گرنگ ئەوەیە رۆژەک هەر دادێ لەگەڵ خوارزای خۆم سەردانەکی خوشکە مەزنەکەی خۆم بکەین و بە تەواویی پێی ئاشنا ببم"! ئیدی کە دیتم بەو هاسانییە بووینە خار و خوارزا هەر لەبەرخۆمەوە گۆتم 'هەی تڕحێێێێێو جوان هاتینەوە.. لەباتی ئەوەی هزر و بیروباوەڕەک کە هەمانە خزمایەتیی نێوان هاوڕێیان کاڵبکاتەوە و لەنێوببا کەچی بە پێچەوانەوە خەستیدەکاتەوە و دەیژیێنتەوە!! ئەوەی تا ئێستا ئەمن زانیتم هەر هزر و بیروباوەڕی پارتیایەتی ئەوهایە.. بە تایبەتییش کاتەک کە پارتیەک لەوپەڕی هێز و گەورەییەوە دەبدەبە ئاسا کونەکی تێدەبی و فسدەبتەوە ئیدی ئەندامەکانی پەنا دەبەنە بەر پەیوەندییە خزمایەتییەکان تا خۆیان پێبگرنەوە و بە ئێکجاریی لەنێونەچن.. هەر ئەو پارتییانەی ئێستاش کە کاتی خۆی ئامۆزا کاری تێدا کردبوون بە هەمان چارەنووس گەیشتینە! ئێ خۆ ئەمە نە پارتین و نە هێشتا بە تەواویی دەستمانپێکردیە تا بگەینە باری گەورەبوون و فسبوونەوە و سەرەنجام بەو دەردە بچین!'، نا نا.. پێویست ناکا ئەمنیش هێندە توند و تووڕە و تۆسن ببم لە بەرانبەر تێڕوانینەکی نێزکترین هاوڕێم.. ئەمن چوسوانم نیازی وی چیە لەو خزمایەتییە سێکسییە ژێربەژێرە ئەندێشەییەی نێوان خانەوادەکانمان؟ خۆ لە راستییشدا ئەمن تا ئێستا نەمبیستیە هەر لەو گۆڕەی رمل لێبدا و وەنێوبکەوی.

لێ دیسانەکینێ 'وەی لەوە'! ئەتوو تەمەشا.. لەو تێڕوانینە عەنتیکەی بەرانبەر بە من 'جارەکی دیکە دیداری خانمە چیرۆکنووسەکەی نێو شەمەندەفەرەکە و تێرامان لە چاوە گەش و کشتەکانی خەنییتبکەن! تکایە هەڕوو بیبینە'! باشە خۆ ئەو زۆر چاک ئەوە دەزانی کە ئەمن کاتی خۆی لە پێناو دیتنی بەشی دووەمی چیرۆکی "یەکەمین دەرووی چێژ" بوو هەڵوەدای دیداری خانمی نێو شەمەندفەرەکە و دیتنەوەی چاوە گەش و کشتەکانی ببووم.. کەچی ئێستا وەک دەیبینم دەیەوێ هەر لەو گۆڕەی لە رێی ئەو دوو رستەی وەهای پێشانبدا کە ئەمن هەرگیز باسی ئەو بەشی دووەمەی چیرۆکەکەی خانمێم لەگەڵە وی نەکردیە و خۆشی هەرگیز نەیگۆتیە 'ئەمن

بەشی دووەمیشیم هەیە.. رۆژەک دادێ بیبینی![1].. ئیدی وەهای دەخاتە بەرچاوان گەورەترین و گرنگترین کێشەی من هەر ئەوەیە چاوە گەش و کشتەکانی خانمێ لەبەریەکی داترازاندیمە و ئەگەر بچم بیبینم بەوپەڕی ئاسوودەیی خۆم دەگەم! نازانم چ بێژم.. بە راستیی خەریکە ئەو کابرایە دین و دەلووم دەکا! دە کە ئەوهای لێهات؛ بە گۆڕی ئەو پیاوە شەکرستانییەی کە هێژاترین و جوانترین و ترترین کەس بووە لە کنە وی.. ئیدی ئەمن هەرگیز نامەوێ بە دیداری ئەو خانمە چاو گەش و چاو کشتە بگەم.. با بەشی دووەمی چیرۆکەکەشی هەر نەبینم وەک ئەوەی بە دەیان و بە هەزاران چیرۆکی نایابی ئەوهام نەدیتینە کە تەواونەبوونە یان مەرگ رێی خاوەنەکانیانی نەدایە تەواویان بکەن یان هەر خۆیان لەو ژیان و جیهانەدا هەن لێ هەر لە بنچینەدا نەنووسرانە و هەرگیز بە خەونیش نایانبینم! ئەی ئەی.. ئەوە ئەمن چ دەکەم.. ئەدی ئامۆزا!؟ دەی دەی.. ئەوەی کە ئامۆزا چیە و چ دەگەینی لە رامان و روانگەی من.. با ئەوەیان هەر لە نێوان خۆم و خۆمدا بی! پەح لەو دەعبایە ناوازەی کە پێی دەگۆترێ مرۆ و ئەمنیش هەر لە دامەنی ئەو بەربوویمەوە! دە ئەتوو سەرنجی خۆتی بدێ و بزانە چەندە خۆویست و خۆپەرستە و کوو وەدوو ئارزووە کەسیی و تەکگەراییەکانی خۆی دەکەوی.. نا هیچ لێی مەترسێ.. بڕۆ بیخە نێوان دوو بنبەستی وەها کە گچکەترین دەرەز و دەرووی دەرچوونیان تێدا وەدینەکەی.. با لایەکیان هەر هەمووی تا چاو بڕەکا هەر ئاو و لافاو و شڵپە و شەپۆلی هەزار بە هەزار بی و لایەکەی دیکەش هەر هەمووی تا چاو بڕەکا هەر ئاور و گڕکان و گوڕ و بڵێسەی سەر لە ئاسمانان بی.. سەرەنجام هیچ چار نییە و بەزۆری زۆردارەکیش بی رێچکەک یان کون و کەلەبەرەک هەر پەیدۆز دەکا خۆی لێیەوە دەربازبکا و بیباتەوە سەر رێڕەوی گەیشتن بە ئامانج و ئارەزووەکانی خۆی! ئاخر دە رێک ئەوهایە؛ باشە ئەگەر ئەمن ئەو هەموو سەرهات و سەربردە نایابانەی ئامۆزاییێم لەبەردەست نەبان و بە هومێدی ئەوەش نەبام کە رەنگە دوو هێندەی دیکەشی لێ وەدەستبخەم.. ئایە هەرگیز ئەو ئازایەتییەم لەخۆڕادەدیت ئەوها بە سووک و سانایی بڕیاربدەم و بێژم نە دەمەوێ بە دیداری خانمێ بگەم نە دەمەوێ بەشی دووەمی چیرۆکەکەشی ببینم!؟ نا.. هەرگیز نا! دە کەواتە پێویستە لەو رووەوە نەک هەر دەوی خۆم دابخەم بەڵکە پێویستە مەژیی خۆشم دابخەم تا هەرگیز نەتانم تەنانەت بە ئەندێشەش گچکەترین و سادەترین نیگەرانیی بەرانبەر بە ئامۆزایێ دەرببڕم!

هەرچەندە هەر نەمتانی لە بڕیارەکەم پەژێوان ببمەوە بەڵکە بە پێچەوانەوە دەمویست بە هەرچی جۆرەک هەیە خانمێش لەبیربکەم! لێ سەبارەت بە ئامۆزایێ وەک ئەوەی لە دەستی خۆم دەرچووبم و بە چاکسازییکردن لە رەفتار و رەوشت سزادرابم وەک ماستی مەییم لێهات و زۆر زۆر سوپاسگوزار بووم بەوەی دوو هەفتە یان هەر چەندی دەیەوێ لە چاوەڕوانیی دەستپێکردنەوەی دیدارەکانی بیگوزەرێنم! کەچی کاتەک کە بە وردیی لە هرزران راچووم هەستمکرد نەک هەر ناتانم دوو هەفتە بەڵکە ناتانم یەک رۆژیش دوور لە سەرهات و سەربردەکانی بژیم.. لەبەرهەندێ هەر لە پێناو ئەو کات تێپەڕاندنەدا بڕیارمدا بەسەر هەموو ئەوانە دابچمەوە کە لە بەردەستمن تا هەم لە چێژوچەشە و بۆن و بەرامەیان دانەبڕێم هەم بە تەواویی لە کەموکوڕییە زمانەوانییەکان و لە هەڵەی چاپ رزگاریانبکەم، جا بێجگە لەو کێشەی کە ناوەناوە خانمم وەبیردەهاتەوە و هەر دەمودەستیش وەلامدەخست و خۆم لێی رزگاردەکرد.. تاقە کێشەی من هەر ئەوە بوو کە لە هەژمارکردنی رۆژەکان هاییداربوون لە تێپەڕاندیان دڵم بە وەکارهینانی رۆژمێر و ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان ئاوی

نەدەخواردەوە لێ ئەویشم هەر زوو بەوە چارسەرکرد کە بە تێپەڕینی هەر بیست و چار کاتژمێرەک یەک هێڵی پان و سۆر لەسەر جامی پەنجەرەی پێش مێزی دانیشتنەکەم بکێشم!

لە یازدەمین ڕۆژ.. ئایبی لە ڕۆژی یازدەمین؛ ئەگەر بێژم ئەو ڕۆژە لە کنە من وەک ڕۆژی چاکبوونەوە و هەستانەوە بوو لە شێرپەنجە.. یان وەک ڕۆژی زندیببوونەوە و ژیانەوە بوو.. یان وەک ڕۆژی لە نۆژەن ژیانەوەی ئاسوودەییەکان بوو.. یان وەک ڕۆژی سەرلەنوێ گەیشتنەوە بوو بە ئامانجەکان... هیچیان درۆ نین و هەر هەموویان لە راستیی راستترن! هەر خەریکبوو لە خۆشییان باڵم لێ بڕسکێن.. ئاخر ئەمن هەرگیز پێشبینیی پێشخستنی مژدەکی ئەوها خۆش و گرنگم لە ئامۆزایێ نەدەکرد چونکێ پێشترێ هەر وەها لێی تێگەشتبووم و لەگەڵی راهاتبووم کە کات و ڕۆژەک سەبارەت بە هەر تشتەک دەستنیشان دەکا ئەوە ڕێک لە هەمان کات و ڕۆژ و بێ هیچ پاشخستن و پێشخستنەک بڕیارەکەی خۆی جێبەجێ دەکا.. کەچی ئەو جارە چەند ڕۆژەکی وەپێشخست و سەرتاپای هزر و هۆش و ئەندێشەکانمی لە سەرسوڕمانەکی لەڕادەبەدەر وەرپێچاند و بە جۆرەک ئاسوودەی کردم کە شەوەکەی یەک خولەک چیە خەو نەچیتە چاوانم! بە کورتییەکەی لە یازدەمین ڕۆژ و دیسان بە هەمان شێوەی دوا جاری بە چەند کاتژمێرەک پێش کاتی دیداری شەوانەمان لە ڕێی تەلەفۆنەوە پەیامەکی وەدەستم گەیشت.. لێ ئەوجارە زۆر بە کورتیی:

«تکایە ئەوشۆ نا.. سبەی شەوێ ڕاستەوخۆ و بێ هیچ پەیوەندییەک بە هەمان کاتی جاران وەرە».

نا.. بە هیچ جۆر و شێوەک نا.. هیچ وشە و دەستەواژەگەلەکی ئەوتۆم پێنەبوو تا بتانم پێیانەوە گوزارشت لەو شادمانیی و ئاسوودەییە لەڕادەبەدەرە بکەم کە ئەو وشە سادە و ساکارانەی نێو ئەو پەیامە کورتە لە دەستی منیان نا! جا با هۆزانڤان و چیرۆکنووسان یان لێکۆلەر و ڕەخنەگرانی سەردەمی قۆپچەش هەر ئەو دمبکە وەرسکەرەی خۆیان بکوتن و بێژن 'هونەر و ویژە جودایە و هەرگیز وشە و دەستەواژە و گوزارشتە بازارییەکان یان ئاخافتنی سادە و باوی ڕۆژانەی ژیان داهینان و بەرهەمی جوان و ناسک و بەچێژوچەشەیان لێ ئافەریدە نابی...'.. دە ئاخر ئەوها نییە هەی هەڤالینۆ.. وشەی سادە و ساکارەکان لە کات و جێی خۆیاندا و لە باری داڕشتە و زەمینەی خۆیاندا هیچ جوایەزییەکی توانایی و وەبڕستییان نییە لە بەرانبەر سەرجەم وشەکانی دیکە.. دواییش هەر وشەک لە کاتی چەندیەتی و چۆنیەتی هەبوون یان نەبوونی پەیوەندییەکان و پابەبەستییەکانی نێوان هەر دوو کەسەک و جۆر و شێوازی لەیەکگەیشتنیان بە واتا و گوزارشتی جۆراجۆر بارگاویی دەبی...، جا با لە بابەتەکەم دەرنەچم.. هەرکووەک هەبوو شەوەکەم تێپەڕاند و گەیاندمە ڕۆژی پاشترێ.. پاش مشتومڕ و بینەوبەردەکی زۆر لەگەڵ خۆم لە چەند کاتژمێری بەر لە دیدارەکەم بڕیارمدا کە گەیشتمە کن ئامۆزایێ بە هیچ جۆر و شێوەک لەوە نەپێچمەوە کە لەو دوازدە ڕۆژەی بەرییدا چی کردیە و چی نەکردیە.. ئێ کاڵەک خۆرەکی وەک من چ کاری بە بیستان رنیی هەیە.. یان کە سەرم نایەشی لەبەرچی پەڕۆی لێبپێچم!! تازە ئەوەی ڕوویدا ڕۆیی و کاتەکەم تێپەڕاند، هەروا بڕیارمدا ئەگەر پرسیاری ئەوەی کرد کە سەردانی خانمێم کردیە یان نا.. ئەوە تەنێ بەو سێ وشە بەرسڤی بدەمەوە 'نا سەردانیم نەکردیە' ئیدی بە پەلە و بە هەر شێوەک هەیە بابەتەکە بگۆڕم.. ئاخر حەزکردنی پێشترێی من لە گەیشتن بە دیداری خانمێ تەنێ لە پێناو ئەوە بوو کە بەشی دووەمی چیرۆکەکەی ببینم.. جا کە ئەمن لەوەتەی ئامۆزام پەیداکردیە لە نێو یەک دەریا لە هەگینی وشەدا مەلە دەکەم چ پێویستییەکەم بەوە هەیە هەڵکوت هەڵکوت ڕێیەکی سەخت و دژوار ببڕم و خۆم بگەینمە خانمێ تا تەنێ یەک شانە هەنگینی وشەم پێببەخشی!!

کات تێپەڕی و بە ئاواتی خۆم گەیشتم، نازانم.. هەر زۆر سەیر بوو؛ کات و جێ و کەش و بار.. شێوە و هەڵسوکەوت و ئاخافتنی ئامۆزایێ هەر هەمووی کتومت وەک خۆیان بوون و یەک دنک نەگۆڕابوون، لە هەمووشی خۆشتر ئەوە بوو نە ئەمن و نە ئەو بە هیچ جۆر و شێوەک نە بە لای دوازدە رۆژەکەی بەرییدا چووینەوە نە یەک وشەش سەبارەت بە خانمێ دواین! ئیدی رێک وەک جاری جاران تێهەڵچووینەوە.

# بەشی پێنجەم

## - ٣٢ -

هاوکاتی گەیشتنەوەکەم بابەتەکەی خانمە رۆژنامەنووسەکەی هاوڕێم بڵاوکرابۆوە، پاش پێنج شەش رۆژەک نامەکی وەدەستم گەیشت؛ بێجگە لە پێشەکییەکی جوان کە هەر وەمدەزانی هۆنراوەکی فرە بەچێژ دەخوێنمەوە باسی هەندەک کاروباری پەیوەست بە ڕێکخراوەکەمانی کردبوو.. لە کۆتاییشدا سەبارەت بە بابەتەکەی خۆی نووسیبووی:

«پاش بڵاوبوونەوەی بابەتەکەم لە ڕێی تەلەفۆنەوە تێر تێر جوونبارانیان کردم و زۆر هەڕەشەشیان لێکردم.. هەر یەکەو بە شێوازەک رقی خۆی بەسەرمدا هەڵڕژاند.. ئەوانەی خوارێ سێ نموونەن لێیان:

• هەی قوز فش.. هیچوپووچەکی وەکی تووکوو دەتانی ئەو قسانە بکا، ئاخر ئەتوو هەموو دەمێ قوون و قولت لەو گۆڕەیە و کێوەکی هێندە سەخت نی.. هەر وەبزانە لە نێو دەستی خۆمانی! دڵنیابە هەرگیز ئەوەت لێ بەسەرناچی.. بزانە کوو بە پەندت دەبەین.. وەهات لێدەکەین دەبی بە هەردوو لەپان گووی بخۆی!

• بێ ڕەوشت.. ئەوە وەدەزانی هەوەنتەیە.. ئەوها بە ئارەزووی خۆت گووی بخۆی، ئەگەر بە زووترین کات ئەو قسە قۆڕانەت لەسەر ئەو ماڵپەڕە درۆزن و بێ شەرمە لانەبەی.. خۆمان دەزانین چت لێدەکەین.. ئەوە دوو رۆژ دەرفەتت دەدەینێ تا لایببەی، چاک گێبگرە ها.. گەمەت لەگەڵ ناکەین.. دوایێ پەشیمانیی دادت نادا...

• هەی حیز.. دیارە ئەتووش خۆت بە خۆڕییە بێ ڕەوشتەکانی خۆڕییخانەکانی دەرێ فرۆشتیە.. زانیتمان یەکەکیان لەو ماوانە هاتیتەوە و باشی تێخستی! دەتەوێ بەو بابەتە پووچانەت کێشەی بێ بنەما لەسەر خۆت دروستبکەی تا لە دەرێ وەرتبگرن، تا زووە داوای لێبووردن لەو بەڕێزە بکە کە ویستیتت بە درۆودەلەسان لەکەداری بکەی.. هەموو کەس دەزانی باسی کێ دەکەی، شار بێ خاوەن نییە و جارەکی دیکەش گووی ئەوها گەورۆنە نەخۆی...».

رۆژ بە رۆژ هاییم لە دەنگوباسی هەبوو؛ زۆر خراپ بەگیروگازیان هینابوو و خستبوویانە بارودۆخەکی گەلەک ناجۆر و نالەبار، پاشانیش هەر لەسەر ئەو بابەتەی سکاڵایان لەسەری تۆمارکردبوو.. سەرەنجام لە دادگە زۆر دادپەروەرەکەیان بە پارە سزایان دابوو.. ماڵپەڕەکەش لەبەرئەوەی وەرامی دادگەی نەدابۆوە بە ئائامادەیی دادگەییان کردبوو و ئەویشیان هەر بە پارە سزادابوو هەروا لە ڕێی یەکێتیی رۆژنامەنووسانیشەوە کە تەنێ دیوەخانی رۆژنامەنووسە دەربارەکانی پارتیەکانە هێرشەکی توندیان کردبووە سەری و لە کۆتاییەکەشیدا نووسیبوویان 'هەر کەسەک ئازادە چ دەنووسی لێ بە مەرجەک هێڵە سوورەکان نەبەزێنی.. واتە ئازادیی نە بەرەڵاییە نە ناوزڕاندن و سووکایەتییە بە هاوڵاتییە بەڕێز و دڵسۆزەکانی نیشتیمان'!

دەمزانی ئەو خانمە بارە مادییەکەشی خراپە.. لەبەرهەندێ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییم لەگەڵی.. بێجگە لەوەی پێمگۆت لە هەڕەشەکانیان مەترسێ و ناتانن هیچت لێبکەن چونکە کێشەکەتمان گەیاندیتە زۆر دەزگەی راگەیاندن و ڕێکخراوە بە ناو مرۆدۆستەکانی دەرێ و ئیدی ناوێرن دەستدرێژیی پترت بکەنە سەر.. پێشمگۆت

غەمی پارەی سزادانەکەت نەبی.. ئەگەر هەر ناچاریانکردی بیدەی ئەوە ئەمن دەینێرم، هەرچەندە زۆر سەرگران بوو بەوە و دەیویست پێداگریی بکا کە خۆی پارەکە بدا لێ ئەمن بابەتەکەم بە لایەکی دیکەدا برد. پاش ئەوەی لە ڕێی هاوڕێیانی دیکەوە زانیمەوە کە هەر دەبی پارەکە بدا پەیوەندییم بە کۆمەڵە دۆست و هاوڕێیەکەوە کرد و پارەکەمان خڕکردەوە و گەیاندمانە دەستی.. هەڵبەتە پارەکە زۆر نەبوو و هەر خۆم بە تەنێ دەمتانی بیدەم لێ ویستم ببێتە کارەکی جەماوەریی و دەنگبداتەوە، ئیدی هەڵمەتەکی واژۆ خڕکردەوەشمان وەڕێخست کە بێجگە لەوەی تێیدا باری خراپ و نەخوازراوی ڕۆژنامەگەریی و ڕێکارە دادوەرییەکانمان خستبووەڕوو سەرجەمی ئەو خەڵکانەشمان ریسوا و شەرمەزار کردبوو کە هێرشیان کردبووە سەری و ئەو هەموو بێڕێزییەیان پێکردبوو.. لە کۆپلەکی کورتیشدا پەیامەکمان ئاراستەی دادوەران کردبوو.. هەرچەندە دادگە و دادوەریی لە هەموو جێیەک هەر زۆر بێکەلک و رووکەشن و راستەوخۆ وابەستەی پارتیەکان و سیستەمی دەسەڵاتدارانن و سەربەخۆییەکی ئەوتۆیان نییە واتە بە هیچ جۆرەک لە پێناو ئەوە دانەمەزرانە تا پاڵپشتیی لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک بکەن.. لێ ئەمە پەیامەکەمان ئاراستەی ئەو دادوەرانە کردبوو کە بە لایەنی کەم بە جۆرەک لە جۆرەکان و تا رادەک سەربەخۆیی خۆیان پاراستیە.. بە کورتییەکەی داوامان لێکردبوون:

«ئەگەر دەتانەوێ ڕێز لە پیشەکەی خۆتان بگرن ئەوە پێویستە دەستبەرداری ئەو دادوەریی و سزدانانە ببن کە دژ بە ئازادیی دەربڕینن.. ئەو ڕێکارانەی ئێستا ئەنگۆ دەیانگرنەبەر نەک هەر یاسا و ڕێسایە نەریتیی و پاشداماییەکان پێشێلدەکەن یاسایەکانی جەنگەڵیش شەرمەزار دەکەن! چیدی مۆری تاوان بە نێوچاوانی خۆتانەوە مەنێن و خۆتان شەرمەزاری مێژوو مەکەن.. ئەگەر نا ئەوە دادگەی گەل چاوەڕێتان دەکا!».

هەروا لە بەرانبەر ئەو کەسانەش کە بە ناوی نووسەریی و ڕۆژنامەنووسیی لە پێناو خۆدەرخستن و خۆفرۆشتنیان بە پارتییەکان خەریکی جووندان و رووشاندنی ناوی خەڵک و رەخنەگرتنی پووچ و بێ بنەمان.. تەنانەت ئەگەر جاروبارەکیش رەخنەک لە دەسەڵاتداران بگرن ئەوە زۆر تاکتیکبازانە دەینووس و تەنێ گەرەڵاوژێ و توندوتیژیی و بێ باوەڕیی لە نێو خەڵک دەچینن و کاری رەخنەگرە راشکاوەکان و سەرجەم ئازادییخوازانیش قورستر دەکەن.. نووسیبوومان:

«ئەو پاڵپشتیی و هاوکارییەمان لەو خانمە ڕۆژنامەنووسە کە بە شێوەکی رەخنەگرانە نەخشی بەرچاوی خۆی هەیە لە بەرانگژبوونەوەکان تەنێ لە پێناو 'ئازادیی دەربڕین'ە.. هەڵبەتە هەمیشە لە نێو ڕۆژنامەنووسان و نووسەران خەڵکانەکی زۆر کەم هەن راشکاوانە رەخنە بگرن و لەدوو ئازادییەکان و ئامانجە مرۆییەکانی خەڵکەوە بن.. جا ئەو خانمە لەو کەسە دەگمەنانەیە.. لێ ئەو کەسانەی هەر لەخۆوە و لە پێناو خۆدەرخستن و بە نیازی خۆپەرستانەی خۆیان و دوور لە رەوشتی ڕۆژنامەنووسیی بە ناوی رەخنەگرتنەوە ناوی خەڵک دەزڕێنن و تێکۆشانی پێشان و ئێستایان جارانی سفر دەکەن ئەوە هیچیان کەمتر نییە لە دەسەڵاتداران و هەمان کارە نابەجێیەکانی ئەوان بە شێوازەکی دیکە ئەنجامدەدەن.. ئاخر کە دەسەڵاتداران بەو هەموو ستەمگەرییەی خۆیانەوە نەتانن ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان بەرزەفت و سەرکوت بکەن هێرش و گەلەکۆمەکییەکانی ڕۆژنامەنووسە دەربارەکانیان لە ڕێی بێ رەوشتیی ڕۆژنامەنووسییەوە تەنێ خۆهەڕاجکردن و فووکردنە بە کەڕەنای خۆفرۆشیی.. هەروا ئەو کەسانەی لە پێناو خۆدەرخستن و خۆنمایشکردن خەریکی رەخنەی پووچ و بێسەروبەرن و گوایە رەخنە لە دەسەڵاتداران دەگرن با دڵی خۆیان بەوە خۆشنەکەن ئازادییخوازانی پەڕاگەندەبووی وڵاتان پشتگیرییان دەکەن یان ڕۆژەک لە ڕۆژان دەتانن هاوکارییان بکەن تا لەو زیندانەی

پێیدەگوترێ نیشتیمان رزگاربێن و ئیدی لە وڵاتانی دەرێش هەمان ئەو ڤایرۆسە عەنتیکانەی دابونەریتی دینیی و پاشدامایی بڵاوبکەنەوە!».

- ٣٣ -

پێشی گەشتەکەشم هاییم لە ورد و درشتی دەنگوباسەکان و هەموو ئەو جموجۆڵ و بارودۆخانە هەبوو کە لەوێ دەگوزەران تەنانەت هەندەک جار پێشبینیی ئەو تشتانەشم دەکردن کە روویاندەدا، هەڵبەتە ئازار و ئەشکەنجەکانی نێو سیستەمەکی ستەمگەر میللەت ماندیی و شپرزە دەکا و ناتانی هێندە بە زوویی رابیتەوە و بە پێی پێویست بەرانگژی چەوسێنەران ببتەوە و راپەڕین لەدوو راپەڕین بەرپابکا.. لێ تا نەگەڕامەوە ئەوێ ئەو دەرفەتە بەرفراوانەم نەبوو تا بە پڕاوپڕیی ئەو دیاردە ببینم کە خەڵک بە شێوەکی گشتی زۆر بە پارتیایەتی داغان بوونە.. واتە لایەنداریی و پارچەپارچەبوون بە جۆرەک لە پەلوپۆی خستبوون کە هەستانەوەیان زۆر ئەستەم بی! پارتیایەتیش چ پارتیایەتییەک؟! ئەوە نا کە پێشان خەڵک بە هۆی زرنگیی و لێزانییان لە کاری رامیاریی بە پێی تێگەیشتنە نەریتییە بەسەرچووەکە گەیشتبنە ئەوەی کە پارتی وەک ئامرازەک لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکان پێویستییەکی رامیاریی کردەییە.. بەڵکە خەڵک لە ژێر زەبروزەنگی پارتیەکان و لە رێی 'سووکایەتی و چاو لێ سۆرکردنەوە.. راونان و ئاوارەکردن.. گۆشەگیرکردن و کارکەنارکردن.. دانەمەزراندن و مووچەبڕین و نانبڕین.. لێدان و ئازار و ئەشکەنجە.. زیندانکردن و بنبزرکردن.. کوشتن و تیرۆرکردن' ناچارکرابوون سەر بە پارتیەکان بن یان بە لایەنی کەم لایەنگریان بن و لە هەڵبژاردنەکان دەنگیان بدەنێ!

زۆر لەمێژ بوو؛ هەر لەو سەردەمەوەی لە شاخ چەکدار بووم ئەوە لە کنە من ساغبێوەوە کە پارتی و پارتیایەتی ئەزموونەکی بێ کەلک و زیانبەخشە.. بێجگە لە کۆمەڵە رامیاربازەک هەرگیز میللەت ناتانی سوودی لێببینی، پێشکەتنی ژیان و ئەو بارودۆخانەی ئەو دواییانەش بێجگە لەوەی تا دەهات ئەو تێڕوانینەمی پشتڕاست دەکردەوە.. بە شێوەکی ریشەییش ئەوەیان لە کنە من چەسپاند کە باشترین رێبازی خەبات و تێکۆشان ئەوەیە میللەت لە پارتی و پارتیایەتی دووربخرێتەوە و هەر تاکەکی کۆمەڵ بتانی خۆی خاوەنی خۆی بی و ئازادانە بیربکاتەوە.. ئەوەش خۆبەخۆ نارەزایەتیی هەمەجۆر کەلەکە دەکا و یەکێتی و یەکگرتنی میللەت فەراهەمتر و مسۆگەرتر دەکا و سەرەنجام بەرەو راپەڕین تەکانی پێدەدا، هەر لەو روانگەشەوە.. کە پێشتریش چ لە نێوخۆ چ لە دەرێ زۆر جار ئەو بیرۆکەمان خستبووە بەرباس و لێتۆژینەوە.. زنجیرە کۆڕ کۆبوونەوەکمان ئەنجامدا؛ لە نێوخۆی نیشتیمان هاوڕێیە نایابەکەم و خانمە هاوپیشەکەی پێشانم دوو کەسی زۆر کارا بوون لەو رووەوە و هەر یەکەشیان کۆمەڵە هاوڕێیەکیان هەر لەسەر ئەو بنچینە وەگەڕخستبوو ئەوە بێجگە لە لە هاوڕێگەلەکی دیکە.. لە دەرێش بێجگە لە هاوڕێ کلاوقوت کە بە کۆمەڵە پێشنیارەکی زۆر بەجێ ئەو تێڕوانین و نەخشەی دەوڵەمەندتر کرد و زۆر بە گەرموگوڕیی بەشداریی تێدا کرد.. مامۆستای مۆسیقاژەن و یارۆیەکەی خۆم و کۆمەڵە هاوڕێیەکی دیکەش لە هەردوو رووی هزریی و کردەییەوە تەکانەکی باشیان پێیدا.. ئیدی پاش ئەوەی لە نێوخۆ و لە دەرێی وڵات جەختمان لەسەر هێڵە گشتییەکانی بەرنامەکەمان کردەوە و هەندەک نەخشە و رێکاری پێویستی دەستوەکاربوونمان دانا ئەو بیرۆکەی بێ کەلکبوونی پارتیشمان هاوشانی

بیرۆکەکانی دیکەی شێوە ڕێکخراوەبوونەکی نوێ بە فەرمیی و وەک یەکەک لە ڕێچکە هەرە سەرەکییەکانی خەبات خستە واری جێبەجێکردنەوە.

یارۆیەکەی خۆم کەسەکی زۆر چاپووک و چالاک بوو.. ماوەک پێش ئەوەی دەروازەی دڵم بترازێنی و وەژۆربکەوێ تا ڕادەکی چاک دەمناسی و زۆریش پێی سەرسام بووم چونکێ بێجگە لەوەی کەسەکی فرە ناسک و نەرمونیان بوو توانایەکی زۆر باشیشی هەبوو لە هەموو ڕووەکەوە! ئاخر وەک ئەوەی ئەمن دەمدیت مەگەر بە دەگمەن دەنا هەمیشە مێینە زۆر جوان و نەرم و ناسکەکان نەیاندەتانی لەبەردەستی پیاوە ساختەچیە خۆرەپێشکەرەکان و پارەدارە مێبازەکان دەرباز بن.. واتە ئەو پیاوانەی بێجگە لە وێنەی ژنی ڕووت و گان هیچ تشتەکی دیکە لە نێو بیلبیلەی چاوانیان وەدیناکرێ لە ڕێی 'پارە' و 'هەرێ و پەیمانی درۆزنانە' و 'قسەی سەرنجراکێشی پووچ و ڕووکەشانەی باوی سەردەم' و 'جوولە و نمایشی سووک و بێ شەرمانە' زۆر فێربازانە خۆیان لەو جۆرە مێینانە نێزیک دەکەنەوە و دەچنە بن کلێشیەیان تا دەستەمۆیان دەکەن.. جا کەسی دەستەمۆ و لەخشتەبردراش هەمیشە لەخۆبایی دەبی و واز لە پەروەردەکردنی خۆی دەهینی و وردە وردە توانایەکانی دەپووکێنەوە و وەک کەسەکی سوپاسگوزاری مەژیی پووچ هەر خەریکی چێژ و خۆشییە خۆپەرستییەکان و جوانییە جەستەییەکانی خۆی دەبی.. هەر لەو ڕوانگەشەوە هەستمدەکرد ئەمن خۆشم وەک پیاوەک جۆرە کەموکوڕییەکم لەو بارەوە هەیە؛ هەرچەندە بە هیچ جۆر و شێوەک پەیوەندییە سۆزدارییەکەم لەگەڵ ئەو ژنە لە ڕێی پارە و ساختەچیەتی چێنەکردبوو بەڵکە بە شێوەکی زۆر سروشتییانە وەک دوو کەس کە لە هەموو ڕووەکەوە پێویستییمان بە یەک هەبوو تا هەم ژیانەکی ئارام و ئاسوودە پێکەوە بگوزەرێنین هەم لە کۆڕی خەباتیشدا لە پێناو ماف و ئازادییەکان و ئامانجە مرۆییەکانی خۆمان و میللەتەکەمان و سەرجەمی مرۆڤایەتی تێبکۆشین.. لێ ئەوەش ڕاستییەکی ڕووت و بێ پەردە بوو کە هێندەی توانا و زیرەکیی و ڕەوشتە باشەکانی ببوونە هۆکار و هاندەر تا ئەو پەیوەندییە ئەڤینداریەی لەگەڵ چێبکەم دوو هێندەش ناسکیی و نازداریی و جوانییەکانی بوون؛ جوانیی!؟ ئەرێ.. جوانییەکانی گەلەک زۆر بوون.. جوانییە هەرە دڵخواز و تایبەتمەندەکەی لە کنە من ڕەنگە سۆرە گەش و ناسکەکەی بوو.. کتومت دەتگۆت کوریکەسۆرەی بەهارانە.. هەر بەو بۆنەشەوە ناومنا 'کوریکەسۆر'! تەنێ یەک تشت هەبوو ڤیچەک نیگەرانی کردبووم ئەویش ئەوە بوو هێشتا زۆر بە تەواویی لەوە دڵنیا نەبووم کە ئایە لە ڕاستییدا بڕوای بەو جۆرە تێکۆشان و مێکۆشانە هەیە کە لەسەری ڕێکەتبووین یان هەر لەبەر خۆشەویستییەکەی نێوانمان بوو دەیویست پەیوەندییەکەمان چڕ و چڕتر بتەوە و سەرەنجام بیگەیێنتە ڕادەی هاوسەرگیریی؟ زۆر لەوە دەترسام.. ئاخر ئەمن لە کنە خۆم بڕیارمدابوو هەرگیز هاوسەرگیریی نەکەم مەگەر لە کۆتاییەکانی تەمەنم!

کوریکەسۆر لە شارەکی دیکە دەژیا و ناچار دەبووایە زوو زوو کاتی تایبەت تەرخان بکەین تا بە ڕووی یەکدی بگەشێینەوە.. ئاشنایەتییەکی زۆر باشمان پەیداکردبوو لێ هێشتا بە پێی پێویست نەبوو و ئەویش هەر خۆی هەندەک خۆپارێز بوو لەوەی پێشینەی خۆی ئاشکرابکا و باسی سەرهاتەکانی بکا.. واتە هێشتا زانیارییەکی ئەوتۆم لە بارەی ژیانی پێش ناسینی نەبوو.

نێزیکەی دوو مانگەک دەبوو ئەو هاوڕێیە ڕەنجەڕۆیەم نەدیتبوو کە لە سەرەتای گەیشتنم بەو وڵاتە ئاشنای یەک ببووین.. هێندە بەدبەخت بوو ئەگەر بچووبایە سەر دەریاییش هیشکی دەکرد! ڕۆژەکیان کاتژمێر نۆ و نیوی سپێدە لەگەڵ زەنگی تەلەفۆنەکەم بێداری کردمەوە.. پاش چاکوخۆشیی گۆتی:

- زۆر نیگەران و دڵپڕم هاوڕێ.. شەوادی خەو نەچووە چاوانم، ئەگەر دەرفەتت هەبی ئەوڕۆ هەندەک ئیشم پێت هەیە و هەر حەزیشدەکەم سەردانەکت بکەم؟ (هەر ئەو رۆژە بڕیاربوو کوریکەسۆریش سەرلەهێوارەکەی سەردانم بکا و ئەمنیش لەسەر خواستی خۆی بە ناوی 'مێوانداریی مێوەی بە دارێوە' خوانەک بڕازێنمەوە و شەوێش لە کنم بمینێتەوە و کەشەکی رۆمانسییانە چێبکەین، لێ لەمێژبوو ئەو هاوڕێیە رەنجەرۆیەم نەمدیتبوو و نەدەکرا دەست بە روویەوە بنێم و هەر خۆشم زۆر حەزمدەکرد بیبینم.. لەبەرهەندێ بە ناچاریی گۆتم):

- ئێ زۆر باشە هاوڕێ گیان.. ئەمنیش پێمخۆشە بتبینم.. سەرچاوان و زۆر شادمان دەبم بە هاتنت، لێ ئەگەر ئێستا پێت بکرێ بێی زۆر باشە.. با کاتمان وەدەستەوە هەبی چونکێ ئەمن دانی هێوارێ پاش کاتژمێر پێنج مێوانەکم دێ.. جا چەندی زوو بێی باشترە.

کە هات.. خەریکبوو نەیناسمەوە؛ بێجگە لەوەی لەڕولاواز ببوو چرۆچاویشی زۆر تێکچووبوو.. لێ ئەمن وەهام پێشاننەدا کە هەست بەو بارەی دەکەم. پاش ئەوەی فراڤینمان خوارد و چووین لە باخچەی پشتەوە دانیشتین بەدەو چاخواردنەوەوە هەندەک باسی درێژەکێشانی کێشە پەنابەرییەکەی خۆی کرد.. هەستمکرد زۆر غەم بەو بابەتەوە دەخوا.. لەبەرهەندێ ئەمنیش بە گرنگیپێدانەوە هاتمەگۆ:

- هەر تشتەک کۆششی لە پێناو بکەی هەر دەیگەیێ هاوڕێ، ئەوە راستە کە نەبوونی مافی نیشتەجێبوون دەست و پێی مرۆڤ سندم دەکا و ستەمەکی زۆر گەورەیە ئەو وڵاتانە بەرانبەر پەنابەران دەیکەن.. لێ مرۆڤ زۆر لەو پارچە کاغەزە بێ واتایەی ئەوان گەورەتر و بە نرخترە.. ناکرێ هەر ئەوها خەڵک بەو دەردەسەرییە ببەن، هەر دەبی پێیان بسەلمێنین.. مافی خۆمانە و لە کونی چاویان دەریدەهینین، جا پێویست ناکا ئەتووش هێندە غەمی لێ بخۆی..

- راستە هاوڕێ.. لێ چاوەڕێکردنی ئەو پارچە کاغەزە بێ واتایە زۆر سەختە چون بە هۆی ئەوە لە هەموو تشتەکت دادەبڕن، دواییش خۆت دەزانی کێشەی من وەک ئی هەر کەسەک نییە.. ئەو وڵاتە هەر خۆی فێری درۆت دەکا.. ئەمن تەنێ لەبەرئەوەی راستییم گۆت دواکارییەکەمیان رەتکردەوە.. ئاخر ئەگەر جاری دووەم رەتیبکەنەوە ئەوە بە تۆبزیی دەمنێرنەوە.. لەوێش دەکەومەوە بەردەستی ئەو دەسەڵاتدارە ستەمگەرانە، جا گۆتم ئەتوو شارەزاییت لەو تشتانە هەیە و با پێش ئەوەی تووشی ناردنەوە ببم پرسوڕایەک بە توو بکەم؛ دیارە پاش ئەوەی کە دیسان داخوازییەکەم رەتدەکەنەوە یان دەبی خۆم بدەمە دەست و بمنێرنەوە کە دڵنیام لەوێش ئەگەر نەمکوژن ئەوە دەبی چاوەڕێی چارەنووسەکی زۆر خراپ بم کە جوایەزییەکی ئەوتۆی نەبی لەگەڵ کوشتن، یان دەبی خۆم نەدەمە دەست و دیسان ملی رێی قاچاغ بگرم و بچمە وڵاتەکی دیکە کە داخوا لەوێش چارەنووسم چ دەبی، بێ گومان دەزانم ئەتوو بژاردەی یەکەمت پێ باش نییە.. لێ لە بژاردەی دووەم کە خۆم نادەمە دەست ئەگەر لێرە بمینێمەوە هیچ دەرفەتەکی ئەوەی تێدادەمینێ جارەکی دیکە پەروەندەکەم تازەبکرێتەوە یان ئایە دەکرێ پاش ماوەک بە ناوەکی دیکە خۆم رادەستبکەمەوە وەک ئەوەی کە تازە هاتبم؟؟

- یەکەم جار هێندە بەدبین نەبی باشە هاوڕێ.. ئەتوو هێشتا نازانی داخوازییەکەت رەتدەکەنەوە یان نا.. گریمان رەتیدەکەنەوە لێ مەرج نییە نەتانی داوا بکەی دیسان بە پەروەندەکەت دابچنەوە، دواییش ئەگەر بگاتە ئەو رادەش هێشتا هەر ناتانن ئەوها بە هاسانیی بتنێرنەوە.. لێرە زۆر کۆمەڵە و رێکخراو هەن پشتگیریی لە پەنابەران و مافەکانیان دەکەن.. رەنگە ئەتوو خۆشت ناوی رێکخراوی پەنابەرانت بیستبی..

ئەمن خۆم هاییم لێبووە کاریان لەسەر دەیان و سەدان پەروەندەی پەنابەریی کردیە و سەرەنجام هەندەکیان مافی نیشتەجێبوونیشیان وەدەستهینایە، سەبارەت بە بڕاردەی خۆڕادەستکردنەوەش ئەوە باشترە ئەو کاتە بیریلێبکەیەوە کە هیچ چارەکت نامینێ و بە تەواویی بێ هومێدت دەکەن کە ئەوەش هێشتا دوورە و باشترە هێندە بێ ورە نەبی، با ئەو جارەش بچیەوە دادگە بزانین چ دەبی.. هێشتا زووە تا ئەمن رای خۆم لەسەر ئەوە بدەم کە چ بکەی، لێ پێم باشە ئەگەر خۆت پێت ئاسایی بی با شارەزاییەکم لەسەر پەروەندەکەت هەبی.. غەمت نەبی.. ئەمن هەندەک هاوڕێم لە رێکخراوی پەنابەران هەن ئەگەر پێویست بکا ئەوە وەدەکەم وەدوو پەروەندەکەتدا بچن و هەر خۆشیان دەتانن پارێزەری زۆر باش پەیدابکەن (دیتم زۆری پێخۆشبوو و دەموچاوی هەندەک گەشاوە و گۆتی):

- وەی بەسەرچاو هاوڕێ.. ئەمن بێجگە لەوەی پێویستە نێوەرۆکی پەروەندەکەم لە کنە توو باسبکەم کە شارەزاییەکی باشت لەو بوارە هەیە و دڵنیاشم هێندەی لە تواناتدا هەبی لە کاتی پێویست بە هانامەوە دێی.. هەر خۆشم بە پێویستم دەزانی لە کن کەسەکی غەمخۆر و دڵسۆزی وەک توو باسی ئەو کێشە پەنابەرییەم بکەم کە بێ هیچ درۆیەک سەرهاتی راستەقینەی خۆمە.. تا ئەگەر فریای خۆدەربازکردن نەکەتم و لە پڕ بە تۆبزیی ناردمیانەوە ئەوە هیچ نەبی ئەتوو هاییداربی.. بەس هاوڕێ.. بێ گومان ئەتوو زۆر جێی بڕوای منی.. سەرهاتەکەی من زۆر مەترسییدارە.. لەبەرهەندێ ئەگەر سبەی دووسبەی پێویستیکرد یارمەتییم بدەی.. نازانم.. هیچ شارەزاییەکم لەسەر رێکخراوەکان نییە.. بەس هەندەک زانیاریی لە نێو بەسەرهاتەکەم هەیە حەزناکەم بیخەیە بەردەستی هیچ پارێزەر و وەرگێڕەک چونکێ ئەوانە لەگەڵ پیشەکەی خۆیان راستگۆ نین یان راستترە بێژم هەر خودی پیشەکەیان ئەوهایە کە گرنگیی بە چارەنووسی ژیانی خەڵک نەدەن.. (پاش ئەوەی دڵنیامکردەوە کە ترسی لەو تشتانە نەبی و هەرگیز هیچ نهێنییەکی لە لای منەوە دزە ناکا و ناگاتە هیچ کەسەک.. گۆتی):

- ئەرێ.. ئەوە دەزانم کە ئەتوو چەند دڵسۆزی من و هەموو پەنابەرەکی، بە کورتییەکەی سەرهاتەکەی من بەو جۆرە بوو:

ئەمن بە شێوەکی زۆر ئاسایی کاری رۆژنامەنووسییم دەکرد، هەرچەندە زۆر جار بە هۆی نووسینەکانم تووشی کێشەی جۆراوجۆریان دەکردم و هەردەم گیانم لە مەترسییدا بوو.. بەس ئەو کێشەی کە لەسەری دەربەدەرکرام پەیوەندیی بە کاری رۆژنامەنووسییمەوە نەبوو.. بەڵکە ئەمن لەسەر هاوڕێیەکی دێرینم ئەوهام بەسەرهات؛ ئەویش هەروەک خۆم وازی لە پارتیایەتی هینابوو و دەستی دابووە کاری رۆژنامەنووسیی.. ئەو هەندەک توندتر و رەخنەگرانەتر بوو لە من لەبەرهەندێ دووچاری کێشە و گرفتی زۆرتر دەبۆوە.. چاویان لێ سۆر دەکردەوە.. بە کوشتن دەیانترساند.. تا گەیشتە ئەوەی چەند جارەکیش زۆر بە خراپیی ئەشکەنجەی بدەن.. سەرەنجام گرتیان و ماوەی دوو سێ هەفتەک بنبزریان کرد.. ئیدی دوایێ زانیمەوە پاش ئەوەی کە هیچیان پێ لەگەڵ نەکرابوو وەک دەستبەسەرەک ناردبوویانە کن بەرپرسەکی هەڵپەرست کە پێشترێ هاوڕێی هەردووکمان بوو.. هەرسێکمان پێکەوە پێش راپەڕین لە نێو شار لە رێکخستنە نهێنییەکانی دژ بە رژێم کارماندەکرد لێ ئەو پاش راپەڕین دوژمنی سەرسەختیی ببووە بیروباوەڕ و کۆشان لە پێناو گەل و ئامانجەکانی.. ئیدی وەدوو پلەوپایە و سامان کەتبوو و ببووە بەرپرسەکی ناودار.. بەو نیازە ناردبوویانە کنە وی تا بتانی لە رێی پەیوەندییە کەونەکەیان کاریگەرییەکی لەسەردابنێ و ئیدی واز لە رەخنەگرتن و نووسینی توند بهینی ئەگەر

نا ئەوە لە زیندان دایدەڕزێنن و سەرەنجام سەریشی تێدەچی! (ئاخەکی درێژی هەڵکێشا و ئەمنیش چایەکی دیکەم لە پێشی دانا.. پاش ئەوەی دوو فڕی لە چایەکەی دا.. دەستیپێکردەوە):

- پێش راپەڕین هەر لە سەرەتای کارکردنمان لەگەڵی هەستمانپێیدەکرد کە کەسەکی راستگۆ و راشکاو نییە و خۆ لە کارە قورس و مەترسییدارەکان دەبوێری.. چەندی دەمانکرد و نەماندەکرد نەماندەزانی لەبەرچی هاتیتە نێو رێزەکانی دژ بە رژێم! هەڵبەتە هەروەک خۆشت دەیزانی لەوان سەردەمان دژبەری لەو بابەتە هەبوون لێ لە راستییدا هەرگیز بە کەلکی ئەوە نەدەهاتن لە نێو رێزەکانی رێکخستن کاربکەن.. بە کورتییەکەی بە ناچاریی هاورێی ئەو دەممان بوو.. لێ باش بوو هەر زوو پەیوەندییەکەمان لەگەڵی پچڕا.. واتە سێ چار ساڵەک پێش راپەڕین خۆی لێمان دزیەوە.. ئەو سەردەم زۆر سەخت و دژوار بوو و چەندین شەڕ و کارەساتی گەورە گەورە لەوان دەماندا روویاندا و بارودۆخی رێکخستنی نێو شارەکان زۆر قورس بوو.. ئیدی ئەمەش هیچ وەدوویدا نەگەڕاین بەڵکە زۆر پێمانخۆشبوو هەر نەیبیینەوە.. زۆر لێی دەترساین نەوەک خۆی بە دوژمن فرۆشتبی و تووشی کێشەکمان بکا.. لێ باش بوو نە ئەوەی کرد و نە دیتمانەوە، پاش راپەڕین دیسان وەدەرکەتەوە و لە نۆژەنرا تێهەڵچۆوە؛ هەر وەدوو بەرپرسەکانەوە بوو و بەرەو سەرەوە خۆی هەڵدەکوتی.. پارتی بە پارتی پێداچوو تا لە نێو یەکەکیاندا گیرساوە و کردیانە یەکەک لە بەرپرسە بەرزەکانی خۆیان!

ئەمن لە رێی ژنەک دەنگوباسی ئەو هاورێیە دەستبەسەرەم پێدەگەیشت کە بێجگە لەوەی خزمی ئەو بەرپرسە هەلپەرستەی کەونە هاورێمان بوو هاوسەریشی بوو.. لێ لە کاتی کیژێنیی واتە پێش ئەوەی هاوسەرگیریی بکا خۆشەویستی من بوو.. چیرۆکی من و هاوسەرگیرییەکەی ویش بە کورتییەکەی بەو جۆرە بوو:

«کیژەکی زۆر ژیر و لەسەرخۆ و بە توانا.. تا دەو دەکەیەوە جوان و ژیکەلە و نەرمونیان بوو.. زۆریش حەزی لە من بوو.. سەرەنجام بڕیارماندا هاوسەرگیریی بکەین، لێ کە چوومە خوازبێنیی.. دیتم دایوبابی زۆر حەزیان لە پارە بوو.. یەک رەوتاری هێندە ناجۆر و نامۆیان نواند کتومت دەتگۆت مانگا دەفرۆشن.. هەر بە ئاشکرا و بێ شەرموشۆ داوای پارەیان دەکرد و پارەکی زۆریش! هەرچەندە ئەمن ئەو دەم باری مادییم باش بوو و پارەدانەکەم لە کن گرنگ نەبوو لێ زۆر دژی کڕین و فرۆشتنی ژن بووم و بڕیارمدابوو بە هیچ شێوەک هاوسەرگیریی بە پارە پێکنەهێنم چون دڵنیابووم لەوەی هەرگیز بەختیاریی و ئاسوودەیی بە پارە ناکڕدرێ.. سەرەنجام هەرچەندە یەکدیمان زۆر خۆشدەویست و زۆر باشیش خێوابووینە بارێەک لێ بە ناچاریی دەستبەرداری یەک بووین، هەر کە ئەو بەرپرسە هەلپەرستەی خزمیان بەو بەزمەی زانیبوو یەکسەر هەلەکەی قۆزتبۆوە و خۆی گەیاندبووە دایوبابی کیژە.. چ زۆر بوو پارەی گەندەڵیی و پارتی زۆر بوو! هەر بە گونیە پارە هەڵدەڕێژی تا سەرەنجام بە هەر شێوەک هەبووە لێی مارە دەکەن، لەوە دڵنیا نەبووم کە داخۆ ئەوە تا چەند بە خواستی کیژەش بووە.. لێ دیاربوو هەر پاش گۆزتنەوەی پەژێوان ببۆوە.. رۆژەک بە دزیی هاوسەرەکەی تەلەفۆنەکی کرد:

- لە راستییدا هیچ ئاسوودە نیم لەگەڵ ئەو پیاوە! رەنگە زۆر گلەییم لەوە نەبی کە ئەویش وەک زۆربەی هەرە زۆری پیاوان پیاوسالارە چونکێ پێشتریش دەمزانی ئەوهایە و هەر خۆشم خۆم تووشکرد! نا.. هەرگیز ئەو ئی ئەوە نییە لە هیچ تشتەک بە تووی بەراورد بکەم.. ئیدی چ بکەم چارەنووسمان نەیگرت! بە پلەی یەک سووچی داک و بابم بوو و بە پلەی دووش ئی خۆم.. شاشییەکی گەورە بوو کە کردم، ئەمن دەتانم هەڵوێستی

توو بەرز بنرخێنم کە خۆت نەخستە ژێر باری ئەوەی لە پێناو هاوسەرگیریی پارە ببەخشی.. لێ هەر ئەوەش بوو شکستی بە بەیەکگەیشتنەکەمان هینا.. لە راستییدا پارە هەر بە کەلکی ئەوە دێ کە گرفتەکت هەبوو پێی چارەسەر بکەی.. ئێ خۆ راست نییە تەنانەت شتومەکیش کە پێداویستیی مرۆڤە بە پارە بفرۆشرێ لێ کە سیستەم ئەوە دەسەپێنی ناچار دەبین بە پارە بیکرین.. ئەرێ ئەوە دەزانم نابی مرۆڤ و شمەک پێکەوە بەراورد بکەین و بەهای هەردووکیان بە پارە دیاربکەین.. لێ تا هێزێ ئەوەمان نەبی بەرانگژی سیستەمی هەبوونی پارە ببینەوە و لەنێوینەبەین ئەوە هەر بەسەر مرۆڤەکان بە شێوەکی گشتیی دادەسەپێندرێ ئەوە بکەن ئەگەر نا ئەوە بێ کرین و بێ پارە بەخشین هەر لە برسانیش دەمرن تەنانەت سۆز و خۆشەویستییشیان دەکردرێ دەفرۆشرێ! بە کورتییەکەی ئێستا گرفتی گەورەی من ئەوەیە کە ئەو کابرایە زۆر پارەپەرست و چاوچنۆکە.. بێجگە لەوەش ئەمن لە نێو ئەو هەموو پاسەوانانەیدا رێک خۆم ئەوها دێتە بەرچاو کە لە نێو سەربازگەکدا گیرم خواردبی.. رۆژانە بەرخورد لەگەڵ چەکدارگەلەکی زۆر کەونەپەرست و خێڵەکیی دەکەم.. (هەناسەکی هەڵکێشا و هەڵوەستەکی کرد و دیسان درێژەی پێداوە) جا ئێستا دەمەوێ بە تەواویی لێم تێبگەی کە ئەمن زۆر پەژێوانم و ئەتووشم هەرگیز لە دڵ دەرناچی... (نەمهێشت پتر درێژە بە قسەکەی بدا):

- نا نا نەکەی تکایە.. ئەمن هەرگیز نامەوێ تێتبگەم و بیریش لەو تشتانە مەکەوە.. تازە لەدوو چووان نەچی باشترە.. (زۆر بەو قسەم بێ هومێد و نیگەران بوو.. هەستمکرد بە شێوەکی زۆر شڕوشەپڕێو دەدوا.. تا کۆتایی پەیوەندییەکەمان هەر وشە بوون دەیخستنە بان یەک لێ هیچ رستەکی بە سوودیان لێدەرنەدەچوو و هیچیی لێتێنەگەیشتم.. بێجگە لە بۆنسۆی هەڵقرچانی هەناسەکانی هەستم بە هیچی دیکە نەکرد!).

پاش دوو رۆژان بە هەمان جۆر تێهەڵچۆوە.. زوو زوو تەلەفۆنی دەکرد.. هەر جارەش پتر و پتر سەبارەت بە هەست و سۆز و خۆشەویستییە لەدەستچووەکەی دەدوا تا گەیاندیە ئەوەی بە راشکاویی داوام لێبکا کە ئەگەر ئەمن هیچ هەست و خۆشەویستییەکم لە بەرانبەر وی مابی.. ئەوە ئەو ئامادەیە دەمودەست دەستبەرداری هاوسەرەکەی ببی و لێی جودابیتەوە.. جا ئەو جارە قسەی دایوبابی لە کنە وی بەهای یەک پووشکەشی نابی! هەرچەندە ئەمن نەک هەر خۆشەویستییەکەیم لە دڵ دەرنەچووبوو بگرە تا دەهات پتریش دەبوو.. لێ هیچ هەرێیەکم پێینەدا و قسەکی ئەوتۆشم نەدەکرد هیچ هومێدەکی پێببەخشی».

رۆژەکیان پاش ئەوەی بەرپرسە هەلپەرستەکە تەواو لە هاورێیە دەستبەسەرەکەم بێ هومێد دەبی پێیدەبێژی "ئەوە یەک هەفتە دەرفەتت دەدەمێ تا هەرێم پێبدەی کە جارەکی دیکە بە لای رەخنەگرتن و نووسینی توندەوە داناچی.. ئەگەر نا رادەستی زیندانێت دەکەمەوە.. جا لەوێ خۆیان چ بە چاک دەزانن ئەوەت لەگەڵ دەکەن"، ئەوەم لە هاوسەرەکەی واتە کەونە خۆشەویستەکەی خۆم بیست، رۆژی دووەمیش دیسان تەلەفۆنی کردەوە:

- تکایە بە زووترین کات فریای هاورێیەکەت بکەوە.. ئەگەر نا ئەمن دڵنیام قسەکەی خۆی دەباتەسەر و رادەستی زیندانێی دەکاتەوە و لەوێش لەنێویدەبەن، زۆر لەبەری پاڕامەوە کە کارەکی وەها نەکا.. لێ هەستدەکەم بێ سوووەدە چون ئەو زۆر سەرڕەقە بە تایبەتییش قسە و رای ژنانی هەر پێ پووچ و بێ نرخە.. جا پێم باشە ئەگەر بتانی بێی و بیبینی.. ئاخر ئەو بە هۆی ئەوەی کەونە هاورێتە و ئێستاش وەک

هەڵوێستە رامیارییەکەی و پێگە خۆفرۆشییەکەی هەندەک خۆی بە لاواز دەبینی لە بەرانبەر توو و رەنگە بە قسەت بکا.

پێمگۆت باشە دێم، لێ ئەمن و ئەو رکمان لە نێوچاوانی یەکدی دەبۆوە.. نەمدەزانی بە چ بیانووەک بچمە کنی و چ ناوەک لەو دیدەنییە بنێم؟! سەرەنجام پاش بیرکردنەوە و هینان و بردنەکی زۆر گەیشتینە ئەوەی با ئەو بە شێوەکی تاکتیکیی تشتەکی ئەوها رێکبخا کە لەگەڵ هاوسەرەکەی مێوانداریی من دەکەن.. تا بە راستییش ئەوهای بێتە بەرچاوان کە ئەوە تەنێ مێوانداریی‌یەکە و هیچی دیکە.. پێشنیار بکا کە لەبەرئەوەی ئەمن زۆر حەزم لە مێوەیە.. ناو لە مێوانداریی‌یەکەیان بنێن 'مێوانداریی مێوەی بە دارێوە!' (لە هندوری خۆمدا گۆتم 'وەی لەوە.. ئەوە ئەو هاوڕێیە رەنجەڕۆیەم باسی چ دەکا!؟ کورە خۆ ئەو مێواندارییکردنەی ئەورۆی کوریکەسۆرێش لە لایەن منەوە هەر بە هەمان ناوی مێوانداریی مێوەی بە دارێوەیە! هەر بە پێی پێناسەکەشی رێک باسی وی دەکا! هەبی و نەبی ئەو کوریکەسۆرەی خۆم هەمان ئەو کەونە خۆشەویستەی ئەوە!' هەرچەندە لەو دەم زانینی چارەنووسی هاوڕێیە دەستبەسەرەکەی لە هەموو تشتەک گرنگتر بوو لە کنە من لێ بە هۆی ئەو وێکچوونەی کوریکەسۆر و کەونە خۆشەویستەکەی وی حەجمانم لەبەربڕا و هەر بە پەلە و زۆر بە هاسانیی باسەکەم لێی شێواند و بە شێوەکی تاکتیکییانە گۆتم):

- ئای لە دەردی دڵ کە چەند قورس و پڕ لە ژانە هاوڕێ! باشە کەونە خۆشەویستەکەت لەگەڵت هاتە دەرێ یان هەر لە کن ئەو بەرپرسە هەلپەرستە ماوە؟

- ئەرێ.. وازی لەو هینا و لەگەڵە من هاتە دەرێ.. لێ تکایە هاوڕێ با سەرهاتەکە تەواو بکەم کە ئەو بەرپرسە هەلپەرستە چ کارەساتەکی گەورەی بەسەرماندا هینا! (هەر کە ئەوەی گۆت تەواو دڵنیابوومەوە لەوەی کە ئەو کەونە خۆشەویستەی وی رێک هەمان کوریکەسۆرەی خۆمە و ئەوە ئەمنیش دەقاودەق بوویمە کارەکتەرەکی سەرەکیی لە نێو فیلمەکی هیندیی!!! ئیدی بە مەبەستی زانینی چارەنووسی هاوڕێیە دەستبەسەرەکەی نقەم لە خۆم بڕی) بە هاوڕێی خۆم بێژم.. پاش سێ رۆژان نەخشەکەمان سەریگرت، ئەمن دەمزانی کەونە خۆشەویستەکەم کەسەکی فرە چاکە و دوژمنی گرتن و زیندانکردنی هەر کەسەکە بە تایبەتییش ئەوانەی دژ بە چەوسێنەرانن و قسەی خۆیان هەیە.. هەروا تاقە نیازی ویش لەو نەخشەمان هەر رزگارکردنی هاوڕێیە دەستبەسەرەکەمە.. لێ ئەوەشم دەزانی کە زۆر پەرۆشی دیتنی من و گەڕانەوەشە بەرەو باوەشی من.

کە چووم دیتم خانوبەرەکی زۆر جوان و بەرز و گەورەیان هەبوو.. لەسەر گردەک بوو کە لە لای سەرێی گوندەکەیان هەڵکەتبوو.. گردەکە لە سەرەوەیدا زۆر فراوان بوو و بەرزیی و نزمیشی تێدابوو.. لێ هێندە رک و قوت بوو دەتگۆ بە دەستی دروستکرایە.. لە نێوان دامەنی گردەکە و خانییەکانی ئاکنجیانی گوندەکە کە زۆر هەژارانە چێکرابوون و هەر دەتگۆت کووخن رێیەکی پان و قیرڕێژ پێچاوپێچ بەسەردەکەت تا پێش کۆشکەکەیان، بڕوا ناکەم شەقامەکانی هیچ باژێڕەک بەو جۆرە چاک و رێکوپێک چێکرابن.. چ باغەکی بەرفراوان و دڵگیریان هەبوو! پڕ لە درەختی بەرز و جوان.. گوڵ و گولزار و فریزی گەش و ناسک یەک پارچە گردەکەی داپۆشتبوو.. بە کورتییەکەی لە ژیانمدا باغی ئەوهام بە خەونیش نەدیتبوو، هەر کە ترومبێلەکەم راگرت دوو سێ چەکدار بە پیلمەوە هاتن.. بە پەلە دابەزیم تا پێڕانەگەن وەک پیشەی خۆیان کە دەرکەی ترومبێلان لەسەر بەرپرسان و مێوانەکانیان دەکەنەوە دەرکەی ترومبێلەکەی منیش بکەنەوە.. لێ کە ئەوەیان

لەدەستچوو ویستیان بە لایەنی کەم بتانن دەرکەکە لەدوو من دابخەن.. ئەوەشم نەهێشت و هەر خۆم دامخستەوە.. خورجێنەکی گچکەم وەدەستەوە بوو یەکەکیان پڕیدایێ و ویستی هەڵیبگری! دەرفەتی ئەویشم نەدا و بە شانی خۆم دادا، فەرموو فەرموویان لێکردم تا گەیاندمیانە کن کاکی بەرپرس کە لە دەروازەی خانییەکە لەگەڵ دوو چەکداری دیکە راوەستابوون و پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم، کە چووینە ژۆرێ و خانمم دیت هەستمکرد لە ناخەوە گڕی گرتیە و دەیەوێ هەر ئێستا باوەشەکم تێوەربینی.. لێ دیتم خۆڕاگرانە هەروەک ژنە خانومانە نەریتییەکان خۆی نواند و زۆر بە رێزەوە پێشوازییەکی ئاسایی لێکردم و کشاوە دوایێ! پاش تاوەک کە هێشتا ئەو چایەی لە پێشمیان دانابوو نیوەم نەکردبوو.. چەکدارەک بە پەلەپەل هات و هەندەک فسکەفسکی لەگەڵ کاکی بەرپرس کرد و ئەویش یەک پێ راستبۆوە:

- ببوورە هاوڕێ.. ئەمن دەبی تا دەرێ بچم.. زۆرم پێ ناچی.. هەر ئێستا دێمەوە (پاش ئەوەی گۆتم ئاساییە و کاتی خۆت وەربگرە.. چەکدارەکانی رەگەڵ خۆی دا و بە پەلە وەدەرکەتن، هەرچەندە دڵی پیس بوو بەرانبەر بە ژنان کەچی لە پەلەپەلییان ئەوەی لەبیرنەبوو ئەمن بە تەنێ لە کن خانمێ دەمینێمەوە کە قلی خۆشم بووە پێشترێ.. لێ ئەوەش هەبوو کە ئەمنی باش دەناسی لەو بارەوە و ترسی لێم نەبوو، ئیدی خانم دەرفەتی خۆی وەگرت و هاتەگۆ):

- دیتت ژیانەکی چەند ناجێگیر و پڕ لە ئاژاوەم هەیە هاوڕێ.. هەروەک ئەوەیە لە بەرەی جەنگ بم، ئەمن تەنێ ئەتوو بە رزگارکەری خۆم دەزانم! هەرکووەک هەیە با جارێ بەری دڵت بەو قسانە نەگرم کە ئەتوو هەر بە 'نا' وەرامیان دەدەیەوە! ئێستا پێویستە پێش هەر تشتەک بیر لە رزگارکردنی هاوڕێیەکەت بکەینەوە.. وەرە تا ئەو دێتەوە با بچینە نێو باغەکە و هەر بە ناوی مێوانداریەکە مێزەک بە قاپوقاچاغی بۆش براژێنینەوە تا کە دێتەوە وەهای بێتە بەرچاوان کە ئەمن مێوانداریەکەم زۆر لە کن گرنگە و بە پێی پێویست رێز لە هاوڕێی هاوسەرەکەم دەگرم.. ئەوجا کە هاتەوە هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆمان چەند جۆرە مێوەک لە درەختەکان دەکەینەوە.. (لە پارچە کاغەزەک نووسی 'ئارامی دڵم.. تا دێیەوە ئەمن لەگەڵ هاوڕێیە خۆشەویستەکەت دەچینە جێی مێوانداریەکە و پێویستییەکان ئامادە دەکەم' و لەسەر مێزەکەی دانا.. ئیدی وەڕێکەتین.. باغەکە زۆر گەورە و پڕ درەخت بوو.. هێندە چڕوپڕ بوو لە پێنج شەش مەترەک پتر پێشە خۆت نەدەدیت.. مەگەر بە دەگمەن دەنا سەرجەم مێوەکان لەوێ هەبوون، گەیشتینە جۆگەلە ئاوەک.. هەر کە پازەکی هەڵدا و پەرپەوە دەستەکی بە ئاراستەی من درێژکرد کە گوایە دەیەوێ بمپەرێنتەوە.. کە دەستی گرتم و بە تەکانەک بەرەو لای خۆی رایکێشام و بە ئاستەمەک بەریکەتم؛ موچڕکەکی وەها بە لەشم داهات خەریکبوو لە خۆشییان گیانم دەربچی.. گومانم نەبوو کە ئەویش لە هەمان باری ئاسوودەیی من دایە و رەنگە پتریش.. لەبەرهەندێ دەستی نەدەچووێ دەستم بەربدا! ئیدی ناچار دەستی خۆم راپسکاند و بە نەرمە تووڕەییەکەوە گۆتم):

- نا نا.. ئەوە مەکە.. نامەوێ هەڵسوکەوتی ئەوهام لەگەڵ بکەی.. ئاخر وا خەریکە وەبەرچاوی خۆمەوە نێزکترین هاوڕێم لەنێودەبردرێ ئەتووش هەر لەسەر فاکوفیکی خۆتی.. دوایێش ئەتوو لەوە ناترسێی کەسەک بەو شێوە بمانبینی و ئەوەش بگاتەوە هاوسەرە دڕندەکەت؟! (هەندەک لە خانییەکە دوورکەتبووینەوە).

- نا ئەوها نییە.. کەس لێرە نامانبینی.. چون هیچ کەسەک مافی ئەوەی نییە بێرەدا گوزەر بکا تەنانەت باغەوانەکانیش تەنێ لە کاتی تایبەتی خۆیان دەتانن بێنە ئێرە و خەریکی کاری خۆیان بن.. ئێرە تەنێ تایبەتە بە خۆمان و مێوانەکانمان.. لە پاسەوانەکانیش تەنێ سێ کەسیان لە دووڕا پارێزگاریی لێرە دەکەن و ئەو نێو دار و دەوەنەیان لێ دیارنییە.. تەنێ جاروبارەک ئەگەر خۆمان حەزبکەین لەگەڵ خۆمان دەیانهێنینە ئێرە.. لێ هەرکووەک هەیە داوای بووردن دەکەم.. (گەیشتینە هەورازەکی هەندەک رووتەن و کۆشکەکەمان لێوەدەرکەتەوە.. دەستەکی هەڵبڕی و بە پەنجە ئاماژەکی کرد و گۆتی) ئەها ئەو خانییە جزیرییەی نێزیک کۆشکەکەمان دەبینی؛ ئەوە زیندانی نهێنیی و تایبەتە و هاوڕێیە دڕندەکەت سەرپەرشتیی دەکا! ئێستا هاوڕێیەکەی تووش لەوێ زیندانە.. دەرکە و پەنجەرەکانی دەکەونە رووی پێشەوەی و لە خاڵە پاسەوانییەکەی پێشەوە دیارن.. ئێستا دەتانین بچینە وێ و هاوڕێیەکەت ببینین بەس ناکرێ چونکە پاسەوانەکان دەمانبینن بە دڵنیاییەوە تووشی گرفتەکم دەکەن...

هەر لە پشت ئەو جێیەی لێی راوەستابووین لە پانتایی نزمایيەکی خڕدا کە بە درەختی کورت کورت و گوڵ و گولزاری زۆر گەش و سەرنجڕاکێش رازابۆوە بێجگە لە کۆمەڵە کورسی و مێزەکی نایاب و گرانبەها مەلەوانگەکی گەورە و جوان و زۆر باشیشی لێبوو.. چووین لەوێ لەسەر دوو کورسی لە بەرانبەر یەک دانیشتین، پاش هەندەک قسەکردن لە بارەی نەخشەکەمان هەردووکمان بە بێدەنگیی کەتبووینە نێو ئەندێشان و لە رووی یەکدییمان دەڕۆنی، زۆری پێچوو و هاوسەرەکەی هەر نەهاتەوە.. رێی سێیەم نەبوو؛ یان دەبوو هەر چاوەڕێی بکەم و لە بەرانبەر جوانییەکانی خانمێ دان بە خۆدا بگرم و هێدی هێدی بتاوێمەوە.. یان ئەوەتە چیدی خۆم ئازارنەدەم و ئەوێ بەجێبهێلم و لە کێشەکەی هاوڕێیە دەستبەسەرەکەم هیچ بە هیچ نەکەم!! بە ناچاریی رێی یەکەمم هەڵبژارد؛ رێیەک لە شەختە و سەهۆڵ و بە نێو گەردەلوولی ئاوردا دەڕۆیی! (کە هەندەک راوەستا گۆتی: "ببوورە هاوڕێ ئامۆزا دەبی سەرئاوەک بکەم".. ئەمنیش گۆتم: "زۆر باشە هاوڕێ.. تا دێیەوە ئەمنیش یەک قاوەی نایاب چێدەکەم" لێ لە ناخەوە ئەو راوەستان و پچڕانەم پێخۆشنەبوو.. ئاخر سەرهاتەکە وردە وردە هەر گەرمتر و ورژێنەرتر دەبوو و ئەویش تا دەهات هەر جوانتر و هونەرییانەتر درێژەی پێدەدا.. ئەمن دەمویست دەرفەتی ئەوەش هەبی هەندەک باسی خەباتی دژە پارتی و پارتیایەتیی لەگەڵ بکەم.. ئەوەش هەر بەو نیازە نا کە تەنێ ببتە ئەندامەکی ئاسایی رێکخراوە تازەکەمان و بەس بەڵکە مرخی ئەوەشم لێی خۆشکردبوو کە بتانی ئەرکی سەرپەرشتیارەک لە ئەستۆ بگری و یەکەکی رێکخستن لە نێوچەکەی خۆیان دابمەزرێنی و هەر خۆشی سەرپەرشتیی بکا.. ئاخر کەسەکی پڕ ئەزموون بوو و لە هەردوو بواری رامیاریی و رۆشنبیریی لە ئاستەکی بەرزدا بوو.. هەر بەدەو ئەو بیرکردنەوانە تا ئەو هاتەوە قاوەکەم ئامادەکرد.. ئیدی بەدەو قاوەخواردنەوەوە دەستپێیکردەوە):

هەرکووەک هەبوو ئەو چاوەڕوانییە تاڵ و شیرینەم وەڕێکرد، پێش ئەوەی هاوسەرەکەی بێتەوە لەسەر ئەوە رێکەتبووین کە ئەو کاتەی ئەمن سەبارەت بە کێشەی هاوڕێیە دەستبەسەرەکەم قسەی لەگەڵ دەکەم ئەو هیچ قسەک نەکا تا هەست بەوە نەکا هیچ زانیارییەکی بە من دایە یان ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەو کێشەوە هەیە، هەر لەگەڵ گەیشتنەوەی بێ ئەوەی ئەمن یان هاوسەرەکەی هیچ پرسیارەکی لێبکەین.. گۆتی:

- ببوورە هاوڕێ.. هەندەک درەنگ هاتمەوە، ئەوە لە نێو گوند گەنجەکی سەرسەریی پڕیدابووە کیژەک.. باش بوو زوو وێڕاگەیشتین و گرتمان.. چ بکەین هاوڕێ.. خۆت دەزانی ئەمن لەو بەرپرسانە نیم کە تەنێ خەریکی

کاری رامیاریین و هەر لە تەڕیی دەخۆن و لە هیشکیی دەنوون.. بەڵکە پاراستنی ژیان و تەنانەت ئابڕووی هاوڵاتییانیش بە ئەرکی خۆم دەزانم کەچی هێشتا هەر خەڵکەک هەن لێمان ناڕازیین!

دەمزانی ئەگەر وەک ئەوەی خۆم دەمەوێ لە پێش پاسەوانەکانی وەرامی بدەمەوە ئەوە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە و سەرەنجامەکەی باش نابی.. دوایێش ئەمن لە پێناو کارەکی گرنگتر چووبووم.. لەبەرهەندێ هیچ دەنگەکم نەکرد، پاش ئەوەی دەمەکی چاکمان بە لێکردنەوەی مێوە و خۆ خەریککردن بە خواردنیان و قسەی ئاساییەوە بەسەربرد سەرم بردە بن سەری و بە بن گێیدا چرپاندم: "یەک دوو قسەم هەیە ئەگەر پاسەوانەکانت لێرە نەبن؟".. کە ئاماژەکی دانێ و لێمان دوورکەتنەوە.. گۆتم:

- ئەدی چتان لە گەنجە کرد؟ رەنگە چاکتان لێدابی؟

- لە راستییدا ئەمن نەمدەویست لێیبدەن.. بەس کە پاسەوانەکانم وەدووی کەتن و گرتیان چەند زللەکیان لێدابوو، ئێستا لێرە لە ژۆرەکم کردیە.. گۆتم تا رادەستی ئاسایشی دەکەم با لێرە بی و لەگەڵ کەسوکاری کیژەکە تووشی گرفتەکی دیکە نەبن.

- ئەرێ.. وێدەچی ئەویشت هەر لەگەڵ هاوڕێیەکەمان زیندان کردبی! (هەر کە ئەوەم گۆت؛ وەک ئەوەی جامە ئاوەکی ساردت پێداکرابی.. راپەڕی!).. هەرچەندە لێیپێچینەوە لەو گەنجە یان گرتنی کاری پۆلیسە و هیچ پەیوەندییەکی بە تووەوە نییە لێ ئەوە کاری من نییە رێنمایی توو بکەم و خۆت بەرپرسی لەو خۆتێهەلقورتاندنە، ئەوەی گرنگە لە کنە من ئەوەیە کە پێتبێژم ئەوە شەرم و شوورەییەکی زۆر گەورەیە کە ئەو هاوڕێیەت لە کنە خۆت دەستبەسەر کردیە.. ئاخر ئەو تەنێ رۆژنامەنووسەکە و هیچ هەڵەکی نەکردیە تا بەو دەردەی ببەن! ئەوە گۆتمان ئەتوو لە پێناو ژیان و گوزەران خۆت هاویشتیتە باوەشی پارتی و دەسەڵاتەک کە دڵنیام ئەگەر خۆت بە هەڵەدا نەبەی تەواو پێچەوانەی تێگەیشتن و باوەڕی خۆتە.. بەس هەڵەکی زۆر گەورە دەکەی دژایەتیی ئازادیی رۆژنامەگەریی دەکەی بە تایبەتییش بەو شێوە کە وەک هاوکارەکی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە ماڵەکەی خۆت کردیتە دەزگەی لێپرسینەوە و ئەوەی ئەوان خۆیان ناتانن بیکەن ئەتوو رایدەپەڕێنی!

- نا.. ئەمن ئەوم دەستبەسەر نەکردیە بەڵکە وەک کەونە هاوڕێیەک یارمەتییم دایە و لە زیندان رزگارمکردیە.. دەمەوێ رێنمایی بکەم تا چیدی تووشی زیندان نەبتەوە...

- نا نا.. باشترە ئەو قسانە لە کن کەسەک بکەی کە لە هیچ ناگا یان ئەتوو نەناسی، ئەگەر نەتویستبا راستییەکانم لێ بشێریەوە ئەوە ئێستا ئەویش لێرە لەگەڵمان دەبوو.. نا نامەوێ ئێستا ناچارتبکەم تا تاکتیکم لەگەڵ وەکاربهینی و هەر ئێستا بیهینیە ئێرە و لەگەڵمان دابنیشی.. پاشانیش کە ئەمن دەرۆم لە ژۆرێی بیپەستیەوە، بەڵکە ئەگەر دەتانی گێ لە من رابگرێ ئەوە دەبێژم زۆر باشترە خۆت لەو جۆرە کارانە دووربخەیەوە و چیدی دوژمنایەتیی ئازادییخوازان نەکەی.. خۆت باش دەزانی بە رادەستکردنەوەی ئەو هاوڕێیە بە زیندان چارەنووسەکی خراپ چاوەڕێی دەکا.. ئەتوو دەتانی یارمەتیی بدەی بەرەو هەندەران سەرهەڵبگری.. ئەوەش زۆر هاسانە؛ شەوەک دەرفەتەکی بدەنێ با پەنجەرەی ژۆرەکەی بشکێنی و هەڵبێ.. ئەنگۆش چەند دەسترێژەک بە ئاسمانێ وەبنێن و وەهای بڵاوبکەنەوە کە لەبەردەستتان هەڵاتیە.

- ئەمن ناتانم کاری ئەوها بکەم هاوڕێ.. خۆ ئەگەر ئەو هێندە کەللەڕەق نەبی ئەوە کارەکە هاسانە، بە راستیی ئەمن زۆر لێی بێزار بوومە.. ئاخر ئەو گێ لە کەس راناگری... گەیشتیمە ئەوەی کە چیدی خۆمی پێوە ماندیی نەکەم.. بەس ئەو جارەش ئەوە لەبەر دڵی توو لە کنە خۆمی دەهێلمەوە.. بەڵکە بتانم نەرمی بکەم و واز لەو تشتانە بهینی و ئیدی وەک هەموو ئەو خەڵکە کاری رۆژنامەنووسیی خۆی بکا.. (زۆر درەنگمان داهینا هاوڕێ ئامۆزا.. خەریکە کاتی مێواندارییەکەی تووش نێزیک دەبتەوە.. با فریابکەوم.. دەمەوێ زۆر بە خێرایی و زۆر بە کورتیی تەواوبیکەم):

هەستمکرد قسەکانم کارتێکردنەکیان لەسەری دانابی.. دەمزانی ئەگەر لەوە پتر بەو شێوە لەگەڵی پێدابچم و تووڕەی بکەم هیچ سوودەکی نابی.. لەبەرهەندێ دانم وەخۆمدا گرت و هەندەک نەرمم کێشا تا هیچ نەبی وەک خۆی گۆتەنی لەگەڵ هاوڕێیەکەم بگەنە تشتەک و بەڵکە ئێڤ رزگاربی. پاش ئەوەی بەجێمهێشتن هاوسەرەکەی زوو زوو تەلەفۆنی دەکرد؛ بێجگە لەوەی لە بارودۆخی هاوڕێیەکەم هاییداری دەکردمەوە هەمیشە هەر دەیگۆت با نەخشەک دابنێین رزگاریبکەین.. ناوەناوەش هەر داوای لێدەکردم کە واز لە هاوسەرەکەی بهێنی و بە هەر جۆرەک هەیە یەکبگرینەوە، پاش نێزیکەی دوو هەفتەک رۆژەکیان دانی سبەیەنەکەی بە پەلە پەیوەندیی پێوەکردم و گۆتی:

- تەواو.. ئەورۆ هاوڕێیە درندەکەت پێیگۆتم پاشی دوو رۆژی دیکە هاوڕێیەکەت رادەستی سەرێی خۆی دەکاتەوە.. لەوێش ئەمن سەت لە سەت دڵنیام نیازیان وەیە لەنێوییبەن، جا هیچ چار نەمایە.. ئەگەر ئەتوو هیچ دڵسۆزییەکت لە بەرانبەر هاوڕێیەکەت هەیە ئەوە لە ئێستاڕا تا سبەینێ قاچاغچییەک ئامادە بکە.. ئەمن لە پێناو هاوڕێیەکەت و لە پێناو تووش دەتانم بیفرێنم و خۆمان بگەیەنینە کن توو و هەرسێکمان بەرەو هەندەران تێیتەقێنین.. زوو وەرامم بدەوە تکایە..

هیچ چارم نەما.. بە کورتییەکەی بە پەلە نەخشەکمان دانا و کەتینە جێبەجێکردنی.. سبەینەکەی پاش رۆژاوابوون ئەمن و هاوڕێیەکەم و خانمی کەونە خۆشەویست و دوو قاچاغچی بە ترومبێلەک گەیشتینە دوا شارۆچکەی سەرسنوور، کاتەکمان زانی هاوسەری خانمێ لەگەڵ دەستە چەکدارەک پێشیان لێگرتینەوە، ئەمن هاییم لەوە نەبوو کە خانم پێش ئەوەی لە ماڵ دەربچن دەمانچەکی دابووە هاوڕێیەکەم.. بێ ئەوەی پرس بە کەس بکا لەگەڵ دابەزینی لە ترومبێلەکە تەقەی لێکردن، ئەو قاچاغچییەی ترومبێلەکەی لێدەخوڕی کە گێی لە تەقە بوو هاوکات لەگەڵ ئەوەی بە هاتوهاوارەوە گۆتی: "دەک ئافەرین.. لێاندە چاوەکەم.. دەستیان لێمەپارێزە.." ترومبێلەکەی وەرسووڕاند و پێی بە بەنزینێ وەنا.. هاوڕێیەکەم بەجێما.. هەرچەندی ئەمن هاوارم بەسەرداکرد کە با رابوەستی و کوو دەبی هاوڕێی خۆمان بەجێبهێلین؟! لێ بە قسەمی نەکرد و هاوکاتیش گۆتی: "ئێ ئەو چەکی پێیە و شەڕ دەکا.. ئەتوو چت پێیە.. خۆ بە تڕان شەڕ ناکەی!" پاش ئەوەی چەند کۆڵانەکمان بڕی رایگرت و گۆتیان: "دابەزن.. پەلە بکەن.. تازە تووش بووین و دەبی خۆمان رزگاربکەین".. پاش بڕینی چەند کووچە و کۆڵانەکەکی تەسک بە راکردن ئەمەیان بردە ماڵە ناسیارەکی خۆیان، یەک هەفتەی رێک لە ژێرزەمینی ئەو ماڵە ماینەوە تا رێیەکیان پەیداکرد و لە سنوور ئاودیویانکردین، لێ زۆر بە داخەوە پاشان زانیمانەوە هاوڕێیەکەمیان هەر لەوێ بە برینداریی دەستگیرکردبوو.. ئێستاکەشی لەگەڵ دابی هیچ سۆراغەکی نییە، کە لەگەڵ خانمێش گەیشتینە ئێرە... (تەمەشایەکی کاتژمێرەکەی کرد):

- ببووره هاوڕێ کاتەکە تەواو درەنگی کرد.. ڕەنگە ئێستا مێوانەکەت بێ و با مێوانداریيەکەش لە توو تێکنەدەم.. ئەمن دەڕۆم.. (هاوکات لەگەڵ هەستانەوەی گۆتی) حەزدەکەم ئەوەش بزانی کە ئەمن و خانم لێرە پێکەوە خۆمان رادەستی فەرمانگەی پەنابەریی کرد.. لێ لەبەرئەوەی دەمزانی ناتانین پێکەوە بگونجێین و ببینە هاوسەری یەکدی هەر یەکەو بە جودا پەروەندەی خۆمان دا.. ئیدی ئەو زوو مافی نیشتەجێبوونی وەرگرت و هەر یەکەمان کەتینە شارەک. جا هاوڕێ بێ گومان ئەو سەرهاتەی من دەبی زۆر نهێنیی بی و تکایە لە کن خۆتی بپارێزە.. ئاخر هێشتا هەر دەستبەرداری نەبوونە و ناوەناوەش هەر هەڕەشەکم لێدەکەن، دەی با ئێستا پتر کاتت نەگرم.. جارەکی دیکە ئەوانەش هەمووی باسدەکەم.

ئەو سەرهاتەی هاوڕێیە ڕەنجەڕۆیەکەم و بێ سۆراغبوونی هاوڕێیەکەی گەلەک ئازاریان دام.. لە ڕاستییدا پاش ڕۆیشتنی ئەوجا بە تەواویی لە سەرهاتەکە تێگەیشتم و کارتێکردنە خراپەکانی لەسەرم وەدەرکەتن.. ئاخر لە کاتی گێڕانەوەکەی هەر ئەوە بوو وشە و ڕستەکانم دەبیستن و لە مەژییم تۆمار دەبوون واتە نەدەپەرژامە سەر ئەوەی شرۆڤەیان بکەم و تێیانبگەم چونکێ زۆربەی کاتەکان بیر و ئەندێشەم لای خانمی نێو سەرهاتەکەش بوو! هەرکووەک هەبوو ئەوەیان زۆر باش بوو زوو لەوە تێگەیشتم و بە تەواویی دڵنیابوومەوە کە 'کوریکەسۆر'ەکەی لەمەڕ خۆم هەر هەمان ئەو خانمەی نێو سەرهاتەکەیە، پاش ئەوەی کەلوپەلەکانم شوشت و هەندەک ماڵەکەم ڕێکخستەوە هەستم بە لەش داهێزران و ماندییبوونەکی زۆر دەکرد.. هەر لەسەر قەنەفەکە هێدی هێدی بۆرژام و بێ ئەوەی بمەوێ خەوملێکەت.. نازانم چەندی پێچوو کاتەکم زانی لە دەرکەیان دا.. کە کردمەوە کوریکەسۆر خۆی بە باوەشم دادا و وەک دوو خۆشەویست کە لەمێژە یەکدیان نەدیتیە ئاویزانی یەک بووین...! پاش ئەوەی بەدەو قاوەخواردنەوەوە هەندەک باسی چالاکییە ڕێکخراوەییەکانی خۆمان کرد لە نێو باخچەکەدا مێزەکمان بە قاپوقاچاغی بۆش ڕازاندەوە و بەدەو قسەی خۆش خۆش کۆمەڵەک مێوەی جۆراوجۆرمان لە درەختەکان کردنەوە و قاپەکانمان لێپڕکردن.. لەگەڵ خواردنی هەر کووزە مێوەک بە ماچ لێوی یەکدیمان دەلێستەوە تا تێر تێر بووین لە مێوە و ماچ.. سەبارەت بە ڕامووسانیش هەر زوو زوو یەکدیمان بەرەو ژوورێ ڕاوەدنا و لەسەر ڕایەخە ئاوریشمچنەکە کە هەر بەو نیازە ڕامخستبوو یەکدیمان تەختدەکرد و بە ئارەزووی خۆمان یەکدیمان دەشێلا و دەگەڕاینەوە نێو باخچەکە، لە دەرفەتەکدا ئەمن لە کنە خۆم وەبوو بە شێوەکی ناڕاستەوخۆ باسی خانمی نێو سەرهاتەکە دەکەم کە چەند بەو دەچی.. واتە سەرهاتەکە هەندەک دەشێوێنم تا هەست نەکا ئەوە سەرهاتەکەی خۆی و هاوڕێیە ڕەنجەڕۆیەکەمە و تووشی سەرسوڕمان و شلەژان نەبی.. ئاخر بە هۆی ئەوەی هێشتا یەکسانیی نێوان نێر و مێ بە تەواویی دەستەبەر نەبووە هەرگیز ژنان - مەگەر بە دەگمەن - ناتانن بە هاسانیی متمانە بە پیاوان تەنانەت هەرە یەکسانییخوازەکانیشیان بکەن کە بتانن ماف و ئازادیی وەک یەکی ژنان و پیاوان بە کردەوە بسەلمێنن.. لەبەرهەندێ لە بابەتی ئەوها زوو هەڵدەچن و دۆ و دۆشاو تێکەڵدەکەن! بە کورتییەکەی گۆتم:

- ئەرێ بە ڕاست هەر پێشی ئەوەی ئەتوو بێی هاوڕێیەکم کە کوڕەکی زۆر بەلەنگاز و ڕەنجەڕۆیە مێوانم بوو و لە نێو گێڕانەوەی سەرهاتەکی خۆی باسی ئەوەی کرد ڕۆژەکیان دوو هاوسەر کە ژنەکە کەونە خۆشەویستی خۆی بووە مێوانداریی دەکەن، تا ئێرە هیچ سەیرەکی تێدانییە و زۆر ئاساییە، لێ ئەتوو بێژە بە چ مێوانداریيان کردبی باشە؟! هەر کتومت وەک من بە 'مێوەی بەدارێوە'! ئەتوو بزانە ڕێکەتەکی چەند عەنتیکەیە هەر ئەوڕۆ ئەمە جۆرە مێوانداریيەمان هەیە هەر ئەوڕۆش لەو هاوڕێیەم بیست کە ئەو مێوانداریيە پێشترێش هەبووە!!

بڕوابکە ئەمن هەر وەمدەزانی ئەو جۆرە مێوانداریيە یەکەمین جارە لەو جیهانە روودەدا و داهینانی خۆتە.. خۆ رەنگە ئەوانیش هەر لە خەڵکی دیکەیان بیستبی و داهینانی خۆیان نەبی.. کەواتە ئەوە مێوانداریيەکی باوە بەس ئەمن نەمبیستیە.. جا ئیدی تێگەیشتم.. ئەتوو زۆر زۆر هۆشیارتر و زۆرزانتری لە من هەی کوریکەسۆرە گەش و گەورۆنەکەی خۆمم!! (هەر کە ئەوەم گۆت؛ وەک پەلکە پیازەکی سپی رەنگی سپی هەڵگەڕا و تەواو شلەژا.. خەریکبوو لەسەر کورسییەکە وەلادادەچوو.. بە پەلە دەستەکم لە ملی کرد و ویستم دڵنەوایی بکەم.. لەپڕ لە هارژنی گریانێی دا.. دەتگۆت ئەوە هەر ئێستا خۆشەویستترین کەسی لەبەردەستیدا گیانی لەبەربڕایە.. هەرچەندی دەمویست بیدوێنم و ژێریبکەمەوە لێ هیچ سوودەکی نەبوو.. ناچار باوەشەکم لێیدا و بردمە ژۆرێ.. لەوێش هەر کڕنەبۆوە.. نەیدەتانی هیچ قسەک بکا! لەپڕ دیتم خۆی گورجکردەوە و بەرەو لای دەرکەکەی دەرێ چوو.. هەرچەندی گۆتم ئەوە چیە؟ چ دەکەی؟ کێوە دەچی؟ ئەدی ئەتوو هەرێت نەدابوومێ ئەوشۆ لێرە دەمینێیەوە؟ کەچی هیچ وەرامی نەدامەوە تا لە دیوی دەرێی دەرکەکە هەڵوەستەکی کرد):

- ببوورە.. زۆر خراپ برینی منت کولاندەوە.. لەبەرهەندێ ناتانم ئەوشۆ لە کنت بمینێمەوە.. نا.. حەزناکەم ئەوها لە من بگەی کە چیقلدانەم تەنگە و زوو هەڵدەچم.. ئەوە تەنێ پەیوەندیی بە یادگاریيەکانی خۆمەوە هەیە.. ئەمن دەزانم باسی کێ دەکەی.. ئاخر ئەتوو نەدەبوو هەر لە بەر دڵی من ئەوها بەو هاسانییە لە بنی کودیلەکە بدەی! دواییش ئەوە ئەمن نەبووم کە ناسناوی 'کەونە خۆشەویست'م وەخۆوە لکاند بەڵکە ئەوە هاوڕێیە رەنجەڕۆیەکەت بوو.. هەر لەبەرئەوەشە ئێستا ئەمن لە کنە توو کوریکەسۆرەکی گەش و گەورۆنەم لێ لە راستییدا ئەوە یەکەمین جارە ئەمن خۆشەویستەکی راستەقینەم هەیە ئەویش ئەوەیە وا ئێستا لە بەرانبەرمە! چونکێ ئەگەر ئەو هیچ کاتەک بە راستیی خۆشەویستی من با ئێستا ئەمن لە نێو دڵی توودا نەدەبووم.. کەواتە هێشتا هەر خونچەکی زۆر زۆر گچکۆکەم.. دەی نیگەران مەبە.. ئەرێ.. ئەوە راستە ئێستا دەڕۆم و پێویستیشە بڕۆم چونکێ دڵم نایێ ئەو دڵە جوانەت لە نێو ئەو دڵەم کە ئێستا نائارامت کرد نائارام بکەم! لێ هەرێت دەدەمێ لە ماوەی یەک هەفتەی دیکە وەک 'کوریکەسۆر'ەکی زۆر تەڕ و گەش بە تەواویی دەکرێمە و دەگەڕێمەوە نێو باخچەی دڵت و هەرگیز ناچمەوە.. ئیدی هەر 'مێوەی بە دارێوە' بە ماچەوە ئاودیو دەکەین! (دەرکەکەی داخست و لێداو رۆیی.. زۆر زۆر ترسام چونکێ گەلەک لەوە دڵنیا نەبووم کە داخۆ هەفتەی دادێ دەگەڕێتەوە یان نا؟! لێ دوایێ وەدەرکەت کە ئەوە هەر ئەندێشەکی بێ واتای خۆم بوو و ژنەکی ئەوها هۆشمەند و زیت و وریا هەر لەو گۆڕەی قسان ناکا! ئیدی پاش هەفتەک بە ئێکجاریی هاتەوە و بە دەستی خۆمان سندمی جۆرەک لە خۆشەویستییمان لە پێی خۆمان کرد!).

- ٣٤ -

جامی بەزەییم تەواو پڕببوو و لە سەری دەڕژاوە؛ گریانە ناخبرژێنەکەی هەفتەک پێش وەیەکچەسپانەکەمان و ئەزموونە شکستخواردییەکەی پێشانی کوریکەسۆرێ هەڵیاندەقرچاندم.. غەمی هاوڕێیە رەنجەڕۆیەکەشم هەر لەولای رابوەستی.. هاوڕێیە لەدەستچووەکەیان بە جۆرەک نیگەران و دڵپڕی کردبووم خەریکبوو لە هارژنی گریانێ بدەم.. وەهام هەستدەکرد قورسایی لەشم لە ئی زەوی تێیپەڕاندبی و ئێستا نا ئێستا شەقی دەکەم و رۆدەچمە نێوی.. تەنانەت بەزەییم بە خۆشمدا دەهاتەوە! ئاخر لەبەرچی لەو هەموو گوللە و ساچمانەی کە لە

کاتی شۆڕشگێڕییم جەستەمیان دابێژتبوو یەکەکیان جێی کارێی نەگرت و ئێستا ئەو هەموو سەرهاتە جەرگبڕانەم نەژنەوییا؟! ئەوە راستە لە سەردەمی شۆڕشگێڕییم تاوانکاریی گەللەک زۆرتر روویاندەدا و تەنانەت خەڵک کۆمکوژ و زیندبەچاڵ و ژاربارانیش دەکران لێ لەوان سەردەمان بە هۆی ئەوەی خۆم بە چەک و زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە بەرانگژ ببوومەوە باندۆرەکی ئەوتۆیان لەسەرم چێنەدەکرد.. کەچی ئێستا تاوان و ئاریشە هەرە سادە و ساکارەکان چون ناتانم راستەوخۆ رووبەڕوویان ببمەوە زۆر بە هاسانیی لەبارێەکم هەڵدەوەشێننەوە و لە جێی خۆم دامدەڕزێنن! مەژییم تەواو پەرتەوازە ببوو و بیرکردنەوەم لەسەر یەک تشت جێگیر نەدەبوو.. هیچ جێیەکم وەخۆم نەدەگرت.. بە جۆرەک تووڕە و پڕ ببووم هەستەکانم بە پێی پێویست کاریان نەدەکرد.. رادەجفریم و جەستەم وەک بیی نێو ئاو دەلەرزی.. تا بەرداغە ئاوەک یان تشتەکی شلم دەخواردەوە نیوەم وەخۆدادەکرد! باشترین چارەم هەر ئەوە بوو کە بچم ئەو سەرهاتەی 'هاوڕێیە رەنجەڕۆیەکەم و کوریکەسۆر و هاوڕێیە لەدەستچووەکەیان' و خۆشم کە ببوومە سەربار تێیدا لە کن کلاوقوتێ وەگێڕم بەڵکە ئێهـ قیچەک هێوربیمەوە و باری سەرشانانم هەندەک سووک ببی، هەرکووەک هەبوو خۆم گەیاندێ.. پاش ئەوەی ورد و درشتی سەرهاتەکەم بە گۆڕێ وەرکرد؛ وەک ئەوەی کەسەک خۆشەویستەکی کۆچی دوایی دەکا و بە هۆی ئەوەی خەڵک دێنە پرسەکەی و هاوبەشیی غەمی دەکەن ئاهەکی وەبەردا دێتەوە.. ئەمنیش بە هەمان شێوە کە دیتم کلاوقوت هاوبەشی غەم و نیگەرانییەکانمە هەندەک بەسەرخۆهاتمەوە.. لێ هەر زوو زوو بە نێو خۆمدا رۆدەچوومەوە و خۆم لێ بزردەبۆوە واتە رێک وەک ئەو کەسەم لێیەسەرهاتبوو کە تشتەکی زۆر بە نرخی لە نێو گۆمە ئاوەکی قۆل و قوراویی لێ بزردەبی و ناوەناوە خۆی نوقمدەکا و لە بنی ئاوەکە وەدوویدا دەگەڕێ کەچی پەیدۆزی ناکا و دێتەوەدەرێ و دیسان خۆی نوقمدەکاتەوە و ئیدی هەر خەریکی ئەو خۆنوقمکردن و هاتنەوەدەرێیە دەبی و هەر بە هیچ ئامانجەکیش ناگا! کە کلاوقوت هەستیکرد هێشتا بارودۆخەکەم هەر ئاسایی نییە نەیهێشت بە تەنێ بگەڕێمەوە ماڵێ.

بە درێژایی رێیەکە هەر بە باسی تێکۆشان و چالاکییەکانی خۆمان سەبارەت بە بزاڤە دژە پارتیەکەمان سەرقاڵیکردم؛ پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بێجگە لەوەی دەبی لەنەوپاش لە هەموو کۆڕ و گردبوونەوەک بەشداریی بکەین پێویستە خۆشمان قسەمان هەبی و دەرفەت وەربگرین تا پێویستبوونی بزاڤەکەمان راستەوخۆ لە نێو خەڵک رۆنبکەینەوە هەروا خۆشمان کۆڕ و کۆبوونەوەی زۆر لەو بارەوە سازبدەین... هەر لە چارچێوەی ئەو قسانەشی گۆتی بەرلەوەی ئەورۆ بتبینم دەمویست بە تەلەفۆن پەیوەندییت پێوەبکەم کە سبەینێ کۆڕەکی زۆر باش و گرنگ هەیە و ئەوەی کۆڕەکەش پێشکەش دەکا کەسەکی زۆر شارەزا و زیرەکە.. جا پێویستە ئەمەش لەوێ ئامادەبین.. ئیدی زۆر باسی گرنگیی و بایەخی کۆڕەکەی کرد تا رازییکردم کە سبەینێ بچین بەشداریی بکەین.

کە گەیشتینەوە ماڵێ بە بێدەنگییەکەوە بەدیارمەوە دانیشت.. هەستمدەکرد وەدوو بابەتەکدا دەگەڕێ تا پێیەوە سەرهاتەکەم لەبیربباتەوە، ئەمن لەوان دەماندا هەر یەک دوو هەفتە جارەک چیرۆکەک یان وتارەکم لە ماڵپەڕەکان بڵاودەکردەوە، ئیدی بە باسی نووسین و بڵاوکردنەوە دەستیپێکرد و تەواو خەریکیکردم.. ئاخر خۆشی چیرۆک و وتاری هەمەڕەنگی دەنووسین و جاروباریش بڵاویدەکردنەوە.. لە پڕ 'ئامێرەکی گچکەی داکردن'ی لە بەرکی دەرهینا و داوای 'لاپتۆپ'ەکەمی کرد.. پاش ئەوەی وەگەڕیخست و نووسینەکی خۆی خستەسەری گۆتی:

- ئەوە چیرۆکەکی خۆمە هاورێ.. لێ ئەوە تەنێ زادەی بیر و ئەندێشەی خۆم نییە بەڵکە سەرهاتەکانی نێوی هەر لە راستییدا روویاندایە.. چیرۆکەکە بەوە دەستپێدەکا کە دوو کەس بە رێکەت یەکدی دەناسن.. گێرەرەوەکەی کە یەک لە دوو کەسەکەیە هەر خۆمم وەک کەسی یەکەمی تاک.. بە کورتییەکەی کەرستەکانی نووسینی چیرۆکم تێیدا وەکاربردیە و هەندەک دەستکاریی ناو و جێ و کاتەکانیشم کردیە و بە شێوەکی هونەرییانە دامرێژتیە، ئیدی کەس بە دۆی خۆی نائێژی ترشە.. پێمەیە چیرۆکەکی جوانی لێدەرچووە.. بە تەواوییش پاکنووسم کردیە.. رەنگە لە ئایندەکی نێزیک بڵاویبکەمەوە، جا حەزدەکەم پێش ئەوەی بڵاویبکەمەوە ئەگەر پێتخۆشبی ئێستا دەیخوێنمەوە تا ئەگەر هەر تێبینیی و رەخنەکت لەسەری هەبی ئەوە زۆر شادمان دەبم قسەی لەسەر بکەی؟ (پاش ئەوەی پێخۆشبوونی خۆم دەربڕی دەستییپێکرد):

لە ئاهەنگەک کە هەرگیز مەزەندەم نەدەکرد هێشتا ئاهەنگی هێندە ئاست نزم و پڕ لە گەرەلاوژێ بوونی مابی.. هەر بە رێکەت مێزەکەی وان کەتبووە تەنیشت مێزەکەی مە؛ یەکەکیان کە زەلامەکی زۆر جوان و رێکوپێک بوو و دیاربوو ئەوانیدی هەموویان لەو خڕببوونەوە بە شێوەکی زۆر ئامۆژگارییکەرانە دەدوا.. لە باسی شۆڕش و دەسەڵات و گەندەڵیی هەر بە پێخواسیی وەنێوکەتبوو:

- کورە کاکە.. شاخی چی و تەرەماشی چی؛ ئەمن و ئەتوو راپەڕینی جەماوەرییمان هەڵگیرساند و رژێممان وەدەرنا.. کەچی چەکدارانی بە ناو شۆڕش کە تەنیا کۆمەڵە چەتە و رێگرەک بوون لەو چیایانە و هاییان لە هیچ نەبوو دابەزینە نێو شارەکان و دەستیان بەسەر راپەڕینەکە داگرت.. پاشانیش هەر پارتیەو هەندەک جەردە و خۆفرۆشی سەردەمی رژێمی وەدوو خۆی دا و خەڵکەکی زۆریان لە چەکدارە نەزان و دڵسۆزەکان کە هەر هەموویان کورە هەژار بوون و گونی خۆیان و گێزەریان لە یەک نەدەکردەوە لە شەڕی نێوخۆدا وەکوشت دا.. ئێستاش ئەو چەکدارانە بە شێوەی هێزی گچکە گچکە و بێسەروبەر پاسەوانی پارتیەکان و پارێزەری دز و گەندەڵکارەکانن.. واتە سەت خۆزگە بە دەستەبەندییە چەتەگەرییەکان.. بە تایبەتییش هێزەکانی ئاسایش هەر بە تەواویی لەبەردەستی کەونە دز و جەردەکانی شاخ و بەکرێگیرایەکانیان دان... (ئەو قسانەی تا رادەکی باش راست بوون.. لێ ئەمن تەواو دڵنیابووم کە هی خۆی نەبن و لە خەڵکی دیکەی بیستبن چونکە لە کاتی دەربڕین و لێکبەستانەوەیان زۆر پچڕپچڕ و بێسەروبەر بوون و زۆر بە ئاشکرایی دیاربوو کە دەبەریکردبن واتە نەیدەزانی وەک نمایشاکارەک هیچ رەوانبێژییەکیان پێ ببەخشی).

لە هەموو ژیانی خۆمدا نەمتانیبوو ئەمن دەستپێشخەر بم لە ناسینی بەرانبەرەکەم.. کەچی ئەو جارە هەر لەو گۆڕەی کەلکەلەی ئەوەم کەتە سەر کە پێویستە ئەو کورە بناسم و بزانم سەرهات و چیرۆکی ژیانی چیە! لە دەرفەتەکدا کە خەریکبوو لە دەریی هۆڵەکە جغارەی دەکێشا خۆم گەیاندێ.. بە کورتییەکەی خۆم پێناساند و هاوکاتیش بڕیارمدا بە هیچ شێوەک رووبەڕووی نەبمەوە و هەر بە رووخۆشیی لەگەڵی بدوێم و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ چێبکەم تا بە تەواویی بە سەربردەکانی ئاشنادەبم.. ئیدی پاش ئاهەنگەکە زوو زوو یەکدیمان دەدیت تەنانەت گەیاندمانە ئەو ئاستەی سەردانی ماڵی یەکیش بکەین و وەهای بێتە بەرچاوان کە ئەمن هاوڕێیەکی نێزیکی ئەوم!

خراپ تووشی بەزمی خۆم ببووم.. بیهینە بەرچاوانی خۆت پەیوەندییەکی ئەوها چەندە بە ئازار و پڕ سفتوسۆیە؛ ئەتوو هەڵسوکەوت و تێڕوانیی کەسەکت بە هیچ جۆر و شێوەک بە دڵ نەبی و لە هەموو تشتەک تەواو پێچەوانەی یەک بن کەچی هەر درێژە بە هاوڕێیەتییەکەی بدەی!؟

تێروانین و رێزی جۆتیارەکی پاشدامای سەردەمی دەربەگایەتی لە بەرانبەر گێدرێژەکەی کووە ئەویش رێک ئەوها بوو لە بەرانبەر هاوسەر و منداڵەکانی؛ فێریکردبوون لە زۆربەی تشتەکان لاسایی خۆی بکەنەوە.. کیژەکەی لەگەڵ مێونان دانەدەنیشت و تەنێ دەهات زۆر بە کورتیی چاکوخۆشییەکی دەکرد و یەکسەر خۆی بزردەکرد.. چەندین جار بەو چاوانەی خۆم دیتم دوو کوڕەکەی گاسدەکردن و بە مست و پێلەقان وەریاندەگەڕایێ و دەیگۆتنێ 'دەی با بزانم ئەگەر یەکەک شەڕتان لەگەڵ بکا کووکوویی لێیدەدەن'! نەیدەهێشت منداڵەکانی بە تایبەتییش کیژەکەی لە هیچ خولەکی هونەریی بەشداریی بکەن، نەیدەبردنە هیچ جێیەک.. ماڵەکەیان لێببووە زیندانەکی هەمیشەیی، بە هیچ شێوەک لە ماڵێ هیچ ئیشەکی نەدەکرد تەنانەت ئاوەک یان چایەکیشی لە پێش مێوانان دانەدەنا، سەرەڕای ئەوەی هاوسەرەکەی نەخۆشیی 'هەناسەسواریی' هەبوو هەمیشە چارپایەکەی پێش مێوانان چار پێنج شووشە گوڵاوی بۆن تیژ و پڕ لە گازی کیمیایی لەسەربوو و هەر ناوەناوە بەو نێوەیدا دەپرژاندن! کاتەک دەیخواردەوە دەبووایە هاوسەرەکەی لەو ناندینە گچکەیان کە تێکەڵاو بوو لەگەڵ ژۆری دانیشتنەکەیان کە ئەویش هەر زۆر گچکە بوو هەفت هەشت جۆر خواردن لە روون سۆربکاتەوە.. ئیدی دەبووە یەک چەرەدووکەڵ مرۆڤی ساغ هەناسەی پێنەدەدرا.. چەندی هاوسەرەکەی لێی دەپاڕاوە و دەیگۆت 'پیاوەکە خنکام با یەک ڤیچ دەرکەکە یان پەنجەرەک بکەینەوە؟' کەچی ئەو بە تووڕەیی بەرسڤی دەداوە و دەیگۆت 'دەوت داخە ئافرەت.. ئەمن وا خەریکە رەقدەبمەوە لە سەرمان.. دەتەوێ بمقەسرێنی!'، کە سەرمەستیش دەبوو دەستی بە جوونان دەکرد.. هاوسەر و منداڵەکانی و داروبەردی نەدەبوارد. کە دەزگەک یان شوێنەک بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوەدەکرد تا 'کاری وەرگێڕان' بکا جا لە گەرمەی سەرخۆشیی با یان مێوانی هەبا یان هەرچیەک با ئەو گێی نەدەدایێ و یەکسەر هەڵدەستاوە و ترومبێلەکەی گڕدەدا و دەڕۆیی.. لەبەرئەوەی کاری وەرگێڕان پارەی زۆرتری تێدابوو لە هیچ فەرمانگەک یان کارگەک دانەمەزرابوو و تەنێ کاری وەرگێڕانی دەکرد ئەوە لە کاتەکدا قسەکردنیشی بەو زمانە هەر زۆر خراپ و شەپرێو بوو و ئەگەر هەستت لە گۆکردنی وشەکانی راگرتبا دەبووایە تێر تێر پێبکەنی.. وەرگێڕانی نووسینیش ئەوە هەر هیچی نەدەزانی و نەیدەتانی یەک رستەی زۆر سادەش دابڕێژی.. کەچی کە باس دەهاتە سەر زمان خۆی بە کەس نەدەگۆڕیەوە و دەیگۆت 'خۆشیان هێندەی من زمانەکەی خۆیان نازانن'! بە کورتییەکەی هەموو قسە و هەڵسوکەوتەکانی لە ئی کەسەکی زۆر خێلەکیی و دیندار و چاوچنۆک دەچوو.

ئەو جۆرە پەیوەندییە لە کنە من زۆر ناخۆش و نابەدڵ بوو.. لێ هەر پێی خۆم لێدەخشاند و درێژەم پێیدەدا، چەند مانگەک هاتوچۆی یەکدیمان کرد.. وەیلێهات تا رادەکی باش دەمناسی، خەریکبوو کاتی ئەوە دادەهات بە روویدا بتەقمەوە و لەسەر قسەکانی یەکەم جاریشی کە لە سەرەتای یەکدی ناسینمان سەبارەت بە شۆڕش و راپەڕین کردنی تەپوتۆزەکی ئەوهای لەسەر چێبکەم جارەکی دیکە نەتانی هەر لەخۆوە ئەوها وەنێوبکەوی.. لێ هەر دانم وەخۆدا گرت چون هێشتا زانیاریی پێویستم لەسەر پێشینەی ژیان و جۆر و ئاستی بەشدارییکردنی لە کاری رامیاریی وەدەستنەهانیبوو و دڵنیانەبووم لە راستیی ئەوەی کە باسی پێشانی خۆی دەکرد، رۆژەکیان نازانم کووبوو لە بازاڕ پێکەوەبووین.. لەپڕ تووشی هاوڕێیەکی نێزیکی خۆم بووین.. دیاربوو ئەو هاوڕێیەم

هاوڕێی منداڵیی ئەو بوو، پاش ئەوەی هەندەک لە بازاڕەکە گەڕاین بە تەلەفۆن پەیوەندییان پێوەکرد و داوای کاری وەرگێڕانیان لێیکرد.. هەر یەکسەر و بە پەلەپەل ئەمن و هاوڕێیەکەمی بەجێهێشت.. هاوڕێیەکەم گۆتی:

- ئەوە ئەو قورمساغەش دەناسی!؟ هەرگیز بڕوا ناکەم ئەتوو بتانی هاوڕێیەتیی کەسەکی ئەوها بکەی! (بە کورتییەکەی تێمگەیاند لەبەرچی ئێستا هاوڕێی ئەوم! ئەوە دەرفەتەکی چاک بوو کە هاوڕێیەکەم لە نێزیکەوە ئەوی دەناسی و ئیدی دەمتانی بە هاسانیی زانیاریی چاک لەسەر پێشینەی ژیانی لەو وەربگرم.. هەلەکەم قۆزتەوە و گۆتم حەزدەکەم هەندەک لەسەر ژیانی پێشانی ئەو قورمساغە وەک خۆت گۆتەنی بزانم).

«کاکە ئەو کوڕە لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە تا تەواوکردنی ئامادەیی پیشەسازییش هەر پێکەوە بووین.. پاشانیش هەر هاییم لە دەنگوباسەکانی هەبووە. لە منداڵییدا بە هۆی ئەوەی بنەماڵەکەیان لە دەوڵەمەندەکان بوون هەندەک لەخۆڕازیی بوو و خۆپەرستییەکی چاکیشی پێوەدیاربوو، لە گچکەییدا تا دەو دەکەیەوە جوان و ڕێکوپێک بوو.. هەر دەتگۆت بە دەستی و بە ئارەزووی خۆت دروستتکردیە، لە پۆلی دووی نێوەندیی بووین 'یەکێتیی خوێندکاران'ی سەر بە ڕژێم وازایان لێمان نەدەهینا و دەیانویست بە تۆبزیی بمانکەنە ئەندامی پارتیەکەیان.. چەندی کردیان و نەیانکرد.. تەنانەت هەڕەشەی دەرکردنیشیان لێکردین ئەگەر واژۆی بوونەپارتی نەکەین.. لێ ئەمن هەر نەمکرد.. ئەویش هەر خۆی زۆر ترسنۆک بوو و ئەمنیش هێندەی دیکە بەوە ترساندبووم ئەگەر ببتە ئەندامی پارتی ژیانی دەکەویتە مەترسیی چونکێ لە سەتا سەت ڕۆژەک دادێ شۆڕشگێڕان وەهێز دەبن و ئەو کات ئەوەی سەر بە پارتیی دەسەلات بی و لەگەڵ ئەوان نەبی دەیکوژن.. ئیدی لە ترسان هەڵوێستی وەرگرت و نەیدەوێرا ڕەگەڵیان بکەوی.. هەر خۆشیان زۆر گوشاریان نەدەخستە سەر وی چون منداڵەکی زۆر جوان و لووسکە بوو و جاروبارەک لە پەناوپەسیوان لە باوەشێیان دەکرد و ڕەپەکیان پێ سستدەکردەوە! ئیدی ئەو بەزمورەزمەی هەر درێژەی کێشا تا ئامادەییشمان تەواوکرد، پاشان هەردووکمان پێکەوە فۆڕمی کۆلێژی سەربازییمان پڕکردەوە.. کە لە پشکنینی جەستە و ڕاهینانی پێویست دەرچووین و هەردووکمان یەکەم بووین پێیانگۆتین ئەگەر نەبینە ئەندامی پارتی ئەوە وەرناگیرێین.. لەو دەم ئەمن لە ڕێکخستنی ڕامیاریی لایەنەکی دژبەری ڕژێم بە نهێنیی کارمدەکرد و هەر نیازیشم لە چوونە ئەو کۆلێژە ئەوە بوو کە پاش ئەوەی وەک ئەفسەر شارەزاییەک لە کاروباری سەربازیی پەیدادەکەم ئەگەر ڕێکبکەوی و پێمبکرێ ئەوە یەکەکی سەربازیی ڕادەستی شۆڕش بکەم یان هیچ نەبی بە شارەزاییەکی چاکەوە بە خۆ و چەکەکەمەوە بچمە نێو شۆڕش.. ئیدی لەبەرئەوەی نەمویست ببمە ئەندامی پارتی وەریانەگرتم.. لێ ئەو بێ سێ و دوو لێکردن یەکسەر بووە ئەندامی پارتی و وەریانگرت.. کە پێمگۆت: "تازە ئەتوو کەتیە نێو لستی خۆفرۆشان.. بێ گومان شۆڕش لێتخۆشنابی و ڕۆژەک هەر دەکەویە بەردەستیان، باشە ئەتوو ئەگەر کۆلێژت تەواوکرد و ناردیانە نێوچەکانی خۆمان.. ئەو کاتە دەستت دەچتێ شەڕ لەگەڵ شۆڕشگێڕان بکەی و بیانکوژی؟" بە وەخۆنازینەکەوە گۆتی:

- نا نا.. ئیدی ئەمن منداڵەکەی جاران نیمە.. ئەتوو پێت ناکرێ چیدی فرتوفێرم لێبکەی و بە شۆڕشگێڕان بمترسێنی.. ئەو خۆفرۆش و ناپاکانە ئی ئەوە نین پیاو لێیان بترسێ، ئەگەر بشمنێرنە نێوچەکانی خۆمان ئەوە نەک هەر شەڕی چەکدارانی شۆڕش دەکەم بەڵکە شەڕی هەر کەس و لایەن و وڵاتەک دەکەم کە دەیانەوێ

وڵاتەکەمان داگیربکەن، پێویستە ئەمە هەمووومان پارێزگاریی لە نیشتیمانی خۆمان بکەین چون نیشتیمان ئابرووومانە و پێویستە هەر کەسەک پارێزگاریی لە ئابڕووی خۆی بکا!

بینەوبەردەکی زۆرم لەگەڵی کرد لێ هیچ سوودی نەبوو، ئەمن هەر ئەوهام لێکداوە کە رەنگە ئەو هەڵوێست و قسانەی هەر لەبەرئەوە بی کە بە هۆی لووسکەییەکەی زۆر ئازاریان دابی جا بیەوێ بە هۆی ئەو چوونە کۆلیژە لەو خەڵکە دووربکەویتەوە و پاش تەواوکردنی کۆلیژیش ئیدی دەبتە ئەفسەرەکی چەکبەدەست و چیدی کەس ناتانی دەستدرێژیی بکاتەسەر.. هەر رێک ئەوەی ئەمن مەزەندەم کرد ئەوها دەرچوو.. پاش ماوەکی کەم وازی لە کۆلیژەکە هینا.. ئاخر لە کنە من شەرمی نەدەکرد و هەموو تشتەکی دەگێڕاوە.. کە دیتمەوە گۆتی:

- کورە کاکە ئەمن ویستم لە دەوی مار قوتاربم کەچی کەتمە بەر دەوی عەزیایێ! ئەو بێ رەوشتە کیر گەورۆنانە هەر هەموویان نێرباز بوون.. شەوان هێدی هێدی لێمدەوران.. بڕوا بکە خەڵکی لای خۆمان بە سەت ئاوان شوورایینەوە لە چاو ئەوان.. هەر زۆر بێشەرمانە لەبەرچاوی یەکدی سواری یەک دەبوون، لەو هۆڵەی لێی دەنوستین.. هەر کە کاتی نوستن دادەهات و چرایەکانیان دەکوژاندنەوە.. ئیدی پاش دەمەک لە هەموو لایەک دەبووە خشەخش و مشەمش و خەریکی یەکدی دەبوون! درەنگە شەوەک کە چوومە ئاودەستەکان.. دیتم ئەوە دوو کەسیان لە ئاودەستەکدا بە رووتیی خەریکی یەکدین.. ئەو هیچوپووچانە هەر دەرکەکەشیان پێوەنەدابوو تا کەس نەیانبینی! هەر کە ئەمنیان دیت لە باتی ئەوەی شەرمەک بکەن و خۆ داپۆشنەوە کەچی هەر بە رووتیی بەرەو رووم هاتن؛ هەندەک خۆم توندکردەوە چون زانیم نیازیان خراپە.. پاش ئەوەی داوایان لێکردم ئەمنیش خۆم رووتبکەمەوە و تشتەکیان لەگەڵ بکەم زۆر بە توندیی بەرپەرچمدانەوە.. پڕیاندامێ و ویستیان بە تۆبزیی رووتمبکەنەوە.. کردمە هاتوهاوار و خۆم لەبەردەستیان راپسکاند.. پێش ئەوەی لە دەرکەکە سەرەکییەکەی ئاودەستەکان بچمە دەرێ تووشی پاسەوانەک هاتم.. لە باتی ئەوەی بەرگریی لە من بکا و سەرزەنشتی ئەوان بکا کەچی گۆتی: "ئەها ئەوە ئەتووی! سەرچاوان هاتی.. بەس ئەمە زانیتمان ئەتو زۆر ئازای.. ئەو هەموو هەراوهۆریایەی پێناوێ کاکە.. دە ئەتووش برۆ کاری خۆتیان لەگەڵ بکە.. پێنج خولەکە و تەواو.. ژیان هەر لە پێناو ئەوە داندرایە و هەیە تا بە دڵی خۆت بکەی"! هەر بە پڕەپڕ خۆم لەبەردەستی ئەویش قوتارکرد.. کە لێی دوورکەتمەوە دیاربوو هەر لەبەرخۆیەوە دەیگۆت: "ئێ بەو نیوەشەوە ئەگەر بە نیازی هەندێ نەهاتییە ئاودەستێ ئەدی چ ئیشەکەت هەبوو لێرە هەی گێلووێل!؟".. پاش ئەوە تەنێ چەند شەوەکی دیکە خۆم راگرت.. ئیدی بە ئێکجاریی کۆلێژ و ئەوێم بەجێهێشت.

سەت خۆزیی هەر کۆلێژەکەی تەواوکردبا! ئەو کاتەی ئەو قسانەی کردن ناسنامەی چەتە خۆفرۆشەکانی رژێمی لە بەرک بوو.. سەرەنجام تاقە خوشکەکی هەبوو ناچاریکردبوو بچتە باوەشی سەرۆکی چەتەکانی ئەو هێزەی کە خۆی لە کنیان ناونووس کردبوو.. ئەمن خوشکەکەیم نەدیتبوو.. لێ بینە پێش چاوی خۆت کە خۆی ئەوها جوان بوو دەبی ئەو چ نازدارحەیرانەک بووبی؟! هاوڕێیەکم هاموشۆی خێزانیی لەگەڵیان هەبوو.. هەموو جارێ کە باس دەهاتە سەر جوانیی و رێکوپێکیی ئەو قورمساغە.. دەیگۆت 'جا خوشکەکەیت نەدیتە! بڕوابکە شەڕ لەگەڵ مانگێ دەکا!'.. جا جوان بووە یان جوان نەبووە گرنگ ئەوەیە ئەویش وەک هەر مرۆڤەکی دیکە مافی خۆی هەیە لێ برایەکەی لە پێناو درێژەدان بە چەتەییەکەی خۆی بە نابەدڵیی بەشوویدابوو.. هەرچەندە ماوەی یەک هەفتە مانی لە خواردن و خواردنەوە گرتبوو و هەر شەڕی بووە لەگەڵ هاوسەرکەی لێ پاشان وەک بەستەزمانەک ناچاربووە وردە وردە کەویی ببی و لە باوەشی دابورێتەوە! سەرت نەیەشێنم.. تا راپەڕینیش هەر

کاتەک رژێم لە خەڵکی تونددەکرد و وەدوو ئەو کەسانەدا دەگەڕا کە نەچووبوونە سەربازیی ئەو دەچوو وەک هەر چەکدارەک لە بارەگەی ئەو چەکدارە خۆفرۆشانە لێی رادەکشا، لە کاتی ڕاپەڕینیش لەگەڵ چەکدارەکان بەرەو نێوچەکانی بەردەستی رژێم هەڵدێ، پاشان بنەماڵەکەی کە ببوونە چەکداری یەکەک لەو پارتیانەی کە ببوونە دەسەڵاتداری نێوچەکەی خۆمان چووبوون هینابوویانەوە و چەکەکیان دابووە دەستی! پێش ئەوەی روو لە هەندەران بکا دیتم و پێمگۆت: "باشە ئەتوو لەبەرچی دەچیە دەرێ.. خۆ لە هیچت کەم نییە و دەتانی بێ هیچ گرفتەک بژی؟" لە وەرامدا گۆتی: "راستە لە هیچم کەم نییە.. پێشیانگۆتیمە ئەگەر نەڕۆی دەتکەینە بەرپرسەکی گەورە.. بەس دەرێ خۆشترە و دەچم لەوێ دەژیم باشترە.. ئەمن بڕواناکەم ئەو ترەکەلەکەی ئێستا سەربگری.. هەر بزانە رژێم هاتەوە و ئەو دوو سێ شارەشی وەک جاران بکەویتەوە بندەستی.. ئەمن چیدی ئەو راکەڕاکەم پێ ناکرێ.. لەبەرهەندێ دەرێیەکە زۆر باشترە لەو نیشتیمانە جوانە!" ئیدی خەرجیی دەرچوونەکەشی هەر لەسەر پارتیەکەی بوو. ئێستاش ئەوە ماوەکە لێرە نازانم کووە خۆی رەگەڵ یەکەک لە پارتیە بە ناو بەرهەڵستکارەکانی لای خۆمان دایە!

جا هاورێ ئەوە کورتەی ژیان و کەسایەتیی ئەو قارەمانە بوو! ئیدی هیچ پێویست ناکا خۆت لەگەڵ کەسەکی ئەوها هیچ ماندیی بکەی.. لە راستییدا ئەمن هەر شەرم لە خۆم دەکەمەوە خەڵک لەگەڵ تووی ببینن یان وەبزانن هاوڕێی تووە!».

ئیدی ئەو کوڕە جوان و گەمژەم نەدیتەوە.. تەلەفۆنیشم دەکرد هەر هەڵینەدەگرت، پاشان بیستمەوە گۆتیان گەڕایتەوە نیشتیمان و لە وەزارەتی رۆشنبیریی کردیتیانە بەرێوەبەر! زۆر پێم سەیر بوو.. ئاخر کوو ئەو کارە دەدەنە کەسەکی ئەوها کە فڕی بەسەر رۆشنبیرییەوە نییە! دوایێ زانیمەوە ئەو کاتەی چوویتەوە تا ساڵەکیش هەر لەگەڵ بەرهەڵستکاران بووە لێ بە هۆی ئەو دامەزراندنە دەستبەرداریان بووە و رەدووی دەسەلات کەتیە!

هەر لەو ماوانەی دوایێش زانیمەوە کە کاکی بەرێوەبەر بە درێژایی ماوەی کارەکەی هێندە بە چڕیی دەکەویتە نێو گەندەڵیی تا سامانەکی زۆر پێکەوەدەنێ.. ئەوەش وەیلێدەکا بە هۆی پەیدابوونی دەنگۆی سزادانی گەندەڵکاران.. کە لە راستییدا هیچ بنچینە و بنەمایەکی نەبوو و هەر قسەی فش بوو.. ترسی لێبنیشی و بێ ئەوەی هیچ کەسەک هاییداربکاتەوە بە دزییەوە تێیبقوچێنی و بێتەوە دەرێ! ئیدی لەو کاتەوە ئەمن هەر لە سۆراغی دام تا ببیینمەوە و بتانم دوو قسەی لە مست بنێم و کوڵی دڵی خۆمی پێ دابڕێژم.. لێ ئەفسووس هیچ کەسەک نازانی لە چ وڵاتەکیشە.. سەرەنجام هەر لەو گۆڕەی خۆی کرد بە چیرۆک! ئەو چیرۆکەش هەرگیز لە کنە من کۆتایی نایێ تا پەیدۆزی نەکەم.. لێ کەنگێ؟ نازانم!

* * *

بە هۆی هەڵسەنگاندنی ئەو چیرۆکە تووشی وتووێژەکی دوورودرێژ بووین.. کاتەکمان زانی لە نیوەی شەوێمان تێپەڕاندبوو.. خواردنەوەی مەیش کە وەدرێژایی دانیشتنەکەمان پێک لەدوو پێک هەڵماندابوو بە جۆرەک مڕیکردبووین خەریکبوو خەودەیبردینەوە، بە پێچەوانەی هەموو جارەکان کە کاتی نوستن زۆر داوام لێدەکرد نەچیتەوە ماڵێ لێ نەمدەتانی رازیی بکەم و هەر دەچۆوە.. کەچی ئەو جارە هەر کە گۆتم: "ئەوە شەو درەنگی کرد هاوڕێ.. وێدەچی خەوت بێ.. تازە پێویست ناکا بچیەوە و..." نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم یەکسەر

**گۆتی: "باشه.. بەس دەبی سبەینێ پێکەوە بچینە کۆڕەکە"! ئیدی پاش ئەوەی بەرنامەی سبەینێمان دانا لێی نوستین.**

**- ٣٥ -**

**چێشتەنگاوەکی زۆر درەنگ بێداربووینەوە، کلاوقوت زوو ڕۆیی و ئەمنیش تا بەرەبەری هێوارێ هەر لە ماڵێ خەریکی خوێندنەوە و پاکنووسکردنی هەندەک نووسینی پێشتریم بووم، هەر بە پێی ئەو بەرنامەی شەوێ دامانابوو لە کۆڕەکە یەکمانگرتەوە.. دیتمان مامۆستای مۆسیقاژەن و دادە کوڕانیی و چەند هاوڕێ و ناسیارەکی دیکەش لەوێبوون.**

**کۆڕەکە بابەتەکی ڕامیاریی بوو بە ناوی 'پارتی و پارتیایەتی وەک نەرێنییترین دەستاوەر و دەستکەلای ڕێکخراوبوون'.. ئەو کەسەی کۆڕەکەی پێشکەش دەکرد تەمەنی ٤٥ تا ٥٠ ساڵەک دەبوو.. دیاربوو زانیاریی و ئەزموونەکی باشی لە کاروباری ڕامیاریی هەبوو.. زۆر ڕەوانبێژ بوو و بە زمانەکی جوانیش دەدوا، سەرەتا لە ڕووی مێژووییەوە رووماڵەکی جوانی پێکهاتە و دروستبوون و شێوازی کارکردنی پارتی کرد و پاشان بە کاری ئەوڕۆی پارتیەکانی گرێداوە.. زۆربەی تێڕوانییەنەکانی دەربارەی پارتی وەک ئی خۆمان بوون.. تەنێ جوایەزییەک کە هەیبوو لەگەڵ مە ئەوە بوو ئەمە پارتی و پارتیایەتیمان پتر لۆ کرێکاران و چینە هەژار و ڕەنجدەرەکان و ئاراستەی چەپ و یەکسانییخوازیی ڕەتدەکردەوە.. کەچی ئەو لۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ و هەموو ئاراستە هزرییەکانی بە نەرێنیی دەزانی و بە شێوەکی گشتگیر قسەی دەکرد و هەر زوو زوو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پارتی و پارتیایەتی بێجگە لەوەی تەنێ لە پێناو گەیشتنی چەند کەسەکە بە دەسەڵات وزە و توانای خەڵکەکی زۆری تێدا وەفیڕۆدەدرێ و هیچ چین و توێژەک بە ئامانجەکانیان ناگەینی.. هەر کە مرۆڤ پێیەوە پەیوەست دەبی فێری درۆ و تەلەکەبازیی دەبی لێیەوە.. وەیلێدەکا ڕێک پێچەوانەی ئەوەی تێکڕای پارتیەکان دەیبێژن بەرژەوەندیی خودپەرستانەی خۆی بخاتە سەرێی بەرژەوەندییەکانی گەل و تەنانەت ئی خودی پارتیەکەی خۆشی! ئەمن و کلاوقوت و دادە کوڕانیی و مامۆستای مۆسیقاژەن لەگەڵ زۆربەی تێڕوانینەکانی هاوڕا بووین.. بێجگە لە هەندەک ئامادەبووان ئەمەش هەر چارمان لەدوو یەک و هەر کەسەو بە سەرنج و تێڕوانینەکانی خۆی بەشدارییمان کرد و کۆڕەکەمان گەرمتر و دەوڵەمەندتر کرد.**

**وەک ئەوەی کە ئەمە خۆمان خەریکی بزاڤەکی ناپارتیی بووین.. پەیوەندییبەستنمان لەگەڵ کەسەکی ئەوها زۆر بە پێویست دەزانی کە دیاربوو لە نێو کۆڕەکەدا هاوڕێ و لایەنگرەکی زۆری هەبوو.. ئەوە بوو پاش کۆڕەکە خۆمان گەیاندێ.. بێجگە لەوەی خۆمان پێی ناساند و پەیوەندییمان لە تەکیدا چێکرد کاتەکیشمان لەگەڵی ڕێکخست تا یەکدی ببینین.**

**پاش یەکەم دیدارمان و دروسبوونی گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەگەڵی کە لە زۆربەی ڕووەکان تەبا و هاوڕا بووین.. تا دەهات پتر لە یەکدی نێزیک دەبووینەوە و زوو زوو دیدار و کۆبوونەوەمان لەگەڵی سازدەدا.. وەیلێهات سەردانی خێزانییش لە نێوانماندا پەیدابىوو.. هەرچەندە ئەمن هاوسەرم نەبوو لێ کوریکەسۆر**

سەرەنجام کە شارەکەی خۆی بەجێهێشتبوو و وەک گۆتم هەرێیەکەی خۆی گەیاندەسەر و وەک دوو هاوڕێی خۆشەویست پێکەوە دەژیاین هەروا بەڵێنی ئەوەشی لێوەرگرتبووم کە ئەگەر بمەوێ هاوڕێیە ڕەنجەڕۆیەکەم ببینم با لە دەرێ ببینم نەک لە ماڵێ! ئیدی وەک هاوڕێیەکی زۆر نێزیکی خۆمان هەڵسوکەوتمان لە تەکیدا دەکرد. سەرەنجام پاش ماندیبوونەکی زۆر لەگەڵی خۆی و هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە بە کۆمەڵ وازیان لە پارتی و پارتیایەتی هینابوو پێمانەوە پەیوەست بوون و تەکانەکی زۆر گەورەیان بە ڕێکخراوەکەمان دا.. ئەوەش پتر بووە هۆی ئەوەی نهێنییەکان لە نێوانمان بپووکێنەوە و هیچ تشتەک لە یەکدی نەشێرینەوە.. سەربردە و سەرهاتەکانی سەردەمی ژیانی پارتیایەتیی خۆیان و تەنانەت چیرۆک و سەربردەی تایبەتی ژیانی خۆی و خانەوادەکەشی دەگێڕاوە، جارەکیان زۆر بە کورتیی باسی خاڵی وەرگۆڕانی خۆیانی لە پارتییبوونەوە بەرەو ناپارتییبوون کرد کە کوو یەکەم جار لەگەڵ کیژەکەی ئەو بیرۆکەیان لە کن گەڵاڵە بووە و پاشانیش لەگەڵ هاوڕێیە نێزییەکانی خۆیان کە پێکەوە سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی پارتیەکەیان کردیە لە شار و نێوچەکەی خۆیان زۆر خەریک بوونە تا سەرەنجام هەموویان پێکەوە بڕیاردەدەن دەستبەرداری پارتیەکەیان ببن و بە ئێکجارییش واز لە پارتیایەتی بهینن، لەگەڵ هاوڕێ کڵاوقوتێ هەستمانکرد ڕەنگە ئەو بابەتە سەرهاتگەلەکی زۆر خۆش و سەرنجڕاکێشی تێدابی و بێجگە لەوەش ئەمە کە خەریکی تێکۆشانەکی دژە پارتیایەتی بووین هەر پێویست بوو هاییداری وردەکارییەکان و پێشهاتەکانی پێڤاژۆی ئەزموونەکی ئەوها گرنگ بین.. ئیدی چووینە بن کلێشەی و بە هەر شێوەک هەبوو ڕازییمانکرد هەندەک لایەنی ئەو ئەزموونەیان وەگێڕی.. بە کورتییەکەی ڕۆژەک هەر بەو نیازە لە ماڵی کڵاوقوتێ و بە 'ئارەق'ی لای خۆمان کە ئەو زۆر حەزی لێیبوو مێوانداریمان کرد و هێدی هێدی بەدەو خورادنەوەوە دەستپێیکرد:

- ٣٦ -

پەیوەندییەکی لەرادەبەدەر خۆش و گونجاو و وەهێزمان هەبوو.. وەها خێوابووینە بار یەک هەردەتگۆت بە چرا ڕەشکە یەکدیمان پەیدۆزکردیە، زۆربەی شەوان یان دەهاتنە ماڵێ مە یان لە ماڵی 'سەرتۆپی ژەنیاران' یان لە ماڵی 'ژمێریار' و ' بەرپرسی دارایی' خڕدەبووینەوە.. هەندەک شەو دەچووینە ماڵی هاوڕێیانی دیکەش.. تا درەنگانی شەوێ بە قسە و نوکتەی خۆش خۆش و مۆسیقاژەندن و گۆرانی چڕین بەسەرماندەبرد، زۆربەیان تا رادەیەک دەیانزانی گۆرانی بچڕن و هەندەکیان دەیانتانی چەند ئامێرەکی مۆسیقاش بژەنن.. ئەوەی کەمی دەزانی ئەمن بووم هەرچەندە ئەمنیش دە ساڵەک پێشترێ لە خولەکی فێربوونی نۆتە و ئامێری ساز بە یەکەم دەرچووبووم لێ لەبەرئەوەی فەرامۆشم کردبوو تشتەکی ئەوتۆم لەبیرنەمابوو.. بەس کە دەبووە گۆرانی گۆتن ئەمنیش منگەمنگەکم لەگەڵیان دەکرد و گەرمترم دەکردن.

کار و پیشەی من تەنێ ڕۆژنامەنووسیی بوو یان ڕاستتر بێژم 'راپۆرتنووس'ی پارتی بووم، کیژە تاقانەکەم زۆر خۆشدەویست.. لە سێیەم ساڵی زانکۆی بوو .. هاوسەرە لە دڵ شیرین و کلۆڵەکەم لەو کات نێزیکەی دوو ساڵەک دەبوو بە هۆی پێکدادانی ترومبێل گیانی سپاردبوو.. زۆ بە داخەوە لە کاتی گەنجیەتییدا لە هەموو ئازادییەکانی بە تایبەتییش لە خۆشەویستییدا زۆر سەرکوت کرابوو.. لە سەرینی ئەوەی کیژەکەشم وەک ئەوی لێنەیێ و کەسەکی زۆر ئازاد و سەربەخۆی لێدەربچی ڕێم لە هیچ ئارەزووەکی نەدەگرت تا رادەی ئەوەی ئەگەر

کڵاوانیشم لۆ بدووری هەر گرفتەک نەبوو لە کنم! مۆسیقاژەنە گەنجەکەی هاوڕێمان واتە سەرتۆپی ژەنیاران کیژەکەمی زۆر خۆشدەویست.. گەنجەکی زۆر قشت و قۆز بوو.. ماوەک بوو پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواوکردبوو و مۆسیقاژەنەکی زۆر چاکی لێدەرچووبوو و دەیزانی وانەی مۆسیقاش بداتەوە و هەر بەو بۆنەشەوە هەموومان پێماندەگۆت 'سەرتۆپی ژەنیاران' و پاشانیش ژەنیارەکەمان لێکردەوە و هەر بە 'سەرتۆپ' ناوماندەبرد.. لە وەکارهینانی کۆمپیوتەریش زۆر لێزان بوو.. کوڕەکی خاوێن و باوێن زۆر حەزی لە جوانیی و ڕێکوپێکی بوو.. هەر کە باس دەهاتە سەر جوانیی دەیگۆت 'ئەمن جوانپەرستم.. ژنانیش هەموویان جوانن.. کەواتە ئەمن ژنپەرستیشم!' بە کورتییەکەی بە گفتار هیچی تێدا نەهێشتبۆوە کە گوایە زۆر بڕوای بە ئازادیی ژنان هەیە و کەسەکی زۆر یەکسانییخوازە.. ئەمن حەزمدەکرد لەگەڵ کیژەکەم ببنە خۆشەویستی یەکدی.. لێ ئەو خۆشینەدەویست.. تەنێ وەک هاوڕێیەک زۆر ڕێزی لێدەگرت و زۆر جار بە برایە شیرینەکەم یان تاقە برا یان کوڕی بابی خۆم و ئەو ناوە عەنتیکانە ناویدەبرد!

بێجگە لەو پەیوەندیی و ئاشنایەتی و یەکدی خۆشویستنەمان کە سوندمان بە سەری یەکدی دەخوارد.. پەیوەندییەکی زۆر گرنگتریش پێکەوەی بەستبووینەوە کە وەهامان پێشاندەدا زۆر بایەخدارە لە کنمان ئەویش پەیوەندیی پارتیایەتی بوو، هەموو هەفتان جارەک خڕدەبووینەوە و پێش ئەوەی دەست بە قسەی خۆش و گۆرانی و کات ڕابواردن بکەین.. کۆبوونەوەی پارتیمان دەبەستا، لەو کۆبوونەوانەدا دە دوازدە کەسەک دادەنیشتین و ئەمن بەرپرسیان بووم و ئەوانیش هەر یەکەو بەرپرسی چەندین بەرپرسی یەکەکانی خوارێ بوون.. واتە سەرپەرشتیی گشت ڕێکخستنەکانی شارەکەمان و نێوچەکەمان دەکرد، بە هۆی ئەزموونی دوورودرێژم لە نێو پارتی و پارتیایەتی زۆر لەمێژ بوو لەوە تێگەیشتبووم ئەو دەستەواژە جوان و پڕ واتایانەی لە بابەتی 'ئامانجەکانی گەل.. ئاشتی و ئازادیی و یەکسانیی.. پێشکەتنی کۆمەڵایەتی و... تد' کە ڕۆژانە لە لایەن ئەندامانی پارتی سەتبارە دەکرانەوە لە نێوەرۆکدا تەنێ پردەک بوو لە پێناو گەیشتن بە نیازە تەسک و خۆپەرستییەکانی خۆیان.. ئەو دە دوازدە کەسە بە خۆشمەوە هەر وەبووین.. هەر یەکەو لە بنەوە لە پێناو بەرژەوەندییە خودییەکانی خۆمان کارمان دەکرد، ئاخر ئەگەر وازم لەو کار و ڕاپۆرتنووسینەم بهینابا ئابڕایان دەکردم و هیچ کارەکی دیکە نەبوو بیکەم کە ئەوها هاسان و پڕ سوود بی ئەوە بێجگە لە بەهرەمەندبوونمان لە پێگەی باشی کۆمەڵایەتی.. ئەوانیدیکەش هەر یەکەو بە جۆرەک لە جۆرەکان بە هەمان شێوە!

سەرلەهێوارەک کە هێشتا ڕۆژ ئاوانەببوو و هەتاوەکی گەرم و خۆش بوو بە مەبەستی کۆبوونەوەی پارتی لە نێو باخچەکەی ماڵی هەردوو هاوڕێمان 'ژمێریار و بەرپرسی دارایی' خڕببووینەوە، ئەو دوو هاوڕێیە نموونەی دوو هاوسەری زۆر گونجاو و بەختەوەر بوون.. ژنەکە دەرچووی بەشی ژمێریاریی بوو و پیاوەکەش دەرچووی بەشی دارایی بوو لەبەرهەندێ بە پێی جۆری خوێندنەکەیان ئەو دوو کارەیان لە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی وەرگرتبوو و بەوەش هەر بە ناوی کارە پیشەییەکەشیان ناسرابوون.. ئیدی هاوڕێی ژمێریار و هاوڕێی دارایی نێزیکەی سێ ساڵەک دەبوو هاوسەری یەک بوون.. لێ هەردووکیان نەیاندەویست زوو منداڵیان ببی و خۆیان لە گەڕان و خۆشییەکانی سەرەتایەکانی هاوسەرگیریی بێبەش بکەن، هاوڕێی دارایی سازژەنیش بوو.. کەسەکی پڕ زانیاریی بوو لێ هێشتا بە تەواویی لە فەرهەنگی دینیی و دابونەریتی خێڵەکییانە پاک نەببۆوە، هاوڕێی ژمێریاریش دەنگەکی زۆر خۆشی هەبوو و زۆر نەرمونیان و نازداریش بوو، پاش ئەوەی کۆبوونەوەی پارتیمان بە ڕێکوپێکیی ئەنجامدا بێجگە لە من و سەرتۆپ و کیژەکەم هاوڕێیانی دیکە هەموویان وردە وردە ڕۆیشتن.. ئەمە

زۆر حەزمان لە بەزمورەزم و شەوچەرە بوو و خۆمان بە ملی هاورێی ژمێریار و هاورێی دارایی دابڕی.. دیاربوو هاورێی دارایی زۆر بە دانیشتەکە دڵخۆش بوو و گۆتی:

- هاورێیان دەزانن... (ژمێریار قسەکەی پێ بڕی و ماچەکی توندی لە نێو دەوی کرد.. ئەوجا دارایی دەستی بە قسە کردەوە) دەزانن ئەوشۆ شەوەکی زۆر دڵگیر و خۆشە.. (ئەمنیش یەکسەر ئەوەم وەبیرهاتەوە کە رۆژەک هەر لە ماڵی ئەوان دانیشتبووین.. کاتەکمان زانی دارایی لەپڕ لە ئاودەستەکەیان بە هاوار هاوارەوە گاسی ژمێریاری کرد و ئەویش بە پەلە خۆی گەیاندێ.. کە هاتنەوە گۆتم 'ئەوە چ بوو هاورێ ئەو هاوار هاوارەت گرتبۆوە؟' ئەویش گۆتی 'کورە ئەوە زۆر مامەوە لە ئاودەست.. ئارەزووی ماچم هەستا' ئەمنیش گۆتم 'ئێ دە هەندەک خۆت رابگرتبا تا دەهاتیە دەرێ' لە وەرامدا گۆتی 'کورە هاورێ.. دەزانی ماچی ئاودەست چەند خۆشە!'.. ئیدی ئەوە دەرفەتەکی چاک بوو و ئەمنیش بە توانجەوە گۆتم):

- ئەرێ هاورێ! ئەوشۆ زۆر خۆش و دڵفرێنە.. بەس ئەتوو دەزانی 'ماچی ئاودەست' فرە فرە خۆشتر و بەچێژترە لەو ماچەی ئێستا کردتان! (هەندەک شەرمیان لە خۆیان کردەوە.. لێ ئەمن هەر لە قسەی خۆم نەکەتم و درێژەم داێ) ئاخر دە بەسە هاورێ.. ئەوە چ بوو ئەو ماچوووچەتان هەر نەبڕاوە.. کورە کاکە ئەنگۆ یەکەک نەتاناسی وەدەزانی تازە دەو و لێوی یەکدیتان دیتەوە.. ئاخر دە بڕەکی لێبگرنەوە.. کاکە ئەمن هیچ.. ئەوە گۆتمان سندان لە من بدا.. (سەرتۆپ و کیژە تاقانەکەم لە پاش ماچەکە لە باخچەکە نەمابوون و نازانم چ ئیشەکیان هەبوو لە ژۆرێ) ئێ ئەوە سەرتۆپە ئەوە کیژەکەمە.. کوو دەبی ئەوها بەو شێوە لە پێش چاوی ئەوان هەموو دەمێ هەر دەوتان لە نێو دەوی یەکدی بی!؟ ئاخر ئەوان تازە گەنجن و هەمیشە ئارەزوویان لەسەرپێیە (هەرچەند وێدەچوو خۆم لەوان پتر گڕم گرتبی!) خۆشتان باش دەیزانن گەنجان چەند خوێنگەرم و پڕ وزەن.. بە سادەترین جوولەی لەو بابەتەنە ئارەزوویان دەخرۆشێ.. (هێرشەکەم زۆر توند بوو لێ ئەوان زۆر رێزیان لە من دەگرت و بێدەنگییان لێکرد.. ئیدی نێزیکەی نیو کاتژمێرەکمان بەدەو رازاندنەوەی مێزەکە و گەشاندنەوەی رەژوو و هاوکاتیش قسەی خۆش خۆش بەسەربرد، کاتەکمان زانی کیژەکەم بە پڕتاو و بە گریانەوە خۆی گەیاندە کنمان و گۆتی):

- بابە بە فریای سەرتۆپ بکەوە بریندارم کرد... (بە پەلە باخچەکەمان بەجێهێشت و چووینە ژۆرێ.. دیتمان ئەوە سەرتۆپ دەموچاوی هەموو بریندار بووە و خوێنی پێدا دێتەخوارێ، هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەک چارەسەرکی سەرەتایی خەریکی تیمارکردنی دەموچاوی بووم گۆتم: "ئەوە لۆ وەتلێکرد کیژەکەم؟" ئەویش گۆتی: "لە راستییدا دەیویست بێ رێزیی بکا لە بەرانبەرم و هەر وازیشینەدەهینا ئەمنیش تووڕە بووم و ئەوهام لێکرد.. زۆر داوای بووردن دەکەم بابە گیان نەمزانی ئەوهای بەسەردێ".. سەرتۆپیش تومەز سووچی خۆی بوو هەستی لە خۆی بڕیبوو، هەرکووەک هەبوو دەموچاویمان پێچاوە و هاورێی داراییش ترۆێلکەی ئامادەکرد تا بیباتە خەستەخانە.. ئیدی ئەمنیش لەبەر دڵی سەرتۆپ و لەبەر کیژەکەشم تا نێوانیان خراپتر نەبی و ئاشت بینەوە گۆتم: "هەستە کیژم خێراکە ئەتووش لەگەڵیان برۆ".. لە هندوری خۆشمدا گۆتم لە راستییدا ئەوە دەرفەتەکی چاکە کە بە تەنێ لەگەڵ هاورێی ژمێریار دەمینێمەوە! پاش ئەوەی هەرسێکیان سواربوون و رۆیشتن.. هاورێی ژمێریار هەروەک ئەوەی بیەوێ دڵی من بداتەوە گۆتی):

- دەی هاوڕێ گێی مەدێ.. ئێستا تیماری دەکەن و دێنەوە.. ئەو تشتانەش هەر ڕوودەدەن لە نێوان گەنجان.. فەرموو با بچینەوە باخچەکە و تا ئەوان دێنەوە گۆشتەکە ببرژێنین و لە قابلەمەک داییپۆشین.. ئەوجا ئاورەکی چاکیش دەکەینەوە.. خۆت دەزانی کە سەرتۆپ زۆر حەزی لە ئاورە.. هەرچەندە خەستەخانەکە هەندەک دوورە لێرە لێ تا ئەو تشتانە دەکەین ئەوانیش هەر دەگەنەوە.

بەرلەوەی بچینە باخچەکە لە کەش و دۆخەکە وردبوومەوە؛ باشە دانیشتن بەو شەوە و بە تەنێ لەگەڵ ژنەکی ئەوها ناسک و نازادر و شۆخ و شەنگ.. دەبی بتانم خۆ لە بەرانبەری رابگرم و بە هەمان شێوە بە دەردی هاوڕێ سەرتۆپ نەچم؟! هەرکووەک هەبوو چووین ئاورەکەمان گەشاندەوە و لە بەرانبەر یەک ڕوونشتین و دەستمان بە گۆشت برژاندن کرد، پشکۆیەکان زۆر جوان گەشابوونەوە.. کەچی نازانم لەبەرچی هەر لەخۆوە جاروبار فووەکی لێدکردن و پتر دەیگەشاندنەوە! ئێ ئەو هەر خۆی دەتگۆت کوریکە.. ڕەنگدانەوەی ڕۆشنایی ئەو پشکۆیانەش لەسەر دەمووچاوی هێندەی دیکە دەو و لێو و کوڵمەکانی جوانتر و ناسکتر و گەشتر کردبوون، ئیدی ترسی خۆڕانەگرتم لە بەرانبەری خەریکبوو دەبووە ڕاستییەکی بەرجەستە و بە تەواویی هەست و ئارەزووی ورژاندبووم.. ئەمن خۆم خەریکبووم لەدوو بیانووەکی باش دەگەڕام تا بیتەقێنمەوە.. کەچی ئەو لەپڕ و زۆر بە ناسکیی گۆمەکەی شلەقاند و گۆتی:

- بەس هاوڕێ ئەوانیش مافی خۆیانە.. هەرووەک خۆت گۆتەنی ئەوانە گەنجن و خوێنیان گەرمە.. سەبارەت بە ڕەبەنان ئاساییە جاروبارەک ئەو تشتانەیان لێ ڕوویدا! هەمووومان لە کاتی نەوجەوانیی سەرهات و سەربردەی لەو بابەتانەمان هەبووە.. (ئەو قسەم هێندە پێخۆشبوو وەمدەزانی ئەوە ڕوون لە لەشم دەدا و دەمشێلی.. ئەمنیش هەلەکەم قۆزتەوە و هەر بە یەک قسە ئاورەکەم خۆشترکرد):

- وەیە.. ڕاست دەکەی.. لێ جارەکیان هاوڕییەکم.. نا باسی کەس ناکەم.. با نموونەک لەسەر خۆم بهێنمەوە؛ ئێستا ئەمن ڕەبەنم و دوو ساڵە هاوسەرم نەمایە و ئارەزووشم لەسەری دەڕژێتەوە.. هاوکاتیش زۆر بە ناسکیی و جوانیی لەرادەبەدەری تۆو سەرسامم وەک هاوڕییەک.. ئایە ڕاستە یان دەکرێ ئەو مافە بە خۆ بدەم لە باوەشت بگرم؟! (لەگەڵ ئەوەی هەندەک داما و ڕەنگی سۆرتر هەڵگەڕا هەستمکرد تەپەتەپی دڵیشی دەبیستم.. دیسان هەر بە نەرمیی و ناسکییەکەی خۆیەوە گۆتی):

- چوسوانم هاوڕێ گیان (پێشتریێ هەرگیز بە منی نەگۆتبوو 'گیان'.. زانیم تەواوە و ئیدی گرتی) نازانم.. ئەتووش مافی خۆتە.. لەبەرچی نا؟! زۆر هیشکبوونیش باش نییە.. پێویستە جاروبارەک لە پێناو دامرکاندنەوەی ئارەزووە گڕگرتییەکانی بەرانبەرەکانمان قیچەک لە خۆمان ببوورین.. (ئەو جارە هەر تەواو دڵنیابوومەوە لەوەی کە ئەویش لە من پتر گڕیتێبەربووە، ئەو جارە تەکانەکی دیکەم دا بەر خۆ؛ شیشە گۆشتەکی برژام بە دەستەوە بوو.. پشکەکەم لێکردەوە و بە نیوە هەستانەوەک هەندەک خۆم بە لای ئەودا نوشتاندوە و گۆتم):

- دەوت بکەوە گیان.. (هەر کە دەوی کردەوە هاوکاتی ئەوەی پشکە گۆشتەکەم خستە نێو زاری و دەستی چەپم خستەسەر شانی ڕاستی بە نەرمییش پەنجەکم بەسەر لێوانی داخشاند.. ئیدی ئەویش تێگەیی و دەستی ڕاستەی خستە سەر باسکم و دەستی چەپەشی بە ئاراستەی من هەندەک بەرزکردەوە بە واتای ئەوەی بەرەو خۆمی کێش بکەم.. ئەمنیش دەستیم گرت و بە تەکانەکی سووک قیتمکردەوە و بەروە خۆمم نوشتاندەوە.. لەگەڵ بە یەک

گەیشتنی پشکۆیەکانی سەر لێوانمان رۆشناییمان لە پشکۆیەکانی نێو ئاوردانەکە بڕی.. کاتەکمان زانی ئاوردانەکە لە نێوان لاقانمان وەگەڕا و پشکۆیەکان رژانە سەر فریزەکە.. هەر بە پەلە ئاوردانی سندان کوشتیمان راستکردەوە و پشکۆیەکانمان تێکردەوە، ویستمان دیسان هەمێز لە یەک بگرینەوە.. لێ ئەو گۆتی: "نا هاوڕێ گیان.. باشترە بچینە ژۆرێ.. با ئەو دراوسێیانەمان نەمانبینن".. دەستمی گرت و برووسکە ئاسا خۆمان گەیاندە ژۆرێ! غەمی ئەوەشمان نەبوو سێ ئەندامە بەرپرسەکانی دیکەی پارتیمان وەها زوو بێنەوە چون رێی خەستەخانەکە هەندەک دوور بوو.. لێ هەر وەک دڵنیابوونەک لەوەی نەوەک لەپڕ بگەڕێنەوە و بەسەرمان دابێن.. دەرکەی پێشەوەی کلیل دا و کلیلەکەشی لە کونی کیلۆنەکە بەجێهێشت تا ئەگەر زوو هاتنەوە هاوسەرە خۆشەویستەکەی نەتانی بە کلیلەکەی خۆی بیکاتەوە!).

بە کورتییەکەی پێویست ناکا باسی ئەوە بکەم لە ژۆرێ چمان بە یەکدی کرد و کلاوەکی چەند جوان و گەورۆنە و رەنگاوڕەنگمان خستەسەر سەری هاوڕێی دارایی.. سەری ئەو کەسەی لە 'ئاودەست'ێش بێ هاوسەرە خۆشەویستە گوڵ و دڵەکەی نەدەحەواوە!!! هەر ئەوەندە دەبێژم ئیدی یەک دنک بڕوام بە مردن نەما.. چونکێ ئەگەر مردن هەبا ئەوە دەبوو هەر ئەو دەم لە خۆشییان گیانم لەبەربڕێ! ئاخر ئەتوو بیهینە بەرچاوی خۆت سەرسامییم بە جوانییەکانی ئەو ژنە تا ئەو رادەیە شێتی کردبووم کە لەوەتەی هاوسەرەکەم کۆچی دوایی کردبوو زۆر جاران شەوان خەونم پێوەدەدیت! جا وەرە و ئێستا ئەوها بە هاسانیی لە سایەی شەڕی ئارەزووەکانی نێوان سەرتۆپ و کیژەکەم نازدارەکی ئەوها بەو گشتە جوانییەوە بکەویتە بەردەستانم! تا ئەوانیش هاتنەوە هەر مەرگم تاقیکردەوە کەچی زۆرم پێ سەیر بوو هەر نەمردم و هەر نەمردم!

کە هاتنەوە.. بارودۆخەکە زۆر ئاسایی دەهاتە بەرچاوان، سەرم سووڕمابوو.. هەر پێنجمان شادییمان لە نێوچاوانی دەباری! تەنانەت هەستمدەکرد دار و دیواریش بە گورشە و ورشە کەتبن! بیرمدەکردەوە؛ باشە ئەوە ئەمن و هاوڕێی ژمێریار دەستەگوڵی خۆمان لێدا.. ئەدی ئەوە کووە ئەوان ئەوها رووخۆش و دەو بە خەندەن؟! هیچ سەرم لێی دەرنەدەکرد .. لە هندوری خۆمدا گۆتم دەی کە چووینەوە ماڵێ لە کیژە تاقانە خۆشەویستەکەم دەپرسم چون دڵنیام کیژی من زۆر زیرەکە و ئەو مەتەڵە بە هاسانیی هەڵدەهینی.. هەروا هۆیە راستییەکەی دەستوەشاندنەکەشی لە سەرتۆپێ لێدەپرسم.. چون هەرگیز درۆی نەدەکرد دڵنیابووم کە رێک وەک خۆی دەیگێڕتەوە.. ئێ خۆ لەو بیست و یەک ساڵەی تەمەنی خەریکی پیاز چاندن نەبووم! بابی هێندە کارم لەسەری کردبوو کەسەکی راستگۆ و سەرڕاستی لێدەربچی.. ئەمن خۆم ئەوها نەبووم و بە درێژایی ژیانم لە نێو ئەو پارتیەدا هەر فێری درۆ کرابووم.. خۆ ئەویش وەک تاکتیکی پارتیایەتی فێری هەندەک درۆیان ببوو لێ هێشتا زۆر زۆری مابوو لەو رووەوە شان لە شانی بابی خۆی بدا! ئاخر ئەمن درۆم لەگەڵ وی و لەگەڵ هەموو کەسەک دەکرد تا گەیشتمە ئەو درۆیە زۆر زۆر گەورۆنەی کە لەگەڵ هاوڕێی داراییشم کرد.. هەرکووەک هەبوو ئەمن کیژەکەم بە جۆرەکی ئەوها پەروەردەکردبوو کە بتانی راشکاوانە و چاونەترسانە قسەی خۆی بکا، پاش ئەوەی گۆشتە برژایەکەمان گەرمکردەوە و هەر یەکەو هەندەکمان لێی خوارد.. سەرتۆپ بەرەو ماڵی خۆی و ئەمن و کیژەکەشم بەرەو ماڵی خۆمان ڤەگەڕیاین.

کە لە ماڵێ هەندەک ساینەوە دوو قاوەم چێکرد.. لە بەرانبەر کیژە تاقانەکەم دانیشتم و هەردوو پرسیارەکەم ئاراستەی کرد:

- بابە گیان.. حەزدەکەم زۆر بە وردیی گێم لێڕابگری.. دەمەوێ زۆر بە کورتیی و بە پوختیی و زۆر راشکاوانە لەگەڵت بدوێم چونکێ ئیدی ئەمن تەواو لە توو تێگەیشتیمە و پێویست بە پێشەکیی و پێچوپەنایان ناکا.. هەروەک خۆشت دەزانی ئەمن هەرگیز حەزم لە درێژەدادڕیی نەبووە و نییە، هەڵبەتە ئەمن لەمێژە بە دەردی ناڕاستگۆیی دەتلێمەوە و هەمیشە لە دەرفەتەکی ئەوها دەگەڕام کە بتانم تێیدا لە هەموو تشتەک لەگەڵت راستگۆ بم.. لێ لەوە دەترسام خراپ بەسەرماندا بشکێتەوە و خۆشەویستیی کیژ و بابایەتی لەدەستبدەم.. لێ وردە وردە بەوە گەیشتم کە ئەتوو کەسەکی زۆر میهرەبان و ئازادییخوازی و بە راستگۆیی من ئاسوودەتر دەبی.. جا تکایە ئەگەر دەرفەتم دەدەیێ ئەوە هەموو تشتەک وەک خۆی دەگێڕمەوە بێ ئەوەی هیچ تشتەک بە نهێنیی بهێلمەوە؟

- فەرموو.. بێ گومان ئەمنیش هەر ئەوەم دەوێ کیژی خۆم.

- سەرەتا زۆر سوپاس لەوەی کە بە تێڕوانینی خۆم وەهای لۆ دەچم ئەتوو تاقە بابەکی لەو جیهانە رێت لە هیچ ئازادییەکی کیژەکەت نەگرتیە و وەک کەسەکی ئازاد پەروەردەت کردیە.. لێ حەزدەکەم ئەوەش بزانی کە ئەمن دڵنیام لەوەی سەرجەمی قسەکانی پێشترێت بە درێژایی ژیانم لەگەڵت دەربارەی راشکاویی و راستگۆیی هەر هەمووی درۆ بوون! ئەمن و ئەتوو و سەرتۆپ و ژمێریار و دارایی و سەرجەم هاوڕێیە نێزیکەکانی دیکەی پارتیەکەشمان هەر هەموومان گەورەترین درۆزنی سەر ئەو زوویەیین!! داوای بووردن دەکەم بابە گیان.. دیارە هێندە هاسان نییە کە ئێستا ئەمن یەکەمین جارە بەو شێوازە و بەو راشکاوییە لەگەڵ بابی خۆم دەدوێم.. بێ گومان دەزانم هەست بە دڵەکوتە و نیگەرانییەکانم دەکەی.. لێ ئەوە راستیین و هومێدەوارم ئەو راستییانەش کە ئێستا دەیاندرکێنم درۆیەکی دیکەمیان لە پشت نەبی بەڵکە بتانم لەنەوپاش پێ بە جەرگی خۆمدا بنێم و چەندی بکرێ راستگۆتر و راشکاوانەتر بم لەگەڵ توو و هەر کەسەکی دیکە.

- دەک ئافەرین کیژە تاقانە چاونەترسەکەم.. بەس ئەوە ئەتوو کوو ئەوها بەو دەرەنجامە گەیشتی؟

- با جارێ راستییەکان بدرکێنم بابە.. ئەوجا بپرسە کوو؛ رەنگە ئەمن درۆزنترینتان بم لەو پێنج کەسە.. زۆر ئاساییە کە پێت سەیر بی لەبەرچی تەنێ ئێستا ئەو راستییانە دەدرکێنم؟ وەرامی ئەو پرسیارە زۆر هاسانە و دەتانم زۆر بە سادەیی بێژم زۆر هۆ هەن.. بەس دڕندەییەکەم لە داددڕینی دەموچاوی سەرتۆپ دوایەمین و کاریگەرترین هۆیە کە ئیدی نەتانم بێدەنگ بم.. ئەمن ئێستا زۆر ئازار بەو دڕندەییەمەوە دەچێژم.. ئاخر تاوانەکی زۆر بێزەوەر بوو بەرانبەری ئەنجامامدا، ئەمن ئێستا گەورە بوومە بابە.. دەزانم کە ئەتوو کەسەکی چەند نایاب و دڵ گەورەی.. باش دەزانم بە درکاندنی هەر راستییەک لە کنە توو ئەگەر وەک ژارەماریش بی نەک هەر تووشی هیچ مەترسیی و گرفتەکم ناکەی بەڵکە خۆت دەبیە هاوکار و یارمەتیدەرم لە چارەسەرکردنی هەر گرفتەک کە رووبەڕووم دەبتەوە، هەرچەندە ئێستا ئەمن لە شەرمی رووت خەریکە دڵم لە سینەم دەربچی بەس هێشتا هەر دەتانم بە راشکاویی ئەوە بدرکێنم کە سەرتۆپ خۆشەویستمە.. لەگەڵ ئەوەی ماوەی دوو ساڵە سێکسی لەگەڵ دەکەم.. کەچی هەمیشە لە کنە توو گۆتیتم 'ئەمن سەرتۆپم خۆشناوێ و تەواو'! ناوبردنی بە برایە شیرینەکەم و ئەو تشتانە هەر هەمووی درۆی بە باڕەباڕ بوون بەس ئەتوو بە راستت وەردەگرتن! بزانە ئەمن چەند درۆزن بوومە لەگەڵە توو بابە.. دیارە ئەتووش هەر بە هەمان شێوە هەر درۆزن بووی لەگەڵە من! ئێستا ئەتوو دەتانی راستگۆیانە پێمبێژی کە ئەمنت لەگەڵ سەرتۆپ و دارایی ناردە خەستەخانەکە بە پلەی

یەک لە پێناو ئەوە بوو تا بە تەنێ لەگەڵ ژمێریار بمینییەوە و بتانی تشتەکی لەگەڵ بکەی!؟ کە لە خەستەخانەش هاتینەوە.. ئەگەرچی کیژەکەی خۆت زۆر درۆزنە لێ گەلەکیش زیرەکە بە تایبەتییش لە خوێندنەوەی دەموچاوان.. هەر کە ئەنگۆم دیت هیچ گومانەکەم نەما کە کاری خۆتان کردیە.. دەی با بزانم.. وەبوو یان نا؟ (هەرچەندە زۆر شادمانم بووم بەوەی کە سەرتۆپی خۆشدەوێ و تازە ئیدی دەبنە ئی یەک.. لێ زۆر دڵگران و نیگەران بووم بەوەی کە گەیاندبوویانە ئەو ئاستە و ئەو هەموو درۆیەی لەگەڵە من کردیە و ئەو هەموو کلاوەشی لۆ دوریمە بێ ئەوەی هیچ هەستەکی پێبکەم! یەکەم جارم بوو ئەوها لە بەرانبەر تاقە کیژەکەی خۆم شەرم لە خۆم بکەمەوە! ئێ گۆتمان ئازادیی.. لێ ئەوهاش نا! دەماری پیاوسالارییم هەندەک گرژببۆوە.. کەچی هەر دەمودەست لە ناخی خۆمەوە تفەکی گەورەم لە خۆم کرد و دیسان دوو شاپی تەڕم نەک هەر لە پیاوسالاریی بەڵکە لە هەموو نێرسالارییش هەڵدا.. ئیدی پێم لە جەرگی خۆم نا و هەر لە هندوری خۆم گۆتم ئەوە پەروەردەی خۆمە.. ئەویش مافی بێ ئەولا و ئەولای خۆیتی، سەبارەت بە پرسیارەکەشی کە ئارەقەی رەش و شینی پێ دەرکردبووم.. بە ناچاریی و سەرکزانە گۆتم):

- لە راستییدا.. وەبوو.. رێک ئەوها بوو کیژە درۆزنەکەی پێشانم و راستگۆیەکەی هەنووکەم.

- نا نا بابە گیان.. دڵنیابە ئەمن ناتانم بەو دەمودەستە و بەو هاسانییە بکەومە سەر هێڵی راستگۆیی.. ئەوە رێکار و پێشاژۆیەکی درێژخایەنە و کاتی زۆری دەوێ.. با واز لەوە بهینین، تکایە جوان سەرنجی خۆتی بدێ بابە گیان؛ لەوەتەی ئەمن دارایی دەناسم هەردەم لە کنە توو گۆتیتم ئەمن تەنێ یەک مامم هەیە ئەویش 'مامە دارایی گیان'ە.. ئەتووش هەر دەتگۆت راستە کیژەکەم دارایی لە مامیش پترە لۆ توو.. کەچی چەند کاتژمێرەک پێش ئێستا.. (هەڵوەستەکی کرد.. رەنگی سۆر هەڵگەڕا و بە هەناسەبڕکێ کەت.. هەرچەندە ئەمن لە هندوری خۆم لەوە دەترسام کە ئێستا نا ئێستا باسی ئەوە دەکا کە کوو ئەمن کارەکی ئەوهام لەگەڵ هاوسەری دارایی کردیە کە بە قسەی خۆم دارایی برایە خۆشەویستە گچکەی خۆمە! لێ لەبەر دڵی وی گۆتم):

- نا کیژەکەم.. شەرم لە بابی خۆت مەکە.. تازە ئەوەی بووە هەر بووە و ناگەڕێتەوە.. هەرچی لە دڵتە دەربببڕە، ئێی.. چەند کاتژمێرەک پێش ئێستا چ روویدا؟ (هەندەک هاتەوە سەرخۆی.. کەچی 'کەر لە کێندەرێ کەتبوو و کوندە لە کێندەرێ دڕابوو'! ئەوەی ئەمن هەرگیز بیرم لۆ نەدەچوو ئەوە بوو):

- چەند کاتژمێرەک پێش ئێستا درۆیەکی زۆر گەورەم لەگەڵ کردی بابە؛ پاش ئەوەی سەرتۆپمان گەیاندە کن پزیشک و گۆتیان دەبی ئەنگۆ چاوەڕێ بکەن لە دەرێ.. ئەمەش چووین لە نێو ترومبێلەکە دانیشتین.. نەماندەزانی کوو کاتەکە بەسەر ببەین.. دارایی مۆبایلەکەی دەرهینا و گۆتی با تەمەشای فیلمەک بکەین.. نازانم کوو ئەوها بێ شەرمانە پەنجەی پێوەنا و فیلمەکی سێکسیی خستەسەر و لە تەنیشت گێڕی ترومبێلەکە داینا تا هەردووکمان ببیبنین.. ئەمنیش دڵی مامی خۆم نەشکاند و هیچ دەنگەکم نەکرد! کاتەکمان زانی بێ ئەوەی هەست بە خۆمان بکەین ئەوە دەستمان لە ملی یەک کردیە و پێبەپێی فیلمەکە لەسەر جەستەی یەکدی وەدووی ئارەزووەکانی خۆماندا دەگەڕیین! دە ئەتوو بینە پێش چاوی خۆت بابە گیان.. بزانە ئارەزووەکان چ بە مرۆڤەکان دەکەن! ئەوە لە کاتەکدا چاوەڕاونی خۆشەویستەکەم دەکرد کە هەموو دەموچاویم دادڕیبوو.. کەچی خەریکی چ بەزمەک بووم! نا.. ئەوەی بە هیچ شێوەک لە یادمان نەمابوو سەرتۆپ بوو! ئارەزووەکانمان گەیشتبوونە پۆپە.. لە دڵی خۆمدا گۆتم خۆ چیژگۆڕینیش زۆر خۆشە و دەبا 'مامە دارایی!'یش تاقیبکەمەوە..

بەس لەوێ ئەو دەرفەتەمان نەبوو.. بە ناچاریی پێی بە ترومبێلەکەی وەنا تا گەیشتینە چۆڵاییەک.. لە رووی بابی خۆم بە پەرژین بی.. بە کورتییەکەی لەوێ خۆمان هەڵدا پشتەوەی ترومبێلەکە و کورسییەکانمان داداوە و خۆم وەک کوشینەکی نەرمتر لە کوشینەکان یەکەم جار لە سەر پشت و دووەم جاریش لەسەر زگ خستە بن 'دارایی'ی مام و تێر تێر کولوکۆی خۆمان بە یەک داڕێژت! کە بە پەلە خۆمان گەیاندەوە بەر دەرکی خەستەخانەکە؛ دیتمان ئەوە سەرتۆپ بە سەری پێچراویەوە لەوێ راوەستایە.. هەر کە ئەمەی دیت گۆتی: "ئەوە لە کێندەرێ بوون.. ئەمن دەمەکە تەواوبوویمە و لەدووتان دەگەڕێم؟" هەر لەوێش درۆیەکی دیکەمان کرد و گۆتمان ببوورە ئەوە چووین بەنزینمان تێکرد! (لە دڵی خۆمدا گۆتم لە راستییدا ئەوە خۆش بەنزین تێکردن بوو!!! ئەو جارە هەر زۆر نیگەران و تووڕەی کردم.. لێ کە بە وردیی تێیهزریم ئەو پرسیارە هێوریکردمەوە کە ئایە ئەوە سووچی خۆم نییە خەریکە بە هۆی خراپ وەکاربردنی ئازادیی کیژەکەم لەدەستدەدەم؟ ئیدی لەگەڵ خودی خۆم کەتمە شەڕەکی دەستەویەخە.. سەرەنجام دانوساندنەکم لەگەڵ خۆم کرد و لەسەر ئەوە ڕێکەتین کە بێژم):

- ئەوە راستە کیژە جوانەکەم کە جام هەر ئی ئاوخواردنەوەیە، لێ زۆر خراپ و ناتەندروستیشە هەموومان لە یەک جام ئاو بخۆینەوە، ئاخر راست نییە.. نەدەبوو ئەوە بکەی بە تایبەتییش لەو کاتە.. لەگەڵ کەسیش نا لەگەڵ دارایی!

- نا بابە گیان.. نا.. لەمێژە کێشەی 'جام و ئاو لێخواردنەوەی' بەسەرچووە.. لەمێژە پێشکەتنە تەندروستییەکان ئەو گومان و گریمانەیان پووچکردیتەوە و تێیانپەڕاندیە، ئەگەر ئەوەشیان باشتر بی کە پێویستە بە پێی 'نەدەبوو'ەکان رەفتار بکەین ئەوە نەدەبوو ئەتووش ئەوە بکەی بە تایبەتییش لەو کاتە.. لەگەڵ کەسیش نا لەگەڵ ژمێریار! هیچ جوایەزییەکی نییە بابە؛ ئەگەر ئەمن کە لە پێش دەرکەی خەستەخانەکە چاوەڕێی خۆشەویستەکەم بووم.. نەدەبوو لەو کاتدا لەبیربیکەم و خەریکی نێولنگانی خۆم بم! ئەوە ئەتووش کە لە ماڵی ژمێریار و دارایی چاوەڕێی خۆشەویستترین هاوڕێت بووی لە خەستەخانە بگەڕێتەوە.. نەدەبوو لەو کاتدا لەبیربیکەی و خەریکی نێولنگانی خۆت بی! باشترە واز لەو نەدەبووانە بهینین، ئەوە ئەو بوونەوەرە خۆپەرستەیە کە پێیدەگۆترێ مرۆڤ! هەر کە ئارەزووی رەپ بوو ئیدی لە هیچ ناگەڕێتەوە! ئەمن نامەوێ قسەی فەیلەسووفانت لۆ دووبارە بکەمەوە.. چونکێ هەر لە بنەوەڕا بڕوام پێیان نییە.. دەکرێ هەر هەموویان رەتبکەینەوە چونکێ سەرجەمیان تا ئێستا دەستەواژەی 'مرۆڤایەتی'یان لەبەرچاوی مرۆڤ زۆر جوان و شیرین و بێ کەموکوڕیی پێشاندایە کەچی وەک ئەوەی لە راستییدا دەیبینین مرۆڤایەتی لەوە پتر نییە کە وا لە نێوان لێوان و لە نێولنگانی مرۆڤەکان دایە! ئەوەش هیچ شەرم نییە و پێویستییەکی ژیانە لێ هەر لەو گۆڕەی گەورەمان کردیە و لە ڕیزی بڤەکانمان دانایە! جا ئەمن لەو کەسانە نادوێم کەوا پیرن یان بەرەو پیریی دەڕۆن و ئارەزووی سێکسییان کەم دەبتەوە یان نەخۆشیی سێکسییان هەیە یان بە هۆی دین و دابونەریت و فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر ئارەزووی سێکسییان سەرکوت و نیوە مردیی کرایە یان هەر بە تەواویی کوژرایە.. بەڵکە باس لە گەنجانی وەک خۆم دەکەم.. ئەمنەک کە لەشساغم و یەک ڤیچیش ئازادم کە بێ گومان لە ئایندەدا پێبەپێی گەشەکردن و بەرفراوانتربوونی ئازادییەکان هەموو مرۆڤەکان وەک منیان لێدێ و لە منیشی تێدەپەڕێنن.. ئەتوو تەمەشا.. ئەمن زۆربەی ئازادییەکانم لە لایەن دەسەڵات و دین و کۆمەڵ لێ داگیرکرایە.. کەچی تەنێ بە هۆی ئەوەی لە لایەن تووەوە ئازادم بزانە چم لێدەرچووە؛ لە

گچکەترین دەرفەت و لە هەر دەم و جێیەک پێش لەبەرچاوگرتنی دەستەواژە زۆر جوان و شیرینەکەی 'مرۆڤایەتی!' هەر خەریکی ئەوە بوومە ئارەزووەکانی نێولنگانی خۆم دابمرکێنمەوە.. هەر هەمان ئەو ئازادییەش کە پێویستمانە لەوڕۆدا زۆر جار ئازارت دەدا.. سەرت لێدەشێوێنی.. یان هەر سەرت دەخوا!

ئەوە زۆر راستە دەبی رێز لە ئارەزووی مرۆڤەکان بگرین و پێویستە کۆشش بکەین هەرچی ئارەزووی مرۆڤ هەیە ئازاد بکرێن لێ ئەوەش راست نییە لە پێناو دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانمان و بەهرەمەندبوون لە ئازادییەکانمان ئازار و ئەشکەنجەی بەرانبەرەکانمان بدەین یان ماف و ئازادییەکانی هیچ تاکەک پێشێلبکەین، خۆ سەرتۆپیش بە هەمان شێوە لە پێناو گەیشتن بە ئارەزووی خۆی دڕندایەتی لە بەرانبەر من نواند لەبەرهەندێ ئەمنیش بە شێوەکی دڕندانە بەرسڤمداوە.. لێ ئەوەی من خراپتر بوو.. ئی ئەو لە دەستی خۆی نەبوو چون ئارەزووی تەواو گەیشتبووە پۆپە و نەیدەتانی سەرکوتی بکا.. کەچی ئەوەی من تۆڵەکردنەوە بوو... ئەوەیان دوایێ دەگێڕمەوە بابە.. با لە بابەتە گرنگەکە لانەدەم، کەواتە دەکرێ ئیدی ئەمن و هەزاران و ملیۆنان کەسی وەک من فەلسەفە بە هەموو چەقەچەقەکانیەوە لە بن پێی خۆمان بنێین و 'مرۆڤایەتیی درۆیینە' ریسوا بکەین و راشکاوانە 'مەرگی فەلسەفە' رابگەینین.. ئیدی مرۆڤ وەک بوونە راستییەکەی خۆی بناسین کە هەنووکە رێک یەک 'کونە درۆ'ی زۆر گەورۆنەیە! بێ گومان ئەو کاتەش کە دەتانین بە تەواویی دان بە پێناسە راستییەکەی خۆماندا بنێین دەکرێ نەخشەی 'چاکبوون'ی خۆمان بکێشین... (نەمهێشت قسەکەی تەواوبکا و گۆتم):

- توو سەری خۆت کیژە جوانەکەم.. ئەوها خۆت هەراسان و شپرزە مەکە.. ئاخر دە هەناسەک وەربگرە حەهـ! ئێستا ئەمن لەگەڵ ئەوەی لە بەرانبەر ئەو هەموو زیرەکیی و بوێرییە شاردراوانەت کە لەپڕ و بە یەک جار بە گۆڕێت وەرکردن خەریکە مەژییم رابوەستی.. فرە شادمانیشم بەوەی کە دەبینم خۆ ئەو مرۆڤەی لە پێشم دانیشتیە ئێستاش هەر کیژی منە! جا ئەگەر ئێستا هەر لەو چرکەیەدا بمرم هیچ غەمەکم نییە.. چونکێ دەبی کەسەکی وەک من لەوە پتر و گەورەتر چیدیکە بکا کە مرۆڤەکی وەک تووی بەرهەمهینایە؟! زۆر سوپاس کیژە نازدارەکەم، دە توو سەری خۆت.. با ئەوەش لەسەر دڵم نەبتە گرێ.. ئێستا دڕندەییەکەی سەرتۆپیشم بە شێنەیی لۆ وەگێڕە.. با بزانم ئەوە کوو بووە؟

- هەرچەندە ئەتوو بابی منی و هێشتا فێرنەبوومە شەرم لە رووت نەکەم و هەموو تشتەک وەک خۆی و رووبەڕوو بگێڕمەوە بە تایبەتییش تشتی ئەوها.. لێ هەرکووەک هەیە لە پێناوی توو دان وەخۆدا دەگرم و دڵنیات دەکەمەوە کە ئەوەشت بە راستیی و رێک وەک خۆی دەگێڕمەوە.. ئەگەر بڕواشت نەهات ئەوە دەتانم بە بەڵگەوە بیسەلمێنم؛ کە ژمێریار لە پاش کۆبوونەوەکەمان ماچی نێو زاری دارایی کرد.. تەنێ گڕی لە توو بەرنەدا بابە بەڵکە ئەمنیش خۆت ئاسا مەژیی و دڵ و دەروونم تەنانەت نێولنگانیشم ئارامییان لێبڕیم.. هەر بە یەک تیچاو و ئاماژەکردنەک سەرتۆپم نارده ژۆرێ.. پاشانیش کە ئەتوو کەتیە نێو قسان ئەمنیش بە خشپەیی لۆ ژۆرێ خشیم، چووینە ئەو ژۆرەی کە لە نهۆمی سەرێ پەنجەرەکەی بەسەر باخچەکەدا دەڕۆنی.. گلۆپەکەمان کوژاندەوە.. هەڵبەتە ئەوە کاری یەکەم جارمان نەبوو.. هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەنگۆمان لێ دیاربوو وردە وردە خەریکی جەستەی نیوەڕووتی یەکدیش بووین.. لێ لەبەرئەوەی ماوەک بوو سێکسمان نەکردبوو هەر زوو تەواوبووین.. ئەمن هێشتا بە تەواویی ئۆخەم نەکردبوو و حەزملێبوو جارەکیش لە پشتەوەڕا بیکەم، ماوەکی چاک لە نێو باوەشی یەک ماینەوە.. هێدی هێدی دەستم گەیاندە قوونی سەرتۆپ.. رەنگە

خۆشت ئەوە بزانی کە کاتەک پیاو تازە تەواودەبی ئەگەر ژن هەندەک بە لێزانیی بە دەستەکی خەریکی کیر و گونی بی و دەستەکەی دیکەشی بە کونی قوونی دابهینی و بە نەرمیی پەنجەی لە نێو بنێ ئەوە زوو ئارەزووی هەڵدەستیتەوە.. بە کورتییەکەی هەر لە ماوەکی کەم کیریم وەک دارێ ڕەقکردەوە.. ئەو هەر دەیگۆت دە بەسە خۆت وەرگێڕە با تێتنێم.. لێ ئەمن حەزملێبوو هەر ڕەقتری بکەم.. چون ژن لە گانی قوون تا کیر ڕەقتر و خورتتر بی پێیخۆشترە یان چوسوانم ڕەنگە هەر ئەمن خۆم ئەوها پتر چێژی لێببینم! توو سەری خۆت بابە هەرچەندە خەریکە لە شەرمان دڵم دەربێ بەس حەزدەکەم یەک پرسیارت لێبکەم؟

- فەرموو کیژەکەم.. لەبەرچی نا؟

- توو سەری خۆت بابە.. بە ڕاستیی وەرامم بدەوە؛ ئێستا کە ئەمن ئەوها باسی ئەو دیمەنە سێکسییانە دەکەم ئارەزووت هەڵناستایە یان بێ شەرمانەتر بێژم کیرت ڕەپ نەبووە؟!

- گۆتمان ئازادیی و ڕاستگۆیی.. لێ نەمانگۆت ئەوها لەبەری ببەیەدەرێ کیژەکەم، نا نا.. ئەمن هەرگیز ڕووبەڕووی کیژی خۆم ئارەزووم هەڵناستی.. چونکێ ئەمن یەکەکم لەوانەی وەک خۆت گۆتەنی ئارەزووەکانم سەرکوت کراینە و بێ ئەوەی بمەوێ خۆبەخۆ ناچارکرامە تا ڕادەک ملکەچی ئەو فەرهەنگە کۆمەڵایەتییە ببم کە دوژمنی جەستە و ئارەزوو و تێکڕای هەست و سۆزەکان بووە و تا ئێستاش ئەوە کارتێکردنی خۆی هەر لەسەرم مایە، لەبەرهەندێ بە باشی نازانم ئەمن بە خۆت بەراورد بکەی کە پەروەردەبوونی توو ڕێک پێچەوانەیە لەگەڵ ئی من.. ئەتوو پەروەردەبووی بندەستی بابەکی ئازادییخوازی! جا واز لەوە بینە و لەولای دابنێ کیژەکەم، ئەمن ناتانم ملی خۆم لە بەرانبەر هیچ دڕندایەتییەک شۆڕبکەم کە بەرانبەرە توو کرایە یان دەکرێ.. جا با بزانم دڕندایەتییەکەی سەرتۆپ... (لە پەلەپەلیی ئەوەی کە دەیویست زوو بەرسڤم بداتەوە نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم.. لێ هێشتا هەر بە شەرمەوە هاتە ئاخاڤین):

- باشە.. باشە بابە گیان.. هەرچەندە پێمویە کە هەندەک لە بارودۆخی توو تێدەگەم.. بەس لەگەڵ ئەوەش داوای بووردن دەکەم ئەگەر هەستتم رووشاندبی، ئەمن زۆر شادمانم بەو قسانەت.. ئەمنیش هەر ئەوەم دەویست کە گۆتت، دەی با باسی دڕندایەتییەکەی سەرتۆپ بکەم..

- ئەرێ کیژەکەم.. دەی با بزانم .. خەریکە دڵم شەق دەبا!

- دڕندەییەکەی سەرتۆپ تشتەکی ئەوتۆ نەبوو بابە گیان.. چونکێ سووچی خۆم بوو، بەس لەبەرئەوەی دەزانم تا نەیگێڕمەوە ئاسوودە نابی ئێستا بە خێرایی دەگێڕمەوە؛ وەک باسمکرد ئارەزووی ویم گەیاندبووە چڵەپۆپە کەچی هەر خۆم نەدەدا بەردەستی.. ئیدی ئەویش ئۆقرەی لێبڕا و دڕندە ئاسا ئەمنی خستە سەر زگ و بە هەموو هێزی خۆی و بە هیشکیی تێینام و تا بنانێی بردمێ.. بە کورتییەکەی قوونمی دڕاند.. ئەمنیش لە تاوان پڕمدا ئەو فلچە ئاسنینە و دەموچاویم پێ ڕناندەوە.. لە بەدبەختیی نازانم ئەو فلچە ئاسنینە لەو دەم چیدەکرد لەسەر لێواری ئەو پەنجەرە! کەچی هەر دەستبەردارم نەبوو و لە ژەنینی خۆی نەکەت تا تەواوبوو.. لێ تا ئەو تەواوبوو ئەمنیش دەموچاوی ویم تەواوکرد! تکایە واز لەوە بینە بابە.. ئەمە هەردووکمان لە یەکدیمان بوورد و بەردەکمان لەسەر دانا، ئەوەی ئێستا لە کنە من گرنگە ئەوەیە کە دەزانم ئەتوو بابەکی زۆر نازدار و نایابی و هەستدەکەم زۆر بە تەنگمەوەی و زۆریش نیگەران و دڵگران دەبی بەوەی کە گچکەترین

گرفتم بەسەربێ.. لەبەرهەندێ حەزدەکەم درۆزنیی سەرتۆپیش ئاشکرابکەم کە ئەتوو هەرگیز هەستت پێی نەکردیە.

- ئەرێ کیژە تاقانەکەم.. جا پێویستە ئەوەش بزانم.. فەرموو با بزانم کوو؟

- تازە سەرەتای خۆشەویستییم بوو لەگەڵ سەرتۆپ.. ئەو دەم خۆشت هاییداربووی کە زۆر جار ئەمن و سەرتۆپ دەچووینە ماڵی ژمێریار بە نیازی ئەوەی ئەمن و ژمێریار پێکەوە فێری نۆتەی مۆسیقا بکا، هەر جارەک کە دارایی لە ماڵێ نەدەبوو.. پاش ئەوەی وانەکانمان تەواودەکردن.. ئەمنیان دەنارد بچم هەندەک مێوە و پێویستیی بکڕم.. کەچی کە دەگەڕامەوە و لە دەرکەم دەدا دەمدیت کیلدرابوو.. کە دەیانکردەوە هەستمدەکرد هەندەک نائاسایی دەهاتنە بەرچاوان.. گومانم لێیان پەیداکرد، هەرکووەک هەبوو رۆژەک کلیلەکەی ژمێریارم دزیی و قلەکم لەبەرگرتەوە.. دەمزانی ژمێریار کە دەرکە کلیلدەدا هەرگیز کلیلەکەی لە نێو کیلۆنکە بەجێناهێلی و لە دوڕ بەرکی خۆی دەنێتەوە.. ئەو دەم هێشتا هیچی لەسەر ئاشکرانەبوو تا لە ترسی ئاشکرابوون کلیلەکە لە نێو کیلۆنەکە بەجێبهێلی تا کەس نەتانی بیکاتەوە! ئەو جارە کە دیسان ناردمیان تشتەکان بکڕم.. بە شێوەی ئاسایی جاران لە کۆڵانەکە دەرچووم تا لە ماڵەکە بزربووم.. لەوێ راوەستام و ماوەک خۆم خەریککرد.. ئیدی بە پەلە گەڕامەوە و بێ لەدەرکەدان بە کلیلەکەی خۆم دەرکەکەم کردەوە.. دیتم ئەوە خەریکی یەکدینە! ئیدی لە تووڕەییان کلیلەکەم بە دەموچاوی ژمێریار دادا و بەجێمهێشتن، سەرتۆپ وەدووومدا هات.. بە کورتییەکەی پاش ئەوەی داوای بووردنەکی زۆری کرد و بەڵێنی ئەوەی پێدام کە جارەکی دیکە هەڵەی ئەوها دووبارە ناکاتەوە لەگەڵی چاکبوومەوە، لێ ئەوەشی هەر درۆ بوو  چونکێ سێ مانگ پێش ئێستا جارەکی دیکەش پێکەوەم گرتنەوە..

- نا.. هەرگیز ئەوهام لە سەرتۆپێ رانەدەدیت..

- نا نا بابە.. ئەمنیش هەرگیز لە تووم رانەدەدیت لەگەڵ ژمێریارێ ئەوها بکەی.. کەچی کردت! کێشەکەی مە ئەوەیە بابە کە ئەمە هەمووومان لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ خودی خۆشمان درۆدەکەین، دەی ئیدی ئەوەی بن بەرێ هەمووی کەتنە سەر بەرێ.. خۆ بە دڵنیاییەوە زۆر نهێنیی دیکەش هێشتا لە کن 'ئەمن و ئەمە.. ئەتوو و ئەنگۆ.. ئەو و ئەوان' ئاشکرانەبوونە.. لێ هیچیان گرنگ نین چونکێ هەموویان هەر درۆی لەو بابەتانەن کە باسمانکردن.. بەڵکە گرنگ ئەوەیە بە رای توو ئێستا چ بکەین باشە تا چیدی درۆ لەگەڵ یەک و لەگەڵ خودی خۆشمان نەکەین؟

- نازانم.. نازانم چ بێژم رۆڵە شیرینەکەم، لە راستییدا ئەمن وەهای دەبینم.. پێش هەر تشتەک گرفتەکە ئەوەیە کە ئەمە بە هۆی ئەو مشەخۆرییەی کە لەسەر پارتی دەژین کەسی خۆپەرستمان لێدەرچووە.. بێ گومان کەسی خۆپەرستیش ناتانی تەلەکەباز و درۆزن نەبی.. لەبەرهەندێ ئەمن وەیدەبینم تا لە نێو پارتی بین یان هەر ئەوها نەتانین لەسەر ماندیبوونی خۆمان بژین هەرگیز ناتانین لە درۆ رزگاربین.. خۆ زۆر کەسیش هەن لەسەر پارتی ناژین و لەسەر ماندیبوونی خۆشیان دەژین کەچی هەر درۆزنن.. لێ هەستناکەم ئەمەمانان ئەگەر بە خۆمان بژێوی ژیانی خۆمان پەیدابکەین خەڵکەکی خراپ بین.. ئەمن وازهینان لە پارتی و خۆژیاندنمان لەسەر ماندیبوونی خۆمان بە سەرەتایەکی چاک دەزانم و دەکرێ پاشانیش هەنگاوی دیکە بنێین...

**- دەو خۆش بابە گیان.. (یەکسەر ماچەکی توندی لەسەر روومەتم کرد و گۆتی) خۆ ئێستا ئەمن دەمتانی ئەو ماچە لەسەر ئەو لێوە جوانانەت بکەم و چێژەکیشی پێدەبەخشی! لێ نەمکرد.. چونکێ دەزانم نە پێت باشە و نە پێشت ئاساییە ئەگەر لەگەڵە خۆت راستگۆ بی! هەروا ئەمنیش نە پێم باشە و نە پێشم ئاساییە ئەگەر درۆ لەگەڵە خۆم نەکەم! با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان؛ لە راستییدا قسەی دڵ و دەروونی منت کرد بابە گیان.. ئەمنیش هاوڕاتم.. پێشتریش ئەمن زۆر جار بیرم لەوە کردیتەوە کە گۆتت.. لێ هەرگیز نەمدەتانی لە رووی توو پێشنیارەکی ئەوها بکەم.. زۆر باش بوو کە خۆت دەستپێشخەرییت کرد.. ئەوە نەخشەکی زۆر زۆر چاکە.. دە کەواتە با ئەمن و ئەتوو بڕیاری خۆمان بدەین و هاوکات هەر یەکەو لە لای خۆشمان خەریکی دارایی و ژمێریار و سەرتۆپ و هاوڕێیانی دیکەشمان بین.. پاشانیش هەمووومان ئەو دە دوازدە کەسەی ئەندامانی لێژنەی سەرپەرشتیی کە بڕیاری پێویست لەو رووەوە وەردەگرین وردە وردە ئەو بیرۆکە بەرەو ئەندامانی خوارێش شۆڕبکەینەوە تا سەرەنجام دەتانین دوا کۆبوونەوەی ئەو پارتیە بە ناوی 'کۆنفرانسی کونە درۆیان!' ببەستین و هەمووومان پێکەوە واز لە پارتی و پارتیایەتی بهینین.. هەر لەوێش هەمووومان بەڵێن بە یەکدی بدەین کە چیدیکە و بە هیچ شێوەک درۆ نەکەین!**

**- سەبارەت بە ماچەکەت؛ ئەرێ ئەرێ.. ئەمن ئیدی راستگۆم ئەگەر لەگەڵە خۆم راستگۆ بم! هەروا ئەتووش ئیدی درۆزن نی ئەگەر درۆ لەگەڵە خۆت نەکەی! با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان؛ زۆر باشە کیژە شیرینەکەی بابە.. ئەی سکرتێری کۆنفرانسی کونە درۆیان! هەڵبەتە ئەو کۆنفرانسەش هەر بە سەرپەرشتیی بابی خۆت واتە گەورە درۆزنی بەرپرسی گشت درۆزنانی پارتی دەبەسترێ! هاهاها.. کۆنفرانسی 'ک و نـ ـە د ر ۆ ی ـا ن!' .. هاهاهاهاها!!! (ئەوهام هەستنەدەکرد هێندە بە هاسانیی واز لەو بابەتە بهینی.. کەچی پاش ئەوەی بە تەوسەوە 'ئهم'ەکی کرد.. شەوباشەکی لێکردم و یەکڕاست چوو نوست! ئیدی سبەینەکەی پاش نانی چێشتێ.. دیسان دەستمان بە باسەکانی خۆمان کردەوە.. سەرەنجام گەیشتینە بڕیارِ و نەخشەکەمان بە شێوەکی کردەیی خستە واری جێبەجێکردنەوە تا سەرەنجام هەمووومان پێکەوە بە ئێکجاریی دەستبەرداری پارتی و پارتیایەتی بووین.. هەر لەوێش خەڵاتی یەکەمی 'دژە درۆ!'یان بە کیژە خۆشەویستەکەم بەخشی و ئەمنیشان راسپارد کە بە دەستی خۆم لە ملی بکەم!).**

**- ٣٧ -**

**کەم کێوی بەرز هەیە بێ باران بی.. کەم دەشتی نەرمان هەیە بێ بەرهەم بی.. هیچ ئاوەکی شیرین نییە بێ ماسی بی و ژیان لەدوو خۆی کێش نەکا و کەنارەکانی خۆی لە ئاوەدانیی نەگری، ئەو رێکخراوە ناپارتییەی مەش کە تازە لە سەرەتای پیتان و مەیینیدا بوو پێکهاتەکی بابەتییانە و زەمینەکی زۆر لەباری هەبوو تا خەڵک بتانن بە هاسانیی پێیەوە پەیوەست بین چونکێ بێجگە لەوەی وەک هزر و خۆدەربڕین لە دوڕ هەناوی کۆمەڵ و ئێش و ئازارەکانیەوە ئافەریدە ببوو هەر لە سەرەتاشەوە لە لایەن هۆشیارترین و چوست و چالاکترین کەسانەک دامەزرابوو کە لە گفتار و رەفتاردا خواستی هەرە لە پێشیان خۆشگوزەرانیی و ئامانجەکانی میللەت بوو.. ئیدی بە شێوەکی ئاسۆیی لە گەشەکردن و رسکانەکی بلەزدا بوو.**

ڕێکخراوبوونی پارتی بە شێوەی قوچەکیی هەڵدەچندرێ و وەهێزترین قامچی وەدەست لە ترۆپکی هەرە بەرزی سەرێی دادەنیشی و زەبری خۆی لە قامچی وەدەستانی ژێرە خۆی دەوەشێنی.. ئیدی ئەوانیش سەر بەرەو خوار و پێبەپێ زەبری خۆیان لە قامچی وەدەستە بێ هێز و بێ هێزترەکانی ژێرە خۆیان دەوەشێنن تا دەگاتە تەپانی بنەوە کە ئەوانیش سەرەنجام قامچی خۆیان لە چین و توێژە چەوساوەکان دەوەشێنن! بە هۆی ڕێکخراوبوونی پارتیی دەتانی هەموو ئەو تشتە خراوانە وەدەستبینی کە بە زیانی ماف و ئازادییەکانی میللەت تەواودەبن.. لێ هەرگیز ناتانی ئەو ئامانجە باشانە وەدەستبینی کە پارتی ڕووکەشانە دروشمیان لە پێناودا بەرزدەکاتەوە و بانگەشەی وەدەستهینانیان دەکا!

ئەو ڕێکخراوەی مە هەر لە سەرەتاوە بەو نیشانانەی لە نێو خەڵک ناسرا:

● لەسەر بنچینەی باڵادەستیی و بێ دەسەڵاتیی یان کۆیلە و کۆیلەداریی دانەمەزرایە.. واتە هەر کەسەکی مرۆڤپەروەر دەتانی ئازادانە تێیدا بڕیاردەرە بی و هەر خۆشی جێبەجێکەر بی.

● هیچ جۆرە پلە و پایەکی بەرپرسیاریی شوانەیی و بەرژەوەندخوازی خۆپەرستیی تێدانییە تا یەکدی لەسەر پاکتاو یان تیرۆر بکەن.

● پەیداکردنی پارە و پووڵ و دەستکەوتی مادیی تێدانییە تا شەڕی لەسەر بکەن و گەندەڵکاریی تێدا بکەن.

● تاکتیک 'واتە درۆی ڕامیاریی' و هیچ بەرنامەکی ناڕۆشن و ناکۆکی نییە وەک ئی پارتیایەتی تا فێری ساختەکارییت بکا و ملی خەڵک و تەنانەت هاوڕێیانی خۆشتی پێبشکێنی.

● نهێنیی و دەزگەی سیخوڕیی تێدانییە تا ببیە سیخوڕ و وەک مشەخۆرەکی دڕندە لەسەر ئەوانی دیکە بژی و ژیانی خەڵک بە مەترسیی مەرگ و کاولکاریی بسپێری.

● جێی خۆپەرستیی و ئامانجی ناڕەوای تێدا نابیتەوە تا وەک دەسەڵاتخوازان هەڵپەرستانە خۆ لەگەڵ دین و بنەماڵەپەرستیی و خێڵگەریی و نەتەوەپەرستیی و دابونەریتی داڕزا و پیاوسالاریی و نێرسالاریی و منداڵبازیی و هەر جۆرە ڕامان و تێڕوانین و ڕەوتەکی پاشدامایی و ستەمگەرانە بگونجێنی.

● ... ● ... ● ...

یەکەک لە ئامانجە ستراتیژیی و دیارەکانی ئەو ڕێکخراوە هەمیشە دوورخستنەوەی خەڵک بووە لە پارتی و پارتیایەتی و پووچکردنەوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆریی و دیموکراسییەکەیان، ئەویش تەنێ لە پێناو ئەوەی کە ڕای گشتیی دروستببی و خەڵک لە ئازادییە کەسیی و گشتییەکان و ژیان و گوزەرانی پێویست و شکۆمەندیی و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆیان بەهرەمەند ببن.. واتە ڕێک پێچەوانەی پارتی و پارتیایەتی کە مرۆڤەکان وەک ژمارە دەبینن و لە هەڵبژاردنە ساختەکارییەکانیان لە پێناو ویست و خواستە دژەمرۆییەکانی دەسەڵاتداران وەکاریاندەبەن.

لە ماوەکی زۆر کەم ژمارەکی زۆر زۆر لە کەونە هاوڕێ و ناسیاران پێمانەوە پەیوەست بوون.. بێجگە لەوەی بێ هەژمار کۆڕ و کۆبوونەوەی گچکە گچکەمان ئەنجامدەدان گردبوونەوە بەرفراوانە جەماوەرییەکانیشمان کە ناوەناوە سازماندەدان باندۆرەکی فرە کاریگەریان هەبوو لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵک و وەهێزترکردنی ڕێکخستن و بزاڤەکەمان.

فره ئاسووده و دڵخۆش بووم چونكێ جموجۆڵەكی زۆرمان هەبوو و زۆر بە خێراییش گەشەمان دەكرد، لێ ئەوەی قیچەک نیگەرانی کردبووم ئەوە بوو کە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیی و یەکترناسینە خێرایەی نێوان هاوڕێیان تێکقژقژان و بەزموڕەزمەکی عەنتیکە دروستببوو؛ هەر کەسەو لە راستە خۆی هەر بابابوو بە خێرایی و بێ یەکدیناسینی پێویست پەیوەندیی خۆشەویستیی و پەیوەندیی ژێربەژێری سێکسیی لەگەڵ کەسەک یان چەند کەسەک چێدەکرد.. ئەو پەیوەندییانەش زۆر کورتخایەن و سەرپێیی بوون و وەک گۆڕان و وەرگۆڕانە خێرایەکانی ژیانی ئەو دواییانەی مرۆڤ زوو زوو دەگۆڕان و تێکدەچوون و ئیدیکە دروستدەبوونەوە و سەرەنجام هەندەک گیروگرفتیان وەدوو خۆیاندا دەهانی، هەرچەندە ئەو شێوازە پەیوەندییە تا رادەکی باش ئاسایی بوو لەو وڵاتانەی کە تا رادەکی باش دەستبەرداری کەونەپەرستیی دین و دابونەریت و نێرسالاریی ببوون.. وێنەدەچوو کێشەکی ئەوتۆ لە نێو رێکخستنەکانی ئەو وڵاتانە چێبکا.. لێ کاری مە بە پلەی سەرەکیی لە پێناو خەڵکی نێوخۆی نیشتیمان و بەرزەفتکردنی دەسەڵات بوو لەوێ چونکێ هێشتا ئەو ئەزموونەمان تشتەکی ئەوهای لێ شین نەببوو تا میللەتانی دیکە سوودی لێوەربگرن و ئەوانیش دژ بە دەسەڵاتدارانی خۆیان پەیڕەوی بکەن یان هەر هەمووومان پێکەوە رێکخراوەکی نێونەتەوەیی لەسەر چێبکەین و لە هەر وڵات و نێوچەک بە پێی بارودۆخە جۆراوجۆرەکان کاری خۆی بکا، ئیدی ترسم لەوە هەبوو هاوڕێیانی نێوخۆی نیشتیمان بە هۆی ئەو جۆر و شێوازە پەیوەندییەی هاوڕێیانی دەرێمان لێمان ساردببنەوە و خێرایی گەشەکردنەکەمان تووشی ئاستەنگ و ئاریشان بکا یا هەر بیوەستێنی.. لێ هیچ چار نەبوو و نەدەکرا دەست لە ئازادییە تاکەکەسییەکانی خەڵک وەربدەین کە بە هیچ جۆرەک بڕوامان پێی نەبوو و هەرگیز ئەوەش لەمە نەدەوەشاوە چونکێ یەکەک لە پێویستییە هەرە بنچینەییەکانی دروستبوونی ئەو بزاڤەی مە پووچکردنەوەی پارتی و پارتیایەتی بوو کە ئازادییە تاکەکەسییەکانی خەڵک پێشێلدەکەن و ئیدی ئەمە بتانین وەدەستیان بخەینەوە.

بڕیارمدابوو دیسان گەشتەکی نیشتیمان بکەم تا پەیوەندییەکانی رێکخستنەکانی دەرێ و نێوخۆی وڵات بە شێوەکی گونجاوتر و پتەوتر دابمەزرێنین، بەرنامەکەم وەها دانابوو لەگەڵ دەرچوونی پەرتووکی هاوڕێیە نووسەرە بلیمەتەکەمان بگەمەوە ئەوێ کە پێشترێ چەند هاوڕێیەکم راسپاردبوون تا لەوێ پەرتووکەکەی بە چاپ بگەینن.. لێ بە داخەوە سەرهاتی لەناکاو و پڕ لە ناسۆری ئەو نووسەرە ئاوری لە جەرگم بەردا و گەشتەکەمی وەپاشخست:

- ٣٨ -

دەستپێکی بەهارەکی خۆش و دڵگیر بوو، لە مەیخانەکی واڵا و بەرفراوان لەسەر لێواری رووبارەک کە دەتگۆت نیشتیمانی باڵندە و پەلەورانە دانیشتبووین.. هێدی هێدی بەدەو مەیخواردنەوەوە تا ئاستی رامانی راشکاوانە و خۆلەبیرکردن لە کەش و ژینگە جوان و دڵفرێنەکەی ئەوێمان دەڕۆنی، بێ دەنگ و بێ ورتە کاتمان وەرێدەکرد.. تا رادەکی باش هومێدم بەوە نەمابوو بتانم وەقسەی بخەم.. تا خۆی نەیویستبا هەرگیز نەدەدوا.. بێ ئەوەی بمەوێ جارەکی دیکەش خۆم تاقیکردەوە؛ گەلەک بڕوبیانووانم هینانەوە و زۆر گوشارانیشم خستنەسەری تا بدوێ لێ هیچ سوودەکی نەبوو... بە کورتییەکەی دیقم کرد تا خۆی هاتەگۆ:

- وێڕای ئەوەی خەریکبوو جستانەکی فرە سەخت و زەمهەریریی بە نێومدا تێدەپەڕی و تێکڕای ئاوە شیرین و گەرمەکانی هندوڕمی لە شەختە دەگرتن هەرچی سەربان و تەپۆلکەکانی جەستەشم هەبوون گشتی بە خووسار داپۆشیبوون.. لێ هێشتا دڵ و دەروونم دەستبەردار نەبوون و هەر گوڕ و هاڵاویان لێهەڵدەستا و لەگەڵ هەر بەرکەتنەک وەک پۆڵای پڕ جۆش ئاورینگیان دەپڕژاند، لێ کاتەک کە بۆنی بەهارم کرد:

● بەهارەک وەک خودی خۆی لە هەڵوەشانەوە و شیبوونەوەی زوقم و سەرما لە ژێر تیشکی خۆرەتاو و هەژموونی پەلکەزێڕینە و رەنگدانەوەی شەپۆلی شەبەنگی زەریایەکان و چکەچکی دڵۆپە ئاوەکانی تاوانەوەی کەوییە بەفرەکان...

● بەهارەک وەک سەردەرکردنی گژوگیا و شکۆفەدانی خونچەگوڵان و چوزەلەدەرکردنی درەختان بە تایبەتییش ئی نەونەمامان...

● بەهارەک وەک گوشادیی و ڤەبوونی دڵ و دەروونە سەرمەست و حەیرانەکان...

● بەهارەک وەک دەرکەتنی ئاسۆیەکی پڕ لە گورزە رۆشنایی و واژیبوونی پەنجەرەکانی ئەڤینەکی پڕ لە حەز و ئارەزوو و ڤاڵابوونی دەرییە کلۆمدرایە ژەنگاوییەکان و ئاشکرابوونی هزرە چەقبەستییەکان...

● بەهارەک وەک ئەفراندنی پەرتووکەکی نایاب و ناوازە کە تەنێ دەتانی هەست و نەستی پڕ لە سۆز و خۆشەویستیی لێبچنیەوە...

شایی و لۆغانەکی وەها هندوڕ دەروونانی داگیردەکرد پیرێژن بە کەچە سۆلان رانەدەگەیشت! دەبی چ تشتەک لەوە بۆنخۆشتر و پڕ چێژتر و ئاسوودەبەخشتر هەبی پاش بیست و چار بەهار خەریکبوون بە پەرتووکەک - دوازدە بەهاری یەکەم نووسینی و دوازدە بەهاری دووەمیش پێداچوونەوە و بژارکردنی و چەندین جار نووسینەوەی و سەرەنجام پاکنووسکردنی - تازە بەوە بگەی کە بڕیاری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بدەی! هەر وەمدەزانی وەدوو یارۆی خۆم غاردەدەم و قل قل خۆشەویستیی لێبەردەبتەوە و ئەزیش گوڵوەچنیی دەکەم و دەیانخەمە نێو سەبەتەی حەزەکانم.

لێ هاوڕێ.. مرۆڤ لەمێژە سزادرایە بە 'پارتیایەتی و دەسەڵاتپەرستیی' بە 'خزمایەتی و خێلەکیی' بە 'شارچیەتی و نێوچەگەریی' بە 'دۆستایەتی و ناسیاریی' بە 'ملکەچیی و ماستاوچیەتی' بە 'خاوەنداریی و زەنگینیی' کە سەرجەمیان پێکەوە یەک بارستەی رەقوتەق و بێ گیان و شەشپالوویی رێک پێکدەهینن.. ئەوەش هەر تەنێ لە نێو سیستەمە نەدیوبدییەکان و وڵاتە ناوڵاتەکاندا نییە بەڵکە لە نێو سەراسەری جیهان بوونی هەیە.. هەر کەسەک ملکەچی بە لایەنی کەم یەک دوو لای ئەو شەشپالووە نەبی ئەوە لە پەلوپۆی دەخەن.. ئەگەر بە راشکاوییش بەرانگژ ببتەوە ئەوە یان سەرکوت و گۆشەگیری دەکەن یان شاربەدەر و وڵاتبەدەری دەکەن یان ئەوەتە دەبی چاوەڕێی پاکتاوکردن و مەرگ و کۆتاییهینان بە ژیانی بکا.. جا ئەوە تێکڕای بوارەکانی ژیان و کار و پیشەی خەڵکی ڤۆرخکردیە بە تایبەتییش لە بواری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پەرتووک.. ئەگەر نووسینەکەت لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران و فەرهەنگی باودا نەبی یان نەبیە نووسەرەکی دەربار ئەوە با بەرهەمەکەت نایابترین داهینانیش بی لەسەر ئاستی نیشتیمان تەنانەت لەسەر ئاستی تێکڕای جیهانیش.. هیچ سوودی نابی و هەر دەبی دەستەوەستان لە بەرانبەری هەڵبکوڕمێی و تا مردن هەر سەردوولکان بەسەر تۆزلێنیشتنیدا بچڕی یان لە ژێر گوشار و هورژمی هەژموونی غەم و پەژارەکی پڕ لە سفتوسۆدا ئاوزینگان بدەی و سەرەنجام لە نێو تراژیدیایەکدا کە هەرگیز خۆت نایخوازی رووبدا بە دەستی خۆت دیماهیی بە ژیانی خۆت

بهینی... (چاوانی پڕ فرمێسک ببوون لێ هەر دەکۆشا حەشاریان بدا و بەسەرخۆیدا نەهینی، ئیدی ئەمنیش بە گورجیی دەرفەتەکەم قۆزتەوە):

- ئەوجا هاوڕێ، سەرەڕای هەموو ئەوانەش هێشتا هەر خۆکوشتن و خۆکوژیی چارەسەر نییە.. هەستناکەم هەرگیز کارەکی ئەوها ناحەز و ناجۆریش لە کەسایەتیی توو بوەشێتەوە! ئەمن تەواو دڵنیام تشتەک ئەتوو بینووسی هەر پڕاوپڕ دەبی لەو جوانییانەی کە بێ رەنج و تێکۆشان و ماندیبوونەکی ئێکجار زۆر نایەنەبەر.. (هەرچەندە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی هزر و جوانییەکانی کەسەکی وەک وی لە لایەن دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە فرە ئەستەم بوو چون ئازادیی دەربڕین لە کنە وان لە بازنەی شەشپالووەکە دەرنەدەچوو.. لێ هەر لە پێناو دڵدانەوە و رەواندنەوەی بەدبینییەکانی و وەک جۆرەکیش لە هاندانی تا لە بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەی بێ هومێد نەبی.. بە شێوەکی گەشبینانە گۆتم) دوایێش ئێستا بەچاپگەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەرتووک زۆر هاسانتر بووە لە پێشان بە تایبەتییش پەرتووکەکی وەک ئەوەی توو.. ئێ خۆشت خەڵکەکی زۆر دەناسی و زۆر دڵنیاشم دەتانی بە هاسانیی چاپی بکەی.

- لە سەتا سەت هاوڕاتم هاوڕێ.. ئەمن زۆرەک لە داروودەستەی رامیاربازان و بە ناو رۆشنبیرە کاربەدەستەکانیش دەناسم.. هەر لە سەرۆک و مەرۆکەکان و پەرلەمانتاران و وەزیرانەوە تا دەگاتە بەرپرسان و بڕیاربەدەستەکانی دیکەی پارتییەکان.. هەر یەک لەوانە دەتانی بە یەک چەقەنە پەرتووکەکەم چاپ و بڵاوبکاتەوە.. لێ هەرگیز ناتانم داوا لە هیچیان بکەم چونکێ ئەوە مافی خۆم و کەسانی وەک منە کە بێ هیچ ملکەچیی و بەرانبەرەک بەهرەمەند بین لێی نەک داوایان لێبکەین یا راستتر بێژم لەبەریان بپاڕێینەوە، کەونە هاوڕێیەکم هەیە کارمەندەکی بەرپرسە لە دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە و پاکنووسی پەرتووەکەشمی لە کن بوو.. بێ ئەوەی خۆم هاییم لێبی پەرتووکەکەمی دابووە زۆربەی دەزگەکان تا ئەگەر بڕیاری چاپکردنی وەرگرت ئەوجا پرس بە من بکا.. لێ لەبەرئەوەی ئەو هاوڕێیە وەک هەر فەرمانبەرەک لە پێناو جێبەجێکردنی ئەرکە پیشەییەکەی و پەیداکردنی بژێویی ژیانی خۆی لەو کارە دامەزرابوو و خۆی نەدابووە دەست سیستەمە گەندەڵکارەکە و بێ بەرتیلدان و خۆگونجاندنیش لەگەڵیان ئەو داوایەی پێشکەش کردبوون.. وەرامەکان زۆر نەرێنیی بوون و هەندەکیشان گۆتبوویان ئەو پەرتووکە پێشتر چاپکرایە و ناتانین دووبارە چاپی بکەینەوە! هەڵبەتە ئەوان رۆژانە چەندین پەرتووک کە هەر قسەی بێسەروبەرن چاپدەکەن و زۆر پەرتووکیش هەن پێشترێ چاپکرانە و دووبارە چاپیاندەکەنەوە.. وەک خۆشت دەزانی پەرتووکەکەی من هەرگیز چاپ نەکرایە و ئەمن تەنێ بە پارەی بەرکی خۆم دە پازدە قلەکم بە ئامێری ئاسایی لەبەرگرتنەوە لێی راکێشابوو تا پێش چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بیخەمە بەردەستی چەند هاوڕێیەک بەڵکە تێبینیی و رەخنەیەکیان لەسەر هەبی و ئەگەر پێویستیش بکا دەستکارییەکی بکەم. هەڵبەتە نەک بڵاونەبوونەوەی پەرتووکەک بەڵکە هیچ تشتەک نییە لە جیهان ئەوە بهینی خۆتی لەسەر بکوژی.. چونکێ ئەگەر مرۆڤ بەبەریەوە مابی و بڕیاری خۆی بدا هیچ تشتەک ئەستەم نییە و دەتانی بگاتە هەموو ئامانجەک.. لێ ئەمن پێشترێ ئەوەم باسکرد کە هیچم وەبەرەوە نەمایە و هەرچی هەمبوو و نەمبوو لەو پەتووکەدا دامرێژتیە و ئیدی لەمەودوا لە کەسەکی بێ بەرهەم کە تەنێ دەخوا و دەڕیی پتر نیم.. جا هەبوونم یان نەبوونم هەر یەک تشتە و بە خۆکوشتنیشم بێجگە لەوەی لە خۆخواردنەوە و ئازارەکی پڕ لە سوو رزگاردەبم نە هیچ تشتەک دەگۆڕێ و نە هیچ تشتەکیش دروستدەبی.. (هەستمکرد ئەو قسە بێ پێچوپەنایانەی زۆر مەترسیدارن چونکێ پێشتریش لێیم دیتبوو کە دەگەیشتە

بڕیارەک و بەو شێوازە دەیخستە سەر زاری ئەوە بێ گومان جێبەجێشی دەکرد.. لەبەرهەندێ هەرچی هێز و بیرکردنەوەم هەبوون خستمنەگەڕ):

- ئەمنیش تەواو هاوڕاتم و هیچ کەموڕییەک لە تێڕوانینەکانت نابینم.. لێ هەستدەکەم جۆرە ناکۆکییەکی سادە لە قسەکانتدا هەبی.. هەرچەندە ئەویش نابیتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت یەک خاڵیش لە رووبەری تێڕوانینەکانت تەڵخ بکا.. لێ ئەگەر دەرفەتەکم بدەی ئەوە حەزدەکەم بیخەمەڕوو؟ (لەسەرەخۆ سەری ئەرێی لەقاند) بەو پێیەی کە خۆت دەبێژی 'ئەگەر مرۆڤ بەبەریەوە مابی و بڕیاری خۆی بدا هیچ تشتەک ئەستەم نییە و دەتانی بگاتە هەموو ئامانجەک' خۆ رێی تێدەچی ئەو تێڕوانینەت لە بەرانبەر خۆت کە پێتوەیە هیچت بەبەرەوە نەمایە جۆرە کۆششکردنەک بی تا بەو ئامانجە بگەی کە دیسان ببیەوە کەسەک بەبەرتەوە هەبی و بتانی تشتەکی دیکە ئەنجامبدەی.. واتە وەک نموونە.. پەرتووکەکی چاکتر لەوەی کە ئێستا هەتە بنووسی.. یان گریمان ئەوە سەختە و هێشتا ناتانی وەک پێویست خۆت دروستبکەیەوە.. لێ هیچ نەبی دەتانی بایی ئەوە هێز و توانا پەیدابکەیەوە پەرتووکەکەت چاپ بکەی.. کە بێ گومان زووتر چاپکردنیشی پتر سوود بە خوێنەران دەگەینی و هاوکاتی ئەوە خۆشت بە دیتنی هەناسەکی پڕ لە ئاسوودەیی هەڵدەکێشی.. وەک خۆشت دەبێژی تەنێ ئەو کاتە جیهان پتر گەشەدارتر دەبی کە بەرهەمە بەسوودەکان بە بڵاوبوونەوەیان ئاسوودەییەک بە خاوەن بەرهەمەکان دەبەخشن.. ئەمن بێ گومانم لەوەی کە ئەگەر ئەو پەرتووکە ئی خۆشت نەبی بە چاپکردنی زۆر ئاسوودە دەبی.. رەنگە ئەو کاتیش شنگ و هێزەکت بەبەربێتەوە و بتانی کاری چێتر و وەپێزتریش ئەنجامبدەی.. (دیاربوو بە شێوەکی گشتیی قسەکانمی بە دڵ بوو و گەشانەوەکی زۆریشم لە روویدا وەدیکرد.. ئەمنیش دەستوبردم لێکرد و ئەو هەلەم لەقیس خۆ نەدا و بە شۆخییەکەوە گۆتم):

- دە ئێکجار ئەوها قورسی مەکە هەی مانتا.. بڕوابکە لەسەر پیستەشم چاپکردبی هەر بڵاویدەکەمەوە! یان ئەوە خەریکم کارگەکی چوکلێت دابنێم.. پارچە پارچە هەمووی بە نەخشەسازییەکی جوان لەسەر پاکەتە چوکلێتەکان چاپ دەکەم کە لە پەرتووکیش باشتر دەگەنە دەست خەڵک!! (بزەکی گاڵتەئامێزانەی هاتێ و گۆتی):

- رەنگە ئەو دەم چوکلێتەکانت باشتر بفرۆشێن یان رەنگە نووسینەکەم ببتە هۆی ئەوەی چوکلێتەکانت خەڵاتی تاڵی نۆبل وەربگرن و نۆبل هەندەک شیرین بکەن!

- نا هاوڕێ.. با واز لەو شۆخییانە بهینین.. بڕوابکە چاپکردنی پەرتووکەک هێندە قورس نییە.. ئەتوو ئەوە بە من بسپێرە.. (هەرچەند ئەمنیش زۆر کەسایەتیی لە رووکەش باش و نێوەڕۆک پووچم لەو کاربەدەستانە دەناسی و زۆر جێ و رێی چاپکردنی پەرتووکیشم پێدەزانی.. لێ خۆشم هەر وەک ئەو ئەگەر هەموو جیهانیشیان لەسەر تاپۆ بکردبام نەمدەتانی روو لەو کەسە گەندەڵ و مشەخۆرانە بنێم کە کاربەدەستن لەو بوارانە و بە بەرتیلدان خۆمیان لەگەڵ بگونجێنم تا کارەکەم رایی بکەن، ئیدی هەر خۆم بەوە دڵخۆش دەکرد کە پارەکی پاشەکەفتم هەیە و قیرسیای لێدەکەم و هەندەکی لە چاپکردنی ئەو پەرتووکەی وی خەرجدەکەم) غەمی هیچت نەبی.. ئەمن هەندەک کەس دەناسم و وەدەکەم بێ هیچ بەرانبەرەک و بێ ئەوەی لەسەرم بکەوی بە چاپی بگەینم.. (هەندەک سەرگران بوو بەوە.. لێ هەرکووەک هەبوو رازییمکرد، پاشان هەستاین و بەدەو

گێڕانەوەی بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی سەردەمی زارۆکیی هەندەک لە کەناری رووبارەکە پیاسەمان کرد و هەر یەکەو بەرەو ماڵی خۆمان ڤەگەڕیاین).

بەدەو رێی ماڵێوە هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایە باشتر نییە ئەو پارەیەی لەو پەرتووکە خەرجیدەکەم بیدەمە کەسەکی هەژار کە نەخۆشییەکی قورسی هەیە و لەسەر لێواری مەرگە و ئەگەر پارەی پێویستی هەبی ئەوە دەرفەتی چارەسەرکردنی هەیە و چاکدەبتەوە؟ دڵنیا نەبووم کێهانیان باشترە؛ رزگارکردنی نەخۆشەک یان رزگارکردنی پەرتووکەک؟! لێ ئەوەم دەزانی کە تازە ناتانم پەژێوان ببمەوە و هەر دەبی ئەو پەرتووکە بڵاوبکەمەوە و هەزاران وشەی جوان و وەبڕست رزگاربکەم.. هەرکووەک هەبوو پاش کۆشانەکی زۆر گەیشتمە ئەوەی کە بڵاوبوونەوەی پەرتووکەکی چاک و وەپێز هەزارن کەس لە زۆر گرفتان رزگاردەکا یان رەنگە سەرتاپای جیهان سەراوبن بکا و بە باری چاکەیدا بخا.. ئەوەش زۆر باشترە لە رزگارکردنی یەک نەخۆش کە رەنگە بە تەواوییش دڵنیا نەبی لە چاکبوونەوە و رزگاربوونی! هەڵبەتە رزگارکردنی نەخۆش ئەرکەکی بە پەلەی مرۆییە لێ رێگرتنیش لە پەیدابوونی نەخۆش هەر ئەرکەکی مرۆییە و رەنگە بەسوودتریش بی! لەگەڵ ئەوەی خۆم رازییکرد کە بڕیارەکەم خراپ نییە و ئیدی خەریکی چاپکردنی پەرتووکەکە دەبم لێ هێشتا هەر پێموەبوو پرسی لەو جۆرە دەرفەتی ئەوەی تێداهەیە لێکۆلینەوەی پتری لەسەر بکرێ تا خەڵک دروستترین بڕیاری ناوکۆیی لەسەر وەربگرن.

هێشتا دە رۆژی مابوو پەرتووکەکە لە چاپخانە دەربچی لەپڕ لە هاوڕێیانم بیستەوە کە هاوڕێیە نووسەرەکەم.. واتە خاوەن پەرتووکەکە.. بە گەشتەک گەڕایتەوە نیشتیمان! لە سەرەک زۆرم پێناخۆشبوو کە ئەمن هێندە خەریکی خۆی و چاپکردنی پەرتووکەکەیم کەچی ئەو چوویتەوە و هەر هاییداریشی نەکردیمەوە.. لە سەرەکی دیکەش زۆرم پێخۆشبوو کە ئەو دەمەی دەچمەوە ئەویش لەوێیە و ئیدی دەتانم لەگەڵ دەرچوونی پەرتووکەکە چەند قلەک لە چاپخانەکە وەربگرم و بچەمە کنی و وەک مژدەکی کتوپڕ لە نێو دەستی بنێم و هەر بەو بۆنەوەش ئاهەنگەکی خنجیلانە چێبکەین، بە کورتییەکەی پاش ئەوەی هەشت رۆژم تێپەڕاند پەیوەندییەکیان پێوەکردم کە پەرتووکەکە سبەی نا دووسبەی لە چاپخانە تەواو دەبی.. ئیدی هەر بە پەلە بلیتەکم بڕی تا لە کاتی دەرچوونی پەرتووکەکە لەوێ بم.. کەچی شەوەکەی لەپڕ لە تەلەفزیۆن لە دەنگوباسی کاتژمێر نۆ خۆکوژیی ئەو هاوڕێیە نووسەرەمیان بڵاوکردەوە! خەریکبوو مەژییم راوەستی.. ماوەکی زۆر نەمتانی لە جێی خۆم جوولە بکەم.. هاییم لێبوو کوریکەسۆر هەر دڵی دەدامەوە: "ئەی هاوار.. بڕوابکە ئەمنیش وەک توو بە داخم.. بەس تازە هیچ ناکرێ.. دە وەرەوە سەرخۆ گیانەکەم.. تکایە با تشتەکت بەسەرنەیێ.. ئێ ئاخر تازە لە دەستمان چوو و هیچیشمان لەدەستنایێ.. گرنگ ئەوەیە کە ئەتوو ئەوەی لە دەستت هات لە پێناوی ئەودا کردت..." ماوەکی زۆر هەر خەریکی ئەو قسانە بوو لێ ئەمن بە هیچ تشتەک دڵم دانەدەوراوە.. هەر دەهاتم و دەچووم و قسەم هەڵدەبزوڕکاند و نەمدەزانی چ دەکەم و چ دەبێژم.. بە کورتییەکەی تا درەنگانی شەوێ ئەوجا هەر لە ژۆری دانیشتنەکە تەختبووم و خەوملێکەت..

ئیدی داخی هەرە گەورە و گران و پڕ لە ئازاری من لەوان رۆژان.. کە ئێستاش پێی دەتلێمەوە.. هەر ئەوە بوو ئەو هاوڕێیەم خۆی کوشت و وێرانەگەیشت پەرتووکەکەی بە چاپکرایی ببینی و لە پاش ئەو هەموو ماندیببوونەی هەناسەکی پڕ لە شادمانیی هەڵبکێشی!

لەدەستچوونی ئەو هاوڕێیەم کۆستەکی گەورە بوو لە کنە من.. هەر تەواو نیگەران و غەمباری کردبووم.. تازە بەوەش ئارام نەدەبوومەوە و باری غەمی منی سووک نەدەکرد کە بە پەلە گەشتەکەم بکەم و خۆ بگەینمە ئەویٚ چونکیٚ نە دەمتانی ملکەچی ئەو دابونەریتە کەونە بیٚ واتایە و ئەو سرووتە دینییە بیٚزەوەرە بم و رووکەشانە پرسە بگێرم.. هەڵبەتە چوونە سەر گۆڕ و پرسەگرتن هیچ سوودەکیان بەویش نەدەگەیاند.. لەبەرهەندیٚ گەشتەکەم وەپاشخست، لەوان دەمان خانمەکی هاوڕێم کە هاوڕێیەتیی لەگەڵ کوریکەسۆرێش پەیداکردبوو و زوو زوو سەردانی دەکردین.. ئەویش لە سەروبەندی ئەوەدا بوو رۆژەک دیاربکا تا سەردانی باب و کەسوکارەکەی بکا.. هەر کە دیتی ئەمن بە هۆی مەرگی هاوڕێیەکەم زۆر نیگەرانم و هەر لەبەرهەندێش گەشتەکەم خستیتە کاتەکی دیکە.. خۆی وەها پێشاندەدا کە هاوبەشی غەممە و زۆر نیگەرانە بە خۆکوشتنی هاوڕێیەکەم و زۆریش زگی بە من دەسوتیٚ.. رۆژەک گۆتی: "حەزناکەم لەو رێیە بە تەنیٚ بی.. ئەمنیش کاتی گەشتەکەم دەخەمە هەمان ئەو رۆژەی کە ئەتوو ئامادە دەبی گەشتەکەت بکەی.. ئیدی پێکەوە دەچینەوە" هەرچەندی پێمگۆت کە با ئەو کاتی خۆی لەسەر من تێکنەدا.. لیٚ وەک ئەوەی لە غەمی مندا بی و دڵسۆزیی خۆی دەنوێنی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە هەر دەبی پێکەوە بچینەوە.. سەرەنجام ناچاریکردم رۆژەک دیاربکەم، رۆژانی پێش گەشتەکەم زۆر بە سەختیی تێپەڕاندن.. ئیدی لە هەمان ئەو کاتەی لەسەری رێکەتبوین هەردووکمان پێکەوە چووینە فرۆکەخانەکە و بەرەو نیشتیمان وەڕێکەتین.

- ٣٩ -

هەرچەندە ئەو خانمە کەسەکی هەندەک ئازاد و رووخۆش و کراوە بوو.. لیٚ دروستبوونی هاوڕێیەتیی راستەقینە لە نێوان کیژان و کوڕان هێندەی مردن و ژیانەوە قورس و سەخت بوو لە کنە من.. ئاخر ئەفسانە بێزەوەرەکەی ئەو دینانەی کە دەبێژن 'مرۆڤ لە سەرەتادا لە بەهەشت بووە لیٚ ژن بە هۆی خواردنی یەک سێوەوە خۆی و پیاوی تووشی ئەو نەهامەتی و چەرمەسەرییانە کرد کە لەسەر زەوی هەن'!!! هێشتا زۆر بە فراوانیی درێژەی هەیە و مرۆڤی لە بوونە راستییەکەی خۆی پووچکردیتەوە تەنانەت هێشتا ئەو ئەفسانە دژەمرۆییە لە مەژیی زۆرەک لەو نووسەر و هونەرمەندانەش رەشنەبوویتەوە کە خۆیان زۆر بە پێشکەفتیی و رۆشنبیری سەردەم دەزانن! ئەوە سەرەڕای ئەو دابونەریتە داڕزایەی کە تەنیٚ نێر تێیدا دەست ڤالایە یان راستتر بێژین تەنیٚ نێر تێیدا مرۆڤە تەنانەت منداڵ کە لە هەناوی ژنە هێشتا هەر پیاو دەبتە خاوەنی و ناو یان ناسناوی خۆی پێوەدەلکێنی! لەبەرهەندیٚ زۆر ئەستەمە لە بارەکی ئەوهادا دەرفەتی هەبوونی هاوڕێیەتییەکی ئازادانەی نێوان کیژان و کوڕان بدریٚ، سەربەستبوون و رووخۆشییەکەی ئەو خانمەش هەر لەوەوە پنجی بەستبوو کە کیژی کەسەکی 'کەونە چەپ' بوو، هەرکووەک هەبوو بە هۆی ئەوەی پێشتریٚ هەردووکمان لە یەک پۆلی فێربوونی زمان دەمانخوێند ببووینە هاوڕیٚ.. هەرچەندە بابی ئەو کیژە لەمێژبوو وازی لە کاری رامیاریی لە جۆری پارتیایەتی هینابوو لیٚ هەر خۆی بە چەپ دەزانی.. چەپایەتییەکەی تا رادەی بوونە لیبرال کاڵببۆوە.. پاشانیش کە لە هەڵبژاردنەکی پەرلەمان بە ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردرابوو یان راستتر بێژین بنەماڵەکی باڵادەست کردبوویانە ئەندام پەرلەمان وەک سەربازەکی ئامادەباش چەپ و راستیان پێدەکرد و جاروبارەکیش دەرفەتیان دەدایێ بە ئارەزووی خۆی چەپ و راست وەنێوبکەوی!

زۆر جار ستایشی بابی دەکرد و لەسەر نازکردن بە مێژووەکەی وی دەژیا.. هەندەک دەم لایەنگریی لە ئامانجە هەرە بەرزەکانی میللەت و هەندەک هەڵوێستی ئازادیخوازانەی توند دەکرد و بە شەرمەوە خۆی لە بابی بە پێشڤەڕۆتر وێنادەکرد! هەمیشە باسی مافەکانی ژنانیشی دەکرد و خۆی وەها پێشاندەدا کە هەموو کار و کۆششەکی هەر لە پێناو رزگاریی ژنانە، هەرچەندە ئەمن هەستمدەکرد گفتار و رەفتاری تا رادەکی چاک لە یەک دوورن لێ ئەوەیان باش بوو کە یارەکەی یەکەک بوو لە چەپە نووەکان؛ بە هۆی ئەوەی لە نێزیکەوە ئەو کوڕەم دەناسی؛ دەمزانی لەسەر ئەوە وازی لە هاوسەرەکەی هینابوو چونکێ ژنەک بوو نەیدەتانی خۆی لە تەک ئەو کەش و دۆخ و پەیوەندییانە بگونجێنێ کە لە نێوان هاوڕێیانی هاوسەرەکەی هەبوون و ژنان و پیاوان یەکسانییخوازانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکدی دەکرد.. سادەترین پەیوەندیی هاوڕێیانەی نێوان هاوسەرەکەی و ژنانی دیکەی بە خۆشەویستیی لێکدەداوە.. بێجگە لەوەش کێشەی پەروەردەکردنی کیژی خوشکەکەی هەبوو لەگەڵ هاوسەرەکەی؛ ئەو کیژە کە تەمەنی دە دوازدە ساڵانەک بووە بێ دایوباب مایتەوە.. بە رێکەتنی هەردووکیان بە کیژی خۆیانیان وەرگرتبوو.. ژنەکە دەیوسیست بە هەمان دابونەریتی کەون پەروەردەی بکا کەچی هاوسەرەکەی دەیویست وەک کیژانی نەوەکانی پێشانی بەسەرنەیێ و هەموو ئازادییەکی هەبی.. ئەوەش ببووە هۆیەکی دیکەی جودابوونەوەکەیان. کیژی ئەندام پەرلەمان نەیدەزانی ئەمن بەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و یارەکەی هاییدارم.. جاروبارەک لە پێناو مەبەستەکانی خۆی زۆر پتر لە پێویست ستایشی ئەو هاوڕێیە چەپەی دەکرد کە گوایە کوڕەکی زۆر یەکسانیخواز و ژندۆستە و بەرگرییکەرەکی سەرسەختە لە ماف و ئازادییەکانی ژنان! لە راستییدا ئەو کوڕە ئێکجار بەو شێوەش نەبوو لێ لە زۆربەی ئەو پەنابەرانە باشتر و کراوەتر و یەکسانییخوازتر و راستگۆتر بوو کە لە رووکەشدا خوێندەوار و بڕوانامەدار بوون کەچی لە نێوەڕۆکدا هەڵگری هەمان فەرهەنگی نەریتە داڕزایەکان بوون و پارتیایەتی و دین و پەیوەندییە شارچییەتی و خێڵەکییەکان داغانی کردبوون، هەر لەو سەروبەندیشدا ئەو کورە لە رووی هزرییەوە بەوە گەیشتبوو کە هەر خودی پارتی خۆی کێشەکی گەورەیە.. هەر پارتییەک تەنانەت ئەگەر زۆر چەپ و یەکسانییخوازیش بی ئەوە بێجگە لە خێڵەکی مۆدێرنێ هیچی دیکە نییە.. ئیدی بە ئێکجاریی وازی لە پارتی و پارتیایەتی هینابوو.

هەرچەندە کانگەی بەهارێ بوو لێ ئەو رۆژەی وەڕێکەتین تا رادەکی چاک سارد و سەرما بوو.. رێیەکەمان راستەوخۆ نەبوو بەڵکە دەبوایە لە گوزەرگەی وڵاتەکی دیکە دابەزین و چەند کاتژمێرەک لەوێ چاوەڕێ بکەین ئەوجا سواری فڕۆکەکی دیکە ببین، لە فڕینی یەکەم باش بوو دوور نەبوو و رێیەکەمان بە هەندەک بابەتی وەک یادگارییەکانی سەردەمی خوێندنەکەمان و باسی بارودۆخی نیشتمان و ئەو تشانە وەڕێکرد، لێ کە گەیشتینە گوزەرگەی وڵاتی دووەم هەستمانکرد فڕۆکەخانە زۆر سارد و بێسەروبەرە.. بە مەبەستی وەڕێکردنی کاتەکە چووینە نێو فرۆشگەگەکان و لە قاوەخانەک هەندەک شیرینییمان خوارد و قاوەکمان خواردەوە.. پاش ئەوەی کەمەک ساینەوە هەندەک بە نێو بازاڕەکەدا گەڕاین.. خراپ نەبوو.. کاتەکی باشمان گوزەراند.. لێ تا دەهات هەر ساردتری دەکرد.. هێشتا کات زۆری مابوو.. پێش ئەوەی بچینە جێی چاوەڕوانیی و دەربازبوون لۆ نێو فڕۆکەکە چووین لە نێزیک دەروازەکە لە پەنایەک لەسەر ئەو کورسییە رەقوتەقانە دانیشتین.. لە سەرمان خۆمان کورژکردبۆوە، جێیەکە چۆل چۆل بوو کەسی لێنەبوو.. لە لاپەڕگەک هەڵکەتبوو وینەدەچوو کەس بەسەرماندابێ.. ئەمن باشتر بووم لێ کیژی ئەندام پەرلەمان لە سەرمان هیچ حەجمانی نەمابوو.. هەندەک جلکم لە نێو کۆڵەپشتەکەم دەرهینا و لەسەر کورسییەکە پەرشمکردنەوە و لەسەریان دانیشتین.. بە هۆی

کەمیی جلکەکان و تینی سەرمایەکە ناچار تەنیشتمان بە تەواویی پێکوەنووساند.. تا سەرمایەکە پتر تەوژمی دەهینا ئەو هەر پتر خۆی پێوەدەنووساندم تا کار گەیشتە ئەوەی سەری بە شانی چەپم کرد و پاش ماوەک دەستیشی خستە سەر سینگم...

کتومت وەک دوو خۆشەویست پاڵمان بە یەک دابوو.. بێ ئەوەی بمەوێ ئارەزووی پیاوەتییم هەندەک بە جوولەجوول کەتبوو.. بەو شێوە دانیشتنە نەختەک نیگەران بووم چون دەمزانی ئەگەر درێژەبکێشی دەگاتە رادەی دەستبازیی و ماچومووچ.. هەرچەندە ئەو زۆر قشتیلە و جوان بوو و دەو و لێوەکی تەڕوبڕ و پڕ و رەنگ بنەوشەیی تاریکی هەبوو کە ئەمن لە هەموو ژیانی خۆم زۆر سەرمەست و حەیرانی ئەو شێوە دەو و لێوانە بووم.. لێ نەمدەویست ئەوە لەگەڵ وی بکەم چونکێ خۆشەویستی هەبوو و خۆشم هەرچەندە بە ناو خۆشەویستم نەبوو لێ لەگەڵ کوریکەسۆرێ پێکەوە دەژیان و لە هەموو پەیوەندییەکان وەک خۆشەویستی یەک بووین و لە دامرکانەوەی هیچ جۆرە ئارەزووەکی سێکسییش بێ دڵی یەکدیمان نەدەکرد.. هەرکووەک هەبوو لەبەرئەوەی خانم زۆر زۆر سەرمای بوو شەرمم دەکرد خۆمی لێبکێشمەوە و پتر سەرمای ببی.. هێدی هێدی قسەمان دەکرد و هاڵاوی هەناسەمان بە دەمووچاوی یەک دەکەت.. پاش دەمەک هەستمکرد هەندەک سەرمایەکەی بەردابوو و خاوبەوە.. کاتەکم زانی دەستی گەیاندە چەنەگەم و چەند جارەک پەنجە نەرمەکانی لێخشاندن و ئارەزووەکانمی گەیاندە پۆپە.. ئیدی چیدی وەخۆم نەوەستام و ئەمنیش بە بێدەنگیی دەستەکم خستە سەر رانی و هێدی هێدی لەسەریم دەخشاند.. دیاربوو ئەویش پێیخۆشبوو و پتر خۆی پێوەنووساندم و دەستی لەسەر سینگم تووندتر کرد و گۆتی: "هەست بە تەپەتەپی دڵت دەکەم لە بن دەستم هاورێ.. وێدەچی ئەتووش گەرماییەک بە لەشتدا گەڕابی؟".. هیچم لۆ نەگۆترا.. جوولەکانمان خۆبەخۆ وەدووی یەکدیدا دەرۆیشتن.. هاوکات لەگەڵ ئەوەی گۆتی: "ئەها.. دەموچاویشت سۆرهەڵگەڕایە.." ئەو جارە هەر بە چەناگەم رانەوەستا بەڵکە پەنجەکانی گەیاندە سەر رووەمەتیشم و بە تەنیشت دەومی داخشاندن تا دوا جار پەنجەکیشی بەسەر هەردوو لێوانم داخشاند.. دەستی منیش هەر خۆبەخۆ لە خشاندنی تێپەڕاند و گەیشتە قۆناغی نەرمەکوشینەکی فرە بەچێژ.. نیگای چاوانمان لە یەک توند کرد.. ئیدی وەبیرمنایێ بە چ شێوەک دەمووچاومان گەیشتنە یەک.. کاتەکم زانی کەپووم وەبەر سەری کەپووی کەت و لێوانم کەتنە سەر لێوانی.. ماوەکی چاک هەر خەریکی لێستنەوەی لێوانی یەک بووین...

حەزکردن لە هەر تشتەک کە ماوەکی زۆر پێیناگەی و پاشان سەرەنجام پەیدایدەکەی زۆر لەوە بەچێژترە کە لەگەڵ حەزکردنت لە تشتەک یەکسەر پێیدەگەی! ئەو جۆرە لێوانە رێک ئەوە بوون کە لەمێژبوو شێت و شەیدایان کردبووم و پێیان نەدەگەیشتم کەچی لەو گەشتەمدا هەر لەو گۆرەی و بێ ماندییبوون هاتنە بەردەستم و یەکپارچە لە چێژوچەشەیان گرتم، بێ هیچ قسەک خەریکی یەک بووین.. نازانم نە لە رووەمان نەدەهات یەکدی بدوێنین نە هەر نەماندەویست ئەو چرکە پڕ لە چێژانە بە قسان بکوژین!؟ وەها کەتبووینە سەر یەک هەر دەتگۆت دوو نەوجەوانی نەدیوبدین.. کەسەک کە خەریکبوو بە تەنیشتمان تێدەپەڕی تەمەشایەکی کردین و بە زەردەخەنەکەوە لەجیاتی یەک پەنجە دوو پەنجەی 'ئەرێ'ی بەرزکردەوە! پێش هەنگێ نە کات دەرۆی و نە سەرما.. کەچی لە پاش یەکەم ماچ سەردەمەکە تەواو گۆڕابوو؛ چەندی دەمانکرد نە کات رادەوەستا نە دەمانتانی سەرما لەوێ ببینین! هەموو جەستەمان بەسەر ئاو و ئارەقەدا گەڕابوو، وەک گۆتم ئەو جێیەی لێی دانیشتبووین لە لاپەڕگەگ هەڵکەتبوو لێ لەو دەروازەش نێزیک بوو کە لێی دەردەچووین

**تا بگەینە کن فڕۆکەکە.. کاتەکمان زانی جەنجاڵییەکی زۆر لە کن دەروازەکە پەیدابوو.. دیاربوو خۆیان ئامادە دەکرد تا دەربچن.. بەوە زانیمان بەرەبەری هەستانی فڕۆکەکەمانە ئەگەر نا وەها داورابووینە سەر یەک هەرگیز واگانەدەهاتن و بەجێدەماین.. هەر بە پەلەپەل وێڕاگەیشتین لە دەروازەکە خۆ بە ژۆرێدا بکەین.. جێی چاوەڕوانییەکە زۆر قەربالغ بوو.. بە کەلکی ئەوە نەدەهات بچین لەسەر کورسییەکان دابنیشین و بتانین جاروبارەک وەک ئەو گەنجە ئازایانەی گێ بە هیچ نادەن ماچوموچەک بکەین.. لەبەرهەندێ چووین لە چۆلاییەک لە تەنیشت پەنجەرەکان کە بەسەر گۆڕەپانی فڕۆکەکانی دادەڕۆنی لەوێ ڕاوەستاین.. پشتمان لە خەڵکەکە کردبوو و وەهامان پێشاندەدا کە تەماشای فڕۆکەکان دەکەین.. ناوەناوە بێ ئەوەی کەس هەستمانپێبکا ماچەکمان دەخستەسەر لێوانی یەکدی.. هێندە لێمان خۆشداهاتبوو ئەگەر چەندین کاتژمێری دیکەش چاوەڕاوانمان بکردبا هەر پێمانخۆشبوو! نەمانزانی ئەو کاتە کوو ئەوها بە خێرایی تێپەڕی.. لەپڕ دیتمان دەرکەی چوونە نێو فڕۆکەکە کراوە.. ئیدی لێیانتێکداین و ئەمەش بە ناچاریی وەک ئەوانیدی نۆرەمان گرت بەرەو نێو فڕۆکەکە چووین.**

**پێشترێ لە نێو هەر فڕۆکەک ئەگەر کورسی تەنیشت پەنجەرەم وەبەرنەکەتبا ئەوە هەموو توانای خۆم دەخستەگەڕ تا کەسی لای پەنجەرەکە رازیی بکەم جێیەکانمان بگۆڕینەوە.. ئەگەر رازیی با ئەوە زۆر ئاسوودە دەبووم.. ئەگەر نا ئەوە لە خەفەتان لچەکم رادەخست و لچەکم وەخۆدادەدا تا خەودەیبردمەوە.. لێ ئەو جارە لای پەنجەرە هیچ بایەخ و گرنگییەکی لە کنە من نەمابوو و تا داشبەزین هەر نەمزانی لە لای پەنجەرە بووم یان نا.. ئاخر پەنجەرەکی وەهام بە رووداکرابۆوە دەمتانی تێکڕای جیهانی بە پڕاوپڕیی تێدا ببینم! هەرگیز وەک ئەو جارە هێندە بەختم یار نەبووە؛ فڕۆکەکە بەرەو نیشتیمان دەڕۆیشت کەچی هیچ کەسەکی ناسیار لە نێزیکمانەوە نەبوو تا شەرم بکەین و بە ناچاریی بە پێی نەریتە پووچەکە و ڕێزە بێ ڕێزەکە لە تەنیشت یەک دابنیشین و نەتانین ماچوموچەک یان دەستبزێوییەک بکەین.. ئەوێ زۆر باشتر و خۆشتر بوو لە نێو فڕۆکەخانەکە و کەس بە پێشماندا تێندەپەڕی.. زۆر ئازادانەتر سەرمان بەسەر سینگ و بەرۆکی یەکدی دەکرد.. بێجگە لە ماچووموچ تەنانەت جاروبارەکیش کار دەگەیشتە ئەوەی بە خێراییەکەوە بێ ئەوەی کەس هەستپێبکا بە ئاستەمەک دەو و کەپووم دەگەیاند نێوان مەمکۆڵانی و بەو سووکە بەرکەتنە و بە بۆنە خۆشەکەی تەواو سەرمەست دەبووم! لە تێکڕای ژیانی خۆم نەمدیتبوو کات ئەوها بە خێرایی تێبپەڕی.. هیچ درۆ نییە ئەگەر بێژم میلی کاتژمێرەکەم زۆر زۆر لە فڕۆکەکە خێراتربوو!**

**کاتەکمان زانی خەریکبوو فڕۆکەکە دەنیشتەوە.. هەر بەشی ئەوەی پێوەمابوو یەک ماچی پڕ بە دەو لەسەر لێوی یەکدی بنەخشێنین و خۆمان خڕبکەینەوە.. پێش ئەوەی فڕۆکەکە بە تەواویی بنیشتەوە بە خێرایی گۆتی: "زۆر زۆر سوپاست دەکەم هاوڕێ.. هەرگیز ئەو هەموو چێژوچەشە فرە خۆشانە لەبیرناکەم کە پێتبەخشیم.. لێ تکایە ناکرێ و نابی هەرگیز کوریکەسۆر بەو بەزمەمان بزانی.. لەبەرهەندێ داوای بووردنەکی گەورەی لێدەکەم و دەبی ئەتووش ئەو داوای بووردنەم لە نێو دڵی خۆت تقەت بکەی و بە هیچ کەسەکی نەبێژی! ئیدی تەواو هاوڕێ.. دەبی لە ئێستاڕا بەڵێنم بدەیێ کە پەیوەندییەکەمان بە تەواویی وەک ئێ پێش ئەو کاتەی لێبێتەوە کە لە فڕۆکەخانەکە جلکەکانت لەسەر کورسییەکە پەرشکردنەوە.. لێ دەی کێشە نییە با ئەو بەڵێنە بە دوا ماچ مۆر بکەین" هەر کە ئەوەی گۆت سەرمی خستە نێو هەردوو لەپی دەستانی و زۆر بە خێرایی لێوانی خستە سەر لێوانم.. هێند بە توندیی هێند بە توندیی مژتنی کە دەوی لێبەردا وەهام هەستکرد نیوەی لێوانم**

قرتابن و کەتبنە نێو دەوی! هەرچەندە هەستمکرد درۆیەکی زۆر گەورۆنەم کرد کە گۆتم: "ئەرێ.. ئەمنیش دەمویست ئەوە بێژم کە دەبی پەیوەندییەکەمان وەک ئی پێش فرۆکەخانەکەی لێبێتەوە" لێ چ بکەم.. هیچ چار نەبوو و هەر دەبووایە ئەوها بێمەگۆ تا لێم نەڕەنجێ بەڵکە جاروبارەک بەو لێوە تورت و گەرمانەی بگەمەوە کە دەتگۆت تەنێ تایبەتن بە مژتن و ماچکردن! ئیدی دابەزین و لە کاتی دەرچوونمان لە فرۆکەخانەکە و چوونمان بەرەو لای تەکسییەکان گۆتی:

- هاوڕێ خۆت دەزانی ئێرە هەندەک جوایەزە! لەبەرهەندێ باشترە لۆ یەکدی دیتن هەر ئەتوو بێیە سەردانی من یان لە بازاڕەکان یەکدی ببینین.. خۆ لۆ من زۆر باشترە هەر بێیە ماڵێ.. بە تایبەتییش حەزدەکەم بابیشم ببینی و ئەویش زۆر پێیخۆشدەبی و هەر ئیشەکیشت پێی هەبی تشتی لەبەر دەڕوا و سوودی لێدەبینی.. (زۆرم پێ سەیر بوو کە ئەوهای گۆت.. لەبەرئەوە هەندەک بە توندیی بەرسڤداوە):

- نا نا.. سەرەتا ئەمن حەزناکەم ئەوها بیربکەیەوە.. لە کنە خۆت وەیە ئەتوو کیژەکی ئازاد و ئازای.. پێویستە خۆت لە پیاوان کەمتر نەبینی و بەرانگژبییەوە.. دواییش ئێرە ئێکجار ئەوها نییە.. ئێستا کە دەچینە دەرێ دەیبینی چەندین کیژ و کوڕ پێکەوە دەبیندرێن! هەر کووەک هەیە ئەوە پەیوەندیی بە خۆتەوە هەیە و ئەمن مافی ئەوەم نییە ئامۆژگارییت بکەم کە دەبی کوو هەڵسوکەوت بکەی.. لێ هەرگیز ئەوەم لە تەوو رانەدەدیت ئەوها بیر لە من بکەیەوە؛ بێ گومان مەبەستت لە سووددیتنم لە بابت هەر ئەوەیە کە لێرە دامودەزگەکان گیروگرفتان دەخەنە پێش کاروباری هاوڵاتییان جا ئەمن سوود لە پێگەی بابت ببینم و لە رێی ئەوەوە کاروبارەکانم رایی بکەم یان لە دامەزراندن و وەرگرتنی پلە و پایە سوودی لێببینم! ئەوەش لە گەندەڵیی پتر بترازێ هیچ واتایەکی دیکە ناگەینی هاوڕێ.. نا نا.. ئەمن هەرگیز پێویستم بە بابت نییە و حەزناکەم جارەکی دیکەش بیر لە تشتی ئەوها بکەیەوە.. راستە بابت رێزی لە کنە من هەیە ئەوەش هەر لەبەرئەوەیە کە ئەتوو هاوڕێمی و بابی تووە.. دواییش بابت... (زۆر بەسەرخۆیدا شکایەوە.. لەبەرهەندێ نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و گۆتی):

- ببوورە هاوڕێ.. بڕوابکە ئەمن مەبەستم ئەوە نەبوو.. بەڵکە بەو واتایە ئەوەم گۆت کە بابم ئەزموونی زۆرە و رۆشنبیرییەکی چاکیشی هەیە هەرووەک پێشتریش چەند جارەک باسی ویم لە کنە توو کرد.. ئەرێ.. مەبەستم ئەوە بوو کە لەو تشتانە سوودی لێدەبینی.. هیوادارم بە هەڵە لێمتێنەگەی...

- ئاخر ئەتوو گۆتت تشتی لەبەر دەڕوا.. ئێ تشت لەبەر رۆیشتنیش هەر ئەو واتایە دەگەینی.. دەی لەبیر خۆتی ببەوە.. هەر کووەک هەیە ئەمن دێم سەردانت دەکەم لێ حەزدەکەم لە دەرێ بی نەک لە ماڵێ.

- زۆر باشە هاوڕێ.. ئەمن لە دەرفەتەک تەلەفۆن دەکەم و یەکدی دەبینینەوە.. لێ هەر دەبی جارەکیش پێکەوە بچینە کن بابم لە پەرلەمان.. توو سەری خۆت دڵگران مەبە بەو قسەی کە کردم.. (گەیشتینە لای تەکسییەکان.. هەر هێندە کرا بێژم: "دەی چاکە.. یەکدی دەبینینەوە".. ئیدی لە یەک دابڕاین).

## بەشی شەشەم

- ٤٠ -

پێش ئەوەی بگەم هەستمنەدەکرد هاوڕێیان هێندە چوست و چالاک بن.. کەچی بە پێچەوانەوە دیاربوو نەشونمایەکی چاکیان کردبوو و زۆر گۆڕابوون؛ هەر هاوڕێیەکی دەتگرت کۆمەڵە کەسەکی هینابووە ڕێز و خەڵکەکی زۆری خستبووە سەر هێڵی تێکۆشان و ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆر.. بە تایبەتییش هاوڕێیە نایابەکەم و خانمە هاوپیشەکەی پێشانم زۆر بە گوڕ و بە دڵسۆزیی سەرقاڵی کار و چالاکییەکانیان بوون و هەڵمەتەکی گەورەی ڕێکخراوەییان لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە ئەنجامدابوو.. تەنانەت زۆرەک لەو کارانەی سەرشانی منیشیان ڕاپەڕاندبوو کە لە پێناویاندا گەڕابوومەوە.. لە هەمووشی گرنگتر ئەوە بوو ڕێکخستنەکانی سەرجەم شار و شارۆچکەکانیان پێکەوە گرێدابوون.. ئیدی ئەمنیش زۆر بە شادمانییەوە و بە هەموو هێز و بڕستی خۆمەوە زۆر بە گورجوگۆڵیی ئاوێتەی کارەکانیان بووم و کۆمەڵە کۆڕ و کۆبوونەوەکی ڕێکخراوەیی و جەماوەرییمان سازدان و پاشانیش رایەڵەی پەیوەندییەکانی ڕێکخستنمان بە شێوەکی گونجاوتر و کردەییانەتر ڕێکخستەوە.. هەروا لە کۆبوونەوەکی گەورەی نوێنەران گفتوگۆیەکی چڕوپڕمان لەسەر کارنامە و پێشنیارە تازەکانی ڕێکخستنەکانی دەرێ و نێوخۆ ئەنجامدا تا بەرنامەکی گشتگیر و تۆکمەمان لێیان هەڵهێنجا و بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری کۆتاییمان لەسەر وەرگرت.

هەر لە ماوەی ئەو کار و چالاکییانەماندا کە نێزیکەی دوو هەفتەکی خایەند.. کیژی ئەندام پەرلەمان دوو جار تەلەفۆنی کرد لێ ئەمن لە لایەک لەبەر سەرقاڵیی خۆم و لە لایەکی دیکەش لەبەرئەوەی هیچ هومێدەکی ئەوتۆم پێی نەبوو کە بتانی پێمانەوە پەیوەست ببی چونکێ تا رادەکی چاک لە ڕووی رامیارییەوە لێمان دوور بوو.. هەم دەرفەتەکی پێویست نەدەڕەخسا هەم هێندەش پەرۆشی ئەوە نەبووم هەرێی دیتنی بدەمێ لێ لە جاری سێیەم بە ناچاریی پێمگۆت لە نزیکترین کات کە دەگونجێ پەیوەندییت پێوەدەکەم، پاشان کە سەرقاڵییەکەم هەندەک سووک ببۆوە.. ڕۆژەکیان بە بەبیرهاتنەوەی راموسان و ماچوموچەکانی کاتی گەشتەکەمان وردە وردە ئارەزووەکانم گڕیانگرت و سەرەنجام بڕیارمدا بە زووترین کات پەیوەندییەکی پێوەبکەم.. ئەرێ.. تەواو لە خۆم دڵنیابووم ئەگەر لێوانی نەبان کە هێشتا لێوانم بە چێژی ماچانیان سەرمەست بوون ڕەنگبوو هەر بە پێویستم نەزانیبا جارەکی دیکە ببینمەوە.. نا نەدەکرا و نەمدەتانی فەرامۆشی بکەم! سەرەنجام زەنگەکەم لێدا؛ پاش چاکوخۆشیی و هەندەک باسوخواسی دیکە گۆتی:

- دڵمان لەگەڵ یەک راستە هاوڕێ.. بڕوابکە چەند خوولەکەک پێش ئێستا ئەمنیش دەمویست تەلەفۆن بکەم..

- ئەرێ ئەرێ.. دڵ هەمیشە هایی لە دڵە.. دڵ بێ سۆزی دڵ ناسازێ و... (قسەکەمی پێ بڕیم و گۆتی):

- نا نا ببوورە.. دە ئەتووش بە لایەکی دیکەیدا مەبەوە هاوڕێ.. تکایە لێم تێمەگە.. نیازم ئەوە نەبوو! ئەدی نەمانگۆت ئیدی هاوڕێی پێش گەشتەکەمانین.. (دەرفەتی نەدام هیچ بێژم و درێژەی پێدا) حەزناکەم ئەو جارە هیچ پاساوەک ببینیەوە.. ئەوە کاتی دیدارەکەمانم خستە سبەینێ.. بابیشم رازیببوو و گۆتی کاتژمێر

دووی پاش نیوڕانان دەرفەتم هەیە.. (هەندەک لێی پەست بووم لەوەی کە باسی رازیبوونی بابی کرد وەک ئەوەی تکای لێکرابی دەرفەتەکمان بداتێ بمانبینی.. لێ گرنگییەکی ئەوتۆم بەوە نەدا و ویستم ناچاریبکەم پاش دیتنی بابی پێکەوە بچین هاوڕێیە نایابەکەشم ببینین.. ئەوەش لەبەرئەوەی هەستمدەکرد بە پێی قسەکانی پێشتریی مرخی لەوە خۆشکردیە لە پێشەڕۆژ ببتە ئەندام پەرلەمان.. جا بەڵکە ئەو هاوڕێیەم هەندەک کارتێکردنی لەسەر دابنێ واتە پەرلەمان وەک پیازەکی سپیکرا بداتە دەستی و باسی ئەندام پەرلەمانەکانیشی لۆ بکا کە چ دێوودرنجەکن).

- ئێ چاکە.. لێ ئەمن سبەینێ لە کاتژمێر سێ دەبی هاوڕێیەکم ببینم کە جێیەکەی هێندە دوور نییە لە پەرلەمان.. حەزدەکەم پاش دیدارەکەی بابت بچینە دیداری ئەویش کە هاوڕێیەکی فرە خۆشەویستمە و فرە ئەزموونداو و زیرکیشە.. ئەها ئەوەی جارەکیان باسمکرد لە سەردەمی شۆڕشگێڕییمان ئەندامەکی نووسینگەی رامیاریی پێیگۆتبوو: "ئەتوو.. ئێستا بەژنی خۆت دیتیە؟ ئەمن دە هێندەی بەرزیی ئەو بەژنەت پەرتووکم خوێندیتەوە..." (ویستم پتر سەرنجی رابکیشم) زانیاریی زۆر چاکیشی لەسەر پەرلەمان و ئەو شتانە هەیە.. بێ گومان زۆر سوودی لێدەبینی چونکێ ئەتووش حەز لەو بابەتانە دەکەی! (قسەکانم کاری خۆیان کرد و بە خۆشییەوە رازیبوو).

لە نێزک پەرلەمان یەکدیمان دیت.. پێش ئەوەی لە دەروازەی سەرەکیی بچینە ژوورێ کامیرایەکەی دەرهینا و دایەدەستم و پشتی خۆی کردە پەرلەمان تا وێنەکی بگرم.. خەریکبووم وێنەم دەگرت لەپڕ پۆلیسەک لە پشتەوە دەستمی گرت:

- نەکەی.. ئەوە ئەتوو نازانی قەدەغەیە؟ ئەتوو کێی هەر لە خۆتەوە بێ مۆڵەت و بێ پرس وێنە دەگری؟ (لەبەرئەوەی هەندەک نارەزاییم پێشاندا کە لەبەرچی دەبی وێنەگرتن قەدەغە بی خۆ وێنەی سوپامان نەگرتیە.. پۆلیس لێمان خڕبوونەوە و خەریکبوو راپێچمان بکەن.. ئەگەر ئەو خانمە ناسنامەکەی خۆی پێشاننەدابا و نەیگۆتبا کیژی ئەندام پەرلەمانەکەیە و بە نیازی دیداری ئەو هاتیە.. ئەوە هەر دەشیانگرتین!).

نیو کاتژمێرەک پترمان لەگەڵ کاکی ئەندام پەرلەمان بەسەربرد، دیدارەکی زۆر هیشکوبرینگ و فەرمیی و ناخۆش بوو.. بێجگە لەوە مامۆستایانییش دەدوا.. رێک ئەوهام هاتە بەرچاوان کە ئەوە ئەمن خوێندکارەکم و بەرێوەبەری خوێندنگەکەمان بە مەبەستی لێپێچینەوە و سزادان لەگەڵم دانیشتیە! هەرچەندی ئەمن دەمهینا و دەمبرد بەو پێیەی کە ئەو ئەندام پەرلەمانە هەندەک لە بارودۆخی رامیاریی و پەرلەمان و وەزارەتەکان و ئەو تشتانە بدوێین کەچی ئەو هەر دەیبردەوە سەر ئەوەی کە دەبی هاوڕێیەتی ئەوها بی و ئەوها نەبی و هاوڕێی باش دەبی پارێزگاریی لە ئابڕووی یەکدی بکا و... تد، لە هەمووشی عەنتیکەتر ئەوەبوو لە کۆتاییدا کە رووی لە من بوو گۆتی:

- لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دەبی ئەمە لە هەندەران پارێزگارییەکی تەواو لە ئابڕووی ژنانی میللەتەکەمان بە تایبەتییش کیژانمان بکەین چونکێ ئەوە زۆر گرنگە و ئابڕووی نەتەوەکی پێوە بەندە... (هەر تەواو بێزار ببووم.. هیچ دەرفەتەکیشی نەدەدا رای خۆت دەربڕی! ئیدی ئۆقرەم لێبڕا و زووبەزوو دانیشتنەکەم کۆتایی پێهینا و هەستامە سەرپێیان.. لەگەڵ دۆقەکردنم لەگەڵی گۆتیە کیژەکەی ئەتوو راوەستە

هەندەک ئیشم پێتە.. هەر بە پەلە خۆم لەبەردەستی رزگارکرد و چوومەدەرێ.. ئەویش پاش دەمەک هاتەدەرێ، هیچ قسەکم دەربارەی ئەو دیدەنییەمان نەکرد چونکێ دەبووایە نیگەران و دڵگرانی بکەم.. دیاربوو ئەویش نەیدەویست لەو بارەوە بدوێ.. هەستمکرد بە هۆی قسەکانی بابی تووشی شەرمەزارییەک بووبی لە بەرانبەرم.. ئیدی بە پێیان بەدەو قسەی ئاسایی بەرەو لای هاوڕێیە نایابەکەم شۆڕمانکردەوە).

ئەوێ.. لەگەڵ ئەوەی فرۆشگەکی دوورودرێژی فرۆشتنی فەخووریی و قاپوقاچاغ و کەلوپەلی شووشەیی بوو لە نێو بازاڕەکی گەورە.. لێ دانیشتنەکەمان تەواو جودا بوو لەوەی لەگەڵ بابی وی کردمان؛ زۆربەی باسەکانی هاوڕێیەکەم بابەتی زندیی و رۆژەڤی رامیاریی بوون لێ بە زمانەکی شیرین و ناوەناوە نوکتەکیشی دەخێواندە نێوان باسەکان، کیژی ئەندام پەرلەمان خۆی ئەوها پێشاندەدا کە زۆر سەرسامە بە قسەکانی جا نازانم تا چەند راستیدەکرد. هاوڕێیەکەم ئەو پەرلەمانە جوان و بەستەزمانەی بە پشتبەستن بە بەڵگەوە کردە پەڕۆیەکی پیس و لەدەستینا! هەر زوو زوو زەنگی تەلەفۆنەک باسەکانی دەپچڕاند و بە هۆی ئیشەکەشی دەنگی تەلەفۆنەکەی کراوە بوو؛ زۆربەی پەیوەندییەکان ئەوە بوون کە پاش چاکوخۆشیی دەستخۆشییەکی گەرمیان لێدەکرد لەوەی کە دوا نووسینەکەی 'رەخنەکی زۆر جوان و وەپێزە.. پڕ زانیاریی و بەڵگەی وەهێزە.. لە کاتەکی پێویست و زۆر ئازایانە بەرانگژی گەندەڵیی و پێشلکارییەکان بوویتەوە و... تد'.. ئیدی خانمیش لە دەرفەتەکدا لە هاوڕێیەکەمی پرسی:

- زۆر باشە هاوڕێ.. زۆر سوپاست دەکەم لەوەی کە ئەو هەموو زانیاریی و رۆنکردنەوانەت پێبەخشیم.. ئەمن لەگەڵ زۆربەی رایەکانت دام.. لێ حەزمدەکرد بزانم ئایە ئەتوو پێتوەیە پەرلەمان لە راستییدا نوێنەری گەلە؟ ئەگەر نا.. ئایە لە خولی دادێ ئەگەر کەسانی چاک و ژیهاتیی بێنە پێش هیوای ئەوە هەیە چێتر ببی و سیستەمەکی باش دابمەزرێنی؟ نازانم خۆت.. کە ئەو توانایە باشە هەمەلایەنەت هەیە لەبەرچی تا ئێستا لە خولەکدا خۆت بەربژێر نەکردیە؟ کە دڵنیام دەنگی پێویست دەهینی و دەتانی بە باشییش کاری ئەندام پەرلەمانیی ئەنجامبدەی و جوولەکی چاکیش لە نێو پەرلەمان دروستبکەی.. یان هەر ئەوەیە کە پەرلەمان وەک دەزگەکی دەسەڵات رەتدەکەیەوە؟

- (بە زەردەخەنەوە) نا هاوڕێ غەمت نەبی.. ئەدی ئەوە نابینی سەرۆکی پەرلەمانی شووشە و فەخفوورییانم! بڕوابکە ئەندام پەرلەمانەکانی خۆمان هەر هێندەی ئەو شووشە و فەخفوورییانە بەشدارن لە داڕێژتنی ئەو سیستەمەی هەمانە (دیاربوو خانم قسەکەی پێ جوان بوو و هاوکاتیش لە تریقەی پێکەنینێ دا، هاوڕێیەکەم هەندەک خۆی راشکاو کردەوە و درێژەی پێدا) لە راستییدا خەڵکەک هەیە وەهای دەبینن کە 'پەرلەمان خودی خۆی بە جودا لەوەی چەند باشە یان چەند خراپە باشترین دەزگەی پاراستنی چەوسێنەرانە' چونکێ لەمێژە و لە زۆربەی وڵاتان پەرلەمان هەبووە و هەیە کەچی تا ئێستا یەکسانیی لە هیچ جێیەک لە نێوان مرۆڤەکان وەدینەهاتیە تەنانەت لە ژێر سایەی پەرلەمانە بە ناو هەرە باش و پێشڤەڕۆیەکانیش.. لەگەڵ ئەوەی ئەمن ئەو تێڕوانینە بە هەند لەبەرچاو دەگرم... (زەنگی تەلەفۆنەکەی لێیدا.. پاش چەند قسەک تەلەفۆنەکەی داخست و داوای بووردنەکی زۆری لێکردین کە دەبی بە کارەکی پێویست بڕوا و هەر دە خولەکی پێدەچی و دێتەوە).

لەگەڵ دەرچوونی لە فرۆشگەکە بیرم لەوە کردەوە کە ئەوە دەرفەتەکی چاکە خانمێ تاقیبکەمەوە بەڵکە ئێهـ ئەو جارەش بەو دەو و لێوە قنج و پڕ لە چێژەی بگەمەوە و بایی ئەوەی لێهەڵبمژم تا بە کوریکەسۆرێ دەگەمەوە بەشم بکا! هاوکات لەگەڵ ئەوەی خۆم لێی نێزیک کردەوە و لنگم بە لنگی وەنا پێمگۆت: "قسەکی زۆر جوان هەیە دەبێژی؛ فێرکەران فێرمەکە کە فێرتکردن لەبیریانمەکە! بڕوابکە خانم ئەو دەو و لێوە جوانانەت خەریکە شێتم دەکەن.. تکایە.. تکایە تا هاوڕێیەکەمان دەگەڕێتەوە با ئەو چەند خولەکە لەو پەنایە لێوەکانمان ئازاد بکەین و هەندەک تەڕیان بکەینەوە؟" بە کورتییەکەی هەرچەندە لە دەموچاویڕا خوێندمەوە کە لە ناخیەوە زۆری پێخۆشە و هەروەک من گڕیتێبەربووە لێ دەبی و نابی و دەکرێ و ناکرێی نێوانمان دوو سێ خولەکی خایەند.. سەرەنجام بە هەر جۆرەک هەبوو رازییمکرد.. خەریکبوو بچینە پەنایەکە کەچی کڕیارەکی رەزاقورس و ئێسکگران خۆی بە زۆرێدا کرد و تا وەرێمکرد ئەویش یەک دوو خولەکی لێکوشتین.. هەرچەندە لێوانی وی نەک بە پێنج شەش خولەکەک بەڵکە بە درێژایی ماوەی گشت ئەو کات و خولەکانەی کە لە بیرکاریی هەبوون و دەژمێردران لێیان تێر نەدەبووی! لێ چار نەبوو ئەگەر یەک خولەکیش با ئەمن هەر گەللەک سوپاسگوزار بووم، هەر بە پەلە خۆمان گەیاندە پەنایەکە.. فرۆشگەکەی کەتبووە گۆشەی نێوان دوو ریزە فرۆشگان - واتە لەو پەنایەی نێو فرۆشگەکە دەمانتانی هەردوو رێیەکەی پێش فرۆشگەکان تا ماوەکی دوور ببینین - ئیدی هاوکات لەگەڵ ئەوەی لێوەکانمان.. چاوەکانمان.. دەستەکانمان.. شان و مل و سینگ و بەرۆکمان لە تێکۆشانەکی چڕوپڕ و خێرا و پڕ لە جۆشوخرۆشدا بوون تا زۆرترین چێژوچەشە لە یەک وەربگرین دەبووایە هەم رەچاوی کاتەکە بکەین هەم چاوەکیشمان هەر لە دەرێ بی نەوەک هاوڕێیەکەمان لەپڕ بگاتە سەرمان یان کڕیارەکی دیکەی لێمان وەژۆربکەوی.. زۆر باش بوو کە هیچ کڕیارەک وەدەرنەکەت و دە خولەکەکەش تێپەڕی هاوڕێیە نایابەکەم هەر دیارنەبوو.. ئەو لە من و ئەمنیش لەو شەیداتر و بە گوڕتر ماچبارانی یەکدیمان دەکرد و بە تەواویی کەتبووینە جیهانی پڕ لە چێژی خۆمان... سێ چار خولەکەکی دیکە تێپەڕی لەپڕ هاوڕێیەکەمم لە کەلەنی تاخڵچەکانەوە لە دوورڕا دیت کە هێدی هێدی شەقاوانی داهاوێشتن و دەهاتەوە.. لە پەلەپەلیی دوا ماچکردن و دەستلێکبەردان و خۆئاساییکردنەوەمان خۆمان لە گۆشەی تاخلچەکی درێژ دا و شووشە و کەلوپەلەکانی سەری غڕەیان لێوەهات و داڕژانە خوارێ.. زۆربەیان هووردوخاش بوون و کەتینە نێو وردە شووشان.. هەر بە پەلە پڕماندانێ تا خڕیانبکەینەوە.. لێ بە هیچ رانەگەیشتین و هاوڕێیەکەم گەیشتە سەرمان.. بێ ئەوەی هیچ خۆی تێکبدا بە شێوەکی زۆر هێمن و لەسەرەخۆ گۆتی:

- ئەوە چ بووە هاوڕێ.. خۆ چتان لێنەهاتیە؟ (ئاخر ئەمن نە دەمزانی درۆیان بکەم نە دەشمتانی تەنانەت بە پێی ئەو بەرژەوەندییە ئاساییانەش درۆیەک بکەم کە زیان بە هیچ کەس ناگەینی.. چەندی کردم و نەمکرد نەمتانی یەک وشە چیە بخەمە سەر لێوانم.. لێ باش بوو خانم فریاکەت و گۆتی):

- نا ئەمە باشین.. لێ لە راستییدا نازانین هاوڕێ.. ئەمە گۆتمان تا دێیەوە با قیچەک تەمەشای ئەو کەلوپەل و شووشە جوانانە بکەین کەچی ئەو بەشەیان هەر لەخۆوە بێ ئەوەی دەستکارییان بکەین غڕەیان لێوەهات و کەتنە خوارێ! (هەر بێ وەستان ئەو جارە ویستی لێزانانە بە گاڵتەوە تێی بزر بکا و بە پێکەنینەوە گۆتی) نازانم.. ئەمن هەستدەکەم لە قسەکەی تووە تووڕە بووبن کە بە ئەندام پەرلەمانەکانت بەراورد کردن و ئەوانیش لە داخان خۆیان فڕێدا خوارێ! (کە هاوڕێیە نایابەکەم و خانم لە قاقای

پێکەنینییان دا هەستمکرد قسەکەی جێی پێکەنینە بۆ ئەوەی درۆی تێدابێ ئیدی ئەمنیش بۆ ئەوەی قیدلانێی خۆم بکەمەوە لەگەڵیان پێکەنیم.. هەڵبەتە دیاربوو کە هاوڕێیەکەم زۆر دڵنیابوو لەوەی ئەو شووشانە هەر لەخۆوە بەرنابنەوە لێ لەبەر دڵی مە ویستی وەهای پێشانبدا کە سووچی مەی تێدانییە!):

- قسەکەت زۆر راستە هاوڕێ.. ببوورە نەدەبووایە ئەمن تووڕەیان بکەم! ئێ خۆ ئەگەر ئەوەش نەبووبی ئەوە هەر رەنگە بوومەلەرزەکی کەم بووبی و ئەمە هەستمان پێی نەکردبی.. (ئەمنیش گۆتم):

- زۆر بە داخەوە هاوڕێ... (نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم):

- نا هیچ نییە هاوڕێ.. ئەنگۆ خۆشبن نە هیچ گرنگییەکی هەیە و نە هیچ نیگەرانییەکیشی دەوێ.. دەی ئەوە دوایێ خۆم خڕیاندەکەمەوە.. (لەگەڵ فەرموو فەرموو کردنی تا بچین دابنیشینەوە باسەکەی گۆڕی):

- با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، دووبارە داوای بووردن دەکەم کە هەندەک بەجێمهێشتن (پاش ئەوەی دانیشتینەوە یەکسەر دەستی بە قسان کردەوە):

لە کێندەر راوەستاین؟ ئەرێ.. وەک گۆتم ئەوە رای هەندەک خەڵکە.. لەگەڵ ئەوەی ئەمن ئەو تێڕوانینە بە هەند لەبەرچاو دەگرم.. هەروا ئەوەش راستە کە پەرلەمان وەک رێکخەر و داڕێژەری سیستەم هەر لە سەرەتاوە داهینانی چەوسێنەران بووە.. لێ تا ئەو کاتەی میللەت دەتانی بڕیار لەسەر پێویستبوون یان پێویستنەبوونی بدا رەنگە بکرێ پێبەپێی پێویستییەکانی گەشەسەندن و پێشڤەچوونەکانی کۆمەڵ هەندەک یاسا و رێسای تێدا دەربچی کە میللەت لە هەندەک رووەوە سوودیان لێببینی و هاوکتیش بیانکاتە ئامرازەکی وەها کە بە شێوەک لە شێوەکان و لە هەندەک رووەوە دەسەڵاتدارانی پێ بەرزەفت بکا تا نەتانن ئەو ماف و ئازادییانە پێشێل بکەن کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە بابەتییەکان و پێویستییەکانی ژیان و خەباتی خەڵکەوە وەدەستدێن. دەربارەی خۆشم.. هەرچەندە هێشتا ئازادیی خۆپالاوتن و هەڵبژاردن و یاسا و رێسایەکانی هەڵبژاردن و سەربەخۆیی ئەندامانی پەرلەمان زۆر لاوازن و هەموو شتەکیش هەر لە ژێر هێزی قامچیی پارتی و پارتیایەتی دان و بە پێی خولیا و ئارەزووەکانی رامیاربازەکان و سەرکردە عەسکەرتارێی و خێلەکییەکان وەڕێوەدەچن.. لێ ئەگەر ئەوانەش هەر ئێستا هەمووی چارەسەر بکرێن و ئەو پەرلەمانە وەک باشترین پەرلەمانی جیهانی لێبێ ئەمن هێشتا هەر نامەوێ ببمە ئەندام پەرلەمان چون هەستدەکەم خەڵکانەکی زۆر زۆر پتر لە ژمارەی ئەندام پەرلەمانان لەو وڵاتەدا هەن لە من ژێهاتییتر و شیاوترن ئەو کارە بگرنە ئەستۆ. ئەوەش گەمژەییەکی گەللەک گەورەیە ئەگەر بمەوێ ببمە نوێنەری کەسانەک لە خۆم چێتربن! هەروا ئەمن... (لەپڕ چەند چەکدارەک وەژۆرکەتن و بێ هیچ پرسیارەک هێرشیان کردە سەری و لە پشتەوە دەستیان بەست و گۆتیان: "دەی بە پێشمان بکەوە"! هەرچەندی گۆتمان ئەوە چ بووە.. لەبەرچی دەیبەن...؟ لێ وەک ئەوەی هەر لەگەڵ ئەوانیشمان نەبی هیچ وەرامیان نەداینەوە و دەرکەی فرۆشگەکەیان پێ داخست و بە تۆبزیی سواری ترومبێلەکیان کرد و بردیان)!!!

پاش دە رۆژان بێ ئەوەی هیچ کەسەک بە فەرمیی پێی رابگەینی لەسەر چ گیرایە بێ هیچ لێکۆڵینەوە و دادوەرییەک ئازادی دەکەن.. تەنێ چەکدارە پاسەوانەکان پێیانگۆتبوو: "ئێستا ئازادت دەکەین.. بەس پیاوبە چیدی هەر لە خۆتەوە درۆودەلەسان دژ بە دەسەڵات و بەرپرسان هەڵنەبەستی.. ئەگەر نا.. ئەو جارە بتگرینەوە ئیدی لە ژیانت رۆناکیی دەرێ بە چاوانی خۆت نابینیەوە.."! هەر کە ئەو گیرا ئەمن وەهام مەزەندە

دەکرد کیژی ئەندام پەرلەمان بە پەلە خۆی بگەیێنتە بابی و کارەکی وەها بکا بە زووترین کات بەریبدەن کەچی تا گەڕاوە دەرێش نەک هەر لە چارەنووسی هاوڕێیەکەمی نەپێچاوە بەڵکە هەر تەلەفۆنەکیشی نەکرد! بە کورتییەکەی ئەمن و ئەو دوو جیهانی زۆر لە یەک جودا و دوور لە یەکمان هەبوو.. لەبەرهەندێ تا دەهات هاوڕێیەتییەکەمان لاواز و لاوازتر دەبۆوە.. هەر کە زانیشمەوە پاش چەند مانگەک لە گەڕانەوە دەرێی پوولەکی بە خۆشەویستەکەی وەنایە ئیدی پەیوەندییەکەمان گەیشتە نێزیک بە ئاستی نەمان.. تەنێ جاروبارەک کە بە رێکەت لە جێیەک یەکدیمان دەدیت چاکوخۆشییەکمان لە یەک دەکرد و هیچی دیکە.. زۆر بە داخەوە کە بە ئێکجاریی لەو لێوانە دابڕام و تا ئێستاکەش ئەو بێ لێوییەی ئەوم هەر پێوەدیارە! پاش ماوەکیش بیستمەوە ئەو خانمە لێو جوان و پڕ چێژە شووی بە بازرگانەک کردیە کە بە بابی دەشێ! ئەو بازرگانەش تەنێ لەسەر ئەوە وازی لە هاوسەری پێشترێی هینابوو کە هاوسەرەکەی ویستبووی خوێندنی زانکۆیەکەی تەواوبکا! هەر پاش شوکردنەکەشی بە قۆزتنەوەی ئەوەی لە پەرلەمانەکەی بابی کەسەکیان پێویست دەبی ژن بی جێی ئەو فەرمانبەرە ژنە دەگرتەوە کە بە هۆی ئەوەی بە توندیی بەرگریی لە مافەکانی ژنان کردبوو بە بیانووی رەوشت خراپیی لە کارەکەی دەریانپەڕاندبوو! ئیدی بەو شێوە بە ئێکجاریی کۆتایی بە مرۆڤبوون و مێینەییەکەی خۆی دەهینی.

## - ٤١ -

زۆربەی ئەو کارانەی لە پێناویاندا گەڕابوومەوە تەواومکردبوون.. تا دەهات سەرقاڵییەکانم کەمتر دەبوونەوە، لەوان دەماندا کەش و پلەی گەرما زۆر خۆش و لەبار بوو لۆ چوونە دەشتودەر.. کەم رۆژ هەبوو لەگەڵ هاوڕێیەکانم نەچینە گەشت و سەیران.. هەم کۆبوونەوەکانمان لە سەیرانگەکان ئەنجامدەدان هەم کاتەکی ئاسوودە و خۆشمان تێیاندا بەسەردەبرد.. لێ ئەوەی زۆر بێزاری کردبووم ئەوە بوو کە رێکخراوی نێوخۆمان بە بەراورد بە ئی دەرێ ژنی کەم تێدابوو.. هەر بەو مەبەستە چەند کۆبوونەوەکی تایبەت بەو بابەتەمان سازدا.. سەرەنجام بەرنامەکارەکی تۆکمەمان داڕشت و کۆمەڵە رێوشوێنەکی تایبەتیشمان دانا تا بە هەر شێوە و شێوازەک هەیە بتانین پتر بچینە نێو ژنان.. ئەوەش هەر لە پێناو ئەوە نا کە ژنان پتر و پتر بە رێکخراوەکەمانەوە پەیوەست بن و بەس بەڵکە بتانین کارەکی وەها بکەین کە ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیان بەشداریی کاریگەریان هەبی و بتانن وەک پیاوان لە نێو کۆمەڵ هەڵبسووڕێن و پێبەپێی ئەوەش رەگوڕیشەی پیاوسالاریی و نێرسالاریی و هەرچی دابونەریتی دژەژنیی هەن لە بنوبۆتکەوە دەریانبکێشن.

لە ژنانی نێو رێکخراوکەمان خانمە هاوپیشەکەی پێشانم و خانمەکی هاوڕێی کە دەستەخوشکی بوو و هۆزانڤان و نووسەرەکی زۆر باش و بوێریش بوو وەک سەرپەرشتیاری بەرنامەکارەکە هەڵبژێردران و هەر خۆشیان نەخشی سەرەکیی و بەرچاویان تێیدا هەبوو چ لە گفتوگۆیەکان و ساغکردنەوەی چ لە داڕشتنەکەی، لێ خانمی هۆزانڤان هێندە بە توندیی وەریگرتبوو هەستمدەکرد هەندەک لە رەگەزەکانی فێمێنیزمەکی دژەپیاویی تێدابی.. پاشان هەر لەو بارەوە کۆبوونەوەکی تایبەتم لەگەڵی سازدا و گفتوگۆیەکی دوورودرێژمان لەسەر فێمێنیزم و رەوتەکانی کرد.. ئەمن زۆر جەختم لەسەر ئەوە کردەوە پێویستە زۆر وریا بین لەوەی کە ئەو جوولە و تێکۆشانەی مە لە پێناو بەرابەریی ژنان و پیاوان بەرەو ئەو فێمێنیزمە دژەپیاوییە نەڕوا کە سەرمایەداران و

لیبراڵەکان لە پێناو سەرلێشێواندنی فێمێنیزم دایانمەزراندیە.. لە راستییدا ئەگەر زۆر بە کورتیی و بە سادەیی پێناسەی چەمکی فێمێنیزم بکەین هەر ئەوەیە کە 'بیردۆزەکی یەکسانییخوازییە لە پێناو گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی ژنان لەسەر بنچینەی یەکسانیی وەک یەکی نێوان ژنان و پیاوان' لێ رەوتە جوداجودایە فەلسەفیی و هزرییەکان هەر یەکەو بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی کلک و گێیەکی دیکەی لێی قوتکردیتەوە و بە شێوەکی دیکە ناویدەبا، ئەوەم زۆر پێخۆشبوو کە ئەویش زۆر بە هووردەیە و هاوکاتیش پێ لەسەر تێڕوانینەکانی خۆی دادەگری لێ لەبەرئەوەی لە ئاخافتن رەوانبێژ نەبوو نەیدەتانی بە شێوەکی باش و پێویست گفتوگۆی را و تێڕوانینەکانی بەرانبەرەکەی بکا، لە خستنەڕووی هەندەک چەمک و رامانیدا هەژارییەکی هزریی پێوەدیاربوو لێ ئەمن نەمدەویست گوشاری بخەمەسەر چون لە پرسی لەو جۆرانە ناکرێ و هەر راستیش نییە هیچ کەسەک بتانی لە کاتەکی کەم و بە هاسانیی تێڕوانینی خۆی بگۆڕی و رێچکە راستەکە یان هەر رێچکەکی دیکە پەیدۆز بکا و خۆی لەسەری ساغبکاتەوە، هەرکووەک هەبوو زۆر ئاسوودە بووم بەوەی نیازی پاکە و دەیەوێ راشکاوانە لەسەر پرسەکە تێبکۆشی. پاش ماوەک ئەو جارە بە تەلەفۆن پەیوەندیی کرد و زۆر قسەمان لەسەر هەمان مژار کرد.. هەرچەندە هەر وەک جاری یەکەم توندڕەوانە دەدوا و تێڕوانینەکانی وەک فێمێنیستە ژنسالارەکان بۆنی ئەوەیان لێدەهات پیاوی یەکسانییخواز و پیاوی نێرسالار زۆر لە یەک جودانەکاتەوە لێ قسەکانی منیشی بە هەند وەردەگرتن و هەستمدەکرد ئەگەر هانیبدەم هەندەک پەرتووکی چاک لەو بارەوە بخوێنتەوە و خۆشم درێژە بەو گفتوگۆیانە بدەم لەگەڵی ئەوە گۆڕانی بەسەردا دێ یان بە لایەنی کەم ئەوەی لە لا رۆشن دەبتەوە کە زۆربەی جوایەزییە سروشتییەکانی نێوان ژنان و پیاوان ئاسایین و پێویستە ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین لە هەڵسوکەوتکردن لە بەرانبەر یەک یەکسان بن بە تایبەتییش لەو سەردەمەی پێشکەتنی زانست و تەکنەلۆژیا ئەگەر بە کردەوە یەکسانییخوازانە بیربکەینەوە دەتانین زۆر بە هاسانیی ماف و ئازادیی وەک یەکی نێوانیان دابین بکەین و کۆتایی بە چەوساندنەوەی رەگەزیی بهینین. چەند رۆژەک پاشترێ دیسان تەلەلەفۆنی کردەوە:

- وەک ئەوەی لە دەستەخوشکێم بیست ئەتوو زۆر گرنگیی بە وێژە بە تایبەتییش بە چیرۆک دەدەی، هەرچەندە ئەمن وەک نووسین هەر هۆزانان دەنووسم لێ چەند چیرۆکەکیشم هەن و هەر ئێستا بە دوا داڕشتن لە پاکنووسکردنیان بوومەوە.. جا نازانم.. حەزدەکەم ئەگەر دەرفەتت هەبی چاوەک بە دوا چیرۆکمدا بخشێنیەوە.. ئەویش لە پێناو دوو ئامانج؛ یەکەمیان: رای تووی لەسەر وەربگرم کە تا چ رادەک چیرۆکەکی هونەریی و باشە.. لێ بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هاوڕێی یەکین هەروا بێ ئەوەی کە ژن ئەگەر کارەکەی خراپ و پڕ کەموکوڕییش بی هەر دەبی دەستخۆشیی لێبکرێ و هانبدرێ.. ئەمن خۆم زۆر دژی ئەوەم چونکێ پێمەویە ئەگەر ژنان دەرفەتیان هەبی یان راستتر بێژم دەرفەتیان بدرێ دەتانن وەک پیاوان بگرە باشتریش هەر کارەک ئەنجامبدەن، دووەمیشیان: لە کۆپلەی کۆتایی چیرۆکەکەم زۆر بە کورتیی ئاماژەم بە سەرهاتەکی چەکدارەکی شۆڕشگێڕ کردیە.. جا کە ئەتووش پێشترێ ماوەکی زۆر چەکداری شۆڕش بووی رەنگە ئەوەت بیستبی.. ویستم بزانم ئایە ئەو سەرهاتە بە راستیی روویدایە یان تا چەند راستە ئەگەر بزانی؟ جا ئەگەر دەتانی ئەوە زۆر سوپاست دەکەم و دەتانم لە دیداری دادێ لەگەڵ خۆمی بهینم یان ئەمن بە باشتری دەزانم هەر ئێستا بە ئیمەیڵ بینێرم؟ (وەک گۆتم لە ئاخافتن رەوانبێژ نەبوو؛ هەستمکرد زۆر خۆی دەکوشی و تەواو هەناسەبڕکێ ببوو تا ئەوەندە قسەی کردن. زۆر بە خێرایی بیرم لەوە دەکردەوە کە؛ زۆر سەیرە.. هەر هاوڕێیەکی دەیگری

چیرۆکنووسە.. نازانم.. ئێستا ئەمە خەریکی دامەزراندنی بزاڤەکی رامیارییین یان وێژەیی و هونەریی یان هەموو تشتەکمان ترشاندیتە سەر یەک؟! لە سەرەکیش زۆر شادمان بووم بەوەی کە خەریکە چیرۆکیش وەک رشتەکی زۆر گرنگی فەرهەنگی میللەت جێکەوتە دەبی و بە دیاردەکی زۆر ئەرێنیی دەهاتە بەرچاوانم.. لێ لە غەمی ئەوەشدا بووم کە رەنگە ئەوەش زۆریی و بۆریی بەرهەمبهینی و ئیدی دەبی لەنەوپاش بە چراڕەشکە لەدوو بەرهەمی باش بگەڕێین واتە کەسی لێزان و تایبەتی خۆی دەوێ چیرۆکی باش لە نێو ئەو لێشاوە پەیدۆز بکا! هەرکووەک هەبوو بە پەلە خۆم گورجکردەوە و پێڕاگەیشتم راستەوخۆ پاش تەواوکردنی قسەکانی بەرسڤی بدەمەوە):

- زۆر شادمانم بەوەی کە چیرۆکیش دەنووسی.. جا ئەمن نەتانم ئەوە لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستی وەک توو بکەم لەگەڵ کێ دەیتانم؟! تکایە هەر ئێستا بینێرە.. دڵنیاشبە هەر چیەکم لەسەری هەبی بێ پێچوپەنا و بە زووترین کات بە دەستت دەگا. دەی جارێ کاتەکی خۆش و ئاسوودە.

زۆری نەبرد چیرۆکەکەی گەیشت و زۆر بە تاسە و تاسووقەوە کەتمە سەری:

«بێجگە لەوەی گەلەک بەو ناوە دوورودرێژەی ئەو چیرۆکنووس و هۆزانڤان و لێکۆلەرە هەراساندەبووم کە ناوی باب و باپیری دینیی بوون و ناسناوەکەشی خێلەکییانە بوو.. لێکۆلینەوە و هەڵسەنگاندنەکانیشی کە زوو زوو لەسەر بەرهەمی هۆزانڤانان و چیرۆکنووسان دەینووسین و بڵاویدەکرنەوە؛ زۆر زۆر بێ برست و لاواز بوون تەنانەت لە لێدوان و گوتاری وشکە رامیارەکانیش بێ ئاستتر بوون! گشتی هەر قسەی رووت و بێسەروبەر بوون و هەرگیز خۆی لە قەرەی لایەنە هونەریی و وێژەییەکانی دەق و زمان و شێوازی نووسین نەدەدا بەڵکە زۆربەیان هەر ستایش و پەسندانی خاوەن بەرهەمەکان بوون بە تایبەتییش ئەگەر ژن بان.. ئەوانەش هەمووی بە زمانەکی فرە پەڕپووت و بازاڕییانە.. ئەوە رێنووس و خاڵبەندییش هەر لێگەڕێ کە چی بەسەر ئەو زمانە قوڕبەسەرە هینابوو! لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوە بوو کە گەلەک بێ هەڵوێست بوو لە رووی هزرە رامیارییەکانی پەیوەست بە هونەر و وێژە.. واتە وەک نموونە؛ ئەگەر چیرۆکنووسەکی ژن لە نێو چیرۆکەکانی یان هەر وەک خودی خۆی 'سوپاسگوزار و نێرسالار بووایە یان دژ بە چینە نەدار و چەوساوەکان با یان وەک دیندارەکی تاریکبین با کە نەتەوە و نیشتیمانی خۆی نەناسی' ئەوانە هیچی کێشە نەبوون لە کنە وی بەڵکە تەنێ ئەوە گرنگ بوو کە دەبووایە بە هەر شێوەک هەیە خۆی بگەیەنتە ئەو ژنە و بە باشترین و داهێنەرترین چیرۆکنووسی ژن لەسەر ئاستی وڵات تەنانەت ئاستی جیهانیش پێناسە و ستایشی بکا!

رۆژەکیان پاش کۆتاییهاتنی کۆڕەکی وێژەیی.. کە زانیبووی ئەمنیش هۆزانان دەنووسم.. ئێخەی گرتم و خۆی پێناساندم.. لێم بووە قیڕ و بنیشت.. ئیدی لە هەر دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوەکی نووسەران لە پێشم قوت دەبۆوە و بە قسە پڕوپووچ و بێ واتایەکانی وەنێودەکەت و تەواو بێزاری دەکردم، لە قسەکردنیش هەروەک نووسینەکانی هەر خەریکی ستایشکردنی بەرانبەرەکەی بوو جا ئەو کەسە نووسینەکانی باش بان یان خراپ.. هەستمدەکرد دەیەوێ لە رێی ئەو ستایشکردنە چرووکانەی سەرنجی نووسەران و هەر کەسەک رابکێشی کە ئەو نووسەرەکی زۆر ڤەکریی و مرۆڤدۆست و ژنپەروەر و گەنجانە و گەشبین و هاندەرە.. ئیدی بەو جۆرە خۆی خۆشەویست بکا! سەرەنجام بە ناچاریی و تەنێ لە پێناو ئەوەی زۆر نەیبینم وازم لە هاتوچۆکردنی ئەو جێیانە هینا کە بە ناو رۆشنبیران لێی کۆدەبوونەوە!

هەر بە راستیی لێی دەترسام؛ ترسی ئەوە نا کە ئەو پیاوە و ئەمن ژنم و ڕەنگە وەک زۆربەی پیاوان لێی بوەشێتەوە دەستدرێژیم بکاتە سەر.. نا ئەوە نەبوو.. لە ڕاستییدا ئەو ڕەوشتەی زۆر باش بوو.. واتە لەو جۆرە پیاوانە نەبوو کە ژنان تەنێ لە نێو نێوگەڵی خۆیانەوە دەبینن! بەڵکە ترسی ئەوەی کە تووشت دەبوو تا تەواو بێزار و وەڕسی نەکردبای وازینەدەهینا.. هەر لەبەرهەندێ چوونە کۆڕ و کۆبوونەوە وێژەیی و هونەرییەکانیشم زۆر کەمکردبوونەوە، لێ ڕۆژەکیان هەر بە ڕێکەت بە پێش ئەو هۆڵەی شارەکەماندا تێدەپەڕیم کە زۆرترین کۆڕی ڕۆشنبیریی لێدەکرا.. هەستمکرد لە ژۆرێ تشتەک هەبی.. هەر لە خۆمەوە چوومە بەر دەروازەی هۆڵەکە.. کەسەکم لەوێ دیت کە دەمناسی لێ تەنێ چاکوچۆنییمان هەبوو.. لێمپرسی: "ئەوە چ لە ژۆرێ هەیە؟"، گۆتی: "کۆڕەکی وێژەییە لێ ئەمنیش نازانم سەبارەت بە چیە"، ئیدی ئەو جارەش قیرسیم لێیکرد و چوومەژۆرێ.. دەرکەی چوونەژۆرێی لە لای سەکۆی هۆڵەکە بوو.. واتە کە دەچوویەژۆرێ دەبووایە بە تەنیشت یان پێش سەکۆیەکەدا بڕۆی تا بچی لە ڕیزی ئامادەبووان لە جێیەک دابنیشی.. هەر کە کۆڕگێڕەکەم دیت لە هندوڕی خۆم گۆتم ئەی هاوار چم بە خۆ کرد! کۆڕی هەمان ئەو کەسە بوو کە ئەمن لە هەموو جێیەک خۆم لێیدەشاردەوە کەچی بە پێی خۆم چووبوومە بەردەستی! هەر کە ئەمنی دیت لەگەڵ ئەوەی لە گەرمەی قسەکردندا بوو هاوکاتی قیتبوونەوە و پێشوازییکردنی لێم دەستی بە چەپڵەلێدان کرد و ئامادەبووانیش لەدوو وی چەپڵەبارانیان کردم! تووشی سەرسوڕمانەکی زۆر هاتم و نەمدەزانی لەبەرچی بەو شێوە پێشوازییان لە من کرد.. بێ ئەوەی سەر لەو بەزمە دەربکەم بە ناچاریی و بە شەرم و نیگەرانییەکی زۆرەوە هێدی هێدی چووم لە دوا ڕیزی ئامادەبووان دانیشتم.. کە دیتم خەڵکی دیکەش وردە وردە دێنەژۆرێ و کەسیش پێشوازییان لێناکا ئیدی ئەو پێشوازییەی لە منیان کرد بە ئێکجاریی بووە مەتەڵەکی زۆر سەیروسەمەرە لە کنە من و خەریکبوو مەژیم ڕابوەستی!

هەرکووەک هەبوو دانم بە خۆدا گرت و لە شەرمان سەرم لەبەرخۆ نابوو! لای خۆیەوە کۆڕەکەی هەڵسەنگاندنی هۆزانی هۆزانڤانەک بوو کەچی لە ستایشکردنی هۆزانڤانەکە پتر بترازێ هیچ تشتەکی دیکە نەبوو.. تەنانەت باسی یەک دێر و یەک وشەی هۆزانەکانیشی نەکرد، لە لایەک زۆر زۆر لێی پەست ببووم.. لە لایەکی دیکەش بێزم لە خۆ دەکردەوە کە کوو ئەمن دەتانم بە دیار کۆڕەکی ئەوها دابنیشم کە تەنێ دەیگوت خانمی هۆزانڤان شانی ئەوها و خانمی هۆزانڤان باڵی ئەوها و هیچی دیکە! دیاربوو هەر لەبەر ژنبوونی هۆزانڤانەکە ئەو بەزمەی دەکرد! کە کۆتاییشی بە قسەکانی هینا و کاتی ئەوە هات دەرفەت بداتە ئامادەبووان تا بەشداریی کۆڕەکە بکەن لە هندوڕی خۆم گۆتم 'تازە هەر تووش بوومە تووش بوومە.. ئێستا ئەگەر بە توبزییش بی هەر قسەم پێدەکا.. یان پاش کۆتاییهاتنی کۆڕەکە و لە کاتی چوونەدەرێ هەر ئێخەم دەگری.. جا باشترە سەرنج و تێبینییەکانی خۆم بخمەڕوو و هاوکاتیش تەپوتۆزەکی لەسەر چێبکەم تا چیدی ڕووی نەیێ تووشم ببی و هەراسانم بکا. ئیدی گۆتی:

- هێژایان.. ئامادەبووانی بەڕێز و خۆشەویست و لە دڵان شیرین.. ئێستاش کاتی ئەوەیە هەر کەسەک ئەگەر هەر پرسیار و سەرنج و قسەکی هەیە هیوادارم بەشداریی بکا و کۆڕەکەمان دەوڵەمەندتر بکا.

هەڵبەتە ئەو تشتەکی ئەوتۆی نەگۆتبوو تا کەسەک بتانی بە پێی تێڕوانینەکانی وی گفتوگۆیەکی وێژەیی بورژێنی، ئەمن دەمویست زۆر بە سادەیی تێبگەینم کە لە نێو ئەو درێژەدادرییە و بە درێژایی ئەو هەموو کاتە هیچم دەربارەی هۆزان نەژنەوت.. بە کورتییەکەی هەندەک دابەزمە سەری تا جارەکی دیکە شەرم لە خۆی

بکاتەوە کە کۆڕی لەو بابەتە ببەستی و کاتی خەڵک وەفیرۆبدا، هەر کە دەستم بەرزکردەوە؛ دوو سێ جار دەستەکانی لێکدان و خەڵکەش لەدوو وی دەستیان بە چەپڵە و فیکەلێدان کرد و هەر نەیاندەبڕیەوە! ئیدی ئەمنیش بە سەرسوڕمانەکی ئێکجار زۆرەوە گۆتم:

- داوای بووردنتان لێدەکەم.. ئەمن هێشتا یەک قسەم نەکردیە.. نازانم ئەو هەموو چەپڵەلێدانە چیە! لە راستییدا ئەمن تەنێ ویستم بێژم؛ زۆر بە داخەوە.. ئەوەی باسی وێژە و هەڵسەنگاندنی هۆزانە لەو کۆڕەدا نەمبیست.. تەنانەت نەمزانی کاکی کۆڕگێڕ باسی چ بەرهەمەک دەکا و ئی چ هۆزانڤانەکیە.. ئاخر خۆ...

ئیدی نەمتانی درێژە بە قسەکانم بدەم چونکێ ئامادەبووان تێکڕایان دەستیان بە پێکەنین کرد؛ بووە یەک غەڵبەغەڵب و گەڕەلاوژێ کەس گێی لە کەس نەدەبوو! زۆر بەسەر خۆدا شکامەوە.. ئاخر هیچ قسەکی عەنتیکە یان کۆمیدییم نەکردبوو مایەی ئەو هەمووو پێکەنین و قاقا لێدانە بی.. نەمدەزانی چ دەکەم و دەبی چ بکەم! باش بوو لەو دەم هاوڕێیەکی خۆم دیت کە چەند کورسییەک لە دووری من دانیشتبوو.. هەر بە پەلە خۆی گەیاندە کنم و سەری لە بن گێم نا و گۆتی:

- کچێ هاوڕێ.. ئەو کۆڕە دەربارەی توو و هۆزانەکانی توو بوو...

ئیدی وەک ئەوەی مەلەوانەکی نەزان بکەویتە نێو شەپۆلی دەریایەکی پڕ گێژەن هیچ چارم نەما تەنێ خۆڕزگارکردن نەبی.. هەر بە پرەپڕ بەرەو دەرێ شەقاوانم هاویشتن و وەنێو ریزە کورسییەکان کەتم.. هاوڕێیەکەم بە لای خۆیەوە یارمەتیی منی دەدا.. دەستمی گرتبوو تا لە نێو ئاپۆرەی ئامادەبووان قوتارمبکا.. کەچی لەبەرئەوەی ئەمن زۆر تەنگاو و بە پەلە بووم کە گیردەبووین ئەمن ئەوم لە کەلەنی نێوان ئامادەبووان رادەکێشا و رزگارمدەکرد! هەرچەندە ئێرە جێی بیرەوەریی گێڕانەوە نییە لێ جارەکیان سەرهاتەکی چەکدارەکی شۆڕشگێڕی سەردەمی شاخم بیستبوو و زۆر لەگەڵ ئەو سەرهاتەی من دێتەوە.. ئیدی هیچ چارم نییە هەر دەبی بیگێڕمەوە بەس زۆر بە کورتیی: «لە شەڕەکی دەستەویەخەدا کە شکستمان هینابوو و بریندارەکمان هەبوو.. لە پاشەکشێکردندا دوو کەس چووبووینە بن پیلی ئەو بریندارە تا قوتاربیکەین.. کەچی لەبەرئەوەی زۆر ترسی لێنیشتبوو لەوەی کە رەنگە بەجێیبهێلین و بکەوتە بەردەستی دوژمن زۆر تەنگاو ببوو و زۆر بە پەلە شەقاوانی دەهاویشتن.. پاش ماوەک وەیلێهات هێندە بە خێرایی غاریدەدا ئەو جارە ئەمە کەتبووینە دوایێ و ئەو دەستی هەردووکمانی گرتبوو و رایدەکێشاین!» بە کورتییەکەی هاوڕێیەکەی منیش هەر لە دوایێم دەرۆیشت و لێم ببووە بارگرانیی.. پاش ئەوەی بە پەلەپەل هەندەک لەدوو خۆم رامکێشا و وەک ئەوەی ئەمن دەمویست فریانەدەکەت لە دووم بێ بە ناچاریی دەستی خۆم لە دەستی راپچکاند و بەجێمهێشت.. ئیدی زۆر بە خێرایی و برووسکە ئاسا لە ماوەکی زۆر کەم خۆم لە نێو شەپۆلی پێکەنین و گەڕەلاوژێی ئامادەبووان قوتارکرد و لە هۆڵەکە وەدەرکەتم.. تەنانەت پاش برینی چەند کۆڵانەکیش هەر نەمدەوێرا ئاوڕ لە هۆڵەکە بدەمەوە!!!».

لەو دەمدا بەو یەک جار خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە ئەوهام هاتە بەرچاوان؛ رێک بە پێچەوانەی ئەوەی کە خۆی لە ئاخافتندا باش نییە واتە لە دەمودوو و خۆشگۆییدا رەوان و بە گفتولفت نییە و ناتانی بە پێی پێویست گوزارشت لەو تشتانە بکا کە لە هزر و بیرکردنەوەیدا هەن.. لێ لەو نووسینەیدا دەتانم بێژم زمانەکی زۆر قۆل و پڕ لە گوزارشت و هەماهەنگی وەکاربردیە.. جوانکاریی لە هۆنینەوە و رەوانیی لە رێچکەگرتن دوو تایبەتمەندیی نایابی داڕشتنە هونەرییەکەیتی، لە رووی هزرییشەوە زۆر تێروپڕە بە رامان و

تێڕوانینی تازە و پێشکەتنخوازانە.. هەرچەندە ئەو خودی خۆی لە رووی یەکسانیی رەگەزییەوە خولیایەکی ژنسالاریی بەسەریدا زاڵە لێ لە چارچێوەی هەندەک کۆپلەی نێو ئەو چیرۆکەیدا بێجگە لەوەی بە لەبەرچاوگرتنی کەتواری نێو کۆمەڵ زۆر جوان و سەنگینانە دەست دەخاتە سەر کرۆکی پرسی ژنان ناوەناوەش بە پێی پێویست گورزی کاریگەرانەی خۆی لە نێرسالاریی دەوەشێنی. رەنگە تاقە رەخنەی نەرێنیی من لێی هەر ئەوە بی کە زمانی دارشتنی دەقەکەی هەندەک سەخت و تەمومژاوییە.. ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەیدا زۆر خۆت بەرزەفت نەکەی یان خوێنەرەکی زۆر باش و راشکاو نەبی ئەوە لە زۆر جێیدا سەرە داوەکانی بیرۆکەکانت لەدەستبەردەبی و تووشی ئاڵۆزیی تێگەیشتن دەبی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی رستەکان و ئیدی هەر ناچار دەبی زوو زوو بگەرێیەوە دوایێ تا رایەڵە بنچینەییەکان بزر نەکەی و چین بە چین لە چنینی کۆی پانتایی رووبەرەکەی تێبگەی.. لێ ئەوەشیان خۆبەخۆ چێژەک بە خوێنەر دەبەخشی ئەگەر راشکاوانە لەگەڵ وشە و دەستەواژەکاندا بژی و سەرپێیانە بەسەریاندا تێنەپەرێ. هەرکووەک هەبوو هەستمدەکرد ئەو خۆی کەسایەتییەکی وەهای هەیە بە ستایشکردنی کارەکانی تووشی جۆرەک لە لەخۆباییبوون دەبی.. هەر خۆشم ستایشکردنی راستەوخۆم لەسەر کاری ویژەیی بە باش و ئەرێنیی نەدەزانی.. بێجگە لەوەش دڵنیا نەبووم کە ئەو چیرۆکە جوانە هەمووی خۆی داپرشتیە یان کەسانی دیکە بەسەریداچووینەوە و دەستکاریی دارشتەکەیان کردیە.. لەبەرهەندێ تەنێ ئەوەندەم لەسەری نووسینی و هەر دەمودەستیش بە ئیمەیڵ وەرێمکرد:

«لە راستییدا چیرۆکەکی چاکە.. ئەگەر ئەوە ئی من با هەر ئێستا بێ سێ و دوو لێکردن بڵاومدەکردەوە. سەبارەت بە سەرهاتەکەی کۆتاییەکەشی؛ ئەرێ.. ئەوە بە راستیی روویدایە و هەر خۆشم لە نێزیکەوە هاییم لێبوو تەنانەت کەسەکانیش واتە هەر چار چەکدارە شۆرشگێرەکەشم دەناسین، حەزدەکەم هەر وەک زانیارییەک ئەوەش بزانی کە شەرەکە لە بەرانبەر دوژمن نەبوو بەڵکە شەرێ نێوخۆی سەردەمی شاخ بوو لە نێوان دوو لایەنی شۆرش.. زۆر بە داخەوە پاشانیش چەکدارە بریندارەکە وردە وردە برینەکەی لێی پیس دەکا تا بە تەواویی تەندروستیی تێکدەچی و سەرەنجام هەر بە هۆی ئەو برینەوەی گیانی خۆی دەسپێری».

با ئێستا بگەرێینەوە سەر خانمە هاوپیشەکەی پێشانم.. هەرچەندە ئەو زۆر بە جوانیی و بە رێکوپێکی پرسەکەی وەرگرتبوو.. هەستمدەکرد وەک فێمێنیستەکیش کەسایەتییەکی وەهێز و سەنگینی هەیە و دەتانی لە جێبەجێکردنی کارنامەکە بە ئەرکی پێویستی خۆی هەڵبستی.. لێ کێشەکی گچکەم لەگەڵ وی هەبوو.. ئەویش ئەوە بوو لە یەکەم دیدارم لەگەڵی لەو دووەم گەشتەمدا دوو ماچم لێی کردبوو.. تومەز ئەو بە ماچی خۆشەویستیی وەریگرتبوو ئیدی وەک قیر و بنیشت پێمەوەنووسابوو تەواو هەراسانی کردبووم:

لەو گەشتەمدا لە خانییە تازەکەم دەژیام کە هەر لە نێزیک خانییەکەی پێشانم بوو.. کە هاتە دیدەنییم چێشتنگاوەکی زوو بوو.. وێدەچوو لەبەرئەوە منداڵەکەی لەگەڵ خۆی نەهێنابی تا بە تەنێ بمبینی و پتر دەرفەتی قسانمان هەبی، لەبەر دراوسێیەکانم تا نەچووینە ژوورێ نەمانتانی یەکدی لە هەمێز بگرین.. لێ نازانم لەبەرچی لەگەڵ لەباوەشگرتنی لەجیاتی ئەوەی ماچی سەر کوڵمانی بکەم یەکسەر دوو ماچی توندم لە نێو دەوی کرد! ماچی نێو دەو لە دابونەریتی نابەجێ و پووچی هەموو جیهان واتای خۆشەویستیی نێوان نێر و مێ دەگەینی.. لەبەرئەوە ئاسایی بوو ئەویش وەها هەستبکا کە نیازی خۆشەویستییم لەگەڵی هەیە! لە زۆر وڵاتان - قوریان بەسەر! - ماچی سەر کوڵم و لەباوەشگرتنیش ئاسایی نین و بە جۆرەک لە ئارەزووی سێکسیی یان خۆشەویستییەکی نێواخن لێکدەدرێنەوە! هەر کە دانیشتین یەکراست هات و زرپ لە تەنیشتم دانیشت و

دەستەکیشی خستەسەر شانم.. وردە وردە خۆی لێم نێزیک کردەوە تا لنگی بە لنگم وەنا و جاروبارەکیش لەگەڵ قسەکردن دەستەکی لە چۆکم دەدا.. ئەمنیش هەر بەسەر خۆم نەدەهینا.. بە ناوی ئاوهینان لە تەنیشتی هەستام.. پاش ئەوەی بەرداغە ئاوەکەم دایێ چووم لەسەر کورسییەکی بەرانبەری دانیشتم.. هەر کە ئاوەکەی فڕکرد و بەرداغەکەی لەسەر مێزەکە دانا بە نازکێشانەکەوە نیگایەکی تێگرتم و گۆتی:

- ئەوە چیە هاوڕێ گیان.. وێدەچی حەزنەکەی لە تەنیشم دابنیشی!؟ (نەمزانی چ وەرامەکی بدەمەوە.. ویستم بە پرسیاری جۆراوجۆر و یەک لەدوو یەک بابەتەکە بگۆڕم و لەبیربکا):

- ئاوەکی دیکە بینم؟ (هەر کە گۆتی نا سوپاس.. یەکسەر گۆتم): ئێ.. ئەدی لەگەڵ دکتۆری راگری کۆلیژ گەیشتیە کێندەرێ؟ (ئەویش زیرەک و ساختەچی بوو.. بەرسڤی هەر پرسیارەکی بە ئا و نا یان دوو سێ وشە دەدامەوە تا بیباتەوە سەر باسەکەی خۆی.. وەرامەکانی هێندە کورت و خێرا بوون خەریکبوو بێ پرسیارم بهێلتەوە.. ناوەناوەش پرسیارەکەی خۆی بە شێوازەکی دیکە دەکردەوە.. ئەمنیش هەر خۆم لە پرسیارەکانی دەدزییەوە و باسەکەم بە لایەکی دیکەدا دەبرد یان هەر بابەتەک پەیوەندیی بە خۆشەویستییەوە هەبا دەمگۆت: "دەکرێ لە کاتەکی دیکە لەو بابەتە بدوێین"، هەر بەو جۆرە و تا رۆیشتیش بەرسڤەکی ئەوتۆم نەداوە کە بتانی لەو بارەوە لە دەروونی من تێبگا.

زۆر چالاک و بە توانا بوو لە هینانەڕیزی خەڵک و هەموو کارە رێکخراوەییەکان.. لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکان یەکدیمان دەدیت.. دیاربوو زۆر بە جوانیی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێدەکردن.. لێ کە دوو بە دوو لە هەر جێیەک یەکدیمان دەدیت یان کە جاروبار پێکەوە دەچووینە سەیرانگەکان باسی دوو ماچەکەی دەهیناوە گۆڕێ و دەیویست لە رێی ئەو دوو ماچەوە بچینە نێو جیهانی خۆشەویستیی کە دەمزانی سەرەنجام مەبەستی ئەوە بوو هاوسەرگیریی بکەین، زۆر بەوە هەراسانی کردبووم.. وەملێهاتبوو خۆزگەم دەخواست کە بریا لەجیاتی ئەو دوو ماچە دوو تڕی گەورەم بکردایە! هەرچەندە مرۆڤ بە شێوەکی گشتیی هێشتا بە تڕکردن جا لە بەرانبەر هەر کەسەک بی زۆر بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە و هێشتاش لە نێو زۆر میللەتان وەک نەریتەکی زۆر پووچ و بێ واتا درێژەی هەیە تەنانەت ئەگەر ئەو تڕکردنە بێ خواستی خۆشت بی هێشتا هەر زۆر شەرمەزار و خەجاڵەتبار دەبی و زۆر پێیەوە هەراسان دەبی! لەگەڵ ئەوەشدا هەر تڕکردنەکەم گەلەک پێ باشتر بوو لەو دوو ماچە نەفرەتییە!

هەرچەندە ئەو خانمە ژنەکی گەللەک باش و زیرەک و ئێسکسووک و لەبەردڵان بوو.. هەر ئی ئەوە بوو ژیانی لەگەڵ دروستبکەی و ئاسوودەیی لێبچنیەوە.. جوانییەکەشی وەک ئاکار و روخسار زۆر قشت و ژێکەلە بوو.. بەژنوباڵایەکی زۆر جوان و سێکسییشی هەبوو بە تایبەتییش ئەو قوون و قەپاغە خڕ و بەرزەی کە کەم نێر هەبوو بیبینی و نیگای نەفڕێتە سەری و خۆزیی بە کوشین و رامووسینی دوندی لاقوونانی نەخوازی! لێ ئەمن هیچ بڕیارەکی ئەوهام نەبوو کە بمەوێ خۆشەویستیی بکەم یان هاوسەرگیریی ئەنجامبدەم، دەمزانی سادەترین دەستلێدانی یان هەر پەیوەندییەکی رۆمانسیی و سێکسیی لەگەڵی دەمانگەینتە هاوسەرگیریی.. لەبەرئەوە نەمدەوێرا بە هیچ جۆر و شێوەک توخنی بکەوم.. هەچەندە زۆر شەیدای رامووسان و رازان بووم لەگەڵی لێ ئەمن لەو کەسانە نەبووم کە بمەوێ لە پێناو دامرکاندنەوەی حەزەکانی خۆم پەیمان و بەڵێنی سەرزارەکیی و رووکەشی بدەمێ و پاشانیش کە خۆمی لێ تێردەکەم فەرامۆشی بکەم و خۆمی لێ بشارمەوە.. ئەویش لەو

جۆرانە نەبوو کە لە پێناو مەبەست و ئارەزووەکانی خۆی هەر رۆژەو کەسەک لەخشتەببا، وەک هاوبیر و هاوڕێیەک زۆرم خۆشدەویست و زۆر ڕێزم لێیدەگرت و نەمدەویست تووشی هیچ چارەنووسەکی خراپ ببی.. بەڵکە بە پێچەوانەوە وەک ژنەکی هۆشیار کە لە نێو ڕێکخراوەکەمان بوو و زۆر چالاکیش بوو بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانی هەر پێویستییەکی بە من هەبی هاوکاریی بکەم و یارمەتیی بدەم.. لێ زۆر سەخت بوو لە کنە من کە هەستمدەکرد زۆر ئەمنی خۆشدەویست تا قیسی ئەوەی کە دەیویست هاوسەرگیرییشم لەگەڵ بکا کەچی ئەمن نەمدەویست هیچ تشتەکی لەو بابەتانەم لەگەڵی هەبی.

ئەو سەیرانگەیانەی دەیانچووینێ هەموویان نێزیک بوون لە شار و زۆر جار خەڵکی ناسیارمان لێیان دەدیتن کە کەسانی پارێزگار و داخراو بوون و هەستماندەکرد بە شێوەکی نائاسایی تەمەشایان دەکردین و زۆر پێیانەوە هەراسان دەبووین.. لەبەرهەندێ بڕیارماندا ئیدی بچینە سەیرانگەکی دوور کە گەلەک خۆشتر و دڵگیرتر بوو، غەمی ڕێییەکەم نەبوو چونکێ هەر کە گەیشتمەوە هاوڕێیەکم ترومبێلەکی چاکی دامێ و گۆتی با لە کنت بی تا دەگەڕێیەوە دەرێ، ئەمن قێچەک زووتر چووبوومە ئەو جێیەی کە بڕیاربوو لەوێ یەکدی ببینین و لەوێوە بەرەو سەیرانگەکە وەڕێبکەوین.. کە لە دوورڕا وەدەرکەت.. دیتم لە هەموو جارەکان جوانتر خۆی رازاندبۆوە.. هەر دەتگۆت کیژۆڵەکی هەڤدە هەژدە ساڵانە.. لە دڵی خۆمدا گۆتم 'ئەوە ئەو رۆژەیە کە تێیدەکەوم! هەرگیز بڕواناکەم ئەورۆ لەبەردەستی دەربچم!'.. هەر لەو کاتەوەی دیتم تا گەیشتینە ئەوێ هیچ جوولە و سەرنجڕاکێشانەکی ڕۆمانسییانە نەما لەگەڵم وەکاریاننەبا.. لەوێش کە تا رادەکی چاک چۆڵ بوو و پەناوپەسیوی زۆری لێبوو و لە جێیەکی وەها دانیشتبووین کە کەسی بەسەردانەدەهات.. دیسان هەر بە هەمان شێوە لە جوولەکانی خۆی نەکەت.. هێندەی ورژاندم هێندەی ورژاندم نێوگەڵم تەڕ تەڕ ببوو.. خەریکبوو دیقم دەکرد! لێ کە زانی ئەو جوولە و سەرنجڕاکێشانانەی نایخۆن و هەر خۆم لە بەرانبەری رادەگرم بێ پێچوپەنا و یەکڕاست گۆتی:

- هاوڕێ گیان.. ئەمن دەزانم ئەتوو کەسەکی زۆر پاکی و ناتەوێ هەر لەو گۆڕەی دەستت بە من گەرمبکەیەوە و دواییش دەستبەردارم ببی.. لێ ئاخر.. نازانم.. ئەمن.. (هەندەک راوەستا و تەنکە تەمەک رووی تەنیبوو.. لەپڕ وەک ئەوەی بە خێرایی تشتەک لە دەوی دەربپەڕی لە شێوەی نەرمە هاوارەک گۆتی): خۆشمدەوێی هاوڕێ.. زۆریشم خۆشمدەوێی.. (سەری خۆی نەوی کرد و هەندەک خۆی بێدەنگ کرد.. پاشان سەری بەرزکردەوە ویستی قسەکی دیکە بکا لێ نەیکرد و درێژەی بە بێدەنگییەکەی دا وەک ئەوەی چاوەڕێی بکا بزانی ئەمن چ دەبێژم و بەرسڤم چ دەبی.. پاش ماوەک کە زانیم ناتانی یان نایەوێ هیچ قسەکی دیکە بکا.. ناچار هاتمەگۆ):

- زۆر زۆر سوپاسی ئەو هەستە جوانەت دەکەم کە ئەمن بەو پیاوە دەزانی شیای خۆت بی.. لێ ئاخر.. ئەتوو باش ئەوە دەزانی ئەمن هەرگیز بیرم لە هیچ پەیوەندییەکی لەو جۆرە لەگەڵە توو نەکردیتەوە.. هەروا ئەوەش باش دەزانی کە ئەو جۆرە پەیوەندییە دەمانگەیێنتە هاوسەرگیریی و ئەمنیش هیچ بڕیارەکی لەو بابەتە لە مەژییمدا نییە.. نازانم لەبەرچی دەبی ئەتوو بەو شێوە ئازارم بدەی.. ئاخر ئەوە ئازار و نیگەرانییەکی گەلەک گەورەیە لە کنە من کە نەتانم خواستەکانی دڵی کەسەکی بەڕێز و خۆشەویستی وەک توو جێبەجێ بکەم... (هەر لە سەرەتای قسەکانمەوە تا کۆتایی هەر ڕەنگی سۆر و سۆرتر هەڵگەدەڕا.. ئیدی جەستەی کەتە لەرزین تا بە گریان تەڤاندیەوە و بە نووزەنووزەوە گۆتی):

- ئاخر هاوڕێ.. ئەمن ناتانم ئەوها بە هاسانیی ئەتوو لە دڵی خۆم بسترمەوە.. ئەتوو دەزانی چەند لەمێژە ئەمن ئەتووم لە چاوانی خۆم خۆشتردەوێ و هەموو هیوا و هومێدەکم لەسەر توو بنیاتنایە؟ ئاخر کوو دەتانم بەو هاسانییە وازتلێبهینم ها.. (هەندەک لێم نێزیک بۆوە لێ وەک ئەوەی شەرم بکا پتر لە بەرانبەرم بگرێ سەری شۆڕکردەوە تا گریانەکەی تێدا بشارتەوە.. وەک مەنجەڵی سەر ئاور دەکوڵا و پڕووشکە فرمێسکانی دادەبارندن.. ئەمنیش وەک ئەوەی ساوایەک لە گریان کڕبکەمەوە دەستم بە سەری دادەهینا و دەملاواندەوە و دەمگۆت 'ئارام بەوە گیان.. ئارام بەوە.. ئاخر ئەوها نابی.. دە ئارام بەوە.. ئاخر ئێرە سەیرانگەیە با خەڵک بەو شێوە نەمانبینن...، ' باش بوو لەو دەم کەس لەوان دەران نەبوو.. هەرکووەک هەبوو بە هەزار دەردەسەریی تا کڕمکردەوە.. لێ بە تەواویی ئۆقرەی لەبەربڕابوو و وەک جارانی لێنەدەهاتەوە، شەرمی دەکرد ڕووبەڕووم دابنیشی.. هەستاوە و چوو لە پشتم دانیشت.. ماوەکی زۆر بە بێدەنگیی دانی وەخۆیدا گرت.. ئەمنیش لەوان دەمان هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە):

سەیرە کە تا ئێستاکە ئەوها بە تەنێ دەیگوزەرەێنی.. دەبی لەبەرچی نەیتانیبی پیاوەکی دیکە هەڵبژێری و هاوسەرگیرییەکی دیکە بکا؟! هیچ گومانم لەوە نییە کە کەسەکی بە توانایە لە هەموو ڕووەکەوە.. ئاخر ژنەکی ئەوها ڕێکوپێک.. دڵنیام زۆر پیاو هەن زۆر بە شادمانییەوە پێی ڕازیی دەبن، هەر خۆم بەرسقی خۆم داوە؛ ئاخر ئەو ژنە بڕوای بە یەکسانیی تەواوی نێوان ژنان و پیاوان هەیە و دینیش تا ڕادەی باوەڕنەبوون بە خوا لە کنی پووچبوویتەوە.. بێجگە لەوەش زۆر ڕکی لە پەیوەندییە باوەکان و دابونەریتە پاشدامایییەکان دەبتەوە.. جا پیاوی لەو بابەتانە زۆر کەمن و لەوانەشە ڕێکنەکەتبی ئەو جۆرە پیاوە پەیدۆز بکا کە ئەو دەیەوێ.. دواییش خۆ مەرج نییە هەر پیاوەک ئەو مەرجانەی تێدابی ئیدی پێی ڕازیی ببی چونکێ ئەو دەیویست لەگەڵ پیاوەک بژی خۆشیبووێ، نا.. پیاو زۆرن ئەگەر خۆی بیەوێ.. لێ هەستدەکەم ئەو دوو گرفتی هەیە لەو بارەوە؛ یەکەم ئەوەیە ئەو پیاوەکی دەوێ ئەو تشتانەی تێدابی کە خۆی لێیدەخوازی لێ تا ئێستا ئەو چەشنە پەیدۆز نەبووە و لە بەدبەختیی خۆشی ئەمنی دیتەوە کە بڕیاری هاوسەرگیرییم نییە، دووەمیش ئەوەیە کە دین و دابونەریت و پەیوەندییە باوەکان زۆر گرفت و ئاریشان لە بەرانبەر هەر ژنەک چێدەکەن کە بیەوێ وەدوو خوازیاری خۆیدا بگەڕێ چونکێ هەرگیز ئەو دەرفەتە نادەنە هیچ ژنەک تا ئازادانە لە هەموو ڕووەکەوە تەنانەت لە ڕووی سێکس و ڕامووسانیشەوە چەند پیاوەک تاقیبکاتەوە و بتانی خوازیاری خۆی پەیدۆزبکا.. ئەگەر بەو شێوە هەڵسوکەوت بکا ئەوە هەزار و یەک ناوناتۆرەی دەخەنەپاڵ و تووشی زۆر دەردەسەریی دەکەن و مەترسییش دەخەنە سەر ژیان و گیانی. ئێستا ئەمن ئەو کەسەم کە هەموو نەخشە و بەرنامەکانی ئەوم هەڵوەشاندیتەوە.. ئەوەی ئەو لە منی دەویست جێبەجێیم نەکرد.. لەبەرهەندێ باشترین دڵسۆزیی من لە بەرانبەرە وی ئەوەیە کە بتانم یارمەتیی بدەم بگاتە وڵاتەک کە پتر ڕێز لە مافەکانی ژنان دەگرن و ئیدی لەوێ بتانی وەدوو دڵخوازی خۆیدا بگەڕێ، هەر لەو هزر و ئەندێشانەدا بووم کە ئایە ئەو پێشنیارە بکەم یان نا؟ ئایە ئەو حەزی لێیە بچتە هەندەران و نیشتیمان بەجێبهێلی؟ ئەدی چارەنووسی منداڵکەی چ دەبی... لەپڕ لە پشتەوە لەسەرەخۆ گۆتی:

- هاوڕێ.. ببوورە ئەمن هەندەک بێزار بوومە.. نازانم.. ئەتوو دەتەوێ پتر لێرە بمینێینەوە یان حەزدەکەی بچینەوە؟ نا.. هیچ گرفتەک نییە ئەگەر بتەوێ دەتانین هەندەکی دیکەش لێرە کات بەسەرببەین.. هەرکووی

دڵت پێیخۆشە ئەوها دەکەین.. (زۆر زگم پێی سوتا و خەریکبوو ئاورم تێبەردەبوو.. تەمەشا لەسەر ئەو بارودۆخەی خۆشی هێشتا دەیویست دڵی من رابگری!):

- نا نا هاوڕێ گیان.. هەرکووی ئەتوو پێتخۆشە و ئاسوودە دەبی ئەوها دەکەین.. دە ئەتوو وەرە پێشەوە.. ئەمن بیرۆکەکم هەیە دەربارەی ژیانی توو بەڵکە بتانم یارمەتییەکت بدەم.. حەزدەکەم هەر ئێستا بیخەمەڕوو.. با بزانم تا چەند لەگەڵی دەبی.. (کە ئەوەم گۆت بە گورجیی قیتبۆوە و هاتە بەرانبەرم دانیشت.. پێش ئەوەی ئەمن دەست بە قسان بکەم ئەو هاتەگۆ):

- بەڵێ هاوڕێ گیان.. پێش ئەوەی قسان بکەی دەزانم بیرۆکەکەت چیە و دەتەوێ چ بێژی چون پێشترێ کە یەکەم جار لە دەرێ گەڕایەوە باسی ئەو باتەمان کرد لێ زۆر بە کورتیی و سەرپێی.. ئەویش بابەتی چوونەدەرێی من بوو.. لێ لەو دەم ئەتوو بارودۆخی منت بەو شێوەی ئێستا نەخوێندبۆوە و زۆریش بە کاروبارەکانی خۆتەوە سەرقاڵ بووی.. پاشانیش هەر لەبیرتکرد کە رۆژەک لە رۆژان بابەتەکی ئەوهامان باسکردیە.. لە راستییدا ئەمن خۆشم ئامادەییەکی ئەوتۆم تێدانەبوو چون لەو دەم کوڕەکەم ساواتر بوو و نە ئەمن دەمتانی بەجێیبهێلم نە خەسووشم کە زۆری خۆشدەوێ و زۆربەی کاتەکان هەر لە کنە خۆی بوو دەیتانی بێ وی بحەوێتەوە.. ئیدی هەر بە ئەنقەست بێدەنگییم لێکرد، جا هەر ئەوەیە بیرۆکەکەت هاوڕێ.. هەڵبەتە زۆر بەڕێزەوە ئەو دڵسۆزیی و غەمخۆرییەت لەبەرچاوان دەگرم.. (بێجگە لەوەی زۆر شادمان بووم بەوەی کە نەهاتەوە سەر باسی نێوان خۆمان و دیاربوو بە تەواویش ئارام ببۆوە.. زۆریش بەوە سەرسام بووم کە کوو ئەوها بێ ئەوەی هیچ تشتەک لەو بارەوە بدرکێنم زانی ئەمن بیر لە چ دەکەمەوە و دەمەوێ چ بێژم! هەرکووەک هەبوو هەستمکرد رەنگە پێشنیارەکەم سەربگری.. بە شادیی و سەرسووڕمانەکەوە گۆتم):

- کچێ ئەتوو زۆر زۆر زیرەک و زرنگی هاوڕێ شیرینەکەم، ئەرێ.. وەک دیارە ئەتوو زۆر خۆڕاگرانە ئەو کاتە قورس و نالەبارانەی ژیانت تێپەڕاندن کە رێگر بوون لە پێش ئەو بەرنامەی هەتبووە.. ئێستا کاتەکە زۆر لەبارە.. هەستناکەم هیچ گرفتەکت بێتەرێ ئەگەر بڕیاربدەی.. مەرج بی ئەمنیش بەوپەڕی تواناوە و زۆر بە پێخۆشبوونەوە هاوکارییت بکەم.. دەی ئێستاکە هیچ بروبیانووان مەبینەوە و تکایە بڕیاربدە.. بڕوابکە ئەوە دەبتە باشترین پێنگاڤ لۆ ژیان و گوزەران و تێکۆشانت... (قسەکەمی پێ بڕیم و گۆتی):

- فرە فرە سوپاسگوزارم هاوڕێ.. بێ گومان زۆر لەوە پتر لە توو رادەبینم.. دیارە ئەوەی ئەتووی لە کنە من شیرین کردیە ئەوە نییە کە ئەتوو هەر هاوکارییەکت لەدەستبێ ئامادەی و دەیکەی بەڵکە ئەوە سەرڕاستیی و بیرۆشنیی و هۆشمەندییەکەتە ئەمنی ئەوها هۆگر و متووی توو کردیە.. بە تایبەتییش ئەمن زۆر سەرسامم بە تێڕوانین و هەڵسوکەوتە یەکسانییخوازییەکەت سەبارەت بە ژنان.. هەر ئەو تشتانەشن وەیانلێکردم جێی خۆت وەک سوارچاکی خەونە رۆمانسییەکانم لە نێو دەروونم داگیربکەی.. وەلی ئەفسووس وەک ئەوەی ناتانی پابەستی هیچ ژنەک ببی خۆت ئازادی و مافەکی بێ ئەولا و ئەولای خۆشتە پابەستی منیش نەبی هەرچەندە ئەمن ئەوەم نەدەخواست و ئێستاش هەرگیز ناتانم لە نێو دەروونی خۆم وەدەرتبنێم.. (ویستم هەندەک دڵی بدەمەوە و سوپاسی ئەو تێڕوانینانەشی بکەم.. لێ نەیهێشت و درێژەی بە قسەکانی دا):

- ئەمن دڵنیام وشەی 'سوپاس' یان هەر وشە و دەستەواژەکی ستایشبەخش زۆر لەوە بێ بڕستتر و بێ نموودترن کە ئەمن بتانم پێیانەوە هەستی خۆم بەرانبەر ئەو هەمووە جوانیی و نایابییانەی توو دەرببڕم! هەرکووەک

هەیە.. ئێستا ئەوە چەند مانگەکە بە تەواویی بڕیاری چوونەدەرێم دایە.. لێ لەسەر ئەوە راوەستابووم کە بزانم چارەنووسم لەگەڵ توو بە کێندەرێ دەگا.. بە داخەوە نەگەیشتمە ئەوەی کە ئەمن دەمخواست، هەرکووەک هەیە.. ئێستا دەکرێ نەخشەکە دابنێین لێ ناتانم کوڕەکەم بەجێبهێڵم و هەر دەبی ئەویشم لەگەڵ بی.. غەمی خەسووشم نەمایە چون ئێستا دەتانم رازیی بکەم.. (هەندەک راوەستا و پاشان تێهەڵچۆوە) لێ جارێ واز لەوە بینە هاوڕێ.. با بگەڕێمەوە سەر توو.. ئەمن چاوم زۆر وەهێزە و دەتانم هەموو تشتەک ببینم.. (چاوی لە نێو چاوم نا و گۆتی) تکایە تەمەشایەکی نێو چاوانم بکە بزانە هیچ گرفتەکیان هەیە؟ (پرسیارەکی زۆر سەیر بوو لە کنم.. لێ کە بە هووردیی تەمەشای نێو چاوانیم کرد و گۆتم نا هیچ گرفتەکیان نییە.. گۆتی) ئەرێ.. خۆشم زۆر زۆر دڵنیام.. جا چەند لەوە دڵنیام کە چاوانم هیچ گرفتەکیان نییە.. زۆر پتر لەوە دڵنیام کە ئەتوو زۆر ئەمنت خۆشگەرەکە و زۆریش حەزدەکەی رۆژەک لە رۆژان ئەمن وەک خۆشەویست نا بەڵکە وەک هاوڕێیەک کە زۆر شەیدای ئەوەی سێکسی لەگەڵ بکەی بکەومە نێو باوەشت! (ئەمنیش گۆتم 'ئاخر هاوڕێ...' نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم و گۆتی) نا نا.. ئاخر و ماخری پێناوێ و ئەمن زۆر بە شادمانییەوە و بێ ئەوەی بە هیچ جۆر و شێوەک پابەستت بکەم بە خۆمەوە دەتانم ئەو خەونەت بهێنمەدی! هاوڕێ تکایە حەزدەکەم بێدەنگ بی تا تەواو دەبم؛ ئاخر ئەمن لەو گەڕانەوەت ئەتووم زۆر بە خواست و ویستەکانی خۆم سەرقاڵ و هەراسان کردیە.. هەست بەوەش ناکەم هیچ ئاسوودەییەکم پێتبەخشیبی.. جا ئێستا کاتی ئەوە هاتیە ئەگەر تەنێ یەک جاریش بی ئەو حەمکە جۆشوخرۆشە سێکسییە سەرکوتکرایەت کە لە بەرانبەر من هەیتت لە ژوانەکدا دابمرکێنمەوە.. جا چ لەوە خۆشتر هەیە.. زۆر سەربەرز دەبم بەوەی کە بتانم لە چەند کاتژمێرەک لە شەوەکدا ئاسوودەییەک بە خۆشەویستترین و شیرینترین هاوڕێم ببخەشم و بە کردەوە دڵسۆزیی خۆمی لە بەرانبەردا بسەلمێنم!؟ نا.. تێتدەگەم هاوڕێ.. هەستدەکەم ئەتووش لەوە تێدەگەی کە ئەو ئازایەتییەی ئەمن دەمەوێ بینوێنم تەنێ لە پێناو تووە.. لێ خۆ ئەمنیش دار و بەرد نیم؛ تا ئێستا بێجگە لەوەی بە دەیان جار بە خەون لە نێو باوەشتدا کە خەریکی دامرکاندنەوەی دوا ترۆپکی ئارەزووەکانم بوومە لەپڕ لە حەژمەتی بێداربوونەوەم تووشی غەمۆکیی و نیگەرانییەکی توند بوومە و هەر جارەش تا چەندین شەو خەو لە چاوانم تۆریاگە.. بە دەیان جاریش لە کاتی ئاساییدا هەر بە ئەندێشەی ئەوەی کە وا لە نێو باوەشت دام بە نارەنار و هەندەک دەنگی نامۆ و نائاسایی کوڕە شیرینەکەی خۆم یان هەر کەسەک کە لە نێزیکم بووە تووشی سەرسوڕمان کردیە!! ئیدی ئەوە لە کنە منیش زۆر زۆر گرنگ و پڕ بایەخە ئەگەر تەنێ یەک جاریش بی لە نێو باوەشی نایابترین پیاو کە تا پێش ئەو دانیشتنەمان لە ناخەوە مرخی هاوسەرگیرییم لێیخۆشکردبوو لە حەز و ئارەزووەکانم سەرڕێژ ببم.. مەرج بی یەک شەوی هێندە خۆش و رۆمانسییانە چێبکەم کە هەرگیز بە ئەندێشەشتدا نەهاتبی! (هەندەک راوەستا.. وەمزانی تەواو بووە کەچی دیتم بیری لە تشتەک دەکردەوە نەمدەزانی لە چیە.. لەپڕ هاتەوەگۆ) راوەستە؛ کەنگێ کەنگێ.. کەنگێ باشە.. ئا دیتمەوە.. ئەو هەینییە نا کە سبەی نا دووسبەی نا سێیەیە و لەگەڵ ماڵی پلکم دەردەچین.. هەینیەکی دیکە.. واتە ئەو هەینییە نا هەنییەکی دیکە هەر لەو کاتانە لەگەڵ رۆژاوابوونێ دێمە کنت تا هەینییەکە پێکەوە تەواودەکەین.. (بە پێکەنینەکیی ناسکەوە گۆتی) کاتەکی باشە هاوڕێ گیان؟ (لە جێی خۆم سڕببووم.. دەستم لە دەموچاو و جەستەی خۆم دەدا تا دڵنیابم لەوەی کە ئایە ئەوە خەونە یان راستییە! هێندە پەشۆکابووم نەمدەزانی دوا قسەی کە کردی پرسیار بوو یان هەر رای خۆی بوو.. لێ بشمزانیبا هەر سوودی نەدەبوو چونکێ ئیدی زمانم لە گۆ کەتبوو و کەلکی ئەوەم پێوەنەمابوو هیچ قسەک بکەم.. تومەز ئەو هەستی بە بارودۆخەکەم کردبوو لەپڕ

**لەگەڵ دەستڕاکێشانی بە ئاراستەی من بە نیازی ئەوەی دەستی بگرم و هەڵیبستێنمەوە.. گۆتی) ئەرێ هاوڕێ.. دڵ لە دڵ مەدە ئەوە راستییە.. دەی گیان.. دەی دەستت بدە من.. (ئەمنیش ناچار زۆر بە خاوخلیچکییەوە هەستامەوە.. هەر کە دەستم خستە نێو دەستی بە جۆرەک بە کێشکردنی دەستم خۆی قیتکردەوە کە جەستەی زۆر بە توندیی بەر جەستەم کەت و هاوکاتیش ماچەکی برووسکە ئاسای خێواندە نێو دەوم و بە پێکەنینەوە گۆتی) ئەوەش لە تۆڵەی دوو ماچەکەی توو! دەی هاوڕێ گیان.. دەزانم ئێستا ناتانی یەک وشەش چیە بخەیە سەر زارت.. لێ گێی مەدێ ئیش هەر بەسەر پیاوان دێ! نا نا بەسەر ژنانیش دێ.. جا تا بەسەر منیش نەهاتیە با بڕۆین.. دەبینی کە کاتەکەش درەنگی کردیە.. (ئیدی نە ئەمن قسە نە ئەو خۆمان گەیاندە ترومبێلەکەم و بەرەو ماڵێ وەڕێکەتین.. هێندە پەرێشان و شڵەژا ببووم نەک هەر بە هیچ جۆرەک ئازایەتیی ئەوەم لە خۆم رانەدیت ئەو باسە بینمەوە گۆڕێ.. بڕواناکەم بە درێژایی رێیەکە و تا ئەویشم لە نێزیک ماڵی خۆیان دانا دوو قسەی ئەوتۆم کردبن واتایەکیان بەخشیبی یان هەر قیچەک بە قسان چووبن)!**

**زۆر ماندیی و شەکەت ببووم.. ویستم سەرخەوەک بشکێنم و پشییەک بدەم کەچی خەوەکی وەهام لێکەت تا نیوەی شەوێ بێدارنەبوومەوە، پاش ئەوەی قاوەکم خواردەوە و وەک جاران ئاسایی بوویمەوە ئەوجا هەستمکرد چەند بەو بەڵێنەی شادمان و ئاسوودەم.. هەر خەریکبوو لە خۆشییان باڵم لێ بڕسکێ.. نازانم کووبوو ئەوەم وەبیرهاتەوە کە ئەدی هەر ئەمن نەبووم دەمگۆت ناوێرم توخنی بکەوم چونکێ هەر بەرکەتنەکم لەگەڵ وی سەرەنجام بەرەو هاوسەرگیریی پەلکێشم دەکا! لێ بەو بیانووە خۆم رازییکرد کە ئەو ناچارم دەکا ئەوە بکەم! دواییش خۆ ئەو خۆی بەڵێنی پێدام هەرگیز بە هۆی ئەوە بە هیچ جۆرەک ئەمن پابەستی خۆی ناکا، پاشان بیرم لەوە کردەوە کە رەنگە ئۆینەک لە بن سەری هەبی و بیەوێ لەو رێیەوە تووشم بکا و خۆی بەسەرمدا ساغ بکاتەوە!؟ هەر زوو دژ بەو بیرۆکەش راوەستام چونکێ وەک ئەوەی ئەمن دەمناسی دڵنیا بووم لەوەی تشتی ئەوهای لێناوەشێتەوە و هیچ گومانیشم لە راستگۆیی و سەرڕاستییەکەی نەبوو، ئیدی زۆر بە پەلە بووم لەوەی کەنگێ بەو رۆژ و ژوانە دەگەم کە نەمدەزانی لەمێژە ئاواتی ئەویشە کەچی ئەمن زۆر سەرسەختانە بە خۆسەرکوتکردن ببوومە لەمپەر لە پێش خۆم و لە پێش ئەویش کە پێیبگەین! هێشتا دە رۆژی مابوو.. ئاخر دە رۆژ گەللەک زۆر بوو لە چاوەڕێی ژنەکی ئەوها خۆڕابگری و دڵ و دەروونت هەپڕوون بە هەپڕوون نەبی! ئەگەر ئامێرەکی کات بردنەپێش هەبووایە ئەوە قیڕسیم لەو دە رۆژەی تەمەنم دەکرد و پەنجەم پێوەدەنا تا دەگەیشتمە نێو باوەشی.. هەر لەبەرخۆمەوە دەمگۆت 'ئاخر ١٠ رۆژ دەکاتە ٢٤٠ کاتژمێر.. نا نا.. لەو کاتەوەی هەرێی پێدام ئەوە شەش کاتژمێر تێپەڕیە واتە ئێستا ٢٣٤ کاتژمێر مایە.. ئەوەش دەکاتە ١٤,٠٤٠ خولەک و ئەگەر بیکەمە چرکەش ئەوە دەکاتە ٨٤٢,٤٠٠ چرکە.. ئەهـ قوڕم بەسەری ٨٤٢ هەزار و ٤٠٠ چرکە کوو تەواو دەبی!؟' خەریکبوو چرکە بە چرکەم دەژماردن.. بە کورتییەکەی لەسەر ئاو و ئاور بووم! پاشان بیرمکردەوە کە ئەو کاتە بەو جۆرە تێناپەڕی.. لەپڕ بە خۆمم گۆت 'هەی گەمبۆز.. خەریکە لەبەر یەک ژوان هەموو هاوڕێیان و تەنانەت رێکخراوەکەشت لەبیردەکەی کە لە کنە خۆت وەیە ئەو رێکخراوەتان بەشەکە لەو شۆڕشە گەورە رامیاریی و کۆمەڵایەتییەی کە پێویستە ئازادییخوازان بەرپاییبکەن'! ئێ چ بکەم.. هەر کەسەک بووایە لە جێی من هەر ئەوەی دەکرد.. مەگەر پیاوەکی دین و دەلۆی دینیی ئەوە نەکا کە هۆشی خۆی لەدەستدایە و دەستبەرداری تێکڕای چێژوچەشەکانی ژیان بووە.. یان سەرمایەدارەکی چاوچنۆک ئەوە نەکا کە لەبەر کەلەکەکردنی سامان هەرچی هەست و سۆز و ئەندێشەی جوان هەیە هیچی لە مەژییدا نەمایە تەنانەت لە**

گەرمەی خۆشەویستیی و ژوان و rامووسانیش هەر بیری لای سامان و پارەکانیەتی و ڕێک پێچەوانەی کەسەکی هەژار کە بژاردەی ئەوەی هەیە پەیوەندییە مرۆییەکانی لە تەک ٪۹۹ی خەڵک ڕێکبخا و کەسە خۆشەویستەکانی لە نێوانیاندا هەڵبژێری.. کەچی بژاردەی ئەو تەنێ ٪۱ی خەڵکە کە ئەوانیش لە پارە پتر بترازێ چاویان یەک ئەشتەبای دیکە نابینی! باشترین تشت لەو دەم هەر ئەوە بوو کە خۆم بە لاپتۆکەم خەریکبکەم تا ئەو خەون و خولیایە هەندەک لەبیربکەم و کاتەکەش قیچەک بڕوا.. هەر کە دامگیرساند و ئیمەیڵەکەم کردەوە دیتم کوریکەسۆرەکەی لەمەڕ خۆم نامەکی کورتی ناردبوو:

- ٤٢ -

«ئەو کاتەت باش هاوڕێیە شیرینەکەم.. هومێدەوارم شاد و تەندروست بی و لە بارودۆخەکی فرە ئاسوودە و ئارامدا بی.

بە داخەوە.. داوای بووردن دەکەم کە هەنکە ئەوەت وێڕادەگەینم؛ هەر کە دوا جار تەلەفۆنت کرد.. ڕێک کاتژمێرەک پاشی هەنگێ لە قادرمەی ماڵێ بەربوومەوە و پێم لە لای گۆزینگمەوە لەجێچوو.. پاش ئەوەی وەدەرکەت ئێسکەکی پێی چەپم هەندەک شکایە ڕۆژێ پاشترێ پاشنیوەڕانێ پێیەکەمیان لە گێچ گرت.. لێ تکایە نیگەران مەبە چونکێ پزیشکەکەم گۆتی 'هیچ نییە.. شکانەکە دەرەزەکی گچکەیە و هیچ مەترسییەکی نییە.. هەفتەکی دیکە گێچەکەی لێدەکەینەوە و وەک خۆی لێدێتەوە'، دیسان داوای بووردن دەکەم کە نەمویست زوو بەوە بزانی.. لە ڕاستییدا دڵم نەهات.. گۆتم با غەمی لێنەخوا.. دڵنیابە ئێستا هیچ ئازارەکم نەمایە.. هەر هەفتەکی دیکەیەو بە تەواویی چاکدەبمەوە.. بە هیوای دیدار.».

چەند ناخۆش و پڕ ئازارە کاتەک کە بەسەر خۆشییەکدا دەکەوی یان چاوەڕێی لە دەرفەتەکی نێزیک بە بۆنە و کاتەکی ئاسوودە بگەی کەچی لەپڕ دووچاری کێشە و گرفتەک دەبی و هەموو هیوایەکان پووچدەبنەوە و خۆشییەکان لە کوونە کەپووت دێنەوە دەرێ! ئەمن هەرگیز بڕوام بەوە نەبووە و نابی کە هەندەک خەڵک هەن بویەر و سەرهاتە خۆش و ناخۆشەکانی پێشترێیان بە بنچینەی پەیدابوونی بویەر و سەرهاتی تازە وەردەگرن و پێشبینییەکانیان لەسەر پەرجوو و ئەفسانە و بنەماگەلەکی نازانستییانە هەڵدەچنن تەنانەت هەندەک نووسەری مەژیی پووچیش هەن پەرتووکی گەورە گەورەیان لەو بوارەوە نووسیە وەک 'بەختگرتنەوە.. خەونناەمە.. فاڵ.. قاوەگرتنەوە.. پێشبینیی.. کەلوەکان' و تشتی قۆڕ قۆڕی دیکەی لەو بابەتانە! لێ بە پێی ئەزموونی خۆم کەم جار هەبووە خاڵەکی گەش و ئاسوودەی ژیانم بێ هاتنەپێشی خاڵەکی خامۆش و پڕ غەم و خەفەت تێپەڕاندبی! هەرچەندە ئەو پێ شکانەی کوریکەسۆرێ زۆر نیگەران و پەرێشانی کردم لێ هەرکووەک هەبوو تازە ئەوەی ڕوویدابوو هەر ڕوویدابوو و لەو دوورییەشڕا هیچم لەدەستنەدەهات.. لەو درەنگە شەوەدا زۆر لەوە دەترسام پەیوەندیی پێوەبکەم لەخەودابی و خەوەکەی لێ بزڕێنم.. لێ لەبەرئەوەی هیچ چارەکی دیکەم نەبوو و نەشمدەتانی تا سبەینێ خۆڕابگرم.. بە نیگەرانییەکەوە زەنگەکم لێدا؛ باش بوو یەکسەر هەڵیگرت..
پاش ئەوەی بە ورد و درشتی سەرهاتەکەی و باری تەندروستییەکەیم زانی پێمگۆت: "تکایە هاییت لە خۆت بی و هەر ئێستاکەش پەیوەندییەک بە کلاوقوتێ یان هاوڕێیەکی دیکە بکە با تا ئەمن بلیتەک دەبڕم و

سبەینێ دێمەوە لە کنت بی و هایی لێتبی.. ئاخر کوو دەبی ئەتوو پێت ئەوهای لێهاتبی و لە گێچ گیرابی و کەسیشت لە کن نەبی یارمەتییت بدا!؟" یەکسەر دەستی بە پێکەنین کرد و گۆتی:

- کورە ئەوە ئەتوو شێت بووی هاوڕێیە شیرینەکەم.. ئەو قسەی هەر مەکە مەکە.. ئاخر کوو ئەمن دڵم دێ گەشتەکەت لێتکبدەم.. بڕوابکە تشتەکی ئەوها بکەی لێت ... نا نا دڵم نایێ لێت تووڕە ببم.. بەس هەرگیز قسەت لەگەڵ ناکەم! دیارە ئەتوو بای ئەوەندە لە من رانابینی ئەگەر گرفتەکم هەبی بتانم لەسەر پێی خۆم رابوەستم و بە خۆم چارەسەری بکەم.. نا نا هەرگیز رازیی نابم پێش تەواوکردنی کارەکانی خۆت بگەڕێیەوە.. دوایێش شکانەکە ئەوها نییە پەکیخستبم.. راستە پێم لە گێچ گیرایە لێ دەتانم بە دارشەق بڕۆم و هەموو کارەکی خۆم جێبەجێ بکەم...

سەرەنجام هەموو لایەکی لێگرتمەوە و وەبلێکردم واز لە گەڕانەوە بهینم.. لێ بەڵێنی ئەوەم لێوەرگرت کە هاوڕێ کڵاوقوت بچتە کنی و تا دەگەڕێمەوە هایی لێببی، ئیدی هەر رۆژ پەیوەندیی تەلەفۆنییمان هەبوو و لە رێی ئیمەیلشەوە وێنەکی پێیە لە گێچ گیرایەکەی نارد.. دیاربوو هاوڕێ کڵاوقوتیش زۆربەی کاتەکانی لە کنە وی دەگوزەراند و هەر تشتەکی پێویست با یارمەتییدەدا، هەرچەندە ئەو سەرهاتەی کوریکەسۆرێ لە هەموو رووەکەوە زۆر ئازاری دەدام بە تایبەتییش لەوەی کە لەوێ نەبووم و نەمدەتانی دەست لە ملی بکەم و بیلاوێنمەوە.. لێ لەو رووەوە زۆر باش بوو کە سەرقاڵ و خەریکیکردبووم و کاتەکانم زۆر بە خێرایی تێدەپەڕین.. ئاخر ئەمن لە بارودۆخەکدا بووم بە تەواویی ئۆقرەم لەبەربڕابوو و زۆر بە پەلە بووم ئەو دە رۆژە بە زووترین کات تێبپەڕێنم و بگەمە ژوانەکەم! ئیدی هەر بە چەقەنەک گەیشتینە ئەو رۆژەی کە کوریکەسۆر دەگەڕێتەوە خەستەخانە.. زۆر باش بوو؛ هەر لە ماوەکی کەم و بێ هیچ گیروگرفتەک گێچەکەیان لێکردەوە و پێیەکەی وەک جارانی لێهاتەوە.. بە کورتییەکەی پاش ئەوەی لەگەڵ کڵاوقوتێ گەیشتنەوە ماڵێ دیسان پەیوەندییان پێکردمەوە و هەر لە تەلەفۆنیشەوە نیمچە ئاهەنگەکی خۆش و پڕ لە شادییمان بەو بۆنەوە گێڕا.. لە کۆتایی پەیوەندییەکەشماندا کڵاوقوت دەرفەتی خۆی وەرگرت:

- هاوڕێ.. بێ گومان کار و چالاکییە رێکخراوەییەکانت لە هەموو تشتەک پتر بایەخیان هەیە لە کنە من.. ئەوە دەزانم کە ئێستا بە شێوەکی زۆر چاک خەریکی سەرپێخستنی بزاڤەکەمانی و زۆر دەستخۆشییت لێدەکەم.. لێ نازانم.. لەبەرچی لەو ماوە دووروودرێژەی کە لەوێی هیچ سەرهات و سەربردەکت نەنارد!؟ ئاخر هەرگیز رێی تێناچی تا ئێستا هیچت لە کن پەیدانەبووبی.. تکایە هەرچیت هەیە لەو رووەوە بە ئیمەیڵ بینێرە، دەی با پتر کاتت نەگرم.. لێ حەزدەکەم ئەوەشت پێڕابگەینم کە هەر پاش چوونەوەکەت لە رێی هاوڕێییەکم کە پێکەوە چووینە کۆڕەک سەرهاتەکی زۆر سەرنجڕاکێش و نایابم پەیداکرد.. ماوەکی چاک بوو هەر خەریکی نووسینی بووم.. هەشت نۆ رۆژەک پێش ئێستا تەواومکردبوو.. خەریکبووم هەڵەبڕی بکەم و بینێرم کەچی ئەو کێشەی کوریکەسۆرەکەتی بەسەرداهات لەبەرهەندێ پێم باش نەبوو بینێرم چونکێ نەمویست پێیەوە سەرقاڵ ببی کە بە دڵنیاییەوە ئەتووش لە بارودۆخەکی ئەوها هەر نەتدەتانی بە پێی پێویست چێژی لێوەربگری.. جا ئێستا کاتەکی باشە ئەگەر دەرفەتت هەبی، لێ زۆرم پێ سەیرە کە ئەتوو ئەو سەرهاتەت نەبیستبی چونکێ سەرهاتی کەسەکی شۆڕشگێڕە و لە سەردەمی شاخ لەگەڵ خۆتان بووە، دەی هەرکووەک هەیە ئێستا دەنێرم.

- زۆر باشە هاوڕێ.. یەکەم جار سوپاست دەکەم سەبارەت بە دەستخۆشییکردنت لە کارەکانم و هومێدەوارم ئەنگۆش لە لای خۆتان کارەکی چاکتان ئەنجامدابی، بێ گومان زۆر سەرهاتی گرنگم لە کن خڕبوویتەوە - لەگەڵ کیژی ئەندام پەرلەمان و هاوڕێیە نایابەکەم.. لەگەڵ خانمە هاوپیشەکەی پێشانم.. لەگەڵ زۆر کەسی دیکەش - لێ وەک خۆت دەیزانی لەوەتەی لێرەم زۆر بە کاری ڕێکخراوەکەمان سەرقاڵم و دەرفەتی زۆر تشتم نەبووە.. غەمت نەبی هێندەم نەمایە بێمەوە.. کە گەڕامەوە بە پێی هەبوونی کات ملمان لەبەریان دەکوشین، سەبارەت بەو سەرهاتەش کە ئێستا دەینێری و دەبێژی ئی کەسەکی شۆڕشگێڕە؛ نازانم.. ئەمن هەستناکەم سەرهاتەکی ئەوها سەرنجڕاکێشی سەردەمی شۆڕشم لە کن مابی و نەمگێڕابیتەوە.. پاشانیش لەو سەردەم خەڵکەکی زۆر چەکدار بوون و گەلەک ئاسییە کە ئەمن زۆربەی هەرە زۆریانم نەناسیبی و سەرهاتگەلەکی زۆریش لە نێو شۆڕش روویاندابن و ئەمن نەمبیستبن.. هەرکووەک هەیە ئەمن زۆرم پێخۆشترە پێش خوێندنەوەی نەزانم سەرهاتەکە چیە و ئی کێیە و لە کێندەرێ روویدایە.. ئەگەر نەمبیستبی ئەوە بێ گومان پتر چێژی لێدەبینم و زۆر سوپاسگوزارت دەبم.. ئەگەر بیستبیشم ئەوە دەتانم بە دەستنیشانکردنی هەڵە و کەموکوڕییەکانی سوودەک بگەینم.. (پاش ئەوەی هەندەک قسەی دیکەمان کرد و کۆتاییمان بە پەیوەندییەکەمان هینا دیتم سەرهاتەکەی ناردبوو):

- ٤٣ -

لەو ماوانەی دواییدا چەندین کۆڕی لاواز و بێ بڕست هەر لەو شارەی خۆمان سازکران.. هەندەک لە کۆڕگێڕەکانیان بە هەر جۆرە خۆگونجاندن و ملکەچییەک هەیە هەم ناوی گەورە هەم ژیان و گوزەرانەکی باشیان هەیە.. هەندەکیشیان لەوانەن کە ساڵانە ڕەوە ڕەوە لە زانکۆیەکان بە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا و پرۆفیسۆرەوە دەخرێنە بازاڕ و تاقە ئامانجیان تەنێ پەیداکردنی 'کار و نێوبانگ'ە.. خۆ ئەگەر ناوە پیشەییەکانیان لێبکەیەوە ئەوە ڕێک وەک ئەو هێسترە ژمارەدارە سەربازییانەیان بەسەردێ کە ژمارەکانیان پێوەنامینێن و ئیدی نە کەس دەیاننناسیتەوە نە کەس خۆی لێیان بە خاوەن دەکا! هەرچەندە ئەوانیش بە هەمان شێوەی هێستره ژمارەدارەکانی سەربازگەکان جێی بەزەیین.. لێ لەبەرئەوەی بە دەستی خۆیان بە وەخۆنازین بە بڕوانامەکانیان خۆیان کردیتە گاڵتەجاڕ چ لە لای خەڵک چ لە لای ئەوانەی وەکاریاندەبەن.. زۆر ئەستەمە لەو بنبەستە ڕزگاربین ئەگەر هەر ئەوها لە دەرێی بەرەی خەڵک بن و بە پێی پێداویستییەکانی سەردەم مێشکیان وەگەڕنەخەن.. لەبەرهەندێ پێویست ناکا مرۆڤ زۆر خۆی بەو کۆرگێڕە ژمارەدارانەی زانکۆیەکان سەرقاڵ بکا.. بەڵکە باشترە لەجیاتی ئەوە بیر لە ڕزگارکردنی هێسترە ژمارەدارەکانی سەربازگەکان بکاتەوە چونکێ ئەوانە هۆشی ئەوەیان نییە بتانن هیچ بەرگرییەک لە خۆیان بکەن و زۆر بەستەزمانانە لە ژێر فەرمانی ئەفسەرگەلێکی هێندە دەبەنگ و بێ ویژدان دان کە کارویپیشەیان تەنێ هێرشکردنە سەر سەربازانی بەرانبەر و بەکوشتدانی سەربازانی خۆیانە، لەوەش خراپتر هەر هێسترەک کە بە هۆی پشێویی باری نائاسایی و جەنگ ژمارەکەی لێدەبتەوە هیچ سەربازەک ئامادە نابی بەخێوی بکا و گیانی لە مەرگ بپارێزی چون نە بە کار و فەرمانی سەربازیی خۆی دەزانی نە هیچ هەستەکی ئاژەڵپارێزیشی هەیە تا مافی هێستران لەبەرچاو بگری تەنانەت زۆر جار لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ کە هێرش دەکەن دەیاندەنە

پێش خۆیان و بە مەبەستی تەقاندنەوەی مینەکان وەکاریاندەبەن! خۆ ئەو بارودۆخەی ئەو هێسترە بەستەزمانانە لە نێو شۆڕشەکانیش کە گوایە لە پێناو وەدستهێنانی ماف و ئازادییەکان هەڵدەگیرسێن و چەکدارەکانیان خۆ بە ئاژەڵپارێز دەزانن.. جوایەزییەکی ئەوتۆی نییە؛ هەرچەندە لە نێو هیچ شۆڕشەک بە هۆی کەمیی توانستە مادیی و سەربازییەکانی بە بەراورد بە ئی دوژمنەکەی هێسترەکان هێندە زۆر نابن تا ژمارەگوزار بکرێن و ئەوهایان بەسەربێ لێ ئەوانیش لەبەرئەوەی فەرهەنگی توندوتیژیی و کوشتوبڕ بەسەریاندا زاڵە هێندە گرنگیی بە گیان و ژیانیان نادەن تەنانەت هەندەکیان بێڕێزییشیان پێدەکەن و زۆر بە سووکیی تەمەشایان دەکەن.. هەر لەسەر ئەو دیاردەیەش ئەوەم وەبیرهاتەوە کە ڕۆژەکیان چەکدارەکی دێرینی شۆڕش سەرهاتەکی نوکتەئامێزی گێڕاوە:

«هێزەکانی ڕژێم هەندەک پێشڕەوییان کردبوو و مەترسیی ئەوەمان هەبوو دەست بەسەر یەکەک لە بارەگەکانمان دابگرن.. لەبەرهەندێ خەریکبووین ئازووقەکەی ئەوێمان بە گێدرێژ و بارگینان دەگۆزتەوە جێیەکی دوورەدەست؛ لە کاروانی یەکەممان جاش هێسترەکی زۆر گچکەمان لەگەڵ بوو کە تازە فێری ڕێڕۆیشتن دەبوو و هەر وەپاشدەکەت.. بەرپرسی رامیاریی هێزەکەمان بە هاوڕێیەکی گۆت: "وریای ئەو جاش هێسترە بە با وەپاشنەکەوی و درەنگمان بەسەردانەیێ" ئەویش کە هەرگیز لە گاڵتەی خۆی نەدەکەت یەکسەر دەستی لە ملی جاش هێسترەکە کرد و وەک ئەوەی قسە لەگەڵ کەسەک بکا پێیگۆت: "دە برەک خێرا برۆ گیانەکەم.. ئێ ئاخر ئەتوو کە پێت ناکرێ برۆی نازانم لەبەرچی بوویە شۆڕشگێڕ.. ئێ ئەوە گۆتمان داکت گەورەیە و دەستیخۆشبی کە ئێستا شۆڕشگێڕەکی زۆر ئازایە و لە چاوی دوژمن ناگەڕێتەوە.. بەس ئەتوو لەبەرچی.. بە راستی هێشتا ئەتوو گچکەی و ئی ئەوە نەبووی ببیە شۆڕشگێڕ.. بە رای من دەکەی زۆر باشترە بچی خۆت رادەستی ڕژێم بکەیەوە.. کەنگێ گەورە بووی بەسەر ئەو چاوانە و ئەمەش پێمانخۆشدەبی ببیە شۆڕشگێڕ..." ئیدی کاکی بەرپرس بەسەریدا تەقیەوە و پاش ئەوەی تێر جوونی کرد زۆر بە تووڕەیی گۆتی: "ئاخر هەی بێ ویژدان.. ئەوە چ بێ ڕەوشتییەکە ئەتوو جاش هێستر و ئاژەڵی بێ نرخ و هیچ بە شۆڕشگێڕان دەچووێنی و دەیانهێنیە ڕیزی یەک.. نا هەرگیز ئەمن چەکداری وەک تووم ناوێ.. برۆ.. برۆ ئەتووش لەگەڵ ئەو هاوڕێیە خۆشەویستە جاش هێسترەت پیرۆزی یەک بن و پێکەوە خۆتان رادەستبکەنەوە!" کەچی ئەو هاوڕێیە بێ ئەوەی هیچ خۆی لە هوورە ببا زۆر بە هێمنیی گۆتی: "ئێ زۆر باشە هەردووکمان خۆمان رادەستدەکەینەوە بەس وەک ئەوە نا کە دەستبەرداری شۆڕش بووینە بەڵکە بە مەرجەک شۆڕش بماننێری لە ڕێکخستنی نێو شارەکان کاربکەین!" ئەو جارە بەرپرسەکەمان هەر شێت و هار بوو.. خۆی دەپچڕیەوە و پڕکێشی ئەوەی دەکرد لێیبدا یان چەکی بکا.. کار گەیشتە ئەوەی زۆربەی هاوڕێیان بەسەر دوو بەرە دابەش ببن.. خەریکبوو شەڕی نێوخۆ لە نێوان لایەنگرانی بەرپرسەکەمان و لایەنگرانی هاوڕێیەکەی دیکە و جاش هێسترەکە بەرپابیی.. ئیدی ناچار ئەمن و چەند هاوڕێیەکی دیکە کە بێلایەن بووین وەک لایەنی نێوەندگیر کەتینە نێوانیان و بە هەزار دەردەسەریی تا تانییمان بارودۆخەکە هێوربکەینەوە و نەهێڵێن ئاوری شەڕ چەخماخە بدا.. سەرەنجام لە ڕێی گفتوگۆ و دانوسانەکی زۆر ئەوجا تانیمان بە ڕێکەتنیان بگەیینین.. خاڵی هەرە گرنگی ڕێکەتننامەکەش ئەوە بوو کە هەردوو لا هەر یەکەو بە جودا ئازووقەکە بگۆزنەوە.. واتە لایەنگرانی بەرپرسەکە تەنێ ئەو کاروانە و یەکەکی دیکە بکەن و لایەنگرانی هاوڕێیەکەی دیکە و جاش هێسترەکەش هەموو ئازووقەکەی دیکە بگۆزنەوە

جا به چەند کاروان دەیکەن ئارەزووی خۆیانە.. گرنگ ئەوە بوو هەردوو لا دەستوبرد بکەن و نەهێڵن ئازووقەکە بکەویتە بەردەستی دوژمن!».

هەرکووەک هەیە با پتر لە بابەتەکەمان دوورنەکەوینەوە کە لەسەر کۆڕە لاواز و بێ بڕستەکان و بێ توانایی کۆڕگێڕەکان بوو. دوا کۆڕ کە بڕیاربوو ببەسترێ بە ناوی "پەیوەندییە جڤاکییەکانی نێوان تاکەکان لە رۆژهەڵات بە تایبەتییش لە نێوان نێر و مێ" بوو.. ناوەکی سەرنجڕاکێش بوو لە کنە من، هاوڕێیەکەم کە خوێندکاری کۆڕگێڕەکە بوو زۆر بە شارەزایی و زیرەکییەکەیدا هاتەخوارێ تا وەیلێکردم پێکەوە بچینە کۆڕەکە.. لە راستییشدا کۆڕەکی جودا بوو ئەو جارە.. واتە زۆر بە سوود و پڕ لە زانیاریی بوو. پاش ئەوەی هاتینەدەرێ چووین لە قاوەخانەکی نێزیک زانکۆیەکە دانیشتین و بەدەو قاوەخواردنەوەوە گۆتی:

- دیتت.. قسەکەم چەند راست دەرچوو هاوڕێ.. پێمگۆتی ئەو مامۆستایە بە ماندیبوونی خۆی پێگەیشتیە و بە واتای وشە مامۆستایە، ئەوە زۆر راستە و ئەمنیش وەک توو هیچ لارییم لەوە نییە ئەو خوێندکارانەی لەو دواییانە لە زانکۆیەکان دەرچوونە و بووینە مامۆستا زۆر کەمیان زیرەک و باشیان لێدەرچووە.. لێ ئەوەیان زۆر دەگمەنە.. دیتت چ دەریایەک بوو لە زانیاریی!

- ئەرێ هاوڕێ.. بە راستیی وەبوو.. لێ سەرم لەوە دەرنەدەکرد مامۆستایەکی ئێرە کوو ئەو هەموو زانیارییەی لەسەر پەیوەندییە مێژوویی و هەنووکەییەکانی نێو ئەو کۆمەڵانەی رۆژهەڵات هەیە.. هەستدەکەم ئەو مامۆستایە ماوەک لە وان دەران ژیابی ئەگینا زۆر ئەستەمە مامۆستایەکی ئێرە ئەو حەمکە زانین و زانیارییەی دەربارەی ئەوێ هەبی و هەمووشی ئەوها بە وردیی و بە بەڵگەوە.. (پاش ئەوەی قاقایەکی درێژی کێشا):

- نا هاوڕێ گیان نا.. ئەمنیش کە یەکەم جار ئەو مامۆستایەم دیت و گێم لە قسەکانی بوو زۆر بە هەڵەدا چووم.. بە تایبەتییش بەو رەنگ و ئاکار و بەو شێوە ئاخافتنەی هەر وەمدەزانی بە رەسەن خەڵکی ئێرەیە! لێ کە پێمنەگۆتی خەڵکی کێندەرە گۆتم بزانم ئەتوو هەستپێیدەکەی کە خەڵکی ئێرە نییە.. ئەرێ.. زمانی ئێرە کە لەگەڵ ئەوەی زمانەکی بەربڵاوە لێ زۆر قورس و وەڕسکەر و هیشکە وەها فێربووە کەس هەستپێیناکا خەڵکی جێیەکی دیکە بی.. جا ئەو نە خەڵکی ئێرەیە و نە ئی ئەو وڵاتانەی ئەو نێوەشە بەڵکە خەڵکی لای خۆنە.. هەرچەندە لە خانەوادەکی زەنگین چاوی هەڵهێنایە لێ وەک کەسەکی سەرڕاست و پاک و دوور لە دەسەڵات هەموو دەردەسەرییەکی دیتیە و تەنانەت ماوەکی زۆریش لە شاخەکان شۆڕشگێڕ بووە... (تەواو حەپەسابووم.. بێجگە لەو هاوڕێیەم هەر کەسەکی دیکە ئەو قسەی بکردبا بڕوامنەدەکرد.. ئیدی درێژەی دایێ):

- واز لە ژیان و کاری ئێرەی بهێنە هاوڕێ.. با هەندەک باسی ژیان و خەباتی پێشانی بکەم ئەوجا نوکتەکی زۆر بالکێش کە هەر بە راستیی لە ژیانی شۆڕشگێڕیی بەسەر خۆی هاتیە دەگێڕمەوە.. لێ ئەمن ئەوانە هەمووی لە زمانی کەسەک دەگێڕمەوە کە ئەویش هەر لەو زانکۆیە هاوپۆلی خۆمە.. هەڵبەتە ئەو زۆر لە من باشتر دەیناسی چونکێ هاوڕێ و هاوخەباتی بووە و پێکەوەش چەکداری شۆڕش بوونە.. بە کورتییەکەی رۆژەکیان ئەو هاوپۆڵەم گۆتی:

«ئەو مامۆستایە تا لەگەڵی تێکەڵ نەبی نازانی کەسەکی چەند نەرمونیانە.. لە گەنجیەتیدا زەلامەکی زۆر قۆز و جوان بوو.. هەروەک دەیبینی لەو تەمەنەشیدا هێشتا جوانییەکەی خۆی هەر لەدەستنەدایە، لە خوێندن زۆر زیرەک دەبی و بە هاسانیی دەگاتە کۆلیژی یاسا و رامیاریی، لەبەرئەوەی وەک سروشتی خۆی کەسەکی

هەندەک گۆشەگیر و کەم جوولە بووە نەک هەر بە هیچ لایەکدا نەدەچوو بەڵکە ئەگەر دوو گەڕەک لە گەڕەکەکەی خۆیان دووربکەتباوە ئەوە بزردەبوو و بە هاسانیی بە ماڵە خۆیان نەدەکەتەوە! لێ بە هۆی زیرەکییەکەی و هەستکردنی بە چەوسانەوەی لەڕادەبەدەری میللەتەکەی هێشتا هەر لە خوێندنی ئامادەییدا دەبی بە کاری رامیارییەوە پەیوەست دەبی و پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی پارتیەکەی ئەو دەمی مە دەکا.. بەوەش بە ناچاریی دەست بە گەڕان و جوولەجوول دەکا و وەک کەسەکی زۆر چالاک هەڵدەسووڕێ.. کەسەک کە پێشترێ دەتگۆت مریشکە کورکە و لەسەر هێلکان کرکەتیە لێ ئیدی زۆر خراپ بە ماڵێ دەکەتەوە و لە هیچ جێیەک قوونی تۆتکەی نەدەگرت! هەر لە ماوەکی کەم خەڵکەکی زۆر دەکاتە ئەندام و گەشەکی چاک بە رێکخراوی شار دەدا، سەرەڕای ئەوەی لە ئەنجامدانی کاروبارەکانی کەسەکی زۆر نهێنیپارێز بووە و زۆر بەتەنگ پاراستنی ئاسایشی گیانی هاوڕێیانیەوە بووە کەچی خۆی لە دوا ساڵی خوێندنی لە زانکۆ ئاشکرادەبی و پیاوانی رژێم لەدووی دەگەڕێن تا دەستگیری بکەن.. لەبەرهەندێ بە ناچاریی دەستبەرداری خوێندنەکەی دەبی و بڕیاردەدا ببتە چەکداری شۆڕش.. بەوەش رووبەڕووی کێشەکی زۆر گەورە دەبتەوە؛ ئاخر زۆر ئەستەم بوو بتانی هێندە بە هاسانیی دەزگیرانەکەی بەجێبهێلی کە دۆتمامی خۆی بووە و لە زانکۆش هاوپۆلی یەک بوونە.. کیژەکی زۆر وتووریا و هۆشمەند و رێکوپێک بووە هاوکاتیش هەر لەگەڵ خۆی ئەندامی رێکخستن بووە لێ چون ئەرکی بەخێوکردنی پیرە داک و بابە نەساغەکەی کەتبووە ئەستۆ نەیدەتانی رەگەڵی بکەوی.. بە کورتییەکەی چەند مانگەک لە ماڵی وان خۆی حەشاردەدا.. لێ لەبەرئەوەی زۆر بە چڕیی لەدووی دەگەڕێن نە دەرفەتی کاری رێکخستنی دەمینێ نە دەتانی چیدی خۆی لە مەترسیی دەستگیرکردن بپارێزی.. سەرەنجام ناچار دەبی روو لە شاخ بکا. پێش ئەوەی دەربچی بە رەزامەندیی دەزگیرانەکەی ناو لە خۆی دەنێ 'سین سین'! ئیدی لە دەرفەتەکدا چەکدارەکی شۆڕش کە بە هەندەک کاروباری رێکخستن دێتە نێو شار و لە گەڕانەوەیدا لەگەڵە خۆی دەیبا.. ئەو چەکدارە لە رێیێ زۆر خەریکیدەبی کە با ناوەکی شۆڕشگێڕانە و دوژمن تۆقێنەرانە لە خۆی بنێ نەک ئەو 'سین سین'ە کە لە تێکۆشەران ناوەشێتەوە و هەر بە ناوی وێژەوانان دەچی و کەس نازانی واتای چیە.. لێ ئەو هەر پێ لەسەر ناوەکەی خۆی دادەگری و دەبێژێ 'سین'ی یەکەم پیتی یەکەمی ناوی خۆمە و 'سین'ی دووەمیش پیتی کۆتایی ناوی قلە خۆشەویستەکەی خۆمە بەس با ئەو نهێنییە لە نێوان خۆمان بی و بە کەسی مەبێژە! کە شار بەجێدەهێلن و لە مەترسیی چەکدارەکانی رژێم رزگاردەبن و خەریکدەبن بچنە نێو یەکەم گوند رەوە سەیەک لە دووڕا بە حەپەحەپ بەرەو روویان دەچن.. پێش ئەوەی بگەنە کنیان هاوڕێ سین سین کراسەکی ئاودامەنی ژنان لە نێو کۆڵەپشتەکەی دەردەکا و بەسەرخۆیدا هەڵدەکێشی! ئەو کراسە دەزگیرانەکەی لە دوا دیداریان دەیداتێ و پێیدەبێژی 'ئەوە وەک یادگارییەکی من با لە کنت بمینێ.. سێ سوودی زۆر باشیشی هەیە: ئەگەر لە جێیەک لە بەرانبەر دوژمن تووشی مەترسیی بووی دەتانی چەکەکەت فڕێبدەی و ئەو کراسە لەبەربکەی و خۆتی پێ قوتاربکەی.. ئەگەر سە هێرشی کردە سەرت ئەوە دەبەربیکە و وازتلێدەهینی چون سە بە ژنان ناوەڕی! ئەگەر سەرماشت بوو ئەوە دەتانی بە خۆتی دابدەی و پێی گەرم ببیەوە'.

هاوڕێیە چەکدارەکەی هاوکاتی پاسکردنی سەیەکان پێیدەبێژی:

- کوورە ئەوە چ دەکەی هاوڕێ! خێراکە ئەو کراسە لەبەربکەوە با خەڵکی گوند نەمانبینن و ئابڕوومان پێوەنەچی.. (کەچی هاوڕێ سین سین بە نەرمیی بەرسڤی دەداتەوە):

- ئێ هاوڕێ.. ئەوە دەزگیرانە خۆشەویستەکەی خۆم وێدام و گۆتی ئەگەر سە هێرشی کردە سەرت دەبەرێیکە و وازتلێدەهینی.. دواییش لەبەرچی ئابڕوومان دەچی! نا.. ئیدی بەسە.. دەبی واز لەو نەریتە کەونانە بهینین.. نابی چیدی بەو جۆرە جوایەزیی لە نێوان ژن و پیاو بکەین؟ با هەر خەڵک بزانن ئەمن پیاوم و جلکی ژنانم دەبەرکردیە.. خۆ لەو سەیە دڕانە رزگاردەبم.. (هاوڕێیەکەی کە دەزانی کراسەکە لەبەرناکاتەوە بە خۆتووڕەکردنەکەوە یەکسەر پڕیدەداتێ و کراسەکەی لەبەر دادەماڵی و لە بن پێیانی خۆی دەنێ):

- دەی وەپێشم بکەوە دەی.. هێشتا یەک فیشەکت نەتەقاندیە دەتەوێ ئابڕووی شۆڕش ببەی.. یەک قسە دیکە نەکەی ها.. وەپێشم بکەوە دەی.. (هاوڕێ سین سین کە هاوڕێیەکەی ئەوها بە تووڕەیی دەبینی نەک هەر ملکەچ دەبی بەڵکە زۆر سوپاسگوزاریش دەبی ئەگەر کراسەکەی وێبداتەوە، پاش ئەوەی هاوڕێیەکەی دەرفەتی دەدا کراسەکە هەڵبگریتەوە دەیخاتەوە نێو کۆڵەپشتەکەی وردە وردە پێکەوە سەیەکان لە خۆیان پاس دەکەن.. ئیدی دوو کەس لە خەڵکی گوندەکە بێ ئەوەی بەو بەزمەیان بزانن بەپیلیانەوە دەچن و دەیانبەنە نێو گوندەکە، بەو شێوە هاوڕێ سین سین لە یەکەم ئەزموونیدا فێری ئەوە دەبی کوو بێ کراسی ژنان سەیان لە خۆی پاسبکا!).

پاش چەند مانگەک کەسەکی زۆر ئازا و بوێر و چاپووکی لێدەردەچی لێ بە هۆی ئەوەی لە شار زۆر بە ناسکیی و نازداریی پەروەردەکرابوو ئەو ژیانە نووەی زۆر بە قورسیی دەگوزەراند.. ئاخر ژیانی شۆڕشگێڕیی لەو نێو شاخوداخ و پێدەشتانە و بەو توانستە کەم و ئامادەسازییە سەربازییە لاوازەی شۆڕش هەیبوو بە بەراورد بە ئی رژێم گەلەک قورس و ئەستەم بوو.. بێجگە لەوەی سەرما و گەرما و برسییەتی و کەمیی جلوبەرگ و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان تەنگی پێهەڵچنیبوو.. ئەو هەموو شەڕۆشۆڕ و جوولە و چالاکییە عەسکەرییانەش زۆر زۆر ماندیی و شەکەتی کردبوو.. ترسی مەرگیش هەر لەولای دابنێ، جا سەرەڕای هەموو ئەوانە دەزگیرانەکەشی بە خۆی و بە دایوبابییەوە لە لایەن رژێمەوە دەستگیرکرابوون و هیچ سۆراغەکیان نەبوو.. ئیدی تا دەهات هەڵسوکەت و پەیوەندییەکان و بارودۆخی ژیانی بە شێوەکی گشتیی هەر خراپتر دەبوو تەنانەت وەیلێهاتبوو چیدی بەرگەی ئەو هەموو گەڕان و سووڕانەی ژیانی چەکداریی نەگری و بە تەواویی بڕست و شنگی لەبەربڕێ، هەرچەندە پاشان کە هەستدەکا هیچ چاری نییە و هەر دەبی دان بە خۆیدا بگری وردە وردە بارودۆخەکەی ئاسایی دەبتەوە و لێڕادێ، لێ ئەو جارە وەک پیاوەک کە لە هەڕەتی لاوییدایە ئازاری دوورکەتنەوەی لە رەگەزی هەراسانی دەکا.. واتە ئیدی ئەوەی لە هەموو تشتەک ناخۆشتر و بێزارکەرتر بوو ئەوە بوو کە لە گشت هەڵسوکەوتە سێکسییەکان دابڕابوو! هەڵبەتە ئەو بارەش لە نێو شۆڕش سەبارەت بە هەموویان هەر بە هەمان جۆر بوو لێ زۆربەیان چ ئەوانەی بێ هاوسەر و بێ خۆشەویست بوون چ ئەوانەی هاوسەردار بوون یان خۆشەویستیان هەبوو بە هۆی ئەوەی خۆیان لە دابونەریتە میللییەکان نێزیک بوون و دەیانتانی بە هاسانیی خۆیان لەگەڵ هەڵسوکەوت و پەیوەندییە جڤاکییە باوەکە بگونجێنن و هەندەکیشیان خزم و کەس و ناسیاریان لە گوندەکان هەبوون یان هەر خۆیان خەڵکی گوندەکان بوون.. جاروبارەک دەستیان بە ژنان رادەگەیشت جا چ هاوسەر و خۆشەویستەکانیان بان یان ژنانی دیکە.. واتە بە تەواویی لە سێکس و خۆشەویستیی دانەبڕابوون.. لێ هاوڕێ سین سین لەبەرئەوەی بەو جۆرە ژیانە رانەهاتبوو و هیچ خزم و کەس و ناسیارەکی نەبوو لەو گوندانە و هەر خۆشی ساردوسڕ بوو لە پەیوەندییەکان و ئامادەش نەبوو لە پێناو حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی هیچ جۆرە نەرمییەک لە بەرانبەر پەیوەندییە کەونەپەرستییەکان بنوێنی

و خۆی بگونجێنێ تەنانەت لۆ نانخواردنیش کە لە ماڵان دابەشدەبوون ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیەکانی نەبا نەیدەزانی کوو بچتە ماڵەک و هەڵسوکەوت لەگەڵ خاوەنماڵەکە بکا! ئیدی بە جۆرەک لە ژنان دابڕابوو کە نەیدەتانی بە خەونیش لێیان نێزیک ببتەوە و قسەیان لەگەڵ بکا!

چەکدارانی هەموو پارتی و لایەنەکان هەمان ئەو کێشەیان هەبوو.. زۆر جار دیاردەی گەلەک ناشیرینیش لە نێویاندا روویدەدا.. واتە لە رێی چاو لێ سۆرکردنەوە و ترساندن خۆیان دەسەپاند و پەیوەندییان لە تەک ژنان دەبەست و هەڵسوکەوتی نابەجێیان لەگەڵیان دەکردن.. لێ ئەوە لە نێو ئەو چەکدارانەی کە خۆیان پێ چەپ یان کۆمۆنیست بوو جا لە نێو هەر لایەنەک بان زۆر کەم بوو یان هەر نەبوو.. رادەی داوێنپیسیی و داوێنپاکیی بە پێی رادەی چەپبوون و هەستان و دابەزینی ئاستی چەپایەتیی هەر لایەنەک یان هەر چەکدارەک پێوانە دەکرا.. واتە چەپەکان لەو رووانەوە هەمیشە پاکتر بوون و شارستانییانەتر بەرخوردیان دەکرد، هەندەک چەکداری مێیینە هەبوون لێ ئەوانیش کەم بوون و مەگەر بە دەگمەن دەنا هەموویان هاوسەر یان خۆشەویستی خۆیان هەبوو.. ئەو دەگمەنەش هەرگیز وەبەر کەسەکی وەک هاوڕێ سین سین نەدەکەت.. بە کورتییەکەی ئەو دابڕانەی ئەو لە ژن و لە سێکس وەیلێکردبوو هەست و سۆزی زۆر ناسک و رۆمانسییانە ببی و زۆر تامەزرۆ و هەوداڵی ماچومووچ و راموسانەک یان رازان و جۆتبوونەک ببی.. کە ژنەک یان تەنانەت کوڕەکی جوانیشی دەدیت شێت و شەیدا و دێوانە دەبوو لێ هەر لە دەروونی خۆی بوو و کەم کەس هەبوو پێیبزانی مەگەر هاوڕێیەکی زۆر نێزیکی خۆی! جا با نوکتەکی زۆر بالکێشی هەر ئەو هاوڕێ 'سین سین'ەشت لۆ بگێڕمەوە کە هەر لەو سەروبەندەدا روویدایە:

سەرەتای بەهار و رۆژەکی زۆر خۆش بوو.. پاش ئەوەی هێرشەکی گەورەی رژێممان تێکشکاندبوو کە نەخشەی ئەوەیان هەبوو وردە وردە بێنە پێش و نێوچە ئازادکرایەکان داگیربکەنەوە.. کاتژمێرەک پێش رۆژاوابوون گەیشتینە دەو ئاوەک لە نێزیک گوندەک.. نێوچەکی زۆر دڵگیر و جوان بوو.. بە هۆی بردنەوەکەشمان لە شەڕەکە فرە دڵخۆش و ئاسوودە ببووین.. هاوڕێ 'سین سین'یش کە زۆر ئازایانە هاتبووە دەست و کەرخی دیاربوو لە نێو شەڕەکە لە خۆشیان بسکەی سمێلانی دەهاتن، کاتەکمان زانی هێزەکی تێکەڵ لە دوو لایەنی دیکە گەیشتنە لامان.. زۆر دەستخۆشییان لەو نەبەردییە لێکردین کە لەو شەڕەدا نواندبوومان.. هەمووممان چاوەڕێی ئەوە بووین هێوارە دابێ و بچینە نێو گوندەکە.. چەند چەکدارەکی ئەوان لە هاوڕێ سین سین وریبوون و ئەویش هەر باسی شەڕەکە و نەخشی ئازایانەی خۆی و هاوڕێیەکانی لۆ دەکردن.. پاشان بە چەکدارەکی زۆر جوان و گەنجی لایەنەکیان وەنووسا و هەر باسی نەبەردییەکە و قسەی خۆش خۆشی لۆ دەکرد.. ئەو گەنجە دیاربوو تازە هاتبووە نێو شۆڕش.. زۆر سەرسام ببوو بەو ئازایەتی و بوێرییەی هاوڕێ سین سین نواندبووی.. تا گەیشتینە گوندەکە هەر پێکەوە بوون.. لەوێش کە بڕیاردرا چەکداری هەموو لایەنەکان بە تێکەڵاویی دابەشی ماڵان ببین لۆ نانخواردن ئەوان دوو بە دوو رۆیشتن، کاتی نوستنان هەر یەکەو بە پێخەفەک گەڕاینەوە و لە خوێندنگەی گوندەکە یەکدیمان گرتەوە - ئەو کات لە لایەن رژێمەوە خوێندن لەو گوندە و زۆربەی ئەو گوندانە راگیرابوو کە شۆڕش تێیاندا هەندەک باڵادەست بوو ئەوەش وەک گوشارەک تا خەڵک لە شۆڕش دووربکەونەوە - پاشان دوو دوو سێ سێ جێی خۆمان رایەخست.. هاوڕێ سین سین و چەکدارە گەنجەکە وەها متووی یەک ببوون موو بە نێوانیاندا نەدەچوو.. هەر لە نێزیک من و ئەو هاوڕێیەی پێکەوە بووین پەتووەکیان رایەخست و هەردووکیان لەسەری راکشان و پەتووەکەی دیکەشیان

وەخۆدادا، ئەمن زۆر ماندیی بووم و هەر زوو خەوملێکەت.. نازانم چەندی پێچوو.. کاتەکم زانی لەگەڵ دەنگی سوارکردنی کلاشینکۆفان هاییدار بوومەوە و گێم لێبوو چەکدارە گەنجە دەیگۆتە هاوڕێ سین سین:

- دەستبکەوە هەی خۆڕی.. دەست لۆ من دەهینی هەی هیچوپووچ.. دەستبکەوە دەی... (ئیدی بەو جوونانە دایەدووێ.. ئەمن دڵنیا بووم کە سووچی هاوڕێ 'سین سین'ە.. یەکسەر بە هاوڕێیەکەی تەنیشتە خۆم گۆت بە پەلە هاوڕێ سین سین بباتە دەرێ و خۆشم چوومە پێش چەکدارە گەنجەکە و گۆتم):

- نا هەڤاڵ گیان نا.. ئەوها نابی.. ئەو هەرچییەکی کردبی ئەتوو لە چاکە و پیاوەتیی خۆت لێی ببوورە.. ئاخر ئەمە هەمووماں هاوسەنگەری یەکین نابی دەستمان بچتە خوێنی یەکدی.. بەس ئەتوو وازیلێبهینە بڕوابکە ئەمە بە خۆمان سزایەکی زۆر گەورەی دەدەین و بە پەندی دەبەین.. (کەچی ئەو هەر لە جووندانی خۆی نەدەکەت و دەیگۆت):

- ئاخر کوو لەو هیچوپووچە ببوورم.. دەستبکەوە هەی قووندەر.. ئەوە گۆتمان بەرانبەر دوژمنی ترسنۆک ئازای.. بەس وەرە بەرانبەر من ئازابە هەی خۆڕی لە خۆڕییان.. (هاوڕێ 'سین سین'یان لەبەردەستی قوتارکرد و خەریکبوو بە پاڵنان دەیانبردە دەرێ.. کەچی ئەو هەر وازینەدەهینا.. بەرپرسە عەسکەرییەکەمان بە پەلە گەیشتە کنمان و هاواری کرد کەس تەقە نەکا.. پاشان پرسیاری کرد: "ئەوە چ بووە هاوڕێیان.. هەڤاڵان؟" تا تێمانگەیاند.. چەکدارە گەنجەکە دەرفەتی وەرگرت و وەدوو هاوڕێ سین سین کەت.. ئیدی هەمووماں بە پەلە خۆمان گەیاندە دەرێ.. هەر خۆبەخۆ لەگەڵ ئەو لایەنەی چەکدارە گەنجەکە کەتینە بەرانبەر یەک و سەنگەرمان لە یەک گرت.. بێجگە لە چەکدارەکانی لایەنی سێیەم هەردوو لا چەک سوار و دەست لەسەر پەلاپیتکە ئامادەبووین.. تەنێ یەک کەس بیتەقاندبا تەرمی چەندین کەس دەکەتنە ئەو گۆڕەی.. بەوەش بەرەی نیشتیمانی دژبەران تێکدەچوو و شەڕی نێوخۆ دەستپێدەکردەوە! باش بوو بەرپرسە عەسکەرییەکەمان ئازایەتییەکی زۆر گەورە و جوانی نواند؛ تا هێزی هەبوو چەکەکەی لە پێشە خۆی بە زەوی دادا و هاواری کرد):

- فەرموون وەرن ئەمن بکوژن! دەی هاوڕێیان ئەنگۆ لوولەی چەکەکانتان بهیننە خوارێ.. ئەنگۆش هەڤاڵان مافی خۆتانە و فەرموو تەقە لە من بکەن و بمکوژن.. (هاوکات لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە لە لایەن هاوڕێیانی خۆمان بەرپرسە عەسکەرییەکەی لایەنی سێیەمیش هاتە نێوانمان و بە بەرپرسە عەسکەرییەکەی لایەنەکەی چەکدارە گەنجەکەی گۆت):

- ئیدی ئەوە شەرمە لۆ هەمووماں.. تکایە بە هەڤاڵانی خۆت بێژە با ئەوانیش لوولەی چەکەکانیان داگرن.. ئاخر ئەوە تەنێ بە قازانجی دوژمن تەواودەبی.. (کە بەرپرسەکەی وانیش دەنگیدان و گۆتی):

- تەواو هاوڕێیان چەکەکانتان داگرن.. دەی پەرت بن دەی.. (بەرپرسە عەسکەرییەکەمان گۆتی):

دەی هاوڕێیان ئەو خۆڕییە - مەبەستی هاوڕێ سین سین بوو - چەک بکەن و لێرەی دووربخەنەوە.. (پاش ئەوەی دوو سێ هاوڕێ فەرمانەکەیان جێبەجێکرد هەر دەمودەست بەرپرسە عەسکەریی و رامیارییەکانی هەرسێ لایەن بە ناوی بەرەی نیشتیمانیی نێوچەکە کۆبوونەوەکمان بەست.. پاش گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکە کە باری مە زۆر لاربوو.. لەسەر ئەوە رێکەتین کە ئەمە رەخنە لە خۆمان بگرین و هەر ئێستاش هاوڕێ سین سین وەک سزایەک لەو نێوچە بگۆزرێتەوە لۆ نێوچەکی دوور.. چەکدارەکانی هەردوو لاشمان دەست لە ملی یەک بکەین و

ئاشت ببینەوە. کە کۆبوونەوەکە تەواوبوو بەرپرسە عەسکەرییەکەمان بە دزیی بە منی گۆت با وەک ڕێزگرتنەک لەوان کە بە پەندمان بردن هاوڕێیان هاییدار بکەوە کە هەر ئێستا ئێرە بەجێدەهێلین.. هاوکات کە ئەمن خەریکی ئەوە بووم ئەو بڕیارە بە هاوڕێیان بگەینم.. بە بەرپرسە عەسکەرییەکەی لایەنی چەکدارە گەنجەکەشی گۆت):

- هەڤاڵ گیان.. زۆر سوپاسی هەڵوێستتان دەکەم.. ئەمە دەبی ئێستا بڕۆین.. هەر پێشتریش بڕیاربوو ماوەک پێش تاریکوڕۆنی سپێدە دەربچین و لۆ سبەی نیوڕانێ بگەینە بارەگەی خۆمان.. جا تکایە ئەوها تێنەگەن لەبەر ئەو گرفتەی ئێستا کە روویدا دەڕۆین.. تازە ئەمە هیچمان لە نێواندا نەما و هەمووومان هاوسەنگەری یەک شۆڕشین و هەر دەبی یەکێتیی خۆمان بپارێزین.. (ئەویش گۆتی):

- ئەمنیش سوپاسی هەڵوێستی جوامێرانەی توو دەکەم هاوڕێ، بێ گومان ئەمە پشتوپەنای یەکدین.. هیوادارین لەبەر مەتان نەبی کە دەڕۆن.. جا بەرنامەی خۆتان تێکمەدەن.. لێرە بن هەر کەس و هاوپشتمانن لێرەش نەبن هەروا.

ئیدی وردە وردە وەڕێکەتین، هەر پاش ئەوەی لە گوندەکە دووركەتینەوە و لەوان بزربووین.. بەرپرسە عەسکەرییەکەمان هەڵوەستەکی کرد و هەمووومانی ڕاگرت و گاسی هاوڕێ 'سین سین'ی کرد - زۆر لە هاوڕێ سین سین وەخۆوەتر و درێژتر بوو -.. هەستمکرد ڕکەکی زۆر لە ناخیدا پەنگی خواردیتەوە.. لێ بە شێوەک پێشانیدا کە شۆخیی لەگەڵ دەکا.. لە پێش هەمووومان هەر کە شەپەکی بە هێزی لە پشتی سین سین دا و چنگەکی لێگیرکرد بە ڕاتەکاندنیەوە پێگۆت:

- ئاخر هەی 'هاوڕێی خۆشەویست'! باشە ئەتوو لەو هەموو هاوڕێیە جوان جوانانەی خۆمان لۆ تووشی هەڤاڵان بووی!!؟ (هەر کە ئەوەی گۆت هەمووومان لێکرا لە قاقای پێکەنینێمان دا و زۆربەمان هەر بە شۆخییەوە و هەریەکەو بە جۆرەک و بە هەمان واتاوە گۆتمان):

- ئەوە چیە هاوڕێ! مەبەستت ئەوەیە ئاساییە کە سواری مە ببووایە؟! (پێکەنین و دەنگەدەنگ تەقلی هەڤ بوون و بووە یەک بەزمووڕەزمی زۆر خۆش.. هاوڕێی بەرپرسیش گۆتی):

- کورە سواربوونی چی و تەڕەماشی چی هاوڕێیان.. ئاخر ئەو 'هاوڕێیە خۆشەویستە'! لەگەڵ ئەوەی بەو شەوە تووشی ئەو دەردەسەرییە و ڕەخنەلەخۆگرتن و ملکەچییەی کردین.. هەر هێندەی نەمابوو بەرەی نیشتیمانیشی لەسەر تێکبچی! خۆ ئەمن دڵنیام هیچیشی نەکردیە بڕوابکەن.. (لێرەوە پتر خۆی وەها پێشاندا کە شۆخیی دەکا لێ پێیەوە دیاربوو قسەکانی لە ناخیەوە هەڵدەقوڵێن) ئێ بریا دەستەکی بگابا.. خۆ ئێستا سوومان لەو ملکەچکردنەمان نەدەبۆوە لە بەرانبەریان.. دەک داوەشێی 'هاوڕێی خۆشەویست'! لەگەڵ خۆت و کیرت! ئێ ئەگەر کەسەک شەڕی نێولنگان نەزانی و پێینەکرێ لۆ هەر لەو گۆڕەی خۆی فشبکاتەوە.. ئاخر ئەو شەڕە پیاوی خۆی دەوێ! نا هەرگیز.. ئەو شەڕە کوو بەو 'هاوڕێیە خۆشەویستە'! ملحیزە دەکرێ.. (هاوڕێ سین سین لەگەڵ ئەوەی پیاوەکی زۆر ئازا و چاونەترس بوو کەچی لەو دەم نوقەی لێوە نەهات! هەر بە بەزم و پێکەنینەوە ملی ڕێمان گرتەوە).

ئیدی هاوڕێ سین سین بێجگە لەوەی دەزگیرانەکەی لەدەستچووبوو بە هۆی ئەو گرفتەشی کە لەگەڵ ئەو چەکدارە جوان و گەنجەی هەڤالان بەسەریهاتبوو زۆر وەڕس و بێزار و بێ بار ببوو.. سەرەڕای ئەوەش بە هۆی

ئەو ناکۆکیی و ململانێیانەی نێو پارتیەکەمان - کە تا دەهات هەر پتر و پتر دەستبەرداری چەپبوونەکەی دەبۆوە و دەبووە پارتیەکی میللیی و دیموکراسییخواز - هەر بێ هومێد و بێ هومێدتر دەبوو.. پاشانیش کە هێزەکانی شۆڕش تووشی شکستە گەورەکە بوو لە بەرانبەر رژێم هەر بە ئێکجاریی مانەوەی خۆی لە نێو شۆڕش بە ناپێویست و بێ کەلک دەهاتە بەرچاوان، هەرچەندە ئەو هەرگیز داوای ناردنەدەرێی لە پارتی نەکردبوو و هەر بڕواشی پێنەبوو لێ بە هۆی ئەوەی کەسەکی سەرڕاست بوو و رەخنەی توندی دەگرت زۆربەی بەرپرسەکان دژایەتیان دەکرد و لە هەلەک دەگەڕان تا لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە.. وەیانلێکردبوو زۆر زۆر بێزار ببی.. هەر بە فیتی چەند بەرپرسەک پارتی پێشنیاری ئەوەی لۆ کردبوو بینێرتە دەرێ.. ئەویش سەرەنجام بە هۆی زۆر بێ هومێدبوونی لە پارتی و زۆر بێزاربوونی لە بارودۆخەکە رازیی ببوو.. ئیدی هەر زووبەزوو بە رێی قاچاغ وەرێیانکردبوو.. لە دەرێش پاش چەند سالەک وڵات بە وڵات هەر بە رێی قاچاغ تا خۆی دەگەینتە ئێرە.. لێرەش پاش ئەوەی مافی نیشتەجێبوون وەردەگری یەکسەر دەست بە خوێندن دەکا تا دەبتە ئەو مامۆستایەی ئێستا کە هەردووکمان خوێندکاری ئەوین!».

* * *

جا پێش ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکەم لە یەک دابڕێین گۆتی: "حەزدەکەم ئەو هاوپۆڵەم بناسی.. لە دەرفەتەک پێکەوە دەچینە کنی"، هەروا هەرێی ئەوەشی پێدام کە ئیدی هەر کاتەک ئەو مامۆستایە کۆڕەکی هەبوو هاییدارم بکاتەوە و لە دەرفەتکیشدا بە یەکدیمان بناسێنی.

رەنگە تا دێیەوە بتانم بیانبینم.. کە هاتیەوە ئەگەر پێت باش بوو ئەوە مێوانداریی‌یەکی هەرسێکیان دەکەین.

* * *

لەو سەرهاتەدا هەر کە گەیشتمە سەر ناوی 'سین سین' زۆر زۆرم پێ سەیر بوو.. ئاخر سەرهاتەک خۆم تێیدابوومە کەچی ئێستا کڵاوقوت لۆم دەگێڕتەوە! کوو ئەوها ئەو سەرهاتەم لەبیرکرد لۆی بگێرمەوە.. نازانم! لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە باشە ئەمن ئەوە چەندین ساڵە لەو شارەدا دەژیم و خەڵکەکی زۆریش دەناسم کەچی هاوڕێ سین سین و هاوڕێیەکەشی - کە هاوپۆڵی هاوڕێیەکەی کڵاوقوتێە و ئەویش هەر دەناسم - هەر لەو شارە دەژین و هاییشم لێیان نییە؟! هەرکووەک هەیە داڕێژتنەکەی هاوڕێ کڵاوقوت - هەرچەندە هەستمکرد ئەمن زۆر پتر زانیاریم لەسەر هاوڕێ سین سین و سەرهاتەکەشی هەیە - زۆر زۆر جوان بوو لە کنم.. لێ لەوە دڵنیا نەبووم داڕێژتنی دەقی گێڕانەوەکەی هاوڕێیەکەی هاوڕێ سین سین لە نێویدا کتومت ئی خۆیتی یان بە دەستکاریی هاوڕێیەکەی کڵاوقوتێ درێژرایە یان هەر کڵاوقوت خۆی ترش و خێی پێوەرکردیە و ئەوها جوان و سەرنجڕاکێش بووە؟!

هەر دەمودەست کورتە نامەکم لۆ نارد:

«ئەو کاتەت باش هاوڕێ کڵاوقوت.

داوای بووردن دەکەم کە تا ئێستا ئەو سەرهاتەی گێڕاتەوە لۆ تووم نەگێڕایتەوە کە خۆشم تییدا بوومە و ئێستا خۆت پەیداتکردیە، دەستەکانت خۆشبن و لە راستییدا زۆر سەرسامم بە لایەنی هونەریی داڕێژتن و گێڕانەوەکە بە شێوەکی گشتیی بە تایبەتییش گێڕانەوەکەی هاوڕێیەکەی هاوڕێ سین سین کە نەمزانی لە نێوان 'خۆت و هاوڕێیەکەت و هاوڕێیەکەی سین سین' کێ دایڕێژتیە!؟
ئەرێ.. زۆر حەزدەکەم تا دێمەوە هاوپۆڵەکەی هاوڕێیەکەت بناسی و لە رێی ئەویشەوە یان هەر لە رێی هاوڕێیەکەی خۆتەوە سەردانەکی هاوڕێ سین سین بکەی، بێ گومان وەک دەیبینی سین سین کەسەکی زۆر چاکە و لە زۆر تشتیش کتومت وەک خۆمانە لێ دیارە بە هۆی خوێندن و مامۆستاییەوە تێکەڵی خەڵک نەبووە و دابڕایە.. ئیدی کە دەیبینی باسی منی لۆ بکە و پێیبێژە هەر کە هاتمەوە سەردانی دەکەم.. هەروا پێیبێژە 'هەنگین و کونجی و خێ لە هەموو تشتەک چێترن؟!'.. ئەهـ.. لە راستییدا ئەمنش زۆر سەیرم.. هەروەک ئەوەی نەتناسم ئەو وشانەت لۆ دەنووسم - هەنگین و کونجی و خێ - و باکیشم نییە لەوەی کە کوو مەژییت پێیانەوە خەریکدەکەم! ئەرێ.. دەزانم ئێستا هەزار و یەک لێکدانەوەیان لۆ دەکەی کە داخۆ ئەو وشانە کلیلی چ سەربردە و سەرهاتەکن و چ راز و نهێنییگەلەک لە پشتەوەیان هەن!؟ دەی کێشە نییە.. تازە خۆم تووشکرد و ئەوەشت لۆ دەگێڕمەوە.. با نۆیەش بێتە سەر دەیەی.. چونکێ دڵنیام هەر پاساوەک بهینمەوە لۆ نەگێڕانەوەی جێی خۆی ناگری لە کنە توو و دڵت پێی داناوڕێتەوە.. لێ سەرهاتەکە خۆی زۆر درێژە.. ئەمن بە کورتییەکەی لۆت دەگێڕمەوە. جا ئەوەش کاتەکی دەوێ تا دەینووسم و دەینێرم.»:

- ٤٤ -

کۆتاییەکانی هاوینەکی گەرم بوو.. بە هۆی ئەوەی رژێم هێرشەکی زۆر وەهێز و سەراسەریی دەستپێکردبوو هەموو هێز و دەستە چەکدارەکانمان لە هەر دەڤەرەک تێکەڵی یەکدی ببووین.. هاوڕێ 'سین سین'یش لە نێو یەکەک لەو دەستانە بوو.. ئەمن لەمێژبوو ئەوم دەناسی لێ پاش ئەو سەرهاتەی کە لەگەڵ چەکدارە گەنجەکە بەسەریهاتبوو کە ئەمنیش خۆم لەو دەم لەوێ بووم ئەوجا پتر لە یەک نێزیک بووینەوە و زۆرتر تێکگەیشتین.. ببووە هاوڕێیەکی نێزیک و زۆرم خۆشدەویست. هەر چەکەکی هەیانبوو لەو شەڕەدا وەکاریاندەبرد.. دار و بەرد و ئاسمانیان لێ گڕدابووین.. کوڕ ئەو کوڕە بوو خۆی قوتاربکا و هیچی بەسەرنەیێ.. لە هەموو بەرەکان هەر ئاورباران بوو تەنانەت لە هەندەک بەرەدا کیمیابارانیش بوو.. تۆپ بە تۆپێ دەکەتەوە.. فڕۆکە جەنگییەکان تەواو شپرزەیان کردبووین.. وەک کۆمەڵە پووشەکی سەر ئاو کە لە هەموو لایەک شەپۆڵەکان بەرە و گێژەن پاڵیاندەدەن.. رێک بەو شێوە لۆ یەکیان دەهینایەنەوە و خڕیان دەکردینەوە سەریەک، هاوڕێ سین سین تەواو هۆگری من ببوو و یەک پێنگاڤ لێم دوورنەدەکەتەوە چونکێ دەیزانی لە کاتی پێویست پشتی بەرنادەم.. هەر کە باسی شەڕ و بەرگرییمان دەکرد زوو زوو دەیگۆت 'ئەتوو کوڕی تەنگانەی هاوڕێ..'، تەواو تەنگیان پێ هەڵچنیبووین.. وردە وردە بە ناچاریی لەگەڵ چەندین دەستە چەکداری دیکە لە زنجیرە چیایەکی سەختی دەڤەرەکەمان یەکماندەگرتەوە.. لە نێوماندا کۆمەڵە بەرپرسی دیاری عەسکەریی هەبوون و دووان لەوان کە زۆر ئازا و چاونەترس بوون و هەردووکیشیان بڕیاردەر بوون.. لەوان دەمان زۆر جار کە بە شانوباڵی کەسەکی زۆر ئازا و بوێریاندا هەڵدەدا دەیانگۆتێ 'نێرەکەرە'! ئەوانیش

رێک لەو بابەتە نێرەکەر بوون! یەکەکیان پێشتر خولی سەربازیی تەواوکردبوو و ئەفسەر بوو ئەویدیکەشیان خۆی بە سەت ئەفسەران نەدەگۆڕییەوە.. حەزیان بە چارەی یەک نەدەهات و رکیان لە نێوچەوانی یەکدی دەبۆوە! هەرچەندە گیانی هاوڕێیەتی و هاوسەنگەرییەکی زۆر وەهێز لە نێوانماندا هەبوو کەچی ئەو دوو هاوڕێیەمان لە نێو ئەو هەموو مەترسیی و هێرشەی رژێم پلاریان لە یەک دەگرت و هەر یەکەو خۆی بە ئازاتر و چاونەترستر دەخستەڕوو بە کورتییەکەی ببوونە قاندڕی یەک و هەرگیز لە دژایەتیکردنی یەک نەدەکەتن.. ئەفسەرکە بە 'ملحیز' ناوی ئەویدیکەی دەبرد و ئەویش بە 'سەرحیز' ناوی وی دەبرد! تۆپەکان بێ وەستان دەیانکوتاین.. فڕۆکەکان هەموو تشتەک تەنانەت کیمیاشیان بەسەرمان دادەباراند.. ئەوە بێجگە لەوەی لە هەموو لایەکانی زنجیرە چیایەکەشەوە هێرشی پیادەمان لەسەربوو.. لەو دەم لە قەدپاڵی چیایەکی زۆر رک بووین و جێیەکە وەها بوو کە دەبووایە بە ناچاریی بەرەو خوارێ شۆڕببینەوە.. کاتەکمان زانی بەرپرسە سەرحیزەکە هاواری کرد و گۆتی:

- راوەستن هاوڕێیان راوەستن.. با چیدی لێژنەبینەوە.. ئەمن ئەزموونم هەیە و بە پێی زانیارییەکانم لەسەر کیمیاباران؛ ئەو تۆز و دووکەڵەی لێمان دیارە زۆر بە کیمیا دەچی.. کیمیاش خۆی لە نزمایی دەنیشی.. دڵنیام لەوەی ئەو خوارێیە پڕی کیمیایە.. ئەگەر پتر شۆڕببینەوە بەریدەکەوین.. باشترە بەو کلکە چیایە هەڵگەڕێین و خۆمان بگەینینە ئەو بەرزاییانەی سەرێ.. دەی هاوڕێیان... (هەموومان بە پێی قسەکەی ئەو ملی رێمان گرت.. لێ کلکە چیا چ کلکە چیا؛ بزنیش نەیدەتانی پێیدا هەڵبگەڕێ.. دیاربوو بەرپرسە ملحیزەکە نیگەران و تەنگاو ببوو و زۆر پێیناخۆشبوو بە پێی بڕیاری بەرپرسە سەرحیزەکە دەجوولێین و تا دەهات هەر پف هەڵدەما! پاش ماوەک لەو هەڵگەڕانە کە بە هۆی سەختی رێیەکە زۆر جار خەریکدەبوو هەڵبدێرێن و خۆمان دەگرتەوە یان یەکدیمان دەگرتەوە... کاتەکمان زانی بەرپرسە ملحیزەکە وەک فیشکە شێتە تەقیەوە و یەک بە دەنگی خۆی هاواری بەسەر بەرپرسە سەرحیزەکەدا کرد):

- کورە راوەستە هاوڕێ سەرحیز.. ئەتوو وەدەزانی ئەمە بزنین.. ئەوها بەو شاخەماندا هەڵدەگێڕی.. دەک زراوت بچی هەی.. کورە ئاخر کیمیای چی و تەڕەماشی چی.. بگەڕێنەوە هاوڕێیان بگەڕێنەوە...

هەموومان راوەستاین و ئەوانیش لێیان بووە مشتومڕەکی گەرم... لە نێو ئەو شەڕ و هەرایە هەر لە شەڕە قسەمان کەم بوو! هاوڕێ سین سین کە لە تەنیشتمەوە بوو و بە شێنەیی دەستەکی لەسەر شانم دانا و گۆتی: "هاوڕێ ئامۆزا دەزانی ئەو دوو هاوڕێیە هەر ملحیز و سەرحیز نین بەڵکە مێشک حیزیشن!".. پاشان هاوڕێیان کەتنە نێوانیان و لە یەکیان کردنەوە.. باش بوو هاوڕێیە سەرحیزەکە هەندەک نزمی کێشا.. ئیدی ناچار وەدوو قسەی ملحیزەکە کەتین و شۆڕبووینەوە خوارێ، پاش ماوەکی کەم چەند فڕۆکەکی دیکەمان لێ پەیدابوون هەرچی پێیانبوو بەسەرمانیان داباراند و لە تەپوتۆزیان هەڵکێشاین.. هەر لەودەم دیتمان دەستە چەکدارەکی دیکە کە دە پازدە کەسەک دەبوون لە خوارێرا دەهاتن.. هەر کە گەیشتنە کنمان بە پەلە گۆتیان 'ئەو خوارێیە یەک پارچە کیمیایە.. خەڵکەکی زۆر لەوێ بەجێمان و ئەمەش هەر بە پڕەپڕ خۆمان قوتارکرد.. دەی خێراکەن با هەورازبینەوە نەوەک با کیمیاکە بەرەو ئێرەش بهینی..' ئیدی ئەو جارە بێ بڕیار و ئاماژەی سەرحیز و ملحیزەکە هەر کەسەو لە راستە خۆی بەرەو سەرێ هەڵگەڕاین، لە سەرێ تا دەهات پتر دەبووین.. بێجگە لەوەی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە تێکەڵاو ببووین خەڵکەکی زۆری گوندەکانیشمان لەگەڵ بوون، کۆبوونەوەکی گەورە لە نێوان هەموو لایەنەکان ئەنجامدرا و تێیدا بەرپرسی گشتیی هێزەکە دیارکرا کە

هاوڕێیەکی مە بوو چونکێ لە هەمووان بە تەمەنتر و ئەزمووندارتر بوو.. دەستەکی گشتییش دیارکرا کە سەرپەرشتیی هەمووان بکا.. هەروا بڕیاردرا بەرەو نێوچەکانی بەری باکووری ڕۆژهەڵات بکشێینەوە کە وا مەزەندە دەکرا هێشتا ئەوێ بەو شێوە هێرشی نەکرابیتەسەر.. ئیدی وەڕێکەتین و هەر چیامان بە چیاوە گرێدەدا.. نەماندەوێرا لە ترسی کیمیا زۆر خۆ لە دۆڵ و نشێوییەکان بدەین.. لێ بە ناچاریی خۆمان دەگەیاندە ئەو گوندانەی لە بناری چیایەکان خەڵک چۆلیان کردبوون.. هەر خۆراکەکی ئامادە و نائامادەمان دەستکەتبا هەڵماندەگرتن و بە پەلە خۆمان دەگەیاندەوە سەر چیایەکان.

هەر بە قوونەشەڕ نێزیکەی هەفتەکی خایەند تا گەشتین.. دیاربوو هێرشەکە لەوێش لە هەموو لایەک دەستپێیکردبوو.. هەر خەڵک بوو بەرەو نێو شار و شارۆچکەکان یان بە پێچەوانەوە بەرەو سەر سنوورەکان ڕەویاندەکرد، لەوێ لە بارەگەکی گەورەی خۆمان کە ئەوانیش خەریکبوون چەک و تەقەمەنیی و هەر خۆراکەک هەیانبوو لە هێسترانیان باربکەن و بەرەو هەمان چارەنووسی نادیار وەڕێبکەون.. شیری هیشک و کاکلە گیزەکی یەکجار زۆریان هەبوو.. هەر چەکدارەو چەندی لۆی هەڵدەگیرا لە دوو کیسەی نایلۆنی دەکردن تا لە کاتی پێویست سوودیان لێببینی، هەموومان هەستمانپێکردبوو کە هێرشەکە زۆر گەورەیە و گەلەک سەختە بتانین بەرەنگاری ببینەوە.. بە تایبەتییش کە لە ترسی کیمیابارانەکە گوندەکان هەمووی چۆڵ ببوون هیوای خۆڕاگرتنمان و تێکشکاندنی دوژمن زۆر لاواز ببوو. دیسان کۆبوونەوەکی دیکە ئەنجامدرا.. پاش ئەوەی وەک هەموو جارەکان کە هەست بە مەترسیی دەکرا چەند قسەکی شۆڕشگێڕانە لۆ ورەبەرزکردنەوە و هاندانی گیانی بەرگریی کران بڕیاردرا ڕوو لەو دەڤەرە بکەین کە دەکەوتە بەرانبەر خاڵی سێ سنوور ئەویش بەو نیازەی کە ئەگەر لە خراپترین باردا ناچاربووین لەوێش پاشەکشێ بکەین ئەوە بتانین سنوورەکان بکەینە بەرشەقی جموجۆڵەکانمان تا جییەکی لەبار پەیدادەکەین.. هەروا بە هەمووان ڕاگەیندرا کە دەگەینە هەر گوندەک هەر کەسەو چەندی لۆی دەکرێ خواردنی هیشکە هەڵبگری جا هەرچییەک بی چون وێدەچی ئەو هێرشە هەڵمەتەکی گەورە بی و وەها زوو تەواو نەبی... ئەو قسانە مەترسییەکی گەورەی لە دڵی هەمووان چێکرد.. هاوڕێ سین سین سەری لە بن گێم نا و گۆتی: "کەواتە شۆڕش و مۆڕش فت هاوڕێ.. هەموو ئەو تێکۆشان و مێکۆشانەی کردمان لە تڕێ سەی چوون!" چاوەکم لێی داگرت.. پاشان بە دزییەوە پێمگۆت: "نا هاوڕێ.. لەو بارودۆخە قسەی ئەوها مەکە.. هەر کەسەک ئەو قسانە بژنەوی پتر ورەی دادەبەزی و ئیدی کەس شەری لۆ ناکرێ و هەموومان تێدەچین".. باش بوو چیدی دووبارەی نەکردەوە. هەڵبەتە بارودۆخی شۆڕش لە هەموو دەڤەرەکان هەر بە هەمان شێوە بوو و هەر کۆمەڵە هێزەک لە راستە خۆی بەرەو سنوورەکان دەکشان.

دەگەیشتینە هەر گوندەک بە ماڵان وەردەبووین و هەر خۆراکەکمان وەدەستبکەتبا پاش ئەوەی تێر تێرمان لێی دەخوارد ئەوەندەی لۆشمان دەکرا لێیمان هەڵدەگرت و ملی ڕێمان دەگرتەوە، ئەمن دەمزانی کە چەند تشتەکی وەک نان و هەنگین و گیز و مێوژ و کونجی و سماق و خێ زۆر چاک و پێویستن لۆ ئەو ڕێیانە چونکێ بێجگە لەوەی هەڵگرتنیان هاسانە چون نە تێکدەچن نە زووش تەواودەبن.. لێ سین سین بە پێچەوانەوە حەزی لەوانە نەبوو و هەر لەدوو ئەو خواردمەنییانە دەگەڕا کە ئامادە بوون یان بە هاسانیی ئامادەدەکران و زوو تێکدەچوون.. ئەمن دەمویست ئەو تشتانە هەڵبگری کە ئاماژەم پێدان کەچی ئەو بیانووی دەهیناوە و دەیگۆت ئەوانەم دەستناکەون، گەیشتینە گوندەک لە ماڵەک هەنگین و کونجییەکی زۆرم دیتەوە.. ئەوەندەی جێ هەبوو کۆڵەپشتەکەی خۆم لێیان پڕکرد و پڕێسکە خێیەکیشم تێئاخنی.. بە سین سینیشم گۆت وەک من بکا لێ

چەندی کردم نەمکرد هیچ سوودی نەبوو.. بەڵکە کۆڵەپشتەکەی خۆی پتر لەو خواردنانە پڕکرد کە زۆر دەخورێن یان ئەگەر زوو نەخورێن تێکدەچن وەک ماست و تەماتە و ئاروو و ترێ و تشتی لەو بابەتانە.. پێمگۆت دوایێ پەژێوان دەبیەوە هاورێ.. بە قسەمی نەکرد لێ بە تۆبزیی شووشەکی گچکەی هەنگینم هەر لە کۆڵەپشتەکەی نا. پاش رێڕۆیشتن و ماندیببوونەکی زۆر سەرلەهێوارەک گەیشتینە دەڤەرەکە کە هێندە سەخت و پڕ هەڵدێر بوو بە دەگمەن دەتتانی پارچە زەوییەکی تەخت لەوان دەران پەیدۆزبکەی.. ماوەکی چاک بوو نە پشییەکی ئەوتۆمان دابوو نە خواردنەکی بە دڵی خۆمان خواردبوو.. ئیدی چەند ئەشکەفتەکی گەورەمان لە نێزیک یەک دیتنەوە و هەر بەو شەوە خواردنەکی زۆرمان چێکرد و پاش ئەوەی تێرووپڕمان خوارد هەر لە ئەشکەفتەکان نوستین، سەرلەسپێدەکەی وەک بزنە کیویی بە چیا هەڵگەڕاین.

وەهامان دانابوو بتانین لەو دەڤەرە سەختە بمینێینەوە.. پاش ماندیببوون و شەکەتییەکی زۆر بە هەر دەردەسەرییەک هەبوو گەیشتینە ترۆپکی بەرزترین چیای ئەوێ کە بەسەر هەموو نێوچەکەیدا دەڕۆنی.. کاتەک دووربینەکانمان دا بەرچاوانمان دیتمان ئەوە رژێم لە هەموو لایەکەوە هێرش دەهینی.. ناچار بڕیارماندا بەرەو ئەو تیشە شاخانە بڕۆین کە بە تەنیشت هێڵی سنوورەوە بوون و چووبوونە نێو زگی وڵاتی بەرانبەر.. بە مەزەندەی خۆمان دوژمن ناتانی بگاتە ئەوێ چونکێ ئەگەر بە فڕۆکە هێرشی بکردبا بە هۆی ئەوەی جێیەکە زۆر بەرتەسک بوو دەبووایە سنووری وڵاتی بەرانبەر ببەزێنی.. ئەوەش نەدەکرا چونکێ نێوانیان خۆش نەبوو و نەیاندەتانی بچنە نێو خاکی یەکدی.. دوایێش دامەنی تیشە شاخەکان زۆر رک و پڕ هەڵدێر بوون و هیچ رێیەکی لێنەبوو تا بە تانک و ترومبێلان هێرش بهینن.. ئیدی سەربازی پیادەش تێکشکاندنیان هاسان بوو لۆ مە.. کەچی پێش ئەوەی بگەین دیتمان لە دامەنی تیشە شاخەکان لۆمان دامەزرابوون.. پاش شەڕەکی سەخت کە پێنج شەش کاتژمێرەکی خایەند شەو داهات و نەمانتانی تێکیانبشکێنین و دەریچەک بکەینەوە تا لێی دەربچین و بگەینە جێی مەبەست.. ئیدی تەنێ ئەو رێیەمان وەدەستەوە مابوو لۆ دەربازبوون ئەویش بەرەو سنووری باکووری دەبردین.

کێشەی گەورەی مە لەو رێیە ئەوە بوو کە دەبووایە لە رووبارەکی خێرا و پڕ لە رەوەزە بەردی تیژ بپەڕینەوە کە خۆلێدانی زۆر سەخت بوو یان هەر نەدەکرا.. لەبەرهەندێ بە ناچاریی بڕیارماندا بەو ئاراستەیە بەرەو رووبارەکە مل بنێین کە 'داوەڕست'ەکی لەسەر بوو لۆ پەڕینەوە هەروا لە خوارتریش پانتایی رووبارەکە فراوانتر دەبۆوە واتە تیژڕەویی و بەخوڕییەکەی نەدەما و دەبووە تەنکاوەکی وەها کە مرۆڤ دەیتانی بە پێیان یان بە مەلە لێی بپەڕێتەوە.. لێ بێجگە لەوەی ئەوێ لەو هێزانەی دوژمن زۆر نێزیک بوو کە لەمێژبوو لەوان دەران جێگیر ببوون.. دەبووایە لەوبەری رووبارەکەش رکاوڕک بە چیایەکی زۆر بەرز و سەختدا هەڵبگەڕێین کە دەگۆت دیواری باڵەخانە هەوربڕەکانە.

کێشەی گەورەی منیش وەک خۆم لەوەڕا دەستپێیکرد کە تەنێ تا ئەو دەڤەرەی بەجێماندەهێشت شارەزاییەکی باشم لێی هەبوو.. واتە ئەوێ دوا خاڵی من بوو کە شارەزاییەکی پێویستم لێی هەبی ئەویش بە هۆی ئەوەی جارەکیان بە ئەرکەک هاتبوومە ئەوێ و هەندەک لێی مابوومە و زۆر هاتوچۆم تێیدا کردبوو.. لێ لەوان دەران بەولاوە بەرەو سنووری باکوور نەمدەتانی وەک شارەزایەک رێبەریی هاوڕێیان بکەم.. هەرچەندە پێشترێ جارەک ئەو رێیەشم دیتبوو و بە داوەڕستەکەش لە رووبارەکە پەڕیبوومەوە لێ لەبەرئەوەی لەمێژبوو و رێیەکەش زۆر سەخت و بە پێچاوپێچ بوو و بە شەویش پێیدا رۆیشتبووم تشتەکی ئەوتۆم لەبیرنەمابوو.. لێ

هیوایەکی باشم بە هاوڕێبەرەکانم هەبوو چون ئەوانیش هەر لە دەڤەرەکانی خۆمانڕا تا ئەو جێیەی لێی بووین وەک من ڕێبەر بوون و هەموومان پێکەوە هەر لە پێشەوە دەڕۆیشتین.. وەهام دانابوو بە لایەنی کەم یەکەکیان شارەزایی لەو ڕێیەش هەبی.. کەچی دیتم ئەوانیش هەموویان گۆتیان 'ئەمەش لێرەوە هیچ شارەزاییەکمان نییە و هەرکووەک هەیە خۆت باشتری لە مە.. ئیدی دەبی لەنەوپاش هەر خۆت ڕێبەرییەکە بکەی'!

ئەو قسەی هاوڕێبەرەکانم زۆر ناخۆش بوو لۆ من و هەر بە تەواوی پشتی شکاندم؛ هێزەکی ئەوها گەورە لە پاشەکشێدا بی و بێ ڕێبەریش بمینێتەوە و دوژمنیش بەو هەموو هێز و چەکە باشەی و بەو دڕندەییەی خۆی لەدووت بی! زۆر لەوەش دڵنیا بووم ئەگەر ئەمنیش بێژم ئیدی شارەزا نیم هەرگیز بڕوایان پێنەدەکردم.. ئاخر پێشتریّ لە هیچ دەم و جێیەکی ژیانی چەکدارییم ئەگەر شارەزاش نەبام هەرگیز نەمگۆتبوو شارەزا نیم لێ ئەو جارە گۆتم.. زۆر گرنگییم بەوە نەدا بڕوام پێدەکەن یان نا چون هەستمکرد ئەو جارە بارودۆخەکە زۆر ترسناکە و ناکرێ و نابی هەر لە خۆمەوە خۆم بە شارەزا پێشانبدەم و هاوڕێیان وەدوو خۆ بدەم و تووشی مەترسییان بکەم.. هەندەک خۆم کڕکرد تا بەڵکە کەسەکی شارەزا پەیدابکەن.. چەند هاوڕێیەکی دەڤەرەکەمان لەگەڵ بوون کە لەمێژ بوو لە نێو شۆڕش بوون لێ ئەوانیش بێجگە لەوەی تەمەنیان هەبوو هەر یەکەشیان چەند جارەک بریندار ببوو واتە لە رووی توانای جەستەیی و عەسکەریی ئی ئەوە نەبوون وەپێشبکەون چون پێشەوە هەمیشە مەترسییدار بوو و زۆر کات ئەوانەی پێشەوە تووشی شەڕی دەستەویەخە دەبوون.. ڕێبەریی یان پێشڕەویی هەر تەنێ شارەزایی و لێزانیی نییە بەڵکە پێویستی بە کەسی زۆر خورت و چاپووک و تەندروستیش هەیە بە تایبەتییش لە بارودۆخەکی پڕ مەترسیی ئەوها کە کەم جێ مابوو دوژمنی لێنەبی.. بە کورتییەکەی بێدەنگبوونەکەم هیچ سوودەکی نەبوو و کەس پەیدانەبوو.. لێ دیسان هەر پێمگۆتن کە ئەمنیش چیدی شارەزا نیم - ئەوەشم تەنێ بە هاوڕێبەرەکانم گۆت.. ئاخر پێویستی نەدەکرد هەمووان ئەوە بزانن و هەر لەو گۆڕەی تووشی نیگەرانیی و دڵەڕاوکێیان بکەم بە تایبەتییش بەرپرسە عەسکەرییەکان کە زۆربەی زۆریان بەرپرسی دەڤەرەکانی دیکە بوون و دڵنیابووم شارەزاییان لەو سەرسنوورانە نەبوو تا ڕێبەریی بکەن - کەچی دیتم نەک هەر دیسان بڕوایان پێنەکردم بەڵکە ئەوەشم لە نێوچاوانیان خوێندەوە کە ئەوە ئەمن لە ترسانە ئەوها خۆم نەشارەزا پێشاندەدەم و ڕاستییەکە ئەوەیە کە ناوێرم لە بارودۆخەکی ئەوها مەترسییدار کە دوژمن لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی دابووین وەپێشبکەوم! ئەوەیان هەر زۆر زۆر ناخۆشبوو لۆ من و زۆریش بەسەرخۆدا شکامەوە.. دوایێ بیرمکردەوە کە با هەر بڕوام پێنەکەن.. زۆر باشترە ئەمن هەر ئەوها لەگەڵ خۆم و لەگەڵ ئەوانیش ڕاستگۆ بم و بە هۆی نەشارەزایی منەوە نەکەوینە بەردەستی دوژمن و تووشی کارەساتی گەورەتر ببین.. لێ کە سەرنجم دا ئەگەر هەر ئەوها کەس ڕێبەریی نەکا و هەر لێرە بمینینەوە ئەوە هیچ گومانی تێدانییە دوژمن دەگاتە سەرمان و ئەو کات خراپتر لە پاشتر.. ئێ نەشدەکرا لەو هەموو گەنجە پیرەکان وەپێشبخەین.. هەستمکرد ئەگەر بە زوویی چارەسەری ئەو بێ ڕێبەرییە نەکەین ئەوە بارودۆخەکەمان شلۆقتر دەبی و ترس و نیگەرانیی هەمووان لوولدەدا و دوژمن بەسەرماندا زاڵدەبی.. ئیدی بە ناچاریی پێمگۆتن:

- نا هاوڕێیان نا.. ئەمن شۆخییم کرد.. ئەنگۆ چ زوو وەها بڕواتان کرد! چما هیچ جێ و دەڤەرەک هەیە لەو نیشتیمانە ئەمن پێینەزانم و شارەزاییم لێینەبی!

کە ئەو قسەم کرد هەستمکرد هەموویان گەشانەوە و یەکەکیان گۆتی:

- جا هاوڕێ ئەمەش دەمانزانی ئەتوو شارەزای.. هەر لەبەرهەندێش روومان لە توو نا.. لێ ئەوە ئێستا کەنگێ دەمی ئەو شۆخییانەیە.. دە هەستە چاوەکەم هەستە.. با نەخشەکی چاک دابنێین و وەرێبکەوین چونکێ چەندی زووتر لێرە دەربچین باشترە.

ئەمنیش گۆتم:

سەرچاوان هاوڕێیان.. لێ ئەوها نابی.. دەبی بێجگە لەنگۆ چەند کەسەکی دیکەی چاپووک و ئازا پەیدابکەین و لەگەڵمان بن هەروا ئەگەر بکرێ سوود لە ئەزموون و شارازەیی هاوڕێیە بەتەمەنەکانی ئەو دەڤەرەش وەربگرین باشە.. ئیدی ئەمن وەپێشتاندەکەوم لێ دەبی ئەنگۆش هەمووتان لەدووم بن و پشتم بەرنەدەن.. هەروا دەبی بە رۆژ وەرێبکەوین چون رێیەکە زۆر سەختە و بە شەو ناتانین رێدەربکەین.

وەک ئەوەی گۆتم چەند کەسەکی دیکەیان ئامادەکرد و یەک دەستەی رێکوپێکمان دامەزراند و سبەینەکەی بەرەو رووبارێ ملمان نا.. هەر لەو رێیە تووشی چەندین دەستە چەکداری دیکە بووین و رەگەڵمان کەتن، ئەو پاشەکشێیە بەرەو سنوورەکان لە هەموو نێوچەکان بڕیاری لەسەر درابوو چون هێرش و کیمیابارانەکە ئی ئەوە نەبوو هێزەکانی شۆڕش بتانن بەرانگڕی ببنەوە.. هاوکات لەگەڵ پاشەکشێیەکە سەرکردایەتیی شۆڕشیش نەخشەی ئەوەی هەبوو کە پاش ئەوەی بارەگەکانمان چوڵ دەکەین و دەستبەرداری نێوچە ئازادکرایەکان دەبین و دەگەینە سەرسنوورەکان ئیدی شۆڕشی پارتیزانیی لە نۆژەنڕا دەستپێدەکەینەوە و بە پێی بارودۆخە سەربازییە تازەکە و بە پێی توانای هێزەکانمان چالاکییەکانمان ئەنجامدەدەین.. لێ ئەوە هێشتا نەببووە بڕیار.

زۆر جار رێیەکەم لێتێکدەچوو لێ ناچار بووم نەهێڵم هەست بەوە بکەن کە شارەزا نیم و رێیەکەم بزرکردیە بەڵکە یەکسەر هەڵوەستەکم دەکرد و بە ناوی ئەوەی کە هەموومان ماندیبووینە دەمگۆت 'هاوڕێیان با لێرە وچانەک بدەین'.. کە پێشەوە رادەوەستا ئەوانیدی خۆبەخۆ تا دەگەیشتە دوایێ رادەوەستان و پشیی خۆیان وەردەگرت.. خۆش پشییدان! ئەو کاتانە قورسترین و پڕ ئازارترین چرکەکانی ژیانم بوون.. ئەوان هەموویان خەریکی سانەوە بوون و ئەمنیش بە تاقی تەنێ زۆر زۆر بە چرپی و زۆر بە هووردیی و بە خێرایی بیرمدەکردەوە تا بڕیاربدەم چ رێ و ئاراستەک بگرین.. ئاخر چارەنووسی یەک هێزی زۆر گەورەیان خستبووە بەردەستی من و نەدەکرا هەر لەو گۆڕەی بڕیاربدەم و تووشی مەترسییان بکەم، جارەکیان خۆم گەیاندە دوو هاوڕێی بە تەمەن و بە ئەزموون کە لە رێزەکەدا تا رادەکی باش دوور بوون لە بەرایێ تا پرسەکیان پێبکەم لێ سوودەکی ئەوتۆم لێوەرنەگرتن و هەستیشمکرد ئەوە کارەکی کردەیی نییە چونکێ ئەو هاتن و چوونە هەم ماندیی دەکردم هەم درەنگیشی بەسەردا دەهینایین... هەموو جارێ پاش مێشک کوشینەکی زۆر هەر بە مەزەندەی خۆم باشترینم هەڵدەبژارد و ملی رێمان دەگرتەوە.. بە کورتییەکەی بە هەر دەردەسەریی و چەرمەسەرییەک هەبوو گەیاندمنە نێزیک رووبارەکە.. کە گەیشتینە سەر گردۆڵکەکی بەرز دیتمان خەڵکەکی زۆری گوندەکان کە هەندەکیان چەکدار و هەندەکیان بێ چەک بوون لە داوەڕستەکە خڕببوونەوە و خەریکی پەڕینەوە بوون.. لای خوارێی رووبارەکە لە دوورڕا دیاربوو کە تەنکاو بوو لێ دوژمن داگیریکردبوو و کەس نەیدەتانی لەوێ نێزیک ببتەوە، بەرەبەری رۆژاوایێ بوو.. هەندەک دانیشتین تا هەم وچانەک بدەین هەم خەڵکەکەش بپەڕنەوە ئەوجا

خۆمان بگەیێنینە ئەوێ، سین سین زۆر بێ هێز و ماندیی دیاربوو.. کە هات لە تەکمەوە دانیشت بە شەرمەکەوە گۆتی:

- هاورێ ئەمن زۆر برسییمە.. هەمووی خواردنەکەی خۆم بەو هاوڕێیانە دا کە لە رێیێ رەگەڵمان کەتن.. ئاخر هیچ خواردنەکیان پێ نەبوو..

کاتی ئەوە نەبوو لێیپێچینەوە و بینەوبەردەی لەگەڵ بکەم.. تەنێ پێمگۆت: "ئەدی شووشە هەنگینەکە؟".. گۆتی: "ئەویشم هەر دا وان".

چار نەبوو چنگە کونجییەک و قیچەک هەنگینم دایێ، خەریکبوو رۆژ ئاوادەبوو.. کەچی تا دەهات لێشاوی خەڵک لە کن داوەڕستەکە پتردەبوو.. ئەمەش بە ناچاریی وەڕێکەتین و خۆمان گەیاندە ئەوێ، مەترسیی ئەوە هەبوو دوژمن لە لای خوارێرا بە بەرزاییەکانی شاخەکەی ئەوبەری هەوراز ببنەوە و پێشمان لێبگرنەوە و لە سەرێرا هێرشمان بکەنەسەر.. داوەڕستەکە هەر جارەی پێنج شەش کەسەکی هەڵدەگرت.. کاتەکی زۆری دەویست تا ئەو حەمکە خەڵک و چەکدارەی خۆمان بپەڕنەوە.. هەموومان هەر پەلەمان بوو دەرباز ببن، کاتەکمان زانی پستەپستەک لە نێو خەڵکەکە پەیدابوو؛ دەیانگۆت بەرپرسەکی گەورەی لایەنەک - کە سەرۆک هۆزەکی دەڤەرەکەش بوو - لەو خوارێیەیە و گۆتیتی 'هەر کەسەک بێتە کنە من ئەگەر بیەوێ دەتانم بینێرمە باژێڕێ و کەسیش توخنی نەکەوی.. ئەمن لە رێی هەندەک خزمم کە سەر بە رژێمن هەرێم لە میریی وەرگرتیە کە لێیانخۆشبی و ئازادانە لە باژێڕێ نیشتەجێببن'.

خەریکبوو زۆرەک لە خەڵکەکە بڕوایان دەکرد و دەڕۆیشتن.. زۆر پێمانگۆتن کە ئەو کەسە درۆ دەکا و ئەگەر بچن ئەوە دەکەونە بەردەستی رژێم و دەتانکوژن.. لێ زۆریان گێیان لە مە رانەگرت و نێزیکەی نیوەیان رۆیشتن - هێشتا هەر لەودیوەی سنوور بووین زانیارییمان پێگەیشت بەرپرسە سەرۆک هۆزەکە خۆی و چەکدارەکانی چووبوونەوە نێو رژێم و هەموو ئەو خەڵکانەشی کە رادەستی کردبوون بنبزر کرابوون -، ئیدی ئەوانەی مابوونەوە هەر خەریکی پەڕینەوە بوون.. زۆر بەزەییمان بە خەڵکەکەدا دەهاتەوە و دڵمان نەدەهات پێیانبێژین با لە پێشدا ئەمە بپەڕینەوە چونکێ لەوبەری مەترسیی هێرشی رژێم هەیە تا ئەگەر هاتن بتانین بەرانگژیان ببینەوە و بتانپارێزین.. ناچار هەر جارەی لەگەڵ چوونی داوەڕستەکە لۆ ئەوبەری دوو چەکداری خۆمان لەگەڵیان دەناردن.. پاشان ئەمن و هاورێ سین سین و پێنج کەسی دیکە کە یەک لە یەکێیان چاپووکتر و ئازاتر بوون بە هاییداریی دەستەی گشتیی لەسەر ئەوە رێکەتین با قیرسی لە پێناو پاراستنی خۆمان و ئەو خەڵکە یارییەکی مەترسییدار بە ئاورەوە بکەین.. واتە بە ئاراستەی دوژمن سەربەرەوخوار بڕۆین و لەو کەرخانەی کە رووبارەکە بەرین دەبتەوە جێیەک ببینینەوە بە پێیان لێی بپەڕینەوە تا لەوبەری ببینە قەڵغانی هێزەکەمان؛ زۆر بە وشت و وریایی و هەر بە پەنادزە شۆڕمان کردەوە.. رۆیشتین هەر رۆیشتین تا لە پانتاییەکی زۆر بەرینی رووبارەکە بە مەزندەی خۆمان تەنکاوەکمان پەیدۆزکرد.. زۆر بە پەلە هەر هەفتمان دەستی یەکدیمان گرت و خۆمان پێیداکرد.. لێ تەنکاو چ تەنکاو.. هەندەک کات تەواوەک نوقم دەبووین و دەکشاینەوە و رێیەکەمان دەگۆڕی! باش بوو هێشتا کەشەکە هەر گەرم بوو و ئاوەکە زۆر سارد نەبوو.. هەر زۆر مەترسییدار بوو.. ئاخر وەرە ئەتوو لە نێو رووبارەکی ئەوها قوول و پڕ لە تیشە بەردی بەرز و نزم و بەو هەموو قورساییەی چەک و فیشەکدان و کۆڵەپشتەوە ناوەناوە نوقم ببی و ئەولا و ئەولاشت هەمووی دوژمن بێ!

ئیدی لە هەنگێوە ئەوە لە نێوان ئەو هەفت کەسەمان وەک پەندەکی ورەبەخشی لێهاتبوو و لە هەر دەم و جێیەک کە تووشی مەترسییەک دەبووین دەمانگۆت 'دەی دەی.. خۆ ئەوە لە تەنکاوە دوو مەترییەکە ترسناکتر نییە'! هەرچەندە کاتەکی زۆرمان لە نێو ئاوەکە لێ وەفیرۆچوو و درەنگمان بەسەرداهات لێ بە هەر جۆرەک هەبوو بێ ئەوەی دوژمن هەستمانپێبکا پەڕینەوە و بە خێرایی بە ئاراستەی داوەڕستەکە وەگەڕاین.. کە گەیشتین لەگەڵ ئەو چەکدارانەی پەڕیبوونەوە نەخشەکی باشمان دانا تا بتانین لە ئەگەری هێرشکردنی دوژمن بەرگریی لە خۆمان بکەین.. ئیدی هەندەکمان لە دەو رووبارەکە و هەندەکیشمان لە بەرزاییەکانی بناری شاخەکە دامەزراین تا ئەوانەی ئەوبەری هەموویان پەڕینەوە. پێش ئەوەی هەورازی سەخت و کوورِ بگرینەبەر سین سین لێم نێزیک بۆوە و بە دەنگەکی نزم گۆتی:

- ئەو هەورازە گەلەک سەختە هاوڕێ... (قسەکەیم پێ بڕی چونکێ دەمزانی بەو خواردنەی پێشترێ دابوومێ تێر نەبووە و دیسان دەیەوێ هەندەکی دیکەی بدەمێ):

- ئەرێ هاوڕێ.. لێ ئەمن هەنگین و کونجی و خێم هەن کە لە هەر تشتەک چێترن و بە هاسانیی ئەو هەورازە سەختەیان پێ دەبڕم! (هەندەک هەنگینم دایێ و قیچەک کونجیشم لە مستی کرد و بێدەنگم کرد).

تا هەورازتر دەبووینەوە وردە وردە ترسەکەمان دەڕەوییەوە.. لە دڵی خۆم دەمگۆت ئیدی غەمی هیچم نەما.. خۆ ئەگەر نەشتانین بەرگەی ئەو شاڵاوە گەورە و سەراپاگیرەی هێزەکانی دوژمن بگرین.. ئەوە بە قوونەشەڕانیش بی هەر دەتانین خۆمان بگەینینە سەر سنوور. گرنگترین تشت لەو دەم لە کنە مە ئەوە بوو بتانین گیانی ئەو هەموو خەڵکە بپارێزین کە ئەمەیان بە تاقە پشتوپەنای خۆیان دەزانی، کە بەسەر چیایە دیوارئاسایەکە کەتین تا چاو بڕی دەکرد هەر چیا بوو بە ئاسمانێ داچووبوو.. هەر دەتگۆت زەوی بڕانە ئەو هەمووە چیایە لەو تیلمە زەوییە خڕبوونەوە! ئەوەی دەبووایە لێی دەرباز ببین چیایەک بوو بە دایناسۆرەکی زۆر زۆر گەورە دەچوو کە لە جێی خۆی بەسەر یەک دارمابی و گیانی لەبەربڕابی، کە گەیشتینە بنارەکەی و هەندەک پشییماندا بڕیارماندا هەموو خەڵکەکە و چەکدارە بریندار و پیر و نەخۆشەکانیش بە پێشڕەویی دەستە چەکدارەکی خورت بە لای راستدا بڕۆن تا دەگەنە نێزیک ئەو گوندەی کە لە کۆتایی چیایەکەدا بە قەد لێژگاییەکی زۆر رکەوە بوو.. ئەوانی دیکەش هەموومان راستەوڕاست سەربکەوین و لەوسەری یەکبگرینەوە چونکێ بە مەزەندەی خۆمان ئەگەر دوژمنی لێبی ئەوە هەر جێیە ستراتیژییەکانیان گرتیە کە لای چەپ و ترۆپکی چیایەکەیە و بەوەش تەنێ خۆمان تووشی شەڕ دەبین لەگەڵیان و لەبەر مە بەریان بەوە نابی هێرش بکەنە سەر خەڵکەکە و چەکدارەکانی دیکەمان.. ئیدی بەو شێوە هەموویان بە هاسانیی دەرباز دەبن و ئەوەش زۆر باشترە لەوەی هەموومان بە لای راستدا بڕۆین ئەوان بمانبینن و بە ئارەزووی خۆیان لەسەرێڕا هێرش بکەنە سەرمان، هەر بە پێی ئەو نەخشە ملمان پێوەنا و لەگەڵ هەوراز و نشێوان کەتینە شەڕەکی زۆر تیر و سەخت.. هەندەک لە هاوڕێیان هێندە بە گورجیی و بە گەرموگوڕییەوە هەنگاویان دەنا وەی هەموومانیان بەرزکردبۆوە.. هەر چەکدار بوو دەتگۆت بزنەکیوییە بەو باسک و تەلان و تیشە شاخانەدا هەڵدەزەنی.. لە هندوڕی خۆمدا گۆتم ئیدی ئەوانە لە هیچ ناگەڕێنەوە و هەرچی بێتە پێشیان لوولیدەدەن! پتر لە نیوەی چیایەکەمان بێ هیچ گرفت و ئاریشەک بڕی.. نازانین ئەو پەلە هەورە سندانکوشتییە چ بوو بەو هاوینە لە ناکاوەک هات و بەری مانگی لێگرتین و لە شەوەزەنگیی نوقمکردین! لە راستییدا دەبووایە لەو تاریکییە چڕەدا هەندەک بە شێنەیی بڕۆین تا ئەگەر تووشی بۆسەی دوژمن بووین بتانین دەستبکەینەوە.. لێ کەس گرنگیی

بەوە نەدەدا و هەموومان بە هومێدی ئەوە بووین تا زووتر بگەینە گوندەکە باشترە چونکێ ئەوێ لە لایەک نێزیکتر بوو لە سنوور لە لایەکی دیکەش دەمانتانی لەوێ پشییەکی چاک بدەین و دوور نەبوو هەندەک خواردنیشمان لێی دەستبکەوی.. کەچی پاش ئەوەی هەندەکی دیکە بەسەرکەتین لەپڕ دەستڕێژەکی زۆر خەستیان لێکردین و دار و بەردیان لێ ئاور داین.. زۆر خراپ شکاین.. هەر بابابوو بەرەو خوارێ دادەگەڕا و غلۆردەبۆوە.. ئەمن لە بن تاوێرە بەردەک خۆم گرتەوە و چەقیم.. بێجگە لەوەی 'سین سین'یش لەو دەم گەیشتە کنم بەرپرسەکی عەسکەرییشم دیت خەریکبوو بە کنە مەدا شۆڕدەبۆوە.. کە ئەمەی دیت هەڵوەستەکی کرد و ئەمنیش بە دەرفەتم زانی و پێمگۆت:

- هاوڕێ با بەرگریی بکەین و بە دژە هێرشەک بەرپەرچیان بدەینەوە.. ئەمن دڵنیام ئەگەر دەست نەکەینەوە هەر لە دوومان دێن تا سەر رووبارێش هەر وازناهینن بەوەش رەنگە هەموومان تێبچین لەبەرهەندێ زۆر باشتر هەر لێرە شەڕی مان و نەمان بکەین.. (ئەویش بە ئارامییەکەوە گۆتی):

- راست دەکەی هاوڕێ.. لێ وەک دەبیینی هەمووی هەر شۆڕدەکاتەوە و کەس راناوەستی.. کێ شەڕ بکا؟!

- زۆر باشە هاوڕێ.. ئەوە ئەمن و ئەتوو دوو کەس.. دڵنیام ئەگەر ئەمە بیکەین ئی دیکەش دێنە دوومان..

هەر کە رەزامەندیی دەربڕی 'سین سین'یش گۆتی ئەمنیش.. چەکدارەکی دیکە کە لە نێزیکمان بوو و قسەکانی مەی بیستبوو ئەویش گۆتی ئەمنیش.. ئیدی گۆتی:

- زۆر چاکە دەستتانخۆشبی.. دە برۆ بە پەلە بزانە کێ ئارپێچی پێیە و لێی وەربگرە و لەگەڵ چەند گوللەک بیهینە.. تا دێیەوە ئەمنیش نەخشەکی باش دادەنێم کە بە چ شێوەک هێرشی پێچەوانە بکەین..

هەر لە ماوەکی زۆر کەم ئارپێچییەک و چار گوللەم پەیداکردن و هەر چەکدارەکیش کە دەمدیت پێمدەگۆت راوەستە ئێستا بەرپەچیان دەدەینەوە و هێرش دەکەین بە تایبەتییش کە دوو کەسم دیتن 'بیکەیسی'یان پێبوو ئەوانیشم رازییکردن و هەر لەگەڵ خۆم گەڕاندمنەوە.. کە گەیشتینەوە کنی ئارپێچییەکەم بە گوللەکەوە لۆ ئامادەکرد و دامە دەستی و گوللەکی دیکەشم دایێ.. پاش ماوەکی کەم خاڵەکی دەستنیشانکرد و ئاماژەی داینێ کە با پێشڕەویی بکەین.. لەسەر دەست و بە پەنادزە خۆمان گەیاندە نێزیک ئەوێ.. دیتمان دوو کەس لە لای تەنیشتی چەپمان لە بن تاوێرەک بوون.. زۆر دڵنیانەبووین هاوڕێیانی خۆمانن یان دوژمنن.. کە دەنگمان دان و لە رێی وشەی نهێنییەوە زانیمان هاوڕێیانی خۆمانن یەکسەر بەرەو لایان چووین چونکێ جێیەکەی وان لۆ هێرشکردن باشتر بوو.. هەر زووبەزوو جێی چەکدارانی دوژمنیان پێشاندایین و ئەوانیش ئامادەییان دەربڕی و زۆریان پێخۆشبوو هێرشەکە بکەین.. بە کورتییەکەی پاش ئەوەی هاوڕێیە بەرپرسە عەسکەرییەکە دایمەزراندین و پێیگۆتین هەر یەکەمان لە کاتی هێرشەکە چ بکەین ئارپێچییەکەی خستەسەر شانی و گۆتی وریا بن هەر کە تەقاندم ئەوە واتا هێرش بکەن.. پاش ماوەک لەگەڵ زرمەی ئارپێچییەکە کە دووانی لەسەر یەک تەقاندن.. هەموومان پێکەوە بە دەستڕێژکردنەکی خەست هەر یەکەو بە ئاراستەک چووینە پێشێ و خۆمان گەیاندە بن رەوزە بەردەک.. ئیدی هاوڕێیانی پشتەوەش زۆر بە گەرمیی بە هاتوهاوار و نەعرەتەی شۆڕشگێڕانەوە هێرشیان هینا و لێرە و لەوێ سەنگەریان گرت.. شەڕ گەرم بوو و گوللە بە گوللەی دەکەتەوە.. ناوەناوە گێمان لە نارەناری سەرباز و چەکدارە خۆفرۆشەکان دەبوو و هەستیشماندەکرد لە پاشەکشێدا بن.. خۆم گەیاندە کن هاوڕێی ئارپێچیوەشێن و پێمگۆت:

- ئەوان لە شکست دان هاوڕێ.. (هاوکات لەگەڵ ئەوەی دوو گوللەکەی دیکەشی لێوەرگرتم گۆتی):

- زۆر باشە هاوڕێ.. هاییدار بن ئێستا هێرشەکی دیکەش دەکەین.

ئیدی زۆر بە توندیی هێرشی دووەمیشمان کرد و تا نەگەیشتینە بەرزترین جێی ئەو ملە شاخەی کە دوژمن لێیەوەی دابەزیبوون رانەوەستاین.. ئیدی ئەو جارە کە ئەمە بەسەر ئەواندا زاڵ بووین خۆیان رانەگرت و هەر بە پڕەپڕ پاشەکشێیان کرد لێ هەندەکیان هەر مانەوە و زۆر بە توندیی بەرانبەرمان راوەستابوون.. هەردوو بەرپرسە ملحیز و سەرحیزەکە هەر یەکە و بە کۆمەڵەک چەکدارەوە ئەولا و ئەولایان لێگرتبوون - هەر بە هاتوهاوارەکەیان زانیم ئەوانن - کارەکیان پێکردن با بە دەواری شڕی نەکردبێ.. هەر پاش ماوەکی کەم هێرشەکی هێندە وەهێز و کتوپڕمان کردە سەریان تەنێ چەند کەسەکیان وێڕاگەیشتن خۆیان قوتاربکەن، نەماندەزانی رادەی کوژرا و برینداركانی دوژمن چەندە لێ دەمانزانی زۆر زۆرن.. خۆشمان چار بریندارمان هەبوو؛ یەکەکیان زۆر بە سەختیی بریندار ببوو و دووانیشان هێندە خراپ نەبوون دەیانتانی بە پێی خۆیان بڕۆن و چارەمیشان هاوڕێ سین سین بوو کە برینەکەی سووک بوو.. گوللەک سەرچیغ لاڕانەکی بڕیبوو، کە ترس نەما بریندارەکانمان بە جوانیی تیمارکردن.. ئەو جارە بێ ئەوەی سین سین داوای خواردن بکا چوومە تەنیشتی و تێر کونجی و هەنگینم کرد و سێوەکی پووتیشم پێبوو کە دەمزانی ئەو زۆر حەزی لە سێوە ئەویشم دایێ، پاش ئەوەی بە تەواویی گەیشتینە سەر چیایەکە و سووکە وچانەکماندا وردە وردە بە ئاراستەی ئەو جێیە شۆڕمانکردەوە کە دەستنیشانمان کردبوو تا لەوێ لەگەڵ خەڵکەکە و چەکدارەکانی دیکەمان یەکبگرینەوە.. کە گەیشتین باش بوو وەک ئەوەی پێمانگوتبوون بێ گرفت رێی خۆیان و گرتبوو و پێشی مە گەیشتبوونە ئەوێ.. لێ نەچووینە نێو گوندەکە چونکێ لە رووی ستراتیژیی سەربازییەوە زۆر لەبار نەبوو.. ئەگەر دوژمن لە لای رۆژاواوە کە بەسەر گوندەکەیدا دەڕۆنی هێرشیان بکردبایە ئەوە بە هاسانیی دەچوونە نێوی.. ئیدی بە تیشە شاخەکی رۆژەلاتی گوندەکە هەورازبووینەوە.. پاش چەند کاتژمێرەک لەوێش ئاودیو بووین و بەرەبەری سپێدە بە تەواویی لە مەترسیی دوژمن رزگاربووین، چێشتەنگاوەکی درەنگ گەیشتینە بناری رێزە چیایەکی بەرز بەرز و دووورودرێژ کە کەپکە شاخەکانی لە دووڕا دەتگۆت رێزە خەڵکەکی دووورودرێژە و دەستی یەکدیان گرتیە و شایی دەکەن، زۆر زۆر ماندیی ببووین و بێ خەوییش هێندەی دیکە شەکەتی کردبووین.. هەندەکمان کە لە پێشەوە دەڕۆیشتین گەیشتینە جێیەکی لەبار لۆ حەسانەوە.. هاورێیەک گۆتی:

- ئێرە زۆر باشە.. با لێرە راوەستین تا هەمووان دەگەن و هەر لێرە پشیییەکی چاک دەدەین.. (رێزی چەکدارەکانمان و خەڵکەکە گەڵلەک دووورودرێژ بوو.. نێزیکەی دە پازدە خولەکەک دانیشتین تا هەموویان گەیشتن.. بەرپرسی گشتیی هێزەکەمان خۆی دابووە دوایێ تا کەس بەجێنەمینێ.. کە ئەویش گەیشت پاش ئەوەی سوپاسی هەمووانی کرد لۆ ئەو نەبەردییە چەند قسەکیشی لۆ هاندان و ورەبەخشین کرد یەکسەر گاسی منی کرد و گۆتی:

- هاوڕێ ئامۆزا ئەوە چیایە زۆر بەرز و سەختەکەیە کە پێمگۆتی.. ئەمن پێشترێ لە نێزیکەوە نەمدیتبوو لێ بە پێی ئەوەی لەسەریم بیستبوو رێک وەک ئەوەی لە ئەندێشەی خۆم وێنام کردبوو ئەوها دەرچوو.. رێزە چیایەکی زۆر ترسناک و ناقۆڵا بوو کەچی بە چیای زەماوەندێ ناویدەرکردبوو.. چ زەماوەندەک! هێندە رک و

بەرز و سەخت بوو لەو بڕوایەدا بووم هەر کەسەک ڕێی بەو زنجیرە چیایە بکەوتبا لێی دەبووە زەماوەندی مەرگ! هەر لە درێژەی قسەکەی دا گۆتی:

- دەبینی کتومت بە شایی کەپکە شاخان دەچی.. لێ هێندە سەخت و دژوارە ئەگەر کەسەک هۆشی خۆی لەدەستنەدابی هەرگیز ناتانی ئەو شاشییە بکا خۆی لە قەرەی چیایەکی ئەوها بدا! ئاخر لە یەک بزنەڕێ پتر کە ئەویش ناچارتدەکا بەرەو سنووری ڕۆژهەڵات بڕۆی هیچ ڕێیەکی دیکەی تێدا نییە.. بڕوابکە بزنەکیوییش ناتانی بەو شاخە دیوار ئاسایانە هەڵبگەڕێ و ئاودیو ببی.

هەر بەدەو ئەو قسانەوە ئەمنی هەندەک دوورخستەوە.. زۆر زیرەک و لێزان دیاربوو لە پاشەکشێکردن و پاراستنی هاوڕێیان.. ئاماژەی بە لای ڕۆژاوا و ئەوبەری زنجیرە چیایەکە دا و گۆتی:

- ئەها تەمەشاکە.. ئەو کلکە شاخەی ئەوبەری دەبینی کە لەو دەشتاییەی دیوی ڕۆژاواییێ بەرزدەبێتەوە تا سەر لووتکەکەی و لەوێشەوە تا سەر ئەو دەشتاییەی دیوی ڕۆژهەڵاتێی شۆڕدەبێتەوە کە دەگاتە سەر ئەو دۆڵەی بناری ئەو زینجیرە چیایە.. ئەوەیان هیچ کە دەشتاییەکەی ڕۆژاواییێ دوژمنی لێیە.. ترسی ئەوەم هەیە لە بەرزاییەکانی شاخەکەش هەبن.. ئەمن وەهای دەبینم یان ئەوەتە بە تەواوی لێی دامەزرانە یان ئەوەتە لە پێشڕەویی دان تا ئەوێش داگیریکەن، ئیدی کە ئەمە ئەو هەموو خەڵکەمان لەگەڵە و ئامانجمان گەیشتنە بە سنوور هەر دەبی ڕۆژهەڵاتی ئەو شاخەمان وەدەستەوە بی تا بە دۆڵەکەدا بڕۆین.. جا ئەمن کە دەستەی گشتیی سەرپشکی کردیمە بە باشی دەزانم ئەتوو لەگەڵ کۆمەڵە هاوڕێیەکی چوست و چاپووک یەکڕاست بەرەو شاخەکە بڕۆن.. ئەگەر داگیریانکردبوو ئەوە لە دیوی ڕۆژاوایێ لێاندەن و چەند فیشەکەکی گردار بە ئاراستەی خۆمان بتەقێنن تا ئەمەش لێرەوە بە ئاراستەی دیوی ڕۆژهەڵاتێ هێرش بکەین.. بەو شێوە ئەوان بە تەواوی بە شەڕی هەردوو لامان سەرقاڵ دەبن و هەژموونی خۆیان لەسەر دۆڵەکە لەدەستدەدەن.. ئیدی خەڵکەکە و بریندارەکان و ئەو هاوڕێیانەی پارێزگارییان لێدەکەن دەتانن بە هاسانیی لە دۆڵەکەوە دەربازببن.. لێ ئەگەر شاخەکەیان داگیرنەکردبوو و تەنێ لە دەشتاییەکەی دیوی ڕۆژاوایێ بوون ئەوە بڕۆن لە بەرزترین لووتکەی شاخەکە دامەزرێن و چەند فیشەکەکی گڕدار بە ئاسمانێدا بتەقێنن تا ئەمەش هەمووەمان بە خێرایی خۆمان بگەیننە دۆڵەکە و بپەڕینەوە.. ئەنگۆش پێبەپێی دۆڵەکە هەوراز ببنەوە و خۆتان بگەیننەوە مە... (لە ڕاستییدا هەستمکرد شیکردنەوەکەی زۆر هوورد و زیرکانەیە و دەتانین بە جێبەجێکردنی ئەو نەخشە ڕێکوپێکەی وی لەو چیایە نەفرەتییەی زەماوەندێ ڕزگاربببین، لەبەرئەوە یەکسەر پێمگۆت):

- زۆر چاکە هاوڕێ.. هەر ئێستا لەگەڵ هەندەک هاوڕێ خۆمان دەگەیننە ئەوێ").

پێش ئەوەی دەربچین هاوڕێ سین سین گۆتی: "ئەمنیش دێم هاوڕێ؟".. لێ ئەمن زۆر بە توندیی بەرسڤم داوە: "نا نا قسەی ئەوها نابەجێ مەکە.. هەرگیز ناتانی بێی.. ئەتوو برینداری و دەبیە بار بەسەرمانەوە" پاشانیش کردمە گاڵتە لەگەڵی: "چ دەکەی دێیە وێ کاکە.. خۆ ئەوێ هەنگین و کونجی لێنییە.. هەر گوللەی لێیە!" گۆتی: "نا ئەمن برینەکەم باشە و هیچ کێشەکم نییە" ئەمنیش گۆتم: "نا.. کەنگێ بە تەواویی تێگەیشتی هەنگین و کونجی و خێ لە هەموو تشتەک چێترن ئەو کاتە لە هێرشەکی دیکە لەگەڵە خۆمت دەبەم"! باش بوو خۆی بێدەنگ کرد، ئیدی وەڕێکەتین.. کە گەیشتینە ئەوێ هەموو سەر شاخەکە و دیوی ڕۆژهەڵاتێمان زۆر بە هووردیی پشکنی هیچی لێنەبوو.. ئیدی لێی دامەزراین و چەند فیشەکەکی گڕداریشمان بە

ئاسمانێدا تەقاند.. لێ پاش ماوەکی کەم دیتمان ئەوە چەند چەکدارەکی خۆفرۆش خەریکە لە دەشتاییەکەی دیوی رۆژاواوە بە پەنادزە بەرەو ئەو جێیە دێن کە ئەمە لێی دامەزرابووین.. دەستڕێژەکی چڕمان لێکردن و لە جێی خۆیان راوەستان.. ناوەناوە ئاوربارانمان دەکردن و نەمانهێشت پتر بێنە پێش تا هەموو هێزەکەمان بە خەڵکەکەوە لە دۆڵەکە پەڕینەوە و تەواوەکیش دوورکەتنەوە.. پاشانیش خۆمان وردە وردە پاشەکشێمان کرد تا گەیشتینەوە ئەوان.. ئیدی بەرەبەری روژاوایێ گەیشتینە داوا خاڵی سەر سنووری باکوور.. پاش ئەوەی خەڵکەکەمان بەرەو ئەودیو سنوور وەڕێکرد و هەندەک ساینەوە کۆبوونەکی گەورە ئەنجامدرا و گرنگترین بڕیاریش کە تێیدا دەرچوو بەو شێوە بوو:

«ئیدی قۆناغە سەختەکە دەستپێدەکا، بە داخەوە وەک دەیبینین دوژمن لە هەموو لایەکەوە نێوچەکانی داگیرکردیتەوە.. جا قۆناغی شەڕی بەرەیی و نێوچە ئازادکرایەکان بەسەرچوون.. ئێستا قۆناغی پارتیزانییە و لە نۆژەنڕا دەستپێدەکەینەوە.. هەروەک هەمووشمان دەیزانین شەڕی پارتیزانیی زۆر دژوارە بە تایبەتییش لەو بارودۆخەی ئێستا.. لەبەرئەوە هیچ شەرمی تێدانییە هەر کەسەک کە نەخۆشە یان توانای شەڕی پارتیزانیی نییە و لە خۆی رانابینی دەتانی چەکەکەی لێرە بەجێبهێلی و لە سنوور ئاودیو ببی و بە ناوی خەڵکی ئاوارە خۆی رادەستبکا.. هەڵبەتە لەوێش لە رێی رێخستنەکانی دەرێمان بە پێی توانا کۆشش دەکەین تا بتانێرینە وڵاتانی دیکە و ئیدی هەر کەسەو لە جێی خۆی بە شێوازەکی دیکە خەباتی خۆی بکا و یارمەتیی شۆڕش بدا.. ئەمە هیچ گومانەکمان لە ئازایی و دڵسۆزیی هیچ شۆڕشگێڕەک نییە لێ ئەوە کارەساتەکی ناخۆشە کە بەسەرماندا هاتیە و دەبی ئەمەش بە پێی قۆناغەکە چەکدارگەلەکی کەموپوخت و وەهێزمان هەبی چونکێ شەڕی پارتیزانیی ئەوە دەخوازی.».

زۆربەی هەرە زۆری برینداراەکان - کەون و نوو - و نەخۆشەکان و هەندەک لە پیرەکانمان رەوانەی ئەودیوی سنوور کردن و چەکدارگەلەکی زۆریش بە هۆکاری جودا جودا وەک؛ ئەوانەی زۆر ماندیی بوون و توانای شەڕی پارتیزانییان نەبوو.. ئەوانەی حەزیانلێبوو لە یەکەک لە وڵاتەکان بخوێنن و پتر خۆیان پەروەردە بکەن و بە شێوازی دیکە بە کەلکی شۆڕش و میللەتەکەیان بێن.. ئەوانەی باوەڕییان بەو جۆرە شۆڕشە نەمابوو یان هەر لە بنەوە باوەڕیان بە شۆڕشی چەکداریی نەمابوو.. ئەوانەی لە سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتیەکان بێزار ببوون و توانای بەرەنگاربوونەوەیان نەمابوو.. ئەوانەی بە هەندەک نیازی تایبەتیی خۆیان ببوونە چەکداری شۆڕش.. ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە ئەگەر بیانتانیبا بچنە وڵاتەکی دیکە نەدەبوونە شۆڕشگێڕ و... تد چەکەکانیان دانان و لە سنوور ئاودیو بوون.. بە کورتییەکەی لەو قۆڵەی مە - کە بە درێژایی سنوورەکان زۆر قۆڵی دیکەش هەبوون - چەکدارگەلەکی زۆر زۆر کەمماینەوە.. ئیدی چەکە نوو و چاکەکانمان لۆ خۆمان گلدانەوە و ئەوانی دیکەشمان هەمووی لە نێو چەند چاڵەکی گەورە لە بن گری نا.

لەو دەم زۆر هانی هاوڕێ سین سینم دا کە باشترە ئەویش لەگەڵیان بڕوا.. ئەوەش بەو بیانووەی کە ئەویش بریندارە و پاشانیش کە دەگاتە وڵاتەک دەتانی خوێندنەکەی تەواو بکا و بە شێوازەکی زۆر باشتر سوود بە شۆڕش بگەینی.. کەچی نەک هەر بە قسەمی نەکرد بەڵکە زۆر بە توندییش بەرانگژم بۆوە و لە کۆتاییشدا بە تەوسەوە گۆتی: "ئێ هاوڕێ.. ئێستا ئەمن تەواو تێگەشتم هەنگین و کونجی و خێ لە هەموو تشتەک باشترن.. کەواتە دەتانم زۆر بە هاسانیی بەرگەی شەڕی پارتیزانیی بگرم!"، ئیدی بارودۆخی ژیان و ئاسایش و پاراستنی گیانمان فرە فرە دژوار ببوو.. لە نێو ئەو شاخ و کێوە سەختانە پێیەکمان لەودیوەی سنوور بوو و

پێیەکەی دیکەشمان لەودیوی.. سەرەنجام لە دەڤەرەکی زۆر تەسک و تەنگەبەر و سەخت گیرساینەوە و درێژەمان بە تێکۆشانی خۆمان دا تا سەرەنجام ئەو بزاڤە رامیارییە چەکدارییە کە پێماندەگۆت 'شۆڕش' بووە کرۆکی راپەڕینەکی گشتیی.

زۆر بە داخەوە.. ئەوەی تا ئێستاش لەسەر دڵم بوویتە گرێ و لەبیرمناچتەوە ئەوەیە کە ئەو کاتەی بڕوایان بە سین سین هینابوو بەرەو دەرێی بنێرن دەرفەت نەڕەخسا و نەمتانی لۆ دوا جار لە باوەشی بگرم و پێبیبێژم 'غەم مەخۆ هاوڕێ.. کە گەیشتیەجێ هەنگین و کونجی و خێ هیچ بایەخ و گرنگییەکیان نامینێ! ئەوەی زۆر گرنگیی پەیدادەکا هەر ئەوەیە کە پارەی خواردنی ساردی نێو سارنجۆک و جامخانەکانت هەبی لەگەڵ پارەی گەشت و سەیران.. ئیدی وەک دەبێژن هەمیشە چەند (کیفکە کیر)ەکی گانگردنیش لە بەڕکت هەبن باشە'!



خراپ نەبوو.. بە خوێندنەوەی ئەو سەرهاتەی کە کڵاوقوت ناردبووی هەروا بە نووسینی ئەو سەرهاتەش کە ئەمن لۆم نارد کاتەکەم گەیاندە نیوەشەوەکی زۆر درەنگ.. هێندە ماندیی ببووم کە نوستم تا چێشتەنگاوەکی درەنگ واگانەهاتم، هەر بە پەلە نانەکم خوارد و چوومە دەرێ.. هەندەک کاری رێکخراوەیی کە دەبووایە لەو رۆژەدا ئەنجامیانبدەم تەواومکردن.. ئیدی تا کاتی نوستن لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە مامەوە کە پێکەوە خەریکی کارەکان بووین.. دیسان شەوێ خەوەکی چاکم کرد، هەر لە سبەیەنەکەی تا هێوارێ - کە کاتی ژوانەکەم بوو لەگەڵ خانمە هاوپیشەکەی پێشانم - هەر خەریکی خۆئامادەکردن بووم.. ئەو ماڵەم وەک گوڵ لێکردبوو.. رێک وەک ئەوەی چاوەڕێی یەکەمین ژوانی خۆشەویستیی بم هەر خۆم تیفتیفە دەدا! ئای کە پیاوانیش چەند سەیرن.. ئەتوو بزانە ئارەزووە سێکسییەکان چیان پێدەکا؟! هەرکووەک هەبوو بە درێژایی ئەو رۆژە هەر خەریکی جوانکاریی و رێکخستنی دار و بەردی ئەو ماڵە بووم.. هومێدەوارییەکی لەڕادەبەدەر ئاوێتەی چاوەڕوانییەکەم ببوو هاوکاتیش هێندە بە جموجۆڵی خستبووم و هێندە گەرمی داهینابووم وەک برێشکەی سەر ئاور سەمای پێدەکردم و هەڵیدەسووراندم! هەر کە هێوارە داهات چووم دەرکەی دەرێم خستەسەر گازەرەی پشتێ و لە دیوی دەرێ چاوەڕێمکرد تا کە دێ و لە دووڕرا دەیبینم یەکسەر بچمەوە ژۆری دانیشتنەکە و ئەویش بێ لەدەرکەدان بێتە ژۆرێ.. ئاخر ئەگەر دەرکەی دەرێ داخرابا و بچووبام لێی بکەمەوە ئەوە دەرووەستی خۆم نەدەهاتم و دەبووایە هەر لەوێ و لە پێش چاوی دراوسێیەکانم لە باوەشێی بگرم و ماچی بکەم.. ئەوەش سەبارەت بە کەسەکی وەک من کە خەریکی کاری رامیاریی و هزریی بووم بە کارەکی نابەجێ هەژمار دەکرا و نەدەبوو لە پێش چاوی ئەوان - کە بە ڤایرۆسگەلەکی کەونەپەرستیی دینیی و نێرسالاریی و دابونەریتی پاشدامایی داغان بوونە - ژنەک ئەوها لە باوەش بگرم کە هاوسەرم نییە و ئەو فەرهەنگە بەو شێوازە تێکبشکێنم و تەنێ لە نێو سنوور و شوورەی خانییەکەم قەڵاچۆی بکەم و لە دەرێش زەمینەکی ئەوتۆمان نەڕەخساندبی کە بتانین ئەو جۆرە ئازادییانە بیچەسپێنین!

چاوەڕوانییەکەم زۆری نەخایەند.. هەر کە لە سەری کۆڵانەکە وەدەرکەت بێ ئەوەی بمبینی بە چەند بازەک خۆم گەیاندە ژۆرێ.. ئیدی دیاربوو ئەویش زیرەک بوو و لە نیازم تێگەیشتبوو کە لەبەرچی دەرکەی دەرێم

**قالایه و بێ ئەوەی لە دەرکەکە بدا بە بێدەنگیی هاتەژوورێ.. کە گەیشتە بەر دەرکەی ژوورەکەم هەر بە گورگەلۆقان خۆی گەیاندە نێو باوەشم.. ئەو باوەشەی ساڵانەکی زۆرە حەز و ئارەزووەکانمی تێدا لە سەر یەک کەلەکە دەکەم و ئێستا لێواولێو بووە و لە سەری دەرژێتەوە.. هەر کە جەستەمان تێکئاڵان و بە تەواویی ئاوێتەی یەک بووین.. وەک ئەوەی هۆشم لەدەستدابی و مەژییم بە ئارەزووی خۆی وەنێوکەتبی هەستمدەکرد هەردووکمان پێمان لە زەوی بڕابی.. نەمدەزانی ئەو خۆی بە مندا ئاوێزان کردبوو یان ئەمن بەو!؟ نازانم چەندی پێچوو.. کاتەک واگاهاتمەوە دیتم ئەوە هەردووکمان بە تێکئاڵاویی لەسەر زەوییەکە تەخت بووینە.. تێکئاڵاوییەکی وەها خەریکبوو پارچەکانی جەستەمان نەناسینەوە و لێمان بزربن.. بە هەر جۆرەک هەبوو تەکانەکم وەبەر خۆ دا و هێدی هێدی پارچەکانی جەستەی خۆم لە نێو جەستەی لوولی ئەودا پەیدۆزکرد و خڕمکردنەوە سەریەک.. ئەویش هەروەک ئەوەی لە خەوەکی زۆر قووڵ واگاهاتبیتەوە بە نارەنارەکی زۆر ناسک و سۆزورژێنەوە خۆی لێکدەکێشاوە.. دەرفەتەکم وەرگرت و بە ئەسپاییەکەوە لەسەر تەنیشت خشیم و خۆم گەیاندە ئەو قاپە مەیەی کە لەگەڵ دوو بەرداغ لەسەر مێزەکەم دانابوون - جۆرەکی تایبەت و زۆر کەون و نایاب بوو کە هاوڕێیەکم لە سەرەتای گەڕانەوەم وەک دیارییەکی زۆر گرنگ پێیبەخشیبووم و ئەمنیش بڕیارمدابوو تا بۆنەکی زۆر گرنگ و خۆش ڕێکنەکەوی نەیخۆمەوە - هەر لەسەر تەنیشتیش بە قاپە مەیەکە و دوو بەرداغەکەوە خۆم گەیاندەوە کنی و باسکەکم خستە بن سەر و لاملی و تاوەکی چاک سەرم بە نێوان مەمکۆڵانی کرد.. نەمدەزانی خەونە یان ڕاستییە! لێ پاشان تەنێ بەوە زانیم ئەوە خەون نییە چونکێ هەرگیز تشتی ئەوها خۆش و پڕ چێژم لە خەون نەدیتبوو! ئیدی بە بێدەنگیی و لە کەشەکی پڕ ئارام و هێمن هەر یەکەو بەرداغە مەیەکمان بە پێخۆری ماچ و لێستنەوەی لێوان هەڵقوڕاند.. نازانم ئەو.. لێ ئەمن خۆم چەندین جار لەخۆچووم و وەخۆهاتمەوە!**

**لەبەر خەریکبوون بە جەستەی یەکدی بەرمان بە قسەکردنەوە نەبوو.. جا ئەوە کەنگێ کاتی قسەکردن بوو! کتومت دەتگۆت پێشترێ لەسەر ئەوە ڕێکەتبووین کاتی خۆمان بە دواندنی یەکدی وەفیرۆنەدەین و لەو ماوە کەمەدا کە هەر پێنج شەش کاتژمێرمان وەدەستەوەیە خۆمان لە نێو ئارامییەکی پڕ لە ڕامان و ئەندێشە ڕۆمانسییەکان نوقم بکەین و جلەوی سەرجەم پارچەکانی جەستەمان بە تەوایی شلبکەین تا بە ئارەزووی خۆیان وەدوو حەزە سەرکوتکرایەکانیان بکەون! لە ڕاستییدا هەستمنەدەکرد واژە و دەستەواژەی هیچ هۆزانڤان و نووسەرەک.. ڕەنگ و فلچەی هیچ نیگارکێش و تابلۆکێشەک.. دەنگ و زایەڵەی هیچ بەندبێژ و گۆرانیبێژەک.. بەزم و ڕەزمی هیچ ئاوازدانەر و ژەنیارەک بتانن گوزارشت لەو حەمکە چێژ و ئاسوودەییانەمان بکەن! نە درۆیە و نە هیچ سەیریشە ئەگەر بێژم کورسیی و مێز و تێکڕای کەلوپەلەکان و ژوورەکەمان بە دار و بەرد و دیوارییەوە بە هەلەکەسەمایان کەتبوون و بەشدارییان لە تێکڕای خۆشییەکانمان دەکرد! هیچ کامیرایەک بە دوا زانست و تەکنیکی تازەوە نەیدەتانی و پێڕانەدەگەیشت ئەو هەموو دیمەن و گۆشە دەگمەنە سێکسییانەمان بچرکێنی و ئەو گشتە جوولە جوان و قەشەنگانەی تێدا بەرجەستە بکا! جا لەبەرئەوانە و لەبەر زۆر دیاردە و دەرکەتەی دیکە کە یەک لە یەکیان نایابتر و ناوازەتر بوون و هەر هەموویان پێکەوە لە کۆمەڵە سۆز و ئارەزووەکی زۆر هەماهەنگ و پڕ لە چێژوچەشە لەسەر جەستەمان دەدرەخشانەوە کە هەرگیز ناتانم وەک خۆیان بیانهێنمە سەرزمان و گوزارشتیان لێبکەم.. دەمەوێ زۆر بە کورتیی تەنێ ئەوە بێژم لەو پێنج شەش کاتژمێرەدا بە تەواویی خۆمان ڕادەستی جەستەمان کردبوو تا هەرچی دەشێ و ناشێ بە یەکدی بکەن.. جا ئەتوو بێژە دوو**

جەستەی پڕ لە حەز و ئارەزووی سەرشێت کە خەریکبوو لە تەریفەیی و تامەزرۆییان یەکدی قووتبدەن دەبی چیان بە یەکدی نەکردبی!؟ هەر ئەوە مابوو بەسەر یەکدا بتاوێنەوە و بە جۆرەک ئاوێتەی یەک ببن کە ئیدی نەشێ هەرگیز و بە هیچ جۆر و شێوەک لە یەک جودا بکرێنەوە! تشتەکی فرە سەیر بوو؛ ئەمن هەرگیز پێشتر لەگەڵ هیچ کەسەک کاتی ئەوها دوورودرێژ و بێ قسەکردنم نەگوزەراندبوو.. نازانم نە شەرممان لە یەک دەکرد نە خەریکبوونمان بە داچۆڕاندنی حەز و ئارەزووە پەنگخواردییەکانی یەکدی قسەی لەبیربردبووینەوە و کەڕ و لاڵی کردبووین.. ئاخر بە درێژایی ئەو هەموو کاتەی لەو 'هەینیی پیرۆز'ەدا بەسەرمانبرد نە ئەمن ورتەم لە دەو هاتەدەرێ نە ئەو! نەماندەزانی تێربوون چیە و چ لە دوور و چ لە نێزیک نەماندەناسی تەنانەت بڕوامان نەدەکرد یەک جاریش بە دیداری گەیشتبین.. ئەوەش وەیکرد دەرووەستی کات نەبێین و لەپڕ پارێزمان لێبستێنی و وەک خەنجەر خۆی هەڵبداتە سەر قرتقرتۆکمان؛ هیچ چارمان نەما و هەر بە بێدەنگیی سواری ترومبێلەکەم بووین و تا بەردەرکەی ماڵێیانم برد.. لێ پێش ئەوەی دابەزی گۆتی: "دوا ماچیش خراپ نییە هاوڕێ؟" ئیدی کە دەومان گەیشتنە یەک و لێوی سەرێی وی کەتە نێوان لێوانم و لێوی خوارێی منیش کەتە نێوان لێوانی وی.. هێندە بە توندیی لێوی یەکدیمان هەڵمژت لەگەڵ دەو لە یەک کشاندنەوەمان هەستمکرد لێوی سەرێی وی لە نێو دەوم بەجێمابی و لێوی خوارێی خۆشم پێوەنەمابی و کەتبێتە نێو دەوی وی!

لە یەکەم شادبوونەوەمان بە دیداری یەکدی لە پاش ئەو شەوە هەینییە پیرۆزە.. دیتم ئەویش ڕێک هەمان هەستی منی لە کن دروستببوو؛ بە پێکەنینەکی زۆر سەیرەوە گۆتی: "دەزانی هاوڕێ.. پاش ماچی نێو ترومبێلەکە تا خەویشم لێکەت هەر وەهام هەستدەکرد لێوی خوارێت لە نێو دەوم بەجێمابی و لێوی سەرێی خۆشم پێوەنەمابی و کەتبێتە نێو دەوی توو!" ئیدی ئەمنیش لە قاقای پێکەنینێم دا و گۆتم: "ئەرێ بە ڕاست ئەوە چ بوو.. بڕوابکە ئەمنیش لەو دەم ڕێک هەستم بە هەمان تشت کرد سەبارەت بەو دەو و لێوە نەفرەتییانەمان!" پاش ئەوەی دەمەکی چاک بە خۆمان و ئەو فەرهەنگە لاپڕەسەنگە دڕدۆنگە دەبەنگە پێکەنین کە کوو ئەوها ئازادییەکانی ئەو دوو جۆتە لێوە شۆڕشگێڕەیان پێشێلکردبوو.. گۆتی:

- جا ئەوەیە لێو هاوڕێ؛ هەم داگیرسێنەرە و هەم دامرکێنەرە.. واتە لە لایەک دەتانی لە ڕێی وشە و دەستەواژە و گوزارشتەکانەوە ئاوری ئازادییەکان دابگیرسێنی و لە لایەکی دیکەشەوە دەتانی لە ڕێی ماچ و مژین و لێستنەوەوە ئاوری ئارەزووەکان دابمرکێنێتەوە! ئێ خۆ ئەمن و ئەتوو و هاوڕێیانەکی دیکەش دەمانتانی خۆمان لە تێکۆشان بدزینەوە و دەو و لێوانمان وەک زۆربەی هەرە زۆری خەڵک تەنێ لە ماچ و مژین و لێستنەوەی دەو و لێو و سینە و مەم و نێولنگان و سەرلەبەری جەستەی یەکدی و کەسانی دیکە وەکاربەبەین.. لێ ئەوەیان بوونی مەیە و بەختەکەمان وەیهانیوە دوو وشە پتر لە خەڵکی دیکە فێرببین و نەتانین هەر تەنێ بە دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووە جەستەییەکانمان بە ئاسوودەیی تەواو بگەین بەڵکە لە قۆناغی هەنووکەماندا هەمووومان پێویستمان بەوەیە لە ڕێی دەو و لێوانمان یەکەم جار و بەر لە هەر تشتەک وشە و دەستەواژە و گوزارشتە ئاورینەکان وەکاربەبەین تا بە تەواویی بە ئازادییەکانی مەژییمان دەگەین.. بەوەش لێوانی سەرلەبەری مرۆڤەکان لە هەر سەرکوتییەک ڕزگاردەبن و ئیدی پێویستییەک بە دەربڕینە ئاورینەکان نامینێ و بە پێی خولیایە سروشتییەکە هەر خەریکی خامۆشکردنی ئاوری ئارەزووەکانمان دەبین.. جا لەبەرهەندێ پێویستە و دەبی لەنەوپاش هەروەک سەرەتای یەکدیناسیمان هەر خوشک و برایەکەی جاران بین

و له هەموو كات و جێیەكیش ئەتوو ئەمن بە 'خوشكێ' گاس بكە ئەمنیش ئەتوو بە 'براله'! هەر لە راستییشدا ئێستا ئەمە لە خوشك و برا لەپێشترین لۆ یەكدی! (پاش ئەوەی بە زەردەخەنەكی هەم تفت و هەم گاڵتەئامێزانەوە سەری ئەرێم لەقاند و هەردوو ناوی 'خوشكێ و براله'م پەسندكردن.. ئەویش بە ئاماژەدان بەو دینانەی كە دەیانبێژنێ 'دینە ئیبراهیمییەكان!' بە پێكەنین و گاڵتەپێكردنەوە درێژەی بە قسەكانی داوە): نا پێت سەیر نەبی هاورێ.. خۆ خوشك و براش لە كاتی پێویست ئەوە دەكەن؛ ئەدی ئەوە نییە بە پێی تێروانینی بە ناو 'دینە ئیبراهیمییەكان!' كیژ و كورێ 'ئادەم و حەوا!' بە ئارەزووی خۆیان و لە پێش چاوی 'خودا!' سواری یەكدی بوون كە وەپێی ئەفسانە پووچەكان پێشترێ دایوبابیان لەسەر خواردنی یەك سێو فرێدرابوونە سەر زەوی! وەك دەبێژن ئەو خوشك و برایە لە پێناوی ئەوە چوونە گژ یەك و ئارەزووەكانیان بە یەكدی دامركاندەوە تا رەچەلەكی مرۆڤ بپارێزن! نا پێویست ناكا لەوە بترسێی هاورێ كە رەنگە ئەمن بمەوێ منداڵەك لە نێوانمان دروستببی چون ئەوەی ئەمن و توو كردمان لە پێناو ئەوە نەبوو و ئەرخەیانبە كە ناهێلم وەچە لە نێوانمان ئافەریدە ببی.. بەڵكە نیازم ئەوە بوو بێژم؛ ئێ باشە پاراستنی رەچەڵەكی مرۆڤ هەر لە پێناو ئەوە نییە كە مرۆڤ بمینێ.. دەی خۆ مانی مرۆڤیش بێ بەهرەمەندبوون لە ئازادیی دامركاندنەوەی ئارەزووەكان هیچ واتایەكی نابی.. جا هەر لەبەرهەندێش ئەو خوشك و برایە رێیان لەو ئازادییەی خۆیان نەگرتبوو و هەر ئەوەیان كردبوو كە دەبووایە بیكەن.. ئێ ئەمەش هەر ئەوەمان كرد و هیچی دیكە! كەواتە ئێستاش ئەمە رێك وەك ئەوان هەر خوشك و برایەكەی جارانین! دەی هاورێ با واز لەو ئەفسانە ئەندێشەبازییە بێ بنەما و بێسەروبەرانە بهینین.. ئەوەی گرنگە هەر ئەوەیە كە ئێستا رۆژ رۆژێ تێكۆشان و كاركردنە.. وا خەریكە ئەو پارتیانە دەمانخۆن.. راستە ئەو كارە رامیارییەی ئەمە دەیكەین هەرگیز ئەو سیستەمەی پێ سەراوبن نابێ وەك ئەوەی ئەمە دەیخوازین كە جیهانەكی بێ چین و چەوسانەوە یان بە لایەنی كەم سیستەمەكی پێشڤەرۆ و شارستانییانەی لێ وەپاش بكەوی.. لێ باندۆرەكی زۆر چاكی دەبی لەسەر ئەوەی كە پارتیەكان نەتانن جەماوەر فەرامۆش بكەن و ئیدی رای گشتیی هێندە هێز پەیدابكا كە دۆزە چارەنووسسازەكان بە ئاراستەی وەدیهینانی بەرژەوەندییەكانی میللەت بە گشتیی و چین و توێژە نەدارەكان بە تایبەتیی بجوولێنی و دەستكەفتی پتر و پتر و چێتر و چێتر وەدەستبێن.. (دیاربوو گەرم ببوو و دەیویست پتر بدوێ.. لێ پاش ئەوەی دیسان سەری ئەرێم لەقاندەوە هەر بە پەلە جلەوی قسەكردنم لێی وەرگرت):

- زۆر شادمانم بەو تێروانینە چاك و جوانانەت.. لە راستییدا كارەكانیشت ئەو قسانەت پشتراست دەكەنەوە.. ئاخر ئەمن لەو ماوەدا بە چاوی خۆم دیتم كە رێكخستنەكانمان بە هۆی كار و چالاكییەكانی توو چ گەشەكردن و فراوانبوونەكی گەورەیان وەخۆوە دیتیە! هەر لەو روانگەشەوە ئەمن ماوەكە لە كنە خۆم بڕیارمدایە كە دەگەرێمەوە دەرێ پێویستە ئەتوو كارەكانی من بگریە ئەستۆی خۆت.. ئەوەشم لە كن دەستەی سەرپەرشتیی رێكخستنەكان پێشنیار كردیە و ئەوانیش زۆر پێیان باش بوو.. ئەوەشم هەر لەبیرنەچووە كە ئەتووش رێی دەرێت لە پێشە و ئەمنیش نەك هەر لە هاوكارییكردنت پەژێوان نابمەوە بەڵكە بەوپەرێ تواناشەوە یارمەتییت دەدەم و هەر دەبی بگەیە دەرێ لێ ئەوەش كاتەكی پێدەچی.. جا ئەمن لەو نێزیكانە كە دەگەرێمەوە دەرێ پێویستە ئەتوو كارەكانی من رابپەرێنی و هەر لە ئێستاشەوە پرۆڤەیان لەسەر بكەی.. هەر دەمەكیش چوونەدەرێیەكەت رێكەت ئەوە بێ گومان ئەتووش وەك من دەتانی ئەركەكانی خۆت بە كەسەكی ژێهاتیی بسپێری.. (زۆر بە پێخۆشبوونەوە گۆتی):

- جا ئەتوو و هاوڕێیان هەر ئەرکەکم پێ بسپێرن ئەوە دەبێ تێکڕای هێز و توانایەکانی خۆم لە پێناویدا بخەمەگەڕ و بەوپەڕی ڕاشکاویی و دڵسۆزییەوە جێبەجێی بکەم.

کات دەهات و کات دەڕۆیی.. بە هیچ ڕانەدەگەیشتم، بە هۆی ئەوەی کە خەریکبووم 'خوشکێ!' لەسەر کارەکانی خۆم ڕابهێنم و ئەرکەکانمی ڕادەستبکەم دەبووایە زۆرترینی کاتەکانم لەگەڵ وی بگوزەرێنم.. ئەوەش گرفتەکی گەورەی لۆ هەردووکمان چێکردبوو؛ وەیکردبوو پەنگرەکانی ئاوردانی 'هەینیی پیرۆز!' هەرگیز خامۆش نەبن و ناوەناوە لەگەڵ بای هەناسمان بگەشێنەوە و تێکڕای هەست و سۆز و جەستەمان تا ڕادەی داغبوون جۆشبدەن! کە لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە تێکەڵ دەبووین و پێکەوە خەریکی کارەکان دەبووین ئەوە بە ناوبردنی یەک بە 'خوشکێ و برالە!' لە پێش چاوانی ئەوان و خۆپاراستنمان لە مۆزەمۆزی سێکسیی لەگەڵ یەک هیچ گرفتەک چێنەدەبوو.. لێ کە لە ماڵی وی یان لە ماڵی خۆم لەولا و لەولای مێزەک بەرانبەر یەک دادەنیشتین و خەریکی ڕاپۆرتەکان و کارنامەی ڕێکخراوەکەمان دەبووین وردە وردە پەنگرەکانی هەینیی پیرۆز دەگەشانەوە.. پاش ئەوەی هاڵاوی پەنگرەکان کاری خۆیان دەکرد و جەستەمانیان خاوەکردەوە لاقەکانمان خۆبەخۆ و بێ ویستی خۆمان لە بن مێزەکە دەکەتنە ژوانی خۆیان و لە یەک دەئاڵان.. ئیدی هێدی هێدی لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان دەومان تەتەڵەی دەکرد و تێکەڵمان دەکرد.. پێنووسەکان خۆیان ڕانەدەگرت و زۆر جار لە دەستمان بەردەبوونەوە تەنانەت کە خەریکی ژمێریاریی دەبووین؛ ئەمن لەگەڵ ژمارەی '٠' گرفتم لۆ پەیدادەبوو.. وەک نموونە کە دەمویست ژمارەی '١٠' بنووسم پێچەوانەم دەکردەوە و زۆر پوختە دەمنووسی '٠١'! ئەویش گرفتی لەگەڵ پیتی 'پ' لۆ چێدەبوو.. وەک نموونە کە دەیویست وشەی 'پاش' بنووسی زۆر بە جوانیی 'باش'ەکی قیت و قۆزی دەنووسی! ئیدی هیچ چار نەدەما و پێنووسەکانمان دادەنان و دەستبەرداری ڕاپۆرتەکان دەبووین.. وەک دوو کەسی سەرمەست کە چەندین بەرداغ وێسکیان لە بەرانبەر یەک هەڵقوڕاندبێ چاومان لە نێو چاوی یەک دەنا.. لەپڕ یەکەکمان دەمانتەقاندەوە:

- ئەوە زۆر ڕاستە کە ئەمە لە سەتا سەت خوشک و برای یەکدین.. بەس دەی.. خۆ بەو جارە جیهان کاول نابێ.. دەی دەبا ئەو جارەش چەند خولەکەک خوشک و برای یەک نەبین.. (زۆر ڕاشکاوانە دەستمان دەخستە نێو دەستی یەک و بەڵێنمان دەدا.. هەردووکمان پێکەوە دەمانگۆت 'بەڵێن بی بەڵێن.. هەر تەنێ ئەو جارەیە و بەس!' هەر بە پەلە ڕاپۆرتەکانمان دەخستنەوە نێو کیسەکانی خۆیان و هەر لە تەنیشت مێزەکە و لەسەر زەوییەکە دەئاڵاینە یەک و ڕاپۆرتەکی هێندە جوان و ڕەنگاگوڕەنگ و پوختمان لەسەر جەستەی یەکدی دەنووسی کە یەک هەڵە چیە تێیدا نەبی تەنانەت خاڵ و وێرگوڵێشمان لەبیرنەدەچوو و لە جێی پێویستی خۆیان دامانەدەنان! ئیدی لە کۆتاییشدا ڕاپۆرتەکەمان زۆر بە ڕێکوپێکیی دەپێچاوە و بە ماچەکی تەڕ تەڕ مۆرەکی زۆر جوان و تۆخمان لێیدەدا و لە جێیەکی زۆر تقەتی دوڕ ناخمان حەشارماندەدا کە هەرگیز هیچ کەسەک نەتانی پەیدۆزی بکا تەنانەت خۆشمان نەتانین بیکەینەوە و جارەکی دیکە چاوی پێدا بخشێنینەوە!).

هەر ناوەناوە ئەو جۆرە ڕاپۆرتنووسینەمان دووبارە دەبۆوە و هەر بە هەمان شێوەش بەڵێنەکەمان دووپاتدەکردەوە! بەوەش کاروبارە ڕێکخراوەییەکانمان - تەنێ ئی من و وی - زۆر شەپرێو بوون و بە سەختیی دەچوونە پێشێ، بێجگە لەوەی دەبووایە بە زووترین کات خوشکێ لەسەر کارەکانم ڕابهێنم.. کوریکەسۆریش هەر چاوەڕێم بوو و هاوڕێیانی دەرێش لە رووی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی دەرێ و نێوخۆ زۆر پێویستیان بە من هەبوو، پێشترێ خۆم وەها دەهاتە بەرچاوان کە کەسەکی زۆر خۆڕاگرم لە بەرانبەر سێکس

بە تایبەتییش کاتەک کە سێکس دەبتە هۆی ساردبوونەوەم لە تێکۆشانی رامیاریم.. کەچی خەریکبوو خوشکێ بە جۆرەک تووشی گەندەڵیی سێکسیی دەکردم کە سەرجەمی جوولە و کارەکانم سەراوبن ببن. وەهام نەدەدیت کە ستەمەک لە کوریکەسۆرێ دەکەم چونکێ پێشترێ چەندین جار پێمگۆتبوو 'ئەمە دوو هاوڕێین و پێکەوە دەژین.. نابێ ئەوە لە کنمان ببتە گرفت کە ئەگەر جاروبارەک لە بەرانبەر ژنەکی دیکە نەمتانی خۆم رابگرم و لەگەڵی نوستم.. ئەو مافە لۆ تووش بە هەمان شێوە هەر رەوایە' ئەویش هەرچەندە زۆر بەو قسەم ئاسوودە نەبوو لێ وەک هەموو جارەکان دەیگۆت 'ئەتوو لۆ خۆت ئازادی لێ ئەمن یەک بە خۆم تا پێکەوە بین هەرگیز ناتانم لە توو پتر بترازێ بچمە نێو باوەشی هیچ پیاوەک یان هیچ پیاوەک بێتە نێو باوەشم تەنانەت ئەگەر بزانم ئەو پیاوە لە تووش پتر خەنییمدەکا!'.

سەرم لەوە سووڕمابوو کە کەسەکی سێکیی وەک کوریکەسۆرێ لەبەرچی ئەوە ماوەکە تەلەفۆن ناکا و هەر دەبی ئەمن پەیوەندیی پێوەبکەم؟! زۆر جار لە هندورێ خۆم بیرم لۆ ئەوە دەچوو کە رەنگە ئەویش نەرمیکردبی و لەگەڵ کەسەک پێویستییە سێکسییەکانی خۆی جێبەجێ بکا! هەرچەندە فەرهەنگە نێرسالارییەکەی پێشانم لە ئەگەری هەڵسوکەوتەکی ئەوهای وی یاری بە ژێیەکانی مەژییم دەکرد و ئاسوودەبەخش نەبوو لۆ من.. لێ هەر دەمودەست بەرانگژی خۆم دەبوومەوە و بە خۆم دەمگۆت 'دەک داوەشێی پیاو.. ئێ ئەویش وەک من پێویستی بە سێکسە.. ئەوە ماوەکی درێژە لە من دوورە.. چی تێدایە ئەگەر ئەویش ئارەزووەکانی خۆی دابمرکێنێتەوە..'! ئەو جارە وەک ئەوەی لە بەرانبەر کەسەک لە شەڕدا بم خۆم گورج دەکردەوە و سەری خۆم بەرز رادەگرت و دەمگۆت 'دەک دەستی خۆشبی ئەگەر وەیکردبی.. خۆزیە ئەویش دەیتانی وەک ژنەکی زۆر هۆشیار و ڤەکریی لە رووی سێکسییشەوە لە جیهانی ژنە نەزانە ملکەچ و سوپاسگوزارەکان دەردەچوو و ستەمی لە حەز و ئارەزووەکانی خۆی نەدەکرد و سەرکوتی نەدەکردن.. ئەو کاتە ئەمن گەللەک سوپاسم دەکرد'!

فرە شادمانم بووم بەوەی کە زۆربەی زۆری هاوڕێیە چالاکەکانمان جا پێشینەی پارتیایەتی و رامیارییان هەرچییەک بوو لەوانە بوون کە دین و هزرە ئەفسانەییەکان تا رادەی نەمان لە کنیان کاڵببوونەوە.. نێرسالاریی و دابونەریتە پاشدامایەکانیش کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەریان نەمابوو.. بە کورتییەکەی کەسە پێشڤەڕۆیەکانی نێو کۆمەڵ بوون و لە دۆزی ژنان و دانان بە ماف و ئازادییەکانیان گەلەک ڤەکریی بوون و لە رووی فەرهەنگیشەوە رامان و نەخشەکی رۆشنگەرانەیان هەبوو و هەموویان بە هومێدی ئەوە بوون گۆڕان و گەشکردنەکی ئەوتۆ لە نێو کۆمەڵ بهیننە ئارا کە بتانن پارتیەکان بەرزەفت بکەن و رای گشتیی جەماوەر بوونی راستەوخۆ و دیاری خۆی هەبی و چیدی هیچ دەسەڵاتەک نەتانی یاریی بە بژێوی ژیانی خەڵک و ئازادییەکانیان و چارەنووسیانەوە بکا.. لێ لەگەڵ هەموو ئەوانەش هەندەک لەوە نیگەران و دوودڵ بووم کە لەوانەیە خەڵکە پاشدامەیەکە کە زۆرینەی کۆمەڵن ببنە رێگر لە بەرانبەر ئەو هزر و هەڵسوکەوتانەمان و نەتانین پتر خەڵک لە خۆ خڕبکەینەوە و لە ئایندەشدا بە پێچەوانەوە خەڵکیشمان لێبتەکنەوە.. پێشبینیی ئەوەشم دەکرد کە رەنگە سێکسکردنی بێ پەروا وردە وردە لە نێوماندا گەشە بکا و سەرەنجام بە ئارەزووی خۆمان وەنێو یەک بکەوین.. ئیدی ئەو کاتە تووشی گەندەڵییەکی گەورەی سێکسیی دەبین و ئاتارمان بەسەر پاتارمانەوە نامینێ.. لۆ نا؟! دەی ئەوە نییە ئەمن و خوشکێ کە لە چالاکترینەکانی بزاڤەکەمانین و لە کنە خۆمان وەیە لە بەرانبەر حەز و ئارەزووەکانمان لە خۆڕاگرترینەکانین کەچی کاتەک 'راپۆرتی تێکخستن' دێتە بەردەستمان بە سووک و هاسانیی 'راپۆرتی رێکخستن' وەلادەخەین و بە فەرامۆشیی دەسپێرین! ئەدی ئەو

هەمووە ژن و پیاوە چاولەدەر و سێکسبازە چ لێبکەین کە پیاوەکانیان دۆخینی لاستیکیان لە پشتی ملیان گرێدایە و ژنەکانیش هەر کتومت ئێژی چەرخوفەلەکن و گوڵەندامە جوان و قەشەنگەکانی خۆیان لە ماوەی دوو چرکەدا لە پێشەوە و لە پشتەوە بە هەمان شێوە پێشاندەدەن!؟ رەنگە ئەمن بە هۆی رۆچوونی پترم لە نێو کاری هزریی و رامیاریی جۆرەک لە رەقیی و هیشکییم پێوەدیاربی و ئەو جۆرە هاوڕێیانە نەیانتانیبی یان نەیانویستبی خۆیان لە کنە من وەدەرخەن و ئەمن تەنێ ژمارەکی کەم لەو بابەتە کەسانە بناسم.. داخۆ هەنووکە لە نێو ئەو هەموو پەیوەندیی و تێکەڵبوونە خێرا و بێ پەروایەی نێوانمان - کە لۆ کاری بەرفراوانی بزاڤەکەمان پێویستمانە - بە چ شێوەک لە نێو گۆڕەپانی ئەو 'کاری تێکخستن!'ە گەشەیان کردبی و کووکوویی وەنێو یەک وەربووبن!؟

هەرکووەک هەبوو بە بیانووی ئەوەی کە دەبێ پێش گەڕانەوە دەرێ هەموو هاوڕێیەکانم بەسەربکەمەوە دیدارەکانم لەگەڵ خوشکێ کەمکردبۆوە تا هێندە تووشی ئەو 'راپۆرتنووسین'ە نەبینەوە و کاتەکان بە پێی پێویست وەکاربببەم، رۆژەکیان ئەمن و خوشکێ و هاوڕێیەکمان - لەبەرئەوەی ناوەکی زۆر درێژ و ناخۆشی دینییانەی هەبوو هەر لە نێو خۆمان گۆڕیبوومان و کردبوووومانە هاوڕێ 'رۆژەڵاتیی' - لە باخچەکی نێزیک نێوەندی بازێڕێ دانیشتبووین و لە هەندەک رێوشوێنی تازە و کردەییانە دەدواین کە پێویستن لۆ گەشەکردنی رێکخراوەکەمان.. لە کۆتاییەکەییدا خوشکێ رووی لە هاوڕێ رۆژەڵاتیی کرد و گۆتی:

- ئەمن تێڕوانین و پێشنیارەکانی تووم زۆر پێ جوانن.. دڵنیام ئەگەر بتانین بیانکەینە بڕیار و بیانخەینە واری جێبەجێکردنەوە ئەوە بەرهەمی چاکیان دەبێ.. هەڵبەتە ئەتوو هەردەم بەشدارییەکی چاکت لە کارەکانمان کردیە و باندۆرەکی باشیشت لەسەر گەشەکردنی رێکخراوەکەمان هەبووە.. بە هومێدی ئەوەم بتانی ئەو هزر و تێڕوانینانەی خۆت لە نێو خەڵکی نێوچەکەی خۆتان بجوولێنی بەڵکە لەوێش بزاڤەکی لەو شێوە سەرهەڵبدا.. (پاش ئەوەی رۆژەڵاتیی سوپاسی کرد و هەندەک راگۆڕینەوەمان لەو بارەوە ئەنجامدا و هەرسێکمان هاوڕای یەک بووین.. ئەو جارە خوشکێ گۆتی):

- دەزانی برالە کاتەکە درەنگی کرد.. ئێستا دەبێ ئەمن و ئەتوو بە کاری راپۆرتەکانمان رابگەین.. راپۆرتەکی زۆرمان لەسەر خڕبوویتەوە.. پێم باشە ئەمن و توو بڕۆین جا لە ماڵی مە بی یان لە ماڵی توو هەندەک خەریکی ئەو راپۆرتانە بین؟ (دەمزانی نیازی چیە.. وەک ئەوەی دەبێژن 'هێشتا ئەو قەسپەکەی نەخواردبوو ناوکەکەی لە بەڕکی من بوو'! لێ باش بوو رۆژەڵاتیی زوو فریامکەت):

- ئێ باشە خانم.. ئەوە گۆتمان کاری رامیاریی لە هەموو تشتەک گرنگتر و پێویستترە وەلی نابی لە ٢٤ کاتژمێردا ٢٥ کاتژمێر هەر خەریکبین هەی ماڵتا.. ئێ لەوەتەی ئەو ئامۆزایە خۆشەویستەمان گەڕایتەوە دەرفەتت نەدایە تێر بە دڵی خۆم بیبینم.. نا نا هیچ چار نییە و ئەورۆ ئەمن لەگەڵە خۆمی دەبەم و مێوانی منە... (خوشکێ هەندەک منگەمنگی کرد.. لێ پاشان رەزامەندیی خۆی دەربڕی.. ئیدی لەگەڵ رۆژەڵاتیی - هەرچەندە ئەمنیش لە ناخەوە سەرم دەخورا لۆ ئەوەی لەگەڵ خوشکێ بڕۆم لێ پێم باش نەبوو و دانم وەخۆمدا گرت - ئەومان بەجێهێشت و بەرەو بازێڕەکە چووین.. پێش ئەوەی لە هیچ جێیەک دابنیشین پێمگۆت):

- لە راستییدا ئەمن زۆر ماندییمە هاوڕێ.. هەستناکەم بتانم لەو یانە و مەیخانانە بحەسێمەوە.. کووە ئەگەر هەندەک خواردنەوە و ئەوەی پێویستمانە بیانکڕین و بچینە ماڵێ مە؟ (رۆژەڵاتیی لەو رووانە زۆر سەیر بوو؛

**بیزانیبا هەر دانیشتنەک خواردنەوەی تێدایە هیچ لە کنە وی گرنگ نەبوو لە کێندەرە تەنانەت ئەگەر لە پەنایەکی زۆر گچکە و نالەباریش بووایە.. گرنگ ئەوە بوو پێکەوە دابنیشین و بخۆینەوە و کەس هەراسانمان نەکا.. یەکسەر گۆتی زۆر باشە هەر کێندەرێ بی ئەمن کێشەم نییە.. ئیدی وەک ئەوەی پێمگۆت وەهامان کرد و بەرەو ماڵ وەرێکەتین).**

**- ٤٦ -**

**ئەمن لەمێژبوو ئەوهابووم؛ کە سەرمەست دەبووم زۆر حەزمەکرد هۆزانان بخوێنمەوە، پاش ئەوەی بەدەو هۆزان خوێندنەوە و هەندەک باسوخواسی وێژەیی و قسەی خۆش خۆش تێروپڕمان خواردەوە و کاتەکی زۆر ئاسوودەمان لە تەک یەکدا گوزەراند.. رۆژهەلاتیی هەستاوە سەرپێ و گۆتی:**

**- زۆر سوپاس هاورێ لۆ ئەو مێوانداریيەت.. ئەمن دەبی بڕۆم.. وەلی پێش ئەوەی بەجێتبهێلم حەزدەکەم هاییدار بی کە ئەوە دوو جارە ئاسایش لەدووم دەنێرن.. ئەمنیش هەر جارەو بیانووەکم هینایتەوە و نەموێرایە بچم.. چونکێ زۆر وێدەچێ نەهێلن لێرە بژیم و رادەستی دیوی خۆمانم بکەنەوە.. جا ئەگەر کارەکی لەو جۆرە روویدا ئەمن لێرە بێجگە لە توو هیچ کەسەکی دیکەم نییە تشتەکم لۆ بکا.**

**پاش ئەوەی دڵنیامکردەوە ئەگەر تشتەکی لەو بابەتە بێتەپێش ئەوە هەر چیەکم لەدەستبێ درێخیی ناکەم.. شەوباشەکی لێکردم و رۆیی، ئیدی ئەمنیش کۆمەڵە هۆزانەکی دەستنووسی هاورێیەکم - کە دابوویە من تا پێش چاپکردنی لە رووی زمان و هەندەک لایەنی وێژەیی پێیدابچمەوە و را و سەرنجی خۆمی لەسەر دەرببڕم - لە پەرتووکخانەکەم دەرهینا و کەتمە خوێندنەوەی، لەوانەیە هەر نیو کاتژمێرەک دەبوو.. ئەمن تەواو کەتبوومە نێو جیهانی هۆزانان.. لەپڕ رۆژهەلاتیی بە تەلەفۆنەک زنجیرەی بیرکردنەوەکانمی پچڕاند:**

**- ببەخشە هاورێ، وەبزانم هەگبە چووکەکەم و کلیلەکەم لەوێ لەبیرچووە؟ (تەمەشایەکی سەر مێزەکە و ئەو جێیەم کرد کە لێی دانیشتبووین.. تەنێ کلیلەکەی لێبوو).**

**- ئەرێ.. کلیلەکە لێرەیە.. بەس هیچ هەگبەکی لێنییە. (زۆرم پێناخۆشبوو کە لە خوێندنەوەکەی دابڕیبووم.. لە غەمی ئەوەدا بووم کە ئێستا وەدوو کلیلەکەیدا دێ و بە ئێکجاریی لێم تێکدەدا.. کەچی باش بوو گۆتی):**

**- زۆر سوپاس هاورێ گیان.. سەبارەت بە کلیلەکە گرفتەک نییە.. دانەکی دیکە لە خاوەن مێوانخانەکە وەردەگرم.. وەلی نازانم.. سەیرە کە هەگبەکەم لەوێ نییە چون ئەمن لەوێوە یەکڕاست بەرەو ماڵ بوومەوە و لە هیچ جێیەک لامنەدایە.. تکایە ئەگەر جوان بگەرێ رەنگە هەر لەوێ بی... (ئەو جارە بە هووردیی هەموو جێیەکانم پشکنی و هەگبەکەشم پەیدۆزکرد.. لێ پێمگۆت):**

**- نا نا.. باش گەڕیام و لەیرە نییە. (ئەوەش تا هەندەک غەمی پی بخوا و چیدی ئەوها بێسەروبەر نەبی بەو شێوە تشتەکانی لە جێیان لەبیربکا).**

- ببەخشە هاوڕێ گیان هەراسانم کردی.. ئیدی تازە لەدەستمچوو و... (قسەکەیم پێ بڕی و لەباتی دڵنەوایی هەندەک دابەزیمە سەری لەوەی کە گرنگیی بە تشتی خۆی نادا.. ئیدی پاش ئەوەی پێمگۆت سبەینێ دەتبینم و کلیلەکەت دەدەمەوە دەرفەتی هیچی دیکەم نەدا و یەکسەر گۆتم شەوەکی شاد و ئاسوودە).

سبەینەکەی چێشتەنگاوان خۆم گەیاندە بازێڕێ.. بێ هاییدارکردنەوەی بەرەو جێی کارەکەی ملم نا.. فرۆشگەکی زۆر گچکەی کاتژمێرفرۆشیی هەبوو لە نێزیک بازێڕە گەورەکە، کە دیتم فرۆشگەکەی داخرایە دڵم بە خورپەخورپ کەت و نیگەرانی ئەوە بووم نەکا ئاسایش دەستگیریان کردبی.. تەلەفۆنم کرد هەڵینەگرت.. ناچار یەکسەر بەرەو ئەو مێوانخانە چووم کە لەگەڵ هاوڕێیەکی لە قاتی چارەمیدا دەژیان - خانییەکەیان لە یەک ژۆر و ناندین و گەرماو و ئاودەستەک پێکهاتبوو - چەند جاری دیکە لەوێ چووبوومە کنی، بێ هاییدارکردنەوەی پرسگەکە چووم لە دەرکەکەی ئەوانم دا.. هاوڕێیەکەی کردیەوە و فەرمووی لێکردم - ئەویش گەنجەکی لای خۆیان بوو و لەمێژبوو ئاوارەی لای مە ببوو و هەر لە ڕێی ڕۆژهەلاتییەوە ناسیبووم و هاوڕێیەتییەکم لەگەڵ ئەویش پەیداکردبوو - پاش چوونەژۆر و چاکوخۆشییکردن زۆر بە غەمبارییەوە گۆتی:

- زۆر بە داخەوە هاوڕێ.. دوونێ درەنگانی شەوێ ئاسایش هاتن و کاکمیان قۆڵبەستکرد و بردیان.. چەندی لێمپرسین لەسەر چیە ئەوە.. پێیاننەگۆتم، زۆر باش بوو کە خۆت هاتی.. ئاخر ژمارەکەی تووم لە کن نەمابوو.. دەمویست بێمە ماڵتان تا لەو گرتنەی هاییدارت بکەمەوە چونکێ پێشترێ بە منی گۆتبوو ئەگەر گیرام بە زووترین کات بە تووی رابگەینم.. هەروا جارەکیان سەرهاتەکی خۆی گێڕاوە و پاشان گۆتی 'دیتت ئەو سەرهاتەی من چەند مەترسییدارە.. ئەگەر بە بەردەستی دەسەڵاتدارانی لای خۆمان بکەوم و ئەوەم لەسەر ئاشکرابی ئەوە بێ گومان لەسێدارەم دەدەن.. لەبەرهەندێ تەنێ چەند هاوڕێیەکم بەوە دەزانن.. لێ ئەگەر رۆژەک لە رۆژان لێرە گیرام زوو خۆت بگەینە کاک ئامۆزا و وەک خۆی لۆی بگێڕەوە بەڵکە غەمەکم لێبخوا تشتەکم لۆ بکا.. (ئەمنیش هەر بە پەلە گۆتم):

- ببوورە.. جارێ ڕاوەستە با تەلەفۆنەک لۆ ئاسایش بکەم.. (هەرچەندە زۆربەی بەرپرسەکانی نێو ئاسایش و دامودەزگەکانی دیکەی میریی خۆشییان بە من نەدەهات.. لێ هەندەک کەونە هاوڕێی سەردەمی شۆڕشگێڕییم لە ئاسایش کاریاندەکرد و یەکەکیان بەرپرسەکی زۆر پلەبەرزیش بوو لەوێ.. کە قسەم لەگەڵ وی کرد و کێشەکەم تێیگەیاند گۆتی دەرفەتەکم بدێ با بپرسم.. پاش دەمەک پەیوەندیی کرد و گۆتی 'ئەرێ.. لێرەیە لە کنە خۆمان.. دەتانی هەر ئەورۆ بێی.. دەرفەتم دەبی بتبینم..' بەڵێنی ئەوەشم لێوەرگرت کە تا ئەمن دەچم پەروەندەکەی رابگرن، هاوڕێیەکەی ڕۆژهەلاتیی لە خۆشییان شاگەشکە بوو و گۆتی بەس وەبکەی رادەستی ئەودیوی نەکەنەوە واتە ئەتوو ژیانی ئەوت رزگاکرد، کە کلیل و هەگبەکەشیم دا دەستی و گۆتم 'ئەوە دوونێ شەوێ لە ماڵەکەی من لەبیریکردبوو' زۆر بە شادمانییەوە وەریگرت:

- ئۆۆۆی.. ئەوە هەگبەکەی ئەوە.. (هەر دەمودەست کردیەوە.. کاتژمێرەک و پاسەپۆرتەک و هەندەک پارەی تێدابوو) دوونێ شەوێ ماوەک پێش گرتنەکەی گۆتی ئەو شتانەی بزرکردیە و زۆر پێیەوە هەراسان ببوو، جارەکیان لە کنە من گۆتی: 'هاوڕێ دەزانی ئەو کاتژمێرە زێڕە.. رووی دەرێی هەمووی زێڕە واتە یەکپارچە زێڕکفت کرایە.. پارەی چاک دەکا و لۆ کاتی تەنگانە زۆر باشە' جا لەوە باشتر نابی (ویستی پارە و

کاتژمێرەکە بداتە من) ها ئەو کاتژمێر و پارانە بگرە تکایە.. لەو هەرێمە هەموو تشتەک بە پارە پێکدێ.. (وەرمنەگرت چونکێ ئەمن پارەم هەبوو و لەسەر ئەو پارە و کاتژمێرەی ئەو پەکم نەکتبوو):

- هەنووکە واز لەوە بینە کاکی برا.. با ئەمن بڕۆم.. تا کار لە کار نەترازایە تشتەکی لۆ بکەم.. بەس پێش ئەوەی بڕۆم پێم باشە زۆر بە کورتیی و پوختیی ئەو سەرهاتەی ئەوم لۆ بگێڕیەوە کە باستکرد.. ئەگەر بزانم جێی مەترسییە ئەوە دەبی بە گرنگییپێدانەکی پتر و زۆر بە گورجیی فریای بکەوم.. بەس بە کورتیی تکایە.. چەندی زووتر بگەمە کن ئەو هاوڕێیە دێرینەم باشترە چونکێ کاری لەبەر دەڕوا.. ئەگەر خۆشی لۆی نەکرێ ئەوە دەتانی دەوی ئەوانەی سەرێی خۆی چەور بکا و کارەکەمان لۆ رایی بکا.

- باشە بەسەرچاو؛ بە کورتییەکەی ئەمن لەگەڵ وی خەلکی یەک شارین.. ئەو ماوەکی زۆر وەک کادیرەک بە شێوەکی نهێنیی لە نێو شارەکان لە رێکخستنەکانی لایەنەکی چەپ بووە و ماوەکیش چەکداری شۆڕش بووە.. پاش ئەوەی ئەو هەموو کەرتبوون پارچەپارچەبوونەی لە نێو پارتیەکەی روودەدا بێ هومێد دەبی لێیان و بە ناچاریی خۆی رادەستی رژێم دەکاتەوە و دەچی لە پایتەخت خەریکی تەواوکردنی خوێندنەکەی دەبی، رەنگە تا ئێرە بیزانی؟ (ئەرێ ئەرێ.. ئەوانە هەمووی دەزانم.. ئێ چیدی؟) ببوورە.. لەوێش لە کاتی خوێندنەکەی هەر پێ لەسەر باوەڕەکەی خۆی دادەگری و لەگەڵ هاوپۆلەکانی مشتومڕ لەسەر هزر و تێڕوانینەکانی خۆی دەکا، لە دوا ساڵی خوێندنی لە ترسی دەستگیرکردنی دیسان وازدەهینی و ناتانی تەواوی بکا.. ناوێری بچتەوە شارەکەی خۆمان و بە ناوی کارکردن دەچتە شارەکی نێزیک پایتەخت کە هەندەک خزم و هاوڕێی لەوێ بوون.. ژیانەکی زۆر کوللەمەرگیی و پڕ لە ترس دەباتە سەر.. لەوێش هەر لە چالاکییەکانی خۆی ناکەوی و هەرچی لەدەستدێ لە دژی رژێم ئەنجامیدەدا.. جا ئەمن لێرەوە ئەو بەسەرهاتەی لە زمانی خۆیەوە وەک خۆی دەگێڕمەوە:

«تەواو بێ هومێد ببووم لە لایەنە دژبەرەکان و پارتیایەتی، زۆر بێزار و دڵپڕ بووم لەوەی کە پیاوانی رژێم رۆژانە خەڵکیان بە بیانووی پوچ پووچ دەگرت و دارکارییان دەکردن.. لە زیندانییان دەهاویشتن.. هەندەکیان هەر بنبزر دەکردن.. تێکۆشەرانەکی زۆریشیان لەسێدارە دەدان، ناچار لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم بڕیارماندا دەستەکی چەکداریی سەربەخۆ و نهێنیی ئاوابکەین و بتانین لە نێوچەکە بەرانگژی دوژمن ببینەوە و جاروبارەک گورزەکیان لێبوەشێنین تا ترسەکیان بدەینێ و نەوێرن توندوتیژیی لە بەرانبەر خەڵک بنوێنن.. پاش ئەوەی خۆمان لە هەموو رووەکەوە سازدا ناوەناوە بە شەوان یەک دوو بەرپرسی دەسەڵاتمان دەگرتن و پاش تەمبێکردن بەڵێنی ئەوەمان لێوەردەگرتن کە جارەکی دیکە ستەم لە خەڵک نەکەن و ئیدی بەرەڵامان دەکردن.. سەرەنجام ئەمن لە کن رژێم ئاشکرابووم کە ئەو کارانە دەکەم.. لەدووم دەگەڕان دەستگیرم بکەن تا ئەمنیش وەک هەزاران کەسی دیکە لەنێوببەن.. ناچار لەگەڵ هاوڕێیانم رێکەتین کە ئەمن وڵات بەجێبهێڵم.. پاش ئەوەی رێی دەرچوونمیان مسۆگەر کرد پێشنیارم کرد کە با ئەمن پێش ئەوەی بڕۆم چالاکییەکی تەمبێکردن بە ئاشکرایی و لە نێو خەڵک ئەنجامبدەم.. ئەوانیش پێیان باش بوو و رازیببوون، سەرەتای بەهار بوو.. هەر زوو زوو کاربەدەستانی رژێم بە بۆنەی رۆژەکی خۆیان گۆڕەپانەکیان لە نێو شار دەڕازاندەوە و خەڵکیان بە تۆبزیی خڕدەکردەوە و کۆڕ یان یادەوەرییەکیان سازدەدا.. بە شەو مەترسییەکیان هەبوو لێ بە رۆژ هێندە زاڵ بوون بێ ئەوەی هیچ چەکدارەک وەک پاسەوان دابنێن ئەو بۆنانەیان ئەنجامدەدان.. ئەوە بوو رۆژەکیان لە

بۆنەکیاندا بە هاییداریی هاوڕێیانم بە چەک و تاخمی تەواو و بە ماتۆڕسکیلەک چوومە نێویان و بە پەلە خۆم گەیاندە سەر ئەو سەکۆیەی کە وتاریان لێ پێشکەشدەکرد.. یەکسەر نارنجۆکەکم راکێشا و هاوارم کرد:

- هەر کەسەک لە جێی خۆی بجوولێ هەمووتان لەنێودەبەم.. (هەموو خۆیان لەگەڵ زەوی تەختکرد، هاوارم لێکردن هەستنەوە.. کە هەموویان هەستانەوە هاوارم لێکردنەوە و گۆتم) ئەنگۆ.. ئەی بەرپرسە چەوسێنەرەکان و رێکخەرانی ئەو بۆنە.. ئەنگۆ هەمووتان سووکایەتی بە سەرجەمی مرۆڤە پێشکەتنخوازەکان و تێکرای ژیان دەکەن، با بزانم دەی.. هەمووتان بێژن 'ئەمە سووکایەتی بە سەرجەمی مرۆڤە پێشکەتنخوازەکان و تێکرای ژیان دەکەین' (هەموویان دووبارەیان کردەوە).

ئەو جارە گۆتم دەی هەمووتان بێژن 'دەسەڵاتەکەمان دوژمنی سەرسەختی ئازادیی و هەژاران و تێکرای میللەتە' (دیسان هەموویان دووبارەیان کردەوە).

هەرچەندە ئەمن بڕوام بەو تۆبزیبە نەبوو و دەمزانی لە دڵەوە نایڵێن وەلی وەک رووبەڕووبوونەوەک بەرانبەر بەو هەموو ستەمەی ئەوان بە تشتەکی چاکم دەزانی و ئارامییەکی زۆریشی بە گیانم دەبەخشی. کاتەکم زانی یەکەکیان دەیەوێ پەلامارم بدا.. یەکسەر دەمانچەکەم لێی راکێشا و پێمگۆت: "یەک جوولەی دیکە بکەی مەژییت دەپڕژێنم" باش بوو کشاوە و جوولەی نەما.

پاشان بیرمکردەوە کە رەنگە ئێستا یەکەک لە پەنایەک بە دزییەوە پەیوەندییەکی بە هێزەکانی رژێمەوە کردبی و با دەرفەت نەدەم چەکدارەکانیان بگەنە سەرم و تووشی شەڕ و کوشتارم بکەن، لە دوا قسەمدا پێمگۆتن:

- تەمەشاکەن.. ئێستا ئێوە هەمووتان لەبەردەستم دان و دەشزانم ئەنگۆ دوژمنی سەرسەختی خەڵکن و رۆژانە سووکایەتییان پێدەکەن و لەنێویاندەبەن.. وەلی ئەمن دەستم ناچتێ بتانکوژم چونکێ هیچ کوشتنەکم پێ راست نییە بەڵکە دەبی لە لایەن گەلەوە دادگەیی بکرێن.. کەچی ئەنگۆ رۆژانە لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆتان بەردەبنە ژیان و گیانی خەڵک و بێ بەزەییانە دەیانکوژن، دەی با بزانم.. لەگەڵ هەمووتانمە.. ئەو قسەم وەیە یان نا؟ (هەر یەکەو لە راستە خۆی گۆتی 'ئەرێ.. وەیە.. زۆر راستە'.. ئەوجا گۆتم):

- دەی بەڵێن بدەن کە ئیدی واز لەو دڕندەییەتان دەهێنن.. (هەموویان گۆتیان 'بەڵێن.. بەڵێن.. بەڵێن'.. دوا جار رووی چەکەکم لێکردن و گۆتم) دەی هەر ئێستا.. هیچ کەسەکی سەر بە رژێم لێرە نەمینێ دەی.. (هەر دەمووەست هەموویان هەڵاتن و چولیانکرد.. خەڵکەکەش بە چەپڵەلێدانەوە هاواریان کرد بژی بژی... ئیدی ئەمنیش خۆم هەڵدا سەر پشتی ماتۆڕسکیلەکەم و پێم پێوەنا).

نەخشەی تەواومان کێشابوو کە بە چ شێوەک و بە چ رێیەک خۆم لەبەر دەستی دوژمن رزگاربکەم، رۆژی پاشترێ هێوارەکەی گەیشتمە گوندەکی سەر سنوور و خۆم گەیاندە ئەو قاچاغچییەی کە پێشترێ لەگەڵی رێکەتبووین.. ئیدی شەوەکەی ئاودیوی کردم.»

ببەخشە هاوڕێ کاتەکی زۆرم گرتی، ئیدی هەر بە رێی قاچاغ چووبووە چەند وڵاتەک و نێزیکەی دوو ساڵ پتر هەر خەریکی ئەوە بووە لە وڵاتەک نیشتەجێ ببی.. وەلی بە داخەوە لە هیچ وڵاتەک مافی

نیشتەجێبوونیان نەدابووێ.. ئەویش بە ناچاریی و دیسان هەر بە قاچاغە رێ خۆی گەیاندە ئێرە.. لێرەش وەک دەیبینی... (بە پەلە قسەکەیم پێ بڕی):

- تکایە لێرە بوەستە.. سەرهاتی ژیانی ئێرەی هەمووی دەزانم. ئەوەی گێڕاتەوە بابەتەکی زۆر هەستیارە و ئەگەر رادەستی بکەنەوە هیچ گومانی تێدانییە کە لەنێویدەبەن! ئەرێ.. زۆر پێویست بوو ئەو زانیارییانەم هەبی.. سوپاست دەکەم، تکایە ئێستا دەرفەتم بدە با بڕۆم تا بە زووترین کات فریای بکەوم.. (هەر بە پەلە ماڵاواییم لێکرد و بەرەو ئاسایش وەڕێکەتم).

لەوێ هاوڕێیەکەم گۆتی: "پەروەندەکەیم راگرتیە.. لێ هەرگیز کەس ناتانی بەریبدا، تەنێ یەک رێ هەیە لۆ رزگاربوونی.. ئەویش ئەوەیە کە دەوی پاسەوانەکان چەور بکەین و شەوێ دەرفەتەکی بدەنێ لۆ خۆی هەڵبێ، ئەگەر راستییەکەت دەوێ.. ئەوە دەبێژم ئەمن ئەزموونی پێشتریم هەیە و ئەو جۆرە کەسانە کە لەسەر داوای دەسەڵاتدارانی خۆیان دەگیرێن ئەگەر بە رادەستکردنەوەیان مەترسیی لەسەر ئاسایشی ئێرە دروستنەکەن ئەوە چار نییە و هەر رادەستدەکرێنەوە.. (یەکسەر پێمگۆت بە هیچ شێوەک غەمی پارەت نەبی.. تەنێ رزگاربی.. چەندی دەیانەوێ بیاندێ. هەر دەمودەست نەخشەکەی دانا تا شەو رزگاربیکەین.. ئەوەی دەبووایە ئەمن بیکەم ئەوە بوو ترومبێلەکی تەکسی پەیدابکەم و لەو کات و جێیەی لەسەری رێکەتبووین ئامادە بم و هەر کە رۆژهەڵاتیی دێتە دەرێ بیفڕێنم، پاشان دەرفەتی دیتنی رۆژهەڵاتیی لۆ رەخساندم تا نەخشەکە و وردەکارییەکانی تێبگەینم، ئیدی کاتژمێرەک بەر لە نیوەی شەوێ نەخشەکەمان بە رێکوپێکی جێبەجێکرد و گەیاندمە ماڵی خۆمان.

ماوەکی چاک هەر لە ماڵی خۆم و هاوڕێیەکم داڵدەم دا.. کۆششەکی زۆرم کرد تا بتانم کارەکی وەها بکەم مافی نیشتەجێبوونی بدەنێ یان هیچ نەبی ژیانی بپارێزرێ و رادەستی دەسەڵاتدارە دڕندەکانی لای خۆیانی نەکەنەوە.. کەچی بە داخەوە هیچم بە هیچ نەکرد، ئیدی بە ناچاریی کاتژمێرە زێڕەکەیم فرۆشت و پارەکی زۆری خۆشم لەسەر دانا تا تانیم بە قاچاغ بینێرمە هەندەران و لەو نیشتیمانە (جوان و خۆشەویست!)ەمان رزگاربیکەم کە دەسەڵاتدارە بی شەرمەکان تێیدا هەمیشە دەو لە مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی و هەرچی ماف و ئازادیی هەیە دەکوتن و سەری زمان و بنی زمانیان هەر سەروەریی یاسا و سەقامگیریی دەسەڵاتی دادوەرییە! ئەوە لە کاتەکدا رۆژانە دەیان کرێگرتە و چەتەی نێودەوڵەتیی و بارزگانە چاوچنۆکەکان و سەرمایەدارە خوێنمژەکانی وڵاتان تەڕاتێنی تێدا دەکەن و ژیان و سەرلەبەری وڵات دادەدۆشن و چەندی بخوازن تێیدا دەمینێنەوە و هاوکاتیش سووکایەتی بە بوون و مانی مرۆڤەکانەوە دەکەن! ئیدی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانیی هەر ئەوەیە کە کەسانی وەک رۆژهەڵاتیی و هەر ئازادییخوازەکی دیکە وردە وردە هەڵدەوەرێنن و پەڕاگەندەی وڵاتانیان دەکەن و دەیانخەنە بەر دەوی ئەو عەزیایەی پێیدەگۆترێ مافی مرۆڤ و ئەو ئەختەبووتەی پێیدەگۆترێ دیموکراسیەت و ئەو جەنگەڵەی پێیدەگۆترێ شارستانیەت!

غەمەکی ئەوتۆم نەمابوو چونکێ سەرجەم کارەکانم ئەنجامدابوون و تەواو ئامادەبووم تا بگەڕێمەوە دەرێ.. خەریکبوو بیرم لەوە دەکردەوە ڕۆژی گەڕانەوەکەم دەستنیشان بکەم و هاوڕێیە نێزیکەکانم هاییدار بکەمەوە تا دوا دانیشتنیان لەگەڵ بکەم.. کەچی لەپڕ بە هۆی پەیوەندییە نێزیک و خۆشەکەم لەگەڵ زمان و قۆلبوونەوە لە پەیڤە سەرنجراکێشەکانی و لێکۆڵینەوە لەسەریان گرفتەکی وەهام هاتە پێش کە نەتانم خۆمی لێ لابدەم.. بەوەش بڕیاری گەڕانەوەکەم لۆ ماوەکی چاک وەپاشکەت:

لەمێژبوو سەروکارەکی چاکم لەگەڵ وێژە پەیداکردبوو و زۆر بە خەستییش ڕۆچووبوومە نێو زمان و کنەکردن لە بنەگە سەرەتاییەکانی دروستبوون و ڕسکانی، هەر پەیڤەک لە کنە من سەنگی تایبەتیی و جودای خۆی هەبوو و نەمدەتانی سەرپێییانە بەسەریاندا تێپەڕم.. تێکڕای ڕەهەندەکانی چێبوونی هەر پەیڤەکم شرۆڤە دەکرد و لێیورددەبوومەوە تا چاوگ و ڕەگەکەیم پەیدۆز دەکرد و لە کۆتاییشدا لەگەڵ ئاوازی دەنگ و جوانییەکانی سەمام دەکرد. یەکەمین جار کە هەردوو پەیڤی 'کۆسە و کەویار'م پێکەوە وەک ناو و ناسناو لە دراوسێیەکمان ژنەوت.. فرە فرە پێیان سەرسام بووم.. بێجگە لەوەی زۆر بە قۆلیی و بە چڕیی وەنێو واتایە کەون و هەنووکەییەکانیاندا شۆڕبوومەوە تا گەیشتمە ئەوەی کە چەمک و واتایە جۆراوجۆرە خوازەییەکانیان لە ڕووی ڕێزمانییەوە چن و لە کن ئاخێوەران چ واتایەکیان هەن.. زۆر ئارەزووی ئەوەشم دەکرد ڕۆژەک لە ڕۆژان ئەو کەسە ببینم کە خاوەنی ئەو ناو و ناسناوەیە.. هەر لەو گۆڕەی و بێ ئەوەی بیناسم وەک هاوڕێیەکی فرە نێزیک خۆشمدەویست! هەر لەو دراوسێیەشمانم بیست کە ماڵی 'کۆسەی کەویار'یش هەر لە گەڕەکەکەی خۆمانە.. هەروا گۆتی ئەتووش برایەکەی دەناسی!

هەر بە نیازی ناسینی کۆسەی کەویار پتر خۆم لە برایەکەی نێزیک کردەوە.. بە هۆی ئەوەی کەسەکی زۆر ئارام و هۆشمەند بوو وەک هاوڕێیەکی نێزیک هەڵسوکەوتم لەگەڵی دەکرد.. سەرەنجام کۆسەی کەویارم تەنێ بە وێنە دیت چون ئەو دەم چەند ساڵەک بوو لە هەندەران دەژیا، ڕێک وەک ئەوەی ناو و ناسناوەکەی زۆر خۆش بوون لە شێوەشدا کەسەکی زۆر جوان و قۆز و باڵکێش بوو.. خاوێنوباوێن و گەنجانە.. لە جلپۆشینیش زۆر ڕێکوپێک و جوانپۆش بوو.. لێ زۆر بە داخەوە.. پاش وەدوواداچوون بە ژیان و ئاستی ڕۆشنبیریی و کار و هەڵسوکەوتەکانی وێکەتم کە کەسەکی زۆر سەرسەریی و بێ چاوەڕووە؛ لەسەر لێدان لە مامۆستایەکی وازی لە خوێندن هینابوو.. وەک ئەوەی دەیانگێڕاوە کەسەکی زۆر نەزان و بێ کەلک بووە.. هەمیشە هەر بێ ئیشوکار و تەمبەڵ و تەوەزەڵ.. ڕۆژ تا هێوارێ هەر خەریکی کۆتربازیی بووە ئەویش بە شێوازەکی نەرێنیی، لەبەرئەوەی کەسەکی لووسکە و زۆر بێ مووش بووە تەنانەت داوە تووکەکیش بە دەموچاویەوە نەبووە هەر لە منداڵییەوە بە 'کۆسە' ناویدەبەن. ساڵەک پێش دەرچوونی کە ئارەزووی دەچتە سەر کەوبازیی؛ ڕۆژەک دەچتە گۆڕەپانی کەوبازان.. کە دەبینی کەوبازەکان بە هۆی شەڕە کەوەوە کاتی خۆیان زۆر بە ئاسوودەیی دەگوزەرێنن زۆر پتر هۆگری کەو و کەوبازیی دەبی و وەک سەرگەرمییەکی خۆش دێتە بەرچاوانی و زۆر حەزدەکا ئەویش کەوەکی ئازای هەبی.. لێ گرفتەکەی ئەوە بووە هیچ پارەکی نەبووە تا کەو بکڕی.. خۆی لە خاوەنی باشترین و ئازاترین کەو نێزیک دەکاتەوە و هەر لەخۆوە پێیدەبێژی 'ئەمن حەزدەکەم ئەو کەوە ئی من بی.. ئەگەر بیدەیە من زۆر باش بەخێوی دەکەم!'.. کابرای کەوبازیش - بێجگە لە کەوبازیی منداڵبازیش بووە - ئەو قسەی وی زۆر پێ سەیر دەبی کە کوو گەنجەکی لووسکەی ئەوها لە خۆی ڕادەبینی داوای ئەو کەوەی لێبکا.. پاشان قسەکەی وەها لێکدەداتەوە کە ئەگەر کەوەکەی بداتێ ئەوە ڕەنگە هەر تشتەکی لێ بخوازی ڕەتینەکاتەوە..

پاش ئەوەی هەندەک دەیدوێنی لۆی وەدەردەکەوی کە بایی چەندە - ئاخر هەر خۆشی کەسەکی ساختەچی بووە و پێشتریش چەندین منداڵ و نەوجەوانی هەر لە رێی ئەو کەوبازییەوە وەبنەخۆی دابوو! - سەرەنجام زۆر شەیدای جوانیی و لووسکەییەکەی کۆسە دەبی و داوای لێدەکا ئەگەر لەگەڵی بخەوی ئەوە کەوەکەی دەداتێ! کۆسەش لەباربووە لۆ ئەو بەزمە چون ئەزموونی لەو بابەتەی زۆر هەبووە لەگەڵ منداڵانی کۆڵانان.. سەرەتا ویستبووی تەنێ لە بەرانبەر هەندەک گەمەی سێکسیی کەوەکەی وێبدا.. لێ کابرا پێی داگرتبوو و بە تەواویی ئەوەی لە مست نابوو ئەگەر لەگەڵی جۆت نەبی ئەوە هەرگیز نابتە خاوەنی ئەو کەوە.. بە کورتییەکەی کۆسە رازیی دەبی و خۆی رادەستی دەکا، ئەو دەنگوباسە کە ئیدی کۆسە دەبتە خاوەنی باشترین کەوی شارەکە زۆر بە خێرایی و برووسکە ئاسا بڵاودەبتەوە و دەبتە جێی سەرسوڕمانی هەموو هاوڕێیەکانی و تێکڕای کەوبازانی شارەکەش.. هەر لەو کاتەشەوە بە 'کۆسەی کەویار' ناو دەردەکا.. ئیدی لەگەڵ کەوبازە کەوباشەکە وەک دوو هاوسەریان لێدێ و بە دزیی کاری خۆیان ئەنجامدەدەن، لێ ئەمن سەرەڕای ئەو زانیارییانە و زۆریدیکەش کە لەسەر کۆسە پەیدامکردبوون هێشتا سەنگ و ئاستی جوانییەکانی ئەو ناو و ناسناوەی وەک خودی دوو پەیڤەکە و خێوانەباریەکیان بە هیچ جۆر و شێوەک لە هزر و ئەندێشەم دانەبەزیبوون!

چیدی پتر ناسینی کۆسە گرنگییەکی ئەوتۆی نەمابوو لە کنە من.. لێ زۆر زگم بە برایەکەی دەسۆژیا.. زۆر جار باسی ئەوەی دەکرد کە ئەو هەڵسوکەوتانەی کۆسە ئەو و داکی تووشی زۆر دەردەسەریی و کێشە و گرفتی گەورە گەورە کردیە.. جارەکیان گۆتی:

- زۆر جار داکم پێیدەگۆت 'کوڕم ئەتوو زۆر بێ چاوەڕووی.. خۆزیە کەوشەکم هەبا لە رووی توو.. هەرگیز نەدەدڕا!' لێ کۆسە تەقەی سەری دەهات و زۆر جاریش دەیکردە گاڵتە و دەیگۆت 'ئەوجا لەوە باشتر هەیە.. ئەوە خۆزگەی منیشە کە رۆژەک لە رۆژان بتانم ببمە کەوشەکی زۆر باش و پتەو لۆ داکە زۆر خۆشەویستەکەم'! زۆر خۆمان پێیەوەی ماندیی کرد تا بتانین وەک جارانی لێبکەینەوە و بیگەڕێنینەوە سەر خوێندنەکەی خۆی لێ هیچ سوودەکی نەبوو و تا دەهات بەرەڵاتر دەبوو.. سەرەنجام زۆر کات شەوانیش نەدەگەڕاوە تا بە ئێکجاریی ماڵێی بەجێهێشت و پاشانیش خۆی گەیاندە هەندەران.

هەر زوو و لە ماوەکی زۆر کەم کۆسە وەک کەسەک لە مەژیی مندا نەما.. ئەگەر سەرسامییم بە ناو و ناسناوەکەی نەبا ئەوە هەر بە تەواویی لەبیرمدەچۆوە.. کەچی رۆژەکیان لەپڕ لە تەلەفزیۆنی یەکەک لە پارتیەکان بە ناوی ئەندام سەرکردایەتیی پارتیەکەیان وەدەرکەت کە گوایە لە دەرێ گەڕایتەوە و چاوپێکەتنی لەگەڵ دەکەن؛ دیاربوو کەسەکی زۆر قۆز و رێکوپێک بوو.. وەک هەر بەرپرسەک کە خۆڵ لە چاوی خەڵک دەکا بە هەندەک وێرد و قسەی دینیی دەستیپێکرد! هەر کە دەوی کردەوە دیاربوو وەک سەرکردەکان لە مەنگەنەی رامیاربازیی درابوو واتە پڕۆڤەی پێکرابوو کە بە چ شێوە و شێواز و شێوەزارەک قسان بکا! لە کنە من ئاسایی بوو و هیچ سەیرم پێنەدەهات کە کەسەکی وەک کۆسەی کەویار گەیشتیتە پلەی ئەندام سەرکردایەتیی پارتیەک چون کەسانەکی زۆر نەزانتر و بێسەروبەرترم دەناسین لە هەمان پلە و پایەی ئەو و بەرزتریشدا بوون.. ئەوەی زۆر عەنتیکە بوو لە کنە من ئەوە بوو لە جێیەک لە نێو قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە لە ماوەی پەنابەرییەکەی لە هەندەران بێجگە لە ئەنجامدانی چەندین چالاکیی گرنگ و پڕ بایەخ خەریکی نووسینی رۆمانەکیش بووە بە ناوی 'ئەستێرە پەرتەوازەکان' و هەر لەو زووانەش بڵاودەبتەوە و دەکەویتە نێو پەرتووکخانەکان!!! ماوەکی چاک بە هوڕ و کاسیی بە دیار ئەو قسەی دەوم بەشببۆوە و

دۆشدامابووم! بە هیچ جۆر و شێوەک بڕوام نەدەکرد کۆسە توانای ئەوەی هەبی رۆمان بنووسی لێ ئەوەشم ڕەتنەدەکردەوە کە هەر مرۆڤەک لەبارە لۆ گۆڕان و وەرگۆڕان و ڕەنگە ئەویش لە دەرێ هەلەکی باشی لۆ ڕەخسابی و وردە وردە گۆڕابی تا سەرەنجام ئەو وەرگۆڕانەی بەسەرداهاتبی.. خۆ زۆر نووسەری ناوداری جیهانیش هەن لە سەرەتادا زۆر پەڕپووت بوونە کەچی لە دەرفەتەکی لەبار بەهرەکانیان تەقاندیتەوە و جێپەنجەی خۆیان نەخشاندیە! یان ڕەنگە ئی ویش وەک زۆرەک لە رۆمانەکان هەر بە ناو رۆمان بی و نێوەرۆکەکەی پووچ بی. هەرچەندە ئەمن هەرگیز خۆهەڵقورتاندنم لە هیچ کارەک پێ باش نەبووە لێ نازانم لەبەرچی لەو دەم تا ئەو ئەندازە حەزمەدکرد خۆ بگەینمە برایەکەی و بزانم کۆسە راست دەکا یان نا!؟ دوایێ بیرمکردەوە ئێ خۆ نە زیان بە کەس دەگەینم نە هیچیشم لەدەستدەچی.. ئیدی بڕیارمدا پەیوەندییەک بە برایەکەی بکەم بزانم وەیە یان نا.

زۆر سەیر بوو.. قسەکەی راست دەرچوو و رۆمانەکەی هەبوو! ئەوەی زۆر ئاسوودەی کردم ئەوە بوو کە برایەکەی گۆتی: "کاتەکی باش تەلەفۆنت کرد، ئەرێ هاوڕێ.. ئەوڕۆ رۆمانەکەی دامێ و پارەکی زۆریشی لەدەستمنا کە بچم رۆمانەکەی بدەمە چاپخانەک و لۆی چاپ بکەم.. ئەگەر پارەکەش بەشی نەکرد ئەوە چەندی پێویست بکا پاشان بمداتێ!".. بە هەر شێوەک هەبوو رازییمکرد کە لۆ هێوارەکەی لە ماڵێ مێوانی من بی و رۆمانەکەش لەگەڵ خۆی بهینی تا پێکەوە چاوەکی پێدا بخشێنین و بزانین کووە.. هەروا قسە لەسەر ئەوەش بکەین ئایە کۆسە توانای نووسینی رۆمانی هەیە یان نا؟! بە کورتییەکەی کە هات بەدەو خواردنەوەی مەی دەستمان بە خوێندنەوەی کرد؛ هەردووکمان بە دەنگ.. ئەو بەشەکی دەخوێندەوە ئەمنیش بەشەکی دی.. لەگەڵ تەواوکردنی هەر بەشەک پتر سەرسامی دەکردین و پاش وچانەکی کورت بە پەلە دەچووینە سەر بەشەکی دی.. کە هەموومان تەواوکرد ماوەکی چاک لە جێی خۆمان حەپەساین و نەماندەتانی یەک قسە چیە بیکەین! ئاخر رۆمانەکی زۆر زۆر وەپێز و نایاب بوو.. بە جۆرەک کە لە هندوڕی خۆمدا دەمگۆت ئەگەر لە رۆمان دواین و گۆتمان لە رۆماننووسین لە ڕیزی گەلانی دیکەین ئەوە دەبی یەکەم جار لەو رۆمانە بدوێین.. تەنانەت دەکرێ ئەو رۆمانە بە یەکەک لە شاکارە گەورەکانی جیهان دابندرێ! لێ لەبەرئەوەی بە هیچ جۆرەک پێموەنەبوو کەسەکی وەک کۆسە ئەو رۆمانەی نووسیبی.. بە هەر شێوەک هەبوو هێزم دا بەرخۆم و گۆتم:

- نازانم.. ئەمن هەرگیز ناتانم دان بەوەدا بنێم کە ئەو رۆمانە چاکە ئی کۆسەی برات بی.. ئەتوو چ دەبێژی؟
(هەڵبەتە ئەمن فرە فرە حەزمدەکرد ئەو رۆمانە ئی کۆسە بی چون ئەو دەم دەمتانی بە هاسانیی پەیوەندیی لەگەڵ داهێنەرەکی ئەوها مەزن ببەستم! زۆر هیوام دەخواست رای وی پێچەوانە بی.. وەلی ئەفسووس؛ بە غەمبارییەکەوە وەرامیدامەوە):

- لە راستییدا ئەمنیش هیچ گومانەکم لەوە نییە کە ئی ئەو نییە.. لێ هەر دەبی وەدوواچوونەکی هووردی لۆ بکەین.. راست نییە هەر لە خۆمانەوە و بێ بەڵگە ئەو قسە بکەین.. (هیچم نەگۆت چون بێجگە لەوەی شەو درەنگی کردبوو و دەرفەتی ئەوە نەمابوو پتر دابنیشین زۆریش ماندیی ببووین.. لێ پێش ئەوەی بەجێمبهێلی بڕیارماندا سبەینەکەی هەر کە لە خەو رادەبین پەیوەندییەک بکەین و جێیەک لە دەرێ دەستنیشان بکەین تا لەوێ بتانین بە درێژیی و بە پوختیی لە نێوەرۆکی ئەو رۆمانە نایابە بدوێین.. هەروا ئەگەر بە تەواویی لەوە دڵنیابووینەوە کە ئی وی نییە ئەوە هەڵوێستەکی بەجێ لە بەرانبەر ئەو دزییە فەرهەنگییە وەربگرین کە وا خەریکە ئەنجامیدەدا).

سێ رۆژ لەسەریەک و بە دەیان جار تەلەفۆنم کرد کەچی هیچ وەرامەکی نەبوو.. زۆر زۆر لێی پەست و تووڕە ببووم.. ئیدی ئۆقرەم لێبڕا و رۆژێ چارەم بە ناچاریی خۆم گەیاندە ماڵەکەیان.. زۆر لە دەرکەم دا کەس نەهات بیکاتەوە.. پاش ماوەک خۆخەریککردن دیسان لە دەرکەم داوە هەر کەس نەبوو.. کاتەکم زانی ژنەکی دراوسێیان دیوار بە دیوار دەرییەکەی خۆیانی ترازاند و خۆی گەیاندە کنم - هەستمدەکرد پێشترێ ئەو ژنەم دیتبێ - هەر بە پەلە و بە دزییەکەوە گۆتی: "کاکە ئەوانە کەسیان لە ماڵێ نییە.. ئەمن دەزانم ئەتوو ناسیاری خاوەنی ئەو ماڵەی.. لەبەرئەوە پێویستە بیزانی کە پێرێ شەوێ تەقەیان لێیکرد و هەر خەریکبوو بشیکوژن بەس باش بوو بەسەر دیواری پشتەوەیان دەرچوو و خۆی قوتارکرد.. وێدەچی داکیشیان هەر کۆسەی کوڕی لێرەی دوورخستبیتەوە.. ئەوەش بزانە کە هەر کۆسە بوو لەگەڵ چەند چەکدارەکی دیکە تەقەیەیان لێیکرد.. هیچی دیکە نازانم.. تکایە هیچش مەپرسە و هەر ئێستاش زوو برۆ و خۆت لێرە قوتاربکە چونکێ لەو دەمەوە تا هەنووکانێ ناوەناوە دوو چەکدار دێن و خۆ لەو نێوە پەنادەدەن و دەیانەوێ بزانن کێ دێتە ماڵەکەی و کێ لێی نێزیکە تا بیگرن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن.. زۆر بەختت هەیە لەوەتەی لێرەی ئەو چەکدارانە دیار نین.. دە باشە دەی کاکە.. خێراکە لێرە برۆ و زوو خۆت قوتاربکە.." بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ قسەکی من بکا بە پەلە چووەوە ژۆرێ و دەرییەکەی پێوەداوە! ئەمنیش ناچار بە پەلە دوورکەتمەوە.

زۆر پرسیارم کرد.. خۆم دەگەیاندە هەر کەسەک کە دەمزانی دەیناسی یان تەنانەت سووکە پەیوەندییەکی لەگەڵی هەیە.. لێ لەو زانیارییانەی ژنەی دراوسێیەکەیان پترم وەدەست نەهانی، نەدەکرا وازی لێبهینم و بێ سۆراغی وی بگەڕێمەوە دەرێ.. رۆژانە بێجگە لە هەندەک کات کە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم لەگەڵ هاوڕێیان خەریکدەبووم زۆربەی کاتەکانم بەوە بەسەردەبرد کە سەرەداوەکم لەو بارەوە دەستبکەوێ.. لێ هەر هیچم بە هیچ نەکرد تا رۆژەکیان خۆی تەلەفۆنی کرد - بە هۆی ژمارەکەی زانیم لە دەرێوە تەلەفۆن دەکا! - ئەو ماڵخراپە پاش چاکوخۆشیی لەباتی ئەوەی پێش هەموو تشتەک باسی خۆی و ئەو بویەر و کێشە و گرفتانە بکا کە بەسەریهاتینە.. گۆتی:

- زۆر شادمانم بەوەی ئەو جارەش گێم لە دەنگت دەبتەوە و بە هۆی منەوە تووشی هیچ گرفتەک نەبووی.. زۆر باشە کە کۆسە ئەتوو ناناسی.. و... (هەر درێژەی بەو قسانە دا.. ئیدی ئەمنیش خۆم پێڕنەگیرا و یەکسەر قسەکەیم پێ بڕی و بە نەرمە هاوارەکەوە گۆتم):

- کورە هاوڕێ ئەوە ئەتوو چ دەبێژی.. دە جارێ باسی خۆت بکە خۆت.. ئەوە چ بوو ئەو شەڕ و هەرایە روویدا.. ئاخر ئەمە بڕیاربوو ئەو رۆژە یەکدی ببینین.. ئەو هەموو تەلەفۆنەم کرد کەچی هیچ وەرامت نەبوو.. ئەوە چ روویدا.. چ بوو وەهای لێکردی بەو شێوە و بەو پەلەپەلییە خۆت بگەێنیە دەرێ؟؟؟ (ئەو جارەش هەندەک قسەی بێ کەلکی هەر کردن وەک داوای بووردن لەوەی هایی لە تەلەفۆنکردنی من نەبووە و نەپەڕژایتە سەر هیچ پەیوەندییەک و قسەی لەو بابەتانە... لێ باش بوو زۆر درێژەدادڕیی نەکرد.. ئیدی باسی ئەوەی کرد کە لە چ وڵاتەکە و ژیانی پارێزرایە و هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە.. پاش ئەوەی بە دووروودرێژییش باسی ئەوەی کرد کوو لەبەردەستی کۆسە خۆی قوتارکرد و کوو دەرچوو و بە چ رێیەک و کەنگێ گەیشت.. ئەوجا هاتە سەر باسی کۆسە و دروستبوونی کێشەکان و هەڵگیرسانی شەڕەکە لەگەڵی):

- ئەو ڕۆژەی کە دەبووایە لەگەڵ توو یەکدی ببینین ڕای خۆم گۆڕی و بڕیارمدا دەبی پێش دیتنت لەگەڵ کۆسە تشتەک بە تشتەک بکەم.. واتە بە هەر جۆر و شێوەک هەیە ناچاریبکەم بە دەوی خۆی دان بەوەدا بنێ کە ئەو ڕۆمانە ئی وی نییە.. سەرت نەیەشێنم هەر لە چێشتەنگاوێڕا لەگەڵی خەریکبووم تا پاش نیوڕانێ.. هەرچەندی ئەمن دەمبردەوە سەر خوێندنەوە و نووسین و بە تایبەتییش ڕۆماننووسین کەچی ئەو هەر خۆی لە بابەتەکە دەدزیەوە و بە هاسانیی دەیبردەوە لایەکی دیکە.. بە هەموو جۆرەک تاقیمکردەوە لێ هیچ سوودی نەبوو لەگەڵی و نەمتانی هیچی لێهەڵبکرێنم. پاش نیوڕانەکەی بە بیانووی ئەوەی کە دەچی هەڤاڵانی خۆی دەبینی خۆی لەبەردەستم قوتارکرد.. کە ڕۆیشتیش بە زمانەکی شیرین و خۆش تکای لێکردم ئیدی با واز لەو بابەتە بهینم چون ئەوە بێجگە لە بریندانکردنی هەست و سۆزی برایەتی هیچ سوودەکی لێوەرناگرین.. پاشانیش گۆتی 'تکایە ئەورۆ ڕۆمانەکە ببە چاپخانە و با زوو دەربچی.. ئاخر خۆت دەیزانی هەرێم بە خەڵک دایە کە لەو زووانە بڵاودەبتەوە.. دەزانی لەوەتەی ئەو مژدەم ڕاگەیاندیە دەیان پیرۆزبایم پێگەیشتیە؟' ئەمنیش بە نەرمییەکەوە - تا بیری لۆ ئەوە نەچی کە ئەو کارە ناکەم و ڕێگریی لێدەکەم - هەندەک بیانووم لۆ هیناوە کە ئەورۆ زۆر سەرقاڵم.. بەس سبەینی هیچ غەمی نەبی دەیدەمە باشترین چاپخانە.

هەر کە ڕۆیی دوو سێ جامە مەیم فڕکرد و زۆر بە چڕیی لە بابەتەکە هووردبوومەوە تا چارەکی دیکە وەدۆزم.. هەر هینام و بردم هەر هینام و بردم تا گەیشتمە ئەوەی کە باشترین چارە پارە و مەیە چون برای خۆمە و دەمزانی زۆر حەزی لە پارەیە و کە بە تەواوییش سەرمەست دەبی هایی لە هیچ نامینێ و هەر نهێنییەکی هەیبی دەتانم بە هاسانیی لێی دەربهینم.. ئیدی تا شەو داهات زۆر بە ڕێکوپێکیی خۆم ئامادەکرد؛ لۆ نەخشەی یەکەم هیچ غەمەکم نەبوو چون پارەم زۆربوو و ئامادەبووم لە پێناو ساغکردنەوەی ڕۆمانەکی ئەوها نایاب و گەڕاندنەوەی لۆ خاوەنەکەی هەرچی هەمبی داینێم.. لۆ دووەمیش هەر لە ماڵێ مێزەکی پڕ لەو خواردن و خواردنەوانەم لۆ ڕازاندەوە کە ئەو حەزیانلێدەکا.

بەرەبەری زەردەی ڕۆژاوایێ هاتەوە.. دیاربوو دڵخۆش بوو و بسکەی سمێڵانی دەهات.. کە دیتیشی ئەو هەموو تشتەم لۆ وی ئامادەکردیە هەر لە خۆشییان خەنییبوو.. ئاخر لەو کاتەوەی کە لە خوێندن دەریانکردبوو و بە ئێکجاریی دابوویە دوو بەرەڵایی هەرگیز نەیدیتبوو ئەمن هیچ گرنگییەکی وەهای پێبدەم، ماوەک پێش دەستکردن بە خواردنەوە نەخشەی یەکەمم لەگەڵی وەکاربرد.. لێ بە داخەوە ئەمن دۆڕاندم؛ هەرێی پارەکی زۆر زۆرم پێیدا ئەگەر ئەو تەنێ ناوی خاوەن ڕۆمانەکە ئاشکرابکا یان واز لە بڵاوکردنەوەی بهینی و ئەمن خۆم وەدوو نووسەرەکەیدا بگەڕێم.. کەچی هیچ سوودی نەبوو و هەر گاڵتەشی پێدەهات چونکێ پارەکی زۆری پەیداکردبوو و ئەو پارانەی من هەر هیچ نەبوون لە چاو ئی وی! ئیدی ناچار دیسان نەرمم کێشا تا کەشی دانیشتنەکەمان تێکنەچی و بتانم نەخشەی دووەمم - کە دڵنیابووم سەردەگری - جێبەجێ بکەم، کە دەستمان بە خواردنەوە کرد هەستمکرد ئەو ساختەچیە کەم دەخواتەوە و نایەوێ سەرخۆش ببی! لێ ئەمن باشم دەناسی و دەمزانی ئەگەر لە دانیشتنی ئەوها ستایشی بکەی لە خۆشییان هایی لە خۆی نامینێ و بەلەسە دەبی لە خواردنەوە تا تەواو سەرخۆش دەبی و وەیلێدێ قازانج و زیانی خۆی لە یەک جودا ناکاتەوە! سەرەتا بە نوکتە و قسەی خۆش خۆش دانەخۆرەم کرد ئەوجا ستایشکردنی لە کار و کردەوە باش و پڕ بە بایەخەکانی! هێندەم وەشانوباڵی هەڵدا تا گەیاندمە ئاسمانێ! ئیدی زوو زوو جامەکەیم سەررێژ دەکرد و چۆڕبڕی دەکرد.. هەر کە دیتم تەواو سەرخۆشە تۆمارکەرەکەی نێو بەرکم داگیرساند و پتر خۆم لێی نێزیک کردەوە تا قسەکانی بە

ڕەوانی تۆمار بىن.. ئیدی نەرمە نەرمە هەر بە زمانەکی ستایشئامێز لە شێوەی پرسیارگەلەکی بالکێش سەرسامیی خۆم بە بلیمەتییەکەی دەخستەڕوو.. وەک 'ئەوە کوو لەو ماوە کەمە ئەوها بەو ئاستە زۆر بەرزە گەیشتی؟! وێدەچی هەموو کاتەکانی خۆت هەر بە پەروەردەکردنی خۆتەوە گوزەراندبی؟! کوو وەها تانیت ئەو ڕۆمانە زۆر نایابە پەیدابکەی و خۆت بکەیە خاوەنی؟! کورە ئەتوو ئەو هەموو زیرەکیی و لێزانییەت لە کێندەرێ هاوردگە؟! سەیرە.. ئاخر ئەو حەمکە زانین و زانیارییە کوو لە مەژییت جێیان دەبتەوە جێ؟! و...تد' وەها پەمپم دا هەرچی بەسەر زاریدا دەهات چاک و خراپ هیچی نەدەگێڕاوە.. بە کورتییەکەی دەربارەی ڕۆمانەکە زۆر بە ڕاشکاویی گۆتی خۆی نەینووسیە و پاشانیش چیرۆکی پەیداکردنەکەشی زۆر بە ڕێکوپێکیی گێڕاوە.. کەچی لە کۆتاییدا گۆتی 'بەس ئەو ڕۆمانە هەر ئی خۆمە و مافی کەسی دیکەی بەسەرەوە نییە.. دیتت برای خۆت چەند زیرەک و بلیمەتە.. ئێ ئەوە نییە خاوەن ڕۆمانم و ئەتووش بە زمانی خۆت گۆتت کە زۆر نایابە.. دە ئەتووش ئەوهابە برام!'.. ئیدی پاش ئەوەی ئیشم پێی نەما تۆمارکەرەکەم کوژاندەوە و هەر زوو کۆتاییم بە دانیشتنەکەمان هینا.. هێندە سەرخۆش بوو ئەگەر نەچوومایە بن پیلی نەیدەتانی بگاتە سەر جێوبالینگانەکەشی.

سبەینەکەی پاش خواردنی چێشتێ بێ پێچوپەنا پێمگۆت:

- دەستخۆش.. باش بوو شەوێ دانت پێدانا کە ئەو ڕۆمانە ئی خۆت نییە.. جا چێترە واز لە چاپکردنیشی بهینی بە ناوی خۆت.. ئەگەر بشتەوێ بە ناوی خاوەنەکەی بڵاویبکەیەوە ئەوە ئەمن یارمەتییت دەدەم.. لە پای ماندیبوونەکەشت پێیەوە دەتانی پێشەکییەکی کورت و جوان بە ناوی خۆت بنووسی کە کوو ئەو ڕۆمانە خەریکبووە لەنێوبچی و ئەتوو ڕزگارتکردیە و لەسەر ئەرکی خۆت بڵاوتکردیتەوە.. بەوەش هەم ئاستی ڕۆمان و وێژەی میللەتەکەمان زۆر بەرزدەبتەوە هەم خۆشت وەک کەسایەتییەکی دڵسۆزی فەرهەنگیی نێوبانگەکی باش پەیدادەکەی..

- ئەوە چ دەبێژی ئەتوو کاکە.. دانپێدانانی چی و تەڕەماشی چی.. ئەوە لۆ هەر لە خۆتەوە دەتەوێ تشتم لۆ هەڵببەستی.. ئەمن پێمگۆتی ئەو ڕۆمانە ئی خۆمەو بڕاوە.. (هەستمکرد هیچ سوودەک لەو بینەوبەردە وەرناگرم لەگەڵی.. یەکسەر تۆمارکەرەکەم لە بەرکم دەرهینا و پاش ئەوەی پێمگۆت: "ئەوە قسەکانی شەوێتە و ئیدی هیچ قوونبادانەک نایخوا لە کنە من" یەکسەر دامگیرساند و خستمە سەر قسەکانی، هەر کە قسەکانی خۆی ژنەوت خەریکبوو شێت و هار دەبوو.. هەستاوە و ویستی پەلامارم بدا و تۆمارکەرەکەم لێبستینی.. ئەمنیش هاوارم بەسەریداکرد و پێمگۆت: "لە جێی خۆت دانیشە کۆسە.. هەڵەی ئەوها نەکەی دەست ببزێوی.. دوایێ هەرچی خراپە پێت دەکەم" کە دیتی بە ڕاستییمە نەیوێرا هیچ پرکێشییەک بکا و لە جێی خۆی دانیشتەوە.. هەڵبەتە هەر خۆشی کەسەکی ترسنۆکە و کە لێی توند دەکەی فزە لە خۆی دەبڕی.. ئەو جارە بە پەلە خۆی گەیاندە پەرتووکخانەکەم و ڕۆمانەکەی دەرهینا و بەرەو دەرێ چوو.. هاوکاتیش لەگەڵ بەرزکردەوەی ڕۆمانەکە گۆتی):

- ئەوە دەیخوا.. ئەوە بەڵگەی تەواوە نەک ئەو تۆمارەی تووکە لە هیچ جێیەک بە بەڵگە هەژمار ناکرێ.. (ئیدی لە دەرکەکە دەرچوو و ڕۆمانەکەی برد).

ئەو رۆژیش نەچوومە دەرێ.. هەرچەندە دەبووایە بە وەدەستهێنانی ئەو تۆمارە دەنگییە زۆر شادمان ببم کە ئیدی ئەو ناتانی رۆمانەکە بە ناوی خۆی بڵاوبکاتەوە.. لێ بە پێچەوانەوە زۆر دڵپڕ و نیگەران بووم.. ئاخر هەستمدەکرد کۆسە لەدەستیدێ بە پاڵپشتیی خەڵکانی دی بەسەرمدابدا و بە تۆبزیی تۆمارکەرەکەم لێبستێنن.. هەر زوو چووم تۆمارکەرەکەم لە جێیەکی باش تقەتکرد و بە داکیشم گۆت 'نابی بە هیچ شێوەک کۆسە بزانی ئەو تۆمارکەرە لێرەیە.. بێجگە لە کاک ئامۆزا نابی هیچ کەسەک بەوە بزانی'، ئاخر کۆسە برای خۆمە و باشم دەناسی.. رێک وەک ئەوەی گۆتم پێشبینییەکەم راست دەرچوو:

کاتژمێرەک پاش هێوارێ لە پەنجەرەکەوە دەمڕوانیە دەرێ.. لەپڕ دیتم ترومبێلەکی پڕ چەکدار لە پێش ماڵێمان رایگرت.. لەگەڵ دابەزین هێرشیان کرد و بە توندیی لە دەرکەیان دا.. سەرەتا نەمزانی کۆسەیان لەگەڵە.. لێ کە دەرکەکەم لێنەکردنەوە و بەسەر شوورەکەدا خۆیان ئاودیوی نێوەوە کرد کۆسەشم دیت.. ئەو جارە زۆر بە توندیی رمب رمب لە دەرکەی ژوورێ و پەنجەرەیان دا.. کۆسە هاواری کرد و گۆتی: "ئەو دەرکە بکەوە.. دەی بیکەوە زوو.. دەنگی من تۆمار دەکەی هەی هیچوپووچ.. ئیدی ئەتوو ئەو پیاوە نی بتانی کێشە لۆ من دروستبکەی.. دەی بیکەوە دەی..." کەسی ترسنۆک کە هێز لە پشتە خۆی دەبینی هەر ئەوە رەوتاری دەبی، دەمزانی لە هەردوو باردا؛ چ دەرکەکە بکەمەوە چ نەیکەمەوە و بیشکێنن و بە ژوورێ بکەون.. ئەوە پاش ئەوەی سووکایەتییەکی چاکم پێدەکەن و چینەکی باشم لێدەدەن بە تۆبزییش تۆمارکەرەکەم لێدەستێنن.. لەبەرهەندێ چارم نەما و بە پەلە چووم تۆمارکەرەکەم لە باغەڵم نا و هەندەک پارەم لە داکم وەرگرت و پێشمگۆت با بچتە پشت دەرکەکە و ئەوان خەریکبکا تا ئەمن خۆم قوتاردەکەم.. ئیدی لە پشتەوەڕا زۆر بە سەختیی بە شوورەکەدا هەڵگەڕام و خۆم هەڵدا ماڵە دراوسێیەکەی پشتەوەمان و لەوێش بە ئەسپایی دەرکەی شوورەکەیانم ترازاند و دەرچووم. دەربارەی پەنابردنە دەرێش.. بە کورتییەکەی باش لەوە دڵنیا بووم ئەگەر بە زووترین کات خۆ نەگەینمە دەرێ ئەوە کۆسە پارتیەکی چەتە ئاسای لە پشتە و لە ماوەکی کەم و زۆر بە هاسانیی دەستگیرم دەکەن.. هەڵبەتە ئەمن لە پێناو بەرگرییکردن لەو پرسە لە ئەشکەنجەدان تەنانەت کوشتنی خۆشم نەدەترسام.. کێشەکەم ئەوە بوو ئەگەر تۆمارەکەرەکەیان لێبستاندبام ئیدی کۆسە دەرفەتی دەبوو رۆمانەکە بە ناوی خۆی بڵاوبکاتەوە بێ ئەوەی هیچ ترسەک لە ئاشکرابوونی بمینێ.. خۆ هەر لە سەرەتادا ویستم بچم چەند قلەک لە تۆمارەکە لەبەربگرمەوە و هەر یەکەکیان بدەمە هاوڕێیەک و بیپارێزن.. لێ وێڕانەگەیشتم.. لەراستییدا ئەگەر ئەوەشم بکردایە هەر سوودی نەدەبوو چونکێ پاش ئەوەی کە دەیانگرتم لە ژێر ئەشکەنجەدان قل بە قلیان پێ ئاشکرادەکردم و دەستیان بەسەر هەمووی دادەگرت.. لەبەرهەندێ خۆقوتارکردن و پەنابردنەبەر هەندەرانم بە باشترین بژاردە زانی.. (دەرفەتەکم وەرگرت و گۆتم):

- ئەرێ ئەرێ.. ئێستا تێگەیشتم لەبەرچی ئەوها بە پەلە رێی دەرێت گرتیتەبەر.. لە راستییدا ئەتوو کارەکی زۆر گرنگ و گەورەت ئەنجامدایە.. ئاخر ئەوە کەم نییە و کەم کەس هەیە بتانی ئەو ئازایەتییە لە خۆی رابببینی لە پێناو رزگارکردنی رۆمانەک گیانی خۆی بخاتە بەر مەترسیی و ئەوها خۆی تووشی ژیانی ئاوارەیی بکا.. لێ ئەمن هێشتاش نیگەرانی ئەوەم کە دەبی لەوێش خۆت بپارێزی و هاییت لە خۆ بی.. ئاخر ئەو پارتیانە چون خۆیان چەتەن دەستیان لەگەڵ چەتەکانی هەموو وڵاتان هەیە و رەنگە بتانن لەوێش دەستت لێبوەشێنن.. دواییش ئەو وڵاتەی ئێستا ئەتووی لێی نەک هەر گرنگیی بە پاراستنی گیانی پەنابەران نادا بەڵکە هیچ نرخەکی شارۆمەندانی خۆشی لە کن نییە.. رەنگە بزانی ئەو وڵاتەی ئەمن لێی دەژیم لەو رووانە

تا رادەکی باش چێترە.. جا ئەمن ئەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم کە هاوکارییت بکەم تا ئەتووش بتانی خۆت بگەینیە لای مە.. هیچ غەمی ئەوەت نەبی هەر کە لەو رۆژانە گەڕامەوە دەرێ یەکەم کارم ئەوە دەبی.. لێ حەزدەکەم پێش کۆتاییهینان بەو پەیوەندییەمان ئەگەر دەرفەتت هەبی بتانی هەندەک باسی ژیانی هەندەرانی کۆسەشم لۆ بکەی بە تایبەتییش لە رووەکانی خوێندن و خوێندنەوە و نووسین.. (هەندەک داما و پاشان گۆتی):

- لە راستییدا نازانم کاک ئامۆزا.. نازانم باسی چت لۆ بکەم.. وەک دەیبینی ئەو جیهانە تەواو گۆڕایە.. ئەوەی پێشان هەرگیز نەدەکرا و نەدەشیا روویدا ئێستا زۆر بە ئاسایی روودەدا.. گۆڕانی زۆر عەنتیکە و گەورە دەبینم کە ئێستا روودەدەن! (هەناسەکی زۆر قۆلی هەڵکێشا و پاشان لەپڕ گۆتی) دەی باشە ئێستا هەموویت بە کورتیی لۆ دەگێڕمەوە.. وەلی ئەو باسە هەندەک نهێنیی گرنگی تێدایە بە پێویستی دەزانم هەمووی لە کنە خۆت بنووسی.. (پاش ئەوەی دڵنیامکردەوە کە ئەرێ هەمووی دەنووسم.. ئیدی هاتەوە گۆ):

- هەڵبەتە پێشترێ ژیانی کۆسەم هەموو لۆ باسکردبووی تا ئەو رۆژەی چووە دەرێ - کە خوازیار بووم هەرگیز نەیبینمەوە - بڕوابکە ئەمنیش لەو کاتەوە تا دوو ساڵ پێشترێ هیچ دەنگوباسەکیم نەدەزانی.. لێ پاشان لە ژێر گوشاری داکم و هەندەک هاوڕێی نێزیکم وەیانلێکردم بکەومە سەروسۆراغی و پەیدۆزی بکەین؛ لە رێی مامۆستایەکی خۆم - کە ئەویش وەک هەزاران کەس بە هۆکاری رامیاریی و رەخنەگرتن لە دین و پارتیەکان لە وڵات دەرپەڕێندرابوو و لە هەمان ئەو وڵات و شارە گیرسابۆوە کە ئەتوو و کۆسەی لێدەژین - بە تەواوی سەربردەکەیمان زانی.. بە کورتییەکەی ئەوێشی نەک هەر لە لای خۆمانی باشتر نەبوو بەڵکە خراپتریش بوو.. بێجگە لەوەی مافی نیشتەجێبوونیان نەدابووێ ببووە کەسەکی نێو کۆڵانان و سەر شەقامەکان و بە دەرمانخواردنیش خۆی داڕزاندبوو.. هەر لە رێی ئەو مامۆستایەوە تانیمان لە ماوەی نێزیکەی ساڵەک ئەوجا وەیلێبکەین لەو رەوشتانەی دووربکەوتەوە و هەندەک بێتەوە سەرخۆی، ٢٠٠ دۆنم زەویی کشتوکاڵییمان هەبوو نیوەیم فرۆشت و پارەکەیم هەندەک لۆ نارد و هەندەکیشم لە کڕینەوەی 'مافی نیشتەجێبوونی پەنابەریی!' لۆ خەرجکرد - لەمێژبوو ئەوەم دەزانی و پێم سەیر نەبوو کە لە وڵاتانەک لای خۆیان وەیە رێز لە پەنابەران و مافەکانیان دەگرن کەچی لەجیاتی ئەوەی هەر پەنابەرەک مافی خۆی وەربگری مافی نیشتەجێبوون هەیە دەفرۆشرێ و دەتانی بە پارە بیکڕیەوە! -.. بە پارەکەی دیکەش خانییەکی خنجیلانەمان لۆ کڕی، ئیدی وردە وردە وەک ئەو کاتەی لێرە بوو خۆی پۆشتە و فیت و فۆز کردبۆوە - وەک خۆشت دەیزانی کۆسە بەژنوباڵایەکی رێک و جوانی هەیە و بە فۆزییەکەی وەناوبانگە و ئەوەش لە کن زۆر کەس دەیخوا! -.. لەو بارودۆخەیدا کە خۆی وەک کەسەکی دەوڵەمەند و خانەدان پێشاندابوو سەرنجی هەندەک کەسی ئەوێی نێو پارتیەکی لای خۆمانی راکێشابوو.. وەک ئەوەی لە ساختەچیەتی زۆر شارەزایە پارەکی باشی لێبەردابوونەوە بە ناوی ئەوەی کە ئیش بە پارەکە بکا و قازانجەک بداتە پارتیەکە.. لە وڵاتەکی ئەوهاش ئەزموونی ژیانی نێو کۆڵانان و سەر شەقامانت هەبی و پارەکی ئەوها زۆریشت لەبەردەستبی بێ گومان دەتانی پارەی پتر پەیدابکەی.. لە راستییدا ئەویش تانیبووی جگە لەوەی پارەکی زۆر لۆ خۆی گلبداتەوە پارەکی باشیش لۆ پارتیەکە پەیدابکا.. هەر بە هێزی ئەو پارەش تانیبووی ناچاریانبکا لە کۆبوونەوەکی نائاسایی رێکخراوی دەرێیان بیکەنە ئەندام سەرکردایەتیی پارتیەکەیان!

- زۆر باشە هاوڕێ.. هەڵبەتە بوونە ئەندام سەرکردایەتیی پارتیەک زۆر هاسانە چونکێ وەک هەمووماندەیزانین زۆربەی زۆری ئەوانەی لە نێو پارتیەکان لەو پلە و پایە و بەرزتریش دان لە کۆسە چێتر نین ئەگەر خراپتریش نەبن! هەروەک داکت بەرانبەر بێ چاوەڕوویی کۆسە ئەو قسە جوانەی کردبوو.. ئەمنیش دەتانم بەرانبەر بێ چاوەڕوویی زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکان بێژم 'خۆزیە کەوشەکم هەبا لە رووی سەرکردەکان.. هەرگیز نەدەدڕا".. لێ تکایە ئەمن حەزدەکەم زوو بچیە سەر باسی ئەزموونی خوێندن و خوێندنەوەی و باسی رۆمانەکەی..

- کورە ئاخر کاک ئامۆزا.. خۆ ئەتوو زۆر باش سەر لە وێژە و لایەنە فەرهەنگییەکان دەردەکەی و شارەزاییەکی باشت هەیە لەو رووەوە.. ئاخر خوێندن و خوێندنەوەی چی و رۆمانی چی و تەڕەماشی چی! ئێ ناکرێ کەسەکی وەک توو گومانی لەوە هەبی کە کۆسە و ئەو تشتانە هێندەی ئاسمان و رێسمان لە یەک دوورن، بە کورتییەکەی ئەو کاتەی خانییەکەمان لەوێ لۆ کرێ بە رێکەت دەبتە دراوسێی پیاوەکی لای خۆمان.. وەک باسیدەکەن هیچ کەسەک هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو پیاوە نەبووە و بە تاقی تەنێ ژیایە و پەیوەندیی لەگەڵ هیچ کەسەکی لای خۆمان نەبووە.. کۆسەش تەنێ یەک جار چاکوخۆشیی لەگەڵ کردبوو و هیچ پەیوەندیی و هاموشۆیەکی لەگەڵی نەبووە.. لێ بە هۆی ئەوەی هاوسێی یەک بوونە رۆژانە ئەو پیاوە دەبینی کە بە پێش ماڵەکەی هاتوچۆی کردیە.. رۆژەک کۆسە دەکەویتە گومان لەوەی کە لەبەرچی ئەوە ماوەی هەفتەک پترە ئەو پیاوە بە پێش ماڵەکەیدا هاتوچۆ ناکا.. دەچی زۆر لە دەرکە و پەنجەرەی ماڵەکەی دەدا کەچی کەس لێی ناکاتەوە.. لە پەنجەرەڕا تەمەشای ژۆرێ دەکا؛ دەبینی ئەوە کەسەک وەک مردییان کەتیتە سەر دەو.. ئیدی دەرکەکە دەشکێنی و یەکەم کەس دەبی دەگاتە سەری و دەبینی مردییە.. هیچ خۆی ناشێوێنی.. پاش ئەوەی لە پارە و تشتی بە نرخ دەگەڕێ و هیچی بەرچاو ناکەوی و بێ هومێد دەبی سەرنج دەدا دەبینی پەڕاوەکی گەورە کەتیتە بن پیاوەکە و هەر لاچمکەکی دیارە.. بە سەرە سمەک پیاوەکە هەڵدەگێڕتەوە و پەڕاوەکە هەڵدەگرتەوە.. هەر کە دەیکاتەوە و چاوەکی پێدا دەخشێنی و دەبینی رۆمانەکی تەواو ئامادەیە لۆ چاپکردن بە پەلە لە باغەڵی دەنێ و دێتە دەرێ تەنانەت پۆلیسیش لە مردنی پیاوەکە هاییدار ناکاتەوە! ئیدی ئەوە هەموو سەربردەی خوێندن و خوێندنەوە و رۆماننووسینی ئەو دەعبایەیە! جا ئەوە ئەمن بە ئەرکی سەرشانی خۆم هەستام.. ئێستا نۆرەی تووە.. نازانم چ بکەین باشە تا هەرگیز ئەو جانەوەرە مشەخۆرە بیری بە لای ئەوەدا نەچی ئەو بەرهەمە نایابە بە ناوی خۆی چاپ بکا یان بتانین هەر بە ئێکجاریی لەبەردەستی دەربهینین؟! (پاش ئەوەی سوپاس و ستایشەکی زۆریم کرد):

- جا ئەوە هەر زۆر هاسانە.. ئەتوو کارەکی هێندە گرنگت ئەنجامدایە تشتەکی ئەوتۆت نەهێشتیتەوە تا ئەمن بیکەم، هەر ئەوە مایتەوە بە زووترین کات ناوی نووسەری رۆمانەکە پەیدابکەین.. ئەمن لە ماوەی چەند رۆژەکی دیکە دەگەڕێمەوە دەرێ و پێکەوە کۆششی خۆمان دەکەین، ئەو تۆمارە بەڵگەکی زۆر گرنگە.. تازە ئەو ناتانی رۆمانەکە بە ناوی خۆی چاب بکا.. ئەوە ئەگەرەکی زۆر لاوازە و هەرگیز بڕواناکەم گەمژەییەکی ئەوها بکا.. ئەگەر هێندە نەزانیش بی ئەوە بکا! ئەو کات دەچین بە پەلە سەرجەم رۆمانەکە لە پەرتووکخانەکان دەکڕینەوە و لە جێیەک حەشاریان دەدەین.. ئەگەر تا ئەو کات ناوی نووسەرەکەمان پەیداکردبوو ئەوە باشە ئەگەر نا ئەوە دەبی زووبەزوو پەیدابیکەین.. ئیدی دەقی تۆمارەکە دەخەینە سەر کاغەز و ناوی نووسەری رۆمانەکەشی تێدا ئاشکرادەکەین و دەیخەینە نێو هەر پەرتووکەک و هەمووی بە خۆڕایی بەسەر خوێنەراندا

دەبەشینەوە، لە بارەکیشدا ئەگەر ئەو گەمژەییەی نەکرد و بڵاوینەکردەوە ئەوە پاش وەدەستخستنی ناوی نووسەرەکە دەبی بە هەر جۆر و شێوەک هەیە رۆمانەکە لەبەردەستی دەربهینین و لە دەرفەتەک بە پێشەکییەکی کورتەوە بڵاویبکەینەوە.. ئەو پێشەکییەش تەنێ باس لەوە بکا کە تەمەن دەرفەتی ئەو نووسەرە مەزنەی نەدا لە کاتی ژیانی خۆی رۆمانەکەی بە خوێنەران بگەینی ئێستا ئەمە وەک دڵسۆزییەک لۆ ئەو نووسەرە و بەرهەمە نایابەکەی بەو کارە هەستاین، ئیدی لە هەردوو باردا خاوەنە راستییەکەی ئەو رۆمانە بە مافی خۆی دەگا. (پاش ئەوەی ئەویش بە هەندەک پێشنیار و رێوشوێنی چاک نەخشەکەی منی باشتر و تۆکمەتر کرد و بڕیارماندا بەوپەڕی تواناوە دەستوەکاربین کۆتاییمان بە پەیوەندییەکە هینا).

- ٤٨ -

هیچ دەرفەتەک نەمابوو و هیچ بیانووەکیشم نەمابوو تا پتر بمینێمەوە.. زۆر یادی هاوڕێیانی دەرێم دەکرد بە تایبەتییش ئی کوریکەسۆرێ کە هەستمدەکرد دابڕانمان لە یەک لەو ماوە دووردرێژەی گەشتەکەم زۆر ئاسایی نییە و ئەوم لە پێناو خۆم تووشی ئازاری تەنیایی کردیە! هاوڕێیانی رێکخستنەکانی نێوخۆش هیچ پێویستییەکیان بە من نەمابوو.. پێچەوانەی ئەوەی پێشترێ رێکخراوی دەرێمان وەهێزتر بوو ئیدی وەیلێهاتبوو ئی نێوخۆمان زۆر وەهێزتر ببی بە جۆرەک کە ئی دەرێ وەک پاشکۆیەک پابەندی خۆی بکا.

چەند رۆژەک پێشترێ راپۆرتنووسینەکی دیکەم لەگەڵ خوشکێ ئەنجامدابوو! بە هەمان شێوەش وەک هەموو جارەکان سۆزمان دابوو کە ئەوە دوایەمین راپۆرتنووسینمانە و ئیدی تەواو! دامانابوو لە رۆژی گەڕانەوەکەم و پاش نیوڕانەکەی لە ماڵەکەی من یەکدی ببینین و هەر لەوێش کار و بەرپرسیارییەکانمی بە تەواویی رادەستبکەم لێ کە تێیهزریم زانیم سەرەنجام حەزی راپۆرتنووسینەکی دیکە بەرۆکمان دەگری و ناشتانین یەک پەنجەمان بەر یەکدی بکەوی ئاخر دڵنیابووم لەوان دەمان هەندەک لە هاوڕێیانی دیکەش بە نیازی ماڵاوایی دێنە کنم و دەرەفەتی هیچ قوونبادان و ئەولا و ئەولایەکمان نابی.. لەبەرهەندێ نەخشەکەم گۆڕی و یەکەکی دیکەم دانا کە رۆژەک پێش رۆژی گەڕانەوەکەم و لە ماڵەکەی وی یەکدی ببینین و تشتەکانمی پێ سپێرم، زۆر سەیر بوو؛ کە پەیوەندییم پێوەکرد پێش ئەوەی هیچ قسەک لەو بارەوە بکەم ئەویش هەمان بیرۆکەی منی بە مەژییدا هاتبوو و رێک هەمان نەخشەکەی منی پێشنیار کرد! بە کورتییەکەی رێکەتین و لە کاتی خۆی یەکدیمان دیت.. جا ئەو دەستپێشخەرییەی کە دەبووایە یەکەکمان بیکەین ئەمن کردم و گۆتم:

- وەک خۆت دەیزانی ئێستا کاتی ئەوەیە کارنامە و هەموو بەرپرسیارییەکی خۆمت رادەستبکەم.. هەڵبەتە ئەوەش کارەکی گەلەک گرنگە و دەبی زۆر بە جوانیی و بە رێکوپێکی ئەنجامیبدەین.. ئاخر ئەوەیان وەک ئەو جارانە نییە کە راپۆرتەکانی رێکخستنمان دەخوێندەوە و تاوتوومان دەکردن لەپڕ پەنگرەکانی ناخمان دەگەشانەوە و دەکەتینە جیهانی تایبەتی حەز و ئارەزووەکانمان و ئیدی ئەرکەکانمان دەخستنە کاتەکی دیکە و خەریکی راپۆرتنووسینی خۆمان دەبووین.. با خۆمان لە گێلیی نەدەین و هەردووکشمان چاک ئەوە دەزانین کە ئەورۆ سەرەنجام راپۆرتنووسینەکمان هەر لە پێشە و لە راستییشدا پێویستە ئەوەیان ببتە دوا راپۆرتنووسین نەک ئەوەی پێشترێ.. لەبەرئەوە دەبی دان بە خۆماندا بگرین تا هەموو تشتەکانمت بە تەواویی رادەستدەکەم

ئەگەر نا هیچ دەرفەتەکی دیکەمان لە پێش نامینێ.. (هەرگیز پێشتریێ خوشکێم بەو شێوە نەدیتبوو؛ زۆر زۆر ئۆینبازانە و بە ناز و خۆگرانکردنەکی زۆرەوە کە خەریکبوو شێتی دەکردم گۆتی):

- ئاخر براله جوانەکەم.. چوسوانم! ئەوە نابی و ناکرێ.. ئەدی لە راپۆرتنووسینەکەی چەند رۆژ بەرێمان سۆزمان نەدا کە ئەوە دوا راپۆرتنووسینمانە؟!

لێ وەک ئەوەی دەمدیت راستییەکە ئەوە بوو کە خەریکبوو لە خۆشییان لیک بە لالێوانیدا دەهاتەخوارێ.. دەمزانی ئەگەر لە هەفت زنجیریشی ببەستنەوە رێم پێنادا برۆم تا دوا راپۆرتنووسینی خۆمان ئەنجامنەدەین! لەبەرهەندێ هیچ بایەخەکم بە قسەکەی نەدا، پاش ئەوەی وەک دوا جار و لۆ دڵنیابوونەوە بەسەر نەخشەکەی چوونەدەرێی داچووینەوە و هیچ کێشەکی تێدانەبوو بڕیاری کۆتاییمان لەسەری دا.. ئیدی دەستمان بە کارەکانمان کرد.. هەرچەندە هەر پاش دەمەکی کەم خەریکبوو وەک بڕێشکەی سەر ئاور هەڵدەقرچاین لێ هەر دانمان بە خۆماندا گرت و خۆمان راگرت.. هەر کە تشتەکان و بەرپرسیارییەکەی خۆم بە تەواویی رادەستکرد و هەناسەکی دوورودرێژ و پڕ لە ئۆخەمان هەڵکێشا هەر لە جێی خۆمان و بێ هیچ خۆئامادەکردنەک نیشتینە بان یەک.. هێندە بە هووردیی لە یەک وڕکابووین خاڵ بە خاڵی جەستەی یەکدیمان لەوپەڕی حەز و ئارەزووەکانمان گرتن.. هەر دەتگۆت ئەوە یەکەمین ژوانمانە و یەکەمین جاریشە لەشولارمان ئاوێتەی یەکدی دەبن!

ئەرێ.. راپۆرتنووسینەکەمان زۆر بە رێکوپێکیی ئەنجامدا؛ لەبەرئەوەی دوا جاریش بوو زۆر گرنگییمان پێی دا و زۆر بە تامەزرۆییەوە خەریکی یەکدی بووین.. هەرگیز ناتانم هیچ پەیڤ و دەستەواژەگەلەکی وەها پەیدۆزبکەم بتانن خۆیان لە قەرەی خستنەڕووی ئەو دوا راپۆرتنووسینەمان بدەن و گوزارشت لەوە بکەن کە چمان بە یەکدی کرد.. هێندە نەبی کە دەتانم بێژم تۆڵەی سەردەرێ و بەردەرێمان کردەوە!! لە رۆژی گەڕانەوەکەشم چەندین هاوڕێ بە خوشکێشەوە هاتنە دیدەنییم تا وەڕێمبکەن.. هەموو چاوەکان هەر لەسەر من و خوشکێ بوون! هێندە شەرمم لە خۆم کردەوە ئارەقەی رەش و شینم دەردابوو.. ئاخر هەستمدەکرد هەندەک لە هاوڕێیان بە جۆرەک سەرنجیان دەداینێ و بەزییان پێماندا دەهاتەوە رێک وەک ئەوەی کە ئەمن و خوشکێ تا سەر ئێسکان شێت و شەیدای یەکدی بووینە لێ ناتانین دوور لە چاوانی خزمانیش باوەشەک لە یەک بگرین و ماچوموچەک بکەین ئەوەش لەبەرئەوەی هێشتا بە شێوە نەریتییەکە هاوسەرگیرییمان نەکردیە تەنانەت نەبووینە دەستگیرانی یەکدیش! ئیدی ئەوانیش زۆر نیگەران و غەمبارن بەو بارودۆخەی مە و بەوەش کە ئێستا ناتانم لەگەڵ خۆمی ببەمە دەرێ و وا خەریکە دوا چرکە قورس و سەختەکانی لێکدابڕانمان وەڕێدەکەین!!!

## - بەشی هەفتەم -

## - ٤٩ -

لە ڕێی گەڕانەوەمدا لە نێو فڕۆکەکەدا بارودۆخەکی زۆر ناجێگیر و عەنتیکەم بەسەردا تێدەپەڕی؛ ئاوێتەک لە غەم و شادیی بە شێوەکی ناهاوسەنگ هەڵیدەسووڕاندم و فرە فرە نیگەرانی کردبووم؛ پێبەپێ تا لە نیشتیمان و خوشکێ دوور و دوورتر دەکەتمەوە سەنگایی غەمەکانم قورس و قورستر دەبۆوە.. پێبەپێی ئەوەش تا لە هەندەران و کوریکەسۆرێ نێزیک و نێزیکتر دەبوومەوە ئاستی شادمانییەکانم بەرز و بەرزتر دەبۆوە.. هەر بەو جۆرە هاتەدوێ تا گەیشتمەوە جێ.. ئیدی غەم و شادیی لە بەرزترین پلەیاندا بەرانگژی یەک بوونەوە و خەریکبوو بمکەنە دوو پارچە و گیانم لەبەر ببڕن.. لێ پاشان هەمێزی کوریکەسۆرێ قووتیدام و ئاوەکی بە ئاورەکە داکرد و دایمرکاندەوە!

هیچ درۆ نییە ئەگەر بێژم دوو ڕۆژ و دوو شەوی ڕێک مەگەر تەنێ کاتی ئامادەکردنی خواردنەک یان چوونە سەر ئاوەک ئەگینا تێکڕای کاتەکانی دیکەمان یان ئەو لە نێو باوەشی من بوو یان بە پێچەوانەوە، ماڵیان ئاوا بی هاوڕێ کڵاوقوت و هیچ یەکەک لە هاوڕێیەکانمان لەو دوو ڕۆژە سەردانیان نەکردین.. وێدەچوو هەر لەبەرئەوەیان بووبی تا پاش ئەو لێکدابڕانە دووردرێژەمان دەرفەتەکمان بدەنێ هەندەک کات پێکەوە بگوزەرێنین. تاقە تشتەک زۆر هەراسانی کردبووم ئەوە بوو کە هەستمدەکرد وەک جاران نییە لەگەڵم و جۆرە ساردییەکی پێوەدیارە! زۆر لەوە دەترسام کەسەکی ناحەز لە نێوخۆ ئێرەیی پێبردبم یان لەسەر تشتەک لێم لە رک راچووبی.. واتە پەیوەندیی بە کوریکەسۆرێوە کردبی و بە جۆرەکی خراپ باسی نێوانی من و خوشکێی لۆ کردبی و بە ئارەزووی خۆی تێیکوشیبی.. پاشان هەر خۆم دڵی خۆم داوە و لە مەژیی خۆمدا گۆتم 'ئێ خۆ ئەمن و کوریکەسۆر پێشترێ لەسەر ئەوە ڕێکەتبووین کە ئەگەر جاروبارەک خۆمان لۆ ڕانەگیرا و لەگەڵ کەسەکی دیکە نوستین چاوپۆشیی لە یەک بکەین.. کەواتە ئەگەر بە ڕاپۆرتنووسینەکانی من و خوشکێشی زانیبی گرفتەکەک نابی لۆ وی' نا بڕوام نەدەکرد ئەوە کێشەکە بی.. سەرم دەهینا و سەرم دەبرد بیرم لۆ هیچ تشتەکی دیکە نەدەچوو، ناوەناوە پرسیاری هۆی ئەو ساردبوونەیم لێدەکرد.. لێ تشەتەکی ئەوتۆی نەدەدا دەستم و بە شێوەک دەیهینا و دەیبرد سەرەنجام نەک هەر دانی بە هیچدا نەدەنا بەڵکە قەرداریشی دەکردمەوە!

خەریکبوو بە هۆی سەردانی هاوڕێیان و پەیوەستبوونەوەم بە کاری ڕێکخراوەیی ئەو ساردبوونەی کوریکەسۆرێیم لەبیردەچۆوە.. لێ دیتنی ئەو هەموو مووە ڕەشە زۆر گڤە لە تێکڕای کون و قوژبنی ماڵەکەمان تەنانەت لە نهۆمی سەرێ و لە جێی نوستنەکەشمان دڵمی بە قرقرە خستبوو و تەواو نیگەرانی کردبووم! ئەو مووانە نە بە ئی من دەچوون نە بە ئی کوریکەسۆرێش.. بێجگە لە هاوڕێیە زۆر خۆشەویستەکەم - هاوڕێ کڵاوقوت - هیچ کەسەک لەوانەی کە دەمزانی لە ماوەی گەشتەکەم هاتوچۆی کوریکەسۆرێیان کردبوو موویان ئەوها نەبوو.. ئەرێ.. دڵنیابووم ئەو مووە ڕەش و زۆر گڤە هەر ئی کڵاوقوتێیە بە تایبەتییش کاتەک وەبیرمهاتەوە کە جارەکیان گۆتی 'هاوڕێ مووی سەرم زۆر دەوەرن.. ڕەنگە ئەگەر هەر وەها بڕوا ئەوە چەند ساڵەکی دیکە یەک

داوە مووم بە سەرەوە نەمێنێ!' هەر بە ئێکجاریی دڵنیابوومەوە، ئێ باشە ئەوە گۆتمان لەو کاتانەی کە کوریکەسۆر پێی شکابوو پێویستی بە کەسەک هەبووە و کڵاوقوتیش بە نیازی یارمەتییدانی هاتوچۆی کردیە و دەکرێ مووەکانی لە نهۆمی خوارێ و لە ئاودەستیش وەرپین.. لێ ئەو مووانە کوو گەیشتنە ژۆری رازان و سەر جێوبالینگانەکەمان!؟ سەرچەفە سپیەکەمان کە بە کونکونی ورد نەخشێندرابوو یەکپارچە ئەو مووانەی پێوەنووسابوو و هەر دەتگۆت لە بنچینەدا ئەو مووانەش بەشەک بوون لە پێکهاتەکەی.. کە وەخۆماندادەدا زۆر پێی هەراسان دەبووم.. بیرم لۆ ئەوە دەچوو کە داخۆ چەندین جار کڵاوقوت و کوریکەسۆر بە رووتیی لە بن ئەو سەرچەفە رازابن! ئاخر ئەمەمانان - بە تایبەتییش مێینەکانمان - هێشتا وەک ئەو خەڵکە توندئاژۆیانە نەبووین یان وەک ئەو خەڵکانەمان لێنەهاتبوو کە هیچمان لە کن هیچ نەبی و لە پشت سەری یەک لەگەڵ هاوسەر یان خۆشەویست و هاورێی یەکدی سێکس بکەین و پاشانیش کێشە و گرفتان لۆ یەک چێبکەین.. تەنانەت ئەو خەڵکانەش کەسانی لەو بابەتەیان زۆر زۆر کەم تێدابوو کە تا ئەو ئاستە چاوپۆشیی لە یەک بکەن و جوایەزیی بە خۆشەویست و هاوسەر و هاورێی یەکدی نەکەن و هەر کە ئارەزوویان هەستا هەر کێیان کەتەبەرێ دەست نەگێرنەوە و بێ پەروا حەز و ئارەزووی خۆیان بە یەکدی دابمرکێننەوە! ئەوە راست بوو ئەمن و کوریکەسۆر لەسەر ئەوە پێکهاتبووین کە لە دەرێی ماڵێ و لە کاتی ناچاریی جۆرەک لە ئازادیی سێکسییمان هەبی.. لێ ئەو بەزمەی وی لەگەڵ کڵاوقوتێ بێجگە لەوەی لە ماڵێ روویدابوو کڵاوقوتیش نێزیکترین هاورێم بوو و زۆر یەکدیمان خۆشدەویست و ببووە هاورێیەکی نێزیکی کوریکەسۆرێش و رۆژانە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ یەک دەکرد و لە یەک بزاڤیش کارماندەکرد کە لە کنە خۆمان وەبوو خەریکە شۆڕشەکی زۆر جوایەز و نوو بەرپادەکەین! چەندی دەمکرد و نەمدەکرد بە هیچ جۆر و شێوەک لۆم قووت نەدەدرا و هیچ لە کنم ئاسایی نەبوو.. لەبەرئەوە نا کە رەنگە رۆژەک لە رۆژان کڵاوقوت ئەوە بزانتەوە کە ئەمن هاییم لەو بەزمەی وی و کوریکەسۆرێ هەبووە و ئیدی چاوم لەبەری هەڵنایێ یان هەردووکمان لە بەرانبەر یەکدی شەرمەزار دەبین و رەنگە هاورێیەتییەکەشمان ساردیی تێبکەوی یان هەر تێکبچی.. بەڵکە لە غەمی ئەوەدا بووم کە ئەگەر ئەوە راست دەربچی ئەوە واتە کوریکەسۆر خۆشەویستیی منی لەدەستدایە! ئەمن ئەوهام دەدیت هەرگیز سێکس تەنانەت ئەگەر زۆر پڕ چێژیش بی بێ خۆشەویستیی لە نێوان دوو کەس چێناکا بەڵکە ئەوە خۆشەویستییە دەتانی دوو کەس پێکەوە ئاسوودە بکا و سێکسەکەشیان پڕ لە چێژوچەشە بکا.. ئاخر ئەوان کە هەردووکیان نێزیکترین کەسم بوون زۆر ئەستەم بوو بە چاوەک تەمەشایان بکەم کە دوو کەسی درۆزن و ناپاکن لەگەڵم! درۆزنیی و ناپاکیی لەوە پتر چ بی کە کوریکەسۆر لە لایەک دەبێژی 'ئەتوو لۆ خۆت ئازادی لێ ئەمن یەک بە خۆم تا پێکەوە بین هەرگیز ناتانم لە توو پتر بترازێ بچمە نێو باوەشی هیچ پیاوەک یان هیچ پیاوەک بێتە نێو باوەشم تەنانەت ئەگەر بزانم ئەو پیاوە لە تووش پتر خەنییمدەکا!' کەچی لە لایەکی دیکە دەچی لە پشت سەری من و لە ماڵی خۆمان لەگەڵ نێزیکترین و خۆشەویستترین هاورێم دەست تێکەڵ دەکا! ئێ ئەوە لەبەرچی!؟ ئایە ئەو خۆنواندنەی کە وەهای پێشاندەدا زۆر ئاسوودەیە لەگەڵە من تەنێ خۆنمایشکردنەکی رووکەشە!؟ ئایە هێندە سێکسییە کە ئەمن توانای دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانیم نەبی!؟ یان هەر ئەوەیە کە ئەویش حەزی لە چێژگۆڕینە!؟ نەمدەزانی و هیچ سەرم لێی دەرنەدەکرد!

رۆژەکیان گۆتمێ 'ئەمن بەو سەرچەفە جەستەم دەخورێ.. قلەکی دیکەمان هەیە زۆر نەرم و خۆشە با ئەو وەخۆدابدەین؟' هەر لە راستییشدا جەستەم بە سەرچەفەکە دەخورا.. لێ پتر لەبەرئەوەم بوو تا هەڵیبگری و

**مووەکان هەر لە نێویدا بمینێنەوە و وەک بەڵگەک لەبەردەستمدا بی چونکێ خەریکبوو مووەکانی جێیەکانی دیکەی ماڵەکەمان بە هۆی خاوێنکردنەوە و گێسکلێدانەوە نەدەمان.. باش بوو بێ هیچ لاملییەک یەکسەر سەرچەفەکەی گۆڕی.. بەوەش هەندەک حەسامەوە چونکێ بێجگە لەوەی ئەو دوو نیازەی ئاماژەم پێیان دا هاتنەدی بە لاچوونیشی لەبەرچاوم کەمتر ئەو بەزمەیانم وەبیردەهاتەوە.**

**چەندی دەمکرد ئەو ئازایەتییەم لە خۆم رانەدەدیت پرسیاری ئەو مووانەی لێبکەم و بیسەلمێنم کە ئی کڵاوقوتێن.. زۆر جار خۆم مشتوماڵ دەکرد و دەگەیشتمە چرکەی ئەوەی بیتەقێنمەوە کەچی لەپڕ ساردەبوومەوە و بەردەکم لەسەر دادەنا چون لەوە دەترسام بەو هۆیەوە هەردووکیان لەدەستبدەم! هەندەک جاریش بێژم لە خۆم دەکردەوە؛ ئاخر ئەمن لە کنە خۆم وەبوو کەسەکی پێشڤەرۆم و لە نێو بزاڤەکیش کار دەکەم کە بە گفتار و بە رەفتار بڕوامان بە مافی یەکسانیی تەواوی نێوان ژنان و پیاوان هەیە.. هەمیشە بانگەشەی ئەوەم دەکرد هەر کەسەک خاوەنی جەستەی خۆیتی و ئازادیشە لەوەی کوو وەکاریدەبا.. کەچی پاش گەشتەکەم خەریکبوو هەندەک مووی بێ واتا چیرۆکەکم پێ دابڕێژن کە هێشتا بیرۆکەکەی هەر لەسەر گومان هەڵچندرابوو! لە خۆم دەپرسی باشە دەبی ئەو نێرسالارییە هێشتا هەر لە مەژیی مندا مابی؟! هەستمنەدەکرد کەسەکی هێندە لاواز و رفۆک بم تا لە کاتی گوزەراندنی ماوەی گەشتەکەم رامانی نێرسالاریی و دابونەریتی پاشدامایی کارتێکردنی نەرێنییان لەسەرم دانابی و بەو دەردەیان بردبم! ئاخر ئەمن هەمیشە دەمگۆتە کوریکەسۆرێ تکایە لە هیچ خواست و ویست و ئازادییەکی خۆت نەگریەوە تەنانەت ئەگەر ئەمنیش نیگەران و هەراسان بکەن! سەبارەت بە کڵاوقوتێش سەرەڕای ئەو گومانەشم لەسەری پەیوەندییەکی هێندە گەرموگوڕ و توندوتۆڵمان هەبوو ئەگەر ماوەک نەمدیتبا جیهانم لێوێکدەهاتەوە و هەناسەم سواردەبوو! هەرکووەک هەبوو ئەو نیگەرانییە بەرۆکی بەرنەدەدام و خراپ گیرۆدەی کردبووم تەنانەت لە پەیوەندییەکانی نێوان تێکڕای هاوڕێیانیش - پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ - بە گومان کەتبووم بە تایبەتییش کە سەرهاتی ئەو هاوڕێیانەم وەبیردەهاتەوە کە بەکۆمەڵ دەستبەرداری پارتیەکەیان ببوون و پێمانەوە پەیوەست ببوون پتر و پتر ترس و نیگەرانیی دایدەگرتم زراوم دەچوو! لێ لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وەک جاران و بگرە زۆر پتریش بە گەرموگوڕییەوە کاروبارە رێکخراوەییەکانم ئەنجامدەدان و زۆرەک لەو گرفتە رێکخراوەییانەم چارەسەرکردن کە پاش چوونەوەم پەیدابببوون.. بە دانپێنانی هاوڕێیان بە شێوەکی زۆر چاکتر و سەردەمییانەتر رێکخراوەکەمانم خستبۆوە سەرپێ.. هاموشۆیەکی زۆر گەرموگوڕم هەبوو لەتەک تێکڕای ئەو هاوڕێیانەی دەمناسین.. زۆربەی کاتەکانیشم لەگەڵ هاوڕێ کڵاوقوتێ دەگوزەراند و هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەکمان لەدەستنەدەدا.. ناوەناوەش خۆمان بە گێڕانەوەی سەربردە و سەرهاتەکان سەرگەرم دەکرد؛ ئەمن هەندەک لە سەرهاتەکانی خۆم - لەگەڵ کیژی ئەندام پەرلەمان و خوشکێ و رۆژهەلاتیی و هەندەک لە هاوڕێیانی دیکەم - دەگێڕاوە و ئەویش سەرهاتەکانی لەگەڵ هاوڕێیە تازەکانی.. بە دووورودرێژییش باسی هینانەڕێزی دادە کوڕانیی کرد هەروا باسی سەردانکردنی لۆ کن کاکە کیژانیی و چاپکردنی پەرتووکەکەشی کرد - زۆر بە داخەوە کە زانیم باری دەروونیی کاکە کیژانیی خراپتر بووە و کەلکی قسە لەگەڵ کردن و پەیوەندیی لەگەڵ بەستنی نەمایە - زۆر تشتی دیکەشی لۆ گێڕامەوە.. هەروا هەردووکمان پێکەوە سەردانەکی هاوڕێ 'سین سین'یشمان کرد و دەمەکی فرە خۆشمان لەگەڵی گوزەراند و هاوڕێیەتییەکەشم بە شێوەکی زۆر توندوتۆڵتر لەگەڵی تازەکردەوە.**

ئەوەی گەلەک ئاسوودەی کردبووم رزگارکردنی برایەکەی کۆسەی کەویار بوو؛ بە هەر جۆرەک هەبوو ئەوم گەیاندە لای خۆمان و لە ماوەکی کەمیشدا تانیمان بە هاوکاریی هەندەک هاورێی دڵسۆز ناوی نووسەری ئەو رۆمانە نایابەی کە کۆسە دزیبووی پەیدۆزبکەین.. هەروا لە رێی ئەو ناوەش پاش وەدووداچوونەکی چڕوپڕ تانیمان خوشکی رۆمانووسەکەش ببینینەوە کە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە شارەکی دیکە دەژیان.. ئیدی چووینە بن کلێشەیان و پاش باسکردنی دزینی رۆمانەکە لەگەڵیان هانماندان داوای رۆمانەکە لە کۆسە بکەنەوە.. کۆسە لە سەرەتادا ویستبووی نەیانداتەوە لێ کە بەوە ترساندبوویان ئەگەر نەیانداتەوە ئەوە پەلکێشی دادگەی دەکەن و بەوەش هەم وەک دزەکی وێژەیی سزادەدرێ هەم مافە پەنابەرییەکەشی لێدەستێندرێتەوە ئیدی لە ترسان هەر بە پەلە رۆمانەکەی رادەستکردبوونەوە و ئەرکی سەرشانی مەش بە هاسانیی جێبەجێ بوو.. پاشان خوشکی رۆمانووسەکە بە من و برایەکەی کۆسەی گۆت 'ئەمن خۆم پێشەکییەک لۆ رۆمانەکە دەنووسم و باسی چیرۆکی دزینەکە و وەدەستخستنەوەکەشی تێدا دەکەم.. لێ لە پای ئەو هەموو دڵسۆزییەتان لۆ برایەکەم و رۆمانەکەی مافی چاپ و بڵاوکردنەوەکەی بە هەردووکتان دەبەخشم و قازانجە مادییەکەشی هەمووی لۆ خۆتان'.. ئیدی رۆمانەکەی داینێ و ئەمەش زۆر بە شادمانییەوە گەللەک سوپاسمان کرد و پاشانیش بەرنامەکی رێکوپێکمان دانا تا بە جوانترین شێوە چاپ و بڵاوبکەینەوە و قازانجەکەشی لە پرۆژەکی فەرهەنگیی خەرجبکەین.

کێشەی هەرە لەپێشی خۆم لەوان دەمان ئەوەبوو کە ناچاربووم پەیوەندییەکانم لەتەک کڵاوقوت و کوریکەسۆرێ لە هەردوو رووی گفتار و رەفتارەوە وەک جاران و بە شێوەکی زۆر ئاسایی و بێ گرفت پێشانبدەم.. لێ لە راستییدا گومان و نیگەرانییەکەم لە بەرانبەر کڵاوقوتێ سەبارەت بە مووەکانی لە ژۆری نوستنەکەمان خەریکبوو لە ناخەوە دایدەرزاندم.. ئەوە سەرەڕای خۆنێزیکردنەوەکەیان لە یەکدی.. هەستمدەکرد زۆر جار بە بیانووی چوونە بازێڕ و پەیداکردنی کەلوپەل و خواردەمەنی تایبەت یان پێویستییەکانی کاروباری رێکخراوەیی و چەندین پاساوی دیکە دەرفەتی یەکدی دیتنیان لە کاتانەک رێکدەخست کە ئەمن بە هۆی سەرقاڵییەکانم نەتانم لەگەڵیان بم.. واتە لە راستییدا هەردەم سەرقاڵی ئەوە بوون کەنگێ و لە چ پەنایەک ژوانەک ببەستن! لێ ئەمنیش دەستەوەستان نەبووم لە بەرانبەریان و هەر کارەکم هەبا لەوان کاتان قیرسیام لێدەکرد و بە پەلە خۆم دەگەیاندنێ.. واتە هەرگیز دەرفەتم نەدەدان بە تەنێ پێکەوە بن.. زۆر جار لەو کاتانەی کە کڵاوقوت دەیویست سەردانمان بکا - پێش گەشتەکەم خانییەکی دیکەی بە کرێ گرتبوو کە تەواوەک دوور بوو لە ماڵی مە - فێربووبوو کە لە ماڵەکەمان نێزیک دەبۆوە ئەوجا تەلەفۆنی دەکرد.. ئەوەشی لە پێناو ئەوە بوو تا دەست بە روویەوە نەنێم و بە ناچاریی فەرمووی لێبکەم.. هەر کە تەلەفۆنی دەکرد یەکسەر دەیگۆت 'ئەوە لەو نێوەی ماڵی خۆتان کارەکم هەبوو.. ئێستا نێزیکم لەنگۆ.. ئەگەر لە ماڵێ بن ئەوە دێم سەرەکتان لێدەدم؟' جا ئەگەر هەردووکمان لە ماڵ باین ئەوە گرفتەکم نەبوو و چاوەڕێمان دەکرد تا دەهات.. لێ کە ئەمن لە دەرێ بام و کوریکەسۆر لە ماڵێ با ئەوە ئەگەر دوور بام بیانووەکم دەدیتەوە و دەمگۆت با سبەینێ یەکدی ببینین.. ئەگەر نێزیکیش بام ئەوە بە هەر شێوەک هەبوو ناچارمدەکرد لە جێیەک یەکدی ببینین و پێکەوە بگەڕێینەوە ماڵێ.. بە کورتییەکەی دەرفەتم نەدەدا بە تەنێ کوریکەسۆرێ ببینێ! وەملێهاتبوو نەمدەوێرا بە هیچ جۆرەک لە کوریکەسۆرێ داببڕێم؛ یان پێکەوە دەچووینە دەرێ یان زۆر لە ماڵێ دوورنەدەکەتمەوە! کڵاوقوت پێشان زۆر بە دەگمەن شەو لە ماڵی مە دەماوە.. ئەگەر زۆر رووت لێ نەنابا و ناچارتنەکردبا ئەوە ئەگەر نیوەشەویش با هەر بیانووەکی دەدیتەوە و دەرۆیشت.. کەچی لەوەتەی لە گەشتەکەم

گەڕابوومەوە هەر بە ئاستەم داوای مانەوەیمان لێبکردبا ئەوە لە سەرەتادا خۆی وەها پێشاندەدا کە زۆر سەرقاڵە بە خوێندنەوە و نووسین و دەرفەتی مانەوەی نییە لێ هەر لەپڕەک بە بیانووی ئەوەی کە هەرگیز لە دانیشتن و کات گوزەراندنی لەگەڵ مە تێر نابی قسەکی لەو بابەتەی دەکرد 'جا ئەمن ئێرە بە ماڵی خۆم دەزانم.. دەی با ئەوشۆش لەسەر شەوانی دی بی.. بەس خۆتان دەزانن ئەمن زوو تێر خەو نابم.. نەکەن سبەینێ زوو راستمبکەنەوە ها!' لێ ئەمن لەوسەری هاتبوومەوە و دەمزانی چ پیلانەکی هەیە.. واتە نیازی ئەوە بوو سبەینەکەی - کە دەیزانی ئەمن سبەینان دەردەچم تا هەندەک غاردانێ بکەم - دەرفەتی خۆی وەربگری و هەندەک کات بە تەنێ لەگەڵ کوریکەسۆرێ بگوزەرێنی! ئیدی ئەمنیش کە رادەبووم یەکسەر بیانوویەکم دەدیتەوە و دەمگۆتە کوریکەسۆرێ 'ئەورۆ دەرناچم و هەر لە ماڵێ وەرزشەکەم دەکەم'! دەزگەکی گچکەی وەرزشکردنم هەبوو و غاردانییەکەم لەسەری دەکرد.. هەر جارەک بماباوە بەو شێوە پیلانەکەیم تێکدەدا و نەمدەهێشت بە نیازی خۆی بگا.. لێ ئەوەم نەدەزانی داخۆ کوریکەسۆریش لە بنەوە لەو پیلان و بەزمانەی بەشدارە یان نا!؟ بە کورتییەکەی لەو رووەوە بارودۆخەکی فرە ناخۆش و ناجۆرم دەگوزراند و خراپ تێیکەتبووم.. لەگەڵ کێش؟! لەگەڵ هاوڕێیەکی فرە نێزیکی خۆت! وەک دەبێژن دەیکەی هەر وەی نایکەی هەر وەی!

ماوەکی زۆرم بەو دەردەسەرییە تێپەڕاند.. هێندە وەڕس و بێزار ببووم لەو هاوڕێیەتییەی وەملێهاتبوو گوڕاح و ئارەزووی ئەوەشم نەمینێ کە هیچ سەرهاتەکی لۆ بگێڕمەوە، کە دەمدیت ئەوها ناپاک و ناڕاستگۆیە لەگەڵ نێزیکترین هاوڕێی خۆی گومانی ئەوەم لێی دەکرد کە رەنگە سبەینێ ناپاکیی و ناڕاستگۆیی لەگەڵ رێکخراوەکەشمان بکا! بە هۆی ئەو پێشینە وەهێزەی هاوڕێیەتیمان نەمدەتانی وەها بە هاسانیی و بە زوویی پێشانیبدەم کە لێی بێزارم و هیچ چێژەک لە هاوڕێیەتییەکەی وەرناگرم، ئەو هیچ گرفتەکی نەبوو و هەر وەک جاران ناوەناوە سەرهاتەکی دەگێڕاوە.. جارەکیان زۆر داوای لێکردم کە ئەمنیش سەرهاتەک بگێڕمەوە.. هەر وازینەهینا تا ناچاریکردم هەرێی پێبدەم، لەوان دەمان سەرهاتەکی زۆرم لە کن خڕببوونەوە.. ئەوەم بە دەرفەتەکی باش زانی سەرهاتەکی وەها دەستنیشان بکەم کە بتانم بە پێی ئەو بارودۆخەی لەگەڵی تێیکەتبووم هەندەک نهێنیی پێ ئاشکرابکەم.. واتە وەیلێبکەم قسە لەسەر سێکسی بە دزیی بکا کە دوو هاوسەر یان دوو خۆشەویست لە پشت سەری یەک لەگەڵ خەڵکی دیکە ئەنجامیدەدەن.. سەرەنجام سەرهاتی خۆم و 'خانمە تەڕەوبڕەکە'ی خزمانم هەڵبژارد.. رۆژەکیان پاش ئەوەی لە کۆبوونەوەکی رێکخراوەکەمان تەواوبووین دوو بە دوو بە نیازی هەندەک سانەوە چووینە باخچەک و لەوێ دەستم بە گێڕانەوەی سەرهاتەکە کرد:

- ٥٠ -

پاش چاکوخۆشییکردن و دەنگوباس پرسینی یەکدی.. لەپڕ وەک ئەوەی کەسەک راوینابی هەناسەی سوار ببوو و بە پەلەپەل گۆتی:

- كاكە ئەوە ويستم ئەوشۆ بێمە كنت، ئیشەكی زۆر زۆر گرنگم پێت هەیە.. ئێستا ناكرێ لە تەلەفۆن باسیبكەم.. لەبەرهەندێ زۆر پێویستە ئەوشۆ بتبینم...

خزمایەتییەكەی لۆ من گرنگ نەبوو لێ كیژی كەسەكی زۆر قارەمان بوو كە لە نەبەردییەكی دژ بە رژێم گیانی بەخشیبوو.. هۆی هێشتنەوەی ئەو پەیوەندییەشم لەگەڵی هەر ئەوەبوو.. لەبەرهەندێ دەستم بە روویەوە نەنا و گۆتم: "دەی باشە.. دەتانی بێی"، ماوەک بوو تەلەفۆنی نەكردبوو چونكێ هەر جارەک پەیوەندیی پێوەدەكردم سەرزەنشتم دەكرد و دەكەتمە ئامۆژگارییكردنی، ئەو خانمە تەڕوبڕە بێجگە لەوەی پێشان لە نیشتیمان بە هۆی جوانییە سەرنجڕاكێشەكەی پەیوەندییەكی زۆر بەرفراوانی لە تەک بەرپرسە داوێنپیس و گەندەڵەكانی نێو زۆربەی پارتیەكان هەبوو و كاتی خۆیانیان پێ رادەبوارد.. گومانی ئەوەشم لێی دەكرد دەستی لەگەڵ پارتییەكان هەبی و كاری سیخوڕیش بكا.. لێرەش لە دەرێ هیچ گەشە و گۆڕانكارییەكی بەسەردانەهاتبوو بگرە هەندەک بەرەو دوایێش گەڕابۆوە!

شەو داهات و پەیدابوو، هەر جارەک كە دەمدیت جوانتر و پڕتر و تەڕتر دەهاتە بەرچاوانم.. نازانم نە هەر لە راستییدا جوانتر دەبوو نە ئەو جلكوبەرگ و ماكیاژ و خۆشگوزەرانییەی ئێرەی ئەوهای دەردەخست؟ پاش ئەوەی نانی هێوارێمان خوارد كاتەكی باشمان بە نوكتە و قسەی خۆش بەسەربرد هاوكاتیش ناوەناوە كە پێویستی دەكرد ئامۆژگارییەكم دەكر، هەر كە ئەو و كوریكەسۆر كەتنە نێو قسان دەرفەتەكی كورتم لێوەرگرتن و چووم هەندەک كارم لەسەر كۆمپیوتەرەكەم مابوون تەواومكردن، كات هەر تێدەپەڕی تا شەو تەواوەک درەنگی كرد لێ ئەو هەر باسی هیچی نەكرد.. ناچار پرسیم ئەو تشتە گرنگە چیە كە ئەوها بە پەلە و بەو شەوە لۆی هاتی.. پێش ئەوەی بەرسڤی پرسیارەكەی من بداتەوە لەگەڵ دەرهینانی شووشە وێسكیەكی چاک و نایاب لە هەگبەكەی بە شەرمەكەوە گۆتی:

- ئەگەر پێتانخۆشبی ئەمن حەزدەكەم هەندەک بخۆینەوە و وردە وردەش قسەی خۆمان بكەین؟

- زۆر ئاساییە.. لێ ببوورە ئەمن ئەوشۆ ناتانم خواردنەوەی قورس بخۆمەوە.. دەی لەبەر دڵی توو چەند بیرەیەكی ساردم هەیە ئەوان دەخۆمەوە.. كوریكەسۆریش ماوەكە پزیشكەكەی لێی قەدەغە كردیە.. جا ئێستا ئەمن هەندەک پێخۆرت لۆ چێدەكەم لێ حەزناكەم زۆر بخۆیەوە ها.. (هەر لۆ شۆخییش گۆتم) با ئەوشۆ تووشیشم نەبی! (خانم و كوریكەسۆر دایانە قاقای پێكەنینێ و دەستیان بە ئەیەڕۆ ئەیەڕۆ كرد! پاشان كوریكەسۆر لەبەرئەوەی سبەینەكەی زوو هەندەک كاری دەرێی هەبوو گۆتی ببوورن ئەمن ناتانم لەگەڵتان دانیشم.. كەچی خانمی تەڕوبڕ وازینەدەهینا و دەیگۆت هەر دەبی تاوەک لەگەڵمان دابنیشی.. ئیدی كوریكەسۆر بە پێكەنینەكەوە پێیگۆت):

- نا خانم گیان.. ئەمن دەزانم چیرۆكەی توو زۆر زۆر درێژە و هەر تەواونابی.. لەبەرهەندێ ببوورە كە ئەمن زۆر خەوم دێ و ناتانم لەگەڵتان دانیشم و دەچم دەنووم.. با سبەینێ بە كارەكانم رابگەم.. فرە ئاساییە.. ئەنگۆ لۆ خۆتان دانیشن تا حەزدەكەن (بە شۆخییەكەوە گۆتی) بەس هاییداربە دەست لۆ ئامۆزایێ نەبەی.. دوایێ لێت توورە دەبم هااا! (دیسان بووە پێكەنین و هەندەک گاڵتەی دیكەشمان كرد، پاش ئەوەی ئەمن پێخۆرەكەم چێكرد كوریكەسۆر شەوباشەكی لێكردین و چوو نوست.. ئیدی بە دەو دروستكردنی پێخۆرەكە و هەڵدانی یەكم پێكمان خانم دەستیپێكرد):

- ئەتووش ئەو پیاوە دەناسی.. مەبەستم ئەو هاوڕێیەتە.. ئەها ئەوەی پێشان لەگەڵ توو لە شاخ پێکەوە بوون و دەتگۆت 'بەرپرسی کۆمەڵایەتی'تان بوو کەچی هەر خەریکی شەڕی نێوخۆ بوو.. ئێستا بەرپرسەکی گەورەیە لە نێو سوپا.. ئەوە چەند ڕۆژەک پێش ئێستا خۆی و ئەو 'بابی ئامۆزا'یەی کە وەک خۆت گۆتەنی ئێستا تووتییەکە لە نێو دەسەڵات.. هاتنە ئێرە؛ کاکی بەرپرس بە نیازی چارەسەر.. خۆشت دەیزانی لەو دواییانە بەرپرسەکان فێربوونە لۆ چارەسەرکردنی سادەترین نەخۆشیی روو لە دەرێ دەکەن.. بابی ئامۆزاش بە نیازی سەردان و رێکخستنی کاری دیپلۆماسیی، دوونێ پاش نیوڕانەکەی پەیوەندییان بە من کرد و گۆتیان حەزدەکەین بێین سەردانەکت بکەین.. گۆتیشیان نامانەوێ کەس بزانی کە دێینە کنت.. ئەمنیش گۆتم باشە بەس ئەمنیش نامەوێ بەردەستەکانتان لەگەڵتان بن تەنانەت نامەوێ چارەشیان ببینم.. بە کورتییەکەی هێندەی نەبرد هاتن و گۆتیان غەمت نەبی ئەواندیمان ناردنەوە مێوانخانەکەمان..

- (هەندەک بە تووڕەیی پێمگۆت) جا ئەتوو کەنگێ و لە کێندەرێ ئەوانە دەناسی.. ئاخر ئەتوو چ پێویستییەک بەوە هەیە ئەو کەسە گەندەڵ و خراپانە بناسی!؟ کچێ ئەتوو دیارە هەرگیز چاک نابی.. ئاخر دە بێژە بزانم چ تشتەک هەیە ئەتوو بەوان ببەستەوە بێجگە لە تشتی قۆڕ و هیچوپووچ.. کوو هێشتت ئەوانە بێنە ماڵەکەت.. ئاخر ئەوانە زۆر پیسن...

- دە راوەستە ئەتوو کاکی خۆم.. ئاخر دە تووڕە مەبە تکایە.. با لۆت وەگێڕم بزانە چم بەسەرهینان! بڕوابکە کاکە بە گۆڕی جوانەمەرگێ کووت لۆ دەگێڕمە ئەوهایە.. (بە ناچاریی دانم بە خۆدا گرت و هەندەک خۆم ئاسایی کردەوە) پاش ئەوەی پشییەکیان دا و هەر یەکەو پێکەک وێسکیان خواردەوە هەستمکرد ئەو گەمبۆزە داڕزایانە خەریکە وردە وردە دەستم لۆ دەهینن و نیازیان خراپە لەگەڵم! ئێ خۆ ئەگەر بڕەک گەنج و جوانیش بان دەمانگۆ دەی زۆر کێشە نییە و ئەوانیش مافی خۆیانە لەدوو ئەو تشتانە بگەڕێن (بە وەخۆنازینەکی ساویلکانەوە گۆتی) لێ هێشتا هەر لەگەڵ یەکەکی وەک من نا.. جا ئەمن کوو بێژم دێ ئەو هەمووە جوانیی و نازدارییەی خۆم بدەمە دەست ئەو گەلۆر و پووچەڵانە! بڕوابکە لەو گۆڕەش بمینێمەوە ناهێلم ئی لەو بابەتانە هەر تەمەشاشم بکەن! هەڵبەتە ئەتووش دەیزانی ئەو دوو کەونە هاوڕێیەت چ دەعبایەکن؛ 'کەونە بەرپرسە کۆمەڵایەتییەکە' دوو ژنی هەیە - یەکیان بە فەرمیی و ئەویدیکەش بە دزیی! -.. بابی ئامۆزاییش دوو ژنی ناردیتەوە ماڵەباوانیان و خەریکە ژنی سێیەم بگۆزتەوە! سەرت نەیەشێنم.. کە دیتم هەر وازناهینن هاوارم لەسەریان کرد و وەبەر جوونانم دان.. لێ ئەوە چارەی نەکردن.. دیتم ئەگەر داوەکیان لۆ دانەنێمەوە ئەوە هەر وازناهینن و رەنگە دەستدرێژیشم بکەنەسەر.. ئیدی بە ناچاریی لە مەژیی خۆم نەخشەکی چاکم لۆ دانان و پێمگۆتن 'بەس ئەنگۆ زۆر بە هەڵەدا چوونە و ئەمن لەوانە نیمە.. پاشانیش ئێرە لای خۆمان نییە و ناتانن تۆبزیی لە کەس بکەن.. لێ ئەگەر حەزتان لە رابواردنی سەرپێیییە و بە جوانیی و بە رێزەوە داوام لێدەکەن تشتەکتان لۆ پەیدابکەم ئەوە چ زۆرە ژنی سۆر و سپی و پرچ زەرد چاو شین زۆرن لێرە.. لێ بە تۆبزیی نا بەڵکە بە خۆشیی خۆیان..' کە ئەوەیان بیست دەستیان بە نووزانەوە کرد و گۆتیان ئێ ئەوان چ بکەن و لە کێندەرێ و کوو لەو دەمودەستە ژن لۆ وان پەیدادەبی؟! ئیدی کە زانیم نەخشەکەم سەردەگری گۆتم 'زۆر هاسانە.. پارەی خۆتان بدەن هەر ئێستا دەچم دوو ژنی لە خۆم جوانتر و گەنجترتان لۆ دەهینم..' خەریکبوو لە خۆشیان خەنییدەبوون و لیکیان بە لالچانیاندا دەهاتەخوارێ! بە کورتییەکەی پارەکی باشم لێبەردانەوە - هەڵبەتە پارە لۆ وان هیچ نییە چون بێجگە لەوەی مووچەکی زۆریان لە بودجەی میللەت لۆ بڕایتەوە

گەندەڵکارییەکی زۆریش لە پرۆژەکانی میریی دەکەن و ناوەناوە گوژمە پارەی قەبە قەبە خیت دەکەن - پێش ئەوەی بڕۆم چووم لە ژۆری نوستنەکەی خۆم کامیرایەکم داناوە - لەوانەی لە ماڵان لۆ دزان و خراپەکاران دایدەنێنەوە - بە جۆرەک دامناوە کە کەس نەتانی هەستی پێ بکا.. جێوبالینگانەکەم جوان جوان رازاندەوە و هەندەک خواردنەوە و پێخۆریشم لۆ دانان تا هەر لەوێ بخۆنەوە و هەر لەوێش کاری خۆیان بکەن..

- ئای ساختەچی! کوو ئەو هەموو درۆیەت پێ رێکدەخرێ رێک.. ئێستا دەزانم لە سەرەتادا شیپی خۆت لێدایە و تەواو خۆت لێیان تێرکردیە ئەوجا پاشان ئەو تێکەولێکەی سۆزانیی پەیداکردن و پارە لێبەردانەوەت لەگەڵیان کردیە.. ئاخر دەزانم ئەتوو چ دەعبایەکی پیسی! (هەندەک نەرمییم نواند تا هەراسانی نەکەم و درێژە بە گێڕانەوەکەی بدا) بەس دەعبایەکی زیرەکیشی ها! ئێی.. دە وەگێڕە بزانم سەرەنجام بە چ گەیشت؟

- نا بە سەری توو کاکە گیان.. ئەمن کوو شتی ئەوها دەکەم بە تایبەتییش لەگەڵ ئەو گەمبۆزانە.. دە ئەتوو راوەستە پاشان هەموویت بە بەڵگەوە لۆ دەسەلمێنم. دەی با بە کورتیی لۆت وەگێڕم؛ ماڵەکی سۆزانییەکان لە نێزیک ماڵێمان هەیە و هەر دە خولەکەک دوورە.. بەرەبەری هێوارێ بوو چوومە ئەوێ و ژنەکی جوانم بە پارەکی کەم رازییکرد کە تا سبەینێ لەگەڵ دوو کەس راببوێرێ، هەر بە مەبەست دوو ژنم لۆ نەبردن تا ناچاربن هەردووکیان پێکەوە خەریکی یەک ژن بن.. ژنەکی ئەوهاشم لۆ بردن کە تەنێ - لە رووی برای خۆم بە پەرژین بی! - لە پێشەوە سێکس بکا تا کە داوای - دیسان لە رووی کاکی خۆم بە پەرژین بی! - مژین و پشتەوەی لێدەکەن و ئەویش رازیی نابی و خۆی ناداتە دەست ئیدی تۆبزیی لێبکەن و دەستدرێژیی بکەنە سەری! کە ژنەکەم لۆ بردن هەر خەنییبوون.. لێ هەندەک سەرگران بوون بەوەی کە چما یەک ژنم لۆیان بردیە.. ئەمنیش گۆتم:

- ئاخر ژنەکی دیکەی ئەوها جوانم وەدەستنەکەت.. بەس دڵنیابن ئەو ژنە ناسک و نازدارە - لە رووی برای خۆم بە پەرژین بی! - هەم تێرنەخۆرەیە هەم زۆر لێزانیشە.. هیچ غەمتان نەبی هەردووکتان تێردەکا و لەبەریشی دەکشێنەوە.. بەڵێنیشتان پێدەدەم جارەکی دیکە دووانتان پێکەوە لۆ دەهینم.. (پاشان پێمگۆتن) بەس هەر کە سبەینەکەی ئەو ژنە دەڕوا دەبی خۆشتان لە پاش وی بە پەلە ماڵەکەم بەجێبهێڵن نەوەک پۆلیستان لێ هاییدار بکاتەوە چونکێ هەیانە خراپ دەردەچن و لە پێناو وەدەستخستنی هەندەک پارە خەڵک بە دەستدرێژیی سووچبار دەکەن.

بە پێی نەخشەکەم دەبووایە ئەو شەوە ماڵەکەمیان لۆ چۆڵ بکەم چون ئەگەر لەوێ بام ئەوە کاتەک کە ئەوان بە پێی خواستە پیسەکانیان ژنەکە تەنگاو دەکەن و تۆبزیی لێدەکەن ئەویش ناچار هانا وەبەر من دەهینی و ئیدی داوەکەم نایگری.. دوایێ هەر خۆشم بەرگەی ئەوەم نەدەگرت کە ئەوان خەریکی ئەو بەزمە بن و ئەمنیش چاوم بزەبزی بێ لە بەرانبەریان! لەبەرهەندێ بەجێمهێشن و چوومە ماڵی پلکێم و شەوێ لە کنە وی مامەوە. سبەینەکەی کە لە ماڵێ نێزیک بوومەوە دیتم نەخشەکەم رێک وەک خۆی دەرچووە؛ دووربەدووریی دیتم چەند پۆلیسەک لە پێش دەرکەی ماڵەکەم دێن و دەچن.. بێ هیچ خۆ تەنگاوکردنەک بە تەنیشتیاندا تێپەڕیم و دوورکەتمەوە.. پاش نێزیکەی کاتژمێرەک کە دووبارە چوومەوە پۆلیسەکان نەمابوون.. بە پەلە چووم کامیرایەکەم هەڵگرت و هەرچی سەرچەف و پەشتەماری وەکاربردرا هەبوون هەمووم فڕێدان.. هەموو ئەو جێیانەش کە دەشیا پەنجەمۆریان لەسەر دەربچی بە جوانیی سڕیمنەوە تا ئەگەر پۆلیس هاتنەوە نەتانن هیچ

بەڵگەک وەدەستبخەن، جا کاکە گیان.. ئێستا پێش ئەوەی ئەتوو هیچ قسەک بکەی ئەمن دەزانم ئەو قسانەی منت هەمووی پێ درۆن.. لێ فەرموو با بە بەڵگە پێشانتبدەم کە ئەو دوو کەسە کوو پارە بەسەر سۆزانییەک دادەبارێنن تا بە پێی حەز و ئارەزووە نەخۆش و درندەییەکانیان لەگەڵیان راببوێری.. کەچی کاتەک کە سۆزانییەکە رازیی نابی وەک ئەوەی ئەوان دەیانەوێ ئەنجامیبدا بزانە بە چ شێوەکی درندانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن و کوو هەردووکیان پێکەوە دەکەونە سەری تا نیوەمردیی دەکەن! (هاوکات لەگەڵ دەرهینانی کامیرایەکەی گۆتی) حەزدەکەم ئەوەش بە کاکی خۆم بێژم کە ئەمن لەو دواییانە گۆڕانکارییەکی زۆرم بەسەرداهاتیە.. ئێستا زۆر باش خۆم دەناسم و دەشزانم ماف و ئازادییەکانی ژنان چن و دەبی بەرگرییشیان لێبکەم.. لەبەرهەندێ بڕیارمدایە کە دەبی تۆڵەی خۆم لەو دوو درندە و هەموو ئەو پیاوانە بکەمەوە کە ئەمنیان لە نێو خەڵک سووک و چرووک کردیە، جا ئەمن هەر لۆ ئەوە هاتیمە کنە توو تا تکات لێبکەم ئەو نەنگیی و ریسوابوونەی ئەو دوو کەونە هاوڕێیەت وەک بابەتەکی جوان لۆ بنووسی - خۆت دەزانی ئەمن دەستی نووسینم نییە - هەروا تێبینییەکیش لە بنەوە بنووسی کە ئەگەر پەلامارم بدەن یان هەر کاردانەوەکی نەرێنیی لە بەرانبەرم بنوێنن ئەوە بە دەنگوڕەنگیش بڵاویدەکەمەوە..

کە کامیرایەکەی خستە سەر تۆمارەکە و دایە دەستم.. هەردووکیانم ناسییەوە و رێک وەک ئەوەی گێڕایەوە ئەوها بوو! هێندە تووڕە ببووم لەسەرم دەڕژاوە.. لە دوو درندەکە نا کە لەمێژبوو دەمناسین و دەمزانی لەوەش خراپتریان لێدەوەشێتەوە و هەر لەوەتەی هەن وەک ڤایرۆس بەربووینە گیانی خەڵک.. بەڵکە لە خانم خۆی.. ئەو دەبەنگە لە کنە خۆی وەبوو چاک بووە و باسی لە خۆناسین و بەرگرییکردن لە ماف و ئازادییەکانی ژنان دەکرد کەچی لە لایەک لە رێی ئەو کارە پیسانەی پارەی پەیدادەکرد و لە لایەکی دیکەش کە پێویستە و دەبی سۆزانییەکانیش وەک هەر خەڵکانەکی دیکە ماف و ئازادییەکانیان بپارێزرێن کەچی ئەو وەک مرۆڤی تەواو تەمەشای نەدەکردن.. زۆر لە کنی ئاسایی بوو لە پێناو جێبەجێکردنی نەخشە بێزەوەرەکەی خۆی ئەو سۆزانییە قەلەندەرەی تووشی دەستدرێژییکردنەسەر و سووکایەتییپێکردن کردبوو! ئیدی تا دەهات لێی پەستتر دەبووم لێ هەر دانم وەخۆدا گرت چون دەمزانی تازە نەک هەر چاک نابی و بە تەواویی خۆی لەدەستدایە بەڵکە خەریکە سەرەتایەکی زۆر خراپتریش لە پێشانی دەستپێدەکا.. لەبەرهەندێ بە پێویستم نەزانی خۆمی لەگەڵ ماندیی بکەم.. لێ لە کۆتاییدا هەر بە خۆم نەوەستام و پێمگۆت:

- سەت خۆزیی بە پێشانت خانم! ئەو کارەت زۆر دزێوترە لەوانەی رابردییت.. ئەوە تەنێ کاری مرۆڤگەلەکی زۆر پیس و نەزانە.. ئەو قسە قۆڕانەش مەکە کە تشتی ئەوها قۆڕ بڵاوبکەیەوە.. ئەوەشیان گەمژەییەکی دیکەتە کە دەتەوێ ئەمن ئەوەت لۆ بخەمە سەر کاغەز.. ئاخر هەر خەڵکەکی پیس و گەمژەی وەک تووە ئەوها نووسین و دەزگە راگەیاندنەکانیان سووک کردیە.. ئیدی ئەمن دەستم لە توو شوشتیە و تەواو.. ئەگەر شەو هێندە درەنگ نەبا هەر ئێستا وەدەرێم دەنای.. (کامیرایەکەم فڕێدا کۆشی و پێمگۆت) بڕۆ لۆ خۆت لەو ژۆرەی تەنیشت ناندینەکە بنوو لێ پێش ئەوەی سبەینێ واگابێم لێرە نەمابی. (کە دیتی زۆر لێی تووڕەم و دەرفەتی هیچ قسەکی دیکەی نادەم بە بێدەنگیی ملی خۆی حیزکرد و چوو نوست، ویستم سەر مێزەکە خاوێن بکەمەوە دیتم کۆمەڵەک زێڕ و زیو و هەگبەکی گچکەی پڕ پارەی لەوێ بەجێهێشتبوو.. ئەمنیش لە ترسی ئەوەی نەوەک ئێهـ شەوێ دزەک بێتە سەرمان یان هەر خۆی نیازەکی پیسی هەبی و بیەوێ بەو هۆیەوە تووشی گۆبەندەکمان بکا هەموویم لە چەکمەجەکی پەرتووکخانەکەمان حەشاردا.. ئیدی بەرەو نهۆمی سەرێ کشام و

خۆم گەیاندە تەنیشت کوریکەسۆرێ.. لێ لە غەم و خەفەتی ئەو بەزمە سووک و چرووکانەی خانمێ گوشاری خوێن و پلەی گەرمییم بەرزببوونەوە و هەر دەتگۆت تام گرتیە.. هەموو جلەکانم داکەندن کەچی هیچ سوودەکی نەبوو و هەر ئارام نەبوومەوە.. ئیدی بە خەو و نیمچە خەوەوە هەر هەڵگێر و وەرگێڕم بوو و تا بەرەبەری رۆژەڵاتێ ئەوجا بە تەواویی خەوملێکەت.. زۆری پێنەچوو لەگەڵ رابوون و خۆئامادەکردنی کوریکەسۆرێ لۆ دەرچوونی واگاهاتم.. لێ باش بوو زوو خەوملێکەتەوە).

لەبەرئەوەی زۆر درەنگ خەوملێکەتبوو کەتبوومە نێو خەوەکی زۆر شیرین.. لەپڕ لە خەونەکی زۆر خۆش کە لەگەڵ ژنەک خەریکی یەک بووین واگاهاتم.. لێ کە هەستمکرد کەسەک لە تەنیشتم راکشایە لەوە دڵنیابوومەوە کە ئەوە راستییە و هەر کوریکەسۆرەکەی خۆمە خۆی پێوەنووساندیمە و خەریکە دەست لە نێولنگانم دەخشێنی و ئارەزوومی تەواو خرۆشاندیە.. کە هەندەک خۆم جووڵاندەوە یەکسەر لە هەمێزی گرتم.. ئەمنیش هەر بە خەواڵوویی و چاوی چوقاومەوە رووی خۆم تێکرد و ماچەکی توند توندم خێواندە لێوەکانی.. لێ تووشی سەرسوڕمان و حەپەسانەکی گەورە هاتم چونکێ هەستمکرد ئەوە لێوەکانی کوریکەسۆر نین! کە چاوم کردەوە دیتم ئەوە خانمە تەڕوبڕەکەیە بە رووتوقووتیی خۆی خزاندیتە بنم!!! هەرچەندە ئەوە زۆر قورس و سەختە لۆ پیاو لە چرکەکاتی ئەوها هەستیار و ورژێنەر پێ لە جەرگی خۆی بنێ و دڵی ژن بشکێنی بە تایبەتییش ژنەکی ئەوها شۆخ و شەنگ و تەڕوبڕ بە رووتوقووتی لە نێو باوەشی خۆی ببینی و ئارەزووکانیشی گەیاندبیتە ترۆپک و هەر خودی ژنەش بە خۆی خۆی خزاندبیتە بنی.. بە تایبەتییتریش لۆ پیاوەکی وەک من کە لێو و سەرگۆی مەمکان لە کنە من دوو ئەفسوونی پڕ هەژموونن و هەر کە بەرمدەکەون هەرگیز ناتانم خۆمیان لەبەر رابگرم و بێ هیچ گومانەک و بە دڵنیاییەوە خۆم لەدەستدەدەم.. لێ گەللەک بە داخەوە ئەوە لۆ من نەدەکرا و نەدەگونجا! چونکێ لە لایەک پابەندبوونم بە کوریکەسۆرێ کە زۆر گرنگ بوو لۆ من و هەرگیز هەڵسوکەوتی ئەوهاشی لە ماڵی خۆمان و لە پشت سەری خۆی لۆ قووتنەدەدرا.. لە لایەکی دیکەش هەرگیز حەزم لە چارەی ژنەکی ئەوها نەبوو کە لە هەموو رووەکانی ژیان خۆی لەدەستدابوو.. هەرکووەک هەبوو بە زۆری زۆردارەکیی پێم لە جەرگی خۆم نا و هەڵوێستم وەرگرت.. ئیدی خۆم لێی سۆرکردەوە و  بە نەرمە تووڕەییەکەوە پێمگۆت:

- ها خانمی تەڕوبڕ.. ئەدی نەمگۆت! ئەرێ.. دیارە کە ئیشوکاری توو هەمووی هەر ئەوەیە! دوورکەوە.. دوورکەوە لێم دەی..

کەچی ئەو پتر خۆی پێوەنووساندم.. دەستەکم خستە بەر شانی و ویستم لەسەر جێوبالینگانەکەمان فرێیدەمە خوارێ - هەرچەندە ئەو نەیدەزانی کە مەم و لێو بەرمدەکەون ئیدی لە پەلوپۆم دەخەن - لێ بە خێراییەکی سەرسوڕێنەر هەر دوو دەستمی گرت و هەر لەخۆوە هەردوو سەرگۆی مەمانی لە سینگم خشاندن و لێوە ئەستوور و پڕ لەپەنگرەکانیشی خستنە سەر لێوانم.. ئیدی هەر بە تەواویی تاواندمیەوە.. رێک وەک ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی لەبیرچوونەوەی سەختیان هەیە هەموو تشتەکم لەبیرچۆوە.. هەر کە لێوانی لە لێوانم کردەوە وەمزانی لەسەر بانیڕا بەربوویمەوە.. کە هەستی بەو بارەی من کرد چاوە رەش و گەشەکانی لە نێو چاوم نا و گۆتی:

- بڕوا بکە کاکە.. ئەمن تەنێ لۆ ئەوە هاتیمە تا پەیمانت بدەمێ کە ئیدی ئەمن چاک دەبم.. چاکبوونەک وەک ئەوەی کە ئەتوو دەتەوێ.. (کە هەندەک خۆم لادا و سەرگۆی مەمانی لە سینگم ترازان.. جارەکی دیکەش وەمزانی لەسەر بانیڕا بەربوویمەوە.. ویستی قسەی دیکە بکا لێ ئەمن دەستەکم خستە بەر سینگی و هەندەک لە خۆم دوورخستەوە و گۆتم):

- جا هاتی بەو جۆرە پەیمانم بدەیێ!؟ (پاش ئەوەی زۆر تکای کرد گێی لێبگرم و ئەمنیش نازانم لۆ هەر لەخۆوە سەری ئەرێم لۆی لەقاند.. بە بزە و نازەکی تیرهاوێژەوە گۆتی):

- ئاخر ئەتوو دەتەوێ ئیدی ئەمن واز لەو کارە بهینم.. ئێ خۆ هەر کەسەک کە بە تشتەکی خراپ ئالۆودە دەبی و پاشان دەیەوێ وازیلێبهینی ئەوە مافی خۆیتی لۆ دوا جار ئەو تشتە پڕ بە دڵی خۆی ئەنجامبدا.. ئێ ئەمنیش دڵنیام ئەتوو وەک کەسەکی یەکسانییخواز ئەو مافەی من و هەر مافەکی لەو بابەتە پێشێل ناکەی.. جا ئەو تشتە خراپەی من کە 'سێکسی بێ پەروا'یە و هەردووکمان پێمان باشە وازیلێبهینم دەمەوێ لۆ دوا جار لەگەڵ جوامێرەکی قشت و قۆز و پڕ هێزی وەک توو ئەنجامبیدەم کە هەڵبەتە پڕ بە دڵی خۆمی و لە نێو هەموو پیاوان تەنێ ئەتووم هەڵبژاردیە هەی لەبەرت بمرم! دە هیچی تێناچی و تەنێ یەک جارە و دوا جاریش دەبی تکایە.. (هەڵبەتە دیاربوو هەر لەو چەند خولەکە کەمەدا پێم فێرببوو و دەیزانی کوو ئارەزووم دەورژێ.. بێ ئەوەی هیچ چاوەڕێی بەرسڤی من بکا؛ دیسان سەرگۆی مەمانی لە سینگم خشاندنەوە و لێوە تەڕەکانیشی خستنەوە سەر لێوانم.. ڕێک وەک ئەو ژنانەی لە ماڵپەڕە سۆزورژێنەرەکان جوولە و هەڵسوکەوتی سەرنجڕاکێشی سێکسیی نمایش دەکەن - هەر باش بوو لەو هەموو تشتە ئەوەندەش فێرببوو! - زۆر بە لێزانیی دەستی بە مژینی لێوانم و لێستنەوەی جەستەم و تەنانەت نێوگەڵێشم کرد... ئیدی ئەو جارە نەک هەر هیچ دەرفەتەکی تێدانەما بەڵکە ئەگەر لە دەستیشم رایبکردبا هەر دەمگرتەوە و بە شێوەک لە شێوەکان هەر ئاشتم دەکردەوە.. بە کورتییەکەی هێندە زیرەک و زیت و زۆرزان و هێندە شارەزا و ورد و هەستیار بوو.. هێندە چاکی لێدەزانی هێندە چاکی لێدەزانی هەرچی وزە و حەز و ئارەزووم هەبوون تێکڕای لە بن هینان.. ئیدی بە جۆرەک دایچۆڕاندم و پووچەڵی کردمەوە زۆر زۆر لەوە دەترسام تا یەک هەفتەی دیکەش نەتانم توخنی کوریکەسۆرێ بکەمەوە!).

تا ئەمن خۆم شوشت و چوومەخوارێ دیتم ئەو تەواو ئامادەیە لۆ ڕۆیشتن.. چەندی پێمگۆت کە نان بخوا ئەوجا بڕوا.. کەچی وەک ئەوەی هەر لەگەڵە ویشم نەبی هیچ وەرامی نەدامەوە.. کاتەکم زانی بە پەلە خۆی گەیاندە ئەودیوی دەرکەکەی دەرێ و بە بزەکی گاڵتەئامزانەوە گۆتی:

- هێی هاوڕێیە یەکسانییخوازەکەم! ئەتووش هیچ جوایێزییەکت نییە لەگەڵ داوێنپیسە زۆردارەکانی وەک ئەو دوو هاوڕێیە دێرینەت.. ئەتوو سەری زمان و بنی زمانت هەر ئازادیی و مافی ژنان و یەکسانییخوازییە.. لە کنە خۆشت وەیە لە هەموو کەسەک باشتری لەگەڵ ژنان.. کەچی وەک دیتمان زۆر بە سووک و هاسانیی ئازادییت بە خۆت دا لە پشت سەری کوریکەسۆرێی هاوسەرت لەگەڵ من رابوێری - بە پێی تێگەیشتنی وی دەبی کوریکەسۆر هەر هاوسەرم بی! - ئەوە لە کاتەکدا کە نەک هەر ئەمنت خۆشناوێ بەڵکە رکیشت لێمە تەنانەت شەوێ خەریکبوو هەر وەدەرێشم بنێی! زۆر باشە.. ئەمنیش لەگەڵ هەموو ئازادییەکانی ژنان و پیاوان دام و لە پێناویشیاندا تێدەکۆشم لێ ئەتوو نەک هەر ئەوە نی بەڵکە لەگەڵ ئەو هەموو مێبازییەی خۆت رێ

نادەی کوریکەسۆرەکەت تەنانەت یەک ماچیش لە پیاوەک بکا! ئەتوو ئازادیی و یەکسانییت تەنێ لۆ خۆت و لۆ پیاوان دەوێ... (دیسان کامیرایەکەی دەرهینا و دایگیرساند.. هەندەک بە لای مندا لاریکردەوە و چاوی لە نێو چاوم نا و گۆتی) ئەوەش فیلمی شەوێمان گیانەکەم.. فیلمە رۆمانسییەکەی من و هاوڕێیە یەکسانییخوازەکەم! (ئیدی لە جێی خۆم سڕیکردم.. لێ ئەمن هیچم بەسەر خۆم نەهینا و بە بزەکی ساردەوە وەها خۆم نواند کە ئەوە تشتەکی زۆر ئاساییە و گۆتم):

- جا ئەوە چیە.. حەزدەکەی برۆ بڵاویشیبکەوە.. (لە مەژیی خۆمدا زۆر بە پەلە و زۆر بە وردیی بیرمدەکردەوە کە چ بکەم باشە.. تەنێ ئەوەم بە مەژییدا هات کە ئەو زۆر حەزی لە پارەیە و تەنێ دەتانم بە پارە ئەو کامیرایەی لەبەردەستی دەربهینم.. هەر لە درێژەی ئەو بیرکردنەوەشم یەکسەر پارە و زێڕەکانی ئەوم وەبیرهاتنەوە کە شەوێ لۆم تقەت کردبوون.. خۆم وەها پێشانندا کە هیچ گومانەک بکا و هەر بە سڕوساردییەوە گۆتم) دە باشە برۆ وەلبە لەبەر چاوانم.. (وەهام پێشاندا رێک وەک ئەوەی هەر لەو چرکەدا ئەوەم وەبیرهاتبیتەوە گۆتم) بەس ئەها.. وەبیرمهاتەوە؛ شەوێ پاش ئەوەی ئەتوو نوستی زێڕ و تشتەکانی دیکەت لەو گۆڕەی کەتبوون و ئەمنیش لە نێو پەرتووکخانەکەمم دانان.. وەرە بیانبە و با جارەکی دیکەش لێرەت نەبینمەوە (هەر کە دەستەکی خستە نێو هەگبەکەی شانی یەکسەر شێوەی قسەکانی گۆڕا و گۆتی):

- ئەها.. ئەوە کوو ئەوانەم لەبیرچوون؟! دە بیانهینە گیان با بڕۆم.. غەمی ئەو فیلمەشت نەبی و ناهێلم کەس ببینی.. تەنێ وەک یادگارییەکی زۆر خۆشی خۆم لەگەڵ توو لە کنە خۆمی دەهێلمەوە.. (ئەمنیش وەک ئەوەی قسەکانیم لۆ گرنگ نەبی بە پەلە چووم تشتەکانیم لۆ هینا و بە ئەندازەک دەستم لۆی درێژکرد کە لە دیوی ژۆرێ تێپەڕ نەکا و نەکەویتە بەر چاوی کامیرای کۆڵان.. هەر کە دەستی درێژکرد و گەیشتە نێزیک دەستم تشتەکانیم بەردان و پڕمدا دەستی و بە یەک تەکانی خێرا رامکێشا ژۆرێ و دەرکەکەم لەسەری داخست.. ویستی بە مۆبایلەکەی پەیوەندیی بکا لێ دەرفەتم نەدایێ و لە دەستیم راپسکاند.. کامیرایەکەم بە تۆبزیی لێستاند.. گریان و پاڕانەوەکانی دادیانەدا.. پاش ئەوەی مۆبایلەکەیم بێ 'سیم کارت' وێداوە دەرکەکەم لۆ کردەوە و پێمگۆت):

- غەمت نەبی پاش ماوەکی دیکە کامیرایەکەت و سیم کارتەکەشت لۆ دەنێرمەوە.. (ئیدی بە تۆبزیی وەدەرمنا و دەرکەکەم داخستەوە و خۆشم بە پەلە جلوبەرگم دەبەرکرد و لە دەرکەی پشتەوە دەرچووم.. خۆم گەیاندە ماڵی هاوڕێیەکم کە دوو کوڵان لەپشت ماڵمان بوو.. کامیرایەکە و سیم کارتەکەم لەوێ دانان و پاش نیو کاتژمێرەک گەڕامەوە.. کە بە پەنادزە خۆم گەیاندەوە کۆڵانەکەمان و دووربەدووریی تەمەشای پێش ماڵی خۆمانم کرد باش بوو پۆلیسی لێنەبوو و بارودۆخەکە ئارام بوو.. ئیدی لە ترسی ئەوەی نەوەک سکاڵام لەسەر تۆمار بکا هەر ئەو رۆژە بە پەلە گرتە تۆمارکرایەکەی 'خۆم و خانم'ێ و ئی 'بەرپرسە کۆمەڵایەتییەکە و بابی ئامۆزا و سۆزانییەکە'شم لە کنە خۆم لەسەر (سیدی)ەک داکردن و لە نێو کامیرایەکەی سڕیمنەوە.. سبەینەکەی زوو لە خەو رابووم و کامیرایەکە و سیم کارتەکەم لۆی ناردەوە).

* * *

**که سەرهاتەکەم تەواوبوو هاوڕێ کڵاوقوت ماوەکی چاک هێدمگرتیی ببوو.. پاشان وەک ئەوەی بیەوێ گوزارشت لە سەرسامیی خۆی بکا لە بەرانبەر ئەو سەرهاتە هەر سەری خۆی بادەدا! پێشتری هەرگیز بەو شێوەم نەدیتبوو.. هەستمدەکرد نیشانەکەم تەواو پێکابوو لەوەی کە ئیدی خۆی دەستپێشخەریی دەکا لە باسی پەیوەندییەکانی پشت سەری هاوسەران یان خۆشەویستان بەوەش هەر خۆی بە شێوەک لە شێوەکان و خۆبەخۆ دەگاتە سەر باسی کوریکەسۆرێ و نهێنییەکانی نێوانیانم لۆ ئاشکرادەبی، پاش ئەوەی هەردوو دەستی لە نێو یەک نان و هەندەک هەڵیکوشین ویستی بێتە گۆ.. لێ ئەمن دەرفەتم نەدا و گۆتم:**

**- نا.. هاوڕێ گیان.. تکایە با ئەو باسە لۆ سبەینێ بی.. دەتانین سبەینێ دانی هێوارێ هەر لێرە یەکدی ببینینەوە.. ئەمن بێجگە لەوەی دەبی ئێستا بڕۆم بچم هاوڕێیەکم ببینم کە هەر لەو نێزیکانەیە وەک خۆشت دەیبینی هەردووکمان ماندیین و دەزانم ئەو باسەش زۆر درێژەدەکێشی.. (پاش ئەوەی رازیی بوو - هەرچەندە بە سەرگرانییەوە بوو - هەر یەکەو بە لایەکدا لە یەک دابڕاین).**

**- ٥١ -**

**سبەینەکەی لە هەمان دەم و جێ کە لەسەری رێکەتبووین یەکمانگرتەوە.. رۆژەکی گەرم و خۆش بوو.. خەڵک لە نێو باخچەکە هەمووی نیوە رووت خۆیان دابووە بەر تاوێ.. لە مەژیی خۆمدا گۆتم زۆر باشە ئەورۆ ئیدی تێر تێر تاو و تیرۆژێ هەڵدەمژم.. کەچی کڵاوقوت نەیهێشت و ناچاریکردم بچین لە مەیخانەک دابنیشین.. ئەوە گوایە بابەتەکەمان زۆر گرنگە و بێ خواردنەوە ناتانین مافی خۆی بدەینێ! هەرکووەک هەبوو پاش ئەوەی جامەک مەیمان هەڵقوڕاند بە بایەخپێدانەکی هێندە زۆرەوە دەستیپێکرد کە دەتگۆت قسە لۆ تەلەفزیۆن یان جەماوەرەکی بەرفراوان دەکا:**

**- لە راستییدا ئەو سەرهاتە زۆر وەهێز و سەرنجڕاکێشە.. بە تایبەتییش لە رووی زمان و داڕێژتنە هونەرییەکەیەوە هێندە پوخت و وەپێزە بڕوا ناکەم هیچ چیرۆکەک بتانی خۆی لە قەرەی بدا! (پاش ئەوەی هەناسەکی هەڵکێشا و خۆی مشتوماڵ کرد بە دوودڵیی و نیگەرانییەکەوە درێژەی دایێ) لێ ئەمن چەندی دەکەم لەو گۆڕانانەی تو تێناگەم و هیچ سەریان لێدەرناکەم؟! یەکەمیان؛ زۆر پێم سەیرە کە ماوەکی چاکە هیچ تشتەکت لۆ من نەگێڕایتەوە ئەوە لە کاتەکدا سەرهاتی ئەوها نایاب و بالکێشیشت لە کن هەبووە.. خۆ ئەگەر زۆر تۆبزییم لێ نەکردبای ئەوەشت نەدەگێڕاوە.. نازانم چ هۆکارەک هەیە بەو شێوە بەرخورد لەگەڵ من دەکەی یان لە راستییدا دەتانم بێژم فەرامۆشم دەکەی؟! دووەمیشیان؛ هەرگیز هەستمنەدەکرد ئەوە لە تو بوەشێتەوە کە لە ماڵی خۆت و لە پشت سەری کوریکەسۆرێ لەگەڵ کەسەک براژیی و کەسەکەش ژنەکی لەو جۆرە بی؟! ئەمن پێشتری چەند جارەک ئەو ژنەم لە ماڵی خۆتان دیتبوو؛ ئەرێ.. هەستمدەکرد بە هۆی هەڵسوکەوتە ناحەزەکانی حەز بە چارەی ناکەی لێ لە کنە خۆم وەهام لێکدەداوە کە ئەتوو وەک بەرپرسیارییەک بە هۆی پابەندییە رێکخراوەییەکانت ناچاری پەیوەندییەکی بەرفراوانت لەگەڵ خەڵک هەبی و پەیوەندییشت لەگەڵ ئەو ژنە - هەرچەندە خزمیشتە - هەر لەو چارچێوە دایە ئەگینا ئەتوو و ئەو ژنە نێوانتان ئاسمان و رێسمانە.**

هەرکووەک هەیە ئەوەیان بە جێی خۆی و زۆر راستە هەروا پێویستیشە کە دەبی ئەمە بڕوامان بە سەرجەم ئازادییەکان هەبی.. ئەوەشمان لە کن ئاسایی بی کە مرۆڤ وەک سروشتی خۆی زۆر جار خۆی لەبەر چێژەکانی ژیان راناگری و خۆی رادەستدەکا.. دڵنیابە ئەمنیش لە جێی توو بام نەمدەتانی خۆ لەو ژنە تەڕوبڕ و چاوبازە بپارێزم! لێ زۆر زۆرم پێ سەیرە کە ئەمن تا ئەو ئاستە لە خوێندنەوەی توو بە هەڵەدا چوومە.. دیارە ئەوەش خۆبەخۆ کەموکوڕییەکی منە لە بەرانبەر هاوڕێیەتیمان، رەنگە بزانی هیچ تشتەک لەوە ناخۆشتر نییە لە کنە من پەسن و ستایشی هاوڕێیەک بکەم و لە بەرانبەرم دانیشتبی.. لێ لەوەیان ناتانم خۆ دەربازبکەم و ناچارم رووبەڕوو بێژم کە ئەمن هەستدەکەم ئاستی راستگۆیی و ئازایەتیی توو لە گێڕانەوەی ئەو سەرهاتەت لە ترۆپکدا بوو.. ئاخر خستنەڕووی خەوش و کەموکوڕیی بە زمانی خۆ ئازایی و جەربەزەییەکی گەورەی گەرەکە و کاری هەر کەس نییە! ئێ خۆ ئەوە ئەرکەکی سەرشانت نەبوو تا ناچاربی بیگێڕیەوە بەڵکە دەتتانی هەر بەردەکی لەسەر دابنێی و هیچ کەسەکیش بەو کەموکوڕییانەت نەزانی کە بە گۆڕێت وەرکردن.. یان کە گێڕاشتەوە دەتتانی بەو شێوە زەقییە باسی ئەو هەموو کەموکوڕییەی خۆت نەکەی کە دەتگۆت بە ئەنقەست وەدوویاندا دەگەڕێی تا بیانخەیەڕوو! هەڵبەتە ئەوەش لە پێشەڕۆژدا دەبتە چمکەک لە چەمکی مێژووی راستەقینە.. ئەمن پێشترێ لەو بڕوایەدا بووم کە هیچ کەسەک نییە لەو جیهانە بتانی مێژوو وەک خۆی بنووسی لێ ئێستا وەدەرکەت کە هەڵەبووم.. ئەدی ئەوە نییە ئەتوو هەی! هەنووکە ئەمن دڵنیام هەر بە هەمان راستگۆیی و بێ ئەوەی هیچ تشتەک لەبەرچاو بگری و لە هیچ تشتەک بترسێی ئەو سەرهاتەت دەقاودەق لۆ کوریکەسۆرێش گێڕایتەوە.. لێ ئەوەیانم هەر زۆر پێ سەیرە کە کوو کوریکەسۆر بەوەی زانیە و هیچ گرفت و گۆبەندەکیشی لۆ چێنەکردی؟! ئاخر جارەک ئەتوو بە منت گۆت هەرگیز ئەو ناتانی نەرمیی لە بەرانبەر ئەوە بنوێنی کە لە ماڵی خۆتان و لە پشت سەری وی سێکس یان هیچ جۆرە دەستبازییەک لەگەڵ هیچ ژنەکی دیکە بکەی.. نازانم چ بێژم هاوڕێ.. ئایە دەبی کوریکەسۆریش نەرمیکردبی و بەو جۆرە وەرگۆڕابی کە ئەویش ئێستا کاری ئەوهای لێدەوشێتەوە و دەتانی لە پشت سەری توو ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە بکا.. تا بە هەمان شێوە ئەو مافە بە تووش بدا!؟ (هەستمدەکرد تا دێ لەوە نێزیک دەبتەوە کە ئەمن مەبەستمە بیدرکێنی.. لەبەرئەوە بە باشم زانی خۆم لە قسەکردن ببوێرم تا دەرفەت وەربگری و بە ئارەزووی خۆی بدوێ) هەرچەندە ئەوە دەستوەردانە لە پەیوەندیی تایبەتی نێوان خۆت و کوریکەسۆرێ لێ ئەمن ئەنگۆ لە هەموو رووەکەوە بە کەسە هەرە نێزیکەکانی خۆم دەزانم لەبەرهەندێ دەتانم ئەو مافە بە خۆم بدەم و لێتبپرسم ئایە ئەگەر کوریکەسۆر بە هەمان شێوەی توو رەوتار بکا لە کنت ئاسایی دەبی و دەتانی درێژە بە پەیوەندییەکەت بدەی لەگەڵی؟! نازانم.. ئەوە گرفتەکی مەزنە لە دیدی من! ئەرێ.. ئەوە راستە کە پێویستە لە نێو رێکخراوەکەمان ئەو ئازادییە هەبی و ژنان و پیاوان لە مافی وەک یەک بەهرەمەند بن.. لێ ئەو ماف و ئازادییە - وەک پێشترێش چەند جارەک پێکەوە باسمانکردیە - رەنگە سەرەنجام سەرتاپای رێکخراوەکەمان بە شێوەکی ئەوتۆ دووچاری گەندەڵیی سێکسیی بکا کە ئەگەر بە بنبەستی نەگەینی ئەوە بە لایەنی کەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان دەشێوێنی و گیروگرفتی گەورە گەورەمان لۆ چێدەکا.. جا ئەوە پرسیارەکی زۆر گرنگە لە کنە من.. نازانم لەبەرچی هاوڕێیانی رێکخراوەکەمان بە تایبەتییش ئەوانەی ئەرک و بەرپرسیاریی گەورەیان هەیە و لە هەمووان چالاکترن زۆربەی هەرە زۆریان هەمان کێشەی توو و کوریکەسۆرێیان هەیە؟! (زۆر قسەم لە کن خڕ ببوونەوە.. دەترسام ئەگەر هەر ئەوها درێژەی بداتێ ئەوە باسەکەمان هەمووی لێ

تێکەڵوپێکەڵ ببێ و نەتانم لە کەلەنەک سەبارەت بە مووەکانی وی و پەیوەندییەکەی بە کوریکەسۆرێوە هیچ سەرەداوەکی نهێنییەکان وەدەستبخەم و تشتەکم لۆ وەدەربکەوی.. ئیدی ناچار قسەکەیم پێ بڕی):

- بابەتەکەت زۆر درێژکردەوە هاوڕێ.. ئەگەر قسەکت لەو رووەوە نەمایە با ئەمنیش یەک دوو قسان بکەم؟ (وەک ئەوەی لە جێیەکی ئارام دانیشتبی و خەریکی نووسینی هۆنراوان بی و ئەمنیش کەش و باری دانیشتەکەیم تێکدابی یەکسەر گۆتی):

- نا نا هاوڕێ گیان.. تکایە زنجیرەی بیرکردنەوەکانم مەپچڕێنە.. راوەستە با قسەکانم تەواوبکەم.. (ناچار خۆم بێدەنگ کرد و درێژەی بە قسەکانی داوە):

- ئەرێ هاوڕێ.. ئەو کاتەم باش وەبیرە کە ئەتوو لۆ یەکەمین جار مەترسیی ئەوەت بە گێی مندا چرپاند و گۆتت رەنگە لە ئاییندەدا تێکڕای ئەندامانی رێکخراوەکەمان تووشی گەندەڵیی سێکسیی ببن.. ئەمن لەو دەم بە هیچ شێوەک هەستم بە گرنگیی ئەو قسەت نەدەکرد.. کەچی ئێستا وەک دەیبینین پێشبینییەکەت زۆر راست دەرچوو هاوڕێ.. لێ لەبەرئەوەی ئەتوو کاروبارە رێکخراوەییەکانت هێندە بە توندیی و بە هیشکیی وەرگرتیە هاوڕێیان هەمیشە شەرمەکیان لە رووی توو هەبووە و نەیانتانیە دڵی خۆیان لە کنە توو بکەنەوە تا نهێنییە کەسییەکانیان بدرکێنن.. ئەوەش وەهای لە توو کردیە تا رادەکی زۆر لەو هەموو گەندەڵییە سێکسییەی کە ئێستا لە نێو رێکخراوەکەماندا هەن بێ هایی بی.. لێ وەک خۆت دەیزانی ئەمن ئەوها نیم و هەردەم هاوڕێیان تانیتیان بە هاسانیی خۆیان لە کنە من دەربڕن و هەر نهێنییەکی هەیانبووبی نەیشێرنەوە.. بڕوابکە ئەوەی ئێستا ئەمن دەیزانم هەر کارەساتەکە لۆ خۆی! هاوڕێیانەکی ئێکجار زۆرمان هەن لەو دواییانە دووچاری ئەو کێشە بوونە.. لێ کە تا نووکە لە کنە توو باسنەکردیە ئەوە لەبەرهەندێم بووە کە لەو ماوەی گەشتەکەت بە هۆی ئەوەی خەڵکەکی زۆر پەیوەستی رێکخراوەکەمان ببوون تووشی جۆرەک لە شەپرێوی و بێسەروبەریی رێکخراوەیی ببووین.. جا گۆتم با ئەتوو بەو گەندەڵییە سێکسییە خەریک و سەرگەرم نەکەم و توانایەکانت لە رێکخستنەوە و چارەسەرکردنی گرفتە رێکخراوەییەکانی دیکەمان بخەیەگەڕ.. لە راستییشدا لە پاش هاتنەوەت جێبەنجەت زۆر بە جوانیی دیارە لە چارەسەرکردنیان و ئێستا رێکخراوەکەمان زۆر زۆر چاکتر و چالاکتر بووە.. لێ ئێستا چیدی ناتانم ئەو گەندەڵییە سێکسییەت لێوەشێرم چون خەریکە دەبتە مەترسییەکی گەورە و ئەگەر زوو پێشی لێنەگرین ئەوە بێجگە لەوەی رێکخراوەکەمان لەدەستدەدەین زۆر لەگێنە بشبینە کۆمەڵە کارخانەکی کرین و فرۆشتنی سێکس! جا ئێستا کاتی ئەوەیە هەرچی لە بن بەرێیە لۆت بخەمە سەر بەرێ؛ زۆر دڵنیابە لەوەی کە بە دەگمەن هاوڕێمان هەیە بە جۆرەک لە جۆرەکان دووچاری ئەو گەندەڵییە نەبووبی.. ئەوە هیچ کە تێکڕای ئەندامانی ئەو گرۆیەی کە پێشترێ بەکۆمەڵ وازیان لە پارتیەکەیان هینا و هاتنە نێومان ئێستا زۆربەی زۆری ئەوانە هەر یەکەکیان پێڕەک یان چەند پێڕەکیان لە نێو رێکخراوەکەمان هەیە.. ئەوە راستە زۆر چالاکن لێ زۆربەی ئەندامانیان فێری ئەو بەزمی گەندەڵییە سێکسییە کردیە کە کاتی خۆی بەرپرسی یەکەمی پێشانیان واتە 'بابی کیژە تاقانەکە' لۆ من و تووی باسکرد.. واتە ئەوانە ئێستا لە هەر کات و جێیەک کە بە یەک دەگەن 'تێبرە و تێکوتە!'ی خۆیان لە جاران فرەتر ئەنجامدەدەن! 'مامۆستای مۆسیقاژەن و گرۆیەکەی' کە پێشان وەک دەبێژن دەتگۆت پەپوولەن.. ئێستا ئەوانیش هەر بە تەواویی لەبەریان بردیتە دەرێ.. هیچ تیپەکی هونەریی و هونەردۆستەکی نێو رێکخراوەکەمان نەمایە ئاڵوودەی ئەو بەزمەیان نەکردبی! 'هاوڕێیە رەنجەڕۆیەکەت' کە خۆت دەیزانی چەند هیشکوبرینگە تەنانەت ئەو حەمکە جوانییەی کوریکەسۆرێ سەرنجی

رانەکێشابوو و نەیتانیبوو لەگەڵی بژی.. کەچی ئێستا هەر لەسەر کەس پاز نادا تەنانەت ئامادەیە لە پێناو یەک گان گرنگترین کاری چارەنووسسازی ڕێکخرواەکەمان فەرامۆش بکا! 'کیژە نووسەرە توندڕەوەکە و مێژوونووسە سەرڕاستەکە' هەردووکیان - ڕاستەخۆ پاش ئەوەی کە ئەتوو جارەک دەربارەی وان گۆتت 'ئەوانە لەو ڕۆشنبیرانەن تا لەگەڵیان نەژی نایانناسی...' - هەر لە شارەکەی خۆیانەوە بە هاوڕێیانمان پەیوەست ببوون و ئێستا دوو بەرپرسی دیارن لە شارەکەی خۆیان.. هەر لەگەڵ هاتنیان لۆ نێو ڕێکخراوەکەمان هاوڕێیان ئەوانیشیان فێرکردبوون.. هەرچەندە دەبێژن لە سەرەتادا زۆر شەرمیان دەکرد و کاتەکی زۆری ویست تا فێربوون لێ ئێستا هێندە گەشەیان کردیە هێندە شارەزا و ژێهاتیی بوونە لەو بەزمە بە داک و بابی گەندەڵیی سێکسیی ناوبانگیان دەرکردیە.. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کیژە نووسەرە توندڕەوەکە واتە داکی گەندەڵیی سێکسیی بە شێوەکی زۆر خراپ گەڕایتەوە سەر هاوڕەگەخوازییەکەی پێشانی کە جارەک ئەتوو لە گێڕانەوەی سەرهاتەکەی گۆتت لەگەڵ دەستەخوشکەکەی فێرببوو! ئەو 'کیژ'ەی کە لە نێو سەرهاتی خانەوادەک باسمکرد کە پاش لەدەستدانی بابی بە هۆی ژاردەرخواردداں تووشی بێسەروبەریی و دەرمانخواردن و هەڵسوکەوتی سێکسیی توندڕەوانە ببوو و پاشانیش لە هەلەکدا بەسەر کێشەکانیدا زاڵ دەبی و سەماکەرەکی ناودار و زۆر بەخشندە و میهرەبانی لێدەردەچی.. ئەویش لەمێژە گەڕایتەوە سەر بەزمورەزمەکانی جارانی.. ئی وی هەر زۆر خراپە چونکێ لەگەڵ کەسی دەوڵەمەند و قۆز نەبی ناخەوی.. هەر لەو دوایانە لەسەر گەیشتن بە باوەشی وی چەندین شەڕەقسە لە نێوان هاوڕێیان بەرپابووە! نازانم باسی کێت لۆ بکەم هاوڕێ.. هەر کێی گومانی لێناکەی و پەنجەی لەسەر دادەنێی کەم و زۆر و بە شێوازەک لە شێوازەکان جا بە ئاشکرایی یان بە نهێنیی هەمان ئەو کێشەی هەیە و ڕێڕەوی کۆشانی بەرەو نێو کۆش گۆڕیە! چت لێوەشێرم هاوڕێ تەنانەت کەسەکی وەک 'دادە کوڕانیی'ش کە ڕەنگە ئەتووش ڕۆژەک لە ڕۆژان بە هۆی جوانیی و ناسکییە لەڕادەبەدەرەکەی مرخت لێی خۆشکردبی! ئەویش هەر لەو بابەتەیە و تەنانەت هەندەک هەڵسوکەوتی نامرۆییانەشی هەیە لەو ڕووەوە... (هەرگیز ئەمن پێشبینیی ئەوەم نەدەکرد ئەو هاوڕێیانە لە بارودۆخەکی ئەوها نەرێنییدا بن.. کەچی ئەو هاوڕێ کڵاوقوتە بە جۆرەک تووشی سەرسوڕمانیی کردم کە دەوم بەشبۆوە لە بەرانبەری.. باسکردنی ئەوەی کە دادە کوڕانیی هەڵسوکەوتی نامرۆییانەی هەیە کزەی لە جەرگم وەدەهینا چونکێ ئەمن بە پێی هەڵسوکەوتەکانی بە کەسەکی زۆر چاک و مرۆپەروەرم دەزانی.. وەک ئەوەی ئەمن دەمناسی بێجگە لەوەی کەسەکی هۆشیار بوو زۆر ئازایانەش بەرانبەر هەژموونی پیاوسالاریی وەستابۆوە و بێ هیچ ترسەک سێکسی خۆی ئازادکردبوو! ئەوە ڕاست بوو لە سێکسکردن هەندەک خۆپەرستانە بوو.. لەو بارەوە ئەزموونم لەگەڵی هەبوو و دوو جار لەگەڵی ڕازابووم.. ئامادەبوو لە پێناو گەیشتن بە حەزەکانی خۆی لەبەرت ببتە خاکوخۆڵ و زۆر تشت فەرامۆش بکا و هەمیشەش هەر منەمن و منجەمنجی بوو.. هەر ئەوەش بوو وەیکردبوو کە زۆر لێی بێزار ببم تەنانەت کە دیتم لە ڕێکخستنی دیدارەکەم لەگەڵ بابی هەروا لە وەچاپگەیاندنی پەرتووکەکەی بابی زۆر بێسەروبەرە و بە ئەنقسەت دەستیی دەستییم پێدەکا هەر بە ئێکجاریی بە لایدا نەچوومەوە.. لێ هەرگیز هەستم بەوە نەدەکرد هیچ هەڵسوکەوتەکی خراپی لێبوەشێتەوە بە تایبەتییش کە ئەو کیژی خانێ کوڕانیی و کاکە کیژانییە! زۆر بە داخ بووم.. نەمدەزانی دەبی ئەو هەڵسوکەوتە نامرۆییانەی چ بن!؟ گۆڕانی هاوڕێیە ڕەنجەڕۆیەکەم و کیژە سەماکەرە ناودارەکە و بارودۆخی هاوڕێیانی دیکە لە نواندنی هەڵسوکەوتی لەو جۆرانەیان کە باسیکردن تەواو هەراسانیان کردبووم.. هەستمدەکرد ئەرکەکی زۆر قورس و گەورەی ڕێکخراوەییم

کەتیتە سەرشان.. کێشەی مووەکەی کڵاوقوتیم هەر لەبیرچووبۆوە! ئیدی نەمتانی لەوە پتر خۆم رابگرم و یەکسەر هاتمە گۆ):

- فرە سوپاس لە نواندنی ئەو دڵسۆزیی و غەمخۆرییەت چ لە بەرانبەر رێکخراوەکەمان چ لە بەرانبەر من و کوریکەسۆرێ، داوای بووردنەکی گەورە دەکەم لەوەی کە وەک کوو ئەتوو لە خوێندنەوەی من هەندەک بە هەڵەدا چووبووی ئەمنیش بە هەمان شێوە لە خوێندنەوەی توو؛ لەمێژە.. لەوەتەی سەرهاتانت لۆ ناگێڕمەوە تا پێش ئەو قسانەشت کە تازە کردنت بە جۆرەک لە تشتەک لێت بە گومان کەتبووم کە چیدی بە پێویستی نەزانم هەر گوراحی ئەوەشم نەبی سەرهاتانت لۆ بگێڕمەوە! تکایەکی هاوڕێیانەت لێدەکەم کە هەرگیز نامەوێ پرسیاری ئەوەم لێبکەی ئەو تشتە چیە کە بە گومانی خستبووم چون حەزناکەم بە گومانەکی من نیگەران ببی.. لێ ئیدی مەرج بی لەنەوپاش هەر سەرهاتەکی تازەم لە کن پەیدابیی تەناتەت مێشەکیشم پێ هەڵبگەرێ دەمودەست لۆت دەگێڕمەوە. ئەوەی ئێستا زۆر گرنگە لە کنە من ئەوەیە کە بە زووترین کات بە فریای رێکخراوەکەمان بکەوین.. لە راستییدا ئەمنیش تا رادەک هەستم بەو ئاریشەی نێو رێزەکانی رێکخستنەکانمان دەکرد لێ بەو فراوانییە نا کە ئەتوو لێی دوای، ئەمن گومانم لەوە نییە ئەگەر راشکاوانە لە کۆبوونەوە گشتییەکانی هەر شارەک بڕیاری وەخۆداچوونەوە و چاکسازیی وەربگیردرێ دەتانین بە هاسانیی بەسەریدا زاڵ ببین.. بێ گومان نابی ئەمە رێ لە ئازادیی سێکسیی و پەیوەندییەکانی هیچ کەسەک بگرین چون رێگرتن لە ئازادییەکانی خەڵک تەنێ لە پارتی و رێکخراوی وابەستە بە پارتی و دین و دەسەڵات و سیستەمی سەرکوتکەری ئێستای جیهان دەوەشێتەوە کە لە هەر وڵات و نێوچەک بە جۆرەک پیادەی دەکەن و هەر خۆشیان داهێنەری بوونە و بە پێی سەردەمیش شێوازی تازەی لۆ دادەتاشن و درێژەی پێدەدەن.. ئەگەر ئەمەش ئەوها بکەین کەواتە چمانکرد و چ جوایەزییەکمان لەگەڵ وان هەیە!؟ وەک دەیزانین ئەو دەزگە و پارتی و رێکخراوە رامیارییانە بە سیستەمی گشتییشەوە لەسەر شێوەی قووچەکیی چێبوونە.. هەر گرفتەکیان هەبی و بیانەوێ چارەسەری بکەن ئەوە دەبی لە ترۆپکی سەرێڕا بڕیار دەربچی و بە قامچییەوە بێتەخوارێ تا دەگاتە بنی بنەوە.. واتە دەبی رای جوایەز سەرکوت بکرێ و ئازادیی پێشێل بکرێ و بە داری تۆبزیی بە ئامانجەکەیان بگەن.. لێ رێکخراوەکەی مە کە لە نێو پانتایی رێزەکانی جەماوەر بە شێوەکی ئاسۆیی چێبووە و گەشەیکردیە رێک بە پێچەوانەی ئەوان بە پشتبەستن بە رای بەکۆمەڵ و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتیی رەوتار دەکا.. واتە چارەسەرکردنی هەر گرفتەک لە نێو مەدا بڕیاری تاک و ترۆپک ناناسی بەڵکە سەرەتا وەخستنەڕووی گرفتەکە لە نێو سەرتاپای رایەڵەکانی تۆڕی رێکخستن دەستپێدەکا ئیدی پێشنیارەکان وەک چارەسەرگەلەک خۆبەخۆ لە نێو رایەڵەکان دەجمێن تا ئاوێتەی یەک دەبن و رای نێوکۆیی چێدەکەن و لە شێوەی کارنامەک کە هیچ کەسەک پێی نامۆ نابی و هەر کەس بە بڕیاری خۆی دەزانی دەکەویتە واری جێبەجێکردنەوە، ئەوە هەر وەک وەبیرهێنانەوەک بوو ئەگینا خۆت لە من باشتری لێدەزانی کە رێکاری مە هەر لە سەرەتاوە بەو جۆرە بووە و هاییداریشی چەندین گرفتی لەو بابەتەمان بەو شێوازە چارەسەرکردیە.. جا مەبەستە سەرەکییەکەی من ئەوە بوو کە بێژم ئەو گرفتەی هەنووکەی مە لەگەڵ ئەوەی سروشتەکی تایبەتی هەیە و پەیوەستە بە ئازادیی تاکەکانەوە لێ کە باندۆر لەسەر هەڵسوکەوت و کاروبارەکانمان دادەنێ خۆبەخۆ وەردەگۆڕێ و دەبتە پرسەکی رێکخراوەیی ئیدی ئەوەش ناچارمان دەکا بە رێکاری رێکخراوەیی چارەی بکەین لێ بە مەرجەک هەرگیز بە پاساوی راشکاوبوونمان لە 'نەخشەی چارەسەر و شێوازی رێکار و جوولەکانی جێبەجێکردن' دەست لە

پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوان هاوڕێیان وەرنەدەین و ئازادییەکانی خۆدەربڕینیان پێشێل نەکەین.. دیارە ئەوەش ئەرک و ماندووبوونەکی پترمان لێ دەخوازێ چون ئەوە یەکەمین جارە دووچاری گرفتەکی لەو بابەتە دەبین و شێوازی چارەسەرکردنەکەشی وەک ئەزموونەکی تازە هەندەک سەختە.. لەبەرهەندێ دەبی قورسایی ئەو کارە پتر بکەویتە ئەستۆی من و توو و هاوڕێیانەکی دیکە کە ئەزموونمان پترە لە نێو ڕێکخراوەکەمان.. (پاش ئەوەی لەگەڵ زۆربەی را و پێشنیارەکانم کۆک و هاودەنگ بوو و ئەویش هەندەک پێشنیاری دیکەی خستنەڕوو پێکەوە ڕێکارەکی پوختەمان دانا کە کوو ئەو پرسە ببەینە نێو هاوڕێیان و ڕێچکەی خۆی وەربگری، کە هەستمکرد دەتانین بەرانگژی ئەو گرفتە ببینەوە هەندەک ئاسوودەیی بە گیانمدا گەڕا.. لێ کاری نامرۆییانەی دادە کوڕانییم هەر لەبیرنەدەچۆوە و مەژییمی تەواو داگیرکردبوو.. ناچار باسەکەم هانیەوە سەر دادە کوڕانیی):

- باشە ئەتوو دڵنیای دادە کوڕانیی وەک باستکرد هەڵسوکەوتی نامرۆییانەی هەبی.. خۆت هیچ کارەکی نامرۆییانەت لێدیتیە؟

- ئەرێ.. دڵنیام و لێشمدیتیە! هەرچەندە ئەو باسە هەندەک ناخۆش و گرانە لۆ من کە بتانم لە رووی توودا لێی بدوێم.. لێ تازە ناچارم و ناکرێ لێتی وەشێرم هاوڕێ.. لێ ئێستا هەست بە ماندیبوونەک دەکەم لەبەرئەوە باشترە لێرە دەربچین و هەندەک پشیی بدەین.. (کە چووینە دەرێ گەڕاینەوە باخچەکە.. پاش چوونە سەرئاو بەدەو پیاسەکردن و رۆنین لە گوڵ و گوڵزاران هەندەک حەساینەوە.. کەچی دەمدیت هەر خۆی بە قسە و باسی دیکەوە خەریکدەکا.. هەستمدەکرد هێشتا هەر شەرم دەکا و خۆی لە بابەتەکە لادەدا.. لەبەرهەندێ ناچاربووم لۆ ئەوەی شەرمی بشکێ هەندەک بەزمی خۆم و دادە کوڕانیی لۆ وەگێڕم):

- هاوڕێ گیان.. پێویست ناکا شەرم بکەی چونکێ بێجگە لەوەی ئەمە سەرهاتی زۆری لەو بابەتەمان لۆ یەکدی گێڕایتەوە دادە کوڕانییش نامۆ نییە لە کنمان و هەردووکمان باش دەیناسین.. بێ گومان وەبیرتدێ کە جارەکیان هەندەک باسی بێزاریی خۆم کرد لە بەرانبەر منجەمنج و بینەوبەردەی دادە کوڕانیی لەسەر وەپاشخستنی دیتنی کاکە کیژانیی و وەچاپگەیاندنی پەرتووکەکەی کە گۆتمە توو تکایە لەنەوپاش ئەتوو ئەو کارە بگرە ئەستۆ.. جا پێش ئەو دەم هاتوچۆم لەگەڵ دادە کوڕانیی زۆر گەرموگوڕ بوو و دوو جاریش لەگەڵی نوستبووم.. (هەر کە ئەوەی بیست وەک ئەوەی جامە ئاوەکی ساردی پێدابکەن یەکسەر راجفری و چاوی زەقبوونەوە!) لێ کە ئەو دەم نەمگێڕاوە لەبەرئەوەم بوو تا ئەتوو لە بەرانبەری ساردنەبیەوە و بتانی لە وەچاپگەیاندنی پەرتووکەکەی بابی هاوکاریی بکەی.. باش بوو لەو دواییانە پەرتووکەتان وەچاپگەیاند و دووبارە دەستخۆشییت لێدەکەم.. جا شەرمی پێناوێ هاوڕێ.. چونکێ هەردووکمان دەیزانین دادە کوڕانیی بەو هەموو جوانیی و نازەنینیەی بە تایبەتییش کە خۆی بیەوێ بێتە باوەشت ئی ئەوە نییە هیچ پیاوەک بتانی خۆی لەبەر رابگری! تکایە دەست بە باسەکەت بکە.. ئاخر ئەو کە هاوڕێیەکی خۆمانە و لایەکی ڕێکخراوەکەمان وەرێوەدەبا زۆر گرنگە و هەر پێویستیشە ئەمن بزانم ئەو هەڵسوکەوتە نامرۆییەی وی چیە.. (ماوەکی چاک داما.. دیتم بێجگە لەوەی کەتبووە شەڕەکی دەستەویەخە لەگەڵ شەرم و دەیویست بەسەریدا زاڵ ببی هەستمکرد زۆر ماندییش دیارە و پێنەدەچوو حەوسەڵەی ئەوەی مابی لە بابەتەکی ئەوها بدوێ.. لەبەرهەندێ گۆتم):

- دەی با ئەو بابەتە لۆ کاتەکی دیکە هەڵبگرین.. لێ نازانم کەنگێ دەرفەتم دەبی.. دوایێ پەیوەندیی دەکەین و کاتەک دادەنێین.. (دیاربوو زۆری پێخۆشبوو و یەکسەر گۆتی زۆر باشە هاوڕێ.. ئیدی پاش ئەوەی سەرەکی بازاڕەکەی ئەوێمان دا و هەندەک کەلوپەلمان کڕی هەر یەکەمان بەرەو ماڵی خۆمان ڤەگەڕیاین).

- ٥٢ -

چەند رۆژەک تێپەڕی نە ئەمن پەیوەندییم کرد نە کڵاوقوت.. ئەمن هەر بە ئەنقەست نەمدەکرد تا بزانم ئایە بە راستیی شەرمیدەکرد یان هەر نایەوێ باسی بابەتەکە بکا، هەر لەخۆوە ئەوەم بە مەژییدا هات با مێواندارییەکی بکەم و دانیشتنەکەمان هەر لە ماڵێ ئەنجامبدەین.. دوایێ کە بیرمکردەوە ماوەکی چاک بە خۆم پێکەنیم؛ ئاخر ئەو شەرمیدەکرد لە بەرانبەر من باسی ئەو بابەتە بکا ئێ کوو ئێستا دەتانی لە بەرانبەر من و کوریکەسۆرێ ئەوە بکا.. بێجگە لەوە هەر کوریکەسۆریش ئی ئەوە نەبوو گێ لە بابەتەکی لەو جۆرە بگری کە رەنگە چەندین راز و نهێنیی سێکسیی دادە کوڕانیی تێدا ئاشکرابین کە لەگەڵ کڵاوقوتێ یان لەگەڵ من هەیبوون.. جا ئەوە چ بە هۆی ژنایەتیی کوریکەسۆرێ و ئاستی ئەو تێگەیشتنەی ژنان بی کە لە ژێر زەبری چەوساندنەوەی رەگەزیی ناتانن وەک پیاوان بەرخورد بکەن و شەرمدەکەن یان راستتر بێژم سەرکوتدەکرێن و ناتانن لە لایەنی رەوتارەوە لە ئازادییەکانی بەهرەمەند بن.. چ بە هۆی هەبوونی ئەو پەیوەندییەی من و کوریکەسۆرێ بی کە ناکرێ - یان ناهێلن بکرێ - لەگەڵ ژنانی دیکەش هەمبی، هەر لەو ئەندێشە و بیرکردنەوانەدا بووم لەپڕ کڵاوقوت تەلەفۆنی کرد.. لێ بێجگە لە قسەی ئاسایی بە هیچ جۆرەک بە لای دانیشتنەکەماندا نەچوو.. هەستمدەکرد دەیویست ئەگەر ئەمن باسینەکەم ئەوە ئەو بێدەنگیی لێبکا و چیدی بە لای ئەو بابەتەدا نەچینەوە.. لەبەرهەندێ ناچارمام خۆم باسمکرد و هەر خۆشم دەم و جێی دانیشتنەکەم دانا.. دەربارەی جێیەکە هەر بە ئەنقەست قاوەخانەکم هەڵبژارد کە هیچ مەیخانەکی لێ نێزیک نەبوو.. ئەوەش تا ناچارم نەکا بچینە مەیخانە و لەوێ بخۆینەوە بە ئارەزووی خۆی وەنێو قسان بکەوی تا ئەگەر هەر یەکەک لە قسەکانی لە پێشەڕۆژ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی نەگونجا یان بە دڵی نەبوو بە بیانووی ئەوەی کە قسەی کاتی سەرمەستیی هیچ نییە یان باجی لەسەر نییە بە هاسانیی خۆی لێی دەرباز بکا! ئاخر ئەمن زۆر بەوە پەست و نیگەران دەبم کە هەر بە مەبەست - جا چاک یان خراپ - جوایەزیی دەخەنە نێوان قسەکانی دەمی سەرمەستیی و دەمانی دیکە کە لە راستییدا تەنێ کەش و دەمی قسەکردنەکان جودان ئەگینا قسەکان خۆیان هیچ جوایەزییەکیان نییە تەنێ ئەوە نەبی کە قسەی دەمی سەرمەستیی بێ پەردە و تەمومژە و زۆر بە رۆنیی تێیدەگەی لێ قسەی دەمانی دیکە بە هۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکان بە تایبەتییش بەرژەوەندییە کەسییە خۆپەرستییەکان بە شێوازەک دەردەبڕدرێ کە پڕ گرێگۆڵ و تەمومژە و دەکرێ چەند واتای جودا ببەخشی.. بێجگە لەوەش ئەمن هەر خۆم حەزناکەم و هەرگیز پێم باش نییە لە دەمی باس و بابەتی گرنگ مەی بخورێتەوە چون نە دەتاندرێ باس و بابەتە گرنگەکە مافی خۆی بدرێتێ نە

خواردنەوەکەش کەش و بارەکی ئەوتۆ چێدەکا کە ئامانج لێی بەباکردنی غەمەکان و حەسانەوە و وەڕێکردنی کاتەکی ئاسوودەیە.. ئاخر بە هیچ جۆر و شێوەک ناکرێ و ناشێ ئەو دووانە تێکەڵوپێکەڵ بکرێن چونکێ؛ دانیشتن و گفتگۆکردن لەسەر باس و بابەتی گرنگ لە پێناو گەیشتن بە راستییەکان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ژیانە نەک یەکدی وەڕسکردن و نانەوەی کێشە و ئاریشەی پتر! مەیخواردنەوەش لە پێناو گەیشتنە بە سەرمەستیی و رابواردنی دەمەکی ئاسوودە و ئارام نەک ئەوەی کە مەی بتخواتەوە و لەسەر پەنجەی خۆیت بسوورێنی و وەگژ دار و بەردەوە بچی!

لە هەمان دەم و جێی کە دامانناببوو گەیشتینە یەک.. پاش ئەوەی قاوەکمان خواردەوە وەک ئەوەی بیەوێ گۆرانییەک بچڕی قوڕگی خۆی خاوێندەکردەوە و خۆی ئامادە دەکرد تا دەستپێبکا.. دیاربوو شەرمەکەی هەر بەرینەدابوو لێ هەرکووەک هەبوو بەرانگژی بۆوە و تەکانەکی دا بەر خۆی و دەستپێیکرد:

- چ بێژم هاوڕێ.. لە راستییدا پێویستە هەمدیس داوای بووردنت لێبکەم کە ئەمن لە خوێندنەوەی توو سەرچیغ چووبووم.. زۆر بە داخەوە لە پاش ماوەکی ئێکجار زۆر ئەوجا ئێستا لۆم وەدەردەکەوی کە ئەمن هێشتا زۆرم مایە لە حەز و ئارەزووە نهێنییە سێکسییەکانی توو تێبگەم.. هەرچەندە وەک خۆت گۆتەنی دادە کوڕانیی ئی ئەوە نییە پیاو بتانی خۆی لەبەر رابگری! لێ تەنانەت ئەگەر ئێستاش بەو دوو چاوانەی خۆم ئەتو و دادە کوڕانیی لە نێو باوەشی یەکدی ببینم هێشتا هەر زۆر ئەستەمە متمانە بە چاوانی خۆم بکەم! دەی هەرکووەک هەیە.. ئێستا پێویستە دان بەوەدا بنێین دیتنی پیاو لە هەر روخسار و ئاکارەک تەنێ رووکەشەکی لەخشتەبەرە و پیاو هەر ئەوەیە کە هەموو تشتەکی لەو بابەتانەی لێدەوشێتەوە کە بە مەژییماندا ناچی.. دیارە ئەو گۆتەش فرە راستە کە دەبێژن 'کیر بێ باوەڕە.. هەر کە هەستا هیچ تشتەک ناناسی!' پێشتر وەها دەهاتە بەرچاوان کە ئەوە قسەکی پووچە و لە هۆشمەندیی و رامانی پاشداماییانەی نێرسالارییەوە سەرچاوەی گرتیە.. لێ ئێستا بە شێوەکی کەتواریی وەک دەیبینین وەها دەرنەچوو بەڵکە ئەوە بەرەنجامی ئەزموونی مرۆڤەکانە ئەو قسەی بەو جۆرە چێکردیە و بەسەر هەر پیاوەک تەنانەت بەسەر من و تووش جێبەجێ دەبی! ئیدی لەباتی ئەوەی بە پێی ئەو قسە کە 'کیر بێ باوەڕە...' رێز لە کیر و حەز و ویستەکەی بگیردرێ هاتن وەهایان لە کیر کرد کە لە رووی نەیێ وەک هەر ئەندامەکی دیکەی جەستە 'چاو.. کەپوو.. گێ.. دەو... هتد' دەربکەوی و بە تەواویی پەردەپۆشیان کرد.. جا ئەویش لە خەفەتان هەر لە بنەوە و بە دزیی کاری خۆی دەکا و تا ئێستاش کێشە و گرفتگەلەکی ئێکجار زۆری ژیان لە سەرتاسەری جیهان هەر لە سای سەری کیرەوە چێدەبن! خۆ گوڵەندام واتە 'قوز'ی ژنیش هەمان کێشەی هەیە و بە شێوەکی زۆر زۆر گەورەتر و پڕ کارەساتبارتریش! لێ بە هۆی ئەوەی تا ئێستاش هەر پیاوسالاریی و نێرسالاریی و فەرهەنگیی دینیی و دابونەریتە داڕزایەکان زاڵن قوز زۆر زۆر خراپتر سەرکوت و پەردەپۆش کرایە و زۆر زۆر کەمتر دەتانی وەک کیر لە بنەوە و بە نهێنیی کاری خۆی بکا یان ئارەزووی خۆی دابمرکێنێتەوە.. رەنگە هەندەک کەس هەبن بێژن 'ئێ کە کیر کاری خۆی دەکا هەر لەگەڵ قوز دەیکا کەواتە قوزیش بە هەمان ئاست و ئەندازەی کیر کاری خۆی دەکا و کێشە و گرفتان دەنێتەوە!' لێ نەخێر ئەوها نییە.. چونکێ ئەگەر بە شێوەکی گشتیی نموونەک وەربگرین؛ گریمان ۱۰۰ کیر و ۱۰۰ قوز لە جێیەک وەک هاوسەر هەن.. ئەوە ۱۰۰ کیرەکە هەر یەکەو یەک قوزی خۆی هەیە.. هاوکاتیش هەر یەکەیان خەریکی ۱۰ قوزی دیکەی نێو ۱۰۰ قوزەکەش دەبی - کە ئەو ۱۰ قوزەش زۆر بە چاوەکی سووک و بە بێڕێزیی و بە سۆزانیی و بە کورتییەکەی بە بەدڕەوشت تەمەشا دەکرێن! - کەواتە

١٠٠ کیرەکە هەر یەکە و ١١ قوزیان هەیە و کاری خۆیان لەگەڵیان دەکەن.. لێ لە ١٠٠ قوزەکە تەنێ ئەو ١٠ قوزەی پێیاندەبێژن بەدڕەوشت هەر یەکەو ١٠٠ کیریان هەیە کاری خۆیان لەگەڵیان دەکەن کەچی ٩٠ قوزەکەی دیکە هەر یەکەو تەنێ یەک کیری هەیە، سەرەنجام بە کورتییەکەی کەواتە 'لە ١٠٠ کیر و ١٠٠ قوزەکە ٩٠ قوزیان زۆر سەرکوتدەکرێن و هەرگیز ناتانن لە بنەوە و لە دەرێی نێهێنییە رێ پێدرایەکان بە نهێنیی کاری خۆیان بکەن و بێ کێشە دەرباز ببن.. کەچی ١٠٠ کیرەکە و ١٠ قوزە بە ناو بەدڕەوشتەکە بە ئارەزووی خۆیان و لە بنەوە کاری خۆیان دەکەن و تێکڕای گرفتەکانیش هەر لە سای سەری ئەو ١١٠ کیر و قوزە چێدەبن'! سەرەنجام کیرەکان زۆرترین گان دەکەن و قوزەکانیش کەمترین. هەڵبەتە لە هەندەک جێی ئەو جیهانە کە بە وڵاتە پێشڤەڕۆیەکان ناودەبردرێن قوزەکان هەندەک ئازادترن و تا رادەکی کەم نێزیک بە ئاستی ئازادیی کیرەکان کاری خۆیان دەکەن و بە نهێنیی ئارەزووەکانی خۆیان دادەمرکێننەوە لێ ئەوانە کەمینەن و ئەو نموونەشمان بە شێوەکی گشتیی و لەسەر کۆی گشتیی کیر و قوزەکانی تێکڕای جیهان خستەڕوو.. واتە هێشتا ئازادیی و یەکسانیی نێوان کیر و قوز هێندەی دووراییی نێوان ئاسمانان و رێسمانانە و هێشتا خەبات و تێکۆشان و تێکوشین و خۆشکوشینەکی ئێکجار زۆری گەرەکە تا بە تەواویی یەکسان ببن و وەک هەر ئەندامەکی دیکەی جەستە پەردە لە روویان دابماڵدرێ و لە هەر دەم و جێیەک بە بێ جوایەزیی و بە ئاشکرایی و بە هاسانیی ئارەزووەکانیان دابمرکێندرینەوە و چیدی مرۆڤەکان خەون بە خرۆشان و دامرکاندنەوەی کیر و گون و قوز و قون و مەمکەوە نەبینن! ئیدی با چیدی سەرت بەو بابەتەوە نەیەشێنم و بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان.

هەروەک خۆت دەیزانی دادە کوڕانیی کەسەکی زیرەک و وریایە.. پاش ئەوەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەک هاودەنگ بووین لەسەر ئەوەی کە هەرچەندە ئەو هێشتا تەمەنی گچکەیە لێ کەسەکی لەبار و چاکە لۆ رێکخراوەکەمان ئیدی داوام لێکرد پێمانەوە پەیوەست ببی.. خۆشبەختانە ئەویش بە شادمانییەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی.. لێ پێش ئەوەی ئەمن واژۆی هینانەرێزی پێبکەم ئەو واژۆی ئەوەی بە من کرد کە ئیدی ئازادانە و هەرکووەکی ئارەزوومان لێبی پێکەوە سێکس بکەین! ئیدی ئەمن لە ناخی خۆمەوە خەنیییبووم.. لە هندورێ خۆمدا دەمگۆت 'لێدە بخۆ.. هەم برنج و هەم ترنج! ئەگەر بە دیداری بابییشی بگەم و پەرتووکەکەشی وەچاپ بگەیەنین ئەوە خوانەکەم هەر بە تەواویی لە سەری دەرژێتەوە!' ئەمن چ بزانم مەبەستی وی لە 'بە شێوەکی ئازادانە و هەرکووەکی ئارەزوومان لێبی پێکەوە سێکس بکەین' گانکردنی لە قوونڕاشی تێدایە! خۆشت دەیزانی ئەمن وەک توو نیم و بە هیچ شێوەک حەزم لە قوون نییە.. تکایە خراپ لێم تێمەگە.. ئەمن ماف بە هەر کەسەک چ ژن چ پیاو دەدەم کە حەز لە قوون یان لە هەر پارچەکی دیکەی جەستە دەکا لێ بە مەرجەک بە هیچ جۆر و شێوەک کەسی بەرانبەر ناچار نەکرێ و تۆبزیی لێنەکرێ هەروا سێکس نەفرۆشرێ و بازرگانیی پێوەنەکرێ.. لێ ئەمن وەک سروشتی خۆم حەزلێناکەم و دڵم نایبا.. لەگەڵ ئەوەی رێنماییە تەندروستییەکان بە پیس و خراپی دانانێن ئەگەر خاوێنیی تێدا بپارێزرێ و توندڕەویی تێدا وەکارنەهیندرێ.. لێ هێشتا ئەمن لۆ خۆم هەر ئارەزووم لێی نییە و تەنانەت بێزیشم لێی دەبتەوە، هەرکووەک هەبوو کە یەکەم گانم لە پێشەوە لەگەڵی کرد فرە فرە چێژم لێی دیت و هەستمکرد لە هەموو ژیانمدا گانی ئەوها خۆش و پڕ لە چێژوچەشەم لە خەونیش نەدیتیە.. کەچی هەر دەمودەست هەمووی لە قوونم دەرهاوردەوە؛ پاش ئەوەی تەواوبووین و هەر یەکەو بەرداغە مەیەکمان بە گۆشتی سۆرکراوەی بەراز هەڵقوڕاند و هەندەک ساینەوە.. ئەو جارە دەستی بە

لێستنەوەی نێوگەڵ و سەراپای جەستەم کرد کە دیاربوو لێزانین و شارەزایەکی زۆری لێی هەبوو.. هەر کە ئارەزوومی بە تەواویی ڕەپکردەوە پڕ بە دەستی چەپی کیرمی لە لای بنەوەڕا گرت و چۆکانی دادایە سەر زەوی و پشتی تێکردم.. ئیدی هێدی هێدی سەری کیرمی لە کونی قوونی خۆی دەخشاند و ناوەناوەش پەنجەی دۆرەدرێژەی دەستی ڕاستی بە چەوریی لە کونی قوونی خۆی رادەکرد تا وەیلێهات لە باتی پەنجەی خۆی سەری کیرمی لە دوڕ دەنا.. هێندەم پێناخۆشبوو تا رادەی ئەوەی کە هێرنجم دەهاتێ و خەریکبوو دەڕشامەوە.. هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەمگۆت: "تکایە.. ئەمن حەزم لەو شێوە گانکردنە نییە" خۆم دەکێشاوە و سەری کیرم لە کونی قوونی دەترازاند کەچی دەرفەتمی نەدەدا و لەنێویدەناوە.. تا ئەو کاتیش هەر باش بوو چونکێ هەموو کیرم لە دەرێ بوو و تەنێ سەرەکەی قووتدابوو و هێشتا زۆری مابوو بگاتە نێو گوو.. لەگەڵ جوولاندن و لەراندنەوەی لاسمتەکانی کە هەر دەتگۆت دوو تۆپە ئاوریشمن و کیرمیان لە نێوان خۆیان گیرکردیە و پەیتا پەیتا گوشاری دەخەنەسەر و خەریکە قووتیدەدەن.. تەکانەکی لۆ پاشەوە دا و خرت خرت نیوەی کیرمی لە خۆیدا نوقمکرد.. هەندەک کشامەوە و کیرم هاتەدەرێ کەچی هیچ چار نەبوو و ئەو جارە بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر پڕیدایێ و گرتیەوە - وەک ئەوەی کێشکە پاسارییەکی لە نێو دەستی بی و لە ترسی ئەوەی نەوەک لێی بەرەڵا ببی توند توند گرتبووی - پاش ئەوەی لەسەری داناوە گۆتی: "دەی پاڵدە گیانەکەم پاڵدە" ئەمنیش بە ئەنقسەت هەندەک خۆم بەرزکردەوە تا کە پاڵدەدەم لەسەر کونی قوونی بخزی و بچتە نێو قوزی.. ڕێک ئەوها دەرچوو؛ هەر کە کیرم چووە نێو قوزی دەرفەتەکەم قۆزتەوە و هەردوو لاسمتیم توند توند گرت و دەستم بە ژەنینی خۆم کرد.. لەپڕ هەندەک چووە پێشێ و کیرمی کەتەوە بەردەستی و توند توند گرتی و خستیەوە سەر کونی قوونی خۆی و گۆتی: "تکات لێدەکەم هاوڕێ.. خەریکە شێت دەبم.. تازە ئیدی ناتانم دەستەبەرداری ئاڵووشی قوونم ببم.. دەی گیان دە پاڵدە.. دە تکایە پاڵدە دەی" ئیدی کە زانیم هیچ چارەکم نەما و تازە هەرگیز وازناهێنی بڕیارمدا با بە پەلە تێینێم تا هەرچی زووترە لەو سەر و دڵ تێکهەڵچوون و بارە ناخۆش و بێزەوەرە قوتارببم.. ویستم بە یەک تەکان تا بن گونانمی ببەمێ.. کەچی ئەو زۆر لەوە زۆرزانتر بوو.. ئەمن ئەوە یەکەمین جارم بوو لە قوونڕا گان بکەم.. کە پاڵمدا نەیهێشت بە یەک تەکان تێیبچی بەڵکە وردە وردە دەستی خۆی شلکرد تا بە ئارەزووی خۆی و نەرمە نەرمە بە چێژوەرگەتنەوە هەمووی لە خۆی ختمکرد.. لەپڕ هەردوو دەستی لە پشتەوەڕا لە لاسمتانم گیرکرد تا دەرفەتی کشانەوەم نەبی و لەنگەری ژەنینی من لە دەستی خۆی بی و خێرایی و بڕی تێنان و دەرهێنانیش هەر بە پێ ئارەزووی خۆی بی..
ئیدی دەستی بە نارەنار و هاواران کرد و دەنگی دەگەیشتە پەڕپەڕەکەی ئاسمانێ.. هەرچەندە کە یەکەم جار تا بن گونانمی لە خۆی نا هەستم بە گەرمییەکی فرە فرە خۆش کرد لێ کە وەبیرمهاتەوە ئەوە کیرم لە نێو گوو گەمەدەکا ئەگەر لەبەر ڕەچاوکردنی چێژبەخشین بەو و کۆششکردن لە پێناو دامرکاندنەوەی جۆشوخرۆشی ئەو نەبا ئەوە دەمودەست کیرم سست دەبۆوە.. هێندە نابەدڵ و ناخۆش بوو لە کنم بڕوابکە هەر وەمدەزانی ئەوە خەریکم کونی زێرابێ خاوێندەکەمەوە.. لەگەڵ ژەنینی من و سووڕدانی کەفەڵی وی لە نێو کۆشم جاروبار کیرم دەردەهات و ئەمنیش بە پەلە ئەو دەرفەتەم دەقۆزتەوە و لەسەر قوونیم دەخزاند و دەمخێواندەوە دوڕ قوزی کەچی هەر لە پاش چەند تەکاندانەکم پڕیدەداوە کیرم و لە دوڕ قوونی خۆی دەناوە.. لەو جێگۆڕکێییەدا؛ لە ئی یەکەمیان وەمدەزانی ئەوە کیرم لە نێو زیخ و ورتکە بەرد و قوڕەشینی پیس و تشتی لەو بابەتانە دایە و لە ئی دووەمیشیان لە نێو هەتوانەکی گەرم و نەرم و خەست و لیچ دایە، کە هەستمکرد ئەو گانە هەر تەواو نابی و درێژە دەکێشی؛ ناچار دوو پەنجەم تەڕکرد و لە لای پێشەوەیڕا خۆم خەریکی

ورژاندنی میتکە و لێوارەکانی نێوەوەی قوزی کرد تا زووتر ئارەزووی دابمرکێتەوە.. لێ ئەویش ناوەناوە دەستمی لادەدا تا درەنگتر تەواو ببی و پتر لە قوونڕا چێژ وەربگری.. پاش ئەو هەموو تێنان و دەرهێنانە کونی قوونی هەندەک فش و فراوان ببۆوە و کاری ژەنینەکەم بێ گرێ و بە لووسیی و بە نەرمیی وەڕێوەدەچوو.. لەبەرهەندێ زۆر بە زانایی و بێ ئەوەی دەستانی لە لاسمتانم بەربدا و دەرفەتی ئەوە بدا کیرم لە قوونی بترازێ لەسەر زگ خۆی تەختی سەر زەوییەکە کرد و ئەمنی بەسەرخۆیدا گێڕا تا بەو شێوە لە لایەک کونی قوونی تەسک ببتەوە و پتر هەست بە جوولە و زەبری کیرم بکا لە نێویدا لە لایەکی دیکەش ئەمن نەتانم دەست لە قوزی بخشێنم و بە زوویی کلوکۆی دانەمرکێ.. بە کورتییەکەی هەر خەریکبوو وەک 'نموونەی ئاش'ی هەڵبەز و دابەزی پێدەکردم! ئەمن خۆم نەک هەر هیچ چێژەکم لێنەدەدیت بەڵکە زۆر هەراسانیش ببووم.. تەنێ هێندەم لەسەر بوو کە خۆم رابگرم و نەهێلم کیرم سست ببتەوە تا ئەو دەگاتە ترۆپکی چێژەکانی خۆی، وەک گۆتم ئەوە یەکەم گانم بوو لە قوونڕا و هیچم لێنەدەزانی لێ پێشترێ بیستبووم ئەو ژنەی کە حەزی لە گانی قوونە هاوکات لەگەڵ ئەوەی زۆر چێژ لە جوولە و زەبری کیر دەبینی لە نێو قوونی وردە وردە میتکەشی دەورژێ تا بە تەواویی رەپ دەبی.. جا یان هەر بە پەنجەی خۆی ختووکەی میتکەی خۆی دەدا تا ئالووشی قوزی دادەمرکێ کە هاوکات ئالووشی قوونیشی لەگەڵی دادەمرکێ یان ئەوەتە لە کۆتاییدا پیاوەکە وەردەگێڕتە سەر قوزی خۆی تا تەواودەبی.. هەر بە پێی ئەو زانیاریی و تێگەیشتنەم کە دیتم وا خەریکە لە کۆتایی نێزیک دەبینەوە هەر چاوەڕێی ئەوە بووم ئێستا نا ئێستا بە دەست خەریکی قوزیشی دەبی یان هەر لە بن زگ و نێوگەڵی کە لە زەوی گیریکردبوون دەرفەتەک دەڕەخسێنی تا ئەمن دەست و پەنجەم لە میتکە و قوزی بخشێنم و بە دوا ئارەزووەکانی بگەینم یان ئەوەتە خۆی دەخاتە سەرپشت تا لە پێشەوە تێیبنێم و هەردووکمان لە یەک کات بە ترۆپکی ئارەزووەکانمان بگەین.. کەچی کاتەکم زانی هاوکاتی ئەوەی کە کونی قوونی زۆر تەسک ببۆوە و خەریکبوو کیرم بقرتێنی یەک بە دەنگی خۆی هاواری لێ بەرزبۆوە.. دە پازدە چرکەک هەر قیژە و هاوار هاواری بوو تا لە کۆتاییدا هەر لەسەر زگ و لە جێی خۆی خاوبۆوە و دەستانی لە لاسمتانم بەربوون و جوولەی لێبڕا! ئەوە تومەز لە رێی قوونیەوە زۆر زۆر چێژی وەرەگرتبوو ئاڵووشی قوزیشی هەر بە میتکە گیرکردن لە زەوی و گوشار خستنەسەری دامرکابۆوە.. ئەوەی هەرگیز لەو دەمدا چاوەڕێم نەدەکرد ئەوە بوو؛ هەر کە بە دەستەک نێوانی نێک و رانمی گرت و لەگەڵ خۆتێکردنەوەی کیرم لە کوونی قوونی ترازا بە لاشانەکی خستمیە سەر پشت و پرێدا کیرم.. هەر بەو پیسیەی کە لە قوونی هاتبووە دەرێ دەستی بە مژتن و لێستنەوەی کرد.. هەر دەتگۆت نایابترین و خۆشترین مژمژەی وەدەستەوەیە.. بڕوا بکە کە لە کەپوو و لێوانی دەخشاند هەر خەریکبوو گیانم دەردەچوو.. ئەمن پێشترێ کە لە باسی ژنی چاوباز و سۆزورژێن دەمبیست دەیانگۆت 'کیرخۆرەکی باشە' ئەوەم هەر بەو واتایە لێکدەداوە کە زۆر زۆر حەزی لە کیرە و کیرپەرستە.. ئەمن چ بزانم هەر لە راستییدا ژنی کیرخۆریش هەیە! هێندە بە تامەزرۆیی و هێندە بە چێژەوە دەیلێستەوە دەمگۆت هەر ئێستا نا ئێستا قەپەکی لێدەدا و دەیخوا! کاتەک کە دیتی کیرم زۆر رەق و خورت بووە ئیدی لە دوڕ دەوی خۆی پەستا و وردە وردە لە قوڕگی ئاودیویکرد و نیوەی گونمیشی لەگەڵی خستە نێو دەوی.. هەر دەریدەهینا و تێیدەپەستاوە.. هەر جارەکیش کە دەریدەهینا سێ جاران زمانی بە شێوەکی بازنەیی بە ملی دادەهینا و دیسان لە قوڕگی ئاودیودەکردەوە.. لەگەڵ ئەوەی چێژەکی ئێکجار زۆر و لەڕادەبەدەرم لێدەدیت ترسەکیشم لێنیشتبوو لەوەی کە ئەوە مرۆڤە و دەشێ لە خۆشییان لۆ ماوەی یەک چرکە مەژیی خۆی لەدەستبدا و بە یەک قەپ بیقرتێنی و بە کاکیلەکانی بیهاڕی و قووتیبدا.. ئەو بیرکردنەوانەم وەبیلێکردبووم

درەنگتر ئاومبێتەوە و تەواوبم.. سەرت نەیەشێنم لە کۆتاییدا پێش ئەوەی ئاومبێتەوە هەستیپێکردبوو.. هێندە بە هەست و شارەزا بوو لە مژتن و لێستنەوەدا تەنێ لەگەڵ خورتتربوون و ئەستوورتربوونی کیرم هەستیپێکردبوو کە خەریکە دادەڕێژێم.. ئیدی چیدی کیرمی لە قوڕگی نەناوە و هەر لە نێو دەوی یاریی پێ دەکرد و زمانی لە بن ملی دەخشاند تا تۆم هاتەوە و دوا پشکی چۆڕبڕ کرد.. ئەوجا لۆ ماوەکی چاک هەر سەری کیرمی لە کەپوو و لێوانی خشاند.. پاشان غەڕغەڕەکی بە تۆیەکە کرد و هەمووی لەسەر سەری کیرم رووکرد و بێ ئەوەی یەک پشکی لێ بڕژێ بە لێوە ناسکەکانی هەڵیلووشیەوە و بردیەوە نێو دەوی خۆی.. هەر ئەوەی دووبارە کردەوە تا هەستی بەوە کرد کە ئیدی ئەمن ئارەزووی هیچم نەمایە و لە پەلوپۆ کەتیمە.. ئەوجا لە دوا جاردا غەڕغەڕەکی گەورە و دوورودرێژی بە تۆیەکە کرد و بە یەک قوم هەمووی قووتدا.. ویستم رابم و بچم خۆم خاوێن بکەمەوە لێ باوەشەکی تێوەرهینام و بەرزەفتیکردم.. پاش ئەوەی باسکی راستی خستەسەر نێوقەدم و سەری بە نێوگەڵم کرد کیرمی بە چورچیی خستەوە نێو دەوی و گونمیشی وەک تۆپەک خستە نێو دەستی چەپی.. وەک ئەوەی خەریکە سەرخەوەک دەشکێنی چاوانی چوقاند و هەناسەی لە خۆی بڕی.. لۆ ماوەی پێنج شەش خولەکەک هیچ جوولە و هەستوخوستەکی نەما.. کتومت دەتگۆت ئەو زارۆکەیە کە لە کاتی خەودا مەمکی داکی لە نێو دەوی دایە و جاروبارەک بە ئاستەم مژەکی لێدەدا ئەویش بە هەمان شێوە جاروبارەک بە ئاستەم مژەکی لە کیرم دەدا! لە دوا جاردا چەند مژەکی توند توندی لێدا و ئیدی لێوانی خستنەسەر لێوانم و بە هەموو هێزی خۆی هەڵیمژتن و بە مرچەکی گەورە کۆتایی پێ هینا.. ئەوجا بە ناز و ناسکییەکەوە گۆتی: 'تکایە هەڵمبگرە و تا گەرماوەکەم ببە ئەی هاوڕێیە زۆر زۆر خۆشەویستەکەم!" ئیدی ئەمنیش باوەشم تێوەرهینا و بردم لە نێو بانێۆیەکە درێژمکرد... (هەرچەندە زۆر چێژم لە بابەتەکە و گێڕانەوەکەی دەدیت لێ پێم باش بوو لێرە کۆتایی پێبهینی چونکێ وەک بابەت ئامانجی خۆی پێکابوو و لە درێژکردنەوەشیدا تەنێ زیانی بە لایەنە هونەرییەکەی دەگەیاند.. لەبەرئەوە دەرفەتی درێژەدادڕییم پێنەدا و یەکسەر هاتمەگۆ):

- دەستخۆش هاوڕێ.. هەر زۆر زۆر جوان و وەپێز بوو... هومێدەوارم رۆژەک لە رۆژان بتانی ئەو بابەتە بە هەمان داڕێژتن وەک چیرۆکەکی سەربەخۆ بڵاوبکەیەوە، لە راستییدا چیرۆکەکی پڕ لە داهینانە بە تایبەتییش ئەو هەموو گرتە و دیمەنە سێکسییە جوان و هونەرییانە هەر زۆر سەرنجڕاکێشن.. نا نا.. لە هیچ تشتەک لێی مەترسێ.. ئیدی لەو سەردەمە دەشێ هەر بابەت و کێشەکی لەو جۆرانە بابەتی چیرۆک و هەر رشتەکی دیکەی وێژەیی و هونەریی بن.. واتە چیدی پێویست ناکا ئەو تێڕوانینە خۆپارێز و نەریتییانە لەبەرچاو بگیردرێن کە بابەتی لەو جۆرانە بە بڤە دەزانن و دەیانەوێ راستییەکان بەوە بشارنەوە کە گوایە ئەو جۆرە بابەتانە بە کەڵکی باسکردن نایێن و جێکردنەوەیان لە نێو وێژە و هونەر مرۆڤ بەرەو بێ رەوشتیی دەبەن! چەند سەیرە کە لە کاتەکدا گان بەشەکی زۆر گرنگە لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان و هەر گانیشە بە شێوازەکی سروشتیی درێژە بە بوونی مرۆڤ دەدا کەچی کاتەک چیرۆکنووسەک بە ئاشکرایی کار لەسەر گان و ئاریشەکانی دەکا بێجگە لەوەی لە روانگەکی پاشدامایییەوە بە بێ رەوشت و بە ئارەزووباز سووچباری دەکەن و کارەکەی بە سووک تەمەشادەکەن کە گوایە دوورە لە کێشە گرنگ و بایەخدارەکانی مرۆڤ ئەوهاشی دەخەنە بەرچاوان کە ئەو چیرۆکنووسە بێجگە لەوەی گەندەڵیی سێکسیی و بێ رەوشتیی بڵاودەکاتەوە دەیەوێ بە باسکردنی بڤە سێکسییەکان سەرنجی نەوجەوانان رابکێشی و لەو رێیەوە خوێنەر پەیدابکا! دەی با ئێستا واز لەو باسە بهینین

چونکێ ئەوە کاتی زۆری گەرەکە. هەڵبەتە ئەو سەرهاتە تا ئێرە و وەک چیرۆکەک هیچ کەموکوڕییەکی تێدا نابینم لێ با ئەوە وەک بەرهەمەکی ناوازەی توو لەولای دابنێین.. وەکیدی ئەمن هەستدەکەم ئەو سەرهاتە لۆ من و لەو دەمەدا هەندەک درێژەدادڕ بوو.. ئاخر ئەمە بە نیازی ئەوە لێرە دانیشتین تا باسی هەڵسوکەوتە نامرۆییەکەی دادە کوڕانیی بکەی کە لە کاتی گەندەڵییە سێکسییەکەی ئەنجامیدەدا.. ئەمن دەمویست زوو بگەیە سەر ئەوە کەچی ئەتوو بە لایەکی دیکەتدا برد و زۆر بە درێژیی باسی جۆتبوونی لە قوونڕای نێوان خۆت و دادە کوڕانییت کرد کە لە راستییدا ئەوە مافەکی خۆیتی و هیچ گرفتەکی تێدانییە.. جا تکایە ئەگەر دەتانی ئیدی بگەڕێوە سەر بابەتەکەی خۆمان..

- زۆر باشە هاوڕێ وەدەکەم.. بەس ئەمن ئەو درێژکردنەوەم وەک ڕێخۆشکردنەک بە پێویست زانی تا بتانم ئەوەت لۆ ڕۆنبکەمەوە کە؛ ئەرێ دادە کوڕانیی مافی خۆیتی کە حەزی لێیە لە قوونڕا گان بکا لێ مافی ئەوەی نییە حەزی بەرانبەرەکەی لەبەرچاو نەگری و پێشێلی بکا و تەنێ وەدوو ئارەزووەکانی خۆی بکەوێ.. ئاخر ناکرێ بە هۆی ئەوەی بەرانبەرەکەی پێویستییەکی بەو هەیە بە شێوەکی خراپ سوودی لێوەربگری و پەیوەندییەکان و هەموو تشتەکان لە پێناو گەیشتن بە دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی خۆی وەکارببا بێ ئەوەی رەچاوی ئارەزووەکانی بەرانبەرەکەی بکا.. بڕوابکە هەر لەو کاتەوەی کە هەستی بەوە کرد ئەمن لۆ دیتنی بابی پێویستم بەو هەیە و لەو پتر لە غەمی وەچاپگەیاندنی پەرتووکەکەی بابیم ئیدی خۆی لێ خستمە سەرپشت.. تا تانیم ئەو دوو ئەرکە بەجێبگەینم تەنێ یەک جار نەبی ئەگینا هەموو جارەکان لە قوونیشرا خەریکیدەبووم کە خۆشت دەیزانی ئەمن چەند بێزم لە گانی قوون دەبتەوە! واتە هەرگیز مافی ئەوم پێشێل نەدەکرد و هەموو جارێ وەک ئەوەی خۆی حەزلێدەکرد خەریکی قوونی دەبووم تا خەنییمدەکرد.. لێ ئەو بە شێوەکی یەکسان بەرخوردی لەگەڵ من نەدەکرد و سەرەنجام هەر لەسەر ئەوەش کێشەمان لە نێوان پەیدابوو؛ فێرببوو ئەو جارانەی ئەمن یەکەم جار ئارەزووی ئەوم لە قوونڕا دادەمرکاندەوە ئیدی نەیدەویست لە پێشەوە خۆی بداتە دەست و جار هەبوو تەنێ بە دەست و دەو ئارەزووی منی دادەمرکاندەوە ئەویش زۆر بە ساردیی و نابەدڵیی.. ئەوەش لۆ من زۆر ناخۆش بوو. لەو دواییانەدا کە دوا جار لە پشتەوەڕا خەریکیبووم لەوە دەترسام پاش دامرینی ئاڵووشی قوونی لە پێشەوە دەرفەتم نەدا.. لەبەرئەوە دەمویست لە سەرەتادا ئارەزووی خۆم دابمرکێنمەوە ئەوجا خەریکی قوونی ئەو بم - لە رووی تەندروستیی سێکسییەوە هیچ کێشەکم نەبوو.. واتە دوای ئەوەی لە گانکردنەک دەبوومەوە دەمتانی پاش پشییەکی زۆر کورت بە هاسانیی ئارەزووی خۆم رەپ بکەمەوە بە تایبەتییش لەگەڵ کەسەکی جوان و سێکسیی وەک دادە کوڕانیی هەر کێشەم نەبوو و دەمتانی هەر دەمودەست لۆی وەک داری لێبکەمەوە! - بە کورتییەکەی لەگەڵ هەر جوولانەک کیرم لە قوونی دەترازاند و دەمخێواندە سەر قوزی کەچی ئەویش هەندەک خۆی نەویدەکرد و نەیدەهێشت بچتە نێوی یان هەر پڕیدەدایێ و دەیخستەوە سەر کوونی قوونی خۆی.. ئیدی ئەو ململانێیە سێکسییەمان هەر درێژەی کێشا و کەسمان خۆمان نەدەدا دەست تا لەپڕ دیتم لێم تووڕەبوو و تا هێزی هەبوو یەک شەپی لە کیرم دا و گۆتی: 'تففف.. تفف لەو کیرەی کە حەزی لە قوون نییە و بێجگە لە قوز هیچ کون و هیچ جێیەکی دیکە پێ نازانی"! زۆر بەسەرخۆدا شکامەوە و هەرگیز لە دادە کوڕانییم رانەدەدیت هەڵسوکەوتەکی ئەوها بکا.. لەو دەمدا لە ژووری دانیشتنەکە بووین.. ئیدی لەگەڵ دەستبردنم لۆ جلکەکانم تا دەبەریانبکەم ئەویش هەر بە رووتیی قیتبۆوە و بەرەو ناندینەکە چوو کە لە تەنیشتمان بوو.. کە هاتەوە قاپەکی پانی وەدەستەوە بوو تشتەکی وەک خورمای

شێلدرای لەسەربوو و لەسەر چارپایەکەی پێشمانی دانا.. کە چوو دەرکەی پشتەوەی کردەوە و گاسی سەیەکەی کرد ئەوجا زانیم ئەوەی لەسەر قاپەکە بوو خواردنی سەیەکەیە.. لێ زۆرم پێ سەیر بوو کوو لەو دەمەدا سەیەکەی وەبیرهاتەوە کە خواردنی بداتێ.. لەگەڵ هاتنەوەی سەیەکەش کە بە فرتکەک گەیشتە کنی.. پاش ئەوەی چارپایەکەی بڕەک دوورخستەوە و لەسەر زەوییەکە دانیشت و پشتی بە قەنەفەکە دا لاقانی لێک فش کردنەوە و سەیەکەش خۆی بە باوەشی دادا - سەیەکی رەنگ بۆر و قوتەبنەی وەهێز و دەو پان.. زۆر سەروسوکت ناشیرین بوو بە دیتنی من - ئەویش چەند جارەک ماچی کرد و سەیەکەش جاروبارەک سەری لمووزی دەگەیاندە دەو و لێوانی وی و دەیلێستنەوە.. پاشان هەندەک لە خواردنەکەی نێو قاپەکەی هەڵگرت و لە بەر و قوزی خۆی هەڵسووی.. ئیدی سەیەکە دەستی بە لێستنەوەی قوز و نێولگانی کرد.. ئەو خواردن تێهەڵسوون و لێستنەوە درێژەی کێشا تا دەستی بە ئاخ و ئۆفان کرد.. وێدەچوو زۆر چێژی لێوەربگری! ئەو جارە جۆری گەمە سێکسییەکەی گۆڕی؛ کە هەندەک لە خواردنەکەی لە دەو و لێو و کەپووی خۆی هەڵسووی سەیەکەی بە جۆرەک لە هەمێز گرت کە لاقەکانی بکەونە تەنیشت لاقوونانی و سینگ و دەستەکانیشی بکەونە سەر سینگ و مەمکان و شانانی تا بتانی دەو و لێو و کەپووی لۆ بلێستەوە... هەرچەندە ئەو دیمەنانە زۆر بێزی دەکردمەوە و لە کنە من زۆر ناتەندروستیی بوون و پێم باش نەبوو ئاژەڵ لۆ گەمەی سێکسیی وەرکارببردرێ لێ هیچ دەنگم نەکرد چونکێ بڕوام بەوە هەیە هەر مرۆڤەک خاوەنی جەستەی خۆیتی و ئازادیشە بە چ شێوەک وەکاریدەبا لێ بە مەرجەک زیان بە بەرانبەرەکەی نەگەینی.. ئیدی ئەو جارە دیتم بە دەستەکی خەریکی ورژاندنی قوزی خۆی بوو و بە دەستەکەی دیکەشی وردە وردە پەنجەکانی لە کیری سەیەکە دەخشاندن تا لۆی رەپ رەپ کرد! زۆر سەیر بوو هاورێ.. ئەمن پێشترێ کیری سەم بە رەپیی نەدیتبوو - وەک ئی پیاو لوولەکی رێک و راست نەبوو.. خۆ لەوانەیە کیری سەیەکانیش هەمووی وەک یەک نەبن لێ ئەوەی ئەمن دیتم زۆر نارێک و خواروخێچ بوو.. هەندەک جێی ئەستوورتر بوون وەک ئەوەی ئاوسابی.. سەرەکەی دەتگۆت بە لاریی بڕدرایە.. واتە لایەکی باریک و تیژ دیاربوو.. رەنگەکەشی سۆر سۆر - بە کورتییەکەی کاتەکم زانی بێ ئەوەی دەست لە کیری بەربدا و لە جوولاندنی بوەستی سەیەکەی لەسەر سینگی دابەزاند و رووی خۆی وەرسووڕاند و سینگ و مەمکانی خستە سەر قەنەفەکە.. واتە خۆی خستەسەر چۆک و قوونی قووچ کردەوە و هەردوو دەستی سەیەکەشی لە پشتەقوونیەوە خستەسەر هەردوو لاکەلەکەی خۆی.. واتە کیری سەیەکەی خستەسەر کەلەنی قوونی! زۆر بەو هەڵسوکەوتەی تێکچووم و نەمتانی چیدی خۆڕابگرم.. هەر بە پەلە گۆتم:

"نا دادە گیان نا.. ئەو هەڵسوکەوتە ئی مرۆڤی ئاسایی نییە.. تکایە واز لە سەیەکە بهێنە.. با ئەمن خۆم بێم و هەرکووەکی دەتەوێ ئەوهات لۆ دەکەم..." کەچی وەک ئەوەی هەر مێشیشی مێوان نەبی کیری سەیەکەی کە بە رەپیی لە نێو دەستی بوو وردە وردە لە کونی قوونی خۆی دەخشاند.. پاشان سەرەکەی وەک گۆتم کە لایەکی باریک و تیژ بوو زۆر بە هاسانیی بردە نێوی.. ئیدی دەستانی بردنە پشتەوە و هەردوو لاقوونانی سەیەکەی گرت و بە گوشار خستەنەسەر و کێشکردنەوە لۆ خۆی کۆشی سەیەکەی بە تەواویی بە قوونی خۆی وەنووساند و سەیەکەش دەستی بە عینگلێدان و ژەنین کرد.. کاتەکم زانی بە نارەنار و هاوارکردنەکەوە کیری سەیەکەی تا بنانێی بردە نێو خۆی.. ئیدی بە پێی خێرایی ژەنینی سەیەکە بە دەنگی بەرز و نزم دەینارناند.. لەپڕ سەیەکە راوەستا و ماوەکی باش هەردووکیان هەستوخوستیان لێبڕا و کەتنە جیهانی چێژوەرگرتنی خۆیان.. وێدەچوو سەیەکەش ئەزموونی گانکردنی زۆری هەبی لەگەڵی و فێری هەموو گەمە سێکسییەکان ببوو.. ئەمن نەمدەزانی کەنگێ و کووکوویی سەیەکە ئاوی دێتەوە.. پاش ئەوەی بە جوولە هاتنەوە دیتم دادە زۆر بە

خێرایی دەستی لە قوز و میتکەی خۆی دەخشێنی.. سەرەنجام بە قیژەقیژ و هاوارەکی درێژەوە وەک کۆتایی هەر گانەک دیاربوو کە ئارەزووی دامرکاوە و خاوبۆوە.. ئەوجا کە بە فرتکەک خۆی وەرگێڕا و تێر تێر دەو و لمووزی سەیەکەی لێستەوە گۆتی: "ببەخشە هاوڕێ کلاوقوت کە دەبێژم ئیدی پێویستییم بە پیاوانەک نییە کە ناتانن یان نایانەوێ هێندەی سەیەکیش رێز لە حەز و ئارەزووەکانم بگرن"! ئەمن پێشترێ هەر پاش ئەوەی کە دیتم کیری سەیەکەی خستەسەر کەلەنی قوونی و گێی لە من رانەگرت لە کنە خۆم بڕیارمدابوو ئیدی پاش گانەسەیەکەی چیدی خۆ ماندیی نەکەم و تەنیا پێبێژم 'ئەوە کارەکی زۆر نامرۆییانەیە و بە تایبەتییش لە کەسەکی هۆشیاری وەک تووە هەر ناوەشێتەوە کە ئەرکی بەرپرسیاریی رێکخستنی لە ئەستۆیە.. بێ گومان بەو جۆرە هەڵسوکەوتانەت زۆر زیان بە خۆت و بە رێکخراوەکەشمان دەگەینی' لێ بەو دوا قسەی کونی قسانم بۆوە و بە درێژیی بەرسڤمداوە:

- زۆر بە داخەوە هاوڕێ.. رێک پێچەوانەکەی راستە.. ئەو سەیە رێز لە حەز و ئارەزووەکانی توو ناگری.. بەڵکە ئەوە ئەتووی بە هۆی ئەوەی وەخێوی دەکەی رێی ئازادیی ژیانی لەگەڵ رەگەزی خۆی لێدەگری و لە ئاژەڵانی دیکە و ژیانی دەشتودەرانی دووردەخەیەوە و لە نێو جێیەکی تەسک و تەنگەبەر بەندی دەکەی.. بێ گومان سە و هەر ئاژەڵەکی دیکە حەزیان لێیە گان لەگەڵ رەگەزەکانی خۆیان بکەن.. لێ ئەتوو فێری لێدەکەی و بە خواردن هەڵسوون لە نێوگەڵ و دەو و لێوانی خۆت ناچاریدەکەی ئارەزووەکانت دابمرکێنتەوە.. ئاخر قوز و قوونی توو لۆ ئەو ناشێن و چێژەکی ئەوتۆ بەو ناگەینن.. لێ بەستەزمانەکی ئەوها کە وەخێویدەکەی ناچارە ئەوەت لۆ بکا و لەسەر قوونت بژەنی ئەگەر نا نانبڕای دەکەی یان بە لایەنی کەم فەرامۆشی دەکەی.. ئەوەی ئەمن بیزانم سە دەرەنگ گان دەکا و گانەگەشی زۆر زۆر درێژە و بە گانکردن لەگەڵ مرۆڤ بە کامی دڵی خۆی بە ئارەزووەکانی ناگا.. واتە ئەتوو بە گۆڕینی گانکردنە سروشتییەکەی مافەکەی پێشێل دەکەی و دەتەوێ هەموو رۆژێ بەسەر خۆتیدا بگێڕی ئەوەش رێک دەستدرێژیی سێکسیی و لاقەکردنی ئاژەڵانە.. ئاخر کێشەکە لەوەدایە هەمیشە ئەو کاتانەی ئەتوو ئارەزووی گان دەکەی سەیەکە وەلێدەکەی یان راستتر بێژم ناچاردەکەی گانت لەگەڵ بکا ئەگینا هەرگیز ئەو بە ئارەزووی خۆی و بێ ئەوەی ئەتوو هاییت لێبی نایێ بە مەبەستی گانکردن سوارت ببی، هەڵبەتە ئەمن لۆم نییە رێ لە ئازادیی سێکسیی توو بگرم چونکێ ئەوە ئارەزووەکی خۆتە و خۆت لێی بەرپرسی.. لێ لە کنە من نەک هەر گانکردن لەگەڵ سە کارەکی نابەجێیە بەڵکە هەر خودی راگرتنی سەش بەو شێوە بە هەڵە دەزانم چونکێ لایەنە نەرێنییەکانی زۆر پترن لە ئەرێنییەکانی.. پێشان کە خەڵک سەیان رادەگرت بێجگە لەوەی بە شێوەکی ئاژەڵدۆستیی و سروشتیی وەریانگرتبوو لۆ پاسەوانییش سوودیان لێوەردەگرتن هاوکات لۆ سەیەکانیش سوودی هەبوو چونکێ بێجگە لەوەی وەخێودەکران هەر لە دەشتودەریش دەژیان و لە سێکسکردنی سروشتییانەی خۆیان و پەیوەندییان لەگەڵ رەگەزی خۆیان دوورنەدەخرانەوە.. سەرەڕای ئەوانەش دەتانم بێژم ئێستا زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی سە رادەگرن هەندەکیان نەخۆشیی چاولێکەرییان هەیە و دەیانەوێ خۆیان وەها پێشانبدەن کە زۆر ژیاندۆست و ئاژەڵدۆستن و پێویستە وەک ئەرکەکی سەرشانیان مافەکانی سە و ئاژەڵانی دیکە بپارێزن و لە ژیانی خراپ و لە لەنێوچوون رزگاریانبکەن! کە لە راستییدا ئەوها نییە.. هەندەکیشیان بە هۆی بێکاریی و دابڕانیان لە کۆمەڵ کاتی خۆیانی پێ دەکوژن.. بێ ویژدانیی نییە ئەگەر بێژم هەندەکیان کە لە ژیانیاندا ناتانن ئەو رق و تووڕەیی و توندوتیژییانەی کە لە ناخیاندا هەن لە بەرانبەر کەسانی دیکە دەریانبڕن دەیانەوێ بە فرماندان لەسەر سە

و خۆ لێ تووڕەکردن و سزادانیان هەڵیانبرێژن! ئەوە بێ گومان هەندەک لە ژنەکانیش دەیانەوێ وەک توو لە کاری سێکسیی وەکاریانببەن! ئاخر ئەگەر ئەو خەڵکە بە نیازی پاراستنی مافەکانی سە ئەو کارە دەکەن و دەیانەوێ ژیانەکی باشیان لۆ دابین بکەن ئەوە زۆر باشترە گوشار بخەنە سەر شارەوانیی و لایەنە پەیوەندداڕەکان ناچاربکەن جێی تایبەت بە وەخێوکردنی سە بکەنەوە و بە پێی پێویستییەکانی ژیانیشیان لە هەموو رووەکانەوە دامودەزگەی تایبەت لە کەسانی شارەزا و ئاژەڵدۆست دابمەزرێنن و وەخێویان بکەن.. ئەو کاتە ئەوانیش دەتانن لە ژیانی بەکۆمەڵی خۆیان بەهرەمەند بین و لە دەست ئەو خەڵکانە رزگاربین کە هەر یەکەیان بە شێوەی تایبەتی خۆی و بە جۆرەکی خراپ و ناتەندروست وەخێویان دەکەن و لە ماڵەکانیان بەندیان دەکەن و وەک کۆیلە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن.. هاوکاتیش بەو جۆرە خەڵکانەکی زۆر پێیانەوە هەراسان دەبن کە لە سە دەترسێن یان حەزیان لە سە نییە، بێ گومان دامەزرانی ئەو جێیە تایبەتانە بێجگە لەوەی خەرجییەکی زۆر کەمتری دەوێ لەوەی کە هەر کەسەو لە راستە خۆی بە نەزانیی و بە خراپیی سە وەخێودەکا خەڵکەکی زۆریش لەوانەی حەزیان لە سە بەخێوکردنە دەخەنە سەر کار و ئاستی بێکاریش هەندەک دادەبەزی.. هەروا دەکرێ هەر لەو جێیانە هەندەک پڕۆژەی سوودبەخشیش دابمەزرێندرێن و قازانجەکەیان لە وەخێوکردن و پاراستنی ئاژەڵانی دیکە خەرج بکرێ ئەگەر پێویست بکا یان وەک هاوکاریی بدرێتە ئەو کەسانەی کە لە وڵاتە هەژارەکان لە ژێر دەستی رژێمە زۆر چەوسێنەرەکان ژیانەکی هەژارانە و کوللەمەرگییانە دەگوزەرێنن.

بە درێژایی ئەو ماوە بە بێدەنگیی گێی راگرتبوو و هەر بە رووتییش لە جێی خۆی سەیەکەی لە نێو باوەشی گرتبوو و ماچی دەکرد و گەمەی لەگەڵ دەکرد.. وەهام هەستدەکرد قسەکانم وەردەگری و رایەکانمی پێ باشن.. کەچی پاش ئەوەی گۆتم: "جا هەرکووەک هەیە ئەوە رای خۆمە لەسەر وەخێوکردنی سە و خۆشت ئازادی.. لێ ببوورە کە دەبێژم ئەو شێوە رەوتارەی تووم لەو بارەوە پێ باش نییە چونکێ زیان بە خۆت و هاوڕێیەکانت و ناوبانگی رێکخراوەکەشمان دەگەینی" بەو جۆرە هاتەگۆ:

- ببوورە هاوڕێ.. دەربارەی رێکخراوەکەمان هەرچەندە لۆ هەمیشە جێی سوپاس و پێزانینمە کە ئەتوو ئەمنت بەو رێکخراوە پەیوەستکرد لێ پێویست ناکا لەو بارەوە باسی هیچ بکەی چونکێ ئەمن ئەرکی سەرشانی خۆم زۆر پتر لە پێویست ئەنجامدایە و کارەکانیشم لەبەرچاوان دیارن، دەربارەی ئەو شێوە رەوتارەشم لەگەڵ توو ئەوە تەنێ ماف و ئازادییەکی خۆم و سەیەکەمە.. تکایە پێویست ناکا هێندە بە قورسیی وەریبگری.. وەک دەیبینی تشتەکی زۆر سادە و ئاسایییە؛ تەنێ ئەوەیە کە مرۆڤەک ناتانی یارمەتیی مرۆڤەکی دیکە بدا و سەیەک بە هانای دێ و رزگاریدەکا! دە فەرموو وەرە ئەتوو پەیمانم بدێ وەک ئەوەی ئەمن دەمەوێ سێکسم لەگەڵ بکە مەرج بی واز لە سەیەکەم دەهینم و هەر ئێستا لەبەرچاوت وەدەریدەنێم.. دەی با بزانم.. دە فەرموو بڕیاربدە دەی..

هەڵبەتە ئەو بەرسڤەی زۆر ئازاربەخشتر بوو لۆ من.. ئاخر چەند ناخۆشە هەستبکەی یەکەک لە هاوڕێیە نێزیکەکانت تا ئەو ئاستە هەلپەرست و خۆپەرست بی کە لە لایەک لە ماف و ئازادییەکانی سە بدوێ و لە لایەکی دیکەش تەنێ لە پێناو گەیشتن بە دامرکاندنەوەی ئارەزووی قوونی خۆی لە لایەن منەوە ئامادەیە سەیەکەی وەدەربنێ واتە شاپ لەو ماف و ئازادییانە هەڵبدا تەنانەت ئەو یاسا و رێسایانەش تێکوپێک بشکێنی کە لە هەندەک لە وڵاتاندا هەن و لە روانگەی پاراستنی مافەکانی ئاژەڵان رێ نادەن سە وەدەربندرێ

**و له كووچه و كۆلانان بەرەلا بكرێ! ئیدی بە پێویستم نەزانی هیچ بەرسڤەکی بدەمەوە چونكێ ئەوە هیچ كە نەمدەتانی لەسەر ئەو داوایەی لەگەڵی بسازێم هەم لەبەر خۆم هەم لەبەر سەیەكەش.. هەستمدەكرد هەر قسەكیش بكەم له بەرانبەری تەنێ كوتانەوەی ئاسنی سارده و هەرگیز ناتانم هیچ گۆڕانكارییەكی لەسەر چێبكەم و ئەو هەڵسوكەوتە نامرۆییەی پێ بگۆڕم.. ئیدی تەواو لەوە دڵنیابوومەوە كە ئەو مرۆڤ و سە و هەر گیانەوەرەكی دیكە و دار و بەردی ئەو جیهانەی پێش هەر تشتەک له پێناو دامركاندنەوەی ئارەزووەكانی خۆی دەوێ.. سەرەنجام بێ هیچ قسەک خۆم لەبەردەستی قوتاركرد و هەموو ئەو جوانییانەیم لۆ تاتایێ له پشت دەركەی ماڵەكەیان بەجێهێشتن.. ئەو جوانییانەی كە خۆشت باش دەیزانی هەرگیز ناتانی بیانهینیه بەرچاوانی خۆت كە دەشێ له یەک جەستەدا كۆببنەوە ئەگەر پێشترێ ئەوت نەدیتبی!!! (كە له قسەكانی بۆوە هەردووكمان بە بێدەنگیی وەک ئەوەی شەرم له پەیوەندییەكانمان لەگەڵ دادە كوڕانیی بكەینەوە سەرمان لەبەرخۆمان شۆڕكردبۆوە.. پاشان ئەمن دەستپێشخەرییەكم له شكاندنی بێدەنگییەكە كرد):**

**- بە داخەوە هاوڕێ كلاوقوت.. له راستییدا زۆرم پێناخۆشە دادە كوڕانیی بەو جۆرە له ماف و ئازادییەكان تێدەگا و ئەو شێوە هەڵسوكەتانەشی له بەرانبەر توو هەبووە.. دەی هاوڕێ گێی مەدێ.. پێویست ناكا هێندە غەمی لێبخۆی و خۆت هەراسان بكەی.. تازە ئەوەی بووە هەر بووە.. ئیدی ئەوە ژیانە و خەباتكردنیش هەر لەبەرئەوە قورسە كە دەبی تێكۆشەرەكان هەندەک دەستبەرداری ئازادییە تایبەتییەكانی خۆیان ببن و بە ناچاریی بخزێنە نێو ژیان و كاری بەكۆمەڵ و پەیوەندییەكانیان بە پێی پێویستییەكانی تێكۆشانەكانیان بگونجێنن. هەڵبەتە هەروەک خۆشت دەیزانی دادە كوڕانییش كەسەكی سادە نییە.. واتە كاغەزەكی سپی نییە تا بە ئارەزووی خۆمان هەرچییەک بخوازین ئەوەی لەسەر بنووسین.. سەرەڕای ئەوەش بە هۆی ئەو پەیوەندییە رێكخراوەییەی له نێوان خۆت و ئەودا هەیە له من باشتر هاییداری كە كەسەكی زۆر چالاكە و هەموو رێكخستنەكانی شارەكەی خۆی و سەرجەم ئەو دەڤەرانەی رۆژهەلاتی شارەكەش بە پلەی سەرەكیی هەر بە هۆی جووله و چالاكییەكانی ئەوەوە دروستبوونە و تا ئێستاش هەر خۆی سەرپەرشتییان دەكا.. جا بێجگە لەوەی لەسەرمانە یارمەتیی بدەین له چارەسەركردنی ئەو كەموكوڕییانەی كە پێمانوەیە ناكۆكن لەگەڵ هزر و هەڵسوكەوتە مرۆییەكان.. پێویستە پەیوەندییەكانیشمان لەگەڵی وەهێزتر بكەین تا بتانی له چارچێوەی درێژەدان بە كارە رێكخراوەییەكانی پتر گەشە بكا و هەموو توانایەكانی بخاتەگەڕ.. له راستییدا ئەمن هەستدەكەم توانایەكی شاراوەی لەڕادەبەدەری هەیە لەو بارەوە.**

**- زۆر باشە هاوڕێ.. لەگەڵ هەموو قسەكانت دام.. لێ ئەمن بە پێویستی دەزانم ئەتوو خۆت سەردانەكی بكەی.. زۆر بە باشتریشی دەزانم كە لەنەوپاش له رووی رێكخراوەییەوە سەر بە توو بی چونكێ دڵنیام بە هۆی جۆری پەیوەندییەكەتان شەرمەكت لێدەكا و ئامۆژگارییش له توو باشتر وەردەگری.. هەرچەندە ئەوە دەزانم كە له سەرەتای یەكدی ناسینتان بە هۆی سەرسامبوونت بە جوانییەكەی هەژموونەكی ئەوتۆت لەسەری نەبوو لێ پاشان كە له رووی هزریی و رێكخراوەییەوە ئەتووی لەو ئاست و توانایە دیت ئیدی لەو كاتەوە زۆر رێز له كار و بڕیار و قسەكانی توو دەگری.. راستییەكەی ئەمن بە هۆی نەرمكێشانم له بەرانبەری سەبارەت بە چاپكردنی پەرتووكەكە و دیتنی بابی هەروا لەبەرئەوەش كە هەمشە له پەیوەندییە سێكسییەكەم لەگەڵی هەر بارم لار بووە ئیدی نەمتانی له پەیوەندییەكانم لەگەڵی وەک توو هەژموونم لەسەری هەبی.. ئێستاش**

وەک دەبێژن دەومان لە یەکدی سپی بوویتەوە.. کەواتە زۆر قورسە بتانم درێژە بە پەیوەندییەکانم بدەم لەگەڵی بە تایبەتییش لە رووی رێکخراوەییەوە..

- دە ئەتوو هێندە بە پەلە بڕیارمەدە هاوڕێ.. چونکێ خۆت دەیزانی ئەمن کار و سەرقاڵییم گەلەک زۆرن و مەرج نییە بتانم ئەو کارەی تووش بخەمە ئەستۆی خۆم، ئەرێ.. ئەمنیش پێم باشە سەردانەکی بکەم یان ئەگەر دەرفەتی هەبی ئەو بێتە سەردانم.. دەی ئەو باسانە کاتیان زۆر دەوێ.. دەکرێ لە دەرفەتەکی دیکە لێیان بدوێین.. ئێستا درەنگی کرد.. ئەها با لەبیرمنەچی؛ لە راستییدا ئەو سەرهات و گێڕانەوەشت هەرچەندە دیسان هەندەک درێژ بوو لێ فرە هونەرییانە و چێژبەخش بوو.. پێموەیە ئەگەر دەستەکی پێدا بهێنی و بینووسیەوە ئەوەشیان چیرۆکەکی فرە خۆشی لێدەردەچی.. هەڵبەتە هەر تشتی چێژبەخشیشە داهێنانی هونەریی ئافەریدە دەکا.. ئەرێ.. گومانم نییە کە کاتی زۆر خۆش و رۆمانسییت لەگەڵی رابواردیە.. (بە نەرمە پێکەنینەکەوە گۆتم) رەنگە ئەگەر پتر لێی دووربکەویەوە ئەوە لە کۆتاییدا پەژێوان ببیەوە.. ئەو کاتەش رەنگە ئەمن پەژێوان نەبمەوە و نەهێلم جارەکی دیکە توخنی بکەوێ! (ویستی دەو بکاتەوە لێ پێشم لێی گرتەوە) نا نا هاوڕێ.. شۆخییم کرد.. دە هەستە با بڕۆین دەی.. زۆر درەنگی کرد..

کە وەڕێکەتین تا گەیشتینە وێستگەی پاسەکان زۆر شێلگیرانە هەر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەمن بچم دادە کوڕانیی ببینم نەک ئەو بێتە کنە من و ئەویش ناچاربی ببینی! ئیدی پێش ئەوەی هەر یەکەو بەرەو ماڵی خۆمان لە یەک دابڕێین دیسان بە تکاوە داوای کرد کە با ئەمن ئەرکی پەیوەندیی رێکخراوەیی لەگەڵ دادە کوڕانی بگرمە ئەستۆی خۆم.. بەوەش هەستمکرد کە زۆر لە دادە کوڕانیی بێزار و وەڕس بووە ئەگەر نا ئەو زۆر رێزی لە من دەگرت و هەرگیز نەیدەتانی یان راستتر بێژم شەرمیدەکرد لە رووی مندا ئەوها کونی قوونی مرۆڤ بە تایبەتییش ئی ناسک و نازدارەکی وەکی دادە کوڕانیی بە زێراب بچووێنێ و بێژیی 'بڕوابکە هەر وەمدەزانی ئەوە خەریکم کونی زێرابێ خاوێندەکەمەوە'! لێ بە مەزەندەی خۆشم هەر وەهام دەهاتە بەرچاوان کە ئەو بێزاریی وەڕسییەی وی نە پەیوەندیی بە گانکردنی لەقوونڕای نێوان خۆیانەوە هەیە نە بە گانکردنی دادە کوڕانیی لەگەڵ سەیەکەی.. بەڵکە زۆر وێدەچوو دادە کوڕانیی پیاوەکی خورتتری لە رووی سێکسییەوە پەیدۆزکردبی و کلاّقوتێی فەرامۆش کردبی.. ئەویش کە بە ناچاریی بە هۆی پەیوەندییە رێکخراوەییەکەیان ناوەناوە دەیدیت و جوانییەکانی گڕیان تێبەردەدا کەچی دەرفەتیشی نەدەدایێ وەک جاران لە نێو باوەشیدا خەنیبیی.. ئیدی لە داخان دەیویست بەو شێوە دەستبەرداری ببی واتە نەیدەویست چیدی بە دیتنی بافرەی ببتەوە و ئازار بکێشی.. ئەگینا وەک ئەوەی ئەمن دەمزانی نەک هەر زێراب خاوێنکردنەوە ئەگەر سەریشی لە نێو زێرابێ نوقم بکردبا هەر نەیدەویست ئەو حەمکە جوانییەی کە لە دادە کوڕانی خڕببوونەوە لە دەست خۆی بدا بەڵکە گەللەک سوپاسگوزاریشی دەبوو و هەروەک سەیەکەشی بە ناچاریی لەبەر دەستوپاپانی وەردەکەت!

- ٥٣ -

پاش ئەوەی هاوڕێ کلاّوقوت ناچاریکردم پەیوەندییە رێکخراوییەکەی نێوان خۆی و دادە کوڕانیی بگرمە ئەستۆ.. لە چارچیوەی زنجیرە کۆبوونەوەک کە بڕیاربوو لە ماوەی مانگەک دەربارەی 'ئاریشە سێکسییەکان و

وەخۆداچوونەوە و وەرگرتنی بڕیاری پێویست لەسەریان' لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخستەکانی شارەکان ئەنجامیانبدەم.. لەگەڵ دادە کوڕانییش ڕێکەتم هەمان کۆبوونەوە ئەنجام بدەین.. لێ بە هۆی ئەوەی دەبووایە خۆی و هاوڕێیەکی لە کۆبوونەوەکە ئامادەبن و هەردووکیشان کاریاندەکرد و دەرفەتی ئەوەیان لۆ نەدەڕخسا لە یەک کات مۆڵەت وەربگرن و پێکەوە بێنە کنم ناچار بڕیارمدا ئەمن بچمە شارەکەیان.. نەخشەکەم وەها کێشابوو پاش کۆبوونەوەکەمان دانیشتنەکی تایبەت لەگەڵ دادە کوڕانیی بکەم و سەبارەت بە کێشەکانی نێوان خۆی و کلاوقوتێ لەگەڵی بدوێم و بە پێی پێویستیش هەندەک ئامۆژگاریی بکەم.. ڕۆژی دووەمیش سەردانەکی هاوڕێیەکی سەردەمی منداڵییم بکەم کە لە شارۆچکەکی نێزیک ئەوان دەژیا و شەوەکەش هەر لە کنە وی بمینێمەوە. پێشترێ کە دەمویست بچمە هەر جێیەک تەنێ ئەوەندە بەس بوو کوریکەسۆرێ هاییدار بکەمەوە جا کێوە دەچووم و چەندم پێدەچوو هیچ گرفتەکمان نەبوو.. کەچی ئەو جارە گۆتی 'ئاخر ئامۆزا گیان ئەوە ڕاست نییە ئەتوو دوو شەو و دوو ڕۆژ ئەمن بە تەنێ بەجێدەهێلی.. بڕوابکە کە لێم دووردەکەویەوە هەست بە تەنیاییەکی زۆر دەکەم..'! پاش بینەوبەردەکی زۆر گۆتی 'دوا قسەی من ئەوەیە؛ هیچ لارییم لەوە نییە کە ئیشوکاری ڕێکخستن ئەرکەکی پێویستی سەرشانمانە و ئەمەش هیچ درێخییەکمان نەکردیە و پێویستە بەوپەڕی تواناوە ئەوەی لە ئەستۆمانە رایبپەڕێنین.. ئەمن ڕێت لێناگرم بچی.. لێ ئەتوو تەنێ یەک ڕۆژ و یەک شەوت پێویستە لۆ ئەو کۆبوونەوە.. سەردانی هاوڕێیەکەی سەردەمی منداڵییت زۆر پێویست نییە و دەکرێ نەیکەی یان بیخەیە کاتەکی دیکە.. جا سبەینێ کە دەڕۆی شەوەکەی لەوێبە و دەتانی سبەینەکەی دانی هێوارێ بگەڕێیەوە' بە کورتییەکەی لە شەوەک پتر دەرفەتی نەدامێ!

هەر دە خولەکەک دەبوو لە ماڵێ دەرچووبووم لەپڕ زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا.. کە هەڵمگرت دادە کوڕانیی بوو.. پاش چاکوخۆشی گۆتی:

- ئەوە ویستم هاییدارت بکەمەوە کە هاوڕێکەم ناتانی لە کۆبوونەوەکەمان بەشدار ببی چونکێ بە داخەوە شەوێدی پەیوەندییان پێوەکرد کە بابی نەخۆشییەکی کتوپڕی گرتیە و زۆر شڕە.. ئەویش هەر دەمودەست بڕیاریدا کە ئەورۆ بە پەلە گەشت بکا و بە فریای بابی بکەوی، جا ویستم بزانم ئەگەر هێشتا وەڕێنەکەتی ئەوە دەکرێ نەخشەکەمان بگۆڕین؟

- زۆر بە داخەوە.. چەند ناخۆشە کە ئەو هاوڕێیەمان هەر زوو زوو تووشی کێشە و گرفتی لەو جۆرانە دەبی.. تکایە ئەگەر هەر پێویستییەکی بە من هەیە ئەوە ئەمن ئامادەم جا هەرچییەک بی. نا هێشتا دەرنەچوومە.. لێ پاش دەمەکی دیکە وەڕێدەکەوم و پاشنیوڕانێ دەگەمە کنتان.

- زۆر سوپاس هاوڕێ.. نا ئەو هیچ پێویستییەکی نییە.. بلیتیشی بڕیە و سەرلەهێوارێ وەڕێدەکەوی. دەربارەی کۆبوونەوەکەشمان تازە ئیدی هەر لە نێوان خۆم و خۆت دەبی.. جا کە ئێستا هەر تەنێ خۆمم ئەوە ئەمن دێم و پێویست ناکا ئەتوو بێی.. دەزانم ئەتوو هەمیشە هەر سەرقاڵی و حەزناکەم ئەو ماندییبوونە بدەمە بەر توو.. لێ لەبەرئەوەی هەر یەک ڕۆژ مۆڵەتم وەرگرتیە پاش کۆبوونەوەکەمان دەگەڕێمەوە.. غەمی ڕێیەکەت نەبی چونکێ بە ترومبێلەکەی خۆم دێم و زوو دەگەم.. جا پێم باشە لەبەر کەمیی کاتەکە ئەگەر دەکرێ لە جێیەک لە کەناری شار یەکدی ببینین نەک بێمە ماڵتان.. بێ گومان زۆر حەزدەکەم کوریکەسۆریش ببینم لێ ئەگەر بێمە ماڵتان کاتم زۆر دەڕوا و لە گەڕانەوەکەم درەنگم بەسەردادێ... (هەرچەندە ئەمنیش حەزمنەدەکرد

ئەو ماندییبوونە بدەمە بەر وی.. لێ سەرەنجام لەسەر ئەوە رێکەتین کە ئەو بێ و هەر لەو جێیەی کە ئەو دەگاتە نێو سنووری شارەکەمان لەوێ لە قاوەخانەک یان لە باخچەک دابنیشین و پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکەشمان بگەڕێتەوە).

ئیدی ئەمن نەگەڕامەوە ماڵێ چونکێ دەمزانی تا دەگەمەوە کوریکەسۆر لەوێ نامینێ.. ئەوەشم پێنەگۆت کە ناچمە ئەو شارە و هەر شەوێ دێمەوە نەک سبەینێ پاش نیوڕانێ.. تا کە شەوێ لەپڕ دەگەمەوە نێو باوەشی لە خۆشیاندا سەرسام ببی، کاتەکی زۆرم وەدەستەوە بوو تا دادە کوڕانیی دەگەیشت.. بیرمکردەوە خۆ لەو ناوەی کە بڕیارە ئەوی لێببینم ماڵی چەند هاوڕێیەکم لەوێن و باشترە زووتر بڕۆمە ئەوێ بەڵکە ئەگەر رێکبکەوی ماڵەکی چۆل یان ژۆرەک لەوێ پەیدابکەم و دادە کوڕانیی ببمە ئەوێ چونکێ کە ئەو لەو دوورەوە دێ ماندیی دەبی و ناتانی لە قاوەخانە یان باخچە و جێی لەو بابەتانە بحەسێتەوە.. هەر دەمودەست بڕیارمدا و رۆیشتم.. کە گەیشتەمە ئەوێ لە بازاڕە تایبەتەکەی گەڕەکەکە چەند هاوڕێیەکم دیتن.. پاش ئەوەی هەندەک کاتم لەگەڵیان بەسەربرد پرسیاری ژۆرەکم لێکردن.. زۆری نەخایەند کلیلی خانییەکی چۆلیان لەدەستمنا و گۆتیان چەندی دەتەوێ دەتانی لێی بمینێیەوە، ئیدی هەر بە پەلە تەلەفۆنەکم لۆ کرد و ناونیشانی خانییەکەم دایێ و پێمگۆت 'نەکەی لە رێیێ نان بخۆی ها چونکێ دڵنیابە ئەمن هەموو تشتەک لێرە ئامادە دەکەم.. تەنێ خواردنەوە ناکڕم چونکێ ئەتوو ترومبێل لێدەخوڕی کەواتە دەرفەتی خواردنەوەت نابی' بێ هایی لەوەی کە ئەو هەر لەگەڵ بڕیاردانمان لەسەر هاتنەکەی قاپە وێسکیەکی گەورەی کڕیبوو!

دەمزانی دیتنی دادە کوڕانیی بەو هەموو جوانییەیەوە کارەکی گەللەک قورس و سەختە لۆ من... هەر ئەو ترسە وەیلێکردم بڕیاربدەم کە بتانم زۆر ئازایانە دان بە خۆدا بگرم و بە هیچ شێوەک سەرنجی جوانییەکانی نەدەم، کە گەیشت بە شێوەکی ئاسایی و وەک دوو هاوڕێ باوەشەکمان تێکوەرهینا.. لێ هەر کە لە بەرانبەرم دانیشت جلەوی ئاراستەی نیگایانی خۆم لەدەستدا و چاوانم کەتنە سەر چاودێرییکردنی جوولەکانی و لێستنەوەی جوانییەکانی.. بە شێوەکی ئاسایی و وەک سەرەتای هەر وەیەکگەیشتنەکی نێوان دوو هاوڕێ کە ماوەکی زۆرە یەکدیان نەدیتیە زۆر بە گەرمیی خەریکی پرسیارکردن لە ژیان و گوزەرانی یەک و قسەی ئاسایی بووین.. لێ ئەمن لە هندوڕی خۆمدا بە جۆرەک شێرزە ببووم نە لە وشەکانی وی دەگەیشتم نە دەمزانی خۆشم چ دەبێژم! هەستمکرد تا دەهات پتر سەرمەست دەبووم و هاییم لە خۆم نەدەما.. بە هەر شێوەک هەبوو دیسان تانیم خۆم بەرزەفت بکەمەوە.. تەکانەکم دا بەرخۆم و چووم چایەکم چێکرد.. پاش ئەوەی چایەکەمان خواردەوە و هەندەک سایەوە گۆتی:

- زۆر باشە هاوڕێ.. تا کاتمان وەدەستەوەیە با بچینە سەر بابەتەکانی کۆبوونەوەکەمان.. (هاوکات دەستی لۆ هەگبەکەی برد و لەگەڵ دەرکردنی یەک قاپی گەورە لە وێسکیە نایابەکان و دانانی لەسەر مێزەکەی پێشمان.. گۆتی) لێ ئەمن حەزدەکەم وردە وردە لەگەڵ قسەکردن هەندەک بخۆینەوە لۆ خۆمان؟ (بێ هیچ پێشەکییەک و یەکسەر گۆتم):

- نا نا هاوڕێ گیان.. تکایە.. داوای بووردنت لێدەکەم.. نا ناکرێ ئێستا بخۆیەوە.. چونکێ یەکەمیان ئەتوو پاش کۆبوونەوەکەمان ترومبێل لێدەخوڕی.. ئاخر کوو دەبی بخۆیەوە!؟ خۆ ئەگەر بڕیارەکەی خۆت دەگۆڕی و ئەوشۆ ناگەڕێیەوە ئەوە ئەمنیش زۆر زۆرم پێخۆشە و ئیدی هەر پێویستیش ناکا لێرە دابنیشین بەڵکە دەچینە

**ماڵێ و ئیدی لەوێ هەم کۆبوونەوەکەی خۆمان دەکەین و پاشانیش بە ئارەزووی خۆمان دەخۆینەوە هەم کوریکەسۆریش بە دیدارت ئاسوودە دەبێ.. (بە شۆخییەکیشەوە گۆتم) بڕوا بکە کە وێسکیەکەت دەرهێنا هەر وەمزانی بە دیاریی لۆ منت هێنایە و ئێستا دەیدەیە دەستم و دەبێژی 'ئەوە وێسکییەکی چاکە هاورێ.. تکایە وەک دیارییەکی گچکۆکە لێم وەربگرە و کە گەیشتیەوە ماڵێ لەگەڵ کوریکەسۆرێ پێکەوە بیخۆنەوە'.. دووەمیشیان ئەوە هیچ راست نییە ئەمە لە کۆبوونەوەدا بە تایبەتییش لە کۆبوونەوەکی وەها گرنگ خۆمان سەرمەست بکەین! (ئەویش هەر بە شۆخییەوە گۆتی):**

**- فێرمان لێمەکە هاورێ ئامۆزا کیژانیی.. ئەتوو کە خۆت بڕوات بە دیاریی نییە ئەمن کوو لۆت بهینم!؟ (پاش مشتومڕەکی زۆر ئەوجا تانیم وەیلێبکەم دان بەوەدا بنێ کە خواردنەوە لە کاتی کۆبوونە زۆر خراپە.. لێ پێی لەسەر ئەوە داگرت کە نابێ و ناکرێ و هەر دەبێ پاش کۆبوونەوەکەمان هەندەک بخۆینەوە.. بیانووەکەشی ئەوە بوو کە زۆر حەزی لێیە لەگەڵ من بخواتەوە و خواردنەوەش لۆ وی لەبەرئەوەی هەمیشە دەخواتەوە کارتێکردنەکی ئەوتۆی لەسەری نییە و لە هەموو ژیانیشی هەرگیز بە هۆی خواردنەوەوە تووشی سادەترین گرفتیش نەبووە بە تایبەتییش لە کاتی هاژۆتنی ترومبێل زۆربەی کاتەکان دەخواتەوە و هیچ تشتەکیشی بەسەرنەهاتیە! هەرکووەک هەبوو بیانووەکانی لاواز بوون و هەستمدەکرد خۆشی زۆر بڕوای پێیان نەبێ!).**

**کۆبوونەوەکەمان بە شێوەکی گشتیی زۆر ئەرێنیی بوو و ئەنجامگیرییەکی چاکی لێوەدەستهات.. لە دوادواییێشدا کە چووینە سەر هەڵسەنگاندنی کارە کردەییەکانی وی لە هەردوو رووی رێکخراوەیی و جەماوەریی؛ لەبەرئەوەی هێندە چالاک و ژیهاتیی بوو و زۆر لە پێویست پتر کارەکانی خۆی ئەنجامدابوون و خەڵکەکی ئێکجار زۆریشی هینابووە رێزەکانی رێکخستن رووی ئەوەم نەبوو یان راستتر بێژم بە باشم نەزانی لە بابەتی کێشەکانی لەگەڵ کلاوقوتێ و گەندەڵییە سێکسییەکانی و وەکاربردنی سە تێیدا زۆر سەری بکەمە سەر و رووشکێنی بکەم.. باش بوو لەو کێشانەش زۆر بە نەرمیی بەرخوردی لەگەڵم کرد.. هەرچەندە لۆ بەرگرییکردن لە خۆی هەندەک بڕوبیانووی لاوازی هیناوە و شەرمنانە دەدوا لێ ئازایانەش دانی بە هەندەک هەڵەی خۆیدا نا و سەرەنجام لە بارەی شێوازی پەیوەندییەکانی خۆمان بە جەماوەرەوە هەروا سەبارەت بە سێکس و وەرکاردبردنی سەش لە لایەن خۆیە بەو شێوە هاتەگۆ:**

**- لەگەڵ ئەوەی ئەمن هیچ کەموکوڕیی و هیچ هەڵەکم نییە لەو رووەوە چونکێ ئەوە مافەکی خۆمە ئازادانە تێڕوانینی جودام هەبێ و هەرچی بخوازم هەڵسوکەوتی بکەم نەک هەر لەوە بەڵکە لە هەر تشتەکی دیکە.. ئەوە لۆ هەر کەسەکی دیکەش هەر راستە.. لێ قسە و تێڕوانینەکانی توو و هاورێ کلاوقوتیش لەو رووەوە بەسەر سەرم.. دەبێ لەبەرچاویان بگرم و بە هەندیان وەربگرم چون کاتەک کە ئەمە خۆمان بە خەڵکانەکی رامیاریی دادەنێین و دەخوازین گۆڕانکاریی لە نێو جەماوەر چێکەین دەبێ رێز لە هەست و نەستی خەڵک بگرین و بە ناچارییش چاوپۆشیی لە هەندەک دابونەریت بکەین کە زیانەکی ئەوتۆ بە هزری پێشکەتنخوازییمان ناگەینن.. ئەوەش خۆبەخۆ دەرفەتی فراوانتر دەرەخسێنی کە بتانین تێکەڵی جەماوەر ببین و وەگەڕیانبخەین.. خۆ ئەگەر ئەمە بمانەوێ رێ لە هەر هەڵەک بگرین و هەر تشتەک بۆنی پاشدامایی لێوە بێ توخنی نەکەوین و بە هیچ شێوەک لە راستیی لانەدەین ئەوە دڵنیام لە نێو ئەو بارودۆخە فەرهەنگییەی کە خەڵکی تێدایە و لە نێو ئەو ژیانەدا کە پڕاوپڕە لە هەڵە و کەموکوڕیی و ناتەواویی و ناهۆشیاریی دەکەوینە پەراوێزی جەماوەرەوە و ئیدی دەستمان لە بنی هەنبانەکە بەردەبێ.. جا دەربارەی خۆشم ئەوە لەنەوپاش هەر بەو پێیە**

هەڵسوکەت لەگەڵ ئارەزووەکانم دەکەم و هەرێی ئەوەشت دەدەمێ کە چیدی توخنی سە نەکەوم تەنانەت ئیدی هەر لە ماڵەکەشمدا رایناگرم چون دەزانم ئەگەر هەر بەو شێوە لەگەڵ سە بژیم ئەوە دڵنیام بێجگە لەوەی پەیوەندییەکانم بەرەو خراپیی دەڕۆن مافی خۆم و مافی ئەویش پێشێلدەکەم!

ماوەی جێژنەکەمان پتر لە سێ کاتژمێری خایەند.. لە دوا بابەتمان هێندە بە قسەکانی ئاسوودە ببووم خەریکبوو پڕپیدەمێ و دوو ماچانی لەسەر کوڵمانی بکەم - هەروەک ئەوەی خۆم نەناسم و نەزانم لەگەڵ سادەترین بەرکەتنی چارەنووسم بە کێندەرێ دەگا - ئیدی لە هندوڕی خۆم گۆتم 'نەکەی هەی گەمبۆز.. باشترە هەندەک رێز لە خۆت و لە قسەکانت بگری'! پاشان کە خەریکبوو هێوارە دادەهات هەر بەدەو قسەی خۆش و شۆخییکردنەوە سەرپێییانە هەندەک نانمانخوارد.. ئیدی نەمدەزانی کوو بتانم رازیی بکەم وێسکییەکە نەخۆینەوە بەڵکە بچین لۆ خۆمان پیاسەکی دەرێ بکەین.. لە نێو ئەو باخچەدا کە دوو کۆڵان لە پشت خانییەکە بوو هەناسەکی خاوێن هەڵبمژین و لەو دەمەدەمی هێوارەدا کە پەڕەنگی زەردەی خۆرەتاوێ لە دوا دەروشانەوەکانی خۆیدا تیشکە زێڕینەکانی پەخشدەکاتەوە بە دیتنی داروددرەخت و گوڵ و گوڵزاران هەندەک چاوانمان رۆشن بکەینەوە و بە ژنەوتنی جریوەجریوی شالووران و دەنگ و ئاوازی پەڕندانی دیکە مەژییمان بحەسێتەوە و سەرمەست ببین... لێ لەوەیان بە هیچ شێوەک نەهاتە رایێ بەڵکە بە شۆخیی و بە پێکەنینەکی زۆر ناسک و ئارەزوو ورژێنەوە گۆتی: "نا نا نا.. ئیدی ئەمن لە پاش ئەو دانیشتنەمان نە هاوڕێی تووم و نە هیچی تووم تا ئەو داوایەم لێبکەی! باشترە ئەوەیان لۆ خزمی خەزووری کوڕی پلکی باپیرت باسبکەی! ئاخر ئەو خزمتە و گێت لێدەگری و هەرچیشی لێ بخوازی سەری لە رێتدا دەبی! ..." لەپڕ زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا.. کە تەمەشام کرد کوریکەسۆر بوو.. پێشترێ ئەوەم بە دادە کوڕانیی گۆتبوو کە ئەگەر کوریکەسۆر پەیوەندیی کرد و قسەی لەگەڵ کردی ئەوە پێینەبێژی لێرەین تا کە شەوێ دەگەمەوە کنی بە دیتنەوەم بگەشێتەوە و لە خۆشییان خەنیبیی.. لێ پێش ئەوەی تەلفۆنەکە هەڵبگرم هەستمکرد ئەستەمە ئەو نەخشەمان سەربگری چون کوریکەسۆر دادە کوڕانیی زۆر خۆشدەوێ و پاش ئەوەی کە لەگەڵ من تەواودەبی قسە لەگەڵ ئەویش دەکا و ئیدی دەیکاتە بەزمی خۆی و هەر نایبڕێتەوە تا دادە کوڕانیی تووشی هەڵەک دەبی و سەرەنجام ئاشکرام دەکا و نەخشەکەم پووچەڵدەبتەوە.. کەچی هەر کە هەڵمگرت و پاش چاکوخۆشیی پێمگۆت تازە لە کۆبوونەوەکەمان بووینەوە؛ زۆر بە پەلە گۆتی:

- زۆر باشە گیان.. هەر ویستم لە گەیشتنت دڵنیابمەوە.. دە باشە دەی... (هەستمکرد خەریکە وەڕێمدەکا.. ئەمنیش هەر بە پەلە گۆتم):

- ئێ باشە کوریکەسۆرەکەی خۆم.. ئەوە لۆ وەها بە پەلەی؟ ئەدی قسە لەگەڵ دادەی هاوڕێمان ناکەی؟ (بێ ئەوەی وەرامی پرسیاری یەکەمم بداتەوە یەکسەر گۆتی):

- دە باشە بمدێ با قسەی لەگەڵ بکەم (ناچار تەلەفۆنەکەم دا دەستی دادە کوڕانیی، زۆرم پێ سەیر بوو.. هەر پاش ماوەکی زۆر کەم بێ ئەوەی داوای من بکاتەوە دیتم ئەویشی وەڕێکرد! دادە کوڕانیی بە گرژییەکەوە - تەنانەت لە رووگرژییشیدا ناسکیی و نازدارییەکەی خۆی هەر لەدەستنەدەدا بەڵکە بە پێچەوانەوە جوانییەکی تایبەت و ناوازەش رووی دەتەنیەوە - تەلەفۆنەکەی داوە دەستم و گۆتی):

- نازانم.. هەرگیز کوریکەسۆرم نەدیتیە ئەوها لەگەڵ من ساردوسڕ بی...

- نا نا هیچ نییە هاوڕێ گیان.. تکایە لەبەر دڵی خۆتی مەگرە.. ڕەنگە کارەکی بە پەلەی هەبووبی یان ڕەنگە لە دووریی من دڵی توند بووبی چون ئێستا بە هۆی سەرقاڵییم بە کاروبارە ڕێکخراوەییەکانم زوو زوو بە تەنێی بەجێدەهێڵم.. هەستدەکەم ئەویش لەو دواییانە دڵی هەندەک ناسکتر بووە..

- نا هاوڕێ نا.. دڵنیابە ئەمن هەرگیز هیچ تشتەک لە بەرانبەر کوریکەسۆرێ لە دڵم ناگرم.. (خەندەکی جوانی خستە سەر لێوانی و دەستی بە پێخۆر چێکردن کرد).

بێجگە لەوەی شکستمخواردبوو لەوەی کە نەخواتەوە گەلەک لەوەش دەترسام بەزمەکی دیکەم لۆ چێبکا و لە پاش ئەو کۆبوونەوەمان کە تێیدا زۆر جەختمان لەسەر لەنێوبردنی گەندەڵیی سێکسیی کردەوە دیسان جوانییەکانی وەک دوو جارەکەی دیکە چۆڕم لەبەرببڕن و نەتانم لۆ ماوەی چەندین شەو لە نێو باغەڵی کوریکەسۆرێ دەستان ببزێوم! ئاخر دادە کوڕانیی ئی ئەوە نەبوو ئەگەر خۆیت لۆ شل بکا ئەتوو بتانی پێ بە جەرگی خۆتدا بنێی و دەست بە ڕوویەوە بنێی بە تایبەتییش لە جێیەک بە تەنێ لەگەڵی بی و ترسی ئەوەشت نەبی هیچ کەسەک بەسەرتاندابێ یان پێتان بزانی! هەر لەگەڵ دەنگی لێکدانی یەکەم جامی خواردنەوەکەمان دڵەکوتێیەکی توندم گرت و وردە ئارەقە نێوچاوانمی داپۆشی.. هەرچەندە ئەو دڵەکوتێیە شادمانییەکی شکۆدارانەی پێ بەخشیم چونکێ وەک زەنگەکی هۆشدارییی لە وەدەرکەتنی مەترسیی وەیلێکردم زۆر خۆڕاگرانە پێدابگرم کە هەرگیز ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی لەسەر گەندەڵیی سێکسیی وەرمانگرتبوون پێشێلیان نەکەم و خۆ وەدەستەوە نەدەم.. لێ هەیهووو هەیهو؛ هێشتا جامی دووەممان بە تەواویی هەڵنەقوڕاندبوو جوانیی و جوولە ناسکەکانی هێندە بە گوڕ داباریبنە سەر ڕووبەری ئەندێشەکانم هەرچی بڕیار و ڕاسپاردە و ماسپاردە هەبوون تێکڕای ڕامالین! بێجگە لەو هیچ تشتەکی دیکەم نەدەهاتە بەرچاوان.. کەچی ئەو زۆر بە گەرموگوڕیی کەتبووە نێو باسوخواسان لێ ئەمن هەر خەریکی ئەندێشە مێخۆشەکانی خۆم بووم! تەنێ بە جەستە و لە رووکەشدا لەوێ بووم دەنا وەکیدی هیچم بەسەر هیچەوە نەمابوو و هەر ئەوە بوو دۆخی دانیشتنەکەم ڕاگرتبوو و جاروبارەکیش تا هاوسەنگییەکە تێکنەچی بە پێی پێویست چەند وشەک یان ڕستەکم دەخێواندێ و لەگەڵ ڕەوتی دەمەتەقێیەکە دەڕۆیشتم.. ئێستاکەشی لەگەڵ دابی نە قسەکانی ویم وەبیردێنەوە نە ئی خۆم! پاش ئەوەی جامی دووەممان چۆڕبڕکرد و دوو جامی دیکەمان تێکردەوە گۆتی:

- ئەدی ئەوە ئێرە هیچی لێ نییە.. زۆر خۆشتر دەبوو ئەگەر وەدەو قسانەوە گێمان لە گۆرانییەک یان پارچە مۆسیقایەکی ئارام بووایە؟

- با.. ئەوەتە تۆمارکەرەکی چاکی لێیە.. لێ بە داخەوە.. داوای بووردن دەکەم کە هیچ 'سیدی'یەکی وەهای لێ نییە بە دڵی من و توو بی...

- ئەها.. ئەمن چەند سیدیەکم پێیە و لە نێو ترومبێلەکەمە.. دڵنیام ئەوانەت بە دڵ دەبن.. هەر ئێستا دەچم دەیانهێنم..

لەگەڵ ڤێتبوونەوە و خۆ وەرسووڕاندنی نازانم کووبوو خۆی لە جامی خواردنەوەکەی خۆی دا و هەمووی بەسەر پێی ڕاستیدا ڕژا.. ئەمنیش بە خێرایی پڕمدا لوولکە دەسترەکە و خۆم خستە سەر چۆک و دەستم بە سڕینەوەی پێی کرد.. هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێی خۆی کێشاوە گۆتی: "نا نەکەی هاوڕێ گیان.. کوو دەبی ئەتوو پێی من بسترییەوە.. ئاخر نابی..." لێ ئەمن گێم نەدایێ و پڕمداوە پێیەکەی و بە تاوتر کەتمە سڕینەوەی.. پێ چ

پێ هەر دەتگۆت پارچە مرواریيەکی زۆر نايابە و نينۆکەکانی وەک پێنج دنکە ياقووتی سۆر لە نێويدا دەدروشێنەوە! پاشان لۆ دڵنيابوونەوە لە هيشکبوونەوەی پێی بە نەرمييەکەوە دەستەکم بەسەريدا خشاند؛ ئۆهـ.. وەک ئەوەی تەزووی کارەبا گرتبمی دەستم راجفری و کەتەوە سەری.. ئيدی ئەويش دەرفەتەکەی قۆزتەوە - هەستمکرد تەزووی دەستم لە پێيەوە بەرەو مەژيی تەوژمی بردبی و لەوێشەوە فرمانی وەجوولەکەتنی سەرپای جەستەی دەرچووبی - بە ئەسپايييەکەوە پێيەکەی ديکەی خستە سەر پشتی دەستم و دەستەکەی ديکەی منيش خۆبەخۆ خۆی گەياندە سەری! هاوکاتی ئەوەی خۆی چەماندەوە و دەستی راستی لە پشت سەرمەوە خستەسەر شانی راستم و لاسمتی راستی خستەسەر شانی چەپم دەستی چەپيشی گەياندە سەر تۆقەرەی سەرم و نەرمە نەرمە بەرەو خوارێ خشاندی تا گەياندیيە سەر دەموچاوم.. پاش ئەوەی بە خێراييەکی سەرنجڕاکێشەوە لێوانمی لە نێوانی دوو پەنجەيدا کوشين پشتی دەستی لە بن چەنەگەم گيرکرد و هێدی هێدی سەرمی بەرزکردەوە تا چاوانمان کەتنە سەر يەک هێڵی راست و ئيدی نيگايە تيژ و سۆزورژێنەکانی بە ناز و نەرمونيانييەکەوە داباراندە سەر ديدەکانم.. هەرچەندە جوولەمان لێبڕابوو و چاوانيشمان هەر لە هەمان دووريی لە مۆلەق مابوون لێ ئەمن هێندە بە گوڕ و هێندە بە پڕيی تێيانڕامابووم هەر وەهام هەستدەکرد ئەوە خەريکە چاوانمان بەر يەک دەکەون و برژانگەکانمان ماچبارانی يەکدی دەکەن! هەڵبەتە ئەمن پێشترێ تا ئەو کاتە مەرگم نەديتبوو و نەمدەزانی کووە لێ کە لەپڕ لەسەر شانم لاکەت و گۆتی: "باشە هاوڕێ گيان دەچم سيديەکان دەهينم و هەر ئێستا دێمەوە" رێک بەو دوو چاوانەی خۆم مەرگم ديت! لە بەرانگژبوونەوەکی نابەرانبەردا ئاوزينگانم دەدا و خەريکبوو دەيبەزاندم لێ باش بوو زۆری پێنەچوو؛ هەر کە بە دەنگی دەرکەکە زانيم هاتەوە خۆبەخۆ گيانم وەبەرداهاتەوە و بە گەيشتنە کنيشم وەک پێشترێ بە تەواويی زينديیبوومەوە! ئيدی کار لە کار ترازابوو و تەنێ يەک چەخماخە بەس بوو لۆ گڕگرتن! کێ ئەو چەخماخە لێدەدا؟ نەمدەزانی.. لێ ئەوەم باش دەزانی کە بارودۆخەکە تەواو پێچەوانە ببۆوە؛ ئەگەر ئەويش لە ژێر کارتێکردنی قسە گەورەکانی نێو کۆبوونەوەکەمان دانی بە خۆيدا بگرتبا و دەستپێشخەريی نەکردبا ئەوە ئەمن لەوەدا نەمابووم و بێ هيچ گومانەک خۆم دەستپێشخەرييەکەم دەکرد.. پاش ئەوەی بە نمايشکردنی چەند جوولەکی زۆر سەرنجڕاکێش کە تەنێ جوانييان لێدەباری سيديەکی دامێ و خستمە نێو تۆمارەکەرەکە... زۆری نەبرد خۆبەخۆ و وردە وردە هەر لە جێی خۆمان و بە دانيشتنەوە تێکڕای جەستەمان لەگەڵ رەزمی گۆرانييەکە بە جوولە و سەما کەتن.. کە جامە رژايەکەی ئەويشم پڕکردەوە و نەختەکمان هەڵقوڕاند گۆتی:

- نازانم ئامۆزا گيان.. هەر کە گێم لەو گۆرانييە دەبی حەزدەکەم هەندەک سەمای لەگەڵ بکەم.. جا ئەوشۆ نەيکەم کەنگێ بيکەم؟! (کاتەکم زانی هاوکاتی هەستانەوەی پژدێنە چەرمييە پانەکەی کەمەری داکەند و دەستی بە سەمايێ کرد.. سەما چ سەما؛ هەر دەتگۆت تاوسە و دەيەوێ پێيانی لە زەوی ببڕی و لە شەقەی باڵانی بدا.. نەک هەر نەمدەتانی بە ئاستەمەکەيش چيە نيگايانمی لەسەر لاببەم بەڵکە نەمدەتانی چاوانيشم بتروووکێنم.. بە کورتييەکەی وەيلێکردبووم هەر بە تەواويی لە جيهانی دەرێی ژۆرەکە و کەسايەتەييە داچڕژايەکەی خۆم کە هەم وێژە و هونەر هەم کاری هزريی و راميارييی بە باڵاميان دابڕيبوو دابڕێم! ئەوەی لەو دەم خەريکبوو لە هەر تشتەکی ديکە پتر لەبيرمبچيتەوە کاری رێکخستن بوو بە تايبەتييش تێکۆشان و مێکۆشانی دژ بە گەندەڵيی سێکسيی! تا دەهات سەمايەکەی گەرموگوڕتر و وەجۆشوخرۆشتر دەبوو.. هەرگيز نەمدەزانی دادە کوڕانيی رۆمانسييەکی ئەوها تاکتيکباز و وتووريا و زرنگە؛ هەڵبەز و دابەزی باڵەکانی و

جوولاندنی دەست و پەنجەکانی وەک ئەوە دەهاتنە بەرچاوان کە بەزمی مۆسیقایەکە وەدوو ئەوان دەکەوی نەک بە پێچەوانەوە.. هەر جارەک کە دەستی بەرەو لای من لاردەکردەوە و سەری پەنجانی بە شێوەی 'وەرە' دەجوولاندن تووشی سەرلێشوانی دەکردم لە نێوانی ئەوەی کە ئایە ئەوە پێویستییەکی مۆسیقایەکەیە پەنجانی بەو شێوە دەجوولێنی یان ئاماژەی ئەوەیە کە ئەمنیش رابم و دەستی بگرم و پێکەوە سەما بکەین؟؟! هەر زۆر ساختەچیانە دەیویست بەو نمایشە دووفاقییە هونەرییە فیچەلفاچەی دوو نیشان بپێکی.. واتە دەیویست لە رێی ئەو شێوازەی جوولاندنی پەنجانی هەم سەرنجم رابکێشی کە بچم سەمای لەگەڵ بکەم و وردە وردە بە تشتی دیکەش بگەین تا تێکڕای ئارەزووەکانمان دادەمرکێنەوە.. هەم ئەگەر پاشان ئەمن بە پێی پەیڕەوی نەخشەڕێیەکەمان سەبارەت بە لەنێوبردنی گەندەڵیی سێکسیی تووشی لێپێچینەوەی بکەم و بە لادان لە بڕیار و راسپاردەکان سووچباری بکەم.. ئەوە بتانی بەرگریی لە خۆی بکا و بێژی 'جا ئەوە سووچی منی تێدانەبوو.. چونکێ ئەمن لۆ خۆم سەمام دەکرد و بێ هیچ مەبەستەکیش رێک بە پێی بەزمی گۆرانییەکە پەنجانی خۆم دەجوولاندن کەچی ئەتوو هەر لە خۆتەوە هاتی و دەستی منت گرت و بەو ئەنجامە گەیشتین کە گەیشتین!' ئیدی لەو نێوانەدا تێدامابووم و نەمدەزانی دەبی چ بکەم.. لێ ئەوەم دەزانی و تەواویش لێی دڵنیا بووم کە ئەگەر هەستم و لەگەڵی بکەومە سەمایێ ئەوە کارەکە هەر بەوە راناوەستی.. ئاخر بە هیچ جۆرەک و بە پێی هیچ رامان و روانگەکیش نەدەشیا و نەدەکرا گومان لەوە بکەی کە ئەگەر بکەویە بەر تاوی باوەشی ئاورینی کەسەکی وەک دادە کوڕانیی هەرگیز ناتانی بێ هەڵکڕووزان و هەڵقرچان و تاوانەوە لەبەردەستی قوتاربی!

بە هەر دەردەسەریی و چەرمەسەرییەک هەبوو بە خۆچیڕکردنەوەکی زۆرەوە هەندەکی دیکەش خۆم راگرت.. لێ کاتەک کە دیتم وردە وردە بە وەگەڕخستنی سەرتاپای جەستەی و بە شێوازەکی زۆر جوانتر و ناسکتر تا دەهات سەمایەکەی گەرموگوڕتر و پڕ لە جۆشوخرۆشتر دەکرد و هاوکاتی ئەوەش زوو زوو وەک تیرهاوێژەکی شارەزا و کارامە بە تیچاوەکی پڕ لە غەمزەوە تیرەنگێوی دەکردم و بە شێوەکی زۆر ئۆینبازانە لە ناز و نیگایانی وەردەپێچام.. ئیدی ئەمنیش لە ژێر هەژموونی ئەو سەمایە تازە بابەتەیدا بە تەوایی جلەوی خۆم لەدەستدا و نەمدەزانی بەرەو کێندەرێ ملدەنێم! کاتەکەم زانی ئەوە - بە باشترین بیانوو کە هەڵقوڕاندنی دوا چۆڕی جامی سێیەممان بوو - بە هەردوو جامەکەوە لەبەر سینگی قوتبوویمەوە و وا خەریکە هێدی هێدی بەدەو سەمایەکی ئارامەوە زۆر بە نەرمیی سینگ و بەرۆکان لە یەکدی دەخشێنین و بە دوا فڕی جامەکانمان و تەوژم و شەپۆلی لەنجەولارەکانمان و گوڕ و هاوڵاوی ئارەزووەکانمان قل بە قلی بڕیار و راسپاردەکانی کۆبوونەوەکەمان رێک بە پێچەوانەی خۆیان جێبەجێ دەکەین! هەر لە درێژەی ئەو نەبەردییەماندا لەپڕ بە تەکاندانەکی دەستەویەخە فڕێیدامە سەر قەنەفەکە و لەگەڵ خۆهەڵدانە نێو باوەشم سەرمی هەندەک لارکردەوە و تا هێزی تێداهەبوو پڕ بە دەوی لێوەکانمی هەڵمژین.. هەر کە لێوانی لە لێوانم ترازاند زۆر خودپەسندانە رووی خۆی بەرەو ئاسمانێ هەڵبڕی و وەک ئەوەی فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی بی و تازە لە داستانەکی زۆر مەزن سەرکەتنی وەدەستهینابی بە دەنگەکی زۆر دلێرەوە هاتەگۆ: "دە پڕکەوە.. دوو جامی تازە پڕکەوە.. با بە ئاهەنگ سەرکەتنی ئەو کۆبوونەوە زۆر گرنگ و مێژووییەمان پیرۆز بکەین"! زۆر لێی پاڕامەوە کە با پتر نەخواتەوە.. ئاخر هێشتا بای ئەوەم وەبەرمابوو کە لەبیرنەکەم پاش دەمەکی دیکە ترومبێل لێدەخوڕی و ناشێ پتر سەرخۆش ببی.. کەچی هەر سەری نەهینابەرێ و سەرەنجام ناچاریکردم دوو جامی دی تێبکەمەوە.. لێ بە هەر جۆرەک هەبوو هەرێی ئەوەم لێوەرگرت کە ئەوە دوا جامانمان دەبی، هەر کە

جامەکانمان هەڵدان و ئەمن دەستم لۆ پارچە گۆشتەکی برد.. یەکسەر دەستمی گرت و هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەستەکی بردە نێو باغەڵی خۆی و مەمکۆڵانی دەرکردن وردە وردە سەرمی شۆڕکردەوە سەریان و گۆتی: "فەرموو گیانە ئەوە پێخۆری تووە.. ئەوە پێخۆرەکی زۆر چاکتر و بەچێژترە لەو گۆشتە هەی بە حەیرانت بم!" ئیدی ئەمنیش - رێک وەک ئەوەی کە هەرگیز ئەو دەستەواژەی 'گەندەڵیی سێکسیی'م نەژنەوتبی و هیچ بڕیارەکمان لەسەری وەرنەگرتبی - زۆر بە تاسووق و بە تامەزرۆییەوە دەوم تێنان.. هەر ناوەناوە فڕەکمان لە جامەکانمان دەدان و پێخۆریشمان هەر لێوان و گۆی مەمان بوون، پاشان هەر بە هەمان سیدی دەستمان بە سەمایێ کردەوە و خۆبەخۆ بە پێی گۆڕانی ئاوازەکان شێوازی سەمایەکەمان دەگۆڕا و پەیتا پەیتاش جلکەکانمان لەبەرمان هەڵدەوەرین تا کاتەک بە خۆمان زانی ئەوەی جلکە دەبەرماندا نەمایە.. ئیدی بێ هیچ نەخشە و بەرنامەک هەر لەسەر زەوەیەکە تێکئاڵاین و بەربووینە جەستەی یەکدی؛ هیچ پێتەک لە لەشولارماندا نەما سەرگەرمی کاری خۆی نەبی.. بە کورتییەکەی وەک ئەوەی دیندارە مەڕژیی وێستاوەکان دەبێژن 'هەرچی (خودا!) پێیناخۆشبوو کردمان'! واتە رێک پێچەوانەی گشت ئەو تێڕوانینە توندڕەو و میانڕەو و نەرمڕەوە دینیی و نادینییانەی کە مرۆڤە ئازادییکوژەکان سۆز و ئارەزووە سێکسییەکانی خەڵکیان پێ سەرکوت دەکەن زۆر ئازادانە بەرخوردمان لەتەک حەز و ئارەزووە تەپەسەرکرایەکانمان کرد و خۆمان خەنییکرد!

پاش ئەوەی هەندەک ساینەوە و بەدەو شۆخیی و قسەی خۆش خۆشەوە خواردنەکی چاکمان خوارد.. گۆتی:

- ئێستا تێگەیشتی هاوڕێ گیان.. دیتت دیسان سەلماندمەوە کە ئەنگۆی پیاو لەوپەڕی تواناتان هەر ئەوەن کە دەتانن ژنان وەک تۆپەک لەسەر پەنجەی خۆتان بسووڕێنن.. لێ ئەمەی ژن ئەگەر رێمان لێنەگرن و دەرفەتی ئەوەمان هەبی ئازادانە بیربکەینەوە و ئازادانە بەرخورد بکەین ئەوە دەتانین تۆپی جیهان سەرلەبەری بەو گەورۆنەییەی خۆیەوە لەسەر پەنجەی خۆمان بسووڕێنین! (بە هۆی ئەو بەزمەی کە لەگەڵی تێیکەتبووم هەندەک بارم لار ببوو و دەشمزانی ئەگەر بەرسڤی بدەمەوە و رای خۆم دەرببڕم ئەوە کاتی زۆر دەوێ.. هەروا ترسی ئەوەشم هەبوو رەنگە ئەو باسە زیان بەو بەرنامەشمان بگەینی کە سەبارەت بە نەهێشتنی گەندەڵیی سێکسیی بڕیارمان لەسەری دابوو.. لەبەرهەندێ بێدەنگییم لێکرد و بەو شێوە بابەتەکەم گۆڕی):

- ئەرێ هاوڕێ.. قسەکەت زۆر جوانە.. لێ لێدوان لەو بابەتە کاتی زۆری گەرەکە و ئێستا ناتانین بە پێی پێویست مافی خۆی بدەینێ، ئەتوو دەمەکی دیکە دەگەڕێیەوە.. ئەمن پێم باشە ئێستا نێو ماڵەکە وەک خۆی لێبکەینەوە و هەندەک پشیی بدەین.. کاتەکەش هەر بەشی ئەوە دەکا.

دوای ئەوەی هەر یەکەو چەند خولەکەک لە گەرماوەکە خۆن خاوێنکردەوە و قاپ و قاچاغەکەمان هەمووی شوشت و ماڵەکەمان وەک خۆی رێکخستەوە قاوەکمان چێکرد و بەدەو خواردنەوەی زۆر بە توندیی رەخنەی ئەوەمان لە خۆمان گرت کە ماوەکی کەم پێش ئێستا بڕیارماندا گەندڵیی سێکسیی لە نێو سەرجەم رێکخراوەکەمان بنەبڕ بکەین کەچی هەر لەو سەرەتایەدا خۆمان پێشێلمان کرد! بە کورتییەکەی بەڵێنماندا جارەکی دیکە لە رووی سێکسییەوە توخنی یەکدی نەکەوین و ئیدی خوشک و برا بین!

کاتی ئەوە بوو دەربچین و ئەو بەرەو شارەکەی بگەڕێتەوە، ئەمن لە ماوەکی زۆر کەم خۆم گورجکردەوە.. لێ ئەو زۆری پێچوو چونکێ وەک پڕانیی ژنان بە تیفتیفە و خاوخلیچک بوو لە خۆئامادەکردن و هەندەک جلکی تازەشی لەگەڵە خۆی هاوردبوو و خەریکی پۆشینی ئەوان بوو؛ دەستە جلکەکی ناسک و رەنگ هەناریی بوو کە

پارچەکەی سەرێی تەنێ لەسەر گۆی مەمانیەوە تا سەر ناوکی داپۆشیبوو.. تەنوورەکەشی بستەک پتر لەسەرێی چۆکانی بوو.. هەر خۆی تەمەنی گچکە بوو و لە نێو ئەو جلکانەشیدا هەر زۆر گچکەتر و قشتیلەتری دەنواند.. هێندە ناسک و جوان دەهاتە بەرچاوان خەریکبوو دیسان لە باوەشی بگرمەوە.. لێ داخەکەم ئیدی ئەمە خوشک و برا بووین و بە هۆی زۆر جەختکردنەوەش لەسەر بەلێنەکەمان رێز و شەرمەکی وەها لە نێوانمان پەیدابووبوو هیچ دەرفەتەکیان نەهێشتبۆوە تا بتانین جارەکی دیکە یەکدی بگەوزێنین یان تەنانەت گچکەترین دەستبزێویی بکەین و بە ئاستەمەک یەکدی رابمووسین! تەواو خۆمان ئامادەکردبوو.. هەر ئەوە مابوو بچینە دەرێ و سواری ترومبێلەکەی ببی و لە یەک دابڕێین.. لە کن دەرکەکە و لە دیوی ژۆرێ هەڵوەستەکمان کرد و نیگایەکمان لە یەک کرد.. زۆر سەیر بوو.. وەک ئەوەی هەرگیز پێشترێ جەستەمان بەر یەکدی نەکەتبی شەرمەکی وەها دایگرتبووین نەماندەزانی کوو باوەشەک لە یەکدی بدەین و ماڵاوایی لە یەک بکەین.. ئاخر نەماندەویست لە دەرێ ئەوە بکەین و ناسیارەکی من بە رێکەت لە نێو باوەشی یەک بمانبینی!

ئەمن دەمزانی و تەواو لە خۆم دڵنیابووم لەوەی ئەگەر بەو لەشە نیوە رووتەی و لە نێو ئەو جلکە نەرم و ناسک و جوانانەی لە هەمێزی بگرم ئەوە بێ گومان دەستان دەبزێوم و دیسان دووچاری هەمان بەزم دەبینەوە! لەبەرهەندێ نەمدەوێرا لە پیستی خۆمدا بجوولێمەوە.. کەچی ئەو لە دەستپێشخەرییەکی زۆر ئۆینبازانەدا وەک ئەوەی نمایشی جلوبەرگ بکا بە لەنجەولارەکی سێکسییانەوە هەندەک جوولەی سەرنجڕاکێشی کرد و بە ناز و نەرمونیانییەکەوە گۆتی:

- با بڕۆین هاوڕێ گیان.. لێ نەمزانی ئەو جلکانەمت پێ کووە.. لێمدێن؟ (جلکەکانی لە شێوەی کۆمەڵە گەڵا گوڵەکی زۆر ناسکی نێو باخچەکی چڕ و سروشتیی نەخشێندرابوو).

ئەمنیش بێ هیچ مەبەستەک بە ئاستەم دەستەکم بەسەر تەنوورەکەیدا خشاند و گۆتم:

- جا بێ گومان گوڵ و خونچەی رەنگ هەناریی و گەڵا و چرۆی تەڕ و ناسک هەر لە بەژنوباڵای دار هەنار ئاسایەکی وەک خۆت دێن و هەر بە قەدی نەونەمامەکی وەک خۆشتەوە جوانتر و گەشتر دەنوێنن!

ئەو پەسن و پێداهەڵدانەم ئازایییەتییەکی وەهای پێبەخشی کە هاوکات لەگەڵ باوەشلێدان و شەقەی ماچەکی برووسکە ئاسای لەسەر لێوانم دەستم شۆڕبکاتەوە سەر لاڕانی خۆی و لە تەنوورەکەی بخشێنی و زۆر ئۆینبازانە بێژی: "گەلەک سوپاست دەکەم هاوڕێ.. ئەها ببینە چەند نەرم و ناسک و نایابە.." ئیدی ترس و شەرمەکەم هەندەک رەوینەوە و هەر بە خۆشم نەمزانی کووکوویی دەستانم خۆیان گەیاندە پشتەوە و لە بن تەنوورەکەیڕا وردە وردە بەرەو سەرێ هەڵژەنین تا هەردوو دوندی سمتە خڕوخۆڵەکەی بە رووتی کەتنە نێو چنگانم.. هەڵبەتە ئەویش خۆی فجورێ نێو جیهانی خۆی کردبوو؛ وەک ئەوەی بیەوێ لە بەردەستی رانەکەم دەست و باسکی چەپی توند توند لە نێوقەدم گیرکردبوو و دەستەکەی دیکەشی شۆڕکردبۆوە نێوگەڵم و خەریکی هەڵگێر و وەرگێڕ و یاریکردنی خۆی بوو.. هەر بەدەو قرتەکانی کراسەکەمی قرت قرت کردنەوە و بە لێوانی مووەکانی سەر سینگمی دەگرتن و جاروبارەکیش بە زمانی ختووکەی گۆی مەمانمی دەدان و چەند مژەکی توندی لێدەدان - ئاخر مەمانی منیش هیچی وەهایان لە مەمانی کیژەکی چاردە ساڵیی چووکتر نین و زۆر چێژی لە مژین و لێستنەوەیان وەردەگرت -.. هاوکات لەگەڵ هەڵکوشینی ئەو سمتە سفتوسۆڵەی جاروبارەکیش مایۆیەکەیم - کە هەر هێندەی قەیتانەکی پان دەبوو و لە نێوان کەلەنی لاسمتانی ختم بوو - بە پەنجەک وەلادەخست و بە

پەنجەکی دیکە ختووکەی کونی قوونیم دەدا و هاواری لێ بەرز دەبۆوە.. زۆری نەبرد کاتەکم زانی ئەوە قایش و زنجیری پانتۆڵەکەشم کراینەوە و کیر و گونانم لە نێو دەستیدا خەنیبوونە.. نازانم لەبەرچی - وەک ئەوەی بمانەوێ خۆمان بەسەر خۆماندا زاڵ بکەین و دەستبەرداری یەک ببین - بە ئاستەمەک خۆمان لە یەک کشاندەوە.. لێ وەک دیتمان ئیدی کار لە کار ترازبوو و لەوە دەرچووبووین بتانین دەستبەرداری یەکدی ببین.. لە ئەنجامی ئەو خۆ لە یەک کشاندنەوەشمان هەگبەکەم لە شانم بەربۆوە و تەپەی لێوەهات و ئی ویش هەر بە هەمان شێوە وەدوو ئی مندا..

بێ ئەوەی یەک ورتەمان لە دەو بێتە دەرێ و ئازایەتیی ئەوە لە خۆ راببینین بڕۆنینە نێو چاوی یەک تا دەهات پتر و پتر ئاوێزانی یەکدی دەبووین.. لەپڕ دەستانی خستەسەر شانانم و لەگەڵ خۆ چەماندنەوەی هەردوو لەپی دەستانی بەرەو خوارێ بەسەر سینگمدا خشاندن و لەسەر هەردوو لاتەنیشتی کەمەرم لێوی پانتۆڵەکەمی گرت و بە مایۆیەکەمەوە تا سەر چۆکانم داپڕنینە خوارێ.. وەک ئەوەی هەناوی ئاوری تێبەربووبی و کیریشم کرێمستی بی بە دەستیەوە بەربووە مژین و لێستنەوەی و جاروبارەکیش لە قوڕگی ئاودیویدەکرد.. ماوەکی چاک هەر بەو شێوە دایەدوێ تا وەک داری رەقی لێکرد.. هەر کە بە خێراییەکەوە قیتبۆوە و مایۆیەکەی داکەلاند تەنوورەکەی لە پشتەوەڕا هەڵکرد و پشتی تێکردم.. هەر بە پێوە کیرمی خستە سەر کەلێنی نێوان هەردوو لاسمتانی.. تاوەک لەسەری دەسووڕاند و تاوەکی دیکە خۆی دەخستە سەر پەنجەی پێیانی تا کیرم لە بن قوونی بکەویتە نێوان رانانی و لە پێشەوەڕا سەرەکەی بگری و لە کونی قوزی بپەستی.. هێندە بە توندیی لە نێوان رانانی دەیکوشی خەریکبوو بیقرتێنی.. کاتەکم زانی دەستەکی پڕ تف کرد و توند توند کیرمی لە بن گونانمڕا گرت و سەرەکەی خستە سەر کونی قوونی و گۆتی: "دا بتبینم و کەرخت دیار بی هاوڕێ گیان"! ئیدی لە منەوە تەکان لۆ پێشەوە و لە ویشەوە تەکان لۆ پاشەوە تا سەرەنجام خرت خرت نەک هەر تا دوا ملیم بەڵکە خەریکبوو گونانیشمی تێدا ختم ببن.. هەردوو چنگی بە جۆرەک لە پشتەوەمڕا لە دووندی لاسمتانم گیرکردبوون و بە خۆیەوەی نووساندبووم تەنانەت نەیدیهێشت یەک ملیمیش چیە بە پێی ویستی خۆم جوولە بکەم.. واتە جلەوی تێنان و دەرهێنانەکە لە دەستی خۆی بوو و بە ئارەزووی خۆی هەڵیدەسووڕاندم.. یەک سووڕان کەفەڵی لەسەر نێوگەڵم دەسووڕاند وەهام هەستدەکرد هەرچی توانست و بڕست و تەزوو و تەوژم هەن لە بڕبڕەی پشت و نێو هەناومڕا دادەچۆڕێنە نێوگەڵم و لەوێشەوە رۆدەچنە نێو کونی قوونی و پەیتا پەیتا هەناوی گەرم و پڕ لە گڕی ئاوپڕژێن دەکەن..

لەبەرئەوەی دووەم گانمان بوو لەو چەند کاتژمێرەدا کاتەکی پتری دەویست تا ئارەزووەکانمان دابمرکێنەوە.. هەرچەندە زۆر زۆر چێژم لێدەدیت و وەهام هەستدەکرد ئەگەر تا دەمرم هەر ئەوها سمتی لە نێو کۆشمدا بی هەرگیز ئۆخەم نایێ و لێی بێزار نابم.. دەمزانی ئەویش هەر هەمان هەست و پێخۆشبوونی منی هەیە و لەوپەڕی چێژ و ئاسوودەیی دایە.. لێ بە باشم نەدەزانی هێندەماندیی و شەکەتی بکەم.. ئاخر یەک چرکەش چیە لە قوون بادانەکەی نەدەکەت و هەر دەگۆت دەستاڕ دەگێڕی! ئەمن وەک کلاوقوت نەبووم حەزم لە قوون نەبی و بمەوێ زوو تەواو ببین بەڵکە هێندە حەزملێبوو ئەگەر سەریشمی لە نێو بنابا هەر ئۆخەم نەدەهات! کێشەم زۆر بوو لەگەڵ کوریکەسۆرێ لەسەر ئەوەی کە حەزی لە گانی قوون نەبوو.. مەگەر جاروبارەک ئەگینا نەیدەهێشت لە پشتەوەڕا خەریکبم، هەندەک ئەزموونی پێشترێم هەبوو کە ئەگەر ژن لە قوونی بنێی تا ئارەزووی قوزی دانەمرکێ خرۆشی قوونی داناکەوی.. گرفتەکە ئەوە بوو کە دادە کوڕانیی رێیەکەی دوور بوو و

دەشبووایە بگەڕێتەوە لەبەرئەوە نەدەکرا پتر کاتی بکوژم ئەوە سەرەڕای ئەوەی بە ترومبێل دەڕۆی و هەندەکیش سەرمەست بوو.. ناچارمام بە نیازی زووتر دامرکانەوەی ئارەزووەکانی دەستەک بگەینمە نێوگەڵی و خۆم خەریکی ورژاندنی قوزی بکەم.. کەچی تومەز زۆر پێیخۆشبوو گانکردنەکەمان پتر درێژە بکێشی ئانیشکەکی لە بن باسکم هەڵدا و دەستمی وەلاخست و لە جاران بە جۆشوخرۆشتر درێژەی بە دەستارِ گێرانەکەی دا.. وەهامان لێهاتبوو لە نێو ئارەقەی یەکدی شڵپەمان دەهات..

پاش ماوەکی دیکە دیسان دەستم لۆ قوزی بردەوە و یەکسەر پەنجەم خستە سەر میتکەکەی و خۆم خەریکی ختووکەدانی کرد.. ئەو جارە دەستی لانەدام و هەر بە نارەنار و ئاخ و ئۆفەکەی دیاربوو زۆر چێژی لێدەدیت.. وردە وردە بادانی سمتی خاودەبۆوە تا گەیشتە ئەوەی لەبەر ئاڵووشی قوزی هایی لە جلەوگرتنی من نەمینێ و ئیدی ئەمن بە ئارەزووی خۆم دەمژەنی.. لێ هێشتا هەر دەستانی لە لاسمتانم بەرنەدابوو.. هەر کە جاروبارەک کیرم بە تەواویی دەردەهینا بە پەلە لۆ خۆی کێش دەکردمەوە تا بن گونانمی لە خۆی دەناوە.. بە دەستەکەی دیکەشم هەر خەریکی کوشینی مەمان و خوتووکەدانی گۆی مەمانی بووم و جاروبارەکیش سەریم وەردەسوڕاند و تێر تێر لێوانی یەکدییمان دەمژتن.. ماوەکی چاک هەر بەو شێوە تێکڕای ئەندامانی لەشمان لە کاردا بوون، کاتەکم زانی ئاخ و ئۆفەکەی بە خێرایی بەرز و بەرزتر دەبۆوە تا کار گەیشتە ئەوەی دەستی بە قیژەقیژەکی بێ پسانەوە کرد.. هەر کە دەستانی لە سمتم شل بوون و بەربوونەوە سەر لاڕانانی و بە تەواویی لەوە دڵنیابوومەوە کە ئارەزووی قوزی دامرکایەتەوە.. ئیدی ئەمنیش کە خەریکبوو تەواو دەبووم هەردوو لا کەمەریم توند توند گرتن و دەستم بە ژەنینەکی زۆر خێرا کرد کە هەرگیز ناتانم گوزارشت لە چێژوچەشەکەی بکەم.. پێش ئەوەی تۆم بێتەوە لێمپرسی تێیبکەم یان نا؟ بە دەنگەکی پڕ لە نازەوە گۆتی: "نا ساقی گیان نا.. حەزدەکەم لە دەومی بکەی هەی لەبەر خۆت و ئەو کیرەت بمرم"! پاش دەمەک کە خەریکبوو دەگەیشتمە چرکەکانی داڕژانم بە پەلە دەرمهینا و دەستەکم خستەسەر شانی و وەرمسووڕاند.. ئەویش هەر بە پەلە توند کیرمی گرت و لە پێشم دانەویەوە و دەوی لە نێوگەڵم نا؛ پاش ئەوەی هەندەک لە کەپوو و لێوانی خۆی خشاند و وەک مژمژە زمانی پێدادەهینا و دەیلێستەوە چەندین جاریش لە قوڕگی خۆی بردەخوارێ ئیدی هەر لە نێو دەویدا ئاوم هاتەوە و تا چۆڕیڕی نەکردم دەرینەهینا.. پاشان هەندەک غەرغەرەی بە تۆیەکە کرد و هەمووی قووتدا.. ئەوجا زۆر بە ناسکیی و بە ئارامیی پوختە پوختە کیرمی لێستەوە و لە کۆتاییشدا دیسان هەندەک لە کەپوو و لێوانی خۆی خشاندەوە و سێ ماچی لەسەرەخۆی لە سەرەکەی کرد...

پاش ئاو وەخۆداکردنەکی خێرا لە کاتی جلک دەبەرکردن هەندەک سەرزەنشتی یەکدیمان کرد و رێک وەک باوەڕدارانی هەندەک لە دینەکان - کە هەردەم پێچەوانەی دینەکەیان هەڵسوکەوت دەکەن و پاشانیش لە پێش گەورە پیاوانی دینییان دان بە هەڵەکانیان دەنێن و پەیمان دەدەن جارەکی دیکە دووبارەی نەکەنەوە لێ هەر کە هەستانەوە هەمووی لە کۆشیان بەردەبتەوە و دیسان هەمان هەڵسوکەوت دووپاتدەکەنەوە! - بە هاسانیی دانمان بە هەڵەی خۆماندا هینا و پەژێوانیی خۆمان دەربڕی.. لێ زۆر دیارنەبوو ئایە ئەمەش لە هەلەکی دیکە هەر وەک ئەو دیندارانە هەڵەکەمان دووپاتدەکەینەوە یان نا! ئیدی زۆر بە راشکاویی جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە هەر دەبی ئەمە رەچەشکێن و پێشڕەو بین لە هەڵمەتی نەهێشتنی گەندەڵیی سێکسیی لە نێو رێکخراوەکەمان!!! کە لە خانییەکە دەرچووین و دەرکەکەمان داخستەوە.. گۆتی:

- هەر خۆم دەتگەینمەوە ماڵێ.. حەزیشدەکەم چاوەکم بە کوریکەسۆرێ بکەوی.. ئەگەر لۆ پێنج خولەکەکیش بی هەر باشە؟

- نا نا هاورێ گیان پێویست ناکا.. ئێستا زۆر درەنگە لۆ توو.. باشترە زووتر بگەیەوە ماڵی خۆتان و با بەو شەوە لە رێیێ تووشی تشتەکیش نەبی.. لۆ دیتنی کوریکەسۆرێش کەنگێ دەرفەتەکت لۆ رەخسا حەزدەکەم بە بەرنامە بێی سەردانەکمان بکەی و ئەمەش زۆر پێی شادمان دەبین.. خۆت دەیزانی ئەو شارە زۆر گەورە و جەنجاڵە و بە ترومبێل کاتی زۆر دەوێ تا ئەمن دەگەینی و دەگەڕێیەوە.. ئەمن دەتانم بە شەمەندەفەر بڕۆم و زۆر زووتریش دەگەم لەوەی بە ترومبێل بمبەی... (پاش بینەوبەردەکی زۆر ئەوجا تانیم رازیی بکەم لێ ئەویش مەرجی خۆی سەپاند کە تا پێش وێستگەکەی شەمەندەفەرم ببا.. سواربووین و وەرێکەتین.. کە گەیشتینە پێش وێستگەکە گۆتم):

- ئەها.. لێرە دەرفەت هەیە.. دەتانی هەر لێرە رایبگری و دابەزم.. (کەچی هەندەک دوورکەتەوە و لە جێیەکی چۆل رایگرت و بە نەرمە پێکەنین و نازکردنەکەوە گۆتی):

- دە ئاخر هاورێ گیان نەدەکرا لەو جەنجاڵییە رایبگرم و نەتانین بە ئارەزووی خۆمان دوو ماچی ماڵاوایی لە یەک بکەین!

هەر لە نێو ترومبێلەکە و وەک ئەوەی دوو خۆشەویست بین کە خەریکە لە یەک دادەبڕێین و رەنگە لۆ ماوەکی درێژ یەکدی نەبینینەوە تێر تێر دەو و لێوی یەکدیمان مژی.. کە دابەزیم زۆر بە نابەدڵییەوە شەوشادەکمان لە یەک کرد و ئیدی رۆیشت.. تا ترومبێلەکەشی لەو راستە شەقامە دووروودرێژە لێم بزر نەبوو نەمتانی چاوانم لەسەری بترووکێنم و لە جێی خۆم ببزووم!



لە رێی چوونەوە ماڵێ هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە گەیشتمەوە کووکوویی دەرکە بکەمەوە و وەژۆربکەوم.. داخۆ کوریکەسۆر چەند بە دیتنەوەم دڵخۆش و ئاسوودە دەبی و کوو لە هەمێزم دەگری و هەڵمدەمژی!؟ کە گەیشتم هێشتا کاتی نوستنان دانەهاتبوو.. کەچی چرایەکانی نهۆمی خوارێی ماڵێمان هەمووی خامۆش بوون.. ئەوەم بە هەلەکی باش زانی.. بێ هیچ هەستوخوستەک دەرکەکەم کردەوە و وەژۆرکەتم.. لە لای قادرمەکە تەمەشایەکی سەرێم کرد رۆشنایی ژۆرەکەمان دیاربوو.. بەوە زانیم کە هێشتا نەنوستیە لێ هەستم بە خشەخش و دەنگەکی نائاسایی دەکرد.. بە هۆی ئەو رۆشناییەی کە لە دەرێرا دەهات و لە رێی پەنجەرەکەوە دەکەتە سەر جێی دانیشتنەکە قاپە وێسکیەک و هەندەک پێخۆر و چەند بەرداغەک و پێویستییەکانی خواردنەوەم لەسەر چارپایەکە وەدیکردن.. بە دیتنی کڵاوە قوتە قووچەکییەکەی کوڵاوقوتێ لەسەر قەنەفەکە چاوانم چوونە پشتی سەرم و خەریکبوو دەرپەڕن! ئیدی تەواو لەوە دڵنیابووم کە پاش ئەوەی لە خوارێ بەدەو خواردنەوەوە تێر تێر رامووسان و دەستبازییان کردیە بەرەو جێوبالینگانەکە خشینە و لەوێ خەریکی یەکدینە.. زۆر بە ئەسپایی و بە پێدزەوە تا نیوەی قادرمەکە بەسەرکەتم.. لەوێ دانیشتم و بە ئەسپایی گێی خۆم رادێرا؛ بێجگە لە سیکەسیکی سیسەمەکە زۆر بە ئاشکرایی دەنگی ئاخ و ئۆف و نارەناری سێکسییانەی هەردووکیشانم بە

نەرمیی دەژنەوت.. خەریکبوو شێت و هار دەبووم.. نەمدەزانی دەبێ چ بکەم و چ بڕیارەک بدەم! پاشان کە وەبیرمهاتەوە ئەمن و کوریکەسۆر پێشتریێ مۆڵەتی ئەوەمان بە یەک دابوو کە 'ئەگەر جاروبارەک ئەمن یان ئەو نەمانتانی لە بەرانبەر کەسەکی دیکە خۆ رابگرین ئەوە ئاساییە ئەگەر لەگەڵیشی بخەوین' هەندەک هێوربوومەوە.. لێ هەر دەمودەست دیسان دەمارەکانم گرژبوونەوە و خەریکبوو لە تووڕەییان هەموو گیانم دەلەرزی.. ئاخر ڕێکەتنەکەمان ئەوەی تێدانەبوو لە ماڵێ لە پشت سەری یەک کاری ئەوها بکەین.. دوایێش کلاوقوت یەکەک بوو لە نێزیکترین هاوڕێیەکانم و هەرگیز نەمدەتانی چاوپۆشیی لەو رەوتارەی بکەم! هەرکووەک هەبوو چەند خولەکەکی دیکەم لەو بارە زۆر سەخت و دژوارەم تێپەڕاند.. پاش ئەوەی چەند جارەک دەنگی تەپەی پێیانیان هات - وەک ئەوەی شێواز و باری گانکردنەکەیان بگۆڕن - سیکەسیکی سیسەمەکە نەما.. ئەو جارە دەنگی ئاخ و ئۆف و نارەنارەکەیان بەرزتر بۆوە و ناوەناوەش کوریکەسۆر دەیقیژاند..

ئیدی نەمتانی چیدیکە خۆڕابگرم - بێ ئەوەی هیچ نەخشەکم هەبێ کە ئەگەر ئەمنیان دیت چ بکەم و چ هەڵوێستەک بنوێنم - وردە وردە هەر بە پێدزە خۆم گەیاندە تەنیشت دەرکەی ژۆری نوستنەکەمان و لەوێ خۆم لێیان دانوساند.. بە هۆی ئەوەی دەرکەکە کرابۆوە و هەر دوو هەنگاویش دوور بوو لە سیسەمەکە بێجگە لە دەنگی خۆیان زۆر بە هاسانیی دەنگی خرتەخرت و جلقەجلقی تێنان و دەرهینانەکەشم دەبیست.. هێدی هێدی سەری خۆم لارکردەوە و بە تیچاوەک تەمەشایەکی ژۆرێم کرد؛ دیتم پشتیان لە من بوو.. هێندە بە گەرموگوڕیی خەریکی جوولە و دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی یەکدی بوون رەنگە ئەگەر لە دەرکەشم بدابا هەر هاییدار نەبانەوە.. کوریکەسۆر خۆی کووڕ کردبۆوە و سمتی بە نێوگەڵی کلاوقوتێ وەنووساندبوو و دەستیشی لە پشتەوە توند توند لە لاسمتانی گیرکردبوو.. کلاوقوتیش کە تا بن گونانی لە قوونی نابوو بە مەمکەکانی کە توند توند دەیکوشین هاوسەنگیی جوولە و ژەنینی خۆی راگرتبوو.. ئەو کاتانەی تێنان و دەرهینانەکان هەندەک خاودەبوونەوە لە پاش هەر دەرهینانەک کوریکەسۆر کلاوقوتی لۆ خۆی کێش دەکردەوە و بە ئاخ و ئۆفەوە دەیگۆت: "پاڵدە گیان.. دە پاڵدە دەی".. کلاوقوتیش بە هەمان ئاوازی ئاخ و ئۆفەوە هاوکاتی ئەوەی بە مڕەمڕەوە دەیگۆت: "ها گیان.. بگرە گیان" بە هەموو هێزیی خۆیەوە تا بنانێ تێیدەناوە! کە ئەوەم لێدیتن هێندە لێیان پڕ و پەست ببووم لە حەژمەتان ئەوەم لەبیرچووبۆوە کە هەرگیز ناکرێ و ناشێ ئەوانە بەو شێوە ناپاکیی لەگەڵ من بکەن! بەڵکە تەنێ ئەوەم بە مەژییدا دەهات و دەچوو کە ئەوانە هەردووکیان زۆر درۆزنن و نازانم کوو تا ئێستا نێزیکترین و دڵسۆزترین هاوڕێ و هاوبیر و هاوکاری منن؟!!! ئاخر کوریکەسۆر چەند لەمێژە لەگەڵ منە هەرگیز نەمزانیبوو حەزی لە گانی پشتەوە بێ چونکێ تا جاروبارەک رازییم دەکرد لە پشتەوە گانەک بکەین بەرد شەقی دەبرد ئەویش لە چەند مانگەک یەک جار.. کەچی ئێستا بەو شێوە خۆی خستیتە بن کلاوقوتێ و هەر کە کیری لە قوونی دەترازێ زۆر بە پەلە لە خۆی دەنێتەوە و بەوپەڕی تامەزرۆییەوە دەبێژی 'پاڵدە گیان.. دە پاڵدە دەی'!!! ئەوە لە کاتەکدا کیری کلاوقوتێش - کە چەند جارەک لە نێوان قوز و قوونی خۆیدا زۆر بە جوانیی دیتم - ڕێک وەک کیری من نە درێژتر و کورتتر بوو و نە ئەستوورتر و باریکتریش! ئای لە درۆزنیی و ساختەچییەتیی کلاوقوتێش؛ ئەو پێشترێ هەردەم وەهای پێشاندەدا کە حەزی لە قوون نییە و بێزی لێدەبتەوە.. کەچی دیتم وەک مێش بەسەر قوونی کوریکەسۆرێ نیشتبۆوە و گوو و گووداني لێببووە هەنگین و شانەی هەنگین.. هێندە بە گوڕ و حەزەوە لەسەری دەژەنی هەر دەتگۆت ئەوە یەکەم گانیتی لە تێکڕای ژیانیدا!!!

فره پەست و توورە ببووم لێیان.. خەریکبوو جڵەوی خۆم لەدەستدەدا؛ دەمویست جرتەکیان لۆ لێبدەم و هەرچی تووڕەییم هەیە بەسەریاندا برێژم و ئیدی هەموو پەیوەندییەکانم لەگەڵیان بپچڕێنم.. لێ دوایی کە بە وردیی تێبهزریم گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەوە شاشییەکی زۆر گەورەیە و ناکرێ و راست نییە هەر ئەوها بە هاسانیی دەستبەرداری دوو هاوڕێی هەرە چالاکی  نێو رێکخراوەکەمان ببم کە نەخش و بەرپرسیارییەکی زۆر گەورەیان هەیە.. هیچ گومانیشی تێدانییە کە بە دابڕانیان لە من لە چالاکییەکانیان سارددەبنەوە و کارتێکردنەکی زۆر نەرێنیی لەسەر رێکخراوەکەمان دادەنێن، هەر دەمودەست بڕیارمدا ئەو کێشە لۆ کاتەکی دیکە هەڵبگرم و تەنانەت با ئەوەش نەزانن کە ئەمن ئەوانم بەو شێوە دیتیە.. هەر بە پەلە مۆبایلەکەم دەرهینا و دە پازدە چرکەک بە دەنگوڕەنگ وێنەم گرتن تا وەک بەڵگەک بمینێ و لە پیشەڕۆژ نەتانن نکووڵیی لێبکەن.. زۆر سەیر بوو؛ هێندە بە تاسە و بە گەرموگوڕییەوە سەرقاڵی گانەکەیان بوون لەو بڕوایەدا بووم تا کۆتاییش وێنەم بگرتبان هەر هاییدار نەدەبوونەوە و هەستیان بە من نەدەکرد! لێ چەندی پتر وەدیاریانەوە بام هەر پتر خەفەتم لێ دەخواردن.. لەبەرهەندێ بە پەلە کشامەوە دوایێ و وەک کوو بێ هەستوخوست گەیشتمە سەریان هەر بە هەمان شێوە گەڕامەوە تا لە دەرکەی ماڵێ دەرچووم.. ئیدی ترومبێلەکم بە کرێ گرت و خۆم گەیاندە مێوانخانەک کە هەر لە نێزیک ماڵێ بوو.. هێندە گێژ و هوڕ ببووم نەمدەتانی بیر لە هیچ تشتەک بکەمەوە.. هەر کە سەرم گەیشتە سەر بالیفەکە خپ خەوملێکەت و تا چێشتەنگاوەکی زۆر درەنگ بێدار نەبوومەوە...

- ٥٥ -

یەک مانگی رێک بەسەر ئەو بارە سەخت و گورچکبڕەم تێپەڕیبوو لێ هێشتا هەر نەگەڕابوومەوە سەر باری ئاسایی خۆم.. ئاخر بابەتەکە بە هیچ جۆر و شێوەک ئی ئەوە نەبوو لە ئایندە بڕۆنم و چاوەڕێی هیچ ئاسۆیەکی رۆشنی لێبکەم.. نا هەرگیز هاسان نەبوو خۆ لەگەڵ بارودۆخەکی ئەوها رابهینم؛ نەمدەهێشت کڵاوقوت هەست بە هیچ بکا و تەنێ لە دەروونەوە پەیوەندییم لەگەڵی تێکچووبوو.. هیچ هەڵوێستەکیشم لە بەرانبەر کوریکەسۆرێ وەرنەگرتبوو لێ ژیانەکی پڕ لە کوللەمەرگییم لەگەڵی دەگوزەراند.. لە رووکەشدا هەر وەک پێشان هەڵسوکەوتم لەگەڵیان دەکرد.. واتە ببوومە نمایشکارەکی زۆر چاک و لێزان! لێ لە ناخەوە ئاوری ناپاکییەکەیان وردە وردە هەڵیدەقرچاندم و دەیتاواندمەوە، هەرکووەک هەبوو وەک دەبێژن 'خۆشیی و ترشیی هەر ئەوە بوو!' و دەبووایە خۆمی لەبەر رابگرم.. لێ شێوە راستەکەی بەو جۆرە بوو کە بێژم 'تاریی و تفتیی هەر ئەوە بوو!' و دەبووایە ملی خۆم شۆڕبکەم و خۆمی لەگەڵ بگونجێنم! ئیدی شانم دابووە بەرێ.. لێ زۆر باش بوو هەر لەوان دەماندا بە هۆی وەفەرمیبکردنی بەرپرسیارییەکەم کە گۆڕانەکی گەورە بوو لە نێو رێکخراوەکەمان روویدا.. سەرقاڵییەکی زۆر زۆرم لۆ چێببوو.. بەوەش تا رادەکی چاک بەزمەکەی کڵاوقوت و کوریکەسۆرێم لەبیرچووبۆوە و باری دەروونییم هەندەک هاتبۆوە سەرخۆ.

لە سەردەمیی زارۆکیی و نەوجەوانییمدا زۆر جار لە ماڵی خزم و ناسیاران لەسەر ئازادکردنی کەو و شالوور و پەرندان و تێکدانی ئەو زیندانانەی لە نێویان بەنددەکردن تووشی لێپێچینەوە و سزادان دەبووم.. تا هەراشتر و باخۆشتریش دەبووم ئەو هەستەی خۆشویستنی ئازادییم هەر لە کن بەرجەستەتر و گەورەتر و فراوانتر

دەبۆوە.. ئیدی ئەوە بە جۆرەک رەنگی لەسەر ژیان و گوزەرانم دابۆوە کە هەرگیز نەتانم خۆم پابەند و وابەستەی هیچ کارەکی فەرمیی بکەم.. ئاخر کاری فەرمیی لە نێو ئەو سیستەمەی کە تا ئێستا مرۆڤ پەیڕەوی دەکا هەر لەسەر بنچینەی کۆیلایەتی - بە کەمەک گۆڕانکاریی رووکەشی سەردەمییانە - وەرێوەدەچی.. واتە کەسەک کە کاری فەرمی دەکا دەبتە کۆیلەی خاوەنکار و سەرکارەکانی و هەرگیز ناتانی ئازادانە و بە پێی خواستی خۆی ئەو رۆژانەی حەز ناکا یان پێویستی نییە کار بکا مۆڵەت بداتە خۆی و نەچتە سەر کار.. ئەوە لە کاتەکدا پێویستە کارکردن لەسەر بنەمایەکی ئەوتۆ رێکبخرێ کە مرۆڤ ئازاد بی لەوەی هەر رۆژەک بیەوێ کار بکا و هەر رۆژەک نەیەوێ کار نەکا هەروا ماوەی کارەکەشی هەر رۆژەی بە ئارەزووی خۆی و بە پێی پێویستییەکانی خۆی بی.. لە پێناو ئەوەش دەبی کار و ژمارەی ئەو کەسانەی کارەکە دەکەن بە شێوەک رێکبخرێن کە کارەکە هەم پەکی نەکەوی و رانەوەستی هەم ئارەزوومەندانەش بی.. هەڵبەتە قازانجی کار زۆربەی هەرە زۆری لە رێی 'باج و گومرگ.. هێزی کڕین و فرۆشتنی پارە و بانکەکان.. نرخی مادەکانی کارکردن و ئامرازەکانی کارکردن.. هێزی داگیرکاریی خاک و ئاو و ئاسمان'ەوە لە لایەن لە لایەن 'خاوەنکاران.. چەرچی و بازرگانان.. دامودەزگە بیرۆکراسییە میرییەکان'ەوە قووتدەدرێن و تەنێ بەشەکی زۆر زۆر کەمی دەدرێتە ئەو کەسانەی کارەکە دەکەن! جا کاری فەرمیی لە بارودۆخەکی لەو جۆرەی کاردا زۆر سەرکوتکەرە و هەر لە بنچینەدا نەخشەکەی بە پێی بەرژەوەندییە چاوچنۆکییەکانی خاوەنکاران دارێژدرایە... بە کورتییەکەی ئەو باسە فرە هەستیار و ئاڵۆزە و راستەوخۆ پەیوەستە بە چارەنووسی ئەرێنیی و نەرێنیی تێکڕای باری ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ.. لەبەرهەندێ هەر هێندە بەسە کە بێژین کاری فەرمیی وەک ئەوەیە لە زیندانێت بهاون جا بە پێی چۆنیەتی و چیەتی و چەندیەتی کارەکەت ئەگەر نان و ئاوەکی باش یان ئاساییت بدەنێ ئەوە ژیانەکی کوللەمەرگییە و ئەگەر نان و ئاوەکی خراپیشت بدەنێ ئەوە مردنەکی لەسەرەخۆیە!! با بگەڕێنەوە سەر کێشەکەی خۆم لەگەڵ کاری فەرمیی؛ هەڵبەتە ئەمن کە تانیبووم کاری فەرمیی نەکەم و پێویستیشم پێی نەبی.. ئەوە واتای ئەوە نەبوو کە ئەمن کەسەکی زیرەک و ئازا بووم و خەڵکی دیکە نا! بەڵکە ئەوە لە بنچینەدا سیستەمی ستەمگەرانەی ژیانە کاری بەو جۆرە رێکخستیە کە زۆربەی زۆری خەڵک ناچاربن کاری فەرمیی بکەن.. چارەسەری ئەو کێشەش هەر تەنێ لە رێی گۆڕان و وەرگۆڕانی ئەو سیستەمە بە سیستەمەکی یەکسانییخواز وەدیدێ، هەرکووەک هەبوو ئەمن تانیبووم بە هۆی پەیداکردنی هەندەک کاری نافەرمیی و بە هۆی کەم خەرجییەکانم لە ژیانی رۆژانەمدا هیچ کارەکی فەرمیی نەکەم تەنانەت لە کاری رامیارییشم - هەڵبەتە کاری رامیارییش هەر کارە لێ کارەکی خۆبەخش و بێ کرێیە ئەگەر لە پێناو بەرژەوەندییەکانی میللەت ئەنجامبدرێ -، هەرچەندە بە درێژایی ئەو ماوە زۆرەی کە لە نێو رێکخراوەکەمان کارم کردبوو لەگەڵ ئەوەی بە کردار و لە راستییدا یەکەک بووم لە بەرپرسە هەرە کاریگەرەکان چ لە دەرێ چ لە نێوخۆ لێ دەرفەتی ئەوەم بە هاوڕێیان نەدابوو کە بە فەرمیی وەک بەرپرسی رێکخراوەکەمان هەڵمببژێرن و ئیدی لە جێیەک لە نووسینگەک دامبمەزرێنن و ناچارمبکەن بە شێوەکی فەرمیی پابەندی کات و کاروبارە رێکخراوەییەکان بم.. کەچی پاش گەڕانەوەم لە گەشتەکەم بارودۆخەکەم تەواو گۆڕابوو؛ لە لایەک بە هۆی ئەوەی بەرپرسیاریی کردەیی رێکخستنەکانی نێوخۆم لەسەر شانی خۆم لادابوو ئیدی بیانووی ئەوەم نەمابوو کە زۆر سەرقاڵم و دەرفەتی کاری فەرمیی رێکخراوەییم نییە.. لە لایەکی دیکەش بە پاساوی ئەوەی کە رێکخراوەکەمان زۆر بەرفراوان بووە ئەگەر زۆر فەرمییانە و دامەزراوەییانە خۆمان رێکنەخەین ئەوە بێسەروبەریی و پشێویی لە نێو رێزەکانی رێکخستن پەیدادەبی و چارەنووسەکی باش

چاوەڕێمان ناکا.. جا لەبەر ئەو دوو هۆیە سەرەکییە و هەندەک وردە هۆی دیکەش کە گوایە کاری فەرمیی 'بەرپرسی گشتیی ڕێکخراوەکەمان' تەنێ بە تێکۆشانی ڕاشکاوانە و سەرکردەییانەی کەسەکی وەک من ئەنجامدەدرێ پێویستە هێزی فەرمییبوونم هەبێ تا بتانم هەژموونی دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی بسەپێنم و کێشە و گرفتە نێوخۆییەکانمانی پێ چارەسەر بکەین.. سەرەڕای ئەوەش ئەمن بە شێوەکی کردەیی سەرپەرشتیی هەڵمەتی لەنێوبردنی گەندەڵیی سێکسیی نێو یەکە ڕێکخراوەییەکانیشم لە ئەستۆ گرتبوو و بە پێی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی نێوخۆشمان دەبووایە هەمان ئەو سەرپەرشتییکەرە بەرپرسی فەرمیی یەکەمی ڕێکخراوەکەمان بێ... ئیدی هاوڕێیان لە ڕێی ئەو هۆکارانە بە هەلیان زانیبوو بڕیار لەسەر هەڵبژاردنەک بدەن و ناچارمبکەن خۆم بەربژێر بکەم و بە فەرمیی وەک بەرپرسی گشتیی ڕێکخراوەکەمان هەڵمبژێرن و بە کردەوەش کردیان..

هەر ڕاستەوخۆ پاش هەڵبژاردنەکەشم بڕیاردرا لە نێوەندی باژێڕێ خانییەک بەکرێ بگرم تا وەک نووسینگەکی فەرمیی ڕێکخراوەکەمان کاروبارەکانمانی تێدا ئەنجامبدەین.. هەرچەندە دەبووایە لە ماوەی یەک هەفتە خانییەکە بگرم و تێیدا دەستوەکار بم لێ هەر وەپاشم دەخست چونکێ زۆر لە کنم قورس بوو بتانم بەوە پابەند بم کە زۆربەی کاتەکانم لەوێ بەسەرببەم ئەوە بێجگە لە پابەندییەکانی دیکەشم.. لێ پاشان کە بیرمکردوە باشە خۆ ئەمن پێش بڕیاری ئەو خانییگرتنە بە نیازی دانانی نووسینگەکەمان هەر خۆم دەمویست خانییەک لۆ خۆم بگرم تا هەندەک لە کوریکەسۆرێ دووربکەمەوە لێ لەبەر قسەوقسەلۆکی هەندەک لە هاوڕێیان بە تایبەتییش ئی کلاوقوتێ نەمدەتانی.. ئێ ئێستا ئەو نووسینگە دانانە هەلەکی زۆر باشە لۆ من و دەتانم زۆربەی کاتەکانم لەوێ بگوزەرێنم و کەسیش هەست بەوە نەکا کە ئەمن لە کوریکەسۆرێ بێزاربووم و نامەوێ چیدی لەگەڵی بژیم تەنانەت کوریکەسۆریش هەستییپێناکا چون ئەو هەر پێشتریش ئەوەی باش دەزانی کە ئەمن کاری ڕێکخستن لە پێش هەموو تشتەک دادەنێم و هیچ کەسەک ناتانی ناچارمبکا نەیکەم یان داویبخەم.. ئیدی دەرفەتەکەم لەدەستنەدا و هەر دەمودەست بڕیارمدا و چووم خانییەکم گرت و نووسینگەمان تێیدا دامەزراند و ئیدی دەستوەکار بووم.

ئەو دەمانەی لە نووسینگەکە دەمامەوە تا ڕادەکی باش ئاسوودە دەبووم چون هەم کارە ڕێکخراوەییەکانم زۆر باشتر وەڕێوەدەچوون هەم لە کوریکەسۆرێش دووردەکەتمەوە.. هەموو هاوڕێیانیش ئەو دامەزران و کارکردنەی منیان بە دڵسۆزییەکی پتری من دەبینی! خۆ لە ڕاستییشدا ئەگەر ئەو ناپاکییەی ئەوانیش ڕووینەدابا و حەزیشم لە دوورکەتنەوە لە کوریکەسۆرێ نەبا هەر دەبوو نووسینگەکەمان دابنێین و بە هەمان شێوەش تێیدا کار بکەم لێ ئەو دەم هیچ ئاسوودە نەدەبووم و زۆریشم پێناخۆشدەبوو. ئیدی جاروبارەک کە دەچوومەوە ماڵێ هەستمنەدەکرد هیچ سۆز و خۆشەویستییەکم لە بەرانبەری مابێ بەڵکە بە ناچاریی و تەنێ لۆ پێویستیی رووتی سێکسیی و دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی خۆم دەچوومەوە.. هەر ئەوەش وەیلێکردم زۆر باش بە گانی قوونیشی فێرببم چونکێ لە پاش ئەوەی کە دیتم گانی قوونی زۆر پێخۆشبوو لەگەڵ کلاوقوتێ بە مافی خۆم دەزانی خۆم بێبەش نەکەم و ئیدی دەرفەتم نەدەدا خۆی وەها پێشانبدا کە ئارەزووی ناکا! خۆ ئەو تێڕوانینەش زۆر بەجێ بوو کە کوریکەسۆر مافی خۆیتی و دەکرێ لەگەڵ کلاوقوتێ پێخۆشبی و لەگەڵ من نا.. لێ ئەمن دەمتانی لە هەموو ڕووەکانەوە بە بەڵگە بیسەلمێنم کە زۆر لە کلاوقوتێ لەبارتر و دڵسۆزتر بووم لۆ وی و تەنێ ئەمنیش بە پێی ڕێکەتنەکانمان مافم بەسەریەوە هەبوو.. گریمان ئەو قسەشم زۆر دوورە لە ڕاستیی.. ئێ خۆ دەیتانی پێش ئەوەی ئەوها بکا لەگەڵم دابنیشی و بێژی ئیدی ئەمن لەگەڵ توو نەمام و

کڵاوقوتم خۆشدەوێ و بڕاوە.. ئەو بژاردەیەش مافی ئەو و هەر کەسەکی دیکەیە چونکێ ئەوە پەیوەندیی بە ئازادییەکانی مرۆڤەوە هەیە.. بە کورتییەکەی هیچ پێویستی بە ناپاکیی نەبوو.. ئاخر ئەو بە ئارەزووی خۆی چووبووە باوەشی قلاوقوتێ و وەک ئەوەی من نەبوو کە خانمی خزمم خاڵی لاوازی پیاوەتیمی گرت و ناچاریکردم لە ماڵی خۆمان و لە پشت سەری وی لەگەڵی بڕازێم.. بێ گومان ئەگەر ئەوە هەر گرفتەکی چێبکردبا ئەمن دەمتانی دان بە هەڵەی خۆمدا بنێم و ئامادەشبووم باجەکەی بدەم جا هەرچیەکی بەسەرمدا بسەپاندبا. هەرکووەک هەبوو کوریکەسۆر هەستی بەو بارەی من نەدەکرد و ئەویش هەر وەیدەزانی بە هۆی کاری ڕێکخستنەوەیە ناتانم وەک پێشان لەگەڵی بم.. ئەوەش لە رووی دەروونییەوە گەلەک ناخۆش بوو لۆ من و زۆر نیگەرانی دەکردم.. ئاخر ئەمن لە هندوری خۆم دەستم لێی شوشتبوو لەوەی کە بتانم چیدیکە لەگەڵی بژیم کەچی بارودۆخەکە وەیلێکردبووم نەتانم دەستبەرداری ببم و ناوەناوەش بە ناچاریی وەک جاران لەگەڵی بنووم! نواندن و نمایشکاریی وەک هونەر ئەرک و ماندییبوونەکی ئاسوودەبەخشە چونکێ بێجگە لە سوودەکەی چێژوچەشەکی ئێکجار زۆریشی تێدایە.. لێ نواندن و نمایشکاریی لە ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتییش لە پێکەوەژیانی سەر یەک جێوبالینگان نەک هەر هیچ چێژوچەشەکی تێدانییە بەڵکە خۆلەخشتەبردنەکی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەشە.. هەڵبەتە ئەوە لۆ من ئەوها بوو و لە راستییدا پێیەوە هەڵدەقرچام! لەوەتەی کڵاوقوت و کوریکەسۆرم بەو شێوە دیتبوون و بەو ئەندازە بەرفراوانەش هەستم بە گەندەڵیی سێکسیی نێوانی هاوڕێیانی دیکە کردبوو تا رادەکی باش تووشی بەدبینیی ببووم یان بە لایەنی کەم لە نێو نیگەرانیی و دڵەڕاوکێیەکی کوشندەدا دەژیام!

ئەو گۆبەندەی ئەوان ئەگەر نەبێژم هەلاهەلای کردبووم.. ئەوە تووشی بارەکی لەڕادەبەدەر سەخت و ناخۆشی کردبووم تەنانەت وەیلێکردبووم تەواو لە ژیان و پەیوەندییە سێکسییەکانیش بێزار و ناهومێد ببم.. ئاخر ئەوە گەللەک قورس بوو لە کنە من؛ هەر لە ناکاوەک هیچ هەست و سۆزەکی خۆشەویستییم لە بەرانبەر کوریکەسۆرێ نەما و پەیوەندییشم لەگەڵ کڵاوقوتێ کە نێزیکترین هاوڕێم بوو بە خێرایی بەرەو لاوازیی دەچوو و تا دەهات ئەویش لە هەڵسوکەوتەکانم بە گومان دەکەت.. لێ هەرکووەک هەبوو نەمهێشت ئەوانە کار لە جوولە و چالاکییەکانم بکەن بەڵکە بە پێچەوانەوە کاروبارەکانی ڕێکخستن زۆر باش دەچوونە پێشێ و هەمیشە هەر خەریکی کۆڕ و کۆبوونەوە و هەڵمەتەکانمان بووین.. هەستمدەکرد بێجگە لەوەی نەخش و باندۆرەکی باشمان هەبوو لەسەر جوولاندنی ئەندامان و دۆستان و خەڵکانی ناڕازیی لە تێکڕای وڵاتانی دەرێ کاریگەرییەکی زۆر باشیشمان لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵکی نێوخۆش هەبوو لە ئاشکراکردنی دیوە راستییەکانی شانۆگەرییە بێزەوەرەکانی دەسەڵاتداران.. هومێدی ئەوەمان هەبوو کە چیدی خەڵک بێدەنگ نابن و رابوونە گشتییەکان وەرێوەن. سەرەڕای ئەوەی زۆر دڵخۆش و ئاسوودە بووم بەو هەموو جوولە و کۆششانەمان لێ هەر کە کڵاوقوتم وەبیردەهاتەوە یەکسەر سارددەبوومەوە و سەت خۆزییم دەخواست کە بریا هەر لە بنەڕەتەوە نەمناسیبا.. کەچی پێشترێ هەر ئەو کڵاوقوتە لە سەت دکتۆر و دەرمانان باشتر بوو لۆ من؛ هەر کە تووشی کێشە و نوشستییەک دەهاتم وەک دەروونناسەکی تەواو شارەزا زۆر گرنگیی پێدەدام و دڵنەوایی دەکردم.. پاشانیش - کە دەیزانی ئەمن زۆر حەزم لە گێڕانەوەی سەرهاتانە - یەکسەر و بێ ئەوەی هەستپێبکەم کەش و بارەکی وەهای دەرەخساند کە سەرهاتەکی لۆ بگێڕمەوە.. ئیدی هەرچی گرفت و غەم و خەفەتم هەبوون لەو دەم هەموویم لەبیردەکردن و بە تەواویی دەگەڕامەوە سەر ساغەی خۆم و وەک جارانم لێدەهاتەوە! ئەرێ.. لەوەتەی ئاشنای

وی ببووم هەموو ناخۆشییەکانم لەگەڵی بەشدەکردن و لە هەر نیگەرانیی و هەڵچوونەک زۆر بە هاسانیی دایدەوراندمەوە.. لێ ئیدی ئەو لە دەرێی بازنەی مەژیی و ئاسوودەییەکانمدا بوو و زۆر ئەستەم بوو بتانم وەک جاران بە نیازی گێڕانەوەی سەرهاتان لە بەرانبەری دابنیشم. زۆر بە پەشۆکاوییەوە بەو بیرکردنەوانەدا رۆچووەمەخوارێ.. هەر هینام و بردم هەر هینام و بردم تا سەرەنجام بە پێچەوانەی ویستی خۆم بەوە گەیشتم کە با ئەو جارەش سەرهاتەکی لۆ وەگێڕم.. ئەوەش لەبەر کێشەی غەم و خۆخواردنەوەکەی خۆم نا - ئەرێ.. ئەوە راست بوو حەز و خولیایەکی خۆمی تێداهەبوو کە ئەو بڕیارە وەربگرم لێ هاندەری سەرەکییم ئەوە بوو دەمویست پێشانیبدەم کە هیچ گۆڕانەکم بەسەردانەهاتیە - بەڵکە لە ترسی ئەوەی نەکا پەیوەندییە ساردەکەمان ببتە بابەتەکی گەرمی نێوانمان و رۆژەک جلەوی خۆم لەدەستبدەم و بە رووی ئەو یان کوریکەسۆرێدا بتەقمەوە و پەیوەندییەکانمان بە ئێکجاریی تێکبچن و بە زیان بەسەر رێکخراوەکەمان و چالاکییەکانماندا بشکێتەوە.. هەڵبەتە لەبەرئەوەی ئەو پێنگاڤەش هەر شێوازەک بوو لە نواندن و نمایشکاریی تووشی جۆرەک لە نیگەرانیی کردم..

هەرکووەک هەبوو بڕیارمدا.. لێ دەمویست سەرهاتەکی وەهای لۆ بگێڕمەوە هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ هاوڕێیەکی مێینەوە نەبی.. چونکێ زۆر لێی دەترسام کێشە و دەردەسەرییەکی دیکەم لۆ چێبکا.. ئاخر ئەوەی لێدەوەشاوە و دەشیکرد! لەبەرهەندێ سەرهاتی کەسەکی ئەوهام هەڵبژارد کە نەیدەناسی و پێش ئەو کاتەش روویدابوو کە خۆمان یەکدیمان ناسی ئەویش سەرهاتی 'کیژە تاوس ئاسایەکە' بوو کە کیژی خۆشەویستترین و هێژاترین هاوڕێی سەردەمی شۆڕشگێڕییم 'پیاوە شەکرستانییەکە' بوو، ئەو کیژە ناسک و نازدارەم پێشترێ بە گچکەیی کە تازە بناغەی مەمکی دانابوو تەنێ یەک جار دیتبوو.. پاش تێپەڕینی ساڵانەکی زۆر ئەوجا دیتمەوە ئەویش بە رێکەت بە هۆی بڵاوبوونەوەی وتارەکم لە رێی نامە و نامەکاریی یەکدیمان ناسیەوە و پاشانیش هاوڕێیەتییەک لە نێوانمان دروستببوو.. سەرەنجام یەکەمین شادبوونەوە بە دیداری ئەو کیژە تاوس ئاسایە ئەو سەرهاتە تاڵ و شیرینەی ئێستای لێدەرچوو.. ئەوەش زۆر باش بوو کە هاوڕێ کڵاوقوت بێجگە لە خۆم هیچ کەسەکی دیکەی نێو ئەو سەرهاتەی نەدەناسی، تەنێ ئەوە مابوو بەو نیازە جێیەک دەستنیشان بکەم و پێکەوە دابنیشین.. لێ کە پتر تێیهزریم بە باشم نەزانی راستەوخۆ و رووبەڕوو لۆی بگێڕمەوە بەڵکە بڕیارمدا بە شێوەی چیرۆک بینووسم و لە رێی ئیمەیلەوە لۆی بنێرم.. بەوەش دەمتانی رێ لەو ئازار و نیگەرانییانە بگرم کە دڵنیابووم بە دیتن و دانیشتن لەگەڵی تووشیان دەبووم.. ئیدی زۆر بە جوانیی خستمەسەر کاغەز و وەرێمکرد:

- ٥٦ -

وتارەکی هیشکوبرینگی رامیارییم بە ناوی 'سەرکردەی دەستی سێ!!!' نووسی و لە ماڵپەڕەکی دەرێ بڵاومکردەوە.. هەڵبەتە میدیایەکانی نێوخۆ مەگەر کوو دەنا نووسینی منیان بڵاونەدەکردەوە چونکێ بێجگە لەوەی هەموو رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەرباری پارتیەکان و رێکخراوە گەندەخۆرەکانی سەر بە دەسەڵات و پارتی و لایەنە بە ناو دژبەرەکان و دەزگە سیخوڕییەکانی جیهان بوون.. ئەوانە چاودێرییان دەخستەسەر گشت ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسە ئازادانەی رەخنەی راشکاوانەیان

هەبوو.. ماڵپەڕەکانیش لەگەڵ ئەوەی دەرفەتی ئازادبوونیان زۆرە و دەکرێ پانتاییەکی باش بن لۆ ئازادیی دەربڕین لێ تاکوتووکیان لێدەرچی ئەوانی دیکە هەموویان بە هەمان دەرد چووبوون و نەیاندەوێرا لە سنوورەکانی فەرهەنگی باو و بەرژەوەندیی تەسکی کەسیی و دەستەگەریی سەرپەرشتیارانیان دەربچن! بە کورتییەکەی ئەوەی خوارێ کرۆکی وتارەکەم بوو:

«سەرکردەکان لە هەموو جیهان و بە شێوەکی گشتیی هەر ئەو کەسانەن کە گێ لە کەس ناگرن و تەنێ کار لەسەر ئەوە دەکەن کە خۆیان پێیان راستە؛ لە سەرەتادا وەک کۆمەڵە کەسەکی دەستەبژێر لە رێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە دەرفەتەک دەرەخسێنن و لە چارچێوەی خاڵە هاوبەشەکانیان لە هەندەک دەستە و بازنەی گچکە گچکە یەکدەگرن.. پاشان لە بارودۆخەکی گونجاو و زەمینەکی لەباری رێکخراوبوون بە شێوازەکی تاکتیکییانە هزر و تێڕوانینەکانی خۆیان لە نێو خەڵکەک کە ئاستی هۆشیارییان لە خۆیان نزمترن بڵاودەکەنەوە.. بەوەش پێگەکی رامیاریی و جڤاکیی لۆ خۆیان چێدەکەن و دەبنە دەمڕاست و بڕیاربەدەست، زۆربەیان هەر لە چارچێوەی ئەو پێگەیان هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک دەکەن و لە لایەکی دیکەش لە بن گوشاری خواست و ئامانجەکانی گەل رووکەشانە وەدوو راستییەکان دەکەون.. سەرەنجام تووشی ناکۆکیی و ململانێ دەبن و دەرفەتیان لۆ نارەخسێ شێوازی سەرکردایەتیکردنەکەیان بەرجەستە بکەن و بیسەپێنن.. ئیدی زوو یان درەنگ هەندەکیان لە نێو رێکخرابوونەکەیان وەدەردەندرێن یان هەر خۆیان وازدەهێنن.. ئەوانەی دەمێنێنەوە زۆر ساختەچیانە هەر رۆژەو بە پێی بارودۆخەکان رەنگی خۆیان دەگۆڕن و وردە وردە جێی پێی خۆیان دەکەنەوە تا بە تەواویی جلەوی خەڵک دەگرنە دەست و دەبنە سەرکردەگەلەکی ناودار واتە وەک کۆمەڵە مشەخۆرەک دەبنە بارەکی گران لەسەر شانی میللەت، ئەو سەرکردانە لە نێو هەموو پارتی و پارتیایەتییەکدا لەوپەڕی راستەوە تا ئەوپەڕی چەپ دابەشی سێ جۆر دەبن: 'سەرکردەی دەستی یەک' واتە سکرتێر یان سەرۆکی پارتی کە چەند کەسەکی لە بابەتی خۆی لە پشتە جا پێگەیان دیار دەبی یان نا گرنگ نییە. 'سەرکردەی دەستی دوو' واتە ئەندامانی نووسینگەی رامیاریی کە گوایە جێبەجێکەرن لێ لە راستییدا کۆیلەی سکرتێرن و هەر لە ژێر سەرپەرشتیی ئەویش دارێژەری نەخشەی پارتیەکەیانن. 'سەرکردەی دەستی سێ' واتە ئەندامانی لیژنەی نێوەندیی یان ئەندامانی سەرکردایەتی کە ئەندامانی نووسینگەی رامیارییش دەگرنە خۆ.. ئەوانە کە گوایە دارێژەر و بڕیاردەرن لێ کە هەستانەوە بڕیارەکانیان لە کۆشیان بەردەبتەوە و تەنێ کاریان ئەوەیە رێکخستنەکان لەسەر شێوە هەڕەمییەکە ملکەچ بکەن. سەرکردەی دەستی دوو و سێی نێوخۆی وڵاتەکان لەسەر ئاستی جیهان ناخوێندرێنەوە و تەنێ لە نێوخۆی وڵاتەکانیان بەردەست و کارەکەری سەرکردەی دەستی یەکن.. واتە کێشەکە لێرەوەیە؛ 'سەرکردەکانی دەستی یەک'ی جیهان راستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ تەنێ لەو دەوڵەمەند و خاوەن کۆمپانیایە زەبەلاحانەی جیهانن کە هەر خۆشیان بڕیاردەرن لەسەر رامیاریی و داروبەردی وڵاتە زلهێزەکان و هەموو جیهان.. لێ لە پێناو ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان هەندەک سەرکردەی رووکەش لە 'سەرکردەکانی دەستی یەک'ی نێوخۆی وڵاتە زلهێزەکان وەک داوڵی بیستان بە ناوی سەرکردە یان سەرۆکەکانی جیهان و بەشەکانی دادەمەزرێنن و دەیانکەنە 'سەرکردەی دەستی دوو'ی جیهان، 'سەرکردەکانی دەستی یەک'ی نێوخۆی وڵاتە لاوازەکانیش دەبنە 'سەرکردەی دەستی سێ'ی جیهان واتە دەبنە کۆیلەی 'سەرکردەکانی دەستی دوو'ی جیهان...».

پاش هەفتەک هەر لە ڕێی ئەو ئیمەیڵەم کە لە بن وتارەکەم دامنابوو پەیامەکی کورتی کەسەکەم پێگەیشت.. ئەوەش دەقی پەیامەکە بوو:

«وتارەکی زۆر جوان و بە پێزە، لێ ئەمن دڵنیام کە ئەوە دەقاودەق وتارەکی بابی منە کە بەر لە مەرگی ناوادەی نووسیبووی.. کەچی وەک دیارە بە هەندەک گۆڕانکاریی داڕێژدرایتەوە و بڵاوکرایتەوە! پێویست بوو بە لایەنی کەم ئاماژە بە ناوی بابم بکرابا کە نووسەری یەکەمی ئەو وتارەیە.

لەگەڵ ڕێزم - ..... -.».

سەرەتا هەندەک تەنگاو بووم.. ئاخر زۆر ناخۆشە کەسەک کە نەزانی کێیە و هەر لەو گۆڕەی قسەکی ئەوها لەسەر وتارەکت بکا و خۆشت زۆر دڵنیابی لەوەی کە وتارەکەت ئی خۆتە و مافی کەسی بەسەرەوە نییە.. ویستم هەر دەمودەست وەرامیبدەمەوە لێ کە هەڵوەستەکم کرد و لە خۆم پرسی باشە دەبی بابی ئەو کەسە کێ بی کە گوایە ئەو وتارە لە بنچینەدا ئی ئەوە؟ هەر زۆر بە هاسانیی وەرامەکەم پەیدۆزکرد؛ تەواو دڵنیابووم لەوەی کە بابی ئەو کەسە هەبی و نەبی هەر 'پیاوە شەکرستانییەکە'یە چونکێ بێجگە لەو هیچ کەسەک ئەو وتارەی منی نەدیتبوو. سەرگوزشتەی ئەو وتارەم ئەوە بوو کە ماوەکی کەم پێش کۆچی دوایی هاوڕێیە شەکرستانییەکەم نووسیبووم و دابوومە وی تا پێش بڵاوکردنەوەی رای خۆی لەسەر دەربڕی لێ بەداخەوە کۆچە ناوادەکەی دەرفەتی نەدا و وتارەکەم لە ماڵی وان ماوە.. هیچ پەیوەندییەکیشم لەگەڵ ماڵێیان نەبوو تا بچم وەربیگرمەوە.. ناوی خۆشم لەسەر وتارەکەم نەنووسیبوو ئیدی ئەوە کیژەکەیتی یان کوڕەکەی وەدەزانی ئەو وتارەش هەر ئی بابیتی.. کیژەکەیم یەک جار دیتبوو و جوانییەکی لەڕادەبەدەریشی هەبوو لێ کوڕەکەیم هەر نەدیتبوو، بە هۆی ئەوەش کە وەبیرمهاتەوە جارەکیان هاوڕێیە شەکرستانییەکەم گۆتی 'کوڕەکەم بە هیچ شێوەک وەخۆم ناچی و هەر گێلە پیاوەکیشە لەو گۆڕەی.. لێ رام لە کیژەکەم هەیە و زۆر هۆشمەندە' تەواو لەوە دڵنیابوومەوە کە ئەوە کیژەکەیە بەرپرسە لە نووسینەکانی بابی و بێ گومان هەر ئەویشە ئەو پەیامەی لۆ من ناردیە. ئیدی لە گرفتانم کەم نەبوو ئەوەشی هاتەسەرێ.. بێجگە لەوەی دەبووایە ڕۆنکردنەوەک لەسەر پەیامەکەی بدەم جوانییەکەشی هەر تەواو شێتی دووبارە دیتنەوەی کردم! سەرەنجام لە بەرسڤی پەیامەکەی نامەکم بەو شێوە نووسی و بە ئیمەیڵ ناردم:

«بەڕێز.. ئەز گەلەک دڵنیام بابی تو هاوڕێیە شەکرستانییەکەی منە.. جا کیژەکەی ئەوی یان کوڕەکەی ئەوەیان گرنگ نییە.. لێ ئەگەر کیژەکەی بی ئەوە ئەمن ئەتوو دەناسم چونکێ جارەکیان لە کن بابت ئەتووم دیتیە لێ نەمدەزانی ناوت چیە و هەر لە خۆمەوە لە کنە خۆم ناوملێنای 'کیژە تاوس ئاسایەکە'، هەرکووەک هەیە ئەمن بە هۆی خۆشەویستیی زۆرم لۆ بابتان کە هاوڕێیەکی زۆر نێزیکم بوو ڕێزی زۆرم هەیە لۆ هەردووکتان.. لێ حەزدەکەم ئەوەت پێڕابگەینم کە ئەو وتارە ئی خۆمە.. دەزانم ئێستا لە نێو ئەو بەڵگەنامانەی بابیشتدا هەیە کە پاش مەرگی خۆی بەجێیهێشتن و گومانی تێدانییە ئەتووش هەر لەوێت دیتیە، ئێستا دەمەوێ لەوە دڵنیات بکەمەوە کە ئەمن ڕاستەوخۆ پاش نووسینی ئەو وتارەم یەکسەر دامە بابت تا رای خۆی لەسەر بدا.. لێ بە داخەوە مەرگە ناوادەکەی دەرفەتی نەدا.. ئەگەر ئێستا بەڵگەنامەکانی بابت لە کنە توو بن و تەمەشایەکیان بکەی ئەوە ئەو وتارەی منیش لە نێویان دەبینیەوە کە سێ لاپەڕەیە و ناونیشانەکەشی بەو جۆرەیە 'سەرکردە یان سەرۆکی دەستی سێ' نەک ئەو ناونیشانەی ئێستای کە

بڵاومکردیتەوە.. هەروا ئەو وتارەی ئێستام ڕێک وەک ئەوەی ئەو دەم نییە چونکێ کە لەبەردەستم نەبوو نەمتانی رستەکان وەک خۆیان بنووسمەوە لێ نێوەڕۆکەکەی ڕێک وەک خۆیتی، لە کۆتاییشدا دەتانم بەوە پتر دڵنیات بکەمەوە کە لە بن وتارەکە لە لای دەستە راست سێ ئەستێرەم بەو جۆرە دانایە '***' و لە بن ئەو ئەستێرانەش نووسیتم: 'تێبینیی: ئەو وتارە درێژەی هەیە'.
لەگەڵ ڕێزی زۆرم.
- ئامۆزا -».

پاش چەند ڕۆژەک پەیامەکی دیکەی نارد:

«بەڕێز کاک ئامۆزا، ببوورە کە درەنگ وەرامت دەدەمەوە، ئەرێ.. زۆر راستە.. وەک ئەوەی گۆتت ئەوهایە، ئێستا ئەمن دڵنیام کە وتارەکە ئی خۆتە.. هەر خۆشم گومانەکی گچکەم هەبوو کە ئی بابم بی چون شێوەی نووسینەکەی هەندەک جوایەزە، جا بێجگە لەوەی زۆر سوپاست دەکەم کە بەو راستییەت گەیاندم.. داوای بووردنیش دەکەم لەوەی کە پەیامەکەم بەو شێوە نووسی.. لێ رەنگە ئەتووش ئەو مافە بە من بدەی کە وەمدەزانی ئی بابمە.. ئێ خۆشت نووسەری و ئەوە دەزانی کە دەشێ جاروبار نووسینەکی نووسەرەک شێوازەکەی هەندەک جودا بی لە شێوازی نووسینەکانی دیکەی، ببوورە کە ئەمن هەڵە بووم. لەبەرئەوەی هاوڕێی بابیشم بووی پێمخۆشە لەنەوپاش پەیوەندییمان وەهێزتر ببی. لە کۆتاییشدا ئەمن زۆر ئاسوودەم کە ئەو ناوە ناسک و جوانانەت لە بابم و لە من نایە.. لەبەرهەندێ دەبێژم:
لەگەڵ ڕێزی زۆرم.
هاوڕێت 'کیژە تاوس ئاسایەکە'
کیژی هاوڕێیە شەکرستانییەکەت.».

هەر ئەو دەم نامەکی دیکەم لۆ نووسی:

«زۆر سوپاس لەوەی کە بە هاسانیی دان بە راستییدا دەنێی.. ئەگەر لێموەربگری دەبێژم دیارە ئەو رەوشتە جوانەشت بەرهەمی ماندییبوون و شێوازی پەروەردەی بابە نایابەکەتە، ئەمن زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە هاوڕێیەکی بابت بوومە.. ئەو لەو جۆرە سەرکردانە بوو کە وەدوو راستییەکاندا دەگەڕا.. ئەو هەرگیز نەیتانی وەک هەر سەرکردەکی ئەو نێوچانەی لای خۆمان ملکەچی دیکتاتۆریەتی سەرێی خۆی ببی.. لەبەرهەندێ وردە وردە خۆی کشاندنەوە تا لە کۆتاییدا وازیهینا و سەربەرزانە مێژووی پڕ سەرەوەریی خۆی تۆمارکرد.. ئاخر ئەو بێجگە لەوەی هەردەم وەدوو ئامانجەکانی میللەتەوە بوو کەسەکی زۆر هۆشیار و بە هەڵوێستیش بوو.. واتە بە هیچ شێوەک لەو نەدەوەشاوە هاوکاری سەرکردە مشەخۆرەکانی ئەو دەم بی و بەشداریی لە گەندەڵکارییەکانی دەسەڵات بکا. فرە شادمان و ئاسوودەم بەوەی تشتە جوانەکانی هاوڕێیە شەکرستانییەکەمت لێدەبینم و بۆنی ئەوت لێدەکەم.
ڕێزی زۆرم و هەر ئاسوودە بی.
- ئامۆزا -.».

ئیدی نامە نامەی وەدووەدا هات تا گەیشتینە ئەوەی بە تەلەفۆنیش قسە لەگەڵ یەک بکەین.. هەر لە ڕێی ئەو پەیوەندییانەش زانیم کە ئەویش هەر لەو شارەی مە دەژی، ئیدی پەیوەندییەکەمان هێندە خۆش ببوو وەیلێهات

تەلەفۆنیش دادی نەداین و ناچارماین بیر لە دەستنیشانکردنی دەم و جێیەک بکەینەوە تا بە دیداری یەک شادمان ببین. دیاربوو ئەویش وەک من زۆر حەزی لە بابەتی ویژەیی و هونەریی بوو.. هەر لەوان دەمانیش بیستمان کە خەریکە کۆڕەکی رۆشنبیریی گرنگ لە شارەکەمان سازدەکرێ؛ هەر کە ئەو گوتی: "با دیدارەکەمان لەوێ بی و پێکەوەش دەچینە کۆڕەکە؟" یەکسەر ئامادەیی خۆم دەربڕی.. هەرچەندە ئەمن حەزم لەو کۆڕە نەبوو چونکێ ئەو کەسەی کە بڕیاربوو ئەو کۆڕە رۆشنبیرییەی لۆ سازبدرێ دەمزانی خودی خۆی کەسەکی رۆشنبیر نییە! لێ حەزی دیتنی وی هەموو حەز و ناحەزەکانیشمی لە مەژییمدا سڕینەوە و ئەگەر لۆ نێو کۆڕی مەرگ و کوورەی ئاوریش بووایە هەر دەچووم! ئیدی هەر ئەوە مابۆوە کاتەک کە دەیبینم کووکوویی بتانم خۆ لەبەر جوانییەکانی رابگرم!؟ ئاخر ئەو کاتەی کە تازە بناغەی مەمکانی دادەنا جارەک دیتبووم و دەمزانی چ جوانییەک سەرتاپای بەژنوبالای داگیرکردیە.. هەرگیز لەبیرمنەدەچۆوە لەوێ کاتی چی پێکردم و کوو ئارەقەی شەرمەزاریی پێ هەڵڕێژتم! هەڵبەتە ئێستا گەورەتر بووە و رەنگە هەندەک لە جوانییەکانی لەدەستدابی لێ لەبەرئەوەی جوانییەکانی وی هێندە زۆر بوون ئەگەر هەندەکیشی لەدەستدابی هێشتا هەر زۆری دەمینێ و بەشی هەموو چاوە برسییەکان دەکا! هەرچەندە تا رادەکی باش بڕوام بەو پێوەرە گشتییە هەیە کە دەبێژی 'هەر گیانەوەرەک لە کاتی بەچکەیی و گچکەیی فرە جوانتر و تەڕتر و ناسکتر و ژیکەلەترە تەنێ مشک و کۆتر نەبن کە لە کاتی گەورەیی زۆر جوانتر دەبن!'.. لێ ئەمن لۆ خۆم - کە باسەکە لەسەر مرۆڤ بی و لە مرۆڤیش لەسەر مێینە بی - هەردەم دەستەژنی تەمەن سی ساڵە و بەسەرێترم پێ جوانتر و دڵگیرترە لە نەوجەوانان و گەنجانی تازە هەڵچوو کە وەک دەبێژن هێشتا بۆنی شیری خاویان لە دەو دێ! جا ئەو لەگەڵ ئەوەی نە لە نەتەوەی مشک بوو و نە لە بوغەبوغی کۆتریش پەیدابببوو تا بە گەورەیی جوانتر بیی.. لێ بەختی لەوە هەبوو کیژی ئەو پیاوە شەکرستانییە بوو کە بە هیچ جۆرەک نەمدەتانی بڕوا بە خۆم بهینم لە ئەنجامی ئاڵووش و حەزی گانگانۆکێی دوو کەس وەپاشکەوتبی.. نا هەگیز نا! چەندی دەمکرد و نەمدەکرد هەر وەهام دەهاتە بەرچاوان کە ئەو پیاوە هەر لەو دەشت و هەردانە لە دوڕ ناخی زەویڕا هەڵتۆقیبی یان کلۆیە بەفرەک بووبی لە ئاسمانانەوە لە شێوەی مرۆڤ داباریبیتە سەر زەوی! جا ئەوە بابی بووبی کە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا یەک پارچە بوو لە جوانیی.. بێ گومان هەر دەبی کیژەکەشی لە تەمەنی گەورەیی بداتەوە دوو خۆی و ئیدی سەرەنجام نازادارحەیرانەکی لێدەربچی مردییش بباتە رێواسان و ئەوەی پێیبگۆترێ پیاو بە هەلەکەسەمایانی بخا! بێجگە لەوەش ئاخر کیژەک لە نێو ئەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییەی ئەوسای ئەوها شۆخ و شەنگ بووبی کە لە یەکەم دیدارم لەگەڵیدا بەو شێوە بە بن ئارەقەی رەش و شینی خستم و تا ئەو ئاستە بێ بار و شپرزەی کردم.. هەر دەبی ئێستا لە نێو ئەو گشتە خۆشگوزەرانی و ئارامییەی ئەو دواییانەیدا زۆر پتر لە جوانییەکان سەرڕێژ بووبی و لەگەڵ سادەترین جوولەیدا تک تک جوانیی لێبتکێتەوە! هەرچەند ئەمن لە بابەتی جوانناسیی زۆر بڕوام بەوە نەبوو تەنێ لەسەر بنچینەی جەستە و بارودۆخەکانی پێشبینیی جوانیی بکرێ چونکێ لەمێژبوو گەیشتبوومە ئەوەی کە جوانیی جەستە زۆر پەیوەستە بە جوانیی هزرەوە و هەردووکیان تەواوکەری یەکدین.. لێ لە راستییدا کە دیتمەوە لەوەش کورتم نەهینا.. بە کورتییەکەی پێشبینییەکانم لە هەردوو رووەوە زۆر راست و دروست دەرچوون:

بە هۆی ئەوەی پێشتر جارەک دیتبووم و وێنەکەی وەک 'یەک تا دە' لەسەر رووبەری مەژییم تۆمار ببوو.. هەر لە دووڕا ناسیمەوە.. کاتەک کە لێی نێزیک بوومەوە زۆر سامگرتییانە چاوانم لۆ دەمەکی چاک لە مۆلەق مان

و پاشانیش کەتنە رەشکەوپێشکان.. وەهام هەستدەکرد گورزە رۆشناییەکی بزۆز و پڕ لە گوڕشە تیشک و ترووسکە دەبینم.. چ وەشێرم.. لە راستییدا هێندەی نەمابوو لە خۆشییان وەخۆدا بکەم! هەر کووەک هەبوو پێم بە جەرگی خۆمدا نا و خۆم ئاسایی کردەوە و دانم بە خۆمدا گرت، پاش چاکوخۆشییەکی گەرموگوڕ.. پیاوەکی پێ ناساندم و گۆتی ئەوە برامە.. ئەمن لە خۆی و لە بابی پتر بترازێ هیچ کەسەکی ئەوانم نەدیتبوو.. ئەگەر لە دەوی خۆی - کە وەک بابی هەر شەکر لە دەوی دەباری - ئەوەم نەبیستبا هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەو کوڕە برای بی.. کەسەکی زۆر بزۆز و وشت دیاربوو.. هەر کە دەوی لێککردەوە و چەند قسەکی کرد هەستمکرد پیاوەکی زۆر فشەکەر و زۆرگۆیە.. سەرەڕای ئەوەش هەر دەتگۆت لە نێو کوورە سوتایە و بە هیچ جۆر و شێوەک بە خوشکە تاوس ئاسایەکەی نەدەچوو.. بە کورتییەکەی ئەوەی جوانیی بی پێیەوە نەبوو.. دەوجا وەرە کوو بتانی رێز لەوە بگری و دانیپێدابنێی کە ئەو کیژە تاوس ئاسایە برای لەو جۆرەی هەیە؟! جا ئەمن چم دابوو لەوە؛ وەک دەبێژن مریشک هێلکەش دەکا و جیقنەش دەکا!

وەک گۆتم حەزم لە کوڕەکە نەبوو.. لێ چ بکەم دەستی دیتنی کیژە تاوسێم شکابوو! ئاخر ئەو کەسەی کوڕەکەیان لۆ سازدەدا هەرچەندە بە ناو رۆماننووس و هۆزانڤان و لێکۆلەر و هەموو تشتەک بوو و ناوبانگەکی زۆر گەورەشی هەبوو لێ لە راستییدا هیچیان نەبوو و ئاستی نووسینیشی زۆر لاواز و پەڕپووت بوو چ لە کایەی هزریی چ لە کایەی هونەریی و زمانی نووسین! واتە کەسەک بوو لەو چەقەچەقکەرانەی کە ناتانن یەک رستەی بە سوود دەربڕن بە بێ دووبارەکردنەوە و کاوێژکردنی قسەی نووسەر و بیرمەندە ناودارەکانی پێشان کە لە راستییدا خۆیان بێجگە لە تاکوتووکەکیان ئی ئەوە نین قسەکانیان لە سەردەمە نووەکان بڕبکەن.. جا ئەو جۆرە رۆماننوسانە لە رووی هەڵوێستیشەوە زۆر هەڵپەرست و سازشکارن.. لەگەڵ ئەوەی جاروبارەک بە شێوەکی رووکەشانە لە خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بەشداریی دەکەن لێ هەمیشە پێیەکیان لە نێو فەرهەنگی پاشدامایی و دەسەڵات دایە تا بژێوی ژیانیان وەدەستبینن و پێیەکەی دیکەشیان لە نێو شەقام دایە تا بتانن نەوجەوانان و خوێندەوارە رووکەشەکان و کۆلەوارەکانی نێو خوێندنی بە ناو باڵا و ئەکادیمیا لەخشتەببەن.

کوڕەک بوو لەوانەی کە لەبەر کەم هاتنی خەڵک پابەندی کات نابن و زۆر بێ شەرمانە کاتی خەڵک وەفیڕۆدەدەن! دەمی کوڕەکە داهاتبوو کەچی هیچ باسەک لە دەستپێکردنی نەبوو! لێ ئەمن فرە فرە ئاسوودە بووم بەوە چونکێ نیازی من تەنێ دیدار و ئاخافتن بوو لەگەڵ کیژە تاوسێ نەک کوڕەکە! ئیدی نێزیکەی یەک کاتژمێر لە هۆڵی چاوەڕوانیی دوو بە دوو و رووبەڕوو لە بەرانبەر یەک دانیشتین.. برایەکەی - وەک گۆتم کەسەکی زۆر بزۆز و وشت دیاربوو - نەیدەتانی لە کنە مە دابنیشی.. هەر دەهات و دەچوو دەتگۆت جیوەی تێکرایە! کە جاروبارەک چاوەکم دەکەتە سەری دەمدیت زۆر سەرقاڵ و بە جوولەجوولە.. ئارامیی لە خەڵکەکەی ئەوێ بڕیبوو.. لەپڕ دەهاتەوە و دەڕۆییەوە.. وێدەچوو هەر وەدوو کیژاندا بگەڕێ! ئەمەش لۆ خۆمان هەر قسەی خۆش خۆشمان لۆ یەکدی دەکرد و هاوکاتیش هزر و رامانی خۆمان لۆ یەکدی دەخستەڕوو.. تێڕوانینەکانمان لە زۆر رووەوە لە یەک نێزێک بوون، دیاربوو خوێنەرەکی باشیش بوو و زانیارییەکی هەمەلایەنەی چاکی هەبوو.. زیرەکییەکەی لە ئاستەکدا بوو پێویستی بە کاتی زۆر نەدەکرد لۆ تێگەیشتن و لەیەکگەیشتن.. هەر لەو ماوە کەمەدا هەردووکمان وەهامان هەستدەکرد زۆر لەمێژە هاوڕێی یەکدین.. بێ درێژەدادڕیی و بێ پەردە قسەمان دەکرد.. لەپڕ دیتم هەناسەکی پڕ بە سییەکانی هەڵکێشا و لەگەڵ

هەناسەدانەوەکەی گۆتی: "ئاخ لەو ژیان و چارەنووسەی کە تێیدا مرۆڤە چاک و جوانەکان لە دەست خۆیاندا نین و ئەوها لە یەکدی دادەبڕێن.. خۆزگە لەو دەمەی کە یەکەم جار بە رێکەت لە کن بابم بە یەکدی ئاشنا بووین بمانتانیبا پەیوەندییەکی چاک دابمەزرێنین و درێژەمان پێی بدابا.. دەی هەنووکەش نەچووە بچی و دەتانین ئەوەی لەدەستمانچووە قەرەبووی بکەینەوە..."..

هەر لە نێو ئەو قسانەیدا هەندەک واژە و دەستەواژەی جوان جوان و ناسک ناسکی وەهای دەربڕین کە بۆنی سۆز و خۆشەویستییم لێدەکردن و هەستمدەکرد ئەمنی زۆر وەدڵداچووبی! هەرچەندە ئەمن هیچ تشتەکی لەو بابەتانەم لە دڵیدا نەبوو لە بەرانبەر وی.. لێ هەر دەتگۆت دوو دڵخوازی یەکدین و لە پاش دابڕانەکی زۆر تازە یەکدیمان گرتیتەوە و لە خۆشترین و پڕ چێژترین ژوان داین!

پەیڤە گەرموگوڕ و رۆشنبەخشەکانی کە هەر دەتگۆت ئەستێوبەردن وێکدەکەون و پڕووشە ئاوران دەهاون.. تەواو بە گوڕیان خستبووم و خەریکبوو دامبگیرسێنن! نازانم.. هەرگیز خۆم بەو جۆرە نەدیتبوو! پێشترێ زانیبووم کاتەک کە پیاوەک بە جوانیی و هەڵسوکەوتی ژنەک سەرسام دەبی و گڕدەگری پاش دیتن و هەندەک دەمودوو لەگەڵی دەتانی بێ هیچ دەستبازییەک لەگەڵی تەنێ بە چاو جوانییەکانی بلێسیتەوە و وردە وردە گڕەکەی دابمری و هێوربیتەوە.. کەچی ئەمن تا دانیشتنەکەمان پتر درێژەی دەکێشا پتر گڕم لێ بەرزدەبۆوە.. بە جۆرەک هەناسەم سواربیوو دەمتانی زۆر بە هاسانیی تەپەتەپی دڵی خۆم بژنەوم و بیانژمێرم.. جاروبارەک تەمەشایەکی ئەولا و ئەولای خۆم دەکرد تا بزانم کەس تەپەی دڵم نائژنەوی! بارودۆخەکەم لەوەدا نەمابوو بتانم هیچ قسەک بکەم.. تەنێ ئەو دەئاخڤی و ئەزیش هەر سەرم لۆی دەلەقاند، لە سەرەتادا کە هێشتا ناخی منی بە تەواویی نەخوێندبۆوە نەیدەوێرا خۆی لە هەر باس و قسەک بدا.. لێ پاشان کە دیتی وا خەریکە هاڵاوی جوانییەکانی هەڵمدەپڕووکێنن و خۆم لەسەر کورسییەکە لۆ راناگیرێ ئیدی بە ئارەزووی خۆی وەنێوکەت و بە تەواویی لەبەریبردەدەرێ! لە نێو گەرمەی قسانیدا بوو لەپڕ هەڵوەستەکی کرد و زۆر بە وردیی لە نیگایانی گرتم... ئیدی ئەمن هەم لە ژێر رێژنەی نیگایە تیرهاوێژەکانی هەم لە شەرمی ئەوەی نەوەک دەستبازییەک بکا و برایەکەی بمانبینی تەواو بێ بار و پەرێشان ببووم و توند توند دەستانم لە مێزەکەی پێشمان گیرکردبوو و خۆم پێیەوە چیرکردبۆوە تا بە لایەکدا نەکەوم.. کەچی رێک لەو دەمدا لە دووڕا برایەکەیم دیت بەرەو لای مە دەهات.. لێ کیژە تاوس لەبەرئەوەی ئەمنی بە تەواویی خستبووە نێو قەوارەی چاوانی نەیدەتانی بێجگە لە من هیچی دیکە ببینێ.. سەرەنجام هاوکاتی ئەوەی کە برایەکەی هێندەی نەمابوو بگاتە کنمان لە ژێر هەتەری هەژموونی تێڕامانە ئارزووبازییەکانی پەتی خۆڕاگرتنی پچڕا و یەکسەر پڕیدا دەستانم و توند توند گرتنی و گۆتی:

- ئەوە چیە هاوڕێ گیان.. دەبینم تەواو شەپرزە بووی!؟ (ئەوجا بە نەرمە شۆخییەکەوە درێژەی بە قسەکەی دا) ئەوە راستە کە بۆنی بابم لە من دەکەی.. لێ نەشمانگۆت ئەوها هەمووی بە یەک جار هەڵبمژی و تەواومانبکەی! نا ئەمن حەزناکەم بۆنی بابم هەر ئەوها بە خۆڕایی و بە یەک جاری تەواوبکەی...

ئەمن هەر خەریکبووم دەستانی خۆم دەکێشانەوە تا پێش گەیشتنی برایەکەی لە بن دەستانی دەریانبهێنم لێ وێرانەگەیشتم.. کە گەیشتە سەرمان بێجگە لەوەی دەستانمانی لە نێو یەکدا دیتن ئەو دوا قسانەی خوشکە تاوس ئاسایەکەی بیستن کە پاش دەستگرتنی من کردنی.. هاوکاتی ئەوەی ئەمن زۆر بە توندیی دەستانم

کێشانەوە و وەلاداچووم برایەکەی بە پەلە گۆتی: "ئەها ئەوەتە لێخوڕەکەمان هات"! لێرەوە هەر هێندەم وەبیردێ کە کورسییەکە لە بنم خزیی و زرمەم لە زەوییەکە هەستاند.. ئیدی پاشان زانیمەوە لەگەڵ بەربوونەوەکەم لەخۆچووبووم و بە ترومبێلی ئەو پیاوەی کە برایەکەی بە 'لێخوڕەکەمان' ناویبرد بەرەو خەستەخانەیان بردبووم).

لە سەروبەندی وەخۆهاتنەوەکەم یەکسەر هەستمکرد کە پێشترێ لەخۆچووبووم لێ نەمدەزانی لەبەرچی وا لە نێو ترومبێلەک دام کە زۆر بە خێرایی لێیدەخوڕن و لە کێندەرێشم.. دەنگی چەند کەسەکم دەبیست و زۆر باش لێیان تێنەدەگەیشتم.. لێ هێندەم هەڵکراند کە زانیم هێشتا هەستیان بە وەخۆهاتنەوەکەم نەکردیە ئیدی ئەمنیش خۆم کڕکرد تا بزانم چ دەگوزەرێ.. پاش دەمەکی کەم دەنگی کەسەکم بیست وەک ئەوەی وەرامی پرسیارەک بداتەوە گۆتی:

- کورە ئەوە دیسان خانم نییە.. هەر پیاوەکی دەیگاتێ بە هاوڕێی بابم دەردەچی! جا کابرا راست بکا یان درۆ ئەوە گرنگ نییە لە کنە وی.. قسەی وەهای لۆ دەکا نە هیچ نازدارحەیرانەک لۆ کوڕە لاوێی کردبی نە هیچ ژنەک لۆ مێردی خۆی.. بە کۆمەڵە قسەکی قۆڕ و بێ واتا ئەوها ئەو کابرایە قوڕبەسەرەی تەختی زەوی کرد.. ئاخر... (بەو قسانەی بەزمەکەی خۆم وەبیرهاتەوە کە لە کۆڕەکە بەسەرمهاتبوو و زانیشم ئەوە دەنگی برایەکەیتی.. لەپڕ دەنگی کیژە تاوسێشم بیست کە قسەکەی پێ بڕی و بە تووڕەییەوە پێیگۆت):

- ئەوە چتە ئەتوو کورە.. لۆ دیسان قسان هەڵدەبزوڕکێنی و هەر لە خۆتەوە وەنێودەکەوی.. خۆشت نازانی چ ئێژی! (ئەو جارە کەسەکی دیکە کە نەمدەزانی کێیە بە دەنگەکی گڕ گۆتی).

- ئەهاا.. دیارە دیسان بەزموڕەزمەکەی تووە هەی خانمی چاو بەخومار! (ئیدی ئەو جارە بێ ئەوەی خۆم بمەوێ جەستەم بە جوولەجوولەکی زۆر کەت و هەستیانپێکرد کە وا خەریکە وەخۆدێمەوە.. هاوکاتی ئەوەی هەر یەکەیان بە جۆرەک شادمانیی خۆیان بە جوولەکردنەکەم دەربڕی بە پەلە ترومبێلەکەیان راگرت.. دیاربوو کیژە تاوس زۆر لەوانیدیکە پتر بە جوولەکەم شادمان بوو چون هەستمکرد لە قوڵایی ناخیەوە گۆتی 'ئەها جوولا.. ئەها جوولا'! ئیدی باسەکەیان گۆڕا و وەک ئەوەی کەسەکی زۆر نێزیکی خۆیان لەخۆچووبی و وەخۆهاتبیتەوە بەسەر سەرمەوە بوون.. بە رای هەرسێکیان رێی خەستەخانەیان گۆڕی و ئەمنیان بەرەوماڵی خۆیان برد).

تا نێزیکەی کاتژمێرەکیش هەستمدەکرد هەر گێژم و هێشتا وەک جارانم لێنەهاتیتەوە.. پاشان نانەکی باشیان دانا و ئەمنیش هەندەکم لەگەڵیان خوارد، هەر بە قسەی ئاسایی کاتەکەیان وەڕێدەکرد وەک ئەوەی هیچ روونەدابی.. بە هیچ شێوەک باسی ئەو بەزموڕەزمەی من و کیژە تاوس ئاسایەکە نەکرا، هیچ شەرمەکم لە برایەکەی نەدەکرد چونکێ لۆم وەدەرکەتبوو چ بابەتەکە؛ تەنێ لەدوو حەزە ئاژەڵییەکانی خۆی دەگەڕا و هیچی دیکە.. کە تێیدەهزریم لە ناخەوە رەخنەم لە خۆم دەگرت چونکی خەریکبوو ئەمنیش بەو بەزمەی بەسەرمهاتبوو بچمەوە سەر وی! لە بەرانبەر کیژە تاوس و پیاوە دەنگ گڕەکە زۆر زۆر بەسەر خۆدا شکامەوە.. نەمدەزانی ئەو پیاوە دەنگ گڕە کێیە و لەسەر دڵم ببووە گرێیەکی زۆر گەورە، کاتەکم زانی لە دەرکەکەیان درا و برایەکەی چوو کردیەوە؛ دەنگی ژنەک هات لێ نەهاتە ژۆرێ.. لەپڕ منداڵەکی چار پێنج ساڵان وەژۆرکەت و بە غاردان لۆ لای کیژە تاوسێ چوو و خۆی بە باوەشی دادا و گۆتی: "دایە چتان لۆ من

هینایە؟"!! پیاوە دەنگ گڕەکە وەرامیداوە: "خۆزی.. وەرە کوڕم وەرە، ئەوە تشتەکانت لەوێن.. وەرە لۆ خۆت بیانبە".. هەر خەریکبوو مەژییم رابوەستی.. کارەساتی کۆڕەکەم بە شێوەکی زۆر قورستر لۆ دووبارە بۆوە لێ ئەو جارە لەخۆنەچووم.. بە هەر جۆرەک هەبوو خۆم راگرت و نەمهێشت پێمبزانن.. لێ لە راستییدا هەستەکی ئەوهام لە کن چێبوو کە ئەمن کەسەکی زۆر بێ چاوەڕوومە ئەگەر نا دەبووایە هەر لەو دەم ببمە پشکە ئاوەک و تا ناخی زەوی خۆنەگرمەوە؛ ئاخر ئەمن لە پاش ئەو هەموو لێبووردەیی و دڵفراوانییەی ئەوان هێشتا پێمناخۆشبوو کە زانیم کیژە تاوس ئاسایەکەی جاران ئیدی ئەوە ساڵانەکە هاوسەری هەیە! ئاخر نازانم لەبەرچی لەو هەموو پەیوەندییەی نێوانمان لە رێی ئیمەیل و تەلەفۆن یەک جار تەنانەت بە وشەکیش باسی هاوسەرگیریی و باری خێزانییمان لۆ یەکدی نەکرد!؟ نازانم ئایە ئەوە هەر رێکەت و بێسەروبەریی خۆمان بوو یان هەر ئەو نەخۆشییەی سیستەمی چەوسێنەرانەی هاوێرکردنی نێرەکان و مێیەکان بوو لە یەکدی کە تووشی مرۆڤەکانی دەکەن و ئیدی لە کاتی یەکدیناسینیان لەبەر خواست و ئارەزووە سێکسییەکانیان و خولیای بەیەکگەیشتنیان تا بە تەواویی لە یەک بێ هومێد نەبن نایانەوێ خۆیان ئاشکرابکەن کە پابەستی هاوسەرگیریی یان خۆشەویستیین لەگەڵ کەسانی دیکە!؟ لە راستییدا ئەمن خۆم هیچی لێتێنەگەیشتم!

زۆر خراپ تێکەتبووم.. نیگەرانییەکانم بە بێ ئۆقرەییان سپاردم و بێ ئۆقرەییەکەشم بە سەرسووڕانەکی فرە توند! نا.. کەلکی ئەوەم پێوەنەمابوو یەک خولەکی دیکە چیە لەوێ بمینێمەوە؛ لەگەڵ قیتبوونەوەم گۆتم: "داوای بووردنەکی گەورەتان لێدەکەم.. ئەمن دەبی بڕۆم".. دیاربوو هەرسێکیان لە کنیان ئاسایی نەبوو ئەوها زوو بڕۆم و بە پەلە بە چەند قسەکی لەو بابەتانە بەرسڤیاندامەوە: "نا هیچ نەبووە.. داوای بووردنی چی.. تکایە دانیشەوە.. نابی بڕۆی.. ئاخر هێشتا تەندروستییت چاک نییە.. ئەوشۆ لێرە بمینێوە و... تد" لێ ئەمن هەر لاملییم کرد و دانەنیشتمەوە.. پاش ئەوەی هەر لەسەر رۆیشتنەکەم پێمداگرت و بە سوپاسیشەوە گۆتم پێویستم بە کەس نییە لەگەڵم بی یان بە ترومبێل بمباتەوە برایەکەی و هاوسەرەکەی گۆتیان ئەگەر تا ماڵێشم نەبەنەوە ئەوە هەر دەبی بمگەیننە وێستگەکی شەمەندەفەر یان تەکسیەکم لۆ بگرن و پێی بچمەوە.. کەچی دیتم خانمی تاوس کە نیگەرانییەکی زۆری پێوەدیاربوو وەک تاوسەک کە پەڕەکانی پرژدەکاتەوە هاتە پێشێ و بە هاوسەرەکەی گۆت: "نا نا.. دەبی تا بەردەرکێی ماڵە خۆیانی ببەی.. دەبینی کە ناکرێ بە تەنێ بڕوا..." ئەویش قسەکەی پێ بڕی و گۆتی: "ئەرێ ئەرێ دەیگەینم.. هیچ غەمت نەبی"، بە کورتییەکەی نازانم لەبەرچی برایەکەی نەهات.. لەگەڵ هاوسەرەکەی سواری ترومبێلەکەی بووین و وەڕێکەتین.. لێ نەمهێشت لە نێزکترین وێستگە پترم ببا.. رێیەکە هەندەک دوور بوو لێ باش بوو تا گەیشتین نە ئەمن قسە نە ئەو! هەر کە گەیشتین زۆر بە پەلە دابەزیم.. پاش ئەوەی زۆر سوپاسمکرد و رۆیی ئیدی ئەمنیش ملی خۆم شکاند و بەرەو ماڵێ گەڕامەوە!

هەر کاتەک سەرهاتەکی ئەوها بەسەردێ بە تایبەتییش کە سووچی خۆمی تێدابی یەکسەر لۆی دادەنیشم و هەموو لایەنەکانی بە شێوەکی بێلایەنانە شەنوکەو دەکەم و وەدوو هۆکارەکانی روودانیدا دەگەڕێم تا دەگەمە ئەنجامەکی وەها کە دڵنیادەبم نیشانەکەم پێکایە.. پاشان نەخشەی ئەوە دادەڕێژم کە نەهێلم قورساییەکی ئەوتۆ لەسەرم بەجێبهێلی و جارەکی دیکە تووشی تشتی ئەوها ببمەوە.. پاشانیش دەستوەکار دەبم و نەخشەکە دەخەمە واری جێبەجێکردنەوە و هەر پاش ماوەکیش سەرهاتەکە باندۆرەکی ئەوتۆی لەسەرم نامینێ و لەبیرمدەچێتەوە.. لێ لەوەیان چەندی دەمکرد و نەمدەکرد هیچ سوودەکی نەبوو و هەر لەبیرمنەدەچۆوە! تا

دەهات نیگەرانییەکانمی پتر و پتر دەکرد و دڵ و دەروونم زۆر پێیەوەی دەکوشرا.. ئیدی بە ناچاریی پەنام بردە بەر هاوڕێیەکی خۆشەویستم کە زۆر سەرڕاست و قسەلەڕوو بوو.. پاش ئەوەی سەرهاتەکەم وەک خۆی لۆی گێڕاوە زۆر راشکاوانە و بێ ئەوەی رەچاوی پەیوەندییەکانمان بکا و چاپۆشیی لە هیچ راستییەک بکا یەکسەر لە مستمی نا: "ئەگەر ئەمن لە جێی توو بم ئەوە نەک هەر دەرفەت نادەم جارەکی دیکە هیچ ژنەک قسەی سۆزدار و ئەندێشەئامێزانەم لەگەڵ بکا بەڵکە ئەگەر لە خوێندنەوەی چیرۆک و رۆمانانیش وشە و گوزارشتی ناسک و سۆز ورژێنەرم هاتنە بەرچاوان ئەوە یەکسەر بەسەریاندا بازدەدەم یان هەر بە ئێکجاریی واز لە خوێندنەوەکە دەهینم"!!

- ٥٧ -

خوێندنەوەی ئەو سەرهاتەی من و کیژەکەی هاوڕێیە شەکرستانییەکەم لە لایەن کڵاوقوتێوە وەک ئەوەی خۆم دەمخواست کاری خۆی کرد.. لێ کاتەکی ئێکجار زۆری لێ داگیرکردم چونکێ کڵاوقوت لە پاش ئەو ساردبوون و دووبارە گەرمبوونەوەی پەیوەندییەکانمان لە جاران پتر هۆگرم ببوو و لێم ببووە قیڕ و بنیشت.. هەر دەمەک لە نووسینگەکە بام ئەویش خۆی دەگەیاندە ئەوێ.. وەک کوو میدیای دەسەڵات و پارتیەکان بە تایبەتییش پەیامنێر و پێشکەشکەرانی بەرنامەکان بێ ئەوەی هیچ پێویستییەکت پێیان هەبی هەر لەو گۆڕەی هەراسانت دەکەن و کاتت هەڵدەلووشن ئەویش بە هەمان شێوە و پتریش.. ئاخر پەیوەندییە رێکخراوەییەکانم لەگەڵ کڵاوقوتێ ئەو هەموو کاتەی پێویست نەبوو کە ئەو دەیویست لە ماوەی شەو و رۆژەک بیست و پێنج کاتژمێر لەگەڵم بی! هەر لەو سەروبەندەدا زۆر بە 'خوشکێ'ش خەریکبووم.. هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە خوشکێش کاتی منی دەکوشت.. بەڵکە پێویست بوو کە گرنگیی پێبدەم چون هاوڕێیەکی نێزیک و دێرینم بوو و ئەرکی سەرشانم بوو لە بارەی کێشە پەنابەرییەکەی رێنمایی بکەم و یارمەتیی بدەم.. سەرەڕای ئەوەش پاش گەیشتنی بەو وڵاتە بە هۆی ئەوەی کۆمەڵە کاروبارەکی رێکخراوەیی خستبووە ئەستۆی خۆی و زۆر چالاکانە کاریدەکرد دەبووایە زوو زوو کۆبوونەوەی لەگەڵ بکەم.. جا کە دەمانویست یەکدی ببینین دەبووایە رێیەکی دوور ببرم تا بیبینم نەک ئەو بێتە نووسینگەکە.. ئاخر نەمدەویست ئەو بێتە کنم و ناچار ببم بە کڵاوقوتێی بناسێنم چونکێ لە پاش ئەو بەزمەی 'مووەکان'ی گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی کە کڵاوقوت ئەگەر لۆی بلوێ لەسەر هیچ ژنەک پازنادا.. جا کوو ژنەکی ئەوها جوان و کراوەی وەک خوشکێ قوتاردەکا!؟

خوشکێش ماڵی خراو نەبی هەرگیز لە کنە خۆی ئەمنی لە نێو بازنەی حەز و ئارەزووەکانی وەدەرنەنابوو.. کە لەو دواییانەش گەیشتە ئێرە هەر خۆی لێم هەرسووی هەر خۆی لێم هەرسووی تا تەقاندمانەوە و دەستمان بە 'راپۆرتنووسین'ە خۆشەکەی جارانی خۆمان کردەوە! ئیدی ئەوەش ببووە سەربار و وەیلێکردبووم هەر بە ئێکجاریی نەهێلم کڵاوقوت توخنی بکەوی تا نەتانی بەزمەکیشم لەگەڵە وی لۆ چێبکا!!

زۆر بەپارێز بووم لە کڵاوقوتێ.. نەک هەر لە بەرانبەر خوشکێ بەڵکە دەرفەتم نەدەدا هیچ هاوڕێیەکی دیکەی ژن لە رێی منەوە بناسی، 'نازدارحەیران'ی هاوسەری 'باش باغەوان'ی جوانەمەرگیش کە ئەویش دەمەک بوو هاتبووە ئەو وڵاتە و ئەمن لێرە هەر بە 'خوچەخان' ناومدەبرد - ئاخ لە خوچەخانێ! هەنووکەشی لەگەڵدابی

نەمزانی لەبەرچی پاش گەیشتنە ئێرەی نەمتانی هەرگیز بە نیازی هاوسەرگیریی کە زۆری پێخۆشبوو لێی نێزیک ببمەوە.. بە پێچەوانەوە زۆر خۆم خەریکی ئەوە کردبوو کوو کوڕەکی جوان و جوامێری لۆ ببمینمەوە کە لە خۆی بوەشێتەوە - چەندین جار کڵاوقوت ئەمەی پێکەوە دیتبوو و هەموو جارێش وەهام هەستدەکرد دەیەوێ خۆی لێمان نێزیک بکاتەوە تا پێی بناسێنم لێ ئەمن نەمدەهێشت ئەوە رووبدا.. لە کنە خۆم وەبوو زۆر باش دەپیارێزم.. کەچی وەک ئەوەی پاشان زانیمەوە ئەمن لە بن گێی گای نوستبووم و زۆر بە هەڵەدا چووبووم؛ هەر لەو کاتەوەی ئەمن خوچەخانێم بە نیازی لێکنێزیکبوونەوە و هاوسەرگیریی بە هاوڕێیە بۆڕیچییەکەم ناساندبوو - کە پاشان زۆری نەبرد پێکهاتن و هاوسەرگیرییان کرد - کڵاوقوت لە رێی ئەوەوە ناسیبووی و ئەمنیش هاییم لەوە نەبوو! بە کورتییەکەی ئەوە و زۆر نهێنیی دیکەشم دەربارەی خوچەخانێ لەو سەرهاتەی 'کڵاوقوت و هاوڕێیە بۆڕیچییەکەمان و خوچەخانێ' لۆ وەدەرکەتن کە کڵاوقوت پاش ئەوەی ئەمن بە ناچاریی سەرهاتەکەی خۆم و کیژەکەی هاوڕێیە شەکرستانییەکەم لۆ ناردبوو ئەویش بە هەلی زانیبوو ئەوەی خۆیانم لەگەڵ پێشەکییەک بە ئیمەیڵ لۆ بنێری.. پاش تەواوبوونی سەرهاتەکەش بە کۆمەڵەک سەرنجی بەجێ زۆر بە باشیی سەروگێلاکی منی کوتابۆوە، سەرهاتەکە و سەرنجەکانی لە "پەرگە"ک هاوپێچ کردبوو و پێشەکییەکەشی هەر راستەوخۆ لەسەر لاپەڕەی ئیمەیڵەکەی نووسیبوو:

«هەر لەگەڵ دەسپێشخەرییە جوان و بە نرخەکەت کە بە ناردنی سەرهاتی خۆت و کیژەکەی هاوڕێیە شەکرستانییەکەت بەسەرتکردمەوە و زۆر ئاسوودەت کردم.. ئەمنش یەکسەر بڕیارمدا لە پای ئەو ئەمەک و دڵسۆزییەت بە ناردنی سەرهاتی نێوان خۆم و هاوڕێیە بۆڕیچییەکەمان و خوچەخانێ بەسەرتبکەمەوە.. رەنگە لە کنت سەیر بی کە دەبێژم 'سەرهاتی نێوان خۆم و هاوڕێیە بۆڕیچییەکەمان و خوچەخانێ' چونکێ بەڕێزت تا ئێستاش هەر وەدەزانی ئەمن هیچ پەیوەندیی و سەروسەودایەکم لەگەڵ خوچەخانێ نییە و نایناسم.. داوای بووردن دەکەم ئەوە سووچی من نەبوو بەڵکە ئەوە خوچەخان بوو ناچاریکردبووم لە بەرانبەر توو وەها خۆم پیشانبدەم کە ئەمن و ئەو یەکدی ناناسین! لێ ئیدی هێشتنەوەی ئەو سەرهاتەمان وەک نهێنییەک لە کنە خۆم چیدی بەهایەکی نەمایە چون خوچەخان ئێستا لەوەدا نەمایە و زۆریش لێت پڕبووە.. ئەگەر تا ئێستا هیچی لۆ نەدرکاندبی ئەوە لە نێزکترین کات بە رووتدا دەتەقیتەوە و هەمووت لۆ بە گۆڕێ وەردەکا! دیارە هەروەک هەردووکیشمان دەیزانین گێڕانەوەی سەرهات بە شێوەی راستەوخۆ و رووبەڕوو لە نێوان من و توو گەلەک لێدوان و گفتوگۆی لەسەر وەدوودادێ و کاتی زۆری گەرەکە.. لەبەرهەندێ بە باشترم زانی بە کورتیی بینووسم و لەگەڵ هەندەک سەرنج و گلەیی خۆم بە ئیمەیڵ لۆت بنێرم.. ئەگەر رۆژەکیش دەرفەتەک بڕەخسێ و حەزبکەی ئەوە بە درێژییەکەی و وەک خۆی لۆت دەگێڕمەوە. (تکایە سەرهاتەکەمان و سەرنج و گلەییەکانم لە نامەی هاوپێچ ببینە). لەگەڵ رێزی زۆرم.»:

کە گەیشتمە ئەو وڵاتە پاش هەشت رۆژ مانەوەمان لە بنکەکی پەنابەریی کە هەر وەک زیندانەک بوو ئەمن و شەش کەسی دیکەیان جوداکردینەوە و رەوانەی شارۆچکەکیان کردین، کەسیانم نەدەناسی.. یەک لەوانە ئەو بۆڕیچیە بوو کە ئێستا هاوسەری خوچەخانێیە، لەوێ دوو خانییان داینێ کە چەند سەت مەترەک لە یەک دوور بوون.. کاکی بۆڕیچی و دوو کەسیان لە خانییەک و ئەمن و سێ کەسەکەی دیکەش لەوەکەی دیکە نیشتەجێ بووین، چاوەڕێی ئەوە بووین مافی پەنابەرییمان بدەنێ.. نەماندەتانی ئیشی فەرمیی پەیدابکەین چونکێ مافی کارکردنمان نەبوو.. نە زمانمان دەزانی نە کەسی وەهاشمان دەناسی بمانخاتە سەر کارەک لەوانەی لە

دەرێی یاسایەکان هەبوون - واتە ئەوانەی دەیانبێژنێ کاری نایاسایی! -، پەنابەرانی دیکەشی زۆر لێبوون لێ ئی لای خۆمان کەم بوون و هێشتا پەیوەندییەکی ئەوتۆشمان لەگەڵیان نەبوو، ڕۆژانە وەک گێژان لە باژێڕەکە دەسووڕاینەوە و زۆربەی شەوانیش لە یەکەک لەو دوو خانییە خڕەبووینەوە و بە قسەی خۆش و باسی پەنابەریی و گێڕانەوەی سەرهاتان کاتەکانمان دەگوزەراندن.

پاش نێزیکەی دوو مانگەک دیتم کەسیان ڕێز لە کاکی بۆڕیچی ناگرن و زۆر بە سووکیی تەمەشای دەکەن تا کار گەیشتە ئەوەی ئیدی لە کۆڕ و دانیشتنی شەوانە بەشدارییمان نەکا و زۆربەی کاتەکانی هەر لە ژوورەکەی خۆی بە تەنێ بەسەربیا.. زۆرم پێ سەیر بوو! ئەرێ.. ئەو بۆڕیچیە هەندەک خۆپەرست دەهاتە بەرچاوان لێ هیچ خراپەکی لەگەڵ کەس نەدەکرد بەڵکە بە پێچەوانەوە لە هەموویان لەسەرخۆتر و ڕۆشنبیرتریش بوو.. لەبەرهەندێ ئەمن دەستبەرداری نەدەبووم و زوو زوو دەچوومە کنی و لە ڕاستییشدا لەگەڵ وی ئاسوودەتر بووم، بە هۆی ئەوەی هەندەک لەوان باخۆشتر بووم و ڤیچەک زمانی ئێرەم دەزانی زۆر ڕێزیان لێدەگرتم لێ زۆر جار دەیانگۆت 'پێمان سەیرە ئەتوو هاوڕێیەتیی ئەو بۆڕیچیە خۆڕی و هیچوپووچە دەکەی! ئەو زۆر لەوە کەمترە کاتی خۆتی پێبکوژی'.. ئەمنیش بەرپەرچم دەدانەوە و دەمویست ئەو دڕدۆنگییەی لە نێوانیاندا هەیە نەمینێ و لە یەکدی نێزیک ببنەوە.. زۆر جار پێمدەگۆتن لەو ژیانە ئاوارەییە کەس بە هانامانەوە نایێ و تەنێ خۆمانین بە کەلکی یەک دێین و دەتانین لە هەر تشتەک هاوکاریی یەک بکەین.. لێ سوودەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵیان، ڕۆژەکیان بە شێوەکی تاکتکییانە وەهام لە یەکەکیان کرد کە نهێنیی ئەو پەیوەندییە خراپەیان لەگەڵ کاکی بۆڕیچی بدرکێنی - ئەو کوڕە لە لای خۆمان کاری 'دەستگێڕیی' دەکرد و ئەمە ناومان لێنابوو 'چاوگێڕ'! چونکێ هەر چاوی لەدوو ژنان دەگێڕا کەچی هیچیشی وەدەستنەدەکەت! - بە کورتییەکەی زۆر بە ڕاشکاوییەوە گۆتی:

- ئاخر کاکە گیان.. لە رووت بە پەرژین بی.. ئەو بۆڕیچیە دوودەگییە و سەری مەی لە بەرانبەر ئەو ئاوارانە شۆڕکردیە! (ئەمنیش بە ڕەچاوکردنی ئاستە ڕۆشنبیرییەکەی خۆی وەراممدەداوە):

- کوو وەیە.. ئەمن بڕوا ناکەم.. ئەتوو بە چاوی خۆت دیتێتت لەگەڵ کەس ئەو کارە بکا؟

- لێ ئەوە لە دیتن و میتن تێپەڕیە و هەموو کەس ئەوە دەزانی تەنێ ئەتوو نەبی! بڕۆ لە هەر کەسەکی دەپرسی ئەگەر گۆتی وەنییە ئەوە ئەمن ئامادەم لە پێش توو رووبەڕووی ببمەوە و لۆ توو و لۆ هەر کەسەکی دیکەی بسەلمێنم.

- نا نا.. کە ئەتوو ئەوەت بە چاوی خۆت نەدیتیە دەبتە بێ ویژدانیی ئەوەی لەدوو بڵاوبکەیەوە.

- کاکە ئەتوو زۆر ڕێزت لە کنە من هەیە و بە براگەورەی خۆمت دەزانم، لە ڕاستییدا شەرم دەکەم لە رووی بەڕێزەکی وەک توو لە بنی کودیلەی بدەم.. (هەندەک ڕاوەستا و سەری لەبەر خۆی نا.. دیاربوو لە شەرمان ئارەقەی کرد و سۆر هەڵگەڕا.. ئەمنیش پتر هانم دا تا قسان بکا):

- نا کاکە گیان نا.. ئەتوو ئەوە لەگەڵ من مەکە.. ئەمە لێرە لەو ئاوارەیی و بێ کەسییە تەنێ خۆمان کەسی یەکدین.. شەرمی پێناوێ و دەبی هیچ نهێنییەک لە یەک نەشێرینەوە.. دە بێژە بزانم..

- ببوورە.. ئەمن لە رووی توودا زۆر شەرمەزارم کە دەبێژم؛ ئەو خۆرپییە.. نازانم پێشان کوو بووە.. بەس لێرە لە منەوە دەستییپێکرد.. ئەوجا پاشان بێجگە لە توو ئەو برادەرانەی خۆمانی یەک بە یەک بە خۆی فێرکرد و هەمووانی سواری خۆی کرد، کاتەک لەو کارە خراپەمان لە کن یەک ئاشکرابووین و پەشیمانیی خۆن دەربڕی بڕیارماندا بەو شێوە گۆشەگیری بکەین و پەیوەندیی لەگەڵ بپچڕێنین تا جارەکی دیکە بە لای کاری ئەوهادا نەچتەوە.. کەچی ئەو جارە ئاوارەی میللەتانی دیکەشی بە خۆی فێرکرد.. هەر بە تەواویی ئابڕووی بردین و ئێستا چاومان لەبەر هیچ میللەتەک هەڵنایێ.. ئەتووش زۆر جار دیتییتت کە چەند کەسەک بە ترومبێلەکی گرانبەها دێنە دووی و دەیبەن.. خۆشی وەها پێشاندەدا کە ئەوانە برادەری بن.. ئاخر ئەو کە بێجگە لە زمانی خۆمان هیچ زمانەکی دیکە نازانی کوو دەتانی ببتە برادەری خەڵکانی میللەتانی دیکە.. هەموو جارێ کە دەیبەن هەندەک بە ترومبێل پیاسەی پێدەکەن پاشان لە جێیەک خواردن و خواردنەوەکی چاکی دەدەنێ تا سەرخۆشی دەکەن.. ئەوجا هەموویان یەک لەدوو یەک تێر تێر دەیگێن و نیوەی شەوێش لۆ مەی دەهیننەوە و بە سینگ دەرپەڕاندنەوە بە روومان دادەدەنەوە.. ئەمن داخی ئەوانەم زۆر لە دڵە کاکە.. بڕوا بکە ئەوە ئێرە نەبووایە هەمووانم وەبەر چەقووان دەدا..

- باشە ئەتوو واز لەوە بینە.. ئایە ئەتوو بە رەزامەندیی خۆت بوو یان تۆبزیی لێکردی تا ئەو کارەی لەگەڵ بکەی؟ ئەدی ئەو دەستدرێژیی کردە سەرت یان نا؟ (هەندەک تەنگاو بوو و بە پەلە گۆتی):

- جا ئەتوو ئەوها لە من رادەبینی کاکە؟! ئاخر ئەو خۆرپییە بەشی دوو چەقووان ناکا.. کوو دەتانی دەستدرێژیی بکاتە سەر من! دەربارەی ئەو کارە خراپەی خۆشم؛ نا تۆبزیی لێنەکردم بەس لەخشتەیبردم.. بڕوابکە ئەمن نەمدەویست ئەوە بکەم و ئەو رەوشتەش لە من ناوەشێتەوە و نیمە بەس ئەو زۆر بیژییانە ئارەزووی منی بزواند؛ ئەو رۆژە نازانم کوو بوو تەنێ ئەمن و ئەو لە ماڵێ بووین.. ئەمن لە ژوورەکەی خۆم بووم.. کاتەکم زانی بە تاقە یەک مایۆوە وەژوورکەت و گۆتی 'نانەکی خۆشم ئامادەکردیە وەرە با بچین پێکەوە بیخۆین'.. کە گۆتم 'باشە'.. گۆتی 'وەرە ژوورەکەی خۆم.. لەوێیم دانایە'.. کاتەک چووم ژوورەکەی زۆر جوان رێکخستبوو و بۆنەکی خۆشیشی پێدا پڕژاندبوو.. خواردنەکەی زۆر بە رێکوپێکی لەسەر خوانەک رازاندبۆوە.. سەرت نەیەشێنم پاش ئەوەی نانمانخوارد گۆتی 'دوونێ بارانەکی چاکی لێدام.. هەستدەکەم سەرمام بووبی.. ئەو شان و ملانە و بڕبڕەی پشتم تا دەگاتە سەر کلێنجەم هەر هەمووی رەق رەق بوونە و زۆر ئازارم دەدەن'.. ئەمنیش گۆتم 'ئەدی لۆ نەچوویە کن دکتۆری؟'.. گۆتی 'کورە دکتۆر گرنگیی بەو نەخۆشییانە نادا.. ئەگەر ئێستا کەسەک هەبایە هەندەکی بشێلابام زۆر زۆر لە چوونە کن دکتۆری باشتربوو'.. هەر کە گۆتم 'دە بینە با ئەمن بتشێلم؟'.. هاوکات لەگەڵ ئەوەی گۆتی 'زۆر سوپاست دەکەم ئەگەر بتانی ئەو چاکەم لەگەڵ بکەی' یەکسەر لەسەر زگ و لەسەر دۆشەکەکەی راکشا و هەتوانەکیشی لەدەستمنا تا پێی بشێلم.. ئیدی کەتمە شێلانی شان و لاملان و بڕبڕەکانی پشتی تا دەگاتە سەر قوونەجۆرەی.. ئەمن زۆر خۆم لە شێلانی خوارتر و لای قوونانی دەپاراست کەچی ئەو هەر دەیگۆت 'خوارتر خوارتر'.. مایۆیەکەی تا خوار پۆپەی قوونانی داکشاندە خوارێ و هەر دەیگۆت 'خوارتر خوارتر'.. ئیدی ناچار ورد وردە خەریکی شێلانی سەر قوونەجۆرەشی بووم، ئێ خۆشت دەیزانی ئەمەش هەموومان گەنجین و رۆژانە ئەو هەموو کیژە جوان و نازادارانە دەبینین کەچی لەبەر بێ زمانیی و نەشارەزایی خۆمان نەک هەر ناتانین هیچیان لەگەڵ بکەین تەنانەت ناتانین قسەکیشیان لەگەڵ بکەین.. ئەو خۆرپییەش لە باردۆخەکی لەو جۆرە - کە خەریکە چاومان کوێرە دەبی لۆ

گانەک - ئەوها ساختەچیانە خۆی بداتە بەردەستت بێ گومان هەر ئارەزووت دەبزوێ؟! ئیدی هاییم لە خۆ نەمابوو و هە لە خۆمەوە حەزمدەکرد پتر دەست لە سمتی بخشێنم.. ئەو ساختەچییەش دیاربوو ئەزموونی زۆری هەبوو لەو بارەوە.. نازانم کوو هەستیپێکردبوو کە ئەمن ئارەزووم هەستایە.. کاتەکم زانی پڕیدا کیرم و توند گرتی.. ئێ ئەمنیش لە تاو ئالۆشی نێوگەڵم خەریکبوو شێت دەبووم و هیچ هاییم لە خۆ نەمابوو.. کە دیتی هیچ دەنگەک ناکەم و پێمخۆشە.. بە پەلە هەندەک هەتوانی لە دەستی خۆی هەڵسووی و لە بن نیفۆی بێجامەکەم دەستی بردە نێوگەڵم و بە دەستەکەی دیکەشی پاش ئەوەی مایۆیەکەی تەواو داکشاندە خوارێ لاتەنیشتەکی گرتم و وەریگێڕامە سەر خۆی.. ئیدی ئەمنیش نەمکردە نامەردیی کیرم خستە سەر کونی قوونی و بە یەک تەکان تا بنانێم بردێ و بە زیرەزیرم خست! بڕوابکە هەر کە تەواوبووم زۆر پەژێوان بوومەوە و هەر ئەو دەم سەت تفم لە خۆ کرد و هەزار جوونیشم بەو دا.. کورە کاکە.. کە کیرم دەرهینا هەمووی بە گوو ببوو.. ئاخر ئەوە کەنگێ ڕەوشتی مرۆڤە.. دەک سندان لەو گانەش بدا.. بڕوا بکە ئیدی لەو کاتەوە گانکردنم وەها لە لەبەرچاو کەتیە نەک هەر ئەو خوڕییە ئەگەر جوانترین کیژیش خۆی بداتە بەردەستم ناوێرم بە هیچ جۆر و شێوەک توخنی قوونی بکەوم... (ئیدی قسەکەیم پێ بڕی و هەستیشمکرد لە بەرانبەر ئەو تێڕوانینانەی هەرچی بێژم هەر کوتانەوەی ئاسنی ساردە.. بێجگە لەوە درۆشی لەگەڵ خۆی دەکرد ئەگەر نا کەس تۆبزیی لێنەکردبوو و دەیتانی ئەو گانە نەکا کە ئەوها بە ڕەوشتەکی خراپی دەزانی!! لەبەرئەوە تەنێ بە کورتیی و بە شێوەکی گشتیی پێمگۆت):

- دەی گێی مەدێ.. تازە ئەوەی چووە ناگەڕێتەوە، لێ باش نییە ئەتوو هێندە توندوتیژ بی لەو بابەتە.. ئەو لۆ خۆی ئازادە.. باش یان خراپ ئەو خۆی بەرپرسە لە جەستە و لە ژیانی خۆی.. پێویست ناکا ئەتوو هێندە خۆت هەراسان بکەی و لەسەر ئەو تشتانە هەڵوێست لە بەرانبەری وەربگری.. خۆ ئەتوو بەرپرس نی لە ژیانی وی.. دوایێش ئەتوو بە قسەی خۆت ئەو هەڵسوکەوتانەت زۆر پێ خراپە.. ئێ خۆ ئەوە بە یەک کەس ئەنجامنادرێ.. ئەوە نییە ئەتووش تەنانەت ئەگەر یەک جاریش بی لەو هەڵسوکەوتەیدا بەشداربووی.. جا هەندەک هەن ناتانن وازبهینن.. هەندەکیش زوو وازدەهینن.. ئەتوو خۆت دەتانی ئەوها بی وەک ئەوەی هەی.. لێ باش نییە بتەوێ هەموو خەڵک بە تۆبزیی و لە ڕێی توندوتیژییەوە وەک توو بن یان وەک ئەوەیان لێبکەی کە خۆت دەتەوێ...

هەر بەدەو ئەو قسانە بەرەو ماڵێ داگەڕاین، وردە وردە پەیوەندیی ئەو برادەرانەم لەگەڵ کاکی بۆڕیچی هەندەک ئاسایی کردەوە و ئیدی ئەویش وەک جاران خۆی نەدەدا بەردەستی هەر کەسەک لێ بە دزییەوە زۆر پتری کردبوو، تا هاتمە ئەو شارەش هەر وەهابوو.. ئیدی نەمدیتەوە تا ئەویش هات و لێرە جێنشین بوو.. دیتم لێرەش هەر خەریکی هەمان بەزمی خۆی بوو..

ئەمن لەمێژ بوو تەنێ چاکوخۆشییەکی سەرپێیم لەگەڵ ئەو بۆڕیچیە مابوو.. لێ پاش ئەوەی بووە ئەندامی ڕێکخراوەکەمان و لەگەڵ خوچەخانێ - ئەو شۆڕە ژنە نازەنینەی کە کەس بە پاژنەی پێی ناگا لە جوانیی - هاوسەرگیریی کرد ئیدی ئەمن بێ ئەوەی بمەوێ ناچارمام پەیوەندییم لەگەڵی چاکتربکەمەوە؛ ئەوەبوو هێوارەکیان کە لە ماڵی خۆیان مێوانداریيان کردم؛ پاش ئەوەی نانمانخوارد و بەدەو چاخواردنەوەوە خەریکی قسەی خۆش و شۆخیککردن بووین لەپڕ لە دەرکەیان دا.. هاوڕێی بۆڕیچی یەک پێ بەرەو دەرکەکە چوو و وەدەرکەت.. پاش ماوەک کە لە دەرێ لەگەڵ کەسەک دەنگیان دەهات وەژۆرکەتەوە و رووی لە خوچەخانێ کرد:

**- ئەوە ئەو هاوڕێیەمە؛ ئەها ئەوێ ڕۆژێ لە بازێڕێ لە جلکفرۆشییەکە دیتمان.. چەند مانگەک پێش ئێستا هەندەک ئیشی بۆڕیبەستنم لۆی کردبوو.. ئێستا بۆڕییەکیان شکایە و هاتیە بچم لۆی چاک بکەمەوە ئەگەر نا ماڵەکەیان بە بن ئاوێ دەکەوی.. (ڕووی لۆ من وەرگێڕا و بە شەرمەکەوە گۆتی):**

**- هاوڕێ گیان.. زۆر داوای بووردنت لێدەکەم.. دەبینی کە زۆر پێویستە بە فریای بکەوم.. ماڵەکەیان زۆر نێزیکە.. ئەگەر دەرفەتم بدەی هێندەم پێناچی و زوو دەگەڕێمەوە؟ (چار نەبوو.. پاش ئەوەی سەری ئەرێم لۆ لەقاند و گۆتم: "جا کەس دەتانی ڕێ لە دەستی یارمەتیی بگری!" بە پەلە لۆی دەرچوو، پاشان خوچەخان بە بێزارییەکەوە گۆتی):**

**- کوڕە هاوڕێ.. دەستی یارمەتیی چی و تەڕەماشی چی! خۆ ئەوە هەر بەزمی ئەوشۆی نییە.. بڕوابکە لەوەتەی هاوسەرگیرییمان کردیە مەگەر کوو دەنا زۆربەی شەوان هەر بەو شێوە دەڕوا و تا درەنگانی شەوێ نایێتەوە.. کە دێتەوەش لە سەرخۆشییان ناتانی خۆی لەسەر قوونان ڕابگری و خپ لێی دەخەوی.. ئیدی بەشی منی بەدبەختیش هەر ئەوەیە بە دیاریەوە هەڵدەتروشکێم و بە درێژایی شەو هەر خەفەتی پێوەدەخۆم و خەو ناچتە چاوانم.. (چڕوچاوی هەندەک سۆر هەڵگەڕابوو و هەستمدەکرد چاوە جوانەکانی - کە دەتگۆت دوو پشکۆی گەشن و خەریکن گڕدەگرن - پڕ فرمێسک ببوون) ئاخر ئەتووش لە برای خۆم لەپێشتری.. بڕوابکە سیقودیق دەکەم تا جاروبارەک دەتانی بە تەواویی کاری نێوجێ ئەنجامبدا.. ئێ خۆ ئەمن هاوسەرگیرییم لۆ ئەوە نەکرد ئەوها بە ڕەبەنیی بە دیاریەوە دابنیشم.. زۆر جار هێندە تووڕە دەبم هەر لەبەرخۆمەوە هەموو کولوکۆی دڵی خۆم بە هاوڕێ ئامۆزا دادەڕێژم و تێر تێر جوونبارانی دەکەم.. هەرچەندە بڕواناکەم لە سەرتارسەی ئەو جیهانە هیچ کەسەکی زیرەکتر و مرۆڤپەروەرتر لەو هەبی لێ نازانم لەبەرچی گیرۆدەی ئەو پیاوە دڵ مردییەی کردم!؟ لە ڕاستییدا باشترە لە کن برای خۆم پەردەی شەرم دابدڕێنم و بێژم لەبەرچی گیرۆدەی ئەو پیاوە کیر مردییەی کردم!؟**

**هەستمکرد لە شەرمان ئارەقە لە نێوچاوانی دەتکێتەوە و بێدەنگییەکەی منیش پتر بە شەرمی دادەبرد و پتر ئارەقەی پێ هەڵدەڕێژت.. لەبەرئەوە هەندەک قسەی خۆشم لۆ کرد و وردە وردە هێورم کردەوە تا گەڕاندمەوە سەر باری ئاسایی خۆی، قسەک لە من قسەک لەو کاتەکی دووردرێژمان بەو بابەتانە تێپەڕاند کەچی هاوڕێی بۆڕیچی هەر دیار نەبوو بێتەوە.. ئیدی هەر قسە قسەی ڕاکێشا تا ناچارمام سەربردەی ئەو هاوسەرە جوانەی بە تەواویی لۆ بگێڕمەوە و بە کورتییەکەی لەدەستیبێنێم کە پیاوەکی دوودەگییە و تا نهۆش هەر وازینەهێنایە و تازەش زۆر ئەستەمە بتانی چاک ببی.. کەچی دیتم قسەکانی منی بە شێوەکی زۆر ئاسایی وەرگرت و لەسەرەخۆ گۆتی:**

**- ئەرێ هاوڕێ.. زۆر باش ئەوانە دەزانم.. هەروا ئەوەش دەزانم کە ڕەنگە بەڕێزت نەیزانی؛ ئەو بۆڕیچییە دەعبایە نەک هەر دوودەگییە بەڵکە سێدەگییشە! زۆر جار کە درەنگانی شەوێ بە سەرخۆشیی دێتەوە و دەیپشکنم دەبینم هەموو لاملان و سینگوبەرۆکی بە تۆی پیاوانە و بە ئاشکرایی ئەوەی پێوەدیارە کە لۆشیان دەمژی!! لێ ئەمن شەرم دەکەم لە بەرانبەر هاوڕێ ئامۆزا ئەوها لە بنی کودیلەی بدەم.. ئاخر هەر دوونێ پێرێ بوو - پاش ئەوەی زانیم نایەوێ هاوسەرگیریی بکا - هەر لەسەر پێشنیاری وی بڕیاری هاوسەرگیرییم لەگەڵ ئەو سێدەگییە دا.. هەرچەندە بە شێوەکی ناڕاستەوخۆ تێمگەیاندیە کە گرفتم لەگەڵی هەیە و**

سەرەنجام هاوسەرگیرییەکەمان هەر بە بنبەست دەگا.. کەچی ئەو هەموو تشتەک بە ڕێکخراوەکەمانەوە پەیوەست دەکا و پێیوەیە ئەمنیش هەر وەک وی دەتانم کێشەی تایبەتیی خۆم وەلابنێم و هەموو تشتەک لە پێناو ڕێکخراوەکەمان دابنێم! هەر لەو ڕۆژانەش گۆتی 'ئەگەر وازیلێبهینی ئەوە ڕەنگە لێمان دووربکەوتەوە و زیانەکی زۆر بە ڕێکخراوەکەمان بگا.. بە رای من ئەگەر خۆت لەگەڵی ماندیی بکەی دەتانی گۆڕانکاریی لەسەر چێبکەی و درێژە بە هاوسەرییەکەتان بدەن.. ئەوەش چ لۆ خۆت و چ لۆ ڕێکخراوەکەمان زۆر چێترە.. ئەگەر ئەوەش سوودی نەبوو و سەرەنجام نەتتانی لەگەڵی بحەوێیەوە ئەوە زۆر باشترە بتانی کارەکی وەها بکەی کە وردە وردە دەستی لێ بکێشیەوە تا لێت بێزار دەبی و خۆی ناچاردەبی داوای جودابوونەوەت لێبکا.. بەوەش کاردانەوەی نەرێنیی لەسەر ڕێکخراوەکەمان چێناکا'!! جا ئەگەر ئەمن... (درەنگانی شەوێ لەپڕ دیتمان هاوڕێی بۆڕیچی وەژۆرکەتەوە.. لێ هێندە سەرخۆش بوو خۆی لۆ ڕانەدەگیرا.. بێ ئەوەی هیچ چاکوخۆشییەکمان لەگەڵ بکا ویستی بێ لە تەنیشت من دابنیشی کەچی پێش ئەوەی بگاتە کنم وەلاداهات و دەواودەو بەربۆوە سەر مێزەکەی پێشمان.. ئەمنیش هەر بە پەلە باوەشەکم تێوەرهینا و بە یارمەتیی خوچەخانێ لە مێزەکەمان دوورخستەوە و لەسەر زەوییەکە لەسەر پشت درێژمان کرد.. باش بوو نە هیچ جێەکی شکابوو نە برینداریش ببوو.. کە هەندەک ئاوم بەسەر دەمووچاوی داپڕژاند وەخۆهاتەوە.. لێ سەرخۆشییەکەی هێندە کاری تێکردبوو نەیدەتانی لە جێی خۆی بجوولێتەوە.. پاش دەمەک وەک ئەوەی بەدەو خەوەوە قسان بکا چەند وشەکی بە پچڕپچڕیی دەربڕی لێ ئەمن هیچی لێتێنگەیشتم.. دیاربوو خوچەخان ئەزموونی لەو بابەتەی لەگەڵی هەبوو و گۆتی: "هاوڕێ ئەوە مەبەستی ئەوەیە کە خەوی دێ و دەیەوێ بچی بنووی.. تکایە یارمەتییم بدە با بیبەینە ئەو ژۆرەی سەرێ" ئیدی بە هەردووکمان قیتمانکردەوە لێ ئەگەر بن پیلیمان نەگرتبا بەردەبۆوە.. بە هەر جۆرەک هەبوو گەیاندمانە ژۆری نوستنەکەیان لە سەرێ.. هەر کە لەسەر جێوبالنگانەکەیان درێژمانکرد یەکسەر خەویلێکەت و دەستی بە پرخەپرخ کرد، کە هاتینەوە خوارێ و دانیشتینەوە پاش ماوەک لە بێدەنگییەکی پڕ لە ئازار کە دەتگۆت لە پرسەی کەسەک دانیشتینە سەرنجەکم داێ دیتم چاوانی زەنگوڵ زەنگوڵ ئەسرینان دادەبارێنن! - ئەو چاوانەی ئەگەر بە خێرایی نیگات لەسەریان نەگۆزیەوە ئەوە هیچ گومانی تێدانییە یان لە هۆش خۆت دەبەن یان دەبی لەسەر لەپ کڕنووشیان لۆ ببەی - زۆر بەزەییم پێیدا هاتەوە.. بە هەر جۆرەک هەبوو گۆمی بێدەنگییەکەم شلەقاند و بە هەندەک قسە و باسی لابەلا بابەتەکەم هەندەک لەبیربردەوە لێ هێشتا هەر غەمبار و پەشێو دەهاتە بەرچاوان.. پاشان ئەوەم بە مەژییدا هات کە ڕەنگە مانەوەی من پتر برینانی بکولێننەوە.. خەریکبووم لەدوو بیانووەکی باش دەگەڕام تا بێژم کە دەمەوێ بڕۆم.. لەپڕ هەستا و چوو لە ناندینەکە سەبەتەک ترێی ڕەشی هینا و لە پێش منی دانا.. پاش ئەوەی لە جێی خۆی روونیشتەوە گۆتی: "دەزانم حەزت لە ترێی ڕەشە.. دە فەرموو".. ئەمنیش هاوکاتی ئەوەی گۆتم: "زۆر سوپاس.. دە فەرموو ئەتووش لەگەڵم بخۆ" دەستم لۆ سەبەتەکە برد تا لێی نێزیک بکەمەوە و ئەویش دەستی بگاتێ.. بە پەلە هەستاوە و هاوکاتی ئەوەی گۆتی: "نا نا ببوورە ئەمن دێمە پێشێ" هات لە تەنیشتی لای چەپم روونیشت و لاشانی بە لاشانم وەنووساند! بەدەو ترێ خواردنەوە دەستی بە قسان کرد و بە هەمان بابەتی پێشترێ تێهەڵچۆوە:

- ئیدی هەر ئەوەیە هاوڕێ گیان.. ئەوە بەزمی هەر شەوەی منە.. ئاخر ئەوە ئەگەر بەدبەختیی خۆم نەبی دەبی چ بی؛ ئەتوو وەرە بڕۆنێ هاوڕێ؛ ئەو هەموو ساڵە بە بێ هاوسەر بگوزەرێنی و پاشانیش گڕ گڕ ئەو

هەموو ڕێیە ببڕی و بگەیە ئێرە.. لێرەش ئاوها بە هاسانیی تووشی ئەو دەردەسەرییە ببی! خەفەتە گەورەکە ئەوەیە ئێستا هەموو هاوڕێ و ناسیارانم وەدەزانن پارووم کەتیتە ڕوونێ.. کەچی وەک دەیبینی ئەوە بارودۆخەکەمە و شەوانە وەدیار ئەو دەعبایە سەیرەوە - کە تەنێ لە شێوە بە پیاوان دەچی - بە هەناسەساردیی ڕۆژ دەکەمەوە؛ زۆربەی شەوان کە ئەوها بە سەرخۆشیی دێتەوە ئیدی لێی دەنووی و تا چێشتەنگاوەکی زۆر درەنگ یان زۆر جار تا نیوڕانان و پاش نیوڕانانیش بێدار نابیتەوە.. بڕوا بکە ئێستا بچی یەک داریشی تێببڕی هایی لێنابی...

خۆ ئەگەر لە باتی ئەو قسانەی کە ئاوری لە هەناوان بەردەدا هەندەک قسەی ئاسایی کردبان ئەوە هەر زوو تەوژمی تەزووی لاشانی لە مەژییمی دەدا و سەرتاپای جەستەمی دادەیساند.. پاش دەمەک لە بێدەنگیی کە نەمدەزانی بە کێندەرمان دەگەینی دیتم چوو دوو چای هینا و لەگەڵ ڕوونشتنەوەی ئەو جارە لاڕانیشی بە لاڕانم وەنووساند.. هەر بەوە ڕانەوەستا؛ دیتم بەدەو چاخواردنەوەوە لە بنی چاوانیەوە وەبەر پرووشە نازانم دەدا! سەرەنجام کار گەیشتە ئەوەی چاوانی بێ تروکان کە هەر مەستییان لێدەچۆڕاوە لە دوڕ چاوانم گیرکرد و وردە وردە خۆی لارکردەوە تا ڕوومەتی گەیاندە سەر شانم و هاوکاتیش دەستی ڕاستی کە هەر دەتگۆت گوڕیە ئاورەکەو پووشوپەلاشانی پێ دادەیسێنی بە نەرمیی خستە سەر سینگم و بە ناز و میهرەبانییەکەوە گۆتی:

- جا هاوڕێ گیان.. تکایە ئەتووش وەک هاوڕێ ئامۆزا مەکە! کاری ڕامیاریی و ڕێکخستن هەموو تشتەک نییە.. واتە کۆشانی بێ کۆش هیچ واتایەکی نابی! زۆر باشترە پێش ئەوەی خەڵک ڕێکخراو بکەین خۆمان ڕێکبخەین.. ئاخر ڕێکخستنی بێ تێکخستن بە کەلکی چ دێ!؟ خۆ ئەگەر سوودەکی کاتییشی هەبی ئەوە سەرەنجام هەر پەژێوانیی وەدوودا دێ بە تایبەتییش لەو سەردەمەی ئێستا کە سەرەنجام نەوەی فەیسبووک و نەوەی تشتی بێزەوەرتریش لە فەیسبووک کە لە پێشەڕۆژدا پەیدادەبن پەیکەرەکان تێکدەشکێنن و میز بە گۆڕەکانیشمان دادەکەن! ئێ ئەمن ئێستا - نەک کاتەکی دیکە - شەیدا و سەرمەستی جوامێریی و بەخشندەیی پیاوانم و خەریکە بێ پیاویی لەبەریەکم هەڵدەوشێنتەوە و شێتم دەکا.. تکایە با قیچەک لە نێو باوەشی مێرخاسیی و پیاوەتیی توودا گڕ و هالاوی دەروونی خۆم دابمرکێنمەوە تەنانەت ئەگەر لۆ یەک جاریش بی با پڕ بە دڵی خۆم ئۆخەک بکەم...

هەرچەندە ئەمن پێشترێ بە هیچ جۆر و شێوەک نەمدەزانی 'شێتیی' چیە و کووکوویییە.. لێ لەو کاتدا بە خودی ئەو دوو چاوانەی خۆم زۆر بە ڕۆنیی شێتبوونی خۆم دیت! ئەدی شێتبوون هەر ئەوە نییە بە پێچەوانەی ئەوەی مەژییت جەستەت لێبخوڕی جەستەت مەژییت لێبخوڕی؟! ئێستاش ئەگەر ڕۆژەک لە ڕۆژان دیسان شێتبوومەوە ئەوە هەر سەرەنجامی ئەوەیە کە لەو دەم بەسەرمهات، هەڵبەتە ئەو قسانە لۆ بەردیش بکرابان هەر وەک منی بەسەردەهات و هیچی بەسەر هیچەوە نەدەما! ئیدی تەواو لەبەریەک هەڵوەشابوومەوە و نەمدەزانی چ دەکەم و لە کێندەرم! تا دەهات تەوژم و برووسکەی دەستە ناسک و نەرمونیانەکەی لەسەر سینگم و وەبەرکەتنی ڕوومەتە خڕ و گەرمەکەی کە دەتگۆت پۆلیە ئاورەکەو بە شانم وەنووسایە پتر و پتر گەمارۆیان دەدام.. سەرەنجام هیچ دەرفەتەکی قوتاربوونمیان نەهێشتەوە و بێ هیچ بەرگرییکردنەک خۆم ڕادەستیکرد! نە شەرم و سلەمینەوەک نە ترس و نیگەرانییەک هیچ هیچم لە مەژییدا نەمابوو.. هاوسەرەکەشی هەر هیچ؛ مردنی خۆم وەبیرهاتباوە ئەوم وەبیرنەدەهاتەوە ئەوە لە کاتەکدا تەنێ یەک بنمیچمان نێوان بوو.. ئەو لە سەرێ خەونی حوشتری دەدیت و ئەمنیش لە خوارێ خەریکبوو لەگەڵ هاوسەرەکەی بەسەریەکدا دەتاواینەوە! بێ

ئەوەی هیچ نیاز و نەخشەکم هەبی هەر لەخۆوە شانم لە بن سەری ترازا و بە جۆرەک پشتەوشکێن بوومەوە سەری بە تەواویی کەتە سەر سینەم.. ئیدی دەستی چەپم خۆبەخۆ خزیە سەر پشتی و لە نێو شەپۆلی پرچە خاوە ئاوریشمییەکەی بە باسکەمەلان کەت... ئەگەر بڕوام بە هیچ دین و خودایەک هەبا یان هەر بڕوام بە سوندخواردن هەبا ئەوە سەت سوندم دەخوارد کە لەسەر سینگمڕا تا دەگاتە سەر لێوانم بە پانایی دوو پەنجان - ئەو هێڵەی کە لێوە ئاورینەکانی بەسەردا خشاندن - یەک پارچە سوتابوو ئەوە بێجگە لەوەی کاتەک لێوانی گەیشتنە سەر لێوانم بە چزەچزی خستن - تا یەک هەفتەش هەر قەتماغەیان بەرنەدا! -.. کاتەکم زانی هەردووکمان خزاینە سەر زەوییەکە و ئاوێتەی یەک بووین.. هێندە وەنێو یەکدا رۆچووبووین هەر دەتگۆت دەمانەوێ وەک ئەفراندنەکی تازە شێوە مرۆڤەکی نوو لە لێکدان و ئاوێتەکردنی دوو جەستەدا بئافرێنین! دیاربوو هێندە برسیی بوو هێندە برسیی بوو هیچ جێیەکی جەستەم نەما بەر قەپ و گەزانی نەدا و نەیگۆیینی.. رەنگە جێی بڕوا نەبی ئەگەر بێژم سبەینەکەی ناچارمام بچمە کن دکتۆر و بەو شێوە درۆیەکی گەورۆنەی لۆ بکەم 'لە راستییدا ئەوە دوونێ لە باخچەکی گشتییدا سەیەکی دڕ و گەورە خۆی لە دەستی خاوەنەکەی راپچکاند و هێرشی کردە سەرم.. دیاربوو خاوەنەکەی زۆر سەرخۆش بوو و نەیتانی بەرزەفتی بکا.. ئیدی سەیەکە وەبەر قەپ و چەپۆکانی دام تا ئەوها کەلوکرۆمی کردم!'، نا نامەوێ - ئەوەی راستیی بی هەر ناشتانم - باس لەو 'هەست و نەست و ورژان' و 'سۆز و خورپە و خرۆشان' و ئەو گشتە گرتە و دیمەنە جوان و دلفرێن و قەشەنگانە بکەم کە هەر هەموویان تازە و باڵکێش بوون لە کنە من یان باسی ئەو هەموو 'چێژوچەشە شیرینانە' و ئەو هەموو 'موچڕک و لەرز و راچڵەکینانە' و ئەو هەموو 'خۆشیی و شادیی و ئاسوودەییانە' بکەم کە پێشترێ هەرگیز بە هیچ جۆر و شێوەک و لە هیچ کات و جێیەک نەمدیتبوون و پێیان ئاشنا نەبووم... ئەوەش لەبەرئەوە نا کە دەرەقەتی زمان نایەم و وشە و گوزارشتم پێ نییە؛ نا توانام هەیە و پێمویە بایی خۆشم زمانەکی باش دەزانم و دەتانم هەر لە بە پێی خودی ئاستی پەروەردەبوونی سروشتییانەم لەسەر زمانی داکم بەپێزترین و جوانترین داڕشتنی لەسەر بنووسم بێ ئەوەی دەربەستی رێسا و رێزمانی هیشکوبرینگ و بیرکارییانەی زمانیی ببم کە هەرگیز لە گیان و وردەکارییە ناسک و جوانەکانی سروشتییانەی زمان تێنگا و هەروەک شیتەڵکاریی ئەنجامی هاوکێشە کیمیاییەکان بەرخورد لەگەڵ وشەسازیی و رستەسازیی و داڕشتن و نووسین بە گشتیی دەکا و هەرگیز ناتانی هەست و نەست و سۆزە شاراوەکانی مرۆڤەکان بە پێی پێویست دەربڕی.. هەروا لەبەرئەوەش نا وەک ئەوەی هەندەک هۆنەر و چیرۆکنووس کە خۆیان کۆڵەوارن لە وەکاربردنی زمان سووچەکە دەخەنە سەر زمانەکە کە گوایە شێوندرایە و لە رەسەنایەتی داچۆڕێندرایە و بەرپرسیارییەکەش لە خۆیان دووردەخەنەوە و دەیخەنە سەرشانی ئەوانەی پێش خۆیان و مێژووی زمانەکە و ئیدی لاوازیی توانای خۆیانی پێدەشێرنەوە.. بەڵکە لەبەرئەوەی کە هەر خودی زمان خۆی بە سروشتیی و ناسروشتییەکەیەوە ئەو توانایەی نییە گوزارشت لەو شتانە بکا کە ئەمن دیتمن و ژنەوتمن و بەر هەستەکانی دیکەم و سەراپای گیان و جەستم کەتن و بە هەڵەکەسەمایان خستبووم!

* * *

جا ئەوە کورتەی سەرهاتەکەمان بوو هاوڕێ ئامۆزا، ئێستاش دەمەوێ زۆر بە کورتیی سەرنج و گلەییەکانی خۆم لەسەر هەڵوێست و بەرخوردی توو لەگەڵ هاوڕێیە بۆربچییەکەمان و خوچەخانێ بخەمەڕوو:

هەڵبەتە ئەمن رکم لەو پیاوە نابیتەوە و هیچ کێشەکی کەسییشم لەگەڵی نییە.. لێ کە بە کەسەکی بێ کەلک و کەسایەتییەکی نەرێنیی دەبینم لەبەرئەوە نییە کە هاوڕەگەزخوازە یان هەر جۆرە خولیا و ئارەزووەکی سێکسیی هەیە بەڵکە لەبەرئەوەیە کە کەسەکی خۆپەرست و لەخۆڕازییە و بە پێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی درۆیانیش زۆر دەکا واتە هەر کونەبایەکە لەو گۆڕەی.. ئەوانەشم وردە وردە لە ماوەی ئەزموونی ژیانم لەگەڵی لۆ وەدەرکەتن، لێ ئەتوو بێ ئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆت دەربارەی هەبی و هەر تەنێ لەبەرئەوەی هەندەک زانیاریی هەیە و دەزانی دوو قسان بترشێنتە سەر یەکدی بە هاسانیی لە ڕێزی ڕێکخستن وەرتگرت و کردتە ئەندام و تەنانەت پاش ماوەکی زۆر کەم بووە بەرپرسی بەشەکی گرنگی ڕێکخستنیش! دیارە ئەوە رەخنەگرتنی ڕێکخراوەیی نییە لە کار و چالاکییەکانت چونکێ رەخنە و رەخنەکارییە ڕێکخراوەییەکان کات و ڕێڕەوی تایبەتی خۆیان هەیە.. ببوورە کە بابەتەکە خۆبەخۆ و بێ ویستی خۆم ناچارم دەکا قسەکانم ئەو شێوازە وەربگرن لێ هەر پێویست بوو وەک دڵسۆزییەکی خۆشم لۆ هاوڕێیەتیی نێوانمان بیانخەمەڕوو.. هەروا ئەو قسانەم ئەوەش ناگەیێنن کە هاوڕێی بۆرییچی یان کەسانەکی وەک وی مافی ئەوەیان نییە بێنە نێو ڕێکخراوەکەمان بەڵکە هەر کەسەک ئەو مافەی هەیە.. لێ کەسەک کە دێتە نێومان پێویستە بە تەواویی بناسرێ و کار و هەڵسوکەوتەکانی پێشان و ئێستای و ئامانجی لە هاتنەنێومان بزاندرێ تا لە نێو کاری ڕێکخراوەیی پێگەی شیاوی خۆی بدرێتێ و بتانی تێیدا بجوولێتەوە و تەکانبدا، هەڵبەتە ئەویش وەک هەر کەسەکی دیکە ئازادە و مافی خۆشیتی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی هەبی و هەر خۆشی لێی بەرپرسە.. لێ ژیان بە شێوەکی گشتیی کە سیستەمەکی نەرێنیی و نابەجێ بەڕێوەیدەبا بارودۆخەکی وەهای داسەپاندیە کە خەڵکانی وەک هاوڕێی بۆرپچی بە سووک تەمەشا بکرێن و بخرێنە پەراوێزی ژیانەوە.. هەرچەندە پێویستە ڕێکخراوەکەمان رێ لە پێش وی و کەسانی وەک وی خۆشبکا کە پێخۆری پارتیەکان و ئەو سیستەمەن تا بێنە نێومان و بە پێی بەرنامەکی تایبەت ڕێکبخرێن تا ئەوانیش بتانن بە پێی توانایەکانی خۆیان بەرانگژ ببنەوە و نەخشی خۆیان هەبی.. لێ بە داخەوە لە ڕێی ئەو خولیایە تایبەتانەیان بەو دەردەیان دەبەن کە دەیبینین.. سەرەنجام ئەگەر لە وەرگرتنیان لە ڕێزەکانمان زۆر وریا نەبین و لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیان رەچاوی ئەو سووکبوونەیان نەکەین ئەوە زیانەکی زۆر بە ڕێز و ناوبانگی ڕێکخراوەکەمان دەگەیێنن.. ئاخر کەسانی وەها تا یەک ئەندام بە ڕێکخستن پەیوەست دەکەن چەندین ئەندام وەها لێدەکەن شەرم لە خۆیان بکەنەوە و لێمان دووربکەونەوە.. تەنانەت ئەوانە کارتێکردنەکی زۆر خراپیان لەسەر لایەنگران و کەسانی دەرێی ڕێکخراوەکەشمان هەیە.. خەڵکی ئاسایی یان ئەوانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەندەک بەپارێزن هەرگیز رێ بە خۆیان نادەن و نایانەوێ بێنە ڕێزی ڕێکخراوەک کە دەبینن کەسانی وەک هاوڕێی بۆرپچی تێدایە بە تایبەتییش ئەگەر سەرپەرشتییکەر یان بەرپرس بن.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش بەڕێزت هەر لەو گۆڕەی خوچەخانت بەو کوڕەوە گرفتار کرد! نازانم.. ئەگەر وەبیرت بی جارەکیان سەرهاتەکی خۆت لۆ من خوێندەوە و پاشانیش داتە من و گۆتت ئەوەیان لە کنە خۆت بپارێزە.. ئەوەی خوارێ پارچەکی گچکەیە لەو سەرهاتەت و تایبەتە بە هاوسەرگیریی:

«پاش ئەوەی بە هۆی بەشدارییکردنم لە کاری رامیاریی و شۆڕشگێڕیی لەگەڵ یەکەم خۆشەویستم کە پلکزایە خوێنشیرینەکەم بوو شکستم خوارد لە هاوسەرگیریی.. تەنێ یەک ژن هەبووە تا ئێستا تا ئەو ئاستە سەرنجی منی ڕاکێشابی کە پڕ بە دڵ حەزبکەم هاوسەری من بی ئەویش 'نازدارحەیران' بووە، خۆشەویستییەکی لە

رادەبەدەر سەیر بوو هاوڕێ؛ بڕوابکە تەنێ بە دوو دیدار خۆی خزاندە نێو دڵم و تا ئەوپەڕی قوڵاییەکەی رانەوەستا... ئیدی کە دیتم جێی خۆی بە تەواویی خۆشکردیە و نیازیشی نییە هەرگیز دڵم بەجێبهێڵی.. هیچ چارەم نەما و بێ سێ و دوو بڕیاری هاوسەرگیریم دا لەگەڵی.. لێ لەبەرئەوەی هاوسەری هەبوو - هاوسەرەکەی لە سەردەمی نەوجەوانییم هاوپۆلم بوو لە خوێندنگە - هەر لە نێو دڵی خۆم ژوورەکی تایبەتم لۆ چێکرد و بێ ئەوەی هیچ کەسەک هەستپێبکا تەنانەت بێ ئەوەی خۆشی هایی لێبی هەر بە دزییەوە گوزتمەوە نێوی و هەر لەوێش لە خۆمم مارە کرد.. جا لەو کاتەوە تا ئێستا هەر کە جامی سۆز و ئەوینم سەرڕێژ دەبی جوانییەکانی نازدارحەیرانێ شەبەنگ و ڕۆشناییەکانی سەر تۆڕی چاوانم داگیردەکەن و سەمایەکی ناسک ناسک لەسەر ژێیە هەستیارەکانی ناخم دادەبەستن ئیدی بەرەو ژوورە تایبەتەکەی نێو دڵم شۆڕدەبمەوە.. هەر کە دەشگەمە جێژوانێ دەرییەکە خشت لەدوو خۆم دادەخەم و دەست بە دەستبازیی و رامووسانی خۆمان دەکەین.. هەر کاتەکیش کە ئەو ژوانە دەبەستین ئەگەر لە دەرێوە زۆر هەراسانمیان نەکردبی و دەرکەی دڵمیان رانەهەژاندبی هەرگیز ئەو توانایەم نەبووە و لە خۆم رانەدیتیە خۆم کۆتایی بە ژوانەکەمان بهێنم...».

هیچ تێیناگەم و هیچیشی لێ نازانم! ئاخر باشە ژنەک - واتە خوچەخانی ئێستا - ئەوها بەو شێوە دڵتی داگیرکردبی و پاشانیش هەر خۆی و بە پێی خۆی بێتە بەردەستت.. ئەتوو بە چ شێوەک و کووکوویی تانیت ئەوها پێ لە جەرگی خۆت بنێی و دەست بە ڕوویەوە بنێی؟! هەڵبەتە هەرکووەک هەیە هەندەک بیانووی خۆت هەر هەیە کە هاوسەرگیرییت لەگەڵی نەکرد و ڕەنگە دەرفەتی ئەوەشی تێداهەبی کە بێژین بیانووی بەجێن یان نابەجێن.. لێ ئەوەیان هیچ گومانی تێدانییە تا ئەوپەڕی بێ واتایی نابەجێ بوو کە ئەوها تووشت بە تووشی ئەو پیاوە کرد کە بە هیچ جۆر و شێوەک لە یەک ناوەشێنەوە و هێندەی ئاسمان و ڕێسمان لە یەک دوورن!



سەرتاپای هزر و جەستەم بە تەواویی داهێزرابوون.. پێش بیستنی ئەو سەرهاتە هەرگیز پێشبینیی ئەوەم نەدەکرد کلاوقوت و خوچەخان هیچ پەیوەندییەکیان هەبی.. دەی گریمان دەکرێ هەندەک جار کاری ناکردەنیی بە دەگمەن رووبدا.. ئێ باشە کێژان ئەوها زوو پەیوەندییەکەیان گەیشتە رادەی تێکخستن؟! نازانم! کە لە خوێندنەوەی سەرهاتەکەیان بوومەوە ماوەکی چاک هێدمگرتیی ببووم.. ئێش و ئازارەکی هێندە بە سفتوسۆی پێ چەشتم کە ئێش و ئازاری پێوەدانی مار و دووپشک هیچ نەبن لە چاویدا.. ئێ پێوەدانی مار یان دووپشک ئەوپەڕەکەی چەند کاتژمێرەک ئازاری هەیە یان ئەوەتە دەتکوژێ و لۆ خۆت بە ئێکجاریی رزگاردەبی! دەی تازە ناچارم و هەر خۆشم فیچەک حەزدەکەم هەندەک باسی پێوەدانی مار و دووپشکیش بکەم؛ ئەو کاتەی چەکی شۆڕشگێڕییم لە شان کرد زۆر جار دەیانگۆت ئازاری پێوەدانی دووپشک زۆر بە سفتوسۆیە بە تایبەتییش دووپشکی ڕەنگ بۆری گەرمەسێرێ ئەگەر پارێزییت لێبستینی و بە تەواویی پێتوەبدا ئەوە یان وەخۆدادەکەی یان دەتکوژێ! لێ ئەمن دووپشک نەمابوو پێموەنەدا؛ ئێ ڕەش و بۆر و زەردباو... ئێ هیشکایی و دەوئاوان.. ئێ کوێستانان و ئارانان... هەر جۆر و شێوەکیان هەبوون خۆیان پێ تاقیکردبوومەوە.. کەچی نە وەخۆمداکرد و نە مردیشم تەنانەت وەیلێهاتبوو هێندە ئازاریشم پێی نەدەچێشت.. هەستمدەکرد ڕەنگە ئێ ئەوە بی کە ئەمن

له سەرەتادا چەند جارەک بەچکە دووپشکی گچکە گچکە پێیانوەدابووم و 'بەرگریی'م له بەرانبەر ژارەکەیان پەیداکردبی! لێ جارەکیان کە تازه لە چالاکییەکی عەسکەریی لە رێیەکی دوور گەڕابووینەوە و زۆر ماندیی بووم.. خەریکبوو پێ و بەلەکانم دەتەقین.. هەر بە پەلەپەل جێیەکم له پەنا دیوارەک پەیداکرد و پێڵاو و بەلەکپێچ و گۆرییەکانم داکەندن و لێی راکشام.. هێندە ماندیی و شەکەت بووم تۆپیشیان بتەقاندبا بێدار نەدەبوومەوە.. ئیدی دووپشکەک دەرفەتی خۆی وەرگرتبوو و له دەلینگی شەرواڵەکەم خۆی خزاندبووە نێو لەشم و گەیشتبووە سەرەوەی چۆکیشم هێشتا هەر هەستم پێی نەکردبوو.. هەڵبەتە دووپشک بە تشەک وەنادا ئەگەر هیچ جوولەکەت لە بەرانبەری نەبی لێ دیارە لەو دەم لە خەوەکەم جوولایمەوە گوشارەکم خستیتە سەری.. کاتەک کە لەگەڵ ئازاری لاڕانەکەم واگاهاتم و زانیم ئەوە دووپشکە چوزەی خۆی لە نەرمایی رانم وەشاندیە هێندە پەشۆکام خەریکبوو یەک بە قوڕگی خۆم لە هاواران بدەم.. وەبیرمنایێ لە هیچ شەڕەکی دەستەویەخەش هێندەی ئەو کاتە ترسابم.. لە تاو ئازاری رانم و ختووکەی ئەوەی کە زیندەوەرەکی ئەوها لە نێو لەشت دەجوولێتەوە یەکپێ قیتبوومەوە و بە هەموو هێزی خۆم هەڵدەبەزیم و دادەبەزیم.. هەر دەتگۆت لە سەمای سروودەکی شۆڕشگێڕانەدا هەڵبەز و دابەزم دەکرد.. تا لە خۆم داتەکاند و لە دەلینگم بەربۆوە دوو جاری دیکەی پێوەدام.. ئیدی پڵاوەکانم بەسەر پێیانم وەکرد و پێیەکم خستە سەر پشتی و پانمکردەوە.. بە کورتییەکەی ئێش و ئازارەکی هێندە بە سفتوسۆی هەبوو ئاسمانی بە پەمبەیی پێشاندام! هەرکووەک هەبوو ئەوە دووپشک بوو و پێی راهاتبووم و بە لایەنی کەم وەک خۆم ترسی مەرگم لێی نەمابوو.. لێ گرفتە گەورەکەی من مار بوو بە تایبەتییش ماری کۆرەوەیباب.. هەرچەندە هەرگیز مار پێیوەنەدابووم لێ زۆر زۆر لێیان دەترسام و هەر بە تەواویی زێرکم لێیان چووبوو و زۆر زۆر خۆم لێیان دەپاراست.. ئاخر مار زۆر کەسی لەو گوند و شاخانە کوشتبوو.. باش بوو خۆم بە شێوەی راستەوخۆ رێکەتی ئەوەم نەکردبوو کە هاوڕێیەک یان کەسەک ببینم بە پێوەدانی مار گیان لەدەستبدا.. لێ چەند جارەک ئەو بارە تراژیدیی و پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەم بە چاوانی خۆم دیتبوو کاتەک کە کەسەک مار پێیوەدەدا کووکوویی بەرانگژی مەرگ دەبۆوە.. کووکوویی لە نێوان مان و نەماندا رەنگی هەڵدەبزوڕکا و جەستەی هەڵدەلەرزی و ئەو جیهانە پان و بەرینەی لێ وێکدەهاتەوە!

ئیدی ئەوە زۆر بە کورتیی سەربردەی من بوو لەگەڵ مار و دووپشک.. هەر کە لەو شاخ و دەشت و هەردانەش قوتاربووم و گەیشتمەوە شار هەناسەکی دووردرێژ و پڕ بە سییەکانم هەڵکێشا و لە هندوڕی خۆمدا گۆتم 'ئۆخەی.. خۆ لەبەردەستی ئەو هەموو مار و دووپشکە رزگاربووم'! لێ ئەمن چ بزانم لە پاش ئەو هەموو ساڵە و لە پاش بڕینی ئەو هەموو وڵاتانە و لە جێیەکی سارد و سەرمای ئەوهالە کە هیچ جۆرە زیندوزارەکی لەو بابەتانە ناتانن لێی بژین.. نەک دووپشک بەڵکە مار پێموەدەدا!!! مار چ مار؟ مارەکی دوو پێ! نا نا.. بڕواناکەم هەرگیز پێوەدانی ماری راستیی هێندەی یەک لە سەتی پێوەدانی ئەو مارە بە سفتوسۆ و ئازاربەخش بی! لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوە بوو ئەو مارە دوو پێیە نێزیکترین هاوڕێ و هاوخەباتم بوو! ئەرێ.. هەرگیز نەمدەزانی سەرهاتەکی لەو جۆرە ئەوها شپرزە و شەپرێوم دەکا.. ئەوها وێکمدەهینیتەوە و لوولم دەدا.. هەزار خۆزییم دەخواست بریا سەت مار و دووپشک پێیانوەدابام نەک ئەو سەرهاتە نەفرینەم بژنەویبا کە ژنەوتم!

کات بە خێرایی گوللە دەبیرپیم! بەشی زۆری ژیانی خۆم لە دژایەتیکردنی پارتی و پارتیایەتی و پووچکردنەوەی هەڵبژاردنەکان و ریسواکردنی دەسەڵاتی گەندەڵ تەرخانکردبوو؛ کەم رۆژ هەبوو لە کۆڕ و

کۆبوونەوەی جەماوەریی یان خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی دیکە بەشدار نەبم.. ئەوە بێجگە لە کۆبوونەوە رێکخراوییەکانمان و چەندین دانیشتن و وردە کۆبوونەوەی نێو نووسینگەکەمان.. هەروا خەریکبوونیشم بە پەیوەندییە کەسییەکانم لەگەڵ هاورێیە نێزیکەکانم کاتەکی ئێکجار زۆرمیان دەبرد.. سەرەرای ئەوانە کاتەکی باشیشم بەو پەیوەندییانە بەسەردەبرد کە لەگەڵ هاورێیانی رێکخستنەکانی نێوخۆی وڵات هەمبوون، ئەوە راستە زۆر ماندیی و شەکەت دەبووم لێ کە دەمدیت کاروبارەکانمان باش دەچنە پێشێ و دەستە دەستە خەڵک پێمان پەیوەست دەبن و ئەوانەی ناشتانن بێنە رێزەکانمان زۆربەیان لە ژێر کارتێکردنی جوولە و کۆششەکانمان خۆیان بە دۆست و لایەنگرمان دەزانن و لە هەموو چالاکییە جەماوەرییەکانمان بە گەرموگورییەوە پشتگیریمان دەکەن.. ئیدی زۆر بەوە شادمان بووم و بە هیچ جۆرەک ماندیبوونم نەدەناسی لەگەڵ ئەوەی هەمیشە هەر خۆی پێدەناساندم لێ هەر دەمودەست وەک ئەوەی نەخۆشیی لەبیرچوونەوەم گرتبی لەبیرمدەچۆوە.. هەر جارەکی کە دەمدیتەوە وەمدەزانی ئەوە یەکەم جارمە دەیبینم.. بە کورتییەکەی نەک هەر لە فەرهەنگی مندا نەمابوو بەڵکە لە وشەدانی مەژییشم پاشماوەکی نەمابوو!

تاقە تشتەک سەبارەت بە تێکۆشانەکانمان زۆر نیگەران و دڵگرانی دەکردم ئەوە بوو بە پێی ئەو نەخشەی کە دژ بە گەندەڵیی سێکسیی نێوخۆمان دامانرێژتبوو گۆرانکارییەکی ئەتۆمان پێ ئەنجامنەدرابوو چونکێ تا دەهات رێکخراوەکەمان بە خێرایی فراوان و فراوانتر دەبۆوە و وێرانەدەگەیشتین و نەماندەتانی هێندە بە هاسانیی بەسەر ئەو گەندەڵییە زاڵ ببین.. دیارە ئەوەش بە پلەی سەرەکیی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کرۆکی رێکخراوەکەمان پتر لەو خەڵکانە پێکهاتبوو کە بە بەراورد بە خەڵکە گشتییەکەی کۆمەڵ سەربەستتر بوون.. لە تێکرای کایەکانی ژیان و گوزەرانی خۆیان بە تایبەتییش لە کایەی خۆشەویستیی و هەڵسوکەوتی سێکسیی ئازادانەتر رەوتاریان دەکرد.. ئەو هاورێیانەی لە هەمووان دیارتر بوون و بەرپرسیاریی گرنگیان کەتبووە ئەستۆ - بە خۆشمەوە - لە هەمووان خراوتر بووین لەو بارەوە؛ هەر بابابوو وەدوو حەز و ئارەزووەکانی خۆیەوە غاریدەدا!

هاورێ خوچەخان لە هەمووان خۆراگرتر و خۆنەویستتر دەهاتە بەرچاوان! زۆر زۆرم خۆشدەویست.. ئاخر لە پاش کیژە پلکە خوێنشیرینەکەم تاقە ژن بوو لە ژیانی مندا حەزبکەم هاوسەرگیریی لەگەڵ بکەم.. هەر لەگەڵ ناسینی وەک پەروانە بەسەریدا نیشتمەوە.. هەرچەندە لەوان دەمان لەگەڵ 'باش باغەوان'ی هاوسەری یەکەمی دەژیا و بە هیچ شێوەک نەدەکرا و نەدەشیا لە پێناو گەیشتن بە ئاواتی دڵی خۆم کارەکی وەها بکەم لێیان تێکبدەم.. کەچی هەر نەشمدەتانی دەستبەرداری ببم.. لەبەرهەندێ هەر بە دزیی و بێ ئەوەی خۆشی هەستپێبکا لە نێو دڵی خۆم ژۆرەکم لۆ چێکردبوو و هەر لەوێش لە خۆمم مارە کرد و تا ئێستاکەشی لەگەڵ دابی هەر لەو ژۆرەدا هاوسەرمە.. ئیدی هەرگیز بروانناکەم رۆژەک لە رۆژان بتانم دەستی لێبەربدەم!

تشتە زۆر عەنتیکە و بالکێشەکە ئەوە بوو پاش ساڵانەکی زۆر لە گیانبەخشینی باش باغەوانی هاوسەری زۆر بە هاسانیی و بە پێی خۆی هاتە بەردەستانم و زۆر بە زەقییش هەستم بەوە کرد بەوپەری حەزەوە دەیەوێ لۆ دوا جار و لۆ تاتایێ لە نێو باوەشی مندا ئۆقرە بگری.. کەچی نازانم ئەمن سەرم لێشێوابوو یان هەر هۆشی خۆم لەدەستدابوو چووم ئەوها ئەو هاورێیە بۆرپچییەم بە ملی دابرێ و بە دەستی خۆم ماڵی خۆم و ئی ئەویشم پێکەوە وێرانکردن!!! هاوسەریش چ هاوسەر.. ئاخر ژنەکی ئەوها هەر کە دەجوولێتەوە تێکرای جەستەی هەر سۆز و نەرمونیانیی و سێکسی لێدەباری کوو دەتانی لەگەڵ پیاوەکی ئەوها بحەوێتەوە کە وەک دەبێژن 'تا

جارەک کیر و گونی بە خورشت دەکەوی دە جاران قوونی بە خورشت دەکەوی'.. ئیدی بێ ویژدانییەکی زۆر گەورۆنەیە ئەگەر ئەمن ئەو مافە بە خوچەخانێ نەدەم کە ئەو بەزمەی لەگەڵ کڵاوقوتێ کرد.. لە راستییدا جێی خۆیتی سەتان جار دەستخۆشیی لێبکەم ئەگەر هەمان بەزم لەگەڵ کەسانی دیکەش دووبارە و چەندبارە بکاتەوە..

چەندی دەمهینا و دەمبرد سەرم لێیدەرنەدەکرد.. باشە کە ئەمن هێندە پێی سەرسام بووم و تا هەنووکەش هەر لە نێو ژۆری دڵی خۆم بە دزیی راموسانی لەگەڵ دەکەم لەبەرچی ئەو هەموو پارێزییەی لێدەکەم و ناوێرم خۆ لە قەرەی بدەم!؟ دەک داوەشێی زەلام! ئاخر نازانم کەنگێ ئەوە راستە گلەییم لە هاورێ کڵاوقوتێ هەبی.. کڵاوقوتەک نەتانی لەسەر کوریکەسۆرێ پازبدا کە لەگەڵە من دەژێ کوو بتانی خۆ لە خوچەخانێ لابدا!؟ ئەو خوچەخانێیەی کە تەڕوبڕیی و جوانییەکانی هێندە سەرنجڕاکێشن هەر پیاوەک تەنێ یەک جار بیبینی ئەوە هیچ گومانەکی تێدانییە شەوێ دێتەوە خەونی مەگەر هەر هیچ پیاوەتییەک لە لەشیدا نەبی! هێندە بە سۆز و بە هەستیارییەوە لەو بیرکردنەوانە ڕۆچووبووم تا سەرەنجام بڕیامدا بچم بە ئامادەیی خوچەخانێ داوای بووردن لە کڵاوقوتێ بکەم و لە پێش هەردووکیشیان دان بەوەدا بنێم هەرگیز ئەو هاورێیە بۆڕیچییەمان ئی ئەوە نەبوو ئەو هەموو بایەخ و گرنگییەی پێبدەم کە سەرەنجام نەک هەر تەنێ خوچەخان بەڵکە کڵاوقوت و تەنانەت خۆم و رێکخراوەکەشمان لە زیان پتر بترازێ هیچمان لێی نەچنیەوە. هەر سبەینەکەی بە ئامادەیی هەردووکیان بڕیارەکەم رێک وەک خۆی جێبەجێکرد.. ئیدی خوچەخان داشی سوار بوو و هەر دەمودەست داوای لێکردم پارمەتیی بدەم تا بە زووترین کات لە هاورێی بۆڕیچی جودابێتەوە.. هەرکووەک هەبوو سەرەڕای ئەو گشتە سەرقاڵییەم ئەوەشی هاتەسەرێ کە وەدوو بینەوبەردەی لێکجودابوونەوەکەیاندا بکەوم.. هەڵبەتە ئەوە کارەکی ئێکجار سەخت بوو لۆ من چون کاتەکی زۆری لێدەکوشتم.. لێ لەگەڵ ئەوەش خۆشییەکی زۆرم لێدەدیت کە لەگەڵی دەردەچووم؛ رێک دەتگۆت کارمامزەکی سرکە و چەپۆک و هەنگاوان داوێ و ئەمنیش وردە وردە لە دوویدا جوانییەکانیم لێدەچنیەوە.. بێ گومان ئەوەش چێژوچەشەکی هێندە خۆشیان پێدەبەخشیم قەرەبووی تەواوی کات کوشتنەکانمی دەکردەوە!

پاش ئەوەی یەکەم دادگەییکردنیان لەسەر جودابوونەوەکەیان تەواوبوو و لە هۆڵی دادگەکە هاتینەدەرێ و هاورێی بۆڕیچی بە پەلە ئەوێی بەجێهێشت.. خوچەخان لەسەرەخۆ و بە شێوەکی زۆر بەرجەستە و دەنگ تێر گۆتی: "ئاخر لەبەرچی ئەوها گرفتارت کردم هاورێ!؟ ئاخر پیاو قاتیی ببوو لەو وڵاتە مەزنە ئەوها گڕگڕ گڕگڕ ئەمنت تووشی ئەو پیاوە دوودەگییە ناسک و نازدارە کرد!!؟" (کە گەیشتینە ترومبێلەکەم ئەمن دەمویست بە پەلە سواربین و زوو بیگەینم تا دەرفەتی قسەکردنی کەمتر بی و هێندە بە دەست ئەو گلەییانەی نەتلێمەوە.. بە درێژایی رێیەکە ئەمن هیچ قسەکم نەکرد.. هەر ئەو درێژەی بە قسەکانی دا و لە کۆتاییشدا گۆتی):

- دەمەوێ بە راشکاویی ئەوەش بێژم کە سەرەڕای ئەو گلەییانەشم لێت.. ئەمن بە درێژایی ژیانی خۆم تەنێ ئەتووم بەو تاقە پیاوە زانیە کە بە گفتار و بە رەفتار ژن وەک مرۆڤەکی تەواو دەبینی بە هەموو ماف و ئازادییەکانیەوە.. لەبەرئەوە پێویستە ئەو نهێنییەشت لە کن بدرکێنم کە ئەو کورەی وا لەو دواییانە بوویتە بەرپرسەکی گەورە و بە فرمانی 'مامۆستای زانا'ی گەورە گەندەڵچی دەجووڵێتەوە ئەوە کوڕی من و هاوسەرە جوانەمەرگەکەم نییە بەڵکە کوڕی من و ئەو هاورێیە دێرینەتە کە شەوەکەی لە گوندی هاتنەماڵی مە و

ئەوەبوو باش باغەوانی هاوسەرم هەرسێکمانی لە ماڵ بەجێهێشت و چووە ئاودانی باخچان و هاورێیەکەشت ئەتووی لە ژۆری مێوانان بەجێهێشت و هات لە ژۆری نووستنەکەمان ئەمنی ئاودا!

بەر لەو قسەی بە تۆبزیی لەخۆکردنەکی زۆرەوە خۆم لەوە خوشکردبوو لە دەرفەتەکدا قسەکی وەها بکەم بەڵکە قیچەک هێوربیتەوە.. لێ کە ئەو قسە گورچکبڕەی کرد هەر بە تەواویی دەوم بەسترا! سەبارەت بە هاورێیە دێرینەکەشم لە هندوری خۆم بەوە گەیشتم کە هەرگیز جێی گلەیی لێکردن نییە.. ئاخر هیچ پیاوەک - بێجگە لەوانەی لە جێی مێشکیاندا بەردەک یان چنگە ئاسنەکی تەکنەلۆژیایی لە نێو کاپێلکی سەریاندایە - نەیدەتانی خۆی لە بەرانبەر ژنەکی ئەوها رابگری کە لەو تەمەنەی ئێستایدا ئەوها تەرووبڕ و شیرین و نازدارە جا وەرە لەو تەمەنیدا بتدیتبا! بە تایبەتییش کە خۆی خۆیت لۆ رووتبکاتەوە و هەر خۆشی بێت و سواری سەرت ببی.. هەر ئەمن دەزانم لەو کاتیدا نازدارحەیران - خوچەخانی ئێستا - کوو سەرتاپای جەستە و دەروونی گڕیگرتبوو و تا چ ئاستەک بە دەست نێوگەڵێەوە شێت و هار ببوو.. هیچ درۆ نییە ئەگەر بێژم بەردی بە بەردیەتیی خۆی وەجووڵە دەخست.. جا بێ گومان ئەوە گەلەک ئاسایی بوو بتانی زۆر بە هاسانیی ئەو بەزمە بە هاورێیەکی ئەوها بکا کە هەر خۆی چاوباشقاڵ و بێباز بوو! لێ هەرکووەک هەبوو لەبەرئەوەی ئەو هاورێیە لەگەڵ هەمووومان درۆزن و دوورووو دەرچوو هەر بە دێووددرنج هاتە پێش چاوم و تووشی نیگەرانییەکی گەورەشی کردم، کە گەیشتینە پێش ماڵەکەشی هەر دانەبەزی چونکێ هێشتا قسەی مابوو:

- نیگەرانیی پێناوێ هاورێ.. ئەوە راستییەک بوو و روویدا و بەسەرچوو.. ئەمن تەنێ لە بارتەقای چاکەکانت ئەو نهێنییەم لۆ درکاندی تا هاورێیە دێرینەکەت باش بناسی و بشزانی هەر ئەویش بوو بووە هۆی ئەوەی کە ئەمن ئاوارەی هەندەران ببم چونکێ لەو دواییانەدا کورەکەم بەو نهێنییەی زانیبوو کە ئەوم لە هاورێیە دێرینەکەت لەبەرگرتیتەوە نەک لە هاوسەرە جوانەمەرگەکەم.. ئەوەشی لە رێی 'مامۆستای زانا'وە زانیبوو.. ئیدی ئەگەر رووم لە هەندەران نەکردبایە ئەوە نەخشەی ئەوەیان داڕێژتبوو لەنێوببەن.. هاورێیە دێرینەکەشتیان هەر لەسەر ئاشکرابوونی ئەو نهێنییە و چەندین نهێنیی دیکەی کە بە هۆی قۆزیی و دەوڵەمەندییەکەی پەیوەندیی تێکوتە و تێبرەی لەتەک چەندین ژنی گەنج و جوانی بەرپرسە گەندەڵە پیرەکانی نیشتیمان چێکردبوو.. شاربەدەر و وڵاتبەدەر کرد! دوا قسەشم ئەوەیە کە خەریکە لە نێو خۆراگریی و راستگۆیی و جوامێریی توودا دەتاوێمەوە.. لێ هێشتا ئەوە دەبێژم و لۆ هەمیشەش هەر دەیبێژمەوە؛ نازانم لەبەرچی لە پاش ئەو گشتە دەردەسەرییە ئەوها بە دەست ئەو پیاوە دوودەگییە یان راستتر بێژم بە دەست ئەو پیاوە سێدەگییە گرفتارت کردم!؟ (هاوکات لەگەڵ دابەزینی بە خۆبادان و چەند جوولەکی پڕ لە ناز دڵمی هەڵتەکاند و گۆتی):

- هاااا.. وەک دەبینم هیچ قسەکت پێ نییە بیکەی! وەبزانم سەختیی کێویش هەر لەبەرئەوەیە چونکێ کێوە نەک هیچی دیکە!

دیسان دڵنیابوومەوە لەوەی هێشتا هەست بەوە ناکا تاقە ژنەک لە ژیانمدا کە تەنێ لە کنە خۆم و تاکلایەنانە خۆشمویستبی و لە نێو دڵی خۆم هاوسەرگیریی لەگەڵ کردبی هەر ئەو بووە.. هێشتاش هەر نازانی لە داخ و غەمی ئەوەی کە دڵنیابووم ئیدی هەرگیز بەو ناگەم دەستبەرداری هاوسەرگیرییە رووکەشەکە بوومە لەگەڵ هەر ژنەکی دیکە.. هێشتاش هەر تەپوتۆزی ئەو فەرهەنگە شۆڕشگێڕییەی پێوەمایە کە سۆز و

**خۆشەویستیی هەر بە سەنگەرگرتن و کێوگرتن دەزانی... ئیدی خۆم لۆ رانەگیرا و پێم لە جەرگی خۆم نا.. بە چەند وشەیەکی پچڕ پچڕ و بە هەناسەسوارییەوە گۆتم:**

**- نا غەمت نەبی.. ئیدی ئێستا.. دەتانین.. لاپەڕەکی سپی سپی.. بکەینەوە.. تەنێ و تەنێ.. خۆم و خۆتی.. تێدا بنووسین.. لێ دوور لە هاوسەرگیریی! (سەرەتا مۆڕەکی لێکردم کە زانیم سەبارەت بە هاوسەرگیرییەکەیە لێ پاشان هەستمکرد هومێدەکی باشی لەسەر وشە و گوزاراشتەکانی دیکەم هەڵچنی.. ئیدی خۆی چەند گەش و رۆشن بوو دە هێندەی دیکە گەشاوە.. هاوکات لەگەڵ خەندەکی شیرین و پڕ لە ناز دوو سێ جار سەری پەنجە ناسکەکانی بە شێوازەکی زۆر سەرنجڕاکێش لە یەک دان و شەوباشەکی فرە فرە مێخۆشی لێکردم و لێدا و رۆیی).**

**ئیدی بەدەو رێی ماڵێوە هەر بیرم لەوە دەکردەوە داخۆ لە نێو ئەو پەیوەندییانەی دادێن - کە هەمووی هەر گرفتارکردنی یەکدی دەبن لە نێوان هاوڕێیان - چارەنووسی من و خوچەخانێ چی بەسەردێ؟ ئەو جارە خوچەخان کێ گرفتار دەکا؟ یان ئایە سەرنجی چەند کەسی دیکە بە لای خۆیدا رادەکێشی و کووکوویی هەوساریان لەسەردەکا!؟ ئاخر دەتانم بێژم جوانییە ئەفسوونییەکانی خوچەخانێ جاویدانیی بوون و رێک وەک دارودرەخت و گوڵ و گوڵزاری هەمەوەرزە و هەمیشە سەوز هەرگیز ژاکان و پەژموردەبوونیان نەدەناسی و تا دەهات هەر گەش و گەشتر دەبوونەوە.. ئەو جوانیانەی هەمیشە دەبوونە مایەی کێشە و گرفتی زۆر گەورە لۆ هەر کەسەک کە دەیدیتن تەنانەت هەست و سۆزی کەسەکی هاوڕەگەزبازی وەک بۆرپچیشیان جوولاندبوو کە بێزی لە دیتنی ژنان دەکردەوە! ئەرێ.. زۆر دڵنیابووم لەوەی تا دوا هەناسەکانی ژیانیشی هەر پیاو لەدوو پیاو وەدوو خۆیدا کێش دەکا و بە ئاوری جوانییەکانی دەیانسوتێنی و لەو نێوەشدا ئەمن لەگەڵ یەک بە یەکیان گرفتار دەکا!!! تا گەیشتمەوە ماڵێ هەر لەبەرخۆمەوە دەمگۆت 'ئاخ لە جوانیی.. ئۆف لە جوانیی.. کوو خەریکە هەڵمدەوەشێننەوە و ئاتارم بەسەر پاتارەوە ناهێلی و بەرەو گرفتارییەکی هەمیشەییم دەبا!!!**

**- ٥٩ -**

**هەر لەو سەروبەندانەدا - پڕاوپڕ و بە پانیی و بە درێژیی.. بە ئەستوونیی و بە ئاسۆیی - گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی ئەوە زۆر راستە کە گونجانی یان راستتر بێژم خۆگونجاندنی من و کلاوقوتێ لەگەڵ یەکدی هەمیشە هەندەک گرفت و ئاریشان وەدوو خۆیدا دەهینی لێ هەرگیز ناتانین دەستبەرداری یەک ببین و بێ یەکدی هەڵبکەین.. واتە رێک بە پێی رامانە مادییەکە 'یەکێتی و ململانێی دژەکان'مان لە نێوان خۆمان چێکردبوو، لەگەڵ هەموو ئەو ئازار و نیگەرانییانەی لە ئەنجامی پەیوەندییە سێکسییە چاوبرسییەکەی کلاوقوتێ لەگەڵ هاوڕێیە نێزیکەکانم دەمچنینەوە هێشتا رک و کینەکانم بەشی ئەوەیان نەدەکرد بەرانگڕی ئەو خۆشەویستییەم بینەوە کە لە بەرانبەریدا هەمبوو.. خۆشەویستییەک لە رێی رامیاریی و هونەر و وێژە بە شێوەکی گشتیی لە رێی فەرهەنگەکی مرۆڤپەروەرییەوە چێبببوو، زۆر جاران دەکەتمە نێو ئەندێشان و هەر لەبەرخۆمەوە دەمگۆت 'سەت خۆزیی ئەو کلاوقوتە ژنەک بووایە بە هەموو هزر و هەڵسوکەوت و رەوشتەکانی خۆیەوە.. ئاخر ژنان زۆر لە پیاوان لەبارترن لۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.. سا ئەو کاتە هەرچیەکمان هەبووایە بە هاسانیی لە نێوان**

خۆمان چارەسەرمان دەکرد'! ئەوە سەرەڕای ئەوەی بوونی کڵاوقوتێ لە نێو ڕێکخراوەکەمان پێویستییەکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخ بوو کە دەکارم بێژم نەخش و باندۆرەکی کەمتری نەبوو لە من.. ئیدی بێجگە لەوەی حەزی دواندنیم لەسەری دەرژاوە پێمخۆشبوو ناوەناوەش سەرهاتەکی لۆ بنێرم، هەر لەو دەمیش ماوەک بوو کیژە پلکە خوێنشیرینەکەم ئاوارەی ئێرە ببوو و خراپ لەبەریەکی هەڵوەشاندبوومەوە.. ئەوەش سەرهاتەکی سەرنجراکێش بوو و دەشمزانی کڵاوقوت زۆر پێی سەرسام دەبی لێ لەبەرئەوەی مارانگەست ببووم بە دەستیەوە تەنانەت هێندە بەپارێز بووم لێی نەمهێشتبوو بە گەیشتنەکەشی بزانی.. جا کوو دەمتانی هێندە بە هاسانیی بیخەمە بەردەستی و لە بەرانبەر کیژە پلکێش شەرمەزارم بکا! ئیدی هەر خەریکی ئەوە بووم چ چیرۆکەک یان چ سەربردە و سەرهاتەک دەستنیشان بکەم و لۆی بنێرم لێ وێرانەگەیشتم دەرفەتەکی باش تەرخان بکەم و بڕیارەکی دروست وەربگرم چونکێ بە گەیشتنی نامەکی دیکەی هەموو تشتەکانی لێ سەراوبن کردم:

«ئەو کاتەت باش هاوڕێیە شیرینەکەم.. هومێدەوارم ساغ و بێ گرفت بی. زۆر بە داخەوە ماوەکی باشە بە هۆی سەرقاڵییەکانمان یان لە راستییشدا پتر بە هۆی سەرقاڵییەکانی تۆوە ناتانین یەکدی ببینین و دەبی پەیوەندییەکانمان هەر بە نامە و نامەکاریی ڕێکبخەین. ئەو چیرۆکەی کە لە نامەی هاوپێچ دایە سەرهاتەکی هاوڕێیەکمە و دەیەوێ بڵاوبکاتەوە.. بە رای خۆم بە زمانەکی زۆر جوان و شیرین دارێژدرایە.. تەنێ بە نیازی ئەوە لۆ منی ناردیە کە ئەگەر هەر هەڵە و کەموکوڕییەکی تێداهەبی بە تایبەتییش لە رووەکانی زمان و رێنووس و خاڵبەندییەوە راستیبکەمەوە.. ئیدی ئەمن بە پێی توانای خۆم سووکە دەستکارییەکم کرد و ئەوەی ئێستای لێدەرچوو، جا ببوورە کە هەندەک کاتت دەگرم.. لێ بە پێویستم زانی بیخەمە بەردەستت تا بە وردیی بیخوێنیەوە.. ئەویش لەبەر دوو هۆ؛ یەکەم: هەستدەکەم نێوەڕۆکی چیرۆکەکە زۆر نێزیکە لە بارودۆخی هەنووکەی ژیان و باری دەروونیی تۆوە.. لەبەرهەندێ حەزمکرد و بە پێویستیشم زانی بیبینی! دووەمیش: دەمەوێ بزانم بە رای تۆ ئایە ئەو چیرۆکە بە شێوەکی گشتیی لە چ ئاستەک دایە؟ تکایە نامەوێ کاتت بەوە بگرم کە هەڵسەنگاندنەکی لەسەر بنووسی بەڵکە دەمەوێ تەنێ بە یەکەک لەو وشانە 'نایاب.. باش.. مامنێوەندیی.. خراپ' رای خۆت لەسەری دەرببڕی. (تکایە نامەی هاوپێچ بکەوە) لەگەڵ رێزی زۆرم.. هەر ئاسوودە بی.»:

"زۆر گەڕام تا پەیدامکرد.. زۆر کۆشام تا دەستبەرداری بووم!"، ئەو رستە قسەی ئەو پیرەمێردە گوڵفرۆشە رووخۆش و دەموچاو گەش و جوانە بوو کە وەهام هەستدەکرد گوڵەکانی رەنگ و روخسار و رەوتاری ئەویان گرتبوو نەک بە پێچەوانەوە! جارجارە دەچوومە گوڵفرۆشییەکەی و چەپکە گوڵەکم لێدەکڕی، هەر جارەک کە دەمدیت ئەو قسەی چەندبارە دەکردەوە.. سەرم لێی سوڕمابوو و نەمدەزانی مەبەستی چیە! زۆر جار پرسیارم لێی دەکرد.. کەچی بە زەردەخەنەکی جوان و ناسکەوە تەنێ قسەکەی دووبارە دەکردەوە و ئیدی بابەتەکەی دەگۆڕی.. تا رۆژەکیان پاش کۆشانەکی ئێکجار زۆر و لە رێی سازدانی مێواندارییەکی پڕ بە دڵی خۆی ئەوجا تانیم رازییبکەم ئەو قسە پەندئامێزەی شیبکاتەوە و سەربردەی چێبوونەکەیشیم لۆ بگێڕتەوە.. پاش ئەوەی هەناسەکی دوورودرێژی هەڵکێشا و وەک گوریە ئاورەک بەریهەڵدا.. گۆتی:

"دەشێ و دەکرێ لێروکانە لە هزران رابچم و لەباتی ئەو کیژەش بیربکەمەوە کە لە نێومدا روونشتیە.. ئەو کیژە تا تێر تێر مەمانی نەمژم و سەرتاپای جەستەی نەلێسمەوە هەرگیز ئەو برینانەی سارێژ نابن کە دایوباب و نێرەوزان لەسەر جەستە و دەروونیدا چێیانکردیە!

ئەرێ.. ئەمن هەم و هەر تەنێ کەسایەتییە رووکەشەکەشم بوونە راستەقینەکەمە! چونکێ کۆمەڵ لە باشترین باری تا نهۆیدا هەر ئەمنی دەرێ دەناسی و ناچاریشمدەکا هەر خۆم ئەمنی نێو ناخم داپلۆسم تا رەدووم بکەوی و بە هەردووکیشمان خاوەنی تەنێ ئەو تاقە دەنگە بین کە هەمان ئاستی دەنگی هەر تاکەکی نێو کۆمەڵی هەیە یان دروستتر بێژم هەمان ئاستی دەنگی هەر 'گا'یەکی نێو گارانێی هەیە! سەرەنجام تێکڕای دەنگەکانیش یان دروستتر بێژم تێکڕای بۆڕەبۆڕەکانیش لە گاڵتەجاڕییەکی بێزەوەر نوقمدەکرێن!

با ئەوە هەر لە نێوان خۆماندا بی؛ زۆر جار بە نهێنییەوە گێ لە چپەچپی ئەو کیژە خانومانەی ناخم رادەگرم و زۆر جار بە قسەشی دەکەم.. هەر بە دزییشەوە دەخزێینە نێو باوەشی یەکدی و تا کلوکۆشمان دانەڕێژێ دەستبەرداری یەکدی نابین! هیچ ناجۆر و نابەجێ نییە ئەمنی کەسایەتیی نێو هندورم مێ بم و ئەمنی کەسایەتیی دەرێشم نێر بم و هەروا بێتەوە پیاوەتییشم یەک دنک جوایەز نەبی لەگەڵ ئی پیاوی کتومت پیاو! چونکێ بخوازم یان نەخوازم کەسایەتیی خۆسەپێنەرانەی دەرێم لەگەڵ هەژمونی پیاوانەییم دەگونجێ.. لێ ئەمن هەرگیز حەزم بەوە نەدەکرد.. دوایێش لەوە دەترسام ژنەک ببتە هاوسەرم و ئەویش ژنەک لە ناخیدا هەبی.. ئەو کاتە دەبوونە سێ ژن - ژنی ناخی خۆم و ژنە هاوسەرەکەم و ژنی ناخی ویش - ئیدی بە هەرسێکیان تەڕاییان لێدەبریم و هەرگیز بەرگەیانم نەدەگرت!!! لە لای خۆمەوە بڕیارمدا دەبی کیژەک بخوازم ژن لە ناخیدا نەبی.. هەر دەگەڕام و هەر دەگەڕام لێ هەر پەیدانەدەبوو...

هاوڕێیەکی دڵسۆز و قسەخۆشم هەبوو؛ وەک من کێشەی هەڵبژاردنی ژنی هەبوو.. لێ ئەو پێچەوانەی من پیاوەک لە هندوڕیدا هەبوو.. لەبەرئەوە خۆزیی بە من دەخواست.. هەر لەو بارەوە رۆژەک فەرمووی 'ئەو پیاوەی وەک تووە.. فرە تەڕوبڕ و بێ ئاریشە و پڕ لە ئاسوودەیی دەژی، لێ ئەو پیاوەی کەسەکەی ناخیشی هەر پیاوە.. فرە هیشکوبرینگ و غەمبار و پڕ لە دردەسەریی دەژی، کەچی ژنان لە هەردوو باردا هەر قەلەندەرن؛ ئەو ژنەی کەسەکەی ناخیشی هەر ژنە ئەوە بێجگە لەوەی پیاوەک ژیانی دادەتەپێنی خۆشی خۆدژانە خۆی تەپەسەر دەکا.. لێ ئەو ژنەی کەسەکەی ناخی پیاوە ئەوە هەر لە کوللەمەرگییەکی فرە سەختدا دەژی چونکێ دوو پیاو - ئەوەی ناخی و ئەوەی لەگەڵی دایە - وەک دوو بەرداش لە نێوان خۆیاندا دەیهاڕن! ژنی لەو بابەتانە ناتانن تەنانەت بە ئەندێشەش لەگەڵ دڵخوازەکانی خۆیاندا بژین.. لە راستییدا جوایەزییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ ئەو ژنانەی کە ژیان و فەرهەنگی پیاو ناچاریاندەکەن ئاڵوودەی بەرنامە لەشفرۆشییەکان ببن یان لە سۆزانییخانەکان کار بکەن بێ ئەوەی هیچ چێژوچەشەک لە سێکسی خۆیان ببینن ئیدی زۆر جار دوو پیاو یان پتر لە یەک کاتدا دەکەونە سەریان و وەک کاڵایەکی بێ بەها وەکاریاندەبەن!".

هەرچەندە زۆربەی قسەکانی راست و دروست بوون لێ لە بەرانبەر خۆم زۆر بەجێ نەدەهاتنە بەرچاوانم چونکێ ئەمن لە دەروونی خۆمدا عەوداڵبوونم بە ژنەکی دڵخوازی خۆم وێرانی کردبووم و ئەوەشم لە خۆم رادەبینی کە هەر ژنەک ببتە هاوسەری من دەتانم لە هەموو چەوسانەوەکی داببڕم!

رۆژان هاتن و رۆژان رۆیین.. ساڵان هاتن و ساڵان رۆیین.. تا هاوڕێیەکی ژنم پەیداکرد؛ ژنەک تا دەبێژی هۆشیار و نایاب.. هەستیشمدەکرد ئەمنی فرە خۆشگەرەک بی لێ نەمدەزانی ئایە پیاو لە نێو ناخی دایە یان ژن.. پاش ئەوەی وردە وردە پەیوەندییەکانمان قوڵتر بوونەوە و پتر تێکەڵی یەک بووین زۆر جار باسی ئەو کێشەی دوو کەسایەتیی دەر و دەروونمان دەکرد.. رۆژەک هەر بە سەرپێی لێمپرسی:

- ئەوە کووە تا نهۆ هاوسەرت نییە؟ (وەک ئەوەی تووشی سەرسوڕمانەک بووبی هەندەک داما.. پاشان لەپڕ هاتەگۆ):

- با.. هاوسەرم هەیە! ئەمن پیاوەک لە نێو ناخمدا هەیە.. ئێستا ئەو هاوسەرمە، نا.. ناخوازم بیکەمە دوو و لە بەدبەختیی خۆشم ئەوەی دوومیش پیاوەک لە هندوڕیدا هەبی.. ئەو کاتە دەبنە سێ پیاو - پیاوی ناخی خۆم و پیاوە هاوسەرەکەم و پیاوی ناخی ویش - ئیدی بە هەرسێکیان هەڵمەدزڕێنن و هەرگیز بەرگەیان ناگرم!!! نا نا.. هەر ئەو هاوسەرەم بەسە و نامەوێ بە دەستی خۆم کێشە و گرفتان لۆ خۆم پتر بکەم، لە راستییدا هەستدەکەم ئەو پیاوەی ناخی من بێجگە لەوەی زۆر بە توو دەچی لە تووش توندڕەوتر دیارە؛ وەک ئەوەی ئەمن دەیبینم چەند باشە کە ئەتوو دەستبەرداری نیشتیمان بووی.. ئاخر ئەمن هەر دوونێ پێرێ بە پڕەپڕ لە نێو چارچیوەی نیشتیمان قوتاربووم.. کەچی هەر شەوێدی کە خۆم لە جیهانی دەرێ دزییەوە و خزیمە نێو ناخی خۆم و لە باوەشی هاوسەرەکەم ئۆقرەم گرت؛ بێ هیچ پێشەکییەک و بێ ئەوەی بە هیچ شێوەک بارودۆخی من لەبەرچاوان بگری گۆتی 'دەکرێ و دەشێ ئێستاش لەوێندەر لە زێدە خۆشتڤییە سندانکوشتییەکەی خۆمان لە هزران رابچم و لەباتی هەمووان بیربکەمەوە.. لێ ئەگەر سەردڕ و سەربڕ و سەرکڕ و سەرسەریی نەبم و کتومت وەک چەتە نەژیم ئەوە:

یان دەبی لەو جەور و ستەمانە خۆشبم کە بەرانبەرم ئەنجامیاندابوون:

● لەسەر رەخنەگرتنەکی سەرپێی لە سەرۆک و بنەماڵەکەی کە تەنانەت رەخنەگرتنەکەشم پەخشانەکی ئەندێشەئامێز بوو؛ نەک هەر نەموێرا بچمەوە سەر کارەکەم بەڵکە وەک سەردەمی شۆڕشگێڕیی و کاری رێکخراوەیی نهێنیی بە ناچاریی پەنام بردە بەر 'خۆحەشاردان' چونکێ هەیتەکانی سەرۆک و بەردەستەکانی لەدووم دەگەڕان.. ئەگەر وەبەر دەستیان بکەتبام نێو زارمیان پڕ گوللە دەکرد یان لە باشترین باردا خۆم لە زیندانی نهێنیی دەدیتەوە.. باش بوو هەر ئەوەندەیان لەدەستهات کە شارەوەدەریان کردم!

● تەنێ لەسەر ئەوەی کە یەک دەقی دینییم بە پشتبەستن بە زانست و لۆژیک و بە پێی تێڕوانینی خۆم راڤەکرد؛ هەرچی تاریکبین هەبوون بە سەرمدا وەڕین و هەر بابا بوو لە راستە خۆی دەیویست ئەو 'دۆزەخ!'ەی لە ئەندێشەی پووچی خۆیدا هەیە و خەریکە لە ترسان زێڕکی لێی دەڕژێ خۆی لێ دووربخاتەوە و لۆ منی جۆشبدا! ئەگەر دەستم بە کڵاوی خۆمەوە نەگرتبا و وەک پێویست بە خستنەڕووی راستییەکان بەرانگژیان ببووماوە ئەوە رۆژەک لە پێناو ئەو تشتەی دەیبێژنێ 'خودا!' بە دوو گوللان ساردیان دەکردمەوە!

● یارۆیەکەم لەسەر ئەوەی رووخۆش و کراوە و خاکیی و تێکۆشەر بوو لە هەڵمەتی پاکتاوکردنی بە ناو 'ژنە سۆزانییەکان!' بە بڕیاری بەرپرسەکی بەدکار و دەستبەخوێن دەستڕێژیان لێیکرد و بە سزای "گەل و شۆڕش!"یان گەیاند!؛ لە خەفەتان و لەوەی کە هیچم لەدەستنەدەهات هەموو نیشتیمانم بە جۆتە پڵاوەک دا و رێی پەراگەندەییم پێ کوتیەوە، هەر باش بوو لە رێیێ نەبوومە خۆراکی ماسی و نەهەنگان.. لێ تا گەیشتمە ئێرە قاچاغچییەکان شکۆمەندیی مرۆییمیان قرچوبڕ کرد.. لێرەش وەک دەیبینی لە کەناری ئارامی بندەستی عەزیایەکی فرە فرە گەرۆنەتردا دەژیم.. لێ هیچ نەبی ئەگەر گۆشتیشم دەخوا ناتانی ئێسکم بشکێنی!

● ئیدی و ئیدی و... تد.

یان دەبی:

بە شێوەکی کاتیی.. سەری خۆم شۆڕبکەم و ملم دوو بست پان بکەم و تەکەتەکی بێ.. دەست بە سینگەوە بگرم و کەپووم بگاتە سەر زەوی.. هەر کە گۆتیشیان ماست ڕەشە.. ئەوە ئەمنیش دەمودەست بێژم 'جا کەنگێ و لە چ جێ و سەردەمەک ماستی سپی هەبووە!؟ تشتی وەها عەنتیکە و سەیروسەمەرە هەرگیز ناشێ و نابی و ناکرێ'!!! ئیدی خۆم رادەستی بارودۆخ و هەلومەرجەکان بکەم و چاوەڕێ بم تا دەرفەتەکی لەبار دەڕەخسێ.

یان دەبێ:

بژاردەی سێیەم پەسند بکەم کە ئەویش بەرانگژبوونەوەیە.. بەوەش دەبی هەردووکمان ئامادەی بەخشینی هەر تشتەک بین!'.

هەر کە لە قسەکانی پیاوەکەی نێو هندوڕی بۆوە.. ئەمنیش تەنێ هەر ئەوەندەم گۆت: "نا نا.. هیچ غەم مەخۆ خانم.. بەس ئەتوو رازیی بە.. مەرج بی ئەو پیاوەی نێو ناخت بەو ژنەی نێو ناخی خۆم تەمبێ بکەم.. جا ئەو کاتە هەر خۆیان ناچاردەبن لە یەکمان مارە بکەن"! ئیدی قسەکەم وەک بەردی نێو دیوارێ جێی خۆی گرت و خۆبەخۆ هەرچی گرفت هەبوون لە پێشمان تەخت بوون و لە ماوەکی زۆر کەمدا وەک دوو هاوسەری زۆر ئاسوودە خۆمان لە هەمێزی یەکدی دیتەوە، وەلی ئەفسووس.. پاش کۆشانەکی زۆر هەردووکمان لەوە تێگەیشتین کە مرۆڤ وەک تاک هێشتا ئەوە نییە بتانی لەگەڵ ناخی خۆیدا بحەوێتەوە.. جا درۆیەکی چەند گەورەیە وەها پێشانبدا کە دەتانی لەگەڵ کەسەکی دیکەدا بحەوێتەوە.. لەبەرئەوە دەستبەرداری یەک بووین و دیسان هەر یەکەمان بە ناچاریی هاوسەرگیرییمان لەگەڵ ناخی خۆمان کردەوە!".

* * *

جا ئیدی ئەمن غەمی هیچم نەمابوو.. ئێ کاکە کلاوقوتم لێمان ببووە دەروونناسیش! خۆ لە راستییشدا تاقە کەسەک کە تانیبووی قیچەک لە دەروونی من تێبگا و تا رادەک پەی بە راز و نهێنییەکانی هندوڕم ببا هەر ئەو بوو! ئەرێ.. لەوەیان تەواو نیشانەکەی پێکابوو؛ ئەمن زۆر بەو پیرەمێردە گوڵفرۆشەی نێو سەرهاتەکە دەچووم و هەروەک ئەویش ژنەک لە نێو ناخمدا هەبوو.. هەرچەندە ئەمن نە هاوسەرگیرییم لەگەڵ هیچ کەسەکی دەرێی ناخی خۆم کردبوو و نە بڕواشم پێی مابوو لێ لەوە دڵنیابووم ئەمنیش هاوسەرگیرییم کردبا چارەنووسم هەر وەک ئی ئەو پیرەمێردە گوڵفرۆشە دەبوو! ئیدی تێهزرین و ئەندێشە خۆشباوەڕییەکانم بە کلاوقوتێ هەموو تشتەکیان لەبیربردبوومەوە تەنانەت مووە رەش و زۆر گڤەکەی و بەزمەکەی لەگەڵ کوریکەسۆرێ.. گۆبەندەکەی لەگەڵ خوچەخانێ.. ئیدیکە و ئیدیکە و... هەموو کۆششە مێبازییە بێ پەروایە نابەجێیەکانی دیکەشی کە لە دەرێی سنووری من هەیبوون! سەرەڕای ئەوەش بە تەواویی بە غەمی ئەوە داکەتبووم کە بتانم بە هەر جۆر و شێوەک هەیە کارەکی وەها بکەم پەیوەندییەکانم لەگەڵی بپارێزم و لە قیسی نەدەم. سەبارەت بە سەرهاتی پیرمێردە گوڵفرۆشەکە زۆر بە کورتیی و بەو شێوە لە نامەکدا رای خۆم دەربڕی 'سەرهاتەکی زۆر جوان و بەچێژە.. واتە لە پلەی فرە نایاب دایە، هومێدەوارم دیدەی خوێنەران رۆشن بکاتەوە.. دەستخۆشیی منیش بە نووسەرەکەی بگەینە و شادمان دەبم ئەگەر بگونجێ لە دەرفەتەکدا بە دیداری شاد ببم.'.. هەر لەگەڵ ئەو نامەشدا بێ ئەوەی بیر لە هیچ بکەمەوە و رێک وەک ئەوەی هەر خۆم بمەوێ گۆبەندەکی دیکەم لۆ چێبکا زۆر پوختە سەرهاتی 'خۆم و کیژە پلکێ'شم لۆ وەرێکرد!

«له راستییدا هەر شەرمم له خۆ دەکردەوە که خزمانی لەو بابەتانەم هەن.. لۆیە هیچ پرسیارم نەدەکرد تا دەنگوباسیان بزانم، باش بوو داکیشم بە هۆی ئەوەی لەمێژبوو خوشکەکەی - واتە داکی کیژە خوێنشیرینەکە و پلکی من - کۆچی دوایی کردبوو پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵیان نەمابوو تا ئەمنیش ناچاربم دەنگوباسی ئەوان لەوی ببیستم، خەریکبوو هەر لەبیرمدەکردن.. کەچی رۆژەکیان سەر لە سپێدەکی زوو کە هێشتا لە خەو رانەببووم زەنگی تەلەفۆنەکەم واگایهینام؛ ئەوەی هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد ئەوە بوو.. یەکەک لە برایەکانی پلکزایە خوێنشیرینەکەم بوو! پاش چاکوخۆشییکردن یەکسەر گۆتی:

- کاکە ئەوە هەروەک بە خۆت هاییداری ئەو ئامۆزایانەمان کوو ئەمەیان بە پەند بردیە.. لەو ماوانەی دواییێدا.. هەر دوو مانگەک دەبی.. یەکەک لە دەرێ لە لای خۆتان هاتەوە و هاتە خوازبێنیی تاقانە خوشکێ.. ئەمەش - کە خۆشی پێیخۆشبوو - لە پێناو ئەوەی بەرۆکمان لە بەرۆکی ئەو ئامۆزایە نەدیوبدیانەمان ببتەوە بە دەستی شکامان هەر بە کراسی بەری خۆی دامانێ.. ئەوەش بەو مەرجەی کە یەکسەر بە رێی قاچاغ بیبا نەک بە رێی فەرمیی کە کاتەکی زۆری پێدەچی.. بە کورتییەکەی تێمانگەیاند کە لەسەر خوشکەکەمان گرفتمان لەگەڵ ئامۆزایەکانمان هەیە و دەبی بە بێدەنگیی و بە پەلە و بێ ئاهەنگێڕان بیبا.. باش بوو ئەویش زوو بردی.. لێ نازانین لەبەرچی هەر پاش چەند هەفتەک لە گەیشتنە ئەوێ لە یەکدی جودابوونەوە.. جا کاکە ئەمە لە توو پتر بترازێ هیچ خزم و کەسەکی دیکەمان لە دەرێ نییە.. هەر دەبی ئەتوو لە جێی مە وەک تاقە برایەک لەوێ غەمەکی لێ بخۆی و چاودێرییەکی بکەی، هەنووکەش وەک دەبێژن مامۆستایەک کە هەر خەڵکی کنە خۆمانە و لە لای خۆتان دەژی وەدووی وەیە و گوایە دەیەوێ بیخوازی.. جا وەبکە بیناسی نەوەک لە بەدبەختیی مە ئەویش وەک مێردەکەی گۆرینێی بی...

بە هەمان شێوەی کاتی دەستلێکبەردانەکەمان لەگەڵ کیژە پلکە خوێنشیرینەکەم دڵم بە تەپەتەپ کەت و خەریکبوو هەناسەم رابوەستی.. هەر هێندەم لۆ کرا بێژم باشە بەسەرچاوان و ژمارەی تەلەفۆنەکەی کیژە پلکێم لێوەرگرت، پاش داخستنی تەلەفۆنەکەی ماوەکی چاک هێدمگرتیی ببووم.. کاتەک کە بەسەرخۆ هاتمەوە هەر لەبەرخۆمەوە زەردەخەنییم دەهاتێ و بە جوایەزییەکانی نێوان پێشان و ئەو دۆخە تازەم پێدەکەنیم تا سەرەنجام یەک قاقای درێژ درێژم کێشا.. ئاخر دەبی چ لەوە عەنتیکەتر و سەرنجڕاکێشتر هەبی کەسەک بە ناچاریی بکرێتە ردێن سپیی پێنج برای پاشدامای کەونە خۆشەویستەکەی و هاوکاتیش رایبسپێرن کە غەمەکی لێ بخوا هەروا چاودێریی وەشوودانەکەشی بکا! ئەوە لە کاتەکدا هێشتا ئەو کەسە چێژی شیرینی دوو ماچەکەی سەر کوڵمە فرمێسکاوییەکانی کاتی دەستلێکبەردانەکەی لەگەڵ ئەو کەونە خۆشەویستەی خۆی لە بن زاری دەرنەچووە!!!

لە کۆتایی پەیوەندییەکەمان کاتی یەکدی دیتنمان هەر لەو ماڵە دانا کە فەرمانگەی پەنابەریی لۆی دابینکردبوو - ئەو جێیانە بە شێوەکی گشتیی هەر کتومت بە زیندان دەچن و بە زەقەی چاوی دامودەزگەکانی 'مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی تاک و دیموکراسییە پەڕپووتەکە' پەنابەرانیان تێدەئاخنن! -، هێشتا

کاتژمێرەکی مابوو بگەمە کنی؛ لە نیگەرانیی و تەنگاوییان هەموو جەستەم بەسەر ئاو و ئارەقەدا گەڕابوو.. وەک ئەوەی نەخۆشیی گرانەتام گرتبی هەر ئارەقەم دەردەکرد و ساردەبوومەوە و هەڵدەلەرزیم! ئاخر ئەگەر کێشەی کەونە ئەڤینداریيەکەش لەولای دابنێین خۆ هەر دەبوو دوو پلکزا پاش ئەو لێکدابڕانە دووردرێژە دوو ماچان هەر لە یەکدی بکەن؛ جا ماچ لە کێندەرێی؟! لە لێوەکانی.. لە کوڵمەکانی.. لە کێندەرێی؟! ماچەکی کووکوویی!؟ ئایە دەکرا بڕوا بە خۆ بهینم کە دەتانم ماچەکی خوشک و برایانەی لێبکەم!؟ ئەوانە و چەندین پرسیاری دیکەی لەو بابەتانە تەنگیان پێ هەڵچنیبووم.. ئەوەشم نەدەزانی داخۆ چ پرسیارگەلەک مەژیی ئەویان داگیرکردبوو.. ئایە ئەو دەیەوێ چ جۆرە ماچەکم بکا؟! بە چ شێوە و شێوازەک هەڵسوکەوتم لە تەکدا بکا؟!! بە هەر دەردەسەرییەک هەبوو کاتەکەم تێپەڕاند و خۆم گەیاندێ؛ هێشتا هەشت نۆ دە مەترەکم مابوو بگەمە کنی.. سۆر سۆر هەڵگەڕابووم و پلەی گەرمییم بە جۆرەک بەرزبۆوە پلت لێبدابام دەتەقیم.. دەست و لاقانم دەلەرزین و لۆم رانەدەوستان.. کەچی ئەو بەو دەنگە ژنانییە زیق و باریکەی خۆیەوە کە دەتگۆت وا لە ئۆپرایەک دەنگ هەڵدەبڕی هەر لە دووڕا دەستی بە قسان کرد:

- هەیرۆ خۆ ئەوە خۆیتی.. لە راستییدا بڕوام نەدەکرد.. ئێستا بە تەواویی لۆم وەدەرکەت کە زەوی خڕە، تەمەشا تەمەشا؛ خۆ هیچ نەگۆڕایە.. وەدیارە لە دووریی من قۆزتریش بووە.. جا لە نێو ئەو هەموو کیژوکارە جوان جوانانە لۆ قۆز نابی؟!!! دەی.. جا چ لەوە باشتر هەیە؛ پیاوی پرسە و ژن وەشووودانیشمان لۆ پەیدابوو.. هاهاهاها.. (بەو قسانەی ڤیچەک هێوربوومەوە و هاوکاتیش گەیشتمە کنی، هەرگیز بڕوام نەدەکرد رۆژەک لە رۆژان بتانم یان بوێرم ئەوها باوەشی لۆ بکەمەوە.. بە کورتییەکەی دوور لە چاوی برا و ئامۆزایەکانی و دوور لە چاوی پیسی دین و دابونەریتی کەونەپەرستانە پڕ بە دڵی خۆم باوەشم تێیگرت.. لێ وەک دەبێژن ئەوەی بە گەورەیی فێری پڵاوخواردن ببی دەست لۆ کەپووی دەبا.. ئەمنیش نە ئەوە بوو خوشک و برایانە یان هاوڕێیانە ماچی سەرکوڵمانی بکەم نە ئەوەش بوو وەک ئەڤینداران لێوانی بدەمە بەر شەقەی ماچان بەڵکە خۆم هینا و برد دوو ماچانم خێواندە نێوان کوڵمان و لێوانی!).

زۆر بە وردیی سەروسەربردەی هاوسەرگیرییە ناکامەکەیان و هاتنەدەرێیان و دەستلێکەبەردانەکەیانی هەموو لۆ گێڕامەوە.. لە هەمووی ناخۆشتر و گورچکبڕتر لە کنە من ئەوە بوو؛ پاش ئەوەی تەواو بێ هومێد ببوو لەوەی کە بتانی لە نێو ئەو بارودۆخە ناهەموارەی تێیدا دەژیا لە رێی خۆشەویستییەوە هاوسەرگیریی بکا.. ناچاربوو وەک هەر ژنەکی بندەست و چەوساوە ملکەچی ئەو شووکردنە نەریتییە ببی کە لەپڕ پیاوەک دەچێتە خوازبێنیی ژنەک بێ ئەوەی یەکدی بناسن.. جا ژنەکە خۆی و بەختی خۆی! هەڵبەتە بەختەکەی وی نەیگرتبوو و تووشی پیاوەک هاتبوو کە لە رووکەش زۆر جوان و باش بوو و لێ لە ناخەوە زۆر خێڵەکیی و دیندار!

دیاربوو بێجگە لە دەستلێکەبەردانەکەیان سەرجەمی سەروسەربردەکانی هەمووی هەر پەیوەندیی بە خۆڤوتارکردنیەوە هەبوو لەبەردەستی ماڵی خۆیان و ئامۆزایەکانی، دەستلێکبەردانەکەشیان سووچی کەسیانی تێدانەبوو! چونکێ پیاوەکە بە پێی تێگەیشتنە خێلەکیی و دینییەکەی خۆی ویستبووی ژیانەکی ئەوپەڕی خۆش لۆ پلکزایە خوێنشیرینەکەم چێبکا واتە دەست و باسک و بەرگەردەن و سینگ و بەرۆک و سەرتاپای بەژنوباڵای لە زێڕ بگری لێ لە نێو زیندانی چار دیواری ماڵێی ببپەستی! کەچی کیژە پلک دەیویست کەسەکی ڤەکریی و ئازاد بی و وەک چالاکوانەکیش لە پێناو ماف و ئازادییەکانی ژنان تێبکۆشی.. ئەوە بێجگە لەوەی زۆر حەزی لە خوێندنەوە بوو بە تایبەتییش بابەتی مێژوویی هەروا بەشدارییکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوان و سەردانکردنی

جێیە مێژووییەکانیشی بە پێویست دەزانی، بە کورتییەکەی لە کاتی جودابوونەوەکەی بە پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری ژنان نەک هەر داوای هیچ پارەوپوولەکی نەکردبوو بەڵکە هەموو ئەو پارانەشی دابۆوە کە هاوسەرەکەی لێی خەرجکربوو.. ئەویش لە پای ئەو چاکەدا بڕیاریدابوو تا کیژە پلک مافی نیشتەجێبوون وەرنەگری بە فەرمیی و لە دادگە لێی جودانەبیتەوە، پاشانیش هەر زوو 'مێژوونووسەکی ساختەچی' کراوەیی و خۆشباوەڕییەکەی قۆزتبۆوە و وەک مێش و مەگەز بەسەر شیرینییە هەنگین ئاسایەکانی کیژە پلکی خوێنشیرین نیشتبۆوە و خۆی کوتابووە نێو دڵ و دەروونی. هەر بە ڕێکەت پەرتووکەکی مێژوویی لە نێو هەگبەکەم بوو.. پێش ئەوەی بەجێیبهێڵم وەک دیارییەک پێشکەشیم کرد و ئەویش لە خۆشییان دوو ماچانی خێواندنە سەر کوڵمانم! هەڵبەتە ئەمنیش بە هەمان شێوە بە دوو ماچان وەراممداوە.. کەواتە ئەوەیان دوو ماچ و دوو ماچی سەرەتای دیدارەکەشمان دەکاتە چار ماچ.. لێ هێشتا ئەو چار ماچە چێژوچەشەی ئەو دوو ماچەیان پێنبەخشیم کە ساڵانەکی زۆر پێشترێ لە پاش چەند مانگەک لە خۆشەویستییە ناکامەکەم لەگەڵی لە دوا چرکەکانی دەستلێکبەردانمان لە کوڵمە تورت و گەش و فرمێسکاوییەکانیم کردن کە شیرین شیرین بوون!!!

پاش چەند دیدارەکم لەگەڵی خەریکبوو قسەکەی برایەکەی وەڕاست بگەڕێ.. واتە هەر لەو گۆڕەی بە کردەیی ببمە ردێن سپیی ئەوان و مێژوونووسە چەلەنگەکە داخوازیی پلکزایێ لە من بکا!!! هەرچەندە وەهام هەستدەکرد کە کیژە پلک دووبارە مرخی لە من خۆشکردبیتەوە.. لێ دڵی وەها داگیرکرابوو کە نەک هەر نەتانی بیر لە رزگاربوون بکاتەوە تەنانەت نەتانی هەستیش بەوە بکا کە داگیرکرایە! بە کورتییەکەی کاکی مێژوونووسی لێببووە مێوژە رەشکە! ئاخر ئەو ساختەچیە زمانی هێندە لووس بوو بەردی نەرمدەکرد.. زۆر پەیمان و بەڵێنی ترشوشیرینی پێدابوو تەنانەت هەرێی ئەوەشی پێدابوو سەرهاتی ئازایی و قارەمانیی برایەکەی کە لە نێو شۆڕش گیانی بەخشیبوو بە دەسپاکییەوە بکاتە بابەتەک لە نامەی دکتۆرایەکەی و پاشانیش وەک پەرتووکەکی سەربەخۆ بیخاتە بازاڕیش!

ڕۆژەکیان پاش ئەوەی هەرسێکمان لە قاوەخانەک بەدەو قاوەخواردنەوەوە کاتەکی زۆرمان بە باسوخواسی مێژووەوە بەسەربرد مێژوونووسی ساختەچی بە ناوی چوونە زانکۆ و سەرقاڵبوونی بە نامەکەی بەجێیهێشتین.. کیژە پلک کە رووبەڕووم دانیشتبوو بە بێدەنگیی و بە چاوە رەش و گەورە و پڕ برژانگەکانی وردە وردە روخساری منی دەلێستەوە.. ئەمنیش لۆ ئەوەی شەرم نەکا و بەسەر خۆیدا نەشکێتەوە بە ئەنقەست چاوم لەسەری لابردبوو و خۆم خەریکی خوێندنەوەی ئەو گۆڤارە کردبوو کە بە دەستمەوە بوو و جاروبارەکیش تیچاوەکم هەر دەدایێ.. کاتەکم زانی رەنگی سۆر هەڵگەڕابوو و هەناسەی سواربوو.. ڕێک ئەو شێوە و دیمەنانەیم هاتنەوە بەرچاوان کە کاتی خۆی لە سەردەمی خۆشەویستییمان لە بەرانبەرم هەڵدەکوڕما و دەیویست قسەکی گرنگ بکا یان نهێنییەک بدرکێنی.. هەر زوو زانیم یان دەیەوێ باسی داوی خۆشەویستییەکەی نێوان خۆی و مێژوونووسە ساختەچیەکە بکا.. یان ئەوەتە دەیەوێ باسی خۆشەویستییە خامۆشبووەکەی خۆمان بکا و حەزی لێیە لە نۆژەنڕا بیگەشێنینەوە؟؟ باسی دووەمم هێندەک لاوازتر دەهاتە بەرچاوان لەوەی یەکەم.. لە دڵی خۆم وەهام دانابوو ئەگەر باسی ئەوەی دووەمی کرد ئەوە داوای بووردنەکی گەورەی لێدەکەم چون ئەمن لەمێژبوو بڕوام بە هاوسەرگیریی نەمابوو.. ئەگەر باسی ئەوەی یەکەمیشی کرد ئەوە کاکی مێژوونووسی لۆ دەکەمە پەڕۆیەکی پیس و لەدەستیدەنێم، بە ئحمەمەئحم و جوولەجوولەکی نائاسایی رەنگەکی هینا و رەنگەکی

برد.. لەپڕ ئەو لێوە تەڕ و سۆرانەی کە دەتگۆت دوو کووزە تەماتەی گەیین رەنگیان پەڕی و وەک پەلکە پیاز سپی هەڵگەڕان.. ئیدی هاتە ئاخڤین و زۆر بە خێرایی و راشکاوانە گۆتی:

- زۆر زۆر داوای بووردنت لێدەکەم کە ئیدی ئەمن لەو رادەبینم بتانی ببتە سوارچاکی خەونەکانم.. جا حەزدەکەم و بە پێویستیشی دەزانم وەک لەپێشترین کەس و تاقە کەسی خۆم پرسوڕا بە توو بکەم.. بێ گومان رای تووش هەرگیز لە کنە من رەتناکرێتەوە بە تایبەتییش لە بابەتەکی ئەوها چارەنووسساز.. ئایە ئەتوو پێت باشە هاوسەرگیریی لەگەڵ بکەم یان نا؟ (لە شەرمان ئارەقەی رەش و شین لە دەموچاوی دەچۆڕاوە تەنانەت دەست و پەنجانیشی - کە دەتگۆت دوو قامکە تەرۆزیی وردیلە و ناسکن - بە بن وردە ئارەقان کەتبوون! لە لایەک شادمان بووم بەوەی کە وەک دیاربوو داوی خۆشەویستییەکەی پێشانمان وەک هاوسەرگیریی لە هەردوو سەرەوە پچڕابی.. لە لایەکی دیکەش زۆر نیگەران و دڵتەنگ بووم بەوەی کە مێژوونووسی قۆشمەچی ببتە سوارچاکی خەونەکانی کیژە پلکێ - هەی تڕحێێێێێو لەو سوارچاکە!!! -.. لەو نێوانەدا بێجگە لەوەی کە گۆتم: "نا ئەمن پێم باش نییە" نەمتانی یەک وشەی دیکە چیە دەرببڕم.. ئیدی وردە وردە چاوانی پڕ ئاو بوون و هێدی هێدی فرمێسکانی بەسەر کوڵمانی رێزیان دەبەستن و دادەڕژانە سەر مێزەکەی پێشمان.. ئەوەش سەرنجی قاوەچییەکی راکێشا و هات و مێزەکەی هیشک کردەوە و پارچە دەسترەکی لەدەستینا.. ئەویش هێندەک خۆی گورج کردەوە لێ هەر بەدەو فرمێسک داباراندنەوە هاتەگۆ):

- ئاخر ئەتوو خۆشت دەیزانی ماوەکی زۆر کەمە ئەمن لە تەک ئەو کەتیمە داوی خۆشەویستییەوە.. ئەگەر لە دەوی داکتم نەبیستا کە گۆتبووت 'هاوسەرگیرییم بە تەواویی لە بەرنامەی خۆم دەرکردیە'؛ ئەوە بێجگە لە توو هەرگیز نەدەچوومە هەمێزی هیچ کەسەکی دیکە.. هەروا پاش هاوسەرگیرییە ناکامەکەم و شادبوونەوەم بە یەکەمین دیداریشت ئەگەر نەمزانیبا کە گۆتیتت 'ئەمن بڕیاری کۆتاییم دایە کە ئیدی بە هیچ جۆر و شێوەک بە لای هاوسەرگیرییدا ناچمەوە'؛ ئەوە هەرگیز بە لای کەسدا نەدەچووم و توند توند بەرۆکی تووم دەگرت تا لە نێو هەمێزتدا خەنییدەبووم! ئیدی نازانم لەبەرچی ئێستا ئەوها بە سووک و سانایی بە دوو سێ وشان دەوکوتم دەکەی!؟ نازانم لەبەرچی دەتەوێ وەک لە کۆترێ بووم لە قەلێشم بکەی؟!

ئەو قسانە و پرسیارەکانی وەک دوو شەپازللەی توند بە بنی گێم کەتن و لە جێی خۆم کڕیانکردم.. لە راستییدا مافی خۆی بوو لەوەش خراوترم پێبکا.. قسەکانی دەقاودەق راست بوون؛ ئەمن ئەو قسەم لە کن داکم کردبوو.. لێ سەرم لەوە سوڕمابوو ئەو قسەی دووەمی لە کێ و لە کێندەرێ بیستبوو؟! نا.. چەندی کردم نەمدەتانی بەسەر بیرکردنەوەی خۆم زاڵ ببم.. ئاخر قسەکانی بێجگە لەوەی کڕیانکردبووم هوڕیشیان کردبووم! بێ ئەوەی بتانم هیچ قسەک بکەم هەر بە پەلە دەستانیم گرت و لە قاوەخانەکە وەدەرکەتین.. ئەویش دیاربوو هەستیدەکرد قسەکانی جێی خۆیان گرتبن لەبەرهەندێ هەستوخوستی لەبەرخۆی بڕیبوو! تا گەیاندمەوە پێش دەرکەی ماڵەکەشی بێجگە لە قسەی ئاسایی هیچ قسەکم لۆ نەکرا لەو بارەوە، پێش ئەوەی بەجێیبهێلم گۆتم:

- هیچ غەم مەخۆ گیان.. لێ زۆر باش دەکەی ئەگەر بتانی وەک برایە قارەمانەکەت خۆڕاگرانە رووبەڕووی بویەرە تفت و تاڵەکان ببیەوە، داوای بووردن دەکەم لەوەی کە ئێستا هیچ قسەکم لۆ ناکرێ.. لێ دڵنیابە

هەر کە گەیشمەوە ماڵێ رای خۆم بە درێژیی لەگەڵ وەرامی پرسیارەکانت هەمووی لە نامەکدا دەنووسم و لۆت دەنێرم.

دیسان چاوانی پڕ فرمێسک بوونەوە و زەنگوڵ زەنگوڵ بەسەر کوڵمانی رێچکەیان بەستنەوە.. لێ ئەو جارە لەبەرئەوەی فرمێسک دابارانەنەکەی لەو کاتە بوو کە وەجمەدەهێشت بە جۆرەک ئاوری لە دڵ و دەروونم بەردا کە ئیدی نە وەخۆنازین و شان و شکۆ و نە گیانی خۆڕاگریی و بەرخۆدان نە شەرمشۆ و تەریقبوونەوە هیچیان دادیان نەدام و ئەمنیش سایلی وی هەندەک فرمێسکانم داباراندن! پاش ئەوەی بە دەسترەکەی دەستی فرمێسکەکانمی سڕین و هەندەک هێوربوومەوە وەک ئەوەی بمەوێ سوپاسگوزاریی خۆمی وێڕابگەینم دەرفەتەکم وەرگرت و دوو ماچانم خێواندنە سەر کوڵمە فرمێسکاوییەکانی! ئەرێ.. ئەو جارەش فرمێسکەکانی شیرین شیرین بوون رێک وەک جاری یەکەم کە پێش رووکردنە شاخ لە دوا چرکەکانی دەستلێکبەردانمان بە دوو ماچان فرمێسکی سەر کوڵمانیم سڕین! زۆر سەیر بوو؛ لەو دەمدا تەنێ بیرم لۆ ئەوە چوو کە ئەوە یان دەبی ئەویان لە منداڵیی لەسەر بنەمێوەک موتەربەکردبی و ئەو مێوژە شیرینەی لێ دەرچووبی یان ئەوەتە هەر لە سەرەتاوە خۆی مێش هەنگینەک بووە و بە گۆڕانەکی کیمیایی و بایۆلۆژیی ئەو مرۆیە شیرین پرژێنەی لێ پەیدابووە!! ئەگینا بە هیچ پێوەر و پێوانەکی دیکە رێی تێناچی و زۆریش نابەجێیە کە کەسەک هەبی لەو جیهانە فرمێسکەکانی شیرین شیرین بن.. خۆ رەنگە زانست و زاناکانیش هێشتا بە دۆزینەوەکی لەو چەشنە نەگەیشتبن! هەرکووەک هەبوو ئەویش لە دوا دەرفەتدا بە دوو ماچان تۆڵەی خۆی کردەوە و دەستانمی توند توند لە نێو دەستانی خۆی کوشین! ئیدی هاوکاتی ئەوەی کە هێدی هێدی وەک دوا دیمەنی فیلمە رۆمانسییەکان لە یەک دەترازاین گۆتی:

- برالەی "خوشکێ".. شیرینی "شیرینێ"! بە هیوای کردار.. بە نیازی دیدار! (بێجگە لەوەی چەند شەقاوەک لێی دوورکەتبوومەوە هیچیش لە قسەکەی تێنەگەیشتم و هەر تەقەی سەرم دەهات.. ئیدی چەندی کردم هیچ قسەکم لۆ نەهات و نەمزانی کوو وەرامی بدەمەوە.. لەبەرهەندێ خێراتر شەقاوانم هاوێشتن تا لێی بزربووم).

نازانم بە چ رێیەک گەڕامەوە و بیرم لە چ دەکردەوە و چەندی پێچوو تا گەیشتمەوە ماڵێ.. تەنێ هێندەم وەبیردێ کە بە درێژایی رێیەکە هەر بۆنی بەهارێم دەکرد! شەوەکەی کاتی نوستنان بە نیازی نووسینی نامەکەم پاش ئەوەی چرایە ئاساییەکانم خامۆشکردن و چەند چرایەکی کەسک و سۆر و یەک دوو چیلکە بخوورم داگیرساندن و چەند جامە مەیەکی نایابم بە دوو سێ کووزە لیمۆوە فڕکرد کۆمپیوتەرەکەم وەگەڕخست.. هێندەی یەک داستانی هۆنراوەئامێز وشە و گوزارشتی جوان جوان لە مەژییمدا دەخولانەوە و وەبەر یەک دەکەتن و هەڵدەقۆزینەوە.. هەر ئەوە مابوو لە سەری پەنجانم دابڕژێن.. کەچی لەهیکڕا دوا قسەکەیم 'برالەی "خوشکێ".. شیرینی "شیرینێ"! بە هیوای کردار.. بە نیازی دیدار!' وەبیرهاتەوە و وەک گوللەی وێڵ ئەنگاوتمی و کاولی کردم.. هەڵبەتە ئەو جۆرە گوزارشتکردنەی لە ئەنجامی ئەو قسەی من لۆ دروستبووە کە پێشتر گۆتبووم 'ئەمن بڕیاری کۆتاییم دایە کە ئیدی بە هیچ جۆر و شێوەک بە لای هاوسەرگیرییدا ناچم' لێ چەندی کردم و کۆشام بە هیچ ئاکامەک نەگەیشتم و نەمزانی ئەو قسەم کووکووی بەو گەیشتیتەوە.. ئەو جارە قاپە مەیەکەم هەر راستەوخۆ بەسەر دەوی خۆم وەکرد تا چۆڕبڕم کرد.. پاش دەمەک دیتم وردە وردە کاری خۆی کرد و دەستی گرتم و بردمیەوە سەر ئەو نامەی کە کاتی خۆی لۆ 'خوشکێ'م نووسیبوو و لە کۆتاییەکەیدا گۆتبووم 'داوای بووردن دەکەم خوشکێ گیان.. ئەمن بڕیاری کۆتاییم دایە کە ئیدی بە هیچ جۆر و شێوەک بە

لای هاوسەرگیرییدا ناچم'.. هەر لەو دەمیش ئەوەم وەبیرهاتەوە کە نامەکەم لۆ خوشکێ نەناردبوو و لە نێو پەرتووکەکەم دانابوو.. ئیدی تەواو لەوە دڵنیابوومەوە کە نامەی نەفرەتیی لە نێو ئەو پەرتووکە گەیشتیتە دەستی کە بە دیاریی پێشکەشیم کرد! دەستانم بەسەر کۆمپیوتەرەکەم رەقبوونەوە و تەواو بێسەروبەر و شڕوشەپڕێو بووم.. واتە برستی ئەوەم لێبڕا کە بتانم وەک ئەوەی دەمویست بە دڵوداو و بایەخپێدانەکی زۆرەوە تشتەکی جوانی لۆ بنووسم.. هەر لە سەرینی ئەوەش بڕیارمدا ئیدی هەرگیز هیچ جۆرە نامەک سەبارەت بە خۆشەویستیی و هاوسەرگیریی و تشتی لەو بابەتانە لۆ هیچ کەسەک نەنووسم! هەر بەو شەوە و بێ هیچ بەرنامە و خۆئامادەکردنەک دەستم دا تەلەفۆنکەم و زەنگەکم لۆ لێدا.. کە هەڵیگرت یەکسەر گۆتی:

- ئەتووی گیان، خۆ هیچ رووینەدایە بەو درەنگەشەوە پەیوەندیی دەکەی؟

- نا نا گیان.. دڵنیابە هیچ نەبووە.. ببوورە.. هەر ویستم لەجیاتی نامە قسانت لەگەڵ بکەم باشترە ئەگەر کاتت هەبی.. لێ بە مەرجەک دەرفەتم بدەی و قسەم پێ نەبڕی تا لێدەبمەوە.. پاشانیش حەزناکەم ئەوشۆ هیچ بەرسڤەکت لێ ببیستم و تکادەکەم یەکسەر تەلەفۆنەکە دابخەی!؟

- وەی بەسەر ئەو دوو چاوانەم.. هەر وەهای دەهینمە بەرچاوان نامەکەو دەیخوێنمەوە وەک ئەو نامەی کە لۆ خوشکێت نووسیبوو! (ئەو جارە نامەی نەفرەتیی شەپازللەیەکی وەگوڕتری خێواندە بن گێم و کاسی کردم.. هەر بە هوڕ و گێژیی و بێ ئەوەی هیچ تشتەکی دیکەم لەدەستبێ 'ئەرێ ئەرێ'یەکم لۆ کرد! هەرچی هێز و توانام هەبوو دامە بەر خۆم تا خۆم ئاسایی کردەوە.. لە پێناو ئەوەی هەر لە سەرەتاوە بە دەربڕینی رای خۆم لەسەر پەیوەندیی و نیازی هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ کاکی مێژوونووس و دیارکردنی جۆری پەیوەندیی خۆم لەگەڵی سەرودڵی نەگرم و تووشی گریان و کاردانەوەی خراپی نەکەم.. یەکەم جار بە باسی مێژوو وەک 'درۆ و هەڵبەستە' و شکاندنی سەروگێلاکی مێژوونووسان وەک 'لەخشتەبەر و خەڵکانەکی مشەخۆر' دەستمپێکرد.. پاشان گەیشتمە ئەوەی کە بێژم):

- جا هەر یەکەک لەو مێژوونووسانەی ئێستا دەیانگری هەر لەو بابەتەن و بەڵکە خراپتر و ساختەچیتریشن لەوانەی پێش خۆیان.. ئەمن زۆریان دەناسم.. تەنێ باسی دوو نموونەت لەوانە لۆ دەکەم:

یەکەم: ئەوەیان کە ئێستا مێژوونووسەکی وەناوبانگە و یەکەکیشە لە سەرکردە دیارەکانی هەنووکەی یەکەک لە پارتیەکان، چیرۆکی ئەوە زۆر دوورودرێژە لەبەرهەندێ هەر بە کورتیی لۆت دەگێڕمەوە؛ پاش ئەوەی کەسەک لە بەرپرسە گەورەکانی یەکەک لە پارتیە بەرهەڵستکارەکانی نێو شۆڕش ئاشکرادەبی کە سیخوڕی رژێمە - واتە لە بنەوە و بە نهێنیی دەستی لەگەڵ پارتیی دەسەڵاتدار هەبووە و وەک 'هێڵی لار' لە نێو شۆڕش بووە - قۆڵبەستی دەکەن و هەر دەمودەست لێژنەک پێکدەهینن کە ئەو مێژوونووسە وەناوبانگەی ئێستاشی تێدادەبی و بە ناوی دادگەی شۆڕش بڕیاری کوشتنی دەردەکەن.. پاشان ئەو مێژوونووسە کە لەو کات بەرپرسەکی گەورەتر بووە لە بەرپرسە گیرایەکە پیلانەک دادەنێ کە کوشتنەکە رابگرن و لێکۆڵینەوەی پتری لەسەر بکەن.. ئیدی بە زمانە لووسەکەی خۆی زۆر لێزانانە بەو شێوە پیلانەکەی پێشنیار دەکا:

«وەک ئەوەی کە پێویستە هەر بیکوژین.. با بیکوژین و ئەمن هیچ لارییەکم لەوە نییە.. لێ کوشتنی بەرپرسەکی ئەوها ناودار بەو شێوە زۆر لەسەر خۆمان دەکەوی و دەبتە هۆی ئەوەی کە خەڵک لێمان ساردببنەوە یان ترسەکی ئەوهایان لە کن چێدەکا کە بە هاسانیی نەتانن بە ریزەکانمانەوە پەیوەست ببن،

ئەمن بە باشتری دەزانم بە شێوەکی تاکتیکییانە ئەو کارە ئەنجامبدەین.. واتە وەهای پێشانبدەین کە 'نیوەی لێژنەکە لەگەڵ بڕیارەکە نین و لەبەرهەندێ بڕیارەکە رادەگرین و لە کۆبوونەوەکی دیکە لێکۆڵینەوەی پتری لەسەر دەکەین.. جا لە کۆبوونەوەی دووەم کارەکی وەها بکەین کە پتر لە نیوەی لێژنەکە بە پێی هەندەک بەڵگە کە خۆیان هەڵیدەبەستن بیسەلمێنن کە زانیارییەکانی پێشترێ هەڵە بوون.. پاشانیش لەسەر رۆشنایی زانیارییە تازەکان و بە پشتبەستن بە زۆرینەی دەنگەکان بە بڕیارەکی تازەوە ئازادی بکەین' لێ هەر بە رووکەش وەک جاران دەستوەکار ببتەوە و چاودێرییەکی توندیشی بخەینەسەر و هەر لە بنکە دوورەدەستەکانی بهێلینەوە تا نەتانی بگەڕێتەوە نێو رژێم.. پاش چەند مانگەک کە باسەکە لەبیردەکرێ کارەکی وەها بکەین لە شەڕەک بەشداریی بکا و لە پشترا بە یەک گوللە ساردیبکەینەوە.. هەر دەموودەست ئەمنیش وتارەکی لەسەر دەنووسم و بە مێژووی ژیانیدا دەچمەخوارێ و بە شێوەکی زۆر جوان دەیرازێنمەوە کە وەک پارتیەکەمان و وەک میللەتیش قارەمانەکی زۆر مەزنمان لەدەستدا! ئیدی بەو شێوە خەڵک وەدەزانن لە شەڕ گیانی بەخشیە و هیچ کاردانەوەکی خراپی دژ بە شۆڕشی لەسەر دروست نابی.. قازانجەکی دیکەش لەوەدا ئەوەیە کە ئەو خزم و کەس و بنەماڵە گەورەیەی ئەو کە لە راستییدا هەموویان نیشتیمانپەروەرن نەک هەر لێمان دوورناکەونەوە بەڵکە پتر پێمانەوە پەیوەست دەبن، ئەرێ.. وەک ئەوەی کە دوژمنان لە بەرانبەر شۆڕش بە هەموو دەسەڵات و هێزیانەوە هەر تشتەک بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان وەکاردەبەن دەبی ئەمەش هەمان رێباز و هەڵسوکەوتی خۆیان بە شێوەکی تاکتیکییانە لە بەرانبەریاندا وەکارببەینەوە دەنا شۆڕشەکەمان پێ ناگاتە سەر..».

ئیدی بڕوا بە هەمووان دەهینی و پیلانەکەی دەبتە بڕیار، هەموو ئامانجیشی لەوە گەیشتن بووە بە کیژەکی کلۆڵ و بەدبەخت؛ ئاخر هەر پاش دەرچوونی بڕیاری کوشتنی سیخوڕەکە داکی و چەند کەسەک لە خزمەکانی چووبوونە کن ئەو پیلانگێڕە و لە پێناو ئازادکردنی کوڕەکەیان کیژەکی زۆر گەنج و جوانی خۆیان خستبووە باوەشی و پێیانگۆتبوو ئەگەر کوڕەکەیان بەربدا ئەوە ئەو کیژەی بە کراسی بەری خۆی پێشکەش دەکەن! ئەویش ئەو پیلانەی دانابوو و سەرەنجام کوڕە سیخوڕەکەیانی ئازادکردبوو و ئەوانیش کیژەکەیان لێی مارەکردبوو.. پاش چەند مانگەکیش هەر بە پێی ئەو پیلانە لە شەڕەکدا سیخوڕەکە لە پشترا دەکوژن.. پاشانیش پیلانگێڕەکە وتارەکەی خۆی دەنووسی کە تێیدا خەبات و ژیاننامەی سیخوڕەکە وەک مێژووی تێکۆشەرەکی زۆر مەزنی پڕ لە سەروەریی پارتییەکەیان پێشاندەدا و بە شێوەکی زۆر بەرفراوان بڵاویدەکەنەوە! جا لەو رۆژەوە ئەو پیلانگێڕە کە دیتی بە هۆی ئەو نووسینەی ناوبانگەکی باشی پەیداکردیە ئیدی خووی خۆی دەداتە نووسینی مێژوو.. لێ تەنێ مێژووەک کە سوودی ئەوهای لێبیبینی! هەنووکەش ئەوە لەمێژە وەک گۆتم یەکەکە لە مێژوونووسە وەناوبانگەکان!

دووەم: ئەوەیان هاوپیشەکی نێزیکی خۆم بوو و توانستەکی باشی وێژەیی و رۆشنبیریی بە گشتیی هەبوو، رۆژەکیان لە مشتومڕەکمان لەسەر وێژە و مێژوو زۆر راشکاوانە گۆتی 'نا هاوڕێ.. ئیدی ئەمن تەواو بێزار بوومە.. ئەو هەموو خۆماندییکردنەم لەو هەموو ساڵە دوورودرێژە بە نووسینی بابەت و لێکۆلینەوەی وێژەیی هەمووی وەفیڕۆچوون.. ئاخر ئەو جۆرە بابەتانە بازاڕیان زۆر لاوازە و کەس بە لایاندا ناچی.. وەک خۆشت دەبینی خوێنەریان زۆر زۆر کەمە یان هەر نیانە.. تەمەشا ئێستا ئەمن و توو ئەو هەموو نووسینەمان هەیە کەچی کەس ناماننناسی.. بڕوابکە تا دەشمرین و پاش مردنیش هەر کەس ناماننناسی.. ئەمن چ لە چەند

ڕۆشنبیرەک بکەم کە وا خۆیان لە برسان دەمرن و کەس گوو بە کڵاویان ناپیوی! جا بە کورتییەکەی ئەمن لەنەوپاش لۆ خۆم وەدوو مێژوو دەکەوم.. ئەگەر نانەک هەبی هەر لەو دایە..'!

ئیدی ئەمن وردە وردە لێی کشامەوە تا نێوانمان نەما.. ئەویش بە پێی ئەو تێڕوانینەی خۆی دەستیپێکرد و ملی پێوەنا، هەر ڕۆژەو لە جێیەک کۆڕەکی دەربارەی مێژوو سازدەدا و بە شێوازەکی ساختەکارانە هەست و نەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و سۆزی ئاوارەیی و دوورەوڵاتیی پەنابەرانی دەبزواند؛ هەر جارەو باسی قوللە و قەرات و پاشماوەکی مێژوویی دەکرد! هەڵبەتە ئەو پاشماوانەش بێجگە لە نیشانەی ستەمکاریی دەسەڵاتدارانی پێشان هیچ سوودەکیان نییە و تەنێ تۆز و خۆڵ و قوڕ و قوڕاو و زیندەوەران بەسەر ئاکنجیانی نێزیکیان بڵاودەکەنەوە و لە باشترین بارێشیان کە دەکرێنە جێی گەشتیاریی و پاکوخاوێن رادەگیرێن ئەوە تەنێ دەسەڵاتداران و رێکخراوەکان و سەرمایەدارە چاوچنۆکەکانی کەرتی تایبەت پارەیان پێ لە خەڵک دەقاچێننەوە! جا کە ئەو باسی هەر پاشماوەکی لەو بابەتانەی بکردبایە ئەوە هیچ کێشەی نەبوو و هەر بە گرنگترین و پڕ بایەخترین پاشماوەی گەشی مەزنترین و پێشکەوتووترین شارستانیەتی جیهانیی کە ئی میللەتەکەی خۆمانە دەیخستەڕوو! جارەکیان لە تۆمارەکی دەنگوڕەنگیی دیتم لە بەردەک دەدوا کە لە مۆزەخانەکی ئێرە وێنەی گرتبوو.. هاوکاتی ئەوەی بە دەیان شێوە و لە هەموو گۆشەکانیەوە پێشانیدەدا بە درێژەدادڕییەکی زۆر بێزارکەریش پێناسەی دەکرد: «تەمەشاکەن.. ئەو بەردە یان راستتر و بەجێتره بێژم ئەو گەوهەرە پیرۆز و زۆر گرنگ و بە بایەخە یەک پارچە مێژووی تەلارسازیی و شێوەسازیی هونەرییانەی پەرستگە و ئاوردانە پڕ لە رۆشناییەکانی باوباپیرانمان پێشاندەدا کە پێویستە و دەبی وەک ئەرکی سەرشانمان بە پیرۆزیی رایبگرین و بە دەیان و بە سەتان لێتۆژینەوەی لەسەر بکەین و نەوە لەدوو نەوە نازی پێوەبکەن! بڕوا بکەن هەر کە ئەو مرواریە زۆر بە نرخەم دیت سەرم سوڕما.. کە تەمەشایەکم کرد و لێی وردبوومەوە یەکسەر زانیم ئەوە مێژووی گەش و پڕشنگداری خۆمە.. ئاخر رەنگی ئەو بەردە لە رەنگی هیچ میللەتەک ناچی.. تەمەشای بکەن هەر خۆی هاوار دەکا کە ئەوە تەنێ رەنگ و رووی منە و ئی هیچ میللەتەکی دیکە نییە! لۆ دڵنیاییش هەموو بەڵگە کەوناریەکانم شەنوکەو کردن.. لە پاش ماندیبوون و شەکەتییەکی ئێکجار زۆر دیتم هەموو بەڵگەنامەکان هەر ئەوەیان سەلماند کە ئەرێ ئەو دوڕ و مەرجانە کە هەرگیز بە پارە و سامان نانرخێندرێ ئی خۆنە.. لێ ئەو میللەتانەی دراوسێمان تەنانەت میللەتانی ئەوسەر و ئەوسەری جیهانیش هێندە تەڵەکەباز و ساختەکارن دەستکاریی سەرجەم بەڵگەنامە مێژوویەکانمان دەکەن و هەموو پاشماوە گرنگەکانمانیان دزییە.. ئەگەر کەسەکی زۆر هۆشیار و پڕ ئەزموون نەبی هەرگیز ناتانی بیاناسیەوە... »، ئیدی هەر جارەو بە تشەتەکی لەو بابەتانەی دەگرت.. تا وەیلێهات بە هۆی ئەو کۆڕانەی سەرنجی پارتی و لایەنە رامیاربازەکانی لۆ خۆی راکێشا و وردە وردە خۆی لەگەڵیان گونجاند.. هەر لەو رێیەشەوە بێ هیچ ماندیبوونەک چەند کۆرسەکی زانکۆی وەدەستهینا و سەرەنجام بڕوانامەکی دکتۆراشیان لە مێژووی شارستانیەتەکان خستە نێو باغەڵی! ئێستاش وەک نوێنەری یەکەک لە پارتیەکان بەرپرسەکی گەورەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی میرییە لەگەڵ وڵاتان! لە بارەی ژیان و گوزەرانیشی چەندین ماڵ و خانوبەرەی گرانبەهای لێرە و لەوێ لە نێوخۆی وڵات و لە چەندین وڵاتی دیکە هەیە و لە ماڵە سەرەکییەکەی هاوسەرەکی خانومان و نەخوێندەوار و سەرپۆش بەسەری هەیە و لە وڵاتانی دیکەش چەندین هاوسەری نافەرمیی هەیە و هەر دەمەو لەگەڵ یەکیان دەژی! هەر ئەو مێژوونووسە بەرێزەمان ناوەناوە لە وتارەک یان لە

نامیلکەکدا مێژووی پڕ لە ستەمگەرانەی یەکەک لە بە ناو سەرکردەکان چ مردیی چ زندیی بە ناوی مێژووی بەرخۆدانی میللەت بە درۆودەلەسان دەڕازێنێتەوە و دەرخواردی خوێنەرانی دەدا!

جا ئەمن لەو مێژوونووسانەی ئێستا تەنانەت یەک کەسیشم نەدیتیتەوە بە واتای وشە مێژوونووس بی، وەک خۆشت دەزانی کە مێژوونووسە کەونەکانیشمان چ جانەوەرەک بوونە و کوو لە پێناو بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان سەرتاپای مێژووی ئەو میللەتە ستەمدیدەیان شێواندییە و کووکوویش لە کرنووشبردنیان لە بەردەرکەی بەرپرسە نەخوێندەوارەکان ملکەچ بوونە و ملەکەچ دەبن! ئەمن بەدبین نیم.. رەنگە مێژوونووسی چاکیش هەبن.. لێ تا ئێستا ئەمن هیچم پەیدۆز نەکردیە.. رەنگە مێژوونووسە چاکەکان هەر لەبەرئەوە دەرنەکەتبن کە هیچ دامودەزگەک بەرهەمەکەنیان بڵاوناکەنەوە ئەگەر بە شانوباڵی گەندەڵکاران و چەوسێنەراندا هەڵنەدەن و نووسینەکانیان لە بەرژەوەندیی تێڕوانینە تەسکە رامیارییەکانیاندا نەبن.. جا ئێستا باوی ئەو مێژوونووسە ساختەکارانەیە و هەر ئەوانیش دەیبەنەوە.. لێ رۆژەکیش هەر دادێ پەردەی سەر روویان جیڕبەجیڕ بکرێ.

جا وەک دەیبیینی تەلەفۆنەکەمان زۆر درێژەی کێشا.. لەبەرئەوە دەمەوێ زۆر بە کورتیی باسی ئەو مامۆستایە مێژوونووسە جوانەی تووش بکەم؛ پێش هەموو تشتەک ئەمن دەزانم کە ئەو کەسەکی دز و تەلەکەبازە.. پاش تێکشکانی رژێم کە یەکەم جار ناسیم و پەرتووکخانەکەمی دیت داخوازی کۆمەڵە پەرتووکەکی زۆر گرنگ و نایابی لێکردم.. ئەو پەرتووکانە لە سەردەمی شۆڕشگێڕییم پەیدامکردبوون و لە نێو ئەو هەموو شەڕ و کارەساتانە دێ بە دێ هەڵمگرتبوون و لە بارەگەکان پاراستبوومن.. نەک هەر بە هاسانیی وەدەستنەدەکەتن بەڵکە پڕانییان هەر قەدەغە بوون.. لەوان کاتان لە رێی هاوڕێیانمانەوە لە وڵاتانی دەرێ دەست بە دەست لە سنووران دەرباز دەکران و دەگەیشتنە دەستمان.. جا ئەو مامۆستایە مێژوونووسەی ئێستای توو کە لەو دەم نەمدەزانی مێژووپیسە بە ناوی ئەوەی کە لێتۆژینەوەکی زۆر گرنگی مێژوویی بە دەستەوەیە و لەسەر ئەو پەرتووکانەی من پەکی کەتیە زۆر بە هاسانیی هەندەکیانی لەبەردەستم دەرهینان کەچی پاشان خۆی لێم شاردەوە و ئێستا و ئێستاش پەرتووکەکانم هەر نەدیتنەوە، جا ئەمن پێویست ناکا هەموو سەربردە قۆڕ و ساختەچییەکانی ئەوت لۆ بگێڕمەوە.. بەڵکە تەنێ نامەکی هاوڕێیەکم - کە ئامۆزای ئەوە - لۆت دەخوێنمەوە.. نامەکە لەسەر وەرگرتنی کورسیی خوێندنی دکتۆرایەکەی مامۆستایە لێرە کە پێش ئەوەی بەو نیازە بگاتە ئێرە هاوڕێیەکەم لۆ منی نووسیبوو:

«هاوڕێ گیان.. ئەمن ئەو نامەیەم تەنێ لەبەر ئەوە نووسی تا هاییدارت بکەمەوە کە ماوەکی دیکە ئەو ئامۆزایە دەعبایەم بە مەبەستی خوێندنی دکتۆرا دەگاتە کنەگۆ، دیارە خۆت باشی دەناسی لێ هێشتا ئەمن باشتری دەناسم چونکێ بە هۆی پەیوەندییە خزمایەتییەکەمان ئەمن بە هەموو راز و نهێنییەکی هاییدارم، ماوەک پێش ئێستا رۆژەکیان کە لە ماڵی مە بوو.. لەپڕ تەلەفۆنەکی لۆ هات و دەستی بە 'ئەرێ گەورەم ئەرێ گەورەم' کرد و رەنگی سۆر سۆر هەڵگەڕا و بە شپرزەییەوە رووی لە من کرد و گۆتی 'کەسس لە ژژژۆرەکەی تووە؟ دددەمەوێ بچمە ئەوێ' ئەمنیش کە هەستمکرد وێدەچی پەیوەندییەکەی نهێنییەکی قۆڕی تێدابی و نایەوێ کەس بیبیستی.. یەکسەر گۆتم 'هەر ئێستا مامۆستا.. با بچم بزانم' خۆم گەیاندە ژوورەکەم و تۆمارکەرەکم لە پەنایەک داناوە و بە پەلە خۆم گەیاندەوە کنی و گۆتم 'فەرموو مامۆستا ژوورەکەم چۆڵە'.. کە چووە ژوورێ دەرکەکەم پێوەداوە.. بە کورتییەکەی بە پێی دەنگە تۆمارکرایەکە و بە پێ ئەو قسانەی کە لۆ برایە گەورەکەم کردبووی بە تەواویی تێگەیشتم کە 'یەکەک لە سیخوڕە گەورەکان کورسیی خوێندنی دکتۆرای

لە مێژوو لۆ وەرگرتیە و خەرجییەکەشی هەمووی هەر لەسەر ئەوە.. لێ دەبی لە پای ئەوە بابەتی دکتۆرایەکەی مامۆستا لەسەر شۆڕش بی و لە نێویشیدا کار و کردەوە گرنگەکانی بابی گۆڕبەگۆڕی سیخوڕەکە و نەخشی پارتیەکەی بە زەقیی بخاتەڕوو'! جا هەر کاتەکیش هاتیەوە ئەوە تۆماری قسەکانیت لۆ لێدەدەم.. لێ گۆتم با جارێ بە پەلە هاییدارت بکەمەوە لۆ ئەوەی بزانی بە چ مەبەستەک دێتە ئەوێ تا نەتانی بە قسە لووسەکانی خۆیت لێ بگۆڕی و ئەتووش یارمەتیی بدەی. هەر لۆ نوکتە ئەوەشت لۆ دەگێڕمەوە کە لە کن برایە گەورەکەم گۆتبووی 'کاکە گیان ئەمن لۆیە دەمەوێ ببمە مێژوونووسەکی گەورە چونکێ مێژوونووسی گەورە لە سەرۆک و پاشایەکان گرنگتر و نەمرترن، هەر کەسەک بیەوێ پیاوی گەورە بناسی دەبی سەرەتا مێژوونووسی گەورە بناسی.. رەنگە زۆربەی پیاوە گەورەکان ناویان بزر ببن لێ مێژوونووسی گەورە هەرگیز ناوی بزر نابی و لە هەر دەمەکیش هەر کەسەک بیەوێ پڕ زانیاریی بی هەر ناچاردەبی بە دوو مێژوونووسە گەورەکاندا بگەڕێ!'.».

جا ئەوە سەختەنووسە جوانەکەتە کە مرخت لێی خۆشکردیە ببتە هاوسەرت و لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە دەیەوێ مێژووی گەشی برایە جونەمەرگەکەشت بشێوێنی!

تکایە بە وردیی بیربکەوە و بڕیاری خۆت بدە.. حەزناکەم تووشی هەڵەکی دیکەش ببی، ئەمن هیچ بەرژەوەندییەکم لەو قسانەدا نییە و خۆشت دەیزانی نیازی هاوسەرگیرییم نە لەگەڵ توو نە لەگەڵ هیچ کەسەک هەیە.. ئەمن دیسان لۆت دووبارە دەکەمەوە.. وەک ئەوەی کە لەو نامەی لۆ خوشکێم نووسیبوو و بە هەڵە گەیشتە دەستی توو.. ئەمن هەر ئەوەم و هیچی دیکە.. (دیسان دەستی بە گریانێ کردەوە.. گریانەک بەردی دەتاواندەوە! دەمەکی چاک هیچ قسەم نەکرد و بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە هەر گێم لۆ گریانەکەی وی راگرتبوو.. زۆر داخی ئەوەم خوارد کە لە تەنیشتم نییە تا دوو ماچانی لێبکەم و فرمێسکە شیرینەکانی سەر کوڵمانی لۆ هیشک بکەمەوە. ترسام لەوەی دیسان دەست بە قسان بکا.. هەر بە پەلە گۆتم):

- دە باشە گیان.. دوا قسەشم ئەوەیە کە پاش ئەوەی خۆشەویستییەکەمان بە ئاکام نەگەیی - کە سووچی توو بوو - ئەمن هیچ بەڵێن و پەیمانەکی خۆشەویستییم نە لەگەڵ خوشکێ هەبووە نە لەگەڵ هیچ کەسەکی دیکە.. دەی لە دەرفەتەکی دیکە قسان دەکەین.. کاتەکی خۆش و ئاسوودە. (پاش ئەوەی بەدەو هەنسک و گریانەوە گۆتی 'خۆشتر و ئاسوودەتر' یەکسەر تەلەفۆنەکەی داخست، جا نەمدەزانی ئیدی پێشهاتەکان چ دەبن و چیدیکەیان لێدەگوزەرێ).».

- ٦١ -

یەک تەقینەوە تەقیبوومەوە ببوومە سەت پارچە.. هەر پارچەکم خەریکی کەسەک یان تشتەک یان بیر و ئەندێشەک بوو.. هێندە سەرقاڵ بووم تەنانەت دەرفەتی خوراندنی سەری خۆشم نەمابوو.. دیدار و کۆڕ و کۆبوونەوەکانم وەها لێ ئاڵۆزکابوون زۆر جار هەندەکیان بە هەڵە دەکەتنە یەک دەم و جێ و زۆر شەرمەزار دەبووم.. لە هەموویان ناخۆشتر و شەرمئاوەرتر ئەوەی دوا جاریان بوو کە هەر بە هەڵە سێ دیداری جودام لەگەڵ کلاوقوت و دوو هاوڕێی دیکەم کەتبوونە هەمان دەم و جێ و هەرسێکیشان زۆر لە یەکدی جوایەز بوون و

هەرگیز نەدەشیا پێکەوەیان ببینم - ئەو هەڵانە لە ئەنجامی ئەوە چێدەبوون کە بە هۆی هەبوونی بابەت و نیازی جودا جودام لەگەڵیان زۆر سەرقاڵ دەبووم و لە کاتی دانانی هەر دیدارەک لەبەر خەریکبوونم بە نێوەرۆک و ئامانجەکەی نەدەپڕژامە سەر ئەوەی بزانم داخۆ لە هەمان ئەو دەم و جێیەی دیارماندەکرد دیداری دیکەم هەیە یان نا! - هەستمکرد ئەگەر ئەو رووبدا واتە هەرسێکیان لە هەمان دەم و جێ ببینم رێک وەک ئەو کەسەم لێدێ کە لە سێ لاوە تەقەی لێدەکەن و ئیدی نازانی کوو خۆی لەبەردەستیان قوتاربکا.. ئاخر دەبوایە بە هۆی جوایەزیی بابەت و گرفتەکانی نێو کارەکان و جۆری پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئەو سێ هاوڕێیە زۆر بە هەستیاریی بەرخورد بکەم و لەگەڵ هەر یەکەکیان بە تەنێ دابنیشم و هەڵسوکەوتەکی تایبەتی لەگەڵ بکەم.. بە کورتییەکەی تا کاتەکە نێزیکتر دەبۆوە تووشی شێوان و شپرزەییەکی زۆرتر دەهاتم و نەمدەزانی دەبی چ بکەم و کووکوویی خۆم لەو داوە رزگاربکەم... نازانم کوو بوو.. هەرگیز لە ژیانی خۆمدا ئەوها بەختم نەبووە؛ هەر لەپڕ تەلەفۆنەکم لۆ هات.. کە هەڵمگرت پلکزایە خوێنشیرینەکەم بوو.. پاش چاکوخۆشیی کە هەر ئەوەتە نووزەی لێوەدەهات گۆتی:

- تکایە فریام بکەوە هاوڕێ.. بەس ئارامبە و هەڵمەچوو چونکێ هیچ مەترسییەک لە گۆڕێدا نییە.. (هەرچەندە زۆر نیگەرانی کردم لێ هاوکات ئەوەشم بە خێرایی بە مەژییدا هات کە ئەوە هەلەکی چاکە لۆ خۆقوتارکردن لە دەست ئەو سێ هاوڕێیەی کە هێندەی نەمابوو بە نیازی سێ دیداری لە یەک جودا لە یەک دەم و جێ یەکدی ببینین! پاش ئەوەی ئامادەیی خۆم دەربڕی کە بە زووترین کات دەگەمە کنی لێمپرسی 'تکایە کێشەکەت چیە و لەبەر چ هێندە سەرکز و غەمبار دیاری؟'):

- فرە فرە نەخۆشم و ناتانم لە جێی خۆم ببزووم.. خەریکە سەرم دەتەقی.. دیارە خۆشت دەیزانی ئەمن بە هۆی ئەو بێ زمانییەی خۆم لەو وڵاتە ناتانم پەیوەندییەکیش بە خەستەخانەی فریاکەتنەوە بکەم.. زۆر خۆم راگرت و نەمدەویست کاتی توو بگرم و هەراسانت بکەم.. لێ تا دێ ئازارەکەم هەر پتر و پتر دەبی و لە پەلوپۆی خستیمە.. ئەگەر زوو بە هانامەوە نێی.. نازانم.. رەنگە بارودۆخەکەم خراپتریش ببی... (پێمناخۆشبوو لەوە پتر پاساوان بهینیتەوە لەبەرهەندێ نەمهێشت قسەکانی تەواوبکا):

- نا نا.. ئەمن دەزانم کە دیارە تەندروستییت باش نییە لێ هێندەش بێ ورە مەبە.. چاک دەبیەوە و ئەوەش بەسەردەچی.. ئەمن ئێستا دەرفەتەک لە هاوڕێیان وەردەگرم و بە زووترین کات دەگەمە کنت.. (تەلەفۆنم لۆ هەرسێکیان کرد.. هەر کە بارودۆخەکەم تێگەیاندن لە خۆم پتر پەلەیان لێکردم تا بە فریای هاوڕێیەکەم بکەوم.. ئیدی سواری ترومبێلەکەم بووم و بە خێرایی خۆم گەیاندە کنی).

هەر کە چۆرە ئاوەک لە بن گوڵەک دەکەی کە لە تێنان سیس و پەژموردە بووە و سەری خۆی شۆڕکردیتەوە.. پاش دەمەکی زۆر کەم دەبینی وردە وردە دەگەشێتەوە و سەری خۆی قیتدەکاتەوە؛ لێ ئەمن نە ئاو بووم و نە ئەو کەسەش بووم کە ئاودێری گوڵ و گوڵزاران دەکا! کەچی کیژە پلک کە سەرئێشە و نەساغییەکەی نیوەمردیی کردبوو و لە نێو جێوبالینگانەکەی تەخت ببوو.. هەر کە روخساری پەرشوبلاوی منی خرکردەوە سەریەک و لە کەلەنی برژانگە تیژ و رەشەکانیەوە کە هەر دەتگۆت دوو چەپکە تیری روو لە ئاسمانانن رژامە سەر گلێنە و بیلبیلە برسییەکانی ئیدی گەشانەوە و سەرقیتکردنەوەی وی یەک چرکەشی گەرەک نەبوو! بە گوزارشتەکی دیکە؛ هەر کە کەتمە بەر نیگایانی.. خۆم وەک تروسکە ئاورەکی چکۆڵە هاتە بەرچاوان کە پاش ئەوەی چرایەکی

کوژاوەی نێو شەوەزەنگ دادەگیرسێنی خۆی رۆشنایی لەبەردەبڕێ و ئیدی چرایەکە دەبتە سەردار و سالاری تەختەبانی تاریکایی دەڤەرەکە.. ئەو جارە ئەو ئەمنی لە رۆشناییەکانی خۆی وەرپێچا و هەرچی تارمایی هەبوون لە نێو کون و کەلەن و قوژبنەکانی دەروونمدا خڕیانی راونا و وەک زیندانییەک لە نێو قەوارەی پێڵووی چاوانی خۆی بەندیکردم!

لە بارودۆخەکی وەهادا هیچ بیانووەکی ئەوتۆم نەمابوو تا دڵسۆزیی خۆمی پێشانبدەم و بە نیگەرانیی دەربڕینەوە لە بەری بێم و بچم و لە باری تەندروستیی و نەخۆشییەکەی بپرسم.. لەبەرئەوە بە ئارامییەکەوە گۆتم:

- زۆر شادمانم بەوەی کە ئێستا بە رووەکی گەشەوە دەتبینم.. وێدەچی گەڕابیتەوە سەر باری ئاسایی خۆت و تەندروستییشت زۆر چاک دیارە ئێستا.. وەنییە؟

- گەللەک سوپاس ئامۆزا گیان، نازانم چ بێژم.. ئەوەیان راستییەکە کە دیتنی توو لە دیتنی سەتان دکتۆر و وەکاربردنی هەرچی باشترین دەرمان و هەتوانە باشترە لۆ من.. لێ هێشتا ئەو ماسولکە و ریشاڵانەی سەر پەراسووەکانم لە بن مەمکانمەوە تا بن هەنگلانم رەق رەق بوونە و زۆر ئازارم دەدەن.. جاران داپیرم لۆی دەشێلام.. هێندە چاکی لێدەزانی هەر کە دەستی دەگەیشتە سەر پەراسووانم ئەو ریشاڵ و ماسوولکانە دەتگۆت وردە ماسیینە لە بن پەنجانی هەڵدەهاتن و ئەویش پڕیدەدانێ و دەیگرتن.. ئەوجا وردە وردە خاویدەکردنەوە تا بە تەواویی دەنیشتنەوە.. بڕوا بکە هەر دەمودەست ئەوەی ژان و ئازار بوون لە جەستەم نەدەمان و چاک دەبوومەوە.. بەس لەوەتەی گەیشتیمە ئەو 'کاولگە پڕ زانست و شارستانیەت'ە کەسەک نییە جاروبارەک بمشێلی..

- ئەوە زۆر راستە.. لێ لێرەش کەسانەک هەن وەک پیشە ئەو کارە دەکەن و جێی تایبەتیان هەیە و زۆر شارەزانە لێی و بە شێوەکی زۆر زانستییانە ئەنجامیدەدەن تەنانەت لە کاتی شێلانیشدا ناهێلن گچکەترین ئازارت پێبگا.. وەها نەرم و شل و خاوت دەکەنەوە وەک ماستی مەیبێت لێدەکەن.. خۆ ئەمنیش خۆم هەندەکی لێدەزانم لێ لۆ من ناشێ و حەزیشم لەو کارە نییە.. مەبەستم ئەوەیە بێژم ئەو کارە ئی من یان ئی هەر کەسەکی ئاسایی نییە بەڵکە خەڵکانەکی زۆر هەن ئەوە کاری تایبەتی خۆیانە و هەرگیز ئەمن وەک ئەوانی لێنازانم.. واتە لەبەرئەوەم نییە کە ئەمن پیاوم و ناشێ ئەتوو بشێلێم بەڵکە ئەمن بە زۆر کاری دیکەوە خەریکم و دەرفەت و توانای ئەوەم نییە فێرببم و هەر حەزیشم لێناکەم.. (هەرچەندە لە راستییدا هیچ گومانی تێدانەبوو کە ئەگەر ئەمن بمشێلابا بە تایبەتییش شێلانی جێیەکی هەستیاری وەک بن مەمکۆڵان ئەوە ئارەزووی هەردووکمان دەبزوا و نەماندەتانی بەسەر خۆماندا زاڵ ببین و سەرەنجام دەمانگەیاندە باری رامووسان و بەردەبووینە جەستەی یەکدی. هەرکووەک هەبوو ئەو قسەکەمی بە جۆرەکی دیکە وەرگرت و هەستمکرد بە ئەنقەست بە لایەکی دیکەدا برد و بە سەرگرانییەکەوە هاتە گۆ لێ فرە فرە ناسک و سۆزورژێنەرانە):

- نازانم.. بە داخەوە کاک ئامۆزا.. زۆر پێم سەیرە کە ئەوها هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکەی و هێندە بە پارێزی لێم!! ئاخر ئەمن ئەتووم لە جێی برایەکانی خۆم دانایە.. نازانم ئەو قسانە چیە دەیکەی؟! ئەوە کەنگێ کێشەیە ئەگەر برا خوشکی خۆی بشێلی! (هاوکاتی ئەو قسەشی بە شێوەکی زۆر ئۆینبازانە وەک ئەوەی برای

خۆی دەلاوێنتەوە دەستەکی بەسەرمداهینا و باسکەکی لە ملانم وەرهینا! موچڕکەکی هێندە توند راپچلەکاندم سەرتاپای جەستەمی بە لەرز خست.. باش بوو زوو خۆی کێشاوە و دەستبەردارم بوو ئەگینا خەریکبوو لە خۆشییان لەخۆبچم... پاشان وەک ئەکتەرەکی ژێهاتیی رووی خۆی بە گرژ و مۆنیی نمایشکرد و بە دەنگەکی زۆر کاریگەر و راشکاوانە گۆتی):

- نا ئەمن هەرگیز دڵم نەدەهات ئەتوو بە شێلانی خۆمەوە ماندیی بکەم لێ کە ئەوهات لێکرد و بە زمانی خۆشت گۆتت هەندەکی لێدەزانم.. ئەوە هیچ چارت نییە و هەر دەبی قیچەکم بشێلی.. ئەگەر نا بە گۆڕی داکم جارەکی دیکە ببڕای ببڕ لۆ هیچ پێویستییەک رووت لێنانێم.. (راستی دەکرد.. تازە هیچ چارم نەمابوو چونکێ باشم دەناسی و دەمزانی کە لە ناخیەوە و بە شێوەکی راشکاوانە قسەکی دەکرد هەر دەبوو بیگەیێنتەجێ جا بە هەر شێوەک با.. لەبەرهەندێ دەستم لەوەی شوشت کە لاملیی لەگەڵ بکەم و بتانم خۆ لە شێلانی دەرباز بکەم.. هەموو بیرکردنەوەی خۆم لەوە چڕکردەوە کە بتانم کارەکی وەها بکەم بیشێلم و خۆشم لەدەستنەدەم واتە دان وەخۆمدا بگرم و نەهێلم حەز و ئارەزووە سێکسییەکانم بەسەرمدا زاڵ ببن.. لێ پاشان بیرمکردەوە؛ باشە ئەمنەک کە پێشترێ لە هەر شێلانخانەک هەر ژنەک تەنانەت ئەگەر پیرێژنەکیش بووبی ئەمنی شێلابی هەرگیز بێ ئارەزووهەستان رزگارنەببووم.. ئەدی ئێستا کووکووی دەتانم لە کاتی شێلانی کەسەکی ئەوها نازدار و خۆشەویست - بە تایبەتییش شێلانی ژێر مەم و پەراسووەکانی - خۆ رابگرم و ئارەزوەکانی خۆم و هاوکات ئی ویش سەرکوت بکەم!!!؟ نا نا هەرگیز شانی ئەو بارە سەختەم نییە.. باشتر وەیە پلەک بێمەخوارێ و زۆر سوپاسگوزار بم بەوەی کە هەرکووەک هەیە بتانم هەندەک خۆڕاگر بم و تەواو خۆم نەدەمە دەست واتە بە تەواویی لەبەری نەبەمە دەرێ و بە هەندەک دەستبازیی و ماچوموچان سەردەربکەم و بە زووترین کات خۆم لەبەردەستی راپسکێنم و تێبتەقێنم... هەر لەو بیرکردنەوانەدا بووم لەپڕ کیژە پلک - کە بەو چەقتەبەستانەی هێندە جوانی دەنواند هەر دەتگۆت ئەو ژنە شۆخوشەنگە نموونەییە دڵخوازەی خۆمە کە دڵ و دەروونمی هەڵتەکاندیە! - لەسەر جێیوبالینگانەکەی قیتبۆوە و خۆی گەیاندە بەر لاقانم.. وەک ئەوەی لە ناکاوەک تووشی مەترسییەکی گەورە بووبم دڵەکوتێیەکی هێندە توندم گرت خەریکبوو هەناسەم رابوەستی.. هاوکات لەگەڵ ئەوەی پشتی تێکردم و چارمەشقیی لێی دانیشت کراسەکەی بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر داکەند و گۆتی):

- دەی کاک ئامۆزا.. دڵنیا بە تازە وازتلێناهینم.. تکایە با بزانم کووم دەشێلی؟

جا وەرە کەسەکی لەو بابەتە کە پێشترێ هەرگیز هیچ جێیەکیم بە رووتیی نەدیتبوو بەو دەردەی بردبووم.. ئێستا هەمان هەر ئەو کەسە قیت و قنج لە پێشم هەڵتوترکایە و لە پشتی قوونانیشی بە سەرێوە بێجگە لە مەمدانەکی گچکە و ناسک و تەنک و رەنگ سۆر هیچی دیکەی لەبەر نییە و دەشیەوێ پەراسووەکانی بشێلم.. ئێ کوو شێت و هار نەبم!!؟ لێ تازە بە هیچ جۆرەک دەرفەتی دەربازبوونم نەمابوو.. هەرکووەک هەبوو دانم وەخۆدا گرت و بڕیارمدا بە بێدەنگیی دەستوەکار بووم.. هێند بە ترسەوە دەستم بزواند وەمدەزانی دەست لۆ نێو دەوی عەزیای دەبەم.. هەر کە دەستم گەیشتە سەر پەراسووەکانی 'زەبری شلەژان' و 'هێرشی ختووکان' و 'رێژنەی موچڕکان' ئارەقەی رەش و شینیان پێ دەردام.. هێشتا باش بووم و دەست و پەنجانم دەیانتانی وردە وردە ببزوێن.. لێ کاتەک هەندەک بە توندیی سەری پەنجانم لەسەر پەراسووەکانی خشاندن - کە نەمدەوێرا بە لای پەراسووەکانی بن مەمکۆڵانیدا بچم - نرکەنرک و نارەنارەکی هێندە سۆزورژێنانەی لێوەهات دەستانم

لەگەڵی راجفرین و لە جێی خۆیان جوولەیان لێبڕا.. هەرکووەک هەبوو لە کۆششی خۆم نەکەتم و بە هەزار دەردەسەری تا دەست و پەنجانم وەگەڕخستنەوە.. دیسان لەگەڵ دەستوەکاربوونەوەم تەواو شپرزەی کردم.. ئەمن خەریکبوو هاوسەنگیی خۆم لەدەستدەدا کەچی ئەووشی هاتەسەرێ کە ناوەناوە قیچەک خۆی دادەهیناوە و سەری پەنجانم بە ئاستەمەک وەبەر دیواری بن مەمانی دەکەتن - جا نازانم ئازاری هەبوو یان هەر بە ئەنقەست وەیدەکرد - درۆ نییە ئەگەر بێژم لەو دەمانەدا بێجگە لە هەستی بەرکەتن هەموو هەستەکانی دیکەم راوەستابوون.. ئەو چرکەکاتانەم رێک ئەوها دەهاتنە بەرچاوان کە ئەوە ئەمن ترومبێلەک لێدەخورم و خەریکە لە خێراییەکی لەرادەبەدەر خۆم پێ ناگیرێتەوە و خۆ بە ترومبێلەکی دیکە دادەدم! زۆر بێسەروبەر و بێ بار ببووم.. لەبەر شەرم و نیگەرانییەکانی خۆم هاییم لەوە نەبوو مەمدانەکەی تا سەر گۆی مەمانی هەڵکردبوو و دیواری خوارێی مەمانی دەرپەڕاندبوو.. تەنێ ئەو دەمە ئەوەم زانی کە زۆر لە جاران پتر خۆی داهیناوە و مەمانی بە نیوە رووتیی کەتنە نێو دەستانم.. ئیدی تەواو نە دەمتانی بیر لە هیچ بکەمەوە و نە دەمزانی چ دەکەم و لە کێندەرم تا بە تەواویی خۆم لەدەستدا.. هەر تا ئەو جێیەم لەبیرە کە ئالاینە بەژنوباڵای یەکدی! پاش ئەوەی کار لە کار ترازا ئەوجا بێدار بوومەوە و هەستمکرد ئەوە 'ئەمن'م و ئەووش 'کیژە پلکە خوێنشیرینەکەم'ە و بە رووتوقووتیی لە نێو باوەشی یەک داین و ئیدی سەردەمی 'ماچی شیرینی سەر کوڵمە فرمێسکاوییەکان' بە ئێکجاریی بەسەرچووە و رووبەڕووی سەردەمەکی تازە بووینەوە کە بە هیچ جۆر و شێوەک چارەنووسمانی تێدا دیار نییە.. هێندە شەرممان لە خۆمان کردەوە رووممان نەدەهات لە رووی یەک بڕۆنین.. بێ ئەوەی یەک ورتەمان لێوەبێ هەستاینەوە سەرپێیان و جلکەکانمان پۆشیەوە.. هەر بە بێدەنگیی و بە پەلەپەل لە دەرکەی ماڵەکەی وەدەرکەتم تەنانەت نەمتانی ماڵاواییشی لێبکەم..

لە شێست و دووەمین شەوی بەرنامەکەمان کە گەیشتەمە خەستەخانەکە نەک هەر بە ئامانج و ئاکامی ئاسایی خۆم نەگەیشتم بەڵکە 'ئامۆزا'شم لە ژوورەکەی خۆی نەدیت! هەر بە پەلەپرووزێ خۆم گەیاندە کارمەندانی بەشەکە.. پێش ئەوەی پرسیاریان لێبکەم یەکسەر گۆتیان: "هاورێیەکەت لە پێش نیوڕانێوە بزرە.. دەبووایە کاتژمێر سێ لێرەبا و چارەسەرەکەی خۆی وەرگرتبا لێ تا ئێستا دیار نییە.. تکایە ئەگەر پەیدۆزت کرد با زوو بێتەوە و بە چارەسەرەکانی شەوێی رابگا". تەلەفۆنەکەی خۆی داخرابوو.. هەر کێی ئەوی دەناسی و ژمارەکەیم لە کن هەبوو پەیوەندییم پێوەکرد لێ کەسیان هیچیان دەربارەی نەدەزانی.. ئەوانیش هەر دەمودەست لە رێی هاورێیانی خۆیانەوە کەتنە سۆراغکردنی لێ هەروەک من بێ ئەنجام بوون! زۆر تەنگاو ببووم و لەوپەڕی نیگەرانیی و بێ ئۆقرەیی بیرم لۆ زۆر تشتی خراپ و نەخوازرا دەچوو کە بەسەریهاتبی.. ماوەکی

چاک هەر لەویٚ چاوەڕێم کرد لیٚ لەوەشیان هەر هیچم بە هیچ نەکرد.. ئیدی بە ناچاریی و زۆر بە ناهومێدیی و هەناسەساردییەوە ئەوێم بەجێهێشت و لەگەڵ هەندەک لە هاوڕێیان یەکمانگرتەوە.

هەر لە چارچێوەی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییانەمان لەپڕ بیستمان باڵەخانەکی گەورەی هەژدە نهۆمیی کە لە نێزیک خەستەخانەکە بوو ئاگری تێبەربووە و خەڵکەکی زۆری تێدا سوتایە! ئەوەش هەموومانی تووشی گومان کرد کە رەنگە 'ئامۆزا'ش لەو دەم لەویٚ بووبی.. ئاخر ماوەک بوو تا دەهات تەندروستییەکەی باشتر دەبوو و زۆر جار بە رۆژ مۆڵەتەکی کورتی وەردەگرت و لە دەرێی خەستەخانەکە وەک جۆرەک لە وەرزش خەریکی راهینانەوەی لاقەکانی دەبوو یان هەر لە سنووری گەڕەکەکە سەردانی هاوڕێیانی دەکرد جا چ لە ماڵان یا چ لە شوێنە گشتییەکان، لە کەش و بارەکی پڕ لە هەڵچوون و دڵەڕاوکیٚ زۆر گەرمتر لە جاران دەستمان بە پەیوەندییان کردوە.. هەندەکمان هەر راستەوخۆ بەرەو باڵەخانەکە وەڕێکەتین.. کە گەیشتین دیتمان پۆلیس هەموو شەقام و کۆڵانەکانیان تەنیبۆوە و نەیاندەهێشت کەس بە وان دەران گوزەربکا.. وەک دەیانگۆت کارمەندانی بەشی ئاورکوژاندنەوەی نێوچەکە لەگەڵ ئەوەی زۆر بە گورجوگۆڵیی و بە باشیی کارەکەی خۆیان راپەڕاندبوو لیٚ نەیاتانیبوو ئاورەکە بەرزەفت بکەن! دیاربوو باڵەخانەکە سەرلەبەری سووتابوو و تەنیٚ پەیکەرە سەرەکییەکەی بە پێوە مابوو.. هەڵبەتە هۆکاری ئەو جۆرە سوتانەش بەو گەورەییە بە پلەی سەرەکیی پەیوەندیی بە پووڵپەرستیی ئەو خاوەن کۆمپانیایانەوە هەیە کە بیٚ لەبەرچاوگرتنی پاراستنی ئاسایشی ژیان بە سەتان کەسی هەژار و بێدەرەتان دەترنجێننە نێو ئەو باڵەخانانە یان راستتر بێژین نێو ئەو زیندانە تەسکوتریسکانەی نیشتەجێبوون کە لەسەر رووبەرەکی زۆر کەم دایاندەمەزرێنن و لە دروستکردنیان ئەو مادانەیان زۆر تێدا وەکاردەبەن کە تێچوونیان کەمە لیٚ زۆر بە خێرایی ئاوردەگرن و لەگەڵ بەرکەتنی گچکەترین پڕووشکە ئاور دەمودەست بڵێسەیان لیٚ بەرزدەبتەوە و بە هیچ تشتەک ناکوژێنەوە! واتە هەر کە باڵەخانەک لەوانە ئاوردەگری دەرفەتی دەربازبوون گەلەک ئەستەم دەبی و بە دەیان کەس گیانیان دەسپێرن و جەستەیان دەبتە قەرەبڕووت! هەرکووەک هەبوو ناوی ئامۆزامان بە پۆلیسەکان دا و زۆر لەگەڵیان خەریکبووین تا سەروسۆراغەکی بکەن لیٚ هیچ سوودی نەبوو و گۆتیان دەبی چاوەڕیٚ بین تا دەزگە پەیوەستدارەکان زانیاریی تەواو بڵاودەکەنەوە، هەموو ئەو زانیارییانەشی کە لە دەزگە میدیاییەکان بڵاوکرابوونەوە زۆر سەرەتایی بوون و لەوە پتر نەبوون کە دەمانزانین، بە درێژایی ئەو شەوە هەر لە پەیوەندیی و گەڕیاندا بووین تا سەرەداوەک وەدۆزین.. سەرجەمی هاوڕێیانی رێکخراوەکەمان بە تایبەتییش لەو وڵات و شارەی خۆمان مەگەر بە دەگمەن دەنا هەر هەموویان ئامۆزایان دەناسی کەچی هیچ کەسەکیان هیچ زانیارییەکی تازەیان لەسەری نەبوو! شەوەکی پڕ لە غەم و خەفەت و زۆر ناخۆش و ئازاربەخش بوو بە تایبەتییش کاتەک زانیمان دوو هاوڕێمان کە هاوسەری یەک بوون و پەیوەندییەکی زۆر خۆشیشیان لەتەک ئامۆزایێ هەیە نێزیکەی دوو مانگەک دەبی لە هەمان ئەو باڵەخەنە دەژین کە ئێستا سۆژیایە و ئەوانیش هەر بە هەمان شێوە هیچ دەنگوباسەکیان نییە، هەرچەندە گیانی ئامۆزا و ئەو دوو هاوڕێیە و هیچ کەسەکی مرۆڤپەروەر و ژینگەدۆست لە کنە من هیچ جوایەزییەکیان نەبوو لیٚ بە هۆی ئەوەی ئامۆزا کەسەکی زۆر تێکۆشەر و بلیمەت بوو و لە هەموو رووەکەوە زۆر نێزیک بوو لێم و گەلەکیش خۆشمدەویست لەنێوچوونی ئەو لە ئی هەر کەسەکی دیکە پتر ئازاری دەدام.. سروشتی مرۆڤ ئەوهایە کە روانگەکانی بڕیار لەسەر هەست و سۆزی دەدەن و هەر هێندەش وێڕادەگا پتر غەمخۆری کەسە خۆشتڤیی و نێزیکەکانی بی! بە کورتییەکەی بێجگە لەوەی غەمی ئەو دوو هاوڕێیەشی

**هاتەسەرێ وەهامان لێکداوە کە هەبی و نەبی ئامۆزا لە کاتی ئەو کارەساتە لە ماڵی وان بووە.. ئیدی گومانەکەمان پتر لێببووە راستییەکی بەرجەستە و خەریکبوو بە تەواویی هومێدبڕ ببین لەوەی کە لە ژیاندا مابی..**

**تا سبەینەکەی و پێش نیوڕانێ ماڵەکەی من و ئی هەندەک لە هاوڕێیە زۆر نێزیکەکانی ئامۆزایێ وەک هۆڵی پرسەگێڕانیان لێهاتبوو.. لەپڕ دەنگوباسی کارەساتەکە لە تەلەفزیۆن تازەکراوە و بەو زانیارییە گورچکبڕانە هەموومانیان تاساند 'دوو سەت و یازدە کەس ئاوریان تێبەربووە و لەوانەش سەت و شێست و هەشت کەسیان گیانیان لەدەستدایە.. تا سبەینێ کاتژمێر یازدەی پێش نیوڕانێ زانیاریی تەواو دەربارەی ناوەکان لەبەردەستدا دەبی و ئامادەکاریی پێویست ئەنجامدەدرێ.. هەر کەسەک دەتانی سۆراغی کەسوکار یان هاوڕێیانی خۆی لە دامودەزگە پەیوەندیدارەکان وەربگری'. بە هەر حەژمەت و دەردەسەرییەک هەبوو ئەو رۆژەمان تێپەڕاند و سبەینەکەی رێک لەو کاتەی دەستنیشانکرابوو بە ترس و نیگەرانییەکی زۆرەوە خۆمان گەیاندە ئەو فەرمانگەی هەموو ناوەکانیان لە تابلۆیەک نووسیبوو و لە لادیوارەک دایانچەقاندبوو؛ بە هەناسەبڕکێ و دەست لەسەر دڵەوە زۆر بە هووردیی تەمەشای یەک بە یەکی هەموو ناوەکانی هەردوو لیستی مردییەکان و بریندارەکانمان کرد لێ نە ناوی ئامۆزامان پەیدۆزکرد نە ناوەکانی دوو هاوڕێیەکەی دیکەمان!! دیسان لۆ دڵنیابوونەوە دوو جاری دیکە بەسەر ناوەکاندا چووینەوە لێ هەر هەمان ئەنجام دەرچوو، لەگەڵ ئەوەی خەریکبوو لە حەژمەتی گیانبەخشینی ئەو هەموو کەسە کە لە خوتوخۆڕایی بوونە پێخۆری بازاڕی ئازادی سەرمایەداران دڵمان لە سینەمان بێنەدەرێ لێ شادمانییەکیش بە هۆی نەبوونی ناوی هاوڕێیانمان لە هەردوو لیستەکە دڵ و دەروونمانی داگرتبوو! چەند سەیرە تەنێ بە هۆی ئاستی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکدی جوایەزیی لە نێوان گیانی مرۆڤەکان دەکرێ! داخۆ کەنگێ مرۆڤایەتی لەو جۆرە تێڕوانین و بەرخوردە جوداکارییانە رزگاردەبی! هەرکووەک هەبوو ئەو وشە نەفرەتییانەی وەک 'خەستەخانە.. بەشی شکان.. بزربوون.. بێ سۆراغیی.. باڵەخانە.. گڕتێبەربوون.. کارەسات.. مردن.. سوتان... بە جۆرەک گێژ و وڕ و شەپرێویان کردبووین نەماندەزانی لە کێندەر و لە چ بارودۆخەک داین و بە چ شێوە و شێوازەک کات دەگوزەرێنین.. لە یەک کاتدا فرمێسکی غەم و شادییمان پێکەوە دادەباراندن! پاش ئەوەی فەرمانبەرەکانی ئەوێ بە تەواویی دڵنیایان کردینەوە کە بێجگە لەو ٢١١ کەسە هیچ کەسەکی دیکە زیانی پێنەگەیشتیە و هەموو ئەوانی دیکە بێ هیچ زیان و کێشە و گرفتەک دەرباز بوونە.. غەمی لەدەستچوونی ئامۆزا و دوو هاوڕێیەکەی دیکەمان نەما لێ غەم و خەفەتی بێ سۆراغیی ئامۆزایێ لە نۆژەنڕا دەستپێکردەوە.. هەر لەو ماوە کەمەدا سەرجەمی هاوڕێیان لە تێکڕای وڵاتان بە بزربوونەکەیان زانی و وەک ماتەمگێڕانەکی سەرتاسەریی لێهات لە کنیان.. هەر لێرەشەوە بە دیتنی ئەو هەموو پەرۆشییەیان لۆ ئامۆزایێ گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە هیچ مرۆڤەکی ئازادییخواز و مرۆڤدۆست لەو جیهانە لە توانایدا نییە ئامۆزایێ بناسی و زۆر خۆشینەوێ! ئەوەش خۆبەخۆ قسەی ئەو هاوڕێیەمی بە تەواویی و بە کردەیی لە کنە من پشتڕاستکردەوە کە بەر لەوەی لەگەڵ ئاموزایێ بە یەکدیمان بناسێنی گۆتی 'ئامۆزا سەرکردەی نێو گەلە نەک ئی نێو گەڵ و گەندەڵیی و تشتی لەو بابەتانە'! پاش چەند رۆژەک زانیمانەوە دوو هاوڕێیەکەی دیکەمان پێنج رۆژ پێش کارەساتەکە لە گەشتدا بوونە لە دەرێی وڵات.. ئەوەش هەرچەندە زۆر ئاسوودەی کردین لێ برینی بێ سۆراغیی ئامۆزاشی پتر کولاندینەوە.**

لە تەمەنی خۆمدا زۆر هاوڕێ و خزمی نێزیک و گەلەک خۆشەویستم بێسەروشوێن ببوون لێ هیچیان وەک ئەوەیان پڕ ئازار و بە سفتوسۆ نەبوو! زۆر خراپ هەژاندبوومی.. پێموەبوو لە هەموو هاوڕێیان پتر کاردانەوەی نەرێنیی لەسەر من هەبوو.. نا هەرگیز ئەوە کەمکردنەوە نەبوو لەو حەمکە خۆشەویستیی و پەرۆشییە ئێکجار زۆرەی کە هاوڕێیان هەیانبوو لە بەرانبەر ئامۆزایێ چون ئەمن بەو چاوانەی خۆم دیتم کوو ناخیان تەژیی ببوو لە ژان و کوو لۆی هەڵدەقرچان.. لێ هێشتا هەر وەهام هەستدەکرد ئەگەر غەم و خەفەتی هەر هەموو هاوڕێیە نێزیکەکانی وی وەک 'کڵاوقوت و کوریکەسۆر و مامۆستای مۆسیقاژەن و خوشکێ و بابی کیژە تاقانەکە و خوچەخان و هاوڕێیە نایابەکە و کیژە پلکە خوێنشیرینەکە و ڕەنجەڕۆ و کیژە تاوس ئاسایەکە و دادە کوڕانیی و... ئەوانیدی' خڕکرابانەوە سەر یەک و ئی سەرجەم هاوڕێیانی دیکەی ڕێکخراوەکەشمانی بخرابانە بانی هێشتا هێندەی نیوەی غەم و خەفەتی من نەدەبوو! ئاخر ئەمن لە هەموویان باشتر لە ئامۆزایێ تێگەیشتبووم.. بەس ئەمن بە تەواویی دەمزانی چی کردیە و گەرای چ جۆرە بەرخۆدان و ڕابوونەکی لە مەژییمان دانایە و مەشخەڵی چ شۆڕشەکی لە نێو ناخمان داگیرساندیە! لێ هەرگیز ئەوە لە من نەدەوەشاوە لە پەسن و پەرستن و پیرۆزیی هەڵبکێشم و وەک ئەوەی دیندارە مەژیی وێستاوەکان دەیکەن کە لە پێناو گەیشتن بە 'بەهەشت!'ە ئەندێشەبازییەکەیان تێکڕای مرۆڤەکان دادەڕووخێنن و تەنێ تاقە کەسەک بە هەموو تشتەکی خۆیان دەزانن و دەیپەرستن.. ئەمنیش تەنێ ئامۆزایێ بە پێشەنگی خۆم بزانم و ناوەکی پڕوپووچی ئەفسانەیی بخەمە پاڵی و ئەو حەمکە جوانییە بەرجەستانەی لێدابتەکێنم کە هەیبوون! یان وەک ئەو سەرلێشێوایانەی گوایە پێشان خاوەن ئایدیۆلۆژیا بوونە و ئێستا ئازاد و سەربەست بوونە و بە باشیی لەوە تێگەیشتینە کە پێویستە بەرانگژی هەر ئایدیۆلۆژیایەک ببنەوە! ئیدی لە ژێر پەرچەمی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و تاکگەرایی و ناتوندوتیژیی و ئاشتیخوازیی و تشتی ڕووکەش و پڕوپووچی لەو بابەتانە نەرمە نەرمە باوەشێنی ڕووی بێزەوەری بوونگەرایی و لیبرالیزم دەکەن.. جا کە بە ناو بیرمەندەکیان دووچاری گرفتەک تەنانەت تووشی نەرمە کۆخە یان پەسیوەک دەبی بە ناوی ئەوەی کە گوایە ئەوان زۆر مرۆپەروەر و نەرمونیان و تەڕوبڕن و هەر هەست و سۆزیان لەبەردەڕژێتەوە سەرجەمی میدیایەکانیان لەو بارەوە بە بابەتگەلەکی چرووکی ئەکادیمیایی و پڕ لە درۆ دەرپەڕاندن و ساختەچیەتی و خۆدەرخستن پڕدەکەنەوە.. بە کورتییەکەی فیلمەکی وەها چێدەکەن هیچ دەرهێنەرەکی مەژیی پووچ - کە تەنێ لە پێناو پەیداکردنی پترین بینەر بەرهەمەکەی پڕاوپڕ دەکا لە گرتە و دیمەنی سەرنجڕاکێش و کارەستئامێز - بە تۆزی پێیان نەگا! ئەووەش هەمووی لە پێناو ئەوەی پێشانیبدەن کە گوایە زۆر غەمبار و پەرێشانن لۆ بیرمەندەکەیان.. ئەگەر دەرفەتیشی تێدا هەبی و لۆیان بلوێ ئەوە هێندە پەسن و ستایشی دەکەن تا دەیگەیننە ئەو ئاستەی کە 'یزم و یست'ەکیش بخەنە پاڵ ناوەکەی! ئیدی ئەمنیش بێم بە هەمان شێوەی ئەوان بەرخورد بکەم و 'یزم و یست'ەک بە ناوی ئامۆزایێ بلکێنم و هەر چار پەلی لە قوونی خۆی بنێم و فڕێبدەمە سەر گوفەکی مێژووی فەرهەنگ و بیرمەندیی.. ئەو مێژووەی کە تەنێ ملهوڕە بە ڕووکەش نەرمونیانەکان بە هاریکاریی سازشکار و هەڵپەرستەکان دەینووسن و دەرخواردی کۆیلەکانی سەردەمی دەدەن تا درێژە بە کۆیلەگەرییە تازە بابەتەکەیان بدەن! نا هەرگیز نا.. نە ئەمن پێویستم بە دروستکردنی کەسی وەها ناجۆر و بەدڕەفتار هەبوو تا نێرگزییانە لە پێناو خولیایە خۆپەرستییەکان کاتی خۆم وەفیڕۆ بدەم.. نە ئامۆزاش پێویستی بەو جۆرە بەرخوردە نابەجێ و بێفەڕانە هەبوو تا پێیانەوە خۆی لە مرۆڤایەتی دابشۆری، خۆ ئەوە ڕاستە ئامۆزاش وەک هەر کەسەکی دیکە لە نێو ئەو بارودۆخە زۆر نالەبارە دژەمرۆییە چاوی هەڵهێنابوو و فرازیی ببوو کە 'دەسەڵات - سەرمایە'

لەمێژە بە پێی بەرژەوەندییە چاوچنۆکییەکانی ٪١ی خەڵک دایانسەپاندیە.. لێ زۆر جاریش گەشترین و جوانترین و بۆنخۆشترین گوڵ لە نێو بەردەڵانە زۆر رەق و هیشکوبرینگەکان سەردەردەکا و دەرسکێ.. دە ئەویش تشتەکی لەو بابەتانە بوو.. هەرگیز نەیدەتانی لە بەرانبەر هیچ بارودۆخەکی خراپ و داپلۆسێەر خۆی دابچەمێنی و داکۆکیی لە بوونە بنچینەیی و راستەقینەکەی مرۆڤ و مافەکانی نەکا و سەرەنجام لەمپەر و ئاریشەکانی ژیان بەرپێبگرن و سەرانگریی بکەن.. واتە ئەو وەک زۆرینەی زۆر و زلۆر نەبوو تا بە ناوی ماف و ئازادییەکانی تاک و تاکگەرایی ئاسوودەییەکانی خۆی لە هەڵپە و پەلەکوتەی وەدەستهینانی ژیان و گوزەرانی کۆیلەییدا ببینتەوە.

یەک هەفتە پاش بێسەروشوێنبوونی ئامۆزایێ کوریکەسۆر لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا گۆتی:

- دوونێ لە خەستەخانەکە پەیوەندییان پێوەکردم کە بچم کەلوپەل و شمەکەکانی ئامۆزایێ وەربگرمەوە.. ئەمنیش دانی هێوارەکەی خۆم گەیاندە ئەوێ و بێجگە لە تشتەکانی کە کۆمەڵە پەرتووکەکی زۆر چاک و نایابیان تێدا بوون دوا راپۆرتی دکتۆرەکانیشیم لێوەرگرتن، جا تکایە هەر کاتەک دەرفەتت دەبی وەرە سەردانەکم بکە تا ئەو کاغەز و نووسینانەیت رادەست بکەم کە لە خەستەخانەکە لە کنی بوون.. هەڵبەتە ئەوەش لەسەر راسپاردەی خۆی کە جارەکیان لەو دواییانە لە خەستەخانەکە خەریکی رێکخستنی کاغەزەکانی بووم - خۆت دەیزانی یەک باولی پڕاوپڕە - پێمگۆت: "با هەندەک لەو کاغەزانە کە لێرە پێویستت پێیان نییە بیانبەمەوە ماڵێ" لە وەڵامدا گۆتی: "نا نا لێیانگەڕێ خۆتیان پێوە ماندیی مەکە.. ئەوانە هەمووی پەیوەستن بە خوارزایە خۆشەویستەکەم.. دوایێ دەدەمە وی".

ئیدی هەر بە پەلە خۆم گەیاندە کوریکەسۆرێ.. ماوەکی باش لە کنی دانیشتم.. باسەکانمان هەمووی هەر دەربارەی ئامۆزا و دیارنەمانەکەی بوو، بەر لە بەجێیهێشتنی وەک ئەوەی بۆنی ئامۆزایێ بە منەوە بکا باوەشەکی توند توندی تێوەرهینام.. هاوکاتی ئەوەی رووەمەتی بە رووەمەتم وەنوساندبوو لەگەڵ هەناسەدانەوەی نەرمە نارەنارەکی سێکسییانەشی لێوەدەهات.. ماوەکی چاک هەر لە باوەشی بووم و بەرینەدەدام.. زۆرم پێ سەیر بوو.. ئاخر کەس نییە نەزانی لەباوەشگرتنی نێوان دوو هاوڕێ لە چەند چرکەک پتر ناخایەنی.. خۆ ئەوە راستە کە ئەمن کەسەکی هێندە سێکسیی و ئارەزووباز نیم لێ هێشتا ئەوە زۆر قورس بوو لۆ من بتانم لەوە پتر خۆم لە نێو باوەشی ژنەکی ئەوها جوان و تەڕوبڕ رابگرم و ئارەزووشم نەورژێ.. لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوە بوو ئەو ژنە خۆشەویستی نزیکترین هاوڕێم بی و ئەو هاوڕێیەش تەنێ یەک هەفتە پێشترێ لە هیکەوە لە هەردووکمان گوم بووبی و هیچ سۆراغەکیشی نەبی.. دەوجا وەر شێت و هار مەبە! هەرکووەک هەبوو خراپ لێی بە گومان کەتم و بە نیازی ئەوەش کە خۆم لەبەردەستی قوتاربکەم تەکانەکم لۆ دوایێ دا و ئیدی ئەویش ناچارما دەستبەرد‌رام ببی.. پاش ئەوەی هەناسەکی ساردی هەڵکێشا وەک ئەوەی تشتەکی زۆر گرنگ و بە نرخی لەدەستچووبی بە هانەسەسوارییەوە گۆتی: "ئەمن دەزانم ئەتوو لە نێو هەموو هاوڕێیە پیاوەکان نێزکترین و دڵسۆزترین کەسی ئامۆزای لێ تکایە ئەو کاغەز و بەڵگەنامانە زۆر بە جوانیی بپارێزە تا سەروسۆراغەکی پەیدادەبی"، هاوکاتی ئەوەی باوڵە کاغەزەکەی وێدام بە ناوی ئەوەی گوایە وەرێمدەکا دەرفەتی خۆی وەرگرت و برووسکە ئاسا دوو ماچانی خیواندە سەر کوڵمانم! هەر زۆر زۆر پێی تێکچووم.. ئەمن بە باوەشلێدانێ تەنگاو ببووم کەچی ماچیشی هاتە بان.. ئیدی لە هندورێ خۆمدا گۆتم با تشتی دیکەشی وەدووودا نەیێ.. هەر بە پڕەپڕ دەرکەکەم کردەوە و تێمتەقاند!

ئەو باوڵە کاغەزە شێوازی ژیانی ڕۆژانەمی سەراوبن کرد.. یەک مانگی ڕێک لە ماڵێ دەرنەچووم مەگەر جاروبارەک ئەویش لۆ کڕینی خواردەمەنیی و هەندەک کاری زۆر پێویستی ڕێکخراوەیی، بێجگە لەوەی ڕۆژانە یەک دوو کاتژمێر بە تەلەفۆن و بە ئیمەیل خەریکی سۆراغکردنی ئامۆزایێ دەبووم.. تێکڕای کاتەکانی دیکەم هەر سەرقاڵی بەراوردکردنی دەقی ئەو چیرۆک و سەرهات و سەربردانە بووم کە لە زاری ئامۆزایێ وەرمگرتبوون و دامڕشتبوون لەگەڵ ئەو دەقانەی کە ئامۆزا بەر لە گێڕانەوەی هەر یەکەکیان لەسەر کاغەز وەک ڕەشنووس نووسیبوونی و لە نێو باوڵەکە پاراستبوونی، لە ڕاستییدا ئەو بەراوردکردنە سوودەکی ئێکجار زۆری پێگەیاندم لۆ چاککردن و پوختکردنیان.. واتە پێداچوونەوە و پاکنووسکردنەکی وەهای لێدەرچوو کە دڵنیابم ئیدی لە هیچ ڕووەکەوە هیچ کەموکوڕییەکیان نەمایە، هەڵبەتە ئەمن گیانی ئامۆزایێ بە هیچ تشتەک لەو جیهانە ناگۆڕمەوە لێ لە ڕاستییدا بەو پاکنووسکردنەی دەقەکان هەر وەهام هەستدەکرد کە گیان و هزر و ڕامان و کردار و سەرلەبەری بوونی ئامۆزاییم پاکنووس کردیە.. هەرچەندە لێدوان لە لەنێوچوونی ئامۆزایێ ئەگەر تەنانەت بە گریمانەش بی دڵ و دەروونم هەڵدەتەکێنێ لێ ئیدی ئەو تەمەنەکی هەیە ئەگەر ئێستاش وەک جەستە کۆتایی پێنەهاتبی ئەوە ئەوپەڕەکەی هەر چەند دەیەکی دیکە دەژی.. لێ ئەمن بەو کارەم و کارەکی دیکەم کە بڕیارە لەجیاتی وی بینووسم ئەویش بیرەوەرییەکانیەتی دەتانم بوونی ئەو و تێکڕای دەستکەوتە مەزنەکانی ڕێک وەک خۆیان بخەمە بەردەستی نەوە تازەکان کە دڵنیام دەتانن وەک بەنرخترین و پڕ بەهاترین گەنجینەی ژیان و تێکۆشان زۆر زۆر سوودی لێببینن.

تا دەهات پتر لە پەیدۆزکردنی ئامۆزایێ بێ هومێد دەبووم و تا ڕادەکی زۆریش دەستم لەوە شۆشتبوو کە لە ژیاندا مابی.. هیچ کەس و جێیەک نەمابوو پەنای لۆ نەبەم.. تەنانەت وەک دەبێژن 'پێویستیی وەتلێدەکا سەر بە ماڵی دوژمنیشدا بکەی!' واتە لە پێناو سادەترین زانیاریی پارێزییمان لە پرسیارکردن لەو کەس و لایەنانەش نەدەکرد کە ڕکیان لە نێوچاونمان دەبۆوە و ڕاستەوخۆ دوژمنایەتییان دەکردین! هەر بە قسە خۆشە نێزیکترین هاوڕێت بنبزر و سوڕگوم ببی و ئەو هاوڕێیەش نەخشی سەرەکیی هەبی لە چێکردن و هەڵسووڕاندنی بەرفرەترین ڕێکخراو کە لە پێناو ژیان و گوزەرانەکی باشتر و وەدەستهێنانی زۆرترین ئازادیی و سەرجەم ئازادییەکانی دەربڕین و خۆدەربڕین قرتقرتۆکی دەسەڵاتداران و پارتییەکانی گرتبی.. سەرەڕای ئەوەش دەستەکی هونەریی باڵاشی هەبی لە کاری وێژەیی بەتایبەتییش لە داڕشتن و گێڕانەوەی چیرۆک و سەرهاتان کە ئەمن وەک خۆم بێجگە لە چێژوەرگرتن گەلەک سوودی دیکەشم لێوەرگرتبوون، ئیدی هاوکاتی ئەوەی بە تێپەڕبوونی سی و هەشت ڕۆژ بەسەر بێسەروشوێنبوونیدا بێ هیواییم لە پەیدۆزکردنی تا ئاستی ژێر سفر دابەزیبوو.. بە لێبوونەوەشم لە پاکنووسکردنەوەی دەقەکان یەک درۆپە وزە و گەرموگوڕییم تێدا نەمابوو و بە تەواویی دایچۆڕاندبووم واتە - لەگەڵ ئەوەی کارە ڕێکخراوەییەکانم وەک خۆیان و باشتریش جێبەجێدەکرد - وەهام هەستدەکرد تەنێ یەک پارچە بۆشایی ئێسک قورسم و بە بێ ئامانج بەسەر زەویدا دێم و دەچم و ناتانم هیچ کارەک بە قازانجی وی ئەنجامبدەم!

هەرگیز لە ژیانی خۆمدا لە بارودۆخی ئەوها نالەبار و ناهەموار هیچ بڕیارەکم نەدایە.. ئاخر کە تێهزرین و ڕامان لە مەژییت یاخیی دەبن ئیدی بڕیاردان وەک ئەندێشە نەزۆکەکانی فەیلەسووفانی لێدێ و هەر دەبی بێژی 'ئەو نانە بەو دۆشاوەی'! لەبەرهەندێ نەمدەتانی بڕیار لەسەر هیچ تشتەک بدەم واتە هیچ نەخشە و بەرنامەکم نەبوو تەنانەت نەمدەزانی پاش چەند کاتژمێرەکی دیکە چ دەکەم یان دەبی چ بکەم! کات هات و

کات ڕۆیی تا ڕۆژەکیان لە کۆبوونەوەکی سەراسەریی ڕێکخراوەکەمان لەسەر ئاستی سەرجەم وڵاتان کە خۆم و کڵاوقوت و دادە کوڕانیی وەک نوێنەرانی ئێرە بەشدارییمان تێیدا کرد و سێ ڕۆژی خایەند.. لە ڕۆژی دووەم و لە کاتی پشییدانی نێوان دوو کۆبوونەوەدا هەندەک هاوڕێ زۆر بە گرنگیی و بە ڕاشکاوییەوە پێیانگۆتم:

- هاوڕێ گیان.. ئێستا ئەتوو زۆر پتر لە پێویست و خۆکوژییانە خۆت ماندیی و شەکەت دەکەی.. دڵنیابە ئەگەر هەر ئەوهای بدەیە دوێ ئەوە پاش ماوەکی دیکە یان ئەوەتە تووشی جۆرەک لە نەخۆشیی دەروونیی دەبی و پەکتدەخا یان ئەوەتە هێندە بێزار و وەڕس دەبی وەتلێدێ دوژمنت دەبتە کار و چالاکیی ڕێکخراوەیی.. جا تکایە گرنگیی بە تەندروستیی و ژیانی خۆت بدە.. با وەک ئامۆزاییێت بەسەرنەیێ.. ئێستاش زۆرەک لە هاوڕێیان پێیانوەیە یەکەک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی بێسەروشوێنبوونی وی ئەوەیە کە هەمیشە زۆر بە ڕاشکاویی و خۆنەویستانە (وەک ئێستای توو) خۆی ماندیی دەکرد.. ئیدی بەوەش تووشی شلەژانی باری دەروونیی بووە و سەرەنجام دوژمنان دەرفەتی خۆیان وەرگرتیە و بەو دەردەیان بردیە![1].

هەر بە سەرنجدانەکی سەرپێیانە لە جوولە و کارەکانم دانمپێدانا؛ ئەرێ ئەوان ڕاستدەکەن کە وا ئەمن بێ هیچ بڕیاردانەک زۆر بە گەرموگوڕییەوە سەرقاڵی کار و چالاکییە ڕێکخراوەییەکانم.. وەک پشترێ نا کە ڕۆژانە چەند کاتژمێرەکم تەرخانکردبوو بەڵکە (وەک هاوڕێ ڕۆژهەڵاتیی گوتەنی) لە ٢٤ کاتژمێر ٢٥ کاتژمێر هەر خەریکبووم.. بە جۆرەک کە دار و بەرد ڕابوەستابا ئەمن ڕانەدەوەستام! لەگەڵ ئەوەشدا نەمتانی گرنگییەکی ئەوتۆ بە ئامۆژگارییەکەیان بدەم چون لە لایەک بۆنی هۆشداریی لێدەهات.. لە لایەکی دیکەش وەک مەتەڵ گۆتن و مەتەڵ هەڵهێنان دەهاتە بەرچاوانم.. هەڵبەتە خودی مەتەڵێش سەرەڕای ئەوەی هەمیشە لە بەهای پرسیاری ڕۆشن و ڕاشکاوانە بە تایبەتییش پرسیارە بەجێیەکان کەمدەکاتەوە بێجگە لە کاتکوشتن هیچ پێناسەکی دیکەی لە کنە من نییە.. بە پێچەوانەشەوە ئەوەیانم زۆر پێم باش و گرنگ بوو کە بێ هەبوونی هیچ نەخشە و بڕیارەک ئەوها بە چڕوپڕیی خزایمە نێو کار و چالاکیی و وەک ئامۆزاییێش خۆ ماندیی دەکەم و شان لە شانی وی دەدەم.. جا چ لەوە خۆشتر و ئاسوودەبەخشتر هەبوو لە کنە من! هەر خودی ئەوەش وەیلێکردم دیسان وردە وردە لە تشتەکان بهزرم و وەک جاران بگەڕێمەوە سەر هێڵی بیرکردنەوە و بڕیاردان.. سەرەنجام نەخشەی دوو بڕیارانم لەو بارەوە لە کن گەڵاڵە بوون؛ یەکەکیان لەسەر کاری ڕێکخراوەیی و ئەویدیکەشیان لەسەر چارەنووسی ئامۆزایێ:

سەبارەت بەوەی یەکەمیان هەر زۆر هاسان بوو چون وەک پێشترێ ئامارەم پێیدا ئەمن هەر لە پاش پاکنووسکردنەوەی دەقەکانەوە هەر خۆبەخۆ و بێ هیچ نەخشە و ئامادەکارییەک زۆر بە چڕیی خەریکی کارە ڕێکخراوەییەکان بووم.. واتە ڕێک وەک ئەوەی خۆم دەمویست بە تەواویی کەتبووە واری جێبەجێکردن و تەنێ بڕیاردانەکەی کەم بوو.. بێ هچ دوودڵییەک بڕیارەکەشم دا، لێ ئەوەی دووەمیان گەلەک قورس و پڕ گرێوگۆڵ بوو.. بە ڕاستیی زۆر سەختە سەبارەت بە کەسەک خەریکی تشتەکی زۆر گرنگ بی و کەسەکەش بێسەروشوێن بی.. خۆ پێشترێ هێندەی لەدەستمدەهات و دەرفەتی تێدا هەبوو بە هیچ جۆرەک درێخیی نەکردبوو لە سۆراغکردنی لێ هیچ ئاکامەکی نەبوو تەنانەت گچکەترین سەرەداویشم وەدەستنەکەتبوو.. مەزندە و پێشبینیی زۆر هەبوون لەسەر هۆکارەکان و جۆری بزبوونەکەی و سووچبارکردنی ئەو کەس و لایەنانەی گوایە لە پشتیەوە بوون لێ هەمووی هەر گومانی بێ بنچینە بوون و خۆخەریککردن پێیانەوە هیچ سوودەکی نەبوو واتە لە کاتکوشتن پتر بترازێ هیچی دیکەت لێنەدەچنیەوە.. لەبەرهەندێ ئەوانەم هەمووی وەلاخستن و زۆر بە چڕیی

بیرم لە تشتی تازە و بەجێ دەکردەوە.. دەمویست تشتەک بکەم کە دەرەقەتی بێم و دەرفەتی جێبەجێبوونی تێدابێ. پاش چەند ڕۆژەک گەیشتمە ئەو بڕیارەی باشترین تشتەک کە پێویستە ئەمن لە پێناو ئامۆزایێ ئەنجامیبدەم هەر ئەوەیە بتانم (هاوکاتی درێژەدان بە سۆراغکردنی) سەرجەمی توانایەکانی خۆم و هاوڕێیانیشم بە خێراییترین و ڕاشکاوانەترین و باشترین شێوە لە پێناو وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی بخەمەگەڕ کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناویاندا تەرخانکربوو، واتە ئەو بڕیارەشم هەر هەمان نێوەرۆکی بڕیاری یەکەمی وەرگرت کە کارکردنم بوو لە پێناو ڕێکخراوەکەمان چون ئامانجەکانی ئەویش هەمووی هەر لە نێو ئەو ئامانجانەدا بوون کە ڕێکخراوەکەمان لە نێو کارنامەکەیدا پەسندیکردبوون.. لێ بە تێڕوانینی خۆم وەهام بە پێویست دەزانی زۆرترین کات لە پێناو وەدیهێنانی دووان لەو ئامانجانە تەرخانبکەم کە ئەمن دەمزانی چەقی قورسایی خەباتی وی بوون ئەوانیش؛ 'پووچکردنەوەی پارتی و پارتیایەتی و هەر جۆرە ڕێکخراوبوونەکی بانفەرمایی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و دوورخستنەوەی جەماوەر لێیان' و 'فەراهەمکردن و بەرجەستەکردنی تێکڕای ئازادییەکانی دەربڕین لە سادەترینیانەوە کە ئازادیی جلپۆشین و ئاریشت و جوانکاریی جەستەیە تا بەرفراوترین پانتاییەکانی کە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و میدیایە'، هەر لە چارچێوەی ئەو بڕیارەشمدا زۆر بە چڕیی ڕۆچوومە نێو بیرکرنەوە لە ئەگەری (پەیدابوونەوە) و ئەگەری (لەنێوچوون)ی ئامۆزایێ؛ هەڵبەتە لە ئەگەری پەیدابوونەوەی بێجگە لەوەی بە گەیشتنم بەو ئاواتە گەورە بە جۆرەک شادمان و ئاسوودە دەبووم کە هەرگیز پێشترێ بە خۆمەوەم نەدیتبێ.. ڕێکخراوەکەشمان نەک هەر گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بە خۆوە دەبینی بەڵکە وەرگۆڕانەکی بنەڕەتییشی بەسەرردادەهات و زۆر بە خێرایی لە وەدیهێنانی سەرجەم ئامانجەکانی نێزیکتر دەبووینەوە. هەرچەندە تەنێ بیرکردنەوە لە ئەگەری لەنێوچوونی دڵ و دەروونی منی وەک باراشی نێوان دوو بەرداشان دەهاڕی لێ هەر دەبووایە ئامادەیی ئەوەم تێدا هەبێ بتانم خۆمی لەبەر ڕابگرم چون شیمانەی ئەوها هێشتا لە نێو کاری ڕامیاریی ئاساییە و زۆر جاران پێویستت بەوە دەبێ یەک دڵی ئاسنینت هەبێ.. هەرکووەک هەبوو هەستمدەکرد بە ڕوودانی ئەو ئەگەرە پشتی خۆم و سەرجەم هاوڕێیان و ڕێکخراوەکەشمان گردەبڕ دەشکێ و هەرگیز بە هاسانیی لە بنی دەرناچین واتە ماوەکی درێژ وماندیبوونەکی زۆر زۆری دەوێ تا دەتانین قەرەبووی ئەو کۆستە و دەرەنجامە چاوەڕوانکرایەکەی بکەینەوە و بەسەر پێی خۆمان بکەوینەوە.. لەبەرهەندێ بە باشم زانی با وەک گریمانە بەرخورد لەگەڵ پێشهاتەکی لەو جۆرە بکەین کە ڕوودەدا و پێویستە زووتر خۆ لەسەر بەرپەرچدانەوەی ڕابهێنین.. واتە ئەگەر ڕۆژەک لە ڕۆژان مەرگی ئامۆزایێ بەرببینگی پێگرتین تووشی دۆشدامان و دەستەپاچەیی نەبین بەڵکە ئامادەیی ئەوەمان تێدا هەبێ نەهێڵین هەژموونی دابونەریتە پاشدامایە کۆمەڵایەتییەکان و سرووتە کەونەپەرستییە دینییەکان بەسەرماندا زاڵ ببن و بە پێی فەرهەنگی کەتوارە باوە بێزەوەرەکە دەست بە شینوشەپۆڕان بکەین.. بە هۆنینەوەی درۆدەلەسان پەسن و ستیایشی بکەین.. نزا و پاڕانەوەی لەسەر بخوێنین و گیان و تەرم و گۆڕەکەی پیرۆز بکەین...، ئاخر کە کەسەک جەستەی جوولەی لەبەردەبڕێ واتە گیانی لەنێودەچی و نامینێ ئیدی گەمژەییەکی چەند گەورۆنەیە بێژین 'گیانی شاد بی'! خۆ ئامۆزا هەرگیز بڕوای بە بوونی خودا و بەهەشت و هیچ دەستەواژەکی ئەفسانەیی و بێ کەلکی لەو بابەتانە نەبووە.. ئێ بە چ پێوانە و پێوەرەک ڕێبدەین کەسانەک بێژن 'خودا بیبەخشی و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکا'! ئاخر ئەوە هەر ڕێکوڕاست بێڕێزییکردن و دژایەتییەکی ڕاستەخۆیە بەرانبەر بە هزر و ڕامان و ئامانجەکانی وی.. بە کورتییەکەی بڕیارمدا کاتەک کە ئەو ئەگەرە ڕوودەدا بە گرتنبەری سێ ئەرکی بلەز قورسایی زیان و ئازارەکانی لەسەر خۆمان و ڕێکخراوەکەمان

کەمبکینەوە.. هاوکاتی ئەوەش نەهێڵین دوژمنان و ناحەزان پێی خۆش بن و سوودی لێوەربگرن بەڵکە بیکەینە هاندەر و هۆکارەکی دیکەی تێکۆشان لە پێناو قووڵکردنەوە و بەرجەستەکردنی بیروباوەڕە مرۆڤپەروەرییەکەمان و گەیشتن بە تێکڕای ئامانجەکانی خۆمان و ئامۆزایێ.. واتە:

• بە زووترین کات تەرمەکەی بێ شوشتن و بێ هیچ جۆرە داب و سرووتەکی دینیی و نەتەوەیی و میللیی و کەونەپارێزیی لە لایەن چەند هاوڕێ و کەسەکی نیزیکی خۆی زۆر بە سادەیی لە جێیەک بە بن زەوی بخرێ.. چونکێ کات کوشتن بە شوشتنی تەرم و داب و سرووتەکانی دیکەی بەخاکسپاردن هیچ پێوست نین و بێجگە لە هەندەک بەرژەوەندیی دژە مرۆییانەی چەند کەسەکی هەلپەرست و درۆزن و دابونەریتپارێز و دینیی هیچ سوودەک بە مردییەکە و کەسە نیزیک و دڵسۆزەکانی ناگەینی.. واتە کاری سادەی بەخاکسپاردن تەنێ چەند کەسەکی پێویستە.. نە خەرجییەکی ئەوتۆی دەوێ نە پێویستیشە خەڵکەکی زۆر خڕببنەوە و پێیەوە هەراسان بن.. هەروا تەرم بە بن زەوی خستنیش بە سادەیی لە هەموو جۆرەکانی دیکە باشتر و سروشتییترە.. ئاخر 'سوتاندن.. خستنە نێو دەریا.. خواردنی لە لایەن پەڕندان و گیاندارانی دیکە.. مۆمیاکردن و هەڵگرتنی یان هەر جۆرەکی دیکە' هەموویان زیانیان پترە لە قازانج.

• هیچ جۆرە پرسە و بۆنەکی فەرمیی و نافەرمیی لۆ دانەندرێ.. پرسەگرتن بێجگە لە زیانە مادییەکانی کەش و بارەکی زۆر غەمگین پڕ ئازار و بە سفتوسۆ چێدەکا و کاتەکی زۆری کەسوکار و هاوڕێیانی مردییەکە دەکوژێ.. سەرەڕای ئەوانەش دینداران و دابونەریتە داڕزایەکانی نێو کۆمەڵ بۆنەکە بە قازانجی خۆیان دەقۆزنەوە و لە دژی تێڕوانین و کار و کردەوەکانی ئەو خەڵکانە وەکاریدەبەن کە لە ژیانی خۆیان خاوەن بیروباوەڕ بوونە لە پێناو ماف و ئازادییە مرۆڤپەروەرییەکان لە کۆشاندا بوونە.. بە تایبەتییش کەسەکی وەک 'ئامۆزا' لە هەموو ژیانی خۆیدا هەر خەریکی بەرپەرچدانەوەی سەپاندنی سرووتە دینییەکان و هووردوخاشکردنی دابونەریتە بێ کەلک و زیانبەخشەکان بووە!

• هەر پارە و سامانەکی تایبەتیی خۆی کە لە پاشی بەجێدەمینێ نەدرێتە کەسوکار و هیچ هاوڕێیەکی بەڵکە هەمووی بکرێتە پڕۆژەکی وەها کە سوودی گشتیی تێدابی.. بەوەش؛ کەس ناتانی لەسەر رەنج و ماندیبوونی وی بژی و ببتە مشەخۆر.. ئەگەر لە پێشەڕۆژیش ئەوە ببتە دیاردە و سەربگری ئیدی هەر کەس بایی پێویستییەکانی ژیان و گوزەرانی رۆژانەی تەمەنی خۆی کار دەکا و لە پێناو پەیداکردنی پارە و سامانی پتر لە پێویست راکەڕاک و هەڵپە ناکا و قوونی خۆی بە کارکردن نادڕێنی.. ئەوەش زۆر بە سوودی گشتیی دەگەڕێتەوە و کاریگەرییەکی زۆری دەبی لەسەر بنەبڕکردنی بێکاریی و هەژاریی و بێ دەرەتانیی وەدەستهێنانی ئاسوودەییەکان!

هەر بە پەلە ئەو سێ ئەرکە سەختەم بە شێوەکی بەرنامەرێژ و وەک پێشنیار لەگەڵ کەس و هاوڕێیە نێزیکەکانی ئامۆزایێ خستنە بەر لێدوان و ساغکردنەوە و پەسندکردنیان.. باش بوو لە ماوەکی کەم هەموویان هاتنە رایێ بە تایبەتییش هاوڕێ کوریکەسۆر دەسپێشخەرییەکی باشی کرد و نەخشی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە بڕیاردان لەسەری.. هەرچەندە ئەو بە هۆی بەزمەکەی لەگەڵ هاوڕێ کلاوقوتێ نێوانی لەگەڵ ئامۆزایێ زۆر خۆش نەبوو و خەریکبوو پەیوەندییە ئەڤینداریيەکەیان بە بنبەست بگا لێ لە راستییدا وەک ژنەنەکی زۆر هۆشیار و ڤەکریی هەڵوێستەکی جوان و ئازایانەی نواند لەو رووەوە.. سەرەنجام پێشنیارەکەم بووە بڕیاری نێوکۆیی و هەمووان و خۆمان پابەستی جێبەجێکردنی کرد ئەگەر پێشهاتەکی لەو جۆرە رووبدا.

پاش چەند هەفتەک کە هەستم لە خۆم رادەگرت و بە هووردیی لە خۆم دەڕۆنی دەمدیت کارکردنم بەو شێوە راشکاوییە لەسەر بڕیارەکانم رەنگدانەوەکی ئەرێنیی و چاکی لەسەرم هەیە.. واتە لە کنە خۆم وەبوو باری دەروونییم تەواو ئارامە و زۆر هۆشمەندانە ئامانج دەپێکم؛ هەروەک ئەوەی پێشان زۆر جاران کە تووشی تەمومژەکی زۆر چڕ دەبووم و دەمویست تا چاو هەتەر دەکا پڕ بە قەوارەی دیدانم پێشی خۆم ببینم.. دەچووم لەسەر بەرزترین لووتکە چیا زۆر بە راشکاویی رادەمام و سەرەنجام هەر لە چارچێوەی ئەندێشەی خۆمدا لە پشت تەنکایی پارچە شەبەنگەکی رەنگ زێڕین و زەردپەڕ ئاسای نێوان دوو تیلمە تەمان ناوەناوە ئاسۆیەکی فرە فرە رۆشنم وەدیدەکرد! هەر رێک بە هەمان شێوە کاتەک لە سەروسۆراغی بێسەروشوێنبوونی ئامۆزایێ زۆر بە راشکاویی لە هزران رۆدەچووم یەکەک لە ئەگەرەکانی پەیدۆزکردنیم لە رێی هاوێنەی ئەندێشەکانم بە ئارەزووی خۆم هەر گەورە و گەورەتر دەکرد.. سەرەنجام ئامۆزام لێوەدەردەکەت و تا ئەو ئاستە لێم نێزیک دەبۆوە کە ئێستا نا ئێستا دەتانم لە باوەشی بگرم و لە خۆشییان خەنییببم! تەنانەت جار وەبوو خودی خۆم لێدەبووە ئامۆزا و کتومت وەکی وی بەرخوردم لە تەک هاوڕێیان دەکرد.. لێ زوو زووش سەرم زرمەی لە شاخە سەختەکە وەدەهینا! تا جارەکیشان کوریکەسۆر پێیگۆتم 'هەر ئەوەت مایە بێیەوە سەر ماڵێ و جێی ئامۆزاییێم لۆ بگریەوە'! ئەوە چەندەمین جار بوو ئەو کوریکەسۆرەی کە هەر بە راستیی لە جوانییدا کوریکەسۆرەک بوو لۆ خۆی چڕنۆکی ئارەزووەکانی لێم گیردەکرد لێ ئەمن هەر تەقەی سەرم دەهات و لەبەر ئامۆزایێ بەرم بە هیچ هیچەوە نەمابوو. هەرچەندە ئەوەم باش دەزانی نە ئامۆزا هیچ گفتار و رەفتارەکی خۆسەپێنەرانە و دیکتاتۆرییانەی هەبوو نە خۆشم ئی ئەوە بووم بمەوێ دیکتاتۆرەک لۆ خۆم و رێکخراوەکەمان چێبکەم.. لێ بە دەستە خۆم نەبوو کە هەر تشتەکی باش لە کنە من تەنێ واتای ئامۆزای دەگەیاند و هەر بابەتەکیش باسی وی تێدا نەبا بە لایدا نەدەرۆیشتم.. جا ئەوەشیان هیچ گرنگ نەبوو لە کنە من و هەر زۆر زۆرییش بە لامەوە ئاسایی بوو کە ئەوانەی باش ئەمنیان نەدەناسی بە کەسەکی کەسپەرستم بزانن چون لە دید و رامانی خۆم ئەو 'کەس' نەبوو تا دەرفەتی پەرستنی تێدا هەبی بەڵکە تەنێ یەک بارستەی کەڵەگەت بوو لە رۆشنایی و لە دوڕ چڕترین تاریکیی و شەوەزەنگدا دایسابوو! بە کورتییەکەی وەملیهاتبوو بیر و ئەندێشەم.. کار و چالاکییم.. خەو و خۆراکم.. هەستان و دانشتنم هەر هەمووی تێکڕا هەر ئامۆزا و هەر ئامۆزا بوو.. ئیدی دیسان جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە چار نییە و هەر دەبی زۆر بە راشکاویی بە ئاراستەی ئامانجەکان تەکان بدەم و لە چاوەڕوانیی پەیدابوونەوەی ئەودابم.. جا ئەوە چەند دەخایەنی و کەنگێ پێیاندەگەم ئەوەیان هیچ کێشە نەبوو.. گرنگ ئەوە بوو لە هەردوو رووەوە کۆششی بێ پسانەوەی خۆم دەکرد، خۆ ئەمن ئەوەم زۆر باش وەبیردەهات کە رۆژەکیان لە هەڵوێستەکم لە بەرانبەر ئامۆزایێ سوندم بە گۆڕی هاوڕێیە دێرینەکەی واتە 'پیاوە شەکرستانییەکە' خوارد کە ئیدی ئەمن هەرگیز نامەوێ بە دیداری 'خانمە چاو گەش و کشتەکەی نێو شەمەندەفەرەکە' بگەم.. لێ لە پاش بێسەروشوێنبوونەکەی چیدی ئەو هەڵوێست و سوندەم نەیدەخوارد و نەمدەتانی ئەو تێڕوانینەی وی فەرامۆش بکەم کە پێی باش بوو بچم ئەو خانمە ببینم و 'چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەیی' تاقیبکەمەوە.. لەبەرهەندێ سەرەنجام هەر لەبەر دڵی وی بڕیارمدا ئەوەش بکەم واتە بچم خۆم لەگەڵ ئەو خانمە چاو گەش و کشتەی نێو شەمەندەفەرەکە کە خاوەنی چیرۆکی 'یەکەمین دەرووی چێژ' بوو بگونجێنم و بە پێی پێویست بەرخوردی لەتەکدا بکەم...

* * *

ماوەکی چاک بوو زۆر بە چڕوپڕیی هاتوچۆی ئەو خانمە چاو گەش و کشتەی نێو شەمەندەفەرەکەم دەکرد، لە زۆربەی رووەکان گەلەک ئاسوودە بووم لەگەڵی.. بە کەسەکی زۆر راستگۆ و راشکاو و پاک دەهاتە بەرچاوان، هەر لە هەمان ئەو رێکخراوەی خۆشمان کاری دەکرد.. پێشتر چالاک نەبوو و ئەمن لە نێو کاری رێکخراوەیی هەر نەمدیتبوو لێ لەو دواییانە خەریکبوو وردە وردە قورسترین ئەرکەکانی دەگرتنە ئەستۆی خۆی.. رۆشنبیرییەکی گشتگیری هەبوو و لە هەر مژارەک کە لێیدەدواین ئەگەر زۆر بە کورتییش با یەک دوو قسەی بەجێی هەر دەکردن، لێ کە دەربارەی چیرۆک دەمدواند دیاربوو هیچ حەزی لێینەبوو و هەر دەمودەست بابەتەکەی بە لایەکی دیکەدا دەبرد.. نەمدەزانی ئەو رازە چیە و هەر خۆشم نەمدەخواست بە ئاکامەک بگەم کە نابەجێ بی یان مایەی شادمانییم نەبی چون هیچ بیانووەک لە کنە من نەیدەخوارد یان ئی ئەوە نەبوو چیرۆکنووسەک ئەوها لێبکا باسی چیرۆکی لە کن گرنگ نەبی! نا.. دەمزانی لەو رووەوە دەرووەستی نایێم و هەر سەریشم لێی دەرنەدەکرد. هەرکووەک هەبوو ئەگەر خواستی گەیشتنم بە بەشی دووەمی چیرۆکەکەی لێدەرکردبا و دەستبەرداری خولیای دیتنی چیرۆکی دیکەی بام ئەوە فرە فرە ئاسوودە بووم بە هاوڕێیەتییەکەی بە تایبەتییش کە لە چنینەوەی جوانییەکانی بەهرەدار ببووم و تا رادەکی باش ئەو بۆشاییانەی پڕکردبوونەوە کە لەو دواییانە لە ئەنجامی بێ دەربەستبوونم لە بەرانبەر هەستە نێرەوزییەکانم کەتبوونە جەستەی سۆز و ئارەزووەکانم و کورژیان کردبوونەوە.

ئەمن هەر خۆم زۆر بێ کات بووم کەچی کەسەکی وەک ئەو خانمەشی هاتەسەرێ کە سەرنجڕاکێشییەکەی کەسی بەرانبەری زۆر بە خۆیەوە خەریکدەکرد.. واتە ئەویش بە پێی خۆی سەرقاڵییەکەمی تۆختر کردبۆوە.. جا بە پتر دوورکەتنەوەشم لە سەرهات و چیرۆکان بە تایبەتییش بە درێژەکێشانی دابڕانم لەو تەرزە چیرۆکە تایبەتەی ئامۆزایێ کە هێشتا کەمی لێخستبووە بەردەستانم و زۆری لە هەگبەدا مابوو تا دەهات هەر بێ بارتر و پەرێشانتر دەبووم.. خەریکبوو کامم بە هەر چیرۆکەک دەکرد.. لەبەرهەندێ بە وەخۆداچوونەوەکی خێرا بڕیارمدا ئیدی گچکەترین دەرفەتی پەیدابوونی هیچ چیرۆکەکی تازە لەدەستنەدەم، هەر لە نێزیکەوە دەستمپێکرد؛ دیسان گرێناگەم لە بەشی دووەمی چیرۆکی "یەکەمین دەرووی چێژ"ی ئەو خانمە داگرتەوە لێ ئەو جارە زۆر بە خراپیی.. لەسەر بنچینەی ئەوەی کە زۆر سەرسام بووم بە بەشی یەکەمی چیرۆکەکەی هەروا بە هۆی ئەوەی لەو دواییانەش هەستمدەکرد زۆر بە چیرۆکەکانی ئامۆزایێ دەچی بە تەواویی گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی کە دەبی بەشی دووەمیشی هەر پڕ لە هزر و هونەری ناوازە و نایاب بی، هەر جارەک کە داوام لێیدەکرد زۆر بە گورجییەوە دەیگۆت 'بەسەر ئەو چاوانەم.. بەس ئێستا نا.. دوایێ لۆت دەگێڕمەوە'.. لێ هەر کە ئەمن هاوکاتی ئەوەی پڕ بە قەوارەی چاوانم لە چاوانیم دەڕۆنی و ئەو دەستەواژەی 'بەسەر ئەو چاوانەم'م لێدەژنەوی یەکسەر دەکەتمە نێو سۆز و ئەندێشەی خۆم و لە نێو شەپۆلانی دەریای چاوە گەش و کشتەکانی نوقم دەبووم و هەر کتومت وەک ئەوەی ئامۆزا دەیگۆت چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەییم لێیدەکرد ئیدی نەک هەر چیرۆک بەڵکە هەر تشتەک تەنانەت خۆشم لەبیردەکرد! کە وەخۆدەهاتمەوە لە هندرِوی خۆمدا دەمگۆت 'وەی لە ئامۆزایێ.. ئەتوو وەرە بزانە کەسەکی ئەوها پڕئیش و سەرقاڵ کوو ئەوها بەری بەو هووردەکارییە دەگمەن و ناوازانەی جوانییەوە هەیە.. ئەو توانستە سەیر و نائاساییەی لە کێندەرێ پەیداکردیە ئەوها چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەیی لە بوونی ئەو خانمە پەیدۆز بکا کە لەوەتەی ئەمن دەمناسی نەرمونیاترین دەستەواژەی وی تەنێ

ئەو 'بەسەر ئەو چاوانەم' بوو ئەویش کاتەک کە زۆر بە گەرمییەوە تشتەکت لێیدەخواست ئەوجا بە ساردییەکەوە ئەوەی دەخستە سەر زمان'! هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە کە ئەو خانمە لە نووسینیش هەر ئەوهایە چون ئەوەی ئەمن لە بەشی یەکەمی چیرۆکەکەی دیتبووم پڕاوپڕ بوو لە نەرمونیانیی و هەست و سۆزی جوان.. جا نازانم لە چیرۆکی دیکەی ئەگەر هەیبی.

بە کورتییەکەی ئەو بەڵێنەی زۆری پێچوو تا رۆژەکیان لەپڕ بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوەکردم:

- حەزدەکەم سبەینێ دانی هێوارێ هەر پاش نیوڕانەکەی بە بۆنەی رۆژی هاتنەبوونت مێوانداریی‌ەکت بکەم.. واتە هەم خواردنەکی خۆشت لۆ چێدەکەم.. هەم کاتەکی ئاسوودە و پڕ لە چێژ لۆ خۆمان دەگوزەرێنین.. هەم بەشی دووەمی چیرۆکەکەشم زۆر بە سادەیی دەگێڕمەوە.. (لە راستییدا ئەمن لە خۆشییان هاییم لە خۆم نەما و زۆر لە ناواخنی قسەکانی تێنگەیشتم.. هەر یەکسەر و بێ لێهووردبوونەوە بەرسڤمداوە):

- زۆر باشە هاوڕێ.. گەللەک سوپاست دەکەم و سبەینێ بێ گومان لە هەمان ئەو کاتەی کە گۆتت دێم. (پاش ئەوەی گۆتی "سوپاسی ناوێ و ئەوە ئەرکەکی هاوڕێیانەیە" کۆتاییمان بە پەیوەندییەکەمان هینا.. ئیدی ئەمن کەتمە سەر راڤەکردنی وشە بە وشەی قسەکانی):

• ئەوەیان هەر هیچ کە بڕوام بە بۆنەی رۆژی هاتنەبوون و یادکردنەوەی نەبوو لۆ خۆم و کەسانی لە چەشنی خۆم.. ئاخر کە ئەمن بە هاتنەبوونم و درێژەدانم بە ژیان بێجگە لە ژینگە پیسکردن هێشتا هیچ سوودەکی ئەوتۆم بە مرۆڤەکان نەگەیاندبی کە ئی ئەوە بی رێزی لێبگیردرێ دەبی لەبەرچی ئەو یادەم لۆ بکرێ جا با بە گچکەترین و سادەترین ئاهەنگیشەوە بی!؟ نا مەبەستم ئەوە نییە بمەوێ ئەو رایەی خۆم بسەپێنم و بە خەڵک بێژم ئەوە مەکەن بەڵکە پێویستە هەر کەس ئازاد بی ئەو یادە لۆ خۆی و خۆشەویستانی دەکا یان نا.. لێ بە تێڕوانینی خۆم ئەو یاد و ئاهەنگە تەنێ لۆ ئەو کەسە دەگمەنانە باش و بەجێیە کە لە بوارەکدا ئەفرێنەرن و سوودەکی بەرچاویان بە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ و ئاژەڵان گەیاندیە و بە شێوەکی گشتیی جێپەنجەیان دیارە لە پێشکەتنی ژیان و پاراستنی ژینگە.. رەنگە هەندەک کەسیش هەبن بێژن 'جا خۆ ئاهەنگگێڕان بەو بۆنەوە لۆ هەر کەسەک زیانەکی ئەوتۆی نییە بەڵکە بە پێچەوانەوە کەسەکان شادمان دەکا و رەنگە ببتە هاندەرکیش کە بیر لە خۆیان و رێکخستنی توانایەکانیان بکەنەوە تا هاسانتر کاری چاک و سوودبەخش ئەنجامبدەن.. ئەوانەشی هەر خۆیان توانایان هەیە و لە بوارەک ئەفراندن دەکەن بە شێوەکی جودا ئاهەنگی رێزلێنانیان لۆ سازبکرێ'.. ئەوەش رایەکە و رەنگە هەندەک بەجێ بی یان خەڵکەک بڕوای پێی هەبی و ئازادیشن.. لێ ئەمن خۆم ئاهەنگی هاتنەبوونم بە پێویست نازانم و تا لە بوارەکیشدا ئەفراندنەکی باش و گەورە نەکەم بە سوودی گشتیی نامەوێ هیچ کەسەک بە خۆمەوە سەرقاڵ بکەم.

• دەربارەی چێکردنی خواردنی باش لە لایەن ئەو خانمەوە.. ئەرێ دەستاوی وی گەلەک خۆش و بەچێژە و چەند جارەک خواردنی چاک و نایابی ویم خواردبوو.. لە هەموو تشتەک هەر لێزان و دەستڕەنگین بوو! بە کورتییەکەی زۆر حەزم لە خواردنی وی بوو.. جا تا ئێستا خواردنی چ ژنەکم بە دڵ نەبووە!؟ هەر لە راستییشدا کەم ژن هەیە نەزانی خواردنی چاک چێبکا.. هەرچەندە لەمێژە پیاوانیش باش فێربوونە لێ لە چێشتخانەکان و پتر لە پێناو پارە و چاوچنۆکیی نەک لە ماڵان و وەک ژنان بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی بزانن.. ئێستاش ژنان لە زۆربەی وڵاتان لە ناندینەکانی ماڵان و کاری بەردەستی پیاوان و منداڵ بەخێوکردن

رزگارنەبوونە تەنانەت هەندەک لە پیاوە یەکسانیخوازەکانیش بە بیانووی ئەوەی کە هێشتا ژنان ناتانن کاری دەرێ یان کاری گرنگ و قورسی جەستەیی و هزریی ئەنجامبدەن خۆیان لە شیولێنان و کاری رۆژانەی ماڵ دەدزنەوە و لە لایەکی دیکەش ژنان بەوە لەخشتەدەبەن کە لێزانترن لە خواردن چێکردن و لە بەخێوکردنی منداڵانیش نەرمونیانتر و لەبارترن.. با پتر درێژەی نەدەمێ.. هێشتا زۆربەی هەرە زۆری ژنان تەنێ لەبەر ژنبوونیان هەر کارەکەری پیاوە نێرسالارەکانن!

• 'کاتەکی ئاسوودە و پڕ لە چێژ لۆ خۆمان دەگوزەرێنین' ئەمن زۆر باش لەو قسەی خانمێ تێدەگەیشتم؛ نیازی ئەوە بوو پێکەوە بخەوین و گانگانۆکێیەک لۆ خۆمان بکەین چون زۆر جاری دیکە ئەوها ناڕاستەوخۆ و بە شێوەی جۆراوجۆر داوای لێکردبووم - ئاخر ژن بە هۆی چەوسانەوەکەی و سەرکوتییە سێکسیی و رەگەزییەکەی لە لایەن دین و فەرهەنگی فێمێنیزمی سەرمایەداریی و هەژموونی نێرسالاریی و پەیوەندیی و پابەندییە باوەکانی نێو کۆمەڵ بە گشتیی ئەگەر زۆر زۆر برسیی گان نەبێ بە شێوەی راستەوخۆ دەستپێشخەریی ناکا.. زۆر کاتیش بە ناچاریی سێکسکردن وەک چەکەک وەکاردەبا لە پێناو وەدەستهێنانی داخوازییەکانی یان ئەو مافانەی کە پیاو لێی زەفت دەکا - لێ ئەمن بە هۆی بێسەروشوێنبوونی ئامۆزا و دابڕانم لە چیرۆکی باش تووشی کوونەڕەشەی خۆم ببووم مەگەر بە دەگمەن دەنا حەز و ئارەزووی سێکسییم زۆر سست ببوو.. ئەگەر چاوە گەش و کشتەکانی ئەو نەبان کە زۆر جار لەسەر سەر هەڵیاندەپەڕاندم ئەویش هەر لە ناخەوە نەک وەک جوولە و وەخۆداپەرموونەکی جەستەیی.. ئەوە هەر بیریشم لێنەکردەوە، جا هەر جارەو بە بیانووەکی پووچ کە خۆشم دەمزانی زۆر نابەجێیە و ئەویش ئازاری پێدەچێژی دەستم بە روویەوە دەنا و خۆشم دەگەیشتمە ئەوپەڕی ئاستی نیگەرانیی و بەسەرخۆداشکانەوە و خۆخواردنەوە، لێ ئەو جارە تازە تووش ببووم.. سەرەنجام لەپڕ لەگەڵ خۆم کەتمە هەڤپەیڤین:

- ئایە تەنێ لەبەرئەوەمە لە بەرانبەردا بەشی دووەمی چیرۆکەکەیم دەستبکەوێ؟
- نا ئەمن ژن نەبووم تا بە هۆی کێشەکانی ژنبوونەوە ناچار بکرێم لە پێناو تشتەکی دیکە ملکەچ بکرێم و بە پێی ئارەزووکانی پیاو و بازاڕی سەرمایە بە تۆبزیی سوارم ببن.. ئاخر پیاو هێشتا زۆر زاڵە و ئەگەر بیەوێ هیچ کەس و هیچ تشتەک ناتانن ناچاری بکەن.

- ئایە لە پێناو ئەوەمە وەک هەستەکی مرۆیی دڵی خانمێ نەشکێنم و ئارەزووەکانی دابمرکێنمەوە؟
- ئێ خۆ ئەمن زۆر جاری دیکە لە بەرانبەر هەمان داواکاریی دەستم بە روویەوە نابوو و هیچ تشتەکیش نەگۆڕایە تا رای جودام هەبێ.

- ئایە دەمەوێ خۆم لە سێکسکردن رابهێنمەوە و چیدی نەهێڵم هەست و سۆز و حەز و ئارەزووکانم لە نێو ناخم دابمرن کە ئەگەر هەر وەک ئێستا بڕوا رەنگە ئەورۆ نا سبەی تووشی نەخۆشیی دیکەی جەستەیی یان شلەژانی باری دەروونیم بکەن؟
- جا ئەوە لە دەستە خۆم نییە و بە ئەنقەستیش وەهام لە خۆم نەکردیە تا بتانم هەر کات بخوازم خۆم ساز و هەموار بکەم.

- ئایە ئەوە پاراستن و درێژەپێدانە بە پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکەمان؟

- دروستبوونی هاوڕێیەتییەکەم لەگەڵی وی بژاردەی خۆم نەبوو.. ئیدی بخوازم یان نا هەر هاوڕێمە و ناتانم دەستبەرداریی ببم.

- ئێ کەواتە ئەدی چیە.. دە ئاخر دڵم تەقی؟

- تکایە بمبەخشە.. لە راستییدا خۆشم سەری لێدەرناکەم.. دڵنیاشم لەوەی ئەگەر زۆریش وەدوویدابچم هەر نایزانم.. لێ تەنێ یەک تشت دەزانم ئەویش ئەوەیە زۆر پێش ئەوەی ئەو بابەت و پرسیارانە لە گۆڕێ هەبن "چاوە گەش و کشتەکانی" خانمێ و "حەزی دیتنی بەشی دووەمی چیرۆکەکەی" هەردووکیان یەک پارچە بوونە لە بوونم یان جوانتر بێژم زۆر لەمێژە هەردووکیان پێکەوە لەگەڵ بوونم یەک ئاوێتەی پێکهاتەیین و هێز نییە بتانی لە یەکیان داببڕێ!

- کەواتە ئەوە راستە کە دەشێ بەشی دووەمی چیرۆکەکەی هەر تشتەکم پێبکا.. هەر وەک ئەوەی دەزگە سیخوڕییەکانی وڵاتان کە دەیانەوێ پیاوە رامیارە سەرسەختە دژبەرەکان وەباربهینن لە رێی ژنە زۆر جوانە سێکسفرۆشەکان راویاندەکەن بە تایبەتییش ئەوانەی هەر خۆیان بە جۆرەک لە جۆرەکان ئاڵوودەی سێکسن دەتانن زۆر بە هاسانیی دەستەمۆیان بکەن! جا ئەمنیش کە ئاڵوودەی چیرۆکم دەشێ خاوەنی ئەو چیرۆکە یان هەر کەسەکی دیکە بە پێشاندانی بەشی دووەمی چیرۆکەکە بمکڕێ و بمفرۆشی؟

- ئەوە راستییەکی تێدا هەیە لێ ئێکجار بەو قورسییەش نا.. چونکێ ئەگەر چاوەکانی نەبان ئەوە چیرۆکەکەی هەر لە سەرەتاوە بوونی نەدەبوو لە کنە من.. ئێ خۆ ئەمن نە وەک ئەو وێژەوانانەم کە دەق و نووسەر لە یەک دادەبڕن نە وەک ئەوانەشیانم کە دەق و نووسەر بە یەک تشت دەبینن!

سەرەنجام بە کورتییەکەی (بەشی دووەمی چیرۆکەک و دوو چاوی گەش و کشت) یان (دوو چاوی گەش و کشت و بەشی دووەمی چیرۆکەک) هەڵیانپێچام.. ئیدی دەبووایە بە ناچاریی و بە بێ ئەوەی بڕوام بە ئاهەنگی هاتنەبوون هەبی - سەبارەت بە خۆم - و بە بێ ئەوەی خواردن و خواردنەوە - نەوسنیی - گرنگییەکی ئەوتۆی هەبی لە کنم و بە بێ ئەوەی کاتەکی ئاسوودە و پڕ لە چێژ - گان - وەک داگیرکەرەک داگیریکردبەم و بێ بەرانگژبوونەوە رادەستی بووبم.. ملی خۆم شۆڕبکەم و هۆرتە هۆرتە و بە لۆژەلۆژ بەرەو ئەو مێوانداریی‌یەی ئەو خانمە وەڕێبکەوم کە ئیدی نە حەزی لە چیرۆکە و نە گرنگییشی پێدەدا!

هێشتا ئەو مژارەم لەگەڵ "مامەسۆفی"یەکەی لەمەڕ خۆم باسنەکردبوو.. ئاخر ئەویش چونکێ دەیزانی ئەمن هەست و سۆزی سێکسییم لاواز بووە زۆربەی کاتەکان وەک ماری سڕ پەپکەی دەخوارد و خۆی بێ هەستوخوست دەکرد.. جاروبارەک جموجۆڵەکی دەکرد و ئامادەیی خۆی دەردەبڕی ئەویش هەر بە نیمچە رەپبوونەک.. بە جۆرەکی ئەوها هەڵنەدەستا کە بە تەواویی رەق ببی و بتانی خۆی بە هەر کوونەکدا بکا .. هەندەک جاریش کە قیت لە پێشم رادەوەستا و پڕهەڵدەما دەمزانی نیازی ئەوەیە بێژی 'ئەمن هەر لەسەر شنگ و توانای خۆمم.. لەمێژە سەرم بە هیچ کون و کەلەبەرەکدا نەکردیە و زۆر پەرێشان و بێ دەرەتانم.. تکایە کونەکم پێشان بدە با تێیبچم جا هەر کوونەک بی'!.. لێ ئەمن زۆر بڕوام پێینەدەکرد و هەستمدەکرد لە کرداردا ئەوها نەبی و نەتانی زۆر بە باشیی ئەوە ئەنجامبدا، بە کورتییەکەی هەستمدەکرد هەردووکمان لەو بارە مردۆخییەدا سووچبار بووین؛ ئەمن وەک خۆم زۆربەی زۆری جارەکان کە ئەو ئامادەیی خۆی پێشاندەدا فەرامۆشم دەکرد تا قیسی ئەوەی کە دەستەکیشم بە سەری یان بە قەدوبالای دانەدەهینا.. هیچ حەزمنەدەکرد بیلاوێنمەوە

و کلوکۆی دابمرێنم تەنانەت بە شێوەی دەستبازییش، ئەویش هەموو جارێ کە دەبزوا لە سەرەتادا بە سەمایەکی جوان دەستپێدەکرد لێ هەر کە چەند نەترەکی وەهێزی دەدا و دوو سێ فرمێسکی گەشی دادەباراندن یەکسەر کورژدەبۆوە و وەک 'ئەنتێنای رادیۆ'یێ دەچۆوەنێویەک.. واتە بەرلەوەی بە تەواویی بگاتە باری خورتبوونی تەواو خاودەبۆوە... لەبەرهەندێ دەبووایە تەواو لێێ دڵنیا ببم نەوەک سبەینێ لەوێ پاش هەستانی لەپڕ سست ببتەوە و شەرمەزاری خانمێم بکا؛ شەوەکەی پێش نوستنان کۆمپیوتەرەکەم بە تەلەفزیۆنەکەمەوە پەیوەستکرد و خستمەسەر بەرنامەکی سۆزورژێن.. دەرپێیەکەشم داکێشا خوارێ تا مامەسۆفیم بە تەوایی وەدەرکەت.. هەر کە چاوی بەو کیژە رووت و سێکسییانە کەت یەکسەر سەری قیتکردەوە و دەستی بە سەمایێ کرد.. پاش ماوەکی کەم هەستمکرد هێندە خورت و ئامادە بووە هەر بە ئاستەم دەستەکی لێبدەم دەرشێتەوە.. تەنانەت پاش لادانی بەرنامەکەش ماوەکی زۆری پێچوو تا نیشتەوە.. ئیدی کە زانیم مردۆخەکە هەر خۆمم و تەنێ خۆم سووچبارم زۆر داوای بووردنم لێیکرد و چووم بێ غەم لێی نوستنم!

سبەینەکەی راستەوخۆ پاشنیوڕانێ خۆم گەیاندە خانمێ و هەر لە نێو تارمەی پێش دیوەخانەکەی بە شەرمەوە هەمێزەکم تێیوەرگرت.. ئەویش زۆر بە خێرایی ماچەکی خستە سەر لێوانم.. درۆ نییە ئەگەر بێژم لە خەنییخۆشییان لەخۆچووم چونکێ کە دەستمان لە باوەشی یەک بەردا و ویستم بەرەو ژوورێ شەقاوان باوێم لەپڕ بەلاداهاتم و سەرم بە تاخلچەی پێلاوەکانی کەت.. هەستمکرد لە حەژمەتی سەرم وەخۆهاتمەوە.. بەوەش باش بوو تانیم خۆبگرمەوە ئەگینا زرمەم لە عەردەکە هەڵدەستاند.. لێ ئەو هیچ هەستیپێنەکردم چون لەو دەم بەرەو ژوورێ وەپێشمکەتبوو و پشتی لە من بوو، هەر کووەک هەبوو پاش ئەوەی هەندەک دانیشتین وردە وردە دەستمان بە برگەی یەکەمی مێوانداریەکەی کرد کە بەزموورەزمی پیرۆزکردنی هاتنەبوونم بوو.. لە کاتی مۆمکوژاندنەوە و کێکبرینەکەدا هەندەک بێزار ببووم لێ لەبەر دڵی وی خۆم وەها پێشاندەدا کە ئەمنیش زۆر دڵخۆش و شادمانم.. هەموو بۆنەکە بێ گرفت و بە رێکوپێکی بەرێوەچوو لێ زۆر پێم سەیر بوو لە پاش مۆمکوژاندنەوە و لە کاتی پیرۆزکردنی هاتنەبوونم ماچی نەکردم و تەنێ سووکە باوەشەکی زۆر خێرای تێگرتم! لە هندوری خۆم گۆتم رەنگە بیەوێ لە برگەی سێیەم کە بڕیارە کاتەکی ئاسوودە و پڕ لە چێژی تێدا بگوزەرێنین تۆڵەی بکاتەوە. برگەی دووەم هەر زۆر خۆشبوو لە کنە من؛ خواردنەکی هێندە بەچێژوچەشەی چێکردبوو خەریکبوو دەستوپەنجانی خۆمی پێوە بخۆم! ئەوە سەرەڕای ئەوەی دوو کەموولە مەی سۆر و زۆر نایابی لەسەر مێزەکە دانابوو.. واتە مەیەکە ئەوها نەبوو کە بە شێوەی ئاسایی لە نێو شووشە بی و پێک پێک تێیبکەین بەڵکە لە نێو دوو کەموولە شووشەی گەورە و لێو تەنکی کردبوو.. کەموولەکان هێندە بە دڵوداو و بە جوانیی بە یاقووتی کەسک و سۆر نەخشێندرابوون هەر حەزتکرد زوو زوو یەکەکیان هەڵبگری بەسەر دەوی خۆتی وەبکەی.. ئیدی ناوەناوە بێ ئەوەی لە جامانی بکەین زرینگەمان لێهەڵدەستاندن و فرەکمان هەڵدەقوڕاند.

لە برگەی سێیەمیش ئەمن هەر ئارامیی خۆم پاراست و هیچ دەستپێشخەرییەکیشم نەکرد کە بۆنی سۆز و ئارەزووبازیی بدا، گرفتی ئەویش ئەوە بوو نەیدەزانی بە چ جۆرەک و کووکوویی خۆی لە من نێزێک بکاتەوە.. سەرەنجام بە قسەی خۆش خۆش و شۆخییکردنەوە هەر جارەو بە بیانووی هاوردنی مێوە و شیرینیی و خواردنە دنکییەکانەوە وردە وردە خۆی لێم نێزیکتر دەکردەوە تا لە دواجاردا بە دوو قاوەوە هات و رێک لە پاڵم

دانیشت و لاقی بە لاقمەوە چرمساند.. ئەو جارە بەدەو قاوەخواردنەوەوە دەستی بە مەتەڵان کرد کە هەر هەمووی زۆر سادە و هاسان بوون و هەر دەمودەست وەڵامم دەدانەوە تا لە دوا مەتەڵدا گوتی:

- ئەو تشتە چیە ڕێک بە پێچەوانەی فڕۆکەوە کە هەڵدەستی گەورەتر دەبی.. تا بەرزتریش دەبتەوە هەر گەورە و گەورەتر دەبتەوە.. دیسان هەر ڕێک بە پێچەوانەی فڕۆکەوە کە نەویدەبتەوە گچکەتر دەبتەوە.. تا نەویتریش دەبتەوە و دەنیشیتەوە هەر گچکە و گچکەتر دەبتەوە؟ (زۆر سەیر بوو.. ماوەکی باش بیرملێکردەوە هیچ سەرم لێی دەرنەکرد و ئەویش هەر لە ژێر لێوەوە پێدەکەنی! نا.. بیرم لۆ هیچ نەدەچوو.. ئاخر ئەو لە تشتەک دەدوا کە دەفڕی و دەنیشتەوە.. ئێ تێکڕای ئەو باڵدارانەشی کە دەفڕن کتومت هەر وەک فڕۆکە لە هەستان و بەرزبوونەوە گچکەتر دەنوێنن و لە دابەزین و نیشتنەوەش وەک خۆیان بە گەورەیی دەیابینین.. هەرچەندی کردم و نەمکرد هەر نەمزانی دەبی ئەو دەعبایە عەنتیکە چ بی ئەوها بە پێچەوانەی هەر تشتەکی دیکەیە! کە دیتی هەر نایزانم بە زەردەخەنێیەکی جوانەوە گوتی):
- تەمەشا هاوڕێ خوارزا - هەموو هاوڕێیان لە دەوی ئامۆزاییێوە فێربوون هەر بە منیان دەگوت خوارزا - هەر زۆر زۆر هاسانە.. (لە لای ڕاستم دانیشتبوو.. دەستی چەپی خستە سەر ڕانی ڕاستم و دەستی ڕاستیشی وردە وردە بەرەو ئاسمانێ بەرزکردەوە کە هاوکات چاوانیشی لەگەڵی بەرزدەکردنەوە.. بەوەش خۆیان چەند گەورە و گوشاد بوون هێندەی دیکە گەورەتر و گوشادتر دەبوون):
- تەمەشا.. هەر ئەوها چەندی بەرزتر دەبتەوە بە پێچەوانەی تشتی دیکە هەر گەورە و گەورەتر دەبتەوە.. (لێ ئەمن کە چاوانیم بەو شێوە دیتن هاییم لە خۆ بڕابوو.. کە هەستیکرد هاییم لە هیچ نەمایە بە دەستی چەپی کە هەر لەسەر ڕانم بوو نوقرچکەکی لێدام و وەیلێکردم تەمەشای دەستی ڕاستی بکەم کە هەر لە بەرزیی ڕایگرتبوو):
- جا کە ئەوها دێتە خوارێ.. (وردە وردە دەستی دادەبەزاند کە هاوکات چاوانیشی دەگەڕانەوە ئاست و باری ئاسایی خۆیان و ئەمنیش وردە وردە کێشەی گەورەتربوون و گوشادتربوونیانم نەدەما کە پێشتر خەریکبوو وەک دەریاوانەکی وێڵ و سەرگەردان لە نێویاندا نوقم ببم):
- دیسان بە هەمان شێوە بە پێچەوانەی تشەکانی دیکە هەر گچکە و گچکەتر دەبتەوە.. ئا ئەوها هەر گچکە و گچکەتر دەبتەوە.. (هێدی هێدی دەستی دادەبەزاند و بەرەو لای منیش لاریدەکردەوە تا لە بەرزی نیو مەترەک لە ئاستی سەر کۆشم هەڵوەستەکی پێکرد.. پاشان هاوکاتی ئەوەی بە تەواویی دەستی دابەزاند تا خستیە سەر "مامەسۆفی"یەکەی خۆم گوتی):
- هەر گچکە دەبتەوە هەر گچکە دەبتەوە تا هێندەی ئێستای ئەو "کاکەجوان"ە خەڵوەتنشینە لێدێ و دەچتەوە نێو قۆزاخەی خۆی.. (مەبەستی لە کاکەجوان هەر مامەسۆفییەکەی لەمەڕ خۆم بوو!) جا هەر کاتەکی دیکەش کە هەڵدەستەوە دیسان بە پێی ئاستی بەرزبوونەوەکەی گەورە و گەورەتر دەبتەوە...

هەردووکمان تەواوەک بەشەرمداچووبووین و ماوەکی باش بوو کەتبووینە بن سێبەری بێدەنگیی.. لەبەرئەوە نا بابەتەکەمان باسی "کیر"ە و هەر وەک نێرسالارە مەژیی پووچە درۆزن و دووڕووەکان لەو بابەتە دەرۆنین و وەها خۆپیشاندەدەین کە شەرم دەکەین.. ئەوانە ڕێک بە پێچەوانەی مە لە ڕووکەشدا وەهای پیشاندەدەن ئەو باسە زۆر خراپ و نەشیاوە لە نێوان ژن و پیاودا کەچی وەکیدی لە هندوڕ و لە هەڵسوکەوتەکانیاندا هەرگیز لە چارچیوەی فەرهەنگی نێوگەڵ تێناپەڕن! بەڵکە لەبەرئەوەی تەنانەت هێشتا کەسانی وەک مەش هەر بە

ئەنقەست لەباتی "کیر" و چەند ئەندامەکی دیکەی جەستە وشەگەلەکی دیکە وەکاردەبەین و بە جۆرەک لە جۆرەکان نیمچە شەرمەک لە خۆمان دەکەین وەک خۆیان گۆیان بکەین کە لە راستییدا ئەوانیش سایلی هەموو ئەندامانی دیکەی جەستە زۆر ئاسایین و پێویستە وەک خۆیان ناویان ببەین.. هەڵبەتە ئەوەش لە رەگی کەونەپەرستیی دینیی و پاشدامایییەوە سەرچاوەی گرتیە.. دەبووایە ئەمە ئەو جوایەزییە برەوێنینەوە و بە هیچ جۆر و شێوەک شەرم لە هینانە سەر زمانی ناو و کرداری هیچ ئەندامەکی جەستە نەکەین.. واتە ئەگەر لەجیاتی 'ئەندامی نێرینە و مێینە' بمانگۆتبا 'کیر و قوز' و لەجیاتی 'جۆتبوون' بمانگۆتبا 'گان' بێجگە لە قازانج هیچ زیانەکی نەدەبوو! بە داخەوە کە هێشتا کاتەکی زۆر بە بابەتگەلەکی ئەوها لاوەکیی و زۆر ئاسایییەوە دەکوژین! هەرکووەک هەبوو ئەمن هەندەک خۆم بەرزەفت کرد و وەهام پێشاندا کە زۆر ئاساییم و بارۆدۆخەکەشمان خراپ نییە.. کەچی ئەو سۆر سۆر هەڵگەڕابوو و هەر شەرمی لە رووان دەتکاوە! لێ پاشان لە حەژمەتی ئەوەی کە دیتی مامەسۆفییەکەی من هەر بێ جوولە و بێ هەستوخوستە زۆر بە نیگەرانیی و پەشۆکاوییەوە ئاخەکی وەهای هەڵکێشا کسپەی لە دڵ و دەروونم هەستاند.. نازانم.. لە راستییدا ئەمن هەستمنەدەکرد بیانووەکی ئەوتۆ هەبی تا ئەوها بێ بار و پەرێشانی بکا! ئاخر مامەسۆفییەکی بەستەزمان کە بە هۆی شێوەی دانیشتنەکەم و لە ژێر گوشاری ئەو پانتۆڵ و مایۆیە تەسکەمدا بە تۆبزیی خزێندرابووە دوڕ قۆلایی نێوگەڵم کوو بتانی هەست بەو کەمە قورساییەی دەستەکی ئەوها سووک و ناسک و نەرمۆڵە بکا کە زۆر بە میهرەبانییەوە خرابووە بانی! ئێ ئەمنیش خۆم هێشتا لە بارەکی ئەوهادا نەبووم بتانم لە رێی مێشک و هەست و سۆزەوە دغدغەی بدەم و لە بن پانتۆڵەکە هەڵبپەڵمێ و خانم هەستیپێبکا.. پاش ماوەکی کەم بە تەواویی ئۆقرەی لەبەربڕا و لەپڕ دیتم بە هەردوو دەستانی و زۆر بە پڕتاو و بە پەرۆشییەوە لە نێوگەڵم وەدوو مامەسۆفیمدا دەگەڕێ.. هەر کە پەیدۆزی کرد و لە پشتی ملیەوە توند توند گرتی ئەوجا ئاهەکی وەبەردا هاتەوە.. پاشان وردە وردە دەموچاوی وەها گەشاوە ئەگەر کوپە زێڕەکیشی بدۆزیباوە هێندە رووخۆش و بە گوڕاح نەدەبوو! جا مامەسۆفیم هێدی هێدی وەخۆکەت تا وەیلێهات لە بن ئەو پانتۆڵ و مایۆیە تەسکوتریسکەدا ناوەناوە نەترەکی دەدا و دەستی خانمێ بە ئاستەمەک بەرزدەکردەوە، پاش ئەوەی زنجیری پانتۆڵەکەمی کردەوە و دەرفەتی خۆی بە تەواوی وەرگرت - دەستی بردە بن پەلکان و ناسکە تەرۆزییەکی شلک و جوان و پڕ بە دەستان و پڕ بە دڵانی هاتە دەستان! - زۆر بە لێزانیی و بە نەرمونیانییەوە دەستی بە سەروسەکوت و قەدوباڵای دادەهینا و بە دوو پەنجانیشی هەر ختووکەی شان و مل و بەرگەردەنی دەدا تا مامەسۆفیمی شێت و هار کرد و ئیدی خەریکبوو ئەو یاریی بە دەستی وی دەکرد! خۆ لە راستییدا دەبووایە لە سەرەتادا بە سەرنجدان و نیگا و رامانی سۆزداریی و ئارەزووبازیی.. بە ماچوموچ و خۆلێکخشاندن و باوەشلێکگرتن و راموسانەوە دەستمانپێکردبا ئەوجا بەو بارە گەیشتباین بە تایبەتییش سەبارەت بە خۆم کە چاوە گەش و کشتەکانی لە هەر تشتەکی دیکە گرنگتر و پڕ بایەختر بوون لە کنە من.. لێ نازانم لەبەرچی ئەوهامان نەکرد یان خانم ئەوهای نەکرد و یەکڕاست بە مامەسۆفیم وەنوسا!؟ هەرکووەک هەبوو کە دیتم تازە کار لە کاران ترازایە و نە ئەوم پێ بەرزەفت دەکرێ نە دەشتانم رێ لە ملهوڕیی مامەسۆفیم بگرم! لەبەرهەندێ ویستم هەر هیچ نەبی قیچەک قەرەبووی ئەو تشتانە بکەمەوە کە لەدەستمچوونە.. واتە بە لایەنی کەم دوو سێ باسکەمەلە و پشتەمەلان لە نێو دەریای چاوەکانی لێبدەم جا پاشان هەر چیەک روودەدا با روویدا؛ بێ ئەوەی بارودۆخەکە بشێوێنم و دەستی خانمێ لە مامەسۆفیم بترازێنم زۆر بە لێزانی و نەرمونیانییەوە وەرمسووڕانده سەر لاسینگی چەپم و بە لارییەکەوە خستمە بن باڵی خۆم تا هەم مەمکە قیت و

قنج و خرەکانی - کە شەڕیان بوو وەل ئاسمانێ - لە پەراسووانم گیربکەم و بە رەزم و ئاوازای ترپەترپ و خورپەی دڵم بە سەمایان بخەم و هەرچی تەزوو و تاو و خرۆشانیان تێدا هەیە دایانبڕێژمە سەر سینەم.. هەم - وەک ئەو ئامانج و ئارەزووە لەمێژنەم کە کاتی خۆی ئەو خانمە چاو گەش و کشتە لە نێو شەمەندەفەرەکە خستبوویە نێو مەژیم و هەر گینگلم پێیدەدا - رووبەڕوو و لە ئەندازەکی هێندە نێزیک چاوانم لە دوڕ چاوانی بنێم کە برژانگەکانمان بەنێویەکدا تێکبچرژێن و لە یەکدی بئالۆزکێن.. هەر لە ماوەکی زۆر کەمدا بە هەردووک نیازی خۆم گەیشتم؛ خەریکبوو مەمکەکانی لە ژێر گوشار و پاڵەپەستۆی هەژموونی سینەماندا دەتاوانەوە.. ئەمن وەک خۆم زۆرتر هەر هەستم بە گۆی مەمانی دەکرد کە دەتگۆت دوو فەریکە گێلاسن لە بن سینەماندا دەخزن و خۆڕاگرانە لە کۆششی ئەوە دان خۆیان لە پلیشانەوە بپارێزن.. چاک بوو لەو دەم دەوم نەیاندەگەیشتێ دەنا هەر بە لێستنەوە و مژینی ئەوانەوە سەرمەست و سەرقاڵ دەبووم و بەرم بە هیچی دیکەوە نەدەما! سەبارەت بە چاوانیشی - کە لە قۆناغی سەرسامبوون و سەوداسەربوونم بە گەشیی و کشتییەکەیانەوە تێپەڕیبوون و گەیشتبوونە ئاستەکی باڵاتر - هەر کە برژانگەکانمان ماچبارانی یەکدیان کرد نەمتانی یەک چرکەش چیە خۆڕابگرم و هەر دەمودەست خۆم هەڵداشتە نێویان.. لێ نە باسکەمەلە و نە پشتەمەلە تەنانەت نەمتانی هەر شەپەشەپەکیش بکەم بەڵکە یەکسەر نوقم بووم و تا قووڵایی بنیان خۆم پێنەگیراوە.. جا پاشان نازانم لەخۆچووبووم یان خەریکی خنکان بووم!

ئێستاش هەر نەمزانی چ روویدا و ئەو بێ ئاگایی و خۆلێبزربوونەم چەندی خایەند.. بە کورتییەکەی کاتەکم زانی لەگەڵ رشانەوەی مامەسۆفیم - کە لە دەڤەرکانی خوارێ و لە نێو گەلییەکە خەریکی بەزموڕەزمی خۆی بوو - وەخۆهاتمەوە.. ئیدی کە دەستەکم بە چاوانم داهینا هەستمکرد هێندە گەش و رۆشن ببوون هەر ترووسکە و تیشک و شەبەنگ و پرشنگیان لێدەپرژان تەنانەت زۆر لەو کاتانەش گەشتر و پڕڕەنگتر و درەخشانتر ببوون کە سەرلەسپێدان لە پەنجەرەی ژوورەکەمرا بەری خۆم دەدایە باخچە خنجیلانەکەمان و تێر تێر رەنگ و تیشک و تروسکەم هەڵدەمژین بە تایبەتیش رەنگە زەردە زێڕینەکەی یەکەم تیشکی زەردەپەڕ و رەنگە کەسکە زۆر تایبەت و ناوازەکەی دار سنەوبەرە نایابەکانم کە لەبەر تیرێژێ دەبریسکانەوە هەروا رەنگی بەری رەنگاوڕەنگ و ئاماڵ پەمبەی هەردوو دار مرواریيە سپییەکانم کە لەوبەر و ئەوبەری باخچەکەمان ناز و عیشوەیان بەسەر گوڵە نارنجیی و بنەوشەییەکانەوە دەکرد. لە هەمووشی خۆشتر ئەوە بوو کە دیتم خانمیش لەگەڵ دوا سەما و هەڵکوت هەڵکوتی مامەسۆفیم بە قیژەقیژە فرە سێکسییەکەی دار و دیواری دیوەخانەکەی هینابووە لەرزین و هاوکاتی من بە دوا ترۆپکی 'چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەیی' گەیشت.. لە راستییدا گەلەک گرنگە ژن هاوکاتی پیاو بگاتە دامرکانەوەی ئارەزووی سێکسیی بە تایبەتییش بە هۆی ئەو کۆشش و رامووسان و بەرکەوتنانەی کە خۆی ئەنجامیاندەدا نەک تەنێ لاقانی فشبکاتەوە و هەر پیاو خەریکی بی.. واتە راستییەکە ئەوەیە کە کوو پیاو سواری ژن دەبی و بە کۆشش و جوولەکانی خۆی دەگاتە ئەنجام پێویستە ژنیش بە هەمان شێوە سواری پیاو ببی و بە کۆشش و جوولەکانی خۆی بگاتە دامرکانەوەی ئارەزووەکانی، جا خانم ژنەک بوو لەو بابەتە.. هەڵبەتە ئەوەش پەیوەندیی بە ئازادییەکانەوە هەیە؛ هەرچەند هێشتا زۆربەی ئازادییەکانی مرۆڤ بە پشتگیریی سیستەمی چەوسێنەرانەی باوی ئێستای جیهان و بە پلەی جودا جواد لە سەرجەمی وڵاتان لە رێی سەپاندنی دەسەڵات و وەرکاربردنی دین و نێرسالاریی و دابونەریتەکانەوە پێشێلدەکرێن لە نێویشیاندا ئازادییەکانی دەربڕین و خۆدەربڕین بە تایبەتییش ئازادیی سێکسیی و بە تایبەتییتریش ئازادیی سێکسیی

ژنان و هاوڕەگەزخوازان.. لێ ئەو خانمە چونکێ بە کردەیی بڕوای بە هزری یەکسانییخوازیی و ئازادییخوازیی هەبوو و تانیبووی بە کۆششی تایبەتی خۆی لە رووی وەدستهینانی ئازادییەکانی تاک و خۆدەربڕینەوە هێندەی هەر پیاوەکی پێشڤەڕۆ خۆی ئازاد بکا دەیتانی لە سێکسکردنیش وەک هەر پیاوەک هەڵسوکەوت بکا واتە لە رێی کوشش و جوولەکانی خۆیەوە هاوکاتی پیاو بگاتە دامرکانەوەی ئارەزووەکانی، جا هەر ئەوە بوو کە ئامۆزا بە زیرەکیی و هووردبینیی خۆیەوە بە بێ هەبوونی پەیوەندیی ئەڤینداریی لەگەڵی 'چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەیی' لە بوونی ئەو خانمە پەیدۆزکردبوو.. ئاخر هەر پاش تەواوبوونمان لە بڕگەی سێیەمی مێوانداریییەکەی لە گفتوگۆیەکماندا سەبارەت بە ئازادیی ژنان قسە قسەی راکێشا تا باسی پەیوەندییە سێکسییەکان هاتە گۆڕێ و لەسەر ئامۆزاییێش بەو جۆرە دوا:

- ئەمن هەرگیز ئەزموونی سێکسکردنم لەتەک ئامۆزایێ نەبووە.. خۆ پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی زۆر نێزیک و وەهێزیشمان لە نێواندا هەیە و بە کەسەکی زۆر جوانیشی دەزانم چ لە رووی هەڵسووکەوتەوە چ لە رووی فۆزییەوە.. لە تێروانین و بەرخوردی لە بەرانبەر ژنان بە هۆشیارترین و نایابترین پیاوی سەر رووی ئەو زەوییەی دەزانم.. تەنانەت وەک هەست و سۆزی ئارەزووبازییش هەمیشە لە دوڕ جوغزی حەزە تایبەتییەکانمدا بووە.. لێ لەبەرئەوەی ئەمن زۆر سەرسام بوومە بە کەسایەتییە پێشڤەڕۆ و تێکۆشەرەکەی هێندە بەرم بەوەوە نەبووە بیر لە سێکسکردن بکەمەوە لەگەڵی.. ئێ رەنگە خۆشت ئەوە بزانی کە ئامۆزا پیاوەکی وەهایە ئەگەر ژنەک زۆر نەیلاوێنتەوە و خۆی تێهەڵنەسووی ئەوە ئامادەی سێکسکردن نابی لەگەڵی.. واتە دەیەوێ وەک ئەوەی پیاو کە بەر لە سێکسکردن ژن دەلاوێنتەوە و خۆی تێهەڵدەسووی ژنیش ئەوها بی لە بەرانبەر پیاو.. ئەوەشی هەر لەو رامان و روانگە ئازادییخوازییەوە سەرچاوەی گرتیە کە دەیەوێ ژنانیش وەک پیاوان چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ بە بێ شەرم و بە بێ هیچ جۆرە سەرکوتییەکی هزریی و دەروونیی و جەستەیی بەوپەڕی ئازادییەوە لەدوو حەزەکانیان بگەڕێن واتە وەک ئەوەی هێشتا بە شێوەکی گشتیی هەر پیاوان دەستپێشخەرن و ژنان دەگێن ئیدی پێویستە ژنانیش دەستپێشخەر بن و پیاوان بگێن! جا هەموو جارێ کە لەگەڵ وی بە دیداری یەک شاد دەبووین جاروبارەک بە پێی هەبوونی دەرفەتەکان ماچوموچەک و هەندەک دەستبازیی یان سووکە رامووسانەکمان هەر دەکرد.. لێ زۆر بە داخەوە ئێستاش ئەوەم هەر لە دڵ دەرناچی کە هیچ کاتەک رێکنەکەت هێندە لە نێو باوەشی یەک گیربین تا بگەینە دوا ترۆپکی وەک خۆت گۆتەنی 'چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەیی'! هەرکووەک هەیە ئەمن زۆر شادمانم بەوە و زۆر نازیشی پێوەدەکەم کە کەسەکی وەک ئامۆزایێ بۆ ئەوەی خۆم هاییم لێیبی سۆز و ئارەزوو و جوانییەکانی سەر جەستەی منی پەیدۆزکردیە و بەو گوزارشتە تەڕ و ناسکە پێناسەی منی کردیە.. جا دڵنیابە ئەمنیش ئێستا هەمان تشتم لەسەر جەستەی توو تاقیکردەوە و پێیگەیشتم.. فرە فرە سوپاسی هەرتکتان دەکەم. (ئەمن پێشبینیی ئەوەم دەکرد ژنەکی ئەوها مەژیی رۆشن ئەو قسانە بکا لێ ئەو ئاستە بەرزەی داڕشتنی رستەکانیم بەو پوختییە تەنێ لە چیرۆکەکەی دیتبوو نەک لە قسەکردنی.. ئەرێ راست دەکا.. هەر وێدەچی کاریگەرترین هێز و هاندەری لەو زمان پڕژانە وەپێزەی ئێستای بەو گوزارشت و دەربڕینە جوان و نایابانەوە هەر ئەوە بی کە هەستیکردیە هەر یەکەمان بە کۆشش و جوولە سێکسییەکانی خۆمان پێکەوە و لە یەک کات بە ترۆپکی چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەیی گەیشتین و بەوەش خواستەکی ئامۆزاییێشمان وەک خۆی جێبەجێکرد!

ئەو جارە خەریکبوو تووشی جۆرەک لە نیگەرانیی دەکردم.. پاش قسەکانی ماوەکی زۆر دوورودرێژ ئەمنی بەدەو قاوەخواردنەوە و مێوە خواردن و چەرزە قرتاندنەوە راکێشابووە نێو هەندەک قسە و بابەتی ئاسایی ژیانی رۆژانە وەک باسی بازاڕ و کڕینی کەلوپەلی پێویست و چوونەدەر و گەشتوگەڕان و ئەو تشتانە.. هیچ خۆی لە دوا بڕگەی مێوانداریەکەی نەدەدا کە گێڕانەوەی بەشی دووەمی چیرۆکەکەی "یەکەمین دەرووی چێژ" بوو، زۆر دەترسام پرسیاری لێبکەم چونکێ گومانی ئەوەم دەکرد نەوەک دەست بە رووەمەوە بنێ و بێ هومێدم بکا.. ئەگەر لە بارودۆخ و دەم و جێیەکی ئەوها کە هەمووی خۆی ڕێکخستبوون و هەر خۆشی هەڕێی پێدابووم بێ بەڵێن دەرچووبا ئەوە ببڕاییبڕ هیوای ئەوەم نەدەما بتانم ئەو چیرۆکەی لێبژنەوم.. ئەوەش زۆر مەترسییدار بوو چون ئەو دەم هەڵوێستم دەبوو و بە دڵنیاییشەوە دەبووە هۆی پچڕاندنی پەیوەندییەکەمان، ماوەکی دیکە دانم بەخۆداگرت لێ هەر هیچ سوودەکی نەبوو.. ئیدی نەمتانی لەوە پتر خۆڕابگرم و بە ترس و نیگەرانییەکی زۆرەوە گۆتم:

- ئەدی بڕیاربوو بەشی دووەمی چیرۆکە زۆر نایابەکەت بگێڕیەوە.. ئێستا کاتی ئەوە نییە؟؟ (دەمەکی باش هەر بە بێدەنگیی تەمەشایدەکردم.. ناچار لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هەراسانکەرەی بێدەنگییەکەی و خۆقوتارکردنم لە شەڕی چاوەکانی و دیسان خۆلەبیرکردن و خۆبزرکردن بە شێوەکی دیکە پرسیارەکەم کردەوە) خۆ ئەگەر لەسەر کاغەز بیخوێنیەوە ئەوە زۆر باشترە چون چیرۆک وەک سەربردە و سەرهاتی ئاسایی نییە و شێوازەکی زۆر قورس و تایبەتی ئەفراندنە چ وەک جۆری گوزارشتی هونەریی چ وەک چڕیی و ئاڵۆزیی لە واتا و ڕەهەندە جوانکارییەکانی چێکردنی ڕستەکانی و تێکهەڵکێشی کۆپڵەکانی و پێکەوەبەستانی بابەتەکانی و دوا جاریش خستنەڕووی ئەنجام و ئامانجە سەرەکیی و لاوەکییەکانی بە شێوازەک کە هیچ مژارەکی وەک هۆنراوە و رامیاریی و یاداشت و مێژوو و هزر و ئەوانە ناتانن لە نێو خۆیاندا بیتاوێننەوە.. واتە پێموەیە زۆر ئەستەمە هەموو لایەنەکانی چیرۆک کە گەلەک پترن لەوانەی ئاماژەم پێیاندا بە گێڕانەوە بخرێنەڕوو.. (باش بوو هاتەگۆ لێ بە شێوەکی زۆر سادە و سەرپێیانە):

- نا لەسەر کاغەز نیتم.. ئەگەر هەشبێ هەر گوڕاحی خوێندنەوەیم نییە چون ئارەزووی ناکەم و لەمێژیشە دەستبەرداری چیرۆکنووسین بوومە تەنانەت هەر چیرۆکیش ناخوێنمەوە مەگەر ئی هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم بی ئەویش وەک رێزگرتنەک لە هەستی وی نەک وەک حەز و پێویستییەکی خۆم، ئیدی نووسینی چیرۆک بەو بوارە نازانم کە ئەمن وەک خۆم بتانم ئەفراندنی تێدا بکەم.. جا تکایە پێداگریی لەسەر ئەوە مەکە بەشی دووەمیشت وەک بەشی یەکەم بە پوختیی و بێ کەموکوڕیی وەدەستبکەوی، ئەوەی دەیتانم هەر ئەوەیە کە نێوەرۆکەکەی دوور لە ئەندێشەی داڕشتنی چیرۆک وەک خۆی بگێڕمەوە واتە تەنێ سەرهات و بویەرەکانی نێوی زۆر بە کورتیی و بێ هیچ جوانکاریی و لایەنەکی هونەریی کە لە چیرۆکدا هەن.. ئەوەش تەنێ لەبەر دڵی توو دەنا خۆم سادەترین چێژی لێنابینم و هیچ بایەخ و گرنگییەکیشی نییە لە کنم. (ئەو قسانەی بە جۆرەک بێزار و غەمباریان کردم هەر خەریکبوو مەژییم رادەوەستا.. لێ بە ناچاریی هەندەک خۆم بەرزەفت کرد چون دەمزانی هەرگیز ناتانم بەو دەمودەستە هیچ گۆڕانەک لەسەر خۆی و پەیوەندییەکانی بە چیرۆکەوە چێبکەم.. بە کورتییەکەی بە تەواویی هومێدبڕی کردم لەوەی ئەو چیرۆکەم لەسەر کاغەز لە خۆیەوە وەدەستبکەوی.. ئاخر ئەو کە هێندە بێزارە لە چیرۆک یان بە لایەنی کەم هیچ گرنگییەکی پێنادا ئەگەر چیرۆکەکەی بە دەق و لەسەر کاغەز لەبەردەست با ئەوە نەیدەویست خۆی بە گێڕانەوەی هەراسان بکا بەڵکە هەر بە سووک و

هاسانیی دەیخستە نێو دەستم، ئیدی تاقە هیوای پەیداکردنی هەر ئەوە مابۆوە کە لە لای ئامۆزاییَ هەیە.. هەڵبەتە پێشتر لەوە دوام کە ئەو کاتەی ئامۆزام ناسی داوام لێیکرد لێ ئەو لەبەر سەرقاڵیی خۆی لەبیریکرد یان بە هەر هۆیەکەوە بووە نەیتانی بمداتێ و ئەمنیش بە خۆم لەوان دەمان بە تەواویی دارژابوومە سەر ئەو هەموو چیرۆک و سەرهاتە نایابانەی وی و دەرفەتی ئەوەم نەبوو هەڵوەدای بەشی دووەمی تاقە چیرۆکەک بم هەرچەندە لە لایەن ئەو خانمە چاو گەش و کشتە نووسرابوو و لە بەشی یەکەمیشیدا ئەفراندنەکی چاکی تێداکردبوو.. پاش بێسەروشوێنبوونی ئامۆزاییش لەگەڵ کوریکەسۆرێ زۆر لەدووی گەڕاین؛ نێو باولەکەی ئامۆزاییَ و سەرلەبەری کونوقوژبنەکانی ماڵەکەیان و نووسینگەی رێکخراوەکەشمان کە ئامۆزا کاری تێدا دەکرد هەمووەمان زۆر بە هووردیی پشکنی تەنانەت لە زۆر هاورێی وەک کلاوقوتێشمان پرسی کە دەمانزانی چیرۆک دەنووسن یان دەخوێننەوە لێ هەر نەمانتانی پەیدۆزی بکەین. جا پاش تێهزرینەکی زۆر هوورد سەبارەت بە گێرانەوەی ئەو چیرۆکە لە لایەن خانمێوە کە لەمێژە بە تەواویی لە چیرۆک دوورکەتیتەوە و بە هیچ شێوەک ئارەزووی ناکا و ئێستاکەش بەو شێوە دەدویَ.. بەوە گەیشتم کە دەبی دەستبەرداری ئەوە بم دەقەکم وەدەستبکەوی بە واتای وشە چیرۆک بی بەڵکە پێویستە زۆر زۆر سوپاسگوزار بم بەوەی ئەگەر تەنێ بویەرەکانی نێو چیرۆکەکەی بە رووتیی یان وەک مێژووەکی زۆر نێزیک بگێرتەوە و هیچی دیکە.. لەبەرهەندێ هەرچەندە لە هندورِی خۆم زۆر دڵگران و توورِە ببووم لێ لە رووکەش وەهام پێشاننەدا.. باش بوو بە تەمەشاکردن و چەقبەستنم لە دورِ چاوانی زۆر هێوربوومەوە و ئیدی بە مێچکەمێچک و قوزکێشییەکەوە گۆتمێ):

- هەڵبەتە ئەمن لەمێژە هەم لەدوو ئەو چاوە گەش و کشتە زۆر جوانانەت وێڵم هەم لەدوو ئەوە بوومە بەشی دووەمی چیرۆکەکەت وەدەستبخەم.. جا تکایە ئەتوو کووت پێخۆشە ئەوهای بگێرِەوە. (لە راستییدا خواستەکەی من هیچ پەیوەندییەکی بە پەسنی چاوەکانییەوە نەبوو لێ ئەمن لە روانگەی خۆش ئەندێشەیی خۆمەوە گۆتم بەڵکە بە پێشاندانی سەرسامییم بە چاوەکانیی و ئاماژەپێدانیان بەر لە پێشاندانی عەوداڵبوونم بە چیرۆکەکەی هەندەک خۆم شیرینتر بکەم لە کنی بەڵکە لە کاتی گێرانەوەکەی هەندەک گرنگیی بە لایەنە هونەرییەکان بدا و قیچەک لە دەقەکە نێزیک ببتەوە.. ئەوە یەکەم جارم بوو ئەوها بە قسە بە شێوەکی راستەوخۆ سەرسامیی خۆم بە چاوەکانی بخەمەرِوو وەلی بە داخەوە ئەوەشیان نەیخوارد و هەر هیچ گرنگییەکی پێنەدا و تەنێ خەندەکی جوانی خستە سەر لێوانی.. ئیدی بە تەوسەوە گۆتی: "هەڵبەتە دەزانم بەشی یەکەمیت هەمووی ئەزبەرە.. جا ئەمن هەر لەو رستە پچرِایەی کۆتایی بەشی یەکەم (لەگەڵ پیاوەکەش وردە وردە ...) دەستپێدەکەم"):

«لەگەڵ پیاوەکەش وردە وردە ئاشتبوومەوە.. لە راستییدا کەسەکی زۆر نەرمونیان و ئارام دیاربوو و هەستمکرد ئەوەی لێناوەشێتەوە هەڵە یان هەڵوێستی لاوزای بەرانبەرەکەی وەکاربیا لێ حەزمنەکرد بە قسە داوای بووردنی لێبکەم و هەر بە زمانی جەستە ئەوەم پێیگەیاند، پاشان هەروەک پێشترێ کاتەکی زۆر ئاسوودەمان بە خواردنەوە و قسەی خۆش خۆش وەرِێکرد تا وردە وردە هێوارە داهات و کەنار دەریایەکەمان بەجێهێشت.. هەرسێکمان پێکەوە بە نیازی گەرِانەوە سواری شەمەندەفەرەک بووین.

لە رێیێ زۆر داوایان لێکردم کە حەزدەکەن بە خواردنەکی رووەکیی لە ماڵی خۆیان مێواندارییم بکەن - ئەوان لەمێژبوو دەستبەرداری خواردنی بەرهەمە ئاژەڵییەکان ببوون - هەروا دەیانویست شەوەکەش هەر لە کنیان

بمینێمەوە.. سەرەتا هەندەک پێداگرییم کرد کە ناتانم لێ پاشان کە بیرمکردەوە سبەینێش هەر ئیش ناکەم و هیچ کارەکی تایبەتیشم نییە.. ئەو دەم چار رۆژ لە هەفتەکدا کارمدەکرد.. هەر خۆشم حەزم بە تێکلاوبوون و دروستکردنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دەکرد لەگەڵیان.. ئەوە بوو هێدی هێدی شلمکرد تا بڕیارمدا لەگەڵیان بچم لێ پێمگۆتن:

- بەس بە مەرجەک ئەمن چیدی ناخۆمەوە چونکێ کە پتر لە پێویستی خۆم دەخۆمەوە و پاشانیش کە دەنووم و لە خەو رادەبم ژانەسەرەکی زۆر توند و خراپ دەگرم و تووشی داهێزرانەکی گشتیی جەستەییش دەبم.

پاش ئەوەی زۆر بە گەرمییەوە شادمانیی خۆیان دەربڕی گۆتیان:

- ئەرێ دڵنیابە هەر کەس ئازادە چەند دەخواتەوە یان هەر ناخواتە.. لە کنە مەش هەر وەتۆیە کە نابی خواردنەوە بگاتە ئەو ئاستەی باری تەندروستیی و ئارامیی و ئاسوودەییەکانمان تێکبدا.

ژنەکە کە لەگەڵ من پێکەوە لەسەر جۆت کورسییەکی لای چەپی شەمەندەفەرەکە دانیشتبووین باوەشەکی تێوەرگرتم و ماچەکی لەسەر گۆنام کرد پاشانیش زۆر بە نەرمونیانییەوە ماچەکی خستەسەر لێوانم و گۆتی ئەوەش لەجیاتی یارۆیەکەم! یارۆکەیەشی کە لە لای راستی شەمەندەفەرەکە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و خانمەکەی کەتبووە نێوانمان هەر لە دووڕا و زۆر بە گەرمییەوە چەند پەنجەکی خستەسەر لێوانی و ماچەکی توند و بە ئەندازەک بەرزی هەڵدا تا بەسەر خانمەکەیدا تێبپەڕی و بگاتە من.. ئەمنیش ناچار وەک یاریکەرەکی لێزان خۆم مشتوماڵ کرد و لمووزم هەندەک بەرزکردەوە و ماچەکەم زۆر بە جوانیی گرتەوە! لە هندوڕی خۆمدا گۆتم ئەو ژنە وەک پێشتریش ئاماژەی پێدا زۆر پێی ئاساییە ئەمن و یارۆیەکەشی ماچوموچەک بکەین کە دڵنیام مەبەستەکەشی هەر ئەوەیە ئەگەر حەزبکەین ورده ورده تێکبئاڵێین تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە سواری یەکدیش ببین! کە پتر تێبهزریم لە سەرەتادا خانمم رێک وەک ئەو ژنانە هاتە بەرچاوان کە لە هەندەک وڵاتی زۆر پاشداما و دینییدا خۆیان ژن لۆ هاوسەرەکانیان دەخوازن.. لێ پاشان جرتەکی درێژ درێژم لۆ خۆم لێدا! ئاخر فەرهەنگی پێکەوەژیانی سێکسیی ئەو خانمە لە کێندەرێ و ئی ئەو ژنانە لە کێندەرێ!! ئەو ژنە سوپاسگوزارانە رێک بە پێچەوانەی ئەو خانمە هەمیشە لە ژێر هەژموون و گوشاری کۆمەڵە بروبیانووەکی نێرسالارانەی دژمرۆیی و دژەژنیی ملکەچی هەر تشتەک دەکرێن کە پیاوانی خۆسەپێن بڕیاریان لەسەر دەدەن.. ئەو بروبیانووانەش بە پێی ئاستی فەرهەنگە دینیی و میللییەکانی هەر نێوچەک رێکخرانە یان رێکدەخرێن.. چەند نموونەک لەوانەی ئەمن دەیانزانم بەو شێوەن (ئەگەر پیاو بتانی چەند ژنەک بەخێوبکا ئەوە زۆر ئاساییە دوو یان چەند هاوسەرەکی هەبی.. خۆ ژن ژنی نەخواردیە! 'خودا!'ی مەزن رێی بە فرەژنیی دایە.. جا بەندەی قوون بە گوو چ کارەیە دەو لەو تشتانە وەربدا! ئەگەر ژن نەزۆک بوو پیاو مافی ئەوەی هەیە ژنی دووەم بخوازی و ئەوەش هەر زۆر زۆر رەوایە! فرەژنیی زۆر باشە چونکێ زۆر کات بێوەژنان لە بێ خاوەنیی رزگاردەکا بە تایبەتییش ئەوانەی هاوسەرەکانیان لە شەڕەکان دەکوژرێن.. بەوەش خۆیان و منداڵەکانیان لە برسیەتیی و لە بێڕەوشتیی دەپارێزن! و... تد).. لێ بە پێچەوانەی ئەو هەموو سووکایەتی و بیانووە نابەجێیانە هێشتا کۆیلەترین ژنیش لە ناخەوە پێی خۆش نییە و نایەوێ بەشەک یان چەند بەشەک لە هێز و توانایە سێکسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرەکەی بدرێتە ژنەک یان چەند ژنەکی دیکە تەنانەت ئەگەر جۆرەک یەکسانییش لە نێوانیاندا - کە هەرگیز روونادا - هەبی.. ئەوەشیان هەر درۆیەکی فرە فرە

مەزنە کە ژنەک پێیوەبی لە راستییدا بڕوای بەوە هەیە و پێیخۆشە خۆی داخوازیی ژنەکی دیکە لۆ هاوسەرەکەی بکا! ئەوە تەنێ فەرهەنگی دڕندانەی نێرسالارییە - کە هەمیشە سیستەمی چەوسێنەرانەی ئابووریی و پاشاگەردانیی کۆمەڵایەتی و کەونەپەرستیی دینیی و دابونەریتە نامرۆییەکان پاڵپشتیی لێدەکەن - ژن لە ژنایەتیی دەخا و لە هەموو بەهایە مرۆییەکانی رووتدەکاتەوە و وەک کۆیلە بەرخوردی لەگەڵ دەکا.. هەندەکیان تا ئەو ئاستە سەرکوت و ملکەچ دەکەن کە خۆیان وەها پێشانبدەن فرەژنییان پێ ئاساییە.. هەندەکیشیان وەهالێدەکەن ببنە هەوێی ژنانی دیکە و ژمارەکیشیان هێندە پەڕپووت و بێزەوەر دەکەن کە بە جۆرەک نمایش بکەن خۆیان داخوازیی ژنانی دیکە لۆ هاوسەرەکانیان بکەن.. ئیدی هاوسەرانی ئەو جۆرە ژنانە بە شێوەکی گشتیی تەنێ بە گەڵوگونی خۆیانەوە خەریکن و ژنان هەر بە ئامرازی دامرکاندنەوەی نێوگەڵیان دەبینن واتە بێجگە لەوەی ئەوپەڕی بێڕێزیی بە هەست و سۆزە سێکسییە سروشتییەکانی هاوسەرە ئاشکرا و نهێنییەکانیان دەکەن هەر خودی هەبوونی لەشفرۆشیی و ژنە سۆزانییەکان و نێربازییش - مەبەست لە نێربازیی هاوڕەگەزخوازیی نییە - لە ئەنجامی هۆقەبازیی و چڵێسیی ئەوانەوە پەیدابوونە و تا ئێستاش درێژەیان هەیە! لێ ئەو خانمەی لەمەڕ خۆمان و خانمانی لەو بابەتە لەمێژە وەک تاکگەلەکی ئازاد - هەرچەندە هێشتا هیچ سیستەمەکی ئازاد نییە و ئەوانیش دەردەسەرییەکی زۆری پێوە دەچێژن - هەموو ئەو لەمپەر و بەربەستانەیان تێکشکاندیە کە هێشتا ئەو ژنە چەوساوە و سوپاسگوزارانەی لێیاندوام پێانەوە گرفتارن.. دەیانەوێ بە پشتیوانیی پیاوە یەکسانییخواز و ئازادییخوازەکان بەرانگژی سیستەمی باوی ئێستای جیهان ببنەوە و بە کردەیی هەموو جوایەزییە بە ئەنقەسەت دروستکرایەکانی نێرسالاریی لە نێوان نێر و مێ بنەبڕ بکەن و هێندەی دەشکرێ بە پشتبەستن بە زانست و تەکنەلۆژیا ئەو جوایەزییە سروشتیی و بایۆلۆژییانەش نەهێڵن کە لە نێوان نێر و مێدا هەن و بوونەتە هۆی چەوسانەوە و بەدواکەتنی مێینەکان لێ بە مەرجەک رەچاوی کاردانەوە و کارتێکردنە نەرێنییەکانیشیان بکرێ و بێ چارەسەر فەرامۆش نەکرێن.. سەبارەت بە سێکسیش پێیانوەیە وەک ئەوەی مرۆڤەکان لە هەر دەم و جێیەک و بێ شاردنەوە ئازادن لە خواردن پێویستە بە هەمان شێوە بێ جوایەزییکردن لە سێکسکردنیش ئازادبن لێ بە مەرجەک هیچ جۆرە تۆبزیی و توندوتیژییەکی دەروونیی و جەستەیی تێدا نەبی و بە هیچ شێوەکیش کڕین و فرۆشتن و بازرگانیی پێوەنەکرێ. جا هەر ئەو هزر و هەڵسوکەوت و رەفتارانە وەیانلێکردم حەز بە ئاشنابوون و تێکڵاوبوون لەگەڵ ئەو خانمە و یارۆیەکەی بکەم.. ئەوە راستە ئەمن لە رووی هزرییەوە بێجگە لە هەندەک جوایەزیی کەم زۆر لەوان نێزیکم و رەنگە لە هەندەک رووەوە خۆم پێ لەوانیش باشتر بی.. لێ لە راستییدا لە بواری کردەیی و جێبەجێکردنەوە دانی پێدا دەنێم هەندەک خۆم لەوان بە کەمتر دەبینم! هەر کە گەیشتینەماڵەکەیان بێ ئەوەی بسێنەوە یەکسەر دەستیانـ ...

((ماوەکی چاک بێدەنگ بوو وەک ئەوەی تشتەکی لەبیرچووبی و دەیەوێ وەبیربیێتەوە.. لێ لەپڕ گۆتی: "داوای بووردن دەکەم هاوڕێ خوارزا.. بە نیازی ئەوە نەبووم ئەو چیرۆکە بەو درێژییە بگێڕمەوە.. خەریکە زۆر ماندیی و شەکەتم دەکا.. ئاخر گۆتم ئەمن چیدی حەز لە چیرۆک و میرۆکان ناکەم! ئەوە راستە لەوەی گێڕامەوە گرنگیم بە لایەنە هونەرییەکان و هووردەکارییە پێویستەکانی چیرۆک نەدا و هەر ناشتانم ئەوە بکەم لێ هێشتا هەر بێزار و وەڕسی کردیمە و تەواو ئۆقرەی لەبەربڕیمە.. جا لێرەوە تەنێ بویەرە گرنگەکانی نێوی دەگێڕمەوە"، زۆر بەو قسانەی تێکچووم.. ئاخر کوو دەبی کەسەکی ئەوها بەو شێوە لە چیرۆک بدوێ و

بێژی 'چیرۆک و میرۆک!'.. لە هندوری خۆمدا گۆتم نە خۆم کا نە ئەو چیرۆکەش کە ئەوها بە دەردەسەریی و بەو ناتەواوییەوە دەیگێڕتەوە.. کەچی هێشتا هەر دەستبەردار نەبووم و دەمویست وەک ئەوەی گێڕایەوە ڤیرسی لە لایەنە هونەرییەکەی هەر ئەوها بە گرنگییدان بە لایەنە کەتواریی و رامیارییەکەی درێژەی پێبدا تا تەواوی دەکا؛ تا رادەی تکا و پاڕانەوە داوام لێیکرد کە با وەک خۆی درێژەی پێبدا لێ هەر خۆشی لەهووره نەبرد.. زۆر شێوازم گۆڕی تا سەرنجی رابکێشم کەچی هەر سەری نەهینا بەرێ ئیدی ئەمنیش دامە منجرپی و هەر جەختم لەسەر داوایەکەی خۆم کردەوە تا لە کۆتاییدا بە کورتیی و بە پوختیی لە مستمی نا: "ببووره هاوڕێ.. ئەمن هەر کارەک بە حەزەوە دەکەم.. واتە کە تشتەک ئارەزووی خۆمی لەگەڵ نەبوو و چێژم لێی نەدیت تەنانەت ئەگەر خەباتی راستەوخۆش بی لە پێناو مرۆڤایەتی هەرگیز ناتانم بیکەم"! بەوەیان لە لایەکەوە زۆر غەمباری کردم کە تازە دەروەستی ئەو کەللەڕەقییەی نایێم و ئیدی تەنانەت ناتانم وەک نیوەی ئەوەش کە ئەمن دەیخوازم چیرۆکەکەی وەدەستبخەم.. لێ لە لایەکی دیکەوە زۆر شادمانی کردم چونکێ بە پێی قسەکەی دیارە ئەویش وەک خۆم چێژ لە تێکۆشان وەردەگری و پێیەوە ئاسوودە دەبی واتە وەک ئەو کەسانە نییە کە بە راستیی بە خەباتکردنەوە ماندیی دەبن و هەمیشە باسی ئەوە دەکەن زۆر ئازاری پێوە دەچێژن و تێکۆشان هەمووی هەر دەردەسەرییە.. بە کورتییەکەی ئەوەش بەسەر خەڵکانی دیکەیدا دەفرۆشنەوە کە گوایە زۆر خۆنەویست و غەمخۆری میللەت و مرۆڤایەتین کەچی لە راستییدا تەواو پێچەوانەن! کەواتە ئەو خانمە سەرمایەکی زۆر گەورەیە لۆ رێکخراوەکەمان کە دەیبینم بەو هەموو رامان و تێڕوانینە رامیارییە نایاب و جوانانەیەوە زۆر بە راشکاویی کاری تێدا دەکا و بێ گومانیشم لەوەی ئێستا کۆمەڵە کەسەکی وەک خۆشی دروستکردیە. هەرکووەک هەبوو زۆر بە نابەدڵیی سەری ئەرێم لەقاند و ئەویش پاش دەمەک دەستیپێکردەوە لێ وەهام پێشبینیی کرد ئەو جارە تەنێ چەند بویەرەکی رووتوقووت دەبن لە نێو سەرهاتەک کە لەگەڵ ئەو ژن و پیاوە بەسەریهاتبوون)):

ئەرێ.. هەر کە گەیشتینە ماڵەکەیان بێ ئەوەی بسێنەوە یەکسەر دەستیان بە چێکردنی خواردن کرد، هەرچی تەڕە و میوەی باخچەکەیان هەبوو بە برژایی و بە کولایی و بە خاویی لەسەر خوانەکەیان دانا.. ئی وەهای تێدا هەبوو ئەمن نەک هەر نەمخواردبوو بەڵکە نەشمدیتبوو تەنانەت هەندەکیان هەر ناوییشیانم نەژنەوتبوون.. هەرچەندە بەو خواردنانە رانەهاتبووم و چێژەکی تایبەت و نائاشنایان هەبوو لە کنە من لێ هەستمدەکرد زۆر سروشتیی و تەندروستیین.. بە کورتییەکەی تێروپڕم لێیان خوارد و چێژوچەشەکی ناوازەم لێدیتن.. هەر ئەو جەمە خواردنەش بوو وەیلێکردم پاشان وردە وردە خواردنەکانم بگۆڕم کە ئێستا زۆربەی هەرە زۆریان رووەکیین.

زۆر جەختم لەوە کردەوە ئەگەر ئارەزوو دەکەن با لەبەر من دەستبەرداری خواردنەوەی خۆیان نەبن.. لێ هەر پێیان لەسەر بڕیارەکەی خۆیان داگرت و بە کورتییەکەی خانمەکە گۆتی: "نا.. ئەمن و یارۆیەکەشم هێندە ناخۆینەوە و ئاڵوودەی ئەلکەهۆڵ نین.. هەر خۆمان زۆر رۆژ هەیە هیچ ناخۆینەوە.. با کەش و بارودۆخی هەرسێکمان وەک یەک بی خۆشتر و باشترە". ماوەکی چاک لە نێو باخچەکەیان هەر خەریکی قاوەخواردنەوە و دەمودووی ئاسایی بووین و پاشانیش ئەمن هەندەک بە درێژیی و بە شێوەکی گشتیی لە رێکخراوەکەی خۆمان دوام.. دیاربوو تا رادەکی باش شادمان بوون بە قسەکانم و رێکخراوەکەشمانیان زۆر بە دڵ بوو.. ئاخر ئەوانیش تێڕوانینی هزریی و رامیاریی خۆیان هەبوو لەسەر سیستەمی ژیان و دژە دەسەڵاتیش بوون..

هەردووکیشیان لە ڕێکخراوەکی هاوچەشنی ئەوەی خۆمان کاریان دەکرد لێ ئی وان پتر بە لای ژینگەپارێزییدا بوو و جۆرەک لە یەکێتییشیان لەگەڵ ڕێکخراوگەلەکی دیکەی وەک خۆیان هەبوو لە وڵاتانی دیکە، پاشان هەستمکرد لە زۆربەی ڕووەکانەوە زۆر لە یەک نێزیکین تەنێ لە شێوازی تێکۆشان هەندەک جوایەزین؛ هەر یەک لە ئەندامانی مە ڕۆژانە کاتەکی زۆر بە کاری ڕێکخراوەییە وەڕێدەکەین و زۆر بە قورسییش و وەرمانگرتیە لێ ئەوان بە شێوەکی زۆر سادە و بە هاسانیی کۆششی خۆیان دەکەن.. هەر لەو بوارەوە یارۆیەکەی خانمێ گۆتی:

- کاتەک کە گرنگترین ئامانجی مە گەیشتە بە زۆرترینی ئازادییەکان و ئازادییەکانیش هەر تەواو نابن و هەر ڕۆژەو بە پێی گۆڕان و وەرگۆڕانەکانی ژیان و بەرزبوونەوەی ئاستی خواست و پێشبینییەکانمان ئازادیگەلەکی تازە و تازەترمان گەرەک دەبی.. پێویست ناکا بە پەلە و بە هەڵپە بین و هێندە خۆمان سەرقاڵ و ماندیی و شەکەت بکەین کە چێژ و ئاسوودەییەکانی ڕۆژانەی ژیانمان لەدەستبدەین بەڵکە پێویستە هەر هێندە تێبکۆشین کە لەدەستماندێ لێ هاوکاتیش پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەین کە دەبی لە بەرانبەر دەسەڵات و ڕژێمە زۆر ستەمگەرەکان ئامادەیی پترمان تێدا هەبی دەنا هیچ بە هیچ ناکەین...

سەرەنجام پاش پتر لێکتێگەیشتن و گفتوگۆیەکی زۆر نەخشەکی وەهامان داڕشت کە پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی لە هەردوو ڕێکخراوەکەمان هەم ئەمن ببمە ئەندام لە ڕێکخراوەکەی وان هەم ئەوانیش هەردووکیان ببنە ئەندام لەوەی مە ئەوەش بەو ئامانجەی کە دەتانین پەیوەندییەکی نێونەتەوەیی لە نێوانماندا چێبکەین لە پێناو هاوپشتیی و هاوکارییکردنی یەکدی.

هێدی هێدی کەشەکە هەندەک ساردی کرد و بەرەو ژۆرێ خشین، ئەمن و پیاوەکە لە نێزیک یەک دانشتبووین و خانمیش هات خۆی کوتایە نێوانمان و یەکسەر دەستەکی لە ملی من کرد.. پاش ئەوەی ماچەکی پڕ بە دەوی لە نێو دەوم کرد و چەند جارەک بە نەرمونیانییەوە دەستی بە سینگوبەرۆکم داخشاند هەر بەبەرچاوی یارۆیەکەیەوە دەستی بردە نێو باغەڵم و لەگەڵ دەرهینانی مەمانم دەستی بە لێستنەوە و مژینیان کرد! ئێ وەک پێشتریش گۆتم 'ژنەکی زۆر نەرم و ناسک و نازەنینە' تەنێ بە تەمەشاکردنی ئارەزووی دەفڕاندی.. جا وەرە ئەوها بەو شێوە ئاوێزانت ببی دەبی چت پێبکا! نازانم چ بێژم.. ئەو ئاورەی ئەو داگیرساندبوو یان دەبوو بە ئارامی وەدیاریەوە دابنیشی و وردە وردە بتسوتێنی تا لەتەقەلۆ دێیەدەرێ یان دەبوو وەک ئاورپەرستان لەگەڵ بڵێسەکانی سەما بکەی تا بەوپەڕی سەرمەستییت دەسپێرن.. ئیدی چاوانی یارۆیەکەی ئەو بڕست و باندۆرەیان نەما لە کنە من تا بتانن پێشم پێبگرن و بە نابەدڵییەوە لاملییەک بنوێنم.. ماوەکی چاک بەرگەمگرت و هەستوخوستم لە خۆم بڕی.. لێ ئەو ئاورە ئی وەی نەبوو خۆ لە گوڕوتینی ببوێری و داغت نەکا.. جا سەرەنجام ئۆقرەم لەبەربڕا و هەر ڕێک بە پێی کرپەکرپ و لرفەلرف و ئەو بەزمورەزمەی لە گوڕ و بڵێسەکانی هەڵدەقوڵان گیانم کەتە سەمایێ.. جارجارە زمانەکم دەگەیاندە سەر لێوانی و توند توند دەممژتن واتە وەک ئەوەی دار لە کونی زەنگەسۆران وەربدی هەر هار و هارترم دەکرد.. کاتەکم زانی دەستەکی لە ملی یارۆیەکەشی وەرهینا و سەری خوارکردەوە سەر سینگی من تا ئەویش مەمانم بمژێ! هەرچەندە ئەو بەرخوردەم بە ڕەفتارەکی زۆر 'نائاسایی و نابەجێ و ناڕەوا' هاتە بەرچاوان لێ کاتەک کە ئەویش زمانی گەیاندە سەر گۆی مەمانم و ئەوها بە لێزانیی و بە گەرموگوڕییەوە ختووکەیدان هەرچی 'نا' هەبوون کە ببوونە لەمپەر لە نێوانی سەری گۆی مەمانی من و سەری زمانی وی قل قل داوەرین و بێ هیچ بەرگرییەک خۆم

رادەستیکرد و ئەو رەفتارە نەریتنییەش کە ئاماژەم پێیدا لە ماوەی چەند چرکەکدا وەرگۆڕا و لە کنە منیش بووە رەفتارەکی 'فرە ئاسایی و زۆر بەجێ و گەلەک رەوا'! ئای کە مرۆڤیش دەعبایەکی چەند عەنتیکەیە.. ئەتوو تەمەشا کوو بە دەست ئەو پارچە گۆشتانەی نێوگەڵمان گیرۆدە بووینە! هەرکووەک هەبوو ئەوە هەنگاوی یەکەممان بوو بەرەو سێکسی بەکۆمەڵ هاوێشتمان.. یارۆیەکەی خانمێ بەو هەموو ئارامیی و نەرمونیانییەی خۆیەوە وەک گورگی برسیی وەدوو ئامانجی خۆیدا دەگەڕا.. خۆ ئەمنیش لەوم کەمتر نەکرد و خانمیش لە هەردووکمان بەلەسەتر ببوو! رێک وەک ئەوەی سێ تۆپ لە نێو بازنەکدا بخولێنیەوە ئەمەش بە هەمان شێوە وەدوویەکدا دەخولاینەوە، زۆر وێدەچوو خۆشەویستیی بە واتایە دەروونییەکەی زۆر ئامادەیی نەبی لە سێکسی بەکۆمەڵ چون هەرسێکمان زۆر بە چڕیی و تا شلوکوت بووین تەنێ لە چنگەچڕێی گەیشتن بە حەز و ئارەزووە جەستەییەکانماندا بووین.. نازانم.. خۆ رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بی کە هێشتا ئەو جۆرە سێکسە دیاردەکی ئاسایی و باو و بەربڵاو نییە تا ئەو دەرفەتە ئارام و بەرفراوانە بڕەخسێنی کە هەست و سۆز و خولیایە دەروونییەکان گەرەکیانە یان رەنگە... هەرکووەک هەبوو هەرسێکمان تێکڕای جەستەمان بە پێی خواستە جۆراوجۆرەکانمان ئازاد کردن تەنانەت بە بیانووی لەبەرچاوگرتنی حەز و ئارەزووە ناوازە و تایبەتەکانی هەر یەکەکمان سڵمان لە هیچ جۆر و شێوە هەڵسوکەوتەکی سێکسیی پێشەوە و پاشەوە و دەو و قوڕگ و نێوان مەمکۆڵان و هەر جێیەکی دیکەی جەستەمان نەکردەوە تا ئەو ئاستەی ئەگەر هەندەکیان کەمەک نابەدڵ و ئازاربەخشیش بووبن لە لای بەرانبەر.. سەرەنجام لە کۆتاییەکەیدا کاتەک کە هەرسێکمان چۆڕمان لەبەربڕا و لەپاولەپ بە رووتوقووتیی بەسەر یەکدا کەتین ماوەکی چاک سەرمەست بە چێژی ئارەزووەکانمان خۆمان لەبیرکرد یان جوانترە بێژین خۆمان لە نێو خۆماندا لێ بزرربوو، پاش ئەوەی وەخۆهاتینەوە و وردە وردە هەستاینەوە سەرپێیان خۆمان خاوێنکردەوە و جلوبەرگەکانمان دەبەرکردن.. ئەوان زۆر ئاسایی دەهاتنە بەرچاوان و ئەمنیش لەبەر دڵی وان هەر وەهام پێشاندا کەچی لە ناخەوە چەندی دەمکرد و نەمدەکرد هەر ئەو سێکسە بەکۆمەڵەم لە کن ئاسایی نەبوو.. هەرچەندە لەوەی مە پیاوی سێکسکڕی تێدانەبوو جا چ وەک ئەوەی لە سەردەمەکانی پێشان باو بوو کە پیاوەک بە ناوی هاوسەرگیریی دوو ژن یان چەند ژنەکی لە پێناو سێکس و کارەکەریی و زارۆک بەخێوکردن دەکڕی چ وەک ئەوەی ئێستا کە هەندەک پیاوی دەوڵەمەند ژن تەنێ وەک ئامرازی سێکسکردن دەبینن و زۆر جار لە رێی هێزی پارە و دەسەڵاتەوە یەک پیاو لە یەک کاتدا لەگەڵ چەند ژنەک دەنووی یان چەند پیاوەک لە یەک کاتدا خەریکی ژنەک یان چەند ژنەک دەبن! ئەو بەرنامە ئارەزوو ورژێنەرانەشی تێدانەبوو کە ژنی سێکسفرۆش تەنێ لە پێناو پارە و بێ ئەوەی خۆی ئارەزووی سێکسکردنی هەبی هەموو جەستەی خۆی دەداتە بەردەستی پیاوەک یان چەند پیاوەک تەنانەت ئامادەیە لە یەک کاتدا چەندین کیر لە قوز و قوون و دەوی بنێن تا رادەی ئەوەی هەموو جەستەی لێکهەڵیبزڕێنن! نا.. ئەوەی مە هچ جۆرە چەوسانەوە و وەکاربردن و سێکس کڕین و سێکس فرۆشتنەکی تێدا نەبوو و تاقە ئامانجمان تەنێ دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانمان بوو و هیچی دیکە.. لێ هێشتا لێتێنەگەیشتن و نیگەرانییەکەم هەر هەبوو و نەمدەزانی ئایە هەر نائاشنایی و رانەهاتنمە بە بابەتەکە و ناتانم هووردەکاریی و لێکەوتەکانی بە رۆشنیی ببینم یان چی دیکەیە؟!

جا ئەمن لە هندوڕی خۆمدا هەر خەریکی تاوتوێکردنی ئەو بابەتە و دەستنیشانکردنی لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی ئەو سێکسە بەکۆمەڵە بووم کە یەکەم جارم بوو ئەنجاممدابوو.. هەر لەو دەمیش بڕیارمدا تازە

هەر تووش بوومە تووش بوومە تا لێرە بم ئەگەر دووبارە و سێبارەش ببتەوە گرنگ نییە لە کنم لێ هەر کە لێرە دەرچووم ئیدی نەک هەر لەگەڵ وان لەگەڵ هیچ کەسانەکی دیکە دووبارەی ناکەمەوە چونکێ بە کارەکی باشی نازانم.. هەڵبەتە کە دەبێژم کارەکی باش نییە واتە لۆ خۆم نەک لۆ خەڵک.. ئاخر ئەوە پەیوەستە بە ئازادیی خۆدەربڕین و پێویستە هەر کەسەک ئازاد بی دەیکا یان نایکا لێ زۆر باشترە ئەگەر کۆششبکرێ چەندی لە توانادا هەیە لایەنە نەرێنییەکانی کەمبکرێنەوە کە ئەمن دڵنیام دەکرێ هەر بنەبڕ بکرێن، ئیدی ئەو بابەتە مەژییمی تەواو داگیرکردبوو و گەلەک ماندیی و شپرزەی کردبووم لێ هێشتا دەتانم بێژم هێندە قورس نەبوو و هەر هیچ نەبوو لەچاو ئەوەی کە لە کاتی تەمەشاکردنی ئەلبوومی وێنەکانیان دەربارەی دوا وێنەیان پرسیارەکم کرد و خانمیش زۆر راشکاوانە وەڵامیدامەوە.. هیچ تشتەک بە درێژایی تەمەنم بە ئەندازەی ئەو وەڵامە تووشی سەرسوڕمانی نەکردبووم! ئەو پرسیار و وەڵامەش خۆبەخۆ و بە شێوەکی ئاسایی لە کۆتایی ئەو دەمەتەقێیەمان دروستببوو کە خانم دەستپێیکرد:

- خۆزیە هەندەک وێنەی ئەو بەزمورەزمەمان بگرتبا.. زۆر خۆشە وێنەی ئەوهات هەبی.. بە داخەوە کەسمان لەبەر دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانمان بەرمان بەوە نەبوو! (زۆر پێم سەیر بوو خانمەکی ئەوها بەو سادەییەوە خۆزگە بەوە دەخوازی وێنەی ئەو سێکسە بەکۆمەڵەمان هەبا).

- جا ئەوە گریمان چەند وێنەکی لەو بابەتەمان هەیە و ئێستا لەبەردەستمانن.. خۆ هەر لە نێوانی ئەو سێ کەسەمان یان ئەوپەڕەکەی چەند کەسەکی دیکە دەرناچن کە هەمان بەزمیان هەیە و جێی بڕوامانن.. واتە تا دەمرین ناوێرین بە شێوەکی بەرفراوان بە خەڵکیان پێشانبدەین و لە کۆتاییشدا رەنگە پێش خۆشمان لە گۆڕیان بنێین تا مێژوو نەتانی بەو جۆرەی کە هەین بە نەوەکانی دوای خۆمانمان بناسێنی! وێنەی ئەوها چ سوودەکی هەیە بێجگە لە ترسی ئاشکرابوون و تووشبوون بە دڵەڕاوکێ!؟

- نا هاوڕێ ئەوها نییە.. تەمەشا.. خۆ ئێستا لێرە و لە زۆر وڵاتانی دیکەش ئەو ژن و پیاوانەی پێکەوە دەژین یان خۆشەویست و هاوڕێی یەکن نەک هەر بە وێنە تەنانەت دەتانن لە نێو شەقام و لە هەموو جێیەک بە بەرچاوی هەمووان یەکدی ماچ بکەن.. کەچی پێشترێ نەیاندەتانی ئەوە بکەن.. ئێ ئەو دەستکەوتە لە ئەنجامی خەباتی دوورودرێژی کەسانەکی وەک من توو وەدەستهات کە بەوپەڕی توندتیژییەوە دژایەتییکران تا رادەی ئەوەی کە زۆریشیان لەنێوبردران.. ئێستا کە مرۆڤایەتی بەری رەنجی ئەوان دەخوا دەکرێ ئەمەش بە پێی قۆناغەکە لەو رووەوە تێکۆشانی خۆمان بکەین.. واتە دەشێ وردە وردە گانکردنی بەکۆمەڵیش وەک گانکردنی نێوان دوو کەس و خودی گانکردنیش وەک ماچکردن و ماچکردنیش وەک خواردن و خواردنەوە لە تێکڕای جیهان ئازاد بکرێن، جا چەند خۆشە ئەوانەت بە وێنە یان بە گرتەی ڤیدیۆیی هەبن کە لە هەردوو باردا چ وەک چنینەوەی بەرهەمی تێکۆشانی ئێستات چ وەک نازکردن بە تۆماری کۆی قۆناغەکانی خەباتی رابردییت زۆر چێژیان لێدەبینی. (ئەمن هاوڕا بووم لەگەڵی و دەمویست بە رستەکی جوان تێڕوانینەکەی پشتڕاستبکەمەوە.. کەچی یارۆیەکەی خانمێ پاش ئەوەی بە نەرمونیانییەکەوە مۆڵەتی قسەکردنی لە هەردووکمان وەرگرت گۆتی):

- قسەکانی هەردووکتان راست و بەجێن.. لێ بە دوو دەربڕینی جودا و... (خانمەکەی قسەکی پێ بڕی):

- نا یارۆ گیان نا.. قسەکانی من و ئەو هاوڕێیە خۆشەویستەمان پێچەوانەی یەک بوون...

- ئاخر ئەمن...

- نا نا.. ئاخر و ماخری پێناوێ، گومانی تێدا نییە کە ئەتوو زۆر باش دەزانی رای من چیە لەو رووەوە.. لێ ئەو زۆر بە رۆشنیی پێیوەیە وێنەگرتنی وەک ئەو بەزموڕەزمەی ئەوشۆمان بێجگە لە دروستکردنی ترس و نیگەرانیی لۆ خۆمان هیچ سوودەکی نابی چونکێ وێنەکان تەنێ وەک نهێنیی لە کن خۆمان دەمینێنەوە.. (دیاربوو یارۆیەکەی بە پێی جووڵە و ئاماژەکانی دەموچاوی دەیویست بەرسڤیبداتەوە.. هەستمدەکرد قسەکەشی هەر لە پێناو دڵڕاگرتنی من کرد دەنا وێنەدەچوو ئەویش پێیوەبی قسەکانی من و خانمێ هەمان تشت بن بە دوو دەربڕینی جودا.. دەمزانی ئەگەر هەر ئەوهای بدەنەدوێ ئەوە کاتەکە بە گفتوگۆیەکی بێ سوود وەفیڕۆدەدەین و رەنگە نیگەرانییەکیش لە نێوانیاندا چێبکا لەبەرهەندێ نەمهێشت درێژە بە مشتومڕەکەیان بدەن):

- راستدەکەی خانم.. بەراوردکردنەکەت جوان بوو سەبارەت بە ماچ و سێکسی بەکۆمەڵ و لە رووی کردەییشەوە گرفتەکی تێدا نابینم، حەزدەکەم ئەوەشی بخەمەسەر کە دەکرێ ئەو جۆرە خەباتە وەک کۆششی تاک چاولێبەکەین.. واتە گرنگییدانی هەر تاکەک لە لای خۆیەوە بەو پرسە باندۆرەکی چاکی هەیە لەسەر خەملاندنی بزاڤەکی گشتیی لەو بارەوە لێ شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو دابونەریتە نەرێنییانە کە رەگوڕیشەیان بە قووڵایی کۆمەڵدا رۆچووە زۆر قورسە و تەنێ بە خەباتی تاکەکەسیی ئەنجامنادرێ بەڵکە پێویستمان بە کاری بەکۆمەڵ و رێکخراوبوون هەیە.. جا داسەپاندنی جێگرەوەی هەر دابونەریتەکیش بەسەر دەسەڵات هەروا پاراستنی وەک دەستکەوت و پاشانیش راهێنانی خەڵک لەسەری لە رێی بەرنامەگەلەکی چڕوپڕیی پەروەردەیی و دوور لە توندوتیژیی هەر هەموویان پێویستیان بە هێز و توانای رێکخراو و کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەزیی هەیە. (باش بوو ئیدی یارۆیەکەی بێدەنگ بوو و تەنێ خۆی هاتەگۆ):

- ئەرێ.. ئەمنیش تەواو هاوڕاتم.. هەڵبەتە خەڵکانی وەک مە کە بە شێوەی بەکۆمەڵ خۆمان رێکخستیە و بنچینەی کار و چالاکییەکانیشمان هەر بە شێوەی هەرەوەزییە پێویستمان بە ئامرازگەلەکی زۆر هەیە.. جا زمانی وێنەش هەروەک زمانی ئاخافتن و زمانی نووسین ئامرازی دەربڕینە.. وێنە بە هەموو جۆرەکانیەوە (وێنەی ئاسایی.. وێنەی بزۆز.. کاریکاتێر، تابلۆ.. پەیکەر... تد) هەتەر و رەنگدانەوەکی ئێکجار زۆری هەیە لەسەر گۆڕینی فەرهەنگی رامیاریی و هەر بوارەکی دیکەی نێو کۆمەڵ بە تایبەتییش لەو سەردەمەی پێشکەتنی کۆمپیوتەر و مۆبایل.. خۆ پێشانیش هەر نەخشی بەرچاوی خۆی هەبووە لەسەر ژیانی مرۆڤەکان؛ ئەمن وەبیرمدێ لە سەردەمی نەوجەوانییمان وێنەکانی خۆم و یارۆیەکەم و دایوباب و خانەوادەکەمان بە گشتیی - ئێستاکەش یەک ئەلبوومی کاغەزیی گەورمان لەو وێنانە مایە - لەگەڵ ئەوەی بەو کامیرایە سادە و ساکارانەی پێشان گیرابوون لێ چونکێ گرتە و دیمەنەکانیان گوزارشتیان لە هزر و تێڕوانینی پێشکەتنخوازانە و ئازادییخوازانەمان دەکرد کارتێکردنەکی زۆریان هەبوو لەسەر ئەوەی کە هاوڕێیەکانمان چاو لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی ژیان و تێکۆشانی ئەو دەمی مە بکەن و لێمان نێزیک ببنەوە و گۆڕانەکی باشیان وەسەردابێ.. (یارۆیەکەی وەک پشتگیرییەک لە قسەکانی وی دیسان خۆی خستەوە نێو بابەتەکە):

- ئەرێ.. لە راستییدا زۆرەک لەو هاوڕێیانەمان لەوان دەمان لە ژێر کارتێکردنی شێوازی ژیانی مە کە وەک ئێستا دژەباو بووین و بێ پەروا و بێ ترس تشتی تازەمان لە نێو خەڵک بڵاودەکردەوە - کە وێنەش ئامرازەک

بوو لۆ بڵاوکردنەوەیان - گۆڕانەکی زۆریان وەسەرداهات و ئێستاکەش هەر هاوڕێمانن و پێکەوە لە نێو ئەو ڕێکخراوەماندا کاردەکەین. هەرچەندە سەردەمی وێنەی کاغەزیی بەسەرچووە لێ ئەگەر پێتان خۆشە حەزدەکەم بچم ئەلبوومەکەمان بهێنم هەم وەک یادگارییەکی خۆشی پێشان هەم وەک سەلمێنەری قسەکانی خانمەکەم تەمەشایەکی وێنەکان بکەین؟

پاش ئەوەی خانم ئەرێیەکی کرد و ئەمنیش گۆتم 'لۆ نا'.. یارۆیەکەی بە پەلە ڕۆیشت و ئەلبوومەکەی هینا.. لە راستییدا لەگەڵ ئەوەی وێنەکان بە کامیرای زۆر سادە و ساکار و خراپ چرکێندرابوون لێ هێشتا لە وێنەکانی ئەو سەردەمەی ئێستامان جوانتر و سروشتییتر بوون؛ لە ڕەنگ و سێبەر و ڕۆشنایی.. لە شێوەی وەستان و گرتە و دوورییەکان.. لە جلوبەرگ و کەلوپەل و دیمەنەکانی پشتیان... لە کنە من لە هەموو رووەکانەوە سەرنجڕاکێشتر و هونەرییتر بوون.. ئەوە هیچ کە خۆشیان یەک لە یەکیان جوانتر و قۆزتر بوون.. کە بە هووردیی سەرنجتدەدانێ دەتزانی وێنەکان تەنێ لە پێناو وێنەگرتن و خۆدەرخستنی خودپەرستانە نەبوون بەڵکە هەستتدەکرد ئامانجگەلەکی پێشکەتنخوازانە و مرۆڤپەروەرانە لە پشت چرکاندنیاندا هەن و پەیوەندییەکی زۆر لەپێش و شارستانییانە لە نێون کەسەکاندا هەیە و بە راستیی دژەباون.. وێنە بە وێنە هیچیانم قوتارنەدەکرد و هەر یەکەشیان کە دەمدیت پتر و پتر سەرسامی دەکردم و ماوەکی چاک لەسەری دەوەستام.. لە بن زۆربەی هەرە زۆریان کورتە زانیارییەک نووسرابوو و هەر پرسیارەکیشم لەسەریان هەبا زۆر راستگۆیانە و راشکاوانە وەڵامیاندەدامەوە.. یارۆیەکەی لە نێوانی هەردووکمان دانیشتبوو و ئەلبوومەکەش لە بن دەستی وی بوو.. وردە وردە پەڕەکانی وەرگێڕان تا گەیشتینە داو لاپەڕە کە سێ وێنەی تێدابوو و دوا وێنەیان وەرگێڕدرابوو واتە رووەکەی دیار نەبوو و لە بنیشی نووسرابوو 'خۆم و برایە زۆر قۆز و خۆشەویستەکەم'! هەڵبەتە بە پێی ئەوەی نووسینەکانی بن وێنەکان هەمووی خانم نووسیبوونی دەبووایە وێنەکە ئی خۆی و برایەکەی بی.. حەزملێبوو ئەویش ببینم کەچی دیتم یارۆیەکەی بێ ئەوەی هەڵیبگێڕێتەوە و رووەکەی پێشانبدا ئەڵبووکەی داخستەوە.. ئەمنیش نازانم کووبوو بێ بیرکردنەوە لە هیچ یەکسەر گۆتم:

- تکایە با ئەو دوا وێنەش ببینم.. با بزانم شێوەی ئەو برایە قۆز و خۆشەویستەی خانمێ کووە؟ (پاش ئەوەی بە شێوەکی نائاسایی نیگایەکیان لە یەک کرد و ماوەک بێدەنگ بوون خانم بە نیگەرانیی و دەنگەکی لەزرۆکەوە وەک ئەوەی ترسی ئاشکرابوونی نهێنییەکی هەبی بە یارۆیەکەی گۆت):

- دە تازە ئەو وێنەشی پێشانبدە تکایە.. (کە یارۆیەکەی وێنەکەی لە ئەلبوومەکە دەرکرد و لە دوڕ دەستمی نا زۆر بە ڕۆنیی و ڕۆشنیی دیاربوو کە هەر خۆیان هەردووکیانن و بە شێوەکی زۆر ڕۆمانسییانە دەویان لە نێو دەوی یەکدی نایە! بە هیچ جۆر و شێوەک سەرم لێیدەرنەدەکرد.. ئاخر لە بنی نووسرابوو 'خۆم و برایە زۆر قۆز و خۆشەویستەکەم' کەچی خۆی و یارۆیەکەی دەرچوون؟!! لەبەرهەندێ بە ناچاریی رووم لە خانمێ کرد و پرسیاری ئەوەم لێیکرد کە زۆر سەیرە لە لایەک براتە و لە لایەکی دیکە یارۆتە! ئەویش وەک ئەوەی هەمیشە پێشترێ زۆر بە راستگۆیی و بە راشکاوییەوە وەڵامی هەر پرسیارەکی دابوومەوە لەوەشیان هەر بە هەمان شێوە بوو لێ هەندەک ترس و نیگەرانیی پێوەدیاربوو):

- ئەرێ.. پێویستە دانی پێدا بنێم کە لە راستییدا خوشک و براین لە داک و بابەوە.. لێ پاش تێپەڕاندنی قۆناغی نەوجەوانیی حەزمان لە یەک کرد و ئیدی بووە یارۆشم! (هەرگیز بیرم لۆ تشتی ئەوها نەدەچوو و زۆر

قورس بوو بتانم بەو هاسانییە بڕوای پێبکەم.. هەر وەمدەزانی حەنەکان دەکا.. لەبەرهەندێ پرسیارەکەم دووبارە کردەوە کەچی دیسان زۆر راشکاوانە و بە هەمان شێوە بەرسڤیدامەوە سەرەڕای ئەوەش یارۆیەکەشی پشتڕاستی کردەوە! بە هەر تۆبزیی لەخۆکردنەک هەبوو دانم بە خۆمدا گرت و نەمهێشت هەست بە هیچ کاردانەوەکم بکەن لێ لە بنەوە بڵق بڵق دەکوڵام و خەریکبوو دەتەقیمەوە! هەم لە پێناو دڵنیابوونەوە لە راستیی قسەکەی هەم بە نیازی دەربڕینی تێڕوانینی خۆم لەسەر پرسەکە بەو جۆرە هاتمەگۆ):

- لە روانگەی منەوە هەر کەسەک ئازادە جەستەی خۆی بە چ شێوەک و لەگەڵ کێ وەکاردەبا ئەنگۆش بە هەمان شێوە ئازادن.. لێ ئەمن وەک خۆم لەگەڵ ئەوە نیم خوشک و برا پەیوەندیی سێکسییان هەبی.. لەبەرئەوە نا کە دابونەریتە کەونەکان و نێرسالاریی و دین قەدەغەیان کردیە چونکێ بیانووەکانی ئەوان زۆر لاوازن و لەسەر بنچینەی ئەندێشە ئەفسانەییە پووچگەراییەکان داسەپێندرانە.. خۆ ئەمە هەمووومان بەرهەمی خوشک برایەکانی نەوە سەرەتاییەکانین کەچی لەوان سەردەمان جۆری مرۆڤەکان زۆر پتەوتر و نایابتر بوون لەوەی ئێستامان کە زۆر لەمێژیشە سێکسی نێوان کەسە لە یەک نێزیکەکان قەدەغەکرانە.. ئەگەر مرۆڤ کە جۆرەکە لە ئاژەڵەکان هەر لە سەرەتاوە هێندە گەمژە نەبووایە و سنوورە بڤەکانی نێوان خوشک و برا و هەندەک لە نێر و مێیەکانی دیکەی چێنەکردبا ئەوە بە دڵنیاییەوە ئێستا وەک ئاژەڵانی دیکە هیچ گرفتەکی لەو رووەوە نەدەبوو.. هەروا لەبەرئەوەش نا کە گوایە زانست سەلماندیتی منداڵی نێوان دوو کەس لە ئەندامە نێزیکەکانی نێو یەک خانەوادە زۆر تەندروست دەرناچی.. چونکێ ئەوەیان بێجگە لەوەی چارەسەری هەیە هەموو کەسەکانیش ئەو گرفتەیان نییە.. بەڵکە ئەمن کێشەکە پتر لەوە دەبینم کە ئەگەر خوشک و برا ئازاد بن لە سێکس و هاوسەرگیریی رەنگە پەیوەندییەکانی دیکەی نێوان خەڵک لاوازتر ببن و هەر خانەوادەک لە نێو خۆی دابخرێ و کەمتر تێکەڵی خانەوادەی دیکە ببی جا ئەوە لۆ ئەو کەسانەش هەر راستە کە کەسی نێزیکی یەک نین و هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ یەک دەژین وەک هەر خانەوادەکی داخرای دیکە.. دواییش مرۆڤەکان ئێستا خۆیان کێشەی ئەوەیان هەیە کە داک و باب وەک قەوارەکی تایبەت خاوەن و بەخێوکەری منداڵانن کە هەم دەیانچەوسێننەوە هەم بە پێی ئارەزووە نەخۆشە جۆراوجۆرەکانی خۆیان پەروەردەیان دەکەن و سەرەنجام وەک دەیبینین دەبنە هۆی دروستبوونی شێوە فەرهەنگ و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی زیانبەخش و نامرۆیی.. جا کە خوشک و برا یان کەسە زۆر لە یەک نێزیکەکانی دیکەی خانەوادە دەبنە هاوسەر هەم قەوارەی جۆراوجۆر و پتەوتر و پتر دەکەن هەم خاوەندارییەکەیان بەسەر منداڵەوە زۆر لە ئی داک و بابە ئاساییەکان توندەڕەوانەتر دەبن بە تایبەتییش کە هێشتا نێرسالاریی زۆری مایە کۆتایی بێ هەر مێینەکان پتر دەچەوسێندرێنەوە و هاسانتریش دەبنە پێخۆری نێرە ستەمگەرەکان! جا ئەوە بابەتەکی پڕ رەهەند و ئاڵۆزە و تاوتوێکردن و ساغکردنەوەی بە شێوەکی زانستییانە کاتەکی زۆری گەرەکە، ئەمن پێمویە تا داک و باب خاوەنی منداڵ بن و تا دین و دابونەریت و نێرسالاریی و سیستەمی چەوسێنەرانە لە نێو کۆمەڵ باڵادەست بن ئەو ئازادییە سێکسییەی نێوان خوشک و برا و کەسە نێزیکەکانی نێو خانەوادەکان زیانی پتر دەبی لە قازانج تەنانەت لە رووی هەست و سۆزی سێکسییشەوە.. ئاخر سروشتی مرۆڤ بە شێوەکی گشتیی خۆی ئەوهایە کە هەمیشە ئارەزووی تشتی باش و جوان و بێ کەموکوڕیی دەکا؛ کاتەک دوو کەسەک بە درێژایی تەمەنیان لە نێزیکەوە لەگەڵ یەک دەژین هەموو لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی یەک دەبینن ئیدی لایەنە نەرێنییەکانیان دەبنە هۆی ساردکردنەوەی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانیان لە بەرانبەر یەکدی.. لێ کە دوو کەس لەگەڵ یەک

ناژین و پاش تەمەنەک کە یەکەم جار یەکدی دەبینن و یەکدەگرن پتر لایەنە ئەرێنیی و جوانەکانی یەکدی دەبینن و لە درێژەی یەکگرتن و پێکەوەژیانیشیان بە شێوەکی گشتیی زۆربەی لایەنە نەرێنییەکانی پێش یەکدیناسینیان بزردەبن و ئی پاش یەکگرتنەکەشیان هەر بە کەمیی و بە لاوازیی دەمینێنەوە و ئەگەر بیانەوێ دەتانن بەسەریاندا زاڵ بن و پتر چێژ لە یەک ببینن و لە ئاسوودەییەکان بەهرەمەند بن.. ئەوەش لە بنچینەدا وەک ئێستا بابەتەکی کەتواریی و دەروونییە و رێک وەک ئەوەیە کە ئەتوو لەگەڵ چاندن و بەخێوکردنی گوڵەکی جوان دەژی تا گەورە دەبی ئیدی بە هۆی لایەنە نەرێنییەنەکانی ناتانی زۆر بە باشیی جوانییەکانی ببینی.. لێ کاتەک کە گوڵەکی جوان لە لایەن کەسەکی دیکەوە بەخێویکرایە و بە ئامادەیی دەکەویتە بەردەستت ئەوە پتر یان تەنێ جوانییەکانی دەبینی! ئەرێ.. ئەمنیش وەهای دەبینم کە سەردەمەک دادێ قەدەغەکردنی سێکسی نێوان کەسە نێزکەکان بە نێر و مێ و رەگەزەکانی نێوانیشیانەوە کۆتایی پێدێ لێ لە سەردەمی ئێستا رەنگە توندڕەوییکردن تێیدا زیانی پتر بی لە قازانج واتە ئەوە هەم کات هەم تێکۆشانەکی زۆری گەرەکە تا دەچەسپێ.. هەرکووەک هەیە نامەوێ پتر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم.. ئەوەی ئێستا زۆر لە کنە من گرنگە ئەوەیە دەمەوێ بزانم ئەگەر بە کورتییش بی سەربردەی ئەو یەکگرتنەتان وەک یارۆی یەکدی کوو بوو هەروا ئایە تا چەند پێیەوە گرفتار بوونە چ لە نێوان خۆتان چ لە نێو کۆمەڵ؟ (بەرلەوەی دەست بە قسان بکا یارۆیەکەی داوایکرد دەرفەتی بدەین بچی خەریکی شوشتنی قاپوقاچاغەکان و خاوێنکردنەوەی ناندینەکەیان بی.. هەر کە ئەو رۆیی خانم هاتە تەنیشتم دانیشت و باسکی چەپی بە جۆرەک لە ملم وەرینا کە لاشانی راستم بکەویتە سەر لاسینگی چەپی.. ئیدی وردە وردە بەدەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکەم ناوەناوە سەری کەپووی دەخستە نێوان کەلەنی مەمانم و بۆنی پێوەدەکردن پاشانیش دوو سێ نەرمە ماچی لە لاملان و بن گەردەنم دەکرد و زۆر بە چێژەوە زمانەکی بەسەر هەردوو لێوانم دادەهینا.. هەر ئەوەی دووبارە دەکردەوە و هیچ جوولەکی دیکەی لەو چەشنانەی نەدەکرد.. هەر ئەوهام دەهاتە بەرچاوان کە کەسەک بیەوێ ئەشکەنجەی سێکسیی کەسەکی دیکە بدا.. بە جۆرەک قسەی دەکرد وەک ئەوەی لە کوڕەک دایە و بابەتەکەی زۆ بە راشکاویی و بە رێکوپێکییەوە پێشکەش دەکا! هەر کووەک هەبوو بە هۆی جوولە جەستەبازییەکانی و پتریش بە هۆی هەژموونی پەیڤ و گوزارشتە سێکسییەکانی نێوگەڵم تەواو گەرمداهاتبوو و میتکەم رەپ رەپ ببوو.. لێ لەبەر گرنگیی قسەکانی هەر دانم بەخۆدادەگرت و لەبنەوەش هەر ئاوم دادەدا و مایۆیەکەم لە تەڕییان شڵپەی لێوەدەهات! دەی باشترە با خودی قسەکانی خانمێ بژنەوین کە بەو جۆرە دایەدوێ):

- لەگەڵ زۆربەی تێڕوانینەکانت دام لێ ئەگەر لەوانەیان بدوێم کە هاوڕا نیم لەگەڵیان کاتەکی زۆرمان پێویستە و خۆشت دەزانی ئێستا درەنگی کرد و ئەو دەرفەتەمان نییە.. خۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەشت هەر زۆر درێژەدەکێشی ئەگەر بە تەواویی بچمە نێوی.. لەبەرهەندێ دەمەوێ زۆر بە کورتیی سەربردەکەمانت لۆ بگێڕمەوە و بە پێی دەرفەتیش ئاماژە بە لێکەوتە و گرفتارییەکانی دەکەم؛ داپیر و باپیری من و ئەو یارۆیەم لە بنەچەی بابمانەوە خوشک و برا بوون و بە رەسەن خەڵکی ئێرە بوونە.. هەر لە نەوجەوانییەوە بە یەک فێردەبن تا رۆژەکیان پلەکیان لە کاتی گانکردنەکیاندا دەیانگری و لێیان لەهەڵادەدا.. هەرچی خزم و ناسیار هەبووە تەنانەت دراوسێیەکانیشیان لەو بەزمە ئاگادارەدەکاتەوە.. ئیدی بە ناچاریی سەرهەڵدەگرن و لە نێزکترین وڵاتی سنوور دەگیرسێنەوە.. هەرچەندە سەرەتای ژیانی ئاوارەییان زۆر سەخت بووە لێ لەو کێشەیان

رزگاردەبن و بە کردەیی و بە فەرمییش دەبنە هاوسەری یەکدی و کەس پێیان نازانی کە خوشک و برای یەکن.. پاشان وردە وردە ژیان و گوزەرانیان بەرەو باشیی دەڕوا و کوڕەکیشیان دەبی.. ئەو کوڕەش پاش ساڵانەکی زۆر بەسەر کۆچی دوایی داک و بابی پەیوەندیی لەگەڵ ژنەکی هۆشیار و چاوکراوەی وەک خۆی لە هەمان ئەو وڵاتە چێدەکا و ئەمن ئەو یارۆیە جوانەمیان لێدەبی.. لە راستییدا داک و بابی مە لە کەسە هەرە پێشکەتنخواز و یەکسانییخوازەکانی ئەو سەردەم بوون لێ بە داخەوە بە هۆی ئەوەی تەمەنیان گەورە بووە لەو کاتەی کە هاوسەرگیرییان کردبوو زۆر لەگەڵ مە نەژیان و ئەو هەلەمان لۆ نەڕەخسا بە بابمان بێژین 'دەی گرنگ نییە کە ئەتوو بە هۆی ئەوەی خوشکت نەبووە نەتتانی بدەیەوە دوو داک و بابە رەچەشکێنەکەت و ناشزانین ئایە سێکست لەگەڵ داک یان بابت کردیە یان نا.. غەمت نەبی ئەوە ئەمە رێچکە پڕ لە ئازایەتییەکەی داپیر و باپیری خۆمان گرتبەر!'.. ئاخر زۆر جار بابمان هەر لەبەرخۆیەوە دەیگۆت: "دوو گوڵی گەلەک جوانمان پەروەردە کردیە و هەر دەبی لۆ خۆمان بن!" لێ ئەمە لەو کات گچکە بووین و تێینەدەگەیشتین! هەروا زۆر جار یارۆیەکەم بە ئاخهەڵکێشانەوە ئەو قسەی بابم دەگێڕتەوە کە بە وی گۆتبوو و ئەویش رۆژێ پاشترێ لۆ منی گێڕاوە: "کوڕم ئەتوو وا خەریکە گەورە دەبی.. باشە ئەوە بزانی کە گرنگترین و دلۆڤانترین هاوڕێ خوشکە.. پێویستە ئەتوو پەیوەندییت لەتەک ئەو خوشکە جوان و زیرەکەت زۆر خۆش و وەهێز بی و لە پێشەڕۆژ زۆر سوود لە یەکدی دەبینن.. هەر بەوەش سۆز و خۆشەویستییتان لۆ یەکدی پتر دەبی کە هەمیشە لە یەک نێزیک بن و جاروبارەکیش یەکدی لە هەمێز بگرن و سەر بخەنەسەر سینگی یەک و گێ لە ترپەترپی دڵی یەک رابگرن تا خەوتان لێدەکەوی.. بە داخەوە کە ئەمن خوشکم نییە لێ زۆر جار داکم و بابم دەیانگۆت خۆشترین و پڕ سۆزترین باوەش باوەشی خوشک و برایە.. جا لۆ خۆت تێبگە کوڕە هۆشمەند و شیرینەکەم"! لێ ئەو کاتیش کە هەراشتریش بووین و لەوپەڕی نەوجەوانییدا بووین هەر تێینەگەیشتین! تەنانەت ئەو کاتەی بابیشمان کۆچی دوایی کرد هێشتا هەر نەمانزانیبوو داپیر و باپیرمان خوشک و برای یەک بوونە.. لێ باش بوو داکمان لە کۆتایی رۆژەکانی تەمەنی شەوەکیان کە ئەو کات بابمان نەمابوو سەربردەکەی ئەوانی وەک راسپاردەکی بابمان بە گێماندا چرپاند و تووشی سەرسوڕمانەکی زۆر گەورۆنەی کردین! سەرەڕای زانینی ئەو نهێنییەی داپیر و باپیریمان کە لە ناخەوە رایهەژاندبووین و لەسەر سەر دەیسووڕاندین زۆری نەبرد داکیشمان بەسەریدا کۆچی دوایی کرد.. هەر زۆر خۆمان بە بێکەسیی دیتەوە و یەکەم جاریشمان بوو هەستمان بە بەرپرسیاریەتی کرد چ وەک دابینکردنی پێداویستییە مادییەکان و شێوە گوزەرانەک کە خۆمان دەمانخواست چ وەک هەڵسووڕاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی؛ لە بەرپرسیاریەتیی یەکەم کێشەکی ئەوتۆمان نەبوو چون سامانەکی زۆریان لە پاش خۆیان لۆ بەجێهێشتبووین و تەنێ سەرپەرشییکردنەکی سەرپێی گەرەک بوو لێ لەوەی دووەم لۆ دوو گەنجی بێکەس و بێ ئەزموون هێندە هاسان نەبوو بە تایبەتییش لەو رووەوە کە هەست و سۆز و پەیوەندییە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنچینەی سەنگی سەرمایە و خستنەڕوو و داواکاریی بازاڕ و قازانجپەرستیی دامەزرانە و بەهایە رەوشتییە مرۆڤپەروەریی و پێشکەتنخوازییەکان زۆر تێیاندا لاوازن، گەورەترین کێشەی مە لەو دەم ئەوە بوو کە فرە فرە یەکدیمان خۆشدەویست و دڵمان نەدەهات بە هۆی هاوسەرگیریی لە یەک دووربکەوینەوە.. ئاخر لە هەر بوار و لە هەر تشتەک گەلەک لە یەک نێزیک و هاوتا و هاوتەریب بووین لەبەرهەندێ فرە خراو کەتبووینە داوی یەکدی؛ زۆر بە هەڵسوکەوت و رەوشتی یەک شادمان بووین.. لە تێگەیشتن و پێگەیشتنیش لە رووە بیردۆزەییەکاندا بە بەراورد بە تەمەنمان هەردووکمان لە ئاستەکی فرە باشدا بووین و هەندەک جار مشتومڕی هزریی و فەلسەفیی زۆر قورس و ئاڵۆزیشمان دەکرد..

له پرسی یەکسانیی و ئازادیی موو بە نێوانمانەوە نەدەچوو و هەروەک ئێستا بە شێوەی کردەیی لە پێناویان تێدەکۆشاین لێ سادەتر و دوور لە هەر ڕەوت و ئایدیۆلۆژیایەکی هیشک و چەقبەستیی.. لە رووی لەشولار و جوانییە جەستەییەکانەوە بە زمانی خۆمان نەبی زۆر لەبەرچاوان بووین.. هەر کەسەکی بێ یار و هاودەم کە دەیدیتین پێمانەوە سەرسام دەبوو جا ئەگەر نێر با ئەوە وەک قیر و بنیشت بە من وەدەنووسا ئەگەر مێش با بە برایەکەم.. هاورەگەزخوازانیش بە دزییەوە مرخیان لێمان خۆشدەکرد و چەند جارەکیش تووشمان بوون.. هەر بە ئاستەمەک دەرفەتی هەر کەسەکمان بدابا ئەوە بە چەندین شێواز دانی لۆ رووەدەکردین و هەراسانی دەکردین.. واتە ئەستەم بوو بە یەک 'نا' دەستبەردارمان ببن و زۆر جارانیش گرفتانیان لۆ چێدەکردین! هاوسەرداران و ئەوانەی خۆشەویست یان یارۆیان هەبوون زۆر هەراسانکەرتر بوون چون تەنێ بە هۆکاری جوانیی و بە بێ ئەوەی یەک خاڵی هاوبەش لە نێوانماندا هەبی زۆر بە بێ چاوەڕوویی روویان لێدەنایێن و دەیانویست ئەگەر تەنێ لۆ جارەکیش بی دەستی خۆیان پێمان گەرمبکەنەوە جا بە خواستی خۆمان بی یان نا.. بە کورتییەکەی هەموو ئەو جوانییە نایاب و ناوازانەی لە دەستە ژن و دەستە پیاوی زۆر خورت و جوان و تێروپڕ و تەڕوبڕدا هەبوون لە من و برایە زۆر قۆزەکەشمدا هەبوون و بگرە پتریش... هەر کتومت وەک ئەو مێروانەمان بەسەرهاتبوو کە بە هۆی هەبوونی باڵ تووشی بەزمی خۆیان دەبن! جا پێویست ناکا لێرە هەموو لایەنە باش و ئەرێنییەکانمان ریزبکەم.. دوور لە خۆپەسندان و بەخۆنازین ئەوانە و پێناسەگەلەکی دیکە لە جوانییەکان و چاکییەکان بە شێوەکی سروشتیی لە بوونی مەدا هەبوون.. ئێ ئەوانەش بە شێوەکی گشتیی لە رووی حەزلێکردن و رۆمانسییەوە زۆر وەهێز و هەژموودارن و لە هەر خوشک و برایەکدا هەبن کە پەیوەندییەکی باش و نەرمونیان لە نێوانیاندا هەیە خۆبەخۆ ئارەزووە سێکسییەکانیان لۆ یەکدی دەبزوێن و هەر بە ئەنقەست پتر بەریەکدەکەون بەوەش هێدی هێدی خوشک و برایەتییە نەریتییەکەیان لە کن کاڵدەبتەوە تا وەیلێدێ نە لێی دەترسێن نە لێی دەپرینگێنەوە.. واتە کاتەک کە بە تەواویی حەزیان لە یەک دەچەقی وردە وردە لە رامان و ئەندێشەی خۆیاندا رۆدەچنە نێو دڵ و دەروون و جەستەی یەکدی تا سەرەنجام دەگەنە نێوگەڵیشان، بە واتایەکی دی ئەو شوناسە ئەرێنییانە لە ژێر هەژمونی هێز و وزەی لایەنە هونەرییە وەبرستەکانی جوانییەکان و چاکییەکان هێدی هێدی بیر و ئەندێشەی خوشک یان برای لەو چەشنە وەردەگۆڕن و وەک هەست و نەستی کەسەکی لێدەکەن کە لە باری نوستندایە و تەنێ نەستی کاردەکا.. مەبەستم ئەوەیە حەز و ئارەزووەکانیان ئازادیی خۆیان وەردەگرن و شەرم و نیگەرانیی و ترس و قەدەغەکان تێکدەشکێنن و رێک دەکەونە دۆخی ئەو کەسەی کە لە کاتی خەودا لە ژێر گوشاری ئەو وزە و تەوژم و تەزووە سێکسییانەی کە لە جەستەیدا لەبەریاندەرژێتەوە خەونی رۆمانسییانە دەبینی جا ئەو خەونە لەگەڵ خوشک.. برا.. داک.. باب یان هەر کەسەکی دیکە بی تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ئاژەڵەکیش بی هیچ گرنگ نییە لە کنە وی واتە لەگەڵ هەر کامەکیان بی هیچ جوایەزییەکی پێناکا و گرنگ ئەوەیە بتانی ئارەزووەکانی خۆی پێ دابمرکێنتەوە! زۆر سەیرە.. هەندەک جار ئەو خەونە لە لای دینداراکان لەگەڵ کەسە پێشڕەوەکانی دینەکەیانە یان لەگەڵ پێغەمبەرەکەیانە تەنانەت جار وەیە لەگەڵ خودایەکەشیانە.. کە بەئاگاشدێنەوە لە ترسان هیچ جێیەکیان پێ جێ نابی! ئەو قسە هەر لەو گۆرە و بە بێ بەڵگە ناکەم.. با وەک نموونە ئەو خەون و بەسەرهاتەی خۆم بگێڕمەوە: ((لەو کاتانەی کە نەوجەوان بووم و هەندەک بڕوام بە دین و خوایەک مابوو سێ جاران خەونی رۆمانسییانەم بە خواوە دیت.. لە دوا جاریاندا سێکسیشمان پێکەوە کرد.. هەر زۆر سەیر بوو.. لەبەرئەوەی پێشترێ هەر ئەوەم بیستبوو کە خوا زۆر گەورەیە لەو خەونەشم هەر ئەوهام دیت؛ تا دەبێژی جوان و

ڕێکوپێک و خوێنشیرین بوو له کنم لێ زۆر زۆر زەبەلاحیش بوو.. بەس تەنێ کیری دوو هێندەی نێوقەدم ئەستوور دەبوو و بە هیچ شێوەک بە کەلکی ئەوە نەدەهات تەنانەت سەرەکەشی لە قوز و قوونم بخشێنی.. وەک ئەوەی باوەش لە لکەدارەکی زۆر ئەستووری درەختەکی گەورۆنە دەگری بە درێژایی جەستەم لەسەر زگ و روو لە بەر و موسڵدانی لەسەر کیری راکشابووم.. بە جۆرەک باوەشم لێیگرتبوو کە لە لای بنەوەی بە ئاستەمەک دەستان و پێیانم گەیشتبوونەوە یەکدی.. کە بە تەکانەک هەستاوە سەرپێیان و ئەمنیشی لەگەڵ خۆی گەیاندە ئەو بەرزاییەی ئاسمانێ دەستم لە هەر تشتەک بڕا و بە ناچاریی و بە شێوەکی توندتر و وەهێزتر باوەشم لە کیری وەرهینا.. لێ کە بە تەوایی رەپ و رەق بوو و لەگەڵ هەر نەتردانەکی ئەمنیش بەرز و نزم دەبوومەوە لە ترسی ئەوەی نەوەک بخزم و بکەومەخوارێ دەستەکم توند توند لە مووی بەری گیردەکرد کە دەتگۆت کۆمەڵە شووڕکەدارەکی کورت و چڕوپڕی بن درەختەکی زۆر ئەستوورن، سەرەنجام بە هۆی قورسایی جەستەم لەسەری هەروا بە هۆی ئەوەی کە ئەمنیش لە خۆشییان پەیتا پەیتا هەڵمدەکوشی و جوولەجوولەکی زۆرم پێیدەکرد هەر خورتتر و خورتتر دەبوو تا لە ناکاوەک یەک بە گەورەیی دەنگی خۆی وەک گەوارە هەورەک گرماندی و ئاوی هاتەوە.. بە ئەندازەی یەک گۆماو لە ژێر پێی خۆی تۆواوی دارژاندە سەر زەوی - هەر لێرەوە زانیم ئەو گرمەگرم و شریقوهۆڕانەی کە لە ئاسمانێ روودەدەن و دەیانبیژینێ گەوارە گشتیان دەنگی ئەو هاوار و نارەناره سێکسییانەی خودان کە لە کاتی گانکردن و دامرکانەوەی ئارەزووەکانی لەگەڵ یەکەک لە ئافەریدەکانی وەک ئەهریمەن و پەریی و فریشتە و ئادەمییەکان دەریاندەپەڕێنی.. بێجگە لەوەش هیچ گومانم لەوە نەما کە بارانیش هەر 'تۆواو'ی خودایە و دایدەبارێنی! - جا لە ترسی ئەوەی کە وەمدزانی ئیدی کیری چورچ دەبتەوە و بەوەش گوڕاحی ئەوەی نامینێ بە منەوە خەریکببی و ئێ ئەمنیش ناتانم بەرگەی ئەوە بگرم ماوەکی درێژ خۆمی پێدا شۆڕبکەمەوە ئیدی بەردەبمەوە و دەکەومە نێو گۆماوەکە لەبەرهەندێ یەکسەر هاوارمکرد: "تکایە خواگیان چەند شەقاوەک دووربکەوە و بە پەلە دامببەزێنە با بەرنەبمەوە نێو ئەو گۆماوە و تێیدا نەخنکێم"! لێ هیچ وەرامی نەبوو و ئەمنیش هەر وەک پێشترێ لە جێی خۆم راکشابووم و هیچیش رووینەدا! لاڕوومەت و گێی چەپم بە کیری وەنووساندبوون باوەشیشم زۆر لێی توندتر کردبوو تا دڵنیابم لەوەی بەرنابمەوە خوارێ.. ماوەک تێپەڕی هەر هیچ نەگۆڕا تەنێ ئەوە نەبی کە تا دەهات دەنگی خوڕەخوڕەی دەرچوونی تۆواوەکەیم لە نێو میزەڕۆی نێو کیری کەمتر دەژنەوت و هەر لە لای سەری کیریشیەوە دیاربوو کە تەواو کەمی کردبوو چون چیدی فیچقەی نەدەکرد بەڵکە وەک چۆڕەمیزکە چۆڕ چۆڕ دادەرژا لێ هەر چۆڕەکی هێندەی یەک پەقرەجە ئاو دەبوو! خەریکبوو تەواو دڵم دەکوشرا چونکێ هەم دەستم لەوە شوشتبوو وەرامبداتەوە هەم پێشبینیی ئەوەشم دەکرد ئێستا نا ئێستا (کیری نا) کاریتە زۆر ئەستوور و درێژەکەی چورچ دەبتەوە و بەوەش بێجگە لەوەی بە چێژیی خۆم نەدەگەیشتم زۆر لەگین بوو مەترسییەکیشی لەو ئاسمانە لۆ چێکردبام کەچی لەپڕ چەند پیتەکی گۆکردن لێ هیچی تێنەگەیشتم.. پاشانیش هاوکاتی ئەوەی گۆتی: "دڵ لە دڵ مەدە خانم، فریشتەکانم راسپاردینە و ئەرکیانە بتپارێزن، هەر ئێستا بەر چێژ و میهرەبانیی خودا دەکەوی، هەر خوداش دەزانی چ دەکا و بە هەر تشتەکیش زانایە"! دیتم بە پێچەوانەی هەموو پیاوان کە پاش ئارەزوو دامرکانەوە کیریان سست دەبتەوە و لەشیان دادەهێزرێ تا دەهات کیری خورتتر دەبوو و پتر بە جوولەجوول دەکەت و لەگەڵ هەر نەتردانەکیشی وەک ئی نێرەکەرێ لە بنی زگی خۆی دەداوە بەوەش لاڕوومەتی راست و پشت و سمتم بەر موسڵدانی دەکەتن و زرچەیان لێوەدەهات.. لاقانم بە جۆرەک خێواندبووە ئەولا و ئەولای کیری کە میتکەی قوزم زۆر بە جوانیی لێیگیربوو و پێیەوە چرمسابوو.. ناوەناوە کیر

وەشاندنەکەی رادەگرت و هێدی هێدی دەستەکی بە پشتم دادەهینا.. دەستی هێندە گەورە بوو هەستمدەکرد پانیی جەستەی من تەنێ یەک هێلی زۆر باریکی لە نێولەپی وی پڕکردبۆوە - هەر لەبەرخۆمەوە دەمگۆت لە راستییدا بە واتای وشە خوای مەزنە!؟ - بە دەستەکەی دیکەشی وردە وردە سەری پەنجە درێژە ناوەنجییەکەی کە زۆر لە بەلەکی من ئەستوورتر دەبوو بە میهرەبانییەوە بە کەلەنی سمت و کونی قوونم دادەخشاند - ئاخر هەر لەو گۆڕەی نەبوو دەمانگۆتێ خوای میهرەبان! - هەر لە رێی ئەو جوولەجوولەی من و ئەو بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی کیری وی کە لەو بەرزاییەی ئاسمانێدا جۆلانێی پێدەکردم یەک لێکخشانی وەها لە نێوان ئەو قیچە میتکە و ئەو کیرە زەبەلاحەدا چێببوو چێژوچەشەکی ئێکجار زۆری پێدەبەخشیم کە هەرگیز پێشترێ ئەزموونیم نەکردبوو و لە هیچ مرۆڤەکم نەدیتبوو! سەرەنجام هاوکاتی ئەوەی بە ترۆپکی ئارەزووی خۆم گەیشتم هێندە بە توندیی هاوارمکرد لەگەڵ قیژەقیژی خۆم لە خەوەکەم بەئاگاهاتم)) جا ئەمنیش بە هەمان شێوەی ئەو کەسانەی ئاماژەم پێدان هەر لە ترسان زێرکم چوو و تا دوو سێ رۆژیش بە تەواویی بە هۆش خۆ نەهاتمەوە، ئێستا تەواو دڵنیام ئەگەر هەر بڕوام بە دین و خودا بمابا ئەوە هێدی هێدی بنکۆڵیان دەکردم و سەرەنجام یان شێت دەبووم یان وەک تیرۆریستە خواپەرستە توندڕەوەکان لە جێیەک خۆم بە گومڕایان و بێ بڕوایان دەتەقاندەوە یان دەمدانە بەر رێژنەی گوللان!

با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان؛ جا ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ژێر هەژموونی دین و دابونەریتی باودان هەمیشە رێگریی لەو ئارەزووە سێکسییانە دەکەن کە بە شێوەکی سروشتیی لە نێوان خوشک و برایەکان یان کەسە نێزیکەکانی نێو خێزانەکان دروستدەبن و بە هەر جۆر و شێوە و شێوازەک هەیە بەرزەفتیان دەکەن ئیدی ئەوانەی هێزی بەرگرییان تێدا هەیە و ملەکەچ نابن هەمیشە خەون بەوەوە دەبینن و کۆشش لە پێناودا ئەوەدا دەکەن رۆژەک لە رۆژان بە باوەشی خوازیاری خۆیان بگەن و بیتەقێننەوە.. کە یەکەم جاریش بەیەکدەگەن هێندە توندڕەوانە ئارەزووە سێکسییەکانیان دادەمرکێننەوە و هێندە خەریکی یەک دەبن تا یەکدی لە پەلوپۆ دەخەن! غەمت نەبی.. پاشان دەگەمە سەر ئەوە کە ئەمن و یارۆیەکەشم لە سەرەتای ئەو دەردە خۆشەدا هەمان تشتمان بەسەرهات.. لێ لە راستییدا ئەوە تاکە دەردەکی ناوازەیە لە تێکڕای جیهان کە لەگەڵ ئەوەی ئازار و ئەشکەنجەی خۆی هەیە پڕاوپڕیشە لە چێژوچەشە و ئاسوودەیی.. نا.. ئەمن هەرگیز خۆزیی بەوە ناخوازم هەر کەسەک بە ئەنقەست خۆی تووشی ئەو دەردە بکا بەڵکە پێم باشە تا ئەو کاتەی دەتانین مرۆڤایەتی بەوە بگەینین ماچ و رامووسان و گانی نێوان کەسە زۆر نێزیکەکانی نێو خێزان وەک ئی نێوان کەسانی ئاسایی و لە یەک دووریان لێدێ و هیچ رێگرییەکیان لەسەر نامێنێ.. ئەوانەی بە شێوەی سروشتیی و خۆبەخۆ تووشی ئەو دەردە خۆشە دەبن لێی نەترسێن چون ئەگەر تەنێ پێ لەسەر ئازادییەکانی مرڤبوونیان دابگرن ئەوە وەک مە بە ئامانجەکانی خۆیان دەگەن و هەرگیز پەژێوان نابنەوە! هەڵبەتە ئەو جۆرە کێشە سێکسییەش کە تا ئێستا بەرۆکی مرۆڤەکانی گرتیە نە نەخۆشیی دەروونیی و خولیای ناوازەی سێکسییە نە پیسوچەپەڵیی و گەندەڵکاریی و بێ رەوشتییە نە هیچ پەیوەندییەکیشی بە ئایدیۆلۆژیایە کەتوارییە مرۆڤپەروەرییەکانەوە هەیە بەڵکە ئەوە خولیا و ئەندێشە و ئەفسانە بەدبین و نەرێنییگەرەکانن کە خودا و دین و بیروباوەڕە دژە ژیان و پووچگەرەکانیان دروستکردینە و تێکڕایان بەردانە گیانی مرۆڤەکان و گیانەوەران و سەرتاپای ژینگە.. سەرەنجامیش بە گفتار و بە رەفتار مرۆڤیان گیرۆدەی ئەو گرفتارییە بەدڕەفتارییە کردیە! ئاخر گانکردنیش رێک وەک خواردن و خواردنەوە پێویستییەکی جەستەیی نێوان هەر دوو

مرۆڤێکە کە ئازادانە ئارەزووی ئەوە دەکەن پێکەوە ئەنجامیبدەن.. ئەوە تاوانەکی زۆر گەورەیە بە بیانووی ئەوەی کە خوشک و بران یان کەسانی نێزیکی نێو یەک خێزانن جا رەگەزی جوایەز بن یان هاورەگەز گان لە نێوانیان قەدەغە بکرێ و لەسەری سزابدرێن.. ئاخر تەنانەت منداڵانیش لە نێوان خۆیان جا چ مێ چ نێر وەک سروشتی مرۆڤبوونیان حەزیان لە سێکس هەیە و پێویستیانە لێ بە پێی تێروانین و رێنماییەکانی ئەو زانستەی تا ئێستا مرۆڤایەتی پێیگەیشتیە گانکردنی منداڵان هەم لە رووە بایۆلۆژیی و دەروونیی و جەستەییەکان هەم لە رووە کۆمەڵایەتیی و پەروەردەییەکان هەروا لە بواری گەشەکردن و پێگەیشتنیشیان زۆر زیانیان پێدەگەینی لەبەرهەندێ قەدەغە کرایە.. واتە دەبی هەر کەسەک بە توندیی سزابدرێ کە ئەو بریارە زانستییە پێشێلدەکا و ئەوەش زۆر بە قازانجی منداڵان و پەروەردەکردنیانە.. لێ هەر لە چارچێوەی ئەو زانستە و بە پێی رێنماییە دەروونییەکان ئەو کاتانەی منداڵان و نەجەوانان لە تەمەنی پێنج شەش ساڵییەوە تا شازدە ساڵیی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانیان لە گەشەکردندان و ئەندامەکانی سێکسکردنیان پێدەگەن نابی سەرکوتبکرێن و ئازادییەکانی ماچ و رامووسان و خۆلێکخشاندنی رۆمانسیی و سێکسییانەیان لێ قەدەغە بکرێ ئەویش لە ژێر رێنماییە پەروەردەییەکان و تەنیا لە نێوان هاوتەمەنانی خۆیان نەک لەگەڵ گەنجان و گەورەساڵان کە هەمیشە وەک سروشتەکی مرۆیی حەزیان لە تشتە تەڕ و تازەکانە و زۆر جاریش هەندەکیان لە پێناو حەزی خۆیان منداڵان چ نێر چ مێ بەرکاردەبەن یان بازرگانییان پێوەدەکەن، جا ئەوە پرسەکی زۆر هەستیار و گرنگە.. هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی ئێستا منداڵان هەیانە لەگەڵ ئەوەی هێشتا بە شێوەکی کردەیی چ بە ئاشکرایی چ بە نهێنیی تا ئاستەکی زۆر پێشێلدەکرێن بەرهەمی ئەو بریارە زانستییەن کە ئاماژەم پێیدا.. هەروا لە بەرانبەریشدا تێروانینی جودا هەن کە پێویستە لەبەرچاوبگیردرێن و لێتوێژینەوەی هووردیان لەسەر بکرێ و ساغبکرێنەوە نەک سەرکوت بکرێن چون زانست بە پێچەوانەی رەوشت و نەریت بە پێی گەشەکردن و گۆڕانەکان بەچەی سەردەمە و دەکرێ ئەوەی ئەورۆ پێی راستە سبەینێ بیگۆڕی و بە رەچاوکردنی ئەوەی کە مرۆڤ هەمیشە لەدوو ئاسوودەیی و چێژی زۆرترە درەنجامی باشترمان بداتەدەست.. کەواتە پێویستە و دەبی ئازادییخوازان و یەکسانییخوازان دەست بەو دەستکەوتەکانەوە بگرن کە تا ئێستا بە باشیان دەزانن هاوکاتیش بە توندیی بەرگرییان لێبکەن و بیانپارێزن تا ئەو کاتەی زانست و دادگەریی دەگەنە ئەنجام و بریاری تازە کە پتر سوود بە بەرژەوەندییەکانی منداڵان بە تایبەتیی و مرۆڤایەتی بە گشتیی دەگەینن.

چەند ساڵەک بەو شێوەمان بردەسەر لێ پاشان ئەمەش دامانەوە دوو داپیرە و باپیرەمان! هەرچەندە ئەمن بڕوام بەو پەندە نییە کە دەبێژی 'گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە' چونکێ زۆر گیا هەن لەسەر پنجی خۆیان هیشک دەبن و ناشڕوێنەوە بێجگە لەوەش ئێستا دەکرێ دەستکاریی توخمی گیا و دار و درەختەکان بکرێ و هەر کووی بتەوێ ئەوهای برووێنیەوە.. لێ ئەو پەندە لەو دەم بە تەوایی لەسەر مە جێبەجێ بوو.. واتە وردە وردە وەک ئەوان لە پاڵ خۆشەویستیی خوشک و برایەتییمان خۆشەویستیی سێکسییش لە نێوانمان دروستبوو؛ ئەوە بوو هێوارەکیان بە بۆنەی رۆژی هاتنەبوونی وی تەنێ خۆم و خۆی هەر لە ماڵەکەی خۆمان بە ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە و رازاندنەوەی ژووری دانیشتەکەمان بە هەندەک ئارایشت و رۆناکیی جۆراجۆر کەشەکی زۆر خۆش و رۆمانسییمان چێکرد.. هیچ نەخشەکمان نەبوو لێ کاتەکمان زانی لە نێو باوەشی یەکدا خەریکی رامووسانین.. بێ ئەوەی خۆمان رووتبکەینەوە و بگەیەنە ئاستی تێنان و دەرهینان هەر بە ماچوموچ و

دەستبازیی لۆ یەکەم جار ئارەزووی یەکمان دامرکاندەوە.. لەگەڵ ئەوەی پاشان زۆر شەرممان لە خۆمان کردەوە لێ چێژوچەشەی ئەو بەزمەمان وەها لە کەللەی دابووین هیچ وێنەدەچوو بتانین بە هاسانیی دەستبەرداری یەکدی ببین.. سەرتنەیەشێنم هەر ئەو شەوە کاتی نوستنان بە بیانووی ئەوەی بۆنەکی زۆر گرنگمان هەیە بڕیارماندا وەک ئەنجامدانی تشتەکی جوایەز پێکەوە لەسەر یەک دۆشەک براژێین بە مەرجەک دەست لۆ یەکدی نەبەین.. هەر کە چووینە نێو جێ وردە وردە پەنگری نێوگەڵمان گەشانەوە و هەر نەمانزانی کوو خۆمان رووتکردەوە و کوو کەتینە سەر یەکدی.. بە کورتییەکەی تا سبەینێ هەر رەپ بوون سستمان دەکردنەوە.. لە هەمووشی سەیرتر ئەوە بوو ئێستاش بە هۆی ئەو شەوە یارۆیەکەم لە گانی قوون لێم بەپارێز؛ کێشەکە ئەوە بوو لەو دەم دەرمانی منداڵنەبوونمان نەبوو لەبەرهەندێ نەماندەهێشت کیری یارۆیەکەم بگاتە نێو منداڵدانم و تۆاوەکەی تێبکا.. پتر بە پەنجە لێخشاندن یان هەر دەوی تێدەنا و بە زمان قوز و قوونمی دەلێستنەوە و ئارەزوومی دادەمرکاندەوە.. واتە زۆر خۆی لە پێشەوە نەدەدا و زۆربەی کاتەکان هەر لە قوونمی دەنا.. ئێ ئەمنیش هەر بە سروشتی خۆم کونی قوونم زۆر گچکۆکەیە.. خۆ خۆشت کە پەنجە و زمانت تێنا دیتت چەند تەسکە جا ئەو دەم فرە تەسکتریش بوو.. هەر کە تێیدەنام زیرەم دەچووە پەرپەرەکەی ئاسمانێ.. خۆ ئەوەش هەر لەبەر دڵی وی نەبوو بەڵکە خۆشم زۆر زۆرم پێخۆشبوو.. ئاخر پێشترێ زۆر جاران لەگەڵ خەڵکی دیکە گانم لە پێشەوە کردبوو لێ گانی قوونم نەکردبوو چونکێ زۆر پێم تایبەت و نایاب بوو و نەمدەویست لەگەڵ هەر کەسەک بیکەم.. دامنابوو تا لەگەڵ کەسەکی زۆر زۆر خۆشەویست نەبی و کیری زۆر بە دڵی خۆم و گەورە و خورت نەبی قوونی خۆمی نەخەمە بەردەست.. ئێ ئەو رۆژە گەیشت و برایەکەم رێک ئەوە بوو.. بە کورتییەکەی لە دوا گانی ئەوێشەوێمان کە هەر لە قوونڕا بوو لەبەرئەوەی چەندەمین گانمان بوو لەسەر یەک درەنگ ئارەزوومان دادەمرکاوە زۆر توندڕەوانە هەڵسوکەوتمان کرد سەرەنجام قوونم هەندەک دڕا و چەند دڵۆپە خوێنەکیشی لێهات.. برایەکەم زۆر بەوە تێکچوو ئیدی لەو شەوەوە تا ئێستاش هەر کاتەک کە کیری لە قوونم دەنێ ئەگەر بە ئاستەمەک هەستبکا پێی تەنگاو دەبم و ئازارم هەیە لە ترسی ئەوەی نەوەک دیسان بدڕێ یەکسەر کیری دەریدەهینی و بە پەنجە و بە زمان خەریکی دەبی تا کلوکۆم دادەمرێنی و خەنییم دەکا..
جا ئەمن لەمێژە خۆم لەوە راهینایە کە ئەگەر هەندەک ئازاریشم هەبی بەسەر خۆمی ناهینم و دەیشارمەوە واتە دان بە خۆمدا دەگرم و خۆم لە بنی کڕدەکەم.. ئاخر بە خۆشت باش دەزانی گانی قوون چەند خۆشە و کوو تێکڕای جەستە و بوونت دەورژێنی و کوو لە سەری پەنجەی پێیانتەوە موچوڕک بە سەرتاپای لەشت دادەهینی و هەڵتدەلەرزێنی.. ئێ خۆ دەبی رەچاوی ئارەزووی بەرانبەرەکەشت بکەی کە پیاوان هەموویان گانی قوونیان پێ خۆشترە مەگەر ژمارەکیان نەبی کە لە رووی سێکسییەوە دەبەنگن یان هەندەکیان هەن فرە هەستیار و مرۆڤپەروەرن و ئەگەر ببینن ژنەکە گچکەترین ئازاری پێدەخوا ئەوە کیریان چورچ دەبتەوە گانەکەیان پێناکرێ! ئەمن لۆ خۆم ئەو کیرە نەفرەتییەم ناونایە 'بۆڕیی ئاسوودەیی' ئاخر هەر کە سەرەکەی دەخەنە نێو کونی قوونم و پاڵیدەدەن وەها هەستدەکەم بۆڕییەکی نەرم و شلک و ئەستوور لە قوونم دەپەستن و هەرچی چێژوچەشەی ئەو جیهانە هەیە لە دوڕ هەناوم دەکەن تا بە تەواویی لێی سەرڕێژ دەبم و بەوپەڕی ئاسوودەیی دەگەم! ببوورە ئەو بابەتەی گانکردن و بەزمی ئەو شەوەم هەندەک درێژکردەوە ئەوەش لەبەرئەوەی هەستمکرد زۆر پێتخۆشە چون لەوەتەی لەو بابەتە دەدوێم هەر پەیتا پەیتا لیک بە لالێوانت دێتەخوارێ و رەنگە ئێستا لیکی نێوگەڵێشت وەک تاڤگە شۆڕابەی بەسەر کونی قوونتدا بەستابی، بە کورتییەکەی سبەینەکەی کە لە خەو رابووین هێندە دڵخۆش و شادمان بووین وەماندەزانی ئەگەر دوو کەسی ئاسوودە لەو

جیهانە هەبن ئەوە تەنێ ئەو تاقە خوشک و برایەن! پاش نانی چێشتێ بەدەو قاوەخواردنەوە لەسەر لاپەڕەکی سپی نووسیمان (خوشک و برای نەریتیی) و هێلەکی راست و چەپمان بە رەنگی سۆر بەسەریداهینا.. لە بنەوەش بە هێڵەکی پان و بە رەنگی کەسک نووسیمان (هەم خوشک و برا هەم یارۆ) و هەردووکمان باسکی خۆمان هەندەک بریندارکرد و بە خوێنی خۆمان واژۆمان کرد.. جا کاغەزەکەمان لوولکرد و خستمانە نێو شووشەک و سەریمان زۆر بە باشیی بەست.. پاشانیش چووین لە نێوەڕاستی باخچەکەمان شووشەکەمان بە قۆلایی یەک ئەژنۆ لە بن گری نا و دوو لکە گوڵەباغی سۆرمان لەسەری چاند، بە ژیانەک گەیشتبووین تەنێ ئاسوودەیی لەسەر دەڕژاوە لێ بە داخەوە پاش چەند مانگەک هاورێیەکمان کە زۆر جێی بڕوامان بوو و تەنێ ئەو بەو نهێنییەمانی دەزانی لەپڕ لێمان هەڵگەڕاوە و ئەو ئاسوودەیی و وەرگۆڕانە گەورەی ژیانمانی ئاشکراکرد و بە ژمارەکی زۆر لە هاورێیان و دۆستانمانی راگەیاند تەنانەت وەیلێهات دراوسێیەکانیشمان بەوەیان زانی.. ئیدی قۆناغە سەختەکەمان دەستپێیکرد و رۆژانە بە ناشیرینترین شێوە و شێواز سووکایەتیمان پێدەکرا.. تەنێ یەک نموونەت لۆ دەگێڕمەوە 'رۆژەکیان هەر لە نێزیک ماڵێ منداڵەکی هەفت هەشت ساڵە غاریدەدا و لەپڕ لە ئاستی من بەربۆوە.. پاش ئەوەی هەڵمگرتەوە خۆی لەبەردەستم راپچکاند و گۆتی "بەرمدە.. نامەوێ کەسەکی حیز و پیس هەڵمبگرتەوە"! هەر لەو دەم داکیشی کە بەرەو لای منداڵەکەی دەهات گۆتی "دەو خۆش کوڕی من.. ئەو جۆرە کەسانە دەستیان بە کیری برایان پیسە.. نابی دەستت لێبدەن و پیست بکەن"!'.

ئیدی ژیانمان لێببووە ژارەمار و تەنانەت گواستنەوەی ماڵ و گۆڕینی گەڕەک و شاریش دادی نەداین و ناچار بە هەمان شێوەی داپیر و باپیرە تێکۆشەرەکەمان رێی ئاوارەیی و سەرگەردانییمان گرتەبەر؛ ئەوان لێرەوە بەرەو ئەو وڵاتە سەریانهەگرت کە بابمان و پاشانیش ئەمن و یارۆیەکەمی لێهاتینەبوون.. ئەمەش بە پێچەوانەی وان لەوێوە بەرەو ئێرە سەرمانهەڵگرت و وەک داواکاری پەنابەریی و بە ناوی دوو هاوسەر خۆمان رادەستکرد.. خۆ ئەگەر لەسەر بنەمای کێشەکەی خۆمان داوای مافی پەنابەرییمان بکردایە ئەوە ئێرەشمان باشتر نەدەبوو لە ئەوێ.. بە هەر جۆرەک هەبوو پاش چەرمەسەریی و دەردەسەرییەکی ئێکجار زۆر ئەوجا مافی نشتەجێبوون و هاوڵاتیی ئێرەیان داینێ! هەرچەندە ئێستا وەک سەردەمی داپیر و باپیرمان نییە و دین و دابونەریتەکان لە ژێر هەژموونی یاسا و رێسایەکانی ئێستا لە زۆر وڵاتان ناتانن زۆر ئازارمان بدەن یان بە لایەنی کەم ناتانن بمانکوژن لێ وەک خۆشت دەیزانی چون مرۆڤ بە شێوەکی گشتیی هێشتا هەر کۆیلەی سیستەم و دەسەڵاتدارانە زۆری مایە بتانی ئەو پرسە هەرس بکا واتە کەسە نێزیکەکانی یەک خێزان بە بێ گرفت پێکەوە سێکس بکەن.. لەبەرهەندێ تا ئێستا تەنێ کۆمەڵە هاورێیەکی کەم بەو نهێنییەی مە دەزانن.. هەڵبەتە هیچ ترسەکمان لە توو نییە و پێویست ناکا بێژین با ئەو نهێنییە لە نێوان خۆماندا بی، هەر لەو کاتەوە زانیمان ئەتوو کەسەکی زۆر ئازادیخواز و مرۆڤدۆستی کە لە دەو دەریایەکە لە بەرسڤی قسەکی یارۆیەکەم لە قۆلایی ناخ و دڵ و دەرونتەوە گۆتت: 'ئەگەر ناسنامە و تێکڕای پێشینەکانی ژیانیشم سەر بە یەک نێوچە بن هێشتا هەر سنووری جوداکاریی ناکێشم تا خۆمی تێدا زیندان بکەم، ئەمن خەڵکی جیهانم و نامەوێ ببمە رەگەزپەرست'.. پاشانیش کە یارۆیەکەم بە تەنێ چوو هەندەک مەلە بکا ئەتوو لە دەرفەتەکدا گۆتت 'ئەنگۆ بێجگە لەوەی زۆر وێکدەچن و هەر کوتومت ئێژی خوشک و بران پەیوەندییەکی زۆر جوان و ناوازەش لە نێوانتاندا دەبینم' ئەوە هیچ کە پێویستە بێژم ئەتوو کەسەکی زۆر سەرناس و بیرتیژی - ئەوەیان لەولای دابنێ و کاتەکی دیکە لێیدەدوێین - تەواو بڕوام پێت هەبوو کە کەسەکی زۆر دەستپاکی و گەلەک لە کنیشم

ئاسایی بوو هەر لەو دەم ئاشکرابیکەم کە ئەمن و یارۆیەکەم خوشک براین لێ بابەتەکەم بە لایەکی دیکەدا برد و لە هندوڕی خۆمدا گۆتم با پەلە نەکەم و باشترە پتر بیناسم، هەرکووەک هەیە ئێستا ئەمن و یارۆیەکەم زۆر ئاسوودەین بە ناسینت و شێوەی پەیوەندییەکەمان لەگەڵت چ وەک هاوڕێیەتی چ وەک ئەوەی بڕیارماندا لە هەردوو ڕێکخراوەکەمان پێکەوە کاربکەین.. لەبەرهەندێ پێمخۆشە ئەوەشت پێڕابگەینم کە خۆم و یارۆیەکەم تا ئێستا وەک تێکۆشان لە پێناو ئازادیی سێکسیی چەندین خوشک و برا و کەسە لە یەک نێزیکەکانی دیکەی نێو یەک خێزانمان وەک خۆمان لێکردیە و زۆر جارانیش ئازادانە و بە پێی هەبوونی ئارەزووکان سێکسی بە کۆمەڵیش دەکەین هەروا جۆرەک لە ڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەییشمان هەیە لەو بارەوە تا بتانین زۆرترین خەڵک بە خۆمانەوە پەیوەست بکەین.. جا هومێدەوارم ئەتووش لە رووەوە پتر لێمان نێزێک ببیەوە!

پاش ئەوەی ئەمنیش لەوان پتر شادمانیی خۆم بە ناسینیان و هاوڕێیەتیمان و کاری هاوبەشیی ڕێکخراوەییمان دەربڕی گەلەک سوپاسم کرد سەبارەت بەوەی کە زۆر بە جوانیی بەو قۆناغە هەستیارەی ژیانیان ئاشنای کردم.. ئەوجا زۆر بە کورتی گۆتم: "هەرچەندە ئەمن هیچ خزمەکی نێزیکی لەو جۆرەم نەمایە کە بە پێی نەریت و دین و یاسایەکان سێکس لە نێوانیاندا قەدەغەیە لێ ئەگەر هەشمبووایە هەر ئەوەم نەدەکرد چون وەک گۆتم لۆ خۆم بڕوام پێی نییە و ئەنگۆش ئازادن و پێویستە هەر کەسەکی دیکەش ئازاد بی.. هەروا بڕوام بە سێکسی بە کۆمەڵیش نییە لێ تازە ئەوشۆ تووش بوومە و لەبەر دڵی هەردووکتان تا سبەینێ ئەو ئازادییە بە خۆم دەدەم!"، پاش باسکردنی هەندەک مژاری دیکە کە هەر لەو چارچێوەدا دەخولانەوە درەنگانی شەوێ هەرسێکمان پێکەوە بە رووتیی لەسەر دۆشەکەکی گەورە نوستین کە جێی سێ چار کەسان دەبۆوە و وێدەچوو هەر بە مەبەستی سێکسی بەکۆمەڵ لەو ژۆرە تایبەتەیان دانابی.. هەر چاوەڕێی ئەوە بووم کە ئێستا نا ئێستا تێکبەردەبین و تێکڕای ئەو بەند و مەرجە سێکسییانە تێکدەشکێنین کە نامۆ و قەدەغەن کەچی نە ئەوان و نە ئەمنیش هیچ دەستپێشخەرییەکمان نەکرد.. زۆر سەیر بوو.. لە هندوڕی خۆم دەمگۆت ئاخر ئەگەر بە نیازی گانکردن نەبی لەبەرچی هەرسێکمان لە یەک ژۆر و بە تەنیشت یەکەوە دەنووین!؟ لەبەرهەندێ هەندەک نیگەرانی ئەوە بووم کە رەنگە بە قسەکانم دڵگران بووبن و دەیانەوێ تا ئەمن دەستپێشخەریی نەکەم ئەوان هیچ نەکەن.. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو ئەمن لە کنە خۆم خەریکی خۆئامادەکردن بووم کە بە چ شێوەک دەستەک ببزوێنم و بەزمەکە خۆشبکەم کەچی کاتەکم زانی ئەوان کوژانەوە و کەتنە گەرمەی خەوێ! ئەوەش نیگەرانییەکەمی گەیاندە رادەی دڵنیابوون و وەیلێکردم ماوەکی باش هەر بەو بیرکردنەوە و پتر هووردبوونەوە لە بابەتەکە گینگڵ بدەم و خەوملێنەکەوی.. لێ راستییەکە ئەوە بوو کە ئەمن زۆر بە هەڵەدا چووبووم و ئەوها دەرنەچوو؛ پاش ئەوەی بە هەر زۆرلەخۆکردنەک هەبوو نوستم سبەینەکەی لەگەڵ پەخشبوونەوەی یەکەم تیرۆژێ بە دەنگی مۆسیقایەکی نەرم و زۆر ئارام کە دیاربوو پێشترێ دایاننابۆوە بێداربوومەوە.. لەپڕ دیتم یارۆیەکەی خانمێ کە لە پەرەگەی لای راستەوە نوستبوو بە یەک فرتکە خۆی هەڵداشتە نێوانمان.. بە جۆرەک دەستانی لە بن شانمان گیرکرد و بەسەر خۆیدا گێڕاین کە مەمکی چەپی من و مەمکی راستی خانمێ بکەونە سەر هەردوو لاڕوومەتی.. لە سەرەتادا چەند جارەک سەری زمانی بە شێوەی بازنەیی بەسەر گۆی مەمی من هەڵسووڕاند و سێ مژی توندیشی لێدا.. هەمان یارییشی لەگەڵ گۆی مەمی خانمێ کرد و ئیدی بە نۆرە هەر ئەوەی دووبارە دەکردەوە.. لێ کە دیتی لەو کاتانەی بە هۆی نۆرەکەوە زمانی لە گۆی مەمی من یان خانمێ

دەترازێ زۆر پەرێشان دەبین و کام بە زمانیەوە دەکەین یارییەکەی گۆڕی؛ هاوکاتی ئەوەی هەمان دوو گۆی مەمانمانی خستنە نێوان هەردوو لای چەپ و راستی لێوانی و تا هێزی تێدا هەبوو دەیمژتن هەردووکمانی وێکهیناوە تا بە تەواویی کەتینە سەر سینگی و زۆرترین پانتایی جەستەمان پێکوەنووسان.. هەڵبەتە هەر خۆشمان بەوپەڕی تامەزرۆییەوە لەدوو دەرفەتەکی ئەوها دەگەڕاین کە لێوانیشمان با هاسانیی بگەنە یەک چون ئەمن وەک خۆم لە هەموو ژیانم رێکەتی جۆتە لێوەکی ئەوها جوان و ناسک و بەچێژم لە ژنان نەکردبوو و بەوەش زۆر دڵخۆش بووم کە خانمیش وەک خۆی دەیگۆت گەلەک سەرسامە بە لێوانی من، جا یارۆیەکەمان وردە وردە لە پشتەوەڕا دەستانی سەربەرەوخوار بەسەر پشت و قوونەجۆرەمان داخشاند و لە کەلەنی سمتمانەوە شۆڕیکردنەوە دوڕ نێوگەڵمان.. وەیش لەو پەنجە لێزان و بزۆزانەی کوو خەریکبوون بەو هەڵبەز و دابەزە پڕ لە هونەرییانەیان ئاوازی خۆیان لەسەر هەموو ژێیەکانی سێسۆی پت و ملی میتکە و جوغزی قوزمان دەژەنی و شێت و هاریان کردبووین.. هەر یەکەیان هێندەی یەک کیری زۆر خورت و ئەستوور چێژبەخش بوون! لێرەوە یارییەکەی من و خانمێش خۆبەخۆ لەگەڵ وی دەستپێیکرد؛ هەر لە دەو و لێوانیەوە بە لێستنەوە و مژینەوە سەربەرەوخوار بە لاملان و و سینگ و نێوقەدیدا لێژبوونەوە تا گەیشتینە سەر موسڵدان و بەر و نێوگەڵی.. هەر یەکەو بە نیو قەپ لە نیوە تیرەی بازنەی کیری لە لای ئەستوورایی بنەوەی لێوانمان گەیاندەوە یەک و پێکەوە دەومان بەسەریدا خشاند تا سەر سەرکەکەی.. لەوێشەوە پاش ئەوەی هەر یەکەو پڕ دەومان چەند مژەکی توندمان لەو سەرکە نازدارەی دا کە کتومت دەتگۆت سەری کوارگە بەهارییەکانی نێو زیخەڵانێیە بە هەمان خشین گەڕاینەوە تا دیسان لالێو و لاجانگمان بەر ئەو مووە چڕوپڕە گروازەی بەری کەتن کە پێشترێ قیچەک یارییمان تێیدا کردبوو لێ چونکێ هێندە شێلابوومان وەک پارچە ئاوریشمەکی تەختی لێهاتبوو.. جا با بیخەینە پێش چاومان؛ دوو ژنی کیرپەروەر و پڕ لە ئاڵووش لێوانیان لە پشت دوو نیوە بازنەی لوولە کیرەکی خورت و سەر کوارگانیی بگەنەوە یەکدی دەبی چ چێژوچەشەکیان چنیبیتەوە و تا چ ئاستەک ئاسوودە بووبن!؟ لەبەرهەندێ نەمانتانی هێندە بە زوویی و بە هاسانیی دەستبەردار ببین و ماوەکی چاک هەر ئەو یارییەمان زۆر بە نەرمونیانییەوە دووبارە دەکردەوە.. هەر کە شلکە کوارگمان وەک خوترمە ئامادەی وەشاندنێ کرد و بە قوون قووچکردنەوە پاشێمان لێیکرد زۆر بە رژدیی و گورجوگۆڵییەوە بەرەو دەربەندەکانمان هێرشی کرد و هەر دەمەو خۆی بە یەکیاندا دەکرد.. ئەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەش لەگەڵ خانمێ هێندە بە گەرموگوڕیی و بە تامەزرۆرییەوە بە لچ و لێوی یەکدی وەنووسابووین خەریکبوو لە خۆشییان هەناسەمان لەبەردەبڕا... ئیدی دیسان هیچ پارچەکی جەستەمان نەما بەشداریی لەو نەبەردییە سێکسییەدا نەکردبی.. بە کورتییەکەی یەک ماچوموچ و لێستنەوە و مژین و رامووسین و لێکخشاندن و تێکهەڵشێلان و تێبڕین و تێکوتین بوو هەر دەتگۆت خەریکی نمایشی فیلمە سێکس ورژێنە بازرگانییەکانین!

هەر یەکەمان بە نۆرە خۆمان لە گەرماوەکەیان خاوێنکردەوە.. وێدەچوو خانم هێشتا لە لێوانیم تێرنەبووبی.. ناوەناوە لەگەڵ جلوبەرگ پۆشین و سەروسەکوت رێکخستنمان ماچەکی بە نەرمونیانییەوە دەخستەسەر لێوانم.. یارۆیەکەشمان بە هەمان شێوە چەند جارەک ماچی کردم.. هەرچەندە ئەمن ماچی پیاوانم پێ خۆشترە چون بۆنەکی نێرانەی لێدەکەم و هەر راستەوخۆش ئارەزووی گانکردنم دەبزوێنی لێ هەندەک لە ماچی ئەو یارۆیەمان دەترسام لەبەرئەوەی زۆر بە توندیی لێوانمی دەمژتن و ئازاری دەدان تەنانەت لە کاتی سێکسیش کە خەریکی ئارەزووەکانی دەبوو هەندەک دڕ و توندڕەوانە بوو و ئەوەی لەبیری نەدەما ئەوە بوو کە پێویستە

بە نەرمونیانیی بەرخورد لەگەڵ جەستەی ژن بکا.. هەروەک لەو دوا بەزموڕەزمەشمان هەر ئەوها بوو: 'ئەو کاتەی ئەمن و خانمێ بە هاوسەنگیی لەسەر هەردوو لاسینگی خۆی راگرتبوو خانم بە نیازی ماچەکی خێرا لە لێوانم خۆی بە لای مندا خوارکردەوە و هەموو قورسایی جەستەی کەتە سەر من بەوەش هاوسەنگییەکەمان تێکچوو و ئەمن لەسەر سینگی خزیم و خەریکبوو دەکەتمە سەر دۆشەکەکە ئەویش لەباتی ئەوەی بە دەستی بمگرتەوە یەکسەر قەپەکی گەورەی لە مەمکم دا و دەیویست بەوە راگیرم بکا و نەکەوم!!'.. هەرچەندە ئەو قەپگرتنەی هەندەک ئازاری مەمکمی دا لێ هیچ بەسەرخۆم نەهینا چونکێ لە راستییدا ئەو یارۆیەمان لە هەموو کاتەکانی دیکەیدا زۆر نەرمونیان بوو و لە هیچ رووەکیشەوە رەخنە و گلەییم لێینەبوو.. جا ویستم هۆشداریی بدەمێ کە با لە کاتی ماچ و جێبەجێکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی لەگەڵ ژنان بەو توندڕەوییە هەڵسوکەوت نەکا لێ بە جۆرەک پێبیێژم کە هەستی بریندار نەکەم.. ئەوە بوو بە ناوی بەسەربردنی کاتەکی خۆش پێشنیارمکرد:

- زۆر جار هەندەک درامای تەلەفزیۆنیی پاش پێشکەشکردنی کارەکەیان هەڵە سەرنجڕاکێشەکانی کاتی وێنەگرتن لۆ پێکەنین و خۆشیی لێدەدەنەوە.. با ئەمەش هەر لۆ خۆشیی هەر یەکەمان جوولە یان هەڵسوکەوتەکی سەیری ئەو بەزموڕەزمە سێکسییەی ئەو سەرلەسپێدەمان بگێڕینەوە؟

پاش ئەوەی شادمانیی خۆیان بە پێشنیارەکەم دەربڕی و هەردووکیان هەر یەکەو تشتەکی سەیر و خۆشیان گێڕاوە ئەمنیش ئەو قەپگرتنەی یارۆیەکەمانم بە هەموو هووردەکارییەکانیەوە بە هەندەک ترش و خێ پێوەرکردن و زۆر بە شۆخییەوە گێڕاوە و هەر لەو چارچێوەشدا ئاماژەکم بە ئازاری مەمک و لێویشم دا لێ بە شێوەکی راگوزەریی تا یارۆیەکەمان زۆر نیگەران نەبی.. خانم زۆر زۆر بەوە پێکەنی و هەر نەیدەبڕیەوە.. خۆ ئەویش زۆر پێکەنی لێ لە شەرمەزارییان وێکهاتبۆوە و هەستمدەکرد هیچ چێژەک لە پێکەنینەکەی وەرناگری.. ئیدی لەو کاتەوە تا ئەوێشم بەجێهێشت هەر کە دەیویست ماچم بکا پێش ئەوەی لێوانی بخاتە سەر لێوانم بە شەرمەوە دەیگۆت 'ئازاری هەڵمژتنی ئەو لێوە زۆر تەڕ و ناسکانەت لەیادناکەم و هەرگیز قەپگرتنەکەشم لە مەمکت لەبیرناکەم'! هەر لە تۆڵەی ئەوەش گۆتی: "ئەو بابەتە بە سزادان نەبی جێی خۆی ناگری.. لەبەرهەندێ ئەمن بەو شێوە سزای خۆم دەدەم؛ ئەنگۆ بڕۆن لۆ خۆتان لە نێو باخچەکە دابنیشن ئەمنیش خۆشترین خواردنتان لۆ ئامادە دەکەم.. ئەتوو هیچ.. لە بەرنامەکەدا نی.. واتە وەک هەر کەسەک کە یەکەم جار دێتە ماڵەکەمان ناهێڵین هیچ کارەک بکا.. نابی خانمەکەشم دەست بداتە هیچ تشتەک.. خاوێنکردنەوەی قاپوقاچاغەکان و ماڵێ و رێکوپێکردنیشی هەر هەمووی لەسەر خۆمە.. بە کورتییەکەی تا ئەتوو دەرۆی ئەمن هەر لە راژەتاندا دەبم".. ئەو قسانەی بە راستیی بوون و تا نەیناردینە نێو باخچەکە وازینەهینا.. ئیدی ئەمن و خانم لە نێو ئەو باخچە دڵگیر و رازاوەدا هەر خەریکی رنینەوەی جوانییەکان بووین.. دوو تشت لە کنە من لە هەموویان باڵکێشتر بوون؛ یەکەمیان رۆژەکی گەرم و خۆش بوو و کزەبایەکی فێنکیش زۆر بە نەرمیی و بە ئاستەمەک گەڵا و گوڵ و سەرچڵی دارودەوەنەکانی دەلەراندنەوە و تیشکی زێڕینی ئەو سەرلەسپێدەیەش وەک ئەوەی هەڵوەدای تشتەک بی چەپک چەپک لە شێوەی گلێرە رۆشنایی و پرژی ناسک ناسک لەسەر گەڵا و لە نێو چڵوچێوەکان بەدەردەکەتن و پەخشدەبوونەوە.. دووەمیشیان هەر کتومت دەتگۆت بەدیار مۆسیقایەکی زۆر هەماهەنگ و تایبەت بە دەنگ و ئاوازای جۆراوجۆری شالوور و پەڕندانی دیکە دانیشتبووین.. هەر یەکەمان لە گۆشەکی لاچەپ و دوور لە یەک بە بێدەنگیی کەتبووینە نێو ئەندێشە و

رامانی خۆمان؛ ئەمن وەک خۆم زۆر بە چڕیی ڕۆچووبوومە نێو تێهزرین لەو مژارەی خۆمان و لە هندوری خۆم دەمگۆت "باشە ئەمن نە بڕوام بە گانی نێوان خوشک برا یان کەسە نێزێکەکانی نێو خێزان وەک داک و کوڕ و باب و کیژ و مام و برازا و خار و خوارزا و ئەوانیدیکە هەیە جا چ وەک دوو ڕەگەزیی چ وەک هاوڕەگەزیی.. نە بڕواشم بە سێکسی بەکۆمەڵ هەیە.. ئەدی کوو ئەوها تانیم ئەو هەموو چێژ و ئاسوودەییە لەو بەزمورەزمە سێکسییەی دوونێ شەوێ و سەرلەسپێدەی ئەورۆ بچنمەوە کە بێجگە لەوەی لەگەڵ خوشک و برایەک بوون گانکردنیش بوون لەگەڵ دوو کەس لە یەک کاتدا واتە سێکسی بەکۆمەڵیش بوون!؟ ڕەنگە سەبارەت بە سێکسکردنم لەگەڵ ئەو خوشک و برایە ئەو بیانووە بهینمەوە کە ئەمن گانم لەگەڵ برای خۆم نەکردیە.. لێ ئەوە بیانووەکی لاوازە چون هەم گانکردنەکەمان خوشک و برایەکی تێدابوو هەم ناکرێ ئەمن بە بەشدارییکردنی خۆم برەو بەو جۆرە سێکسکردنەک بدەم کە بڕوام پێی نییە جا با لەگەڵ برای خۆشم نەبی.. کەواتە ئەمنیش هەر لەسەر ئەو ڕێبازەم کە ئێژی 'گۆشت ناخوا.. بەس گۆشتاوێ دەخوا'! هەرکووەک هەیە گریمان بیانووەکەم ڕەوایە و هیچ کێشەک لە گۆڕێدا نییە.. ئەدی سەبارەت بە سێکسە بەکۆمەڵەکە چی کە بڕوام پێی نییە و بە باشی نازانم؟! وەهێزترین بیانووم ئەوەبوو کە هەست و ئارەزووی سێکسییمیان زۆر ورژاند و نەمتانی خۆم ڕابگرم! ئەوە ڕێک وەک ئەوەیە دادوەریی نەوجەوانەکی زۆر برسیی بکەی کە هەرگیز گانی نەکردیە و لە نێو ژۆرەکی پڕ لە قوز و قوون و کیر و گون و دەو و لێو و سمت و مەمکان بە زنجیر بەستیتیانەوە و ئەویش لەپڕ دەپیچڕێنی و ئازادانە وەدوو ئارزووەکانی دەکەوی.. ئیدی ئەتووش ناچار چاوی لێبخێشێنی و ئەو مافە لۆ وی بە ڕەوا ببینی!!".. یان دەمگۆت "جا ئەمن لە پاش ئەو مێوانداریییە جارەکی دیکە سێکسی بەکۆمەڵ لەگەڵ وان و هیچ کەسانەکی دیکە دووبارە ناکەمەوە! لەوەشیان خۆم بە پیسکە قاچاغچییەکی چاوچنۆک دەهاتە بەرچاو کە لە دەرفەتەکدا پارەکی زۆری وەدستهینابی و بێ ئەوەی بیانووەکی بەجێی هەبی دەستبەرداری قاچاغچییەتیەکەی دەبی.. بێ گومان بەو جۆرەش زۆر لەگینە جارەکی دیکە بە هاسانیی بگەڕێمەوە سەری! یان وەک پووشتە قوماربازەکی ترسنۆک لە خۆم دەڕۆنی کە لە هەلەکدا پارەکی باشم بردبیتەوە و بێ ئەوەی دان بە خراپیی قوماربازیی دابنێم وازیلێبهینم.. هەڵبەتە پەژێوانبوونەوەش لە بڕیارەکی ئەوها زۆر هاسانە و بە دڵنیاییەوە دەشێ لە پێشەڕۆژدا دیسان تێیهەڵبچمەوە!". هەر لە نێو ئەو کێشمەکێش و بینەوبەردانەدا دەخولامەوە کاتەکم زانی یارۆیەکەمان گەیشتە سەرم و یەکسەر فەرمووی نانی چێشتێی لێکردم و زنجیرەی بیرکردنەوە و ئەندێشەکانمی پچڕاند.. پاشانیش چووە گژ خانمەکەشی و دیتم ئەویشی لە کەشی خوازیاری خۆی دابڕی و هەردووکمانی بەرەو مێزی نانخواردنەکە پەلکێشکرد، دیسان هەر هەموو خواردنەکانی لە گژۆگیا و بەرهەمە رووەکییەکان چێکردبوون.. هەرگیز لە نانی چێشتێ خواردنگەلەکی ئەوهام بە چاوانیشم نەدیتبوون.. لێ هێندە بەچێژ و خۆش بوون هەر لە ماوەی چەند خولەکەکدا گشتیمان ماشیەوە تەنانەت یەک دنکمان لۆ پەڕندەکانیش نەهێشتەوە!

یارۆیەکەمان سەرمێزەکەی خاوێنکردەوە لێ نەمانهێشت بە تەنێ بیکا و هەندەک یارمەتییماندا.. پاشان چوو دوو شووشە مەی سۆری هینا کە سێ ساڵ پێشترێ خۆیان لە ترێی باخچەکەیان چێیانکردبوو.. بەدەو پڕکردن و فڕکردنی مەیەکە لە زۆر بابەتی جۆراوجۆر دواین و ئەمنیش هەندەک باسی ئامۆزاییێم کرد.. هێندە سەرسام بوون بە هزر و کار و چالاکییەکانی زۆر بە تامەزرۆییەوە دامیانە بەر پرسیاران.. یەکەم پرسیاریشیان ئەوە بوو کە داخۆ ئامۆزا...».

❊ ❊ ❊

ئەوەی گێڕامەوە تەنێ نێوەرۆک و هێڵە گشتییەکانی بەشی دووەمی چیرۆکەکەمە زۆر بە سادەیی.. واتە زۆر دوورە لەو دەقەی کە لە کنە خۆم وەیە بە شێوازەکی زۆر هونەریی نووسیبووم و هەموو رەگەز و هووردەکارییەکانی چیرۆکی تێدابوو لێ ئەویش بە شێوەکی گشتیی لە کەموکوڕیی بەدەرنەبوو و لە هەندەک جێش سادەکارییەکی پێوەدیاربوو.. درێژییەکەی ئەو بەشەش وەیلێکردم لەپڕ کۆتایی پێبهینم و بڕیاربدەم ئەوەی دەمینێتەوە لە دەرفەتەکی نێزیک وەک بەشی سێیەم بینووسم؛ نەخشەکەم وەها دانابوو لە سەرەتادا بە نووسینی تێکڕای ئەو پرسیار و وەڵام و وەدوواداچوونانە دەستپێبکەم کە دەربارەی ئامۆزایێ بوون ئەوجا هەموو ئەو مشتومڕ و پەیڤە گرنگانە بهۆنمەوە کە پاشان تا کاتی دەرچوونم لەوێ لە چارچێوەی بابەتگەلەکی دیکە خسترانەڕوو.. ئەوانەش هەمووی بە شێوازەکی جوان و هونەرییانە نەک تەنێ وەک گێڕانەوەی مێژوو و کەلەکەکردنی بویەرەکان.. پاشانیش بە چەند دێرەکی لەو بابەتانە کۆتایی پێبهینم:

'لەگەڵ بەجێهێشتنی ماڵەکەیان رۆژ گەیشتەوە ئەو دەم و ئاستەی کە هەردووکیانم لە دەو دەریایەکە دیت.. لە راستییدا بە درێژایی ژیانم بێجگە لەوان هیچ کەسەکی دیکە نەبووە بتانی لە ماوەی بیست و چار کاتژمێردا ئەوها جێی خۆی لە نێو دڵ و دەروونم داگیربکا.. بە کورتییەکەی لە پاش ئامۆزایێ بوونە دوو کەس لە هاوڕێیە هەرە نێزیک و جوان و خۆشەویستەکانم...'!

لێ پاشان نەک بە لای نووسینی ئەو بەشەدا نەچووومەوە بەڵکە وەک گۆتم هەر بە ئێکجاریی دەستبەرداری چیرۆک تەنانەت خوێندنەوەشی بووم، ئەگەر ئەو کات ئەویشم بنووسیبا ئێستا نێوەرۆکەکەی یان بە لایەنی کەم بویەرەکانی نێویم بایی هێندە لەبیردەمان کە بتانم بە دەو بیانگێڕمەوە.. تەنانەت کۆتاییەکەی ئەو گێڕانەوەی ئێستاشم هێندە نائاسایی و نابەجێ دەرنەدەچوو کە لە دوا کۆپلەیدا بە ناچاریی بە رستەکی نیوەچڵ کۆتاییم پێهینا و ئەوها لە بەرانبەر توو تووشی شەرمەزاریی بووم! تکایە بە دڵفراوانیی خۆت بمبوورە!

سەبارەت بە پەیوەندیی پاشتریشم لەتەکیان سەرەڕای ئەو ئاوێتەبوون و تاوانەوە خێرایەمان لەنێویەک لەو دەمەوە تا ئێستا دوو پام بەو ماڵەیاندا نەکردیتەوە! ئاخر ئەمن نە بڕوام بە گانی نێوان کەسە نێزیکەکانی نێو خێزان هەیە نە بە گانی بەکۆمەڵیش.. ئێ ئەوانیش تا ئەو رادە ئاستبەرزێنە سێکسیین ئی ئەوە نین بتانم لە ماڵی خۆم یان لە ماڵی وان پێکەوەیان ببینم و بەسەرخۆمیاندا نەگێرم! ئیدی لەوێ رۆژێوە تا نووکە پێکەوەم نەدیتینە و هەر تاک تاک واتە هەر یەکەیان بە تەنێ دێنە ماڵەکەم.. جا هەم کاروبارە رێکخراوەییەکانمان زۆر بە باشیی رادەپەڕێنین - کە تا ئێستا پەیوەندییەکی فرە توندوتۆڵ لە نێوان هەردوو رێکخراوەکەماندا هەیە - هەم لە دامراندنەوەی کلوکۆی یەکدی بێدڵیی یەک ناکەین! واتە بێجگە لەوەی لە بواری پەیوەندییە رامیارییەکەمانەوە پەکی خۆمان نەخستیە و زۆریش بەرهەمدارین لە رووی سێکسییشەوە کەلەنەکی یاسایی و فرتوفێرەکی دەروونییم لۆ خۆم چێکردیە و بێ هیچ گیرفت و ئاریشەک تا ئەوپەڕی شادمانیی پێکەوە ئاسوودەین.

جا زۆر داوای بووردن دەکەم.. با پاش ئەو گێڕانەوە دووروودرێژە پتر درێژەدادڕیی نەکەم، هومێدەوارم و زۆریش شادمان دەبم ئەگەر تشتەکی ئەوتۆم گێڕابیتەوە کە پێشبینییت دەکرد و لێتڕادەدیتم لێمی بژنەوی؟ تکایە با ئەوەش بێژم؛ هەرچەندە حەزمنەدەکرد ئەوە بە وشە دەرببڕم بەڵکە دەمویست بە کردار و بە ڕەفتار بیسەلمێنم کە ئەتووش لە خۆشەویستیی لە کنە من لە ڕێزی ئامۆزایێ و ئەو خانمە و یارۆیەکەی دای.. لێ دەروەستی خۆم نەهاتم چون ئەوە کاتی گەرەکە و بێ گومان لەوەی تا ئەوەم بە کردەیی پێت دەگەیاند دڵم شەقیدەبرد! لێ تکایە ئێستا هیچ تشتەک لەو بارەوە مەبێژە ئاخر ئەگەر بەرسڤەکەت نەرێنیی بی ئەوە دڵنیابە هەرگیز خۆمی لەبەر ڕاناگرم!

- نازانم.. بڕواناکەم سوپاس و هیچ پەیڤ و دەستەواژەکی لەو جۆرە هەبن بتانن گوزارشت لە هەست و تێڕوانینی من بکەن لە بەرانبەر ئەو حەمکە جوانییانەی توو کە وا لەبەرتدەڕژێنەوە.. دڵنیابە زۆر زۆر پترم لەوە لێچنیەوە کە لێتم ڕەچاودەکرد.. جا ئەتووش ئارەزووی خۆتە و هەر لۆ خۆت بێژە 'نووسینی چیرۆک بەو بوارە نازانم کە ئەمن وەک خۆم بتانم ئەفراندنی تێدا بکەم'.. خۆ دەکرێ ئەوەی ئەمن ژنەوتم و زۆر بە جوانیی پێمگەیشت لەسەر ڕێبازی بدەبەرێ و گەڕەڵاوژێێ هونەریی یان بە هەر گریمانە و وەهادانانەکی بێ بناغە و ئەندێشەییانە بە چیرۆک دانەندرێ.. لێ ئەگەر هەر هەڵسەنگاندنەکی ڕەخنەگرانەی پوخت و دوور لە لیستکاری و سەرچاوەڕێزکردن و هیچ نەگۆتنی ئەکادیمیا وەهای تێبڕوانی کە ئەو چیرۆکە بە کەڵکی ئەوە نایێ بخرێتە خانەی دوا ئەفراندنە وێژەییەکانی سەردەم ئەوە دیارە هەر خودی چیرۆک خۆی تووشی سەرلێلێشێوان بووە و خۆی لەدەستدایە یان هەر ئەوەیە کتومت وەک (خودا!) سندانی لێدەرهاتیە و ئیدی هیچ تشتەک لە جیهانێ بە واتای چیرۆک بوونی نەمایە! سەبارەت بە خۆشەویستییش کە ئەمنت لە ڕێزی ڕێزداران دانایە؛ ئەتوو تەمەشاکە.. هێشتا لە رووی زمانییەوە هەست و سۆزی نێوان دوو کەس بە چەندین کۆمەڵە پیتی وەک 'خۆشەویستیی.. ئەڤینداریی.. حەزلێکردن.. دڵێنیی.. دڵداریی.. یار و یاوەریی و... تد' دەردەبڕدرێ و تشتاقەکیشیان واتایەکی تەواو نابەخشن و ناتانن پڕ بە پیستی خۆی گوزارشتی لێبکەن.. ئێ ئەمن کوو دەتانم هێندە بە هاسانیی لە لایەنە کردەییەکەی بدوێم ئەویش لە بەرانبەر کێ؟! لە بەرانبەر کەسەکی وەک توو! ئەرێ.. هەرگیز ئەوە بە ئاخافتن گوزارشتی لێناکرێ.. لێگەڕێ با بە تێپەڕبوونی کات جێی خۆی بکاتەوە لێ ئەمن دڵنیام ئاستی پەیوەندییەکانی مە هەمیشە لە هەڵکشاندا دەبی و لە یەک خاڵ کۆتایی نایێ.. جا دڵنیابە هەرگیز ئەو دەستەواژە عەنتیکانەی بە 'ن' دەستپێدەکەن وەک 'نا.. نیگەرانیی.. نەخوازرا.. ناحەز.. نەرێنیی و... تد' لەو فەرهەنگەی لەو بارەوە لە نێوان مە چێبووە جێیان نابتەوە... (هەر کە گۆتم: "ئێستا دەبی بڕۆم.. بێ گومان لە دەرفەتەکی دیکەدا هەم پتر وەدوو کاروبارەکانی ڕێکخراوەکەمان و سەروسۆراغی ئامۆزایێ دادەچین هەم پتر ڕۆدەچینە نێو پەیوەندییەکانی خۆمان" وەک قیڕ و بنیشت پێمەوەنووسا و تا لە دەریی دەرێی ماڵێیان وەڕێکردم لێوانی لە لێوانم نەکردنەوە!).

* * *

ئەوە ڕاستە ئەو تاقیکردنەوەی 'چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەیی' زۆر لە جاران سەرقاڵتری کردم و هیچمی بەسەر هیچەوە نەهێشت لێ دەرفەتگەلەکی گەلەک نایابیشی لە هەندەک بوار ڕەخساند کە زۆر بایەخدارن لە کنە من

به تایبەتییش لە پتر گەڕان وەدوو ئامۆزایێ.. هیوایەکی زۆرم لەو بارەوە لەسەر جوولە و کۆششەکانی خانمە چاو گەش و کشتەکە و هەردوو هاوڕێیەکەی واتە 'خانم و یارۆیەکەی' هەڵچنیە.. تەنانەت دەتانم بێژم بووە هۆیەکی کاریگەریش لە باشتر بەڕێوەچوونی کاروبارە ڕێکخراوەییەکانمان و پتر گەشەکردنی ڕێکخراوەکەمان بە لایەنی کەم لێرە لەو شار و وڵاتە. ئای لە ئامۆزایێ! لە ڕاستییدا نازانم ئەو ڕێنماییەی وی لە گەیشتن بە چێژی ئەوپەڕی ئاسوودیی لە پێناو کێ بوو.. من یان خانمە چاو گەش و کشتەکە یان هەردووکمان؟؟؟ یان تەنێ لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراوەکەمان بوو؟

بە تێپەڕبوونی چەند مانگەک ئەو پرسەی سێکسی بەکۆمەڵ و گانی نێوان کەسە نێزیکەکانی نێو خێزان بووە یەک دەنگ و دۆری زۆر گەورە لە نێو ڕێکخراوەکەمان، تا ئێستا هیچ کەسەک خۆی ئاشکرانەکردیە کە دووچاری ئەو جۆرە سێکسانە بووە و ناوی هیچ کەسەکی لەو بابەتەشیان بە ئاشکرایی نەبردیە لێ لە کردەوەدا بە شێوەی نهێنیی ئەو جۆرە کەسانە پەیدابوونە و تا دێ پتریش دەبن! ئاخر ئەو دیاردە لە نێو کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتی بە تایبەتییش لەو وڵات و نێوچانەی کە بە هەر جۆر و شێوەک هەیە لە ڕووی شارستانیی و داننان بە ئازادییە جۆراوجۆرەکانی دەربڕین و خۆدەربڕینی ئازادانە لە دواترن زۆر بڤە و مەترسییدارە؛ بێجگە لەوەی سیستەم و دەسەڵاتداران بە پێی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان شلیی و توندیی پێدەکەن و بە شێوەکی گشتیی کارگوزاریی لەسەردەکەن و وەکاریدەبەن دین و نێرسالاریی و دابونەریتەکانیش هاوکاریانن تەنانەت ئەو زانست و تەکنەلۆژیایەش کە قۆرخیان کردینە بە نۆرەی خۆیان و بە پشکی خۆیان بەشدارن.. ئەو کەسە ئاساییەنەی نێو کۆمەڵیش کە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانیان زۆر لاوازن و بە هۆی نەبوونی ئایدیۆلۆژیا و لەبەر خۆپەرستیی تاکگەراییانەیان بەریان بە هیچ بزاڤەکی رامیاریی و کۆمەڵاتییەوە نییە ناتانن بە هاسانیی ئەو دیاردە هەرس بکەن چ جای ڕێکخراوەکی وەک ئەوەی مە کە کاری بەکۆمەڵ بنچینەی هەبوون و گەشەکردنیەتی و دەبی کار و خەباتی میللییانە ئەنجامبدا کوو بتانی بەڕەی خۆی لەو ئاوە دەربکا و پێگەی جەماوەریی خۆی لەدەستنەدا!؟

ئەرێ.. ئەو دیاردە کتوپڕە کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر ڕێکخراوەکەمان دانا و کەسانەکی زۆری لێهەڵوەراندین لێ هاوکاتیش بووە هۆی ئەوەی خەڵکانەکی دیکە لە زۆربەی وڵاتان لە ڕەگەز و میللەتانی جۆراوجۆر بە لێشاو پێمان پەیوەست بن.. هەر لە ماوەکی کەم بە بێ ئەوەی ڕاییگەینین خۆمان لە شێوەی ڕێکخراوەکی نێونەتەوەیی ڕێکخست و لە زۆر شار و وڵات و نێوچان بە شێوەکی بەرفراوان ڕۆچووینە نێو کار و تێکۆشانی خۆمان و وردە وردە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆمان دەپێکین، لێ ڕێک وەک ئەو سەردەمەی کە دیاردەی گەندەڵیی سێکسیی لە نێو ڕێکخراوەکەمان برەوی ساند و ئامۆزا بە لێزانی و دڵسۆزیی خۆی بە هاوکاریی لەگەڵ هاوڕێیانی وەک کڵاوقوت و دادە کوڕانیی و ئەوانیدی ملی خۆیان دابەرێ سەرەنجام هەم بزاڤەکەیان لە هەڵگەڕانەوە و مەرگ ڕزگارکرد هەم بە پێچەوانەی بازرگانییکردن بە سێکس پارێزگارییان لە ئازادیی خۆدەربڕینی سێکسیی کرد و پتر بەرجەستەیان کرد.. ئێستا ئەمنیش بە هەمان شێوە جێبەنجە و نەخشی خۆم هەیە لە بەرانگژبوونەوەی لایەنە نەرێنییەکانی سێکسی بەکۆمەڵ و دروستبوونی هەست و سۆزی خۆشەویستیی و گانکردنی نێوان کەسە نێزیکەکانی نێو خێزان.. زۆر ڕاشکاوانە لەتەک هاوڕێیانم لە تێکۆشانداین کە هەم درێژە بە هزر و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەمان بدەین هەم سێکس لە سەرکوتگەریی و

قۆرخکاریی بپارێزین و پێبەپێی بیری ڕۆشنی مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانییخوازەکان بیخەینە سەر ڕەوتی سروشتیی و ئازادانەی خۆی بە گانی نێوان کەسە نێزیکەکانی خێزان و سێکسی بەکۆمەڵیشەوە.

هەڵبەتە ئەمن دەزانم لە ئاستی ئامۆزاییێدا نیم و هەستناکەم بشتانم وەک وی بکەم.. ئاخر ئێستا ئامۆزا هەم هزر و فەلسەفەی کارکردنەکەی بوویتە یەکەک لە جوانترین ڕێبازەکانی تێکۆشانی فەرهەنگیی و رامیاریی چ وەک مرۆڤدۆستیی چ وەک ژینگەپارێزیی.. هەم بە پێچەوانەی خەباتی هیشکە رامیاریی جاران کە تێکۆشەرە دڵسۆز و ڕاشکاوەکانیان لە چارچێوە شەتەکانی لایەنە نەرێنییەکانی ئایدیۆلۆژیا دەگرت و لە هەرچی چێژ و ئاسوودەییەک هەیە دایاندەبڕاندن.. کارەکی وەهای کرد کە کەسانی تێکۆشەریش لە تەمەنی خۆیان لە هەست و سۆز و چێژ و ئارەزووە گیانیی و مادییەکانیان بێبەش نەبن تەنانەت لە کاتە سەختەکانی تێکۆشانیش ئاسوودەییەکانی خۆیان فەرامۆش نەکەن چونکێ ئەو سەردەمە ڕاگوزەری کەسی تێکۆشەر - مەگەر لە هەندەک باری زۆر ناوازە و پێویست نەبی - هەمیشە خۆنەویست بی، جا لەوەی یەکەم هەرگیز بڕواناکەم پێیبگەم و ناشخوازم پێیبگەم چون ئەو ڕێبازەی ئەمن دەمویست ئەو بە هاوکاریی هاوڕێیانی ئافەریدەی کردیە و خۆشم زۆر زۆر لەو ڕەفتارە تاکگەراییە دوورم کە هەر دەبی ڕێبازی تایبەت بە خۆم هەبی جا ئەگەر سەرلێشوان و هەڵگەڕانەوەشی وەدوودابێ! لەوەی دووەمیش هێشتا ئەمن تازە خەریکم شوێنپای ئامۆزایێ هەڵدەگرم و یەکەم هەنگاویشم هەر لەسەر ڕاسپاردەی وی دەستپێکرد کە تاقیکردنەوەی 'چێژی ئەوپەڕی ئاسوودەیی' بوو لەتەک خانمە چاو گەش و کشتەکەی نووسەری هەردوو بەشەکەی چیرۆکی "یەکەمین دەرووی چێژ" - دەک تەمەنت بە قەد ئەو گۆی زەوییە درێژ بی ئامۆزا لۆ خۆت و بوونت.. لۆ منی تامەزرۆی هزر و ئامانجی مزرا - دە ئاخر ئەمنیش مرۆڤم و پێویستە وەک 'ئامۆزا و کوریکەسۆر و کلاوقوت خانمە چاوگەش و قشتەکە و مامۆستای مۆسیقاژەن و خوشکێ و بابی کیژە تاقانەکە و خوچەخان و کیژە پلکە خوێنشیرینەکە و کیژە تاوس ئاسایەکە و دادە کوڕانیی و هاوڕێیانی دیکە' لە هەمووانەوە لۆ هەمووان بم واتە وەک کوو ژنەکی ئازاد یان پیاوەکی ئازاد پێویستی بە هەموو چێژ و ئاسوودەییەکانی ژیان هەیە - مەبەستم ئەوە نییە کەسانی نائازاد کە ناتانن وەدەستیبخەن پێویستیان پێی نییە - دە ئەمنیش بە هەمان شێوە هەر ئەوەم گەرەکە. جا ئێستا پێویست ناکا چیدی لە ناڕۆشنییەکان بدوێم.. ئیدی ئەمن درێژە بەو جۆر و شێوازە تێکۆشانانە دەدەم کە ئاسوودەم دەکەن و هەموومان لە ڕۆشناییەکان وەردەپێچن.. هاوکاتیش هەبوونی ئامۆزایێ زۆر پێویستە چ لەو بارودۆخەی ئێستا کە مرۆڤایەتی تێیکەتیە چ لە پێشەڕۆژێ.. لەبەرهەندێ هەمیشە لە سۆراغیدا دەبم و تا پەیدۆزیشی نەکەم هەرگیز کۆڵنادەم.. ئەگەر هەر هیچیشم بە هیچ نەکرد غەم ناکا.. تەنێ ئەوەیە باری سەرشانم قورستر دەبی و پێویستە خۆم و هاوڕێیان تا ئەو ئاستە پێداگربین کە لە ئامۆزایێ ئامۆزاتر بین یان بە لایەنی کەم وەک وی مرۆڤ بین...